# مەتەڵنامە (وەشانی 2، بەشی 1 لە 2)

تەواوی ئەو مەتەڵانەیە کە کوردیپێدیا لە داتا-
بانکەکەیدا ئەرشیڤی کردووە (پاکژ و زێدە)

بەشەکانی ئەم بایندەرە 6.202 تۆمار بەم زمانانە لەخۆدەگرێت:
کوردیی ناوەڕاست | Kurmancî | لوڕی |

ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردیپێدیا
ڕۆژی دەرچوون: 2024-09-03

| ئەرشیڤوانانی بەشداربوو لەم بەرهەمەدا | ژمارەی بابەت |
|---|---|
| ڕێبوار جەمال سەگرمە | 3.218 |
| ئەڤین تەیفوور | 2.628 |
| لانۆ ڕێبوار سەگرمە | 351 |
| زریان سەرچناری | 3 |
| ئاراس ئیلنجاغی | 1 |
| هاوڕێ باخەوان | 1 |

ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
https://www.kurdipedia.org
2008 - 2024

# مەتەڵنامە (وەشانی 2، بەشی 1 لە 2)

## تەواوی ئەو مەتەڵانەیە کە کوردیپێدیا لە داتا-بانکەکەیدا ئەرشیڤی کردووە (پاکژ و زێدە)

بەشەکانی ئەم بایندەرە 6.202 تۆمار بەم زمانانە لەخۆدەگرێت:
کوردیی ناوەڕاست | Kurmancî | لوڕی |

ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردیپێدیا
ڕۆژی دەرچوون: 2024-09-03

| ئەرشیڤوانانی بەشداربوو لەم بەرهەمەدا | ژمارەی بابەت |
|---|---|
| ڕێبوار جەمال سەگرمە | 3.218 |
| ئەڤین تەیفوور | 2.628 |
| لانۆ ڕێبوار سەگرمە | 351 |
| زریان سەرچناری | 3 |
| ئاراس ئیلنجاغی | 1 |
| هاوڕێ باخەوان | 1 |

ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
https://www.kurdipedia.org
2008 - 2024

# ناوەڕۆک

**ناوەڕۆک** 3
**چەند وتەیەک** 74
**بڵاوکراوەکانی کوردیپیدیا** 75
**دەربارە** 78
**کوردیی ناوەڕاست - CENTRAL KURDISH** 80
پۆل: کلتوور - مەتەڵ 83
*ئاخری دنیا چییە* 83
*ئادەم و حەوا دەچنە ناو چل کەس، چۆن دەیان ناسیتەوە* 84
*ئادەم ییە دەم دەم ییە* 85
*ئادەمییە دەم دەم ییە، گۆشتی من پارەک نییە* 86
*ئارد گەنم بەهارە نووکی کەمێک خوارە* 87
*ئارد یەریە ئاسیاو نییە چۆ تراشتە، نەجار نییە* 88
*ئاردی بێژراو هێڵەک نەدیتو* 89
*ئاردی خوساو ئەستێوڵک نەدیو* 90
*ئاردی لێکراو ئاشی نەدیو کراسی دڕاو دەرزی نەدیو داری تاشراو تەشوێی نەدیو* 91
*ئاردی هاڕیاو ئاشی نەدیتوو زوو هەڵیبێنە لێی مەدە فیتوو* 92
*ئاردە ئاشی نەدیوە کراسە دەرزی نەدیوە دارە تەشووی نەدیوە* 93
*ئاژاران و ماژاران ئاشێک هەیە لە ژیان لەسەر دوازدە قۆتەران* 94
*ئاژەران و ماژەران، ئاشێک هەیە لەسەر دوازدە قۆتەران* 95
*ئاژەڵە مووەکەی ڕەشە ئاشقی لاپاڵ وکەژە بەسە وازبێنە هارە* 96
*ئاسمان ساف ساف تۆ تووڵ هەرە قاڵیچن چین چین دەزگا فرە* 97
*ئاسمان ڕەنگە کونی تەنگە ئەگەر ئەو نەبێ کارمان لەنگە* 98
*ئاسمانی چەرمین پێپلیکانەی ئاسن پێداوەسەرکەوتین* 99
*ئاسمانی قووڵکە دایکردە بووڵکە* 100
*ئاسمانی کەلین، کڵۆی دەبەفرین* 101
*ئاسن و بەن گڵۆڵە، تێم خست ڕەشی دوولوولە، لێمخوڕی کردییە قوولە* 103
*ئاسنی بەیبوونێ، داوێمە پشت ستوونێ* 104
*ئاسنی دوو باڵ لوولە، پێی لێنێ لێت، دەکا بە قولە* 105
*ئاسنی سەر زەق* 106
*ئاسنە پڕ لە با یە، بۆنی دێ، دەنگی نا یە* 107
*ئاسنە کون کونە، دایمە بە دەستی ژنە* 108
*ئاسنەڕەقەی بەغدایە، هۆڕینی وەک مانگایە* 109
*ئاسۆیەکی نزمۆکە لێی دەبارێ بەفرۆکە* 110
*ئاسیاو نیا هاردیش هاڕیێ نێ خەیاتش نیا جلێش ورازیێ نێ* 111
*ئاسیاو نەویە، ئاردی هاڕیە خەیاتی نەو لە کەوای زرازیە نەجاری نەویە چیوی تاشیە* 112
*ئاسیمو کوشگە بەرفی وەن* 113
*ئاشەوان و ژنەکەی* 114
*ئاغەڵێک هەیە جێی هەزارسەر مەڕ باخە گیایەک نابا نەوشک نەتەڕ* 115
*ئاغەڵێک هەیە دیواری چەرمە سی و دوو مەڕ تێیدا بێ هەرا و گرمە* 116
*ئاگری نییە ئەسووتێ گیانی نییە ئەتپیشێنێ* 117

118 ئاگرێکە هەتا نەگاتە بەغدا، ناکوژێتەوە
119 ئامی منی چوور، سەر مەزن و تر ژنوور
120 ئامێرێکی خڕ و پانم
121 ئانە چێشا چێش بە چێشا نەسلەکەش لای دەروێشا
122 ئاو ئەدا لە دار, بەرد ئەدا لە تەل، سوور ئەکا سپی, قلی بۆ سەر قل
123 ئاو بخواتەوە، ئەمرێت
124 ئاو دەڕوا بەرد دەسووڕێ
125 ئاو لە ئافتاوە ڕۆژ لە ڕۆژاوا ئەوەی بیزانێ ئەقڵی تەواوە
126 ئاو لە فتاوە خۆر لە خۆراوا هەرکەس هۆش بارۆ، عەقلیش تەماما
127 ئاو هەر ئاوە ماری مردووی لەناوە تەیری زێڕی لەناوە
128 ئاو و خوێ دەخوا مرۆڤ نییە دەیشێلی بە دەست ئاگای لێنییە
129 ئاودەلۆکەی یەک چاو
130 ئاور نییە دەتسووتێنێ، وەک بەڕوو دەتپیشێنێ
131 ئاوریشمی دوولایە، هەڵم کردووە تا بەغدایە
132 ئاوس نییە و بەرداوێ
133 ئاوی پیاکەی تەڕنابێ شیری لێدەی شەقنابێ
134 ئاوی پێداکەی، تەڕ نابێ
135 ئاوی لە چۆمانە ئەسڵی لە چیایە ڕسقی لە ماڵانە
136 ئاڵتان ماڵتان زاوای خاڵتان هاتە ماڵتان
137 ئاڵدم دۆڵدم، شەش پێی دوو سم پۆپیتەت دەگرم، پێتدا دەفسم
138 ئاڵیان ماڵیان زاوای خاڵیان هاتە ماڵیان چی دەدەیێ
139 ئاینە چێشەن تۆ بواچەش چەنی عەقڵوو ویت بسا چنەش
140 ئوساگەی ناوحەوش بساز جفتێ کەوش نەشوون دەس و نەشوون درەوەش
141 ئۆخەی ئۆخەی لەپ و لچ خوا کارێکی کرد نەتیکردە کچ
142 ئی لاش کێلەک ئەو لاش کێلەک مێ نجاش چەرخ فەڵەک
143 ئی هیندوکە ئی هیندوکە، سەری دەڵێی دەندوکە
145 ئیشت پێی بێ، فرێی دەدەی
146 ئیشی نییە کرداران دەکا
147 ئێ سورپ سەننی تێرە ئێشەکەری شیری تێرە
148 ئێلاش پەرچین ئۆلاش پەرچین دیشەن گوڵیوی چین
149 ئێمە حەوت براین، برا بچووکەکەمان لە گشتمان گەورەترە
150 ئێمە لەجێی ئاو دەهێنین، ئەویش دوکەڵمان دەدات لەبەرقین
151 ئێمە هەمانە خودا نییەتی
152 ئێمە هەمانە و خودا نییەتی
153 ئەتبەمە لانەکەی حاسێ دەکونێت کوتم دووراوی داسێ
154 ئەتەڵ دەس و ئەتەڵ پا کوری گوش و دوم کۆتا
155 ئەجر و مەجر جەری دلاشە دوو دوم و چوار گۆش، هەش دەس و پاشە
156 ئەجر و مەجر، جەی ولاش دوو دەم و چوار گووش، هەشتێژ دەست پاشەن
157 ئەچیت بۆ شارێک دوو هەنارە دەنگی تیانییە سواری ئەسپێک دەبی ڕۆحی تیانییە
158 ئەچیتە دەرەوە پڕە، تێیتە ماڵەوە خاڵییە
159 ئەچیلە و مەچیلە ها لە تۆ یەک جامیلە
160 ئەچێتەسەر خودایە دێتە خوارەوە جودایە
161 ئەخزێ و ناخزێ، هەڵمەت دەبا بۆ کوزێ، دانی نییە بیگەزێ
162 ئەدا و هەزار بزلانە شەوێنە لەوەڕیانە ملاگنا پەشیە و کەشانە
163 ئەر ئاقڵێ عەقڵت تەواوە ئەوە کام مەلە حەفت باڵ و یەک سەر
164 ئەرزی سپی بە جۆ دەکەم

165 ئەز دیوەکی وەدەرچووم، لە دوو دیوی دەردەکەوم
166 ئەسپ کەوکەژەڵ خان دەلیا برو بێ سقان
167 ئەسپی ئاما بە لەنگەلەنگ چێش پەنەن هەزار ڕەنگ
168 ئەسپی تۆپیو جۆ دەخوا
170 ئەسپی سپی پیرخانێ، لەتری دەدا لە مەیدانێ، نەپشتی هەیە نەدەدانێ
171 ئەسپی سپی تەتەرخان زوو دەچێتە دیوەخان
172 ئەسپی سپی چەپەرخان خۆش خۆش دێتە بەرمەیدان
173 ئەسپیش هەیە لە دەم زیپە ئالیک دەخوا و بن بڕ دەکا
174 ئەسپێکم هەیە دوو پێیە نان نەخۆرە لە ڕێیە
175 ئەسپە بۆرەی کەریم خان بە جووتان و بە لینگان خەبەریان برد لۆ ئاسمان
176 ئەسپە شێی کەفەڵ پان دەگەرێ لە هەموو دیوان
177 ئەسپە و ئەسپ نییە دوو پێی هەیە، سمی نییە وەک ئەسپ دەڕوا گیانی نییە
178 ئەسپە ڕەشی ڕەشێخان دەریا دەبڕێ بێ ئێسقان
179 ئەسپە ڕەشێ لەخوار حەوشێ شاخە شاخییە خۆی ئەفرۆشێ
180 ئەسپە ڕەشەی بەرتاوان ڕۆژێ دەخوا چل مەن دان
181 ئەسپە ڕەشەی چل قەمتەرە هەر قەمتەرەی یەک نۆکەرە
182 ئەسپە ڕەشەی چەپەرخان، بەلاقان و بەجووتان، وەڵام دەبا بۆ ئاسمان
183 ئەسپەلووشە لەبن حەوشە هاواردەکا بۆ جۆ ڕەشە
184 ئەسپەکەم دوو پێیە
185 ئەستێرەی جەدی لە ئاسمانە کاوڕ مێیە و دایک بەرانە
186 ئەستێرەی درەوشاوە وەک ماسی ناو ئاوە بەرۆژ هەڵدێت بەشەو ئاوادەبێت
187 ئەستێرەی ناو مەنجەڵێ، بەرۆژ لە دەرێ، بەشەو لە خەوێ
188 ئەسکەنەی ماڵ هەڵکەنە
189 ئەشتەکم هەیە، پڕ تەپشولەیە
190 ئەشکەوتۆکە، پڕ بەردۆکە
191 ئەشکەوتی خووینە تێیدایە سەرد پاڵەوانی زندینە
192 ئەشکەوتی سەد پاڵەوان، بە قامکە پووشێ دەگیرێ
193 ئەشکەوتی سەد پاڵەوانی بەچەپۆکێ دەیکێشم گیانی
194 ئەشکەوتێک هەیە دیواری چەرمە سی و دوو مەڕی تێیدایە بێ هەرا وگرمە
195 ئەشکەوتێکی زۆر بچووکە سەد پاڵەوان دێ و دەچن بە سووکە
196 ئەشکەوتێکی گۆشتە و تاریکستانە و بەندەی تێدا چەند شەو و چەند ڕۆژ شای نەهەنگان قوتیدا
197 ئەفرێ باڵی نییە، سەر ئەبڕێ خوێنی نییە
198 ئەگاتە هەر شتێک دەیخوات کە گەشتە خۆی دەمرێت
199 ئەگرمێنێ وەکو هەور، فڕێدەدا سلی چەور
ئەگەر ئازای ئەوە چییە دەمی هەیە و ددانی نییە دەمی تیژە شت کوت دەکا قامک لە چاوی نێی گوێ قوت دەکا
200
201 ئەگەر ئەقڵت بێ ئەقڵت بەهەشتە، شەش پەڕ و دوو شاخ پەپولەی دەشتە
202 ئەگەر ئەقڵت هەس، ئەقڵت هاپێوە پیرۆزەس و سێ شتی هاپێوە
203 ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت بەگیرە، لەناو مەلاندا کامیان بە شیرە
204 ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت تەواوە، چی گۆشتی لەدەر پێستی لەناوە
205 ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت لە بیرە لەناو تەیراندا کامیان بە شیرە
206 ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت لەبیرە لە هەموو تەیران تەیرێک بە شیرە
207 ئەگەر بیدەت تەسک دەبێ، لێی وەرگری گەورە دەبێ
208 ئەگەر بەبارە بەچوارپەلانە ئەگەر بێبارە بە شەشانە
209 ئەگەر بەریدەی بەڵایە ئەگەر بیگری زێڕی دوونیایە
210 ئەگەر دێ پیرە، دادەنیشێ دەڵێی میرە، دەڕوا فەقیرە

211 ئەگەر فام دیری فامد لە هورە کام لەی مەلەیلە وەهار وەشیرە
212 ئەگەر مەردی مەتەڵبازی بە ئەقڵی خۆت هەڵیبێنە بەڵێ ئەم شیعرە ئاسانە مریشکێکیش هەڵیدێنێ
213 ئەگەر ناوت نووسی بەبێ نوقتەیە، گۆشتی بە تام و خۆش و پوختەیە
214 ئەگەر ناوڕاستەکەی دەرهێنی سر دەبێ
215 ئەگەر نەیخۆی ناتوانی ئەگەر بیخۆی نایبینی
216 ئەگەر هات، پای خە بە مل پا ئەگەر نەهات، خۆتیش ئەوا
217 ئەگەر هەبێ لە دنیایە، یەک شت وەک مامۆستایە
219 ئەگەر رۆی ناگەڕێتەوە
220 ئەگەر رەش بوو خاوێنە، ئەگەر سپی بوو پیسە
221 ئەلفێ گوتی: بە جیمێ، قافێ بەرە بۆ میمێ
222 ئەم شتە چییە، ئەستەخفیرەڵا خواش دەنێتە ژێر
223 ئەم لا و ئەولای دار تیایەتی گورگێکی هار
224 ئەم لا و ئەولای گڵ تێیدایە نەرمەکەی دڵ
225 ئەم لام پەرژین، ئەو لام پەرژین، لەناوڕاستا کۆتری نەخشین
226 ئەم لام تات و ئەو لام تات، وەی دایە جیقم دەرهات
227 ئەم لام تات و ئەولام تات، سەیەکی هاری لێدەرهات
228 ئەم لام دیوار, ئەو لام دیوار، تێیدایە دووگورگی هار
229 ئەم لام دیوار، ئەو لام دیوار
230 ئەم لام گڵ، ئەو لام گڵ، نەرمە دڵ
231 ئەم لام کەڵەک ئەولام کەڵەک، لەناوڕاستا چەرخ و فەلەک
232 ئەم لاو ئەو لای گڵ، ناوندەکەی فێنکی دڵ
233 ئەم لای تانە ئەو لای تانە تێیدایە دوو پۆل مەرجانە
234 ئەم لای تەختە، ئەو لای تەختە ناوڕاستەکەی زەرنەقووتە
235 ئەم لای دار و ئەو لای دار تیایەتی سەگێکی هار
237 ئەم لای دارە ئەو لای دارە تێیدایە یەک گوجیلەی هار
238 ئەم لای دارە ئەو لای دارە ناوەندی خڕخڕگوێیەگوارە
239 ئەم لای دارە ئەو لای دارە ناوەکەی ئاسنی غەدارە
240 ئەم لای دیوار ئەو لای دیوار ناوڕاستەکەی مارێکی هار
241 ئەم لای سندوق، ئەو لای سندوق تێیدایە گەورە و بچووک
242 ئەم لای شاخ و ئەو لای شاخ پێی دادێ، چوورچە پەیداخ
243 ئەم مەتەڵە چوار پیتی رێکە
244 ئەم مەتەڵەمان نەختێک گرانە لەقینی ئەوەی وتیان ئاسانە
245 ئەمبەر پەرچین ئەوبەر پەرچین ناوڕاستەکەی گەوهەری چین
246 ئەمری لەگەڵتە، زیندووی لەگەڵتە
247 ئەمسەرکەری و ئەوسەرکەری پارەکەری و پینەکەری
248 ئەملای پنە و ئەولای پنە مانوونەبێ مامەخنە
249 ئەملای تاش و ئەولای تاش حەفی سەر و بەد قوماش
250 ئەملای درێژ، ئەولای درێژ ناوەندەکە خڕ تێهەڵکێش
251 ئەمە چییە بەرزە بڵندە، بڵندە دەماخە، سەری گەرمەسێر، بنی لە ئێلاخە
252 ئەمە چییە گێزەگێزیەتی، عالەم بەتەمای خوشەیە میزیەتی
ئەمە چییە لە سێ پیت پێکهاتووە، ئاژەڵە، مووکەی ڕەشە، ئاشقی لاپاڵ و شاخ و دەرە، لاسارە، بەسە واز بینە
254 هاری
255 ئەمە چییە لەم شارە، ددان دارە وەک مشارە
256 ئەمە چییە؟ چی پێ ئەڵێن، پەپکە بەکونجی پێ ئەڵێن، عەبای نارنجی پێ ئەڵێن
257 ئەمە چییە؟ شەو لە بانە
258 ئەمە چییە؟... پەلەکە

259 ئەمە چەس دوو چەم لەبان یەکا ئەگوزەڕێن، تێکەڵ نابن
260 ئەمە چەس، ها لەناو ئاوا، لە تینگیا ناوسکی ڕەشە و بووگە
261 ئەمە چەس؟ لە زەویا سەوزە، لە ڕێیا ڕەشە، لە ماڵا زەردە
262 ئەو پیاوە کێیە کە دایک و باوکی نییە
263 ئەو تاق و ئەم تاق ئەکا چاو لە خەڵکی زەق ئەکا
264 ئەو تاقە دەکا ئەو تاقە دەکا چاو لە هەموو کەس دەکا
265 ئەو تەقە دەکا، ئەو تەقە دەکا، چاو لە هەموو کەس دەکا
266 ئەو شتە چییە، بێ قاچ و باڵە هەر سەعات بمرێت گۆشتی حەڵاڵە
267 ئەو شوێنەی گا سووری لێبێ، گیای لێ شین نابێ
268 ئەو گیانلەبەرە چییە؟ لەدایکدەبێ، زاوزێ ناکات
269 ئەو لای تەختە ئەم لای تەختە ناوڕاستەکەی زەرنەقووتە
270 ئەو لای دارە ئەم لای دارە ناوەندی خرخڕەی گوێبەگوارە
271 ئەو ڕووبارەی ئاوی تێدانییە، دەکەوێتە کوێ
272 ئەو کونە ڕەشەی بەتۆوە ئەو مژانەی بە منەوە
273 ئەوسا جوان بیم، فرە وەڕەنگ بیم گەل گەل نازاداران لەدەورم جەم بین
274 ئەوە چییە ئەزانی چی هەیە بەڵام نازانی چییە
275 ئەوە چییە ئەوە چییە شتی هێندە سەریر نییە بە دوو دیو کۆلەکێک تێدا ڕاوەستاوە لەیەک جێدا
276 ئەوە چییە ئەیخەیتە ناو ئاو دەیبەستێت
277 ئەوە چییە ئەیکەی بەخۆتا حەزی پێدەکەی
278 ئەوە چییە باڵدارە و شیردەرە
279 ئەوە چییە بە دەست شێرە بە پێست پڵنگە بە چاو بازە
280 ئەوە چییە تا نەدەی لە تەوقی سەری کارناکات
281 ئەوە چییە تۆ دەیبینی ئەو ناتبینێ تۆ قسەناکەی ئەو قسەدەکا
282 ئەوە چییە چلۆنە زەنگیانەی گورزەهۆنە پەڕی سەری وەک سۆنە
283 ئەوە چییە چی پێدەڵێن ئەگەر زانیت چی پێدەڵێن تەپڵە بە کونجی پێدەڵێن کەوای نارنجی پێدەڵێن
284 ئەوە چییە چییە بە دەست و پێ قامچییە خوا نەبێ کەس نازانێ چییە
285 ئەوە چییە خۆی زەردە گەرم بکرێت سپی دەبێت
286 ئەوە چییە دۆستی خۆتە دوژمنی خۆتە هەر لە خۆتە
287 ئەوە چییە دەخزێ و ناخزێ هەڵمەتدەبا وەکوو دزێ بۆ نێوگەڵان دادەبەزێ ددانی نییە بیگەزێ
288 ئەوە چییە سێ قاچی هەیە و دەڕوات
289 ئەوە چییە شەو و ڕۆژ لە دەریایە و لێوی تەڕ نابێ
290 ئەوە چییە غارەکە مارەکە سی و دوودانە منداڵی هەیە
291 ئەوە چییە گۆشتی ناخورێ پیسایی دەخورێ
292 ئەوە چییە لە قەرنێک یەک جار دەبینرێ بەڵام لە دەقیقەیەک دووجار
293 ئەوە چییە لەوسەر حەوزە کراسەکەی سوور و سەوزە لەناوی دووکەوچکی دارین شەوچلەی خەڵکی شارین
294 ئەوە چییە مرۆڤ نییە و لایلایە دەکات
295 ئەوە چییە هەر ڕوو ئەکا لە خوا
296 ئەوە چییە هەر ڕوو دەکاتە خوا
297 ئەوە چییە هەرۆکە دادەبارێ بەفرۆکە
298 ئەوە چییە هەموو شتێکی پیادەچێ خۆی پیاناچێ
299 ئەوە چییە کە لەکون دەردێ سی سوار دەرەقەتی نایەت
300 ئەوە چییە کە ناوت برد دەشکێ
301 ئەوە چییە یەک پای هەس و یەک چاو
302 ئەوە چییە؟ ئینسان دەیبینێ خودا نایبینێ
303 ئەوە چییە؟ بەناوهێنانەکەی دەشکێ
304 ئەوە چییە؟ چی بەچییە، کابرایەکی قاچاخچییە

305 ئەوە چییە؟ چی پێدەڵێن، بووکە بە کونجەی پێدەڵێن، بووکی مام حاجی پێدەڵێن
306 ئەوە چییە؟ چیایە، لەسەر چیاگەڵایە، لەسەر گەڵا چرایە
307 ئەوە چییە؟ چییە چییە گۆشتی خۆشە و مەلەوان چییە
308 ئەوە چییە؟ چییە؟ دەست و بێ قەڵم چییە، کەس نازانێ دەڵێم چییە
309 ئەوە چییە؟ خاوەنی وەلەدە، بەڵام لە دایک و باوک وەلەد نەبووە
310 ئەوە چییە؟ دوو کونە رێوی، ئاو لێی رۆیی
311 ئەوە چییە؟ دەخورێ قوتنادرێ
312 ئەوە چییە؟ سپییە پەنیر نییە، کلکی هەیە مشک نییە
313 ئەوە چییە؟ سەنگینە وەزنی نییە، شیرینە تامی نییە
314 ئەوە چییە؟ لە هەموو شوێنێ بۆ مرۆڤ پێویستە
315 ئەوە چییە؟ لەبەر ڕەحمەتی خودای هەڵدێن
ئەوە چییە؟ لەشێوەی قەرزە، بۆ هەموو کەسێک ناسینی فەرزە خاوەنی داییم بێ ترس و لەرزە، لەهەردوو دنیا
316 شاد و سەربەرزە
317 ئەوە چییە؟ نەملی هەیە نەباڵ کە مردیش گۆشتی حەڵاڵ
318 ئەوە چییە؟ هەتا لێی نەدەی هەڵناپەڕێ
319 ئەوە چییە؟ هەڵی دەگری و هەڵت دەگرێ
320 ئەوە چییە؟ ڕەشە وەک بزن، گونک دەگرێ وەکو ژن
321 ئەوە چییە؟ ڕەگی لە ئاسمانە و سەری لە زەوییە
322 ئەوە چییە؟ ڕەنگی نییە، فیلیش دەیخوات
323 ئەوە چەس شەو و ڕۆژ دەستی نیاگە کەمەری و وەستیاگە
324 ئەوە چەس لە ڕۆژا دەمی بەستراوە، لە شەودا دەمی تاکە
325 ئەوە چەس نەدەستی هەیە نەپا ئاو ئەخواتەوە وەک گا
326 ئەوە چەس هەموو دنیا دەکێشێ
327 ئەوە چەس، ئەچێ بە ڕێگادا ماندوونابێت
ئەوە چەس، تامی زۆر خۆشە، زەوینی قرمز، مەردمی ڕەشە وەڵێ ئاسمانی بەڕەنگی سەوزە، بێچەوری و سالم غەزای
328 خۆشە
329 ئەوە چەس، هەر ئەڕۆیت و ها لەبەرتەوە
330 ئەوە چەس؟ بە سەر مارە، بە زک دارە بەپشت بارە، کلکی بچکەڵە و لەبارە
331 ئەوە چەس؟ هەر بگری، ئەمرێت
332 ئەوە مەلێکە جەرگی بەتاوە سەری لە بیروون، لاقی لە ئاوە
333 ئەوە کام تاریکەشەوە لە نیوەڕۆدا ئەبینرێ
334 ئەوە کام حەرفە کۆتایی زەمانە وەک کفتەی مەنجەڵە هەم سوورەی قورئانە
335 ئەوە کام دارە دە سەمەری هەس لە کوردستاندا تابڵێی فرەس
336 ئەوە کام گوڵە وا لە گوڵزار چوار فەسڵە هەسی، خەزان و بەهار
337 ئەوە کێیە ئەستێرە بە شان هەڵدەگرێ
338 ئەوە کێیە هەموو زمانێک ئەزانێ
339 ئەوە کێیە؟ سەری لە پشت ئەستێرەیە
340 ئەوەچییە دایکت ئەیکڕێ سەوزە لەماڵەوە سوورە
341 ئەوەچییە؟ باوکی کەرە، دایکی مایە
342 ئەوەندووکە بە دەندووکە لەپێش میوان دەڵێی بووکە
343 ئەوەندووکە بەدەندووکە
344 ئەوەندەیە و هەنار نییە، پڕ بازارە و سەودای نییە
345 ئەوەڵ چوار قاچە، ئەمجا دوو پێیە، دوایی سێ قاچە، ئەزانی کێیە
346 ئەوەڵ گردە، دووەم پانە، ئەگەر کەرنیت بێژە نانە
347 ئەوەڵ ڕەشە ئەمجا گەشە دوایی فشە
348 ئەوەڵەکەی چێشتی کوردانە دووەمەکەی سەرمایەی ژیانە

349 *ئەوەی درووستی بکا بەکاری ناهێنێ ئەوەی بەکاری بێنێ، درووستی ناکا*
350 *ئەوەی درووستی بکات بەکاری ناهێنێ*
351 *ئەوەی دەبڕم چاکە ئەگەر چاک نەبێ چاکە ئەگەر چاک نەبێ خراپە*
352 *ئەوەی دەخورێ لەکوێ دەردێ*
353 *ئەڕوا بۆ دەشت ڕوو لە ماڵە، ئەڕوا بۆ ماڵ ڕوو لە دەشتە*
354 *ئەڕوا بەڕێوە پێی نییە، هاوارئەکا زمانی نییە، فرمێسک ئەڕژێ چاوی نییە*
355 *ئەڕوات پای نییە دەخورێت گۆشتی نییە*
356 *ئەڕۆم لە نەبڕاوی دێنم لە نەڕوواوی سواربم لە نەزاوی*
357 *ئەڵاکەم و بیلاکەم چوار پەلت لە حەواکەم جرپوجۆت لێپەیداکەم*
358 *ئەڵێی کوزەکەمتیاری پێیە*
359 *ئەی تاقەکە، ئا تاقەکە باو میردی چیم زاغەکە*
360 *ئەیدەم بە دارا نادرێ ئەیدەم بە بەردا ناشکێ ئەیدەم بە ئاودا تەڕنابێ*
361 *ئەیکەی بەخۆتا و حەزی لێئەکەی*
362 *ئەیکەی یان ئەیبەی*
363 *بابی پۆڵایە داکی ئاسنە بێچوویان دەبێ وەک دەنکی هەنار*
364 *بابی سەری دێشێ، داکی زکی دێشێ، منداڵان پشتیان دێشێ*
365 *بابەک هەڵگەڕیاوە بە تاب بە ئاگر بوو بە کەباب*
366 *باتە ناو ئاو تەڕناویت، باتە ناو ڕۆنا چەور ناویت*
367 *باخی دڕی بەرگی دڕی*
368 *باخی سڕی بەرگی دڕی دەستەکۆڵەی سارد و سڕی*
369 *باخی کەس نەخەمڵاندوو*
370 *بار لەبەرێ تەنگ لە پشتێ برۆ قشتێ*
371 *بارانی بێ با*
372 *بارهەڵگری سێ قاچ*
373 *باریکەلەیە هەڵبەز و دابەزکەرەیە بێخۆراکە و مرۆڤ نییە*
374 *بارەبەرا تاتەش هەرا*
375 *بارەکم هەیە گا باری، نەکۆشتی دەخورێ نە باری*
376 *بازرگان هات بە لەنگە لەنگ، کوتاڵی هێنا لە هەموو ڕەنگ*
377 *بازنی پوور هەمینێ، دەنگی گەییە مەدینێ، خوانەبێ کەس نایبینێ*
378 *بازنی خونچ هەمینێ کەوتە ناو ژێرزەمینێ دەنگی گەییە ماردینێ*
379 *بازنی خونچە هەمینێ کەوتە ژێرزەمینێ دەنگی گەییە مەدینێ*
380 *بازێ هات هێدی هێدی لایەکی سوور و لایەکی زەردی هەرکەس بیبینێ دەرسی*
381 *بان گۆشت باگووردان ئاسن*
382 *بان لە بان دارە، ئاسن جلەو دارە*
384 *بانگدەرە تاجی گۆشتی لەسەرە*
385 *بانگی دەکەین تا بێت کە دێ لەپێشی ڕادەکەین*
386 *بانی تاوێرە بنی تاوێرە لێی مەترسە و پێی بوێرە*
387 *بانی تاوێرە، بنی تاوێرە*
388 *بانی قانی کۆتکانە جرتوفرتی جاشکانە*
389 *بانی گۆشتە و ژێری مووە*
390 *بانێک لەسەر چنارێکە لەسەربانەکە گۆچانێکە*
391 *بانێکە، ماڵێکە، چوار بزن و شوانێکە*
392 *باوای چەفتوچێڵ، دایەی سەرپانە کورپان شیرینە، کوڕەزا دێوانە*
393 *باوک ئێژێ پشتم ڕۆڵە ئێژێ خاک بە پشتم*
394 *باوک پێچ پێچ و دایک لار وگێڕ لە ترش و شیرین لێی بارکە تێر*
395 *باوک سێ مانگە و کوڕ لەبازارە*

396 باوک و دایکی نییە ناوی لەپێش خەرکییە
397 باوک یەکە و کوڕ هەزار دەو لووس دەو لووس کڵاو خوار
398 باوکی ئاوە دایکی خۆڵە منداڵێکی خەپەتۆڵە
399 باڵاترین پلەی مردن
400 باڵای بەرزە وەک چنار، ترشە وەک لیمۆ و هەنار، لە لادێوە دێ بۆ شار
401 باڵای سەوزی سەوزەنی، ڕووی سپی سپیەنی، چاوی زەردە زەردەنی
402 باڵای سەوزە ڕووی سپییە چاوی زەردە
403 باڵای وەک عەمود سەرتاپای ڕەشە سەریشی پانە وەک سەری قەشە
404 باڵداری بێ قاچ
405 باڵدارێکم هەیە پێ مشار دەفرێ لەم شار بۆ ئەو شار
406 باڵدارێکی ڕەشوڕووت نەگوڵلەی پێیە نەباڕووت زەبر ئەوەشێنێ بەبزووت
407 باڵندەی شیردەر
408 باڵی نییە و هێلکە دەکا
409 باڵی هەیە سەرکەوی وەدوی کەری دەکەوی
410 باڵی هەیە نافرێ زاری هەیە ناقرێ پاشی هەیە ناترێ رێگەی وشک نابرێ
411 باڵی هەیە نافرێ، دەمی هەیە ناقرێ چاوی هەیە ناتروکێ، گۆشتی هەیە دەخورێ
412 باڵەخانەی گۆشتن پێپلیکانەی ئاسن
413 باڵەخانەی گۆشتین پێپلیکانەی ئاسن
414 بایی پوولێکە، پڕ بە ژوورێکە
415 بچمە بان نەزۆک، نەزۆک وەبان بزۆک
416 بچێتە ناو ڕۆن چەور نابێ بچێتە ناو ئاو تەڕ نابێ
417 بخەوێ چاوی دەکاتەوە
418 برایەکم هەیە لە دەشت ژن دە هێنێتەوە بە پشت
419 برایەکم هەیە لە دەشتی سەد و سی کون لە پشتی
420 برایەکم هەیە لە دەشتێ ژن دەیهێنێنەوە بە پشتێ
421 برایەکم هەیە لە زووری سەری گەورەترە لە هووری
422 برایەکم هەیە لە عەرەشە بارەکەی درەوشە
423 برایەکم هەیە ها لە عەرەوشە باری کەرەکەی درەوشە
424 برنجی شەل و شەپک
425 برنجی لیباس لەبەر
426 برنیە ئاقر تەواوێ
427 بزنیان سواری گامێش کردووە تۆش سواری دەبی کەچی مردووە
428 بزنە بەلەجار لەسەر بەردێ بەغار هۆهۆی لێدەکەی نایەتەخوار
429 بزنە قوتەی مەلایە، نەیهێشتووە پنچکە گیایە
430 بزنە گەرێ لەسەربەنێ نەقڵەکوتێ هەڵدەپەرێ
431 بزنەگەرێ هەڵدەگەرێ دادەگەرێ ناڵەوەرێ
432 بزنەکاکاڵ، سەرکەنداڵ، یاریار دکمێ نائێتەخار
433 بستێکە دووسەد کیلۆ هەڵدەگرێ
434 بشمری لێتنابێتەوە
435 بلوورمە لەبن ئێسکان چەرمە
436 بلووری شووشەی ئەشکانی ئەگەر مەردی حاڵی دەبی مریشکێکیش حاڵی دەبی
بلوورین گومەزێکە مانگ و ڕۆژی لەناودێ کە مانگ و خۆی هات و هەڵهاتە دەرێ گومەزی بلوورین شوشە
437 دەشکێنێ
438 بن پەڕۆی سەرخوری گەر نەزانی دایکت مری
439 بنوێ گایە، هەستێ چیایە
440 بنکی دە گڵێ قەدی دە کەرێ سەری بۆ توو، ئەگەر نەزانی چاوت دەرێ

441 بنی ئاوە، سەری تاوە
442 بنی ئەسپنداره ناوەندی دەستارە سەری گۆپاڵە
443 بنی ئەسپینداره ناوەندی دەستارە سەری گۆپاڵە
444 بنی بییە، سەری شاخە، ناوی ئاسنە، پڕ لە زاخە
445 بنی خڕە سەری سەوزە بێچووەکانی وردە
446 بنی دارە نیوەی تارە سەری ئاگرە بەزیانە
447 بنی دارە نێوی تاڵە سەری ئاورە
448 بنی دارە، سەری شاخە ناوی ئاسنە، پڕ لە زاخە
449 بنی دەڕوات سەری ناڕوات
450 بنی سەوزە و گەڵادار نییە، چواردەوری سپییە و بەفر نییە، ناوی زەردە و ڕۆژ نییە
451 بنی قوڕینە ناوی قەوی بەفرینە سەری زێڕە
452 بنی قوڕینە ناوەندی پۆشینە سەری زێڕینە
453 بنی قوڕە قەدی زەردە سەری زێڕە
454 بنی قوڕە، قەدی زەردە
455 بنی قیامەت سەری سەلامەت
456 بنی لە ئەرزی دەم بە حەواوە ساڵ دوازدە مانگە دەمی گیراوە
457 بنی لە گڵێ قەدی لە دەرێ سەری دەگەزێ
458 بنی ڕەشە قیامەت
459 بنە دارەکە، لەسەری گۆڕەپانەکە
460 بووکێکم هەیە لە کاتی نووستن بۆخۆی لە ژوورێ پرچی لە دەشتێ
461 بووکە سووری گردەڵە ناوی پڕ لە وردەڵە
462 بڕبڕەی گۆشتی، دەبڕێ دیواری
463 بڕی پاڵەوان، ئاتەش نە کەلە بی شەواڵ راس، بی خوسڵ و مەلە
464 بڵندە وەک حوشتر، شیرنە وەک شەکر
465 بۆ خۆت دەڕۆی دەتبینێ ناشکێ تا نەیشکێنی
466 بۆ خۆم چوومە سەربانی بەرم دایە ئاسمانی دیتم پارچەیەک نانی
467 بۆ خۆم چوومە سەربانی، بەرم هەڵدا لە ئاسمانی، دیتم پارچەک نانی
468 بۆ خۆم چوومە سەربانی، بەرێ خۆمدا ئاسمانی، دیتم کەرکەکی نانی
469 بۆ خۆی سەنگینە و سەد سەنگ سواریەتی گیانلەبەر نییە و گیاندار سواریەتی
470 بۆ خۆی لە چۆمی دایە، خەرجی لە گوند دایە
471 بۆ خۆی لە چەمە، خەرجی لە گوندە
472 بۆ خۆی لە ژوورێ و هەناسەی لە دەرێ
474 بۆ خۆی مردووە هەموو دنیای لەبەردەستە
475 بۆ خۆی نووستووە ئەسپی زیندووە
476 بۆ خۆی ڕووتە و خەڵک دادەپۆشێ
477 بۆت ڕووناک ئەکا ڕێگەی ژین و دین
478 بۆخۆی بێ گیانە و دەگەڕێ لە گیاندار بێ گیانی بکا و ڕەقیکا وەک دار
479 بۆخۆی لەبەردە سەد بەردی بارە بۆخۆی بێ ڕۆحە و ڕۆحباری سوارە
480 بۆخۆی نووستووە ئەسپی مردووە
481 بۆرە و کورتە و کلکی نییە چوار پێی هەیە و ملی نییە
482 بۆرە و کوورتە، کلکی نییە چوارپەلی هەیە، ئێسکی نییە
483 بۆرە وەک مارە بۆقیشە و پێتناڵێم
484 بۆرەی چاوزەرد بەهێزە ڕاوچییەکی بەپارێزە
485 بۆنی دێ حەتر نییە، سپییە ئارد نییە
486 بی تەر تاڵە
487 بی گیانە و قسەدەکات

*بیبینی لەبەری ناکەی، لەبەریکەی نایبینی* 488
*بیتاقە چل بیتاقە، چل سۆفی چل تەماتە* 489
*بیتەر تاڵە خویێ سوێرە داس خوارە* 490
*بیخەرە سەر ئاگر نامێنێ* 491
*بیری بە پەڕۆکندری بە دەرزی دۆلکی شاخ* 492
*بیری بەردە، کۆڵی دارە، خواردنی گیایە* 493
*بیری پەڕۆ دۆلکی چەرمین* 494
*بیرێ بە پەڕۆکندری بە دەرزێ دۆڵی شاخ* 495
*بیرێکم هەیە حەوزێکی تێدایە گوڵێکی گەشی بەدەمەوەیە* 496
*بیرێکم هەیە لە پێستی غارا دۆڵکی داری بۆ لۆ درووستکرایە ئەوی زانی خەرات کرایە* 497
*بیرێکی جاوین گوریسی دارین دۆڵچەکەی قوڕین سەروماڵ ڕەنگین* 498
*بیقوچێنی مشتێکە بەریدەی دەشتێکە* 499
*بیگری مشتێکە، بەریدەی دەشتێکە* 500
*بینێ تاقەوە، چاوت لێدەکا زاقەوە* 501
*بیهاویتە پشت حەوت شاخان ناشکێ بیهاویتە پشت ئەشکەوتێکی تاریکەوە دەشکێ* 502
*بیورم دا لە دارەکی هەمووی هەژان بە جارەکی* 503
*بیکەرەم تاشی* 504
*بێ بەرگە، بێ مەرگە، بێ ڕەنگە* 505
*بێ دەست و پایە هێزی لەسەرە بۆکردەی زۆردار ئەو ڕسواکەرە* 506
*بێ زمان و ڕۆحدارە باڵندە نییە و باڵدارە* 507
*بێ قاچ و باڵە کە دەمرێ گۆشتی حەڵاڵە* 508
*بێ لاق و بێ بارە* 509
*بێ مل و قۆڵە ئەگەر مرد گۆشتی حەڵاڵە* 510
*بێ ڕۆح لە ڕۆحدار دەبێ لەو بێ ڕۆحەش ڕۆحدار ئەبێ* 511
*بێ ڕەنگە بێ مەرگە بێ دەنگە* 512
*بێ ڕەنگە و بێ بۆنە ئینسان بێ ئەو لەتیاچوونە* 513
*بێ کلکە و بێ تووکە گیاندارێکی ڕووت و قووتە بۆرە وەک مارە چوارپێیە و وەک سوارە* 514
*بێشکەی نەجووڵاو* 515
*بێگیان لە گیاندار دەگەڕێ* 516
*بێگیان و بێدەم، بێزوان و لچە فرە قسە ئەکا، وەلێ بە چپە* 517
*بێگیانی دەم پان گیانداری ڕووخان* 518
*بە ئاسپایی جووڵە دەکا خەریکە کونان درووستدەکا* 519
*بە ئاسن لێیدەی لە خۆڵ دەریهێنییە دەرێ ژن لێیدەنێ* 520
*بە ئەمری خودا بە ئەقڵی بەنە، چنچکە لەسەر بنچکە بەنە* 521
*بە باڕیی کلکی هەیە، بە خرتی کلکی نییە* 522
*بە باڵ مەل و بە شاخ گایە، ماسی پشتە و هەڕە پایە* 523
*بە باڵ مەلە بە شاخ گایە ماسی پشتە و ئەڵێی بایە* 524
*بە بەتاڵی دەچێتە ژوورێ بە پڕی دێتەدەرێ* 525
*بە بەرخی سپییە بە شەکی سوورە بە مەڕی ڕەشە* 526
*بە بەرخی سەوزە بە کاوڕی سوورە بە مەڕی ڕەشە* 527
*بە بەهێزترین کەس نابەزێ* 528
*بە پڕی و بە بەتاڵی یەک کێشی هەیە* 529
*بە پیسی دەخورێ، بە خاوێنی ناخورێ* 530
*بە پیک ناشکێ، بە هێلکەیەک دەشکێ* 531
*بە پێ ناچێ، وتن دەرەچێ باڵی نییە و بۆ سەردەچێ* 532
*بە پەل بی، بە گەڵا توو، بە بەر هەرمێ* 533

534 بە پەنجا برا، سەرینێکیان هەیە
535 بە تەری و شلی ئاوی خواردووە بە وشکی دەڵێن پیاوی خوردووە
536 بە تەواوی ناتەواوە بە ناتەواوی تەواوە
537 بە تەڕی ئاوی خواردووە بەوشکی ماری خواردووە
538 بە جەحێلی لووسە بە پیری چرچە
539 بە چاران دەخشێ بە دووان دەڕوا بە سێیان دەلەنگێ
540 بە چل پەنجا کەس ماڵیکیان هەس
541 بە چوار برا تفەنگ داونە گۆمەکێ
542 بە چوار برا سەرێکیان هەیە
543 بە چواران لاقە، بە هەشتان گوێیە، لەسەرڕێ باری کەرێ کایە
544 بە چوارپەلان سەما دەکا خواردنی میر و حاکم پەیدادەکا
545 بە حەمەی شەپڵتە و حەمە هەولێرێی هەندیاندا لە قزنەکێری ڕەقیانکرد وەک قۆچی نێرێی
546 بە خواردن وەک گیاندار ئەچی بۆ لادێ و شار بێگیانە وەک دیوار
547 بە خوێن مردییە هەموو دنیای لەبەر دەستییە
548 بە دوازدە برا، سێ دڵیان هەیە
549 بە دوازدە وڵات سێ باڵۆزیان هەیە
550 بە دوو ئەشکەوت یەک دیواری هەیە
551 بە دوو ژوور کۆڵەکەیەکیان هەیە
552 بە دیواردا هەڵدەواسرێت، و یەک ساڵ دەژێی
553 بە دە لێدەکرێتەوە بە پێنج پاک دەکرێ بە سی و دوو دەخورێ
554 بە دە هەڵیدەگرن بە پێبج تێیدەکەن بە سێ دەیخۆن
555 بە دەرکێدا دەچییە ژووری، بە دوواندا دێیەدەرێ
557 بە دەست ئەیجووڵێنن بە دڵ ئەیدوێنن
558 بە دەست ئەیچنی بە قاچ ئەیخنی
559 بە دەست دەچێنرێ، بە چاو هەڵدەگیرێ
560 بە دەست شێرە, بە پشت پڵنگە
561 بە دەستی حەمەدۆکێ
562 بە دەسکی حەمەدۆکی لە هەموو دەرکان دەکۆکێ
563 بە دەم دەیچنیتەوە بە دەست دەیوەشێنی
564 بە دەمووچاوتا ئەکێشرێ و نایبینی
565 بە دەوری پێغەمبەرێی، کلک لە تەوقی سەری
566 بە دەیان کێشەوەی دەکەن بە سێ و دووان گێرەی دەکەن بە یەکیان ئەودیوی دەکەن
567 بە دەیان کێشەی دەکەن بە سێ گێرەدەکەن یەکیش لە چاڵی ڕوودەکەن
568 بە زستان کاکمە، بە هاوینان حاکمە
569 بە زمانی دەروێشان، بزن سواری گامێشان
570 بە زمانی گەورگی، سەری گەورەترە لە ورگی
571 بە زەمانی ئەسکەندەرێی، کلکی لە تەوقی سەرێی
572 بە زەویدا بدەی ناشکێ بە زێیدا بدەی دەشکێ
573 بە ساڵێک سەد هێلکە دەکا
574 بە سندووقی هەشت ڕۆخان تێیدایە لە پیر و جوان
575 بە سنووقی هەشتەرخان تێیدایە پیر و جوان بێ تەرخان
576 بە سێ برا دۆخینێکیان هەیە
577 بە سێ برا مێزەرێک بە دوو دەستان گێزەرێک
578 بە سێ برا کڵاوێک
579 بە سێ برا یەک لاقیان هەیە
580 بە سێ گیانلەبەر، دوو لاق و سێ سەر و شەش چاو

581 بە سێ مەلا مەندیلێک
582 بە سەد برایان مێزەرەکیان هەیە
583 بە سەد خوشک یەک حەبا
584 بە سەر چوار، بە لەش پێنج، بە پێ هەشت لە ئاوایی هەڵیدەگرن بۆلای دەشت
585 بە سەر سەوزم بە لەش ڕەشم لەناو دڵدا سپی وگەشم
586 بە سەر عەرووسە بە لینگ ئینگلیسە گۆشتی پیسە
587 بە شانت بەشرواڵت زاوای خاڵت هاتە ماڵت چی پێدەڵێی
588 بە شەو شایە، بە ڕۆژ نۆکەری شایە
589 بە شەو و بەڕۆژ هەر لێدەدات و بەکارە
590 بە قنگ دەیخوا بە دەم فڕێی دەدا
591 بە گولی لەنگە
592 بە گەنجی ڕیشی سپییە بە پیری ڕیشی ڕەشە
593 بە گەڕی دەخورێ بە پاک ناخورێ
594 بە گەڵا توو بە پەڵ بی بە بەرهەم موو
595 بە مردوویی ژیان دەکات
596 بە مناڵی سەوزی کاڵە بە گەنجی سووری ئاڵە
597 بە منداڵی بە چوار لاقە بەگەورەیی بە دوو لاقە بە پیریی بە سێ لاقە لەناو گیانداراندا تاکە
598 بە منداڵی سپییە بە گەنجی سوورە بە پیری ڕەشە
599 بە منداڵی ردێنی کەسکە بە جەحێڵی سۆرە کە پیردەبێ ڕەشە
600 بە مو، لە بێ مو پەیدادەبێ، بێ مو، لە بە مو پەیدادەبێ
601 بە هاران ئی شینە، هاوینان ئی وشکە، کەسیش بە بێ وی ناژی
602 بە هاوین پۆشتە و پەرداخ بە زستان ڕووت و ڕەجاڵ
603 بە هاوین و بە زستان، لێی دە بە کۆڵە مستان، سوێری دەکەین بە قەزوان
604 بە هاوین و بەزستان بووکە بارانەی زستان
605 بە هاوینان بارندە بە تەورداسۆکی برینده بە کوتکۆڵەی کوتیندە، خۆریندە هەر خۆریندە
606 بە هەموو شوێنێکتا دەبات هیچ مەسرەفت لێناکات
607 بە ڕووداوە و نهێنی پۆش، نهێنی خۆی دەدا بە تۆش بەڵام وەکو دووڕوو نییە، ڕاژت بڵێ، جا هەر چییە
608 بە کەرێ و بە ماکەرێ بە جاشکی لەبەر کەرێ
609 بەئێشەوە بەمێشەوە، بەفەقێ و دەروێشەوە، پاژنەپێ لەپێشەوە
610 بەبێ دەست و پێ، بەرێوەدەچێ
611 بەبێ مێخ وگوریس وەکو ڕەشماڵ هەڵدراوە
612 بەپێی خۆم دەچمە ماڵی خەڵکی بەڵام بەپێی خەڵکی دەچمە ماڵی خۆم
613 بەتەڕی بێتامە، بەوشکی بەتامە
614 بەتەڕی تێدەخەی، بەوشکی دەریدەکەی
615 بەجوانی پیرە، بەپیری جوانە
616 بەچکە شیر دەدا بە دایکی
617 بەحری دوو ڕەنگ
618 بەحری دوو ڕەنگ نە شەپۆلی هەیە نە دەنگ
619 بەحری شینە و ئاوی نییە
620 بەحری شینە، دوو پاپۆڕی لێدابەزینە، یەک ئەسپە یەک ماینە
621 بەحرە ئاوی نییە، شارە خانووی نییە، دارستانە داری نییە
622 بەخت خەتێ، پشت خێوەتێ
623 بەخۆی بە بەردە سەد بەردی بارە بەخۆی بێ رووحە و ڕۆحباری سوارە
624 بەخۆی نووستییە ئەسپی مردییە
625 بەخێشەوە بە مێشەوە بەخالقی دەروێشەوە پەنجەی ئەو لەپاشەوە، پاژنەی ئەو لەپێشەوە
626 بەدوازدە برا سێ دڵیان هەیە

627 بەدەوری پیر و پێشا بزن لەسەر گامێشا
628 بەدەیان گێژەوی دەکەن بە سی و دووان هێرەی دەکەن
629 بەدەیان هەڵی دەگری بە پێنجان تێیداوێی بە سی و دوو دەیهاڕی بەیەکی مالوو دەکرێ
630 بەر پەراسووی پشت کولێرە گەر هەری بێنی دەنگت دلێرە
631 بەر چووکەی قالب مەزن، ئەگەر نەزانی ببیە بزن
632 بەر خەت خەتێ پشت خێوەتێ
633 بەر لە دایک و باوک ریشی چەرمگ دەکا
634 بەر هەسانی پشت خوری بەرۆژ تێرە و بەشەو برسیی
635 بەر هەسانی پشت خوری، گەر نەیزانی لەبەرم مری
636 بەر هەسانی پشت قورئان
637 بەرازی نابەراز چل گەزی کراس
638 بەرانێکم هەیە لە دەشتەکی پنۆک پنۆک لە پشتی هەرچی لێینەدا ناچێتە بەهەشتی
639 بەرخۆلەی سەر چیا، نایهێڵێ پچکە گیا
640 بەرخەر چەمیی
641 بەردی سپیم هەیە هەڵدەپەڕێ لە ئاسمان دێ و لە زەوی دەمرێ
642 بەردێکە ڕەش و سووتاو
643 بەردە سپیلکەی ئەوبەری چۆمی چییە
644 بەردە و بەرد نییە
645 بەردەستیی کەپوو درێژ، پێویستە بۆ دەست نوێژ
646 بەردەک لەسەر بەردەک تەیرەک دەخوێنێ کە قۆرتەک کونی قونی لە ناوەند
647 بەردەکا لەسەر بەردەکی تەیرەک دەخوێنێ لە کۆرتەکی کونی قونی لە ناوکی
648 بەرز و باریکە تووڵە و تاریکە
649 بەرز و پێسەو چناری ترشا پێسەو هەناری
650 بەرزە وەک چنار، ترشە وەک هەنار، سەوزە وەک خەیار
651 بەرزە وەک چنار، چەوتە وەک شیلان ئامۆزای دیو و جن، برازای شەیتان
652 بەرزە وەک چنار، شیرنە وەک هەنار
653 بەرگی زەعفەران نام لە ئێسران بردم بۆ کافران
654 بەرمیلی کەپوو درێژ، پێویستە لە بۆ دەست نوێژ
655 بەرهەسانی پشت خوری بەرۆژ تێرە، بەشەو برسی
656 بەرهەمی لە عەرزە، خۆی لە ئاسمانە
657 بەری پەرپەڕانە پشتی لووس و جوانە ئەگەر هەڵیبێنی چەندە ئاسانە
658 بەری دارە بۆ منداڵی هەژارە
659 بەری گەڵایە شیرینە دایە وەک حەڵوایە
660 بەری لە بەحرانە پشتی لە کێوانە خواردنی خەلەوخەرمانە
661 بەری هەسانە پشتی خووری سا هەڵیبێنە کێ بۆ تۆی دووری
662 بەرەو بایە ڕوو لە خوایە
663 بەرەوخوار ئەچێ بەرەکی تووند ئەبێ بەرەوژوور ئەچێ، پاڵووی تووند ئەبێ
664 بەژنی باریک شەوی تاریک
665 بەساردیی شلە، بەگەرمیی توندە
666 بەساغی مەلایە بەشکاوی حاجییە
667 بەسێ زیندوو مردوویەکیان هەڵگرتووە
668 بەسەد برا ڕیخۆڵەیەکیان هەیە
669 بەسەر ئاوێدا ڕادەچێ و تەڕنابێ
670 بەسەر ئەسپە، بەپێ منداڵە، لە تیر هاویشتندا ڕۆستەمی زاڵە
671 بەسەر بەردە بە پێ ڕێبوارە بەنەفس کافرە مەبەسی لە وەسفی
672 بەسەر پیرێژن بە چنگ مناڵە بە پشتی ڕۆستەم نەتەوەی زاڵە

673 بەسەر کافرە بە پێ منداڵە بەتیر و کەوان ڕۆستەمی زاڵە
674 بەشەش لاق بە لاقێکیدا شەرعی وڵاتێکیدا
675 بەشەو ئاوسە و بەڕۆژ ئەستەوێر لە ماڵی میر و مالا و مجەوێر
676 بەشەو ئەسوورێتەوە مرۆڤ نییە شت ئەبینێ چاوی نییە
677 بەشەو بووکە بەڕۆژ ڕووتە
678 بەشەو خانم و بەڕۆژ قەرەواش
679 بەشەو خانم و بەڕۆژ کڵفەتە
680 بەشەو خانم و خەندان، بەڕۆژ لەبن دەست و پێیان
681 بەشەو خانم، بەڕۆژ کارەکەر
682 بەشەو دەڕوا بەڕۆژ دەڕوا ڕاناوەستێ
683 بەشەو دەڕوا مەندۆک بەڕۆژ دەڕوا مەندۆک مەندۆکەی لاق تیرۆک
684 بەشەو مەیموونە، بە ڕۆژ خاتوونە
685 بەشەو نییە نیوەڕوان هاوڕێیەکی بچووکە سبەینان هاوڕێیەکی گەورەیە
686 بەشەو و ڕۆژ دەڕوات، شەکەتناوێ
687 بەشەو وەک قیرە تیژە وەک تیرە سپییە وەک شیرە
688 بەشەو کەنەفتە، بەڕۆژ خانم
689 بەفرە ئاوی نییە دارستانە بەری نییە
690 بەقەد هەنارێکە
691 بەگزادەی بەرگ بووزی
692 بەگزادەی چۆغە بووزوو
693 بەگزادەی هەڵەدنێ، جووتێ خاڵی لە گەردنێ
694 بەلایدا بڕۆی کفرە
695 بەندکراوە و ئازاد نییە خۆراکخۆرە و مرۆڤ نییە
696 بەندەک و دارەک شەش بەندک و دوو دەپ
697 بەو چلەی زستانە شەو تا بەیانی لەسەربانە
698 بەوشکی تێت دەنێم، بە تەڕی دەری دێنمەوە
699 بەڕۆژ ئاوسە، بەشەو قسرە
700 بەڕۆژ پڕە بەشەو بەتاڵە
701 بەڕۆژ جل دەکرێت، بە شەو ڕووت دەکرێت
702 بەڕۆژ خامۆشە و بەشەو گەوهەرە
703 بەڕۆژ خزمەتی خزمەتکار دەکا بەشەو بێ جووڵە خۆی مات دەکا
704 بەڕۆژ دەنوێ و بەشەو کاسپی دەکا
705 بەڕۆژ دەڕوا عوولە پێ بەشەو دەڕوا عوولە پێ تەیریش بەباڵ نایگاتێ
706 بەڕۆژ دەڕوا نارنارۆکە بەشەو دەڕوا بارپارۆکە نەهێلکە دەکا، نە بارۆکە
707 بەڕۆژ دەڕوا ناوێستێ، بەشەو دەڕوا ناوێستێ
708 بەڕۆژ زاوایە و بەشە و بەڵایە
709 بەڕۆژ زاوە بەشەو ڕووتاوە
710 بەڕۆژ شکوفتی بەشەو خونچەیە
711 بەڕۆژ هاوسەر و بەشەو ئەستێور لە ماڵی مەلا و میر و مجێور
712 بەڕۆژ و شەو هەدا نادات خەریکە کونان درووستدەکات
713 بەڕۆژ کابانە بەشەو میوانە
714 بەڕۆژ کۆکراوە بەشەو پەرشوبڵاوە
715 بەڕۆژ کۆکن و بەشەو پەرشوبڵاو
716 بەڕی بەنە و پێت ناڵێم
717 بەکاری بێنی فرمێسک ئەڕێژێ
718 بەکرۆکەی یەک چاو هەموو ماڵان گەڕاو

719 بەیانیان کلکی لەسەرسەرییە ئێواران دێتە سەرقونی
720 بەینی ژوور و دەرگا وەختی خەوێ کێر درێژدەکا
721 بەیەک شەو داسە، بە دوو شەو ئەڵماسە، بە سێ شەو خڕ باشە
722 پا لە زەوی سەر لە حەوا مێزەر سەوز و قرمز کەوا
723 پا یێش ئینێ بنەو دارا سەرەش بەرز تەراجە هەسارا
پاتشای عەزیم، کۆچەری شاران، ساحێب سەڵتەنەت، سیم و زەڕ و دەس، سەربازی لە خۆی، ئەوەڵ وەشادی،
724 ئاخیر پەشیمان
725 پاتە ملەی بێ سەر پشتی بێ زک دەستی بێ پێ
726 پارووی ڕەشە، کشپلی سوورە، دەوری حەوزە، ناوی تەنورە
727 پاسەوانی بەکارە لە پشت دەرگا و دیوارە کاتی سەرما زۆر هارە
728 پاشا نییە تاجی هەیە فیل نییە، عاجی هەیە
729 پاشازادەکەی کۆچەری شاران لە گوڵ بوو و لەناو گوڵزاران بەبێ بۆنی گوڵ ناچێتە شاران
730 پاشای چیا و ڕازە لەگەڵ خودای هاوڕازە نە هەڵۆیە نە قازە
731 پانکی سەر پانکی دەست بە کلکی
732 پانکیلە پانکیلەکان، دەچنە گردوو دۆڵەکان، دەیهێنن گوڵەکان
733 پانکێ لەسەر پانکێ، دەست بە کلکێ
735 پانێ لەبان پانێ قنجی لەناو کوناکەی دەست ئەگری بەلاکەی، خوولی دەدا بۆ براکەی
736 پاڵەوانە، دارەوانە، شاخەوانە و باخەوانە
737 پایز شەشی تێدایە، هاوین سێی تێدایە و بەهار یەک
738 پاییز دەیکوژییەوە زستان خوێنی لێدێ
739 پایەک و حەوت باڵ سەد نۆکەر و خاڵ
740 پشت ڕەشی ناو سوور
741 پشتۆکەی لە پشتییە ماڵان ئیشیان پێی هەیە
742 پشتی بەردە و بەرد نییە چوار پێی هەیە کەر نییە گەڵاخۆرە و مەڕ نییە
743 پشتی تاتە و تات نییە، بەری سانە و سان نییە، گیا دەخوا و مانگا نییە
744 پشتی سەوزە کەشیلەی سپی
745 پشتی لە خوارێ دەستی لە حەوا هیچ ماڵێک نییە نەیبێ شتی وا
746 پشتی لە گۆشتە و زکی لە خاکە دارای شەش دووکان، ژێرەوەی تاقە
747 پشتی لەخواروو، دەستی لە حەوا، بزن هەی بزن، باری تەعالا
748 پشتی ناجووڵێ بۆ خۆی دەجووڵێ
749 پشتی هەس و بەری نییە گوێچکەی هەس و بەری نییە
750 پشتی وەکو سەربانە، دەڕوا سەبر سەبرانە دەکا تەماشای زیندوو، دەیانکا مردوو مردوو
751 پشتی ڕەشە دەڵێی قیلە، بەر زکی سپییە دەڵێی شیرە، ڕێ دەکا دەڵێی کوڕە وەزیرە
752 پلورە، لەبن ئێسکان چەرمە
753 پلکە قازی لە هەورازی بۆ دەنازی
754 پوورێکم هەیە لە کێوی بە ڕبان هێلکە دەپێوی
755 پڕ بە بارێک گووی خەست تۆ بە کەوچک من بە دەست
756 پڕ بە بارە لە هەموو شوێنێ دیارە
757 پڕ بە چنگێگە هەنار نییە بتەوێ هەیە لە بازاڕ نییە
758 پڕ بە دەست دەیگری دوایی سەری دەبڕی بۆ خۆت بۆی دەگری
759 پۆرگۆکە پڕ ڕشکۆکە
760 پیاوی سپڵە نەبەری هەیە نەپشت
761 پیاوی نامەحرەم لە سێ شوێنی ئافرەت دەستنوێژی ناشکێ
762 پیاوێک بە سەعاتێک چووە حەج و هاتەوە
763 پیاوێک شەش کوڕی هەیە، وەجاخی کوێرە
764 پیاوێک لەدایک نەبوو مرد یەکێکیتریش لەدایکبوو نەمرد

765 پیاڵەی سپی ئاوی دوو ڕەنگ
766 پیری بن گڵێ دەڵێی تووکی بن هەنگڵێ
767 پیرێژنی حەفت کراس لەبەرە هێشتا ئەیژێ سەرمامە
768 پیرێژنی قنگ بە مەشکە
769 پیرێژنی گمەگمە تێی هەڵدەن سەرەسمە پیسکە ئەوە جاجمە
770 پیرێژنێ لوورە لوورە لێیدەن بە بەردە زوورە پیسکە ئەوە مافوورە
771 پیرە بابێ لە غارێ، بە ئەردێنی دەڵێ: بەڵێ
772 پیرە بابێ مردی منداڵان سەرپێ کردی
773 پیرە مامان لە دەشتی، هەمووان سێڵەی خۆ لە پشتی
774 پیرە مامی بێدەدان، سواری ئەسپی بێگیان
775 پیرە مامی لە لێری، گیا و گۆڵی دادەگێڕی
776 پیرە مامێ لە تەلان، تیران داوێ بێ کەوان
777 پیرە مامێ لە تەلانێ لۆلکێ دەخوا بە زمانێ
778 پیرە مامێ لە دەشتی، کۆڵە سێڵێ لە پشتی
779 پیرە مێردی لەبن کەرە گەڵێ، بە سمێڵان دەڵێ بەڵێ بەڵێ
781 پیرەپیاوێکە لە تەلان تیر ئەخا بەبێ زووان
782 پیرەژنی ئاودەلۆکێ، لە هەموو کۆڵانان دەکۆکێ
783 پیرەمێردی پشت کەڵەشتی دەرمانی هەموو دەردی
784 پیرەمێردی قون بە مشکی
785 پیرەمێردی لە سەربانێ، لۆلکی دەخوا بە زمانێ
786 پیرەمێردێ پشتکەڵە شتی دەرمانی هەموو شتی
787 پینەچییەکی دەست ڕەنگین هەشت پیتە بە نوقتە نووسین دەرگایەکی پێویستە بۆ ئوتومبێل و ماشین
788 پێت خۆشە گەنجی ماڵ بیت
789 پێچەنی پلوچەنی سەرسەمەنی قلوچەنی
790 پێخەفە و پێخەف نییە پێیدادەدەن ئاگای لێی نییە
791 پێستی لەناو گۆشتی لەدەر
792 پێستی مەڕە بازنی خڕە پەنجەی لێدەی دەنگی زلە
793 پێستی هەیە مووی نییە خواردنی هەیە ڕیخی نییە
794 پێستی هەیە و سکی نییە بێتاوان لێی دەدەن
795 پێش میوا دەچێتە بنەبان
796 پێشەی بێ گۆشت
797 پێنج برا هەن مووی سەریان نییە
798 پێنج برا و ماڵێک
799 پێنج برا یەک کڵاویان هەیە
800 پێنج برا، لەیەک دەرگاوە دەچنە ژوور
801 پێنج پیتە ئەم مەتەڵە
802 پێنج پیتە مەتەڵ ئەمجارە، نەدەخورێت و نەگیاندارە
803 پێنج پیتە مەتەڵ دڵۆپە ئاوە
804 پێنج مانگ بەحرییە بەخۆی حاکمە بەرگی بووزییە
805 پێنج مانگی حەمرییە، بۆ خۆی حاکمە و بەرگی بووزییە
806 پێنجە نابێ بە شەش
807 پێکەوە دەگرین پێکەوە دەجووڵێن لەیەکتر جیان
808 پێڵاوی تاشراو وەستای نەدیوە کەوای دوراو خەیاتی نەدیوە
809 پێی نییە! دەڕوا ناگەڕێتەوە، بۆ خۆی نازانێ چۆن دەبڕێتەوە
810 پێیەکانی بگوشی دەوی دەگەزێ
811 پەتک ئاودەدەن گۆلک مەزن دەبێت

پەچە ڕەشی بزن، جینگانە 812
پەراسووی هەیە گۆشتی نییە هەناسەی هەیە ڕۆحی نییە مەمکی هەیە شیری نییە 813
پەردێکی شینە، ناوی کۆلکە زێڕینە 814
پەرێزی سپی تۆوی ڕەش 815
پەرێزی سپی گوڵی سیاوە ئاودێری قامیش وەزیری پیاوە 816
پەستەکەی مام سلێمان، پەنجا کەس کردوویەتییە شان 817
پەلکی لێرە کەوتووە تەرکی لەوێ کەوتووە 818
پەنج فریشتەی ئاهوی یەک ڕەنگ، بردنە بان سارای سپی ڕەنگ ئاهۆ دوو شاخی وەها سەریبەوە، بان شاخەکان
وەگەوهەرەوە 819
پەنجا کەسی سپی لە ژوورێک درێژبوونە سەریان زەرد و سوور و قاوەیینە 820
پەنجی بێ و شەش ڕووی کردە پەنج حەریر لە مابەین، بێگەوهەر سەرنج 821
پەنجە دەکەی بە قونیا. دەم دادەچەقێنێ 822
پەنجەی ڕەشی ئەمیرخان، خۆش خۆش دێتە دیوەخان 823
پەیدادەبێ لە ئاوی وەک بەفر بەر هەتاوی دەچێتەوە سەر ڕەنگی ئاوی 824
تا باران نەبارێ، ناکرێتەوە 825
تا بووزی پێوەنەکەی، نارِوا 826
تا بیبڕی درێژ دەبێ 827
تا بیبەخشی زیاددەکات 828
تا بیکێشی کوڵ ئەبێتۆ 829
تا بیکەیتەوە باڵ ئەگرێتەوە 830
تا پیای نەکەی ناخەوێ 831
تا تۆ نەڕۆی ئەو نارِوا 832
تا تیلکی پێوەنەکەی ناجووڵێ 833
تا تێی نەچی نای بینی کە بینیت نایەیتەدەر 834
تا چاو نەقووچێنیت، نایبینی 835
تا سەری نەبڕی قسەناکا 836
تا سەری نەبڕی نایەتە گووفتار تا خوێنی نەڕژی نایەتە وتار 837
تا سەری نەبڕی وەک کەڕوڵاڵە کە خوێنی ڕژا، دەیکا بە گاڵە 838
تا سەری نەبڕی، هەواڵ نادا 839
تا گوێی بانەدەی، فرمێسکی نایە 840
تا لێی دەبڕی گەورە دەبێ تا تێی کەی بچووک دەبێ 841
تا لێی دەرهێنی، زیاد دەکا، تا تێی هاوی، کەم دەکا 842
تا لێی نەدەی ناوەرێ 843
تا لێی نەدەی نارژێ 844
تا لێی نەدەی نارِێ 845
تا لێی نەدەی، دەنگی نایەت 846
تا نیوەی دەست ڕەش نەبێ تامی دەم خۆشنابێ 847
تا نێیەیدە لای دەمی، نییەخەیدە خوار 848
تا نەبێتە چوار ئەو نابێتە دوو چوار چارەک نییە وا دەبێتە دوو 849
تا نەچێتە زەردە، لە کونا مەردە 850
تا نەڕۆی بەدووتناکەوێ 851
تا نەیچێژی تامی نازانی 852
تا نەیدۆشی ناوەرێت 853
تا هەڵنەواسرێ کارناکا 854
تا ڕیش چەرمگ نەکا، پاک ناکرێت 855
تا کەرم بەستەوە 856

857 تابووت مەزار، دەرکلیل کردە وە پەنج فەڕاشە کلیل ورد کردە
858 تاج زەردی ئەڵقە لە گوێ سەیران دەکات لەدەوری ترێ
859 تاج لەسەرە پاشا نییە کاتمان پێدەڵێ، سەعات نییە
860 تاج ڕەشی ئەڵقە لە گوێ دەوران دەکا بە دەوری دێ
861 تاجی گۆشتین دووگوارە پێیوە
862 تاجی ڕەشە ئەڵقە لە گوێ
863 تادەم نەنێی بە قونیەوە تامی ناکەی
864 تاسی زرزر دای لە برپر کۆڵەکەی نەوی بەغدا ڕەوی
865 تاسەیری نەکەی سەیرت ناکا
866 تاقێکە سی و دوو بەردی تێدایە
867 تامم وەک گۆشتی گیسکە گۆشتم بەقەد یەک نیسکە
868 تانجی زەردوو لە کونا مردوو
869 تانجی ڕەشە زنجیر لە مل
870 تانجییە زەردەی زرزر لە گوێ سەیران دەکا لە دووری دێ
871 تانجییە سپیەی هەیاسخان شیر دەپەڕێنێ بانەوبان
872 تانجییە ڕەشی ئەڵقە لە گوێ دەوراندەورییە لە دەوری دێ
873 تانجییە ڕەشەی دەم هەراسی خێو و خاوەنی ناناسی
874 تاوسان ئەرچێ، زمسان بەرئەوێ
875 تاوڵی یەک ستوون
876 تاڵی ئاوریشم، بەغدا و بەسرای پێراکێشم
877 تاڵی هاوریشم هەر لێرە تا دوور دەیکێشم
878 تاڵە و کاڵەکەمارانە نییە
879 تاڵەیشە و شیرینیشە
880 تپێنە خۆش تپێە دوو دەست و دوو پێنە قاڵبە دەنگ ژ دێنە
881 ترش و مزرە وەک هەنار، قەدی بەرزە وەک چنار، لە گوندەوە دێ بۆ شار
883 ترشە شیرین دەبێ شیرینەکەش ترش دەبێ
884 ترشە وەک دۆیە خڕە وەک گۆیە
885 ترشە وەک هەنار بەرزە وەک چنار سەوزە وەک خەیار
886 ترشە وەک هەنار ناسکە وەک خەیار
887 تشتێ من تشتە، بێبەر و پشتە
888 تفەنگی یەک لوولە بەرەوخۆت ماشەکەی مەکێشە کە مایەی دەرد و ئێشە
889 تووتە خڕەی سەربانێ دەڕوا سەرمەوقولانێ
890 تووکنە و گۆشتی نییە شیردەرە و مەمکی نییە
891 تووڵی تەڕ تووڵبەندی تەڕ لەنەڕەی شێر حەیدەری کەڕ
892 تووڵی شین
893 تووێکڵی دارە نێوی هەزارە گەر نایزانی بڵێ هەنارە
894 تولان داوێ مێو نییە، پێوە دەدا مار نییە، هەرمێیان دەگرێ دار نییە
895 توڵی تەڕ توڵبەندی تەڕ ناڵەی گەوهەر شمشاڵی کەڕ
896 تۆ دەمری ئەو هەر دەمێنی
897 تۆ سەرم بە چەقۆ دەبڕی کە مردم لەگەڵم دەگری
898 تۆوی لە بەردی گاسنی لە شاخی زەوی لە گۆشتی
899 تۆوی ڕەش و حەوزی سپی
900 تۆکەگەی تیژە، کوناهێگ ها سەری لە واخت تەنگی، خوەی دەیدە وەری
901 تۆی لە تەرێ لە بن بەرێ هەڵدەپەرێ
902 تیژە وەک تیرە ڕەشە وەک قیرە سپییە وەک شیرە
903 تیغی تیژی بە ڕشتی حوکمی سەری تۆی بە مشتی

904 تیل تەری و بن مری ئەرا رۆژ خەیر و شەری
905 تیکەی قنگ ئەخوا
906 تێرم خوارد لەو دوو کیسە ئاوە کەمی نەکرد وەک خۆی ماوە
907 تێکردنی سووننەتە، لەقاندنی فەرزە
908 تێڵای تاشراو وەستای نەدیو کەوای دووراو خەیات نەدیو
909 تەپ تەپ دەکا ڕەپ ڕەپ دەکا لە میوانان شەرم دەکا
910 تەپ گردەڵەی گیا وردەڵە
911 تەپ گەردیلە گیا وردیلە
912 تەپ لەسەر تەپ، دەستت بە ڕەپ
914 تەپۆڵێکم هەیە پێنج کانی هەیە دووی دەتاڵن دووی دەسوێرن ئەوی دەدی شیرینە
915 تەپۆڵە گردە لە گیواوە وردەڵە
916 تەپێک و بانێ چوار بزن و شوانێ
917 تەپە کوێرە، باوکی ئاوە، داکی خۆڵە
919 تەپە گردەڵە گردە و تاشیا ئێران و توران هاتە تەماشا
920 تەختی شین، پاشای زێڕین
921 تەختێک و تەختەبەندێک چوار کاوڕ و وەرەنێکە
922 تەختە تەماشا خواردنی پاشا
923 تەختە لەبن تەختە حاجی بێبەختە
924 تەختە لەسەر تەختە تیغ بەبەختە
925 تەرازوو میزان بان هەورامان هەر کەس هەڵیبێنێ شێرە و پاڵەوان
926 تەرزەیە و باران دەبارێ وای لە گرمەی هۆڕوسارێ لۆ زەوی سواران لە ئاسمانی دێنەخوارێ
927 تەشخە شوستە ڕوفتە ماری دەرمی نیش خوفتە
928 تەشی لە فەرهەنگی کوردەواریدا
930 تەقیلە لەبان تەقیلە هەر کەس نەزانێ زەلیلە
931 تەقە سوارە، دام لە بووارە، سەد هەزارە
932 تەقە لە ڕەقە نوورە بۆ سوورە
933 تەماشای بەژن و گوێواری چەنگی دان لەبەر دیواری ژوور و دەری لە ڕێیواری
934 تەماشای قەد و گیپاڵێ چنگی دا لەبەر دیواری
935 تەنافچن بارێ خورمای وا لەبن
936 تەنکەڵەی شەش کون شەش مەن باریەتی خۆی ئادەم نییە ئادەم سواریەتی
937 تەنیا سێ پیتە مەتەڵ
938 تەنیا لە سێ پیت پێکدێ
939 تەنەکەی نەفتێ قورفەی کەتێ کەس نایگاتێ
940 تەواوی دنیا پیائەچێ، شاخە بزنیکی پیاناچێ
941 تەڕی ئەکەی، بەلی ئەکەی، بەخۆتیا ئەکەی
942 تەڕە دەچێتە سەربانێ گەرم دەبێتەوە دێتەخوارێ
943 تەڵەم ناوە زیتم چێوە نێچیر ڕایکرد سەگ بە پێوە
944 تەیرێ زم زمێ پڕ لە نانی گەنمێ
945 تەیرێک بە حەواوە زنجیرەکەی پساوە تەیرەکەی پێرشاوە
946 تەیرەک هات بە هانەهان شاپەڕ سپی مل بە کەوان ئەگەر گرتت بردت ئیمان گەر نەتگرت نیتە ئیمان
947 تەیرەک هات بە هانەهان شاقەل سپی گەردن کەوان گەورە گرتی بچووک بەردان
948 جاجمە سەوزە لەگوێ حەوزە نەقەوزەیە نەپیرۆزە
949 جادووی لە سنووق ئاخنراو، لەجێی ژن و پیاو بانگ و سەڵای هەزارە، بەزمورەزمی بە پارە
950 جارێک شیرینە جارێک سوێر دەکرێت بۆ برژان و بۆ کولێرە دەبێت
951 جامی تەنگ ئاوی دوو ڕەنگ
952 جامی زێڕ لەناو جامی زیو

953 جامێ ماستی، لەسەر دەستی، ڕەق ڕاوەستی
954 جامێک هەیە دوو ئاوی تێدایە سەروبنیشی بکەی لێی دەرنایە
955 جانت و جانتای زەری تەڕیی دوولایی تەڕی دەکەی پێیدادەکەی
956 جانت و جانتای زەرە پووزوو دوولایی
957 جفتێ ئەسحابەی حەق فریدە هەم زەحمەتکێش و هەم سەحرا چرِیدە
958 جفتێ گای بڵباز ئاخورِی دێرێ ژنی باڵابەرز، زوڵف خرِ دێرێ
959 جگە لە خۆی سنگی بۆ هەموو کەس دەکاتەوە
960 جگەرە دەکێشێ نەبەدەستی دەگیرێ نەبەزاری
961 جوانوە قوڵەی بێ هەوسار بەدوای کەوتن سەد هەزار
962 جووتێ گام هەیە دنیا دەکێڵێ تەپەیەکی چکۆلە هەیە نایکێڵێ
963 جووتێ هەنار بەسەر یەک دارە لێیان خواردووە هەزار هەزارە
964 جۆخینیان لە پشت بانێ خەرمانی کایەکەی باشترە لە دانێ
965 جە دەسی پیر وکۆرە ملوڕارە قەرانیێ و زۆرە
966 جەنازە کەفتندەر دەشت هاموون بێسەروپا بێگۆشت و بێخوون
967 جەواڵ نییە و ئاردی لەناوە لە قورِە و پەرِۆیان تێناوە لە ژوورێیە و قیت ڕاوەستاوە
968 چ شتێکی عەجایبم دیت لەو دەشتە ڕەوان چوارە بە لەش پێنجە بە قاچ هەشتە
969 چ شتەک هەیە لە دەشتێ سی و سێ کندرِی لە پشتێ
970 چ گیانلەبەرێک ئارەق ناکاتەوە
971 چادر چەرمی دوو هۆچە نەدەردیری نەباجە
972 چار برایە، جا دیارە، یەکی گەرمە، یەکی ساردە، یەکی بارە
973 چارپەل دەروا لە رێیە قالبی درک و زێیە چاوی دەرێی ترێیە
974 چارۆکەکم هەیە گۆشەپۆشان، پرِە لە بزنی بەلەپۆشان
975 چارۆکەی شینی چوار گۆشە، پرِە لە کاریلەی دەپۆشە
976 چارۆکەیەکی شینم هەیە پرِی خورمایە سبەی کە هەستام دەنکی نەمایە
977 چاری تایە خانوی تیایە شارێکە نە لە هەولێرە نە لە بەغدایە
978 چاری گوێیە هەشتی پێیە ناوەندی دارە کلکی خوارە
979 چاری گۆیە هەشت شەقاوە دار لە ناوە
980 چاری لە عەردییە دووانی لە قەدییە کونەکی لەسەر پشتییە کونەکی لەبن کلکییە
981 چاندم نۆک شینبوو بی پەلک پانی بە هەرمێ
982 چاندم رشک شینبوو گوێ مشک بووە بەرەشک
983 چاو ئاسکی دەنگ دلێر فیل گەردنی جێگە شێر
984 چاو شینی چاو کاڵانی، بە هەموو ماڵان دەزانی
985 چاو لێی تێرنابێت
986 چاو مۆنی کلک بۆرە فێڵبازی مریشکخۆرە نرخی پێستەکەی زۆرە
987 چاوی زەرد لە چاوی سپی دەترسێ
988 چاوی نییە گوێی بچووکە باڵندەیە چەرموو تووکە دەزێ منداڵی شیردەدا هەر خۆی لە بنمیچ گیردەکا
989 چاوی نییە گوێی بچووکە باڵندەیەکی بێ تووکە خۆی هەڵواسی لە سووچە
990 چاوی نییە, هەموو کەس دەبینێ
991 چاوی هەیە و نابینێ لە زەوی خاک دەردێنێ
992 چالوچۆڵی بێمحتەوا وەلێ کاری ڕادار ئەکا
993 چاڵێکم هەڵکەنی چل گەزی فاتمەخانی تێربەزی سەری پرِە لە دەرزی
چاڵێکی قووڵ پرکردنی دارین دەوری قورِین سەرومل ڕەنگین ڕەش و ناشرین بۆخۆی دەچێتەبانی دووکەڵی تێژئەدا
994 لەنێوچەوانی
995 چاڵە قوتەی چل گەزی خاتوونی تیا دابەزی سەری پرِە لە دەرزی بەرگی سپییە لە عەرزی
996 چاڵە قووڵە دەوری تووڵە
997 چتێکم دی لەو دەشتە چوار پێنج بەدەن بە پێ هەشتە

998 چتێکم هەس چتانی، ها لە بوخچەی سوڵتانی ئەمساڵ هەتا ئەوساڵی، هیچ کەسێ نەیزانی
999 چتێکم هەیە شت چاوی بەرەوپشت کەری مەلا کوشت
1000 چرمییە چیو شیر سفتە چیو پەنیر سەوزە چیو گیا
1001 چریچییە و مریچییە کەس نازانێت چییە
1002 چل بیجێ چل نیم بیجێ چل غوڵام، چل خەجیجێ
1003 چل تاق چل نیو تاق
1004 چل تاق چل نیو تاق پڕیەتی لە برنجی پاک
1005 چل تاق چل نیو تاق چل خانم لە یەک وتاق
1006 چل تاق، چل نیم تاق، چل حوجرەی چل چراخ
1007 چل تاق، چل نیم تاق، چل دەروازە دەروەتاق
1008 چل تاقێ چل نیم تاقێ چل و یەک خانوێ دامنە پاکێ
1009 چل دەرگایە چل دەریچە چل غوڵام و چل خەجیجە
1010 چل ناڵ چل بزمار پێچ پێچۆکەی سەد هەزار
1011 چل ناڵ، چل بزمار، چل چلۆکەی چل هەزار
1013 چل کەنوو لە سەر کەنوو، هەر کەنوو دەریام هەنوو
1014 چنار قوت و گامێش بەسەرەوەیە
1015 چناری بێ سایە
چنارێکە بەرزە بەرداشێکی لەسەرە گۆچانێک لەسەر بەرداشەکە وەستاوە گۆچان بە ڕیشمە لووتی بەستراوە
1016
1017 چنارە بانە گۆچانە
1018 چوار ئەنگوست و باسکێک
1019 چوار باڵ و سەرێ دایم بە داوە چز و چەواشە مەکانی ئاوە
1020 چوار باڵ و سەرێ دایم بە دەوە جرِ و گەوهەری دایم بە ئاوە
1021 چوار باڵ و سەرێ دایم بەدەوە، جرِ و جەواشێر مەکانی ئاوە
1022 چوار باڵی دوو چاو
1023 چوار برا شاوێرێ میزدەکەن
1024 چوار برا هەن لە چۆمی، تیران ئەهاونە گۆمی
چوار برام دیوە ئەمن لە ماڵێک هەر چوار لە جێیەک هەمووی لەپاڵێک بۆ ئەملا و ئەولا ناچن ئەو چوارە میزبان
1025 وەک شەکر دەخورێ لەوخوارە
1026 چوار برانە بە کڵاوەکی
1027 چوار پا لە زەوی دوو پا لە حەوا بۆ خۆی ئەگەڕێ لە ڕۆژ و شەوا
1028 چوار پێ لە حەوا، پشتی لە ئەرزی، لێی ئەدەی فڵتانی فڵتی
1029 چوار پێ لە زەوی دوو لە تەنیشتی کوزێکی نەرم وا لەسەر پشتی
1030 چوار پێی قوڵە، بە بانواندا دەڕوا
1031 چوار پێی هەیە ناڕوات
1032 چوار پەنجەی بچووک یەکێکی گەورە، گۆشت و ئێسکی تیانییە
1033 چوار تووڵم دا لە دەرەوەزان دوانم گرت و دوانم لەرزان
1034 چوار چاوی هەشت هەنگاوە لە پشتیەوە دار و پیاوە
1035 چوار چەلێ گوە بەلێ دوازدە گوڵێ پیرێ خەرتەلێ
1036 چوار دەر زەمین، دوو دەر هەوا، هەی خەربزە هەی خەربزە
1037 چوار دەزەقن چوار دەلەقن هەشت دەچەقن نۆت پێوە و نۆت تێوە لێرە وێوە
1038 چوار زیندوو یەک مردوو
1039 چوار سوار هاتن لە چۆمەکی
1040 چوار گوێ و هەشت پێ دار لەدوو قونێ
1041 چوار لاقە، هەشت گوێیە، جۆ نەخۆرە، باری لێیە
1042 چوار مام هەیە لە دەشتێ نۆسەد دەرزی لە پشتێ

1043 چوار مامم هەنە لە چۆمێ تیران داوێنە گۆمێ
1044 چوار مەڕ و شوانێک حەوشێک و بانیک
1045 چوار کچ هەیە هەرکچێک شەش کونی هەیە هەرکونێک مێردێکی هەیە
1046 چوار کونی تێیە بێژنگ نییە، لە پێدەکرێ پێڵاو نییە
1047 چواران چیکە چیکە پێنجان ئەنگوستیلکە تێیدایە دوو کوتری قەندیلکە
1048 چوارپا لە دەشتێ دوو لە تەنیشتێ مێ سوار نێر بوو نازانی هێشتێ
1049 چوارپای لە هەورە پشتی لە ئەرزە لێی دەی بەلینگە لەرزە
1050 چوارپێ مردی لە حەوا سەری نییە و ملی ئاو دەدا
1051 چوارپێی قوندەکە لە بان ڕادەکا
1052 چوارپەل دەڕوا لەوێیە قالبی درک و زرێیە چاوی دەڵێی ترێیە
1053 چوارپەلیم لە حەواکرد چەپوچۆپم لێپەیداکردن
1054 چواردەوری کەڵەک ناوڕاستەکەی چەرخ و فەلەک
1055 چوارسەد سواری زەرزی لەبەر سوارێکی دەلەرزی
1056 چواری ئەچەقێ، دووانی ئەرەپێ، دووانی ئەلەقێ، دووانی ئەزەقێ
1057 چواری پێ یە، هەشتی گوێ یە
1058 چواری پێیە هەشتی گوێیە جۆنەخۆرە باری لێیە
1059 چواری چاوە، هەشت هەنگاوە، بۆ درەی ناوە
1060 چواری چێرێ
1061 چواری چێڵێ، هەشتی دێڵی، دوانزەی ڕم بەکێڵێ
1062 چواری چەقە دووی زەقە بۆقیشە و پێتناڵێم
1063 چواری گوێیە بووک ڕەوێیە دەرک دارە پڕ بزمارە لەناویدا گورگە هارە
1064 چواری گوێیە هەشتی پێیە بووک لەوێیە
1065 چواری کێری هەشت دێری شازدەی ڕمە کێری
1066 چوارە نابێت بە پێنج
1067 چوومە باغی منەوەر، تێیدابوو یەک جانەوەر، بەسنگ شێر و ئەسپ سەر
1068 چوومە بان کێو، کێو دیاربوو دەروازەی ئاسن کلیلی مار بوو
1069 چوومە بەستەکی، من ئاو خار بە مستەکی، دوازدە ئاش گەڕیان، سەر بستەکی
1070 چوومە دیوێکی تاریک پڕ بوو لە گۆچان هیچ نەبوو بەدەستەوە بگرم
1071 چوومە دیوەخانی میر
1072 چوومە دیوەخانی میر پرسیارم کرد لە پیر چییە تەیری بە شیر
چوومە دێیەکی هیچ کەسی تێدانی دوو بەرخم خوارد هیچ ئێسکی تێدانی سواری ئەسپێک بووم هیچ ڕۆحی تێدانی
1073
1074 چوومە دەشتی دێرێ مێم دی لەسەر نێرێ
1075 چوومە دەشتی ژێری مێم دی لەسەر نێری
1076 چوومە ژوورێک هەمووی گۆپاڵ بوو، هیچم بەدڵ نەبوو
1077 چوومە سەر بەردێ ڕووانیم لە بنزەردێ دارێک بە چەپۆک بەربووبووە بەردێ
1078 چوومە سەر تەپکێکی بانگمکردە ئاوڵێکی هەزار هاتن بەجارەکی
1079 چوومە سەر چیایەکی، دوو ئەشکەوتی تێدایە
1080 چوومە سەر چیایەکی، لێی شینبووبوو دەغڵی ڕەش
1081 چوومە سەر دارەکی ڕوانیمە ماڵەکی پڕبوو لە بووکی ساڵەکی
1082 چوومە سەر دارەکی، بانگم کردە ماڵەکی، هەموو هاتن بە جارەکی
1083 چوومە سەر گردەکی، پێم کەوتە قوڵتەکی
1084 چوومە سەر گردەکی، سی و سێ مەڕم دی لە ڕەنگەکی
1085 چوومە سەر گردەکی، فیتەم کرد لە شوانەکی
1086 چوومە سەر کانی مام قەنبەری شتێکی سەیرم دیت لەوبەری کلکی لە تەوقی سەری
1087 چوومە سەربانەکی ڕووانیمە چیایەکی دەهات دەنگی شێرەسوارەکی

1088 چوومە سەربانەکی، ڕوانیمە چیایەکی
1089 چوومە سەرداریٚ دەکوتم بزماریٚ دەنگ دەچێتە هەزاریٚ
1090 چوومە سەرگردەکی
1091 چوومە سەرکانییەکی سەد و سی سوارم دی لە ڕەگێکی
1092 چوومە شاری شلکێنە گۆشتم دیت ئێسکنە
1093 چوومە شاری شک تێنا نەرمەم دیت و ئێسک نا
1094 چوومە شاری شکاکان چیلکەم دیت لە مراکان
1095 چوومە شاری شکاکان هێلکەم دی لەناو گۆشتان
1096 چوومە لێرەوارێکی برِی سەری دارێکی کردمە قازی شارێکی
1097 چوومە لێرەکی بە دار بە دار قەددارەکی وا نەبوو بیکەمە دەستارِ
1098 چوومە ماڵێک پێیان پێکەنیم بەچی پێکەنیم
1099 چوومە مێرەکی بە دار قەددارەکی وانەبوو بیکەمە دەستارِ
1100 چوومە نزارێکی تەورمدا لە دارێکی داران لەرین بەجارێکی
1101 چوومە نوالەکی هەموو زاوان بە جارەکی
1102 چوومە هەردیٚ لە بنزەردیٚ داریٚ دەیدا لە بەردیٚ
1103 چوومە هەردیٚ، لە بنزەردیٚ، دارێک بە چەپۆک، ئەیدا لە بەردیٚ
1104 چوومە کانی مام قەمبەری شتێکی سەیرم دیت لەوبەری کلکی لە تەوقی سەری
1105 چوومە کانییەک ئاونا دەستم شوشت و چاونا
1106 چۆغەکەی دەبەری کڵاوەکەی لەسەری کیٚ دیویەتی گای جووت چەری
1107 چۆمی کەس نە چاقاندوو، گۆمی کەس نەلەقاندوو
1108 چی لە دایی و لە بابان منداڵ چاترن لە بابان
1109 چیا لەسەر چیایە یەک مردییە یەک مایە یەکیان پڕگیایە یەکیان پەرۆی بە با یە
1110 چیا و گرد لە لاو شت و واران سەر تەر و بن هشک، نەزەرگاە یاران
1111 چیای ئەرزیٚ مووی بزنیٚ
1112 چیای زەوییە، مووی بزنە، حیلمی ژنە
1113 چیش بە چێشەن زانۆ هەن مەزانۆ چێشەن
1114 چییە ئائەمە وا هەزار دەمە هەر دەمی دوو ماڵ لێی دەکاگەمە
1115 چییە بزووکی سواری نەزۆکی لەسەر نەزۆکی سواری برۆکی
1116 چییە بیٚ سەر ئەچی بەراوە چوار پای هەس دایم وا لە هەواوە
1117 چییە چییە ئەوە چییە؟ بەرۆژ هەیە و بەشەو نییە
1118 چییە چییە گۆشت ملیچییە دەزانی هەیە، نازانی چییە
1119 چییە لە ئاسمان نارِوا لەسەر زەوی دەگەڕی
1120 چییە هەردەم لە ماڵە دەمیٚ شەکرە و دەمیٚ تاڵە
1121 چییە وەک زۆرداری تەماعکارە زکی پرِە لە ئاو، لێوی وەبارە
1122 چێژ چنارا، سەرش خەرمانا
1123 چێشا لەمەو ئەدیش نەبەر مەی مازیو وێش کڵاشۆ
1124 چێوی ئامە، ئائی نەنە سەری چەشمەش ئائونەنە چێشا چێشا مەوزووش پەنە
1125 چێوێما هەن گران مایە، پەنج سەرێنیٚ و حەفدە پایە، هەشت جەرۆجیار نۆ جە سایە
1126 چەرم و ئاسن و کوودووڵە سەرگەورە کردییە قولا تێیدەخەن ڕەشی دوولا هەڵی بێنە هەموو لا
1127 چەرم و ئاسن کدووڵە وێی دێخن ڕەشی دوو لوولە سەرگەورە کردییە قوولە
1128 چەرمگە بەفر نییە ڕەگی هەس دار نییە
1129 چەرمگە وەک پەنیر ڕەشە وەک قیر ئەڕویٚ وەک تیر
1130 چەرمم دەرهێنا ڕەقی لەگەڵ هات لەناو موومو نا دووجاری پیاهات لەگەڵ دەرهێنان ئاوی لەگەڵ هات
1131 چەرمی خاوە، لە ئاوم ناوە، قەت نەتواوە
1133 چەرمە نەرمە گەرمە دۆخین بکەوە و تێی بەربە
1134 چەس ئەو شتە، بەبیٚ دەست و پا ئەڕویٚ لە زەوی ئەفڕیٚ لەبەر با

1135 چەس بێ زوان قسە دەکا سەد حیکایەت بەیان دەکا
1136 چەس تا ئەنگوست نەکەیتە چاوی دەم ناکاتەوە، دروست حەساوی
1137 چەس تا کلکی نەگری، سەر بە ماڵدا ناکات
1138 چەس خاوەنی چەن کونایە کاری ناڵین و هەرایە خورد و خۆراکی بایە
1139 چەس قسە ئەکا، زوانی نییە مووچیاریی ئەکا و بەیانی نییە
1140 چەس نووکی تەڕ نەوێ مەردووم کوێر و کەڕ ئەوێ
1141 چەس هەرچی خۆرەتاو بەرز دەبێتەوە، ئەو کووڵ ئەبێتەوە
1142 چەس وا دایم بێ دەم ئەدوێ هەر قسە دەکا، قسە ناژنەوێ
1143 چەس وا یاران عەیانی دەکەن تا بگەینەیەک بەیانی دەکەن
1144 چەس ڕیشی لە خۆی درێژترە
1145 چەس کاتێ دەم ئەکاتەوە، قسە لەبیرئەباتەوە خۆی ئەکەوێتە قسەکردن، بێ ئەوەی لێو بواتەوە
1146 چەس کاتێ دەمەوخوارە پڕە
1147 چەفت چەفتان چەفتەچوو ئەرجن خوارزای موەکل، برای دێو و جن
1148 چەقماقە چەقولەقە هەرچی دەستی بداتێ ئەحمەقە
1149 چەقەڵە و پەشتەو وەزان دۆێشامەگێری دوێشمەلەرزان
1150 چەماوەی چەماوە مردوو زیندووی لێناوە
1151 چەند درێژ بێت کورت دەبێ
1152 چەند دەوران دەورێ
1153 چەند عەجەب و دڵگیرە دایکی جوان و کوڕی پیرە
1154 چەندی بدەیتێ تێرنابێ
1155 چەندی لێبدەی گەورە دەبێ
1156 چەوت و چێڵ و چەماوە لاشەی بێ گۆشت سەری بێ چاوە
1157 چەوت و چێڵ و چەمییە، وشک و ڕەق و بێ دییە
1158 حاجی بەڕۆژووە، پیاز ئاو دەخواتەوە و ڕۆژووەکەی ناشکێت
1159 حاجییە و حەجی نەکردووە
1160 حازر خۆری بەر سێبە، سەرتاپا کفن لەبەر
1161 حاکمە حوکمی نییە، دوو بەرخ دەخوا، ئێسکی نییە
1162 حسارێ چووە بازاڕێ چەرمە، چوو هەور وەهار، بازاڕێ گەرمە
1163 حلول بلول ڕووی لە خوڵایە
1164 حوشتر و گا لە هەوایە، دایمە لە دەشتە و کون لە پشتە
1165 حوشترحەیا لە حەوایە دایم لە دەشتە کون لە پشتە
1166 حیلەی با یە ڕوو لە خوایە
1167 حەتەر و مەتەر هەشت پا دیرت، مامە حوتەر دوو پا دیرت حەتا مامە حوتەر حەو نەکونی، حەتەر و مەتەر ڕەو نەکونی
1168 حەریوی نمەو نیا، مەمران پاداخە دادەێ بزانوو، هەنی چاباخە
1169 حەزرەت پەنجەکێش کوڕی چ پێغەمبەرێک بوو
1170 حەسەنۆکەی یەک چاوۆکە
1171 حەفتا و دوو دەرد دەوا دەکا، خۆی دەوای نییە
1172 حەفتە و نابێتە هەشت
1173 حەمەی لاونیو، هەشت لاقی هەیە بێ موو، گۆشتی ناخورێ بەسەری توو
1174 حەوایلکە حەوا ئەکا، بەهەر چوار پەل سەما ئەکا، خواردنی کوڕی پاشا ئەکا
1175 حەوایلکە حەوادەکا کولێرە لە ژن چاکتردەکا بە باڵ و قاچ سەمادەکا
1176 حەوت بووک هی ماڵێکە هەر حەوتی هی سەرێکە
1177 حەوت بەرێش هەنێ تەنیا شەوێنە یەرێشاژنیا
1178 حەوت پیتە ناوی جوانی، زۆر تورەیە و شەڕانی
1179 حەوت تاق حەوت نیو تاق حەوت حوجرەی دەروەتاق

1180 حەوت نانی سپی و قتویەکی زەعفەرانی گەر بیزانی خۆت قارەمانی
1181 حەوزی قووڵە دەوری تووڵە
1182 حەوزی گۆشتی کەم ئاوە چواردەوری پەرژین کراوە ئەستێرەی گەشی لەناوە
1183 حەوزێکم هەیە خڕ و سپی دەرەوەی ڕەقە و ناوەوەی شلی ئاوی دوو جۆرە یەک زەردە یەک سپی
1184 حەوزە قووڵە دەوری تووڵە
1185 حەوسەد و دوو مەڕ، بە هەمووان سێ سەر
1186 حەوشە ڕەشەی جرت و فرت
1187 حەڤدە گەڵا هەن, هەشتیان لە تاوێن و نۆیان لە سێبەرێن
1188 حەڵوای تەنکە نانی هەتا نەیخۆی نازانی
1189 حەڵوای سەربنجی دەخۆی یان گووی مێرووە قنجی
1190 حەی لە سەر حەی، لە ئەرزە حەی، بە ئەمری خوای
1192 حەیوانێ چاخە فرە نازەریف هەڵیگەرنیتەو خۆی ئەوتیە لیف
1193 خاتوون خانی سەر کورسی
1194 خاس ئەیجاوێ و قوتی نادا، فرێی ئەدا بەملا و ئەولادا دەس بگری بە گوویەوە، دەم ئەکاتۆ لە پییەوە
1195 خاسەن پەرپی هەژاران نوعێوە دەوان پەی دەردەداران
1196 خاشخاش و کوزکوز چەتری بێ تەناف دیرەکی داریی چوون هەسانی ساف
1197 خانم پەرۆی لە قوونە
1198 خانم خانم دابەزی، کەوتە بیری چل گەزیی، سەری پڕ بوو لە دەرزی
1199 خانمێکم هەیە چوار پێیە هەزار ماڵی لەوێیە
1200 خانومان کچە پاشایە سی و دوو کراسی لەبەردایە
1201 خانووی یەک کۆڵەکە
1202 خانوویەکم هەیە بێ دەرک و بان، پڕیەتی لە خانمی شان لەبان شان
1203 خانوویەکم هەیە تاریکە پڕە لە بەردی سپیلکە
1204 خانوویەکم هەیە تەنگ و تاریک، پڕە لە حوشتری مل باریک
1205 خانوی سپی بێ دەرگا
1206 خانییەکم هەیە لە کێوێ هەزار ماڵ وا لەوێ
1207 خانە زەردە سەد سنوق لەسەر یەک سنوق بەندە
1208 خانە هەی خانە زەردە گوڵەخانە
1209 خاڵخاڵۆکەیە دەستت بە ساقی جا بێرە دیارگەمە و مەزاقی
1211 خاڵۆیەکم هاتووە لە نهۆڵییەوە، کێر و گونی ها بەکۆڵییەوە
1212 خاڵۆیەکم هەیە هۆنی هۆنی، دەست لە باخەڵ سەر لە قوونی
1213 خاڵۆیەکم هەیە یارۆ یارۆ، دەرقنگ ڕەشی ناوچەوان مارۆ
1214 خاڵی من بە لینگێکی دەچێتە سەر گوندێکی
1215 خاڵێکم هەیە لە دەشتی ژن دەیهێنێ بە پشتی
1216 خاڵێکم هەیە لە دەشتی، گەندووگوی لە پشتی
1217 خاڵێکم هەیە لە زوورگی، سەری گەورە ترە لە ورگی
1218 خاڵەکم هەیە لە بن بەرێ، بە گونی خۆی دەڵێ : وەڵێ وەڵێ
1219 خاڵەکم هەیە لە دەشتی، سی و سێ گرێی لە پشتی
1220 خرپنەی بە داوی پێستەی دراوی مەلەدەکاتن لە ئاوی
1221 خرە وەک گندۆرە گەمەی پێدەکەن بە نۆرە
1222 خزمەتکاری ماڵانە دیوەخانی داڵانە
خشتە کونێکە چل مەن بارییە بۆ خۆی بێگیانە گیاندار سوارییە گیاندار بەوەوە توانای غارییە ئەگەر ئەو نەبێ
1223 دەردی کارییە
1224 خوا دەزانێ و خودادیش دەزانێ
1225 خوا نەیکردووە و هەیە
1226 خوا هەر خوایە ئێستا بزن سواری گایە

1227 خواکردگییە و نەوگە
1228 خواردنم بدەی دەژیم ئاوم بدەی دەمرم
1229 خواردنی میرە، میر بۆی زەرروورە، چواردەوری بەحرە ناوی تەنوورە
1230 خواردنی وەکوکەرە و هێلکەی وەک مریشک
1231 خواردنێکی خۆش و چاکە
1232 خواردنێکە دوو جار دەکوڵێت بەئاسانی پێت ناخورێت
1233 خواردنێکە هەتا خوێی تێنەکەی تامی ناگۆرێت
1234 خواری تەتە و تەت نییە بانی تەتە و تەت نییە خایەکەرە و مامر نییە
1235 خوایە دوو پێم دیت، چار پێم نیشان نەدەی
1236 خودا دەلیل لۆ زەلیل پەیدادەکات
1237 خورییە پیرە مەرێ، دەتنێم لە بن بەرێ، لە بۆرۆژی خێر و شەرێ
1239 خوشکی پورتە پوریشت نییە
1240 خوشکە کەتان ژنی کامتانە
1241 خول خولە باقی دەستم و ساقی سەیر و سیا و مەزاقی
1242 خول خولەی چیر زەوین، ماری بێ زوان، هەرکەس هورش بارۆ، عەجەب پاڵەوان
1243 خونی دەکەیەوە ئی پڕ دەبێ، ڕاستی دەکەیەوە ئی بەتاڵ دەبێ
1244 خڕ، درێژە
1245 خڕکە خڕیلێ، بان ڕادێلێ
1246 خڕی شین سەرنەبدی شین بەستراوەتەوە لە مێرگیشین
1247 خڕیلە خڕیلە لەبن بەردیلە ئەوەی هەڵینەهێنێ ناوی دەنێم گوجیلە
1248 خڕیلەی حەوت کون
1249 خڕە لەباخدا گەورەیە لە جوانیدا
1250 خڕە لەبارە ڕەقە وەک دارە کەپووشی خوارە
1251 خڕە و ڕەقە وەک کەڵایە منداڵی لە سکدایە
1252 خڕە وەک پرتەقاڵ دەقڵیشێ وەک هەنار
1253 خڕە وەک تۆپ بێ دەرگا وکوون لەشکر بەهەزار تێیدا خەوتوون
1254 خڕە وەک گووێی باوکت قڵیشاوە وەک هێنی دایکت
1255 خڕە وەک گوێز و وەک گۆ، دەیچێنن وەک گەنم و جۆ
1256 خڕە وەک گۆ ترشە وەک دۆ
1257 خڕە وەک گۆ سپییە وەک دۆ
1258 خڕە وەک هەرمێ سپییە وەک ترێ
1259 خڕە وەک کەلایە، زەردە وەک گەڵایە
1260 خڕە وەکی مازییە شینە وەکی کوودییە سۆرە وەکی شفتییە
1261 خڕە کەوە خڕبەند کەوە بەستمە بنچک بنچکیش کەوە
1262 خڕە، پڕە، خاڵییە خۆشەویست مناڵییە
1263 خڕەی لە بەرزیی گەزیەی لێدەی ددانی دەلەرزی
خۆ من مەزانۆ، قۆچ بۆ بزانە جەگرد کەس زووتەر مەلۆوەیانە نیشانەی عەقڵپەی عاقڵانەن ئەرنە بێ عەقڵ
1264 یەکسەر وێرانە
1265 خۆشە گووشە خۆشە مووشە
1266 خۆشەویستی خودایە خزمەتکاری لەبەردەستایە لە ڕۆژی حەشرا عەفوکرایە
1267 خۆشەویستی خودایە خزمەتکارێکی لەبەردەستدایە خزمەتکارەکەی لەڕۆژی حەشرا عەفوکرایە
1268 خۆنە پاتشا بێ درز و بێ دۆز
1269 خۆی دوو پای هەس، دووانیش قەرز دەکا ئەرۆی ناوێنێ، زەوی گەز دەکا
1270 خۆی دەستی هەیە، منداڵەکانی نییانە
خۆی شینە ئەیکەی بە دووکەرتەوە قاوەییە ئەیکەی بە چوارکەرتەوە سەوزە ئەیکەی بە بیست کەرتەوە سپییە
1271 ئەیکەی بە هەزار کەرتەوە

1272 خۆی لە ماڵ کامزران دەکا کورەکەی لە دەشت جلیتان دەکا
1273 خۆی هەندۆکە، بەندۆکە، لەپێش پاشا ئەڵێی بووکە
خێوەتی هەڵدراو دەرکی نییە یەک لەسەر یەک نراو ئەرکی نییە چڵێک وایە سپی چڵێک سوورە جاری وا سەوزە،
1274 دێتە ئەو ژوورە
1275 خەتی بێ خۆر گوندی بێسەر مێی بێبەر
1276 خەتی بێخۆر مێی بێ بەر گوندی بێ سەر
1277 خەرکەوە خەربەند کەوە، بەستمە بنچک، بنچکیش کەوە
1278 خەزێمی زۆرن و شۆڕە دڕکی وەک چڕنووکی تەیری گۆشتخۆرە
1279 خەزێنەی کاک سوڵتانی خوا نەبێ کەس نازانێ لە دۆست یا لە میوانی
1280 خەنە هەی خەنە زەردەلوو خەنە دوو سنووق لەبان سنووقێک بەنە
1281 خەڵکی داوای دەکەن ئەگەر نەیەت بۆی ڕادەکەن ئەگەر بێت لێی ڕادەکەن
1282 خەڵکی کێوانە ماڵی لە چۆمانە خواردنی لە ئاوەدانیانە
1283 داپیرێکم هەیە لە دەشتی سەوییە ڕیخەی لە پشتی
1284 داپیرەکی ڕەق و هیشکە تەونی دەکا بەبێ بیشکە
1285 دادگەرێکی دادپەروەرە، پەنجەی نییە خەڵکی ڕازی دەکا و فەرمانی نییە
1286 دادوەرێکی دادپەروەرە، پەنجەی نییە خەڵکی ڕازی دەکا فەرمانی نییە
1287 دادەنیشێ تا جەحێڵە کە پیر بوو وێڵە
1288 دادەنیشێ تا جەحێڵە کەوتە تەمەن تەخێڵە
1289 دار سوولکی خاران کەوتە پشت ماران
1290 دار لە دار بێ ئەڵقە لە بزمار بێ پەتێکی لێهەوسار بێ
1291 دار لە دار سوار بی ئاڵقەی لێ بزمار بی پەتکی لێ هەوسار بی
1292 دار لە داری پیرەلۆکە و هەوساری
1293 دار لە داری پەتک هاوساری ئاسن لە زاری لە دێ و لە شاری
1294 دار لە داری چەرم لە داری ملە دابڕاو تۆ بێ دیاری
1295 دار لە داری سوار پەتک هەوسار ئاسن لە زار
1296 دار لە داری کون لە داری مووگیسکی هاوساری ملدابڕاوە وەرە دیاری
1297 دار لە داری، چەرمم لە داری ملەی بڕاوە، تۆ بێیە دیاری
1298 دار لە دارە
1299 دار لەسەر داری ئاوریشم مرواری ئاسن بۆتە هاوساری
1300 داردەستی مام وەسمان دەنگی دەچێتە ئاسمان
1301 دارگوێزێ لە لێژی هەموو کەسێ لێی ئەچێژی
1302 دارمێوێکمان هەیە دوو جۆر ترێ دەگرێ، چرۆیەکیان سپییە و چرۆیەکیان ڕەشە
1303 داروەنێ لەسەر بەنێ عاڵەمێ دەستی دەبەنێ
1304 داری بێ گوڵ مەلی بێ دڵ ملکی بێ گڵ
1305 داری بێ گوڵ، ئەسحابەی بێ دڵ، خواردنی بێ توێکڵ
1306 داری تاشراو تەشوی نەدیو گۆشتی داهاتووە وکاردی نەدیو
1307 داری چل ئاواز
1308 داری چەماوە بە پێستە خۆشکراوە گیاندارێکی لەناوە
1309 داری چەمی چەماوە، مردووە و زیندووی لێناوە
1310 داری حەفت بەر خۆشەی کوندەی تیماری زمانی
1311 داری حەوت بەر، خۆشە کوندەی، تیماری زمانی
1312 داری دوولک پڕ لە کوولک
1313 داری دوولک پڕ لە کۆلک
1314 دارێ لە دارێ پەتێ لە هەوسارێ مل بڕاوە وەرە دیارێ
1315 دارێک هەیە داری گوڵباوێ پێنج لکان داوێ سێ لە سێبەرێ و دوو لەبەر تاوێ
1316 دارێکم هەیە بێ گوڵە بەردێکی دێنێ وەکوو دڵە

1317 دارێکم هەیە بێ گوڵە میوەی هەتا بڵێی شیرین و بە دڵە
1318 دارێکم هەیە ترێ دەگرێ ئەوەی بەنارەوا بیخوا پێی دەمرێ
1319 دارێکم هەیە دار هەنارە هەر لقێکی سەد هەزارە
1320 دارێکم هەیە داری هەنارە هەر پەلکێکی سەد هەزارە
1321 دارێکم هەیە داری یاقوو هەر پەلکێکی چل قوو
1322 دارێکم هەیە داری یاقووە هەر پەێکی چل چەقووە
1323 دارێکم هەیە لەناو داران سەری دەبڕی بە مشاران هیرەهێڕی وەکو باران
1324 دارێکم هەیە لەنێو داران دەیبڕییەوە بە مشاران ناڵەی دێ وەک برینداران
1325 دارێکم هەیە، ئەدا پێنج سەمەر دووانی لە خۆرە و سیانی لە سێبەر
1326 دارێکم هەیە، دوازدە لکە، هەر لکەی سی پەلکە، هەر پەلکەی لایەکی سپییە و لایەکی ڕەشە
1327 دارێکی سەوزی بێ درک و بێ گوڵ لە خواردنیشا نابینی توێکڵ
1328 دارێکی سەوزی بێگوڵ لە خواردنا نابینی توێکڵ
1329 دارێکی قەوی دوو کونی ڕێوی دوو چرای گەش دوو ماری ڕەش
1330 دارێکە سەری تەحەرە هەر پەلکێکی سەد خەنجەرە
1331 دارێکە لەسەر داری، گۆچانەکە لە سەربانی
1332 دارە پێی بزمارە ئادەم لێی سوارە
1333 دارە گەورەی زەنگی سەد و دوو هێلانە وا لەسەری
1334 دارە و ئاسنیشە
1335 دارەبەن دەشاخیدایە کەرەی بەسەرەوە
1336 دارەبەن سەوزە کەرەی بەسەرەوە
1337 دارەبەنێ لەبن کەنێ شیخ و مەلاش دەستی دەدەنێ
1338 دارەک لەسەر ڕێدا مۆر مەرجان لەبەردا هەرچی گەییێ دەستی لێدا
1339 دارەک هەیە دوازدە لکە، هەر لکەی سێ پەلکە
1340 دارەک هەیە لەنێو داران، بەرزە وەکو چناران دەیبڕیەوە بە مشاران، دەنگی دێ وەک بزن و کاران
1341 دارەکم دا لە دارەکی لکی لەرزی بە جارەکی
1342 دارەکم هەیە داری ماوێ مردییە و زیندی لەناوێ
1343 دارەکم هەیە لە موکری بەرێ دێنێ وەک شەکری هەرچی بیخوا پێی دەمری
1344 دارەکە لە دارەکە، ئاسنەکە لە دارەکە، پەتکە وەک هەرۆکە
1345 دارەکەی دارێکی چەماوە پێسەکەی پشتێنێکی خاوە دوونەکی لەناوە
1346 داسولکی خاران کەوتە پشت ماڵان
1347 داسولکێ ئاسنۆکە، لە شەپکی دارۆکە
1348 داسولکێ خاران، کەوتە پشت ماران
1349 دانیشتوانی شارێک نەدەمرن نەباراش دەهارن
1350 دانیشتووە لەسەر جلی چاوی وەک چاوی گوڵی ڕدێنی لە خوار ملی
1351 دانیشتووە لەسەر کورسی، لە سەری خۆی ناوە دەرزی
1352 داک ئاو، باب خۆرو کوڕ وەک خەپەتۆر
1353 داک مردی، باب مردی، فەرخۆکەی سەرپێ کردی
1354 داکت لە کوێیە؟ چوو یەکان بکا بە دوو، بابت لە کوێ یە؟ چوو دۆستان بکا بە دوژمن
1355 داکی قەڵەوە بابی درێژە، کچەکەی جوانە کوڕەکەی درێژە
1356 داڵک یەک و کوڕ هەزار هۆڵک هۆڵک کڵاولار
1357 دایەنێم بژینگە هەڵی دەگرم قورینگە
1358 دایەنێم بێژنگە هەڵیدەکەم قورینگە
1359 دایەنێی پڕە هەڵیدەگری بەتاڵە
1360 دایم هاوەڵی قوڕ و خاکە بەڵام لاشەی تەمیز و پاکە
1361 دایک پۆلایین باوک شوشەی غار مناڵیان دەبێ وەک دەنکی هەنار
1362 دایک دەیکا باوک لەپێی دەکا

1363 دایکانە دایکانە بۆ مرۆڤ ناونیشانە
1364 دایکی ئاوە باوکی گڵە، لێی هەڵدەکەوێ خەپەتۆڵەی زل زلە
1365 دایکی قەڵەوە و باوکی درێژە کچی جوانە و کوڕی برێژە
1366 دایکی لە بێشکەدایە، رۆڵە دەچێ بۆ بازاڕ
1367 دایکی لەوێ خەوتووە تەرکی لەوێ کەوتووە
1368 دایکیان بەردە باوکیان دارە منداڵەکەیان ئاوە
1369 درێژە تەنگە کورتە تەنگە خڕە تەنگە
1370 درێژە و پێی دەڵێن خڕ
1371 درێژە وەک شریت، نەرمە وەک هەویر
1372 درێژە وەکو مار جووت جووت دێتەخوار
1373 دنیا بە چەرخوفەلەک ئەگەرێ بەرانە و دایکی مەرێ
1374 دنیا ها بە نووکیەوە
1375 دوازدە پاشا و سێ پاسەوان
1376 دوازدە پیتە وگیانداره
1377 دوازدە مەڕ و سێ شوان
1378 دوختەری بێ دایە
1379 دوو ئاوی یەک جۆگە ئاوێتە ناوێ
1380 دوو باز لە قەد چیان بەرامبەریەکن بیانگرن دەمرن، بەریاندەن دەفرن
1381 دوو بان دوو دووکان
1382 دوو باوک و دوو کوڕ چوون بۆ سەفەر، کەهاتنەوە سێ کەس بوون
1383 دوو برا تا کاتێ وان بە یەکەوە، ئەلف تابێ ناکەنە دووکووتەوە
1384 دوو برا دەرۆن دووبەدوو یەکێکیان بۆ پێش یەکێکیان دوا
1385 دوو برا نێوانیان پردێکە، ماڵیان لەناو دارێکە
1386 دوو برای قوورس و یەک دەس هەردووکیان یەک ناویان هەس
1387 دوو بە زەقی، دوو بە رەقی چوار دەچەقی، دوو دەلەقی
1388 دوو بەن و بەنکە دوو دەف و دارەکە
1389 دوو بەند و بەندێکە، دوو دەف و دارێکە
1390 دوو پای دەشتی، شەش پای دابەستی، کلک لە نێوقەدی پشتی
1391 دوو پیاو ئەیخوا، سێ پیاو سەیر دەکا
1392 دوو پێی مامە لۆتی هەشت پێی حاتل حووتی
1393 دوو پێی هەیە بێ دەست و سەر سواری دەبی لەباتی کەر باریش دەبا وەکو باربەر بە با دەژی، کزە و لەجەر
1394 دوو پەنای کارکەر، دە فاڵەی بێ دەنگ قڵایەک مسازان، بێ خەرەک و سەنگ
1395 دوو پەنجە لەناو ئاگر رادەکەم هیچی لێنایە
1396 دوو جار کوڵیوە نەسری خەلیلی
1397 دوو چاڵی قەوی، دوو کونە رێوی، دوو چرای گەش، دوو ماری رەش
1398 دوو چرای رۆشن، دوو لوولەی تفەنگ شازدە بەرد لەبان شازدەی تر بەندە
1399 دوو حەوز وەئەتراف قڵای قەشەنگی، قڵای قەشەنگ مەخمەڵ رەنگی
1400 دوو حەوزم هەیە پڕ لە ئاوی گەش لەناویان هەڵکەوتووە دووکەشتی رەش
1401 دوو دارم هەن لە داران
1402 دوو دەر بەیەکرا تێی چوومەدەر
1403 دوو دەستی هەیە و دوو پێ
1404 دوو دەشت دوو بان هەشت بێری و دوو شوان
1405 دوو سوار هاتن تەتەری بایز ئاغای لەسەری دەندووک درێژ نۆکەری
1406 دوو سوار هاتن تەق و جووت، گێلمانە گێلیان دەگووت
1407 دوو سوار هاتن لە قۆتەڵێ دوو سێوی سوور لە باخەڵێ یەک لە یەکی چاتر دەڵێ سەیریان دەکەی ئەبێ هەڵێ

1408 دوو سوار هاتن لە کۆتەڵێ، یەک لە یەکی جوانتر دەڵێ
1409 دوو سوار هاتینە، ئەی تنگی توە، هلهلە مەکەن، لقامان چوە
1410 دوو سوار هاتییە ئەی نیناو پاچکە زەڕین، مێزەر کاو
1411 دوو سوار هاتیە ئەی نیناو پەچکە زەڕین میزر کاو
1412 دوو شت لە قون دەردێ و دەخورێ
1413 دوو شتم هەن وەک زێڕی، هەموو شوێنەک دەکێڵی، دەور و پشتی خۆی دێڵی
1414 دوو شوان، دووازدە مەڕ، یەک ڕاوکەر
1416 دوو شیلەیە ڕەنگیان جیایە
1417 دووگام هەن هەمووگردان دەکێڵن
1418 دووگەوڕ وکۆلەکەێ
1419 دوو لە خۆرە و سێی لە سێبەرە تۆ ئازابە و ناوی بەرە
1420 دوو لە دوو هەشتان دەچن
1421 دوو لە دەست، سەر لە قوون، قوون لە زەوی
1422 دوو لە ڕێیە یەک لاڕێیە
1423 دوو ماری ڕەش دوو ئەستێرەی گەش دووکونە سووژن لێرە پڕ موو بەچەی بێبن
1424 دوو ماری ڕەش دوو ئەستێرەی ڕەش لێرەی پڕ موو دووکونە سووژن بەچەی بێ بن
1425 دوو مەتەڵن پێکەوە
1426 دوو مەشخەڵ لەنێو یەک سەرای بێدەر چوار پەڵۆش هەن، شەش لاشە و یەک سەر
1427 دووکانی هەیە وەکو عەلامەت نە بۆ خواردن دەشێ نە بۆ زەراعەت
1428 دووکون لە خوارێ کونێ لەسەرێ بێ ئەو لە ماڵ ناچێتە دەرێ
1429 دووازدە گندۆرەی ساڵ یەک حەرامە یازدە حەڵاڵە
1430 دووانت پیاکەم چوارت پیابەردەبێتەوە
1431 دووانت لێهەڵکێشم دووانت لێراکێشم بە وشکی تێتخەم بەتەڕی لێت ڕاکێشم
1432 دووجار نەکوڵێ ناخورێ
1433 دوورگەیەکی سەوز ناوەکەی شیرن خیزی بۆ جەحێڵ ئاوی بۆ پیرن
1434 دووژمنە بۆ ئاگر بە تەن دار هەڵدەگرێت بەردێک ڕاناگرێ
1435 دووژمنە لۆ ئاگری بە تەن داری هەڵدەگری
1436 دوومبەران بە دوومبەران ئاشی لەسەر دوو قۆنتەران بەدەوری پیر و قۆنتەران
1437 دووکانێکم هەیە سێ فرۆشیاری تێدایە، ئەوڵ چەرم، دووەم کاغەز و سێیەم یاقووت ئەفرۆشێ
1438 دووکانێکە پرپڕە لە وردە ئێسکی سپی و سوڵ
1439 دووی دەزەقن دووی دەلەقن چواری دەچەقن ئەگەر نازانی شێتۆکەی خۆمان بزنە بزنە بزن هەی بزن
1440 دووی لێ دەبێت بە سێ، نزیکی لێ دووردەکەوێتەوە، دووری لێ نزک دەبێتەوە
1441 دووە نابێ بە سێ
1442 دوێ برایێمان هەنێ، دیواری ئینا بەنیشانە
1443 دوێنێ نەبوو ئەمڕۆ لەدایکبوو سبەینێ دەمرێ
1444 دڕ و لاواز و بێ چاو وگوێیە دایم ماتڵە و لەبەر دەرکێیە
1445 دڵۆپە ئاوە، نە لە زەوییە نە لە ئاسمانە
1446 دۆخین وەکە وتێی نیشە
1447 دۆخینم ڕاکیشا ورگی هەڵوەشا
1448 دۆخەوای بەهار پوونگە وەسەرە وا شووی نەکردووە کۆرپەی وەبەرە
1449 دۆستی خۆتە دوژمنی خۆتە هەر لە خۆتە
1450 دیزێکم هەیە پڕ لە دانۆ دیزەکەم لێکەوت نەدیزە شکا، نەدانۆ ڕژا
1451 دیزەی ڕۆنە و دەرخۆنەی قونە، ئەگەر نایخۆی بۆ منی بێنە
1452 دیزەیەکم چێشت لێنا ئێسک تێدانا نامەسەر ئەسپێک ڕۆحلەبەردانا
1453 دیزەیەکم هەیە پڕ لە دانوولە دیزە چاڵکرا نەدیزە شکا نەدانوولە ڕژا
1454 دیمەیش هەسانا و دیمەیش قورعانا

1455 دیوێکی تاریک تێیدایە موویەکی باریک
1456 دیوێکی هەسانە دیوێکی قورئانە
1457 دیوێکە گیانی تیانییە بێ دەست و قاچ و خوێنە ئەکشێ بە چەشنی مار بێ گۆشت و بێ دەمارە
1458 دێ حوکمە خودا و زۆر بەنە شیر وەکۆڵ شیر موغلی بەنە
1459 دێبەرێوە مەلیکە دادەنیشێ پاشایە دەڕوا گەدایە
1460 دێت و دەچێت لە دەشت بە کلکی منی گەست زەردە کلکی لەسەر پشت
1461 دێمکە ڕەق و ئاوی شەوی ئاغا و کرمانج ڕێکناکەوی
دێمێوە هەسان یۆچشن قورئانە، فەسڵی تروولش عەین وەهارانەن، سەرمایەی خاسەن پەریی هەژاران، نوعێوە
1462 دەوان، پەی دەردەداران
1463 دێوە ڕەشەی ئاسمانە گورزی هەژدە باتمانە چاوی پڕ لە گریانە
1464 دە بارە دار هەڵدەگرێ بزمارێک هەڵناگرێ
1465 دە بزانە تیتە دەشتێ هەر یەکی فەرشەکی لە پشتێ
1466 دە پێ و سێ سەر و دوو کلک
1467 دە دەی لێ بڕوا، دە باقی
1468 دە لاقە شەش چاوە، نێوقەدی دارە دواوەی پیاوە، بە جرت و فرتی گڵی هەڵداوە
1469 دە لە زگ دووانن
1470 دەبزانە بزابە بزەبزە هەرزانە یەک هەسانە و یەک گوێزانە
1471 دەچمە حەسارێکی بانگ دەکەمە یارێکی سەدم بۆ دێ بە جارێکی
1472 دەچمە شاران، دەمکوتا بە داران گرمەی دەهات وەک هاران
1473 دەچمە نەبڕانێ دەبینم نەڕوانێ سواری نەزۆکی دەبم دەبزانێ
1474 دەچوومە نۆکاران دەمکوتا بە داران گرمەی دەهات وەک هاران
1475 دەچێتە جووتی یەکە کە دێتەوە سێنە
1476 دەچێتە جێیەکی بە موو دێتەدەرێ ئاوی لەدوو
1477 دەچێتە جێیەکی بەموو
1478 دەچێتە سەر چیا و ناڕوات
1479 دەچەقێنێ گۆپاڵە هەڵدەستێ ڕەشماڵە
1480 دەخوا بێ قوونە دەڕوا بێ شوونە
1481 دەخورێ گۆشتی نییە دەیکوژییەوە خوێنی نییە
1482 دەخورێ گۆشتی نییە غاردەدا لاقی نییە
1483 دەخورێ گۆشتی نییە هەڵدێ لاقی نییە
1484 دەخۆی حەڵوای دەرپنجی یان گووی مێرووە قنجی
1485 دەدەناکەم بەبەناکەم بە عیساکەم بە مووساکەم
1486 دەرخۆنە دەرخۆنە، شەق لە قونە، هەمووی ڕۆنە
1487 دەرخۆنە لەسەر قوونە چەند خۆشە و چەند بە ڕۆنە
1488 دەرزیم هەیە، بە تەغارێ نەشمکرپیون لە شارێ
1489 دەرزیم هەیە، بە کولووری بەداخەوە جل نادووری
1490 دەری گۆشتە، ناوی مووە
1491 دەریای دوو ڕەنگ بێ شەپۆل و دەنگ
1492 دەریای سوور، ماسی ڕەش
1493 دەرەکەی گردە ناوەکەی قۆرتە
1494 دەزانێ ئەوەی خاوەنی بیرە لەنێو مەلاندا کامیان بە شیرە
1495 دەزگایەکم بینی، دەمی ها لەنێو سکیا، کلکی هێزی پێدەدا
1496 دەزگایەکی یەک چاوە، وێستاوە بە پاوە پڕ سکی لە ئاوە، خۆراکی ڕێسراوە
1497 دەست ئەکەیتە چاویا، دەم باز ئەکا
1498 دەست دەخاتە کەلەکەی و میز دەکا
1499 دەستارێ لەلێژی

1500 دەستت لەناو ورگییە، ورگت بە ورگییەوە ناوە
1501 دەستووری ژیانە دادوەری یەکسانە ستایش و فرمانە
1502 دەستکارە دەیفرۆشن بە پارە
1503 دەستی بگەیەنیتێ دەلەوچێ
1504 دەستی بۆ ئەوەی، دەمی دائەچەقێنێ
1505 دەستی پیا دێنی، دەمی لێکدەکاتەوە
1506 دەستی دەیە قونی دەمی دەکاتەوە
1507 دەستی لێدەی هاوار دەکا
1508 دەستی لە چاوی ڕابکەی دەمی دەکاتەوە
1509 دەستی لە زەوی دەبڕێ ئەستێرە بە شان هەڵدەگرێ
1510 دەستی هەیە لاقی نییە، پشتی هەیە زکی نییە، ملی هەیە سەری نییە
1512 دەسری کەپوویە دووگوێی بە گرۆیە چاوی لە تۆیە
1513 دەسرێکی هەیە سێ گۆشە پڕە لە کاریلەی پڕشە پڕشە
1514 دەسکی دارە ملی خوارە دەمی هارە
1515 دەشتی ئاوە ناوی تەنوورە
1516 دەشتێکە و دووکانێکە چوار مەڕ و شوانێکە
1517 دەفڕێ باڵی نییە دەگری چاوی نییە دەناڵێنێ زمانی نییە
1518 دەفڕێ باڵی نییە دەنیشێ کلکی نییە سپییە شەکر نییە
1519 دەفڕێ باڵی نییە، دەتەنێ ژن نییە، سجن دەکا حوکمەت نییە
1520 دەفڕێ باڵی نییە، دەخورێ گۆشتی نییە
1521 دەفڕێ باڵی نییە، دەیکوژییەوە خوێنی نییە، دەنیشێ لاقی نییە
1522 دەفڕێ سەنگی نییە دەنیشێتەوە دەنگی نییە
1523 دەگرمێنێ وەکوو هەور بۆت دەهاوێ سلی چەور
1524 دەلینگەکی لە حەوا دەلینگەکی لە زەوی شەش کەلەپا و دوو لچی قەوی
1525 دەم تەقێنە سەرلەقێنە
1526 دەم لە حەوا، قاچ لە زەوی
1527 دەم لەسەر سەری پێ لەسەر پشتی ئەولادی گشتی
1528 دەمت بە قنگی، دەستت بە کێری، خۆش خۆش هەڵدەستی، ئاگری بۆ دێنی
1529 دەمت بە قونیەوەیەتی و چاوانت زەق دەکا
1530 دەمت بەپاشی دەستت بەژێری خولەخولیەتی ئاوری بۆ بێری
1531 دەمی تاقە سەری زاقە
1532 دەمی تیژی شت کووت دەکا قامک لە چاوی نێی، گوێ قوت دەکا
1533 دەمی شاخە شاخی چەرمە، دەنگی زلە توکی نەرمە
1534 دەمی نییە زۆربڵێیە
1535 دەمی نییە، ددانی هەیە
1536 دەمی هەیە ناقرێ بێ پێی و بێ باڵە دەفڕێ گۆشتی دەخورێ و سەرنابڕێ
1537 دەمی هەیە و خواردنی پێ ناخورێت
1538 دەمەکەی باریک، قنکەی کونە
1539 دەمەکەی بڕگەبڕگەیە و کەلەکەی لارە ئەگەر نازانیت ئەوە مشارە
1540 دەندووک سوور باڵدارە لەو شاخ دەچێتە ئەو شاخ کەمتر دەچێتە ناو باخ
1541 دەنگ و نوور دێ لە دوورەوە لە پەردەی ڕەش و سوورەوە
1542 دەنگڵێ حەوت دەنگڵێ زەوی شەش کەلەبا و دوو لچی قەوی
1543 دەنگی دوورە شڵقەی ژوورە بازنەی سوورە
1544 دەنگی دێ لە دوورەوە، بە قەڵەمی نووک سوورەوە
1545 دەنگی سییان دام لە بیان ڕۆیی لۆ ڕووس و ئامێدیان
1546 دەنگی هەیە و مرۆڤ نییە لە ئاو و لەسەر زەوییە گۆشتی وەک گۆشتی مەڕییە

1547 دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە شت فڕێدەدا و دەستی نییە
1548 دەنگی هەیە، ڕەنگی نییە، بە مقاش بیگری، گۆشتی نییە
1549 دەنووسێت بۆخۆی ناخوێنێتەوە
1550 دەنووکی قەڵەم، سەلکی مارە، ژێر سکی بەرخە، بان پشتی کارە
1551 دەنکی هەناری، بە بێ چاری، بووە هەزاری
1552 دەنێو قوندا کوڵاوە
1553 دەنەڕێنێ وەک بەور، بەرهەم دێنێ شتی چەور
1554 دەهۆرە بە کۆڵەکەیەک وەستاوە
1555 دەوری دارە ناوی شارە، مسکێنی فەقیرە کرمانجی هارە
1556 دەورە حەوزە ناو تەنوور باروو ڕەشی پشکەڵ سوور
1557 دەورە دەورەکەی دارە ناوەندەکەی پڕ قوڕە کەرە فەهمکە خشتبڕە
1558 دەورەکەی پەرچین ناوەکەی نەخشین
1559 دەورەکەی گردە ناوەکەی چاڵە
1560 دەوی بۆ ببەیت، زیت ئەوێتەوە
دەوی سوورە و بۆیەی نییە لینگی ڕووتە و دەرپێی نییە پشتی ڕەشە عەبای نییە سەری سپییە سەرپۆشی نییە
1561
1562 دەوی نییە زۆربڵێیە
1563 دەوەکەی باریک قونەکەی کوونە
1564 دەڕوا بۆ سەرێ باری هەیە دیتەخوارێ کاری هەیە
1565 دەڕوا پێی نییە دەیبیستی گوێی نییە تەڕە تووڵ نییە
1566 دەڕوا پێی نییە، جێ پێی دیارە
1567 دەڕوا سێبەری نییە
1568 دەڕوا لاقی نییە, دەخورێ گۆشتی نیی
1569 دەڕوا لە جێی خۆیەتی قایشی زێڕی لە پشتی شەو و ڕۆژ ڕێدەکا وەستاوە لە شوێنی خۆیەتی
1570 دەڕوا لە دەشتی ڕەشی کون کون لە پشتی
1571 دەڕوا لە ڕێیە نەدەچێنرێ نە دەڕوێ
1572 دەڕوا و ڕادەوەستێ قاچی نییە
1573 دەڕوات قاچی نییە و جێی قاچی ئاشکرایە
1574 دەڵێم بڵێم هەرەک مەرەک بێ دەست و پا گەڕاگەڕەک
1575 دەی کرێ ڕەشە، بەکاری دێنی سۆرە
1576 دەیبڕ و نایبینی
1577 دەیبڕی و درێژ دەبێ
1578 دەیبینی لەبەری ناکەی
1579 دەیبینیت و ناتبینێ
1580 دەیبەستییەوە دەڕوا، نایبەستییەوە ناڕوا
1581 دەیخوسێنن کونی دەکەن
1582 دەیکوژێ قەساب نییە گۆشتی دەخوا گورگ نییە
1583 دەیکوژێتەوە قەساب نییە گۆشی دەخوا مەڕ نییە
1584 زاری بۆلای دایکت دێنێ قنگی بۆ لای باوکت دێنێ
1585 زاری بۆلای قوزی دایکی دەچێ پاشی بۆ لای گونی بابی دەچێ
1586 زاری لە پشتێ بۆ خۆی لە بەردێ هێزی لە ئاوەدانیێ
1587 زریزەی بە زەنگیان، تەڕە لە مێرگ و کوێستان، هەمیشە لە دەم ئاوان
1588 زستان بۆ ڕۆی من کەمم پێچوو بۆ سەفەر ئازام من قاچم پێچوو
1589 زستان خڕە هاوین پڕە
1590 زمانی لە پشتی کلکی لە تەنیشتی ڕزقی لە دەشتی
1591 زمانی نییە گۆشتی دەخورێ

1592 زمستان خرە هاوین پرە
1593 زنێوی بێ گوڵ باخی بێ دڵ
1594 زواندار و بێ زوان، ئەرۆن بۆ دیوان زواندار ئەوەستێ، بێ زوان دێتەدوان
1595 زوو بێژە مەیکە بەگاڵتە وگەمە ئایا لە پیاو و ژن چیان کەمە
1596 زک لەسەر زکی دەستت بە کونی ئیشی ژنی
1597 زکی پرە بێ سێبەرە
1598 زکی پرە لەسەرخۆیە لەچیت پرکردووە هی تۆیە
1599 زکی خەزێنە پشتی مرادە قوونی گووفەگە
1600 زکی هەیە چی وێ نییە کابان دەیگێ مێردی نییە
1601 زۆر بەغارە قاچی نییە ماڵیشی لەبن عاردییە
1602 زۆر جوانن و ئێسک سووک
1603 زۆر چەرمووە، پەنیرینە کلکی درێژ و شیرینە
1604 زۆر ڕوودار و نهێنی پۆش نهێنی خۆی دەدا بە تۆش بەڵام وەکوو درۆ نییە ڕازت بڵێ جا هەر چییە
1605 زۆر ڕەقە و دەبێ بە ئاو
1606 زیندوو بۆ خواردن هاتە سەر مردوو مردوو هەڵبەزی زیندوو پێوەبوو
1607 زیندوو لە مردوو پەیدادەبێ، مردوو لە زیندوو پەیدادەبێ
1608 زیندوو مردوو ڕادەکێشێ زیندوو بێدەنگە مردوو دەدوێ
1609 زیندوو هات بە فێڵ مردوویەکی ناشت بەری دارەکەی ئادەمی لێناشت
1610 زیندووی بێ گوڵ باخی بێ دڵ
1611 زیندەوەری بێ دایک و باوکن لە بانەوە بانگ دەدەن خەڵکینە خراپ مەکەن
1612 زیکەی دێ مار نییە گونی هەیە بەران نییە گیا دەخوا بەران نییە
1613 زەبرەن سفیدەن، بەرگی بەدەن تەنگ سەختە لە ئاهیر، زەبوونە لە سەنگ
1614 زەرد و سپی کون نییە، ئاوی دەدزی
1616 زەردی چوار پێیە، کانیلەی لێیە، ئاگری پێی
1618 زەردی زەردان، لەبن بەردان، وەکی مەردان
1619 زەردی زەردوویی شای زەردەخەنە سەد سندووق لەسەر سندوقێک بەنە
1620 زەردی زەردی لەبن بەردی
1621 زەردی زەردی لەبن بەردی ئەڵقەی شێر و گوێی نامەردی
1622 زەردی زەردەلۆ گۆشتی بێئێسقا، کێ هەڵیبدا ڕۆستەم پاڵەوان
1623 زەردی زەعفەران نە لە زەوییە و نە لە ئاسمان لەبەربەرۆچکەی شەیتان
1624 زەردی زەعفەران، نام لە ئێستران، بردم بۆ شاری کافران
1625 زەردی کوون کوون گریا بەتن بۆ پیاو و ژن
1626 زەردیلەی بەرۆژ میوان شەو ونبووی لە زیندان
1627 زەردیلەی دەشتێ کلک لەسەر پشتێ
1628 زەردێ پێکەنی گوڵی سپی کرد لە ساجە ڕەشدا بۆ نێو کۆشی برد
1629 زەردە بە وێنەی زەعفەران کلکی بە دەست بێخەبەران
1630 زەردە خۆ زەردە خەنە، سەد قتوو لەسەر یەک قتوو بەنە
1631 زەردە خۆر نییە، بار هەڵدەگرێ کەر نییە، دەفرێ تەیارە نییە
1632 زەردە دەردە، لەبن بەردە
1633 زەردە زەرنیخ نییە سپییە پەنیر نییە بچووکە بۆق نییە
1634 زەردە زەرنیخ نییە سپییە پەنیر نییە سەوزە شوتی نییە
1635 زەردە زەعفەران نییە نووسراوە و قورئان نییە
1636 زەردە زەعفەران نییە کلورەباسکە قەنتە نییە
1637 زەردە وەک تەڵا حاکمە وەک مەلا
1638 زەردە وەک زەعفەران سپییە وەک بەفری کەلان
1639 زەردە وەک هێلکەی ڕوونی کوورە وەک داسی دروونی

1640 *زەردە وەکوو زەردەبەی کاتێ دەستی بۆ ئەبەی حەز ئەکەی بەچنگ لێی خۆی*
1641 *زەردەنی زەواڵەنی، پێچ پێچەنی و خاڵخاڵەنی*
1642 *زەردەکەوێ لەبن دەوێ ئەقاسپێنێ دانی دەوێ*
1643 *زەلی زەل بوار، قاڵی کوردستان، چنرا بە دەستان*
1644 *زەمین لافاوە شارێکە لەسەر ئاوە هەموو زیندەوەرێکی لەناوە*
1645 *زەمیننە سەوز و خاوا ماراش بازار سیاوا بەریش یا نە سووراوا*
1646 *زەنگی زەنگی زەنگەوان بۆ هەمووان بووە کاروان بیست و چوار نێرەبەران*
1647 *زەنگیانەی زەنگی زەنگی، مورغ بێ زوان ئەگەر حلی بکەی، ئافەرم جوان*
1648 *زەنگەنە بۆم هەڵکەنە*
1649 *زەوی چەرمین، گاسنی بەردین، تۆوی نەرمین*
1650 *زەوی سپی و تۆوی ڕەش*
1651 *زەوی سپییە ئاوی سیاوە ئاودێری دارە گۆخڵی پیاوە*
1652 *ژن چواری هەیە، پیاو پێنجی هەیە*
1653 *ژن نییە پیاویش نییە بێ دایک و باوکیش نییە*
1654 *ژن نییە کولێرەکەرە مار نییە سەربەکونە هەور نییە دەگرمێنێ*
1655 *ژنانی شار*
1656 *ژنی سک پڕ سێبەری نییە*
1657 *ژووری دوو دەرگا چل سەربازی تێدایە*
1658 *ژوورێکم هەیە تاریک تاریک پڕە لە زەنگە قڵیشەی باریک*
1659 *ژوورێکم هەیە لە ژووران تێیدایە سی و دوو بەردی جوان*
1660 *ژوورێکمان هەیە تاریک پڕە لە وردەبەردی باریک*
1661 *ژوورێکی پاک و سپی، خانمی جوانی تیا ئەژی*
1662 *ژیوەڵەیەک سەمادەکا کاردەکا بایەخی خۆی گران دەکا*
1663 *ژێری ئاگرە سەری ئاوە سکی خەزێنەیە*
1664 *ژێری سپییە پشتی ڕەشە سەد کڵوی لەسەرکە دەیسووتێنێ بەچەند چرکە*
1665 *ژێرەکەی پەڕۆ سەرەکەی چەرمۆ بیکە بەخۆتا و خۆشحاڵ برۆ*
1666 *ژەهری تیژە و گووی شیرین*
1667 *سائینە چێشەن تووتەێ سیاوەن دەماخوو چاخەن لێ لەمش ئاوەن*
1668 *ساباتی بێ ستوون*
1669 *ساجی زنجیر، کەوتە مەنجەڵ، کۆڵەکە نەوی، بەغدا ڕەوی*
1670 *ساجی زرِ زرِ، کەوتە ناو خڕ*
1671 *ساجە لەتێک بە حەواوە هەرکەس هەڵیبێنێ عەقڵی تەواوە*
1672 *ساف و لووسە، چل و چوار گوێچکەی هەیە*
*سافیلی سافانسافە چۆ هەسان، قەوەێ شڕ ئەو ژێر قەوەێ نوو ئەوبان هەم دەرمان ژان، هەم جیگیر نان، مەردم*
1673 *لێ تیەرن لەقەی کوێسان*
1674 *سام سامداربێم زۆرەس تەخت تەڵا نشین گوڵ و خونچە پەیوەست*
*سانیە چیشە، ئەی برای زانا، ساحێو عەقڵ و فام دەرک و توانا، دوێ یا نیمان هەنی بەرزێ، بێ لکێ مدرەینێ*
1675 *مەحکەم، بەیەک کوڵەکێ*
1676 *ساڵی جارێک ئاهەنگە لە دەشتودەر گۆڤەندە*
1677 *ساڵی جارێک جوان دەبێتەوە*
1678 *سایەقەی ساماڵ، هەوری فەرەنگی*
1680 *سایەقەیە لەسەرەوە، باران و بەفرە لەژێرەوە*
1681 *سبح تا شەو کەوش ئەبەستێ شەو تا سبح کەوش ئەکاتەوە*
1682 *سپی پەستراوە بۆ قونی باوکت کراوە*
1683 *سپی سپی پەریخان دایمگەڕی دیوەخان*
1684 *سپی سپی پەریخان، دایمە دەچتە دیوەخان*

1685 سپی سپی کلوکلو
1686 سپی سێ لاق
1687 سپی و پانە سێ مەمکی لە بنانە
1688 سپی و لووس و زل و تاتە ڕاخەری کوردیی و جێی براتە
1689 سپی و وردە دەفرێ هەموو وڵاتێک دەگەڕێ بە فوویەک دەمرێ
1690 سپییە بەفر نییە تامی هەیە شەکر نییە
1691 سپییە بەفر نییە زەردە قەیسی نییە گردە گوێز نییە
1692 سپییە بەڵام پەنیر نییە کلکی هەیە مشک نییە
1693 سپییە درێژە چۆڕاوە ئەگەر نازانی پڵاوە
1694 سپییە شیر نییە زەردە هێلکە نییە شینە گیا نییە
1695 سپییە نەکەسکە گووەبەلە نە مشکە بەهاران تەڕە و هاوینان وشکە
1696 سپییە و لووسە و زڵلەیە و پێوناڵێم
1697 سپییە وەک ئارد لە جێگەی سارد
1698 سپییە وەک پەنیر، ڕەشە وەک قیل، دەڕوا وەک تیر
1699 سپییە وەک ڕیشی باوا نەرمە وەک قژی ساوا
1700 سپییە وەک ڕیشی باوکت داپچڕاوە وەک هێنی دایکت
1701 سپییە وەک کەشک
1702 سپییە وەک کەشک قوتە وەک مشک بەهاران تەڕ و هاوینان وشک
1703 سپییە وەک کەشکی تەڕە وەک مەشکی ئەگەر نەزانی تەوقی سەرت شکی
1704 سپییە کاغەز نییە پانە دەرگا نییە گوێی پێوەیە گوێدرێژ نییە
1705 سپییەکی داری بازی هاویشتە چناری هەتا چنار دەلەرزی ئەو دەیگرت گۆشت و بەزی
1706 سفرەی لە عەرزە، ماڵی لە حەوا بەرۆژ دێتەخوار، بۆ سەر بەشەوا
1707 سمۆرەی دارێ، بازم دا لە چنارێ هەرچی چنارە دەلەرزێ سمۆرە دەگرێ بەزێ
1708 سمۆرەی سک سکی لەسەر داری بەنکی سەد و یەکی لە سکی
1709 سمۆرەی سەردارێ خۆی هەردا سەرچنارێ چنار هەر دەلەرزی
1710 سمێڵ قیتی لۆتیانە
1711 سندان سەرێ بیست مەن باریەتی بۆخۆی بێگیانە و گیاندار سواریەتی
1712 سندوق سندوق دام لە دیوار، سندوق پەڕی بوو بە هەزار
1713 سندوقی چێوی پڕ ڕۆنی کێوی
1714 سندوقی سلێمانە لە گۆڕی پانە تێیدایە پیر و جوانە
1715 سندوقی سولەیمانی
1716 سندوقی سووری یەمەنی، تەقە مەکە دەیشکێنی
1717 سندوقی سەدانە، ئەمن و ئەتووی میوانە، لە ڕێی گۆڕستانە
1718 سندوقی هەرمێ گوڵاوی شەو خەفتم سۆح نەماوی
1719 سندوقی هەشتەرخان، تییدایە پیر و جوان
1720 سندووقچە سیلیمونی دەربەستە و بیاونی
1721 سنگ داکوتاو کوتەک نەدیو
1722 سنوقی چێویی پڕ لە ڕۆنی کێویی
1723 سنوقی زەردی یەمەنی، تەقلە مەکە ئەیشکێنی
1724 سنووقێکی بێدەر پڕە لە دوور و گەوهەر
1725 سوار دای لە بوارێ بوو بەهەزارێ
1726 سوار لەسەر سوار سواردەبێ
1727 سواران چێلە چێلە کۆتکی سەر قەندیلە
1728 سواری ئەسپێ بووم، بێ گیان بوو، دوو بەرخم خوارد بێ ئێسقان بوو
1729 سواری شەش ڕکیبان
1730 سواری مە بەنیشانە لەسەر مایینی بێگیانە

1731 سواری هەراش سەگی نێو بەرداش
1732 سواری کەپووگوێیە چاوی لە تۆیە
1733 سواری کەس نەبەزاندی
1734 سوارێمە بە نیشانە
1735 سوارێمە سوارۆکە، لەسەر مایێ دارۆکە، دەکاتن غارغارۆکە
1736 سوارێک هات بە هۆهۆ، نەسەری هەبوو نە تاپۆ
1737 سوارێکمان بۆ هات ماینەکەی دارە کانییەکەی گۆشتە، ئاوەکەی شەکرە
1738 سوارەک هات ئی لینگ ڕووت، دیلە و دیلانی دەگووت
1739 سوارەک هات بە گاڵە گاڵ، کلک زەرد دەمار دەمار
1740 سوارەک هات بە لەنگەرێ، ئاغا ژنی لە سەر سەرێ
1741 سوارەک هات بە نۆکەری، ساڵح بەگی لە سەر سەری، دەندوک داری کارەکەری
1742 سواڵەتە شکاوێ، بەلادیوارەوە
1743 سووخمەی ئاڵ تێیدایە دوو پرتەقاڵ دەستی بۆ یەکێکیان برد هاواری کرد دایەگیان
1744 سوور دەکرێتەوە و ناخورێت
1745 سوور و شین و سپییە ڕاست و چەپی بۆ نییە
1746 سووراوە چەماوە وەک کەشکە زەق و زیندوو وەک مشکە
1747 سووراوە وەکوو مز قلیشاوە وەکوو قوز
1748 سووری تووکن، بۆ ژێر تۆ خاسە
1749 سووری سابرکرای لۆ قونی بابت درووستکرای
1750 سووری سەر سەقەت، دایهێڵمە دەوزە ڕەقەت، تەڕ دەکا مەشکە ڕەقەت
1752 سووری هەراش سەگی نێو بەرداش
1753 سوورە لە ژوورێ ڕەشە لە دەرێ ئەم نەوی دەبێ ئەویان بۆ سەرێ
1754 سوورە وەک هەنار نییە تەپڵ لێدەدا دەروێش نییە
1755 سوورە ڕەنگ ناکرێ شیرینە قووت نادرێ تاڵە فڕێنادرێ
1756 سوورەی باوی چووە ڕاوی کەوتە داوی
1757 سوورەی سەقەت دایمە دوزە ڕەقەت بخوسێنە چەرمە ڕەقەت
1758 سۆفی بە ڕدێن ڕدێنی بێ موو چەرمە چەکاڵە هەی هوو هەی هوو
1759 سۆفی سۆفی سەلاران، بەدرێژایی نۆ داران، هەیە لە گوندی کوردان
1760 سۆفی سەحەربی مامی دوو ڕدێن ئەولادی قونی
1761 سی سوار هاتن لە ڕیزەکی، هەمووم گرتن بە مێزەکی
1762 سی سوار هاتنە شارێ، هەر سی یان چوونە ماڵێ
1763 سی سوارن هەموو ساڵێ میوانی هەموو ماڵێ
1764 سی لۆری کا
1765 سی کرێکار خێڵێ وەکارکەرا بە بێڵێ وە
1766 سیحر هێسک، بەدەن ناسک چار جووئێچکی، بێ پێچک
1767 سیسەد و شەست و شەش قوڵنگ هێلینەکە و دوو تێژک
1768 سینگ لەسەر پشتێ بەقونی هەنگشتێ
1769 سینییە و فەخفووریە ئاوی دوو ڕەنگە بەساردی شلە و بەگەرمی توندە
1770 سێ ئەچێ، دوازدە لەجێ
سێ برا بوون قەلەندەربی، حەوزە قووڵە نیشتەسەری دەندووک درێژ کەلەپەری، لەدەوری بوون بە نۆکەری
1771
1772 سێ برا بەدوای یەکدا غاردەدەن و ناگەن بەیەک
1773 سێ برا لە ژیاندان ئاواتیانە بەیەک بگەن
1774 سێ برا هەن شەو و ڕۆژ ڕادەکەن
1775 سێ برا هەن شەو و ڕۆژ ڕادەکەن هەنگاوی گەورە و بچووک دەبەن لە ئەنجامیش وەک یەک دەبن
1776 سێ برا هەن، بەدەوری دنیادا دەچەرخن

1777 سێ بەی، سێ زەردە بەی
1778 سێ بەی، سێ زەردە بەی، سێ هەنار، سێ زەهری مار
1779 سێ پا ژێر زەمین چوار پا ژوور زەمین شقڵی هەیە و پقڵی هەیە وەرە سەیری شقڵ و پقڵی
1780 سێ پا سەر زەمین چوار پای هەمانە شڕدووم بە پڕدووم پڕدووم بە شڕدووم وەرە سەیری ئەم شڕ و پڕانە
1781 سێ پا سەر زەمین چوار لاق لە ئاسمان هەڵسا دایە بەرحینگان
1782 سێ پا لە زەوی چوار پا لە حەوا فیچقی لێدەدەن خۆی دێت و دەڕوا جرتی بە فرتی فرتی بە جرتی وەرە سەیری جرت و فرتی
1783 سێ پا لە زەوی، چوار پا لە هەوا وەجەخت ئەناڵی لە دەرگای خوا
1784 سێ پیاو هاتن بەپەلە، ڕەش ئەسمەریان لەگەڵە، لاق درێژ کارەکەرە
1785 سێ پیتی هەیە و چوار پێ
1786 سێ پیتە ئەم گیاندارە
1787 سێ پیتە بیست و یەک خاڵی هەیە
1788 سێ تاس سێ بنە تاس دوو بەربووک و یەک ڕەقاس
1789 سێ چیا ئەم بەر ئەو بەرە دێوی ڕەشی لەسەرە
1790 سێ دووکانە نانی، حەرامە جێی خنکانی
1791 سێ ژووری ئیعدامە
1792 سێ سفر لەسەر ڕایە، جیرانی ئەلف و بایە، بەبێ نون منای نایە
1793 سێ سوار هاتن بە تەتەری ساڵح بەگیان لە پشت سەری دەنووک لەق لەق کارەکەری
1794 سێ سوار هاتن بەلەنگەری دەندوک درێژ کارەکەری مەحمود پاشای لەسەری
1795 سێ سوار هاتن بەلەنگەرە دێوی ڕەشی وا لەسەرە قاشوکەیان هەورەبرە
1796 سێ سەد و شەست و شەش قوڵنگ دوازدە هێلینکە و چوار تێژەک
1797 سێ سەرە سێ سەرە ئەحمەد پاشای لەسەرە کلک درێژ کارەکەرە
1798 سێ سەرە سێ سەرە، میزا برایمی لەسەرە، کوندە کۆڵەی نۆکەرە
1799 سێ سەنگەرە سێ سەنگەرە، قاچ ڕەشەکی لەسەرە، حاجی لەق لەق کارەکەرە
1800 سێ شەش و سێ چوار لەوەودوا بەهار شەشی بایە و شەشی بۆرانە شەش سێوەڕی ژێر دارانە
1801 سێ قوتە بەرامبەرە دێوەڕەشیان لەسەرە کلک قوتە نۆکەرە
1802 سێ گرد بەرامبەرە، دێوە ڕەشی لەسەرە، پەپلان کارەکەرە
1803 سێ گورگە شۆڕ، نۆ گورگە قەرەو خواردن
1804 سێ مانگ لە ئەرزێ، سێ مانگ لە دەرێ. سێ مانگ بۆ ئینسان، سێ مانگ بۆ کەرێ
1805 سێ ماین هاتن بەپەلە
1806 سێ مەڕ سێ سەرە ئەحمەد پاشای لەسەرە کلک درێژ نۆکەرە
1807 سێ نووقتە و شەش پیتە بێ دیوار و ساپیتە خوانەکێ جوان و قیتە
1808 سێ کرێکارێ ئێ نێ یا نەینە بەهەر سی شاوە بێلەێشاهەنە
1809 سێ کەس ئەچن بۆ سەرقەبر دوانیان هەڵیگرتووە و یەکێکیان مردووە
1810 سێپایلکەی، سەر ڕەشکەرەی، گیڤە گیڤکەرە
1811 سێسەد سواری لەبەر سوارەکی دەلەرزی
1812 سێسەد و شەست و شەش هێلکە، دوازدە بەچکە و یەک دایکانە
1813 سێسەد و شەشت و شەش قوڵنگ هێلینەک و دوو تێژەک
1814 سێوە هەنار نییە، بازاڕە دووکان نییە
1815 سێڵەی زل زل کەوتە مەنزڵ کۆڵەکەم نەوی بەخورە ڕەوی
1816 سێی پێوە شۆڕێەبێتەوە دووی تێهەڵئەکێشن
1817 سێی لە سێبەرە دووی لە هەتاوە ئەوەی بیزانێ ئەقڵی تەواوە
1818 سێیە، نابێت بە چوار
1819 سێیەی چی زوخاڵ ئەسبێیەی چی شیر حەلەی چی کەمو، خێدێننە چی تیر
1820 سەد چەنک لەبان سندووق
1821 سەد خەڵک لەبان سندوقێک

1822 سەد دانە یاقوت زەریف نریاوە گشتی ڕێکوپێک تەمیز چنیاوە
1823 سەد درگا و سەد پەستوویە سەد بووک و سەد خەسوویە
1824 سەد دەر و سەر دەریچە سەد غولام و سەد خەدیجە
1825 سەد سوار لەبەر سوارێ ئەلەرزێ
1826 سەد سوار لەدوای سورەکی دەبەزی
1827 سەد سواری دەچیتێ، دەسکە پوشەکی ناچیتێ
1828 سەد قوتی سەمەن قوتی لەیەک قوتی
1829 سەد قوتی لەناو یەک قوتی
1830 سەد مەڕ و یەک ڕیخۆڵە
1831 سەد کەس لە دوای کەسەکی دەلەرزن
1832 سەد کەس لە ژوورێکدا درێژ و سپین کڵاوەکانیان سوور و قاوەین
1833 سەر ئاسنۆکەی بن دارۆکە
1834 سەر ئاگرینە، بن دارینە
1835 سەر باریکی قون ئەستوور، دەرکەم لێوەکرد چووە ژوور
1836 سەر بە حەواوە کێر لەولاوە سێ پای لە عەرز داناوە
1837 سەر بە کونە، مار نییە، دەگریە، هەور نیە، کار دەکا، کابان نییە
1838 سەر تەنگی بن بڵاو
1839 سەر جلی بن جل خوریی
1840 سەر جلی بن جلی خوری گەر هەڵیبێنی پیرێژنە بۆری
1841 سەر زوڕنای قنگ شمشاڵ
1842 سەر سەوزی بن لە ئاو تەڵارێز و نوقرە ناو
1843 سەر شاخە بەری بییە پێستە بزنە و تووکی نییە
1844 سەر قوتیلەی دەو شڕیلە
1845 سەر گەلە و بن گەلە چاوزەقی سمێل بەلە
1846 سەر لووسی بن پەراسوو
1847 سەر لە زەوی پا بەرەوژوور کەوای سەوز و مێزەری سوور
1848 سەر لە زەوی گوڵ لە حەوا ناوی نوقلە و بەرگی تەڵا
1849 سەر لەخوار و قاچ لەحەوا بە دوو هەفتە ڕیشی ڕوا
1850 سەر لەسەر زەوی، پا لە حەوا سەوزەپۆش و قرمز کەوا
1851 سەر ماشەڕۆ پێ خاکەڕۆ
1852 سەر منشارە پێ خەیارە کلک قەتارە
1853 سەر و بنی تیژ و کونە ئەیماشێتەوە ئەو بێ گونە
1854 سەر ڕاستە و کلکی خوارە نیوەی ئاسنە و نیوەی دارە
1855 سەر کونی بن تیژ
1856 سەربان یەک و دەرگا چوار
1857 سەربانێکە بن بانێکە، چوار مەڕ و شوانێکە
1859 سەربانەکە لە سەر گۆچانەکە، لە بنی دارچنارەکە
1861 سەرباڵ بازوو، بن باڵ سوێسکە، ئەرنەمووک ئەولادی چ پێغەمبەرێکە
1862 سەربەکەزی سەری پڕە لە دەرزی
1863 سەرپاکی هی خۆتە نیوەتی تێدایە
1864 سەرتاتە لووس بن تاتە لووس قوڕی کەنی قوڕ مەنگەنووس
1865 سەرتیژی ناوبۆش
1866 سەردەبڕڕێ بە فڕ دێ
1867 سەرش ئاویرا، چێرش گیواوا چێرو و گیواویش گوم و مەناوا ئاهو هەناسەش دووکەڵی سیاوا
1868 سەرش هەسان، چیش هەسان دلیراسیش بەچکە شەیتان
1869 سەرشینی هەنگوچک سپی

1870 سەرقاپی قونێ تامی بروێشێ، هەرکەس نەیزانێ چاوانی بێشێ
1871 سەرگەرمی بن جەهاندەم، پیاوی دیوەخانی مەم
1872 سەرم سوورماوە ئەمن لە چوار شت با پێتی بڵێم نەڵێی کە نەی گوت
1873 سەرم سورماوە ئەمن لە چوار شت باپێتی بڵێم نەڵیی کە نەت وت
1874 سەرم مسە، پام مسافر، دڵم ئیمانداره، نەفسم کافر
1875 سەروو ڕیش چەرمە، ویش توفی جوانین، نمەکریەوش لومە
1876 سەررەشی بنکۆڵ
1877 سەری ئاسنە بنی دارە، ئەگەر نازانی مشارە
1878 سەری ئاسنە دەسکی دارە زستان کەوتەووە و هاوین هارە پێنج خەنجەری هەردەم سوارە
1879 سەری ئاگرینە، بنی دارینە خواردنی ئەوگیای شینە
1880 سەری ئاگرە و بنی ئاوە دەیمژی وەک گۆلکی ساوا
1881 سەری ئاگرە و ژێری ئاوە
1882 سەری ئاگرە، بنی ئاوە
1883 سەری ئێسک بەدەن ئێسک بێ پێچک
1884 سەری ئەبڕی و بۆی ئەگری
1885 سەری ئەسپە قونی قەسپە، لاقی دارە پێی مشارە
1886 سەری بتاشی و زمانی ببڕیت ئینجا دێتەکار دنیای پێبگرە
1887 سەری بتاشە زمانی ببڕە ئەمجا دێتەکار دنیای پێبکرە
1888 سەری بۆ تۆ، بنی بۆ کەرێ
1889 سەری بە خۆت، بنی بە دایکت
1890 سەری بە عاجباتیان دەچێ ناوقەدی بە گەنجان دەچێ قونی بە پیرێژنان دەچێ
1891 سەری بە نوێژە، بنی بە گوێژە
1892 سەری بە ڕدێن ڕدێنی بێ موو چەرمە چەکاڵتە هەی هوو هەی هوو
1893 سەری بە کلکییەوە نووساوە
1894 سەری بەردە بەرد نییە، ژێری بەردە بەرد نییە، گیاخۆرە کەر نییە، هێلکەکەرە مر نییە
1896 سەری بەردە و بەرد نییە کاردەکات مرۆڤ نییە
1897 سەری بەقەد گاڵێکە بەڵام پڕ بە ماڵێکە
1898 سەری پیسە و قونی پاکە
1899 سەری پێیە و پێی سەرە بە پێنج پیت ناوی بەرە
1900 سەری تاش و بنی تاش مام ئۆمەری کلک جاش
1901 سەری تیژە بنی کونە گێژە بزانە سووژنە
1902 سەری تیژە و بنی کونە فرەتر میوانی ژنە
1903 سەری تەسکە بنی بڵاوە، کەرە کڵاوە کەرە کڵاوە
1904 سەری جەحێرە، بنی پیرە
1905 سەری چیایە
1906 سەری خاکییە و نووکی ڕەنگینە لاپەڕەی مێژوو خوێنی چاویینە
1907 سەری خوارە و بنی دارە
1908 سەری خورینە بنی دارینە خواردنی گیایینە
1909 سەری دارە بنی دارە هەمیشە سەری خوارە
1910 سەری دەبڕی بەفر دێ
1911 سەری دەبڕی چاوت دەسڕی بە پارەیە کە دەیکڕی
1912 سەری دەبڕی چاوی دەسڕی بە پارە دەیکڕی
1913 سەری دەزووە بنی پەڕۆیە ڕۆیشتنی لەسەر خۆیە
1914 سەری زەردە ناوی بەردە
1915 سەری سانە بنی قورئانە تۆ بیزانە
1916 سەری ساڵ بێ و سەری مانگان کۆڵەکەیەکیان بەینە هەردووکیان

1917 سەری سپییە سۆفی نییە کەوا شۆڕە مەلا نییە گۆشت دەخوا و ئینسان نییە
1918 سەری سپییە مەلا نییە لەشی سەوزە سەید نییە
1919 سەری سپییە، ناوی شیرینە
1920 سەری سوورە حەلامەت، تەڕ بە ئیشکی دەرامەت، سەللی عەلا محەمەد
1921 سەری سوورە نەفسی بەرەوژوورە
1922 سەری سەوزە بنی سوورە
1923 سەری سەوزە و بنی ڕەش ناوی جوان و سپی وگەش
1924 سەری شاخە ئیسمی شێرە قنگی کێرە
1925 سەری شاخە بنی سپییە، پێستی بزنە مووی نییە
1926 سەری شاخە شاخ نییە، بنی بەردە بەرد نییە
1927 سەری شاخە قونی کێرە، دەنەڕێنێ دەڵێی شێرە
1928 سەری شینە مەچەک سپی
1929 سەری قوتە و بنی بڵاوە زەمیلەش نییە و بە دەست چنراوە
1930 سەری قەوی بنی باریکە کەرە توورە کەرە توورە
1931 سەری گەورەیە و بنی باریکە بەشەو ڕووناکە و بەڕۆژ تاریکە
1932 سەری لووسە وەک هەسان، بنی پەڕپەڕەی قورئان
1933 سەری لە ئەرزە و قاچی لە ئاسمان
1934 سەری لە بن لەشییە، لەشی لەسەر حەرزییە، بە دەیان دادێنە دووان
1935 سەری لە لاشەی گەورەترە
1937 سەری مەلایە ناوەندی سەیدە بنی سۆفییە
1938 سەری هارە، پشتی کارە
1939 سەری هێسک بەدەن ناسک چوار گوێی بێ پێچک
1940 سەری هەبێ چاوی نییە چاوی هەبێ سەری نییە
1941 سەری هەیتی بنی هەیتی، پڕی دەکەی لە میوە جاتی
1942 سەری ڕەش نان لەسەری سپی دەسێنێ
1943 سەری کەسکە و سەید نییە مەندیلی سپییە و مەلا نییە
1944 سەری یەخەیە بنی ئۆخەیە لەکن خوشکەیە
1945 سەری یەکە و بنی دووە، بە گۆڕی باوباپیرتا چوو
1947 سەرێما هەن پەرا زەنگەنە قلیشی
1948 سەرێکی ئاسن سەرێکی دارە دەنووکێکی ڕاست یەکێکی خوارە
1949 سەرێکی دارە سەرێکی شیشە کەرە فامکە دەریشە
1950 سەرێکی هەیە و دوو دەست و پا خولان دەخوا وەک دەعبا لەخەوهەڵدەستێ و بەرێدا دەڕوا
1951 سەرێکی هەیە و دوو دەست و پا خولان دەخوا وەکوو دەعبا هەستێ بەرێدا دەڕوا
1952 سەرێکی ڕاستە و سەرێکی خوارە خۆی ئاسنە وکلکی دارە
1953 سەرێکی ڕاستە و سەرێکی خوارە دەنکێکی ڕێکە و دەنکێکی خوارە
1954 سەرەتا چوار لاق، ناوەڕاست دوو لاق، کۆتایی سێ لاق
1955 سەرەوەی شاخ بنەوەی شاخ، پێیدادێ چورچە بەیداخ
1956 سەگی ئەحمەدەکۆکی بە دەسکی حەمەدۆکی لە هەموو دەرکان دەکۆکی
1957 سەگی هار چووە سەردار پەلوپۆی هێنایەخوار
1958 سەگی هار لە بان دار، کلوکلو بەفر ئەخاتەخوار
1959 سەلکی گردە ناوکی وردە
1960 سەما دەکا بەخۆی دارە چەرمە خرەی گوێیەگوارە
1961 سەماکەرێ سەما دەکات، دیاری حاکم پەیدادەکات
1962 سەمەن قتوو سەر قتوو، سەد قتوو لەسەر یەک قتوو
1963 سەندوق سندوق سەمەنی تەقە بکەی نەکەنی
1964 سەنگ سەرسەنگ، دوو لوولە تفەنگ دوو نەوجەوان تەخترەوگەلەچرۆ

سەنگەنە گڵ هەڵکەنە 1965
سەوز و بەرزە لە بەندەن و لاپاڵا ترش و مز و گوڵی سوور و ئاڵە جێی لە قەدپاڵ و ڕەژد و نێوبەردە لاقی لە چەشنی
مراوی بە پەردە 1966
سەوز و سورخ و حەنایی کارد تیز و قەساویی 1967
سەوزە خەیار نییە، سپییە بەفر نییە 1968
سەوزە لە بازاڕ، سوورە لە دایکت 1970
سەوزە وەک خەیار، بەرزە وەک چنار، مزرە وەک هەنار 1971
سەڵتەی سۆری قرمزی 1973
سەی هار لە بن دار، کلو کلو دێتەخوار 1974
سەیر خەڵکی دەکا و درۆ لەگەڵ کەس ناکا 1975
شاخی لەبان سەر چاوی کلۆرە بە برێشکە دەخورێ کرپاری زۆرە 1976
شاخی وەک گا بە باڵ مەلە پشت ماسیە و بە چوار پەلە 1977
شاری ژێر زەوی ئەرۆی ئەخەوی 1978
شارێک ناوی خەبەرچییە تانەیبینی نازانی چییە 1979
شارێکی سوورە چواردەوری سەوزە خەڵکەکەی ڕەش پێست ناوەکەی حەوزە 1980
شارێکە باری دوو وڵاخە 1981
شاڵێنەیەکە پڕە لە کای پۆش 1982
شتی عەجیبم دی لە دەشتودەر ئەیناڵاند بەتن، ئەخولا لەسەرسەر 1983
شتێک هاتووە بەهۆهۆ نەتانی هەیە نەپۆ 1984
شتێک هەرە ڕەحمەتە لای خەڵک زەحمەتە 1985
شتێک هەیە بیخەیتەسەر ئاگر نامێنێ 1986
شتێک هەیە بە زستان و بەهاوین لەناو بەفر و کادێن گەرمە و سارد نابێتەوە 1987
شتێک هەیە بە زیندوویی گۆشتی نەخواردووە بە موردوویی خواردوویەتی 1988
شتێک هەیە تا دەست بۆ قونی نەبەی زار ورژناکا 1989
شتێک هەیە چوار منداڵی لەسکدایە 1990
شتێک هەیە دەڕوا و سێبەری نییە 1991
شتێک هەیە لە چیایە سپیاتی تێدایە جەرگم بووە کون کون کوندەڵانم بێنەکن 1992
شتێک هەیە لە چیایە سپیاتی تێدایە جەرگم لەبۆی کون کونە 1993
شتێک هەیە لە دەشتی سی و سێ کندڕی لە پشتی 1994
شتێک هەیە لەم شتانە هەڵی ئەگری بۆ تەنگانە 1995
شتێک هەیە نەگیایە نەمیوەیە نەخورمایە هەر لە خۆڕا ڕسکایە لە جێ دەشت و شیو و چیایە 1996
شتێک هەیە هەر لە کارە شەو و ڕۆژ دەکا بە ژمارە لە بازاڕ دەیکڕن بە پارە 1997
شتێک هەیە هەموو شتێکی بەبندا دەڕوات 1998
شتێک هەیە هەناسەی وەرگرت زیندووە ئاو بخواتەوە مردووە 1999
شتێک هەیە ڕەحمەتە خەڵک پێیان زەحمەتە 2000
شتێکم دی زۆر دەم گەورە گیانی زەردە و ڕەق بە دەورە منداڵێکی لە زکدایە هەڵدەبەزێ دەڵێ دایە 2001
شتێکم دی لەو دەشتە بە عەجایبی هەشت قاچ و پێنج لەش و چوار ڕۆحە 2002
شتێکم دیت لە دەشتێ 2003
شتێکم دیوە نێوی دراوە ئەوەی بینییەوە بە ئەو دراوە 2004
شتێکم دیوە ڕەشە وەک چلاک گیانلەبەر نییە بێ داک و باب هەر لە شوێن گیانی خەڵک دەگەزێ بەچاولێکنانێ
هەڵیان دەدرێ 2005
شتێکم هەیە سەرکڵاوانی لەبنی پەرپەرەی قورئانی 2006
شتێکم هەیە سەوزی سەوزی تەرسەقولی سەرتەرزی 2007
شتێکم هەیە شت نە چنگی هەیە نە مشت تیر و شیری ها لەپشت دیت کەری مەلای کوشت 2008
شتێکم هەیە لێرە ئیشدەکا لە ئاسۆس پێبرکێ دەکا 2009
شتێکم هەیە لە شتان دەپێچرێ لە بوخچەی سوڵتان هەتا ساڵێکی ئەو دەمان 2010

2011 شتێکم هەیە لەو شتانە هەڵیدەگرم بۆ رۆژی تەنگانە
2012 شتێکم هەیە ها لەو دەشتە دووسەد کونی لە پشتە
2013 شتێکی پیسی نالەبار قاچت دەگەزێ وەک سەگی هار
2014 شتێکی سووری قرمزی کونی نییە ئاوی دەدزی
2015 شتێکە خوێنی رەش دەخوا و بە رێگەی سپیدا دەروا بکەوێتە دەست زانا دنیای پێداگیردەکا
2016 شتێکە خرِ بچووکە وەک گندۆرە بۆ خواردن مرۆڤ بەکەڵکە توێکڵی دەرەوەی دارە توێی ناوەوە ناسکترە
2017 شتێکە خرِ وەک گندۆرە گەمەی پێیەکەن بەنۆرە لەمەیدانی قوتابخانە شووتلێدانی زۆر ئاسانە
شتێکە خرِ وەک گندۆرە گەمەی پێدەکەن بەنۆرە دەیفرێنن بۆ ئەملا و ئەولا لەنێو جوغزا ناپێ گلا هەرا دەکا و
2018 لاقی نییە گەر ئازای ناوی چی
2019 شتێکە رەشە، رەشمار نییە جۆخۆرەکەر نییە دیواربرِ دز نییە
2020 شتەکم هەیە سێ سەرە، حاجی مووسای لەسەرە، شەمشیلە کارەکەرە
2021 شل و نەرم و بێ مووە لەناو ئاودا زیندووە
2022 شوانی چوار بزنانە گۆشتە و لە لامانە
2023 شوانێک هات لە کەنداڵی وردە وردە مەرِان داوێڵی
2024 شوانێکم هەیە لە بێرێ بزنەگەلی دادەگێرێ
2025 شوتی مەترەقی، دام لە بەردی نەلەقی
2026 شوتییە لە قەبارە
2027 شوشە سپی دارەکە، لە سەرەوە خرِ دارەکە، لە سەری قولە گۆچانەکە
2028 شول میرە شەق ورمی گەردە
2029 شووا تەرِ لەسەرگەوهەر
2030 شوورەی سەوز عەسکەری رەش رووباری سوور کلیلی ئەو شارە چییە
2031 شوڵ نینە خوا چانەکا فێری بەندە نەکا زینێ لە شێران دەکا
2032 شڵ و کووڵ و موو نەیری چوار پاچکە و سم نەیری
2033 شڵی قوڵی بێ مووە قرەقرِی لە دووە
2034 شڵی قوڵی بێموو لە دوولاوە بەرێ چوو
2035 شڵی کووڵی بێتووک وگووڵ گووڵی
2036 شڵی کوڵی بێ موو، بۆقیشە و پێت ناڵێم
2037 شڵە بێ مووە، کووڵە بێ دووە دەمی تاقە چاوی زاقە گەر نایناسی قورواقە
2038 شیرین ترین بەرهەمی دارمازووکە بێگانەبێ بە دارەکە
2039 شیرینە تامی نییە جەرگ دەبرِێ زامی نییە
2040 شیرینە تاڵ نییە پرِ چنگە هەنار نییە حەز ئەکا قازی نییە حوکم ئەکا حاکم نییە
2041 شیرینە لە دار رِنە دار رِنە لە گوێیەلە گوێیەلە بەرێکەوێ پێپانۆک وەدوویکەوێ
2042 شیرینە هەنگوین نییە تاڵە ژەهری مار نییە لە بەحرێدایە ماسی نییە
2043 شیرینە و ناو تووڵینە دانەدانە و بۆڵینە
2044 شیرینە وەک شۆک هەڵچوو وەک نۆک گەڵاشی هەیە زۆر بۆشناخ وکۆک هیچیان نییە نە شۆکە نە ن
2045 شیرینە وەک شەکر، چرچ و رِیچە
2046 شیشی گۆشتە وکەبابی ئاسن
2047 شیلەیەکی سپی و جوانە
2048 شیمشاقە لە تاقە
2049 شین وە شینی، زەرد وەک زێرِی، سپی وەک پەنیری
2050 شینی بێ ستوون لەسەری سایە و لەبنی بایە خوا نەبێ کەس نازانێ چ باسە و چ هەرایە
2051 شینە و مزرە و سوور ترش و رەش و شیرینە
2052 شینە وەک شنگ هەڵچوو وەک پنگ کە هاتەبەرچنگ نەپنگە نەشنگ
2053 شینە وەک شنگی تاڵە وەک پونگی ئەگەر نەیزانی کڵاوی منت بە قنگی
2054 شینە وەک شینگی تاڵە وەک پنگی
2055 شیوی زستانێ، بەهارێ دەخۆم

2056 شێخی بێ شین زۆر لەزیزە گەر لە هاوین دەرکەوێ شێخی بێ شین ناحەزە لای تۆ گەر لە زستان دەرکەوێ
2057 شەش باڵ و شەش پەڕ، دوو شاخی ئاسنی ئەگەر بزانی ئەو حەیوانە چییەنی
2058 شەش بە شەشی دوازدەت بە کونە ڕەشی لە بیست و چواران دابەشی
2059 شەش بەن و دوو قاپ و دارێکە
2060 شەش بەند و بەندیلەک دوو نان و کوتلکەک
2061 شەش پای دوو دەم ماڵی ها لە چەم
2062 شەش پیتە دوو پا نینە مل یەکە لە بانینە
2063 شەش پیتە ناو گیاندارە
2064 شەش پێ لە زەوی دوو پێ سەداوی پیرێژن نییە و بنێشتی دەجاوی
2065 شەش پەڕ و دوو چاوە دوژمنی هەوا و هەتاوە
2066 شەش چاوە و شەش گوێیە سێ سەر و دە پێیە
2067 شەش نانی سپی قتویەکی زەعفەرانی، ئەگەر بیزانی خۆت پاڵەوانی
2068 شەش و شەش و شەشی تریش، حەسەن قامیش حەوڵا بێڕیش، دایکی منداڵەکان و شەشی تریش
2069 شەشی چاوە دە هەنگاوە بۆ دڕەی ناوە
2070 شەقە شەوە، چەچەڵە پاڵتای ڕەشی لە کۆڵە ئاوی لێتێ وەک سۆڵە
2071 شەلەی کوێرەی نوقستان، دایگەڕامێ بە مستان، پێم کرد گەرمیان و کوێستان
2072 شەموولەی قون پان پێیدەزانێ هەموو ڕێگا و بان
2073 شەمڵەموت و مەمڵەمووت، لە باسکانی هوتە هوت، لاوک و حەیرانی دەگووت
2074 شەو تاریکە ڕم باریکە خۆم ناوێرم تۆ ئەنێرم
2075 شەو خاتوونە و لاوبەرا ڕۆ پەنەس خزمەت کەرا
2076 شەو لە بانێ گوێ هەمبانێ
2077 شەو و ڕۆژ دەگەڕێ بەڵام ناگۆڕێ
2078 عاسمان تۆران تۆران لێی دەبارێ بەفر و بۆران
2079 عاسمانگش سەوزا مەردمش سیاو خاکش سوور و ئاڵ ناو شەربەتاوا
2080 عالەم خواردوویە ئادەم نەیخواردووە
2081 عومری بچێتەسەر، دوانی دەبێت بە سیان
2082 عومەرە عومەرە سێ پێستی و یەکی زەرە
2083 عەبای کەسک گۆشتی سۆر هێسکی ڕەش
2084 عەبایەکم هەیە لە دەشتی، حەوسەد کونی لە پشتی
2085 عەبدە ڕەشی ناو خوێنێ عەبا کەسکی مەدینێ
2086 عەسکەری ڕێزە ڕێزە هەمووم کردە ئامێزە
2087 عەشیرەتێک هەن ناوچەوانیان زەرد هەموویان سوورن وەک گوڵی بێگەرد
2088 عەلبە پان و عەلبە پان کوڕ پیر و بابی جوان
2089 عەلی سواری دوڵدوڵە گیایەکی بێ گوڵە
2090 فاتمۆکەی سەر کەزی سەری پڕە لە دەرزی
2091 فاسیقی خەمسە دیارە قەڵەبازە و کۆلارە دووپشک و مشک و مارە
2092 فافۆنە کون کونە هەمیشە بە دەستی ژنە
2093 فلکە و پەنجا دنکە
2095 فرنی فرنی فرناوێ سوژنی تێکەی تەبیعەتت دەچێتە ماستاوێ
2096 فەخفووری تێیدایە ئاوی دوو ڕەنگ
2097 فەرز پێنجە و ڕۆژ شەش
2098 فەرزی ناڕازی
2099 فەرشی سەوزە لە دەم حەوزە، نە سڵقە نە کەرەوزە
2100 فەرموو بزانە چی پێدەڵێن قتووی پڕ کونجی پێدەڵێن
2101 فەقیر فرێی دەدات دەوڵەمەند هەڵیدەگرێ
2102 فەقێ دە بوو کەوچک نۆ یەکێکیان بە پاروو خنکا خۆت لادە

2103 قاچ مشار چاو مێرووله زەردە، سەوزە، بۆرە، سوورە
2104 قازی یەک چاو
2105 قازیلەی یەک چاو
2106 قاسمی دیواربڕ
2107 قافڵەی بازرگان بێ تووک و بێ زمان گەر زانیت حەسەن پاڵەوان
2108 قافڵەی سەرزەمین کاسبکاری بێ زمان هەرچی هەڵیدا سەد ئافەرین نەوجەوان
2109 قاقێزێ پەڕە پەڕە چوکێسا دێ خەرە
2110 قسە دەکا، دەمی نییە
2111 قسەکەری بێدەنگ
2112 قسەی خۆم لەبیرە لە دەعبایان کامیان بەشیرە
2113 قفڵی دارە، کلیلی دارە پیس ڕۆیی پاک بە دەوارە
2114 قنگی بە دەمت، تسی بە لووتت
2115 قنگەرە ئاوێ وەرۆ سەرەرە هێڵێ کەرۆ
2116 قوتوێما هەنە، حەوت ولێش چەنەێ
2117 قوچکی دوو گوێ
2118 قوچی یەک چاو
2119 قورسە وەک پۆڵا شیرینە وەک هەنگوین
2120 قورسە کێشی نییە، دەڕوا ڕەنگی نییە
2121 قون مقاشی دەرخۆنە، کلک دوو فاقی دوو لۆنە
2122 قوندەی بێ موو
2123 قوون بەردی کێر ئاسن
2124 قووڵ وەک کڵاوە بەتووڵ تەنراوە پووشی تێئاخنراوە، جوان سواخدراوە
2125 قووڵە, سوورە، بنی قیامەتە
2126 قوڕەشینی بێ موو دەقیرێنێ زوو زوو
2127 قوڵتەکم هەیە، پڕە لە مورووی سوور
2129 قوڵنگ لووتیەتی چوار پەڕ باڵیەتی عالەم لەچنگی ناڵەناڵیەتی
2130 قۆزەڵەیەکم هەیە قرمزی، کونی نەبوو، ئاوی دەدزی
2131 قیژەقیژ و ڕواسان ئیگەو تا خوراسان
2132 قیمەتی گرانە، کێشی سوکە، ژن بۆی بە نوکە نوکە
2134 قێست چەنی مەکەرۆ بەڵا مرەفێقیت کەرۆ
2135 قەبری تەنگ و تاریکە لەیلێ بەرز و باریکە
2136 قەبری قوڵ و قیامەت تەڕ بە وشکی دەرئەهات
2137 قەتاری سەنگین مەلی بێ زمان ئەگەر بیزانی ئەتۆی پاڵەوان
2138 قەرا تووکەی گێچینە هیچ پێ بڵقەی لێنینە مردی تێدا زیندیینە
2139 قەراغ حەوزی نێو تەنوور پاروو ڕەشی پشکل سوور دەنوورێنێ وەک تەنوور
2140 قەراغی سەوزی پسا خوێن هەڵرژا
2141 قەسری دوو دەر تێی چوومەدەر
2142 قەسری سپی بێ دەرک
2143 قەسری سپی بێدەرگا زیندەوەرێکی وا تێدا
2144 قەسری سپی و سۆندەی شین
2145 قەسری سپی ڕێیە لە کاروانان دەگری
2146 قەسری سپی، دەمانچە لەسەر
2147 قەسری من گەچینە هیچ کون و دەرکەی نینە ڕۆحلبەر تێیدا زیندینە
2148 قەفەزی نۆ کون تێدا
2149 قەفەزێک نۆ کونی تێدایە
2150 قەفەزێکە نە مرۆڤ نە ئاژەڵی تیا زیندانی نییە

2151 قەلەڕەشی زک بەتاڵ ئاور دەخاتە گیپاڵ چوار لاقی هەیە نارِوا بێ جل و بەرگ و گیپاڵ
2152 قەلەک وا بە حەواوە، پەتێکی وا بەدواوە پەتەکە کراوە، قەکەلە ڕشاوە
2153 قەڕاسەی پسا خوێن ڕژا
2154 قەڵا توکێ سێ سەرە، ئەحمەد پاشای لەسەرە، کەڵە کوندەی نۆکەرە
2155 قەڵا توکێ سێ سەرە، وەتمان بەگی لە سەرە، توڵەفەندی نۆکەرە
2156 قەڵاهۆچکەیەکم هەیە گەچ گەچین نە پای هەیە نە پاچین
2157 قەڵای بێنەوا قەتای گەندوو گوو، بەم نیوە شەوە مێشکی سەرم چوو
2158 قەڵای بەنی، گۆشتی ئاسن
2159 قەڵای گۆشتین پێپلیکانەی ئاسن پێیدا سەردەکەون پیاو و ژن
2160 قەڵای گۆشتین میراوی ئاوە هەرچی هەڵیبێنێ ئەقڵی تەواوە
2161 قەڵای گۆشتین، پێپلیکانەی ئاسنین
قەڵای گۆشتە و ڕەوانی پیرۆزی لەبەردایە بەرگێکی خوری لەبەردایە و لەناو ئەشکەوتێکی گۆشتدایە
2162 ئەشکەوتەکەش لەناو بەحردایە
2163 قەڵای گەچین ڕێ نییە تێی چین
2164 قەڵایەکە پەنجا دیوار نەدەرگای هەس نەحەسار
2165 قەیسەری سێپای ڕەشی لەسەر
2166 قەیسەری لەسەر قەیسەری مەحموود پاشا لەسەری
2167 قەیسەری لەسەر قەیسەری کڵاو ڕەشی لەسەری کلک تەقێنە کارەکەری
2168 قەیسەری کڵاوی ڕەشی لەسەر
2169 گا بە کلکا ناچێتە ژوور
2170 گا سوور گا ڕەشی دەرکرد
2171 گا سووری حەوت چەرم بۆی گریای بەبێشەرم
2172 گا سوورەی حەوت چەرم
2173 گا قوڵەی لە مەیدانێ کلکی هەڵنا بۆ ئاسمانێ
2174 گا قوڵەی مەیدانێ کلکی هەڵبری بۆ ئاسمانێ
2175 گا گوولەی پەت لە ملە
2176 گا گێڕەوەیە
2177 گا نییە وەک گا کاوێژ دەکا دەم چەفتی خاوەنی دەکا
2178 گا ڕەش گووی سپی دەکا
2179 گا ڕەش لە سەرەوە، گا سوور لە خوارەوە
2180 گا ڕەشی بار نەقیزە
2181 گا ڕەشی تەنک تەنک گەنمی دەخوار دەنک دەنک
2182 گا ڕەشی شاخ مرواری لەخۆی دەخۆی یان لەباری
2183 گا ڕەشی وەسمان، دەنگی دەگاتە ئاسمان
2184 گا کوێری یەک چاو
2185 گا کوێرەی یەک چاو یەک شاخی هەیە تەواو
2186 گا کەوەی یەک چاو
2187 گابۆری ئەو وڵاتە زۆر کەس بۆی بێتاقەتە
2188 گاڕانێکی پێوەدەچێ
2189 گاڕەش لە مەیدانێ، کلکی گەیشتە ئاسمانێ
2190 گاکەی ئەحە دەلۆکی لە هەموو کۆڵانان دەکۆکی
2191 گاڵەم ڕاڵی بەچەم دۆشی
2192 گای ڕەش بەسەر پشتی گای سووردا دەچێتە سەربان
2193 گای ڕەش گووی سپی دەکا
2194 گایان کوشتەوە پایزێ
2195 گایەکم هەیە گوو باری نە گۆشتی دەخورێ نەباری

2196 گچکە و خڕە پێی ناوێرێ فرمێشک لە چاویان دەردێنێ
2197 گرتی و نەیخوارد، خواردی و نەیگرت
2198 گردێک هەیە حەوت کانی پێوەیە، دوو تاڵ، دوو سوێر، دوو ترش و یەکێک شیرین
2199 گردە خڕیلەی گیا وردیلە
2200 گردەڵەی خڕەڵە بێ شۆ و بێ جووتیارە بۆخۆی بووتە تەبارە
2201 گژوگاڵە پڕ ناوماڵە
2202 گلۆرە بایە
2203 گورگی هار کەوتە ناو داری
2204 گوریسێکم هەیە، بیگرم، کز دەبێت، بەریدەم گوناهبار دەبم
2205 گومەتی سپی بێ دەرک
2206 گووی دەڵە قنج ئەخوا
2207 گوڵێک دەڕوێنم، ڕەنگی دەردەچوێنم، ڕۆعی لەبەر نایەنم
2208 گوڵێک لە باخان دەرکەوت هەر کەسە و سی بەرکەوت
2209 گوڵێکم بینی پیتی هەڵگەڕابوو سەری کافەکەی وەڵامی نەمابوو پیتی دال و ڕای بۆ دانرابوو
2210 گوڵێکم هەیە سپی ڕەنگ تێیدایە ئاوی دوو ڕەنگ
2211 گوڵە باز دای لە هەوراز
2212 گوڵە گاڵە پڕ ناو ماڵە
2213 گوڵەسارم ئاودەدا گۆلکەشین هەڵدەستا
2214 گوڵەگاڵێکە پڕ بە ماڵێکە
2215 گوێ خڕی چل کون
2216 گوێدرێژی ئاقڵ هیچ دەنگ ناخۆشی بە پێچ هەورازی بڕی بە پێچ پێچ
2217 گوێزێکمان هەیە سپی ڕەنگ تێیدایە ئاوی دوو ڕەنگ
2218 گوێڕەوسارم ئاودەدا گوێلکە شین هەڵدەئامسا
2219 گڵۆڵە بایە، هەڵمدایە، قەت نەبڕایە
2220 گۆپکەی زێڕینە ناوتەنگی شینە بنکی ئاخنینە
2221 گۆزەڵەی پڕ لە دانوو
2222 گۆزەڵەی شەش کونە شەش مەن بارییە ئادەم سوارییە
2223 گۆزەڵەیەکم بوو قرمزیی کونی نەبوو ئاوی دەدزی
2224 گۆشت لە ژوور، ئێسقان لەدەر
2225 گۆشتی بێ ئێسک
2226 گۆشتی بێ پێشە
2227 گۆشتی سەگی گڕوێ دەخورێ
2228 گۆشتی لەدەر پێستی لەناو بەردی مەڕمەڕ دەکا بە ئاو
2229 گۆشتی لەدەر، پیشتی لەناو
2230 گۆلک لە ڕانی، گوانی دۆشی
2231 گۆلکی پوورئامانێ بەقۆڕەقۆڕ چووە ئاسمانێ
2232 گۆلکی سەر ئاو نە پێی هەیە نە پێڵاو لۆمان دێنێ ئاو
2233 گۆمێکە لە ئاو گوڵێکی لەناو
2234 گۆمەکی ئاو گۆلکە سۆر لە هنداو
2235 گیاندارێکی بێزەواڵ
2236 گیاندارەکە لە کاتی نووستندا چاو داناخات
2237 گیانلەبەر ڕەش، جلی سپی
2238 گیانلەبەرێکە قەت ئارەق ناکا
2239 گیانلەبەرە مووی نییە خواردن دەخوا ڕیتینی نییە
2240 گیانەوەر نییە ڕۆحی هەبێ مرۆڤ نییە دەستی هەبێ بە ئارەزوو ڕاو دەکا
2241 گیانەوەرێکی سەرسووڕهێنەرە شیری حەڵاڵە و گۆشتی حەرامە

2242 گیانەوەرێکە سەیری وا نییە بە دووسەر دەڕوا هیچ خوێنی نییە
2243 گیای بەندەنی مووی بزنی، کاری خوایە و فیعلی ژنی
2244 گیای هەردە، مووی بزنە، حیلمی ژنە
2245 گیای کەژوکێو مووی بزن قودرەتی خوا و فێڵی ژن
2246 گیایەکی زۆر باریک هەیە لەسەر ترۆپکی شاخێک ئەڕوێ
2247 گیزەگیزیەتی خەڵک بەتەمای خوشەی میزیەتی
2248 گیسک و کاوڕی سەربانی گیای دەقرتاند بە ددانی
2249 گیسکە بەلەی مەلایە، بەرم هەڵدا لە چیایە، نەیهێشت یەک پچکە گیایە
2251 گەر مەتەڵمان هەڵبێنی
2252 گەردن زەردم، لە دەشت و هەردم خواردنی سەردم، هەر تۆز و گەردم
2253 گەردن کۆترێ
2254 گەرم و نەرم و ورگنە پڕ لە گلێرەی هەرزنە بە پێستەوە بۆ خواردنە
2255 گەرمۆکە و نەرمۆکە پێستۆکە و چەرمۆکە
2256 گەرمی کەی نەرم ئەبێتەوە، گرێی لاشەی ئەکرێتەوە هەم دیسان سەرمای بێتەوە، وەک ئەوەڵی لێدێتەوە
2257 گەرمیشە و نەرمیشە، بەنەخوێنەکەی بکەوە و تێی نیشە
2258 گەرمە و نەرمە، دێخون وەکە و تێی نیشە
2259 گەلەم ڕانی بەچەم دۆشی وێنەی نییە تامی خۆشی
2260 گەنجە ڕیشی سپییە کە پیریش بوو ڕەشە
2261 گەورە بێ و گچکە بێ، هەندەی یەک گرانە
2262 گەڵا پان و باڵابەرز هۆی نەخۆشییە و مەرەز
2263 گەڵا سەوزی باخی مەلا ئەیقرتێنێ گەڵا گەڵا
2264 لاق تیرۆکی زک دیزۆک، دووکەڵ دەکا
2265 لاقی لە ئەزییە و سەری لە ئەستێران
2266 لاقێکە و دووگوێیە، تاقەتی فیلی پێیە
2267 لالۆم چێگە نیشتەرە قوڵیش لوێ دەشتەرە
2268 لانکی ڕانەژاو
2269 لایەک کوورەیە، لایەک کرێوە
2270 لوقمە قازی، لە هەورازی، دێتە گازی
2271 لولەی گۆشتین، دیوار ئەبڕێ
2272 لووتەی لە ماڵ تۆراو
2273 لووسی دووکون دوولکی دووگون سەری پێچاکەن بن پێ خۆش بن
2274 لووسێکی خڕە، پڕ بە لەپی کوڕە بەددان بیبڕی، لەبەریشت خۆڕاگرە
2275 لووسێکی زۆر جوانە بێگرێ و بێکەوانە لۆخۆت بیکە مژانە
2276 لیرەڕا هەتاکوو شارەزوور بەباڵ دەفڕێ سمێڵ زەردی پێستە سوور
2277 لینگ لە دوو، دەست لە گوان خورەی تێ بۆ قازان
2278 لێرە تێم وەشان لە حەلەب دەرچوو
2279 لێرە هەتا هوولەرە بەکونێ دەکا غەرغەرە
2280 لێرەوە هەتا بانە هەموو سۆفی سەرپانە
2281 لێرەڕا تا خوراسان، هەمووی بە خورما داچان
2282 لێرەڕا هەتا پردی باسا زرنگوهوڕی داسا
2283 لێرەڕا هەتا خۆراسان بەهرینگ و هوری داسان
2284 لێرەڕا هەتا هەمەدان بپرسن لە ئەقڵ بەسەران دایک کچ و کوڕ بەران
2285 لێرەڕا هەتاکو شام، هەمووی ترێ و توڵی نەمام، لە ساحێبی خۆی حەرام
2286 لێفە شڕێک بە حەواوە، بە ملیۆن پینەی پیادراوە
2287 لێو تەڕ دوونە
2288 لێو دارۆکەی ناو چەرمۆکە تیتل و پیتل و زرزرۆکە

2289 لێی دەڕوانی ڕەنگی نییە ئەم لاو ئەولای پێدەکەی بۆنی نییە دەیخۆیتەوە تامی نییە
2290 لێی هەڵدەگری زیاد دەکات ئەیخەیتە سەری کەم دەکات
2291 لە ئاسمان تەبەق تەبەق دێتەخوار ڕەق و تەق
2292 لە ئاسمان تەبەق تەبەق، لە زەوی کوچک و کەڵەک، مانوونەبێ، عەبا بەڵەک
2293 لە ئاسمان دێت و دەچێت پێتەوە ئەدا ڕاناوەستێ
2294 لە ئاسمان گەمان دەکا
2295 لە ئاسمانا دیارە ڕۆشن و پرشنگدارە
2296 لە ئاگری دەم ناسووتێ لە ئاوی دەم تەڕ نابێ
2297 لە ئاگریدەی دەمی ناسووتێ لە ئاویدەی دەمی تەڕ نابێ
2298 لە ئاو درووستدەبێ
2299 لە ئاو دەردێ لە کەیبانوو هەڵدێ
2300 لە ئاودا تەڕنابێ و بە ئاگریش ناسووتێ
2301 لە ئاودا دەژی هەردەم تینووە لە ئاو بێتەدەر هەناسەی نییە تێر ئاو بخواتەوە مردووە
2302 لە ئاودا ناخنکێ لەسەر زەوەی دەخنکێ
2303 لە ئەشکەوتێکدا سی و دووکەس دانیشتووە یەکێک سەما دەکا
2304 لە ئەمن هەیە لە ئەتوو نییە، لە دنیا هەیە لە قیامەت نییە
2305 لە بابەی دەگا لە دایەی ناگا
2306 لە باخا سەوز و گەشە
2307 لە باخان سەوزە لە بازاڕ ڕەشە لە ماڵان سوورە
2308 لە بازاڕ سپییە لە ماڵەوە زەردە
2309 لە بازاڕ سوورە و لە ماڵەوە زەردە
2310 لە بازاڕ سەوزە، لە ماڵە وە سوورە
2311 لە بازاڕ هیشکە و لە ماڵەوە تەڕ
2312 لە باوکتەوە و لە دایکتە نە براتە و نەخوشکە
2313 لە بنی ئەسپیندارە لە ناوەندی جۆخینە لەسەری گۆپارە
2314 لە بەرد درووستدەکرێ بە بەدر دەشکێ
2315 لە بەردی بدەی ناشکێ، لە داری بدەی نادرێ
2316 لە بەردییە گۆشتی زار و دڵی لە پشتییە ئاگای لە گشتییە
2317 لە بەفر سپی ترە لە خەڵووز ڕەشترە لە چۆلەکە گەورەترە لە حوشتر گچکەترە
2318 لە بەفر سپی ترە، لە ڕەژوو ڕەش ترە، لە وشتر گەورە ترە
2319 لە بەهاردا زیندووە، لە هاویندا مردووە
2320 لە پڕ نیوە، لە نیو پڕە
2321 لە پەنجەرەوە دەچێتە ژوور لە دەرگاوە دێتەدەر
2322 لە توخمی میوەهاتە
2323 لە تۆ ئەپرسم ئەی حەکیکم زانا سەرێک و زکێک و پەنجا با
2324 لە تەڕا وشکە لە وشکا تەڕە
2325 لە تەیراوەی دەستپێدەکات
2326 لە جوانی چەفتە، لە پیری ڕاسە هەرکەس بۆ شێرێ خوداشناسە
2327 لە چاڵێکی چل گەزی، فاتمەخانی تێبەزی، سەری پڕە لە دەرزی
2328 لە چڕی گرتی سەنگەر لە ئاسمان گرتی لەنگەر خۆی بۆ ڕاگرە قورێت بەسەرکەروێشک وکەو بوونەکە
2329 لە چەند پارچە پەڕۆیە جوان
2330 لە حەریر لووسترە لە تەیر خێراترە
2331 لە حەوایە لە حەوایە لە پشتی پیرەگایە
2332 لە حەوایە وەکوو نیسک لە حەوزییە وەکوو گیسک
2333 لە حەوت ئاوان بپەڕێتەوە تەڕنابێ
2334 لە خێشەوە لە پێشەوە، دەڕوا پاژنە پێ لەپێشەوە

2335 لە خەنجەر تیژترە لە شەکر شیرینترە لە سماق ترشترە
2336 لە دار ئەکرێ، لەبەرد ئەکرێ، وەکو ئەسپ زین ئەکرێ
2337 لە داری چیا لە مووی بزن ئافەرم ژن
2338 لە داری کەژ تاڵترە لە حوشتر بڵندترە لە هێلکە گچکەترە
2339 لە داک و خوشک ناگانەوە، بە باب و برا دەگاتەوە
2340 لە دنیادا سێیە لە قیامەتدا شەشە
2341 لە دوازدە یەکی حەرامە
2342 لە دوور دێ بە لورەلور دێ قەڵەم دەبڕێ و خوێن دێ
2343 لە دوور دێ، لە نوور دێ، بە قەڵەم و کاغەزی سوور دێ
2344 لە دوور هات لە دوور هات، بە کەڵافەی زەرد و سوور هات
2345 لە دوورەوە دەمی بۆ دەکەیتەوە
2346 لە دیزەت کردم، لە دەرپێم مەکە لە نانت کردم، تۆ لەجێم مەکە
2347 لە دەرەوە، لەدەر سەرما ڕچیوە
2348 لە دەستا خۆش و داماوە پێم بڵێ کە چی ناوە
2349 لە دەمەوە دەخوا لە دەمەوە فڕێدەدا
2350 لە دەوری پێغەمبەری
2351 لە زەمانی ئەسحابان، کوڕ گەورەترە لە بابان
2352 لە زەمانی پیر و چاکان کوڕ گەورەترە لە بابان
2353 لە زەمانی حەزرەتی عەکاشە پاژنەی لەپێشە پەنجەی لەپاشە
2354 لە ژوور دەژیی لەدەر دەمرێ
2355 لە ژەهر تاڵترە لە هەنگوین شیرینترە
2356 لە ساماڵی بەفر دەباری
2357 لە سبەینێ هەتا ئێوارێ
2358 لە سپیدار بەرزترە لە تاڵیشکە تاڵترە لە هەموو شتێ خۆشترە
2359 لە سکی دایکی دێتەدەرێ، پشتی باوکی دەخورێنێ
2360 لە سی پڕە لە پازدە جەحێڵە
2361 لە سەد و یەک خەڵکیدا، مەلایەک و دوو حاجی تێدا
2363 لە سەدی یەک خەڵک، مەلایەک و دوو حاجی تێدایە
2364 لە سەردا ڕەشە لە ناودا گەشە
2365 لە سەردا، تیران داوێ بێکەوان
2366 لە سەری بیێ کا نییە
2367 لە شامی کەنین لە شیراز ئامان بەخونەی شەونم بەهار دەرئامان
2368 لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەڕوا بێئەوەی بجووڵێ
2369 لە شەکر سپی ترە لە ڕەژوو ڕەشترە لە هێلکە گچکەترە لە گا گەورەترە
2370 لە شەکر شیرین ترە
2371 لە شەکر شیرین ترە، لە وشتر بەرز ترە، لە ژەهر تاڵ ترە
2372 لە شەکر شیرینترە لە ئاسن قورسترە
2373 لە فیل گەورەترە، لە سێو چوکترە، لە ڕۆن چەورترە
2374 لە قوونی لغاو دەکەم بە ئیشکی تێدەنێم بەتەڕی دەریدێنمەوە
2375 لە قەوزە شینترە لە قەند شیرینترە لە کارەبا زەردترە
2376 لە گیانلەبەردا هەیە، بە حەوتان ڕەشی ژەهری ماری تێدایە
2377 لە ماڵەوە خاڵییە، لەدەرەوە پڕە
2378 لە مرغ کەتییە یەک سپی ڕەنگێ بۆتە پاسەوان دەریای دوو ڕەنگێ
2379 لە مەزرایان ئی شینە، لە دوکانان ئیرەشە، لە ماڵان ئی زەردە
2380 لە مەڵامەتی بزورگی، دەڕوا لە شوێنی گورگی، سەری زلترە لە ورگی
2381 لە هاوینا سێیە لە بەهاردا یەکە

2382 لە هاوینیشدا حاج کاکە سوور هەڵمی دەمی ئەو دەبینرێت لەدوور
2383 لە هەشت پاوە لە چوار چاوە لەناوڕاست دارە لە قەراغ پیاوە
2384 لە هەموو شتێک ڕەقترە، لە هەموو شتێکیش نەرمترە
2385 لە هەموو شتەک ڕەقترە، لە هەموو شتەکیش نەرمترە
2386 لە هەمووکەس بێکەسترە و لە هەموانیش بەتواناترە
2387 لە هەنگوین شیرین ترە، لە مس قورس ترە
2388 لە وشتر بڵند ترە، لە شەکر شیرین ترە
2389 لە وشتر بڵند ترە، لە شەکر شیرین ترە، لە کنجوو ورد ترە
2390 لە کا و قوڕ دروست دەکرێ
2391 لە کل نزیک ترە، لە شاخ بەرز ترە
2392 لە کل وردترە لە حوشتر بڵندترە
2393 لە کن من هەتا کن تۆکوت کوت ناگاتە تۆ
لە یەک ساڵان ڕەفیقم پەیدابوو، بە ڕۆح و گیان شەریکم بوو هیچ ڕۆژێک بەرامبەرم نەبوو، هەتا ڕۆحی
2394 لەبەردەرچوو
2395 لەباخی هەرچی و پەرچی دەزانین هەیە نازانین چی
2396 لەبان بەرێ هەڵدەپەرێ
2397 لەبانەوە زەوقە لەخوارەوە تەوقە
2398 لەبنی قورینە ناوەندەکەی پووشینە لەبەرەوە نەخشینە
2399 لەبنی گڵینە
2400 لەبەر چاومە خەریکی یاریین سەری ڕەشە و ناوی شیرین
2401 لەبەر چاومە ناوی زانایە لە کاروکردەوەدا گەلێ دانایە
2402 لەبەیانییەوە تا ئێوارە خۆڵ دەکا بەسەریا، ئێوارەش وەک بووک ئەچێتە ژوور ماڵ
2403 لەبەینی دوو گردۆکان قۆڕەقۆڕی گۆلکان
2404 لەپاش بەردی کەڕ خەوتووە
2405 لەپاش قرەقڕ و شەرەشاپ پێمان دەکات قرۆقاپ
2406 لەپاڵ کێوا ڕاوەستاوە چەتری سەری هەڵداوە
2407 لەتە نالێ، خستمە چاڵی، هەتا ساڵێ
2409 لەخوارەوە چوارە، لەسەرەوە هەزارە
2410 لەخۆشیدا وێنەی نییە کەس نایخوا دەسا چییە
2411 لەدایک دەبێ دایکی خۆی دەخوا
2412 لەدایک دەبێ سەوزە کە پیر دەبێ زەردە
2413 لەدەرێ یەکە و لەژوورێ دووان
2414 لەژێر ئەخوا و لەسەر ئەداتۆ
2415 لەسەر جادە ڕاوەستاوە
2416 لەسەر زێیە حەزی لە ئاوێیە دانەوێلەی لە پشتێیە
2417 لەسەر فەرشەک دوو نەفەر یەک ئاگرە و یەک لەسەر
2418 لەسەر فەرشەک دوو، نەفەر یەک ئاگرە دن سەر
2419 لەسەر مێز دادەنرێ بەسەر هەمواندا دابەشدەکرێ و ناخورێ
2420 لەسەری درێ لەبنی خۆری تا دەیزانی پێوەی دەترێ
2421 لەسەرەوە گوڵە و لەبنەوە کانییەکە مارێکی تێدایە
2422 لەسەرەوە کونێکی زلە لەخوارەوە دوو کونی بچکۆلە
2423 لەسەرەوە یەک لەبنەوە دوو بە کنگی باوباپیرتا چوو
2424 لەسەگ بەبۆنترە، لە تووڵە ڕەش ترە
2426 لەشکر بەهەزار، بەڕێز و قەتار کۆبوونۆ یەکجار، لەدەوری یەک دار
2427 لەشی بێ ڕۆحە و دەدوێ زمانی نییە
2428 لەشی ڕەشە عەبد نییە کڵاوی سەوزە سەید نییە

2429 لەگەڵ تۆمە وەستای حەوشێ، بۆم درووست کە جووتێ کەوشێ، نەدەرزی کاری لێبکا نە تەشوێ
2431 لەلاتە و ناگیرێ
2432 لەلاتە، دەیبینی و ناگیرێ
2433 لەلایەک بەفرە و لەلایەک باران دڵۆپە زۆرن لە ماڵی یاران
2434 لەم بانی بۆ ئەو بانی، نەبا هەیە لە بانی، بە هەمووکونان دەزانی
2435 لەم تاشی بیکە ئەو تاش
2436 لەم لکی چووە ئەو لکی ناوەکەی سێسەد دەنکی
2437 لەمێژەوە لەپێشەوە بە بەرگی حەوت دەروێشەوە کێ دیویەتی پاژنەپێ لەپێشەوە
2438 لەمەو نەدایشەن بەرنێ مازی تاتەیش کرنێ
2439 لەناومە و دیاریش نییە
2440 لەنزیک و دوور لە پردێ وەک نوور
لەنزیکەوە کێوێک نادیار جێگای بیر و هۆش سەرچاوەی کردار قەدی ئەوکێوە حەوت کانی تێدا هەریەکە تامی
2441 ئاویان جیایە
2442 لەنیو تەواوە لە تەواوی نیوە هەتاکو ئێستە شتی وات دیوە
2443 لەنێوان زەوی و ئاسماندا چی هەیە
2444 لەو بانی لۆ ئەو بانی
2445 لەکاتی مانگەشەو سەگی سپی لەسەر بەفر بەچی دەوەرێ
2446 لەکاتی ڕۆیشتنندا لەدواتەوەیە
2447 لەیلێم بەرز و باریکە قەبری قوڵ و تاریکە
2448 لەیەک دەقیقەدا دووجار، لەساڵێکدا هیچ، لە قەرنێکا جارێ
2449 ماتی ماتی کلکی ڕەپ کردی چووە ئاسمانی
2450 مار دەکوژێ لە دەشتێ گۆشتیشی دەخورێ هێشتێ
2451 ماری درێژ و باریک سەری لە کونی تاریک
2452 ماری گوڵبەدەم لە ئاوێکی کەم
2453 مارێک لەناو حەوزێکدایە، گوڵێکی بەدەمەوەیە، مارەکە ئاوەکە دەخوا، گوڵەکەش مارەکە دەخوا
2454 مارێکم دیوە، بێ کلک و بێ سەر لە دوو دانە کون، سەردێنێتەدەر
2455 مارێکم هەیە سەر بە دووکونا دەهێنێرەدەر
2456 مارە تۆپیوە لە دووکونەوە سەردەردێنێ بەبەژنەوە
2457 مارە زەردە خزایە پەردە
2458 مارەتۆپیوی لە دووکونەوە سەر دەردەهێنێ بەبەژنەوە
2459 ماسی بەحرە ئاوی نییە شەرم دەکا مەلا نییە حوکم دەکا قازی نییە
2460 ماشی مەرقەی ترخێنێ، دووی دەگرن سێی هەڵدێنێ
2461 مام حەسەنی بە لنگی دەچتە شەڕی گوندەکی
2462 مامر یەک، هێلکە دوازدە، جوجەڵە سێسەد و پەنجا و پازدە
2463 مامرە قوڵەی مەریوان خۆش خۆش دەچێ بۆ دیوان
2464 مامرە کوڵەی جەوهەری هەزار هەزار لە دەوری
2465 مامی من حەیدەرە سێ قوتک لەبەرە دوو سپینە یەک زەرە
2466 مامێکم هەس هەرێ هەرێ ناوچەوان مارۆ ڕەنگی سەری
2467 مامێکم هەیە لە دوو سەرەوە لە قەدی باب و باپیرتەوە ئاڵاوە
2468 مامێکم هەیە لە دەشتی خرکە ڕیخی لە پشتی
2469 مامێکم هەیە لە دەشتی قرتاڵە گوپی لە پشتی
2470 مامێکم هەیە لە دەشتی، سی و سێ کونی لە پشتی، خۆی دەخاتە سەر پشتی
2471 مامێکم هەیە لە دەشتی، کەچە شیرێکی لە پشتی
2472 مامێکم هەیە لە دەشتێ بارەک چەقۆی لە پشتێ
2473 مامێکم هەیە لە زورگی سەلکی گەورەترە لە ورگی
2474 مامێکم هەیە لە لێری، بە سمێڵان مەرێ دادێڵی

2475 مامێکم هەیە لە هەمەدان ماڵەکەی بێ ئاوەدان کەوچکان دەکا سوور و پان پێنجیان لەوان لەبن دووان
2476 مامێکم هەیە لەسەر هەرزاڵێ گونی داهێشتووە ئەو لەناو ماڵێ
2477 مامێکم هەیە لەسەربانی پەڵووی دەخوا بەبێ نانی
2478 مامێکم هەیە لەنێو گڵی
2479 مامێکم هەیە هێری هێری گردەک نەبێ هەموو دەکێڵی
2480 مامێکم هەیە هێڵی هێڵی، دەشت و پەنا دەکێڵی، خۆی بە کولانێ دادێڵی
2481 مامێکم هەیە هەری هەری هێلکەی بەربان دەپەڕی
2482 مامێکم هەیە وردیلانە و ژێر سەری زلترە لە زکی بیخەرەوەبیر
2483 مامێکم هەیە کولک یەک هێلانە و دوو هێلک
2484 مامێکم هەیە، لە قونەوە ڕیش دەرئەکا
2485 مامێکم وا لە لێری کوڵکۆکان دادەگێری
2486 مامێکن هەس رزاڵێ پای داهێشتوووتە ناو ماڵێ
2487 مامە هورمزە ڕدێنی قرمزە سۆفی سەحەرە پاشەڕۆی خواردنە
2488 مامەکم هەیە لە دەشتی گەندووگوی لە پشتی
2489 مامەکم هەیە لە دەشتی، دەماچە قوتەی لە پشتی
2490 مامەکم هەیە لە سەر بانی، تیکان پڕ دەکا بە بێگیانی
2491 مامەکم هەیە لە سەر گەلێ، بە گونانی دەلێ : بەلێ بەلێ
2492 مانگا پیری ئالانی نەشیری هەیە نەگوانی ماستە لەپێش میوانی
2493 مانگا پیری قۆپانی نەگەلی هەیە نەگوانی دەژێنێ گشت گۆلکانی
2494 مانگا سووری حەمەشوان نەگەلی هەیە نەگوان شیر ئەدا بە هەمووان
2495 مانگا ڕەشی مام وەسمان نەگەلی هەیە نەگوان نەرەی گەیشتە ئاسمان
2496 مانگای گەڵواخی نەگەلی هەس نەگوان شیر ئەپەڕێنێ، ئەم بان و ئەو بان
2497 مانگای کاکە کەڵۆزی حەتەڵ مەتەڵ نەتۆزی شیر دەدا تۆزە تۆزی
2498 مانگایەکی بێ گەڵ و گوان شیر دەدا بە هەمووان
2499 ماهی من هەیدەرە سێ قووتک لەبەرە دوو پسییە یەک زەردە
2500 ماڵی ئەحمەد پاشایە
2501 ماڵی بێ دەرگا مزگەوتی بێ میحراب
2502 ماڵێک هەیە تەسک و تاریک پڕە لە عەجنەی مل باریک
2503 ماڵێک هەیە لەنێو ماڵان خۆشترە لە ماڵی خاڵان
2504 ماڵێکم هەس گەچکاری نەکوونی هەس نەبووخاری
2505 ماڵێکم هەیە لە چوار لاوە قیبلەیە
2506 ماین شێی شمڵ لە شان، هاوار دەبا بۆ ئاسمان
2507 ماین لە ماڵەوە کاموزامییە کوڕیلە لەبانەوە ڕەپ ڕەپانییە
2508 ماینێ سپی چەپەرجان
2509 مایینی شێیە لە حەوشێیە دەحیلێنێ و خوێن دەرژێنێ
2510 مایینە چەرمووی کەریم خان کەف دەرژێنێ شانەوشان
2511 مایینە ڕەشەی بەحریی نەتووکی هەیە نەخوریی
2512 مرخ پا زەرین پاش و نام ئاو و شوو مرکاکان و ڕۆژ مکی خواو
2513 مردار دەبێ و بەفر دەبارێ
2514 مردانە بە ڕووگییەوە دونیا ها بە نووکییەوە
2515 مردوو دەخۆم بە خوێنەوە
2516 مردوو دەنێژی ساغ دەگری
2517 مردوو زیندوو دەگرێ
2518 مردوو زیندوو لەباوەش دەگرێ
2519 مردووی پەڕۆ بە قنگ
2520 مردووی پەڕۆ بە قنگەوە وەستاوە بە چوار چنگەوە

2521 مردووی تڕ بە قەو
2522 مردووی جل بە کۆڵ چوارپەل قایمە زستانە و زستان ماڵە پایمە
2523 مردووی جل بەکۆڵ، چوارپەل قایمە
2524 مردووی دوو قوون
2525 مردووی دەنگ گەورە بروسکە و هەورە
2526 مردووی زۆر بەش
2527 مردووی گوو سپی
2528 مردووی گوو ڕەش
2529 مردووی کفن شین
2530 مردووی کێر قیت
2531 مردووە قایم پشتی بەستووە
2532 مردی بە پێوە شاپلیتە بە قونیەوە
2533 مردینە بەرۆژ یەکدی بەردەدەن شەو تا سپەیێ دەست لە ملی یەکدی دەکەن
2534 مردیی زیندیی ڕادەکێشێتە کەندی
2535 مرۆڤ دەیبینێ خوا نایبینێ
2536 مریشکێکم هەیە زەنگی زەنگی، هێلکە ئەکا پڕ بە چنگی
2537 مریشکێکمان هەیە دوازدە هێلکە دەکات
2538 مریشکە قوڵە گارەگار دەکا دانی ناخوا هێلکی دەکا
2539 مزگەوتی گۆشتە، میحرابی ئاوە ئەگەر هەڵیبێنی عەقڵت تەواوە
2540 مسقاڵێکە و پڕ ماڵێکە
2541 مل باریکە قۆڵ باریکە، من ناوێرم، تۆ ئەنێرم
2542 مل نەخشینێ لە چیا زۆرە دوژمنی گەل و خۆخۆرە قاچی سوورە و ڕەنگی بۆرە
2543 ملۆراڕە و سەرەوار بۆوە هیچ وەخت لامەکەرۆوە
2544 ملۆراوە و خاکە ڕۆسەرەو وێشرە
2545 ملی هەیە سەری نییە باسکی هەیە دەستی نییە
2546 ملی هەیە سەری نییە باسکی هەیە دەستی نییە پشتی هەیە سکی نییە
2547 ملی هەیە، سەری نییە
2548 من کێم و چیم ئەگەر نەیەم داوام دەکەن ئەگەر بێم لەبەرم ڕادەکەن
2549 من کێم؟ ئەگەر نەیەم داوام دەکەن، ئەگەر بێم لەبەری ڕادەکەن
2550 منارە لەسەر منارە سەری ئاگرە و بنی ئاوە
2551 منالێک هەر بوو لەدایک قژی چەرمووکرد
2552 منداڵی کۆکرد گریا بەسەریان کوڵی گرتەوە ناوزکی بریان
2553 مورغ ڕەنگین پڕ خەت و خاڵی پەروەردەی نەفس نازک نەوهاڵی
2554 مووەڕۆ سەرووەمەکەرۆ ئاوەختە زانات نمواچی درۆ
مۆترە ئاوێکە بێ بەرق و بەنزین، نەکار ژاپۆن نەمونتاژی چین سەد ساڵ کارئەکا بێ وەقفە و تەفسیر، بەبێ گازۆئیل،
2555 ڕۆغان و تەعمیر
2556 مۆزتەرەلینجە چییە
2557 میمکە مەتێ لە کون دەرتێ سی و سێ نەفەر دەرەقەتی نەتێ
2558 میوەیەک دەرنێم توێڵکی ناخورێ ناو دانە دانە تۆیەکەی ناگیرێ
2559 مێرگەشین و مێرگەشین، دوو سواری تێدا نەخشین، یەک ئەسپە یەک ماین
2560 مەتەڵ شەش پیتی جوانە، شارێکی کوردستانە
2561 مەتەڵ ئەم جارە پێنج پیتی رێکە بۆ مەتەڵ بەکارە پیتی سێ، دوو، یەک، چوار و پێنجی لەگەڵ
2562 مەتەڵ ئەم جارە شەشە لەلامان ڕۆژێکی ئێجگار خۆشە بۆ هەموان
مەتەڵ ئەمجارە چوارپیتی تەواو ئاگادارییە نەیخەیتە ناو ئاو ناسک و نازدار نرخی گرانە شادی بەبێ ئەو لاشەی
2563 زیندانە
2564 مەتەڵ ئەمجارە گەلێ ئاسانە

*مەتەڵ ئەوەیە لەناو زیندوانا لەسەر چوار ئەڕوا لەبەیانیانا* 2565
*مەتەڵ بە کوردیی تەواو پێنج پیتە وەکوو برووسکە لە غار و جڵتە لە ئاسمان دەڕوا نەک قور و لیتە لەکاتی شەڕدا*
*دەڵێی عیفریتە* 2566
*مەتەڵ پێنج پیتی جوانە* 2567
*مەتەڵ پێنج پیتە* 2568
*مەتەڵ پێنج پیتە ئەمجارە* 2569
*مەتەڵ پێنج پیتە بە وشەی کوردیی ئەگەر بیزانی دیارە زۆر مەردی* 2570
*مەتەڵ پێنج پیتە گوڵێکی سپی ڕەنگ* 2571
*مەتەڵ پێنج پیتە گەڵێل ئاسانە* 2572
*مەتەڵ پێنج پیتە هۆیە بۆ ژیان نە بەدەم ئەخورێ نە ئەشکی بە دان نەلە ئەرز ئەڕوێ نە بەری دارە ژیان بەبێ ئەو*
*ئێش و ئازارە* 2573
*مەتەڵ پێنج پیتە، دەخورێ و شیرینە* 2574
*مەتەڵ چوار پیتە تەواو، ئاگاداری بە نەیخەیتە ناو ئاو* 2575
*مەتەڵ چوار پیتە مەرجە بۆ ژیان، نەبەدەم دەخورێ , نەدەشکێ بە دان* 2577
*مەتەڵ چوارپیتە ئەمجارە* 2578
*مەتەڵ حەوت پیتی جوانە* 2579
*مەتەڵ حەوت پیتە زانای جیهانە لە داهێنانی زۆر باش ئەزانی دوو جار شەش لەگەڵ پێنجەمی کەپێیان وتی ئەبێ*
*بێدەنگبی* 2580
*مەتەڵ حەوت پیتە زەنگی کڵاو سەوز، ئاو ناخوا تا بەرێی نەکەن بە حەوز* 2581
*مەتەڵ حەوت پیتە سوک و ئاسانە، ناوی شارێکە لەم کوردستانە* 2582
*مەتەڵ حەوت پیتە گەلێک ئاسانە شوێنێکی خۆشە لەم کوردستانە* 2583
*مەتەڵ حەوت پیتە لەم کوردستانە، جێگای سەیران و خۆشی و ژیانە* 2584
*مەتەڵ حەوت پیتە نووسینی جوانە* 2586
*مەتەڵ حەوت پیتە، شیرین و خۆشە* 2587
*مەتەڵ خڕە نێوی بۆشە، یاری پێکردنی خۆشە* 2588
*مەتەڵ زاخاوی مێشکە بۆ ژیان ئەمێنێتەوە هەتا دێرزەمان* 2589
*مەتەڵ سێ پیتی جوانە، بیرکەرەوە و بزانە* 2590
*مەتەڵ سێ پیتە ئەمجارە، میوەیە لە بەری دارە* 2591
*مەتەڵ شەش پیت ئاسانە، خواردنە، بۆ منداڵانە* 2592
*مەتەڵ شەش پیتی ئاسانە* 2593
*مەتەڵ شەش پیتی جوانە* 2594
*مەتەڵ شەش پیتی دیارە* 2595
*مەتەڵ شەش پیتی وردە، ناوی شاعیرێکی کوردە* 2596
*مەتەڵ شەش پیتە زۆر جوان* 2597
*مەتەڵ شەش پیتە لە دەشتی بە پیت، گرد و منارە ڕاوەستاوە قیت* 2598
*مەتەڵ شەش پیتە لە دەشتی بە پیت، گرد و منارەی ڕاوەستاوی قیت* 2599
*مەتەڵ شەش پیتە، پێنج نوقتەی لەسەرە، نێوی شاخێکە بزانە کێ هەیە* 2600
*مەتەڵ گیاندارە، پێنج پیت تەواوە* 2601
*مەتەڵ مەتەڵ بایزە کەچەڵ هەڵیبێنە و خوات لەگەڵ* 2602
*مەتەڵ مەتەڵ مەیزە باری کەرەکەم نەقیزە* 2603
*مەتەڵ مەتەڵ مەیزە، مانگای ئەحمەوگەڵمیزە نەگەڵی هەس نەگوان، شیر ئەدا بەهەمووان* 2604
*مەتەڵ مەتەڵ کاورە کەچەڵ، سەری دەبڕێ دەینێ لە باخەڵ* 2605
*مەتەڵ مەڵێ مەتەڵم, بیری لێوەکە، گیانلەبەرێکە بێ دەست و لاقە، دەم و قەپۆزی وەک لوتە پاچە* 2607
*مەتەڵ نۆ پیتە و دەفڕێ باڵدارە* 2609
*مەتەڵ هەشت پیتی ئاسانە* 2610

مەتەڵ هەشت پیتی تەواو شاخێکی بەرزە ناسراوە بە ناو پیتی یەک و دوو خاکە بیزانە مەڵبەندی گشتە پاش ئەم
ژیانە 2611
مەتەڵم خۆشە حەوت پیتی ئاسانە شارێکی ڕەشە لە کوردستانە حەوت و دوو پێنج مەلی کویستانە دەنگی زۆر
خۆشە و جێی ناو شاخانە 2612
مەتەڵمان گیانلەبەرە، ئاژەڵێکی شیردەرە 2613
مەتەڵێکە بۆ خاوەن بیر 2614
مەتەڵێکە سەرلێتێکەدەر کێواوکێو دەتداتەبەر دوو جار بێت و ناوی بەری باوکی منداڵ هەڵئەدا لەسەر 2615
مەدۆرڕۆخانە تەڕ مەبۆ 2616
مەلا بەیانیان بانگدەدات ئاو دەخواتەوە و نوێژ دەکات 2617
مەلا و قەشە و ساڵە گۆشتێک دەخۆن بۆ هەموویان حەڵاڵە 2618
مەلا و ماڵم بێ، خەلیفە و قەشە بەخواردنی ئەو بەردەبنە گەشە 2619
مەلای بێ عەبا شەوگار لائەبا 2620
مەلای نامەلا و فەقێی نافەقێ سۆری دوو فەقیان، ئەولادی قونێ 2621
مەلای نامەلا ڕدێن دوو لیسکە چاوناسی شەوێ ئەولادی قونە 2622
مەلای نەبەزاو 2623
مەلایە و مەلا نییە ئاقڵە و ئاقڵ نییە بێ ڕۆحە و ڕۆحی نییە 2624
مەلایە و مەلا نییە، حیلم دزە و ڕۆحی نییە 2625
مەلێ هاتووە بە هۆهۆ، نەتانی هەیە نە پۆ 2626
مەلێ هەیە، مەڵێ: نێرە سەری شاخە ناوی شێرە 2627
مەلێک هات بە سیسی عیسا لە مووسای پرسی ئەو مەلە بۆچی ڕۆی بەبرسی 2628
مەلێکم دیوە خرپنە خشت ئەبڕێ وەکوو پنە 2629
مەلێکم هەیە بە حەواوە لە پەتکە کراوە مەلەکە ڕشاوە 2630
مەلێکم هەیە جارجار باڵدارە دوو قاچی دواوەی ئەڵێی مشارە 2631
مەلێکم هەیە مەلە ساتۆرە دوو چاوی لەبان چاوێک گلۆرە 2632
مەلێکمان هەیە مەلە خاتۆرە، قاچ و قول باریک سەرباڵی بۆرە 2633
مەلێکمان هەیە، سپی پڕ لە خاڵ دوازدە پای هەیە، سێسەد و شەست و پێنج باڵ 2634
مەلێکی زۆر بچووکە خاوەنی دوو باڵ و دەندووکە لە بۆ ئاسانکاریتان پێی دەڵێن شوانووکە 2635
مەلە دەکا ماسی نییە دەخوێنێ بلبل نییە دەفڕێ کۆتر نییە 2636
مەلەک وا بە حەواوە، بە پشتوێن بەستراوە، کە پشتوێن دەکرێتەوە، مەلەکە دەڕشێتەوە 2637
مەلەکەی سەرتەکەرە هەر پەلکەکی سەد خەنجەرە 2638
مەنجەڵی جەفتێ 2639
مەنجەڵی جەفتێ قوڵپەی کەتێ کەس نایگاتێ 2640
مەڕ دەردەکرێ و حەوش دەدۆشرێ 2641
مەڕی جوان لەسەربان گیا ئەقرتێنێ بە دوو دیان 2642
مەڕی خاڵان لە پشت ماڵان 2643
مەڕی دایە لە پشتمایە نەدەدۆشرێ و نەدەفرۆشرێ 2644
مەڕی دایە هەمینێ بەریاندا لەناو گلەشینێ نەدەدۆشرێ نەدەفرۆشرێ 2645
مەڕێ دەردەکەم حەوشێ دەفرۆشم 2646
مەڕە لەڕێ لە گوێسوانێک گیای دەقرتاند بە ددانێک 2647
مەڕە ڕەشی موکری نە مووی هەیە نەخوری 2648
مەڕە کوڕە هەڵدەگەڕێ و دەلەوەڕی 2649
مەڕە کوێری هەڵدەگەڕێ دادەگەڕی هەڵدەبڕێ 2650
مەڕە کەڕەی بن گەوڕێ هەڵدەپەڕێ و دەڵەوەڕێ 2651
مەڕەخارە لەشت مارە نەدەدۆشرێ نە دەفرۆشرێ 2652
مەڕەمای قونێ دەخۆی یا دەرخۆنە قوزێ 2653
مەڵێ بۆرە چاوی کوێرە 2654

2655 مەیلێکم هەیە لە دەشتێ حەفسەدکونی لە پشتێ
2656 مەیلێکم هەیە لەناو مەیلان
2657 مەیلێکم هەیە لەناو مەیلان وا لە دەشت و دەران ڕەشە وەک بزنان هۆکارە بۆ کا کێشان
2658 مەیلێکم هەیە مەیلانی حەوت پیتە ئەگەر بیزانی هەڵم دەسێنێ بەیانی خودام لێناکا نیگەرانی
2659 مەیلێکم هەیە مەیلانی، حەوت پیتە ئەگەر بیزانی
2660 مەیلەکم هەیە لەناو مەیلان، وا لە دەشت و دەران
2661 مەیلەکم هەیە مەیلانی، لەناو بوخچەی سوڵتانی
2662 مەیلەکم هەیە مەیلانی، نەپێی هەیە نەپانی
2663 ناخۆشییەکە زۆر سەخت و مشکیل خۆی سەختە وەلێ ناوی وەسە گوڵ
2664 نارە لەسەر منارە، سەری ئاگرە بنی ئاوە
2665 نازداری دیوەخانە
2666 ناسووتێ بە ئاگر، تەڕنابێ بە ئاو بەرۆژ لەگەڵتە، بەشەو بەجێماو
2667 نام بە قنگییەوە سەرەزوورنای ڕۆمی قنگی دەقاسپێنێ وەک کەوی دۆمی
2668 نام لێت، قەت نابێتەوە لێت
2669 نانخۆری پڕ بەرداش
2670 نانو شەوێ ڕۆنە بڕیۆ پانزە ڕوێ جا وریۆ
2671 نانەخۆرەی پێنج ئەنگوست
2672 ناو خۆشی پێست تاڵ
2673 ناوی ئاسنە و دەری گۆشتە
2674 ناوی چوارە دەوری دارە خڕە بچووکتر لە هەنارە
2675 ناوی خواردنێکە لە هەر سەرێکەوە بیخوێنیتەوە وەک یەکە
2676 ناوی دەشتە و دەشتی مووە قۆڵبەستراوە و دەستی دووە
2677 ناوی سپییە، پێستی سەوزە
2678 ناوی شارێکە لەسەر دارێکە
2679 ناوی مەتەڵ سێ پیتە، گوێی قوتە و چاوی زیتە
2680 ناوی مەشکە و دەشتێ ئاوە
2681 نالەلەتەی پەنا دیوار درووستدەبێ ڕۆژی هەزار
2682 نایچێنی شین دەبێ، دەیبڕیەوە بە کەڵکی هیچ نایە
2683 نخونی کەیەوە پڕە ڕووی لە ئاسمانکەی بەتاڵە
2684 نوولەهۆوزی نوولەهۆوزی نوولەی برایمە بۆزی نوولە لە بەرتاوی خۆیان دەدۆزی
2685 نووکی تیژە، دڕک نییە
2686 نۆ پیتە ناوی گیاندارە
2687 نۆ مانگ لە حەپسخانە و ساڵ و نیوێک سوالکەرە
2688 نۆ مانگ لە زەوی، سێ مانگ لەدەرە، هەوەڵ بۆ ئادەم، دووەم بۆکەر
2689 نۆ مانگ و زەمین سێ مانگ وەدەرە ئەوەڵ هین ئادەم ئەمجاین کەرە
2690 نۆکم چاند، نۆکی پێوەبوو نۆبەنەی گێزەری لێدەرچوو
2691 نی یەش وێ زیمی فێریویە گیریش وی باڵۆش گێریویە
2692 نێوی چوارە دەوری دارە بچووکتر لە هەنارە
2693 نە ئاشە نە باراشە دەنک دەنکی خاشە بیخۆی و نەیخۆی ماشە
2694 نە ئاشە، نە باراشە
2695 نە بازە نە قازە بولبولی خۆش ئاوازە
2696 نە پێی هەیە نە دەست چاڵ ئەکەنێ بەهەوەس
2697 نە دارە نە دیوارە تەونێک دەچنێ بێ پارە دەست ڕەنگینی تیادیارە
2698 نە دارە و نە دیوارە، دانە دانەکەی یەک هەزارە
2700 نە دارە، نە دیوارە پێچ پێچی سەد هەزارە
2701 نە دارە، نە دیوارە، بەنی هەوسارە

2702 نە دەستی هەیە نە پا دەچێتە دیوەخان قسەی دەخوا
2703 نە دەمی هەیە نە ددان فیکە لێدەدا وەکوو شوان
2704 نە ژنە و نە بێوەژنە و مەردە یەکجار بە دەست و بردە
2705 نە شیرە نە شەکرە، بەبێ هەوێن دەمەیەت
2706 نە شەپیتەی هەیە نە بەنێ جۆڵا نییە کەچی دەتەنێ
2707 نە گەنمە نە جۆیە وردە زەردەی بێ بۆیە
2708 نە لە ئادەمییە نە لە جنییە قاسیدا بەینی خەڵکییە
2709 نە لە عەردی نە لە ئاسمانی دەخوا ڕوحی ئینسانی
2710 نە لەسەر زەوییە، نە لە ئاسمانە
2711 نە مریشکە نە بارۆکە بەسەری خۆیداداوە چارۆکە
2712 نە ملی هەیە نە باڵ کە مردیش گۆشتی حەڵال
2713 نە مەمکی هەیە نە گوان شیر دەدا بە هەمزە پاڵەوان
2714 نە نێرە و نە مێیە، کاری بەجێیە
2715 نە کەرە نە ئێسترە باری لە لەشی قورسترە
2716 نە کەشکە و نەمشکە گەر نەیزانی بیگری گەشکە
2717 نە کەندە و نە لەندە کەند و لەندە بە کەندی دەڵێ لەندە بزانە چییە و چەندە
2718 نە کەندە، نە لەندە
2719 نە کەندە، نە لەندە کەند و لەندە بەکەندێوە بەندە بزانە چییە و چەندە
2720 نەئەبڕێ نەئەڕەوێ نەئەزێ
2721 نەباڵی هەیە نەبا هەڵئەفڕێ بەرەو سەما
2722 نەبایە نەبارانە، چک چک لە دارانە
2723 نەبەفرە نەباران لە دێش هەیە و لە شاران زۆرتر وەرزی بەهاران
2724 نەپی هەیە نەباڵێ دەچێتە هەموو ماڵێ
2725 نەچاندی لە نەزای بکەی نەزای لە نەنووستی بدەی
2726 نەدار و بەردە، نەگیاندارە
2727 نەدارە، نەدیوارە پێچ پێچەی چل هەزارە لۆکەپرە و لۆ ڕەشمارە
2728 نەدۆس ئەناسی نەدوژمن نامەنەن سوور وگەرمەن تەمامبی سیاو و چەرمەن
2729 نەدۆست ئەناسێ نەدوژمن تا مەنەن دوور وگەرمەن
2730 نەدەستی هەس نەپا هەواڵ ئەوا بۆ خوا
2731 نەرم وشل و بێ مووە، لە ناو ئاودا زیندووە
2732 نەگەدەی هەیە نەگیپاڵ لەشی ڕووتە بێسیپاڵ چنگی گرتووە لە دیوار ورگ زلی لادێ و شار
2733 نەگەدەی هەیە نەلاقێ بۆخۆی دەچێتە بانێ
2734 نەگەورەیە و نەبچووکە ئەرز و ئاسمان گەرە
2735 نەگەڵی هەیە نەگوان، شیر ئەدا بە هەمووان
2736 نەمامێکم هەیە لەبن گڵی، بە گونانی دەڵێ: وڵی وڵی
2737 نەمەمکی هەیە نە گوان، شیر دەدا بە پاڵەوان
2738 نەناڵە و نەبزمار، پێچ پێچۆکەی چل هەزار
2739 نەنکی کوڵکن دایکی چڵکن خۆشی گوڵچن
2740 نەنێرە نەمێیە، لە عەرز و عاسمان
2741 نەوەک کەڵە، نەوەک کەڵە شێر کەچی هەم کەڵە و هەم کەڵەشێر
2742 نەڕە نەڕە شێرە شەش باڵی لۆ ژێرە ئەوەی هەڵیبێنێ عەجەب شێرە
2743 نەکەی دەکەم کۆڵ دەبێ نە تەشتەکەم پڕ دەبێ دوکەڵەکەم کەم دەبێ
2744 ها ئەکا هشتر، هشتر ڕائەکا
2745 ها ئەکا هوو ئەکا لە قەرەتەپە گوو ئەکا
2746 هاتی بە کۆنە مەینەتە کۆنە قاچ باریکی مل تووکنە
2747 هاتە ماڵی مەرد و عەنتەر دوو کوورتەکی لەبەر ئیک سپییە، ئیک زەرد

2748 هاتەخوارێ بێ خشەخش مامە گەورەی ڕدێن فش
2749 هارم بە کوڵکنت
2750 هاشان و ماشان
2751 هانیيە و مانیيە پەڕەسێلکەی کانیيە ڕێگری کاروانیيە
2752 هاوین لە خەوێدا، زستان لە غارێدا
2753 هاوینان دەنوێ لەجێدا زستانان دەڕوا بە ڕێدا
2754 هاڕەهاڕ دەکا هار نییە دەفیشکێنێ مار نییە
2755 هووە هووە هەوا نییە چەرمۆکەیە مووی نییە خواردنی هەیە گووی نییە
2756 هرمِ کردە مەڕەکی، سەد مەڕ هات لە ڕەنگێکی
2757 هڵتدەم پەڵتدەم لە گووە شلەی مام حاجیت وەردەم دەرگات لەسەر سواقدەم
2758 هۆ هۆ خرە وەک گۆ نە نارنجە نە لیمۆ
2759 هۆشی نمەکەروو، نماچوو حەیفەن نان دنیا شاهێتەن، فرە زەریفەتان
2760 هۆڵەکم هەیە سەد سەر بزن دەبا بەڵام چڵە پووشەک نابە
2761 هی دایکت مستێکە هی باوکی بستێکە
2762 هیندۆکەی پڕ بەماڵێ
2763 هینی مینی نزیک گوێینی ئەز دەتبینم تۆ نامبینی
2764 هێزی لە ئاوە دانی لە پشتە بۆخۆی لەبەردە ڕسقی لە دەشتە
2765 هێسترە شەم شەم شەش پای دوو سم ماڵیان لە ماڵی چەم دەژی بێ ترس و خەم
2766 هێلانەی پەل پەل خواری بەناو یەکدا تەنراوی قلە خورمات بە زاری
2767 هێلکی مارێ، لە بن دارێ
2769 هێلکەکەرە و مریشک نییە، گیاخۆرە و مەڕ نییەڕەقە
2770 هێلکەی بێ تۆخڵ تامی پڕ بە دڵ
2771 هێلکەی قازان لە هەورازان
2772 هێلکەی قەتێ لە دەوڵەتێ، خوانەبێ کەس نایگاتێ
2773 هێلکەی قەتێ لە کون دەردێ کەس نایبینێ و کەس نایگاتێ
2774 هێلکەی قەتێ لەکون دەردێ کەس نایبینێ و کەس نایگاتێ
2775 هێندەی پاروەە یەکە نەک دووە نەرمی بێ مووە لە گشت دیزان ئەسکووە
2776 هێندەی پیازێکە لە هەورازێکە
2777 هێندەی گۆیەکە، سکی سپی و دڵی زەرد
2778 هێندەی هەنارێکە پڕ بە خانێکە
2779 هێڕی هێڕی
2780 هەپڵە پان و مەپڵە پان گیای شین و پەنگا پان کوڕی پیر و بابی جوان
2781 هەپڵە مەچە و مەپڵە مەچە، هەزار مێردی دەکا هەرکچە
2782 هەتا ئاسمان نەگیرێ، فرمێسکی نایەتەخوار
2783 هەتا باوکت دێتەوە دایکت تێیدەنێ
2784 هەتا بایبەیت و بیيەی بە ڕانا، قوورس دەبێ
2785 هەتا بایدەی قورس دەبێ
2786 هەتا بڕۆی لەگەڵتە
2787 هەتا بیبڕی، درێژ دەبێت
2788 هەتا بیجووڵێنی لێی دەڕژێ
2789 هەتا بیخۆی زیاد دەکا
2790 هەتا بیکێشی کورت دەبێتەوە
2791 هەتا پلی بۆ قونی نەبەی، کاوێژناکا
2792 هەتا پەتک ئاونەخوا گۆلک ئاو ناخوا
2793 هەتا پەنجەی لە قونێ ڕانەکەی ناڕوات
2794 هەتا چێری سوورمان دۆشی چێری ڕەش چووە سەربانی

2795 هەتا دار بوو، ئاوی دەخوارد لە پرێکا پیاوی دەخوارد
2796 هەتا دوورکەوێتەوە درێژ دەبێ
2797 هەتا دوولای نەگری ناکەوێتەکار
2798 هەتا دەبانی لێبەیت نایبڕێ
2799 هەتا سەرفی (خەرجی) بکەیت زیاد دەکات
2800 هەتا سەری کۆت نەکا، ئێش ناکا
2801 هەتا سەرەونخونی نەکەیتەوە، پڕ نابێت
2802 هەتاگا سوور لە حەوشە ڕاوەستاگا ڕەش لەسەربان ئامادەبوو
2803 هەتا لیی نەخوری، نارِوا
2804 هەتا لێت وەرنەگرێ ناتداتی
2805 هەتا لێی نەدەی گەورە نابێ
2806 هەتا لێی نەدەی نارِوا
2807 هەتا لێیدەی زل دەبێت
2808 هەتا لێیدەی لە خۆی دەڕێ
2809 هەتا لە سەری ڕانەکێشی نارِوا
2810 هەتا نەیبەستی ئەو بستێ نارِوا ڕزگارت دەکا لە بەفر و ئاوا
2811 هەتا نەیبەستی نارِوا
2812 هەتا وێتدەن پێت خۆشە
2813 هەتا وەپێش نەکەوی، وەدووت ناکەوێ
2814 هەتاکلکی گا ڕەش لێنەکەیەوە ناخورێ
2815 هەتاکلکی لێنەکەنەوە ناچێتە کوون
2816 هەتاکەر زا جاشک چووە سەربان
2817 هەتاکەرەکەم بەستەوە جاشکەکە گەشتە سەربان
2818 هەتاکەمبێ زۆرە، هەتا زۆربێ کەمە
2819 هەتاشان و مەتاشان توتنە سەوزەی گەلا پان، لە گوێی دەکرێ قولاپان بە دەستی دایە و بابان
2820 هەتاڵاش و مەتاڵاش ماندوونەبی خاڵە جاش
2821 هەتیتە کونە مەتیتە کونە قاچ باریک مل تووکنە
2822 هەتیوەکەی هەقلیمەقۆ سەرباریک و ورگ مەشکە دۆ
2823 هەتێ و مەتێ، لە کون دەردێ، تیر نایگاتێ
2824 هەتەتۆ مەتەتۆ سەرباریکی کین قوتۆ
2825 هەتەرۆک مەتەرۆک
2826 هەتەکان و مەتەکان کەوی شاخی قوتەکان
2827 هەتەڵ مەتەڵ مەتۆزێ مانگای حەسەن گەڵۆزێ
2828 هەتەڵ مەتەڵ مەتیزە پۆپە کلکی نەقیزە
2829 هەچکەی دووگوێچکە، باربەری هیچ نەکەر
2830 هەر ئاویش کەر نیە، هاڵی بووە
2831 هەر ئەڕوا و لێی بەرئەبێ
2832 هەر بە غار سوارەک هات، دای لە دیوار ڕمبی لێهات، هەزار دەنکۆڵەی لێدەرهات
2833 هەر جێیەک گای سووری لێ بنوێ، گیای لێ سەوز نابێ
2834 هەر چوار پەلیم لە حەواکرد چەپ و چۆپم لێپەیداکرد
2835 هەر چوار دەوری ئاوە ناوی ئاگرە نازداری دیوەخان و ژوورە
2836 هەر چواردەوری ئاگرە ناوەندی ئاوە ئەگەر بیزانی ئەقڵت تەواوە
2837 هەر چەند بیکێشی کەم دەکا
2838 هەر چەند غاربدات
2839 هەر دەخوا و تێرنابێ
2840 هەر دەستی پاشایە دادەنیشی گەدایە

2841 هەر دەم لە ماڵە گەە شەکرە گەە تاڵە
2842 هەر دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە
2843 هەر دەڕوا و پشتێن دەبەستێ
2844 هەر دەڕوا و سێبەری نییە
2845 هەر دەڕوا و لاناکاتەوە
2846 هەر دەڕۆی بەجێی دێڵی
2847 هەر دەڕۆیت و لێت بەجێدەمێنێ
2848 هەر دەڕۆیت و نایگەیتێ
2849 هەر دەیبڕی و درێژ دەبێ
2850 هەر دەیدووری و درێژ دەبێتەوە
2851 هەرساڵێ ساڵێ، هەر دەورێ دەورێ
2852 هەر لێرە هەتا بەغدایە هەموو گوریسی یەکلایە
2853 هەر لێرە هەتا خۆراسان بەخزمە خزمی داسان
2854 هەر لێرە هەتا دەرگەزێن، هەمووی سۆفی سەرلەرزێن
2855 هەر لێرە هەتا شارەزوور
2856 هەر لێرە هەتا شارەزوور ترک ترکی سمێڵ سۆر
2857 هەر لێرە هەتا شارەزوور هەمووی قەشەی ڕدێن سوور
2858 هەر لێرە هەتا قلیاسان، هەموو خرینگە خرینگەی داسان
2859 هەر لێرە هەتا مزوور هەمووی چەتەی کڵاو سوور
2860 هەر لێرە هەتا مەککە، هەموو شەکی چاوبەڵەکە، گشتی بەقسری گوان ئەک
2861 هەر لێرە هەتا کرماشان گشتی دێوانەی کوتەک بەشان
2862 هەر لێرە هەتا کەرکووک هەمووی ڕوومەت سوور و سپی وەک بووک
2863 هەر لێرە هەتاکوو شام هەمووی خواردن و ترێ و تەعام ماڵەوماڵ خێوی حەرام
2864 هەر لێرەڕا هەتا مەککە بەخێری ئەنگۆ هۆرداسان دەکا
2865 هەر لەبەیانی هەتا ئێواریێ خۆڵ وەسەردەکا ئێوارە بێگەردە بەرگی زیو لەبەردەکا
2866 هەر لەمێژە تا هەنووکە کوڕ لە باوک بەرزترە
2867 هەر ملۆ سەرەو وار بووە، هیچ وەختێ لا مەکەرووە
2868 هەر ملۆڕارە، قزارنۆ دولەکەیش تزارنۆ
2869 هەر ملۆڕاوە، مەدیو دماو
2870 هەر کە ڕۆژ ئەبێتەوە
2871 هەراو دەراو قنگ لە قوراو کەپەنگ لە شان نوقڵ لەناو
2872 هەرچی بیبەخشی کەمناکا هەتا بەخەرجی بدەی زیاددەکا
2873 هەرچەندە چکۆلەش بێ وڵاتی دادەگری بەڵام بە فوویەک لەنێودەچی
2874 هەردەپەڕی قەڵانی حیلم قوتی دەزانی
2875 هەردەم لە ماڵە گا شەکرە، گا هارە
2876 هەرلێرە هەتا باوزە هەموو مامی گەزگەزە
2877 هەروا دەڕوا بە لەنگە لەنگ، بە دە لاق و بە سێ سەر
2878 هەروا دەڕوا قنگ لە قوراو، کەپەنگ لە شان، نوقڵە لەناو
2879 هەریدەگری گرانە دایدەنێی سووکە
2880 هەریدەی چیایە دایبنێی گایە
2881 هەرەک و مەرەک نەپای هەیە نە مەچەک دەکا هەر چوار سووچی گەڕەک
2882 هەرەکە وەوێش بەستەوە، جەهەردەوە
2883 هەزا بۆ هەزار دەچێ، مردوو بۆ نزا دەچێ، باوک سێ ساڵە کوڕ بۆ شار دەچێ
2884 هەزار داوە بەنم بەستووە بە داوە بەنێکەوە
2885 هەزار سوارم بە دارەکی بەستەوە
2886 هەزار هاتن بەیەک ڕەنگ هاوار ئەکەن بەیەک دەنگ

2887 هەزار کەس چاوی لێبکا، کەم ناکا
2888 هەساری سامان دەوری فەرەنگی دوو ئاگر کرانەوە هەریەک لە ڕەنگی
2889 هەسپی سپی باری کەسک
2890 هەشت پێی دوو سەر تراوکە و خوێنی نییە
2891 هەشت پێی هەیە، بەرگە و باخچەی وشکی و تەڕی
2892 هەشتا سەربازی مردیی بەیەکەوە هێرش دەکەن
2893 هەشتان دێڵە دێڵە کۆتکە و دارقەندێلە
2894 هەشتم هەشتم شەش پای دووسم ئەگەر هەڵینەهێنی دەدەمت دەتسم
2895 هەشتی دەڕەقن هەشتی دەزەقن هەشتی هەنگاوە زکدڕی ناوە
2896 هەشتی هەر تەڕە مەتینە دووی لە دۆڵەمەقینە چواری مەچیتەچیتە
2897 هەشتیان مەترەمەتیتە چواریان مەچیتەچیتە یەکیان بانەپڵیتە دوویان پانە پڵیتە
2898 هەشتەق و مەشتەق
2899 هەشتەق و مەشتەق ئاسنی سەرزەق دای لە تەبەق
2900 هەشی پێی دووسەرە بە پێنج پیت ناوی بەرە
2901 هەشیشێ و مەشیشێ هەر لە گوی خۆی دەنیشێ
2902 هەشێو و مێشێ هەر لە گووی خۆی دەنیشێ
2903 هەشەکێنە و مەشەکێنە قول باریکە، مل تەکێنە
2904 هەفتە سێی هەیە، مانگ یەکی هەیە
2905 هەلاران و مەلاران کوڕی سۆفی سەلاران هێلکە دەکا لە داران
2906 هەلۆتر و مەلۆتر
2907 هەلۆتی و مەلۆتی، سینگە سپی گالۆتی، هەموو زەویان دەکوتی
2908 هەلۆتەر و مەلۆتەر سەر قازی مل کۆتر
2909 هەلەران و مەلەران لە دەوری باب و باپیران کوڕ چاترن لە بابان
2910 هەلەق و مەلەق دەندووکی لەقلەق کیسە وکەمبەر یا پێغەمبەر
2911 هەلەوتەران مەلەوتەران لە میرگوڵاندا لەوتەران
2912 هەلەکە مەلەکە دەستی نایە کەلەکە چووە بۆ ناو خەلەکە
2913 هەم تشتێکە، هەم دەشتێکە
2914 هەم دووربینە هەم زەڕەبینە ئەوەی نەیمابێ بێچار دەمێنێ
2915 هەمبانۆکە بێ دەرکۆکە پڕ دانۆکە
2916 هەموو بە قسری گوان دەکەن چادر و چیغی جوان دەکەن
2917 هەموو بەهاران جەحێڵە پایزان پیرە
2918 هەموو توخمەکەی ببڕێتەوە، ساڵێکی تر سەوز دەبیتەوە
2919 هەموو شتێ بەگەرمی شل دەبێ شتێک توند دەبێ
2920 هەموو شتێ دادەپۆشێ، خۆی داناپۆشێ
2921 هەموو شتێ ها بەنووکییەوە
2922 هەموو شتێک دەبینێ و چاویشی نییە
2923 هەموو شتێک دەخوا ئاو نەبێ کە ئاو دەخواتەوە دەمرێ
2924 هەموو شتێکی پیائەچێ
2925 هەموو شتەک دەبینێ، گردە ڕەش نابینێ
2926 هەموو شێکی پیا دەڕوا
2927 هەموو گردێک دەبینی گردێک نابینی
2928 هەموو لە شی کون کونە و ئاو ڕادەگرێ
2929 هەموو مانگێک جارێک لەدایک دەبێت
2930 هەموو نووستن، گزنگ بە پێوە
2931 هەموو ڕۆژێ دایکی خۆی عەرەبە ڕەشێ داوێتە سەرخۆی
2932 هەموو ڕۆژێ سەری ببڕی، هەر زیندووە

2934 هەمووکەس بە بەرگ دەکا، خۆی بە ڕووتی دەگەڕێ
2935 هەمووکەس دەپۆشێ
2936 هەمووکەس هەیەتی وکەس نایبینێ
2937 هەمیشێ و مەمیشێ هەر لە گووی خۆی دەنیشێ
2938 هەمیشە بە ئیشە بە فیشە
2939 هەن ئائیسە ئارۆ هەرکەس بتاوو ئینێ هەور بارۆ
2940 هەنارە و هەنار نییە حوکم دەکا و ئاغانییە
2941 هەناسەی هەیە ڕۆح نا، پەراسوی هەیە گۆشت نا
2942 هەناسەی وەرگرت مردووە، ئاوی خواردەوە زیندووە
2944 هەندووکە بەندووکە خڕ و لەبارە ڕەقە وەک دارە کەپووشی خوارە
2945 هەندوکە مەندوکە
2946 هەندوکە مەندوکە دەخورێت بیزانە زووکە
2947 هەندۆکە و مەندۆکە تێیدایە سەد مرواری گچکۆکە
2948 هەندی پشکە پڕی ڕشکە
2949 هەنووسە نووسە نووسە هەرچی هات پێیدا نووسا
2950 هەنووکە و مەنووکە لێی دەبارێ بەفرۆکە
2951 هەوان دەکا دەوان دەکا لە ژن باشتر نان دەکا
2952 هەورۆکە هەورۆکە لێیدەبارێ بەفرۆکە سپی دەکا ئەرزۆکە
2953 هەکاکان ڕەنگێ مەکاکان ڕەنگێ حەلقە داسە دەوری دڵیان دوو ڕەنگێ
2954 هەکاکان ڕەنگێ مەکاکان ڕەنگێ حەلقە داسە وەدەور دڵیا دوو ڕەنگێ
2955 هەکاکان ڕەنگێ، مەکاکان ڕەنگی حەڵقە داسە، وەدەور دلیا دوو ڕەنگی
2956 هەڵئەپەڕێ پای نییە، دائەنیشێ قنگی نییە، سەری سپییە مووی نییە
2957 هەڵپزان و مەڵپزان بزنی سەر قۆنتەران بە دەوری پێغەمبەران
2958 هەڵپەڕی وەک و قوڵینگی، کەڵەمێوت نەلەنگی
2959 هەڵت دەگرێ و هەڵیدەگری
2960 هەڵتەقێن و دەمتەقێن کاوڕە لەڕەی دەمتەقێن
2961 هەڵدم بڵدم دوو پای دوو سم تۆ بیکێشە من دەینووسم
2962 هەڵدم و بڵدم، شەش پێ و دوو سم، ئەگەر نەیزانی بە لووتتا تسم
2963 هەڵدێتێ و دادێتێ کلکە ڕەپ دەتباتێ
2964 هەڵدەبەزێ پێی نییە سەری لووسە موور نییە زکی دەچێ گووی نییە
2965 هەڵدەبەزێ دادەبەزێ دەمی دێنێ بۆ قوزێ دانی نییە بیگەزێ
2966 هەڵدەبەزێ و دادەبەزێ قەپ دەبا بۆ گەڵ نایگەزێ
2967 هەڵدەپەڕێ قەلانێ نە پێی هەیە نە پانێ
2968 هەڵدەپەڕێ لاقی نییە، دادەنیشێ قونی نییە، سەری سپییە مووی نییە
2969 هەڵدەچێ و دادەچێ بەقنگی باب و باپیرتا دەچێ
2970 هەڵدەستێ وەک فیلی کلکی لەبانی سەری
2971 هەڵدەسێ وەک چیایە، گەر دەنوێ وەک کا یە
2972 هەڵمەت دەبا لۆ پێشێ
2973 هەڵنیشتووە لەو چڕە زۆر توند و تیژ و جڕە هێجگار بەرزە فڕە
2974 هەڵنیشتووە لەوگردە جیقنە دەکا زۆر وردە یەکجار بە دەستوبردە
2975 هەڵهێنانێک دەڵێم لە شەش پیتانە دەرەچێ هەر مانگێ لەم کوردستانە
2976 هەڵوای تەنک نانی هەتا نەیخۆی نازانی
2977 هەڵۆیەکە چوار هێلانەی هەیە هەر هێلانەیەک سێ هێکلەی تیایە
2978 هەڵیدەگری باری هەیە دایدەنێی کاری هەیە
2979 هەڵیدەگری سەری دەخەی حەزت لێیە لە دەمتی دەخەی
2980 هەڵینکە و مەڵینکە شەریفۆکەی شەش لینگە

2981 هەڵێنە و مەڵێنە داروکێ بچەقێنە ئاردەکی ورد بێنە وەک کل بە چاوتا بهێنە
2982 هەڵێنە و مەڵێنە دارەکەی بچەقێنە ئاردەکی هۆرد بێنە، وەک کل بە چاوتیابێنە
2983 هەڵەچە هەڵەچە بیست و پازدە دەرچە
2984 هەی نورە نورە، چواردەوری بە عرە، نێوی تەندورە
2985 هەی کاکە ڕەنگێ، هەی کاکە ڕەنگێ لەدوور دیارە یەک سپی ڕەنگێ
2986 هەیتم خانوو پڕ لە تەپشوولە
2987 هەیوانێکە و پشتبانێکە چوار مەڕ و بەرانێکە
2988 وا هات سواری دەست بە گورزێ هەموو لەبەری ئەلەرزێ
2989 وانییە وایە واتریشە
2990 وتوو لە سەرا پاوشا لە شێوا شێر دوم لەبان پشت لە دەنگا دلێر
2991 ورانی وریا، ژەنینی یاخۆ زاڕ و لەو پیا
2992 وردیلە وردیلە لە بن بەردیلە، هەر کەس نەیزانێ بەچکە پشیلە
2993 وردە وەک هەرزن ڕەشە وەک بزن خەڵک لەبەری دەلەرزن
2994 وردە وەک هەرزن، بەرزە وەک حوشتر، شیرینە وەک شەکر
2995 وردە وەک هەرزن، ڕەشە وەک بزن، بە پێنج بۆی دەچن، بە دووان دەیگرن
2996 ورگێی نەرمێ تووکن
2997 وسای یەک چاو
2998 وشتری مرد لەبەر لەرەی ئەوەندە پیوی پێوەبوو بەپانی بوو نزیک شار لەسەر بەحر بەرپوەبوو
2999 وشەی کوردیە، ناوی خواردنە
3000 وڵاتێک سەوزە، ناوەکەی سوورە خەڵکەکە ڕەشە کلیلەکەی ئاسنە
3001 ویش ئینە چەی لە گوڵیش ئینە چۆ
3002 وێش موسو قنجەش موسو
3003 وەبانا یەکێ، وەخوارا دوان برینەسەی قنگ، ئەوەڵ ئاخیرمان
3004 وەتف سافی کە، وەدەس ڕەقی کە، بیکە بە کونەکەیا
3005 وەچەت چێڵ وە چەوەندە، لاشەی ئێسقان سەری پێچ پێچە
3006 وەختێ پیسا وریۆ وەختێ پوختەن مەریۆ
3007 وەختەکی شینە وەک قەزوانی وەختەکی زەردە وەک سیقەدانی
3008 وەریس ئاو دەدەن گۆلک مەزن دەبێ
3009 وەزن سووکی قیمەت گران
3010 وەستاوە لە حەوشێ خاس ئەکا جووتە کەوشێ بێ دەرزی و بێ درەوشێ
3011 وەستای زەبوور دەورەکەی بەفرە ناوەکەی تەنوور
3012 وەستای زەنوور، دەورەکەی بەفر و ناوەکەی تەنوور
3014 وەستای ناوەستا کاری زەرووره دەوری ئاوە و ناوی تەنوورە
3015 وەسە کراس و دەرزی نەدیگە وەسە ئارد و ئاسیاوی نەدیگە وەسەر دار و خەراتی نەدیگە
3016 وەک شاخە نێری هەڵئەپەڕێ کێری
3017 وەک شێلم و چەوەنەر
3018 وەک گورگی هار کەوتە ناو دار
3019 وەک گونی بابت خڕە وەک هی دایکت داقلیشاوە وەک ڕیشی باپیرت سپییە
3020 وەک وگۆی زەوی وایە، ورگی پڕ لە هەوایە، هەتا تۆ تێی هەڵدەی، ئەو خەریکی سەمایە
3021 وەکوو خونچەوایە کە تەرپوو دەکرێتەوە
3022 وەکی دەبن مردییە حەراررە کە مرد حەرام دەبێ
3023 ڕادەبڕی لە نەڵێنی نەدەدووری نەدەچێنی
3024 ڕاست و چەپی دەچییە کنی ڕێگاوبان هەڵدەچنی دەچییە ماڵان دایدەکەنی
3025 ڕاست و ڕەسیدە، ژینی بێ دیدە
3026 ڕاستە هیچ گومانی تێدانییە مشتومڕی لەسەر نییە
3027 ڕاستە و هەر دەڕوات بتەوێ و نەتەوێ هەر دەتبات

3028 ڕاستە وەک چنار چەفتە وەک هەرزن ئامۆزای شەیتان برای دێو و جن
3029 ڕامان دێنی بۆ دڵی دایکت ئەوەی تێیدایە بە دەمی باوکت
3030 ڕاوەستاوم لەسەر گردەکی بانگم کردە یەکێکی هەزار هات بە جارەکی
3031 ڕایەڵی لە سپیلکی
3032 ڕووی گەش ناوی بۆشە
3033 ڕۆژی بۆتە ساڵ، ساڵی بۆتە چاڵ
3034 ڕۆژێک چوومە دەشتی دەعبایەکم گەیشتی
3035 ڕۆڵەی بێ دایە داری پڕ سایە
3036 ڕۆڵەی شیرین و شەویلە
3037 ڕیخۆڵەیەک بە سەد برا هەمووی بە شوێن یەکا کرا
3038 ڕیزە ڕیزە داچەماوە دەورە دەوری چەرمی خاوە مردوو زیندووی لەناوە
3039 ڕیش ئێسبی ئەغەل مەغەل دەس دی چیو و پا دێ بەغەل
3040 ڕیش ئێسبی بازی ئەر سەرێ مازی سەما ماو وازی
3041 ڕیش چەرمووی لای ژووری ماڵ
3042 ڕیش چەرمی زن زن سڵاحش هاوە ژن
3043 ڕیش چەرمە و سەرووبانەی
3044 ڕێبواری یەک مانگەڕێ
3045 ڕەپ ڕەپ بۆخۆی ڕاوەستاوە پەڕۆیەکی زلی لە زاری ناوە
3046 ڕەپ ڕەپ وەستاوە پەڕۆی تیا گیرماوە
3047 ڕەپی سەرخڕ
3048 ڕەپەڵی ڕەواڵەنی، پێچ پێچەنی و دوواڵەنی
3049 ڕەحمەتێکە خەڵک بۆی دەپاڕێتەوە کاتێ پێی دەدرێ خۆی دەشارێتەوە
3050 ڕەدەستان خرێ خۆشە و داماوە پێمی بڵێ کە چی ناوە
3051 ڕەش و سپی و خاڵ خاڵە کورد بەوەوە دیارە
3052 ڕەش و ڕەشینێ سێ تایینێ جل تەڕینێ بن ئاگرینێ مەتەرەق لە سەرینێ
3053 ڕەشتاڵەی حەلقە لە گوێ
3054 ڕەشکەی بنەبانی خۆش خۆش دەچێتە کابانی
3055 ڕەشی بن بانێ، هەڵدێ لە کابانێ
3056 ڕەشی سەربەکڵاوە کاری کوتان و تیمارە لە دەستان خۆش و داماوە
3057 ڕەشی گرێ گرێ ئەگەر نەیزانی قونت خورێ
3058 ڕەشی لە نساری هەر دەداتە کابانی
3059 ڕەشی مشمشتێ لە کونێ دەخشێ
3060 ڕەشی ڕەشاندوو دەچێتە کونی بە موو دێتەدەرێ ئاوی لە دوو
3061 ڕەشی ڕەشانە لەسەر پووش و پەڵاشانە تک تک لە گیاندارانە
3062 ڕەشی کون کون لە مووی بزن ئافەرم ژن
3063 ڕەشە بزن نییە جۆ دەخوا کەر نییە
3064 ڕەشە بزن نییە کفتە دەکا ژن نییە
3065 ڕەشە بزن نییە، شیر دەدا مەڕ نییە
3066 ڕەشە چاو نییە خرە کفتە نییە
3067 ڕەشە خەڵوز نییە، سپییە بەفر نییە، لە بەعرێیە, ماسی نییە
3069 ڕەشە شەو نییە سپییە ڕۆژ نییە
3070 ڕەشە گرێ گرێ گەر نەزانی سەرت خورێ
3071 ڕەشە لاوازە بێ چاو و گوێیە کەچی ئێشکچی بەردەرکی تۆیە
3072 ڕەشە لێوی سوورە قەدی دەڵێی بلوورە
3073 ڕەشە لە بنەبانێ هەردێتە کابانێ
3074 ڕەشە لە ساری هەر دەداتە کابانی

3075 ڕەشە مێوژ نییە دەفری تەیر نییە هەنگوتک دەکا ژن نییە
3076 ڕەشە هەمبانێ هەڵدێتە کابانێ
3077 ڕەشە و گەرمە و تەڕە و تاڵە
3078 ڕەشە و لووسە و باریکە
3079 ڕەشە و ڕەقە و سەربەکڵاوە کاری کوتانە و تێماوە
3080 ڕەشە وەک بزن خڕە وەک هەرزن پێنج کەس بۆی دەچن، بە دووان دەیدزن
3081 ڕەشە وەک دێوی خواردنی لە کێوی
3082 ڕەشە وەک سێر دەڕوا وەک تیر
3083 ڕەشە وەک قیر سپییە وەک شیر
3085 ڕەشە وەک قیر قووڵە وەک بیر
3086 ڕەشە وەک قیر: دەردەچێ وەک تیر
3087 ڕەشە وەک قیری سپییە وەک شیری لە ڕێ دەڕوا وەک وەزیری
3088 ڕەشە وەک مەلحون
3089 ڕەشە وەک مەیمون لووسە وەک سابوون
3090 ڕەشە وەکی قەترانی سپییە وەک کەتانی سۆرە وەکی مەرجانی دەفڕێ دەچێتە ئاسمانی
3091 ڕەشە کار نییە جۆ دەخوا ئاژەڵ نییە ماڵ کون دەکا دز نییە
3092 ڕەشە کوڕی ڕووناکییە بە بەرزیش نەبێ قایل نییە
3093 ڕەشە کوڕی ڕووناکییە بەرزیش نەبێ ڕازی نییە
3094 ڕەشەی بێ موو سواری دایکت بوو
3095 ڕەشەی دووگون دەربەڕی لە ژن
3096 ڕەشەی ڕەش بەراز دەندووک ئەڵقەراز چل گەزی کراس
3097 ڕەق لەسەر ڕەق ڕەپ کوتەنی ئیشی ژنی
3098 ڕەقۆزەی قوزێ تامی چێشتێ
3099 ڕەقۆکە و چەرمۆکە پەتیتلە و زەنگۆکە
3100 ڕەق ڕەقایی نامەسەر نەرمایی لێمدا یەکدووجار گەیشتە گەرمایی
3101 ڕەق ڕەقایە لەسەرم دانا نەرمایە لێم دەرهێنا گەرمایە
3102 ڕەقە بەر ڕەقەی دەکەوێ سوورە بەر نەرمەی دەکەوێ
3103 ڕەقە بەرد نییە، سپییە هێلکە نییە، لە بەهاراندا زیندووە، لە زستاندا مردووە
3104 ڕەقە وەک بەرد بەرد نییە بەرزە لە ئاسمانە تەیر نییە
3105 ڕەقە وەک بەردی، تاڵە وەک ژەهری، دەخورێ وەک شەکری
3106 ڕەقە وەک دارە لووتی زۆر خوارە
3107 ڕەگی لەبن هەردی دان لەسەر هەردی ئەگەر بزانی مەردی
3108 ڕەگی هەیە دار نییە زۆر سپییە بەفر نییە
3109 ڕەنگی سوورە، دەنگی دوورە بنی گەشە، خاوەن بەشە بەشمان ئەدا، خۆی بێ بەشە
3110 ڕەنگی ڕەشە و لە ڕووناکییە ئاراستەکەی بەرەو بەرزییە
3111 ڤپاشازادەکەی نۆکەری شاران، دایمە لەنێو گوڵ و گوڵزاران
3112 کا چوو، ما دانی
3113 کا نۆکانە، کا نۆکانە
3114 کابرایەک لەنێو ڕەزی، دەیکوژیەوە وەک مەرەزی، ئەوەی بیخوا لە بەری دەلەرزی
3115 کاتێ دادەنیشێ، سێ پای هەس، وەختێ هەڵدەستێ دوو پای هەس
3116 کاچوو مادانی، بیکەرە ئەم تاشی جا ئەوجار وەرە دەیبەین بۆ ئاشی
3117 کارە قوتەی مەلایە بەرم دایە چیایە نەیهێشت قلەک گیایە
3118 کارە گەڕ خزایە بن مەڕ
3119 کارەکم بەردا سەر چیایەکی
3120 کاسێوە ماهەن، بندار و مەحکەم، یەک نەفەر ئاویش کەرۆنە
3121 کاسە شکاوێ بە حەواوە بە ئەمری خوا ڕاوەستاوە

3122 کاسە شکاوە وا بە حەواوە بە ئەمری خوا وەستاوە
3123 کاسە لەتێ بە دیوارەوە وەستاوە
3124 کاسە وکەوچک وا بە حەواوە
3125 کاسە کەلێ ها وەلێژییەوە
3126 کاسەی بلوورین چینی فەرەنگێ لەناو جامێکا هەریەک لە رەنگێ
3127 کاشی چینی ئاو لە مسی ئاگری بدەی یەخ ئەبەسی
3128 کام ئەسپ دایم خانەنشینە سەراسەر عومری بێبەرگ و زینە
3129 کام پەلەوەر وا لە کام رەگەز ئەفرێ وەک مەل، ئەزێ وەک پەز
3130 کام گیانلەبەر بە منداڵی چوار پێی و بە جوانی دوو پێ و بە پیریی سێ پێی هەیە
3131 کام منداڵە بە دایکی شیر دەدات
3132 کام هاونشینە ئەگەر ئەزانی فرمێسک ئەرژێ هەتا بەیانی
3133 کامەیە ئەوگوڵەی لە باخدا نییە بەرۆژ شکوفێ و بەشەو خونچەیە
3134 کانی چەرمە ئاوی بەردە کندر دەرزی دوولک شاخە
3135 کانی سەرنشێو جۆگەی سەر هەوراز
3136 کانی نییە ئاو دەدات هەموو شتێک قووت دەدات
3137 کانی نییە، ئاو دەدا
3138 کانیلەی کپکپۆکان دووکونە رێوی و دوو ماری رەش
3139 کانیلەیەکم هەیە، دەورەکەی بەردە و نێوەکەی ئاوە
3140 کانییە گەنێ لەبن بەنێ شا و شازادە دەست دەبەنێ
3141 کانییە مەرێ جڵقنێ، هەمووکەس دەستی دەبەنێ
3142 کانییەک هەیە لە چیایە سی و دووگەوهەری تیایە
3143 کانییەکم هەیە پڕ لە مەنێ میر و مەلا دەست دەبەنێ
3144 کانییەکم هەیە دیارە لە لێژیی هەر کەسێ دێ لێی دەچێژی
3145 کانییەکم هەیە سی و دووگەوهەری تیایە
3146 کاوڕکوڕێ گیای لە وڵات بڕی
3147 کاوڕێ کاوڕێ، گیای لە وڵات بڕێ
3148 کاوڕە لەڕێ لەبن مەڕێ هەڵدەپەڕێ
3149 کاوڕە رەشی سەربانێ گیای دەقرتێنێ بە زمانێ
3150 کاکۆڵداری پاپۆڵداری تێکەڵکاری سوێرکەرکاری
کاکۆڵی هەیە وەک بابۆڵەیە خواردنی بەتامە و بێ بۆڵەیە جارێک شیرینە جارێک سوێر دەکرێ بۆ برژاندن دەبێ بە
3151 کولێرەش دەکرێ
3152 کاکە عەلی بەتاوە، وە پای زێڕین نیشتە بان ئاو
3153 کاڵەکێک دوازە قاشە، یازدەی دەخورێ، یەکێکی حەرامە
3154 کچ لە خانی، کەزی لە سەر بانی
3156 کچی پاشا سەد تەندورەی لە پیایە
3157 کچێ لە داکی تەمبەڵان بخوازە
3158 کچە پاشایە بیست کراسی لەبەردایە
3159 کراسی بۆری گوڵ گوڵ فرمێسکی فێنکی دڵ
3160 کراسی یەک تەقە کڵاوی سەر رەقە بۆ خواردن هەقە
3161 کراوەکی خڕ پڕ مار و مێرووی تەڕ
3162 کرێچییە و پارە نادا
3163 کلک باریکە و سەرپانە هەڵیش ئەخوولێ و بێگیانە
3164 کلک درێژی دەم تیشن
3165 کلک فشی گوێ قیت دەمدرێژی چاو زیت
3166 کلکی باریک خۆی ئەستووە ئەگەر بزانی تەنوورە
3167 کلکی بەر و کلکی دوا یەک بۆ مێشە یەک بۆ گیا

3168 کلکی پاکە و ڕیشی پیسە لە هەموو ماڵێ پێویسە
3169 کلکی لێدەکەیتەوە و دەیهاویتە هەوگی
3170 کلکی مقەس ڕوو هەترەس
3171 کلکی مقەست سەری مارە زکی بەرخە پشتی کارە
3172 کلکی نییە کلکەوانەیە لەبۆ کوڕ و کچان نیشانەیە
3173 کلکی واڵایە پێشی بەڵایە
3174 کلکی ڕەپ بوو قولەڕەش دەربوو
3175 کلیل و قفڵ کلیلدارە، لە هەموو شارێ خەبەردارە
3176 کلیلی مەکە کلیلدارە، لە هەموو شارێ خەبەردارە
3177 کلیلەی زێڕین
3178 کوتکە دارێکە دادگەری شارێکە
3179 کوشتمەوە، خوێنی نییە
3180 کونە کردەڵە، نۆمەن باریەتی، ڕۆحدار نییە، ڕۆحدار سواریەتی
3181 کووجەڵە کووجەڵە دووسەد کووجەڵ
3182 کوڕی ئاوە و لە ئاودا دەخنکێ
3183 کوڕی خاکم زۆر بەناوم نزیک ئاور برای ئاوم
3184 کوڕی دایک و باوکتە و براشت نییە
3185 کوڕی کوڕمە برای مێردمە
3186 کوڕەکمان بوو بێ سەر و پا، هەموو بیکەن شوکوری خوا
3187 کڵافەی چین چین مرخ بێزمان، هەرچی هەڵیبێنێ ڕۆستەم پاڵەوان
3188 کڵافەی چین چین، چین لەسەر چین هەرچی بیبینێ بە هەمووان بۆی دەچین
3189 کڵاو تونێ، دەرخۆنە قونێ
3190 کڵاو چەرمو وەک مەلا نەلقی هەس نەگەڵا
3191 کڵاوی قازی لەناو ڕەزی هەڵدەبەزی
3192 کڵاوی لەسەرە مرۆڤ نییە گەورە ئەبێ ئاژەڵ نییە
3193 کڵاوی هەمزە پاڵەوان، بێ تیکە و بێ دروومان
3194 کڵاوێکیان هەیە بە سێ برا بۆ ئەم ماڵ و ئەو ماڵ برا
3195 کڵە مووی نییە شلە دۆی نییە
3196 کۆترێک هات بە هانەهان
3197 کۆتکە دارێکە
3198 کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
3199 کۆمەڵە شاخێک بەرز و گەردن کەش، ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش
3201 کۆنە ناڵێک نامەچاڵێک هەتا ساڵێک
3202 کۆڵی بەردە، خواردنی گیایە، ڕنینی بایە
3203 کۆڵەووژی گیان کێشانێ دۆست و دووژمن ناناسێ
3204 کۆڵەکێکە لەسەر کۆڵکە هەیوانێکە لەسەر هەیوان کوڵەگۆچانێکە
3205 کیتەڵە گەڕا سەرقاپی خۆی دۆزییەوە
3206 کیلۆیەک ئاسن یان کیلۆیەک لۆکە کامیان گرانترە
3207 کێ ئازایە هەڵی بێنێ هەموو شتێکی پێدا دەچێ
3208 کێ بە هەموو زمانێک دەزانێ
3209 کێ شارەزای هەموو زمانێکە
3210 کێر قیتی قون فش
3211 کێوێک بەسەر کێوێکەوەیە جۆرە چرایەک بەسەریەوەیە
3212 کێوێک دوو بازی پێوەیە بەقەد یەکن و بەیەک ناگە
3213 کێوە خڕە کەرەگەتە بە گیا وردە
3214 کە ئەزێت ئەمرێ

3215 کە برسی بوو دەم دەکاتەوە کە تێربوو دەم دەئاخنێ
3216 کە بەکاری دێنێ، فرمێسک دەڕژێ
3217 کە دەچیتەوە ماڵ لەپێش تۆدا بە دەرگادا دەچێ
3218 کە لەدایک دەبێ، کلکی هەیە، لاقی نییە کە گەورە دەبێ، لاقی هەیە کلکی نییە
3219 کە هاتەدەر لە مەشکە بخۆ شیرێژ وکەشکە ئەوەی تێیدا وەمێنێ وەکوو ئاو دەخورێتەوە
3220 کە هاتەدەر لە مەشکە چەوری ڕۆن وکەشکە ئەوەی دەمێنێتەوە دەخورێتەوە
3221 کە هەڵیدەگری ئەزریکێنێ کە دایدەنێ ژیر دەبێتەوە
3222 کەپری بێ کۆڵەکە
3223 کەپری چەرم پێپلەی ئاسن
3224 کەپرەکا بێ ستینە
3225 کەپرەکم هەیە، کەپرۆکێ
3226 کەپەنگ ئەولادی خوری، ئەگەر نەیزانی لەبەرم مری
3227 کەر زەڕی جاشک پەڕی
3228 کەر کەوە، کڵانەی کەوە بەگیای کەوە، خۆی بەستەوە
3229 کەرۆکەرۆ، کابی دکەم بە زۆ هێدی هێدی دیچمێ وەڕۆ
3230 کەری بێگیان، باری گیاندار
3231 کەری شین کەربەندی شین دەتبەستمەوە بە گیای شین
3232 کەری مردی
3233 کەری ڕەش مەزرەقەی خۆش
3234 کەرێکم هەیە کەس نەی لەوەڕاندووە گۆمێکم هەیە کەس نەیشڵەقاندووە
3235 کەرە قووڵەی پشت ماڵان کلکی بە دەست منداڵان
3236 کەرە قوڵەی مام مەمەندی، خۆش خۆش دەیدا لە ئەرزی
3237 کەسکی گیایە سپی شیرە زەردی لیرە

## چەند وتەیەک

ئەمەی بەردەستتان، بایندەرێکی ڕێکخراوی تەواوی ئەو مەتەڵانەیە کە کوردیپێدیا لە داتا-بانکەکەیدا ئەرشیڤی کردووە.
لەم بایندەرەدا ڕەچاوی ڕیزبەندیی ئەلفوبێی پۆل و سەربابەتەکان کراوە، پاشان زمان و شێوەزمانەکان.
تۆمارەکان بەپێی توانا و دەستکەوتنی زانیاری، پێناسیان نووسراوە، وێنە و فایلی پی. دی. ئێف ئەگەر دەستمان کەوتبێت خراوەتە پاڵ تۆمارەکەیەوە. هەروەها هەر مێتاداتایەکی تری پێویستیش وەک پاشکۆ لەگەڵ تۆمارەکاندا دانراون.
لەگەڵ هەر تۆمارێک لینکێک هەیە، ئەو لینکە گرێدراوە بە تۆمارەکەوە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا، بابەتەکان هەندێکجار گۆڕانکارییان بەسەرداهاتێت و باشتر دەکرێن، مێتاداتا، وێنە و فایلی پەیوەندیداریان دەخرێتەسەر، بۆ ئەوەی لە دوا ڤێرشنی ئەو تۆمارە ئاگاداربیت، کلیک لە بابەتەکە بکە و لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا بیکەرەوە.
لە کۆتایی هەر بابەتێکدا، وێنەی کویک ڕیسپۆنس هەیە، ئەم وێنەیە کە سکێن دەکرێت، یەکسەر دەتباتە سەر بابەتەکە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا.
هەندێک بابەت پەیوەستکراوە بە بابەتی ترەوە، بۆ نموونە نووسەر بە پەرتووکەکانییەوە، یان هەندێک بابەت فایلی پەیوەندیداری لەگەڵە، ئەوانە لێرەدا پیشان نەدراون و بۆ بینینیان دەبێت لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا سەیریان بکەیت.

تێبینی: وەشانی یەکەمی ئەم کوردیپێدیانامانە، تاقیکردنەوەن!
ئەم پەرتووکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی تایبەت بە ڕێکخراوی کوردیپێدیاوە ئافرێندراوە.
بەهیوای ئەوەی ئەم بایندەرە زۆرتر و پاکژتری بکەین و بەزووترین کات وەشانێکی تر بخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز..

ئەم بایندەرە، سەرئەنجامی کاری بەردەوامی چەند ساڵەی ئەرشیڤوانانی کوردیپێدیایە. بەبڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە کوردیپێدیا هیچ دەستکەوتێکی ماددی پەیداناکات. تکایە لە کاتی سوودوەرگرتن لەم بایندەرە لە تۆژینەوە و نووسینەکانتاندا، ئاماژە بە ناوی ئەم بایندەرە، ژمارەی وەشان، ساڵی دەرچوون و کوردیپێدیا بکەن.

گرنگە ئەوە بگووترێت کە ئەم بایندەرە لێکۆڵینەوە نییە! تەنها کۆکردنەوەی زانیارییە وەک سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە پەیوەندیدارەکان بەم بابەتەوە.
سوپاس.

ڕێکخراوی کوردیپێدیا
https://www.kurdipedia.org
contact@kurdipedia.org
03-09-2024

## بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا

| # | ناوی پەرتووک | زمان | ژمارەی وەشان | لاپەڕەکان - A4 | بابەت | ڕۆژی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 50 | شوێنەوارنامە - وەشانی 3 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 3 | 1.801 | 1.272 | 2024-08-29 |
| 49 | کۆڵبەرنامە - وەشانی 2 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 484 | 352 | 2024-08-28 |
| 48 | سیاسەت و پلانی زمان بۆ هەرێمی کوردستان | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 54 | 1 | 2023-08-19 |
| 47 | ژینانامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 435 | 253 | 2023-07-22 |
| 46 | لۆزاننامە - وەشانی 2 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 1.425 | 339 | 2023-07-17 |
| 45 | سایکس-پیکۆنامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 1.100 | 235 | 2023-04-07 |
| 44 | سیڤەرنامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 1.416 | 274 | 2023-03-25 |
| 43 | وەرزشنامە - وەشانی 3 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 3 | 1.106 | 1.351 | 2023-02-09 |
| 42 | ئەنفالنامە - وەشانی 3 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 3 | 3.821 | 4.613 | 2023-01-26 |
| 41 | مەتەڵنامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 1.357 | 2.477 | 2023-01-25 |
| 40 | ژنکوژینامە - وەشانی 4 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 4 | 105 | 122 | 2022-08-18 |
| 39 | شهدائنا في حرب ضد الدولة الاسلامية - داعش، الطبعة 2 | عربي - Arabic | 2 | 501 | 698 | 2022-08-18 |
| 38 | ئاراسنامە – وەشانی 3 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 957 | 1.526 | 2022-02-08 |
| 37 | 2020نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 687 | 366 | 2021-02-25 |
| 36 | 2019نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 459 | 363 | 2020-01-01 |
| 35 | ژینگەنامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 173 | 158 | 2019-01-10 |
| 34 | 2018نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 624 | 365 | 2019-01-03 |
| 33 | 2017نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 472 | 363 | 2018-01-03 |
| 32 | چۆنێتی بەکارهێنانی کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 30 | 0 | 2017-04-02 |
| 31 | 2016نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 208 | 348 | 2017-01-22 |
| 30 | دور احداث شنكال في تطوير القضية الكردية | عربي - Arabic | 1 | 20 | 0 | 2016-09-26 |

| # | Title | Language | | | | Date |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 29 | رۆڵی رووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 21 | 0 | 2016-08-08 |
| 28 | شەهیدانی شەڕی داعش - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 1.734 | 3.287 | 2016-05-12 |
| 27 | 2015نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 153 | 339 | 2016-01-01 |
| 26 | یارینامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 11 | 9 | 2015-09-17 |
| 25 | ناندینامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 29 | 45 | 2015-09-17 |
| 24 | یاسۆکنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 189 | 141 | 2015-09-11 |
| 23 | هونەرنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 1.219 | 2.075 | 2015-09-10 |
| 22 | چالاکواننامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 1.249 | 2.075 | 2015-09-10 |
| 21 | وێنەنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 882 | 2.333 | 2015-09-10 |
| 20 | بەڵگەنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 847 | 771 | 2015-09-10 |
| 19 | ئەتڵەسنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 42 | 93 | 2015-09-10 |
| 18 | ئامارنامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 901 | 1.191 | 2015-09-09 |
| 17 | نووسەرنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 2.703 | 4.563 | 2015-09-09 |
| 16 | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 325 | 719 | 2015-09-08 |
| 15 | پەرتووکنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 5.207 | 11.223 | 2015-09-08 |
| 14 | گەینامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 190 | 476 | 2015-09-07 |
| 13 | ناونامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 1.347 | 4.294 | 2015-09-07 |
| 12 | پەندنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 1.579 | 5.613 | 2015-09-07 |
| 11 | ژیندانینامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 2.849 | 7.015 | 2015-09-07 |
| 10 | داعشنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 58 | 92 | 2015-03-14 |
| 9 | کۆبانێنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 136 | 191 | 2015-02-01 |
| 8 | شوێننامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 1.347 | 2.957 | 2015-01-22 |
| 7 | پێشمەرگەنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 353 | 536 | 2015-01-21 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | جاشنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 140 | 287 | 2015-01-18 |
| 5 | ڕێکخراونامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 510 | 960 | 2015-01-16 |
| 4 | هاوڕێنامە - وەشانی 4ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 4 | 1.859 | 5.035 | 2015-01-15 |
| 3 | براکوژینامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 172 | 285 | 2015-01-11 |
| 2 | شەهیدنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 2 | 3.935 | 7.345 | 2015-01-04 |
| 1 | 2014نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1 | 166 | 344 | 2015-01-01 |

# دەربارە

دەربارەی کوردیپێدیا

Derbarê Kurdîpêdiya

دەربارێ کوردیپێدیایێ

چە بارەو کوردیپێدیای

About Kurdipedia

Über Kurdipedia

حول كورديبيديا

درباره کوردیپدیا

О Курдипедии

Kurdipedia Hakkında

پێناسە
کوردیپێدیا، پرۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟...!
ڕێکخراوی کودیپێدیا ساڵی 2008 لەلایەن هاوڕێ باخەوانەوە دامەزراوە.
کوردیپێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (encyclopedia) کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات. بۆ یەکەمجار وشەی کوردیپێدیا لەلایەن دامەزرێنەری کوردیپێدیاوە ئافرێندراوە.
سەرچاوەکانی کوردیپێدیا
-ئەو تۆمارانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەنێو ماڵپەڕەکانی ئنتەرنێت دەیدۆزێتەوە و لە یەکێک لە پۆلەکانی کوردیپێدیادا چروپریدەکاتەوە و هەندێکجاریش هەوڵی گۆڕینی ڕێنووسە هەڵەکانی دەدرێت و بەشێوەیەکی درووست تۆماریدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆکی بابەتەکان بکرێت. هەر بابەتێک لە هەر ماڵپەڕێکەوە وەربگیرێت، وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی ماڵپەڕەکە لە لیستی سەرچاوەکەدا
تۆماردەکرێت =KTML_Quote_Begin==KTML_Style=width:30%;float:right;=KTML_Quote_Icon=” .
=KTML_Quote_Content=کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پرۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپێدیایە=KTML_Quote_End=.
-ئەو بابەتانەی کە میوانانی کوردیپێدیا بۆماندەنێرن و لەڕێی فۆڕمی تۆمارکردنی بابەتێکەوە ئامادەیدەکەن. هەر بابەتێک لەلایەن هەر میوانێکەوە بەدەستمان بگات، ناوی ئەو میوانە دەبێتە سەرچاوەی ئەو بابەتە. تکایە هەر کەسێک نایەوێت ناوی لە لیستی سەرچاوەکانی کوردیپێدیادا ببێت با ئاگادارمانبکاتەوە.
-ئەو نامە تایبەتییانەی کە بەدەست کوردیپێدیا دەگەن و پەیوەستن بە ژیان و کارنامەی ئەو کەسانەی کە دەخوازن وەک بابەتێک بێنە نێو ئەم کوردیپێدیایەوە.
-ئەو بابەتانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لە دوو توێی بڵاوکراوەکاندا ئامادەیدەکات و چروپریدەکاتەوە و پۆلێنی دەکات.
-ئەو دیمانانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەگەڵ کەسانێکدا ئەنجامی دەدات، بە مەبەستی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسێک،

شوێنێک، ڕێکخراوێک، بڵاوکراوەیەک یان هەر شتێکی تری پەیوەست بە کوردستان و کورد.
-تەواوی بابەتەکانی پۆلی ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا) تا ساڵی 2010 لە داتابەیسی هاوڕێنامەوە وەرگیراوە، بڕوانە:
هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999 .
هەر تۆمارێک بێتە نێو کوریدیپێدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لەدەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێڕوانینەوە هەندێکجار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.
کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پرۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپێدیایە.
تکایە ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەڕێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لێرەدا ببێت، ئەوا کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکەنەوە.
کوردیپێدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەربگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکارناهێنێت.
کوردیپێدیا بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێڕانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی درووست، تکایە لە هەڵە و کەموکوورتییەکانمان ببوورن.
هەر زانیارییەک لە کوردیپێدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەی و ناوی کوردپێدیای لەسەر بنووسرێت.
ماڵپەڕ و داتابەیسی کوردیپێدیا بە دۆت نێت C - شارپ و SQL بەتایبەت بۆ ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئامادە و بەرنامەکراوە، بەردەوامیش لە باشکردن و گەشەکردندایە. ڕۆژانە لەسەر دوو سێرڤەری جوودا بەکئەپی داتا و وێنەکان دەکرێت، تاوەکو پارێزراوبن لەهەر هێرشێکی هاکەرەکان.!
ماڵپەڕی کوردیپێدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگڵ کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بەبێ کێشە کاردەکات، تکایە ئەگەر هەر کێشەیەکتان بوو ئەوا ئاگادارمان بکەنەوە..
بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارمان کاک (هەڤاڵ نەژاد) ەوە، کوردیپێدیا لە ڕۆژی 11-11-2013 بووە ڕێکخراوێکی فەرمی و لە هەولێر لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا.
لۆگۆی کوردیپێدیا بەتایبەتی بۆ کوردیپێدیا لەلایەن کۆمپانیای لۆگۆ-لەڤ-ەوە درووستکراوە. کۆپی ڕایتی فەرمیی هەیە و جگە لە کوردیپێدیا یان ئاماژە بۆ کوردیپێدیا، هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە بەکاریبهێنێت.
بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بکەینە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کوردا!

ئەرشیڤوانانی کوردیپێدیا :ئاراس ئیلنجاغی | ئاراس حسۆ | ئەسعەد ڕەشید | ئەمیر سیراجەدین | ئەڤین تەیفوور | بەناز جۆڵا | زریان سەرچناری | زریان عەلی | سارا سەردار | ساراک | سروشت بەکر | سەریاس ئەحمەد | شادی ئاکۆیی | شەنە بەکر | لانۆ ڕێبوار جەمال سەگرمە | میلانۆ محەمەد ساڵح | هاوڕێ باخەوان | هومام تاهیر | هەژار کامەلا | ڕاپەر عوسمان عوزێری | ڕۆژ هەژار | ڕۆژگار کەرکووکی | ڕێبوار جەمال سەگرمە | ڤەژەن کشتۆ | کاروان م. ئاکرەیی | کاکۆ پیران | کشمیر کەریم...
هاوکارانی کوردیپێدیا

دامەزرێنەری کوردیپێدیا: هاوڕێ باخەوان
2008-2024

https://www.kurdipedia.org

contact@kurdipedia.org

# Central Kurdish - کوردیی ناوەڕاست

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1**
**ئاخری دنیا چییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231213205941536589

ئاخری دنیا چییە؟
ئاخر: کۆتایی. لەناو بیری مرۆڤدا سەرەتا و کۆتایی بۆ هەموو شتێک دانراوە، واتە: کەسەکان وابیردەکەنەوە کە هەموو شتێک سەرتا و کۆتایی هەیە، مەتەڵەکە جۆرێک یاریکردنە بە پیتی ناو وشەی (دنیا) لە گوێگر دەپرسێت، کۆتایی دنیا چییە، مەبەست لە پیتی کۆتایی وشەی دنیایە. وەڵام (پیتی ئەلفی کۆتایی وشەی دنیا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی پێشینان، مەتەڵی کوردەواری، ع.ع.شەونم، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی، 1989، ل5.

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2**

**ئادەم و حەوا دەچنە ناو چل کەس، چۆن دەیان ناسیتەوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231213210613536591](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231213210613536591)

ئادەم و حەوا دەچنە ناو چل کەس، چۆن دەیان ناسیتەوە؟
ئادەم و حەوا: بەپێی ئەفسانەی ئایینەکان، یەکەمین دوو کەس بوون کە خودا درووستی کردوون، هەموو مرۆڤایەتی لەوانەوە داکەوتوون، ئادەم و حەوا لە دایک و باوکێک لەدایک نەبوون، بۆیە ناوکیان نییە، چونکە ئەوەی لەدایکبووبێت ناوکی هەیە.
وەڵام (بەهۆی نەبوونی ناوکیانەوە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی پێشینان، مەتەڵی کوردەواری، ع.ع.شەونم، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی، 1998، ل15

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3**

**ئادەم بیە دەم دەم بیە**

20220921150241435314=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئادەم بیە دەم دەم بیە
گۆشتی من پارەک نییە
لاقی من دەرێی دەرزییە
سەری من دەرێی مازییە
هێندە لە دووی من ماندییە
وەڵام (چۆلەکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد، کۆکردنەوەی: عەلی مەعروف شارەزووری، بەرگی یەک، ل130

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 4**

**ئادەمییە دەم دەم ییە، گۆشتی من پارەک نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008202727438547

ئادەمییە دەم دەم ییە
گۆشتی من پارەک نییە
لاقی من دەرێی دەرزییە
سەری من دەرێی مازییە
هێندە لە دووی من ماندییە
لە زاری چۆلەکەوە دەڵێت: قاچم بەقەدەر دەرزییەکە، سەرم بەقەدەر مازوویەکە، گۆشتی من بەقەدەر پارووییەک نییە، بۆچی مرۆڤ دەمکوژێت و دەمخوات. وەڵام (چۆلەکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد، کۆکردنەوەی: عەلی مەعروف شارەزووری، بەرگی یەک، ل130

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 5**

**ئارد گەنم بەهارە نووکی کەمێک خوارە**

20230927154526523606=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئارد گەنم بەهارە
نووکی کەمێک خوارە
مەبەستی مەتەڵەکە نۆکە، (نۆک جۆرێک دانەوێڵەیە، لە مێژووی کۆندا یان لەکاتی نەهامەتیدا هاڕیویانە و کردوویانە بە نان) ، ئارد گەنم بەهارە، مەبەستی لە ئاردی نۆکە کە بە ئاردی گەنم بەراوردکراوە، نووکی خوارە، مەبەست لە دەنکی نۆکە کە نووکێکی خواری بچووکی هەیە. وەڵام (نۆک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل54

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 6**
**ئارد یەریە ئاسیاو نییە چۆ تراشتە، نەجار نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013205417526054

ئارد یەریە ئاسیاو نییە
چۆ تراشتە، نەجار نییە
وەڵام (سرینچک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خوارو: | لوڕی ڕەسەن |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل30

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 7**
**ئاردی بێژراو هێڵەک نەدیتو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915221000520804

ئاردی بێژراو
هێڵەک نەدیتو
ئاردی تەقیاگ
هێڵەک نەدیگ

تەقیاگ: بە دەغڵێک دەوترێت کە تەتەڵەکرابێت. نەدیگ: نەبینراو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) هێڵەک: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بێژانەوەی ئارد بەکاردێت، ئاردی تەقیاگ یان بێژراو، مەبەست لە بەفرە، هێڵەک نەدیگ، مەبەست لە بارینی بەفرە، وەک ئەوە وایە بە هێڵەک ئارد ببێژرێتەوە. وەڵام (بەفر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل7

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 8**
**ئاردی خوساو ئەستێوڵک نەدیو**

20221008203603438551=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئاردی خوساو ئەستێوڵک نەدیو.
لە وەرزی زستاندا بەفر دەبارێت و دەکەوێتە سەرزەوی، ڕەنگی سپییە و زەوی تەڕدەکات، ئاردی خوساو، مەبەست لە بەفرە، کە لە سپێتیدا لەیەکدەچن، ئەستێوڵک: ئاسنێکی درێژ و باریکە، دەیخەنە سەر دەمی تەنوور، دەیخەنەسەر بۆ کوڵان (فەرهەنگی ڕێژگە) واتە: بەفر کە لە ئاسمان دەبارێت، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر زەوی، ئەستێوڵکی ناوێت. وەڵام (بەفر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل10

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 9**

**ئاردی لێکراو ئاشی نەدیو کراسی دڕاو دەرزی نەدیو داری تاشراو تەشوێ نەدیو**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908091704519614](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908091704519614)

ئاردی لێکراو ئاشی نەدیو
کراسی دڕاو دەرزی نەدیو
داری تاشراو تەشوێ نەدیو
ئاش: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە بۆ هاڕینی دانەوێلە بەکاردیت. تەشوێ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بڕینی دار بەکاردێت، مەبەستی مەتەڵەکە (سنجووە) دارێکە گەڵای وەک داری (بی) وایە، بەرێکی شیرینی هەیە، کەمێک لە خورما بچووکترە، (فەرهەنگی خاڵ) سنجوو کە وشبووەوە سەرەتا بەرەکەی دەتەقێت، وەک کراس پێویستی بە دوورینەوە نییە، سنجوو دوای وشکبوونەوە دەتەقێ و بۆخۆی ورد دەبێت، پێویستی بە ئاش نییە، هەروەها داری سنجوو ساڵانە بە تەشوێ پێویستی بە بڕین نییە. وەڵام (سنجوو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل118

کاتی تۆمارکردن: 08-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 10**

## ئاردی هارپیاو ئاشی نەدیتوو زوو هەڵیبیێنە لێ مەدە فیتوو

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212223810450654

ئاردی هارپیاو ئاشی نەدیتوو
زوو هەڵیبیێنە لێ مەدە فیتوو
مەبەست لە تووی وشکە پێشی دەوترێ قاوتەتوو، (هارپیاو: هاڕاو. فیتوو: فیکە) ئاردی هارپیاو ئاشی نەدیتوو، واتە: تووی هاڕاو ئاشی ناوێ، بەڵکوو بە دەست دەیکوتن، زوو هەڵینبێنە لێ مەدە فیتوو، واتە: خێرا بیزانە و زۆر بیری لێمەکەرەوە.
وەڵام (تووی وشک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چایخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل31

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 11**

**ئاردە ئاشی نەدیوە کراسە دەرزی نەدیوە دارە تەشووی نەدیوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224130554453828

ئاردە ئاشی نەدیوە
کراسە دەرزی نەدیوە
دارە تەشووی نەدیوە
مەبەست لە قاوتەتووە یان تووی وشک، ئاردە ئاشی نەدیوە، مەبەست لە تووی وشکە بە سرووشت ورد دەبێت و پێویستی بە ئاش و هارین نییە، کراسە دەرزی نەدیوە، واتە گەڵاکانی داری توو، لکاون بە لقەکانییەوە، دارە تەشووی نەدیوە، (تەشوو: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، کلکێکی دار و دەمێکی ئاسنی تیژی هەیە، بۆ دار داتاشین بەکاردێ) واتە: داری توو پێویستی بە تاشین نییە. وەڵام (قاتەتوو، تووی وشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل7

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 12**
**ئاژاران و ماژاران ئاشێک هەیە لە ژیان لەسەر دوازدە قۆتەران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119195205446406

ئاژاران و ماژاران
ئاشێک هەیە لە ژیان
لەسەر دوازدە قۆتەران
ئاژار: بەرهەم و دەرامەتی زەوی و زار (فەرهەنگی هەنبابە بۆرینە) ئاژاران و ماژاران، مەبەست لەو بەرهەمەیە کە لە دوازدە مانگی ساڵێکدا لە زەوی بە دەست دێت کە دانەوێڵەیە، ئاشێک هەیە لە ژیان، مەبەست لە ساڵە کە وەک ئاش بەردەوام دەگەڕێ، لەسەر دوازدە قۆتەران، (قۆتەرە: ئەمباری ئاوی ئاش) مەبەست لە دوازدە مانگی ساڵە. وەڵام (ساڵ و مانگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل3

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 13**

**ئاژەران و ماژەران، ئاشێک هەیە لەسەر دوازدە قۆتەران**

20220905204047432216=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئاژەران و ماژەران، ئاشێک هەیە لەسەر دوازدە قۆتەران.
قۆتەر: بارستەی ئەستووری دار (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) کەڵەکە داری بڕاو لەسەر یەک، ئاژەران و ماژەران، دەستەواژەیەکی بێواتایە، تەنیا بۆ سەروای موزیکی مەتەڵەکە و جوانکاری وشە هاتووە، ئاشێک هەیە لەسەر دوازدە قۆتەران، مەبەست ئەوەیە کە لە ساڵێکدا دوازدە مانگ هەیە، هەموویان لەسەریەک کەڵەکە دەبن و ساڵێک پێکدەهێنن. وەڵا، (ساڵ و دوازدە مانگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل118

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 14**

**ئاژەڵە مووەکەی ڕەشە ئاشقی لاپاڵ و کەژە بەسە وازبێنە هارە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119195932446409](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119195932446409)

ئاژەڵە مووەکەی ڕەشە
ئاشقی لاپاڵ و کەژە
بەسە وازبێنە هارە
ئاژەڵە مووی ڕەشە، مەتەڵەکە باسی ئاژەڵی موو ڕەش دەکات کە مەبەست لە بزنە، ئاشقی لاپاڵ و کەژە، (کەژ: جۆرە دەوەنێکی کوێستانییە بەلاپاڵی گردەوە بەشێوەیەکی سرووشتی دەڕووێ) واتە: بزن ئارەزووی جێگەی سەخت و لاپاڵ دەکات، بەسە وازبێنە هارە، مەبەست لەوەیە کە بزن نەسرەوتە و بەردەوام دەگەڕێ. وەڵام (بزن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل2

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 15**
**ئاسمان ساف ساف تۆ تووڵ هەرە قاڵیچن چین چین دەژگا فرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230324210237477339

ئاسمان ساف ساف تۆ تووڵ هەرە
قاڵیچن چین چین دەژگا فرە
مەبەستی مەتەڵەکە تەونە، (تەون: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دار درووستدەکرێت، وەستایانی کارسازی کورد فەرشی پێدەچنن) قاڵی: ژێرخەرێکی تەنراوی تووکنی بەنرخە (فەرهەنگی خاڵ) . تەون لەبەر ئەوەی لە باڵای مرۆڤ بەرزترە، رایەڵی تانوپۆی فەرشی پێوەدەکرێت، بە ئاسمان چووێنراوە. فەرش یان قاڵی چین چین دەچنرێت. وەڵام (تەون) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال
کاتی تۆمارکردن: 24-03-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 16**
**ئاسمان ڕەنگە کونی تەنگە ئەگەر ئەو نەبێ کارمان لەنگە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121192552446883

ئاسمان ڕەنگە کونی تەنگە
ئەگەر ئەو نەبێت کارمان لەنگە
ئاسمان ڕەنگە، مەبەست لە دەرزی دروومانە کە ڕەنگی سپییە وەک ئاسمان، کونی تەنگە، مەبەست لە کونی دەرزییە کە زۆر بچووکە، ئەگەر ئەو نەبێت کارمان لەنگە، واتە: ئەگەر دەرزی نەبێ، ناتوانین بەرگ بدوورین و ڕووت دەبین. وەڵام (دەرزی درووومان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل7
کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 17**
**ئاسمانی چەرمین پێپلیکانەی ئاسن پێداوەسەرکەوتین**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121192116446882

ئاسمانی چەرمین
پێپلیکانەی ئاسن
پێداوەسەرکەوتین
مەبەست لە زین و ئاوزەنگی ئەسپە، ئاسمانی چەرمین، مەبەست لە زینە چۆن ئاسمان بەرزە، زینی ئەسپیش بەرزە و دەخرێتە سەر پشتی ئەسپ، پێپلیکانەی ئاسن، مەبەست لە ئاوزەنگی ئاسپە، وەک پلەیەک وایە بۆ سەرکەوتن بۆ سەر پشتی ئەسپ.
وەڵام (زین و ئاوزەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل5

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 18**

**ئاسمانی قووڵکە دایکردە بووڵکە**

20231012181824525878=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئاسمانی قووڵکە
دایکردە بووڵکە
قووڵکە: چاڵی زەوی (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، بووڵکە: هاتنەخوار. ئاسمانی قووڵکە، مەبەست لە هێلکەیە کە بەشی سەرەوەی وەک ئاسمان قەوسە و خوارەوەشی وەک هەندک جێگەی زەوی چاڵە، دایکردە بووڵکە، مەبەست لە کاتی شکاندنی هێلکەیە کە زەردێنە و سپێنەی دێتەخوار. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 90

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 19**
**ئاسمانی کەلین، کڵۆی دەبەفرین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730102846425483



ئاسمانی کەلین، کڵۆی دەبەفرین
هێڵەک لە کوردەواردا بۆ ئارد بێژانەوە بەکاردێ ، ئاسمانی کەلین: مەبەستی لە هێڵەکە، کڵۆی دەبەفرین: مەبەستی لە کونی تەلی هێڵەکە کە ئاردی پیا دێتەخوار، لە مەتەڵەکەدا، ئارد بە کلوی بەفر چووێنراوە. وەڵام ئارد بێژانەوە بە هێڵەک.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 20**

**ئاسن و بەن گڵۆڵە، تێم خست ڕەشی دوولوولە، لێمخوڕی کردییە قوولە**

20220727233535425020=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئاسن و بەن: مەبەست لەو شانەیەیە کە تاڵ تاڵ ڕێسراوەی شاڵی پیادا دەهێنرێ و دەبرێ، ڕەشی دوو لوولە: ئەو مەکۆیەیە کە سەری ڕێسراوەکەی تێدەخرێ، لێمخوڕی کردییە قوولە واتە: کاتی ئیش پێکردنی پێچاڵی مەبەستە کە دەنگەدەنگێکی لێوەدێ.
وەڵام (پێچاڵ) ئامێرێکە بۆ چنینی شاڵ، بووزوو بەکاردێ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 27-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 21**
**ئاسنی بەیبوونێ، داوێمە پشت ستوونێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921140913435300

ئاسنی بەیبوونێ
داوێمە پشت ستوونێ
مەبەستی لە پێمەڕە یان خاکەنازە ک دەمێکی پانی ئاسنی هەیە، جوتیار بۆ کێڵان و هەڵگێڕانەوەی زەوی بەکاری دێنێت، پشت ستوونێ: مەبەست لە کلکی خاکەنازە کە لە دار درووست دەکرێت، پڕ لەپی دەستە، دەمی خاکەنازەکەی لێ قایم دەکرێت.
وەڵام (پێمەڕە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل10

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 22**
**ئاسنی دوو باڵ لووله، پێی لێنێ لێت، دەکا بە قوله**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730091900425463



ئاسنی دوو باڵ لووله، پێی لێنێ لێت، دەکا بە قوله
ئاسنی دوو باڵ لووله، مەبەستی لە دوو باڵ و لەشی تەیارەیە، پێی لێنێ لێتدەکا بە قوله، واتە: ئەو کەسەی کە فڕۆکەوانە و لێی دەخورێ ، دەکا بە قوله: لە کاتی لێخوڕینەکەشدا، ماتۆڕی تەیارە دەنگەدەنگی لێوەدێ. وەڵام فڕۆکە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 23**
**ئاسنی سەر زەق**

[20220921145100435309=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1]

ئاسنی سەر زەق
لەسەر تەختی ڕەق
بە دارێکی ڕەق
دەکاتن لەقلەق

زەق: لەبەشە شێوەزاری موکریان بە واتای شتێک دێت کە کەمێک بەرز بێت، ئاسنی سەر زەق، مەبەست لە قولاپی تەشیە کە لە کانزای ئاسن درووست دەکرێت، لە چەقی سەلکە تەشی دەچەقێنرێ، داری لەق: مەبەست لە کلکە تەشییە، کاتێک کەیبانوو تەشی دەڕیسێ، تەشییەکە دەخولێتەوە و لەقەلقە دەکات و خورییەکە دەڕیسێ. وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل10

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 24**

**ئاسنە پڕ لە با یە، بۆنی دێ، دەنگی نا یە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906220353432537

ئاسنە پڕ لە با یە
بۆنی دێ، دەنگی نا یە
هەیە لە هەموو ماڵی
کارەساتە بناڵێ
زەرەری زۆر دەهێنێ
ماڵەکەت دەسووتێنێ
ئەگەر بۆنت کرد، بۆنی
شقارتە دەرنەهێنی
بۆی برۆی بە عیشوە و ناز
دەبی بە قوربانیی

مەبەست لە بووتڵی غازە کە لە ماددەی ئاسن درووستکراوە، ناوەکەی غازی تێدەکرێت، لە مەتەڵەکەدا بە با بەراوردی کردووە، ئەگەر بڵاوبێتەوە سووتێنەرە، بۆیە منداڵانی لێ ئاگاداردەکاتەوە. وەڵام (غاز) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل7

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 25**

**ئاسنە کون کونە، دایمە بە دەستی ژنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730094025425467



ئاسنە کون کونە، دایمە بە دەستی ژنە
کەوگیر ئەو ئامێرە کەلەپوورییە کوردییەیە کە ژنان لە موبەقدا کەڵکی لێوەردەگرن، بۆ تێکدانی چێشت، لە مەتەڵەکەدا بە ئاسنە کون کونە ناوبراوە، دایمە بە دەستی ژنە: واتە لە کەتی کارکردنی ژنان بۆ چێشت لێنان بەکاری دێنن. وەڵام کەوگیر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 26**
**ئاسنەڕەقەی بەغدایە، هۆڕینی وەک مانگایە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730102535425482



ئاسنەڕەقەی بەغدایە، هۆڕینی وەک مانگایە
زوربەی ناوچە کشتوکاڵییەکان بۆ کێڵانی زەوی، ئێستا لە بری گاجووت و هەوجارِ ئامێری مەکینەی جووت بەکاردێنن، وا دیارە مەکینەی جووت لە شاری بەغداوە بەسەر ناوچە کشتوکاڵییەکاندا دابەشکراوە، لە لای جوتیاران شتێکی تازە بووە، بە تایبەتی هۆڕنەکەی، بە دەنگی مانگا چوواندویانە. وەڵام مەکینەی جووت. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 27**

**ئاسۆیەکی نزمۆکە لێی دەبارێ بەفرۆکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008195118438533

ئاسۆیەکی نزمۆکە
لێی دەبارێ بەفرۆکە
ئاسۆ: کەناری ئاسمان، جێگەی هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر (فەرهەنگی هانبانە بۆرینە) ئاسۆیەکی نزمۆکە، مەبەستی لە جێگەیەکی نزمی ئاسمانە، لێی دەبارێ بەفرۆکە، واتە: لە ڕێگەی هەورەکانەوە، بەفر دەبارێت، بەڵام مەتەڵەکە مەبەستی کە هێڵەکی ئارد بێژانەوەیە کە ئاردی پێدەبێژرێتەوە، هاتنەخوارەوەی ئارد بەناو کونی وردی هێڵەکدا، چووێنراوە بە بارینی بەفر، چونکە لە سپێتیدا لەیەک دەچن. وەڵام (هێڵەک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل10

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 28**

**ئاسیاو نیا هاردیش هاڕیێ نێ خەیاتش نیا جلێش ورازیێ نێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013205741526055

ئاسیاو نیا هاردیش هاڕیێ نێ
خەیاتش نیا جلێش ورازیێ نێ
وەڵام (سرێنچک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل30

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 29**

**ئاسیاو نەویە، ئاردی هاڕیە خەیاتی نەو لە کەوای زرازیە نەجاری نەویە چیوی تاشیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013210155526057

ئاسیاو نەویە، ئاردی هاڕیە
خەیاتی نەو لە کەوای زرازیە
نەجاری نەویە چیوی تاشیە
وەڵام (سرێنچک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل30


کاتی تۆمارکردن: 2023-10-13

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 30**
**ئاسیمو کوشگە بەرفی وەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012220720525915

ئاسیمو کوشگە بەرفی وەن.
وەڵام (بێژەنگ کردن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لوڕی ڕەسەن |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 31**
**ئاشەوان و ژنەکەی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008203900438552

ئاشەوان و ژنەکەی، ئاشگێڕ و خوشکەکەی، سێ سێو دەکڕن، یەکێ دانەیەکیان بەردەکەوێ.
مەتەڵەکە بۆ سەرلێتێکدانی گوێگر بەو جۆرە دەردەبڕێت، بە ڕووکەش چوار کەس پیشاندەدات (ئاشەوان و ژنەکەی، ئاشگێڕ و خوشکەکەی) بەڵام لە ڕاستیدا سێ کەسن، چونکە خوشکی ئاشگێڕ، ژنی ئاشەوانە، بەو شێوەیە دەبنەوە بە سێ کەس، گەر سێ سێویان بەسەردا دابەشبکرێت، یەکێ دانەیەکیان بەردەکەوێ. وەڵام (خوشکی ئاشگێڕ، ژنی ئاشەوانە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل13

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 32**

**ئاغەڵێک هەیە جێی هەزارسەر مەڕ باخە گیایەک نابا نەوشک نەتەڕ**

[20221213202530450765=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213202530450765)

ئاغەڵێک هەیە جێی هەزارسەر مەڕ
باخە گیایەک نابا، نەوشک نەتەڕ
مەبەست لە شارەمێروولەیە، (ئاغەڵ: جێی داکردنی ئاژەڵ لە زستاندا. فەرهەنگی خاڵ) ئاغەڵێک هەیە جێی هەزارسەر مەڕ، مەبەست لە مێرووستانە واتە: شارەمێروولە، باخە گیایەک نابا، نەوشک نەتەڕ، گیا دەرنرێ و بۆ ئاغەڵ دەبرێ بۆ ئەوەی ماڵات بیخوا، بەڵام مێرووستان گیای بۆ نابرێ. وەڵام (شارەمێروولە، مێرووستان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل32

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 33**

**ئاغەڵێک هەیە دیواری چەرمە سی و دوو مەڕ تێیدا بێ هەرا و گرمە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213202233450764

ئاغەڵێک هەیە دیواری چەرمە
سی و دوو مەڕ تێیدا بێ هەرا و گرمە
مەبەست لە دەم و ددانی مرۆڤە، (ئاغەڵ: جێی داکردنی ئاژەڵ لە زستاندا. فەرهەنگی خاڵ) ئاغەڵێک هەیە دیواری چەرمە، مەبەست لە دەمە، چەرم: مەبەست لە ڕوومەتەکانی مرۆڤە، سی و دوو مەڕی تێدایە بێ هەرا و گرمە، مەبەست ددانەکانی دەمی مرۆڤە کە بە مەڕی ناو ئاغەڵ چوواندوویەتی. وەڵام (دەم و ددان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل32

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 34**

**ئاگری نییە ئەسووتێ گیانی نییە ئەتپیشێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008194919438532

ئاگری نییە ئەسووتێ
گیانی نییە ئەتپیشێنێ
مەبەست لە خۆرە، ئاگری نییە ئەسووتێ، واتە: خۆر تەنێکی گازیی زۆر گەورەیە، گەرمی و ڕووناکی لەبن نەهاتووە، گیانی نییە ئەتپیشێنێ، واتە: بەهۆی گەشتنی تیشکی گەرمی خۆرەوە، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، تەواوی جەستەی مرۆڤ دەکات بە ئارەق. وەڵام (خۆر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل10

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 35**

**ئاگرێکە هەتا نەگاتە بەغدا، ناکوژێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008204113438553

ئاگرێکە هەتا نەگاتە بەغدا، ناکوژێتەوە.
مەبەست لە جۆرە جگەرەیەکە کە لەناوەڕاستی سەدەی بیستدا لە ئێراقدا بەرهەم دەهێنرا، ناوی بەغدا بوو. نزیک فلتەرەکەی لێێ نووسرابوو (بەغدا) واتە: گەر کەسێک بیکێشایە، تا نزیک فلتەرەکەی دەیکێشا، کە نووسرابوو بەغدا. وەڵام (جگەرەی بەغدا) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل10

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 36**
**ئامی منی چوور، سەر مەزن و تر ژنوور**

20230908092522519615=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئامی منی چوور، سەر مەزن و تر ژنوور.
چوور: مەبەست لە جۆرێک مەڕ و بزنە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە میرووولەیە کە وەک مەڕ و بزن بەکۆمەڵ بە یەکەوە دەژین، سەر مەزن واتە: سەر گەورە، کە مەبەستی لە سەری مێروولەیە کە لە چاو قەبارەی جەستەیدا گەورەیە. وەڵام (مێروولە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل118

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 37**
**ئامێرێکی خڕ و پانم**

20220915232735434224=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئامێرێکی خڕ و پانم
هاوڕێی سۆفی و موریدانم
من لەگەڵ گۆرانی و سەمام
گەلێ خۆشە دەنگ و نەوام
لە چەرم و دار، ئەڵقەی ئاسن
دروست دەکرێم گەر نامناسن
لە ڕۆژهەڵات ناسراوم
تەنیا هەر سێ پیتە ناوم
ناوەکەم دالی ها لەپێش
خۆم وام لە دەستی دەروێش
من چیم زووکە هەڵم بێنە
بمژەنە و خەم برەوێنە
وەڵام (دەف) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل60

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 38**
**ئانە چێشا چێش بە چێشا نەسلەکەش لای دەروێشا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016081635526313

ئانە چێشا چێش بە چێشا
نەسلەکەش لای دەروێشا
وەڵام (کەشکۆڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل40

کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 39**

**ئاو ئەدا لە دار, بەرد ئەدا لە تەل، سوور ئەکا سپی, قلی بۆ سەر قل**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730091132425461



ئاو ئەدا لە دار، بەرد ئەدا لە تەل، سوور ئەکا سپی، قلی بۆ سەر قل
ئاشی ئاو، بە ئاو دەگەڕێت و کاردەکات، کاتێک ئاوی دەخرێتەسەر، ئاوەکە دەدا لە دارێک، دارەکەش بەرداشی ئاشەکە هەڵدەسووڕێنێت ، سوور دەکات سپی قلی بۆ سەرقل، واتە: دەنکە گەنمەڕەنگ سوورەکان، لە بەینی بەرداشەکەدا ورد دەبن، دەبنە ئارد، ڕەنگەکەی سپی دەبێت. وەڵام ئاشی ئاو.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 40**
**ئاو بخواتەوە، ئەمرێت**

20230912191137520250=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئاو بخواتەوە، ئەمرێت!
هەموو گیانلەبەرێک بەشێکی زۆری پێکهاتەی لەشی ئاوە، گەر لێی ببرێت، کۆتایی بەژیانی دێت، واتە دەبێت بەردەوام ئاو بخواتەوە، بەڵام مەبەستی مەتەڵەکە (ئاگر) ە، ئاگر گەر ئاوی پێدابکرێت، دەکوژێتەوە و کۆتایی دێت، لەمەتەڵەکەدا بە ئاو خواردنەوە ئاماژەی پێدراوە. وەڵام (ئاگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل4

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 41**

**ئاو دەڕوا بەرد دەسووڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119214549446445

ئاو دەڕوا، بەرد دەسووڕێ.
مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە، (ئاش: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێت) ئاو دەڕوا، مەبەست لە ئاوی ئەو جۆگە یان چەمەیە کە ئاشەکەی لەبەردا درووستکراوە، بەردەوام بەناو ئاشەکەدا دێت، بەرد دەسووڕێ، مەبەست لە بەرداشی ئاشە کە دانەوێڵە دەهاڕێت. وەڵام (ئاش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا، هەولێر ل2

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 42**

**ئاو لە ئافتاوە ڕۆژ لە ڕۆژاوا ئەوەی بیزانێ ئەقڵی تەواوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121192905446885

ئاو لە ئافتاوە ڕۆژ لە ڕۆژاوا
ئەوەی بیزانێ ئەقڵی تەواوە
ئافتاوە: مەسینە بۆ دەستبەئاو گەیاندن بەکارێت، ئاو لە ئافتاوە، واتە: لەناو سەرئاودا مەسینەی پڕ لە ئاوی لێیە، ڕۆژ لە ڕۆژاوا، مەبەست لە کاتی دەستنوێژ گرتنە، هەر کەسێک مەتەڵەکە بزانێ بە کەسێکی هۆشمەند ناوی دەبات. وەڵام (نوێژ) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل7

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 43**
**ئاو لە فتاوە خۆر لە خۆراوا هەرکەس هۆش بارۆ، عەقلیش تەماما**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016214104526415

ئاو لە فتاوە خۆر لە خۆراوا
هەرکەس هۆش بارۆ، عەقلیش تەماما
وەڵام (نویژ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل56

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 44**

**ئاو هەر ئاوە ماری مردووی لەناوە تەیری زێڕی لەناوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101193650455892

ئاو هەر ئاوە
ماری مردووی لەناوە
تەیری زێڕی لەناوە

مەبەست لە چرای نەوتە، ئاو هەر ئاوە، مەبەست لە نەوتە کە لە شلی و بێرەنگیدا لە ئاو دەچێ، ماری مردووی لەناوە، مەبەست لەو بەشەی چرایە کە نەوتی تێدەکرێ، پلیتەیەک لەناو نەوتەکەدایە، پلیتەکە بە مار چووێنراوە، تەیری زێڕی لەناوە، (تەیر: باڵندە) مەبەست لە بەشی سەرەوەی پلیتەیە کە نەوت دەمژێ و ئاگردەدرێ، بەهۆیەوە ڕووناکی دەبەخشێ کە بە تەیری زێڕ چووێنراوە. وەڵام (چرا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل159.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 45**

**ئاو و خوێ دەخوا مرۆڤ نییە دەیشێلی بە دەست ئاگای لێنییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121193444446886

ئاو و خوێ دەخوا مرۆڤ نییە
دەیشێلی بە دەست ئاگای لێنییە
مەبەست لە کرداری هەویرشێلانە، ئاو و خوێ دەخوا مرۆڤ نییە، مەبەست لە ئاردە کە ئاو و خوێ تێدەکرێ، بۆ ئەوەی تام بگرێت و بشێلرێ، دەیشێلی بە دەست ئاگای لێنییە، واتە: کابان ئارد دەشێلێ و دەیکات بە هەویر. وەڵام (هەویرشێلان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل7

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 46**
**ئاودەلۆکەی یەک چاو**

20220807162323427064=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئاودەلۆکەی یەک چاو.
ئاودەلۆکە بەشوێنێکی زۆر تاریک دەوتیرێ کە لە کەلێنێکی بچووکەوە، یەک تاڵی زۆر باریک ڕووناکی لێوەی بێتە ژوور و بە ئاستەم ڕووناکی بکاتەوە یان بە شوێنێکی شێدار ئەوترێ، وەک سەقفی ئەشکەوت کە لە کەلێنێکەوە، یەک تاڵی باریک ئاوی پێدا بێتەخوار و شوێنەکە تەڕ و شێدار بکات. لە مەتەڵەکەدا بە کونی دەرزی دروومان چووێنراوە کە زۆر باریکە و جێگەی یەک تاڵ داوی تێدادەبێتەوە، یەک چاو: مەبەستی لە دەرزییە کە یەک کونی تێدایە و بە چاو چووێنراوە. وەڵام دەرزی دروومان. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 47**

**ئاور نییە دەتسووتێنێ، وەک بەڕوو دەتپیشێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730103232425487

ئاور نییە دەتسووتێنێ، وەک بەڕوو دەتپیشێنێ
ئاور واتە: ئاگر لە بەشە شیوەزاری موکریاندا، ئاور نییە دەتسووتێنێ: مەبەست لە تیشکی خۆرە کە تینێکی بەهێزی هەیە، بەتایبەتیی لە وەرزی هاویندا، وەک بەڕوو دەتپیشێنێ: مەبەست لە کەسانەیە کە زۆر لەبەر هەتاو دەبن و گەرمایان دەبێت و دەپیشێن. وەڵام خۆر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 48**

**ئاوریشمی دوولایە، هەڵم کردووە تا بەغدایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730095806425471



ئاوریشمی دوولایە، هەڵم کردووە تا بەغدایە

ئاوریشم بەهادارترین جۆری چنراوە، نرخی زۆرە، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە جادەیە، دوولایە، واتە: جادەی دوو ساید، هەڵم کردووە تا بەغدایە، واتە: جادەم تا بەغدا بردووە، مەبەستی لە بردنی جادەیە بۆ دوورترین شوێن. وەڵام ڕێگە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 49**
**ئاوس نییە و بەرداوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224131146453830

ئاوس نییە و بەرداوێ.
مەبەست لە کەسێکە کە لە پێشاودا دادەنیشێ، (پێشاو: سەرئاو. بەرداوێ: بە ئاژەڵێک دەوترێ کە بێچووی لە سکدا بمرێ یان بێچووی بۆ نەمێنێ و فڕێبدا) ئاوس نییە و بەرداوێ، بە کەسێک دەوترێ کە بچێتە سەرئاو و پیسایی بکات. فڕێدانی پیسایی بە فڕێدانی بێچووی ماڵات چووێنراوە. وەڵام (کەسێک لە پێشاو دانیشێ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل7.

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 50**

**ئاوی پیاکەی تەڕنابێ شیری لێدەی شەقنابێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008195332438534

ئاوی پیاکەی تەڕنابێ
شیری لێدەی شەقنابێ
بە بەرکەوتنی تیشکی ڕووناکی لە مادەکان، سێبەر درووست دەبێت، لەگەڵ جوولەی ڕووناکیدا، سێبەرەکانیش دەجووڵێن، بەڵام بەبەرکەوتنی ئاو تەڕ نابن، هەروەها خەنجەر یان هەر شتێکیان بەربکەوێ، خراپ نابن و کون نابن. وەڵام (سێبەر) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل10

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 51**

**ئاوی پێداکەی، تەڕ نابێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921141204435301

ئاوی پێداکەی، تەڕ نابێ
خەنجەری لێدەی، کون نابێ
بە بەرکەوتنی تیشکی ڕووناکی لە مادەکان، سێبەر دروست دەبێت، لەگەڵ جووڵەی ڕووناکیدا، سێبەرەکانیش دەجووڵێن، بەڵام بەبەرکەوتنی ئاو تەڕ نابن، هەروەها خەنجەر یان هەر شتێکیان بەربکەوێ، خراپ نابن و کون نابن. وەڵام (سێبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل13

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 52**

**ئاوی لە چۆمانە ئەسڵی لە چیایە ڕسقی لە ماڵانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119200305446411

ئاوی لە چۆمانە
ئەسڵی لە چیایە
ڕسقی لە ماڵانە

چۆم: چەم. مەبەستی مەتەڵەکە ئاشی ئاوگەڕە، ئاوی لە چۆمانە، واتە: ئاش بە ئاوی چەم یان جۆگە دەگەڕێت، ئەسڵی لە چیایە، مەبەست لە دانەوێڵەیە کە لە ئاشدا شتێکی بنچینەییە و دەهاڕێ، ڕسقی لە ماڵانە، مەبەست لە ئاردە کە برێتەوە بۆ ماڵەکان، وەڵام (ئاشی ئاوگەڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل2

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 53**

**ئاڵتان ماڵتان زاواى خاڵتان هاتە ماڵتان**

20221008193714438527=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئاڵتان ماڵتان
زاواى خاڵتان
هاتە ماڵتان
ماڵتان، واتە: ماڵى ئێوە، ئاڵتان: وشەیەکى بێواتایە، لە مەتەڵەکەدا بۆ جوانکاریی و سەرواى شیعریی هاتووە، زاواى خاڵ: مەبەسى لە باوکە کە دەبێت بە زاواى خاڵى منداڵەکانى، هاتە ماڵتان، واتە: باوکت کە زاواى خاڵتە هاتە ماڵتان، وەڵام (باوک) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل11

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 54**
**ئاڵدم دۆڵدم، شەش پێی دوو سم پۆپیتەت دەگرم، پێتدا دەفسم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119204124446421

ئاڵدم دۆڵدم، شەش پێی دوو سم
پۆپیتەت دەگرم، پێتدا دەفسم
مەبەست لە تەرازووە، (تەرازوو: لە کوردەواردا لە دوو تا پێکهاتووە کە یەکی بە سێ تاڵ بەنی بەهێز بە ئەم سەر و ئەو سەری دارێکی درێژەوە هەڵواسراون، ناوەڕاستی دارەکەش قوڵفێکی هەیە بۆ هەڵگرتن) ئاڵدم دۆڵدم، دوو وشەی بێواتان، بۆ سەرواى شیعری هاتوون، شەش پێی دوو سم، مەبەست لە دوو تای تەرازووە لەگەڵ ئەو شەش داوەی کە دوو تاکەیان هەڵواسیوە، پۆپیتەت دەگرم، مەبەست لە قوڵفی تەرازووە، پێتدا دەفسم، واتە: شمەک و کالاکانت بۆ دەکێشم. وەڵام (تەرازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل3

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 55**
**ئاڵیان ماڵیان زاوای خاڵیان هاتە ماڵیان چی دەدەیێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119204604446425
ئاڵیان ماڵیان زاوای خاڵیان
هاتە ماڵیان چی دەدەیێ
ئاڵیان: لێپێچانەوە، تێهەڵپێچان (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ئاڵیان ماڵیان زاوای خاڵیان، واتە: داوایەک لە کەسێک دەکرێت و تێیهەڵدەپێچرێ کە بیکات یان وەڵام بداتەوە، هاتە ماڵیان چی دەدەیێ، واتە: کەسێک زاوای خاڵت بێت و بێتە ماڵت، مەبەست لە باوکە، پێویست دەکات دایکی بدەیتێ. وەڵام (دایکم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل5
کاتی تۆمارکردن: 2022-11-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 56**
**ئاینە چێشەن تۆ بواچەش چەنی عەقڵوو ویت بسا چنەش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016193949526369

ئاینە چێشەن تۆ بواچەش
چەنی عەقڵوو ویت بسا چنەش
گیواو مورۆ هێڵیٚ کەرۆ
نەکەریەنە بەبار بەرۆ
وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل43

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 57**

**ئوساگەی ناوحەوش بساز جفتێ کەوش نەشوون دەس و نەشوون درەوەش**

20231002212006524493=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئوساگەی ناوحەوش
بساز جفتێ کەوش
نەشوون دەس و نەشوون درەوەش
ئوسای دەرحەوش
لێتم گەرەکە جفتێ کەوش
نەدەرزی لێ کارکا نەدرەوش

ئوسا: وەستا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، جفت: جووت، کەوش: جۆرێک پێڵاوی کەلەپووریی کوردییە، شوون: شوێن، وێزەنگ: ئاوزەنگ (فەرهەنگی ڕێژگە) ، درەوش: دەرزییەکی ئەستووری گەورەیە، چەرمی پێ کون دەکرێت بۆ دروونەوە (فەرهەنگی خاڵ) ، مەبەست لە کەسێکە کە بە وەستای ناڵبەند دەڵێت: جووتێک ئاوزەنگێکی باشم بۆ درووستبکە، لە مەتەڵەکەدا ئاوزەنگ بە کەوش چووێنراوە. وەڵام (وێزەنگی ئەسپ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل57

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 58**

**ئۆخەی ئۆخەی لەپ و لچ خوا کارێکی کرد نەتیکردە کچ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231204143509533893

ئۆخەی ئۆخەی لەپ و لچ
خوا کارێکی کرد نەتیکردە کچ
لەپ و لچ: لە کورەدەواردا بۆ منداڵێک بەکاردێت کە دەموڵچی لەقەدەر دەموچاوی نەبێت و گەورەتر بنوێنێت، پێی دەوترێت: قەپۆلە. هەندێک منداڵی کوڕ شکڵی کوڕانەی نییە، واتە: کەمێک ڕووخساری لە کچان دەچێت، وەک گاڵتە پێکردن پێی دەوترێت: دەبوو خوا بە کچ درووستی بکات، بەڵام لێی تێکچووە و بوویت بە کوڕ.
وەڵام (کوڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 59**
**ئ لاش کێلەک ئەو لاش کێلەک مێ نجاش چەرخ فەڵەک**

[2023101319004152601 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013190041526013)

ئ لاش کێلەک ئەو لاش کێلەک
مێ نجاش چەرخ فەڵەک
وەڵام (دەم و زمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل25


کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 60**
**ئۆ هیندوکە ئۆ هیندوکە، سەری دەڵێی دەندوکە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730092142425464](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730092142425464)



ئۆ هیندوکە ئۆ هیندوکە، سەری دەڵێی دەندوکە
لە کوردستاندا نۆک دەڕوێندرێ کە مەبەستی مەتەڵەکەیە، ئۆ هیندوکە ئۆ هیندوکە: مەبەستی بچووکی قەبارەی دەنکە نۆکە، سەری دەڵێی دەندوکە: نۆک قەبارە و شێوەی خڕە، سەری هەموو دەنکە نۆکێک باریک بووەتەوە وەک دەنووک نوکی تیژە..
وەڵام دەنکە نۆک. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 61**

**ئیشت پێی بێ، فرێی دەدەی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921144659435308

ئیشت پێی بێ، فرێی دەدەی
ئیشت پێی نەبێ، هەڵی دەگری
ماسیگرەکان بە تۆڕ ڕاوەماسی دەکەن، کاتێک دەچنە ناو ڕووبار و ئاوەکانەوە، تۆڕەکانیان بۆ گرتنی ماسی، فرێدەدەنە ناو ئاوەکەوە، واتە: کاتێک ئیشیان بە ڕاوە، تۆڕەکانیان فرێ دەدەن، کاتێک ئیشەکەیان تەواو دەبێت، تۆڕەکە کۆدەکەنەوە و بەکاری ناهێنن، وەڵام (تۆڕی ماسی گرتن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل10

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 62**

**ئیشی نییە کرداران دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008214118438592

ئیشی نییە کرداران دەکا، گوێی نییە هەوساران دەکا، عەمەلی نییە فەرمانان دەکا.
عەمەل: ئیش. مەتەڵەکە مەبەستی لە کەسی بێکارە کە بەردەوام خۆی لە ئیش و کاری خەڵکی هەڵقورتێنێت، هەروەها هیچ کارەیە و لەسەروو خۆهەڵقورتاندیەوە بڕیار لەسەر کاری خەڵکی بدات. وەڵام (کەسێک خۆی لە ئیشی خەڵکی هەڵقورتێنێ) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ ل65

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 63**
**ئێ سورپ سەنێ تێرە ئێشەکەری شیری تێرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013182102525999

ئێ سورپ سەنێ تێرە
ئێشەکەری شیری تێرە
وەڵام (خەو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خوارووی: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل19

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 64**

**ئێلاش پەرچین ئۆلاش پەرچین دیشەن گوڵیوی چین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013105057525948

ئێلاش پەرچین
ئۆلاش پەرچین
دیشەن گوڵیوی چین
وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل16

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 65**
**ئێمە حەوت براین، برا بچووکەکەمان لە گشتمان گەورەترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918132843521288

ئێمە حەوت براین، برا بچووکەکەمان لە گشتمان گەورەترە.
مەبەست لە ڕۆژەکانی هەفتەیە، کە لە مەتەڵەکەدا بە حەوت برا چووێنراوە، برا بچوکەکەمان لە گشتمان گەورەترە، مەبەست لە ڕۆژی هەینییە، ڕۆژەکانی هەفتە لە شەممەوە بۆ هەینی دەستپێدەکات، هەرچەندە ڕۆژی هەینی لە کۆتا ڕۆژدایە، بەڵام بە ڕۆژێکی گەورە و پیرۆز سەیردەکرێت. وەڵام (ڕۆژی هەینی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 22

کاتی تۆمارکردن: 18-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 66**

**ئێمە لەجێی ئاو دەهێنین، ئەویش دوکەڵمان دەدات لەبەرقین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908095234519624

ئێمە لەجێی ئاو دەهێنین، ئەویش دوکەڵمان دەدات لەبەرقین.
مەبەستی مەتەڵەکە بیرە نەوتە، لە مەتەڵەکەدا نەوت لە شلیدا بە ئاو چووێنراوە، چۆن مرۆڤ لە کانی ئاو دەهێنێت، بەو شێوەیە نەوتیش لە بیرە نەوت دەهێنێت، ئەویش دووکەڵمان دەدا لەبەر قین: مەبەست لە کاتی گڕگرتنی نەوتە کە دووکەڵ دەکات. وەڵام (بیرە نەوت) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل121

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 67**
**ئێمە هەمانە خودا نییەتی**

[20221119215709446453=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119215709446453)

ئێمە هەمانە، خودا نییەتی!
بەپێی ئەفسانەی ئایینەکان خودا هێز درووستکەر و داهێنەری دنیایە، چارەنووسی کۆی دنیای بەدەستە، لە کەس نەبوو و تاک و تەنیایە. مەتەڵەکە مەبەست لەوەیە کە مرۆڤ خودای هەیە بەڵام خودا هیچ کەسێکی نییە. وەڵام (خودا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل3

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 68**
**ئێمە هەمانە و خودا نییەتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008211418438570

ئێمە هەمانە و خوا نییەتی.
بەپێی ئەفسانە و لێکدانەوەی ئایینە ئیبراهیمییەکان، باوەڕ وایە کە هەموو مرۆڤایەتی لە دایک و باوکێک داکەوتوون کە (ئادەم و حەوا) یە، واتە: هیچ مرۆڤێک نییە کە دایک و باوکی نەبێت، تەنیا خودا تاکوتەنیایە و باوانی نییە. وەڵام (دایک و باوک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل11

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 69**
**ئەتبەمە لانەکەی حاسێ دەکونێت کوتم دووراوی داسێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119205026446426

ئەتبەمە لانەکەی حاسێ
دەکونێت کوتم دووراوی داسێ
مەبەست لە دەستارە (دەستاڕ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێ) ئەتبەمە لانەکەی حاسێ، مەبەست لەو شوێنەیە کە دەستاری لێیە، دووراوی داس، مەبەست لە دانەویڵەیە، دەکونێت کوتم، مەبەست لە کونی سەردەستارە کە دانەوێڵەی تێدەکرێت بۆ هاڕین. وەڵام (دەستاڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل5
کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 70**
**ئەتەڵ دەس و ئەتەڵ پا کوری گوش و دوم کۆتا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016215544526419

ئەتەڵ دەس و ئەتەڵ پا
کوری گوش و دوم کۆتا
وەڵام (وشتر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل56

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 71**

**ئەجر و مەجر جەری دلاشە دوو دوم و چوار گۆش، هەش دەس و پاشە**

20231016194328526371=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەجر و مەجر جەری دلاشە
دوو دوم و چوار گۆش، هەش دەس و پاشە
وەڵام (گا و گاواسن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل43


کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 72**
**ئەجر و مەجر، جەی ولاش دوو دەم و چوار گووش، هەشتیژ دەست پاشەن**

2023101620452252637 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەجر و مەجر، جەی ولاش دوو دەم و چوار گووش، هەشتیژ دەست پاشەن.
وەڵام (گای جفت). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خوارووی: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45


کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 73**

**ئەچیت بۆ شارێک دوو هەنارە دەنگی تیانییە سواری ئەسپێک دەبی ڕۆحی تیانییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119122828459256

ئەچیت بۆ شارێک دوو هەنارە، دەنگی تیانییە، سواری ئەسپێک دەبی، ڕۆحی تیانییە.
مەبەست لە باوەشی دایکە کە منداڵ تیایدا پاڵدەکەوێ و بە شار چووێنراوە، دوو هەنارە دەنکی تیانییە، مەبەست لە مەمکی دایکە کە منداڵ شیرەکەی دەخوا و بە هەناری بێ دەنک بەراوردکراوە، سواری ئەسپێک دەبی ڕۆحی تیانییە، مەبەست لە بێشکەیە کە بۆ خەوتن و حەوانەوەی منداڵ بەکاردێ. [1]
وەڵام: (منداڵ و مەمک خواردن)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیریێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل44

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 74**

**ئەچیتە دەرەوە پڕە، تێیتەماڵەوە خاڵییە**

20231204143916533894=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەچیتە دەرەوە پڕە، تێیتە ماڵەوە خاڵییە.
مەبەستی مەتەڵەکە کەوشە، کەوش: جۆرە پێڵاوێکی کەلەپووریی کوردییە، بێ پاژنەی لووت هەڵگەڕاوەیە (فەرهەنگی خاڵ)، واتە: ئەو کەسەی کەوش لەپێدەکات، کەوشەکە بە قاچی پڕدەبێت، کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، کەوشەکان دادەکەنێت لە پێ خاڵی دەبێت. وەڵام (کەوش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013.


کاتی تۆمارکردن: 2023-12-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 75**

**ئەچیلە و مەچیلە ها لە تۆ یەک جامیلە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012182145525879

ئەچیلە و مەچیلە
ها لە تۆ یەک جامیلە
جامیلە: ناوی بچووکراوەیە بۆ جام، (جام: مەبەست لەو جامەیە کە ئاوی تێدا دەخورێتەوە)، ئەچیلە و مەچیلە، دەستەواژەیەکی بێ واتایە، لەپێناوی سەروا و ئاوازی مەتەڵەکەدا هاتووە، ها لە تۆ یەک جامیلە، واتە: تۆ کەسێکیت هێلکەیەکت پێیە، وەک جامێکی بچووک وایە. وەڵام (هێلکە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 93

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2023

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 76**
**ئەچێتەسەر خودایە دێتە خوارەوە جودایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002212226524494

ئەچێتەسەر خودایە
دێتە خوارەوە جودایە
مەبەستی مەتەڵەکە خاڵی سەر پیتی (ح) ە، گەر خاڵێک لەسەرەوە بێت، دەبێت بە پیتی (خ) ، گەر خاڵەکە لە خوارەوە بێت، دەبێت بە پیتی (ج) ، واتە: یاریکردنە بە پیتی ناو وشە، بەهۆیەوە واتا دەگۆڕێت، ئەچێتەسەر خودایە، مەبەست لە پیتی (خ) ی وشەی (خودا) یە، دێتە خوارەوە جودایە، مەبەست لە پیتی (ج) ی وشەی جودایە، واتە: هەردوو وشەی (جودا و خودا) تەنیا شوێنی خاڵی سەر پیتەکە جیاوازە. وەڵام (خاڵی سەر پیتی خ، ج) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل55



کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 77**

**ئەخزێ و ناخزێ، هەڵمەت دەبا بۆ کوزێ، دانی نییە بیگەزێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220818094700428938



ئەخزێ و ناخزێ
هەڵمەت دەبا بۆ کوزێ
دانی نییە بیگەزێ
مەبەستی مەتەڵەکە مەشکەیە (مەشکە ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ و دروستکردنی کەرە بەکاردێ) ئەخزێ و ناخزێ، مەبەست لە ژەنینی مەشکەیە لەلایەن ئافرەتەوە، بەردەوام مەشکەکە دێت و دەچێ، هەڵمەت دەبا بۆ کوزێ واتە: مەشکە لە کاتی ژەنیندا لە جەستەی ئافەرت نزیک دەبێتەوە، دانی نییە بیگەزێ واتە: مەشکە لە پێستی ئاژەڵ درووست دەکرێ، لە کاتی درووستکردندا سەری ئاژەڵەکە لێدەکرێتەوە و مەشکە بێ سەر و ددانە و گازناگرێ. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 78**

**ئەدا و هەزار بزلانە شەوێنە لەوەڕیانە ملاگنا پەشیە و کەشانە**

2023101621235526409=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەدا و هەزار بزلانە
شەوێنە لەوەڕیانە
ملاگنا پەشیە و کەشانە
وەڵام (مانگ و ئەستێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل50

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 79**
**ئەر ئاقڵێ عەقڵت تەواوە ئەوە کام مەلە حەفت باڵ و یەک سەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926120122523449

ئەر ئاقڵێ عەقڵت تەواوە
ئەوە کام مەلە حەفت باڵ و یەک سەر
ئەر: ئەگەر. ئاقڵ: بەهۆشوگۆش. حەفت: ژمارە حەوت، ئەر ئاقڵی عەقڵت تەواوە، مەتەڵساز بە گوێگر دەڵێت ئەگەر هۆشوگۆشت تەواوە، کام مەل حەوت باڵ و یەک سەری هەیە، مەبەست لە ماسییە، لە مەتەڵەکەدا ماسی بە مەڵ چوواندووە، چونکە ماسی پەڕەکەی بۆ مەلەکردن هەیە، بە باڵ بەراوردی کردووە. وەڵام (ماسی) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل49

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 80**
**ئەرزی سپی بە جۆ دەکەم**

[20220921133745435297=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921133745435297)

ئەرزی سپی بە جۆ دەکەم
بە دەم دەیچێنم
بە دەست دەیدرووم
ئەرزی سپی، مەبەست لە کاغەزی سپییە کە بۆ نووسین بەکاردێت، بەدەم دەیچێنم، واتە: ئەو شتەی بیری لێدەکەمەوە و بە دەم دەری دەبڕم و دەیڵێم، بە دەست دەیدوورم واتە: بە قەڵەم بە دەست لە کاغەزی سپی دەنووسنم و وتنەکانی دەخەمەسەر. وەڵام (قەڵەم و کاغەز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیلی مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل13

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 81**
**ئەز دیوەکی وەدەرچووم، لە دوو دیوی دەردەکەوم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908093454519618

ئەز دیوەکی وەدەرچووم، لە دوو دیوی دەردەکەوم.
دیو: مەبەست لە ژوورە، بەڵام لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە پزوو یان دەرلینگی شرواڵە، (شرواڵ: بەشی خوارەوەی جلوبەرگی کوردیی کەلەپووریی پیاوانەیە) ئەز دیوەکی وەدەرچووم: مەبەست لە شرواڵە کە لەپێ دەکرێت، لە دوو دیوی دەردەکەوم: مەبەست لە دوو دەرلینگی شرواڵە کە قاچی پێدادێتەدەر. وەڵام (شرواڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل118

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 82**
**ئەسپ کەو کەژەڵ خان دەلیا بڕو بێ سقان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013192335526020

ئەسپ کەو کەژەڵ خان
دەلیا بڕو بێ سقان
وەڵام (زاروو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: لوڕی ڕەسەن
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل27

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 83**
**ئەسپی ئاما بە لەنگەلەنگ چێش پەنەن هەزار ڕەنگ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012220134525913

ئەسپی ئاما بە لەنگەلەنگ
چێش پەنەن هەزار ڕەنگ
وەڵام (بەهار و گوڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 84**
**ئەسپی تۆپیو جۆ دەخوا**
[20220807160705427057=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807160705427057)



ئەسپی تۆپیو جۆ دەخوا.
ئەسپی تۆپیو، مەبەستی لە ئاشە، (ئاش ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێت) کاتێک ئاش جۆی پێدەهاڕدرێ ، لە بەشی سەرەوەی ئاشەکە جۆ دەکرێتە ناوی، لەوێوە بەرەو بەرداش بۆ هاڕین دەڕوات، ئەم کردارە لە مەتەڵەکەدا بە ئەسپ چووێنراوە، جۆ هاڕینەکەش بە خواردن، (وەکو پەندیش لە زمانی کوردیدا بەکاردێت) وەڵام ئاش.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-07

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 85**

**ئەسپی سپی پیرخانێ، لەتری دەدا لە مەیدانێ، نەپشتی هەیە نەدەدانێ**

[20220727235006425022=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1]



پیر نیشانەیە بۆ پیاوی چاک، ئەسپی پیرخان: مەبەستی هەورە، لەتری دەدا لە مەیدانێ: واتە: هاتوچۆی هەور لە ئاسمان، نەپشتی هەیە نەددانێ: زیاتر بۆ سەر لێشێواندنی ئەو کەسەیە کە مەتەڵەکەی لێدادەهێندرێ ، بێگومان هەور پشتی نییە، خەڵکی لەسەر دانیشێ وەک ئەسپ، نە دانیشی هەیە بۆ خواردن. وەڵام (هەور) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەسپی سپی پیرخانێ، لەتری دەدا لە مەیدانێ، نەپشتی هەیە نەددانێ

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-27

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 86**

**ئەسپی سپی تەتەرخان زوو دەچێتە دیوەخان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008200042438537

ئەسپی سپی تەتەرخان
زوو دەچێتە دیوەخان
ئەسپە سپی: جۆرێکە لە ئەسپی ڕەسەنی کوردەوارە، بە یەکێک لە جۆرە باشەکانی ئەسپ ئەژماردەکرێت، تەتەر: بەشتێک دەوترێ کە زۆر خێرا بڕوا، ئەسپە سپی تەتەرخان، مەبەستی لە پارەی کاغەزە، کە لەناو دیوەخاندا زۆر بەخێرایی دەستاو دەست دەکات. وەڵام (پارە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل11

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 87**

**ئەسپی سپی چەپەرخان خۆش خۆش دێتە بەرمەیدان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101194331455896

ئەسپی سپی چەپەرخان
خۆش خۆش دێتە بەرمەیدان
مەبەست لە پارە و پوولە، ئەسپی سپی چەپەرخان، (چەپەر: بە دەرگا و دیواری لە شووڵ و تامان چنراو دەوترێ. فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە پارەیە کە بە ئەسپ چووێنراوە، خۆش خۆش دێتە بەرمەیدان، واتە: چۆن ئەسپ دێتە بەرمەیدان، بەوجۆرەش بەهەوڵدان پارە دێتە دەست و گیرفان. وەڵام (پارە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل148.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 88**

**ئەسپیش هەیە لە دەم زییە ئالیک دەخوا و بن بڕ دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119205437446429

ئەسپیش هەیە لە دەم زییە
ئالیک دەخوا و بن بڕ دەکا
مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە کە لە دەم چەم و جۆگاکاندا درووستدەکرێ، ئەو جێگایانەش زی لێدەڕووێ، (زی: دەوەنێکی دڕکاوییە، لە دەم چەم و جۆگاکاندا بە سرووشتی دەڕووێ) ئالیک دەخوا و بن بڕ دەکا، واتە: هەر چەند دانەوێڵە بکرێتە ئاش هەموو دەهاڕێ و هیچی ناهێڵێتەوە، دانەویلە بە ئالیک بەراوردکراوە. وەڵام (ئاشی ئاوگەڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل2

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 89**

**ئەسپێکم هەیە دوو پێیە نان نەخۆرە لە ڕێیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119210213446430

ئەسپێکم هەیە دوو پێیە
نان نەخۆرە لە ڕێیە
ئەسپ ئاژەڵێکی چوارپێیە و مرۆڤ لە مێژە ماڵی کردووە، ئەسپێکم هەیە دوو پێیە، مەبەست لە پاسکیلە کە دوو تایەی هەیە، لە مەتەڵەکەدا بە ئەسپی دوو پێ باس کراوە، نان نەخۆرە لە ڕێیە، واتە: چەند پاسکیل لێبخوڕی، لە ڕێگە خۆراکی پێویست نییە. وەڵام (پاسکیل). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل2

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 90**

**ئەسپە بۆرەی کەریم خان بە جووتان و بە لینگان خەبەریان برد لۆ ئاسمان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119202108446416

ئەسپە بۆرەی کەریم خان
بە جووتان و بە لینگان
خەبەریان برد لۆ ئاسمان
کەریم خان کەسایەتییە، ئەسپە بۆرەی کەریم خان، مەبەست لە دووکەڵی ئاگرە کە لە بۆریدا بە ئەسپ چووێنراوە، بە جووتان و بە لینگا، ئەسپ کە بەلەسەدەبێت جووتە دەهاوێ، لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە دووکەڵی ئاگرە کە بۆ سەرەوە دەڕوات، خەبەریان برد لۆ ئاسمان، مەبەست لە بەرزبوونەوەی دووکەڵە بۆ ئاسمان. وەڵام (دووکەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل5

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 91**

**ئەسپە شێ کەفەڵ پان دەگەڕێ لە هەموو دیوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008200552438540

ئەسپە شێ کەفەڵ پان
دەگەڕێ لە هەموو دیوان.
کەفەڵ پان: واتە سمتی پانی ئاژەڵی یەک سم، مەبەستی لە ئاژەڵی ئەسپە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ئەسپە شێ: جۆرێک لە ئەسپی ڕەسەنی کوردەوارە، ئەسپە شێ کەفەڵ پان، مەبەستی لە پارەی کاغەزە، کە لەناو دیوەخاندا زۆر بەخێرایی دەستاو دەست دەکات. وەڵام (پارە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل7

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 92**

**ئەسپە و ئەسپ نییە دوو پێی هەیە، سمی نییە وەک ئەسپ دەڕوا گیانی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008194024438529

ئەسپە و ئەسپ نییە
دوو پێی هەیە، سمی نییە
وەک ئەسپ دەڕوا گیانی نییە
ئەسپە و ئەسپ نییە، واتە: وەڵامی مەتەڵەکە شتێکە هاوشێوەی ئەسپ، مەبەستی لە پاسکیلە، دوو پێ هەیە سمی نییە، واتە: پاسکیل دوو تایەی بۆ ڕۆشتن هەیە، لەباتی سم کە ئەسپ هەیەتی، وەکوو ئەسپ توانای ڕۆشتنی خێرای هەیە، بەڵام پاسکیل ئامێرێکی بێگیانە. وەڵام (پاسکیل) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل12

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 93**

**ئەسپە ڕەشی ڕەشێخان دەریا دەبڕێ بێ ئێسقان**

20230920204621522128=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەسپە ڕەشی ڕەشێخان
دەریا دەبڕێ بێ ئێسقان
ئەسپە ڕەشی کەژاڵخان
دەریا بروو بێ ئیسقان

مەبەست لە زەرووە، (زەروو: کرمۆکەیەکی ڕەنگ ڕەشی بچووکە، لە ئاوی سازگاری کانیاوەکاندا دەژیی، لەگەڵ خواردنەوەدا دەپەڕێتە قورگ، دەیگەزێ و خوێن کۆدەکاتەوە و دەئاوسێت، کەسەکە یان گیانلەبەرەکە هیلاک دەکات) ئەسپە ڕەشی شێخانی، مەبەست لە زەرووە کە هیچ ئێسقانێک لە جەستەیدا نییە. وەڵام (زەروو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل27

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 94**
**ئەسپە ڕەشێ لەخوار حەوشێ شاخە شاخییە خۆی ئەفرۆشێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012182336525880

ئەسپە ڕەشێ لەخوار حەوشێ
شاخە شاخییە خۆی ئەفرۆشێ
مەبەستی مەتەڵەکە هەورەبرووسکەیە، ئەسپە ڕەش، مەبەست لە هەوری ڕەشی ئاسمانە کە زیاتر لە سەرەتای وەرزی بەهاردا دەردەکەوێت، شاخە شاخییە، واتە: هەوری ڕەش شاخەوشاخ دەڕوات، خۆی ئەفرۆشێ، واتە هەورەکان دەدەن بەیەکدا و هەورەبرووسکە درووست دەکەن، بەهۆیەوە باران دەبارێت. وەڵام (هەورەبرووسکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 90

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 95**
**ئەسپە ڕەشەی بەرتاوان ڕۆژێ دەخوا چل مەن دان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908092850519616

ئەسپە ڕەشەی بەرتاوان
ڕۆژێ دەخوا چل مەن دان
ئەسپە ڕەشە مەبەست لە ئاشی ئاوە، (ئاش ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هارینی دانەوێڵە بەکاردێت) مەن: دەفرێکی تایبەتییە، دانەوێڵەی پێدەپێورێت (فەرهەنگی خاڵ) لە کوردەواردا ئاشەوانکان بۆ هەر ڕبەیەک دانەوێڵە، مەنێکیان وەک هەقدەست وەرگرتووە. واتە: ئاشی ئاو ڕۆژانە چل ڕبە دانەوێڵە دەهارێت، چل مەنی هەقدەستە بۆ ئاشەوانە. وەڵام (ئاسیاو یان ئاشی ئاوگەڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل118


کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 96**

**ئەسپە ڕەشەی چل قەمتەرە هەر قەمتەرەی یەک نۆکەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008195812438535

ئەسپە ڕەشەی چل قەمتەرە
هەر قەمتەرەی یەک نۆکەرە
قەمتەر: دەمبێنی ئاژەڵ، ئاسنێکە وەکوو لغاو دەکرێتە دەمی ئەسپ یان ورچ بەنی تێدەکرێت بۆ ڕاکێشان (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ئەسپە ڕەشەی چل قەمتەر، مەبەست لە دەوار یان تاوڵە، کە لە مووی بزن دەچنرێ، (تاوڵ یان ڕەشماڵ: ماڵی کوردەواری کۆچەرییە) گرێ گرێیە، بە قەمتەر چووێنراوە، گرێکان بە داوەوە بەیەکە بەستراون. وەڵام (دەوار، ڕەشماڵ، تاوڵ) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل11

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 97**
**ئەسپە ڕەشەی چەپەرخان، بەلاقان و بەجووتان، وەڵام دەبا بۆ ئاسمان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728083646425036



ئەسپە ڕەشەی چەپەرخان، بەلاقان و بەجووتان، وەڵام دەبا بۆ ئاسمان
چەپەر: ئەو شوڵە دارە باریک و درێژانەیە کە دەچنرێ و دەرگای لێدرووست دەکرێت بۆ کوز یان ئاغەڵ ، واتە: دەرگای بە تەیمان چنراو (فەرهەنگی خاڵ) ئەسپە ڕەش: مەبەستی لە دووکەڵی دارە یان هیی چەپەر کە بە هەموو شێوەیەک بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان. وەڵام (دووکەڵ) ..[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 98**

**ئەسپەلووشە لەبن حەوشە هاواردەکا بۆ جۆ ڕەشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002212421524495

ئەسپەلووشە لەبن حەوشە
هاواردەکا بۆ جۆ ڕەشە
لووش: هەڵمژین و قووتدان (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، ئەسپەلووش: مەبەست لە ئەسپێکی برسییە، هەموو دانەوێڵە و ئالیکێک هەڵلووشێت، مەبەستی مەتەڵەکە دەستارە، (دەستاڕ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێلە بەکاردێت) ، مەتەڵەکە دەستاڕی بە ئەسپ بەراورد کردووە، چونکە دەستاڕ بەردەوام دانەوێڵەی تێدەکرێت بۆ هاڕین. وەڵام (دەستاڕ) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل57

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 99**

**ئەسپەکەم دوو پێیە**

20220921140322435299=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەسپەکەم دوو پێیە
بێ سوار ناچێتە رێیە
خواردنی نییە، بێ گوێیە
مەبەست لە پاسکیلە کە دوو تایەی هەیە، چووێنراوە بە ئەسپ، بێ سوار ناچێتە رێوە واتە: تاکەسێک سەرپاسکیل نەکەوێت و پایدەر لێنەدا ناڕوات، خواردنی نییە، واتە وەکوو ئاژەڵ هیچ خۆراکێک ناخوات، لەگەڵ ئەوەدا هیچ نابیستێ و گوێچکەی نییە. وەڵام (پاسکیل) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل13

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 100**
**ئەستێرەی جەدی لە ئاسمانە کاوڕ مێیە و دایک بەرانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101194712455897

ئەستێرەی جەدی لە ئاسمانە
کاوڕ مێیە و دایک بەرانە
مەبەست لە ئادەم و حەوایە، بەپێی ئەفسانەی ئایینە ئیبراهیمییەکان، یەکەمین دایک و باوکی مرۆڤایەتین، ئەستێرەی جەدی لە ئاسمانە، (جەد: باوەگەورە، ناوی ئەستێرەیەکە لە ئاسمان) مەبەست لە خودای درووستکەری ئەرز و ئاسمانە. کاوڕ مێیە، (کاوڕ: بەرخی تەمەن ساڵ و نیو، دوو ڕەگەزی هەیە، کاوڕە نێر و کاوڕە مێ. فەرهەنگی شێخانی) مەبەست لە دایکە حەوایە کە لە پەراسووی ئادەم درووستکراوە، دایک بەران (بەران: مەڕی نێر یان نێرە مەڕ، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە باوکە ئادەمە کە دایکە حەوای لێدرووستبووە. وەڵام (ئادەم و حەوا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل58.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 101**
**ئەستێرەی درەوشاوە وەک ماسی ناو ئاوە بەڕۆژ هەڵدێت بەشەو ئاوادەبێت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119210557446433

ئەستێرەی درەوشاوە وەک ماسی ناو ئاوە
بەڕۆژ هەڵدێت بەشەو ئاوادەبێت
ئەستێرەی درەوشاوە، مەبەست لە چاوی مرۆڤە کە وەک ئەستێرە دەدرەوشێتەوە، هەروەها وەک ماسی ناو ئاو پاک و جوانە، بە رۆژ هەڵدێت بەشەو ئاوا دەبێ، واتە: بە رۆژ چاو گەش و درەوشاوەیە، بەشە لەگەڵ نووستنی مرۆڤدا خۆی لێکدەنێ، بەپێچەوانەی ئەستێرەوەیە کە بەشەو دەدرەوشیتەوە و بەڕۆژ وندەبێ. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل3

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 102**
**ئەستێرەی ناو مەنجەڵێ، بەڕۆژ لە دەرێ، بەشەو لە خەوێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728090309425045



ئەستێرەی ناو مەنجەڵێ، بەڕۆژ لە دەرێ، بەشەو لە خەوێ
هەمیشە دوکەڵی دار، مەنجەڵی چێشت لێنان ڕەش دەکات، چاڵی چاو بە مەنجەڵ چوێنراوە و سپێنەی چاویش بە سپێتی ئەستێرە کە لە تاریکە شەوا دیارە، بەڕۆژ لە دەرێ ، واتە: بەڕۆژ چاو دەبینێ ، بە شەو لە خەوێ ، واتە: مرۆڤ کە دەخەوێ پێڵوی چاو لێکدەنێ. وەڵام (چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 103**
**ئەسکەنەی ماڵ هەڵکەنە**

20230920205221522131=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەسکەنەی ماڵ هەڵکەنە.
ئەسکەنە: ئاسنێکی دەم تیژە، دارتاش داری پێدەکۆڵێت (فەرهەنگی خاڵ) ، مەبەستی مەتەڵەکە مشکە، (مشک: گیانەوەرێکە لەسەر دانەوێڵە دەژیی، دیواری گڵ کون دەکات و دەیکاتە جێگەی خۆشاردنەوە و لانەی خۆی) ماڵ هەڵکەنە، واتە: مشک دیوار دەکۆڵێت، وەک چۆن ئەسکەنە دار دەکۆڵێت. وەڵام (مشک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل23

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 104**

**ئەشتەکم هەیە، پڕ تەپشولەیە**

20220921142359435302=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەشتەکم هەیە
پڕ تەپشولەیە
ئەشت: شت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، تەپشوولە: مەبەست لە ددانە، ئەشتەکم هەیە، مەبەست لە دەمی مرۆڤە کە وەک کاسەیەکی بچووک وایە، شتی تێدەکرێت، پڕ تەشپوولەیە، واتە: ئەو ددانانەی کە وان لە دەمی مرۆڤدا. وەڵام (دەم و ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل10

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 105**
**ئەشکەوتۆکە، پڕ بەردۆکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921143735435303

ئەشکەوتۆکە
پڕ بەردۆکە
وەڵام (دەم و ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل11

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 106**
**ئەشکەوتی خووینە تێیدایە سەرد پاڵەوانی زندینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119214840446447

ئەشکەوتی خووینە، تێیدایە سەرد پاڵەوانی زندینە.
خووی: ئاکار یان خوو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ئەشکەوتی خووینە مەبەست لە شارەمێروولەیە کە هەموو مێرووەکان خوویان وەکوو یەکە، تێیدایە سەد پاڵەوانی زیندینە، واتە: سەدان مێروولەی وەک پاڵەوان لە شارەکەیاندا دەژین، هەموو یان زیندوون. وەڵام (شارەمێروولە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل5

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 107**
**ئەشکەوتی سەد پاڵەوان، بە قامکە پووشێ دەگیرێ**
20220828143035430894=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەشکەوتی سەد پاڵەوان، بە قامکە پووشێ دەگیرێ.
ئەشکەوت لە کوردستان لە جێگەی شاخاویدا بوونی هەیە، گەر کەسی پاڵەوان و شەرکەری باشی تێدابێت، بەئاسانی ناگیرێت، ئەشکەوتی سەد پاڵەوان، مەبەست لە کونی شارە مێرووڵەیە، لە تاریکیی و پێچوو و قۆرتدا بە ئەشکەوت بەراورد کراوە، سەد پاڵەوانیش مەبەستی لە مێرووڵەکانی ناو ئەشکەوتە، بە قامکە پووشێ دەگیرێ، قامک: پەنجە، واتە: شارە مێرووڵە دەتوانرێت بە پووشێک کە بەقەر پەنجەیەکە هەمووی بگریت. وەڵام (شارە مێرووڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل30
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 108**
**ئەشکەوتی سەد پاڵەوانی بەچەپۆکێ دەیکێشم گیانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119212051446439

ئەشکەوتی سەد پاڵەوانی
بەچەپۆکێ دەیکێشم گیانی
ئەشکەوتی سەد پاڵەوان، مەبەست لە شارە مێروولەیە کە بە ئەشکەوت بەراوردکراوە، هەروەها مێروولەکان بە پاڵەوان ناسێنراون، بە چەپۆکێ دەیکێشم گیانی، مەبەست لەوەیە کە کەسێک دەتوانێت بە چەپۆکێ شارەکەیان تێکبدات. وەڵام (شارەمێروولە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل5

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 109**
**ئەشکەوتێک هەیە دیواری چەرمە سی و دوو مەڕی تێیدایە بێ هەرا و گرمە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119211016446434

ئەشکەوتێک هەیە دیواری چەرمە
سی و دوو مەڕی تێیدایە بێ هەرا و گرمە
ئەشکەوتێک هەیە دیواری چەرمە، مەبەست لە دەمی مرۆڤە کە بە ئەشکەوت بەراوردکراوە هەروەها ڕوومەتەکانیش بە دیواری چەرم، سی و دوو مەڕی تێدایە، مەبەست لە سی و دوو ددانی مرۆڤە کە لەناو دەمیدایە، بێ هەرا و گرمە، واتە: بە کپی و بێدەنگیی. وەڵام (دەم و ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل5

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 110**
**ئەشکەوتێکی زۆر بچووکە سەد پاڵەوان دێ و دەچن بە سووکە**
20221119211328446436=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەشکەوتێکی زۆر بچووکە
سەد پاڵەوان دێن و دەچن بە سووکە
ئەشکەوتێکە زۆر بچووکە، مەبەست لە شارەمێروولەیە کە بە ئەشکەوت بەراوردکراوە، بێگومان تاریک و بچووکە، سەد پاڵەوان دێن و دەچن بە سووکە، مەبەست لە مێروولەکانن کە بە پاڵەوان وەسف کراون، بە سووکی و بەهێواشی دێن و دەچن. وەڵام (شارەمێروولە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل5
کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 111**
**ئەشکەوتێکی گۆشتە و تاریکستانە و بەندەی تێدا چەند شەو و چەند ڕۆژ شای نەهەنگان قوتیدا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101195019455899

ئەشکەوتێکی گۆشتە و تاریکستانە و بەندەی تێدا
چەند شەو و چەند ڕۆژ شای نەهەنگان قوتیدا
ئەم مەتەڵە دەمانباتەوە بۆ ئەفسانەی یونس پێغەمبەر، بەپێی ئەفسانەی ناو ئاییەنەکان یونس لە دەریادا نوقم دەبێت و نەهەنگێک قوتییەدا، چەند ڕۆژێک لەناو قوڕی نەهەنگەکەدا دەمێنێتەوە، دواتر دێتەوەدەر و نامرێ. وەڵام (یونس-پێغەمبەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل107.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 112**
**ئەفری باڵی نییە، سەر ئەبڕی خوێنی نییە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220820161154429289



ئەفری باڵی نییە
سەر ئەبڕی خوێنی نییە

لە دنیای ڕاستەقینەی مرۆڤدا، ئەوەی سەربڕدرێ، خوێنی لێدێ، یان ئەوەی بفڕێ دەبێت باڵی هەبێت، بەڵام لە هۆنراوەی مەتەڵەکەدا بەپێی زانستی ڕەوانبێژیی کارێک کراوە کە خەیاڵی گوێگر دەبات بۆ جێگەیەکی تر، ئەفری باڵی نییە، مەبەست لە گەڵای دارە کە لە وەرزی خەزاندا دەوەرێ، لەکاتی وەرینیشدا بەئاسماندا سەما دەکات تا دەکەوێتەخوار، سەمای گەڵا لەکاتی کەوتنەخوارەوەدا بە فڕین چووێنراوە، سەر ئەبڕی خوێنی نییە واتە: کاتێک گەڵا لێدەبێتەوە، هیچ خوێنێکی لێنایەت، ئەوەش بە سەربڕین چووێنراوە. وەڵام (گەڵا وەرین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 20-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 113**
**ئەگاتە هەر شتێک دەیخوات کە گەشتە خۆی دەمرێت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912190711520248

ئەگاتە هەر شتێک دەیخوات
کە گەشتە خۆی دەمرێت.
هەموو گیانلەبەرێک لەکاتی برسێتیدا پەلاماردەدات، هەرچی دەستکەوێت دەیخوات، ئاگریش بگاتە هەر شتێک دەیسووتێنێت و لەناوی دەبات، سووتانی شتەکان بە ئاگر، بە خوران چووێنراوە، هەروەها کاتێک هیچ نەما ئاگر بیسووتێنێت، بۆ خۆی دەکوژێتەوە و کۆتایی دێت. وەڵام (ئاگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل4

کاتی تۆمارکردن: 12-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 114**
**ئەگرمێنێ وەکو هەور، فڕێدەدا سلی چەور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821091955429398

ئەگرمێنێ وەکو هەور
فڕێدەدا سلی چەور
مەبەستی مەتەڵەکە مەشکەیە (مەشکە ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە پێستی ئاژەڵ دروست دەکرێ، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێت) ئەگرمێنێ وەکوو هەور، دۆی ناو مەشکە لەکاتی ژەنیندا، دەنگێکی لێوەدێ، چووێنراوە بە گرمەی هەور، فڕێدەدا سلی چەور، مەبەست لە ڕۆنەکەرەیە. وەڵام (مەشکە و ڕۆنەکەرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 115**

**ئەگەر ئازای ئەوە چییە دەمی هەیە و ددانی نییە دەمی تیژە شت کوت دەکا قامک لە چاوی نێی گوێ قوت دەکا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213202839450767](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213202839450767)

ئەگەر ئازای ئەوە چییە؟ دەمی هەیە و ددانی نییە
دەمی تیژە شت کوت دەکا، قامک لە چاوی نێی گوێ قوت دەکا
مەبەست لە مقەستە، (مقەست: ئامێرێکی دەستییە بۆ بڕینی جلوبەرگ و قوماش بەکاردێ) دەمی هەیە و ددانی نییە، مەبەست لە مقەستە کە دەمی هەیە بۆ قوماش بڕین بەڵام ددانی نییە و توانای کوتکردنی قوماشی هەیە، هەروەها قامک لە چاوی نێی گوێی قوت دەکا، (قامک: پەنجە) واتە: تا بە پەنجە بەکاری نەهێنی، دەم ناکاتەوە. وەڵام (مقەست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل31

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 116**
**ئەگەر ئەقڵت بێ ئەقڵت بەهەشتە، شەش پەڕ و دوو شاخ پەپولەی دەشتە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730091618425462



ئەگەر ئەقڵت بێ ئەقڵت بەهەشتە، شەش پەڕ و دوو شاخ پەپولەی دەشتە
مەبەستی مەتەڵەکە پەپولەیە کە شەش باڵی هەیە، سێ لای ڕاست و سێ لای چەپ، دوو هەستەوەری هەیە، لە مەتەڵەکەدا بە شاخ ناوی براوە، نیوە دێڕییەکەی مەتەڵەکە، تەنیا بۆ ئەوەیە، ئەو کەسەی مەتەڵەکەی لێدا دەهێندرێ بیری لێبکاتەوە. وەڵام پەپولە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 117**

**ئەگەر ئەقڵت هەس، ئەقڵت هاپێوە پیرۆزەس و سێ شتی هاپێوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912190049520245

ئەگەر ئەقڵت هەس، ئەقڵت هاپێوە
پیرۆزەس و سێ شتی هاپێوە
ئەقڵ: بیروهۆش. هەس: هەیە. هاپێوە: پێتەوەیە. مەبەستی مەتەڵەکە ئاسمان لەگەڵ مانگ و ئەستێرەکانە، واتە: ئەو مرۆڤانەی کە بیروهۆشیان هەیە و بەکاری دێنن، گەر سەیری ئاسمان بکەن، ئەوا مانگ و هەموو ئەستێرەکان دەبینن کە بە شەو ئاسمانی ڕووناک کردووەتەوە. وەڵام (ئاسمان و ئەستێرەکان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل19

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 118**
**ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت بەگیرە، لەناو مەلاندا کامیان بە شیرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821085204429388



ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت بەگیرە
لەناو مەلاندا کامیان بە شیرە
ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت بەگیرە، لەم نیوەدێڕەدا مەتەڵ ئاراستەی کەسی هۆشیار دەکرێت و داوای لێدەکرێت کە بە ئەقڵ بیربکاتەوە، بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ڕاستی مەتەڵەکە، لەناو مەلاندا کامیان بە شیرە واتە: چ مەلێک دەفڕێ و شیردەرە. وەڵام (شەمشەمەکوێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 119**
**ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت تەواوە، چی گۆشتی لەدەر پێستی لەناوە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821084544429385



ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت تەواوە
چی گۆشتی لەدەر پێستی لەناوە
ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت تەواوە، بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی زیرەکی کەسێک بەکاردێت کە بیروهۆشی بۆ دۆزینەوەی واتای مەتەڵەکە بخاتەکار، چی گۆشتی لەدەر پێستی لەناوە، مەبەست لە سیقەتۆرەی پەلەوەرە، وەک (قاز، مریشک...) بە سرووشت سیقەتۆرە رووپۆشێکی گۆشتییە، لە دیوی ناوەوە بە بەرگێکی بەهێز داپۆشراوە، کاری هارین و وردکردنی دانەوێڵەیە.
وەڵام (سیقەتۆرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 120**
**ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت لە بیرە لەناو تەیراندا کامیان بە شیرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008200923438541

ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت لە بیرە
لەناو تەیراندا کامیان بە شیرە
ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت بەبیرە، لەم نیوەدێڕەدا مەتەڵ ئاڕاستەی کەسی هۆشیار دەکرێت و داوای لێدەکرێت کە بە ئەقڵ بیربکاتەوە، بۆبدۆزینەوەی وەڵامی ڕاستی مەتەڵەکە، لەناو مەلاندا کامیان بە شیرە واتە: چ مەلێک دەفڕێ و شیردەرە. وەڵام (شەمشەمەکوێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل12

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 121**

**ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت لەبیرە لە هەموو تەیران تەیرێک بە شیرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101194003455894

ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت لەبیرە
لە هەموو تەیران تەیرێک بە شیرە
ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت بەگیرە
لە هەموو تەیران تەیرێک بە شیرە
ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت لەبیرە
لە هەموو تەیران کیهە بە شیرە

مەبەست لە شەمشەمەکوێرەیە، (شەمشەمەکوێرە: باڵندەیەکی شەوگەڕی شیردەرە، بەڕۆژ توانای بینینی نییە، بەشەو لە وڵاتی کوردەواردا دەردەکەوێ) ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت لەبیرە، مەتەڵساز پرسیاری مەتەڵ ئاڕاستەی گوێگر دەکات و دەڵێت: بۆ زانینی مەتەڵ بە ئەقڵ بیربکەرەوە، لە هەموو تەیران تەیرێک بە شیرە، (تەیر: باڵندە) مەبەست لە شەمشەمەکوێرەیە.
وەڵام (شەمشەمەکوێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل81.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 122**
## ئەگەر بیدەت تەسک دەبێ، لێی وەرگری گەورە دەبێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008204403438554

ئەگەر بیدەت تەسک دەبێ، لێی وەرگری گەورە دەبێ.
مەبەست لە هەڵکەندنی بیرە، لەلایەن وەستای بیرهەڵکەنەوە، هەتاکوو هەڵیبکەنێ و گڵی لێ وەربگرێت یان لێدەربهێنێ، بیرەکە قوڵ و گەورە دەبێت، بە پێچەوانەشەوە هەتا گڵی بدەیتێ یان گڵی تێکەیتەوە، تەسک و بچووک و پڕدەبێتەوە. وەڵام (بیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل9


کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 123**

**ئەگەر بەبارە بەچوارپەلانە ئەگەر بێبارە بە شەشانە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117203638458942](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117203638458942)

ئەگەر بەبارە بەچوارپەلانە
ئەگەر بێبارە بە شەشانە
مەبەستە لە قالۆنچەیە کە خۆراک دەباتەوە بۆ شوێنەکەی، ئەگەر بە بارە بە چوارپەلانە، واتە: قالۆنچە شەش پەلی هەیە کە پێی دەڕوات، کاتێک خۆراکێکی چنگدەکەوێ، بە دووپەل هەڵیدەگرێ و بە چوارپەلیش بەرێگەدا دەڕوات، ئەگەر بێبارە بە شەشانە، واتە: کاتێک هیچ خۆراکێکی چنگناکەوێ بە شەشپەل بە رێگەدا دەڕوات. [1]
وەڵام: (قالۆنچە)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل204.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 124**

**ئەگەر بەریدەی بەڵایە ئەگەر بیگری زێڕی دوونیایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121193947446890

ئەگەر بەریدەی بەڵایە
ئەگەر بیگری زێڕی دوونیایە
مەبەست لە زمانی قسەکردنە و گفتوگۆیە، ئەگەر بەریدەی بەڵایە، واتە: گەر زمان زۆر بلّێ و سنووری نەریتی کۆمەڵگە ببڕی، لەسەر خاوەنەکەی دەبێتە بەڵا، ئەگەر بیگری زێڕی دوونیایە، واتە: گەر ئاگاداری قسەکردن بیت، زمان باش بەکاربهێنری، قسە وەک زێڕ بەنرخ دەبێ. ئەم مەتەڵە لەناو خەڵکیدا وەکوو پەندی پیشینانیش بەکاردێ. وەڵام (زمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل5

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 125**
**ئەگەر دێ پیرە، دادەنیشێ دەڵێی میرە، دەڕوا فەقیرە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728084912425038



ئەگەر دێ پیرە، دادەنیشێ دەڵێی میرە، دەڕوا فەقیرە
ئەگەر دێ میوانە، دادەنیشێ وەزیرە، ئەگەر دەڕوا فەقیرە
ئەگەردێ گەدایە، دادەنیشێ پاشایە، ئەگەر دەڕوا بێنەوایە
بەفر بارین وەک میوان هاتن وایە، ساڵی چەند جارێک بەفر دەبارێ ، میوانیش ساڵی چەند جارێک دێ و دادەنیشێ وەک وەزیر یان میر وایە، مەبەست لە بەفرە لە هەر جێگەیەکدا بکەوێت یا ببارێ بە موڵکی خۆی دەزانێت ، کاتی توانەوەی بەفر، بەرۆشتنی فەقیر یان بێنەوا چوێنراوە کە زۆر بەبێ دەنگی دەڕوات. وەڵام (بەفر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 126**

**ئەگەر فام دیری فامد لە هورە کام لەی مەلەیلە وەهار وەشیرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231014221438526256

ئەگەر فام دیری فامد لە هورە
کام لەی مەلەیلە وەهار وەشیرە
وەڵام (شەمشەمەکوێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لوڕی ڕەسەن |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل33

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 127**

**ئەگەر مەردی مەتەڵبازی بە ئەقڵی خۆت هەڵیبێنە بەڵێ ئەم شیعرە ئاسانە مریشکێکیش هەڵیدێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213203136450768

ئەگەر مەردی مەتەڵبازی بە ئەقڵی خۆت هەڵیبێنە
بەڵێ ئەم شیعرە ئاسانە، مریشکێکیش هەڵیدێنێ
مەبەست لە هێلکەی مریشکە، ئەگەر مەردی مەتەڵبازی بە ئەقڵی خۆت هەڵیبێنە، ئاڕاستەی قسە لە گوێگرە و پێیدەوترێ کە مەتەڵەکە بە وریایی خۆی بزانێت، بەڵێ ئەم شیعرە ئاسانە مریشکێکیش هەڵیدێنێ، واتە: ئەوەی مریشک هەڵیدێنێ هێلکەیە کە وەڵامی مەتەڵەکەیە. وەڵام (هێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل34

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 128**

**ئەگەر ناوت نووسی بەبێ نوقتەیە، گۆشتی بە تام و خۆش و پوختەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730104448425489



ئەگەر ناوت نووسی بەبێ نوقتەیە، گۆشتی بە تام و خۆش و پوختەیە

ناوت نووسی بەبێ نوقتەیە: مەبەست لە نووسینی وشەی ماسییە کە پیتەکانی هیچیان نوقتەیان پێوە نییە، واتە: وشەیەکی بێ نوقتەیە، گۆشتی بە تام و خۆش و پوختەیە: مەبەست لەوەیە کە گۆشتی ماسی تامی خۆشە و بەکەڵکە. وەڵام ماسی. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 129**
**ئەگەر ناوڕاستەکەی دەرهێنی سر دەبێ**

20221228102625454772=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەگەر ناوڕاستەکەی دەرهێنی سر دەبێ.
مەتەڵەکە یاریکردنە بە پیتەکانی وشەی (سوور) ، مەبەست لە وشەی (سر، نهێنی) ە، (وشەی سوور لە سێ پیت پێکهاتووە، پیتی (وو) بزوێنە، ئەم پیتە لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا بە دوو وێنە دەنووسرێ بەڵام یەک پیتە) ، وشەی سوور گەر پیتی ناوڕاست لابەرین تەنیا وشەی سر دەمێنێتەوە. وەڵام (سر، نهێنی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 28-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 130**
**ئەگەر نەیخۆی ناتوانی ئەگەر بیخۆی نابینی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119215107446449

ئەگەر نەیخۆی ناتوانی، ئەگەر بیخۆی نابینی.
مەبەست لە خواردن، هەڵمژینی هەوایە، ئەگەر نەیخۆی ناتوانی، مەبەست لەوەیە گەر کەسێک هەوا هەڵنەمژێ ناتوانێت بژیی و لە ژیان بەردەوام بێت، ئەگەر بیخۆی نابینی، واتە: هەوا گازێکی بێ ڕەنگە، کاتێک مرۆڤ هەڵیدەمژێ لەبەر بێڕەنگی ناتوانێت بیبینێ. وەڵام (هەوا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل2

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 131**
**ئەگەر هات، پای خە بە مل پا ئەگەر نەهات، خۆتیش ئەوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912190917520249

ئەگەر هات، پای خە بە مل پا
ئەگەر نەهات، خۆتیش ئەوا
پای خە بە مل پا: قاچ خستنە سەر قاچ، بۆ کەسێک بەکاردێت کە بێخەم لە کارێک بەو شێوەیە دانیشێت. مەتەڵەکە مەبەستی لەوەیە کە ئەو کەسانەی کە لە ژیانیاندا بەخت یاوەریان دەبێت، قاچ لەسەر قاچیش دانیشن و کارنەکەن، هەر بەبەختن و قازانج دەکەن، بەڵام ئەگەر بەخت یاوەرنەبوو، هەرچی بکەی بێبەهایە. وەڵام (بەخت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل24

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 132**

**ئەگەر هەبێ لە دنیایە، یەک شت وەک مامۆستایە**

[20220730094726425468=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730094726425468)



ئەگەر هەبێ لە دنیایە، یەک شت وەک مامۆستایە
ڕێوی یەکێکە لەو ئاژەڵە کێویانەی کە لە ئەفسانە و چیرۆکەکاندا، بە ئاژەڵێکی فێڵباز ناسراوە، لەبەر ئەوەی چوست و چالاک و وریایە، لە مەتەڵەکەدا، بە مامۆستا چووێنراوە چونکە مامۆستاش لە پۆلدا چوست و چالاکە لە فێرکرندا. وەڵام ڕێوی. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 133**
**ئەگەر ڕۆی ناگەڕیتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008210539438564

ئەگەر ڕۆی ناگەڕێتەوە.
هەموو مرۆڤێک لەبەر ئەوەی لەجێگەیەک نیشتەجێیە، بۆ هەر شوێنێک بڕوات، دواتر کە کارەکەت تەواوبوو، بۆ شوێنی خۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام مەتەڵەکە مەبەستی لە تەمەنی مرۆڤە، کاتێک لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا دەڕوات، ئیتر ناگەڕێتەوە.
وەڵام (تەمەن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل10

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 134**
**ئەگەر ڕەش بوو خاوێنە، ئەگەر سپی بوو پیسە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008204604438556

ئەگەر ڕەش بوو خاوێنە، ئەگەر سپی بوو پیسە.
مەبەست لە تەختەڕەشی ناو خوێندنگەیە، کە کۆی ڕووبەرەکەی ڕەنگی ڕەشە، کاتێک بە دەباشیر لێی دەنووسرێ، پیس دەبێت، پێویستە بسڕدرێتەوە و خاوێن بکرێتەوە. (ئێستا لە خوێندگەکاندا لەباتی تەختەڕەش، بۆردی سپی بەکاردێت) . وەڵام (تەختەڕەش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل9

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 135**

**ئەلفێ گوتی: بە جیمێ، قافێ بەرە بۆ میمێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730101446425476

ئەلفێ گوتی: بە جیمێ، قافێ بەرە بۆ میمێ
ئەلف واتە: خوا (الله) ، جیم واتە: جوبرائیل، قاف واتە: قورئان، میم، واتە: محەمەد، بەگشتی واتە: خوا بە جوبرەئیلی گوت: قورئان بەرە بۆ محەمەد. مەتەڵەکە مەبەستی ناردنی پەیامە لە خوداوە بۆ محەمەد. وەک پەندیش لە زمانی کوردیدا بەکاردێت. وەڵام (ناردنی قورئان بۆ محەمەد) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 136**

## ئەم شتە چییە، ئەستەخفیڕەڵا خواش دەنێتە ژێر

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231204144319533895

ئەم شتە چییە، ئەستەخفیڕەڵا خواش دەنێتە ژێر.
ئەستەخفیڕەڵڵا: وشەی پەشیمانییە، لێبوردن خواستنە لە خودا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەبەستی مەتەڵەکە قەڵەمە، قەڵەم ئەو ئامێرە دەستییەیە کە هەموو شتێکی پێدەنووسرێت، واتە: هەر وشەیەک بە قەڵەم بنووسرێت، وشەکە دەکەوێتە ژێر نووکی قەڵەمەکەوە. وەڵام (قەڵەم) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013. ل181

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 137**
## ئەم لا و ئەو لای دار تیایەتی گورگێکی هار

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221005203452437972

ئەم لا و ئەو لای دار
تیایەتی گورگێکی هار
ئەم لا و ئەو لای دار: مەبەست لە کێلانی خەنجەرە کە کورد بەزۆری لە دار یان شاخی ئاژەڵی کێوی درووستی کردووە چونکە کێشی سووکە، تیایەتی سەگێکی هار: مەبەست لە خەنجەرە (باشترین جۆری لە وڵاتی کوردەواردا خەنجەری دەبانە) تیغەکەی زۆر درێژە، هەردوو دیوی تیژە. وەڵام (خەنجەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، ل7

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 138**

**ئەم لا و ئەو لای گڵ تێیدایە نەرمەکەی دڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221005203755437973

ئەم لا و ئەو لای گڵ
تێیدایە نەرمەکەی دڵ
گۆزە لە کوردەواردا لە گڵ درووست دەکرێت، پاشان سووردەکرێتەوە و ئاوی تێدەکرێت بۆ خواردنەوە، ئەم لا و ئەو لای گڵ، مەبەست لە دیواری گۆزەیە کە گڵە، تێیدایە نەرمە دڵ، مەبەست لە ئاوی ناو گۆزەیە. وەڵام (گۆزەی پڕ لە ئاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، ل7

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 139**
**ئەم لام پەرژین، ئەو لام پەرژین، لەناوراستا کۆتری نەخشین**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220816093152428561



ئەم لام پەرژین، ئەو لام پەرژین
لەناوراستا کۆتری نەخشین
لەناو ژیانی کشتوکاڵیدا هەمیشە پەرژین بە تامان کراوە بۆ ئەوەی ئەو بەروبوومانەی لەناو مڵکە کشتوکاڵییەکاندایە تووشی زیان نەبێت، واتە: پەرژین بۆ پارێزگاریی کردنی بەرهەمە، ئەم لام پەرژین، ئەو لام پەرژین مەبەست لە پێڵووەکانی چاوە کە وەک پەرژین پارێزگاریی لە چاو دەکەن، لەناوراستا کۆتری نەخشین، مەبەست لە گلێنەی چاوە. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 140**

**ئەم لام تات و ئەو لام تات، وەی دایە جیقم دەرهات**

20220821092640429402=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم لام تات و ئەو لام تات
وەی دایە جیقم دەرهات
لە ژیانی شوانکارەییدا هەندێک جار بەهۆی پیسییەوە کێچ پەیدادەبێت (کێچ زیندەوەرۆچکەیەکی ڕەشی وردی قاچ بڕگەبڕگەیە، لە وەرزی بەهاراندا پەیدادەبێت، ئاڵۆشی دەخانە ناو جەستە وە. فەرهەنگی خاڵ) پەندێکی کوردیی هەیە دەڵێت: کێچ کەوتە کەوڵی. کێچ دەکەوێتە ناو سەر و قژەوە، کەسەکە تووشی خورانێکی زۆر دەبێت، لە کوردەواردا چارەسەرکەی دۆزینی سەر و قژە، ژنان دادەنیشن سەری منداڵان دەدۆزن و دەنک دەنک کێچەکە دەگرن، پاشان بەهەردوو نینۆکی پەنجە گەورە پانی دەکەنەوە و دەیکوژن. ئەم لام تات و ئەو لام تات واتە ئەو کاتەی کێچێک دەکەوێتە نێوانی هەر دوو نینۆکی پەنجە گەورەوە، هەردوو نینۆک بە دوو تات چووێنراوە، (تات: مەبەست بەردە تاتە یان بەردەنوێژکە ساف و تەختە) وەی دایە جیقم دەرهات، مەبەست لە کاتی کوشتن و جیقدەرهاتنی کێچە. وەڵام (کێچ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 141**
**ئەم لام تات و ئەولام تات، سەیەکی هاری لێدەرهات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730093228425466




ئەم لام تات و ئەولام تات، سەیەکی هاری لێدەرهات
ئەم لام تات و ئەو لام تات، مەبەستی لە کیفی خەنجەرە کە لە کوردەواردا لە دار یان شاخی ئاژەڵی کێوی درووست دەکرێ، سەی هاری لێدەرهات، مەبەسی لە خەنجەرە چونکە زۆر تیژە و هەموو شتێک دەبڕێت ، لە هیچ ناگەڕێتەوە. وەڵام خەنجەر.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 142**
**ئەم لام دیوار, ئەو لام دیوار، تێیدایە دوو گورگی هار**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730102154425480](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730102154425480)



ئەم لام دیوار، ئەو لام دیوار، تێیدایە دوو گورگی هار
هەموو ئاشێکی ئاو، دوو بەرداشی هەیە کە پێکدێ لە دوو بەردی بازنەیی تەنکی ڕوو ساف، لە مەتەڵەکەدا بە دیوار ناوبراوە، کاتێک ئاش دەستبەکاردەکات، دوو بەرداشەکە، بەخێرایی هەڵدەسووڕێ ، بە دوو گورگ وەسف کراوە. وەڵام بەرداشی ئاشی ئاو.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 143**

**ئەم لام دیوار، ئەو لام دیوار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921144001435304

ئەم لام دیوار، ئەو لام دیوار
تێیدایە سەگێکی هار
وەڵام (زمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل11

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 144**

**ئەم لام گڵ، ئەو لام گڵ، نەرمە دڵ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220727234503425021](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220727234503425021)

کیتەڵە لە قوڕ درووست دەکرێت و سوور دەکرێتەوە پاشان ماستی تێدا هەوێندەکرێت و هەڵدەگیرێت ، ئەم لام گڵ و ئەو لام گڵ: مەبەست لە دیواری کیتەڵەیە، نەرمە دڵ: مەبەستی لە ماستە، چۆن دڵ نەرمە و لە قەفەزەی سنگدا پارێزراوە، ماستیش لەناو کیتەڵەدا دەپارێزرێ و هەڵدەگیرێ. وەڵام (کیتەڵەی ماست) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 27-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 145**

**ئەم لام کەڵەک ئەولام کەڵەک، لەناوڕاستا چەرخ و فەلەک**

[2022081609231242855 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220816092312428559)

ئەم لام کەڵەک ئەولام کەڵەک
لەناوڕاستا چەرخ و فەلەک
کەڵەک لەناو گوندی وڵاتی کوردەواردا، ئەو دیوارەیە کە بە بەرد بە وشکی بێ قوڕ و گەچ هەڵدەچنرێ، بۆ جیاکردنەوەی مڵکەکان لەیەک بەکاردێ، چەرخ و فەلەک، یارییەکی تایبەت بە منداڵانە و لە ڕۆژانی جەژندا دەکرێ، مەتەڵەمە مەبەستی لە زمانی ناو دەمی مرۆڤە، لە کاتی قسەکردندا بەردەوام وەک چەرخ و فەلەک هەڵدەسووڕێ، رووەمەتەکانیش لەناوەوە وەک کەڵەک دەوریان داوە. وەڵام (زمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 146**
**ئەم لاو ئەو لای گڵ، ناوندەکەی فێنکی دڵ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730101042425474



ئەم لاو ئەو لای گڵ، ناوندەکەی فێنکی دڵ
لە کوردستان لە مێژوویەکی کۆنەوە، لە؛ ایەن وەستایانی شارەزاوە بیر هەڵدەکەندرێ، هەموو بیرێک ئەم لاو ئەو لای گڵە و فێنکە، ناو بیریش ئاوی سارد و فێنکی تێدایە کە دەروون فێنکدەکاتەوە، لە مەتەڵەکەدا بە دڵێکی فێنک و ڕوون ناوبراوە. وەڵام بیر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 147**

**ئەم لای تانە ئەو لای تانە تێیدایە دوو پۆل مەرجانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119212708446440

ئەم لای تانە، ئەو لای تانە
تێیدایە دوو پۆل مەرجانە
تانە: پێشی دەوترێ تەیمان یان چەپەر، بەو دیوارە دەوترێ کە لە شوێنی دار درووستدەکرێت و دەچنرێ، بۆ جیاکردنەوەی دوو جێگە لەیەک، ئەم لای تانە ئەو لای تانە، مەبەست لە پێڵووی چاوەک کە دەوری چاوی داوە، تێیدایە دوو پۆل مەرجانە، مەبەست لە دوو چاوی مرۆڤە. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل3

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 148**
**ئەم لای تەختە، ئەو لای تەختە ناوڕاستەکەی زەرنەقووتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008201206438542

ئەم لای تەختە، ئەو لای تەختە
ناوڕاستەکەی زەرنەقووتە
زەرنەقوتە: پێشی دەوترێ قۆزمەسوورە یان سوورمەساقە، مەبەست لە بێچووی چۆلەکە یان باڵندەی هاوشێوەیەتی، بە بچووکی کە لەهێلکە دەترووکێ، ئەم لای تەختە ئەو لای تەختە، مەبەست لە بێشکەیە، ناوەڕاستەکەی زەرنەقوتە، مەبەست لە منداڵی ساوای ناوبێشکەیە. وەڵام (بێشکە و منداڵی ساوا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل11

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 149**
**ئەم لای دار و ئەو لای دار تیایەتی سەگێکی هار**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817093158428771



ئەم لای دار و ئەو لای دار
تیایەتی سەگێکی هار
ئەم لای دار و ئەو لای دار: مەبەست لە کێلانی خەنجەرە کە کورد بەزۆری لە دار دروستی کردووە چونکە کێشی سووکە،
تیایەتی سەگێکی هار: مەبەست لە خەنجەرە (باشترین جۆری لە وڵاتی کوردەواردا خەنجەری دەبانە) تیغەکەی زۆر درێژە،
هەردوو دیوی تیژە.[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 17-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 150**
**ئەم لای دارە ئەو لای دارە تێیدایە یەک گوجیلەی هار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221005204417437977

ئەم لای دارە، ئەو لای دارە
تێیدایە یەک گوجیلەی هار
گوجیلە: بێچووی سەگ و تانجی (فەرهەنگی شێخانی) بە بچووکی زۆر بزێو و بە جووڵەن، ئەم لای دارە، ئەو لای دارە، مەبەست لە کێلانی جەنجەرە کە لە کوردەواریدا لە دار یان هەندێک جار لە شاخی ئاژەڵی کێوی دروستدەکرێت، تێیدایە یەک گوجیلەی هار، مەبەست لە خەنجەرە، کە تیغێکی دەمپانی تیژە. وەڵام (خەنجەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، ل9

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 151**

**ئەم لای دارە ئەو لای دارە ناوەندی خڕ خڕ گوێبەگوارە**

2022100520402843797 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم لای دارە، ئەو لای دارە
ناوەندی خڕ خڕ گوێبەگوارە
هێڵەک: ئەمێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دار درووستدەکرێت، شێوەی بازنەییە، تەلێکی کون ورد لە دیوێکی دەدرێ، بۆ بێژانەوەی ئارد و دانەوێڵە بەکاردێت، ئەم لای دار و ئەو لای دار، مەبەست لە قەراغی هێڵەکە، خڕ خڕ گوێبەگوار، مەبەست لە تەلی هێڵەکە کە بۆ بێژانەوە بەکاردێ. وەڵام (هێڵەک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، ل9

کاتی تۆمارکردن: 05-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 152**
**ئەم لای دارە ئەو لای دارە ناوەکەی ئاسنی غەدارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119213959446443

ئەم لای دارە ئەو لای دارە
ناوەکەی ئاسنی غەدارە
مەبەست لە خەنجەری کوردییە، بەتایبەت خەنجەری دەبان کە باشترین جۆری خەنجەرە، ئەم لای دارە ئەو لای دارە، مەبەست لە کێلانی خەنجەرە کە لە دار درووستدەکرێ، ناوەکەی ئاسنی غەدار، مەبەست لە تیغی خەنجەرەکە لە ئاسن درووستدەکرێت و لە شەڕدا زۆر ستەمگەرە. وەڵام (خەنجەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل3

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 153**

**ئەم لای دیوار ئەو لای دیوار ناوڕاستەکەی مارێکی هار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920205027522130

ئەم لای دیوار ئەو لای دیوار
ناوڕاستەکەی مارێکی هار
مەبەست لە دەم و زمانی مرۆڤە، ئەم لای دیوار ئەو لای دیوار، مەبەست لە هەردوو گوپی مرۆڤە لە مەتەڵەکەدا بە دیوار چووێنراوە، ناوڕاستەکەی مارێکی هار، مەبەست لە زمانی مرۆڤە کە باریک و لووسە، چووێنراوە بە مار. وەڵام (دەم و زمان) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل27

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 154**

**ئەم لای سندوق، ئەو لای سندوق تێیدایە گەورە و بچووک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008202054438544

ئەم لای سندوق، ئەو لای سندوق
تێیدایە گەورە و بچووک
مەبەست لە گۆڕە کە وەکوو سنووق وایە، مرۆڤ کە دەمرێ دەیخەنە ناوی، (گۆڕ ئەو جێگەیەی کە مردووەکەی تێدا پاڵدەخرێ، بە بەرد یان بلۆک وەک سنووق جێگەکەی بۆ ڕێکدەکرێت) تێیدایە گەورە و بچووک، واتە: مرۆڤی گەورە یان بچووک کە دەمرێ دەیخەنەناوی. وەڵام (گۆڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل9

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 155**

**ئەم لای شاخ و ئەو لای شاخ پێی دادێ، چوورچە پەیداخ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921144224435305

ئەم لای شاخ و ئەو لای شاخ
پێی دادێ، چوورچە پەیداخ
مەبەست لە کیسەڵە کە سەر و بن و ئەم لاو ئەو لای، بە قەپاغێکی ڕەق رووپۆش کراوە، بۆ پارێزگاری کردن لێی، چوورچە پەیداخ: مەبەست لە ئەو گیانەوەرە نەرمەی ناو قەپاغە ڕەقەکەیە کە پێی دەوترێ کیسەڵ، لەکاتی جووڵەدا دەست و قاچی لە قەپاغەکە دێنێتەدەر، لەکاتی تەنگانە یان پشوودا دەچێتەوە ناوی. وەڵام (کیسەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل12

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 156**
**ئەم مەتەڵە چوار پیتی ڕێکە**

20220915230030434214=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەم مەتەڵە چوار پیتی ڕێکە
خواردنە بۆ مانی تێکە
هەموو ڕۆژێ لە هەموو ماڵ
دەبێ بیخۆن گەورە و مناڵ
ڕۆژی ژەمێ یاخود دوو ژەم
دروست دەکرێ یا زۆر یا کەم
پیتی سێ و دوو بخەلاوە
تەرە، ئاویش لێی نەداوە
پیتی سێ و دوو لەگەڵ چوارە
پیاوی بێ مێشک و بەدکارە
مەتەڵ ئێستا کە کوڵاوە
ناو مەنجەڵە... لێنراوە
وەڵام (چێشت). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکووک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل53

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 157**

**ئەم مەتەڵەمان نەختێک گرانە لەقینی ئەوەی وتیان ئاسانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119122230459248

ئەم مەتەڵەمان نەختێک گرانە
لەقینی ئەوەی وتیان ئاسانە
لەجیی پاساری ئەم حەوت پیتەیە
لەشوینێکی شارەزای ئەو ناوچانەیە
پیتی پێنج و حەوت مانای زۆر دوورە
لە شوێنی پرد و کرداری زۆرە
پیتی یەک، دوو سێ، چوار و پێنج مانای رووبارە
هەر کەسێک بینی رووی دەکاتە سەر
پیتی پێنج، چوار و شەش بە کوشتنی باڵندە
بەسەر لوتکەوە و چیا و دەشتی دوور
پیتی پێنج، حەوت، شەش و حەوت گیاندارێکە لە دارستان [1]
وەڵام: (کەناروێ)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل45

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 158**
**ئەمبەر پەڕچین ئەوبەر پەڕچین ناوڕاستەکەی گەوهەری چین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121202121446896

ئەمبەر پەڕچین ئەوبەر پەڕچین
ناوڕاستەکەی گەوهەری چین
پەڕچین: پەرژین (فەرهەنگی وشەنامە) ئەمبەر پەڕچین ئەوبەر پەڕچین، مەبەست لە پێڵووی سەر و خواری چاوە کە دەوری چاویان داوە، ناوڕاستەکەی گەوهەری چین، مەبەسی لە چاوی مرۆڤە کە وەک گەوهەر بەنرخە، چونکە دنیای پێدەبینرێت.
وەڵام (چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل7

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 159**
**ئەمری لەگەڵتە، زیندووی لەگەڵتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008210747438566

ئەمری لەگەڵتە، زیندووی لەگەڵتە.
مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سەرەتاییەوە، لەو کاتەوەی قسەکردن فێربووە، بۆ ناسینەوەی شتەکان، ناوی داناوە، واتە: بۆ هەموو شتێک ناوێکی تایبەتی داناوە، بەتایبەتی بۆ مرۆڤەکان بۆ ئەوەی پێی بناسرێنەوە، مەتەڵەکە واتە: ئەو ناوەی لە مرۆڤ دەنرێت، لە ژیان و مردنیدا پێ دەناسرێتەوە. وەڵام (ناو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل7

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 160**

**ئەمسەرکەری و ئەوسەرکەری پارەکەری و پینەکەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918133622521291

ئەمسەرکەری و ئەوسەرکەری
پارەکەری و پینەکەری
مەبەستی مەتەڵەکە بەرگدرووە، ئەمسەرکەری ئەوسەرکەری، بۆ کەسێک بەکاردێت کە لە کار و پیشەیەکدا زۆر بێت و بچێت، یان ئەمسەر و ئەوسەری زۆر بکات، مەبەستی لە بەرگدرووە کە لە کاتی برِنی بەرگدا ئەمسەر و ئەوسەر دەکات، پارەکەری و پینە کەری، واتە: بەرگدروو هەم بەرک دەدروویت هەم پینەی بەرگی دڕاویش دەکات. وەڵام (بەرگدروو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 22

کاتی تۆمارکردن: 18-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 161**

**ئەملای پنە و ئەولای پنە مانوونەبی مامەخنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926120644523451

ئەملای پنە و ئەولای پنە
مانوونەبی مامەخنە
پنە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دار درووست دەکرێت، بۆ کردنەوەی نان بەکاردێت، خنە: بۆ کەسی خاوخلیچک بەکاردێت. ئەملای پنە و ئەولای پنە، مەبەست لەو بەرگە ڕەقەی جەستەی کیسەڵە، کە بە پنە چووێنراوە، مانوو نەبی مامەخنە، مەبەست لە خاوی جووڵەی کیسەڵە. وەڵام (کیسەڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل44

کاتی تۆمارکردن: 26-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 162**
**ئەملای تاش و ئەولای تاش حەفی سەر و بەد قوماش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926120444523450

ئەملای تاش و ئەولای تاش
حەفی سەر و بەد قوماش
تاش: تاشەبەردە یان بەردی گەورە (فەرهەنگی خاڵ) ، حەف: بۆگەن (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، بەد: خراپ. ئەملای تاش و ئەولای تاش، مەبەست لە بەرگی ڕەقەی جەستەی کیسەڵە کە لە هەموو لایەکەوە داپۆشیوە، لە ڕەقیدا چووێنراوە بە تاشەبەر، حەفی سەر و بەد قوماش، واتە: بۆگەنەی لە کیسەڵ دێت. وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل44

کاتی تۆمارکردن: 26-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 163**

**ئەملای درێژ، ئەولای درێژ ناوەندەکە خڕ تێهەڵکێش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231214195804536908

ئەملای درێژ، ئەولای درێژ
ناوەندەکە خڕ تێهەڵکێش
مەبەستی مەتەڵەکە پانتۆڵە، جۆرێک بەرگی جیهانییە، زوربەی گەلان دەیپۆشن، زیاتر لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە کوردستاندا بڵاوبووەوە، ئەملای درێژ، ئەولای درێژ، مەبەست لە هەردوو قاچی پانتۆڵە، ناوەندەکەی خڕ تێهەڵکێش، مەبەست لە کەمەری پانتۆڵە. وەڵام (پانتۆڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فێنکی دەروون، هونەر سەباح عەبدوڵا خۆشناو، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2005، ل93.

کاتی تۆمارکردن: 14-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 164**

**ئەمە چییە بەرزە بڵندە، بڵندە دەماخە، سەری گەرمەسێر، بنی لە ئێڵاخە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012193843525890

ئەمە چییە بەرزە بڵندە، بڵندە دەماخە، سەری گەرمەسێر، بنی لە ئێڵاخە.
ئێڵاخ: گیای بێکەڵکی بژار کە فڕێدەدرێت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە)، گەرمەسێر: گەرمیان (فەرهەنگی خاڵ)، مەبەست لە نێرگەلەیە، (نێرگەلە ئامێرێکی ڕۆژهەڵاتییە، بۆ کێشانی تووتن بەکاردێت)، بەرزە بڵندە، مەبەست لە نێرگەلەیە کە بەپێوەدادەنرێت و بەرزە، بڵندە دەماخە، واتە؛ بەشی سەرەوەی تووتنی دەخرێتەسەر بە دەماخ چواندوویەتی، سەری گەرمەسێرە، واتە: بەشی سەرەوەی گەرمە و پشکۆ و توتنی لەسەرە، بنی لە ئیڵاخە، مەبەست لە ئاوی بنی نێرگەلەیە کە فڕێدەردێت و بەکەڵک نایەت. وەڵام (نێرگەلە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری گەرمیانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: کاروان عوسمان عەلی، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، کەلار، 2009، ل75

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 165**
**ئەمە چییە گیزەگیزیەتی، عالەم بەتەمای خوشەیە میزیەتی**
20220817102651428783=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەمە چییە گیزەگیزیەتی
عالەم بەتەمای خوشەیە میزیەتی
ئەمە چییە گیزەگیزیەتی: مەبەست لە سەماوەرە کاتێک بەجۆش ئەکەوێ و ئاوەکەی دێتەکوڵ، دەست بەگیزەگیز دەکات، عالەم بەتەمای خوشەیە میزیەتی: مەبەست لە کاتی چاتێکردنە کە کابان بەلوعەی سەماوەرەکە دەکاتەوە و پیاڵە دەشوا، مەتەڵ سازی کورد وشەی (گیزەگیز یان خوشەی میز) ی لە مەتەڵەکەدا داناوە، بۆ ئەوەیە خەیاڵی گوێگر بۆ لایەکی تر بەرێت. وەڵام (چا و سەماوەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 17-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 166**

**ئەمە چییە لە سێ پیت پێکهاتووە، ئاژەڵە، مووکەی ڕەشە، ئاشقی لاپاڵ و شاخ و دەرە، لاسارە، بەسە واز بینە هاری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012192606525889

ئەمە چییە؟ لە سێ پیت پێکهاتووە، ئاژەڵە، مووکەی ڕەشە، ئاشقی لاپاڵ و شاخ و دەرە، لاسارە، بەسە واز بینە هاری؟
لە سێ پیت پێکهاتووە، مەبەستی مەتەڵەکە ئاژەڵی (بزن) ە کە سێ پیتە، مووەکەی ڕەشە، ئاشقی لاپاڵ و شاخ و دەرە، واتە: بزن مووی جەستەی ڕەشە و ئارەزووی سەرکەوتن بە چیادا دەکات، لەگەڵ ئەوەدا زۆی لاسار و هار و عەجوولە. وەڵام (بزن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری گەرمیانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: کاروان عوسمان عەلی، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، کەلار، 2009، ل75

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 167**

**ئەمە چییە لەم شارە، ددان دارە وەک مشارە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008202406438546](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008202406438546)

ئەمە چییە لەم شارە، ددان دارە وەک مشارە
هەردوو دیوی بەکارە، دەفرۆشرێ بە پارە
مەبەسی لە شانەی قژداهێنانە، (شانە: ئامێرێکی دانداناوییە، بۆ قژداهێنان بەکاردێت) هەردوو دیوی بەکارە، واتە: بەهەردوو دیودا بۆ قژداهێنان بەکاردەهێنرێت، داندارە وەک مشارە، دانی شانە بە دانی مشار چووێنراوە، لە بازاڕدا وەک کاڵایەک بە پارە دەفرۆشرێ. وەڵام (شانە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل11

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 168**

**ئەمە چییە؟ چی پێ ئەڵێن، پەپکە بەکونجی پێ ئەڵێن، عەبای نارنجی پێ ئەڵێن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220815215905428512

ئەمە چییە؟ چی پێ ئەڵێن، پەپکە بەکونجی پێ ئەڵێن، عەبای نارنجی پێ ئەڵێن.
ئەم مەتەڵە ڕاستەوخو بەپرسیار دەست پێدەکات، گوێگر دەخاتە ناو جۆرێک لە ئاڵۆزییەوە، پەپکە: بە شتێکی پڕ بە مست ئەوترێ، پەپکە بەکونجی: مەبەستی لە تەماتەیە کە پڕ بە مستە، عەبای نارنجی پێ ئەڵێن: مەبەستی لە ڕەنگی تەماتەیە کە ئاڵ و جوانە. وەڵام (تەماتە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 15-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 169**

**ئەمە چییە؟ شەو لە بانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220827113416430662

ئەمە چییە؟ شەو لە بانە.
مەتەڵەکە بە پرسیار دەست پێدەکات و پرسیارەکە ئاڕاستەی گوێگر دەکات، لەگەڵ ئەوەدا، وەڵامی مەتەڵەکە لەناو پرسیارەکەدا هەیە، ئەوەش بۆ سەرلێتێکدانی گوێکر هاتووە، لەگەڵ ئەوەدا یاریکردنە بە واتای وشە، (شەولەبان) ئەگەر پێکەوە بنووسرێ، بەواتای باگردێن دێت کە شەو و ڕۆژ لەسەربانە بەڵام ئەگەر بەجیا بنووسرێ و لە وتنیشدا بەجیا دەربڕدرێ، واتاکەی دەگۆڕدرێ، (شەو لە بانە) واتە: شەو شتێک لەسەربانە. وەڵام (باگردێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 27-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 170**
**ئەمە چییە؟... پەلەکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915231638434219

ئەمە چییە؟... پەلەکە
شووشە و تەل و تەنەکە
ئاگر و پلیتە و نەوت
یەکێکی کەمە لە حەوت
بەم کەرەسانەی وتمان
لێی دەردەچێ شتی جوان
کاتێ کارەبا دەبڕێ
ئەو شوێنی گڵۆپ دەگرێ
نە مۆمە و نە لایتە
ئیش دەکا بە پلیتە
دوو پیتی ناوێ (ڕا) یە
زووبە بڵێ (...) یە
وەڵام (چرا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل57

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 171**
**ئەمە چەس دوو چەم لەبان یەکا ئەگوزەرێن، تێکەڵ نابن**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012183211525886](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012183211525886)

ئەمە چەس دوو چەم لەبان یەکا ئەگوزەرێن، تێکەڵ نابن.
چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، ئەگوزەرێن: دەڕۆن. لەبان یەک: لەسەر یەک. دوو چەم لەبان یەک: مەبەست لە زەردێنە و سپێنەی ناو هێلکەیە کە سپێنە دەوری زەردێنەی داوە، تێکەڵ نابن، واتە: زەردێنە و سپێنە لەیەک جیان وەک دوو ئاو وان کە چرییان جیاواز بێت و تێکەڵ نەبن. وەڵام (زەردێنە و سپێنەی هێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل91

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 172**
**ئەمە چەس، ها لەناو ئاوا، لە تینگیا ناوسکی ڕەشە و بووگە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912191538520252

ئەمە چەس، ها لەناو ئاوا، لە تینگیا ناوسکی ڕەشە و بووگە.
چەس: واتە: چییە، تایبەتە بە بەشە شێوەزاری موکریان و ئەردەڵان (سنە) ، تینگیا: لە تینوێتیدا، ڕەش بووگە: ڕەش بووە. مەبەستی مەتەڵەکە ماسییە، لەکاتی هەڵدڕیندا ناوسکی ماسی خوێنی ڕەشە، لە کوردەواردا دەوترێت ناوسکی لە تینوێتیدا ڕەشبووەتەوە. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل21

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 173**

**ئەمە چەس؟ لە زەویا سەوزە، لە ڕێیا ڕەشە، لە ماڵا زەردە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918133109521289

ئەمە چەس؟ لە زەویا سەوزە، لە ڕێیا ڕەشە، لە ماڵا زەردە.
چەس: چییە. مەبەستی مەتەڵەکە (چا) یە، لە زەویا سەوزە، واتە: گەڵای چا لەکاتی پێگەیشتنیدا ڕەنگی سەوزە، لە ڕێیا ڕەشە، واتە: کە وشک دەکرێتەوە، ڕەنگی ڕەش دەبێت، لە ماڵا زەردە، دوای ئەوەی لەگەڵ ئاودا دەکوڵێنرێت و ئامادەدەکرێت بۆ خواردنەوە، ڕەنگی زەرد دەبێت. وەڵام (چا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 22

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 174**
**ئەو پیاوە کێیە کە دایک و باوکی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912192141520255

ئەو پیاوە کێیە کە دایک و باوکی نییە؟
مەبەست لە (ئادەم) ە، بەپێی ئافسانەی ئایینە ئیبراهیمییەکان، خواوەند یەکەم مرۆڤ کە درووستی کرد، ناوی لێنا (ئادەم) ، ئەم درووستکراوەی خودا، دایک و باوکی نییە، ڕاستەوخۆ خواوەند خۆی درووستی کردووە، بەڵام باوانی هەموو مرۆڤایەتییە.
وەڵام (ئادەم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل3

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 175**

**ئەو تاق و ئەم تاق ئەکا چاو لە خەڵکی زەق ئەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221005204635437980

ئەو تاق و ئەم تاق ئەکا
چاو لە خەڵکی زەق ئەکا.
تاق: کەلەبەرێکی تایبەتییە، لە دیواردا دەهێڵرێتەوە، بۆ شت لێدانان (فەرهەنگی خاڵ) لە ماڵی کۆنی کوردەواردا بوونی هەیە، مەبەستی مەتەڵەکە ئاوێنەیە کە لەماڵدا لەناو تاقدا دادەنرا، بۆ ئەوەی کەسەکان سەیری ڕووخساریانی پێبکەن. وەڵام (ئاوێنە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل7

کاتی تۆمارکردن: 05-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 176**
**ئەو تاقە دەکا ئەو تاقە دەکا چاو لە هەموو کەس دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119202738446418

ئەو تاقە دەکا
ئەو تاقە دەکا
چاو لە هەموو کەس دەکا
تاقە: جۆرە پارچەیەکی جوانی بەنرخە، لە ئاوریشم و سوورمە درووستدەکرێت (فەرهەنگی خاڵ) ئەو تاقە دەکا، مەبەست لە ئاوێنەیە کە بە شتێکی جوان ناسراوە، لە مەتەڵەکەدا بە تاقە بەراوردکراوە، چاو لە هەموو کەس دەکات، واتە: ڕووی هەموو کەسێک پیشاندەدات. وەڵام (ئاوێنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل2

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 177**
**ئەو تەقە دەکا، ئەو تەقە دەکا، چاو لە هەموو کەس دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730104924425490



ئەو تەقە دەکا، ئەو تەقە دەکا، چاو لە هەموو کەس دەکا
ئەو تەقە دەکا ئەو تەقە دەکا، دەستەواژەیەکە بۆ جوانکاری و مۆسیقای مەتەڵەکە و سەرلێتێکدانی گوێگر بەکارهاتووە، چاو لە هەموو کەس دەکا، چاولێکردن: سەیرکردن واتە: هەر کەسێ سەیری ئاوێنە بکات، خۆی تێدا بەجوانی دەبینێ. وەڵام ئاوێنە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 178**
**ئەو شتە چییە، بێ قاچ و باڵە هەر سەعات بمرێت گۆشتی حلاڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231204142706533892

ئەو شتە چییە، بێ قاچ و باڵە
هەر سەعات بمرێت گۆشتی حلاڵە
سەعات: کاتژمێر، حەڵاڵ: ڕەوا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، قاچ بۆ ڕۆیشتنە و باڵ بۆ فڕینە، بەڵام مەبەستی مەتەڵەکە ماسییە کە قاچ و باڵی نییە، لەگەڵ ئەوەدا بەناو ئاودا بەهۆی پەڕەکە و کلکییەوە دەڕوات، هەروەها هەر کاتێک لە ئاو دەربێت، دەمرێت و گۆشتیشی بۆ خواردن ڕەوایە. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەماڵ، 2013. ل181

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 179**
**ئەو شوێنەی گا سووری لێیێ، گیای لێ شین نابێ**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730092623425465](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730092623425465)



ئەو شوێنەی گا سووری لێیێ، گیای لێ شین نابێ
گاسوور واتە: دار کە ئەسووتێ و دەبێتە پشکۆی ئاگر، ئەو شوێنەی ئاگری لێدەکەوێتەوە ، هەموو دار و دەوەنەکانی دەسووتێت و زەویەکە ڕەق دەبێت، گژو گیای لێسەوز نابێ یان هەر چی گیای ئەو ناوە هەیە، دەسووتێت و شینایی لێدەبڕێ.
وەڵام ئاگر.. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 180**
**ئەو گیانلەبەرە چییە؟ لەدایکدەبێ، زاوزێ ناکات**

20230803202931511527=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەو گیانلەبەرە چییە؟ لەدایکدەبێ، زاوزێ ناکات.
ئێستر ئەو گیانلەبەرەیە کە لە ئەنجامی جووتبوونی ماین و نێرەکەر بەرهەمدێت، توخمێکی جیاواز دەردەچێت، توانای جووتبوون و پرۆسەر زۆربوونی نییە. لە مێژوویەکی دێرینە وە جووتیارانی کورد لە گوندەکاندا ئێستریان وەک وەچەیەکی نوێ بەرهەمهێناوە و بۆ گواستەنەوە و باربردن بەکاریان هێناوە. وەڵام (ئێستر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینیان و مەتەڵی کوردەواری، عەباس بایز سەمەد، چاپخانەی کاروان، هەولێر. ل153

کاتی تۆمارکردن: 03-08-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 181**
**ئەو لای تەختە ئەم لای تەختە ناوڕاستەکەی زەرنەقووتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121194242446892

ئەو لای تەختە ئەم لای تەختە
ناوڕاستەکەی زەرنەقووتە
زەرنەقووتە: لە کوردەواردا پێشی دەوترێ: قۆزمەسوورە یان سوورمەساقە، ئەو لای تەختە ئەم لای تەختە، مەبەست لە بێشکە یان لانکەیە کە لە تەختە درووستدەکرێ، ناوڕاستەکەی زەرنەقووتە، مەبەست لە منداڵی ساوایە کە دەکرێتە ناو بێشکەوە و بە زەرنەقووتە چووێنراوە. وەڵام (بێشکە لانکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل6

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 182**
**ئەو لای دارە ئەم لای دارە ناوەندی خرخرەی گوێبەگوارە**
2022111921431344644=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
ئەو لای دارە ئەم لای دارە
ناوەندی خرخرەی گوێبەگوارە
مەبەست لە ئامێری دەفە (دەف: ئامێرێکی موزیکیی پێستداری کەلەپووری کوردییە، لە ئاهەنگ و مەراسیمە ئایینییەکاندا بەکاردێ) ئەو لای دارە ئەو لای دارە، مەبەست لە بازنەی دەفە کە لە دار درووستدەکرێت و پێشتی تێدەگیرێ، ناوەندەکەی خرخرەی گوێبەگوارە، مەبەست لە ئەڵقە و پڵپڵانەیە کە بە داری دەفەوەیە. وەڵام (دەف) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل2
کاتی تۆمارکردن: 2022-11-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 183**

**ئەو ڕووبارەی ئاوی تێدانییە، دەکەوێتە کوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008211804438574

ئەو ڕووبارەی ئاوی تێدانییە، دەکەوێتە کوێ؟
هەموو ڕووبارێک لە هەموو جێگەیەکی دنیا ئاوی پێدادەڕوات و ئاوی تیدایە، مەتەڵساز مەبەستییەتی مێشکی گوێگر بجووڵێنی، مەبەستی مەتەڵەکە ڕووباری سەر نەخشەیە کە وشک و برنگە و هیچ ئاوێکی تیدانییە. وەڵام (ڕووباری سەر نەخشە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل7

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 184**

**ئەو کونە ڕەشەی بەتۆوە ئەو مژانەی بە منەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008203252438549

ئەو کونە ڕەشەی بەتۆوە
ئەو مژانەی بە منەوە
خۆم تێکوتا بە گونەوە
زریکە زریکی لە بنەوە

مەبەستی مەتەڵەکە ئامێری پێچاڵە کە بۆ کاری جۆڵایی بەکاردێت، (پێچاڵ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کاری چنین بەکاردێت) مژان: دارێکی درێژە بەشێکە لە ئامێری پێچاڵ، ئەو کونە ڕەشەی بە تۆوە، مەبەست لەو کونە باریکانەیە کە داوی (پۆ) ی پێوەدەکرێ، خۆم تێکوتا بە گونەوە، مەبەست لە مەکۆی پێچاڵە کە داوی (تان) ی پێوەیە، زریکە زریک لە بنەوە، مەبەسی لە کاتی کارپێکردنی ئامێری پێچاڵە کە تان و پۆکان دێن و دەچن دەنگێک دروستدەکات. وەڵام (کاری جۆڵایی کردن) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل12

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 185**

**ئەوسا جوان بیم، فرە وەڕەنگ بیم گەل گەل نازاداران لەدەورم جەم بین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921222015522319

ئەوسا جوان بیم، فرە وەڕەنگ بیم
گەل گەل نازاداران لەدەورم جەم بین
بیم: بووم. فرە: زۆر. گەل گەل: کۆمەڵ کۆمەڵ. جەم بین: کۆبوونەوە. ئەوسا جوان بیم، فرە وەڕەنگ بیم، مەبەست لە گەنمەشامییە، لەکاتی پێگەشتندا ڕەنگی دەنکەکانی کەمێک سوور و زەرد دەبێت، گەل گەل نازداران لەدەورم جەم بین، واتە: کچان هەرەوەز دەکەن و لەدەوری گەنمەشامییەکان کۆدەبنەوە و لێی دەکەنەوە. وەڵام (گەنمەشامی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 28

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 186**

**ئەوە چییە ئەزانی چی هەیە بەڵام نازانی چییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119123115459258

ئەوە چییە؟ ئەزانی چی هەیە، بەڵام نازانی چییە؟
مەبەست لە ئافرەتی سکپڕە، ئەوە چییە؟ ئەزانی چی هەیە. واتە: هەموو کەسێک کاتێک ئافرەتێکی سکپڕ دەبینێ، دەزانێ کە منداڵێک لە سکیدا هەیە، بەڵام نازانی چییە؟ واتە: کەس نازانی لەناو سکی دایکدا ئەو منداڵە کوڕە یان کچە، ئەم مەتەڵە مێژووی کۆنە، کاتێک وتراوە کە ئامێری پشکنینی دووگیانی نەدۆزراوەتەوە. [1]
وەڵام: (ئافرەتی سکپڕ)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشێخی سیریێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل34

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 187**

**ئەوە چییە ئەوە چییە شتی هێندە سەریر نییە بە دوو دیو کۆلەکێک تێدا ڕاوەستاوە لەیەک جێدا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213204328450769

ئەوە چییە؟ ئەوە چییە؟ شتی هێندە سەریر نییە
بە دوو دیو کۆلەکێک تێدا، ڕاوەستاوە لەیەک جێدا
مەبەست لە لووتی مرۆڤە، ئەوە چییە؟ شتی هێندە سەیر نییە، واتە: وەڵامی مەتەڵەکە شتێکی سەیرە، بە دوو دیو کۆلەکێک تێدا، (دیو: مەبەست لە ژوورە) واتە: دوو ژوور کۆڵەکەیەک لەنێوانیایەتی، ڕاوەستاوە لەیەک جێدا، مەبەست لە کۆڵەکەی لووتە، کە لەنێوان دوو کونە لووتدایە. وەڵام (لووت) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل33

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-13

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 188**
**ئەوە چییە ئەیخەیتە ناو ئاو دەیبەستێت**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012183412525887](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012183412525887)

ئەوە چییە ئەیخەیتە ناو ئاو دەیبەستێت.
چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەتەڵەکە بە پرسیار دەستپێدەکات بۆ سەرنجراکێشانی گوێگر، مەبەستی مەتەڵەکە هێلکەی پەلەوەرە، ئەیخەیتە ناو ئاو دەیبەستێت، واتە: هێلکە بە سرووشت شلە و ملە، کاتێک لە ئاودا دەکوڵێت، تووند دەبێتەوە و دەیبەستێت. وەڵام (هێلکەی کوڵاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل91]()

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 189**
**ئەوە چییە ئەیکەی بەخۆتا حەزی پێدەکەی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121202446446899

ئەوە چییە ئەیکەی بەخۆتا حەزی پێدەکەی.
مەتەڵساز بە پرسیار دەستپێدەکات، مەبەستییەتی سەرنجی گوێگر بۆ شوێنێک بەرێت، بەڵام وەڵامی مەتەڵ شتێکی ترە، مەتەڵەکە مەبەست لە کەوچکی چێشت خواردنە کە چێشتی پێدەخورێ. وەڵام (کەوچک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل6

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 190**

**ئەوە چییە باڵدارە و شیردەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008212844438581

ئەوە چییە باڵدارە و شیردەرە.
مەبەست لە شەمشەمەکوێرەیە، (شەمشەمەکوێرە: باڵندەیەکی شەوگەڕی شیردەرە، بەڕۆژ توانای بینینی نییە، بەشەو لە وڵاتی کوردەواردا دەردەکەوێ) مەتەڵەکە مەبەست لە شەمشەمەکوێرەیە کە هەم دەفڕێ و هەم شیر دەدات. وەڵام (شەمشەمەکوێرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل9


کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 191**

**ئەوە چییە بە دەست شێرە بە پێست پڵنگە بە چاو بازە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008211952438576

ئەوە چییە؟ بە دەست شێرە، بە پێست پڵنگە، بە چاو بازە.
مەبەستی مەتەڵەکە بۆقە، گیاندارێکە لە ئاو و لە وشکانیدا وەک یەک دەژی، لە ڕووی ڕووخسارەوە، بە هەندێک ئاژەڵ و باڵندە بەراوردکراوە، بە دەست شێرە، واتە: دەستی وەک شێر وایە، بە پێست پڵنگە، واتە: پێستی بۆق وەک پڵنگ بەڵەکە، بەچاو بازە، واتە: چاوی لە باز دەچێ و وردبینە. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل8

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 192**

**ئەوە چییە تا نەدەی لە تەوق سەری کارناکات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121202739446900

ئەوە چییە تا نەدەی لە تەوق سەری کارناکات.
هەموو بزمارێک سەرێکی تیژە و سەرەکەی تری پانە، مەبەست لە داکوتانی بزمارە، هەتا بە چەکوش لەسەری بزمارەکە نەدرێ، داناکوترێ. وەڵام (بزمار). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل6

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 193**

**ئەوە چییە تۆ دەیبینی ئەو ناتبینێ تۆ قسەناکەی ئەو قسەدەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008213118438583

ئەوە چییە؟ تۆ دەیبینی، ئەو ناتبینێ، تۆ قسەناکەی، ئەو قسەدەکا.
مەتەڵەکە مێژووەکەی نوێیە، کەمتر لە سەدەیەکە، دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی تەلەفیزیۆن بۆ کوردستان، کە توانای پیشاندان و قسەکردنی هەیە. وەڵام (تەلەفیزیۆن). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل12

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 194**
**ئەوە چییە چلۆنە زەنگیانەی گورزەهۆنە پەڕی سەری وەک سۆنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915220823520802

ئەوە چییە چلۆنە
زەنگیانەی گورزەهۆنە
پەڕی سەری وەک سۆنە
گورزەهۆن: جۆرێک هۆنینەوەیە کە بە چوار گوریس دەکرێت، دەبێت هۆنینەوەکە چوارگۆشە بوەستێت (فەرنەگیکی خاڵ) ، مەبەست کە گەنمەشامییە کە لە مەتەڵەکەدا دەنکەکانی بەزەنگیانە و خودی گەنمەشامییەکە بە گورزەهۆن چووێنراوە.
پەڕی سەری وەک سۆنە، سۆنە: مراوی، مەبەست لەو توێکڵە تەنکەی دەوری گەنمەشامییە کە وەک پەڕی مراوی وایە، تەڕنابێت. وەڵام (گەنمەشامی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل7

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 195**

**ئەوە چییە چی پێدەڵێن ئەگەر زانیت چی پێدەڵێن تەپلە بە کونجی پێدەڵێن کەوای نارنجی پێدەڵێن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213204922450772

ئەوە چییە چی پێدەڵێن؟ ئەگەر زانیت چی پێدەڵێن
تەپلە بە کونجی پێدەڵێن، کەوای نارنجی پێدەڵێن
مەبەست لە تەماتەیە، ئەوە چییە چی پێدەڵێن، ئەگەر زانیت چی پێدەڵێن، واتە: مەتەڵ ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت و داوای وەڵامی لێدەکرێت کە نەزانراو بزانێت، تەپلە بە کونجەی پێدەڵێن: مەبەست لە تەماتەیە کە بەرگەکەی نارنجییە لە مەتەڵەکەدا بە کەوا چووێنراوە. وەڵام (تەماتە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل32

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 196**

**ئەوە چییە چییە بە دەست و پێ قامچییە خوا نەبێ کەس نازانێ چییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008194338438530

ئەوە چییە چییە؟
بە دەست و پێ قامچییە
خوا نەبێ کەس نازانێ چییە؟
مەتەڵەکە بە پرسیار دەستپێدەکات، قسەکەر پرسیار ئاڕاستەی گوێگر دەکات، بە دەست و پێ قامچییە، مەبەست لە منداڵی سکی دایکە، لەوکاتەوەی درووستدەبێت، تا ئەوکاتەی لەدایکدەبێت، جگە لە خواوەند کەس نازانێ ڕەگەزی کوڕە یان کچ، ئەم مەتەڵە لە ڕۆژگارێکدا وتراوە، هێشتا ئامێری پشکنینی ئافرەتی دووگیان دانەهاتووە. وەڵام (منداڵی سکی دایک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل12

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 197**
**ئەوە چییە خۆی زەردە گەرم بکرێت سپی دەبێت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121203039446901

ئەوە چییە خۆی زەردە، گەرم بکرێت سپی دەبێت.
مەبەست لە گەنمەشامییە (گەنمەشامی: جۆرێک دانەوێڵەیە، مرۆڤایەتی لە مێژوویەکی کۆنەوە ناسیویەتی، وەک خۆراکی سەرەکی کەڵکی لێبینراوە) ئەوە چییە خۆی زەردە، مەبەست لە ڕەنگی دەنگی گەنمەشامییە کە زەردە، گەرم بکرێت سپی دەبێت، واتە: گەر گەنمەشامی بخرێتە سەر گەرمی دەنکەکانی دەتەقن و سپی دەبن. وەڵام (گەنمەشامی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل6

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 198**
**ئەوە چییە دۆستی خۆتە دوژمنی خۆتە هەر لە خۆتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221005203151437970

ئەوە چییە؟ دۆستی خۆتە
دوژمنی خۆتە
هەر لەخۆتە

زمان هۆکارێکە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز، گەر کەسێک گوفتاری باشی پێدەربڕیت، دۆست و هاوڕێی زۆری پێپەیدادەکات بەڵام گەر کەسێک گوفتاری خراپی پێدەربڕیت، بێگومان دوژمنی زۆری بۆ پەیدادەبێت، لە ڕێگەی زمانەوە کە بەشێکە لە جەستە، دەتوانێت دۆست یان دوژمن هەڵبژێریت. وەڵام (زمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، ل 8

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 199**

**ئەوە چییە دەخزێ و ناخزێ هەڵمەتدەبا وەکوو دزێ بۆ نێوگەڵان دادەبەزێ ددانی نییە بیگەزێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213204646450771

ئەوە چییە؟ دەخزێ و ناخزێ، هەڵمەتدەبا وەکوو دزێ
بۆ نێوگەڵان دادەبەزێ، ددانی نییە بیگەزێ
مەبەست لە مەشکە ژەنینە، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە پێستی بزن درووستدەکرێ، بۆ ژەندنی دۆ بەکاردێ) دەخزێ و ناخزێ هەڵمەت دەبا وەکوو دزێ، مەبەست لە کرداری مەشکە ژەنینە کە بە دەست ژنەوە دێت و دەچێ، بۆ نێوگەڵان دادەبەزێ دانی نییە بیگەزێ، واتە: لەکاتی مەشکە ژەنیندا، دەمی مەشکە لە داوێنی کابان نزیک دەبێتەوە. بەڵام مەشکە دانی نییە گاز بگرێ. وەڵام (مەشکە ژەنین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل31



کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 200**
**ئەوە چییە سێ قاچی هەیە و دەڕوات**

20230119123733459260=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەوە چییە؟ سێ قاچی هەیە و دەڕوات.
مەبەسی لە کەسی بە تەمەنە، بەشێوەیەکی سرووشتی کاتێک مرۆڤ قۆناغەکانی تەمەنی تێدەپەڕێنێ، کۆتا قۆناغی پیرییە، مرۆڤەکان لەم قۆناغەدا بە ئاسانی ناتوانن بەڕێگەدا بڕۆن، بەڵکوو بەهۆی گۆچانەوە بەڕێگەدا دەڕۆن، مرۆڤەکان خۆیان دوو قاچیان بۆ ڕۆشتن هەیە، گۆچانیش بە قاچێک ئەژماردەکرێ، بۆیە دەبێت بە سێ قاچ. وەڵام (کەسی بە تەمەن بە گۆچان دەڕوات) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل45

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 201**

**ئەوە چییە شەو و ڕۆژ لە دەریایە و لێوی تەڕ نابێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121205914446912

ئەوە چییە شەو و ڕۆژ لە دەریایە و لێوی تەڕ نابێ.
بەلەم یەکێکە لە داهێنانەکانی مرۆڤ، بۆ ئەوەی بە ئاودا گەشت بکات. لێوارەکانی بەرزە و ناوەکەی چاڵە بۆ ئەوەی لە هیچ لایەکەوە ئاوی تێنەچێت، مەبەست لە بەلەمە کە هەمیشە لەناو ئاودایە کەچی لێوارەکانی تەڕ نابن و ئاو ناچێتە ناوی. وەڵام (بەلەم). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل7

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 202**
**ئەوە چییە غارەکە مارەکە سی و دوودانە منداڵی هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121205626446911

ئەوە چییە غارەکە مارەکە، سی و دوودانە منداڵی هەیە.
غار: ئەشکەوت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە دەمی مرۆڤە کە بە ئەشکەوت چوواندویەتی، مار مەبەست لە زمانی مرۆڤە، ئەوە چییە غارەکە مارەکە، واتە دەم و زمان، سی و دوو دانە منداڵی هەیە، مەبەست لە سی و دوو ددانی مرۆڤە کە لەناو دەمدایە. وەڵام (دەم و ددان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل7

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 203**

**ئەوە چییە گۆشتی ناخورێ پیسایی دەخورێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121204003446905

ئەوە چییە گۆشتی ناخورێ، پیسایی دەخورێ.
مەبەستی مەتەڵەکە هەنگ و هەنگوینە، ئەوە چییە گۆشتی دەخورێ، مەبەست لە هەنگە کە وەک زیندەوەرۆچکەیەک دەژیی گۆشتی نییە هەتا بخورێ، پیسایی دەخورێ، مەبەست لە هەنگوینە کە هەنگ درووستیدەکات، لەکاتێکدا هەنگوین بەرهەمی هەنگە نەک پیسایی هەنگ. وەڵام (هەنگ و هەنگوین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل7

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 204**
**ئەوە چییە لە قەرنێک یەک جار دەبینرێ بەڵام لە دەقیقەیەک دووجار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121204313446907

ئەوە چییە لە قەرنێک یەک جار دەبینرێ بەڵام لە دەقیقەیەک دووجار.
قەرن: سەدە، دەقیقە: چرکە، هەردوو وشەکە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردیی و هەندێک جار لەلایەن کوردانی شێوەزاری کرمانجی ناوەندەوە بەکاردێ، مەبەست لە پیتی (ق) ە، ئەگەر سەرنج بچێتە سەر پیتەکانی هەردوو وشەی (قەرن و دقیقە) دەبینین کە لە وشەی (قەرن) یەک پیتی (ق) هەیە، بەڵام لە وشەی (دەقیقە) دوو پیتی (ق) هەیە. هەرچەندە سەدە کاتەکەی زۆر درێژە بەڵام چرکە کاتەمەی زۆر کەمە. وەڵام (پیتی ق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل6

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 205**

**ئەوە چییە لەوسەر حەوزە کراسەکەی سوور و سەوزە لەناوی دوو کەوچکی دارین شەوچلەی خەڵکی شارین**

2022121320524045077З=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەوە چییە؟ لەوسەر حەوزە، کراسەکەی سوور و سەوزە
لەناوی دوو کەوچکی دارین، شەوچلەی خەڵکی شارین
مەبەست لە کاشی پڕ لە دۆ و قەزوانە، ئەوە چییە لەوسەر حەوزە، کراسەکەی سوور و سەوزە، مەبەست لە کاشی دۆیە کە ڕەنگاوڕەنگە بە کراسی سوور و سەوز چووێنراوە، (کاشی: قاپی گەورەی قووڵ) لەناوی دوو کەوچکی دارین، واتە: دوو کەوچکی داری تێدایە بۆ دۆ خواردنەوە، شەوچلەی خەڵکی شارین، واتە: کاشییە دۆ بەتایبەت لە شەوچلەدا دادەنرێ و دەخورێتەوە.
وەڵام (کاشی دۆی پڕ لە قەزوان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل31

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-13

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 206**
**ئەوە چییە مرۆڤ نییە و لایلایە دەکات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119124107459261

ئەوە چییە؟ مرۆڤ نییە و لایلایە دەکات.
مەبەست لە چەقەڵە، (چەقەڵ: گیاندارێکی گۆشتخۆری کێوییە، بەشێوەی گرووپ پێکەوە دەژین، لە وڵاتی کوردەواردا بوونیان هەیە و بەشەو دەردەکەون و دەلوورێنن) ئەوە چییە مرۆڤ نییە، مەبەست لە چەقەڵە، لایلایە دەکات. واتە: بە شەو دەلوورێنێ، لوورەی چەقەڵ بە لایلایە چووێنراوە چونکە هەردووکیان بە شەو ئەنجامدەدرێن. [1]
وەڵام: (لوورە لووری چەقەڵ بە شەو)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشێخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل45

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 207**
## ئەوە چییە هەر ڕوو ئەکا لە خوا

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231204144715533896](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231204144715533896)

ئەوە چییە هەر ڕوو ئەکا لە خوا.
مەبەست لە کوڵانجەیە، (کوڵانجە: پێشی دەوترێت: کڵاورۆژنە، مەبەست لەو کونەیە کە لە سەقفی خانووی گڵدا هەیە، هەم ڕووناکی لێوەدێتە ژوور، هەم دووکەڵی ئاگردانی لێوەدەردەچێت، کوڵانجە ڕووی لە ئاسمانە، دووکەڵیش ڕووە ئاسمان بەرز دەبێتەوە، لە مەتەڵەکەدا دەڵێت ڕوو ئەکا لە خوا. وەڵام (کوڵانجە) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013
کاتی تۆمارکردن: 04-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 208**
**ئەوە چییە هەر ڕوو دەکاتە خوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121205010446909

ئەوە چییە هەر ڕوو دەکاتە خوا.
کولێنکە: بەو کونە دەوترێ کە ڕووە و ئاسمان لە سەقفی خانووی گڵدا درووستدەکرێت، هەم بۆ ڕووناکی، هەم بۆ ئەوەی دووکەڵی ئاگری لێوە بڕواتە دەرەوە و هەواکێشیی بکات، مەبەستێ مەتەڵەکە کولێنکەی خانووی کوردەوارە کە هەمیشە ڕووی لە ئاسمانە. وەڵام (کولێنکەی بان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارِی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل6

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 209**
**ئەوە چییە هەرۆکە دادەباریێ بەفرۆکە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230803202529511526](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230803202529511526)

ئەوە چییە هەرۆکە
دادەبارێ بەفرۆکە
هەرۆکە: هەموو ڕۆژێک (فەرهەنگی کانی) دادەبارێ بەفرۆکە، واتە: لە ڕێگەی هەورەکانەوە بەفر دەبارێت، بەڵام مەتەڵەکە مەبەستی کە هێڵەکی ئارد بێژانەوەیە (هێڵەک ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بێژانەوەی ئارد بەکاردێت) هاتنەخوارەوەی ئارد بەناوکونی وردی هێڵەکدا، چووێنراوە بە بارینی بەفر، چونکە لە سپێتیدا لەیەک دەچن. وەڵام (هێڵەک). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل55

کاتی تۆمارکردن: 03-08-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 210**
**ئەوە چییە هەموو شتێکی پیادەچێ خۆی پیاناچێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008212419438578](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008212419438578)

ئەوە چییە؟ هەموو شتێکی پیادەچێ، خۆی پیاناچێ.
مەتەڵساز بە پرسیار دەستپێدەکات، شتێک بە پەنهانی لای گوێگر ئاشکرادەکات کە پێویستە بە زیرەکی خۆی بیدۆزێتەوە، مەتەڵەکە مەبەستی لە گوێچکەی مرۆڤە، کە هەموو قسەوباسێک دەبیستێت، واتە: هەموو قسەیەک دەچێت بە گوێیدا.
وەڵام (گوێچکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل8

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 211**

**ئەوە چییە کە لەکون دەردێ سی سوار دەرەقەتی نایەت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121203705446904

ئەوە چییە کە لەکون دەردێ، سی سوار دەرەقەتی نایەت.
مەبەست لە تەقاندنی تیرە بە تیروکەوان، ئەوە چییە لە کون دەردێ، مەبەست لە هاویشتنی تیرە بە ئامێری تیروکەوان کاتێک تیرەکە لە کەوانەکە دەردەچێ، ئاراستە شتێک یان کەسێک دەکرێ، سی سوار دەرەقەتی نایەت، واتە تیر لە کەوان دەرچوو، بەر هەر کەسێک بکەوێ تووشی زیانی دەکات و بەکەس ناگەڕێتەوە. وەڵام (تیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل7

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 212**
**ئەوە چییە کە ناوت برد دەشکێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121203410446903](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121203410446903)

ئەوە چییە کە ناوت برد دەشکێ.
مەبەست لە بێدەنگی ناو ژوورێک یان جێگەیەکە کە ژمارەیەک خەڵکی تێدابێت، بەهۆکارێک هەمووان بێدەنگ بن، لەهەر چرکەساتێکدا کەسێک لەو گرووپە وشەیەک بدرکێنێ، بێدەنگی شوێنەکە دەشکێ، مەبەستی مەتەڵەکە بێدەنگییە کە بەدەربڕینی وشەیەک دەشکێ. وەڵام (بێدەنگی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل7

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 213**
## ئەوە چییە یەک پای هەس و یەک چاو

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121210156446914

ئەوە چییە یەک پای هەس و یەک چاو.
مەبەست لە دەرزیی دروومانە، (دەرزی دروومان: باریک و درێژە، سەرەکەی کونێکی تێدایە دەزووی پێوەدەکرێ، نوکەکەی تیژە، بۆ دوورینەوەی بەرگ بەکارێت) ئەوە چییە یەک پای هەس، واتە: دەرزی یەک قاچی هەیە، یەک چاو، مەبەست لە دەرزییە کە یەک کونی تێدایە. وەڵام (دەرزی دروومان) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل7


کاتی تۆمارکردن: 2022-11-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 214**
**ئەوە چییە؟ ئینسان دەیبینێ خودا نایبینێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008211609438572

ئەوە چییە؟ ئینسان دەیبینێ خودا نایبینێ!
ئینسان: مرۆڤ. هەموو مرۆڤێک لە چرکەساتێکدا لەدایکدەبێت، دوای تەمەنێک درێژ یان کوورت، ژیانی کۆتایی دێت و دەمرێت، واتە: ژیان بۆ مرۆڤ سەرەتا و کۆتایی هەیە، بەڵام بەپێی ئەفسانەی ئایینەکان، خواوەندەکان ژیانی نەمرێی و هەتاهەتاییان هەیە. وەڵام (مردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل8
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 215**

**ئەوە چییە؟ بەناوهێنانەکەی دەشکێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915221509520808

ئەوە چییە؟ بەناوهێنانەکەی دەشکێ.
ئەوە چەس؟ بەناوبردنی دەشکێ.
چەس: واتە: چی. مەبەستی مەتەڵەکە بێدەنگییە، لە کۆڕ و کۆبوونەوەی کوردەواردا هەندێک جار بەهۆی نەناسیاویی یان بەهۆی بیرکردنەوە لە کێشەیەک، بێدەنگی سەراپای ئامادەبووان دادەگرێت، هەر کەسێک دەتوانێت، بەیەک وشە بیدەنگی بشکێنیت. وەڵام (بێدەنگیی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل8

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 216**

**ئەوە چییە؟ چی بەچییە، کابرایەکی قاچاخچییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231204145811533899

ئەوە چییە؟ چی بەچییە، کابرایەکی قاچاخچییە.
قاچاخچی: بۆ کەسێک بەکاردێت کە باری شمەک و کاڵا یان باری ڕێپێنەدراو بە کوێرەڕێدا بەرێت و باج بە حکومەت نەدات. هەرکاتێکیش ئاشکرابوو، حکومەت سزای دەدات، مەبەستی مەتەڵەکە مشکە، بەردەوام دانەوێڵە لە ئەمبار دەبات و خاوەنماڵیش بەشوێنییەوەیەتی بیکوژێت و لەناوی بەرێت. وەڵام (مشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013.

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 217**
**ئەوە چییە؟ چی پێدەڵێن، بووکە بە کونجەی پێدەڵێن، بووکی مام حاجی پێدەڵێن**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728090015425043



ئەوە چییە؟ چی پێدەڵێن، بووکە بە کونجەی پێدەڵێن، بووکی مام حاجی پێدەڵێن
ئەم مەتەڵە بە پرسیار دەست پێدەکات، زیاتر بۆ مەبەستی سەرلێشێواندنە، بووکە بە کونجەی، مەبەست هەنجیرە، جۆرە هەنجیریک هەیە پێی دەڵێن: (شڵە) جۆرە هەنجیرێکی کونج کونجە، بووکی مام حاجی، مەبەستی لە خاوەن هەنجیرەکەیە.
وەڵام (هەنجیر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 218**

**ئەوە چییە؟ چیایە، لەسەر چیا گەڵایە، لەسەر گەڵا چرایە**

2022072808555842504l=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



ئەوە چییە؟ چیایە، لەسەر چیا گەڵایە، لەسەر گەڵا چرایە
چیا: مەبەستی لە جگەرەیە، لەسەر چیا گەڵایە: واتە: تووتن کە لەناو جگەرەکەدایە، لەسەر گەڵا چرایە: واتە: ئاگر، بەتایبەتیی لە کاتی شەودا، ئەو کەسانەی جگەرە دەکێشن، ئاگری جگەرەکەیان دیارە، مەتەڵەکەش لەوەوە هاتووە. وەڵام (جگەرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 219**
**ئەوە چییە؟ چییە چییە گۆشتی خۆشە و مەلەوان چییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221005204930437981

ئەوە چییە؟ چییە چییە؟
گۆشتی خۆشە و مەلەوان چییە.
مەتەڵەکە بە پرسیاری (چی) دەستپێدەکات، مەتەڵساز مەبەستییەتی سەرنجی گوێگر ڕاکیشێت، بۆ شتێک کە لە ئاودا توانای مەلەکردنی هەیە، هەروەها گۆشتی دەخورێت. مەبەستی مەتەڵەکە ماسییە. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 220**
**ئەوە چییە؟ چییە؟ دەست و بنی قەڵم چییە، کەس نازانێ دەڵێم چییە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728092621425048



ئەوە چییە؟ چییە؟ دەست و بنی قەڵم چییە، کەس نازانێ دەڵێم چییە
نیوە دێڕی یەکەمی مەتەڵەکە پرسیاری کردووە لە گیانلەبەرێ کە ژیشک یان ژووشکی پێدەوترێ، دەست و بنی قەڵم چییە: واتە: ئەو دڕکانەی کە بە پشتییەوەیەتی بۆ خۆپاراستن، لە مەتەڵەکەدا بە قەڵەم چووێنراوە، کەس نازانێ دەڵێم چییە: زیاتر بۆ مەبەستی سەرلێشێواندن بەکارهاتووە. وەڵام (ژیشک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 221**

**ئەوە چییە؟ خاوەنی وەلەدە، بەڵام لە دایک و باوک وەلەد نەبووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908094304519620

ئەوە چییە؟ خاوەنی وەلەدە، بەڵام لە دایک و باوک وەلەد نەبووە.
لە مەتەڵەکەدا وشەی (وەلەد) بەدوو واتای (منداڵ یان لەدایکبوون) هاتووە. ئەوە چییە خاوەنی وەلەدە، مەبەست لە داکاوا و باباوایە (ئادەم و حەوا) لە ئەفسانە گەلی ئایینەکاندا ئادەم و حەوا ڕاستەوخۆ خودا درووستی کردوون و واتە دایک و باوکیان نییە، بەڵام دایک و باوکی هەموو مرۆڤایەتین. وەڵام (داکاوا و باباوا یان ئادەم و حەوا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل120



کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 222**

**ئەوە چییە؟ دوو کونە ڕێوی، ئاو لێی ڕۆیی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908093722519619

ئەوە چییە؟ دوو کونە ڕێوی، ئاو لێی ڕۆیی.
ڕێوی ئاژەڵێکی کێوی گۆشتخۆرە، لە کوردەواردا بەفێڵ بەناوبانگە، لە ناوچە چیاییەکاندا لە کون و کەلێنی شاخدا دەژیی، دوو کونە ڕێوی، مەبەست لە دوو کونی لووتی مرۆڤە، کە بە کونە ڕێوی چووێنراوە، ئاو لێی ڕۆیی، مەبەست لە تەڕیی و ئاوی لووتە کە مرۆڤ بەهۆی سەرماوە تووشی دەبێت. وەڵام (کونە لووت) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل120

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 223**

**ئەوە چییە؟ دەخورێ قوتنادرێ**

20230803201412511524=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەوە چییە؟ دەخورێ قوتنادرێ.
لە کۆمەڵگەدا هەر کەسێک مافێکی لێزەوتبکرێت، تێکۆشاندەکات بۆ بەدەستهێنانەوەی، لەو پێناوەدا زۆرجار وا ڕێکدەکەوێت کە سوێندخواردن و گەواهیدانی تێبکەوێت، مەتەڵەکە مەبەستی لە سوێند خواردنە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، لە ڕاستیدا سوێند دەردەبڕێت، بەڵام لە کوردەواردا دەوترێت کەسەکە سوێندی خواردووە. وەڵام (گەواهیدان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینیان و مەتەڵی کوردەواری، عەباس بایز سەمەد، چاپخانەی کاروان، هەولێر. ل152

کاتی تۆمارکردن: 2023-08-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 224**
**ئەوە چییە؟ سپییە پەنیر نییە، کلکی هەیە مشک نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908095007519623

ئەوە چییە؟ سپییە پەنیر نییە، کلکی هەیە مشک نییە.
پەنیری کوردیی (مەیرە یان سەلک) ڕەنگی سپییە، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە توورە، (توور یەکێکە لە جۆرەکانی سەوزە و بەسەلک لەژێر زەویدا دەڕوێت، ڕەنگی سپییە و ڕەگەکەی وەک کلک بەدوای سەلکی تووردا درێژ دەبێتەوە) کلکی هەیە وەک مشک؛ مەبەست لە ڕەگی توورە. وەڵام (توور) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل120

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 225**
**ئەوە چییە؟ سەنگینە وەزنی نییە، شیرینە تامی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908094755519622

ئەوە چییە؟ سەنگینە وەزنی نییە، شیرینە تامی نییە.
وەزن: کێش. سەنگینە وەزنی نییە، مەبەست لە خەوی مرۆڤە، کاتێک مرۆڤ جەستەی بەهۆی کارکردنەوە ماندوودەبێت، پێویستی بە پشوو و خەوە، خەوی دوای ماندووبوون قووڵە، شیرینە تامی نییە، مەبەست لە شیرینی خەوە، کە مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری ببێت. وەڵام (خەو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل120

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 226**
**ئەوە چییە؟ لە هەموو شوێنێ بۆ مرۆڤ پێویستە**

20220921150508435315=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەوە چییە؟ لە هەموو شوێنێ بۆ مرۆڤ پێویستە.
مرۆڤ لە ئەنجامی گەشەی کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵگەدا بەهێواشی پێشدەکەوێت و ئاستی زانەکیی و ژیریی دەچێتەسەر، واتە: ژیریی و بەئاگایی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ کە لە هەموو جێگەیەک، پێویستە و کەڵکی لێدەبینێت، وەڵام (ژیریی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل12

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 227**
**ئەوە چییە؟ لەبەر ڕەحمەتی خودای هەڵدێن**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807163720427068



ئەوە چییە؟ لەبەر ڕەحمەتی خودای هەڵدێن.
لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا بەتایبەت لەناو خێزان و کەسانی باوەڕدار و ئایینی دا، هەر شتێک مرۆڤ ئەنجامی بدا یان بە سرووشتی ڕووبدا و دەستی مرۆڤی تیانەبێت ئەگەر باش بێت، بەڕەحمەتی خوادی دەزانن، مەبەستی مەتەڵەکە بارانە، واتە: کاتێ کە باران دەبارێ ، ڕەحمەتی خودایە، خەڵک تەڕ دەبێ و ڕادەکەنە جێگای تایبەت، بۆ ئەوەی تەڕنەبن، بەو ڕاکردنەش دەوترێ ڕاکردن لە ڕەحمەتی خودا. وەڵام باران. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 07-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 228**

**ئەوە چییە؟ لەشێوەی قەرزە، بۆ هەمووکەسێک ناسینی فەرزە خاوەنی داییم بێ ترس و لەرزە، لەهەردوو دنیا شاد و سەربەرزە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920204821522129

ئەوە چییە؟ لەشێوەی قەرزە، بۆ هەمووکەسێک ناسینی فەرزە
خاوەنی داییم بێ ترس و لەرزە، لەهەردوو دنیا شاد و سەربەرزە
مەتەڵەکە مەبەستی لە ئایینە، بەپێی یاسای ئایینە ئیبراهیمییەکان، خواوەند کۆمەڵێک ڕێسای بۆ مرۆڤ داناوە گەر جێبەجێی بکات، لەودنیا پاداشتی دەداتەوە، لەشێوەی قەرزە، مەبەست لە ئایینە، بۆ هەمووکەسێک ناسینی فەرزە، واتە: مرۆڤەکان دەبێت ئایین بناسن، هەرکەسێک ئیمانداربێت، لە هەردوو دنیا بێمنەتە. وەڵام (ئایین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل25

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 229**
**ئەوە چییە؟ نەملی هەیە نەباڵ کە مردیش گۆشتی حەڵاڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230131140837462882

ئەوە چییە؟ نەملی هەیە نەباڵ
کە مردیش گۆشتی حەڵاڵ
مەتەڵساز لە مەتەڵەکەدا ڕاستەوخۆ بە پرسیار دەستپێدەکات، بۆ ئەوەی مێشکی گوێگر بجووڵێنێت، نەملی هەیە نەباڵ، مەبەست لە ماسییە کە بە سرووشت ملی نییە هەروەها باڵی نییە لەگەڵ ئەوەدا بەناو ئاودا بە پەڕەکانی جەستەی مەلەدەکات. کە مردیش گۆشتی حەڵاڵ، ماسی یەکێکە لەو گیانلەبەرانەی کە لە ئاو هاتەدەر، ڕاستەوخۆ دەمرێت، بۆیە لە نەریتی هەموو نەتەوەکاندا گۆشتی دەخورێت و حەڵاڵە. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێر (چوارتا و ماوەت)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] نامە | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ڕێبوار جەمال سەگرمە
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-31
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 230**

**ئەوە چییە؟ هەتا لێی نەدەی هەڵناپەڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915221713520810

ئەوە چییە؟ هەتا لێی نەدەی هەڵناپەڕێ.
مەبەست لە هێلەکە، (هێلەک: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بێژانەوەی دانەوێڵە بەکاردێت) کاتێک دانەوێڵەی دەکرێتە ناو، بۆ ئەوەی ببێژرێتەوە، بەدەست بە جۆرێک دەلەرزێنرێت و هەڵدەتەکێنرێت، دانەوێڵە وردەکەی پێدا دێتەخوار و دانە درشتەکانی تێدا دەمێنێتەوە. وەڵام (دانەوێڵەی ناو هێلەک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل8

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 231**
**ئەوە چییە؟ هەڵی دەگری و هەڵت دەگرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008212702438580

ئەوە چییە؟ هەڵی دەگری و هەڵت دەگرێ.
پێڵاو یەکێکە لە پێویستییەکانی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی کوردستان ناوچەی شاخاو سەختی زۆرە، مرۆڤی کورد لە مێژوویەکی دێرینە وە پێڵاوی درووستکردووە بۆ ئەوەی پێی لە دار و دەوەن و تاشەبەرد بپارێزێت، پێڵاو هەم لەپێدەکرێت و پێ و دەپارێزێت، وەڵام (پێڵاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل8

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 232**

**ئەوە چییە؟ ڕەشە وەک بزن، گونک دەگرێ وەکو ژن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908094514519621

ئەوە چییە؟ ڕەشە وەک بزن، گونک دەگرێ وەکوو ژن.
ڕەشە وەک بزن: مەبەست لە قالۆنچەی گوخلەیە، (قالۆنچەی گوخلە: جۆرێک قالۆنچەیە بەسرووشت خەریکی خڕکەردنەوەی پیساییە) ، گونک یان هەنگوتک: مەبەست لە مستێک هەویرە کە ژن بە دەست خڕیدەکاتەوە و ئامادەی دەکات بۆ نانکردنەوە، ئەمە چووێنراوە بەو پیساییەی کە قالۆنچەی گوخلە خڕیدەکاتەوە و دەیباتەوە بۆ کونەکەی. وەڵام (قالۆنچە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل120

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 233**

**ئەوە چییە؟ ڕەگی لە ئاسمانە و سەری لە زەوییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008212208438577

ئەوە چییە؟ ڕەگی لە ئاسمانە و سەری لە زەوییە.
مەتەڵەکە بە پرسیار دەستپێدەکات، مەتەڵساز مەتەڵی بە دار چوواندووە، چونکە دار ڕەگی لە زەویدایە و سەری لە ئاسمانە، بەڵام خۆر وەکوو شوێن لە ئاسمانداییە و تیشکەکەی دەگاتە سەرزەوی. وەڵام (خۆر و تیشکی خۆر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل8

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 234**
**ئەوە چییە؟ ڕەنگی نییە، فیلیش دەیخوات**

[20231012182747525882=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012182747525882)

ئەوە چییە؟ ڕەنگی نییە، فیلیش دەیخوات.
مەتەڵەکە بە پرسیار دەستپێدەکات، بۆ ئەوەی سەرنجی گوێگر ڕاکێشێت، ڕەنگی نییە، مەبەست لە هەوایە، کە لە کۆمەڵێک گاز پێکهاتووە، (سرووشتی گاز وایە کە بێ ڕەنگە) ، فیلیش دەیخوات، واتە: هەموو گیانلەبەرێک لەسەر وشکانی بە هەوا دەژیی، فیل بە نموونە. وەڵام (هەوا) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سنە
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل90

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 235**

**ئەوە چەس شەو و ڕۆژ دەستی نیاگە کەمەری و وەستیاگە**

2023091219134352025 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەوە چەس شەو و ڕۆژ دەستی نیاگە کەمەری و وەستیاگە.
چەس: واتە: چییە، تایبەتە بە بەشە شێوەزاری موکریان و ئەردەڵان (سنە) ، نیاگە: ناوەتە، وەستیاگە: وەستاوە. واتە: ئەو شتە چییە کە بەردەوام دەستێکی لە کەمەری ناوە و وەستاوە، مەبەستی مەتەڵەکە مەسینەیە، کە دەسکەکەی بە دەستی لە کەمەری مرۆڤ چووێنراوە. وەڵام (مەسینە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل4

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 236**
**ئەوە چەس لە ڕۆژا دەمی بەستراوە، لە شەودا دەمی تاکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924235048523229

ئەوە چەس لە ڕۆژا دەمی بەستراوە، لە شەودا دەمی تاکە.
چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەبەست لە کڵاشە، (کڵاش: جۆرێک پێڵاوی کەلەپووری کوردییە، سەرەکەی بە خووری دەچنرێ و ژێرەکەشی پەڕۆیە) ، لە ڕۆژا دەمی بەستراوە، مەبەست لە کڵاشە کە بەڕۆژ لەپێ دەکرێت، لە شەودا دەمت تاکە، واتە بەشەو لەپێ ناکرێت. وەڵام (کڵاش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل40

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 237**
**ئەوە چەس نەدەستی هەیە نەپا ئاو ئەخواتەوە وەک گا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012182530525881

ئەوە چەس نەدەستی هەیە نەپا
ئاو ئەخواتەوە وەک گا
چەس: چییە (فەرهەنگی خاڵ) ، پا: قاچ، ئەوە چەس نەدەستی هەیە نەپا، مەبەست لە هەویرە، کاتێک کابان ئارد بە ئاو دەشێلێت و دەیکاتە هەویر، گەر ئاردی زۆر بێت، ئاویشی زۆر دەوێت، ئاو دەخواتەوە وەک گا، مەبەست لە ئاردە کە ئاو دەکێشێت. وەڵام (هەویر شێلان) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سنە
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 90

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 238**
**ئەوە چەس هەموو دنیا دەکێشێ**

20230926121332523455=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەوە چەس هەموو دنیا دەکێشێ.
چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، دەکێشێ؛ لە مەتەڵەکەدا بەواتای ڕاکێشانی دەنگ دێت. ئەوە چەس هەموو دنیا دەکێشێ، مەبەست لە گوێچکەی مرۆڤە، لە توانایدا هەیە، هەموو دەنگی دنیا ببیستێت و کەسەکە لە ڕێگەی گوێچکەیەوە وەریبگرێت. وەڵام (گوێچکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل46

کاتی تۆمارکردن: 26-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 239**

**ئەوە چەس، ئەچێ بە ڕێگادا ماندوونابێت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912191804520253

ئەوە چەس، ئەچێ بە ڕێگادا ماندوونابێت.
چەس: واتە: چییە، تایبەتە بە بەشە شێوەزاری موکریان و ئەردەڵان (سنە) ، ئەچێ بە ڕێگادا: واتە: بەڕێگەدا دەڕوات. هەموو گیانلەبەرێک لەکاتی ڕۆیشتنی زۆردا ماندوو دەبیت، بەڵام مەتەڵەکە مەبەستی لە ڕۆیشتنی ئاوی چەم و ڕووبارە، کە بەردەوام دەڕوات و ماندوونابێت. وەڵام (ڕۆیشتنی چەم و ڕووبار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل4

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 240**

**ئەوە چەس، تامی زۆر خۆشە، زەوینی قرمز، مەردمی ڕەشە وەلێ ئاسمانی بەڕەنگی سەوزە، بێچەوری و سالم غەزای خۆشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003193827524517

ئەوە چەس، تامی زۆر خۆشە، زەوینی قرمز، مەردمی ڕەشە
وەلێ ئاسمانی بەڕەنگی سەوزە، بێچەوری و سالم غەزای خۆشە
چەس: چییە (فەرهەنگی خاڵ) ، قرمز: ڕەنگی سووری ئاڵ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەردم: خەڵک، وەلێ: بەڵام، غەزا: خواردن، مەبەستی مەتەڵەکە شووتییە، ناوی شووتی ڕەنگی سوورە و ناوکەکانی ڕەشن، لە مەتەڵەکەدا بە خەڵکی ناوی بردوون، هەروەها توێکڵەکەی ڕەنگی سەوزە و خواردنێکی بێ چەوریی خۆش و بەتامە. وەڵام (شووتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل59


کاتی تۆمارکردن: 03-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 241**
**ئەوە چەس، هەر ئەڕۆیت و ها لەبەرتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921222208522320

ئەوە چەس، هەر ئەڕۆیت و ها لەبەرتەوە.
چەس: چییە. ها لەبەرتەوە: وا لەپێشتەوە. مەبەستی مەتەڵەکە سڵاوکردنە، لە نەریتی کوردەواردا، هەر کەسێک بەڕێگەیەکدا بڕوات، لەسەر ئەو ڕێگەیە خەڵکی دانیشتبێت، پێش ئەوەی کەسە بگاتە ئەوان، سڵاو دەکات، واتە: سڵاوکردن پێش گەیشتنی کەسەکەیە بەو جێگەیە. وەڵام (سڵاوکردن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 30

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 242**

**ئەوە چەس؟ بە سەر مارە، بە زک دارە بەپشت بارە، کلکی بچکەڵە و لەبارە**

[20230915221241520805=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915221241520805)

ئەوە چەس؟ بە سەر مارە، بە زک دارە
بەپشت بارە، کلکی بچکەڵە و لەبارە
چەس: چی. مەبەست لە پەڕەسێلکەیە، (پەڕەسێلکە باڵندەیەکە پەڕەکانی لەشی ڕەش و سپییە، زۆر بە نزمی دەفڕێت) بەسەر مارە، بەزک دارە، مەبەست لە سەری پەڵەسێلکەیە کە سەری بە مار چووێنراوە و زکی بە دار، هەروەها کلکی بچووکە. وەڵام (پەڕەسێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل13

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 243**

**ئەوە چەس؟ هەر بگری، ئەمرێت**

20231012183010525883=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەوە چەس؟ هەر بگری، ئەمرێت.

چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەتەڵەکە بە پرسیار دەستپێدەکات، مەبەست لە سەرنج ڕاکێشانی گوێگرە، هەر بگری ئەمرێت، مەبەست لە هەور و داباریني بارانە، واتە: کاتێک باران دادەبارێت، هەورەکان کەم دەبنەوە، مەتەڵەکە بارانی بەگریان و کەمبوونەوەی هەورەکانی بە مردن چوواندووە. وەڵام (هەور و باران). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

شار و شارۆچکەکان: بانە

شار و شارۆچکەکان: سنە

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل90

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 244**
**ئەوە مەلێکە جەرگی بەتاوە سەری لە بیروون، لاقی لە ئاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908093136519617

ئەوە مەلێکە جەرگی بەتاوە
سەری لە بیروون، لاقی لە ئاوە
مەبەست لە ئاسیاو یان ئاشی ئاوگەڕە، (ئاسیاو: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێت) سەری لە بێروون، بێروون مەبەست لە بیابانە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: ئاسیاو بەشی سەرەوەی وشکە و بەهۆی بەرداشەکانەوە دانەوێڵە دەهاڕێت، لاقی لە ئاوە، واتە: بەشی خوارەوەی ئاسیاو تەڕە و جۆگەکەی ئەو ئاوەی پێدادەڕوات کە بەرداشی ئاسیاوەکە هەڵدەسووڕێنێت. وەڵام (ئاسیاو یان ئاشی ئاوگەڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل121

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 245**

**ئەوە کام تاریکەشەوە لە نیوەڕۆدا ئەبینرێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918132648521287](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918132648521287)

ئەوە کام تاریکەشەوە لە نیوەڕۆدا ئەبینرێ.
ئەوە کام ڕۆژە، شەوی پێ هێژن.
مەتەڵەکە مەبەستی لە دیاردەی ڕۆژگیرانە، سرووشت وایە کە ڕۆژ ڕووناکە و شەو تاریکە، بەڵام کاتێک مانگ دەکەوێتە نێوانی زەوی و خۆر، سێبەرن مانگ دەکەوێتە سەر زەوی و دیاردەی ڕۆژگیران درووستدەبیت، ئەوە کام ڕۆژە شەوی پێ هێژن، مەبەست لە خۆرگیرانە. وەڵام (خۆرگیران) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 22


کاتی تۆمارکردن: 18-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 246**

**ئەوە کام حەرفە کۆتایی زەمانە وەک کفتەی مەنجەڵە هەم سوورەی قورئانە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002211728524492](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002211728524492)

ئەوە کام حەرفە کۆتایی زەمانە
وەک کفتەی مەنجەڵە
هەم سوورەی قورئانە
ئەوە کام حەرفە دانای زەمانە
هەم وەک ماسییە
هەم سوورەی قورئانە
حەرف: پیت، زەمان: دنیا. کفتە: جۆرێک خواردنی کەلەپووریی کوردییە، لە برویش و قیمە و بایام درووستدەکرێت، سوورەی قورئان: مەبەست لە ئایەتەکانی قورئانە. ئەوە کام حەرفە کۆتایی زەمانە، مەبەست لە پیتی (ن) ی کۆتایی وشەی (زەمان) ە، وەک کفتەی مەنجەڵ، واتە: پیتی (ن) وەک کفتەری ناو مەنجەڵ وایە، هەم سوورەی قورئان، مەبەست لە پیتی (ن) ی کۆتایی وشەی قورئانە. وەڵام (پیتی نون) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل55

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 247**

**ئەوە کام دارە دە سەمەری هەس لە کوردستاندا تابڵێی فرەس**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918133343521290

ئەوە کام دارە دە سەمەری هەس
لە کوردستاندا تابڵێی فرەس
سەمەر: بەرهەم (فەرهەنگی وشەنامە) ، هەس: هەیە. ئەوە کام دارە دە سەمەری هەس، مەبەستی لە داری دارەبەنە، (دارەبەن: لە کوردەواردا پێشی دەوترێت: داری بنێشت، لە وەرزە جیاوازەکاندا بەری هەمەجۆر دەگرێت، عەلادین سەجادی دەڵێت: ساڵانە هەژدە بەری جیاواز دەگرێت) هەروەها لە کوێستانەکانی وڵاتی کوردەواردا بەشێوەیەکی سرووشتی دەڕوێت.
وەڵام (دارەبەن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 22

کاتی تۆمارکردن: 18-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 248**

**ئەوە کام گوڵە وا لە گوڵزار چوار فەسڵە هەسی، خەزان و بەهار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926120909523453

ئەوە کام گوڵە وا لە گوڵزار
چوار فەسڵە هەسی، خەزان و بەهار
فەسڵ: وەرزی ساڵ، هەسی: هەیەتی، خەزان: گەڵارێزان. ئەوە کام گوڵە وا لە گوڵزارە، مەبەست لە گوڵی ڕەعنایە، (گوڵی ڕەعنا: گوڵێکی جوانە، ناوەکەی ڕەنگێکی ئاگریی و قەراغەکانیشی زەردە) چوار فەسڵە هەسی خەزان و بەهار، واتە لە وەرزەکانی پایز و بەهاردا هەیە. وەڵام (گوڵی ڕەعنا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل46

کاتی تۆمارکردن: 26-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 249**

**ئەوە کێیە ئەستێرە بە شان هەڵدەگرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119215310446451

ئەوە کێیە؟ ئەستێرە بە شان هەڵدەگرێ.
لە شەوانی ساماڵدا لە کوردستان، هەزاران ئەستێرە لە ئاسماندا دەردەکەون، واتە: ئەستێرەکان لەسەروو سەری ئێمەوەن، بەڵام مەتەڵەکە مەبەستی لە ئەفسەری سوپایە، کە چەند ئەستێرەیەک لەسەر شانییەتی، دەکەونە خوار سەری. وەڵام (ئەفسەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل2

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 250**

**ئەوە کێیە هەموو زمانێک ئەزانێ**

20221008213508438587=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەوە کێیە؟ هەموو زمانێک ئەزانێ.
قەڵەم ئەو ئامێرەیە کە توانای نووسینی هەموو بابەتێکی هەیە، بە هەموو زمانێک. مەتەڵساز کە دەڵێ: ئەوەی کێیە؟ مەبەستی لە کەس نییە بەڵکوو مەبەستی لە قەڵەمە. وەڵام (قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل8
کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 251**

**ئەوە کێیە؟ سەری لە پشت ئەستێرەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008213257438585

ئەوە کێیە؟ سەری لە پشت ئەستێرەیە.

لە شەوانی ساماڵدا لە کوردستان، هەزاران ئەستێرە لە ئاسماندا دەردەکەون، واتە: ئەستێرەکان لەسەروو سەری ئێمەوەن، بەڵام مەتەڵەکە مەبەستی لە ئەفسەری سوپایە، کە چەند ئەستێرەیەک لەسەر شانییەتی، دەکەونە خوار سەری. وەڵام (ئەفسەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل8

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 252**
**ئەوەچییە دایکت ئەیکڕێ سەوزە لە ماڵەوە سوورە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119123403459259

ئەوەچییە؟ دایکت ئەیکڕێ سەوزە، لە ماڵەوە سوورە.
مەبەست لە خەنەیە، (خەنە: پێکهاتەیەکی رووەکییە، کچان و ژنان بۆ گۆڕینی ڕەنگی قژیان بەکاری دێنن) دایکت دەیکڕێ سەوزە، مەبەست لە ڕەنگی خەنەیە کە بەسرووشتی سەوزە، لە ماڵەوە سوورە، واتە: کاتێک خەنە لە قژ دەدرێ، ڕەنگی قژ سووردەکات. وەڵام (خەنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشێخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل44

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 253**

**ئەوەچییە؟ باوکی کەرە، دایکی مایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230803203220511528

ئەوەچییە؟ باوکی کەرە، دایکی مایە!
لە مێژوویەکی دێرینە وە کورد ئاژەڵی چوارپێ وەک کەر و مایین یان ئەسپی بۆ باربردن و گواستەوە ماڵیکراوە، هەر یەکەیان توخمێکی جیاوازن و بە پرۆسەی زۆربووندا تێپەڕیون و وەچەیان پشتاوپشت ماوەتەوە. لە کوردەواردا مایین و نێرەکەر جووت دەکەن، توخمێکی جیاواز دەردەچێت کە (ئێستر) ە، کەواتە: باوکی کەرە و دایکی مایینە. وەڵام (ئێستر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینیان و مەتەڵی کوردەواری، عەباس بایز سەمەد، چاپخانەی کاروان، هەولێر. ل153

کاتی تۆمارکردن: 03-08-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 254**
**ئەوەندووکە بە دەندووکە لەپێش میوان دەڵێ بووکە**

20221005205153437982=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەوەندووکە بە دەندووکە
لەپێش میوان دەڵێ بووکە
ئەوەندووکە: شتی بچووک، دەندووک: مەبەست لە دەنووکە ئەوەندووکە بە دەندووکە، مەبەست لە دەنکی نۆکە کە لەسەرێکییەوە نووکێکی باریکی هەیە وەک دەنووک، لەپێش میوان ئەڵێ بووکە، کاتێک وەک خواردنی ئامادەکراو دەچێتە بەردەمی میوان، لەمەتەڵەکەدا بە بووک چووێنراوە. وەڵام (چرا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، ل8

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 255**

**ئەوەندووکە بەدەندووکە**

20221008213922438590=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەوەندووکە، بەدەندووکە.

ئەوەندووکە واتە: شتی کەم زۆر بچووک، بەدەندووکە: واتە: دەنووکی هەیە. لە کوردستاندا نۆک دەرِوێندرێ کە مەبەستی مەتەڵەکەیە، ئەوەندووکە، بەدەندووکە: مەبەستی بچووکی قەبارەی دەنکە نۆکە، شێوەی خرِە، سەری هەموو دەنکە نۆکێک باریک بووەتەوە وەک دەنووک نوکی تیژە. وەڵام (دەنکە نۆک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەراست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل8


کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 256**

**ئەوەندەیە و هەنار نییە، پڕ بازاڕە و سەودای نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730101821425478

ئەوەندەیە و هەنار نییە، پڕ بازاڕە و سەودای نییە
ئەوەندەیە و هەنار نییە: مەبەستی لە دڵە کە بە قەدەر قەبارەی هەنارێک دەبێت ، پڕ بازاڕە و سەودای نییە، واتە: بازاڕ پڕە لە خەڵک و هەموویان دڵیان هەیە بەڵام کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت چونکە دڵ تەنیا بەیەک کەس دەدرێ. وەڵام دڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 257**
**ئەوەڵ چوار قاچە، ئەمجا دوو پێیە، دوایی سێ قاچە، ئەزانی کێیە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926121155523454](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926121155523454)

ئەوەڵ چوار قاچە، ئەمجا دوو پێیە، دوایی سێ قاچە، ئەزانی کێیە؟
ئەوەڵ: سەرەتا. چوار قاچ، مەبەستی لە منداڵی ساڵەوەختە کە لەسەر چوارپەل دەڕوات، ئەمجا دوو پێیە، واتە؛ مرۆڤ لەو کاتەوەی کە پێ دەگرێت، توانای ڕۆیشتنی بە هەردوو قاچی هەیە، دوایی سێ قاچە، واتە: مرۆڤ کە پیر دەبێت، بە گۆچان دەڕوات، لەگەڵ دوو قاچیدا دەبێت بە سێ. وەڵام (منداڵ، گەنج و پیر). [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل52

کاتی تۆمارکردن: 26-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 258**
**ئەوڵ گردە، دووەم پانە، ئەگەر کەرنیت بێژە نانە**

20231129172720533241=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەوڵ گردە، دووەم پانە، ئەگەر کەرنیت بێژە نانە.
ئەوڵ: سەرەتا، بێژە: بڵێ. ئەوڵ گردە، مەبەست لە ساجی نانکردنەوە کە بەرز و کوورە، چووێنراوە بە گرد، (ساج: ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، بۆ برژاندنی نان بەکاردێت) دووەم پانە، مەبەست لە نانی سەرساجە (ناسکەنان یان نانی تیریی، شێوەی پان و خڕە. وەڵام (نان). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەماڵ، 2013

کاتی تۆمارکردن: 29-11-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 259**

**ئەوەڵ ڕەشە ئەمجا گەشە دوایی فشە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918133826521292](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918133826521292)

ئەوەڵ ڕەشە
ئەمجا گەشە
دوایی فشە

ئەوەڵ: سەرەتا. مەبەستی مەتەڵەکە خەڵووزە، ئەوەڵ ڕەشە، مەبەستی لە خەڵووزە کە پیش بەکارهێنان ڕەنگی ڕەشە، ئەمجا گەشە، واتە: کاتێک کەسێک خەڵووز گڕەدەدات، بەکاردێنێت و دەیگەشێنیتەوە، ڕەنگی لە ڕەشەوە بۆ سووری گەش دەگۆڕێت، دوایی فشە، واتە: دواتر دەبێتە خۆڵەمێش. وەڵام (خەڵووز، پشکۆ و خۆڵەمێش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 22

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 260**
**ئەوەڵەکەی چێشتی کوردانە دووەمەکەی سەرمایەی ژیانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912191957520254

ئەوەڵەکەی چێشتی کوردانە
دووەمەکەی سەرمایەی ژیانە
وەڵامی مەتەڵەکە وشەی (ئاشکار) ە، بۆ کەسێک بەکاردێت کە کاری چێشت لێنان بێت، ئەوەڵەکەی چێشتی کوردانە، مەبەست لە تەنیا وشەی (ئاش) ە، کە بەشی یەکەمی وشەی (ئاشکار) یە، بەواتای چیشت دێت، دووەمەکەی سەرمایەی ژیانە، مەبەست لە وشەی (کار) ە، کە بەشی دووەمی وشەی (ئاشکار) ە، بەواتای کار و ئیش دێت. وەڵام (ئاشکار). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل3

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 261**

**ئەوەی درووستی بکا بەکاری ناهێنێ ئەوەی بەکاری بێنێ، درووستی ناکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101195851455900

ئەوەی درووستی بکا بەکاری ناهێنێ، ئەوەی بەکاری بێنێ، درووستی ناکا.
مەبەست لە دارەبازە، (دارەباز: دارەمەیت) ئەوەی درووستی بکات بەکاری ناهێنێ، مەبەست لە دارتاشە کە دارەمەیت درووستدەکات، بۆ ئەو کەسانە بەکاردێ کە دەمرن، نەک بۆ خۆی، ئەوەی بەکاری بێنێ درووست ناکا، مەبەست لە کەسی مردووە کە بە دارەمەیت بۆ گۆڕستان دەبرێ. وەڵام (دارەباز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل105.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 262**

**ئەوەی درووستی بکات بەکاری ناهێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008213656438589

ئەوەی درووستی بکات بەکاری ناهێنێ، ئەوەی بەکاری بێنێ، درووستی ناکا.
مەبەست لە دارەبازە، (دارەباز: دارەمەیت) ئەوەی درووستی بکات بەکاری ناهێنێ، مەبەست لە دارتاشە کە دارەمەیت درووست دەکات، بۆ ئەو کەسانە بەکاردێ کە دەمرن، نەک بۆ خۆی، ئەوەی بەکاری بێنێ درووستی ناکا، مەبەست لە کەسی مردووە کە بە دارەمەیت بۆ گۆڕستان دەبرێ. وەڵام (دارەباز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل12

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 263**
**ئەوەی دەبڕم چاکە ئەگەر چاک نەبێ چاکە ئەگەر چاک نەبێ خراپە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119203138446419](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119203138446419)

ئەوەی دەبڕم چاکە
ئەگەر چاک نەبێ چاکە
ئەگەر چاک نەبێ خراپە
مەتەڵەکە مەبەستی لە ئیماندار یان پیاوچاکە کە کەسێک پەنای بۆبەرێ و دەستەودامێنی بێت، بۆ ئەوەی خراپەیەکی بۆ ڕاست بکاتەوە، ئەگەر چاک نەبێ چاکە، واتە: خراپەیەکم بۆ چاک بکەرەوە و بیکە بەباشە، ئەگەر چاک نەبێ خراپە، واتە: خراپەکەم بۆ چاکنەکرێتەوە، خراپ لەسەرم دەکەوێ. وەڵام (ئیماندار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل2
کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 264**
**ئەوەی دەخورێ لەکوێ دەردێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121205321446910

ئەوەی دەخورێ، لەکوێ دەردێ.
ئەوەی دەخورێ، مەبەست لە خواردنە نەک خورانی بە شێکی جەستە، چونکە خۆراک بۆ زیندەوەر پێویستە بێ ئەو ناژیی، لەکوێ دەردێ، مەبەست لەوەیە خۆراک لە کوێوە بەرهەم دێت، مەبەست لە زەوییە کە سەرچاوەی بەدەستکەوتنی خۆراکە بۆ زیندەوەران. وەڵام (زەوی) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل5
کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 265**

**ئەڕوا بۆ دەشت ڕوو لە ماڵە، ئەڕوا بۆ ماڵ ڕوو لە دەشتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825145313430244

ئەڕوا بۆ دەشت ڕوو لە ماڵە، ئەڕوا بۆ ماڵ ڕوو لە دەشتە.
بزنی کێوی لە وڵاتی کوردستاندا لە مێژوویەکی دێرینەوە تا ئێستا بوونی هەیە، شاخی بزن گرێ گرێ و کەمێک چەماوەیە بۆ دواوە، ئەڕوا بۆ دەشت ڕوو لە ماڵە واتە: بزن کە بۆ دەشت ئەڕوا، شاخەکانی ئاڕاستەیان بۆ لانەکەیەتی، ئەڕوا بۆ ماڵ ڕوو لە دەشتە واتە: کاتێک بزن بۆ لانەکەی دەگەڕێتەوە، ئاڕاستەی شاخی ڕووی لە دەشتە. وەڵام (شاخی بزن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27

کاتی تۆمارکردن: 25-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 266**
**ئەڕوا بەڕێوە پێی نییە، هاوارئەکا زمانی نییە، فرمێسک ئەڕژێ چاوی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220815214711428510

ئەڕوا بەڕێوە پێی نییە
هاوارئەکا زمانی نییە
فرمێسک ئەڕژێ چاوی نییە
دنیابینی مرۆڤ بۆ رۆشتن، بەپێی پێکهاتەی جەستەیی خۆی تانوپۆی ئەپێوێ واتە: هەر شتێک بجووڵێ لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر پێویستی بە پێ هەیە، ئەڕوا بەڕێوە پێی نییە مەبەستی هەورە کە با دەیجووڵێنێ، هاوارئەکا زمانی نییە: مەبست لە هەورەگرمەیە، فرمێسک ئەڕژێ چاوی نییە: مەبەست لە بارانبارینە کە هاتنەخوارەوەی دڵۆپەکانی بە فرمێسکی چاوی مرۆڤ چووێنراوە. وەڵام (هەور و باران) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 267**
## ئەڕوات پای نییە دەخورێت گۆشتی نییە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912190509520247

ئەڕوات پای نییە
دەخورێت گۆشتی نییە.
پا: قاچ. هەموو ئەو شتانەی دەڕۆن دەشێ پێیان هەبێت، یان لەسەر سک وەک خشۆکەکان لەسەر زەوی بڕۆن، بەڵام مەبەستی مەتەڵەکە ئاوی کانی یان چەم و ڕووبارە کە بەردەوام دەڕوات و ناسرەوێت، لەکاتێکدا قاچیشی نییە، هەروەها هەموو شتێک کە دەخورێت گۆشتی هەیە، بەڵام ئاو تەنیا دەخورێتەوە. وەڵام (ئاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل4

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 268**

**ئەڕۆم لە نەبڕاوی دێنم لە نەڕوواوی سواربم لە نەزاوی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119200621446413

ئەڕۆم لە نەبڕاوی
دێنم لە نەڕوواوی
سواربم لە نەزاوی
لە بنەچەدا سێ مەتەڵەکە و لەیەک دێڕ هۆنراوەی فۆلکلۆریدا کۆکراوەتەوە، ئەڕۆم لە نەبڕاوی، مەبەست لە ڕێگەیە، هەرچەندە پێیدا بڕۆی کۆتایی نایەت و نابڕێتەوە، دێنم لە نەڕوواوی، مەبەست لە خوێیە کە نارووێنرێ، سواربم لە نەزاویی، مەبەست لە ئێسترە کە توانای زۆربوونی نییە. وەڵام (ڕێگە، خوێ و ئێستر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل5

کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 269**
**ئەڵڵاکەم و بیلاکەم چوار پەلت لە حەواکەم جرپوجۆت لێپەیداکەم**

2023092611582252344 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەڵڵاکەم و بیلاکەم
چوار پەلت لە حەواکەم
جرپوجۆت لێپەیداکەم

ئەڵڵا، بیللا: مەبەست لە ناوی خودایە، مەتەڵەکە واتەی: مەشکە ژەنینە، (مەشکە ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێت، لە پێستی بزن یان کەڵەکێوی درووست دەکرێت) ، چوارپەلت لە حەواکەم، مەبەست لەوەیە کە مەشکە بە چوارپەل بۆ سەرەوە هەڵدەواسرێت، جرپوجۆ، مەبەست لە دەنگی دۆیە لەناو مەشکەدا. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل50

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 270**

**ئەڵێی کوزەکەمتیاری پێیە**

2023012114582646007=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ئەڵێی کوزەکەمتیاری پێیە.
لە نەریتی کوردەواردا هەر کەسێک کوزەکەمتیاری هەبێت دەڵێن: بەبەختە چونکە کەمتیار ئاژەڵێکی دڕندەک کێوییە، هەموو ڕاوچییەک ناتوانێت ڕاوی بکات، مەگەر زۆر شارەزا و لێهاتووبێت، هەروەها دەڵێن: کوزەکەمتیار بەختی باش بۆ خاوەنەکی دەهێنێت. پەندەکە بە کەسێک ئەوترێت کە بەختی باش بێت و لای هەموو کەسێک خۆشەویست بێت. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ ل44

کاتی تۆمارکردن: 21-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 271**

**ئەی تاقەکە، ئا تاقەکە باو میردی چیم زاغەکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013104441525945

ئەی تاقەکە، ئا تاقەکە باو میردی چیم زاغەکە.
وەڵام (پشیلە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: لەک
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل14

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 272**

**ئەیدەم بە دارا نادڕێ ئەیدەم بە بەردا ناشکێ ئەیدەم بە ئاودا تەڕنابێ**

[2022100819454743853l=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008194547438531)

ئەیدەم بە دارا نادڕێ
ئەیدەم بە بەردا ناشکێ
ئەیدەم بە ئاودا تەڕنابێ
مەتەڵەکە مەبەستی لە سێبەری مرۆڤە، بەهۆی بەرکەوتنی تیشکی خۆر لە جەستەی مرۆڤ درووستدەبێت، گەر سێبەر داری بەرکەوێ نادڕێ، بەردی بەرکەوێ ناشکێ، هەروەها ئاوی پیابرێژرێ تەڕنابێت، چونکە سێبەر تایبەتمەندی تەنی ماددی و نامادیی هەیە. وەڵام (سێبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل11](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 273**
**ئەیکەی بەخۆتا و حەزی لێئەکەی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008211157438568

ئەیکەی بەخۆتا و حەزی لێئەکەی.
مەتەڵساز مەبەستییەتی سەرنجی گوێگر بۆ شوێنێک بەرێت، بەڵام وەڵامی مەتەڵ شتێکی ترە، مەتەڵەکە مەبەست لە کەوچکی چێشت خواردنە کە چێشتی پێدەخورێ. وەڵام (نانخواردن بە کەوچک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل11


کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 274**
**ئەیکەی یان ئەییەی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221119215506446452

ئەیکەی یان ئەییەی.
مەبەست لە کارکردنە کە مرۆڤ رۆژانە لەبەر پەیداکردنی بژێوی دەیکات و ئەمجامی دەدات، هەروەها ئەو برە پارە و داهاتەی دەستی دەکەوێت، ئەیدا بەپێویستی رۆژانە. وەڵام (پەیداکردنی پارە و خەرجکردنی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل2
کاتی تۆمارکردن: 19-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 275**

**بابی پۆڵایە داکی ئاسنە بێچوویان دەبێ وەک دەنکی هەنار**

20221008223752438628=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بابی پۆڵایە، داکی ئاسنە، بێچوویان دەبێت وەک دەنکی هەنار.
پۆڵا جۆرێک کانزای سەختە. چەکی لێدرووست دەکرێت، بابی پۆڵایە: مەبەست لە چەکە، دایکی ئاسنە، مەبەست لە قەوانی فیشەکە، کە لە ئاسن یان زەرد درووست دەکرێت، دەنکی هەنار ڕەنگی سوورە، بە گوللە چووێنراوە. وەڵام (تفەنگ و گوللە) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل14

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 276**

**بابی سەری دێشێ، داکی زکی دێشێ، منداڵان پشتیان دێشێ**

20220728113948425075=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بابی سەری دێشێ، داکی زکی دێشێ، منداڵان پشتیان دێشێ
بابی سەری دێشێ: مەبەست لە کاریتەی سەقفی خانووە کە دارەکانی ڕاگرتووە و بە باب چووێنراوە، داکی زکی دێشێ: مەبەستی لە کۆڵەکەیە کە سەرجەم دارەکانی لەسەر وەستاوە و بە دایک چوێنراوە، منداڵان پشتیان دێشێ: مەبەست لە تەژەیە. وەڵام (کاریتە ، کۆڵەکە ، تەژە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 277**

**بابەک هەڵگەڕیاوە بە تاب بە ئاگر بوو بە کەباب**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925092008523271](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925092008523271)

بابەک هەڵگەڕیاوە بە تاب
بە ئاگر بوو بە کەباب
هەڵگەڕیاوە: هەڵگەڕایەوە. تاب: شیاو (فەرهەنگی کانی) ، مەبەست لەو قیمەیەیە کە دەکرێت بە کەباب، بابەک هەڵگەڕیاوە بە تاب، واتە: قیمەیەک شیاوی کەباب بێت، دەدرێت لە شیش و لەسەر ئاگر ئەمدیو و ئەودیو دەکرێت، بە ئاگر بوو بە کەباب، واتە: قیمە تا نەچێتە سەر ئاگر و نەبرژێت، نابێت بە کەباب. وەڵام (کەباب) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 278**

**باتە ناو ئاو تەڕناویت، باتە ناو ڕۆنا چەور ناویت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231204150508533900

باتە ناو ئاو تەڕناویت، باتە ناو ڕۆنا چەور ناویت.
باتە: مەبەست لە کەسێکە کە دەتبات بۆ شوێنێک. خواستی مەتەڵەکە سێوەرە (واتە: سێبەرە هەندێک سیفاتی ماددی و هەندێک سیفاتی نامادیی تێدایە)، باتە ناو ئاو تەڕناویت، واتە: سێبەر بیبرێتە ناو ئاو تەڕنابێت، باتە ناو ڕۆنا چەور ناویت، واتە: سێبەر بیبرێتە ناو ڕۆنەوە چەور نابێت. وەڵام (سێوەر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل181

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 279**
**باخی دڕی بەرگی دڕی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008223405438626

باخی دڕی، بەرگی دڕی
دەستەکۆڵەی سارد و سڕی
دەستەکۆڵە: مەبەست لە دەستی تەزیوە. باخی دڕی، بەرگی دڕی، مەبەست لە سەرمای وەرزی زستانە، کە نەباخ و نەبەرگ بەرگەی ناگرێت و هەموو دەتەزێت و دەیبەستێت. تەنانەت دەست و مستی مرۆڤیش سەرما دەیبات. وەڵام (زستان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل14

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 280**
**باخی سڕی بەرگی دڕی دەستەکۆڵەی سارد و سڕی**

20221123223209447398=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

باخی سڕی
بەرگی دڕی
دەستەکۆڵەی سارد و سڕی
مەبەست لە هاتنی وەرزی زستانە، باخی سڕی، واتە: کاتێک وەرزی زستان دێت، گەڵای دار دەوەرێ، بەرگی دڕی، مەبەست لە ساردیی و کرێوەی زستانە، دەستەکۆڵەی سارد و سڕی، واتە: زستان وەرزێکی بەسەرما و سۆڵەیە و هەموو شتێک دەیبەستێ. وەڵام (زستان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل12

کاتی تۆمارکردن: 23-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 281**
**باخی کەس نەخەملاندوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008224110438630

باخی کەس نەخەملاندوو.
لە دنیا و خەیاڵاتی ئەفسانەی ئایینکاندا، دوای مردن جیهانێکی تر هەیە کە مردووەکانی بۆ دەچن، لەوێ جێگەیەکی پر لە خۆشی بۆ مرۆڤە چاکەکارەکان هەیە، بەناوی بەهەشت، پڕ باخ و گوڵە، باخی کەس نەخەملاندوو مەبەست لە بەهەشتە.
وەڵام (بەهەشت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل14


کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 282**
**بار لەبەرێ تەنگ لە پشتێ برۆ قشتێ**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101183629455874](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101183629455874)

بار لەبەرێ
تەنگ لە پشتێ
برۆ قشتێ
مەبەست لە کەوشە، (کەوش: جۆرێک پێڵاوی بێ پاژنەی لووت هەڵگەڕاوەیە. فەرهەنگی خاڵ) بار لەبەرێ، مەبەست لە کەوشە کە لە پێدەکرێت و بە باربەر چووێنراوە، تەنگ لە پشتێ، واتە: بەری سەرەوەی کەوش توند و تەنگە لەپێدا بۆ ئەوەی لە ڕۆشتندا دانەکەنرێ، برۆ قشتێ، (قشت: جوانکیکە و خنجیلانە. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) وەسفی کەوش دەکات کە لە پێدا جوانە. وەڵام (کەوش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل36.](#)
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 283**
**بارانی بێ با**

[20221126140925447789=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126140925447789)

بارانی بێ با.
مەبەست لە فرمێسکی چاوی مرۆڤە کە بەهۆی ناخۆشی یان خۆشییەکی زۆر لە چاوان دەکەوێتەخوار، لە مەتەڵەکەدا بە باران بەراوردکراوە، چوونکە هەردووکیان دێنەخوار. بێ با، واتە: باران زۆر جار بە باوە دەبارێ بەملاو ئەو لادا دەڕوات بەڵام فرمێسک ئاسایی و ڕێک دەبارێ. وەڵام (فرمێسک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 284**
**بارهەڵگری سێ قاچ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126141806447794

بارهەڵگری سێ قاچ.
بارهەڵگر: هەر شتێک بارهەڵگرێ وەک ئاژەڵی باربەر یان ئوتۆمبێل بە باربەر ئەژمار دەکرێ، بارهەڵگری سێ قاچ، مەبەست لە سێپایە کە لە سێ قاچ پێکدێ و مەنجەڵی دەخرێتەسەر، سێپاکە بە باربەر و مەنجەڵەکە بە بار لە مەتەڵەکەدا ئەژمارکراوە. وەڵام (سێ کوچکە یان سێپا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 285**

**باریکەلەیە هەڵبەز و دابەزکەرەیە بێخۆراکە و مرۆڤ نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125202344447672

باریکەلەیە
هەڵبەز و دابەزکەرەیە
بێخۆراکە و مرۆڤ نییە
باریکەلە: بە باڵایەکی باریکی ڕێک دەوترێ، کە مەبەست لە قەڵەم یان پێنووسە، هەڵبەز و دابەزکەرەیە، مەبەست لە وەیە کە کاتێک کەسێک بە قەڵەم شت دەنووسێ، نووکی قەڵەمەکە دەیان جار لەسەر وەرەقەکە بەرز و ونزم دەکاتەوە، بێخۆراکە و مرۆڤ نییە، واتە: پێویستی بە خۆراک نییە. وەڵام (قەڵەم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 286**
**بارەبەرا تاتەش هەرا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015084558526272

بارەبەرا
تاتەش هەرا
وەڵام (پرد و ئاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل35

کاتی تۆمارکردن: 15-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 287**
**بارەکم هەیە گا باری، نەکۆشتی دەخورێ نە باری**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730114428425496



بارەکم هەیە گا باری، نەکۆشتی دەخورێ نە باری
قالۆنچە هەمیشە پشقل و پیسایی کۆدەکاتەوە و دەیبا بۆ ئەو شوێنەی لێی دەژی چونکە بە سرووشت وایە، بارەکم هەیە گا باری: مەبەستی لە قالۆنچە و پشقلە، نەکۆشتی دەخورێ نە باری واتە: نە بۆ خۆی دەخورێ و نە بارەکەی دەخورێ.
قالۆنچە و پشقل. [1]
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 288**
## بازرگان هات بە لەنگە لەنگ، کوتاڵی هێنا لە هەموو ڕەنگ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905211022432228

بازرگان هات بە لەنگە لەنگ
کوتاڵی هێنا لە هەموو ڕەنگ.
لە گوندەکاندا هەموو کاڵایەک لەلایەن کۆڵگێڕەکانەوە دەفرۆشرا، کابرای کۆڵگێڕ، گوند گوند بە کۆڵ و بە لەنگە لەنگ کاڵاکانی دەگێڕا، کچان و ژنانی دڵخۆش دەکرد چونکە لە هەموو ڕەنگ و جۆرێک کوتاڵی پێبوو، بازرگان هات بە لەنگە لەنگ، مەبەست لە هاتنی وەرزی بەهارە کە جێگەی دڵخۆشی خەڵکە. کوتاڵی هێنا لە هەموو ڕەنگ، واتە: وەرزی بەهار وەک کوتاڵفرۆش لە هەموو ڕەنگێ گوڵ دێنێ. وەڵام (بەهار و گوڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل119

کاتی تۆمارکردن: 05-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 289**

**بازنی پوور هەمینێ، دەنگی گەییە مەدینێ، خوانەبێ کەس نابینێ**

20220728100124425055=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بازنی پوور هەمینێ، دەنگی گەییە مەدینێ، خوانەبێ کەس نابینێ
بازنگی پور هەمینێ: مەبەست لە دانەدانەی مووروەکانی بازنگی دەستە کە بە گوللە چوێنراوە، دەنک: مەبەستی لە گوللەیە، گەییە مەدینێ: واتە: گوللە کە دەتەقێندرێ ، بۆ شوێنی دوور دەڕوا، خوا نەبێ کەس نابینێ واتە: مرۆڤ بە چاو ناتوانێت ببینێ. وەڵام (گوللە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 290**
**بازنی خونچ هەمینێ کەوتە ناو ژێرزەمینێ دەنکی گەییە ماردینێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101184024455875

بازنی خونچ هەمینێ
کەوتە ناو ژێرزەمینێ
دەنکی گەییە ماردینێ
مەبەست لە گوڵلەیە، بازنی خونچ هەمینێ: مەبەست لە دانەدانەی مووروەکانی بازنی دەستە کە بە گوڵلە چوێنراوە، کەوتە ناو ژێرزەمینێ، واتە: گوڵلە کە دەتەقێندرێ، بۆ شوێنی دوور دەڕوا، داوی بازن کە دەپسێ، هەر دەنکەی بەلایەکدا بڵاودەبێتەوە، دەنکی گەییە ماردینێ، (ماردین: ناوی شارێکی کوردستانە) واتە: دەنکەکانی هێند دوور دەپەڕن نادۆزرێنەوە، بە گوڵلە چووێنراوە کە دوور دەڕوا. وەڵام (گوڵلە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل148.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 291**

**بازنی خونچە هەمینێ کەوتە ژێرزەمینێ دەنگی گەییە مەدینێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121214614446931

بازنی خونچە هەمینێ
کەوتە ژێرزەمینێ
دەنگی گەییە مەدینێ

بازنی خونچە هەمینێ، مەبەست لە دانەدانەی مووروەکانی بازنگی دەستی ئافرەتی کوردە کە بە گوڵلە چوێنراوە، کەوتە ژێرزەمینێ، کاتێک بازنگ دەپچڕێ دەنکەکانی بڵاوەبنەوە و ون دەبن، چووێنراوە بە گوڵلە کاتێک دەتەقێ بڵاودەبێتەوە و ون دەبێت، دەنگی گەییە مەدینێ، واتە گوڵلە زۆر دەڕوات. وەڵام (دەنگی تەقەی تفەنگ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل9

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 292**

**بازێ هات هێدی هێدی لایەکی سوور و لایەکی زەردی هەرکەس ببینێ دەرسی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221123223434447400

بازێ هات هێدی هێدی
لایەکی سوور و لایەکی زەردی
هەرکەس ببینێ دەترسی
باز: باڵندەیەکی گۆشتخۆری درە، بازێ هات هێدی هێدی، مەبەست لە ژەنگەسوورە یان زردەواڵەیە، کە لەسەرخۆ بۆ شوێنێک دەڕوات، لایەکی سوورە و لایەکی زەردە، وەسفی لەشی زەردەواڵە دەکات کە ڕەنگی سوور و زەردە، هەرکەس ببینێ دەترسی، واتە: خەڵکی بەگشتی لێی دەترسن. وەڵام (ژەنگەسوورە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل12

کاتی تۆمارکردن: 23-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 293**
**بان گۆشت باگووردان ئاسن**

[20221125203845447677=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125203845447677)

بان گۆشت
باگووردان ئاسن
باگووردان: باگردێن. مەبەسی لە کرداری ڕیشتاشینە بە مووس یان گوێزانی ڕیشتاشین، بان گۆشت و باگردێن ئاسن، مەبەستی لە بان گێڕان نییە بە باگردێن، بەڵکوو مەبەست لە بان: پێستی دەموچاوە، باگووردان، مەبەست لە مەکینەر ڕیشتاشینە.
وەڵام (ڕوومەت و گوێزانی ڕیشتاشین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 294**
**بان لە بان دارە، ئاسن جڵەو دارە**

[20220730122003425516=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730122003425516)



بان لە بان دارە، ئاسن جڵەو دارە
بان لە بان دارە: مەبەست لە ئامێری تەشییە کە کورد بۆ ڕستنی خۆری مەڕ و کوڵکی مەرەز بەکاری دێنێ، پێکدێ لە کلک و سەری تەشیی، ئاسن جڵەو دارە واتە: ئەو قولاپە بچووکەیە کە بەسەری تەشییەکەوەیە، بۆ ئەوەی موو یان خوری پیوە بکرێ و بڕێسرێ. وەڵام تەشی. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 295**
**بانگدەرە تاجی گۆشتی لەسەرە**

[20221122212041447129=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122212041447129)

بانگدەرە
تاجی گۆشتی لەسەرە
لە ئایینەکاندا بانگدان هەیە کە ئاگادارکردنەوەی خەڵکە بۆ خودا پەرستی، بانگدەرە، مەبەست لە خوێندنی کەڵەشێرە کە لە مەتەڵەکەدا بە بانگدان چوواندوویەتی، تاجی گۆشتی لەسەرە، مەبەست لە پۆپنەی کەڵەشێرە کە بە تاجی پاشاکان بەراوردی کردووە. وەڵام (کەڵەشێر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 296**
**بانگی دەکەین تا بێت کە دێ لەپێشی ڕادەکەین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122201914447107

بانگی دەکەین تا بێت، کە دێ لەپێش ڕادەکەین.
مەبەست لە باران بارینە، بانگی دەکەین تا بێت، واتە: هەندێک ساڵ بارابن بارین لە کاتی خۆی دوادەکەوێت، خەڵکی بۆ دەغڵودان ئارەزوو دەکەن ببارێت، بەڵام کاتێک باران دەبارێت، خەڵکی خۆیان لە پەنا و پەسێر وماڵەکانیاندا دەشارنەوە بۆ ئەوەی تەڕ نەبن، وەڵام (باران) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل8

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 297**
**بانی تاوێرە بنی تاوێرە لێی مەترسە و پێی بوێرە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122214322447141](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122214322447141)

بانی تاوێرە
بنی تاوێرە
لێی مەترسە و پێی بوێرە
بان: سەر، تاوێر: تاشەبەردی زۆر گەورە (فەرهەنگی خاڵ) بانی تاوێرە، مەبەست لە گیانەوەری کیسەڵە، پشتی ڕەقە و بە تاوێری بەرد چووێنراوە، بنی تاوێرە، واتە: ژێر سکیشی ڕەقە، لێێ مەترسە و پێی بوێرە، واتە: گیانەوەرێکی بێوەیە و هەموو کەسێک دەتوانێت بیگرێ. وەڵام (کیسەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 298**
**بانی تاوێرە، بنی تاوێرە**

20221008223553438627=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بانی تاوێرە، بنی تاوێرە
لێی مەترسە و پێی بوێرە.
وەڵام (کیسەڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل14

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 299**
**بانی قانی کۆتکانە جرتوفرتی جاشکانە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230116214231458711](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230116214231458711)

بانی قانی کۆتکانە
جرتوفرتی جاشکانە
مەبەست لە کیسەڵە، بانی قانی کۆتکانە، بان مەبەست لە بەشی سەرەوەی پشتی کیسەڵە کە بە بان یان سەربان چووێنراوە، قان: جێگەی کوتراوەی ڕەق، (کۆتک: کاسەی داریی گەورەیە، بۆ ئاوخواردنەوە بەکاردێ. فەرهەنگی شێخانی) واتە: مەبەست لە پشتی کیسەلە کە وەک کاسەی دارین ڕەق و توند و کوتراوەیە، جرتوفرتی جاشکانە، کیسەڵ خاو بەرێگەدا دەڕوا، هەرشتێک بەسەریدا بێ و بچێ و جرتوفرت بکات، گوێی لێ نییە. وەڵام (کیسەڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل210.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 300**
**بانی گۆشتە و ژێری مووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126142524447798

بانی گۆشتە و ژێری مووە.
بان: سەربان یان بەشی سەرەوەی شتێک (فەرهەنگی خاڵ) بانی گۆشتە، مەبەست لە لووتی مرۆڤە کە لە بەشی سەرەوەی جەستەدایە و بە بان چووێنراوە، ژێری مووە، مەبەست لە مووی ناو کوونی لووتە کە بەشێوەیەکی سرووشتی هەیە، بۆ خاوێنکردنەوەی ئەو هەوایە بەکاردێ لە لە ڕێگەی لووتەوە هەڵدەمژرێ. وەڵام (لووت و مووی لووت).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 301**

**بانێک لەسەر چنارێکە لەسەربانەکە گۆچانێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107195622457150

بانێک لەسەر چنارێکە
لەسەربانەکە گۆچانێکە
مەبەست لە تەشییە، (تەشی: ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ و مووی بزن بەکاردێت) بانێک لەسەر چنارێکە، مەبەست لە سەلکە تەشییە کە بە بان چووێنراوە، چناریش مەبەست لە کلکە تەشییە، لەسەربانەکە گۆچانێکە، مەبەست لە قولاپی تەشییە. وەڵام (تەشی).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل171.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 302**
**بانێکە، ماڵێکە، چوار بزن و شوانێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917215435521172

بانێکە، ماڵێکە، چوار بزن و شوانێکە.
مەبەست لە دەست و پەنجەی مرۆڤە، بانێکە و ماڵێکە، مەبەست لە پشتی دەست و بەری دەستە کە بە سەربان و ئاغەڵی ماڵات چووێنراوە، چوار بزن، مەبەست لە چوار پەنجەی مرۆڤە، شوان، مەبەست لە پەنجەکەڵەی دەستی مرۆڤە کە بە شوان چووێنراوە. وەڵام (دەست و پەنجە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل21

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 303**

**باوای چەفتوچێڵ، دایەی سەرپانە کوڕیان شیرینە، کوڕەزا دێوانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912192447520256

باوای چەفتوچێڵ، دایەی سەرپانە
کوڕیان شیرینە، کوڕەزا دێوانە
باوا: باوان، باوای چەفتوچێڵ: مەبەست لە داری مێوە کە بەسرووشت خواروخێچە، دایەی سەرپانە، مەبەست لە گەڵای داری مێوە، کوڕیان شیرینە، مەبەست لە بەری داری میوە کە ترێی و تامی شیرینە، کوڕەزا دیوانە، لە ترێ کە کوڕی مێوە، شەراب درووستدەکرێت، کە دەبێتە کوڕەزای مێو. وەڵام (داری مێو و ترێ و شەراب).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل24

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 304**
**باوک ئێژێ پشتم ڕۆڵە ئێژێ خاک بە پشتم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921223410522325

باوک ئێژێ پشتم
ڕۆڵە ئێژێ خاک بە پشتم
ئێژێ: دەڵێت. مەبەست لە کۆڵەکە و دارەڕای خانووە، (کۆڵەکە: بەو دارە ئەستوورە دەوترێت کە لە خانووی داردا وەک ڕاگر بەکاردێت و هەموو دارەڕای خانووەکەی لەسەر دەوەستێت) باوک ئێژێ پشتم، مەبەست لە کۆڵەکەیە، ڕۆڵە ئێژێ خاک بە پشتی، مەبەست لە دارەڕایە. وەڵام (کۆڵەکە و دارەڕای خانوو یان سەرمیچ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 30

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 305**
**باوک پێچ پێچ و دایک لار و گێڕ لە ترش و شیرین لێی بارکە تێر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121215708446936

باوک پێچ پێچ و دایک لار و گێڕ
لە ترش و شیرین لێی بارکە تێر
مەبەست لە داری مێوە کە پێچ پێچ و لار و خوارە لە مەتەڵەکەدا بە دایک و باوک چوواندویەتی، لە ترش و شیرین، مەبەست لە بەری داری مێوە کە بەرسیلە و ترێیە، تامیان ترش و شیرینە، لێی بارکە تێر، واتە: بە ئارەزووی خۆت بیبە. وەڵام (داری مێو و ترێ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل9
کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 306**

**باوک سێ مانگە و کوڕ لەبازاڕە**

20221008223930438629=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

باوک سێ مانگە و کوڕ لەبازاڕە.
مەبەست لە داری مێوە، لە کۆتایی بەهار و سەرەتای وەرزی هاویندا داری مێو گەڵا دەکات، گەڵاکەی دەبرێتە بازاڕ بۆ فرۆشتن، لە کوردەواردا چیشتی (یاپراغ) ی پێدرووستدەکرێت کە خواردنێکی کوردییە، باوک سێ مانگە، مەبەسی لە داری مێوە، کوڕ کە بازاڕە، مەبەست لە گەڵای مێوە. وەڵام (گەڵای مێو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل14

کاتی تۆمارکردن: 08-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 307**
**باوک و دایکی نییە ناوی لەپێش خەرکییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125204224447678

باوک و دایکی نییە
ناوی لەپێش خەرکییە
بەپێی زانست و زانەکیی مرۆڤ هەموو کەسێک لە دایک و باوکێک کەوتووەتەوە، واتە: هیچ کەسێک نییە کە لەخۆیەوە هاتبێتە بوون، دایک و باوکی نییە، مەبەست لە (ئادەم) ە، بەپێی ئەفسانەی ئایینەکان، ئادەم ڕاستەوخۆ خودا درووستی کردووە، دایک و باوکی نییە. وەڵام (ئادەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13
کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 308**
**باوک یەکە و کوڕ هەزار دەو لووس دەو لووس کڵاو خوار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221123223957447403

باوک یەکە و کوڕ هەزار
دەو لووس دەو لووس کڵاو خوار
باوکە یەکە، مەبەست لە داری خورمایە کە لە ناوچەی گەرمدا دەڕووێ، کوڕ هەزار، مەبەست لە بەری داری خورمایە کە خورما بە هێشوو دەگرێ، هەر هێشوویەک سەدان دەنکی پێوەیە، دەو لووس دەو لووس کڵاو خوار، مەبەست لە قەدی داری خوارمایە کە بەرز و خوارە. وەڵام (دارخورما) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل12

کاتی تۆمارکردن: 23-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 309**
**باوکی ئاوە دایکی خۆڵە منداڵێکی خەپەتۆڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009201133438866

باوکی ئاوە
دایکی خۆڵە
منداڵێکی خەپەتۆڵە
دوومەڵان: خۆراکێکی گیاییە، لەناو زەویدا بەشێوەی سەلک دەرووست دەبێت، باوکی ئاوە و دایکی خۆڵە، واتە بەشێک لەپێکهاتەی دوومەڵان ئاوە و بەشێکی تر لە پێکهاتەکەی کانزاکانی ناو خۆڵە، منداڵێکی خەپەتۆڵە، مەبەست لە دوومەڵانە کە سەلکێکی خڕە. وەڵام (دوومەڵان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل15

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 310**
**باڵاترین پلەی مردن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220916195408434375

باڵاترین پلەی مردن
بۆ وڵات خۆبەختکردن
مانای مەتەڵ ئەمجارەیە
کوشتن پەتی سێدارەیە
یان لەژێر ئەشکەنجە و لێدان
یان لە سەنگەری بەرخودان
گیانی دەکا بەقوربانی
لە ڕێی گەل و نیشتیمانی
هیچ میللەتێ لەم جیهانە
وەک کوردی ئەم کوردستانە
لەپێناو خاک نەمردووە
وا گیانی نەسپاردووە
تاجی زێڕینی سەروەریی
نەخستۆتە سەرسەریی
پێنج پیتی پیرۆزە ناوی
کفنی ئاڵە بە خوێناوی
دە ئازاکە هەڵیبێنە
سەری ڕێزی بۆ دانەوێنە
وەڵام (شەهید). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکووک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل80

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 311**
**باڵای بەرزە وەک چنار، ترشە وەک لیمۆ و هەنار، لە لادێوە دێ بۆ شار**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728104913425065



باڵای بەرزە وەک چنار، ترشە وەک لیمۆ و هەنار، لە لادێوە دێ بۆ شار
رێواس لە خاک دێتەدەر، قەدێکی رێکی بەرزی هەیە، چووێنراوە بە چنار، ترشە وەک لیمۆ و هەنار: واتە: تامی وەک ئەو دوو میوەیە ترشە، لە ناوچە کوێستانییەکان دەڕوێ ، خەڵکی گوندەکان دەچن دەیهێنن و لە شار دەیفرۆشن. وەڵام (رێواس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 312**
**باڵای سەوزی سەوزەنی، ڕووی سپی سپیەنی، چاوی زەردە زەردەنی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728113425425073




باڵای سەوزی سەوزەنی، ڕووی سپی سپیەنی، چاوی زەردە زەردەنی
باڵای سەوزە: مەبەست لە لاسکی گوڵی نێرگزە کە قەدەکەی سەوزە، ڕووی سپییە: مەبەست لە پەڕەی نێرگزە کە ڕەنگی سپییە، چاوی زەردە: مەبەست لە ناوی گوڵەکەیە کە ڕەنگی زەردە. وشەکانی سەوزەنی، سپیەنی و زەردەنی تەنیا بۆ بابەتی کیش و سەرەوای هۆنراوەکە هاتووە. وەڵام (گوڵی نێرگز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 313**
**باڵای سەوزە ڕووی سپییە چاوی زەردە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221008223010438622

باڵای سەوزە
ڕووی سپییە
چاوی زەردە

باڵای سەوزە، مەبەست لە قەد و باڵای گوڵی نێرگزە کە ڕەنگی سەوز و جوانە، ڕووی سپییە، مەبەست لە پەڕەکانی نێرگزە کە ڕەنگیان سپییە، وەک ڕووی نێرگز دەردەکەوێ، چاوی زەردە، مەبەست لە ناوی گوڵی نێرگزە کە ڕەنگی زەردە. وەڵام (نێرگز) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل14

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 314**
**باڵای وەک عەمود سەرتاپای ڕەشە سەریشی پانە وەک سەری قەشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012222127439440

باڵای وەک عەمود سەرتاپای ڕەشە
سەریشی پانە وەک سەری قەشە
قەشە: پیاوی پێشەوای ئایینی گاوران (فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە سیبەری دارە کە لەبەرزیدا بە عەمود بەراوردکراوە، هەروەها تارمایی سێبەر ڕەشە. قەشە وەک پیاوی ئایینی کڵاوێکی پانی گەوەر لەسەردەکات، لە مەتەڵەکەدا سێبەری داری پێچوونێنراوە. وەڵام (سێبەری دار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل25

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 315**
**باڵداری بێ قاچ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126142024447796

باڵداری بێ قاچ.
مەبەست لە گیانەوەری ماسییە، باڵداری، مەبەست لە پەڕەکەی ماسییە لە بۆ مەلەکردن بەکاری دێنێ بەڵام لە مەتەڵەکەدا بە باڵ چووێنراوە، بێ قاچ: مەبەست لەوەیە کە ماسیی قاچی نییە بەڵام بەهۆی مەلەوانی کلک و پەڕەکانییەوە، دەتوانێت لە ئاودا بڕوات. وەڵام (ماسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل16

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 316**

**باڵدارێکم هەیە پێ مشار دەفڕێ لەم شار بۆ ئەو شار**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122212447447131](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122212447447131)

باڵدارێکم هەیە پێ مشار
دەفڕێ لەم شار بۆ ئەو شار
باڵدارێکم هەیە پێ مشار، مەبەست لە گیانەوەی کوللەیە کە وەک باڵدار دەفڕێ چونکە باڵی هەیە، هەروەها پێی گرنج گرنجە بە مشار چووێنراوە، دەفڕێ لەم شار بۆ ئەو شار، واتە: توانای فڕینی بۆ جێگەی دوور هەیە. وەڵام (کوللە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 317**
**باڵدارێکی ڕەشوڕووت نەگوڵەی پێیە نەبارووت زەبر ئەوەشێنێ بەبزووت**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231213214201536605

باڵدارێکی ڕەشوڕووت
نەگوڵەی پێیە نەبارووت
زەبر ئەوەشێنێ بەبزووت
مەبەستی مەتەڵەکە زەردەواڵەیە کە بە مرۆڤی ڕەشوڕووتی بەراورد کردووە و لە ژیاندا خاوەنی هیچ شێک نییە، نەگوڵەی پێیە نەبارووت، واتە: لە کاتی جەنگدا کەسی ڕەشوڕووت هیچ شتێکی پێ نییە پارێزگاری لەخۆی پێبکات، لەگەڵ ئەمانەدا زەردەواڵە دەتوانێت بە چزووی کلکی پێوەبدات. وەڵام (زەردەواڵە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی پێشینان، مەتەڵی کوردەواری، ع.ع.شەونم، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی، 1998، ل14
کاتی تۆمارکردن: 13-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 318**
**باڵندەی شیردەر**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126142220447797](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126142220447797)

باڵندەی شیردەر.
مەبەست لە باڵندەی شەمشەمەکوێرەیە، (شەمشەمەکوێرە: باڵندەیەکی شەوگەڕە، لە شار و گوندەکانی وڵاتی کوردەواردا بوونی هەیە) شیردەر، مەبەست لەوەیە کە شەمشەمەکوێرە دوای ئەوەی دەزێ، گوانی هەیە و شیر بە بێچووەکانی دەدات، لە کوردستان تەنیا باڵندەی شیردەرە. وەڵام (شەمشەمەکوێرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13
کاتی تۆمارکردن: 2022-11-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 319**
**باڵی نییە و هێلکە دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224133923453852

باڵی نییە و هێلکە دەکا.
مەبەست لە مارە، (مار: خشۆکێکی ژەهراوی کوشندەیە، لە وشکانی و ئاودا دەژیی، لە کوردستان لە گەرمیان و کوێستاندا بوونی هەیە) باڵی نییە، مەبەست لە مارە کە گیاندارێکی بێ باڵە، هێلکە دەکا، واتە: گیانەوەری مار هێلکەکەرە، (هەرچەندە هەندێک مار، ڕاستەوخۆ بێچووەدەکا) . وەڵام (مار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل7.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 320**

**باڵی هەیە سەرکەوی وەدوی کەری دەکەوی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908095547519625

باڵی هەیە سەرکەوی
وەدوی کەری دەکەوی
کەوی یان کەوە: مەبەست لە ڕەنگی شینە، لە کوردەواردا دەوترێت: چاوی کەسەیە کەوەیە واتە: شینە. بەڵام لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە ڕەنگی جۆرێک مێشە کە پێی دەوترێت: مێشەکەرانە، ڕەنگی شینە و بە باڵ دەفڕێت، قەبارەی گەورەیە و لە پیسایی و جەستەی ئاژەڵ دەئاڵێت. وەڵام (پەینخۆرکە یان مێشەکەرانە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل121

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 321**

**باڵی هەیە نافڕێ زاری هەیە ناقڕێ پاشی هەیە ناترێ ڕێگەی وشک نابڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125203534447676

باڵی هەیە نافڕێ، زاری هەیە ناقڕێ
پاشی هەیە ناترێ، ڕێگەی وشک نابڕێ
مەبەست لە ڕووخساری ماسییە، باڵی هەهە نافڕێ، ماسی لەباتی باڵ پەڕەکەی هەیە بۆ مەلەکردن، لەمەتەڵەکەدا بە باڵ چوواندویەتی، زاری هەیە ناقڕێ، واتە ماسی توانای قسەکەردنی نییە، پاشی هەیە ناترێ، ڕێگەی وشک نابڕێ، واتە: توانای نییە بە وشکانیدا بڕوا. وەڵام (ماسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل15

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 322**
**باڵی هەیە نافڕێ، دەمی هەیە ناقڕێ چاوی هەیە ناتروکێ، گۆشتی هەیە دەخورێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012221726439438

باڵی هەیە نافڕێ، دەمی هەیە ناقڕێ
چاوی هەیە ناتروکێ، گۆشتی هەیە دەخورێ
مەبەست لە ماسییە، باڵی هەیە نافڕێ، واتە: بە باڵ نافڕێ بەڵکوو لە ئاودا مەلەی پێدەکات، دەمی هەیە ناقڕێ واتە: هیچ قسەیەک ناکات، چاوی هەیە ناتروکێ، ماسی پێڵوی چاوی نییە هەتا بیتروکێنێ، بەڵکوو چاوی گەش و کراوەیە، هەروەها گۆشتیشی دەخورێ. وەڵام (ماسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل25

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 323**
**باڵەخانەی گۆشتن پێپلیکانەی ئاسن**

20230908100421519626=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

باڵەخانەی گۆشتن
پێپلیکانەی ئاسن
باڵەخانە بۆ تەلاری بەرز بەکاردێت، بەڵام لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە وڵاخی بەرزەیە وەک ئەسپ و مایین، کە بەرزی باڵایان بە باڵەخانە چوونێنراوە، پێپلیکانەی ئاسن، مەبەست لە ئاوزەنگی وڵاخە کە بەڕاست و چەپی جەستەیدا شۆڕدەبێتەوە، مرۆڤ لەکاتی چوونەسەرپشتی وڵاخدا وەک پێ پلیکانە بەکاری دێنێت. وەڵام (ئەسپ و ئاوزەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل121
کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 324**
**باڵەخانەی گۆشتین پێپلیکانەی ئاسن**

2023010720061545715‌4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

باڵەخانەی گۆشتین، پێپلیکانەی ئاسن.
مەبەست لە وڵاخ و ئاوزەنگە، باڵەخانەی گۆشتین، مەبەست لە وڵاخە کە لە بەرزیدا بە باڵەخانە بەراوردکراوە، پێپلیکانەی ئاسن، مەبەست لە ئاوزەنگە، (ئاوزەنگ: ئەڵقەیەکی مەعدەنییە بەهۆی لوقمەوە بەملاوئەولای زینی وڵاخدا شۆڕدەبێتەوە، لەکاتی سواربووندا قاچی دەخرێتەسەر. فەرهەنگی شێخانی) . وەڵام (وڵاخ و ئاوزەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل173.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 325**
**بابی پوولێکە، پڕ بە ژوورێکە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220815202712428505



بابی پوولێکە، پڕ بە ژوورێکە.
پوول: دراوێکی مسی کەم نرخە (فەرهەنگی خاڵ) بابی پوولێکە واتە: ئەو شتەی بە پوولێک دەکڕدرێ نرخەکەی زۆر کەمە، هەموو کەسێک توانای کڕینی هەیە، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی (مۆم)ە، پڕ بە ژوورێکە واتە: کاتێک مۆمێک دادەگیرسێت، ڕووناکییەکەی ژوورێک داگیردەکات. وەڵام (مۆم).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 326**
**بچمە بان نەزۆک، نەزۆک وەبان بزۆک**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922204111522586](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922204111522586)

بچمە بان نەزۆک، نەزۆک وەبان بزۆک.
نەزۆک: بۆ مرۆڤێک بەکاردێت کە توانای منداڵ خستنەوەی نەبێت، بچمە بان نەزۆک، مەبەست لە پردە، لە کوردەواردا ئەو جێگایانەی کە چەم و رووباریان هەیە، پردی لەسەر درووست دەکرێت بۆ پەڕینەوە، بزۆک مەبەست لە ئاوە کە بەژێریدا دەڕوات. وەڵام (پرد و ئاو) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل35

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 327**
**بچێتە ناو ڕۆن چەور نابێ بچێتە ناو ئاو تەڕ نابێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125215610447700

بچێتە ناو ڕۆن چەور نابێ
بچێتە ناو ئاو تەڕ نابێ
چەوریی و تەڕیی دوو شتن بەر جەستە یان بەرگی مرۆڤ بکەون پاشماوەی خۆیانی پێوە بەجێدێڵن، وەڵام (سێبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 328**
**بخەوێ چاوی دەکاتەوە**

[20221122201456447106=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221122201456447106=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

بخەوێ چاوی دەکاتەوە.
مەبەست لە گیانەوەری مارە، مار لە کاتی پشوودا خۆی خردەکاتەوە و دەخەوێ بەڵام چاوانی زەق دەکاتەوە، هەر گیانەوەرێک ببینێ وادەزانێ بەئاگایە بەڵام لە ڕاستیدا خەوتووە، مار ئەو شێوەیە لە خەوتن وەکوو فێڵێک بەکاردێنێ، بۆ ئەوەی لەو کاتەدا هێرشی نەکرێتەسەر. وەڵام (مار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10]()

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 329**

**برایەکم هەیە لە دەشت ژن دە هێنێتەوە بە پشت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011215509439292

برایەکم هەیە لە دەشت
ژن دە هێنێتەوە بە پشت
وەڵامی مەتەڵەکە ژیشکە، برایەکم هەیە لە دەشتی، مەبەست لە ژیشکە، (ژیشک: ئاژەڵێکی کێوییە، هەم لە دەشت و هەم لە شاخ دەژیێ) پشتی ژیشک دڕکاوییە، هەر خۆراکێک بدۆزێتەوە، لە دڕکەکانی پشتی هەڵدەچەقێنێ و بۆ بەچکەکانی دەباتەوە.
وەڵام (ژیشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولآت: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل21

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 330**
**برایەکم هەیە لە دەشتی سەد و سی کون لە پشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221013150854439546

برایەکم هەیە لە دەشتی
سەد و سی کون لە پشتی
مەبەستی مەتەڵەکە ڕەشکەیە (ڕەشکە: چنراوێکی کونکونی گرێچنە، لە مووی بزن دروستدەکرێ، لە دەشت کاوکڵۆشی تێدەکرێ و پێی دەگوێزرێتەوە) برایەکم هەیە لە دەشتی، مەبەست لە ڕەشکەیە، سەد و سی کون لە پشتی، واتە: مەبەستی لە گرێچنی ڕەشکەیە. وەڵام (ڕەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل16

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 331**

**برایەکم هەیە لە دەشتێ ژن دەیهێننەوە بە پشتێ**

2022112520453344767‌9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

برایەکم هەیە لە دەشتێ
ژن دەیهێننەوە بە پشتێ
برایەکم هەیە لە دەشتی، مەبەست لە خرنووکە، (خرنووک: گیایەکی دەشتەکییە، بەرێکی درێژکۆلەی تفت دەگرێ) ژن دەیهێننەوە بە پشتێ، واتە: ژنان بەکۆڵ بەری خرنووک دەکەن و دەیهێننەوە. بەری خرنووک چارەسەرە بۆ نەخۆشی گەدە، بەتایبەتیی بۆ هەوکەردن. وەڵام (خرنووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 332**

**برایەکم هەیە لە زووری سەری گەورەترە لە هووری**

20221126140100447783=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

برایەکم هەیە لە زووری
سەری گەورەترە لە هووری
زوور: تەپۆڵکەی بچووکی ڕووتەن لە دەشتاییدا، هوور: ورگ یان سک (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) برایەکم هەیە لە زووری، مەبەست لە مێرووڵەی ناو شارەمێرووڵەیە، سەری گەورەترە لە هووری، وەسفی جەستەی مێرووڵەیە کە سەری لە سکی گەورەترە. وەڵام (مێرووڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل15

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 333**
**برایەکم هەیە لە عەرەشە بارەکەی درەوشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221123224252447404

برایەکم هەیە لە عەرەشە
بارەکەی درەوشە
برایەکم هەیە لە عەرەشە، مەبەست لە وەرزی زستانە کە وەرزی سەرما و سۆڵە و بەفرە، بارەکەی درەوشە، بار مەبەست لە هێنانی شتێکە بە کۆڵ، درەوشە: مەبەست لە تەرزەیە کە ڕەنگی سپییە و دەدرەوشێتەوە، واتە: زستا بە کۆڵ بەفر و تەرزە دەهێنێت و دایدەبارێنێ. وەڵام (زستان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل12

کاتی تۆمارکردن: 23-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 334**
**برایەکم هەیە ها لە عەرەوشە باری کەرەکەی درەوشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231204151053533903

برایەکم هەیە ها لە عەرەوشە
باری کەرەکەی درەوشە
عەرەوشە: عەرەبستان، درەوش: دەرزییەکی ئەستووری گەورەیە، چەرمی پێ کون کون دەکرێت بۆ دوورین (فەرهەنگی خاڵ)، مەبەستی مەتەڵەکە ژووژووە (ژیشک)، ڕەنگی ڕەشە، وەک ڕەنگی پێستی مرۆڤی عەرەب، هەروەها پێستی لەشی بە دڕکێکی ڕەق تیژ داپۆشراوە، وەک درەوشە تیژە. وەڵام (ژووژوو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل181

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 335**
**برنجی شەل و شەپک**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917215701521173](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917215701521173)

برنجی شەل و شەپک.
برنجی چارشێوبەسەر.
شەپک: بۆ بەرگێکی کوورتی وەک پاڵتۆ بەکاردێت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، چارشێو: مەبەست لەو رووپۆشە تەنکەیە کە ئافرەتی دەیدا بە دەموچاویدا تەنیا چاوی دیارە، مەبەستی پەندەکە یاپراغە، (یاپراغ: خواردنێکی کەلەپووری کوردییە، برنج لەناو گەڵامێو یان سڵقدا دەپێچرێتەوە و دەکوڵێت) پێچانەوەی برنج بە گەڵای سڵق یان گەڵامێو چووێنراوە بە چارشێو.
وەڵام (یاپراخ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 21


کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 336**
**برنجی لیباس لەبەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126142754447801

برنجی لیباس لەبەر.
مەبەست لە یاپراغە (یاپراخ: خواردنێکی کەلەپووری کوردییە) برنجی لیباس لەبەر، مەبەست لەو دەنکۆڵانەی برنجە کە دەکرێتە ناو یاپراغەوە، بە گەڵای (گەڵامێو) ئەو برە برنجە دەپێچنەوە کە تێیدە کرێ، بۆیە گەڵای مێو بە لیباس یان جل بەراوردکراوە، وەڵام (یاپراخ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل16

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 337**
**برێنە ئاقر تەواوێ**

[20220921220155435403=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

برێنە ئاقر تەواوێ
سێی لە سێبەرێ
دووی لەبەر هەتاوێ
ئاقر: ئاقڵ یان هۆشمەند. واتە: بە کەسێکی هۆشمەند و ژیر بڵێن، سێی لەبەر سێبەرەو دووانی لەبەر هەتاوە. مەبەست لە کاتی نوێژکردنی کەسی موسوڵمانە، نوێژ ڕۆژی پێنج جارە، دوو جاریان لەشەودایە، سێ جاریان لە ڕۆژدایە، مەتەڵەکە شەو و ڕۆژی بە سێبەر و تاو چوواندووە. وەڵام (کاتەکانی نوێژ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل16

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 338**
**بزنیان سواری گامێش کردووە تۆش سواری دەبی کەچی مردووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101184519455876

بزنیان سواری گامێش کردووە
تۆش سواری دەبی کەچی مردووە
مەبەست لە کەوشە، (کەوش: جۆرێک پێڵاوی بێ پاژنەی لووت هەڵگەڕاوەیە. فەرهەنگی خاڵ) بەشی سەرەوەی لە مووی بزن و بەشی ژێرەوەی لە چەرمی گا یان گامێش درووستدەکرێ، بزنیان سواری گامێش کردووە، مەبەست لە کەوشە، تۆش سواری دەبی کەچی مردووە، واتە: کەوش شتێکی بێگیانە کە مرۆڤ لە پێی دەکات. وەڵام (کەوش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل36.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 339**
**بزنە بەلەجار لەسەر بەردێ بەغار هۆهۆی لێدەکەی نایەتەخوار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012210602439422

بزنە بەلەجار
لەسەر بەردێ بەغار
هۆهۆی لێدەکەی نایەتەخوار
بەلە: مەبەست لە گوێچکەی هەندێک بزنە کە پێی دەوترێ بزنە بەلە، واتە: گوێچکەیەکی قوت و بەرز، بزنە بەلەجاڕ، مەبەست لە هەورە کە بەرزە، لەسەر بەردێ بەغار، واتە: کەسێک چووە سەربەردێ بە ڕاکردن، چەند بانگی کرد نەهاتەخوار. وەڵام (هەور) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل26

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 340**

**بزنە قوتەی مەلایە، نەیهێشتووە پنچکە گیایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822161401429672

بزنە قوتەی مەلایە
نەیهێشتووە پنچکە گیایە
بزن تایبەتمەندی زۆرە، بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەی کە دەمی باریکە و بەهەموو پەنا و پەسێرێکدا دەڕوات، هەرچی گیایەک بە دەمی بگات دەیخوات، دەتوانێت چی سەوزایی هەیە بیڕوتێنێتەوە، بزنە قوتەی مەلایە، قوتە: وریا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەستی لە مەکینەی دەلاکییە، نەیهێشتووە پنچکە گیایە، مەبەست لە تاشینی سەرە، لە مەتەڵەکەدا مەکینە و تاشینی سەر بە بزن و گیاخواردن بەراورد کراوە. وەڵام (مەکینەی دەلاکیی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل23

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-22

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 341**
**بزنە گەڕێ لەسەربەنێ نەقڵەکوتێ هەڵدەپەڕێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915213727520786](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915213727520786)

بزنە گەڕێ لەسەربەنێ
نەقڵەکوتێ هەڵدەپەڕێ
سەربەن: سەرچیا یان بەرزایی (فەرهەنگی شێخانی) ، مەبەست لە تەرزەیە، لە وڵاتی کوردەواردا تەرزە بەزۆریی لە سەرەتای وەرزی بەهاردا دادەبارێت، کاتێک بەر زەوی دەکەوێت چەند جارێک بەرزدەبێتەوە و دەیداتەوە بە زەویدا، بزنە گەڕێ لەسەربەنێ، تەرزە چووێنراوە بە بزن کە هەڵبەز و دابەز زۆر دەکات. وەڵام (تەرزە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل9

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 342**

**بزنەگەڕێ هەڵدەگەڕێ دادەگەڕێ ناڵەوەڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011215253439291

بزنەگەڕێ، هەڵدەگەڕێ، دادەگەڕێ، ناڵەوەڕێ.
لە ژیانی شوانکارەیی کوردەواردا، شوانەکان بزنی گەڕ ڕاناگرن، چونکە نە گۆشتی، نە شیریی، نە مووی کەڵکی هیچ ناگرێت، بزنەگەڕێ، مەبەستی لە سێبەری مرۆڤە، هەڵدەگەڕێ و دادەگەڕی، مەبەست لە سێبەرە کە وەک بزن بە هەموو جێگەیەکدا دەڕوات، نالەوەڕێ، واتە: سێبەر هیچ ناخوات. وەڵام (سێبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل21

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 343**

**بزنەکاکاڵ، سەرکەنداڵ، یاریار دکمێ نایتەخار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906162154432445

بزنەکاکاڵ، سەرکەنداڵ
یاریار دکمێ نایتەخار.
کەنداڵ: کەند یان کەندەڵان (فەرهەنگی خاڵ) بزنەکاکاڵ، مەبەستی لە مانگە کە لەشەودا ڕەنگێکی کاڵی هەیە، بە ڕەنگی بزن چووێنراوە، سەرکەنداڵ واتە: مانگم بینی لە کەندەڵانێکدا، یاریار دکمێ نایتەخار واتە: هەرچەندە بانگی دەکەم، ئەو نایەتەخوار. وەڵام (مانگ) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل121



کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 344**
**بستێکە دووسەد کیلۆ هەڵدەگرێ**

2022080809033042719‌7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بستێکە دوو سەد کیلۆ هەڵدەگرێ.
ناڵ ئەو ئاسنە چەماوەیەیە کە لەلایەن ئاسنگەرەکانە درووست دەکرێ، بە بزماری تایبەتیی لە سمی وڵاخ دەدرێ ، بۆ ئەوەی رێ رۆشتنی ئاسان بکات، لە مەتەڵەکەدا بە پێوانەی بستێک هاتووە کە دەتوانێت کێشی دوو سەد کیلۆ هەڵگرێ، مەبەست لە کێشی وڵاخە. وەڵام (ناڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 345**
**بشمری لێتنابێتەوە**

20221126151003447814=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بشمری لێتنابێتەوە،
مەبەست لە ناوی مرۆڤە کە بەهۆیەوە دەناسرێتەوە، (ناو وشەیەکە بۆ ناونان و ناسینەوەی مرۆڤ و شتەکانی دەوروبەر، بۆ ئەوەی لەیەک جیابکرێنەوە بەکاردێ) مرۆڤ لەوکاتەوەی لەدایک دەبێ، واتە: لە قۆناغی ژیان و قۆناغی دوای مردنیش هەر پێی دەناسریتەوە و لێینابێتەوە. وەڵام (ناو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارپی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 346**
**بلوورمە لەبن ئێسکان چەرمە**

[20221122204635447117=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122204635447117)

بلوورمە
لەبن ئێسکان چەرمە.
بلوورمە: مەبەست لەو گیانەوەرۆچکە نەرم و شل و لووسەیە کە پێی دەوترێ کیسەڵ و لەناو بەرگێکی ڕەقدایە، لە بن ئێسکان چەرمە، پشت و ژێر سکی کیسەڵ ڕووپۆشێکی ڕەقە وەک ئێسک، ئەو گیانەوەرە نەرمەی تیاپارێزراوە کە لە مەتەڵەکەدا بە چەرم ناوی بردووە. وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 347**
**بلووری شووشەی ئەشکانی ئەگەر مەردی حاڵی دەبی مریشکێکیش حاڵی دەبی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011140913525585

بلووری شووشەی ئەشکانی
ئەگەر مەردی حاڵی دەبی
مریشکێکیش حاڵی دەبی
بلووری: جۆرێک تەنراوی سپی تەنکە دەکرێت بە بەرگ (فەرهەنگی خاڵ) ، حاڵی: لەیەکتێگەیشتن، بلووری شووشەی ئەشکانی، مەبەست لە هێلکەیە کە وەک شووشە ساف و لووسە و وەک قووماشی بلووری ڕەنگی سپییە، ئەگەر مەردی حاڵی دەبی، مەبەست لە گوێگرە کە مەتەڵەکەی لێداهێنراوە، مریشکێکیش حاڵی دەبێت، واتە: مریشک هێلکە دەکات و دەزانێت. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 91

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 348**

**بلوورین گومەزێکە مانگ و ڕۆژی لەناودێ کە مانگ و خۆی هات و هەڵهاتە دەرێ گومەزی بلوورین شوشە دەشکێنێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213193446450734](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213193446450734)

بلوورین گومەزێکە مانگ و ڕۆژی لەناودێ
کە مانگ و خۆی هات و هەڵهاتە دەرێ
گومەزی بلوورین شوشە دەشکێنێ
مەبەست لە هەڵهاتنی مانگ و خۆرە، بلووین: مەرمەڕشا یان خامی زۆر سپی (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە ئاسمانە لە بەرەبەیان یان دەمەو ئێوارە کە وەک گوومەز کەوانەییە، لەو دوو کاتەدا مانگ یان خۆر هەڵدێت، هەروەها ئاسمانی شێوە گومەزیی ساف و بێگەردە وەک شووشە. وەڵام (دەرکەوتنی مانگ و خۆر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل34

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-13

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 349**

**بن پەڕۆی سەرخوری گەر نەزانی دایکت مری**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101190027455881](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101190027455881)

بن پەڕۆی سەرخوری
گەر نەزانی دایکت مری
مەبەست لە کڵاشە، (کڵاش: جۆرێک پێڵاوی کەلەپووری کوردییە، سەرەکەی بە خووری دەچنرێ و ژێرەکەشی پەڕۆیە) بن پەڕۆی سەرخوری، مەبەست لە کڵاشە، گەر نەزانی دایکت مری، وەڵامی مەتەڵەکە ئاسانە بۆیە مەتەڵساز نزا لە گوێگر دەکا گەر نەیزانێ. وەڵام (کڵاش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل144.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 350**
**بنویَ گایە، هەستیَ چیایە**

[20220822172346429685=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

بنویَ گایە
هەستیَ چیایە
گا: ئاژەڵێکە لە وڵاتی کوردەواردا بۆ جووت بەکارهێنراوە، بنویَ گایە، مەبەست لە ڕەشماڵ یان دەوارە، کاتێک کۆدەکرێتەوە، بەقەدەر قەبارەی گایەک دەبێت، هەستیَ چیایە، کاتێک دەوارنشینان دەوار هەڵدەدەن، زۆر گەورەیە، کورد وتەنی مەڵێکی تەواوە، لەمەتەڵەکەدا گەورەیی دەوار بە گەورەیی چیا چووێنراوە. وەڵام: (دەوار، ڕەشماڵ یان تاوڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل24

کاتی تۆمارکردن: 22-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 351**

**بنکی دە گڵێ قەدی دە کەرێ سەری بۆ توو، ئەگەر نەزانی چاوت دەرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107194301457145

بنکی دە گڵێ
قەدی دە کەرێ
سەری بۆ توو، ئەگەر نەزانی چاوت دەرێ
مەبەست لە ڕەگ و قەدی گەنمە، بنکی لە گڵێ، واتە: ڕووەکی گەنم بنەکەی لە گڵدا گەشەدەکات، قەدی دە کەرێ، مەبەست لە لاسکی گەنمە کە وەک خۆراک بە کەر دەدرێ، سەری بۆ تۆ، مەبەست لە گەنمە کە مرۆڤ وەک خۆراکی سەرەکی بەکاریدێنێ. وەڵام (ڕەگ و قەدی گەنم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل189.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 352**
**بنی ئاوە، سەری تاوە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730115330425507



بنی ئاوە، سەری تاوە
بنی ئاوە: مەبەست لە نەوتە کە دەکرێتە ناو چرا و لە بنەکەیدا دەوەستێ، بەهۆی پلیتەوە دەگاتە بەشی سەرەوە، سەری تاوە: مەبەست لەو ئاگرەیە کە لە پلیتەی چراکە بەردەردرێ، بەهۆی نەوتەکە دادەگیرسێ و ڕووناکی دەبەخشێ، مەبەستی پەندەکە داگیرساندنی چرایە. وەڵام چرا.
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 353**
**بنی ئەسپندارە ناوەندی دەستارە سەری گۆپاڵە**

20221011224518439303=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بنی ئەسپندارە
ناوەندی دەستارە
سەری گۆپاڵە
مەبەستی مەتەڵەکە تەشییە، (تەشی ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کاری ڕستن بەکاردێ) بنی ئەسپندار، واتە: کلکی تەشی لە دار دروستدەکرێت، ناوەندی دەستارە، واتە: سەلکی تەشی شێوەی لە دەستارِ دەچی، (دەستار: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هارِینی دانەوێڵە بەکاردێ) سەری گۆپاڵ، مەبەست لە قولاپی تەشییە. وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل22


کاتی تۆمارکردن: 11-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 354**

**بنی ئەسپینداره ناوەندی دەستارە سەری گۆپاڵە**

20230107193851457144=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بنی ئەسپینداره
ناوەندی دەستارە
سەری گۆپاره
مەبەست لە تەشییە، (تەشی: ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ و مووی بزن بەکاردێت) بنی ئەسپینداره، (ئەسپیندار: سپیدار) مەبەست لە کلکە تەشییە کە دارێکی ڕێک و درێژە، ناوەندەکەی دەستارە، (دەستار: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێلە بەکاردێ) مەبەست لە سەلکە تەشییە کە بە دەستار چووێنراوە، سەری گۆپارە (گۆپار: گۆچان) مەبەست لە قولاپی تەشییە. وەڵام (تەشی) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل171.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 355**
**بنی بییە، سەری شاخە، ناوی ئاسنە، پڕ لە زاخە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220820160254429283

بنی بییە، سەری شاخە
ناوی ئاسنە، پڕ لە زاخە
مەبەستی مەتەڵەکە خەنجەری کوردییە، بنی بییە مەبەستی کێلانی خەنجەرە کە لە داری بی دروست دەکرێت، سەری شاخە واتە: دەسکی خەنجەر لە شاخی ئاژەڵی کێوی دروست دەکرێت، ناوی ئاسنە واتە: دەمی خەنجەرەکە لە ماددەی ئاسن دروست دەکرێ، پڕ لە زاخە واتە: کێلانی خەنجەر کە دەمی خەنجەری دەچێتەناو، زاخ یان تووتنی تێدەکرێ، بۆ ئەوەی دەمی خەنجەرەکە خراپ نەبێت و ژەنگ نەکات. وەڵام (خەنجەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 20-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 356**

**بنی خڕە سەری سەوزە بێچووەکانی وردە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125203300447675

بنی خڕە
سەری سەوزە
بێچووەکانی وردە
مەبەست لە وەسفی ڕووخساری سییرە، بنی خڕە، مەبەست لە سەلکی سیرە کە لەبن زەویدا گەشەدەکات، سەلکە سیرەکان شێوەیان خڕە و لەپاڵ یەکدان، سەری سەوزە، مەبەست لە چرۆی سیرە کە لە زەوی دێتەدەر و ڕەنگی سەوزە، بێچووەکانی وردن، مەبەست لە دەنکی سیرە کە هەر سەلکە سییرێک چەندین دەنکە سیرە. وەڵام (سەلکی سیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13


کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 357**
**بنی دارە نیوەی تارە سەری ئاگرە بەزیانە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221013152019439550
بنی دارە نیوەی تارە
سەری ئاگرە بەزیانە
مەبەست لە جگەرە و دارجگەرەیە، بنی دارە، مەبەست لەوەیە کە دارجگەرە لە دار درووست دەکرێت، نیوەی تارە، واتە نیوی تەڕ دەبێ کە بە لێو دەگیرێت، سەری ئاگرە، مەبەست لە جگەرەیە کە گڕدەدرێت بۆ کێشان، جگەرەکێش تووشی زیان دەکات. وەڵام (جگەرە و دارجگەرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل22
کاتی تۆمارکردن: 13-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 358**

**بنی دارە نێوی تاڵە سەری ئاورە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224132042453841](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224132042453841)

بنی دارە
نێوی تاڵە
سەری ئاورە
مەبەست لە جگەرە و دار جگەرەیە، بنی دارە، مەبەست لە دارجگەرەیە، (دارجگەرە: دارێکی باریکی بچووکە ناوەکەی کونە، جگەرەی پێوەدەکرێت بۆ کێشان) نێوی تاڵە، مەبەست لە جگەرەیە کە لە کێشاندا تامی تاڵە، سەری ئاورە، (ئاور: ئاگر) مەبەست لە سەری جگەرەیە کە بۆ کێشان بە ئاگر گڕدەدرێ. وەڵام (جگەرە و دارجگەرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل7.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 359**

**بنی دارە، سەری شاخە ناوی ئاسنە، پڕ لە زاخە**

20221013151631439548=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بنی دارە، سەری شاخە
ناوی ئاسنە، پڕ لە زاخە
مەبەستی مەتەڵەکە خەنجەرە، بنی دارە، مەبەست لە کێلانی خەنجەرە، کە لە دار درووستدەکرێ، سەری شاخە، مەبەست لە دەسکی خەنجەرە کە لە شاخی ئاژەڵ درووستدەکرێ، ناوی ئاسنە، مەبەست کە تیغی خەنجەرە کە زۆر تیژە، پڕی زاخە، لە کوردەواردا خەنجەر بەتایبەتیی جۆری (دەبان) بۆ ئەوەی تیغەکەی لە کێلاندا خراپ نەبێت زاخ یان تووتن دەکەنە ناو کێلانەکەوە، پارێزگاری لە تیغەکە دەکات و لە خراپبوون دەیپارێزێت. وەڵام (خەنجەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل22

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 360**
**بنی دەڕوات سەری ناڕوات**

20230803203627511529=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بنی دەڕوات
سەری ناڕوات
وڵاتی کوردەوار سەرچاوەی ئاوی زۆرە، بەنێوانی دۆڵ و شیوەکاندا دەڕوات. بەشی زۆری چەم و رووبارەکان لەبەر پانیی و قوڵیی ئاوەکە، مرۆڤ بەئاسانی ناتوانێت پێیدا بپەڕێتەوە، بۆیە پردیان بۆ پەڕینەوە بۆ درووستکردووە. لە مەتەڵەکەدا بنی دەڕوات: مەبەست لە ئاوی چەم و رووبارە، سەری ناڕوات، مەبەستی لە پردە. وەڵام (پرد و ئاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینیان و مەتەڵی کوردەواری، عەباس بایز سەمەد، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ل156

کاتی تۆمارکردن: 2023-08-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 361**
**بنی سەوزە و گەڵادار نییە، چواردەوری سپییە و بەفر نییە، ناوی زەردە و ڕۆژ نییە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728110925425070



بنی سەوزە و گەڵادار نییە، چواردەوری سپییە و بەفر نییە، ناوی زەردە و ڕۆژ نییە
قەدی گوڵی نێرگز ڕەنگی سەوزە وەک گەڵای دار وایە، چواردەوری سپییە و بەفر نییە: مەبەست لە پەڕەی گوڵە نێرگزە کە ڕەنگی سپییە هەروەها ناوی گوڵەنێرگزە کەڕەنگی زەردە وەک خۆر. وەڵام (گوڵی نێرگز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 362**
**بنی قوڕینە ناوی قەوی بەفرینە سەری زێڕە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012113220439321](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012113220439321)

بنی قوڕینە
ناوی قەوی بەفرینە
سەری زێڕە
مەبەستی مەتەڵەکە ڕوان و گەشەی گەنمە، بنی قوڕینە، واتە: گەنم ڕەگەکەی لە قوڕدایە، ناوی قەوی بەفرینە، واتە: دەنکی گەنم قەوی و قەڵەوە و ڕەنگی وەک بەفر سپییە، سەری زێڕینە، واتە گوڵەگەنمەکان ڕەنگیان زەردە. وەڵام (ڕەگ، قەد و گوڵی گەنم) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل24
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 363**

**بنی قوڕینە ناوەندی پۆشینە سەری زێڕینە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011224319439302](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011224319439302)

بنی قوڕینە
ناوەندی پۆشینە
سەری زێڕینە
مەبەست لە ڕۆنەکەرەیە کە بۆ هەڵگرتن دەکرێتە هێزە و گۆزەوە، بنی قوڕینە، واتە: ڕۆنەکەرە کە لە گۆزەدا هەڵدەگیرێ، گۆزە لە قوڕ درووستدەکرێ، ناوەندی پۆشینە، واتە: کۆی ناوی هێزە یان گۆزە بە ڕۆنەکەرە دادەپۆشرێ، سەری زێڕینە، واتە: ڕۆنەکەرە ڕەنگی زەردە وەک زێڕ. وەڵام (ڕۆنەکەرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل22

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 364**

**بنی قوڕە قەدی زەردە سەری زێڕە**

2022112212932447133=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بنی قوڕە
قەدی زەردە
سەری زێڕە
مەبەست لە ڕووەکی گەنمە، بنی قوڕە، واتە: گەنم کە دەچێندرێ بنەکەی لە قوڕدایە، قەدی زەردە، مەبەست لە قەدی گەنمە کە پێدەگات، ڕەنگی زەرد دەبێت، سەری زێڕە، مەبەست لە گوڵەگەنمە لە قۆناغی پێگەشتندا ڕەنگی زەرد دەبێت.
وەڵام (گەنم و لاسک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل11

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 365**
**بنی قورە، قەدی زەردە**

20220922132821435468=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بنی قورە
قەدی زەردە
سەری زێڕە
واتە: ئەو خاکەی گەنمی تیا دەڕوێت، گڵ و قورە، هەروەها قەدەکەی زەردە و ڕەنگی گەنمەکەش بە زێڕ چووێنراوە. وەڵام (گەنم پێش دوورینەوە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل117

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 366**
**بنی قیامەت سەری سەلامەت**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221013151332439547](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221013151332439547)

بنی قیامەت
سەری سەلامەت
لە خەیاڵی مرۆڤدا جەهاندەم، پڕە لە ئاگر و بەهۆیەوە هەموو دەوروبەری ڕەشە، بنی ڕەشە و قیامەت، مەبەستی لە تەنوورە کە ناوەکەی گەرمە، پڕە لە ئاگر و چووێنراوە بە قیامەت، بەشی سەرەوەی تەنوور، بەهۆی ئاگری ناوییەوە، سوور دەبێتەوە و نانی پێوەدەدرێت، ئەو بەشەی سەرەوە، پێ کێشەیە. وەڵام (تەندور) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل22
کاتی تۆمارکردن: 13-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 367**
**بنی لە ئەرزی دەم بە حەواوە ساڵ دوازدە مانگە دەمی گیراوە**

[20230219215324468756=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230219215324468756)

بنی لە ئەرزی دەم بە حەواوە
ساڵ دوازدە مانگە دەمی گیراوە
مەبەستی مەتەڵەکە کۆڵەکەی ناو ژوور وماڵە، (کۆڵەکە: بەو دارە ئەستوورە قایمە دەوترێت کە بەشی خوارەوەی یەک پەلە و لە زەویدا دەچەقێت، بەشی سەرەوەی دوو پەلە، کۆی دارەڕای ژوورەکەی لەسەر دەوەستێت. بنی لە ئەرزە واتە: بنی کۆڵەکە لە زەیدا دەچەقێت، دەم بە حەواوە، مەبەست لە دوو پەلی کۆڵەکەیە کە بە دەم چووینراوە. دەمی گیراوە، واتە: بەردەوام دارەڕای ژوورەکەی لەسەرە. وەڵام (کۆڵەکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال
کاتی تۆمارکردن: 19-02-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 368**
**بنی لە گڵێ قەدی لە دەرێ سەری دەگەزێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107194820457148

بنی لە گڵێ
قەدی لە دەرێ
سەری دەگەزێ
مەبەست لە کەرتەشییە، (کەرتەشی: ڕووەکێکی سرووشتییە، بەرەکەی دڕکێکی تیژ دەگرێ، شەکرۆکەیەکی لەناودایە) بنی لە گڵێ، مەبەست لە کەرتەشییە کە بنەکەی لە گڵدایە، قەدی لە دەرێ، واتە: گەڵا و دڕکەکەی لەدەرەوەیە، سەری دەگەزێ، مەبەست لە دڕکی کەرتەشییە کە بەر جەستە بکەوێ، برینداری دەکات. وەڵام (کەرتەشی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل188.


کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 369**
**بنی ڕەشە قیامەت**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220922134157435470](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220922134157435470)

بنی ڕەشە قیامەت
سەری سۆرە، سەلامەت
لە خەیاڵی مرۆڤدا جەهاندەم، پڕە لە ئاگر و بەهۆیەوە هەموو دەوروبەری ڕەشە، بنی ڕەشە و قیامەت، مەبەستی لە تەنوورە کە ناوەکەی گەرمە، پڕە لە ئاگر و چووێنراوە بە قیامەت، بەشی سەرەوەی تەنوور، بەهۆی ئاگری ناویەوە، سوور دەبێتەوە و نانی پێوەدەدرێت، ئەو بەشەی سەرەوە، پێ کێشەیە. وەڵام (تەندور) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل17](#)

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 370**
**بنە دارەکە، لەسەری گۆڕەپانەکە**

20220922164955435517=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بنە دارەکە
لەسەری گۆڕەپانەکە
لەسەرویش گۆپاڵەکە
تەشی ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ و مووی بزن بەکاردێت، بنەدار: مەبەستی لە سەلکە تەشییە کە تەختە، لە مەتەڵەکەدا بە گۆڕەپان چووێنراوە، لەسەرویش گۆپاڵەکە، مەبەست لە قولاپی تەشییە کە خوری یان مووی پێوە بەند دەکرێت بۆ ڕستن. وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل17

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 371**
**بووکێکم هەیە لە کاتی نووستن بۆخۆی لە ژووری پرچی لە دەشتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221123225248447409

بووکێکم هەیە لە کاتی نووستن، بۆخۆی لە ژووری، پرچی لە دەشتێ.
بووک مەبەست لە چاوی مرۆڤە، لەبەر گەشی و جوانی بە بووک چووێنراوە، بۆ خۆی لە ژووری، مەبەست لەوەیە چاو لەنێو پێڵووەکاندایە کە بە ژوور چووێنراوە، پرچی لە دەرێ، مەبەست لە برژاگی مرۆڤە کە بەدەوری چاوەوەیە، بە پرچ چووێنراوە.
وەڵام (چاو و برژانگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل12

کاتی تۆمارکردن: 23-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 372**
**بووکە سووری گردەڵە ناوی پڕ لە وردەڵە**

2023100220520152448 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بووکە سووری گردەڵە
ناوی پڕ لە وردەڵە
گردەڵە، مەبەست لە شتی خڕ و کوورتەبنە و بچووکە، بووکە سووری گردەڵە، مەبەست لە هەنارە کە خڕ و بچووکە، هەروەها ڕەنگی سوورە و بە بووک چوویێنراوە کە تارای سووری بەسەردا دەدرێت، ناوی پڕ لە وەردەڵە، مەبەست لە دەنگی هەنارە کە ورد و بچووکە. وەڵام (هەنار) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 373**
**بڕبڕەی گۆشتی، دەبڕێ دیواری**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730124951425526



بڕبڕەی گۆشتی، دەبڕێ دیواری
بڕبڕەی گۆشتی: مەبەستی لە مشکە کە یەکێکە لە زیندەوەرە بڕبڕەدارەدان، لەناو ماڵدا لەو جێگایانەدا بوونی هەیە کە خوراک هەیە هەروەها بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی دیواری ماڵان کوندەکات و تێیدادەژی چونکە لە گوندەکاندا دیواری ماڵان هەموو قوڕ و بەرد بووە. وەڵام مشک. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 374**

**بڕی پاڵەوان، ئاتەش نە کەلە بێ شەواڵ ڕاس، بێ خوسڵ و مەلە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240517101742571368

بڕی پاڵەوان، ئاتەش نە کەلە
بێ شەواڵ ڕاس، بێ خوسڵ و مەلە
وەڵام (کرمیت، شقارتە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لوڕی ڕەسەن |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| شار و شارۆچکەکان: | قەسری شیرین |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | زەرینە و سیمینە، (مەتەڵ) کۆکردنەوەی: عەباس جەلیلیان (ئاکۆ)، بەرگی دووە، 2009، ل29

کاتی تۆمارکردن: 17-05-2024
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 375**
**بڵندە وەک حوشتر، شیرنە وەک شەکر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220922170126435522

بڵندە وەک حوشتر
شیرنە وەک شەکر
ئاژەڵی حوشتر باڵابەرز و گەورەیە، لە مەتەڵەکەدا داری تووی پێچووێنراوە، واتە: داری توو وەک حوشتر باڵای بەرزە، شیرینە وەک شەکر واتە: تامی توو وەک شەکر شیرینە. وەڵام (توو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل18

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 376**
**بۆ خۆت دەڕۆی دەتبینێ ناشکێ تا نەیشکێنی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125214632447699

بۆ خۆت دەڕۆی دەتبینێ، ناشکێ تا نەیشکێنی.
بۆ خۆت دەڕۆی دەتبینێ، مەبەست لە ئاوێنەیە کە هەر کەسێک بە بەردەمیدا بڕوات، لە ئاوێنەکەدا دەردەکەوێ و دەبینرێ، ناشکێ تا نەیشکێنی، واتە: ئاوێنە چەندە شتێکی جوانە، ئەوەندەش ناسکە و بەرگەر پێداکیشان یان کەوتن ناگرێت و بە ئاسانی دەشکێ. وەڵام (ئاوێنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل8


کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 377**
**بۆ خۆم چوومە سەربانی بەرم دایە ئاسمانی دیتم پارچەیەک نانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012211041439426

بۆ خۆم چوومە سەربانی
بەرم دایە ئاسمانی
دیتم پارچەیەک نانی
مەبەست لە مانگە، بۆ خۆم چوومە سەربانی، مەبەست لەوەیە کە کەسێک چووەتە سەربان، بەم دایە ئاسمانی، واتە: سەرم هەڵبڕی بۆ ئاسمان، دیتم پارچەیەک نانی واتە: مانگم بینی کەوانەیی بوو یان کەرت بوو وەک کەرتەنان. وەڵام (مانگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل26

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 378**

**بۆ خۆم چوومە سەربانی، بەرم هەڵدا لە ئاسمانی، دیتم پارچەک نانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728103027425060



بۆ خۆم چوومە سەربانی، بەرم هەڵدا لە ئاسمانی، دیتم پارچەک نانی
لە شەودا ڕووی گەش و جوانی مانگ دەردەکەوێ , لە مەتەڵەکەدا, پارچە نان نمەکە، بە مانگی چواردە چووێنراوە, لە بەشێکی تر مەتەڵەکەدا دەڵێت: بۆ خۆم چوومە سەربانی: مەبەست لەو کەسەیە کە مانگی چواردە بە شەو دەبینێ. وەڵام (مانگی چواردە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 379**

**بۆ خۆم چوومە سەربانی، بەرێ خۆمدا ئاسمانی، دیتم کەرکەی نانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906161712432442

بۆ خۆم چوومە سەربانی
بەرێ خۆمدا ئاسمانی
دیتم کەرکەی نانی.

کەرک: کەرت یان لەت بۆ نان بەکاردێت، مەبەست لەوەیە کە کەسێک چۆتە سەربان، بەرێ خۆمدا واتە: سەرم هەڵبڕی بۆ ئاسمان، دیتم کەرکەی نانی واتە: مانگم بینی کەوانەیی بوو یان کەرت بوو وەک کەرتەنان چۆن کەرت دەبێت. وەڵام (مانگ) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل121

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 380**

**بۆ خۆی سەنگینە و سەد سەنگ سواریەتی گیانلەبەر نییە و گیاندار سواریەتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221013150620439545

بۆ خۆی سەنگینە و سەد سەنگ سواریەتی
گیانلەبەر نییە و گیاندار سواریەتی
سەنگ: ئەندازەیەکە لە بەرد یان لە ئاسن درووستدەکرێ، شتی بە تەرازوو پێدەکێشرێ (فەرهەنگی خاڵ) بۆ خۆی سەنگینە، مەبەستی لە ناڵی وڵاخە، سەد سەنگ سواریەتی، مەبەست لە ئەسپ یان ماینە کە لەسەر ناڵەکان وەستاوە، گیانلەبەر نییە و گیاندار سواریەتی، واتە: ناڵ گیاندار نییە بەڵام گیانداری لەسەرە. وەڵام (ناڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل25

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 381**

**بۆ خۆی لە چۆمی دایە، خەرجی لە گوند دایە**

20220730112338425500=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بۆ خۆی لە چۆمی دایە، خەرجی لە گوند دایە
مەبەستی ئاشی ئاوگەڕە، ئاشی ئاو هەمیشە لەسەر چەم یان جۆگای گەورە درووست دەکرێت ، بۆ ئەوەی بە ئاو ئاشەکە بگەڕێ ، خەرجی لە گوند دایە، مەبەست لەو گەنم و جۆیەیە کە لە گوندەکانەوە بۆ ئاشەکە دەبرێ ، بەشە گەنمی بۆ خاوەن ئاتشەکە تیایە. وەڵام ئاشی ئاوگەڕ.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 382**
**بۆ خۆی لە چەمە، خەرجی لە گوندە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014100818439656

بۆ خۆی لە چەمە، خەرجی لە گوندە.
مەبەستی مەتەڵەکە ئاشە، (ئاش: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، دانەوێڵەی لێدەهاڕدرێ و دەکرێتە ئارد) بۆ خۆی لە چەمە، واتە: ئاش لە نزیک چەم درووستدەکرێت، چونکە ئاش بە ئاو دەگەڕێت و بەرداشەکەی هەڵدەسووڕێ، خەرجی لە گوندە، واتە: لە هەقدەسی هاڕینی دانەوێڵەدا، ئاشەوان بڕێک دانەوێڵە (مزە) وەردەگرێ. وەڵام (ئاشی ئاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل22
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-14
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 383**
**بۆ خۆی لە ژووریٚ و هەناسەی لە دەریٚ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220808091436427199



بۆ خۆی لە ژووریٚ و هەناسەی لە دەریٚ.
بۆ خۆی لە ژووریٚ مەبەست لەوەیە کە زۆپای دار لە ژووردا دادەنریٚ، بە لوولەیەکی تایبەت دووکەڵی زۆپاکە بە سەقف یان پەنجەرەیەکدا دەبریٚتە دەرەوەی ماڵەکە، هەناسەی لە دەریٚ واتە: دووکەڵی زۆپای دار کە بە لوولەکەدا دەچیٚتەدەر. وەڵام زۆپای دار.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزیٚ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 384**

**بۆ خۆی مردووە هەموو دنیای لەبەردەستە**

20221014101102439657=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بۆ خۆی مردووە، هەموو دنیای لەبەردەستە.
بۆ خۆی مردووە، مەبەست لە قەڵەمە کە وەک شتێکی مردوو تەماشا دەکرێت چونکە هیچ جووڵەیەکی لێبەدی ناکرێت، هەموو دنیای لەبەر دەستە، واتە: توانراوە بە قەڵەم مێژووی هەموو مرۆڤایەتی و هەموو داهێنانەکانی بنووسرێتەوە. وەڵام (قەڵەم). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 385**

**بۆ خۆی نووستووە ئەسپی زیندووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014101245439658

بۆ خۆی نووستووە، ئەسپی زیندووە.
مەبەست لە بێشکە یان لانکەیە، ئەسپی زیندوو، بە ئەسپێک دەوترێ کە لە جووڵەدا بێت، لە مەتەڵەکەدا بە بێشکە بەراوردکراوە، چونکە کە منداڵی تیا ڕادەژەندرێت، بەردەوام دەجووڵێ، بۆ خۆی نووستووە، مەبەست لە منداڵی ساوایە کە لەناو لانکەدا دەخەوێت. وەڵام (منداڵ و بێشکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل22

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-14

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 386**
**بۆ خۆی ڕووتە و خەڵک دادەپۆشێ**
20220808095145427205=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بۆ خۆی ڕووتە و خەڵک دادەپۆشێ.
بۆ خۆی ڕووتە: مەبەست لە دەرزییە، لە کانزا درووست دەکرێت و لەشێکی ڕێکی ڕووتی هەیە، خەڵک دادەپۆشێ واتە: بەهۆی دەرزییەوە دەتوانرێ قوماش بۆ باڵای کەسێک بدووردرێ ، جلیش خەڵک لەبەریدەکات و خۆی پێدادەپۆشێ، لەکاتێکدا دەرزی خۆی ڕووت و بێبەرگە. وەڵام (دەرزی) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 387**
**بۆت ڕووناک ئەکا ڕێگەی ژین و دین**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119124940459272

بۆت ڕووناک ئەکا ڕێگەی ژین و دین
جار جار خاوەنی بەهۆی خوێنی ئەو
جێگەی قەفەزە وەکوو باز و کەو
جار جاریش ئەبێ بەهۆی سەرکەوتن
خاوەنی ئەبات بەرەوپێشکەوتن
ئەیکا بە گەورە و سەرۆک و وەزیر
یان بە هاودەمی پاشایان و میر
تاسەری نەبری نایەتەگوفتار
تا خوێنی نەڕژی نایەتەوتار
لەگەڵ ئەمەشا بێهۆش و گیانە [1]
وەڵام: (پێنووس)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێر (چوارتا و ماوەت)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیریێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل14
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 388**
**بۆخۆی بێ گیانە و دەگەڕێ لە گیاندار بێ گیانی بکا و ڕەقیکا وەک دار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213200108450760

بۆخۆی بێ گیانە و دەگەڕێ لە گیاندار
بێ گیانی بکا و ڕەقیکا وەک دار
مەبەست لە بیورە، (بیور یان تەور: ئامێرێکی فۆلکلۆری کوردییە، سەرەکەی ئاسنێکی دەم تیژە و کلکێکی داری هەیە، بۆ داربڕین بەکاردێ) بۆخۆی بێ گیانە و دەگەڕێ لە گیاندار، مەبەست لە تەورە کە خۆی شتێکی بێگیانە و دار دەبڕێت کە شتێکی زیندووە. وەڵام (بیور) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل36

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 389**
**بۆخۆی لەبەردە سەد بەردی بارە بۆخۆی بێ ڕۆحە و ڕۆحباری سوارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908103900519632

بۆخۆی لەبەردە سەد بەردی بارە
بۆخۆی بێ ڕۆحە و ڕۆحباری سوارە
مەبەستی مەتەڵەکە ناڵی وڵاخە، لە کوردەواردا ناڵ لە ئاسن درووستدەکرێت، بەڵام لە ڕەقیدا بە بەرد چووێنراوە، بۆخۆی لەبەردە، مەبەست لە ناڵی وڵاخە، سەر بەردی بارە، واتە: سەد هێندەی بەرد وڵاخ کێشی قوورسە کە لەسەر ناڵەکە دەوەستێت، بۆخۆی بێ ڕۆحە: مەبەست لە ناڵە کە شتێکی بێگیانە، ڕۆحباری سوارە، مەبەست لە وڵاخەکەیە. وەڵام (ناڵی وڵاخ). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرتیفی، سنە. 1389. ل125

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 390**
**بۆخۆی نووستووە ئەسپی مردووە**
20230927154207523605=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بۆخۆی نووستووە
ئەسپی مردووە
مەبەست لە منداڵی ساوایە کە لەناو بێشکەدا دەخەوێنرێت، (بێشکە؛ ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دار درووستدەکرێت، منداڵی ساوای تێیدا دەخەوێنرێت) ، بۆخۆی نووستووە، مەبەست لە منداڵە، ئەسپی مردووە، مەبەست لە بێشکەیە کە بە ئەسپ مردوو چووێنراوە. چونکە هەم ئەسپ و هەم بێشکە، لە تەمەنی جیاوازدا مرۆڤ سواری دەبێت. وەڵام (منداڵی ناو بێشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل53

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 391**

**بۆرە و کورتە و کلکی نییە چوار پێی هەیە و ملی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122203014447110

بۆرە و کورتە و کلکی نییە
چوار پێی هەیە و ملی نییە
مەبەست لە وەسفی گیانەوەری بۆقە، ڕەنگی بۆرە، (بۆق بەپێی سرووشت و خاک و ژینگە ڕەنگی دەگۆڕێت) هەروەها باڵای کورتە و کلکیشی نییە، چوار پێی هەیە و ملی نییە، واتە: چوار پەلی بۆ ڕۆشتن هەیە، لەگەڵ ئەوەدا گیانەوەرێکە ملی نییە و ڕاستەوخۆ سەری بە جەستەیەوە نووساوە. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل8

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 392**
## بۆرە و کوورتە، کلکی نییە چوارپەلی هەیە، ئێسکی نییە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230803203959511530

بۆرە و کوورتە، کلکی نییە
چوارپەلی هەیە، ئێسکی نییە
بۆق ئەو گیانلەبەرە بچووکەیە کە لە دەم چەم و کانیاوەکان لە وشکانی و لە ئاودا توانای ژیانی هەیە، بۆرە و کوورتە، مەبەست لە ڕەنگ و باڵای بۆقە کە کوورتەبنە و بۆرە، لەگەڵ ئەوەدا کلکی نییە، چوارپەلی بۆ ڕۆیشتن هەیە و ئێسک لە گیاندا نییە یان کەمە. وەڵام (بۆق) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینیان و مەتەڵی کوردەواری، عەباس بایز سەمەد، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ل157

کاتی تۆمارکردن: 03-08-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 393**

**بۆرە وەک مارە بۆقیشە و پێتناڵێم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014101514439659

بۆرە وەک مارە، بۆقیشە و پێتناڵێم.
وەڵامی مەتەڵەکە لەناوخۆیدایە، مەتەڵبێژ بە جۆرێک مەتەڵەکە ئاڕاستەی گوێگردەکات، بۆ ئەوەی سەری لێتێکبدات، هەم وەڵامی مەتەڵەکە دەڵێ، هەم دەڵێت: پێت ناڵێم، مەبەست لە بۆق ڕەنگ بۆرە، کە لە ڕەنگدا بە ماری بۆری چوواندووە.
وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل22

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-14

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 394**
**بۆرەی چاوزەرد بەهێزە ڕاوچییەکی بەپارێزە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012221433439437

بۆرەی چاوزەرد بەهێزە ڕاوچییەکی بەپارێزە
شەوبینە و ڕەنگی دێزە، مگێزی لە هەوێزە
مگێز: ئارەزوو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) هەویز: بە شوێنێکی قەراغ ماڵان دەوترێ کە شەو ئاژەڵی تیا مۆڵبدرێ (فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە گورگە کە ئاژەڵێکی درندەی گۆشتخۆرە، ڕەنگی بۆر و بەهێزە، ڕاوچییەکی بەپارێزە، واتە: لەکاتی ڕاوکردندا زۆر خۆی لە دوژمنەکانی دەپارێزێت، شەوبینە: واتە لەشەوی تاریکدا باش دەبینێ و ئاستی بینینی زۆرە، ئارەزووی لەو جێگایانەیە کە ئاژەڵی تیامۆڵ دەدرێ. وەڵام (گورگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل25
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 395**

**بۆنی دێ حەتر نییە، سپییە ئارد نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730123909425523

بۆنی دێ حەتر نییە، سپییە ئارد نییە
بۆدرە ئەو مادە کیمیاییەیە کە بۆ لەشی منداڵی بچووک بەکاردێ ، بۆ ئەوەی لەشی بۆنی خۆشبێ و نەسووتێتەوە، ڕەنگیشی سپییە وەک ئارد، زیاتر لە کوردەواردا گەلەسپی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهاتووە لەگەڵ خاسەڕەنگ تێکەڵکراوە. وەڵام بۆدرە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 396**
**بی تەر تاڵە**

20220922134827435472=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بی تەر تاڵە.
مەبەست لەوەیە کە داری (بی) بە تەڕی گەر تام بکرێت، تامی تاڵە، بەڵام مەتەڵەکە بە جۆرێک دەنووسرێت کە هیچ خاڵبەندییەکی بۆ دانانرێت، هەروەها بە جۆرێک بەخێرایی دەردەبڕێت، کە گوێگر خەیاڵی بچێت بۆ شوێنێکی تر، بەکورتی واتە: داری بی بەتەڕی تامی تاڵە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل17

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 397**
**بی گیانە و قسەدەکات**

20220807205936427125=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بی گیانە و قسەدەکات.
لەناو خەیاڵات و بیروهۆشی مرۆڤدا، بەتایبەتیی لە قۆناغێکدا کە هێشتا تەکنەلۆژیا نەبوو یان بەم ئاستەی ئێستە پێش نەکەوتبوو، شتە بێگیانەکان لەناویدا ئەو شتانەی کە بەدەستی مرۆڤ درووستکرابوون، توانای قسەکردنیان نەبوو، دواتر داهێنانی گەورە روویدا و تەلەفۆن داهێنرا، مەبەستی پەندەکە تەلەفۆنە کە ئامێرێکی تابەتییە بۆ قسەکردن و گیانلەبەر نییە.
وەڵام (تەلەفۆن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 398**
**بیبینی لەبەری ناکەی، لەبەریکەی نایبینی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825095358430214

بیبینی لەبەری ناکەی، لەبەریکەی نایبینی.
مەبەستی مەتەڵەکە کفنە (کفن: ئەو بەرگە خامەیە کە دوای شتن دەکرێتە بەری مردوو، بەوبەرگەوە مردووەکە دەنێژرێت) بەپێی نەریت هەموو کۆمەڵگەیەک مردوو بە ڕیورەسمی تایبەتیی دەنێژێت، لە ئێستادا لای کورد، مردوو ئەو بەرگەی دەکرێتەبەری پیی دەوترێ (کفن) بیبینی لەبەری ناکە واتە: کەس ئارەزووی لەبەرکردنی کفنی نییە، لەبەریکەی نایبینی واتە: کەسێک کە لەبەریکرد واتە: مردووە و توانای بینینی شتی نییە. وەڵام (کفن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27
کاتی تۆمارکردن: 25-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 399**
**بیتاقە چل بیتاقە، چل سۆڤی چل تەماتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730113907425505



بیتاقە چل بیتاقە، چل سۆڤی چل تەماتە
بیتاقە چل بیتاقە، زیاتر بۆ ڕێکخستنی مۆسیقای مەتەڵەکە و سەرلێشێواندنی گوێگر بەکاری هاتووە، چل سۆڤی چل تەماتە: مەبەستی لە دەنکی هەنارە کە بە ژمارەیەکی زۆر لەناو هەنارەکەدایە، لە مەتەڵەکەدا بە سۆڤی چوواندووە و لە سووریشدا بە دەنگی هەنار. وەڵام هەنار. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 400**
**بیتەر تاڵە خوێ سوێرە داس خوارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012113448439322

بیتەر تاڵە
خوێ سوێرە
داس خوارە
سێ شتی جیاواز لەیەک کاتدا لە مەتەڵەکەدا کۆکراوەتەوە، بیتەر تاڵە، واتە: داری بێ بە تەڕی تامی تاڵە، خوێ سوێرە، واتە: تامی خوێی چێشت سوێرە، داس خوارە (داس: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ دروێنە جوتیاران بەکاری دێنن) واتە: داس دەمەکەی کەوانەییە و کاری دروێنە ئاسان دەکات. وەڵام (داری بێ تاڵە، تامی خوێ سوێرە، داس خوارە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل24

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 401**
**بیخەرە سەر ئاگر نامێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014100545439655

بیخەرە سەر ئاگر نامێنێ.
مەبەست لە بەفرە کە لە وەرزی زستاندا دەبارێت. بەفر سرووشتێکی هەیە، کە پێویستی بە جێگەیە کە سارد بێت و پلەی گەرمی نزم بێت، کاتێک پەلەی گەرمی کەشوهەوا بەرز دەبێتەوە یان کەسێک بۆ خۆی ئاگرێکی لێنزیک بکاتەوە، بەفرەکە دەتوێتەوە. وەڵام (بەفر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل23

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-14
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 402**
**بیری بە پەڕۆ کندری بە دەرزی دۆلکی شاخ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012113739439326

بیری بە پەڕۆ
کندری بە دەرزی
دۆلکی شاخ
کندری بە دەرزی: مەبەست لە کنگرە کە سەرەکەی دڕکی تیژیی وەک دەرزی پێوەیە. دۆلک: شیوەڵە یان دۆڵ (فەرهەنگی شێخانی) بیری بە پەڕۆ، مەبەست لە ڕەشماڵە، کندری بە دەرزی، واتە: ڕەشماڵ زۆر زبرە چونکە لە مووی بزن دروستکراوە و چنراوەکە زبر و تیژە، دۆلکی شاخە: کە هەڵدەدرێ وەک شاخ بەرزدەبێتەوە و دەوروبەرەکەی وەک شیوی لێدێت. وەڵام (ڕەشماڵ، دەوار یان تاوڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل23

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 403**
**بیری بەردە، کۆڵی دارە، خواردنی گیایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923102840435642

بیری بەردە
کۆڵی دارە
خواردنی گیایە
قەنە لە کوردەواردا بۆ کێشانی توتن بەکاردێت، کۆڵی دارە واتە: قەنە لە دار درووست دەکرێت، خواردنی گیایە، مەبەست لە توتنە کە دەکرێتە ناو قەنەوە، بیری بەردە واتە، بە بەدر و ئەستێ توتنەکە گڕدەدرێت و دەکێشرێت. وەڵام (قەنەی توتن کێشان) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل19

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 404**
**بیری پەڕۆ دۆلکی چەرمین**

20221014102139439661=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بیری پەڕۆ، دۆلکی چەرمین.
دۆلک: شیوەڵە یان دۆڵ (فەرهەنگی کانی و هەنبانە بۆرینە) بیری پەڕۆ، مەبەست لە کیسە توونتە کە لە پەڕۆ درووستدەکرێت، توتن و سیغاری تێدەکرێت، کەسانی بەتەمەن لەبەر پشتێندا هەڵیدەگرن و بەردەوام پێیانە، دۆلکی چەرمین، هەندێک کیسە توونتن هەیە لە چەرم درووستدەکرێ، قوڵییەکەی بە شیو یان دۆڵ بەراوردکراوە. وەڵام (کیسە توونتن).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل24

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 405**

**بیری بە پەڕۆ کندری بە دەرزیی دۆڵی شاخ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221123225516447410

بیریی بە پەڕۆ، کندری بە دەرزیی، دۆڵی شاخ.
بیری بە پەڕۆ، مەبەست لە ڕەشماڵ یان دەوارە (ڕەشماڵ: ماڵی کوردەواریی خێڵەکییە، لە مووی بزن درووستدەکرێ) کندری بە دەرزی، مەبەست لەوەیە کە ڕەشماڵ زبر و برە، وەک دڕکی کنگر، دۆلی شاخ. مەبەست لەوەیە کە دەوار هەڵدەدرێ وەک شاخ بەرزدەبێتەوە. وەڵام (ڕەشماڵ، دەوار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل12

کاتی تۆمارکردن: 23-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 406**

**بیرێکم هەیە حەوزێکی تێدایە گوڵێکی گەشی بەدەمەوەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014101747439660

بیرێکم هەیە، حەوزێکی تێدایە، گوڵێکی گەشی بەدەمەوەیە.
مەبەست لە چرای نەوتە، بیرێکم هەیە حەوزێکی تێدایە، مەبەست لە بنی چرایە کە نەوتی تێدەکرێت، بنی چرا بە حەوز و بیر چووێنراوە، گوڵێکی گەشی بەدەمەوەیە، مەبەست لە پلیتەی چرایە کە نەوت هەڵدەمژێ، کاتێک دادەگیرسێ شەوق بە چواردەوریدا بڵاودەکاتەوە. وەڵام (چرا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل23

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 407**

**بیرێکم هەیە لە پێستی غارا دۆڵکی داری بۆ لۆ درووستکرایە ئەوی زانی خەرات کرایە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122213418447135](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122213418447135)

بیرێکم هەیە لە پێستی غارا
دۆڵکی داری بۆ لۆ درووستکرایە
ئەوی زانی خەرات کرایە
غار: زەمینی ڕەق و پتەو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) بیرێکم هەیە لە پێستی غارا، مەبەست لە کلدانە کە بە بیر چووێنراوە و وەک غار پتەوە، (کلدان: تووەرەکەیەکی بچووکە کلی تێدەکرێ، ژنان و کچان بۆ چاوڕێشتن بەکاری دێنن) دۆڵکی داری لۆ درووستکرایە، دۆڵک: مەبەست لە (مێل) ە، وەک چیلکە دارێکی بچووک وایە، لە شاخی ئاژەڵی کێوی یان دار درووستدەکرێ، کلی لە کلدای پێدەردێ بۆ چاوڕشتن. وەڵام (کل و کلدان) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 408**

**بیرێکی جاوین گوریسی دارین دۆڵچەکەی قورین سەروماڵ ڕەنگین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213200458450761

بیرێکی جاوین گوریسی دارین، دۆڵچەکەی قورین سەروماڵ ڕەنگین
ئێمە لەجێی ئاو ئاگری دەدەین، ئەویش دووکەڵمان دەدا لەبەرقین
مەبەست لە ئاگردانە، (جاوین: جادویی. دۆڵچە: شتێکە وەک سەتڵ. فەرهەنگی خاڵ) بیرێکی جاوین گوریسی دارین: مەبەست لە ئاگردانە کە بە بیری جادویی چووێنراوە، هەروەها ئەو دارانەی کە لە ئاگردانەکەدا هەیە بە گوریس چووێنراوە، دۆڵچەی قورین سەرووماڵ ڕەنگین، مەبەست لە دۆڵچە ئەو سەتڵە قورینەیە کە لە بەردەم ئاگرداندا درووستدەکرێ، بۆ ئەوەی وردەوردە پشکۆی ناو ئاگردانەکەی تێکرێ، بۆ چالێنان، لە ژووردا ئێمە زۆپا ئاگردەدەین، ئەویش گەرمیی مان دەداتێ و لەسەریشەوە دووکەڵەکەی دەردەکا. وەڵام (ئاگردان) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل36

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-13

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 409**
**بیقوچێنی مشتێکە بەریدەی دەشتێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122202728447109

بیقوچێنی مشتێکە
بەریدەی دەشتێکە
بیقوچێنی: بینووقێنی. مەبەست لە حەز و ئارەزووی مرۆڤە، بیقوچێنی مشتێکە، واتە گەر کەسێک ئارەزوو بکات دەتوانێت بەسەر حەزوو ئارەزووەکانیدا زاڵ بێت، بەریدەی دەشتێکە، مەبەست لەوەیە گەر مرۆڤ ئارەزوو بکات دەتوانێت هەموو شتێک بکات، لەو پرۆسەیەشدا چاوی تێر نابێ و بەردەوام پەلدەکوتێ. وەڵام (حەز و ئارەزوو) . [1]

بینووقێنی مشتێکە
بەریدەی پڕ دەشتێکە

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل7
کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 410**
**بیگری مشتێکە، بەریدەی دەشتێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220815204713428507

بیگری مشتێکە، بەریدەی دەشتێکە.
مشت: بە شتێک ئەوترێ کە پڕ بە دەست بێت، بیگری مشتێکە: واتە ئەگەر بە دەست بیگری پڕ بە مشتێک دەبێت، مەتەڵەکە مەبەستی لە چاوە کە مرۆڤ بۆ بینین بەکاری دێنێت، بەریدەی دەشتێکە واتە: گەر دەست لە چاو بەردەیت، چاو دەتوانێت پڕ بە دووری دەشتێک دەوروبەر ببینێت. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 15-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 411**
**بینێ تاقەوە، چاوت لێدەکا زاقەوە**

20230912203444520270=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بینێ تاقەوە، چاوت لێدەکا زاقەوە.
تاقەوە، مەبەست لە تاق ژوورە، لە کوردەواردا لەکاتی درووستکردنی خانووی گڵدا، لەناو دیواری ژوورەکاندا تاق دروستدەکەن، بۆ ئەوەی شتی تێدا دابنێن، یەکێک لەو شتانەی کە بەردەوام بەردەستە ئاوێنەیە، کە مەبەستی مەتەڵەکەیە، چاوت لێدەکا زاقەوە، (زاقەوە: زەقکردنەوە) واتە: کاتێک ئاوینە لە تاقدا دادەنرێت، گەر کەسێک تەماشای بکات، چاوی خۆی تێدا دەبینێت. وەڵام (ئاوێنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل4

کاتی تۆمارکردن: 12-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 412**

**بیهاویتە پشت حەوت شاخان ناشکێ بیهاویتە پشت ئەشکەوتێکی تاریکەوە دەشکێ**

2022112614041644778=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بیهاویتە پشت حەوت شاخان ناشکێ
بیهاویتە پشت ئەشکەوتێکی تاریکەوە دەشکێ
مەبەستی مەتەڵەکە قەزوانە، (قەزوان: بەری داری دارەبەنە، بە هێشوو دەیگرێ و کەمێک چەورە) بیهاوتە پشت حەوت شاخان ناشکێ، واتە: قەزوان بیرێتە هەر جێگەیەک ناشکێ و وەک خۆی دەمێنێ بەڵام بخرێتە ناو دەم کە بە ئەشکەوتی تاریک لە مەتەڵەکەدا باس کراوە، بە ددان دەشکێ و دەخورێ. وەڵام (قەزوان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 413**

**بیورم دا لە دارەکی هەمووی هەژان بە جارەکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122202302447108

بیورم دا لە دارەکی
هەمووی هەژان بە جارەکی
بیور: تەور (فەرهەنگی شێخانی) بیورم دا لە دارەکی، مەبەست لە تەونی جالجاڵۆکەیە کە بەدار و هەندێک جێگەی تایبەتییەوە درووستی دەکات، واتە: بەر جێگەیەک کەوتم تەونی جاڵجاڵۆکەی لێبوو، هەموو هەژان بە جارەکی، واتە: کۆی تەونەکە لەرییەوە. وەڵام (تەونی جالجاڵۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل9

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 414**
**بیکەرەم تاشی**

[20221008224618438633=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221008224618438633=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

بیکەرەم تاشی.
کەسێک شت بە تەرازوو بکێشێ، تەنیا بیکاتە تایەکی تەرازووەکەوە، پێی دەوترێ: بیکەرە تایەکەی تریشەوە، بۆ ئەوەی هاوتابێ. (تەرازوو: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دوو تا پێکدێت بۆ کێشانی میوە و دانەوێڵە بەکاردێت) . وەڵام (تەرازوو) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل14

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 415**
**بێ بەرگە، بێ مەرگە، بێ ڕەنگە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921220544435406

بێ بەرگە، بێ مەرگە، بێ ڕەنگە.
مەبەستی مەتەڵەکە (با) یە، شرووشتی با وایە لە پەستانی بەرزەوە بۆ نزم دێت، واتە: لە چیاکانەوە بۆ دەشتەکان دەکشێت، بێ بەرگە، بێ مەرگە، بێ ڕەنگە، واتە: هیچ ڕەنگێکی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا زیندووە و لە جووڵەدایە. وەڵام (با) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل16

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 416**

**بێ دەست و پایە هێزی لەسەرە بۆ کردەی زۆردار ئەو ڕسواکەرە**

20230120133923459630=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بێ دەست و پایە هێزی لەسەرە
بۆ کردەی زۆردار ئەو ڕسواکەرە
مەبەست لە نووسینە، بێ دەست و پایە هێزی لەسەرە، واتە: نووسین دەست و قاچی نییە، بەڵام هێز و توانا و دەربڕینی کاریگەریی هەیە، بۆ کردەی زۆردار ئەو ڕسواکەرە، واتە: نووسین لە توانایدا هەیە بەگژ هەموو ڕەفتار و کردارێکی زۆردار و ستەمکاردا بچێتەوە. وەڵام (نووسین) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل36

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-20

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 417**

**بێ زمان و ڕۆحدارە باڵندە نییە و باڵدارە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126140648447786](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126140648447786)

بێ زمان و ڕۆحدارە
باڵندە نییە و باڵدارە
مەبەست لە ماسییە، بێ زمان و ڕۆحدارە، واتە: ماسی توانای گفتوگۆکردن و قسەی نییە، هەروەها گیانلەبەرێکە دەتوانێت لە سرووشتەکەی خۆیدا بژیی، باڵندە نییە باڵدارە، واتە: ماسی پەڕەکەی هەیە بۆ مەلەکردن کە بە باڵ چووێنراوە. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل16

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 418**
**بێ قاچ و باڵە کە دەمرێ گۆشتی حلاڵە**

20221013153211439552=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بێ قاچ و باڵە
کە دەمرێ گۆشتی حلاڵە
واتای مەتەڵەکە ماسییە، بێ قاچ و باڵە، مەبەست لەوەیە کە ماسی قاچ و باڵی نییە، لەباتی ئەوەی پەڕەکەی هەیە، لە ئاودا مەلەی پێدەکات و بەهۆیەوە دەتوانێت بجووڵێ، کە دەمرێ گۆشتی حەڵاڵە، واتا ماسی کە لەئاو دێتەدەر، دەمرێ لەگەڵ ئەوەدا گۆشتەکەی دەخورێ. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چایخانەی گەنج ل23

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 419**
**بێ لاق و بێ بارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923110559435657

بێ لاق و بێ بارە
لە ڕاکردن بە غارە
هێلکەش دەکا مارە

وەڵامی مەتەڵەکە لەناو خۆیدایە، لەپێناوی سەروای شیعریدا هاتووە، مەبەست لە مارە کە گیانەوەرێکی خشۆکە و لاق یان قاچی نییە، غار: ڕاکردن، لە ڕۆشتندا زۆر خێرایە، هەروەها لەگەڵ ئەوەدا گیانەوەرێکە هێلکە دەکات. وەڵام (مار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل19

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 420**
**بێ مل و قۆڵە ئەگەر مرد گۆشتی حلاڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220827162720430692

بێ مل و قۆڵە
ئەگەر مرد گۆشتی حلاڵە
واتای مەتەڵەکە ماسییە، بێ مل و قۆڵە، مەبەست لەوەیە کە ماسی مل و قۆڵی نییە، لەباتی ئەوە پەڕەکەی هەیە، لە ئاودا مەلەی پێدەکات و بەهۆیەوە دەتوانێت بجووڵێ، کە دەمرێ گۆشتی حەڵاڵە، واتا ماسی کە لەئاو دێتەدەر، دەمرێ لەگەڵ ئەوەدا گۆشتەکەی دەخورێ. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل23

کاتی تۆمارکردن: 27-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 421**

**بێ ڕۆح لە ڕۆحدار دەبێ لەو بێ ڕۆحەش ڕۆحدار ئەبێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014102350439663

بێ ڕۆح لە ڕۆحدار دەبێ، لەو بێ ڕۆحەش ڕۆحدار ئەبێ.
لە مەتەڵەکەدا هێکلە بە شتێکی بێ ڕۆح و مریشکیش بە شتێکی ڕۆحدار دانراوە، بێ ڕۆح لە ڕۆحدار دەبێ، واتە هێلکە لە مریشک دەبێت، لەو بێ ڕۆحەش ڕۆحدار ئەبێ، واتە: لە هێلکەوە کە شتێکی بێ ڕۆحە، مریشک درووستدەبێ کە شتێکی ڕۆحدارە. وەڵام (هێلکە و مریشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل23

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 422**

**بێ ڕەنگە بێ مەرگە بێ دەنگە**

20221012114038439328=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بێ ڕەنگە
بێ مەرگە
بێ دەنگە
وەڵام مەتەڵەکە هەوا یە کە لە دۆخی ئاساییدا، هیچ ڕەنگێکی نییە و نابینرێت، تەنیا هەستی پێدەکرێ، بێ مەرگە، واتە: نەمرە و هەرگیز کۆتایی نایەت لەبووندا هەر هەیە، بێ دەنگە، ئەگەر هیچ باوبۆران و ڕەشبایەک نەیەت، هەوا هیچ دەنگێکی نییە.
وەڵام (هەوا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل23

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 423**

**بێ ڕەنگە و بێ بۆنە ئینسان بێ ئەو لەتیاچوونە**

20221013152831439551=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بێ ڕەنگە و بێ بۆنە
ئینسان بێ ئەو لەتیاچوونە
مەبەست لە (هەوا) یە کە لە بووندا هەیە، بێ ڕەنگە و بێ بۆنە، مەبەست لە تایبەتمەندییەکانی هەوایە کە گازێکی بێ ڕەنگی بێ بۆنە، ئینسان بێ ئەو لەتیاچوونە، واتە: هیچ کەسێک لە ژیاندا بێ هەوا ناتوانێت بژیی، هەوا هاوسەنگی بوونی لە سووشتدا ڕاگرتووە. وەڵام (هەوا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل22

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 424**
**بێ کلکە و بێ تووکە گیاندارێکی ڕووت و قووتە بۆرە وەک مارە چوارپێیە و وەک سوارە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230116214827458713](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230116214827458713)
بێ کلکە و بێ تووکە، گیاندارێکی ڕووت و قووتە
بۆرە وەک مارە، چوارپێیە و وەک سوارە
مەبەست لە بۆقە، (بۆق: گیانەورێکی بچووکە لە وشکانی و لە ئاودا دەژیی) بێ کلک و بێ تووکە، مەبەست لەوەیە کە بۆق کلکی نییە و جەستەی هیچ تووکێکی پێوەنییە و ڕووت و قوتە، بۆرە وەک مار، مەبەست لە ڕەنگی جەستەی بۆقە، لەگەڵ ئەوەدا چوارپەلی هەیە. [1]
وەڵام (بۆق)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل239.
کاتی تۆمارکردن: 16-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 425**
**بێشکەی نەجووڵاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922204330522587

بێشکەی نەجووڵاو.
بێشکە لە کوردەواردا پێشی دەوترێت لانکە، (ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، ڕادەژنرێت بۆ خەواندنی منداڵی ساوا بەکارێت) ، بێشکەی نەجووڵاو، مەبەست لە گۆڕە، هەر کەسێک ژیانی کۆتایی بێت، جەستەی دەخرێتە گۆڕەوە، لە مەتەڵەکەدا بێشکە بە گۆڕ چووێنراوە چونکە هەردووکیان مرۆڤ تێدا پاڵدەخرێت، بەڵام گۆڕ ناجووڵێت. وەڵام (گۆڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل36

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 426**
**بێگیان لە گیاندار دەگەڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224141444453879

بێگیان لە گیاندار دەگەڕێ.
بێگیان، مەبەست تفەنگ و گوللەی تفەنگە، چونکە تفەنگ ئامێرێکی بێگیانە، لە گیاندار دەگەڕێ، مەبەست لە گوللەی تفەنگە، ڕاوچییەکان لە کاتی ڕاودا، بە چیا و دەشتەکاندا بە تفەنگەوە بەدوای نێچیردا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی بە گوللەیەک ڕاوی بکەن. وەڵام (تفەنگ و گوللەی تفەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕوەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل9.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 427**

**بێگیان و بێدەم، بێزوان و لچە فرە قسە ئەکا، وەلێ بە چپە**

[20221002211224437215=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221002211224437215)

بێگیان و بێدەم، بێزوان و لچە
فرە قسە ئەکا، وەلێ بە چپە
بێزوان: بێزمان. فرە: زۆر، وەلێ: بەڵام. بێگیان و بێدەم، بێزوان و لچە، مەبەستی مەتەڵەکە نووسینە، نووسین دەم و لچ و زمانی نییە لەگەڵ ئەوەدا شتێکی بێگیانە، فرە قسە ئەکا، مەبەست لە نووسینی زۆر درێژە، وەلێ بە چپە، واتە: نووسین دەشێ بەهێنمی باسی هەموو شتێک بکات، تەنیا ئەوکەسە دەیزانێت لە دەیخوێنێتەوە. وەڵام (نووسین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل36

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 428**
**بێگیانی دەم پان گیانداری ڕووخان**

20230915214049520787=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بێگیانی دەم پان
گیانداری ڕووخان
مەبەست لە تەورە، لە کوردەواردا پێشی دەوترێت: بیور، ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بڕینی دار بەکاردیت، دەمێکی تیژی پانی هەیە لەگەڵ کلکێکی دار، بێگیانی دەم پان. مەبەست لە تەورە، گیانداری ڕووخان، مەبەست لە دارە کە بە تەور دەبڕێتەوە. وەڵام (تەور) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل11

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 429**
**بە ئاسپایی جووڵە دەکا خەریکە کونان درووستدەکا**

[20221125204758447680=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125204758447680)

بە ئاسپایی جووڵە دەکا
خەریکە کونان درووستدەکا
مەبەست لە مشکە، بە ئاسپایی جووڵە دەکا، واتە: مشک لەسەرخۆ و بێ هەشت و خوست، لە ماڵدا دێت و دەچێ، بێ ئەوەی خشەی بێت، خەریکە کونان درووستدەکا، واتە: مێیەی مشک کە دەکەوێتە قۆناغی ئاوسبوونەوە، هەوڵدەدات جێگەیەک بۆ بێچووەکانی خۆشبکات. وەڵام (مشک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل15

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 430**

**بە ئاسن لێیدەی لە خۆڵ دەریهێنییە دەری ژن لێیدەنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125212836447691

بە ئاسن لێیدەی، لە خۆڵ دەریهێنییە دەرێ، ژن لێیدەنێ.
مەبەست لە کنگر کردنە، بە ئاسن لێیدەی، مەبەست لەو بێڵۆچکە بچووکەیە کە کلکێکی داری درێژی هەیە بۆ کنگر دەرهێنان لە زەوی بەکاردێت، لە خۆڵ دەریهێنییە دەرێ، مەبەست لە دەرهێنانی کنگرە لە زەوی، ژن لێیدنێ، واتە: کنگر لە زەوی دەردەهێنرێ و ژن لە ماڵدا وەک خۆراک دەیکاتە چێشت. وەڵام (کنگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-25

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 431**

**بە ئەمری خودا بە ئەقڵی بەنە، چنچکە لەسەر بنچکە بەنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220816084831428555

بە ئەمری خودا بە ئەقڵی بەنە
چنچکە لەسەر بنچکە بەنە
چنچک: هەڵتروشکان یان دانانی شتێک لەسەر شتێک بە نزمی، بنچکە: دەوەنی وشک یان شتێک کە کوورت و نزم بێت (فەرهەنگی خاڵ) بەنە: بەندە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: بەندە بە هەوڵ و بیرکردنەوەی خۆی و بەیارمەتیی خودا، هەوجاڕی درووستکرد و خستییە سەر ملی گا، بۆ کاری جووتکردن. وەڵام (هەوجاڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 16-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 432**
**بە بارِی کلکی هەیە، بە خرتی کلکی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730123451425521



بە بارِی کلکی هەیە، بە خرتی کلکی نییە
بۆق بە بچووکی پێی دەوترێ سەرەمێکوتە، لە شێوەی ماسی بچووکدایە و کلکی هەیە، لە مەتەڵەکەدا پێی دەوترێ بارِ، بە خرتی کلکی نییە واتە: کە گەورە بوو، چووە قۆناغی گەشەی تەواو، پێکهاتەی لەشی دەگۆڕدرێ و کلکی لە دەستدەدا. وەڵام بۆق. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 433**
**بە باڵ مەل و بە شاخ گایە، ماسی پشتە و هەڕە پایە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817113839428793



بە باڵ مەل و بە شاخ گایە
ماسی پشتە و هەڕە پایە
مەبەستی مەتەڵەکە (کوللە) یە، ئەندامانی جەستەی بە چەند ئاژەڵ و باڵندەیەک دەچووێنێ، بۆ ئەوەی گوێگر وەڵامەکە بدۆزێتەوە، بە باڵ مەل، واتە وەک باڵندە باڵی هەیە بەڵام باڵندە نییە، بە شاخ گایە، شاخی هەیە و گانییە مەبەستی هەستەوەرەکانی کوللەیە، ماسی پشتە واتە: وەک ماسی پشتی پولەکەدارە، هەرە پایە، پێی هەیە بۆ ڕۆشتن، وەڵام (کوللە) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 434**

**بە باڵ مەلە بە شاخ گایە ماسی پشتە و ئەڵێی بایە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122213917447139](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122213917447139)

بە باڵ مەلە
بە شاخ گایە
ماسی پشتە و ئەڵێی بایە
مەبەستی مەتەڵەکە گیانەوەرۆچکەی کوللەیە، بە باڵ مەلە، مەبەست لە کوللەیە کە وەک مەل باڵی بۆ فڕین هەیە، بە شاخ گایە، مەبەست لە هەستەوەرەکانی کوللەیە کە بە شاخی گا چووێنراوە، ماسی پشتە، واتە: پشتی وەک ماسی پوولەکەدارە، ئەڵێی بایە، واتە: لە ڕۆشتندا زۆر خێرایە. وەڵام (کوللە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 435**

**بە بەتاڵی دەچێتە ژووریٚ بە پڕی دێتەدەریٚ**

[2022100920454438878=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009204544438878)

بە بەتاڵی دەچێتە ژووریٚ، بە پڕی دێتەدەریٚ.
مەبەست لە گۆزەی ئاوە، (گۆزە؛ لە کوردەواردا بە گڵ درووستدەکرێت و سووردەکرێتەوە، بەکاردێت بۆ ئاو تێکردن) ژنان و کچان لە گوندەکاندا دەیبەنە سەرکانی و ئاوی تێدەکەن، (هەندێک لە کانییە کانی کوردستان، ژووریان لەسەر درووستکردووە، بۆ ئەوەی داخراو بێت) واتە: کاتێک گۆزە دەبرێتە سەر کانی بەتاڵە، لە کانییەکە پڕ دەکرێت لە ئاو. وەڵام (گۆزەی پڕ لە ئاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل16

کاتی تۆمارکردن: 09-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 436**

**بە بەرخی سپییە بە شەکی سوورە بە مەڕی ڕەشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009200453438864

بە بەرخی سپییە
بە شەکی سوورە
بە مەڕی ڕەشە

بەرخ: بە بەچکەی مەڕە دەوترێ، شەک: بە مەڕێک دەوترێ چوار ساڵ کەمتر بێت، بە بەرخی سپییە، مەبەست لە بەرسیلە کە پێدەگا و کەمێک سپی دەبێت، بە شەکی سوورە، مەبەست لە قۆناغی گەشەی ترێیە کە ئاڵوبۆڵ دەبێت، بە مەڕی ڕەشە، واتە: کاتێک کە ترێ پێدەگات. وەڵام (ترێ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل15

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 437**

**بە بەرخی سەوزە بە کاوڕی سوورە بە مەڕی ڕەشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111194043457893

بە بەرخی سەوزە
بە کاوڕی سوورە
بە مەڕی ڕەشە
مەبەست لە میوەی تووترکە، (تووترک: دەوەنێکی دڕکاوییە، لە دەم چەم و ڕووبارەکان بە خۆڕسک دەڕوێ) بە بەرخی سەوزە، (بەرخ: بێچووی مەڕ) مەبەست لە میوەی تووترکە سەرەتا کە بەردەگرێ، بەرەکەی ڕەنگی سەوزە و بە بەرخ چووێنراوە، بە کاوڕی سوورە، (کاوڕ: بەرخی تەمەن دوو ساڵ فەرهەنگی شێخانی) واتە: بەری تووترک پێش قۆناغی پێگەشتنیت ڕەنگی سوور دەبێت، بە کاوڕ چووێنراوە، بە مەڕی ڕەشە، واتە: تووترک لە قۆناغی پێگەشتنیدا ڕەنگی ڕەش دەبێت، لە مەتەڵەکەدا قۆناغەکانی گەشەی تووترک بە بەرخ و کاوڕ و مەڕ بەراوردکراوە. وەڵام (تووترک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل197.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 438**

**بە بەهێزترین کەس نابەزێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220808112251427217

بە بەهێزترین کەس نابەزێ.
خەو تایبەتمەندیی ژیانی زیندەوەرانە، بەتایبەت مرۆڤ، کاتێک کەسێک دەخەوێت دەچێتە باری نەستەوە و ئاگای لە خۆی نامێنێ چونکە مرۆڤ بەشێک لە کاتی ژیانی بە خەوتن بەسەردەبا، بۆیە خەون پێچەوانەبوونەوەی وێنەی بینراوی شتەکانە لە کاتی نەستدا. وەڵام (خەون بینین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 439**

**بە پڕی و بە بەتاڵی یەک کێشی هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009205413438881

بە پڕی و بە بەتاڵی یەک کێشی هەیە.
مەبەست لە شریتی قەوان یان سیدییە، مێژووی درووستبوونی ئەم مەتەڵە نوێیە، دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی قەوان و سیدی لە کوردستان، واتە: قەوان پڕ بێت یان بەتاڵ کێشی وەک خۆیەتی، وەڵام (سیدی، کاسێت). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل16

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 440**

**بە پیسی دەخورێ، بە خاوێنی ناخورێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921151312435318

بە پیسی دەخورێ
بە خاوێنی ناخورێ
وەڵام (لەشی مرۆڤ) . [1]
یا خوود لەشی هەندێک گیاندار.

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل14

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 441**
**بە پیک ناشکێ، بە هێلکەیەک دەشکێ**

2023092019575952206‏2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە پیک ناشکێ، بە هێلکەیەک دەشکێ.
پیک: لە کوردەوادا پێشی دەوترێت کوین، (پیک: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، ئاسنێکی قوورسە و دەسکێکی داری هەیە، بۆ شکاندنی بەرد بەکاردێت) بە پیک ناشکێ، مەبەست لە ڕۆژوو، (ڕۆژوو: بەو ڕۆژە دەوترێت کە مرۆڤ نانی تێدا ناخوات تا ئیوارە، وەک ئەرکێکی ئایینی تەماشادەکرێت) بە هێلکەیەک دەشکێ، واتە ڕۆژووەوان گەر هێلکەیەک بخوات ڕۆژووەکەی دەشکێ. وەڵام (ڕۆژوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل25
کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 442**
**بە پێ ناچێ، وتن دەرەچێ باڵی نییە و بۆ سەردەچێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920195528522055

بە پێ ناچێ، وتن دەرەچێ
باڵی نییە و بۆ سەردەچێ
مەبەستی مەتەڵەکە دووکەڵە، لەبەر ئەوەی دووکەڵ چڕی کێشی لە هەوا کەمترە، بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە، بەپێ ناچێ، مەبەست لە دووکەڵە کە بەرز دەبێتەوە پێی نییە، هەروەها باڵیش بۆ فڕین نییە، لەگەڵ ئەوەدا بۆ ئاسمانیش دەچێت. وەڵام (دووکەڵ). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل24
کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 443**
**بە پەل بی، بە گەڵا توو، بە بەر هەرمێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220826114627430486



بە پەل بی، بە گەڵا توو، بە بەر هەرمێ.
مەبەست لە (پەموو) ە بەپێی هونەری لێکچوواندن مەتەڵەکە بەراوردی لەنێوان پەموو و سێ ڕووەکدا کردووە، گەڵا و گوڵ و بەریانی بەیەک بەراورد کردووە، بۆ ئەوەی گوێگر وەڵامی ڕاست بدۆزێتەوە، بە پەڵ بی، واتە: پەلی پەموو وەک پەلی داری بی وایە، بە گەڵا توو، واتە: گەڵای توو لەگەڵ پەموودا هاوشێوەن، بە بەر هەرمێ، واتە: بەری هەرمێ و پەموو وەک یەک خڕە.
وەڵام (پەموو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل28

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 444**
**بە پەنجا برا، سەرینێکیان هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917220946521178

بە پەنجا برا، سەرینێکیان هەیە.
سەرین: بالیف لە کوردەواردا بۆ خەوتن سەری دەکرێتەسەر، پەنجا برا، مەبەست لە دارەڕای خانووە، (لە کوردەواردا خانووی گوندەکان لە قور و بەرد و سەقفەکەی لە دارەڕا درووستدەکرێت) سەرینێکیان هەیە، مەبەست لە گڵەبانی سەقفی خانووە کە بە سەرین چووێنراوە، بەهۆی دارەڕاکەوە وەستاوە. وەڵام (دارەڕا و سەقفی خانوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل20

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 445**
**بە تەری و شلی ئاوی خواردووە بە وشکی دەڵێن پیاوی خوردووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213193836450741

بە تەری و شلی ئاوی خواردووە
بە وشکی دەڵێن: پیاوی خوردووە
مەبەست لە دڕکەزیبە، (دڕکەزیی: دڕکێکی قایمی باڵابەرزە، دەکرێت بە پەرژین. فەرهەنگی خاڵ) بە تەڕی و شلی ئاوی خواردووە، مەبەست لە دڕکەزیبە کە بە نەمامی ئاو دەخواتەوە و گەشەدەکات، بە وشکی دەڵێن: پیاوی خواردووە، واتە: کە دڕکەکەی پێدەگات وشک دەبێت زۆر تیژە و بەر هەر کەسێک بکەوێت بریندارى دەکات. وەڵام (دڕکەزیی). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل34

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 446**
**بە تەواوی ناتەواوە بە ناتەواوی تەواوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905221210432249

بە تەواوی ناتەواوە
بە ناتەواوی تەواوە.
خولانەوەی مانگ بەدەوری زەویدا شتێکی سرووشتییە، بە جۆرێکە کە قەبارەی مانگ بە چەند شێوەیەک دەرکەوێت، مانگێک وەکوو کات، نزیکەی سی ڕۆژە، بەتەواوی ناتەواوە واتە: دەرکەوتنی مانگ لە سەری مانگدا بە شێوەیەکی کەوانەیی، بەناتەواوی تەواوە، واتە: دەرکەوتنی مانگ بەشێوەی گۆیی لە پازدەی مانگدا، مەتەڵەکە جۆرێکە لەیاریکردن بە وشە. وەڵام (مانگ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل120

کاتی تۆمارکردن: 05-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 447**
**بە تەڕی ئاوی خواردووە بەوشکی ماری خواردووە**

2022112322455047405=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە تەڕی ئاوی خواردووە
بەوشکی ماری خواردووە
ئەم مەتەڵە پەیوەندی بە ئەفسانەیەکی ناو ئایینی پەیمانی کۆنەوەیە کە گوایە مووسا پەیامبەر، دارعەسایەکی پێبووە کە کێشاویەتی بە زەویدا ئاوی لێدەرهێناوە، هەروەها دار عەساکەی دەستی فڕێداوە و بوو بە شامار و هەموو مارێک خواردووە.
وەڵام (دار ئەسای مووسا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل12

کاتی تۆمارکردن: 23-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 448**
**بە جەحێڵی لووسە بە پیری چرچە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121220225446939

بە جەحێڵی لووسە
بە پیری چرچە
مەبەستی مەتەڵەکە ترێ و مێوژە، بە جەحێڵی لووسە، جەحێڵ واتە: گەنج مەبەست لە ترێی بەری داری مێوە کە بۆڵووەکانی لە قۆناغی پێگەشتندا ساف و لووسن، بە پیریی چرچە، واتە کاتێک ترێ دەکرێت بە مێوژ یان بە دارەکەوە دەمێنێتەوە، بۆڵووەکانی چرچ دەبن. وەڵام (ترێ و مێوژ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل9

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 449**
**بە چاران دەخشێ بە دووان دەڕوا بە سێیان دەلەنگێ**

2022112520264544767З=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە چاران دەخشێ
بە دووان دەڕوا
بە سێیان دەلەنگێ
مەبەست لە قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤە، بە چاران دەخشێ، مەبەست لە قۆناغی منداڵییە کە منداڵ لەسەر چوارپەل دەڕوات، بە دووان دەڕوا، مەبەست لە قۆناغی پێگرتنی مرۆڤە کە لەسەر دوو قاچ دەڕوات، بە سێیان دەلەنگێ، مەبەست لە قۆناغی پیربوونی مرۆڤە کە بە دوو قاچ و گۆچانێک دەڕوات. وەڵام (قۆناغی تەمەنی مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل15

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 450**
**بە چل پەنجا کەس ماڵیکیان هەس**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922203521522585

بە چل پەنجا کەس ماڵیکیان هەس.
هەس: هەیە، مەبەست لە شقارتەیە، (شقارتە: بۆ ئاگرکردنەوە بەکاردێت، چیلکە دارێکی بچووکە و سەرێکی کبریتی پێوەیە، دەیان دەنک لەناو قاوغێکی مقەبا دایە) ، لە مەتەڵەکەدا ماڵ بە قاوغی شقارتە چووێنراوە، دەنکی شقارتەش بە کەس. وەڵام (دەنکی شقارتە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل34


کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 451**
**بە چوار برا تفەنگ داونە گۆمەکی**

20221011213629439283=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە چوار برا تفەنگ داونە گۆمەکی.
مانگا چوار گوانی هەیە، کاتێک کابان دەیدۆشێ، بە دوو دەست دوو دوو چوار گوانەکە دەدۆشێ، لە مەتەڵەکەدا چوار گوانی مانگا بە چوار تفەنگ بەراورد کراوە، هەروەها لەژێر گوانی مانگادا بێری سەتڵێک دادەنێ، بۆ ئەوەی شیرە دۆشراوەکەی تێبکرێت، بەهەمان شێوە بە گۆم بەراورد کراوە. وەڵام (دۆشینی گوانی مانگا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل19

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 452**

## بە چوار برا سەرێکیان هەیە

20221011213851439284=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە چوار برا سەرێکیان هەیە.
مەبەستی مەتەڵەکە مێزە، لە کوردەواردا کاڵا و یان کەلوپەلی لەسەر دادەنرێت، مێز چوار قاچی هەیە لە مەتەڵەکەدا بە چوار برا ئاماژەی بۆ کراوە، سەری مێزەکەش بەسەری هەر چوار براکە دانراوە. مەبەست لە مێزە کە سەرێک و چوار قاچی هەیە.
وەڵام (مێز) .[1].

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل19

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 453**
**بە چواران لاقە، بە هەشتان گوێیە، لەسەرێ باری کەرێ کایە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728093920425052](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728093920425052)



بە چواران لاقە، بە هەشتان گوێیە، لەسەرێ باری کەرێ کایە
لە هەموو گوند و ئاواییەکاندا، گوندییەکان لەبەر ماڵ و لەناو مڵکەکانیاندا، بە دار کەپر درووست دەکەن، کەڵک لە سێبەرەکەی وەردەگرن و لەژێریدا دەحەوێنەوە، مەتەڵەکە دەڵێت: بە چوار لاقە: واتە: کەپر چوار کۆڵکەی هەیە، هەر کۆڵەکەیەک لە بەشی سەرەوە دوو پەلی هەیە، بۆ ڕاگرتنی دارەکانی سەرێ، لە مەتەڵەکەدا بەهەشت گوێ ناوبراوە، هەروەها باری کوێدرێژێک گەڵا دەخرێتەسەر کەپرەکە، بۆ ئەوەی سێبەر بۆ ژێر خۆی درووست بکات. وەڵام (کەپر) . [1]

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر](https://www.kurdipedia.org)
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 454**

**بە چوارپەلان سەما دەکا خواردنی میر و حاکم پەیدادەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011213421439282

بە چوارپەلان سەما دەکا خواردنی میر و حاکم پەیدادەکا.
هەنگ یان مێشهەنگوینە وەڵامی مەتەڵەکەیە، بە چوارپەلان سەما دەکا، مەبەست لە هەنگە کاتێک دەشتودەر دەگەڕێت و شیلە بۆ درووستکردنی هەنگوین کۆدەکاتەوە، لە شانەکەیدا هەنگوین درووستدەکات، لە مەتەڵەکەدا بە خواردنی میر و حاکم باس کراوە. وەڵام (هەنگ، یان مێشهەنگوینە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل19

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 455**
**بە حەمەی شەپڵتە و حەمە هەولێریی هەندیاندا لە قزنەکێری ڕەقیانکرد وەک قۆچی نێریی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107173647457127

بە حەمەی شەپڵتە و حەمە هەولێریی
هەندیاندا لە قزنەکێری
ڕەقیانکرد وەک قۆچی نێریی
مەبەست لە شەڵتەیە، (شەڵتە: توورەکەیەکی دوولایی گەورەیە، دەمی والایە دەدرێ بەسەر پشتی وڵاخدا و شتی تێدەکرێ. فەرهەنگی خاڵ) بە حەمەی شەپڵتە و حەمەی هەولێرێ، مەبەست لە دوو کەسایەتییە، هەندیاندا لە قزنەی کێرێ، واتە: هێندەیان کاڵا کردە ناو شەڵتەوە، ڕەقیانکرد وەک قۆچی نێرێ، (قۆچ: شاخی نێریی) واتە: شەڵتە هێندە کاڵا تێکرا وەک قۆچی نێری ڕەقبوو. وەڵام (شەڵتە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل178.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 456**

**بە خواردن وەک گیاندار ئەچی بۆ لادێ و شار بێگیانە وەک دیوار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925221357523418

بە خواردن وەک گیاندار
ئەچی بۆ لادێ و شار
بێگیانە وەک دیوار
مەبەست لە ئوتۆمبیلە، بە خواردن وەک گیاندار، واتە: ئوتۆمبیل بە بەنزین یان گاز کاردەکات، وەک چۆن گیاندار بە خواردن دەژیی، هەروەها توانای هەیە وەک گیاندار بە ڕێگەدا بۆ لادێ و شار بڕوات، لەگەڵ ئەوەدا بێگیانە، بە دیوار چووێنراوە. وەڵام (ئوتۆمبیل) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل49

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-25
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 457**
**بە خوێن مردییە هەموو دنیای لەبەر دەستییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119181424459363

بە خوێن مردییە
هەموو دنیای لەبەر دەستییە
مەبەست لە وەرەقە و پێنووسە، بە خوێن مردییە، واتە: بە پێنووس کاتێک لەسەر وەررەقە دەنووسرێت، نووسینەکە بە خوێن چووێنراوە، هەروەها وەرەقەکەش بە مردوو، هەموو دنیای لەبەر دەستییە، واتە؛ دەشێ نووسین باسی هەموو شتێک بکات. وەڵام (وەرەقە و پێنووس). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل36


کاتی تۆمارکردن: 2023-01-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 458**

**بە دوازدە برا، سێ دڵیان هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925092537523273

بە دوازدە برا، سێ دڵیان هەیە.
بە دوازدە برا سێ دەستیان هەیە.
مەبەست لە کاتژمێر و میلی کاتژمێرە، (ئامێری کاتژمێری کلاسیکیی، میلی چرکە، خوولەک و کاتژمێری هەیە) ، دوازدە برا، مەبەست لە هەریەک لە ژمارەکانی سەر کاتژمێرە کە لە ژمارە یەک تا دوازدەی لەسەرە، لە مەتەڵەکەدا بە برا چوواندوونی، سێ دڵ یان سێ دەستیان هەیە، مەبەست لە میلی کاتژمێرە. وەڵام (میلی کاتژمێر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 459**

**بە دوازدە وڵات سێ باڵۆزیان هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125213409447694

بە دوازدە وڵات سێ باڵۆزیان هەیە.
باڵۆز: باڵیۆز (فەرهەنگی خاڵ) یان نوێنەری وڵاتێک لە وڵاتێکیتر، بە دوازدە وڵات، مەبەست لە ئامێری کاتژمێرە، لە ژمارە یەک تا دوازدەی لەسەرە، لە مەتەڵەکەدا بە دوازدە وڵات چووێنراوە، سێ باڵۆزیان هەیە، مەبەست لە سێ میلی کاتژمێرە کە بەردەوام وەک باڵوێز دەگەڕێن. وەڵام (کاتژمێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 460**

**بە دوو ئەشکەوت یەک دیواری هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009211336438891

بە دوو ئەشکەوت یەک دیواری هەیە.
مەبەست لە لووتە کە ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە و بۆ هەناسەدان بەکاردێت، لووت وەک ئەندامێک لە دوو کون پێکهاتووە، لە مەتەڵەکەدا بە دوو ژوور چووێنراوە، نێوانێکی هەیە بە کۆڵەکە بەراورد کراوە، لە کوردەواردا هەر پێی دەوترێ کۆڵەکەی لووت. (کۆڵەکە: بەو دارە دەترێ کە دارەڕای خانووی لەسەر دەوەستێ) وەڵام (لووت). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل17

کاتی تۆمارکردن: 09-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 461**
**بە دوو ژوور کۆڵەکەیەکیان هەیە**

2023062610112950115=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە دوو ژوور کۆڵەکەیەکیان هەیە.
مەبەست لە لووتە کە ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە و بۆ هەناسەدان بەکاردێت، لووت وەک ئەندامێک لە دوو کون پێکهاتووە، لە مەتەڵەکەدا بە دوو ژوور چووێنراوە، نێوانێکی هەیە بە کۆڵەکە بەراورد کراوە، لە کوردەواردا هەر پێی دەوترێ کۆڵەکەی لووت. (کۆڵەکە: بەو دارە دەترێ کە دارەڕای خانووی لەسەر دەوەستێ) وەڵام (لووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح ئەمین، 1977، ل28

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 462**

**بە دیواردا هەڵدەواسرێت، و یەک ساڵ دەژیی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920200020522069

بە دیواردا هەڵدەواسرێت، و یەک ساڵ دەژیی.
مەبەست لە ڕۆژمێرە، (ڕۆژمێر: خشتەیەکی ئامادەکراوە، سێسەد و شەست و پێنج ڕۆژی بەشێوەی مانگ و هەفتە و ڕۆژ تێدا ڕێکخراوە، بۆ دیاریکردنی کاتی ڕۆژەکانی ساڵ بەکاردێت) بە دیواردا هەڵدەواسرێت: مەبەست لە ڕۆژمێرە، یەک ساڵ دەژی، واتە: بۆ یەک ساڵ گونجاوە. وەڵام (ڕۆژمێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل25

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 463**
**بە دە لێدەکرێتەوە بە پێنج پاک دەکرێ بە سی و دوو دەخورێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101191606455883

بە دە لێدەکرێتەوە، بە پێنج پاک دەکرێ، بە سی و دوو دەخورێ.
مەبەست لە میوە خواردنە، بە دە لێدەکرێتەوە، مەبەست لە دە پەنجەی دەستی مرۆڤە کە لە دار میوەی پێلێدەکرێتەوە، بە پێنج پاکدەکرێ، واتە: بە پێنج پەنجەی دەسی پاکدەکرێ، بە سی و دوو دەخورێ، مەبەست لە سی و دوو ددانی مرۆڤە کە خۆراکی پێدەجووڕێ و دەخورێ. وەڵام (میوە خواردن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل130.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 464**
**بە دە هەڵیدەگرن بە پێبج تێیدەکەن بە سێ دەیخۆن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009211125438890

بە دە هەڵیدەگرن، بە پێبج تێیدەکەن، بە سێ دەیخۆن.
بە دە هەڵیدەگرن، مەبەست لە دە پەنجە واتە: بە دوو دەست مەنجەڵ هەڵدەگیرێ و لەسەر ئاگر لادەبرێت، بە پێنج تێیدەکەن، واتە: بە پێنج پەنجەی دەست، چێشت تێدەکرێ، پاشان بە سێ پەنجەی دەست دەخورێ. وەڵام (هەڵگرتنی مەنجەڵ، تێکردن و خواردنی چێشت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل16

کاتی تۆمارکردن: 09-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 465**

**بە دەرکێدا دەچییە ژووریٚ، بە دوواندا دێیەدەریٚ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730122609425518



بە دەرکێدا دەچییە ژووریٚ، بە دوواندا دێیەدەریٚ
شرواڵی کوردیی مەبەستی مەتەڵەکەیە، کە جلوبەرگی ڕەسەنی کوردییە و تایبەتە بە پیاوان، بە دەرکێدا دەچییە ژووریٚ: مەبەست لە کەمەری شرواڵە کە لێوەی لەپێدەکریٚ، بە دوواندا دێیە دەریٚ: مەبەستی لە هەر دوو دەرلینگی شرواڵە کە قاچی لیوە دێتەدەر. وەڵام شرواڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزیٚ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 466**
**بە دەست ئەیجووڵێنن بە دڵ ئەیدوێنن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923185352522801

بە دەست ئەیجووڵێنن
بە دڵ ئەیدوێنن
مەبەست لە قەڵەمی نووسینە، بە دەست ئەیجووڵێنن، بێگومان قەڵەم بە پەنجەکانی دەست دەگیرێت و وشەی پێدەنووسرێت، بە دڵ ئەیدوێنن، واتە: ئەو کەسەی کە لەسەر کاغەز وشە دەنووسێت، بێگومان لە ناخ و دڵیدا وشەکان ئامادە دەکات و پاشان بە دەست دەینووسێت. وەڵام (قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل37

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 467**
**بە دەست ئەیچنی بە قاچ ئەیخنی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925220439523414

بە دەست ئەیچنی
بە قاچ ئەیخنی
مەبەست لە گۆرەوییە، (گۆرەوی لە کوردەواردا ژنان بە دەست لە مووی مەرەز یان خووری مەڕ دەیچنن و لە پێ دەکرێت، پێی دەوترێت: گۆرەوی میرزایی) ، بە دەست ئەیچنێ، مەبەست لە گۆرەوییە، بە قاچ ئەیخنێ، واتە: قاچی پێدادەکات و لە پێی دەکات. وەڵام (گۆرەوی) . [1]


**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل44

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 468**
**بە دەست دەچێنرێ، بە چاو هەڵدەگیرێ**
20220808093340427202=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1




بە دەست دەچێنرێ، بە چاو هەڵدەگیرێ.
بە دەست دەچێنرێ، مەبەستی لە کرداری نووسینە کە مرۆڤ بە دەست ئەنجامی دەدات، دەسکەوتێکی گەورەی مرۆڤایەتییە, بە چاو هەڵدەگیرێ واتە: مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگەری چاوەوە، نووسراوەکان بخوێنێتەوە و سوودمەندبێ لە زانیارییەکان. وەڵام (نووسین).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 469**
**بە دەست شێرە, بە پشت پڵنگە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220808103741427208

بە دەست شێرە، بە پشت پڵنگە.
بە دەست شێرە واتە: بۆق لە کاتی ئاسایدا، لەسەر دوو قۆڵی پێشەوە دەوەستێ ، ئەم تایبەتمەندییەی لە شێوەی وەستانی شێر دەچێ ، بە پشت پڵنگە واتە: پشتی بۆق ڕەنگی بەڵەک بەڵەکە، لە ڕەنگی پشتی پڵنگ دەچێ، لە مەتەڵەکەدا ڕەنگی پشتی بۆق و پڵنگ بەیەک چووێنراوە. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 470**
**بە دەستی حەمەدۆکی**

2023121420003453691O=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە دەستی حەمەدۆکی
لە هەموو ماڵان دەکۆکی
حەمەدۆک: ناوی کەسایەتییەکی پاڵەوانی ناو ئەفسانە و ڕۆمانی کوردییە، مەبەستی مەتەڵەکە سندۆڵە، (سندۆڵ: ئامێرێکی دەستیی کەلەپووریی کوردییە، بۆ کوتانی دانەوێڵە بەکاردێت)، بە دەستی حەمەدۆکی، مەبەست لە سندۆڵە، لە هەموو ماڵان دەکۆکی، واتە: هەموو ماڵێک بۆ دانەوێڵە کوتان دەیبات. وەڵام (سندۆڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فێنکی دەروون، هونەر سەباح عەبدوڵا خۆشناو، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2005، ل94.

کاتی تۆمارکردن: 14-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 471**

**بە دەسکی حەمەدۆکی لە هەموو دەرکان دەکۆکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009203203438875

بە دەسکی حەمەدۆکی
لە هەموو دەرکان دەکۆکی
دەسک و دۆڵ یان سندۆڵ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کوتان و وردکردنی دانەوێلە بەکاردێت، بەدەسکی حەمەدۆک، مەبەست لە ئامێری سندۆڵە، لە هەموو دەرکان دەکۆکی، واتە دەبرێتە هەمووماڵێک و دانەوێڵەی پێ دەکوترێ. وەڵام (دەسک و دۆڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل15

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 472**
**بە دەم دەیچنیتەوە بە دەست دەیوەشێنی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002204944524486

بە دەم دەیچنیتەوە
بە دەست دەیوەشێنی
دەیچنیتەوە: مەبەست لە کۆکردنەوەی شتە، دەیوەشێنی، مەبەست لە بڵاوکردنەوەی شتێکە زیاتر بۆ تۆو بەکاردێت، بە دەم دەیچنیتەوە، واتە: ئەو مەبەستەی هەیە بە دەم دەردەبڕێت، بە دەست دەیوەشێنی، مەبەست لەوەیە بۆچوونەکان دەخرێتە سەر وەرەقە. وەڵام (نووسین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل55

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 473**
**بە دەمووچاوتا ئەکێشرێ و نایبینی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221228101523454769

بە دەمووچاوتا ئەکێشرێ و نایبینی.
مەبەست لە (با) یە، (با جووڵەی هەوایە، لە پەستانی بەرزەوە بۆ پەستانی نزم، واتە: لە جێگەیەکی بەرزەوە بۆ جێگەیەکی نزم هەڵدەکات) بەدەمووچاوتا ئەکێشرێ، مەبەست لە بایە کە بەر ڕووخسار دەکەوێ، لە هەمان کاتدا نابینرێ، چونکە سیفاتی با یان هەوا وایە. وەڵام (با) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 28-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 474**

**بە دەوری پێغەمبەریی، کلک لە تەوقی سەری**

20221125213926447696=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە دەوری پێغەمبەریی، کلک لە تەوقی سەری.
مەبەست لە باینجانە، بە دەوری پێغەمبەریی، مەبەست لە کاتێکی مێژوویی درێژە، واتە: لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە باینجان هەیە و مرۆڤ وەک خۆراکێک ناسیویەتی، کلک لە تەوقی سەریی، مەبەست لە سەلکی باینجانە کە بە بەشی سەرەوەی باینجانەکەوەیە. وەڵام (باینجان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 475**
**بە دەیان کێشەوەی دەکەن بە سێ و دووان گێڕەی دەکەن بە یەکیان ئەودیوی دەکەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012205505439414

بە دەیان کێشەوەی دەکەن
بە سێ و دووان گێڕەی دەکەن
بە یەکیان ئەودیوی دەکەن
کێشە: بە بردنی کوڵۆشە لە شاراوە بۆ سەر خەرمان دەوترێ (فەرهەنگی خاڵ) گێڕە: وردکردنی دەغڵ بە پێلێنان و شێلانی بە وڵاخ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) بە دەیان کێشەی دەکەن، واتە: خواردن و چێشت بە دەپەنجەی هەردوو دەست لێدەنرێت، بە سێ گێڕەی دەکەن، واتە: بە سێ پەنجەی یەک دەست بە کەوگیر تێدەکرێ، دواتر دەخورێت. وەڵام (نانخواردن) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل25

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 476**

**بە دەیان کێشەی دەکەن بە سێ گێرەدەکەن یەکیش لە چاڵی ڕوودەکەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012211301439428

بە دەیان کێشەی دەکەن
بە سێ گێرەدەکەن
یەکیش لە چاڵی ڕوودەکەن
کێشە: بە بردنی کوڵۆشە لە شاراوە بۆ سەر خەرمان دەوترێ (فەرهەنگی خاڵ) گێرە: وردکردنی دەغڵ بە پێلێنان و شێلانی بە وڵاخ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) بە دەیان کێشەی دەکەن، واتە: خواردن و چێشت بە دەپەنجەی هەردوو دەست لێدەنرێت، بە سێ گێرەی دەکەن، واتە: بە سێ پەنجەی یەک دەست بە کەوگیر تێدەکرێ، دواتر دەخورێت. وەڵام (نانخواردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل25

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 477**
**بە زستان کاکمە، بە هاوینان حاکمە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730112918425502](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730112918425502)



بە زستان کاکمە، بە هاوینان حاکمە
باگردێن ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە بۆ بانگێڕان بەکاردێت، بەتایبەتیی لە وەرزی باران باریندا (زستان، پایز و بەهار) بەکاردێ بەڵام لە وەرزی هاویندا هیچ کەڵکێکی نییە، لە جێگەیەکدا دادەنرێ ، لە مەتەڵەکەدا بە حاکم ناوی براوە. وەڵام باگردێن. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 478**
**بە زمانی دەروێشان، بزن سواری گامێشان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730105447425492

بە زمانی دەروێشان، بزن سواری گامێشان
بە زمانی دەروێشان: دەستەواژەیەکە بۆ ڕێککردنی کێش و سەروای شیعریی و سەر لێشێواندنی گوێگر بەکارهاتووە، بزن سواری گامێشان: بزن مەبەستی لە قاچی مرۆڤە، گامێش مەبەستی لە پێڵاوە کە پێی مرۆڤی دەچێتەناو. وەڵام کاڵە و پێڵاو.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 479**
**بە زمانی گەورگی، سەری گەورەترە لە ورگی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730115848425508



بە زمانی گەورگی، سەری گەورەترە لە ورگی
گەورگی: ناوی یەکێکە لە هۆزە گەورەکانی ناوچەی موکریان، بەتایبەت لە شارۆچکەی سەردەشت نیشتەجێن، بە زمانی گەورگی: دەستەواژەیەکە بۆ ڕێکخستنی کێش و سەروای مەتەڵەکە بەکارهاتووە، سەری گەورەترە لە ورگی، مەبەست لە مێرووولەیە کە پێکهاتەی لەشی وایە، سەری لە سکی گەورەترە. وەڵام مێرووولە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 480**
**بە زەمانی ئەسکەندەریی، کلکی لە تەوقی سەریی**
20220730114740425506=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بە زەمانی ئەسکەندەریی، کلکی لە تەوقی سەریی
بە زەمانی ئەسکەندەریی: لەلایەکەوە ئاماژەیە بۆ سەرکردەیەکی داگیرکەری یۆنانی کە بە کوردستاندا تێپەڕیوە، لەلایەکی دیکەوە ئاماژەیە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن کە پەیوەندی بە مەتەڵەکەوە هەیە، کورد لەدێرزەمانەوە زیندەوەرۆچکەی ناسیوە، بەتایبەتیی کوللە چونکە زۆر جار زەرەر و زیانی لە کێڵگەکانیان داوە، کلکی لە تەوقی سەریی: مەبەست لەو دوو شاخەیە کە بە تەوقی سەری کوللەوەیە. وەڵام کوللە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 481**

**بە زەویدا بدەی ناشکێ بە زێیدا بدەی دەشکێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009210358438886

بە زەویدا بدەی ناشکێ، بە زێیدا بدەی دەشکێ.
زێ: چەم یان ڕووبارە. مەبەستی مەتەڵەکە کاغەز یان تیانووسە کە نەرم و تەنکە و بە ئاسانی لە ئاودا دەتلیسیتەوە و لەناو دەچێت، بەڵام وەکوو تر بەشاخیدا بدەی ناشکێ. وەڵام (کاغەز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل18

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 482**
**بەساڵێک سەد هێلکە دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224135251453865

بە ساڵێک سەد هێلکە دەکا.
مەبەست لە کیسەڵە، (کیسەڵ: گیانەوەرێکی گیاخۆرە، لە ئاو و لە وشکانیدا دەژێ، لە گەرمیان و کوێستانی وڵاتی کوردەواردا بوونی هەیە) بە ساڵێک سەد هێلکە دەکا، واتە: کیسەڵ گیانەوەرێکی هێلکەکەرە، ساڵی جارێک هێلکە دەکات و لەناو گڵدا دەیشارێتەوە تا دەتروکێن. وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل8.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 483**

**بە سندووقی هەشت ڕۆخان تێیدایە لە پیر و جوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125211202447683

بە سندووقی هەشت ڕۆخان
تێیدایە لە پیر و جوان
سندووق، مەبەست لە گۆڕی مردووە، هەشی ڕۆخان، مەبەست لە هەشت سووچی گۆڕە بەتایبەتیی ئەو جێگەیەی گۆڕ کە تەرمی تێدەخرێ، تێیدایە لە پیر و جوان، مەبەست لەوەیە کە گۆڕستان هەموو جۆرە تەمەنێکی مرۆڤی تێدایە، گۆڕ هەیە مرۆڤەکەی بە منداڵی یان گەنجی مردووە، گۆڕیش هەیە بەپیریی. وەڵام (گۆڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل11

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 484**
**بە سنووقی هەشتەرخان تێیدایە پیر و جوان بێ تەرخان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213194907450755

بە سنووقی هەشتەرخان
تێیدایە پیر و جوان بێ تەرخان
مەبەست لە مردووی ناو گۆڕە، (تەرخان: جیاکردنەوەی شتێک یان شوێنێک بۆ کارێک. فەرهەنگی خاڵ) سنووقی هەشتەرخان، مەبەست لە گۆڕە کە وەک شوێنێک بۆ کەسی مردوو تەرخانکراوە، تێیدایە پیر و جوان، واتە: قەبر جێگەی هەموو کەس و تەمەنێکە. وەڵام (مردووی ناو گۆڕ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل36
کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 485**

**بە سێ برا دۆخینێکیان هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011215007439290

بە سێ برا دۆخینێکیان هەیە.
دۆخین: بەنەخوێنی شڕواڵی پیاوانە، مەبەست لە سێپای مەشکەیە کە لە سێ دار پێکهاتووە، سێ لایی بەیەکدا هەڵدەنرێ و مەشکەی پێوە هەڵدەواسرێ، بۆ ئەوەی کاری مەشکەژنینی پێئەنجام بدرێ، بە سێ برا دۆخینێکیان هەیە، واتە سێ داری مەشکە بە گوریس بە یەکەوە دەبەسترێتەوە. وەڵام (سێپای مەشکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل19

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 486**

**بە سێ برا مێزەرێک بە دوو دەستان گێزەرێک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101185414455878

بە سێ برا مێزەرێک
بە دوو دەستان گێزەرێک
بە سێ برایان مێزەرێک
بە دوو خوشکان گێزەرێک

مەبەست لە کابان و پنە و تیرۆکە، بە سێ برا مێزەرێک، مەبەست لە پنەیە، (پنە یان خوانە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ نانکردنەوە بەکاردێ، سەرەوەی تەختە و خوارەوەی سێ قاچی هەیە) سەرەکەی بە مێزەر و سێ قاچەکەی بە سێ برا چوونێراوە، بە دوو دەستان، مەبەست لە دوو دەستی کابانە. گێزەرێک، مەبەست لە تیرۆکە، (تیرۆک: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، دارێکی لوولەکی لووسە، بۆ نانکردنەوە بەکاردێ) لە مەتەڵەکەدا بە گێزەر چوونێراوە. وەڵام (کابان و پنە و تیرۆک) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل80.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 487**
**بە سێ برا کڵاوێک**

20230101192124455884=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە سێ برا کڵاوێک.
مەبەست لە سێپای مەنجەلە، (سێپا: ئامێرێکی کەلەپوورییە، سێ قاچی هەیە، مەنجەڵی چیشتی لەسەر دادەنرێ و لەژێریدا ئاگردەکرێتەوە، یان لە کوردەواردا سێ بەرد وەک سێپا لەژێر مەنجەڵدا دەدەنرێ هەر بە سێپا ناودەبرێ) سێ برا، مەبەست لە سێ قاچی سێپایە، کڵاوێک، مەبەست لەسەری سێپایە کە بە کڵاو چوێنراوە. وەڵام (سێپای مەنجەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل163.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 488**
**بە سێ برا یەک لاقیان هەیە**

20220808112914427218=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بە سێ برا یەک لاقیان هەیە.
ئەو پانکانەی لە کوردستاندا لە نیوە تا کۆتایی سەدەی بیست بوونیان هەبوو، بەزۆری سێ پەڕەکەیان هەبوو کە هەوای بەو شوێنەدا بڵاوەکردەوە کە لێی بوو، پانکەکان یەک پایان هەبوو، یان لەسەر زەوی دادەنران یان بە سەقفی ژوورەوە هەڵدەواسران، سێ برا، مەبەستی لە سێپەڕەی پانکەیە، لاق، واتە: قاچ، یەک لاق، مەبەستی لەو بەشەی پانکەیەیە کە سێپەڕکەکەی پێوە بەندە. وەڵام (پانکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 08-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 489**
**بە سێ گیانلەبەر، دوو لاق و سێ سەر و شەش چاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925215306523409

بە سێ گیانلەبەر، دوو لاق و سێ سەر و شەش چاو.
مەتەڵەکە سێ گیانلەبەری هێناوە، باسی ژمارەی سەر و لاق و چاویان دەکات، مەبەستی لە (کەو، ماسی و مار)ە، بە هەرسێکیان سێ سەریان هەیە، بە هەرسێکیان دوو لاقیان هەیە کە هی کەوە، بە هەرسێکیان شەش چاویان هەیە. وەڵام (کەو، ماسی، مار). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل49

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 490**
**بە سێ مەلا مەندیلێک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101192504455887

بە سێ مەلا مەندیلێک.
مەبەست لە سێڵ و سێ کوچکەیە، (سێڵ: پێشی دەوترێ: ساج: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ برژاندنی نان بەکاردێ) بە سێ مەلا، مەبەست لە سێ کوچکە (قاچ) ی ساجە، مەندیلێک، مەبەست لە ساج یان سێلەیە کە ڕەنگی ڕەشە و چووێنراوە بە مەیدلی مەلا. (مەلای سەر بە مەزهەبی شیعە ڕەنگی مەیدیلەکانیان ڕەشە) . وەڵام (سێڵ و سێ کوچکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل163.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 491**

**بە سەد برایان مێزەرەکیان هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921205142435378

بە سەد برایان مێزەرەکیان هەیە.
مێزەر: مەبەست لە پارچە کاڵا یان قوماشەیە لە پیاوانی یایینی (مەلا) بەسەریانە دەیپێچن. مەبەست لە گسکی کوردییە، (کسک: لە کوردەواردا ژنان بۆ خاوێنکردنەوەی ماڵ بەکاری دێنن) ، سەری سەدان تاڵ گسک توند بە داو دەبەسترێ، بەستنەکە بە مێزەر چووێنراوە. وەڵام (گسک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل15

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 492**
**بە سەد خوشک یەک حەبا**

20220808092658427201=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە سەد خوشک یەک حەبا.
حەبا: عەبا قوماشێکی ڕەشە بۆ داپۆشینی تەواوی جەستە بەکاردێ، (لە ناوچەی پشدەر پیتی ع لەگەڵ ح تێکەڵ دەکرێ و لەبری یەک بەکاردێ) سەد خوشک، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە دەنکی هەنارە کە لەناو یەک دانە هەناردایە، حەبا، ئەو توێکڵی هەنارەیە کە دەوری دەنکە هەنارەکانی داوە، هەموویانی بەیەکجار داپۆشیوە. وەڵام (دەنگی هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 493**

**بە سەر چوار، بە لەش پێنج، بە پێ هەشت لە ئاوایی هەڵیدەگرن بۆلای دەشت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122204941447120

بە سەر چوار، بە لەش پێنج، بە پێ هەشت
لە ئاوایی هەڵیدەگرن بۆلای دەشت
مەبەست لە بردنی تەرمە بۆ گۆڕستان، بەسەر چوار، مەبەست لە چوار کەسی زیندووەیە کە تەرمێک هەڵدەگرن، بە لەش پێنج، واتە: چوار کەسەکە و تەرمەکە هەموویان دەکەنە پێنج جەستە، بە پێ هەشت: واتە: ئەو چوار کەسەی تەرمەکەیان هەڵگرتووە، هەشت قاچیان هەیە، لە ئاوایی هەڵیدەگری بۆلای دەشت، واتە: تەرمەکە لە گوندەوە دەبەن بۆ گۆڕستان.
وەڵام (تەرمی مردوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل9

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 494**
**بە سەر سەوزم بە لەش ڕەشم لەناو دڵدا سپی و گەشم**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012210812439424

بە سەر سەوزم
بە لەش ڕەشم
لەناو دڵدا سپی و گەشم
مەبەستی مەتەڵەکە باینجانە، بە سەر سەوزم، مەبەست لە کڵاوی باینجانە، بەلەش ڕەشم، مەبەست لە باینجانە کە دیوی دەرەوەی ڕەشە، لەناو دڵدا سپی و گەشم، مەبەست لە ناوی باینجانە کە لەت دەکرێ سپییە. وەڵام (باینجان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل26
کاتی تۆمارکردن: 12-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 495**

**بە سەر عەرووسە بە لینگ ئینگلیسە گۆشتی پیسە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925091814523270

بە سەر عەرووسە
بە لینگ ئینگلیسە
گۆشتی پیسە

عەرووس: مەبەست لە نەتەوەی رووسە (فەرهەنگی شێخانی) ، مەبەست لە کیسەڵە، بەسەر عەرووسە، واتە: توانای بیرکردنەوەی باشە و تەمەنی زۆرە، بە لینگ ئینگلیسە، واتە: کیسەڵ زۆر لەسەرخۆ هەنگاو دەنێت، وەک ئینگلیز لەسەر خۆ دەچێت بۆ ئامانجەکانی، گۆشتی پیسە واتە: گۆشتی ناخورێت. وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل43

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 496**
**بە شانت بەشرواڵت زاوای خاڵت هاتە ماڵت چی پێدەڵێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012222830439442
بە شانت، بەشرواڵت، زاوای خاڵت هاتە ماڵت، چی پێدەڵێ؟
مەتەڵەکە بە سوێند دەستپێدەکات، بەشانت، بە شرواڵت، کەسی بەرانبەر سوێنددەدرێ، زاوای خاڵ: مەبەست لە باوکی منداڵەکانە کە بە خزمایەتی دەکاتە زاوای ماڵی خاڵیان کە دەکاتە باوکیان، هاتەماڵت چی پێدەڵیی: واتە هیچی پێناوترێ جگە لە ریز. وەڵام (باوک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل24
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 497**
**بە شەو شایە، بە ڕۆژ نۆکەری شایە**

20220730113436425503=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بە شەو شایە، بە ڕۆژ نۆکەری شایە
ئەم مەتەڵە مەبەستی لە باگردێنە، بە شەو شایە، واتە: بە شەو کەس ئیشی بە باگردێن نییە بەڵام بە ڕۆژ باگردێن بۆ بانگێڕان لە گوندەکاندا بەکاردێ ، لە خزمەتی خەڵکیدایە، مەتەڵەکە بە نۆکەری شا باسیدەکات واتە: لە خزمەتی گەورەکەیدایە. وەڵام باگردێن. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 498**
**بە شەو و بەڕۆژ هەر لێدەدات و بەکارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126151147447815

بە شەو و بەڕۆژ هەر لێدەدات و بەکارە.
مەبەست لە ئامێری کاتژمێرە کە بەردەوام کاردەکات. ئامێری کاتژمێر بە جۆرێک درووستکراوە کە بەردەوام کاردەکات و چرکە بەچرکە کاتەکانی ڕۆژ دەستنیشان دەکات. وەڵام (کاتژمێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 499**
**بە قنگ دەیخوا بە دەم فڕێی دەدا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009211540438893

بە قنگ دەیخوا. بە دەم فڕێی دەدا.
مەبەست لە دەمانچەیە کە لە دەسکەکەی (شانە) ەوە فیشەکی تێدەکرێ، لە مەتەڵەکەدا بە قنگ چووێنراوە، بە دەم فڕێی دەدات، مەبەست لە کاتی تەقاندنی فیشەکی دەمانچەیە لە لوولە کەیەوە. مەتەڵەکە لوولەی دەمانچەی بە دەم بەراوردکردووە، وەڵام (دەمانچە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل16

کاتی تۆمارکردن: 09-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 500**
**بە گولی لەنگە**

20221011221026439296=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە گولی لەنگە
لەبەر ژنی شەنگە
مێردی کولانەی تەنگە
هەرزن جۆرێک دانەوێڵەیە لە کوردستان جووتیاران ساڵان دەیرۆێنن، کاتێک پێدەگات، هەرزنەکە قوورسە و لاسکەکەی باریکە کەمێک خواردەبێتەوە، لەبەر ژنی شەنگە واتە: وەک ژنی شەگ و جوان بە کزەبایەک دەلەنگێ، مێردی کولانەی تەنگە، جێگەی هەڵگرتنی کەمە. وەڵام (هەرزن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل20

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 501**
**بە گەنجی ڕیشی سپییە بە پیری ڕیشی ڕەشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011222101439300

بە گەنجی ڕیشی سپییە
بە پیری ڕیشی ڕەشە
سپی بوونی ڕیش لەگەڵ بەساڵاچوونی مرۆڤدایە و تایبەتە بە کەسە بەتەمەنەکان، بە گەنجی ڕیشی سپییە، مەبەست لە ترێ یە، کە لە قۆناغی بەرسیلەدا ڕەنگی سپییە، بە پیری ڕیشی ڕەشە، مەبەست لە ترێ یە کە لە قۆناغی پێگەشتندا ڕەنگی ڕەشە.
وەڵام (ترێ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل19

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 502**
**بە گەڕی دەخورێ بە پاک ناخورێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014095615439651

بە گەڕی دەخورێ، بە پاک ناخورێ.
مەبەست لە جەستەی ئاژەڵی سەگە، کە چڵکن و پیس بێت دەخورێت، لە کوردەواردا دەوترێ: گەڕیووە، لەشی تووشی خوراندن دەبێت و بەردەوام خۆی هەڵدەکرێنێ، بەڵام گەر جەستەی پاکوخاوێن بێت، لەشی تووشی خوراندن نابێت. وەڵام (جەستەی سەگی گەڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل24

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 503**
**بە گەڵا توو بە پەڵ پی بە بەرهەم موو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111203059457925

بە گەڵا توو
بە پەڵ پی
بە بەرهەم موو
بە گەڵا توو، مەبەست لە ڕووەکی پەمووە کە گەڵاکەی وەک گەڵای توو وایە، بە پەل پی، واتە: پەلەکانی ڕووەکی پەموو بە پەلی داربی چووێنراوە، بە بەرهەم موو، مەبەست لە لۆکەیە کە تاڵی سپی باریکی درێژە و لەناو قۆزاخەدایە. بە مووی سپی سەر چووێنراوە. وەڵام (پەموو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل192.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 504**
**بە مردوویی ژیان دەکات**

20221011214246439286=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە مردوویی ژیان دەکا.
واتای مەتەڵەکە دووپشکە، بەمردوویی ژیان دەکات، مەبەست لەوەیە کە دایکانەی دووپشک لەگەڵ ترووکانی گەراکانیدا، دایکەکە دەمرێ، چونکە هەموو بەچکە دووپشکەکان سکی دایکیان دەخۆن و دێنەدەررەوە، واتە: گەراکان هەم بەخواردنی سکی دایکیان گەشەدەکەن، هەم لەدایکدەبن، واتە: دایکیان خۆی دەمرێ بەڵام ژیان بە بەچکەکانی دەبەخشێ. وەڵام (دووپشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل20

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 505**

**بە منالّی سەوزی کالّە بە گەنجی سووری ئالّە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915213459520785

بە منالّی سەوزی کالّە
بە گەنجی سووری ئالّە
مرۆڤ لە تەمەنی منداڵییەوە تا پیریی چەند جارێک ڕەنگی پێستی گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات، بەهۆی تەمەن یان کەشوهەوا، ئەمە بۆ زۆر شتی تر ڕاستە، بە منداڵی سەوزی کاڵە، مەبەست لە تەماتەیە کە پێش قۆناغی پێگەشتن، ڕەنگی سەوزی کاڵە، بە گەنجی سووری ئاڵە، واتە کاتێک کە تەماتە پێدەگات، ڕەنگی سوور دەبێت، کەواتە گۆڕینی ڕەنگ بەپێی تەمەنە. وەڵام (تەماتە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل10

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 506**
**بە منداڵی بە چوار لاقە بە گەورەیی بە دوو لاقە بە پیریی بە سێ لاقە لەناو گیاندارانداتاکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213195212450756

بە منداڵی بە چوار لاقە، بە گەورەیی بە دوو لاقە
بەپیریی بە سێ لاقە، لەناو گیاندارانداتاکە
مەبەست لە گەشەی تەمەنی مرۆڤە، بە منداڵی چوار لاقە، (لاق: قاچ) واتە: منداڵ بە بچووکی لەسەر چوار پەل دەڕوا، بە گەورەیی دوو لاقە، واتە: مرۆڤ کە گەورە بوو، بە دوو قاچ دەڕوا، بەپیریی بە سێ لاقە، واتە: کەسی پیر بە دوو قاچ و گۆچانێک دەڕوا، تەنیا گیاندارە کە بەو شێوەیە بێت. وەڵام (گەشەی تەمەنی مرۆڤ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل34

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 507**
**بە منداڵی سپییە بە گەنجی سوورە بە پیری ڕەشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011221449439297

بە منداڵی سپییە
بە گەنجی سوورە
بە پیری ڕەشە

مەتەڵەکە مەبەستی لە تووترکە، (تووترک: بەری دەوەنێکی دڕکاوی کێوییە، لە قەراغی ئاو و چەمدا بە سرووشتی دەڕوێ) بە منداڵی سپییە، واتە کاتێک دەوەنی تووترک بەر دەردەکا، ڕەنگی سپییە، بەگەنجی سوورە، واتە: کاتێک بەرەو قۆناغی پێگەشتن دەڕوات، ڕەنگی سوو دەبێت، بە پیری ڕەشە، واتە: کاتێک تەواو پێدەگات، ڕەنگی ڕەش دەبێت. وەڵام (تووترک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل20

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 508**

**بە منداڵی ڕدێنی کەسکە بە جەحێڵی سۆرە کە پیردەبێ ڕەشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111202723457920

بە منداڵی ڕدێنی کەسکە
بە جەحێڵی سۆرە
کە پیردەبێ ڕەشە

مەبەست لە قۆناغەکانی گەشەی میوەی ترێیە، بە منداڵی ڕدێنی کەسکە، (ڕدێن: ڕیش. کەسک: سەوز) واتە: لە سەرەتادا کە بەرسیلە پێدەگات، ڕەنگی سەوزە، بە جەحێڵی سۆرە، (سۆر: سوور) بەرسیلە پێش قۆناغی پێگەشتنی ڕەنگی سوور دەبێت. کە پیر دەبێ ڕەشە، واتە: کاتێک ترێ پێدەگات، ڕەنگی ڕەش دەبێت. وەڵام (ترێ ڕەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل197.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 509**
**بە مو، لە بێ مو پەیدادەبێ، بێ مو، لە بە مو پەیدادەبێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220808105834427211



بە مو، لە بێ مو پەیدادەبێ، بێ مو، لە بە مو پەیدادەبێ.
بەمو مەبەست لە مریشکە بەتایبەت کاتێک کە جووچکە و گەنەمویەکی زەردی پێوەیە، دواتر دەوەرێ و لەجێگەیدا پەڕ دەردەکات، بێ مو، واتە: هێلکە کە ساف و لووس و بێ موە، هەروەها بێ مو، لە بە مو پەیدادەبێ ، واتە: هێلکە لە مریشک پەیدادەبێ. وەڵام (هێلکە و مریشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 510**
**بە هاران ئ‌ی شینە، هاوینان ئ‌ی وشکە، کەسیش بە ئ‌ێ وی ناژی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728100650425056



بە هاران ئ‌ی شینە، هاوینان ئ‌ی وشکە، کەسیش بە ئ‌ێ وی ناژی
بە هاران ئ‌ی شینە: واتە: لە وەرزی بەهاردا گەنم سەوز دەبێت و پێی دەوترێ: (قەرسیل) ، لە وەرزی هاویندا گەنم تەواوپێدەگا، گوڵەگەنمەکە زەرد دەبێت و وشک دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی یەکێکە لە خواردنە سەرەکییەکان، مرۆڤ ناتوانێت وازی لێبهێنێ. وەڵام (گەنم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 511**
**بە هاوین پۆشتە و پەرداخ بە زستان ڕووت و ڕەجاڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921213907435394

بە هاوین پۆشتەوپەرداخ
بە زستان ڕووتوڕەجاڵ
پۆشتەوپەرداخ: بۆ کەسێکە بەکاردێت کە لە جلوبەرگدا کەمووکورتی نەبێت، ڕووتوڕەجاڵ: بۆ کەسێکی بێبەرگی هەژار بەکاردێت. لە وەرزی هاویندا دار گەڵای پێوەیە بەڵام لە وەرزی زستاندا گەڵای دەوەرێ و دار وەک کەسی ڕووتوڕەجاڵ سەرما دەیبات. وەڵام (دار و درەخت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل16

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 512**

**بە هاوین و بە زستان، لێی دە بە کۆڵە مستان، سوێری دەکەین بە قەزوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728104421425063



بە هاوین و بە زستان، لێی دە بە کۆڵە مستان، سوێری دەکەین بە قەزوان
هەویر شێلان یەکێکە لە ئیش و کارەکانی ژنان کە لە گوندەکاندا بە هەرەوەز دەیکەن، هاوین و زستان: مەبەست لە دەستنیشان کردنی وەرزەکانی ساڵە کە لە هەموو وەرزەکاندا هەویر دەشێلرێ ، لێدە بە کۆڵەمستان: واتە: هەویر بە مست دەشێلرێ ، لەگەڵ ئەوەشدا بە قەزوان یان خوێ سوێردەکرێ. وەڵام (هەویر شێلان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 513**

**بە هاوین و بەزستان بووکە بارانەی زستان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011222347439301

بە هاوین و بەزستان
بووکە بارانەی زستان
بووکە بارانە: لە نەریتی کوردەواردا منداڵان ئەنجامی دەدەن، لە وەرزی پایزدا بەتایبەت ئەو کاتانە کە باران دوادەکەوێ، بۆ ئەوەی ببارێت، مەتەڵەکە مەبەستی لەوەیە کە خەڵکی جوتیار لە گوندەکاندا بە هاوین و بە زستان کڵاو دەکەنە سەریان وەک بووکی بووکە بارانە، بۆ ئەوەی خۆیان لە سەرما و گەرما بپارێزن. وەڵام (کڵاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان


QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل20

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 514**
**بە هاوینان بارندە بە تەورداسۆکی بڕیندە بە کوتکۆڵەی کوتیندە، خۆریندە هەر خۆریندە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806073718426761



بە هاوینان بارندە بە تەورداسۆکی بڕیندە
بە کوتکۆڵەی کوتیندە، خۆریندە هەر خۆریندە
بە هاوینان بارندە: مەبەست لە وەیە کە لە هاویناندا دار مازوو گەزۆ دەگرێ و وەک باری بەسەریدا وەهایە ، بە تەورداسۆکی بڕیندە: واتە: بە تەورداس پەلکی دارەکە دەبڕدرێ ، بە کوتکۆڵەی کوتیندە واتە: بە کوتکە دارێک دەتەکێندرێ ، خۆریندە هەر خۆریندە، واتە: ئینجا دەخورێ. وەڵام گەزۆ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 515**
**بە هەموو شوێنێکتا دەبات هیچ مەسرەفت لێناکات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125220738447709

بە هەموو شوێنێکتا دەبات
هیچ مەسرەفت لێناکات
مەبەستی مەتەڵەکە خەون و خەیاڵە، لەناو دنیای تایبەتیی هەر مرۆڤێکدا، دەروازەیەکی تایبەت هەیە دەچێتە ناو دنیای خەیاڵاتەوە، مرۆڤ لەو دنیا تایبەتەدا خاوەنی هەموو شتێکە تەنیا خۆی سەرورەرە، بە هەموو شوێنێکتا دەبات، مەبەست لە دنیان خەیاڵاتە، هیچ مەسرەفت پێناکا، مەبەست لەوەیە کە گەشتەکانی ناو خەیاڵ، تێچووی نییە. وەڵام (خەون و خەیاڵ) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13
کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 516**

**بە ڕووداوە و نهێنی پۆش، نهێنی خۆی دەدا بە تۆش بەڵام وەکو دووڕوو نییە، ڕازت بڵێ، جا هەر چییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908100954519629

بە ڕووداوە و نهێنی پۆش، نهێنی خۆی دەدا بە تۆش
بەڵام وەکوو دووڕوو نییە، ڕازت بڵێ، جا هەر چییە
مرۆڤە هۆشمەندەکان توانیویانە بە قەڵەم مێژووی هەموو مرۆڤایەتی و هەموو ڕووداو و داهێنانەکانی بنووسنەوە. واتە: قەڵەم ڕووداو و نهێنییە زۆر تایبەتییەکان تۆماردەکات، هەروەها وەک مرۆڤ دووڕوو نییە، پاشەملە باست بکات. وەڵام (قەڵەم) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل125

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 517**
**بە کەرێ و بە ماکەرێ بە جاشکی لەبەر کەرێ**

2022101214701439331=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بە کەرێ و بە ماکەرێ
بە جاشکی لەبەر کەرێ
چەند قاچیان هەیە
مەبەستی مەتەڵەکە بژاردنی قاچی کەرەکانە، بە کەرێ و بەماکەرێ، مەبەستی لە یەک کەرە کە دایکی جاشکەکەیە، هەم کەرە و هەم ماکەریشە، بە جاشکی لەبەر کەرێ، مەبەستی لە جاشکەکەیە، کە دەکاتە دوو کەر، بەرهەردووکیان هەشت قاچیان هەیە. وەڵام (هەشت قاچ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل24

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 518**

**بەئێشەوە بەمێشەوە، بەفەڨ و دەروێشەوە، پاژنەپێ لەپێشەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728101253425057



بەئێشەوە بەمێشەوە، بەفەڨ و دەروێشەوە، پاژنەپێ لەپێشەوە
مەبەستی لە کوللەیە کە قاچی بەپێچەوانەی هەموو زیندەوەرەکانەوەیە و پاژنەپێی لەپێشەوەیە، بەئێشەوە بەمێشەوە، ئەم نیوە دێرەی مەتەڵەکە زیاتر بۆ سەر لێشێواندن بەکارهاتووە، فەڨ و دەروێش مەبەستی لەو کەسانەیە کە نازانن چ شتێ پاژنەپێی لەپێشەوەیە. وەڵام (مەتەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 519**

**بەبێ دەست و پێ، بەڕێوەدەچێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009204751438879

بەبێ دەست و پێ، بەڕێوەدەچێ.
مەبەستی مەتەڵەکە مارە، (مار خشۆکێکی ژەهراوی ترسناکە لە کوردستان لە دەم چەم و کانیاوەکاندا هەیە)، واتە: مارە بۆ ڕۆشتن دەست و پێی نییە بەڵام توانای ڕۆیشتنی هەیە، وەک خشۆکێک دەتوانێ بڕوا. وەڵام (مار).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل15

کاتی تۆمارکردن: 09-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 520**

**بەبێ مێخ و گوریس وەکو ڕەشماڵ هەڵدراوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125213131447692

بەبێ مێخ و گوریس وەکو ڕەشماڵ هەڵدراوە.
مێخ: لە دار درووستدەکرێ و لە دەوری دەوار بە مێکوت بە زەویدا دادەکوترێ و گوریسی دەواری پێوە دەبەسترێ (فەرهەنگی شێخانی) مەبەستی مەتەڵەکە تەونی جاڵجاڵۆکەیە کە لە هەندێک جێگەی تایبەتیدا درووستیدەکات، داوەکانی بە پەنا و پەسێرەوە توندەکات، بێ ئەوەی وەک ڕەشماڵ پێویستی بە مێخ و گوریس بێت بۆ بەپێوە وەستان. وەڵام (تەونی جالجاڵۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل9

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 521**
## بەپێی خۆم دەچمەماڵی خەڵکی بەڵام بەپێی خەڵکی دەچمە ماڵی خۆم

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101192812455888

بەپێی خۆم دەچمە ماڵی خەڵکی، بەڵام بەپێی خەڵکی دەچمە ماڵی خۆم.
مەبەست لە مردوو و زیندووە، بە پێی خۆم دەچمە ماڵی خەڵکی، مەبەست لە کەسی زیندووە کە بەسەردان دەچێتە ماڵی دۆست و ئاشناکانی، بە پێی خەڵکی دەچمە ماڵی خۆم، مەبەست لە کەسی مردووە کە بە پێی خەڵکی دەبرێ بۆ گۆڕستان، چونکە گۆڕ کۆتا ماڵی مرۆڤە. وەڵام (مردوو و زیندوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل104.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 522**
**بەتەڕی بێتامە، بەوشکی بەتامە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927153942523604](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927153942523604)

بەتەڕی بێتامە، بەوشکی بەتامە.
مەبەست لە نانە، بەتەڕی بێتامە، مەبەست لەوەیە کاتێک کابانی کورد، هەویر دەشێلێت و دەیکاتەوە، بەهەویریی گەر بخورێت، تامی نییە، بەوشکی بەتامە، واتە: نان کاتێک کرایەوە و درا بە تەنووردا برژا، دواتر تام و لەزەتی خواردنی تەواونابێت.
وەڵام (نان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سنە
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل54
کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 523**
**بەتەڕی تێدەخەی، بەوشکی دەریدەکەی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009205614438882

بەتەڕی تێدەخەی، بەوشکی دەریدەکەی.
مەبەست لە پرۆسەی نانکردنە، بەتەڕی تێیدەخەی، واتە: هەویر شلە و دەکرێتەوە بەنان، لەگەڵ ئەوەدا تەڕە چونکە ئاردەکە بە ئاو شێلراوە، بەوشکی دەریدەکەی، واتە: کاتێک نانەکە دەدرێ بەتەنوورەوە، کەبرژا و تەواو وشک بووەوە، پاشان دەردەهێنرێت. وەڵام (نان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل16

کاتی تۆمارکردن: 09-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 524**
**بەجوانی پیرە، بەپیری جوانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925220036523412

بەجوانی پیرە، بەپیری جوانە.
مەبەست لە شێوەی دەرکەوتنی مانگە لە شەودا، بەجوانی پیرە، واتە: مانگ کاتێک پڕ بێت، واتە: هەموو ڕووی مانگ دەرکەوێت، دواتر وردەوردە بچووک دەبێتەوە، لە مەتەڵەکەدا بە پیر چووێنراوە، بەپیرێ جوانە، واتە: دەرکەوتنی هەموو ڕووی مانگ کە ڕووناکیی و جوانی پێدەبەخشی. وەڵام (مانگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل50


کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 525**
**بەچکە شیر دەدا بە دایکی**
[20221125213645447695=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125213645447695)

بەچکە شیر دەدا بە دایکی.
لەناو بیر و زانەکی مرۆڤدا، هەندێک وێنە تەواو جێگیرە، هەمیشە دایک لە بەچکەکەی گەورەترە، بەڵام لە پەندەکەدا ئەو وێنەیە پێچەوانەکراوەتەوە، بەچکە، مەبەست لە ئەو برە دارە بچووکانەیە کە دەکرێنە ناو کوورەی ئاگرەوە، بە بەچکە چووێنراون، هەروەها کوورەی ئاگریش بە دایک بەراوردکراوە، ئەو برە گەرمییەی کە لە ئاگری داری ناو کوورە پەیدادەبێت چووێنراوە بە شیر. وەڵام (کوورەی ئاگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل9

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 526**
**بەحری دوو ڕەنگ**

[20221224141830453880=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224141830453880)

بەحری دوو ڕەنگ.
مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، (بەحر: دەریا) مەتەڵەکە ئاماژەیە بۆ دەریای سوور و دەریای ناوەڕاست کە دوو دەریان بەهۆی چرِی ئاوەکانەوە تێکەڵنابن، بەڵام مەبەستی مەتەڵەکە هێلکەیە کە لە سپێنە و زەردێنە پێکدێ، دوو ڕەنگی جیاوازن و بە دەریای دوو ڕەنگ چووێنراوە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕوەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل8.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 527**

**بەحری دوو ڕەنگ نە شەپۆلی هەیە نە دەنگ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126150656447813](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126150656447813)

بەحری دوو ڕەنگ
نە شەپۆلی هەیە نە دەنگ
بەحر: دەریا، بەحری دوو ڕەنگ، مەبەست لە هێلکەیە، زەردێنە و سپێنەکەی دوو ڕەنگە، لە مەتەڵەکەدا بە دەریای دوو ڕەنگ چووێنراوە، ئاماژەیە بۆ دەریای ناوەڕاست و دەریای سوور، لەبەر چر تێکەڵ بەیەک نابن، نە شەپۆلی هەیە نە دەنگ، واتە: هیچ جووڵەیەکی نییە. وەڵام (هێلکە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل16

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 528**
**بەحری شینە و ئاوی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009210621438887

بەحری شینە و ئاوی نییە.
بەحر: دەریا، بە سرووشت ئاسمان لە ڕۆژدا و کاتێک ساماڵ بێت ڕەنگی شینە، شینیی ڕەنگی ئاسمان لە مەتەڵەکەدا بە شینیی ڕەنگی دەریا چووێنراوە. وەڵام (ئاسمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل16

کاتی تۆمارکردن: 09-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 529**

**بەحری شینە، دوو پاپۆڕی لێدابەزینە، یەک ئەسپە یەک مایینە**

20220728093407425049=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەحری شینە، دوو پاپۆڕی لێدابەزینە، یەک ئەسپە یەک مایینە
ئاسمان لە ڕۆژی ئاسایی و سامالدا ڕەنگی شینە، لە مەتەڵەکەدا بە دەریا چووێنراوە چونکە هەر دووکیان شینن، دوو پاپۆڕی لێدابەزیینە: مەبەستی لە مانگ و خۆرە کە بە ئەسپ و ماین ناوی بردوون. وەڵام (مانگ و خۆر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 530**

**بەحرە ئاوی نییە، شارە خانووی نییە، دارستانە داری نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728101949425058

بەحرە ئاوی نییە، شارە خانووی نییە، دارستانە داری نییە
مەبەست لە نەخشەیە، نەخشەی وڵاتانی جیهان، دەریاکانی تەنیا ڕەنگیان شینە ئاو یان تیانییە هەروەها شارەکان تەنیا وێنەن، خانوویان تێدا نییە، بەهەمان شێوە دارستانەکانیش سەوزن و داریان تێدا نییە. وەڵام (نەخشە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 531**
**بەخت خەتێ، پشت خێوەتێ**

2022100921082743888=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەخت خەتێ، پشت خێوەتێ.
مەبەست لە کارگە کە ژێر کڵاوەکەی، پەڕپەڕ و خەتخەتە، لە وەرزی بەهاراندا دوای باران بارین، لە پشت خێوەت یان دەوارەوە هەڵدەتۆقێ و دەڕوێت. هەر کەسێکی دەوارنشین بەختی هەبێت، دەیدۆزێتەوە و بۆ خۆی دەیخوات. وەڵام (کارک یان قارچک) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل16


کاتی تۆمارکردن: 09-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 532**
**بەخۆی بە بەردە سەد بەردی بارە بەخۆی بێ رووحە و رۆحباری سوارە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125205015447681](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125205015447681)

بەخۆی بە بەردە سەد بەردی بارە
بەخۆی بێ رووحە و رۆحباری سوارە
بۆخۆی بەردە، مەبەست لە نالی ئاژەڵی باربەرە لە کە مەتەڵەکەدا بەهۆی رەقییەوە بە بەرد چووێنراوە، لەگەڵ ئەوەدا شتێکی بێ رۆحە، سەد بەر سوارییەتی، مەبەست لە ئاژەڵی باربەرەوەک ئەسپ، کێشی ئەسپێک زۆر زیاترە لە ناڵێک کە لەسەری وەستاوە، وەڵام (ناڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل15](#)

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 533**
**بەخۆی نووستییە ئەسپی مردییە**
2022112520522644768=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەخۆی نووستییە
ئەسپی مردییە
بەخۆی نووستییە، مەبەست لە منداڵی ساوایە، ئەسپی مردییە، مەبەست لە بێشکە یان لانکەیە (لانکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دار درووست دەکرێ، منداڵی ساوا تا ساڵەوەختینەی تێدا دەخەوێنرێ) لانکە بە ئەسپی بەراوردکراو و منداڵێش بەسوار. وەڵام (لانکە و منداڵ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13
کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 534**

**بەخێشەوە بە مێشەوە بەخالقی دەروێشەوە پەنجەی ئەو لەپاشەوە، پاژنەی ئەو لەپێشەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213194200450746

بەخێشەوە بە مێشەوە بەخالقی دەروێشەوە
پەنجەی ئەو لەپاشەوە، پاژنەی ئەو لەپێشەوە
مەبەسی لە کوللەیە، (کوللە: گیانەوەرۆچکەیەکی باڵدارە و دەغڵودان دەخوا) بە خێشەوە بە مێشەوە بە خالقی دەروێشەوە، (خالق: درووستکەر) مەبەست لە خودایە کە هەموو شتێکی درووستکردووە، پەنجەی ئەو لەپاشەوە، پاژنەی ئەو لەپێشەوە، واتە: کوللە پاژنەی پێی لەپێشەوەیە و پەنجەی لەپاشەوەیە. وەڵام (کوللە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل35

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 535**

**بەدوازدە برا سێ دڵیان هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923103615435645

بەدوازدە برا سێ دڵیان هەیە.

مەبەست لە سێ میلی کاتژمێرە کە چرکە، دەقە و سەعات دەبڕێرن. وەڵام (میلی کاتژمێر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل19

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 536**
**بەدەوری پیر و پێشا بزن لەسەر گامێشا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009203413438876

بەدەوری پیر و پێشا
بزن لەسەر گامێشا
مەبەستی مەتەڵەکە کڵاش یان پێڵاوە، بەدەوری پیر و پێشا، واتە: لە هەمووکات و سەردەمێکدا، کەسی پیر یان گەنج کڵاش یان پێڵاو لەپێدەکات، بزن لەسەر گامێشا، پێی مرۆڤی بە گامیش و کڵاشیشی بە بزن بەراوردکردووە، وەڵام (کڵاش، پێڵاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل17
کاتی تۆمارکردن: 09-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 537**
**بەدەیان گێژەوی دەکەن بە سی و دووان هێرەی دەکەن**

[20221125220201447704=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1]

بەدەیان گێژەوی دەکەن
بە سی و دووان هێرەی دەکەن
گێژەو: خولانەوە یان بادان. مەبەست لە نانخواردنە بە دەست کە تام و چێژێکی تایبەتیی هەیە، بە دەیان گێژەوی دەکەن، مەبەست لە پەنجەکانی دەستە کە پاروی پێدەکرێت، بە سی و دووان هێرەی دەکەن، مەبست لە ددانەکانی دەمی مرۆڤە کە خواردنی پێدەجوورێ. وەڵام (نانخوادن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 538**

**بەدەیان هەڵی دەگری بە پێنجان تێیداوێ بە سی و دوو دەیهاڕێ بەیەکی مالوو دەکرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122211605447127

بەدەیان هەڵی دەگری، بە پێنجان تێیداوێ
بە سی و دوو دەیهاڕی، بەیەکی مالوو دەکرێ
بە دەیان هەڵیدەگری، مەبەست لە نانخواردنە بە دە پەنجەکەی دەست، بە پێنجان تێیداوێ، مەبەست لە پێنج پەنجەکەی دەستە کە پارووی پێدەکرێ و دەخرێتە دەمەوە، بە سی و دوو دەیهاڕێ، مەبەست لە ددانەکانی دەمە کە خواردنی پێدەجوورێ، بە یەکی مالووی دەکەی، مەبەست لە زمانە کە ئەم دیو ئەو دیوی خواردنی پێدەکرێ. وەڵام (پاروو گلاندن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل9

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 539**
**بەر پەراسووی پشت کولێرە گەر هەری بێنی دەنگت دلێرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126134937447777

بەر پەراسووی پشت کولێرە
گەر هەری بێنی دەنگت دلێرە
مەبەستی مەتەڵەکە کارگە کە بەشێوەیەکی سرووشتی لە وەرزی بەهاردا دوای هەورەبرووسکە دەڕوێت، سرووشتی کارگ وایە کەڵلەیەکی پانی گەورەی هەیە بە کولێرە بەراوردکراوە، هەروەها ژێرەکەیش پەڕپەڕە بە پەراسوو چووێنراوە. وەڵام (کارگ) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل15

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 540**
**بەر چووکەی قالب مەزن، ئەگەر نەزانی ببیە بزن**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730120312425509



بەر چووکەی قالب مەزن، ئەگەر نەزانی ببیە بزن
بەر چووکە: مەبەستی لە گوێزە کە قەبارەی بەرەکەی بچووکە، قەلب مەزن: مەبەست لە داری گوێز کە قەبارەیەکی گەورەی هەیە، ئەگەر نەزانی ببیە بزن: وەکوو سزایەک بەکارهاتووە، بۆ ئەو کەسانەیە کە مەتەڵەکە نازانن، پێویستە بەجوانی بیری لێبکەنەوە. وەڵام گوێز. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 541**
**بەر خەت خەتێ پشت خێوەتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220922170706435526

بەر خەت خەتێ
پشت خێوەتێ
مەبەست لە قارچکە کە دیوی ژێرەوەی خەت خەتە، دیوی سەرەوەی واتە: کڵاوی قارچک، وەک خێوەت یان دەوار چەماوەیە. وەڵام (قارچک).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل18


کاتی تۆمارکردن: 22-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 542**
**بەر لە دایک و باوک ڕیشی چەرمگ دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925215632523410

بەر لە دایک و باوک ڕیشی چەرمگ دەکا.
چەرمگ: ڕەنگی سپی (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەبەست لە لۆکەیە، (لۆکە: لە ڕووەکی لۆکەوە بەرهەم دێت، لە قۆزاخەیەکدایە کە پێدەگات، دەتەقێ و لۆکەکەی دێتەدەر) ، واتە: پێش ئەوەی ڕووەکی لۆکە پیر ببێت، قۆزاخەکە لۆکەی سپی لێدێتەدەر، لە مەتەڵەکەدا لۆکە بە ڕیشی سپی بەراوردکراوە. وەڵام (لۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل47

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 543**

**بەر هەسانی پشت خوری بەڕۆژ تێرە و بەشەو برسیی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122204137447115

بەر هەسانی پشت خوری
بەڕۆژ تێرە و بەشەو برسیی
هەسان: جۆرە بەردێکی چیایی سەخت و لووسە، بۆ تیژکردنی تیغ بەکاردێت (فەرهەنگی خاڵ) بەر هەسانی پشت خوری، مەبەستی لە کڵاشە کە ژێرەکەی وەک هەسان لووسە، بەتایبەتیی دوای ماوەیەک لەپێکردن، سەرەکەشی ڕێسراوێکی سپییە وەک خوری. بەڕۆژ تێرە و بەشەو برسی، واتە: بەڕۆژ لەپێدەکرێ و بەشەو لەپێناکرێ. وەڵام (کڵاش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 544**
**بەر هەسانی پشت خوری، گەر نەیزانی لەبەرم مری**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821085633429391



بەر هەسانی پشت خوری
گەر نەیزانی لەبەرم مری
هەسان: جۆرە بەردێکی چیایی سەخت و لووسە، بۆ تیژکردنی تیغ بەکاردێت (فەرهەنگی خاڵ) بەر هەسانی پشت خوری، مەبەستی لە کڵاشە کە ژێرەکەی وەک هەسان لووسە، بەتایبەتیی دوای ماوەیەک لەپێکردن، سەرەکەشی ڕێسراوێکی سپییە وەک خوری. گەر نەیزانی لەبەرم مری (لەبەشە شیوەزاری موکریان لەبەرم مری: واتە بەقوربانم بی) واتە: گەر وەڵامی مەتەڵەکەت نەزانی، بەقوربانم بیت. وەڵام (کڵاش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 545**
**بەر هەسانی پشت قورئان**

2022100920502543880=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەر هەسانی پشت قورئان.
هەسان: جۆرە بەردێکی لووسی چیاییە، تیغ یان چەقۆی پێ تیژ دەکرێ (فەرهەنگی خاڵ) بەر هەسان، مەبەست لە کارگە کە بە شێوەیەکی سرووشتی دەڕوێت، کڵاوی کارک لووسە و بە بەرد هەسان چووێنراوە، پشت قورئان، ژێر کڵاوی کارک پەڕ پەڕە وەکوو پەڕەی قورئان. وەڵام (کارگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل18
کاتی تۆمارکردن: 09-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 546**
**بەرازی نابەراز چل گەزی کراس**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917215123521169

بەرازی نابەراز
چل گەزی کراس
بەراز: ئاژەڵێکی کێوی گیاخۆرە، ڕەگی دار و دەوەن دەخوات و زەوی و زار وێران دەکات، بەراز ملی نییە، جەستەی خڕ و خۆشە و لە مەتەڵەکەدا بە پیاز چووێنراوە، چل گەزی کراس، (گەز: برێکی پێوانەییە، لە مەتر کەمترە) مەبەست لە توێکڵی توی توێی پیازە. وەڵام (پیاز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل14

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 547**
**بەرانێکم هەیە لە دەشتەکی پنۆک پنۆک لە پشتی هەرچی لێینەدا ناچێتە بەهەشتی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012205802439415](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012205802439415)

بەرانێکم هەیە لە دەشتەکی
پنۆک پنۆک لە پشتی
هەرچی لێینەدا ناچێتە بەهەشتی
بەران: مەڕی نێری چوار ساڵ (فەرهەنگی خاڵ) مەبەستی مەتەڵەکە دووپشکە، پنۆک پنۆک لە پشتی، مەبەست لە کلکی دووپشکە لەسەر پشتییەتی، بەهۆیەوە بە نێچیرەکانییەوە دەدات، هەرچی لێینەدا ناچێتە بەهەشتی، واتە: هەرچی بینی و نەیکوژێت کارێکی خراپ دەکات. وەڵام (دووپشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل25

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 548**
**بەرخۆلەی سەر چیا، نایهێڵێ پچکە گیا**

20220730111930425498=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



بەرخۆلەی سەر چیا، نایهێڵێ پچکە گیا
بەرخۆلەی سەر چیا: مووس یان گوێزانی ڕیش تاشین، ئەو ئامێرەیە کە بۆ سەر و ڕیشتاشین بەکاردێ ، بەرخۆلە مەبەستی لە مووسە، سەر چیا واتە: سەری مرۆڤ، نایهێڵێ پچکە گیا، واتە: قژی سەری مرۆڤ کە بە مووس دەتاشرێ. وەڵام مووسی سەرچاککردن. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 549**
**بەرخەر چەمیی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207141639449548

بەرخەر چەمیی.
بەرخ: بە بەچکەی مەڕ دەوترێ کە تەمەنی کەمتر لە ساڵێک بێت. مەبەستی مەتەڵەک ماسییە کە بەبەرخ چووێنراوە، چەمیی، مەبەست لە چەم یان ڕووبارە کە ژینگەیەکی تایبەتیی و گونجاوە بۆ ئەوەی گیانەوەری ماسی تێدا بژیی، بەرخە چەمی مەبەست لە ماسی ناو ئاوە. وەڵام (ماسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل48

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 550**

**بەردی سپیم هەیە هەڵدەپەڕێ لە ئاسمان دێ و لە زەوی دەمرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122211009447126

بەردی سپیم هەیە هەڵدەپەڕێ
لە ئاسمان دێ و لە زەوی دەمرێ
بەردی سپی، مەبەست لە تەرزەیە کە وەک بەرد سپییە، هەڵدەپەڕی، مەبەست لە کاتی بارینی تەرزەیە لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی، لە ئاسمان دێ و لە زەوی دەمرێ، واتە: تەرزە لە ئاسمانەوە بەردەبێتەوە بۆ سەر زەوی و لەسەر زەوی دەتوێتەوە.
وەڵام (تەرزە). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل9

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 551**
**بەردێکە ڕەش و سووتاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907125350432728

بەردێکە ڕەش و سووتاو
بەکاری دێنن بۆ چاو
لەپێش بەکارهێنانی
وردی دەکەن بەجوانی
چیلکە داریٚ ڕێک و جوان
لووس و بیٚ گریٚ و زیان
بە زمان تەڕی دەکەن
لەناو ئەو شتەی دەکەن
چیلکەکەش لێی هەڵئەگریٚ
بۆ ئەو چاوە ئەرێژریٚ
منالّی کۆرپە و ژنان
بۆ برۆ و ژێر برژانگیان
ئەو ڕەشییە بەکاردێنن
تا جوانتر خۆ بنوێنن
ئەو بەردە هاڕراوە
بدۆزەوە چی ناوە
وەڵام (کل) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکووک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 552**
**بەردە سپیلکەی ئەوبەری چۆمی چییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224134847453862

بەردە سپیلکەی ئەوبەری چۆمی، چییە؟
مەبەست لە ددانی دەمی مرۆڤە، بەردە سپیلکە، لەدەم چەم و ڕووبارەکاندا هەیە، مەبەست لە ددانی مرۆڤە لە ڕەنگی سپێتیدا بە بەردی سپی قەراغ چەم چووێنراوە، ئەوبەری چۆمی، مەبەست لە شوێنی ددانە کە لەناو دەم دایە، وەکوو شوێن بە بەردی ئەوبەری قەراغ ڕووبار چووێنراوە. وەڵام (ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل8.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 553**
**بەردە و بەرد نییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921215244435398](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921215244435398)

بەردە و بەرد نییە
گیاخۆرە و کەر نییە
هێلکە دەکا، مریشک نییە
مەبەست لە کیسەڵە کە سەر و بن و ئەم لاو ئەو لای، بە قەپاغێکی ڕەق ڕووپۆش کراوە، بۆ پارێزگاری کردن لێی، گیاخۆرە کەر نییە: واتە؛ کیسەڵ وەک کەر گیاخۆرە. هێلکە دەکات مر نییە، (مر: مریشک) واتە: وەک مریشک هێلکەکەرە. وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل16

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 554**

## بەردەستیی کەپوو درێژ، پێویستە بۆ دەست نوێژ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009202935438874

بەردەستیی کەپوو درێژ
پێویستە بۆ دەست نوێژ
کەپوو: لووت، کەپوو درێژ واتە مەسینە: لوولێنەیەکی مس، حەوجۆش، تەنەکە یان نایلۆنە (فەرهەنگی خاڵ) دەسکێکی پێوەیە لەگەڵ لوولەیەکی درێژ، بەردەوام لەپێشاودا پڕ دەکرێت لە ئاو، بەر دەستی کەپوو درێژ. مەبەست لە مەسینەیە، پێویستە بۆ دەست نوێژ، لەپێشاودا بۆ دەستنوێژ گرتن بەکاردێت. وەڵام (مەسینە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل17

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 555**

**بەردەک لەسەر بەردەک تەیرەک دەخوێنێ کە قۆرتەک کونی قونی لە ناوەند**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221123223706447402

بەردەک لەسەر بەردەک
تەیرەک دەخوێنێ کە قۆرتەک
کونی قونی لە ناوەند
مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە، (ئاش: ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، بۆ هاڕینی دانەویلە بەکاردێ) . بەردەک لەسەر بەردەک، مەبەست لە بەرداشی ئاشە کە دوو بەردی تەختی گەورەن لەسەر یەک، تەیرەک دەخوێنی لە قۆرتەک، مەبەست لە دەنگی بەرداشی ئاشە لەکاتی هاڕیندا، کونی قونی لە ناوەند، مەبەست لە کونی سەربەرداشە کە لەناوەڕاستی بەرداشەکەدایە، لەوێوە دانەوێڵەی تێدەکرێ بۆ هاڕین. وەڵام (ئاش). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل11

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-23

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 556**

**بەردەکا لەسەر بەردەکی تەیرەک دەخوێنێ لە کۆرتەکی کونی قونی لە ناوکی**

20221012210051439419=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەردەکا لەسەر بەردەکی
تەیرەک دەخوێنێ لە کۆرتەکی
کونی قونی لە ناوکی

مەبەستی مەتەڵەکە دەستارە، (دەستار: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێ) بەردەکا لەسەر بەردەکی، واتە: هەردوو بەردی دەستارێ کە سەر دەستار و ژێر دەستاری پێدەوترێ، تەیرەک دەخوێنێ لە کۆرتەکی، مەبەست لەو دەنگەیە کە لەکاتی هاڕینی دانەوێڵەدا دێت بە دەستار، کونی قونی لە ناوکی، مەبەستی لەو کونەیە کە لەناو ڕاستی بەردی سەر دەستاردا هەیە. وەڵام (دەستار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل25

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 557**

**بەرز و باریکە تووڵە و تاریکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908100616519627

بەرز و باریکە
تووڵە و تاریکە
مەبەستی مەتەڵەکە لوولەی تفەنگە، مێژووی تفەنگ لە کوردستان لە سەدەیەک تێناپەڕێت، هەموو چەکێکیش کە فیشەکی پێ بتەقێت، لوولەیەکی درێژی هەیە، بەرز و باریکە، مەبەست لە لوولەی تفەنگە، تووڵە و تاریکە بەهەمان شێوە وەسفی لوولەی تفەنگ دەکات. وەڵام (لوولەی تفەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل124

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 558**
**بەرز و پێسەو چناری ترشا پێسەو هەناری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013192016526019

بەرز و پێسەو چناری
ترشا پێسەو هەناری
وەڵام (ریواس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل26

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 559**
**بەرزە وەک چنار، ترشە وەک هەنار، سەوزە وەک خەیار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728110516425069



بەرزە وەک چنار، ترشە وەک هەنار، سەوزە وەک خەیار
نیوە دێڕی یەکەم بەرزە وەک چنار: مەبەستی لە داری لیمۆیە، کە دارێکی بەرزە، ترشە وەک هەنار: واتە: میوەی لیمۆ وەک هەنار تامی ترشە، سەوزە وەک خەیار: مەبەستی توێکڵی لیمۆکەیە کە ڕەنگی سەوزە لەگەڵ ئەوەشدا لیمۆی زەردیش هەیە.
وەڵام (لیمۆ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 560**
**بەرزە وەک چنار، چەوتە وەک شیلان ئامۆزای دیو و جن، برازای شەیتان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908100805519628

بەرزە وەک چنار، چەوتە وەک شیلان
ئامۆزای دیو و جن، برازای شەیتان
مەتەڵەکە وەسفی جەستەی مار دەکات، بەرزە وەک چنار: مەبەست لە جەستەی مارە، کاتێک ئاشقەوماشەی مار یەکدەگرن، وەک چنار بەدەوری یەکدا بەرز دەبنەوە، چەوتە وەک شیلان، شیلان: جۆرێک گوڵی دڕکاوییە (فەرهەنگی کانی) دەچەمێتەوە، جەستەی ماریش کە بەڕێگەدا دەڕوات، دەچەمێتەوە. هەروەها لە ئەفسانە گەلی کوردەواردا مار بە دێو و درنج و خراپەکار ناسێنراوە. وەڵام (مار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرتیفی، سنە. 1389. ل124

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 561**
**بەرزە وەک چنار، شیرنە وەک هەنار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921204436435367

بەرزە وەک چنار
شیرنە وەک هەنار
داری چنار بە سرووشت باڵای بەرزە، بەرزە وەک چنار مەبەستی لە داری هەنجیرە کە لەبەرزیدا بە چنار بەراوردکراوە.
شیرینە وەک هەنار، واتە: میوەی هەنجیر وەک هەنار تامی شیرینە، وەڵام (هەنجیر) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل14

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 562**
**بەرگی زەعفەران نام لە ئێسران بردم بۆ کافران**

20221009201406438867=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەرگی زەعفەران
نام لە ئێسران
بردم بۆ کافران
زەعفەران: ڕەنگی زەردە و لە مەتەڵەکەدا بەزەردی تووتن بەراوردکراوە، نام لە ئێسران: واتە: کاتێک تووتن پێدەگات خۆشدەکرێت، جوتیار لە ئێستری دەنێ و بە مەبەستی سەودا دەبیات بۆ شار، بردم بۆ کافران، واتە: لەشار فرۆشتم بە کەسی خراپ، چونکە کێشانی تووتن لای خەڵکی، کەسی خراپ دەیکێشێ. وەڵام (توتن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی


وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل17

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 563**
**بەرمیلی کەپوو درێژ، پێویستە لە بۆ دەست نوێژ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730121004425511



بەرمیلی کەپوو درێژ، پێویستە لە بۆ دەست نوێژ
بەرمیلی کەپوو درێژ: مەبەست لە مەسینەیە، ئاوی تێدەکرێ، چووێنراوە بە بەرمیل، کەپوو واتە: لولەی مەسینە کە شیوەکەی دریژە، ئاوی لیوە ڕەت دەبێ، پێویستە لە بۆ دەست نوێژ واتە: وەک پێویستییەک لە سەرئاودا بەکاردێ بۆ دەست نوێژگرتن. وەڵام مەسینە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 564**
**بەرهەسانی پشت خوری بەڕۆژ تێرە، بەشەو برسی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012115221439333

بەرهەسانی پشت خوری
بەڕۆژ تێرە، بەشەو برسی
هەسان: جۆرە بەردێکی چیایی سەخت و لووسە، بۆ تیژکردنی تیغ بەکاردێت (فەرهەنگی خاڵ) بەرهەسانی پشت خوری، مەبەستی لە کڵاشە کە ژێرەکەی وەک هەسان لووسە، بەتایبەتیی دوای ماوەیەک لەپێکردن، بەڕۆژ تێرە و بەشەو برسی: واتە: بەڕۆژ لەپێدەکرێ و بەشە دادەنرێت. وەڵام (کڵاش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل24

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 565**
**بەرهەمی لە عەرزە، خۆی لە ئاسمانە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925215819523411](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925215819523411)

بەرهەمی لە عەرزە، خۆی لە ئاسمانە.
عەرز: زەوی. مەبەست لە چرایە، (چرا: لە کوردەواردا لە ژووردا لە شوێنێ بەرز هەڵدەواسرێت، ڕووناکییەکەی دەگاتە سەرزەوی ژوورەکە) ، بەرهەمی لە عەرزە، مەبەست لە ڕووناکی چرایە، خۆی لە ئاسمانە، مەبەست لە چراکەیە کە بە دیواردا هەڵواسراوە. وەڵام (چرا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 566**
**بەری پەڕپەڕانە پشتی لووس و جوانە ئەگەر هەڵیبێنی چەندە ئاسانە**

202212131955506450757=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەری پەڕپەڕانە پشتی لووس و جوانە
ئەگەر هەڵیبێنی چەندە ئاسانە
مەبەست لە کارگە، بەری پەڕەڕانە، واتە کارک بەری ژێرەوەی پەرپەرە، پشتی لووس و جوانە، مەبەست لە کڵاوی قارچکە کە ساف و لووسە، ئەگەر هەڵیبێنی چەندە ئاسانە، واتە: وەڵامی مەتەڵەکە زۆر ئاسانە، دەبێت گوێگر بیزانێت. وەڵام (کارگ) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل34

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 567**

**بەری دارە بۆ منداڵی هەژارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915214635520788

بەری دارە
بۆ منداڵی هەژارە
مەبەست لە بنێشتی کوردییە، (بنێشتی کوردیی بەری دارەبەنە، دارەبەن دارێکی کوێستانییە، لە کوردستان لە ناوچە چیاییەکان هەیە، لە وەرزی هاویندا، گوندنشینان برینداری دەکەن و بنیشت دەردەدات) ، بەری دارە، مەبەست لە بنیشتی کوردییە، کە منداڵانی هەژار دەیجوون. وەڵام (بنێشت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل8

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 568**
**بەری گەڵایە شیرینە دایە وەک حەڵوایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224131711453839

بەری گەڵایە
شیرینە دایە
وەک حەڵوایە
مەبەست لە گەزۆیە، (گەزۆ: شیرینییەکی سرووشتیی ڕەنگ سپییە، لە وەرزەکانی بەهار و هاویندا دەنیشێتەسەر گەڵای دار. فەرهەنگی خاڵ) بەری گەڵایە، مەبەست لە گەزۆیە کە لەسەر گەڵای دار دەنیشێ، شیرینە دایە، واتە: تامی گەزۆ شیرینە، وەک حەڵوایە، (حەڵوا: خواردەمەنییەکە لە ئارد، ڕۆن یان دۆشاو لەگەڵ شەکر درووستدەکرێ، شلوملە و بۆ خواردن نەرمە. فەرهەنگی خاڵ) وەک حەڵوایە، واتە: وەک حەڵوا نەرم و شلە. وەڵام (گەزۆ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل8.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 569**
**بەری لە بەحرانە پشتی لە کێوانە خواردنی خەلەوخەرمانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121215139446933

بەری لە بەحرانە
پشتی لە کێوانە
خواردنی خەلەوخەرمانە
بەر: پێش، لەبەشە شێوەزاری موکریان بەکاردێ، بەری لە بەحرانە، مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە کە لە بەردەم چەم و ئاودا دروستدەکرێ، بۆ ئەوەی ئاشەکەی پێبگەڕێ، پشتی لە کێوانە، واتە: لە بناری کێودا دروستدەکرێ، خواردنی خەلەوخەرمانە، واتە: دانەوێڵە دەهاڕێ. وەڵام (ئاشێ ئاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا ل8
کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 570**

**بەری هەسانە پشتی خووری سا هەڵیبێنە کێ بۆ تۆی دووری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213195827450758

بەری هەسانە پشتی خووری
سا هەڵیبێنە کێ بۆ تۆی دووری
مەبەست لە کڵاوی شوانە، (کڵاوی شوان: لە خووری بەرگن دروستدەکرێ، شوێنی سەرەکەی قووڵ و درێشکۆلەیە، قەراغەکانی گەورەن، بۆ ئەوەی باران تەڕی نەکات) بەری هەسانە پشتی خووری، واتە: کڵاوی شوان لە خووری بەرگن دروستدەکرێت و ناوەکەی لووسە، سا هەڵیبێنە کێ بۆی دووری، واتە: هەلاجەکان درووستی دەکەن، بەتایبەتیی ئەوانەی پەستەک و لباد درووستدەکەن. وەڵام (کڵاوی شوان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل36

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 571**
**بەرەو بایە ڕوو لە خوایە**

2022100920370443887=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەرەو بایە
ڕوو لە خوایە.
کۆلارە یەکێکە لەو یاریانەی منداڵی کورد بە کاغەز و داو درووستی دەکات، کۆلارە بە با ڕووە و ئاسامن بەرزدەبێتەوە، واتە گەر بای نەبێت، بەرزنابێتەوە. وەڵام (کۆلارەی منداڵان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل17

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 572**

**بەرەوخوار ئەچێ بەرەکی توونت ئەبێ بەرەوژوور ئەچێ، پاڵووی توونت ئەبێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925092223523272

بەرەوخوار ئەچێ بەرەکی توونت ئەبێ
بەرەوژوور ئەچێ، پاڵووی توونت ئەبێ
بەرەک: مەبەست لە بەشی پێشەوەی کڵاشە، (کڵاش: جۆرێک پێڵاوی کەلەپووری کوردییە، سەرەکەی بە خووری دەچنرێت و ژێرەکەشی پەڕۆیە) ، بەرەوخوار ئەچێ، بەرەکی توونت ئەبێ، واتە: ئەو کەسەی کڵاشی لە پێدایە، کاتێک لە جێگەیەکدا بەرەوخوار دەڕوات، پێشی کڵاشەکە پێی ئەزێت دەدات، بەرەوژوور ئەچێ، پاڵووی توونت ئەبێ، واتە: کەسێک بە جێگەیەکی بەرەوژووردا بڕوات، پاژنەی پێی لە کڵاشدا ئەزێتی دەبێت. وەڵام (پێڵاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-25

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 573**
**بەژنی باریک شەوی تاریک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101184912455877

بەژنی باریک
شەوی تاریک
مەبەست لە تفەنگی بڕنەوە، (برنەو: جۆرێک تفەنگە کاری شارێکە بەوناوە. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) بەژنی باریک، بە بڕنەو دەوترێ کە قەدێکی باریک و درێژی هەیە، شەوی تاریک، لە کوردەواردا بەشەو چەک جووڵەی پێدەکرێت بۆ تۆڵەسەندنەوە لە دوژمن، چونکە کورد دەڵێت: شەو قەڵای مێردانە. وەڵام (تفەنگی بڕنەو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل91.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 574**

**بەساردیی شلە، بەگەرمیی توندە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923101942435638

بەساردیی شلە
بەگەرمیی توندە.
هێلکە بەکاڵی شل و ملە، بەڵام بە گەرم کردن یان کوڵاندن لە ئاودا، توند دەبێتەوە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل18

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 575**
**بەساغی مەلایە بەشکاوی حاجییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011135711525578

بەساغی مەلایە
بەشکاوی حاجییە
مەلا: بە پیاوی ئایینی ئیسلام دەوترێت کە مەندیلی سپی لەسەردەنێن. حاجی: بە موسوڵمانێک دەوترێت کە چووبێت بۆ حەج و کەشیی زەرد لە کەمەری دەبەستێت، بەساغی مەلایە، مەبەسی لە هێلکەیە کە ڕەنگی سپییە و بە مەندیلی مەلا چووێنراوە، بەشکاوی حاجییە، مەبەست لەوەیە کە هێلکە دەشکێت، زەردێنەکەی دێتەدەر و بە کەشی حاجی چووێنراوە.
وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 91

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 576**
**بەسێ زیندوو مردوویەکیان هەڵگرتووە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807165136427073



بەسێ زیندوو مردوویەکیان هەڵگرتووە.
مرۆڤی ئاسایی هەر دەستێکی پێنج پەنجەی هەیە، دەتوانێت شتی پێبگرێت یان هەڵگرێ بەڵام بۆ کرداری نووسین، تەنیا پێویستی بە سێ پەنجەی هەیە، سێ زیندوو: مەبەستی لە سێ پەنجەی دەستە، مردوو واتە: پێنووس، بەگشتی مەبەستی لە سێ پەنجەی دەستە کە لە کرداری نووسیندا پێنووسی پێدەگیری. وەڵام پەنجە و قەڵەم. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 07-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 577**

**بەسەد برا ڕیخۆڵەیەکیان هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825073937430190

بەسەد برا ڕیخۆڵەیەکیان هەیە.
مەبەستی سەرەکی مەتەڵەکە تەزبیحە (تەزبیح یان تەسحیب: لە کوردستاندا لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە بوونی هەیە، بە زۆری لە دەنکی قەزوان، خڕنووک و ناوکی زەیتوون درووستکراوە) دەنک یان ناوکەکان کونکراون و بەپەتەوە کراون، ژمارەیان سەد دەنک یان زیاترە، بە سەد برا ڕیخۆلەیەکیان هەیە واتە: دەنکەکانی تەسبیح چووێنراون بە برا و پەتەکەش کە پێی هۆنراوەتەوە بە ڕێخۆڵە. وەڵام (تەزبیح) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل26

کاتی تۆمارکردن: 25-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 578**
**بەسەر ئاوێدا ڕادەچێ و تەڕنابێ**

2022090616385643245 4=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەسەر ئاوێدا ڕادەچێ و تەڕنابێ.
ڕادەچێ: پێدارۆشتن یان ڕۆشتن بە شوێنێکدا، بەسەر ئاوێدا ڕادەچێ واتە: بەسەر ئاودا دەڕوات و تەڕنابێت، مەبەست لە سێبەرە، هەموو ڕووبارەکان لە کوردستان بەنێوانی چیا و گردەکاندا دەڕۆن، سێبەری چیاکان دەکەونە سەری ئاوی چەمەکان، سێبەرکان تەڕنابن، چونکە شتی ماددی نیین. وەڵام (سێبەر) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل121

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 579**
**بەسەر ئەسپە، بەپێ مندالە، لە تیر هاویشتندا ڕۆستەمی زاڵە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730111017425494



بەسەر ئەسپە، بەپێ مندالە، لە تیر هاویشتندا ڕۆستەمی زاڵە
سیچڕ مەبەستی مەتەڵەکەیە کە گیانلەبەرێکی کێوییە، سەری لە ئەسپ دەچێ، دەست پێیەکانی خڕوخەپانن، لە هێی مندال دەچێ، لە تیر هاویشتندا ڕۆستەمی زاڵە، مەبەستی لەوەیە کە سیچڕ بڕێکی زۆر سیخی دڕکاوی پێوەیە کە بۆ خۆپاراستن بەکاری دێنێ. وەڵام سیچڕ.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 580**

**بەسەر بەردە بە پێ ڕێبوارە بەنەفس کافرە مەبەسی لە وەسفی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125202943447674

بەسەر بەردە
بە پێ ڕێبوارە
بەنەفس کافرە
مەبەسی لە وەسفی ناخ و ڕووخساری مرۆڤە، بەسەر بەردە، واتە: مرۆڤ بە سرووشت سەری ڕەقە، بەڵام لە ناخدا چەندین کەسی کەڵلە ڕەقمان هەیە کە تەنیا قسەی خۆی پێڕاستە، بە پێ ڕێبوارە: مرۆڤ بە پێ دەڕوات، بە نەفس کافرە، واتە: حەز و ئارەزووی دەچێتە هەموو شتێک. وەڵام (مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا ل15

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 581**
**بەسەر پیرێژن بە چنگ مناڵە بە پشتی ڕۆستەم نەتەوەی زاڵە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817061602428758](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817061602428758)



بەسەر پیرێژن بە چنگ مناڵە
بە پشتی ڕۆستەم نەتەوەی زاڵە
مرۆڤ کە دەکەوێتە تەمەنەوە، کەمێک جوانی لەدەست دەدا و پیر دەبێت، دەموو چاوی سیچڕ وەک بەتەمەنێک دەردەکەوێ، چووێنراوە بە دەموچاوی پیرێژن، بە چنگ مناڵە: دەست و مەچەکی سیچڕ سپێ و خڕوخەپانە وەکوو هی منداڵ، بە پشتی ڕۆستەم (ڕۆستەم: کەسایەتییەکی ناو ئەفسانەی کوردییە، پیاوێکی ئازای شیر بە دەستە) شیری دەستی ڕۆشتەم لە تێژیدا، چووێنراوە بە سیخی پشتی سیچڕ، نەتەوەی زاڵە واتە: لە جەنگدا هەمیشە سەردەکەوێت. وەڵام (سیچڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 582**
**بەسەر کافرە بە پێ مندالە بەتیر و کەوان ڕۆستەمی زاڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009202618438872

بەسەر کافرە، بە پێ منداڵە
بەتیر و کەوان ڕۆستەمی زاڵە
مەبەست مەتەلەکە ئاژەڵی ژیشکە، بەسەر کافرە، واتە: لە تەنگانەدا سەری دەباتەوە ژێر خۆی، بە پێ منداڵە، واتە پێێ وەکوو هی منداڵ باریک و بچووکە، بەتیر و کەوان ڕۆستەمی زاڵە، مەبەستی لە دڕکە تێژەکانی پشتییەتی کە بە تیری ڕۆستەمی زاڵ بەراوردکراوە. وەڵام (ژیشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل18

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 583**
**بەشەش لاق بە لاقێکیدا شەرعی وڵاتێکیدا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012115948439336

بەشەش لاق بە لاقێکیدا
شەرعی وڵاتێکیدا
مەبەست لە تەرازووی کوردەوارە، کە پێکدێ لە دوو تا، هەریەکەیان بە سێ داوی بەنی بەهێز بەستراو بە دارێکەوە، لەسەرەوە کە دارەکە بەرز دەکرێتەوە، دوو تاکە ڕێکدەوەستێ، بۆ کێشانە کەلوپەل بەکاردێت، بەشەش لاق بەلاقێکدا، مەبەستی لەو شەش داوەیە کە دووتای تەرازووی پێوە دەبەسترێ، شەرعی وڵاتێکیدا، واتە لەناو وڵاتدا لەسەودادا دادپەروەری پێدەکرێت. وەڵام (تەرازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل23

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 584**
**بەشەو ئاوسە و بەڕۆژ ئەستەوێر لە ماڵی میر و مالا و مجەوێر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221125212347447690

بەشەو ئاوسە و بەڕۆژ ئەستەوێر
لە ماڵی میر و مالا و مجەوێر
ئەستەوێر: ئەستێور، قسر، بە ئاژەڵێکی مێ دەوترێ کە توانای زاوزێی نەبێت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) بە شەو ئاوسە و بەڕۆژ ئەستێور، مەبەست لە لێفەیە کە خێزانی کورد بۆ خەوتن بەکاری دێنن، بەشەو دەدرێ بەخۆدا، لێفە لەژێرەوە بەرزدەبێتەوە، ئەو دۆخە بە ئاوسبوون چووێنراوە هەروەها بەڕۆژ لادەبرێ و هیچی لەژێردا نییە، ئەو دۆخەی بە قسر چووێنراوە، هەروەها لە هەموو ماڵێکی کوردەواردا بوونی هەیە. وەڵام (لێفە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13
کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 585**

**بەشەو ئەسوورێتەوە مرۆڤ نییە شت ئەبینێ چاوی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119124601459265

بەشەو ئەسوورێتەوە مرۆڤ نییە
شت ئەبینێ چاوی نییە
مەبەست لە شەمشەمەکوێرەیە، (شەمشەمەکوێرە: باڵندەیەکی شەوگەڕە، لە شار و گوندەکانی وڵاتی کوردەواردا بوونی هەیە)
بەشەو ئەسوورێتەوە مرۆڤ نییە، مەبەست لە شەمشەمەکوێرەیە، شت ئەبینێ چاوی نییە، واتە: باڵندەیەکی ڕۆژکوێرە و تەنیا بەشەو توانای بینینی هەیە. [1]
وەڵام: (شەمشەمەکوێرە)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشێخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل44

کاتی تۆمارکردن: 19-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 586**
**بەشەو بووکە بەڕۆژ ڕووتە**
2022122413242645384=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەشەو بووکە
بەڕۆژ ڕووتە
مەبەست لە هەرزاڵە، (هەرزاڵ: کەپرێکی نزمە لە ماڵدا دەکرێ، بۆ شت لەسەر دانان، یان لەسەر خەوتن، فەرهەنگی خاڵ) ، بەشەو بووکە، مەبەست لە هەرزاڵە کە لەسەری دەخەون کە بە بووک چووێنراوە، بەڕۆژ ڕووتە: واتە: بەڕۆژ کەس کاری پێی نییە. وەڵام (هەرزاڵ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل8.
کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 587**
**بەشەو خانم و بەرۆژ قەرەواش**
[20221224140142453873=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224140142453873)

بەشەو خانم و بەرۆژ قەرەواش.
مەبەست لە کورسییە، بەشەو خانم، واتە: کورسی بەشەو بەتایبەت کاتی خەوتن بەکارنایەت، بۆیە وەک خانم پشوودەدات، بەرۆژ قەرەواش، (قەرەواش: خزمەتکاری ژن. فەرهەنگی شێخانی) مەبەست لەوەیە کە کورسی بەرۆژ بەکاردەهێنرێ، لەمەتەڵەکەدا بە خزمەتکاری ژن چووێنراوە. وەڵام (کورسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل8.
کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 588**
**بەشەو خانم و بەرۆژ کڵفەتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224135748453871

بەشەو خانم و بەرۆژ کڵفەتە.
مەبەست لە گسکە، (گسک: ئامێرێکی دەستی کەلەپووری کوردییە، بۆ خاوێنکردنەوە ماڵ بەکاردێ) بەشەو خانم: مەبەست لە گسکە کە بەشەو و لەکاتی خەوتندا بەکارنایەت، وەکوو خانمی ماڵ پشوودەدات، بەرۆژ کڵفەتە، (کڵفەت: کارەکەر. فەرهەنگی خاڵ) واتە: بەرۆژ وەکوو کارەکەر هەڵدەسوورێ و ماڵ خاوێندەکاتەوە. وەڵام (گسک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل8.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 589**

**بەشەو خانم و خەندان، بەڕۆژ لەبن دەست و پێیان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921205828435381

بەشەو خانم و خەندان، بەڕۆژ لەبن دەست و پێیان.
مەبەستی مەتەڵەکە (فەنۆس) ە، (فانۆس: ئامێریکە بە نەوت کاردەکات، بە شەو بۆ ڕووناککردنەوە بەکاردێت) مەتەڵەکە واتە: بەشەو هەڵدەکرێ و خەڵکی لەبەری دادەنیشن، بەڕۆژیش کەس کاری پێی نییە و هەندێکجار دەکەوێتە بەر پێ. وەڵام (فانۆس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل15

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 590**

**بەشەو خانم، بەڕۆژ کارەکەر**

20221008224245438631=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەشەو خانم، بەڕۆژ کارەکەر.
مەبەستی مەتەڵەکە گسکە، (گسک: ئامێرێکی دەستی سادەیە، ژنان لەماڵەوە بۆ خاوێنکردنەوەی ژوور بەکاری دێنن) هەروەها گسک بەڕۆژ بەکاردێ و بەشەو وەلادەنرێ و کاری پێناکرێت. وەڵام (گسک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل14

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 591**

**بەشەو دەڕوا بەڕۆژ دەڕوا ڕاناوەستێ**

20221224140705453877=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەشەو دەڕوا، بەڕۆژ دەڕوا، ڕاناوەستێ.
مەبەست لە ئاوی ڕووبار یان چەمە، بەشەو دەڕوات بەڕۆژ دەڕوا، سرووشتی هەڵکەوتەی زەوی وایە کە چەندین بەرزی و نزمی تێدایە، ئاوی ڕووبار و چەمەکان دەرژێنەوە دەریاکان، بۆیە بەردەوام لە جووڵەدان و ناسرەوون و ڕاناوەسن. وەڵام (ڕووبار، یان چەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل8.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 592**
**بەشەو دەڕوا مەندۆک بەڕۆژ دەڕوا مەندۆک مەندۆکەی لاق تیرۆک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012112858439319

بەشەو دەڕوا مەندۆک
بەڕۆژ دەڕوا مەندۆک
مەندۆکەی لاق تیرۆک

مەمەند بۆ ناوی کەس بەکاردێ، مەندۆک: ناوی بچووککراوەیە، بۆ خۆشەویستی بەکاردێ، بەشەو یان بەڕۆژ دەڕوا مەندۆک، مەبەست لە ڕووبارە کە بەشەو و بەڕۆژ بەردەوام دەڕوات، مدنۆکەی لاق تیرۆک (تیرۆک: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کردنەوەی نان بەکاردێت) مەبەست لە ڕێچکەی ڕووبارە کە بەشوێنی تەنگەربەر و باریکدا دەڕوات، باریکی ڕێڕەوی ڕووبار بە باریکیی تیرۆک بەراوردکراوە. وەڵام (ڕێ ڕۆشتنی ڕووبار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل23

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 593**

**بەشەو مەیموونە، بە ڕۆژ خاتوونە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921151647435320

بەشەو مەیموونە
بە ڕۆژ خاتوونە
مەیمون: ئاژەڵێکی بزێوە و زۆر دەجووڵێت، بەشەو مەیمونە مەبەست لە نوێنی خەوتنە، کە دادەخرێت و بەکاردێت، بەڕۆژ خاتوونە، واتە: بەڕۆژ بەکارنایەت و وەک خاتوون لەپشوودایە. وەڵام (نوێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل14

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 594**

**بەشەو نییە نیوەڕوان هاوڕێیەکی بچووکە سبەینان هاوڕێیەکی گەورەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126151427447816

بەشەو نییە، نیوەڕوان هاوڕێیەکی بچووکە، سبەینان هاوڕێیەکی گەورەیە.
مەبەست لە سێبەرە، (سێبەر بەهۆی دەرکەوتنی ڕووناکییەوە دروستدەبێت کاتێک دەیدا لە تەنەکان) بەشەو نییە، واتە: بەشەو سێبەر نییە چوونکە ڕووناکی نییە، نیوەڕوان بچووکە، واتە: سێبەر لە کاتی نیوەڕواندا لەبەر ئەوەی ستوونی دێتەخوار، سێبەرەکان بچووک دەردەکەون، سبەینان هاوڕێیەکی گەورەیە، واتە: بەیانیان تیشکی ڕووناکی بە لاری دێت، بۆیە سێبەرەکان درێژ دەبن. وەڵام (سێبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 595**

**بەشەو و ڕۆژ دەڕوات، شەکەتناوێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912203243520269](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912203243520269)

بەشەو و ڕۆژ دەڕوات، شەکەتناوێ.
شەکەتناوێ: واتە: لە ڕێ ڕۆیشتنی زۆردا ماندوونابێت. بێگومان گیانلەبەر یان مرۆڤ لەکاتی ڕۆیشتنی زۆردا ماندوو و شەتەک دەبێت، بەڵام مەبەستی مەتەڵەکە ئاوی ڕووبار و چەمە، کە بەردەوام دەڕوات و دەجووڵێت، بێ ئەوەی ماندوو ببێت. وەڵام (ئاوی چەم و ڕووبار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل4

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 596**
**بەشەو وەک قیرە تیژە وەک تیرە سپییە وەک شیرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011220348439295

بەشەو وەک قیرە
تیژە وەک تیرە
سپییە وەک شیرە

مەبەست لە چاوی مرۆڤە کە گلێنەکەی ڕەشە، لە ڕەشیدا بە تاریکی شەو بەراورد کراوە، تیژە وەک تیرە، واتە: چاوی مرۆڤ توانای ببینی شوێنی دووری هەیە، سپییە وەک شیرە، واتە: سپێنەی چاو وەک ڕەنگی شیر سپییە. وەڵام (چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل19

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 597**
**بەشەو کەنەفتە، بەڕۆژ خانم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011214505439287

بەشەو کەنەفتە، بەڕۆژ خانم.
کەنەفت: زەبوون و بێدەسەڵات (فەرهەنگی خاڵ) مەبەستی مەتەڵەکە نوێنە، بەشەو کەنەفتە، واتە: مرۆڤ بەشەو نوێنەکانی بڵاودەکاتەوە و لەسەر دەخەوێت و کەنەفتی دەکات، بەڕۆژ خانم، واتە: بەڕۆژ کە لەخەو هەڵدەستێ و کاری بە خەو نامێنێ، پاشان نوێنەکانی کۆدەکاتەوە و هەڵیدەگرێتەوە. وەڵام (نوێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل19

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 598**
**بەفرە ئاوی نییە دارستانە بەری نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011221738439299

بەفرە ئاوی نییە
دارستانە بەری نییە
نەخشە مەبەستی مەتەڵەکەیە، بەفرە ئاوی نییە، واتە: لەسەر نەخشە ئەو جێگایەنەی کە ئاوی لێیە و بەفر لێدەبارێ، ڕەنگی شینە بەڵام لەسەر نەخشە تەڕ نییە، دارستانە بەری نییە، واتە: دار بەگشتی بەری هەیە بەڵام ئەو دارەی لەسەر نەخشە دەکێشرێ، هیچ بەرێ ناگرێ. وەڵام (نەخشە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل20

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 599**
**بەقەد هەنارێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220921152602435329

بەقەد هەنارێکە
پڕ بە ماڵێکە
مەبەستی مەتەڵەکە چرایە، (چرا: ئامێرێکی بچووکە بە نەوت کاردەکات، بۆ ڕووناکردنەوە لە شەودا بەکاردێت) بەقەد هەنارێکە، مەبەست لە قەبارەی چرای، پڕ بە ژوورێکە، واتە: ڕووناکی ماڵێک یان ژوورێک پڕ دەکات. وەڵام (چرا). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی فەرهاد گۆمەشینی ل14

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 600**
**بەگزادەی بەرگ بووزی**

20221011213155439281=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەگزادەی بەرگ بووزی.
بەگزادەی جل بووزی.
بەگزادە: کوڕ و نەوەی بەگ، بە بنەماڵەیەک دەبێژن کە پشتاوپشت لە باوانەوە حوکم بکەن (فەرهەنگی شێخانی) بووزی: مەبەست لە پیاوانی ئایینی بووزییە کە ڕەنگی جلەکانیان زەردە، مەتەڵەکە مەبەستی لە چەڵتووکە کە بەڵمەکەی دەرووی برنجەکە زەردە، بە جلی بووزی بەراورد کراوە، هەروەها برنجەکەش بە بەگزادە. وەڵام (برنج) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل19

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 601**
**بەگزادەی چۆغە بووزوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101193137455889

بەگزادەی چۆغە بووزوو.
مەبەست لە برنجە، (چۆغە: بەرگی سەرەوەی جلی کوردیی پیاوانەیە. بووزوو: جۆرێک بەرگی کەلەپووری کوردییە، لە کوڵکی مەرەز دەڕێسرێ و دەچنرێ) بەگزادە، مەبەست لە برنجە، چۆغە بووزوو، مەبەست لە بەڵمی برنجە کە وەک توێکڵێک دەوری برنجی داوە، لە مەتەڵەکەدا بە بووزوو چووێنراوە. وەڵام (برنج) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل39.


کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 602**
**بەگزادەی هەڵەدنێ، جووتێ خاڵی لە گەردنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822160948429670

بەگزادەی هەڵەدنێ
جووتێ خاڵی لە گەردنێ
هەڵەدن: ناوی گوندێکی کوێستانییە لە کوردستان، حکومەتی بەعس کاولی کرد (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) بەگزادەی هەڵەدنێ، مەبەست لە باگردێنە، جووتێ خاڵی لە گەردنێ، مەبەستی هەر دوو سەری باگردێنە کە دوو ئەڵقەی پێوەیە، گوریسی لێتووند دەکرێت بۆ بانگێڕان. وەڵام (باگردێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل23

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 603**
**بەلایدا بڕۆی کفرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220922165535435519

بەلایدا بڕۆی کفرە
سەیری بکەی کفرە
بیبڕی کفرە
بەلایدا بڕۆی کفرە، واتە: بەلای داری فردا بڕۆی، داری کفرە، سەیری بکەی کفرە، واتە: تەماشای داری کفر بکە، هەروەها گەر داری کفر ببڕی بێگومان وەک ئەوەیە کفرت کردبێت. مەبەست لە جۆرە دارێکە لە کوردەواردا پیی دەوترێ داری کفر.
وەڵام (داری کفر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل18

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 604**
**بەندکراوە و ئازاد نییە خۆراکخۆرە و مرۆڤ نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122204354447116

بەندکراوە و ئازاد نییە
خۆراکخۆرە و مرۆڤ نییە
مەبەست لە باڵندەی ناو قەفەزە، بەندکراوە و ئازاد نییە، واتە: باڵندەی ناو قەفەزکە هیچ ئازادییەکی نییە، لەوێ لە هێلکە دەترووکێ و هەر لەوێش دەمرێ، خۆراکخۆرە و مرۆڤ نییە، واتە: وەک مرۆڤ توانا خۆراک خواردنی هەیە، بەڵام باڵندەیە.
وەڵام (بولبول) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل8


کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 605**
**بەندەک و دارەک شەش بەندک و دوو دەپ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107200109457152

بەندەک و دارەک
شەش بەندک و دوو دەپ
مەبەست لە تەرازوو بەنە، (تەرازووی بەن: پێکدێ لە دوو تا، هەریەکەیان بە سێ داوی بەنی بەهێز بەستراو بە دارێکەوە، بۆ کێشانی دانەوێڵە و میوە بەکاردێ) بەندەک و دارەک، مەبەست لە دار و بەنی تەرازووە، دوو دەپ، مەبەست لە دوو تای تەرازووە. وەڵام (تەرازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل180

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 606**
**بەو چلەی زستانە شەو تا بەیانی لەسەربانە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122203327447111](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122203327447111)

بەو چلەی زستانە
شەو تا بەیانی لەسەربانە.
مەبەست لە باگردێنە، (باگردێن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە بەردی چیایی یان داری بەڕوو دروستدەکرێ، لە کوردەواردا بۆ گێڕانی بانی گڵ بەکاردێت) بەو چلەی زستانە شەو تا بەیانی لەسەربانە، مەبەست لە باگردێنە، کەشوهەوا سارد بێت یان گەرم لە سەربان دادەنرێ. وەڵام (باگردێن، باگووردان) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل8

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 607**
**بەوشکی تێت دەنێم، بە تەڕی دەری دێنمەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011214040439285

بەوشکی تێت دەنێم، بە تەڕی دەری دێنمەوە.
لغاو: ئامێرێکی کەلەپوورییە، پێکدێ لە ئاسنێکی نیوە بازنەیی، دەخرێتە دەمی وڵاخ (ئەسپ و مایین) جڵەوی لێدەبەسترێ (فەرهەنگی شێخانی) تێنان: خستنەناو، بەوشکی تێت دەنێم، واتە: لغاو بە وشکی دەخرێتە دەمی ئەسپەوە، کاتێک لغاوکە لە دەمی ئەسپەکە دەکرێتەوە، بەتەڕی دەهێنرێتەدەر. وەڵام (لغاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل21
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 608**
**بەرۆژ ئاوسە، بەشەو قسرە**

2022100921004743885=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەرۆژ ئاوسە
بەشەو قسرە
ئاوس: بۆ ئاژەڵ و گیانداری سکپڕ بەکاردێت (فەرهەنگی خاڵ) قسر: بە گیاندارێک دەوترێ کە توانای ئاوسبوونی نەمابێت و بەچکەی بەهیچ جۆرێک نەبێت، بەرۆژ ئاوسە، مەبەستی لە پێیە کە دەچێتە ناو کڵاشەوە، بەشەو قسرە، واتە بەشەو پێڵاو لەپێ ناکرێت. وەڵام (کڵاش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل18

کاتی تۆمارکردن: 09-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 609**
**بەرۆژ پرە بەشەو بەتاڵە**

20221009205836438884=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەرۆژ پرە، بەشەو بەتاڵە.
مەبەستی مەتەڵەکە دەستنوێژە، (دەستنوێژ: تایبەتمەندییەکی ئایینییە، ئەوکەسانەی کە ئیماندارن ڕۆژی چەند جارێک خوداپەرستی دەکەن، پیش ئەوە بە ئاو خۆیان خاوێندەکەنەوە، بەو پرۆسەی خاوێنکردنەوەیە دەوترێت دەستنوێژ) پەندەکە واتە کەسێک بە ئاگا بێت، دەستنوێژی هەڵگرتبێت، پێی دەوترێت: دەستنوێژی هەیە بەڵام بۆ چرکەیەک بخەوێت، دەسنوێژی بەتاڵ دەبیتەوە. وەڵام (دەستنوێژ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولّات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل17

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 610**
**بەرۆژ جل دەکرێت، بە شەو ڕووت دەکرێت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730123140425519



بەرۆژ جل دەکرێت، بە شەو ڕووت دەکرێت
سێڵە یان ساجی نانکردن: ئەو ئامێرە کەلەپوورییە کوردییەیە کە ژنانی کورد نانی پێدەکەن، بەرۆژ جل دەکرێت، واتە: بەرۆژ نانی پێدەکرێ ، وەک بەرگ نانەکە دەدرێ بەسەریدا، بە شەو ڕووت دەکرێ ، واتە: بە شەو کاری پێناکرێت و بەڕووتی دادەنرێ. وەڵام سێڵە یان ساجی نانکردن. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 611**

**بەرۆژ خامۆشە و بەشەو گەوهەرە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126150114447811](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126150114447811)

بەرۆژ خامۆشە و بەشەو گەوهەرە.
مەبەست لە چرایە کە بەرۆژ هەڵناکرێت، تەنیا بەشەو دادەگیرسێت، ڕووناکی چرا لە شەودا بە گەوهەر چووێنراوە. وەڵام (چرا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارپی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 612**

**بەرۆژ خزمەتی خزمەتکار دەکا بەشەو بێ جووڵە خۆی مات دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221122203649447113

بەرۆژ خزمەتی خزمەتکار دەکا
بەشەو بێ جووڵە خۆی مات دەکا
خزمەتکار: بە کەسێک دەوترێ کە تایبەت کرابێت بە رێکخستنی و خاوێنکردنەوەی ماڵ، بەرۆژ خزمەتی خزمەتکار دەکات، مەبەست لە (گسکە) کە بەکاردێ بۆ خاوێنکردنەوەی ماڵ و کارئاسانی بۆ خزمەتکار دەکات، هەروەها شەو کاتی پشووە و گسک بەکارنایەت. وەڵام (گسک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل10

کاتی تۆمارکردن: 22-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 613**
**بەرۆژ دەنوێ و بەشەو کاسپی دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126143032447802

بەرۆژ دەنوێ و بەشەو کاسپی دەکا.
مەبەستی مەتەڵەکە باڵندەی شەمشەمەکوێرەیە، بە سرووشت توانای نییە بە ڕۆژی ڕووناک لە کولانەکەی بێتەدەر، چوونکە توانای بینینی نییە، بەرۆژ دەنوێ، واتە: بەرۆژ شەمشەمەکوێرە نایەتەدەر، بەشەو کاسپی دەکا، واتە: لە کاتی شەودا دێتەدەر و خۆراک پەیدادەکات. وەڵام (شەمشەمەکوێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 614**

**بەرۆژ دەڕوا عوولە یێ بەشەو دەڕوا عوولە یێ تەیریش بەباڵ نایگاتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012210324439420

بەرۆژ دەڕوا عوولە یێ
بەشەو دەڕوا عوولە یێ
تەیریش بەباڵ نایگاتێ

مەبەست لە ئاوی چەم و ڕووبارە، بەرۆژ یان بەشەو دەڕوا عوولە یێ، مەبەست لە ڕۆیشتنی ئاوی چەم و ڕووبارە کە بە شەو و بەرۆژ لەبەری دەڕوا، تەیریش بەباڵ نایگاتێ، واتە: لەبەر ئەوەی بەردەوام دەڕوات، باڵندەش ناتوانی پێی بگاتەوە. وەڵام (ڕووبار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل25


کاتی تۆمارکردن: 12-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 615**

**بەرۆژ دەڕوا نارنارۆکە بەشەو دەڕوا باڕباڕۆکە نەهێلکە دەکا، نە باڕۆکە**

[20221012112438439318=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221012112438439318)

بەرۆژ دەڕوا نارنارۆکە
بەشەو دەڕوا باڕباڕۆکە
نەهێلکە دەکا، نە باڕۆکە

نار: مەبەست لە ئاگرە، بەرۆژ دەڕوا نارنارۆکە، واتە: بەرۆژ ئاگر دەکرێتەوە و دوکەڵەکەی بەرزدەبێتەوە، بەشە دەڕوا باڕباڕۆکە، واتە: بەشەویش گەر ئاگر بکرێتەوە، دوکەڵەکەی هەر بەرزدەبێتەوە، نەهێلکە دەکات نە باڕۆکە، واتە: باڕۆکە هێلکە ناکات و بێبەرهەمە، دوکەڵیش کە بەرز دەبێتەوە، هیچ بەرهەمێکی نییە. وەڵام (دوکەڵی ئاگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل24

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 616**

**بەرۆژ دەڕوا ناوێستێ، بەشەو دەڕوا ناوێستێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920200238522074

بەرۆژ دەڕوا ناوێستێ، بەشەو دەڕوا ناوێستێ.
ناوێستێ: ناوەستێت یان ڕاناوەستێت. بەرۆژ یان بە شەو دەڕوا ناوێستێ، مەبەست لە ئاوی چەم و ڕووبارە، کوردستان ناوچەیەکی چیاییە، هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی بەرزی و نزمی زۆری تێدایە، بۆیە لە هەر جێگەیەکیدا چەم و ڕووبار هەبێت، بەردەوام دەڕوات. وەڵام (ئاوی چەم و ڕووبار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل26


کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 617**
**بەرۆژ زاوایە و بەشە و بەڵایە**

20220808102427427207=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەرۆژ زاوایە و بەشە و بەڵایە.
بەرۆژ زاوایە مەبەستی مەتەڵەکە کەڵباب، کەڵەشێرە، بەرۆژ لەناو کۆمەڵێ مریشک دایە و بە ئارەزووی خۆی دێت و دەچێ پیایاندا دەتسێ، بەهۆ ئەوەوە کەڵەشێر چووێنراوە بە زاوا، بە شەو دەست دەکات بە خوێندن، زۆر جار خوێندنەکەی لە ناوەختایە و ناهێڵێت خەڵک پشووبدا. وەڵام (کەڵەباب) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 618**
**بەرۆژ زاوە بەشەو ڕووتاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009201902438869

بەرۆژ زاوە
بەشەو ڕووتاوە
زاو: وشەیەکە بۆ ئاژەڵ بەکاردێت، کاتێک بەچکەی ببێت، پێی دەڵێن: زاوە، ئاژەڵیش هەرکاتێک بزێ، ماندوودەبێت و تا کاتێکی دیاریکراو ناجووڵێ، مەتەڵەکە مەبەستی لە نوێنە کە بەڕۆژ هەڵدەگیرێت و وەک ئاژەڵی زاو ناجووڵێ، بەشەو ڕووتاوە، واتە: بەشەو بەکاردێت. وەڵام (نوێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل15

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 619**
**بەرۆژ شکوفتی بەشەو خونچەیە**

20221206135554449355=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەرۆژ شکوفتی
بەشەو خونچەیە
شکوفتی: شکۆفە گڵووکی هێندێ درەخت کە تازە پشکوتبێ (فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە چاوی مرۆڤە، بەرۆژ شکوفتی، واتە: چاوی مرۆڤ بەرۆژ دەکرێتەوە و دەبینێ، بە چرۆی تازە پێگەشتووی درەخت چووێنراوە. بەشەو خونچەیە، واتە: بەشەو لێکدەنرێ و دێتەوەیەک وەک خونچەی گوڵ. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل52

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 620**

**بەرۆژ هاوسەر و بەشەو ئەستێور لە ماڵی مەلا و میر و مجێور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213194537450750

بەرۆژ هاوسەر و بەشەو ئەستێور
لە ماڵی مەلا و میر و مجێور
مەبەست لە ملّکی بەرماڵانە، (ملّکی بەرماڵان: لە گوندەکانی کوردەواردا، زۆر ماڵ ملّکێکی بچووکی لە بەردەمی ماڵەکەیدا هەیە، بەرۆژ بەرهەمی لێدەچنێ) ، ئەستێور یان ئەستەوێر: بە زەوییەک دەوترێ کە ساڵێک نەچێنرابێ (فەرهەنگی شێخانی) بەرۆژ هاوسەر و بەشەو ئەستێور، واتە: بەرۆژ بەرهەمی دەچنرێ و بەشەویش هیچ کە لەبەر ماڵی مەلا و میر و مجێوردا هەیە.
وەڵام (ملّکی بەرماڵانە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل34

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 621**

**بەرۆژ و شەو هەدا نادات خەریکە کونان درووستدەکات**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908103211519631](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908103211519631)

بەرۆژ و شەو هەدا نادات
خەریکە کونان درووستدەکات
هەدا: ئارامگرتن (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەستی مەتەڵەکە مشکە، مشک گیانەوەرێکی بزێو و پڕ جووڵەیە، بەردەوام بەئارامیی بەدوای دانەوێڵەدا دەگەڕێت و خۆراک پەیدادەکات. هەروەها مشک لە کون و کەلەبەری ماڵ و کادێندا لانە بۆخۆی درووستدەکات. وەڵام (مشک) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل123

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 622**
**بەرۆژ کابانە بەشەو میوانە**

[20221009201649438868=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009201649438868)

بەرۆژ کابانە
بەشەو میوانە
کابان: بە ئافرەتێک دەوترێ کە ژنی ماڵەوە بێت، بەرۆژ کابانە، مەبەست لە گسکە کە بە کابان چووێنراوە، چۆن کابان بەرۆژ لە ماڵدا کاردەکات، گسکیش بۆ خاوێنکردنەوە بەکاردێت، بەشەو میوانە: واتە: بەشەو کە هەمووان دەخەون، گسک هیچ کارێکی پێناکرێت و وەک میوان دادەنرێت. وەڵام (گسک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل18

کاتی تۆمارکردن: 09-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 623**

**بەرۆژ کۆکراوە بەشەو پەرشوبڵاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009202111438870

بەرۆژ کۆکراوە
بەشەو پەرشوبڵاوە
مەبەستی مەتەڵەکە نوێنە، بەشەو پەرش و بڵاوە، واتە: مرۆڤ بەشەو نوێنەکانی بڵاودەکاتەوە و لەسەر دەخەوێت، بەرۆژ کۆکراوە، واتە: بەرۆژ کە لەخەو هەڵدەستێ و کاری بە خەو نامێنێ، پاشان نوێنەکانی کۆدەکاتەوە و هەڵیدەگرێتەوە. وەڵام (نوێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل15

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 624**

**بەرۆژ کۆکن و بەشەو پەرشوبڵاو**

20221126150340447812=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەرۆژ کۆکن و بەشەو پەرشوبڵاو.
کۆک: یەکگرتوو یان تەبا (فەرهەگی شێخانی) بە چەند کەسێک دەوترێ کە هاوڕا و هاوبیر بن، بە رۆژ کۆکن، مەبەست لە نوێنی خەوتنە کە بەرۆژ هەموویان لە جێگەیەک بە یەکەوە کۆدەکرێنەوە، بەشەو بەرەڵا، واتە: لەکاتی شەودا نوێن هەریەکە و بۆ کەسێک ڕادەخرێ و پەرشوبڵادەبن. وەڵام (نوێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل13

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-26

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 625**

**بەرِی بەنە و پێت ناڵێم**

20221125214201447697=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

بەرِی بەنە و پێت ناڵێم.
بەرِ: بەرِە (فەرهەنگی خاڵ) جۆرێک ڕاخەری کوردییە لە بەن دروستدەکرێ، بەرِی بەنە، مەبەست لەو جۆرە بەرِەیەیە کە لە داوی بەن دروستدەکرێ. لە مەتەڵەکەدا وەڵام بوونی هەیە، زیاتر بۆ سەرلێکدانی گوێگر بەکارهاتووە، مەتەڵسازیش خۆی وەڵامەکەی وتووە بەڵام دەڵێ: پێت ناڵێم. وەڵام (بەرِەی بەن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارِی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل8

کاتی تۆمارکردن: 25-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 626**
**بەکاری بێنی فرمێسک ئەرێژێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011214736439289

بەکاری بێنی، فرمێسک ئەرێژێ.
مەتەڵەکە مەبەستی لە مۆمە، کاتێک کەسێک بەکاری دێنێ و داوەکەی دادەگیرسێنێ، لەگەڵ گڕسەندنیدا وردەوردە مۆمەکە دەتوێتەوە و دڵۆپ دڵۆپ مۆمەکەی پێدادێتەخوار، لە مەتەڵەکەدا توانەوەی مۆم بە فرمێسک ڕشتنی مرۆڤ بەراوردکراوە.
وەڵام (مۆم). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل20

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 627**
**بەکرۆکەی یەک چاو هەموو ماڵان گەڕاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221010222045439050

بەکرۆکەی یەک چاو
هەموو ماڵان گەڕاو
مەبەست لە دەرزی دروومانە کە بەرگدرووەکان بۆ دووریني قوماش بەکاری دێنن، بەکرۆکەی یەک چاو، مەبەست لە دەرزییە، یەک کونی تێدایە، دەزووی تێهەڵدەکیشرێ، بۆ دروومان، هەموو ماڵان گەڕاو، واتە: لە هەموو ماڵێکدا بوونی هەیە. وەڵام (دەرزی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل20

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-10

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 628**
**بەیانیان کلکی لەسەرسەرییە ئێواران دێتە سەرقونی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224141050453878

بەیانیان کلکی لەسەرسەرییە، ئێواران دێتە سەرقونی.
مەبەست لە تیشکی خۆرە، بەیانیان کلکی لەسەرسەرییە، مەبەست لە تیشکی خۆرە کە لە کاتی بەیانیاندا دەیدا لە لووتکەی چیا و بەرزاییەکان کە بە تەوق سەر چووێنراوە، ئێواران دێتە سەرقونی، مەبەست لە تیشکی خۆرە کە دەمەوئێواران بەرەوئاوابوون دەچێ. وەڵام (تیشکی خۆر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل8.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 629**
**بەینی ژوور و دەرگا وەختی خەوێ کێر درێژدەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101185726455879

بەینی ژوور و دەرگا
وەختی خەوێ کێر درێژدەکا
مەبەست لە سوورگی دەرگایە، (سوورگی پێشی دەوترێ: شمشێری دەرگا: ئاسنێکە لەکاتی دەرگا داخستندا، دەرگای پێ قایمدەکرێ) بەینی ژوور و دەرگا، مەبەست لە سوورگییە، وەختی خەوێ کێر درێژدەکا، واتە: مرۆڤەکان لە کاتی شەودا کە دەخون دەرگاکانیان بە سوورگی دادەخەن. وەڵام (سوورگی یان شمشێرەی دەرگا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل156.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 630**

**بەیەک شەو داسە، بە دوو شەو ئەڵماسە، بە سێ شەو خڕ باشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728103809425062

بەیەک شەو داسە، بە دوو شەو ئەڵماسە، بە سێ شەو خڕ باشە
مەبەست لە دەرکەوتنی مانگە، بەیەک شەو داسە: واتە: مانگی یەک شەوە وەک و داس شێوەی کەوانەییە، بە دوو شەو ئەڵماسە: واتە: لە شەوی دووەمدا وەک ئەڵماس ڕەنگی دەگەشێتەوە و جوان دەبێت.تا دەگاتە چواردەیەم شەو شێوەی خڕ دەبێت. وەڵام (مانگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 631**
**پا لە زەوی سەر لە حەوا مێژەر سەوز و قرمز کەوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011134547525575

پا لە زەوی سەر لە حەوا
مێژەر سەوز و قرمز کەوا
پا: قاچ. حەوا: ئاسمان، مێژەر: مەبەست لەو مەندیلە ڕەنگ سەوزەیە کە سەیدەکان لەسەری دەبەستن، قرمز: ڕەنگی سووری ئاڵ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، پا لەسەر زەوی سەر لە حەوا، مەبەست لە پیازە کە ڕەگی لە زەویدایە و بە پا یان قاچ چوواندوویەتی، مێژەر سەوز، مەبەست لە قەدی پیازە کە سەوزە. قرمز کەوا، مەبەست لە تۆوەکەیەتی. وەڵام (پیاز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 90

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 632**

**پا یێش ئینێ بنەو دارا سەرەش بەرز تەراجە هەسارا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013182440526001

پا یێش ئینێ بنەو دارا
سەرەش بەرز تەراجە هەسارا
وەڵام (دەرزی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل21

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 633**

**پاتشای عەزیم، کۆچەری شاران، ساحێب سەڵتەنەت، سیم و زەڕ و دەس، سەربازی لە خۆی، ئەوەڵ وەشادی، ئاخیر پەشیمان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003211041524552

پاتشای عەزیم، کۆچەری شاران، ساحێب سەڵتەنەت، سیم و زەڕ و دەس، سەربازی لە خۆی، ئەوەڵ وەشادی، ئاخیر پەشیمان.

عەزیم: مەزن و گەورە (فەرهەنگی شێخانی) ، ساحێب: خاوەن، ئاخیر: کۆتایی، مەبەست لە هەنگە کە لە شارەکەی خۆیدا پاشایە، لەگەڵ ئەوەدا دەگەڕێت و کۆچەرییە، هەروەها وەک سەربازی ئازا پاسەوانی لە هەنگوین و شارەکەی دەکات، بە هەر کەسێکەوە بدات بۆخۆی دەمرێت و کۆتاییەکەی خراپ دەبێت. وەڵام (هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل59

کاتی تۆمارکردن: 03-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 634**

**پاتە ملەی بێ سەر پشتی بێ زک دەستی بێ پێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101174210455872

پاتە ملەی بێ سەر، پشتی بێ زک، دەستی بێ پێ.
مەبەست لە چۆغەیە، (چۆغە: بەرگێکی کەلەپوورییە پێکدێ لە بەری سەرەوەی جلی کوردیی پیاوانەی) پاتە ملەی بێ سەر، مەبەست لە چۆغەیە کە یەخەی هەیە و سەری نییە، پشتی بێ زک، چۆغە بەری پێشەوەی کراوەیە و پشتەوەی مل تا کەمەرە، دەستی بێ پێ، واتە: چۆغە قۆڵی هەیە بەڵام پێی نییە. وەڵام (کراس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل143.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 635**

**پارووی ڕەشە، کشپلی سوورە، دەوری حەوزە، ناوی تەنورە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731080913425633

پارووی ڕەشە، کشپلی سوورە، دەوری حەوزە، ناوی تەنورە
پارووی ڕەشە: مەبەست لە چایە کە مرۆڤ دەیخواتەوە و لە سەماوەر تێدەکرێت ، کشپلی سوورە واتە: تڵپەی چا کە فڕێدەدرێ ، دەوری حەوزە: مەبەستی لە حەوزی ئاوی سەماوەرە، ناوی تەنورە: مەبەستی لە جەهاندەمی تەنورە کە هەمیشە لە کاتی چا لێناندا گەرم دەبێت ، لە مەتەڵەکەدا بە جەهاندەم چووێنراوە. وەڵام سەماوەر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 636**
**پاسەوانی بەکارە لە پشت دەرگا و دیوارە کاتی سەرما زۆر هارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017205638440458

پاسەوانی بەکارە
لە پشت دەرگا و دیوارە
کاتی سەرما زۆر هارە
لە ژیانی شوانکارەیی وڵاتی کوردەواردا، شوانەکان ئاژەڵی سەگ بۆ پاسەوانی ڕادەگرن، پاسەوانی بەکارە، مەبەست لە ئاژەڵی سەگە، لە پشت دەرگا و دیوارە، واتە: لە حەوش و دەرگا و باندا پاسەوانی دەکات، کاتی سەما زۆر هارە، واتە لە وەرزی سەمادا بۆ پاسەوانی چالاکە. وەڵام (سەگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 637**

**پاشا نییە تاجی هەیە فیل نییە، عاجی هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918125333521270

پاشا نییە تاجی هەیە
فیل نییە، عاجی هەیە
تاج: کڵاوێکی تایبەتییە پاشا دەیکاتە سەری (فەرهەنگی خاڵ) ، عاج: شفرە یان ئێسقانی ددانی فیل (فەرهەنگی وشەنامە) ، پاشا نییە تاجی هەیە، مەبەست لە ددانی دەمی مرۆڤە، بەتایبەتیی خرێ، وەک وەک تاج بەپێوە ڕێک وەستاوە، فیل نییە، عاجی هەیە، واتە: ڕەنگ سپێتی و ڕەق ددان لە عاجی فیل دەچێت. وەڵام (ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 22

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 638**
**پاشازادەکەی کۆچەری شاران لە گوڵ بوو و لەناو گوڵزاران بەبێ بۆنی گوڵ ناچێتە شاران**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018202916440657](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018202916440657)

پاشازادەکەی کۆچەری شاران
لە گوڵ بوو و لەناو گوڵزاران
بەبێ بۆنی گوڵ ناچێتە شاران
پاشازادە: بە نەوەی پاشا دەوترێ، پاشازادەکەی نۆکەری شاران، مەبەست لە هەنگە، چۆن پاشا کەلوپەلەکانی بەنرخە، هەنگیش هەنگوینەکەی بەنرخە، لە گوڵ بوو و لەناو گوڵزاران، واتە: هەنگ هەنگوین لە گوڵ درووستدەکات، بەبێ بۆنی گوڵ ناچێتە شاران، واتە: هەر هەنگوینێک بۆنی ئەو جۆرە گوڵەی لێدێت کە هەنگەکە لێی درووستکردووە. وەڵام (هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل34

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 639**
**پاشای چیا و ڕازە لەگەڵ خودای هاوڕازە نە هەڵۆیە نە قازە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126151803447817

پاشای چیا و ڕازە
لەگەڵ خودای هاوڕازە
نە هەڵۆیە نە قازە

ڕاز: شاخی بڵند، تیشەی بەردی سەرکێو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) پاشای چیا و ڕازە. مەبەست لە باڵندەی بازە، (باز باڵندەیەکی کێوی گۆشتخۆرە، لە چیا و شاخەکانی وڵاتی کوردەواردا بوونی هەیە) لەگەڵ خۆیدا هاوڕازە، واتە: ڕازی دڵی خۆی بەکەس ناڵێت، نە هەڵۆیە نە قازە، واتە: بازە. وەڵام (باز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل16


کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 640**

**پانکی سەر پانکی دەست بە کلکی**

20221017210715440466=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پانکی سەر پانکی
دەست بە کلکی
مەبەستی مەتەڵەکە دەستارە (دەستاڕ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێت) پانکی لەسەر پانکی، مەبەست لە هەر دوو بەردی دەستارە کە لەسەر یەک دادەنرێت، دەست بە کلکی، مەبەست لە دەسکی دەستارە کە بەردی سەردەستاری پێهەڵدەسوورێ بە کاری هارین. وەڵام (دەستاڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل32

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 641**
**پانکیلە پانکیلەکان، دەچنە گردوو دۆڵەکان، دەیهێنن گوڵەکان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728115159425077



پانکیلە پانکیلەکان، دەچنە گردوو دۆڵەکان، دەیهێنن گوڵەکان
مەبەست لەو شانەی قژ داهێنانەیە کە ڕووەکەی تەختە، پانکیلە پانکیلەکان: مەبەستی لە ڕووی تەختی شانەیە، گردوو دۆڵەکان: مەبەست لە سەری مرۆڤە، دەیهێنن گوڵەکان: مەبەستی لە داهێنانی قژی مرۆڤە. وەڵام (شانەی قژداهێنان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 642**
**پانکێ لەسەر پانکێ، دەست بە کلکێ**

2022080812002442727=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



پانکێ لەسەر پانکێ ، دەست بە کلکێ.
پانکێ: مەبەستی لە بەردی دەستاڕە کە شێوەیەکی بازنەیی تەختی ڕوو سافی هەیە، پانکێ لەسەر پانکێ واتە: هەر دوو بەردی دەستاڕ کە لەسەریەک دادەنرێ ، دەست بە کلکێ، کلک مەبەست لە دەسکی دەستاڕە کە بە بەردی سەردەستاڕەوە لکاوە و بۆ خولانەوەی بەکاردێ. وەڵام (دەستاڕ) ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 643**

**پانێ لەبان پانێ قنجی لەناو کوناکەی دەست ئەگری بەلاکەی، خوولی دەدا بۆ براکەی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003210422524551

پانێ لەبان پانێ قنجی لەناو کوناکەی
دەست ئەگری بەلاکەی، خوولی دەدا بۆ براکەی
مەبەست لە دەستارە: (دەستاڕ: ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، لە دوو بەردی تەختی بازنەیی پێکدێت، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێت) ، پانێ لەپانێ، مەبەست لە دوو بەردی دەستاڕە، قنجی لەناو کوناکەی، مەبەست لە دەسکی دەستارە، خوولی دەدا بۆ براکەی، مەبەست لەو کەسەیە کە دەستاڕ بەکاردێنێت. وەڵام (دەستاڕ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل57

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 644**
**پاڵەوانە، دارەوانە، شاخەوانە و باخەوانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003211333524553

پاڵەوانە، دارەوانە، شاخەوانە و باخەوانە.
مەبەست لە مێرووڵەیە، (مێرووڵە گیانەوەرێکی بچووکە، بەکۆمەڵ دەژیی، کار بە هەرەوەزی ئەنجامدەدەن) ، مەتەڵەکە تەنیا وەسفی مێرووڵە دەکات، کە گیانەوەرۆچکەیەکی پاڵەوانە چونکە کاری لە خۆی گەورەتر ئەنجامدەدات، دارەوان و شاخەوانە، چونکە توانای هەیە بەسەر دار و شاخدا سەرکەوێت. وەڵام (مێرووڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سنە
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل53

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 645**

**پایز شەشی تێدایە، هاوین سێی تێدایە و بەهار یەک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917214850521168

پایز شەشی تێدایە، هاوین سێی تێدایە و بەهار یەک.
پەندەکە مەبەستی لە ژمارەی خاڵی سەر وشەکانە، کام وشەیە خاڵی زۆرتر و کامیان خاڵی کەمترە، وشەی پایز شەش خاڵی تێدایە، هەروەها وشەکانی هاوین سێ خاڵ و بەهار یەک خاڵی تیدایە، مەتەڵەکە یاریکردنە بە بژاردن و دیاریکردنی خاڵی وشەکان. وەڵام (ژمارەی خاڵی سەر وشەکان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل19

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 646**

**پاییز دەیکوژییەوە زستان خوێنی لێدێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017230501440510

پاییز دەیکوژییەوە، زستان خوێنی لێدێ.
دەیکوژییەوە: بۆ سەربڕینی ئاژەڵ بەکاردێت، پاییز دەیکوژییەوە، لە مەتەڵەکەدا بە واتای: بڕینی دار بەکاردێت لە وەرزی پاییزدا، زستان خوێنی لێدێ، واتە: دار دەکرێت بە خەڵووز، لە وەزی زستاندا خەلوزەکە دەگەشێنرێتەوە و بۆ خۆگەرمکردنەوە بەکاردێت، ڕەنگی ئاگری پشکۆ بە خوێن چووێنراوە. وەڵام (دار خەڵوز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 647**
**پایەک و حەوت باڵ سەد نۆکەر و خاڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224154725453900

پایەک و حەوت باڵ
سەد نۆکەر و خاڵ
مەبەست لە گوڵەگەزیزە، ( گوڵەگەزیز: گوڵێکی حەوت ڕەنگییە، لە وێنەوی گوڵەنەورۆز، هەردەمێ ڕێوی بیخوا گەڕدەبێت. فەرهەنگی خاڵ) پایەک و حەوت باڵ، مەبەست لە پەڕەکانی گوڵی گەزیزە، کە هەر گوڵێک بە لقێکەوەیە کە بە پا یان قاچ چووێنراوە، سەد نۆکەر و خاڵ، مەبەست لە گژوگیان دەوری گوڵە کە بە نۆکەر چووێنراوە. وەڵام (گوڵەگەزیز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل9.

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 648**
**پشت ڕەشی ناو سوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101173733455871

پشت ڕەشی ناو سوور.
مەبەست لە زۆپای دارە، (زۆپای دار: ئامێرێکی گەرمکەرەوەیە، بۆ گەرمکردنی ژوور و ماڵ بەکاردێ) پشت ڕەش، مەبەست لە زۆپای دارە کە بەهۆی دووکەڵی دارەوە پشتەکەی ڕەش دەبێ، ناو سوور، مەبەست لە بەشی ناوەوەی زۆپایە، بەهۆی سووتانی دارەوە سووردەبێتەوە. وەڵام (زۆپای دار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل162.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 649**
**پشتۆکەی لە پشتییە ماڵان ئیشیان پێی هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017211322440472

پشتۆکەی لە پشتییە
ماڵان ئیشیان پێی هەیە
پشتۆکە: مەبەست لە پشتێنە کە لە پشت دەبەسترێت، بۆ کۆکردنەوە و توندکردنەوەی جەستە، پشتۆکەی لە پشتییە، مەبەست لەو بەنەیە کە کلکی گسکی پێدەبەسترێت، هەموو تاڵەکانی پێکۆدەکرێتەوە، ماڵان ئیشیان پێی هەیە، واتە: هەموو ماڵێکی کوردەوار گسکی پێویستە بۆ خاوێنکردنەوەی ماڵ. وەڵام (گسک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل32

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 650**

**پشتی بەردە و بەرد نییە چوار پێی هەیە کەر نییە گەڵاخۆرە و مەڕ نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018203222440661

پشتی بەردە و بەرد نییە
چوار پێی هەیە کەر نییە
گەڵاخۆرە و مەڕ نییە
مەبەست لە کیسەڵە کە پشتی ڕەقە وەکوو بەرد، چوار پێی هەیە کەر نییە، واتە: وەکوو کەر چوار پێی هەیە بۆ ڕۆشتن بەکاری دێنێت، گەڵاخۆرە و مەڕ نییە، واتە: کیسەڵ ئاژەڵێکی گیاخۆرە بە مەڕ بەراوردکراوە. وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل35

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 651**

**پشتی تاتە و تات نییە، بەری سانە و سان نییە، گیا دەخوا و مانگا نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728115706425078



پشتی تاتە و تات نییە، بەری سانە و سان نییە، گیا دەخوا و مانگا نییە
پشتی تاتە: واتە: پشتی کیسەڵ وەک تاتی بەرد ڕەقە، سان واتە: بەردەهەسان کە بۆ چەقۆ تیژکردن بەکاردێ ، بەری سانە: مەبەست لەژێر سکی کیسەڵە کە زۆر ساف و لووسە وەک بەردەسان وایە هەروەها کیسەڵ ئاژەڵێکی گیاخۆرە وەک مانگا.
وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 652**

**پشتی سەوزە کەشیلەی سپی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017231743440512

پشتی سەوزە، کەشیلەی سپی.
مەبەستی مەتەڵەکە گوڵی نێرگزە کە لە کوردستاندا لە وەرزی بەهاردا دەڕوێت، پشتی سەوزە، مەبەست لە لقی گوڵی نێرگزە کە ڕەنگی سەوزە، کەشیلەی سپی، مەبەست لە پەڕەی گوڵی نێرگزە کە گوڵەکەی لە چەند پەڕەیەک پێکهاتووە و ڕەنگی سپییە. وەڵام (نێرگز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل33

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 653**

**پشتی لە خواری دەستی لە حەوا هیچ ماڵێک نییە نەیێ شتی وا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126155727447821

پشتی لە خوارێ دەستی لە حەوا
هیچ ماڵێک نییە نەیێ شتی وا
مەبەست لە مەشکەیە، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە پێشتی بزن دروستدەکرێ، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێت) پشتی لە خوارێ، مەبەست لە مەشکەیە کە بە سێپاییدا هەڵدەواسرێ و پشتی بۆ خوارەوەیە، دەستی لە حەوا، واتە: مەشکە بە هەر چوارپەل بە سێپاییدا هەڵدەواسرێ، هەموو ماڵێکی گوندنشین هەیەتی. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل17

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 654**
**پشتی لە گۆشتە و زکی لە خاکە دارای شەش دووکان، ژێرەوەی تاقە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927153524523603

پشتی لە گۆشتە و زکی لە خاکە
دارای شەش دووکان، ژێرەوەی تاقە
مەبەست لە وڵاخە (ئەسپ یان مایین) ، پشتی لە گۆشتە و زکی لە خاکە، واتە: وڵاخ سەر پشتی گۆشتە، هەروەها سکی رووی لە زەوییە، دارای شەش دووکان، واتە: داهاتی بەقەدەر شەش دووکانە، ژێرەوەی تاقە، واتە: ژێر پێی ناڵە. وەڵام (وڵاخ ئەسپ یان مایین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل54


کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 655**
**پشتی لەخواروو، دەستی لە حەوا، بزن هەی بزن، باری تەعالا**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819110216429092



پشتی لەخواروو، دەستی لە حەوا
بزن هەی بزن، باری تەعالا
پشتی لەخواروو، مەبەست لە مەشکەیە کە بە سێپادا هەڵدەواسرێت، پشتی مەشکە بۆ خوارەوەیە، دەستی لە حەوا، مەبەستی لە مەشکەیە کە هەرچوارپەلی بە سێپاکەدا هەڵدەواسرێ و دەستەکانی مەشکە بۆ سەرەوەن، بزن هەی بزن واتە: مەشکە لە پیستی بزن درووست دەکرێت. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 656**
**پشتی ناجووڵێ بۆ خۆی دەجووڵێ**
[20220808115048427223=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220808115048427223)



پشتی ناجووڵێ بۆ خۆی دەجووڵێ.
پشتی ناجووڵێ: مەبەست لەو ماددە قەڵغانییە ڕەقەی کیسەڵە کە بەتوندی بە پشتییەوە لکاوە و لێی نابێتەوە بەشێکە لە جەستەی، بە تەنیا توانای جووڵەی نییە، بۆ خۆی دەجووڵێ: مەبەست لە گیانلەبەری کیسەڵە کە توانای جووڵەی هێواش و لەسەرخۆی هەیە. وەڵام کیسەڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 08-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 657**
**پشتی هەس و بەری نییە گوێچکەی هەس و بەری نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915210049520773

پشتی هەس و بەری نییە
گوێچکەی هەس و بەری نییە
هەس: هەیە. مەبەستی لە کوڵەباڵە، ( کوڵەباڵ یان فەرەنجی بەرگێکی کەلەپووری کوردییە، بە خووری بەرگن درووست دەکرێت) پشتی هەس بەری نییە، واتە: کوڵەباڵ پشتی هەیە و پێش و بەرۆکی نییە، هەروەها سەرشانەکانی دوو گوێچکەی هەیە. وەڵام (کوڵەباڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل20


کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 658**
**پشتی وەکو سەربانە، دەڕوا سەبر سەبرانە دەکا تەماشای زیندوو، دەیانکا مردوو مردوو**

20221126160110447822=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پشتی وەکو سەربانە، دەڕوا سەبر سەبرانە
دەکات تەماشای زیندوو، دەیانکا مردوو مردوو
مەبەست لە گیانەوەری کیسەڵە، پشتی وەک سەربانە، واتە: کیسەڵ پشتی ڕەقە، بەشی سەرەوەی تەختە و بەسەربان چووێنراوە، دەڕوا سەبر سەبر، واتە: زۆر لەسەرخۆ بە ڕێگەدا دەڕوات، هەروەها کیسەڵ گیاخۆرە و گژوگیا دەخوات کە شتێکی زیندووە و لە گەدەیدا دەبێتە شتی مردوو. وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل17
کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 659**
**پشتی ڕەشە دەڵێی قیلە، بەر زکی سپییە دەڵێی شیرە، ڕێ دەکا دەڵێی کورە وەزیرە**
[1=https://www.kurdipedia.org/?lng&q=20220728114457425076](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728114457425076)



پشتی ڕەشە دەڵێی قیلە، بەر زکی سپییە دەڵێی شیرە، ڕێ دەکات دەڵێی کوڕە وەزیرە
قیل: واتە قیر، مەبەستی مەتەڵەکە حاجی لەق لەقە، پشتی ڕەشە، لە مەتەڵەکەدا بە قیر چووێنراوە، بەر زکی سپییە دەڵێی: شیرە: مەبەستی ژێر سکی لەق لەقە کە پەڕەکەی سپییە، ڕێدەکات دەڵێی: کوڕە وەزیرە: مەبەستی لەڕۆشتنەکەیە. وەڵام (لەق لەق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 660**
**پلورە، لەبن ئێسکان چەرمە**

2022101121281943928O=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پلورە، لەبن ئێسکان چەرمە.
پلورە: خەڵێف، مەبەست لە جێگەی هەنگە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە کیسەڵە کە پشتی ڕەقە وەک ئێسقان، هەروەها سێڵەی پشتی وەک شانەی هەنگ وێنەی چەندین شەش پاڵووی لەسەرە، گیانداری کیسەڵەکەش لەناو پشتە ڕەقەکەدایەتی. وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل21

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 661**
**پلکە قازی لە هەورازی بۆ دەنازی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017210246440461

پلکە قازی
لە هەورازی
بۆ دەنازی

مەبەستی مەتەڵەکە تەرزەیە، پلکە قازی، مەبەست لە تەرزەیەکی قەبارە قەورەیە، لە هەورازی، واتە: تەرزە لە ئاسمانەوە دادەبارێتە خوار، ئاسمان بە هەوراز چووێنراوە، بۆ دەنازی، مەبەست لە تەرزەیە کە بەرزەوی دەکەوێ هەڵدەبەزێرەوە. وەڵام (تەرزە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل33

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 662**
**پوورێکم هەیە لە کێوی بە ڕبان هێلکە دەپێوی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017211730440478
پوورێکم هەیە لە کێوی
بە ڕبان هێلکە دەپێوی
ڕبە: بڕێکی پێوانەییە بۆ پێوانەکردنی دانەوێلە بەکاردێت، نزیکەی دوو کیلۆ دەبێت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) پوورێکم هەیە لە کێوی، مەبەست لە کەوە کە لە کێو دەژی، بە ڕبان هێلکان دەپێوی، مەبەست لەوەیە کە کەو هێلکە زۆر دەکات. وەڵام (کەو) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل33
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 663**
**پڕ بە بارێک گووی خەست تۆ بە کەوچک من بە دەست**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126155503447820
پڕ بە بارێک گووی خەست
تۆ بە کەوچک من بە دەست
بار: بەو کاڵا قوورسە دەوترێ کە دەخرێتە سەر پشتی باربەر، پڕ بە بارێک گووی خەست، مەبەست لە هەنگوینە، هەنگوین فرۆشەکان بە بار لە گوندەکانەوە بۆ فرۆشتن، بۆ شاری دەبەن، تۆ بە کەوچک من بە دەست، واتە: بەو شێوەیە دەیخۆین.
وەڵام (هەنگوین خواردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل19
کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 664**

**پڕ بە بارە لە هەموو شوێنێ دیارە**

20221017230745440511=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پڕ بە بارە، لە هەموو شوێنێ دیارە.
بار: بەو کۆڵە دەوترێ کە هەمیشە بە پشتی کۆڵبەر یان گەڕیدەوەیە، تەمەنێکی درێژ لەگەڵ خۆی دەیهێنێ و دەیبات، پڕ بە بارە، مەبەست لە ناوی مرۆڤە کە لەسەرەتای بوونییەوە، تا کۆتایی تەمەنی لەگەڵیەتی و وەک بار بە کۆڵیەوەیەتی، لە هەموو شوێنێ دیارە، واتە: هەموو کەسێک بەوناوەوە دەناسرێتەوە و دیارە کە هەڵگریەتی. وەڵام (ناو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل32

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 665**
**پڕ بە چنگێگە هەنار نییە بتەوێ هەیە لە بازاڕ نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017211036440469

پڕ بە چنگێگە هەنار نییە
بتەوێ هەیە لە بازاڕ نییە
مەبەست لە دڵی مرۆڤە، پڕ بە چنگێگە هەنار نییە، واتە: دڵی مرۆڤ بەقەدەر چنگێکە، وەک چۆن هەنار بەقەدەر چنگێک دەبێت، بتەوێ هەیە لە بازاڕ نییە، گەر کەسێک دڵی بوێ، دەبێت بەخۆشەویستی بەدەستی بهێنێ، ئەگینا لە بازاڕ بە کڕین نییە و دەستی ناکەوێ. وەڵام (دڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 666**

**پڕ بە دەست دەیگری دوایی سەری دەبڕی بۆ خۆت بۆی دەگری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017205953440460

پڕ بە دەست دەیگری
دوایی سەری دەبڕی
بۆ خۆت بۆی دەگری
مەبەستی مەتەڵەکە پیاز جنینە، پڕ بە دەست دەیگری، واتە: سەلکێ پیاز کە دەجندرێ پڕ بە دەستە، سەری دەبڕی، مەبەست لە کرداری جنینی پیازە بە دەست، بۆ خۆت بۆی دەگری، واتە: لەکاتی جنینی پیازدا ئاو بە چاودا دێتەخوار، بە گریان بەراوردکراوە. وەڵام (پیاز جنین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 667**
**پۆرگۆکە پڕ ڕشکۆکە**

[20230111203427457931=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111203427457931)

پۆرگۆکە پڕ ڕشکۆکە.
پۆرگۆکە مەبەست لە توێکڵی هەنجیرە. (پۆرگ: بەرگی خونچەی گوڵی نەپشکوتوو. فەرهەنگی خاڵ) پاشگری (ۆکە) بچێتە سەر هەر ناوێک دەیکاتە بە ناوی بچووککراوە، پڕ ڕشکۆکە، (ڕشک: گەرای ئەسپێ. فەرهەنگی شێخانی) مەبەست لە ناوکی هەنجیرە کە بە ڕشک چووێنراوە. وەڵام (هەنجیر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل198.

کاتی تۆمارکردن: 11-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 668**
**پیاوی سپڵە نەبەری هەیە نەپشت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017232843440516

پیاوی سپڵە، نەبەری هەیە نەپشت.
سپڵە لە کوردەواردا بە کەسێک دەوترێ کە وەفای بۆ کەسە باشەکانی دەوروبەری نەبێت، پیاوی سپڵە، مەبەست لە نیسکە، (نیسک: جۆرێک دانەوێڵەیە) نەبەری هەیە نەپشت، واتە: نیسک دەکۆڵەکەی کەمێک خڕە، چۆن فڕێبدرێت، هەر جارەی بەدیوێکدا دەوەستێ، واتە: باری نییە، لەمەتەڵەکەدا بە پیاوی سپڵە چووێنراوە. وەڵام (نیسک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل33

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 669**

**پیاوی نامەحرەم لە سێ شوێنی ئافرەت دەستنوێژی ناشکێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017233830440518

پیاوی نامەحرەم لە سێ شوێنی ئافرەت دەستنوێژی ناشکێ.
مەتەڵەکە لە تێروانینێکی ئایینیەوە هاتووە، بەپێی ئایین ژن تەنیا مێردەکەی مافی هەیە، جەستەی ببینێت، بۆ پیاوی تر درووست نییە، ژن تەنیا سێ جێگەی بۆ هەموو پیاوێک درووستە بیبینێت، نینۆک، ددان و مووی سەر. وەڵام (نینۆک، ددان و موو) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل33

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 670**
**پیاوێک بە سەعاتێک چووە حەج و هاتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017234028440519

پیاوێک بە سەعاتێک چووە حەج و هاتەوە.
حەج: ڕووگەی موسوڵمانانە، ساڵی جارێک ڕێگەیەکی دوور دەبڕن و دەچنە حەج، مەبەست لەوەیە کە پیاوێک بە سەعاتەکەی دەستییەوە چوو بۆحەج و گەڕایەوە. وەڵام (سەعاتی دەست) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل33

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 671**

**پیاوێک شەش کوڕی هەیە، وەجاخی کوێرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925085513523258

پیاوێک شەش کوڕی هەیە، وەجاخی کوێرە.
وەجاخ: بەو شوێنە دەوترێت کە لەماڵدا ئاگری بۆ چێشتلێنان تێدادەکرێتەوە، لە کوردەواردا نەریت وایە هەر ماڵێک پیاوی نەمابێت یان کوڕی نەبێت، لە جەژنەکاندا نابێت ئاگر بکاتەوە، لە ئێستادا بۆ پیاوێک بەکاردێت کە کوڕی نەبێت، یان تەنیا کچی هەبێت، پیاوێک شەش کوڕی هەیە، وەجاخی کوێرە، مەبەست لەوەیە کە کوڕێکیانی ناوی وەجاخە و چاوی کوێرە.
وەڵام (کوڕێکیان ناوی وەجاخە و چاوی کوێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل42

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 672**

**پیاوێک لەدایک نەبوو مرد یەکێکیتریش لەدایکبوو نەمرد**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018210421440683

پیاوێک لەدایک نەبوو مرد، یەکێکیتریش لەدایکبوو نەمرد.
تێڕوانینێکی ئایینیە، پیاوێک لەدایک نەبوو مرد، مەبەست لە ئادەمە کە خودا یەکەم کەس درووستی کرد، لە هیچ ژنێک لەدایک نەبوو، بەڵام دوای تەمەنێکی درێژ مرد، یەکێکی تریش لەدایک بوو نەمرد، مەبەستی لە عیسایە کە لە مریەمی دایکی لەدایک بوو، بەڵام دواتر خودا بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان، تا ئێستا نەمردووە. وەڵام (ئادەم و عیسا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل35

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 673**
**پیاڵەی سپی ئاوی دوو ڕەنگ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017232644440515

پیاڵەی سپی، ئاوی دوو ڕەنگ.
مەبەستی مەتەڵەکە هێلکەیە، پیاڵەی سپی، مەبەست لە قەپاغی هێلکەیە کە ڕەنگی سپییە، چۆن پیاڵە چا یان ئاوی تێدەکرێ، قەپاغی هێلکەش زەردێنە و سپێنەی تێدایە، ئاوی دوو ڕەنگ، مەبەست لە سپێنە و زەردێنەی هێلکەیە کە وەک ئاو شلە وکەمێک ملن. وەڵام (هێلکە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل33

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 674**
**پیری بن گڵێ دەڵێ تووکی بن هەنگڵێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224144927453884](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224144927453884)

پیری بن گڵێ
دەڵێ تووکی بن هەنگڵێ
مەبەست لە کیسەڵە، (کیسەڵ: گیانەوەرێکی گیاخۆرە، لە ئاو و لە وشکانیدا دەژێ، لە گەرمیان و کوێستانی وڵاتی کوردەواردا بوونی هەیە) ، پیری بن گڵێ، مەبەست لە کیسەڵە کە لە وەرزە ساردەکاندا لەبن گڵدا خۆی حەشاردەدا، هەروەها لە ڕەشیدا بە تووکی بن هەنگڵێ چووێنراوە. وەڵام (کیسەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل9.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 675**

**پیرێژنی حەفت کراس لەبەرە هێشتا ئەیژێ سەرمامە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917214652521166

پیرێژنی حەفت کراس لەبەرە
هێشتا ئەیژێ سەرمامە
مرۆڤ کاتێک دەکەوێتە تەمەنەوە، توانای بەرگری جەستەی کەم دەبێتەوە و لە وەرزە ساردەکاندا زۆر کەم گەرمی دەبێتەوە، کورد وتەنی سەرمابردەڵە دەبێت، پیرێژنی حەفت کراس لەبەر، مەبەستی لە پیازە کە توێ توێیە، توێی پیاز بە کراس چوونێنراوە، هێشتا هێژێ سەرمامە، واتە: مرۆڤی بەتەمەن چەند جل لەبەربکات، لە وەرزە ساردەکاندا دەشێ هەر سەرمای بێت. وەڵام (پیاز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل14

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 676**
**پیرێژنی قنگ بە مەشکە**

20231012194651525891=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پیرێژنی قنگ بە مەشکە.
مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێت، پیرێژنی قنگ بە مەشکە، مەبەست لە زۆپای دارە، (زۆپای دار: لە گوندەکاندا بەکاردێت، لە تەنەکە درووستدەکرێت، بۆ گەرمکردنەوە ژوور بەکاردێت) ، مەتەڵەکە زۆپای داری بە پیرێژن بەراوردکردووە. وەڵام (زۆپای دار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری گەرمیانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: کاروان عوسمان عەلی، چاپی یەکەم، وەزارەتی رۆشنبیری، کەلار، 2009، ل87
کاتی تۆمارکردن: 12-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 677**
**پیرێژنی گمەگمە تێی هەڵدەن سەرەسمە پیسکە ئەوە جاجمە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017210508440463

پیرێژنی گمەگمە
تێی هەڵدەن سەرەسمە
پیسکە ئەوە جاجمە
گمگم: واتە خەت خەت، وەڵام مەتەڵەکە لەناو خۆیدایە، پیرێژنی گمەگمە، مەبەست لە جاجمە کە توانای مانەوە و بەرگەگرتنی زۆرە، لە درێژی تەمەندا بە پیرێژن چووێنراوە، پیسکە ئەوە جاجمە، مەبەست لەوەیە کە پیرێژن ماڵی خۆی بە خەڵکی نادات. وەڵام (جاجم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل33
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 678**
**پیرێژنێloورە لوورە لێیدەن بە بەردە زوورە پیسکە ئەوە مافوورە**
[2023011720323945893=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117203239458939)

پیرێژنێ لوورە لوورە
لێیدەن بە بەردە زوورە
پیسکە ئەوە مافوورە
مەبەست لە مافوورە، (مافوور: ڕایەخی بە تەون چنراوی نەخشدارە. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) پیرێژنی بە لوورە لوورە، مەبەست لە مافوورە کە باش و خراپی لەسەر دادەنیشێ، لێیدەن بە بەردە زوورە (زوورە: بەردێکی زبرە چەقۆی پێتێژدەکرێ. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: مافوور زۆر توند گوڵچندەکرێ، بە چەقۆ و شتی تیژ و ڕەق بە ئاسانی کون نابێت، پیسکە ئەوە مافوورە، مەبەست لە کەسی دەستنووقاو و پارەپیسە کە مافوور ناکڕن. [1]
وەڵام: (مافوور)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل239.
کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 679**

**پیرە بابێ لە غارێ، بە ئەردێنی دەڵێ: بەڵێ**

20220730205726425579=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پیرە بابێ لە غارێ، بە ئەردێنی دەڵێ: بەڵێ
پیرە بابێ لە غارێ: مەبەستی کەڵەبابە یان کەلەشێری پیرە، ئەردێن واتە: ڕیش لە مەتەڵەکەدا، مەبەستی لەو پەڕە چەرمە سوورانەیە کە بەژێر ملی کەڵە شێرەکەوەیە، لە کاتی خوێندندا دەلەرێتەوە و سەرنج ڕاکیشە. وەڵام کەلەباب، کەلەشێر.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 680**
**پیرە بابێ مردی منداڵان سەرپێ کردی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917214438521163

پیرە بابێ مردی
منداڵان سەرپێ کردی
مەتەڵەکە مەبەستی لەو دارانەیە کە دارەڕای خانووی پێدەکرێت، (لە کوردەواردا سەقفی خانوو دارەڕا دەکرێت، پاشان گڵەبان) ئەو دارانەی لە دارەڕادا دادەنرێت، هەر یەکەیان ناوێکی تایبەتیی هەیە، پیرە بابێ مردی، مەبەست لە نیرگە یان کاریتەیە، (نیرگە: دارێکی ئەستووری درێژە کە دارەڕای خانووی لەسەر دەوەستێت) منداڵانی سەرپێ کردی، مەبەست لە (دەستەک) داری دارەڕایە کە لەسەر نیرگە دەوەستن. وەڵام (نیرگە، یان کاریتە و دەستەک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل18
کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 681**

**پیرە مامان لە دەشتی، هەمووان سێڵەی خۆ لە پشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731080308425630

پیرە مامان لە دەشتی، هەمووان سێڵەی خۆ لە پشتی
پیرەمامان لە دەشتی واتە: پەنجەکانی دەستی مرۆڤ، سێڵە، واتە: ساجی نانکردن کە بە نینۆک چووێنراوە، هەمووان سێڵەی خۆ لە پشتی واتە: هەموو پەنجەیەک نینۆکێکی پێوەیە، مەتەڵەکە مەبەستی لە پەنجەی دەست و نینۆکە. وەڵام پەنجە و نینۆک. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 682**
**پیرە مامی بێدەدان، سواری ئەسپی بێگیان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730205330425577

پیرە مامی بێدەدان، سواری ئەسپی بێگیان
پیرە مامی بێ دەدان: مەبەستی لە منداڵی بچووکە کە هێشتا دانی دەرنەهاتووە، ئەسپی بێ گیان: مەبەستی لە بێشکە یان لانکەیە کە منداڵی دەخەنە ناو، بۆ ئەوەی تێیدا پشووبدات و بخەوێ. مەتەڵەکە واتە: منداڵی بچووک لەناو بیشکەدا دەخەوێ. وەڵام منداڵ و لانکە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 683**
**پیرە مامی لە لێری، گیا و گۆڵی دادەگێڕی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730205125425576

پیرە مامی لە لێری، گیا و گۆڵی دادەگێڕی
پیرە مامی لە لێری واتە: کاتێک بای توند لە چیا و لێرەوارەکانەوە بەهێز هەڵدەکەن، لە هەر جێگایەکەوە هەڵکات، بەرەو دەشتاییەکان دێت و گیا و گۆڵ و دار و دەون و... هتد پێشخۆی دەدا و ڕایان دەماڵێ، مەتەڵەکە مەبەستی بای توندە. وەڵام با. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 684**
**پیرە مامێ لە تەلان، تیران داوێ بێ کەوان**

2022073020552842557‎8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پیرە مامێ لە تەلان، تیران داوێ بێ کەوان
سیچڕ ئەو گیانلەبەرە کێوییەیە کە لەشی بە سیخ یان پەڕی درێژی نوک تیژ داپۆشراوە، پیرە مامێ لە تەلان واتە: سیچڕێک لە لێژییەکدایە، تیران داوێ بێ کەوان، واتە: سیخەکانی کە لە کاتی شەڕدا، بەکاریدێنێ دژی دوژمنەکانی. وەڵام سیچڕ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 685**
**پیرە مامێ لە تەلانێ لۆلکێ دەخوا بە زمانێ**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108153524457245](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108153524457245)

پیرە مامێ لە تەلانێ
لۆلکێ دەخوا بە زمانێ
مەبەست لە باگوردانە، (باگوردان: باگردێن ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە بەرد درووستدەکرێ، بۆ گێڕانی بانی گڵ، لەکاتی باران بارینددا بەکاردێ) پیرە مامێ لە تەلانێ، (تەلان: لێژ) مەبەست لە باگردێنە، لۆلکی دەخوا بە زمانێ، مەبەست لەو قورەیە کە بە باگردێندا دەنووسێت لە کاتی بانگێڕندا. وەڵام (باگوردان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل183
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 686**
**پیرە مامێ لە دەشتی، کۆڵە سێڵێ لە پشتی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730124553425524



پیرە مامێ لە دەشتی، کۆڵە سێڵێ لە پشتی
سێڵە لە بەشە شیوەزاری موکریان واتە: ساجی نانکردن, پیرە مامێ لە دەشتی: مەبەستی لە کیسەڵە کە تەمەنی زۆرە و بە سرووشت پشتێکی رەق هەیە, هەمیشە بە کۆڵیەوەیەتی و لێی نابێتەوە, وەک ساجی نان کورە، لە پەندەکەدا بە سێڵە چووێنراوە. وەڵام کیسەڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 687**
**پیرە مێردی لەبن کەرە گەڵێ، بە سمێلان دەڵێ بەڵێ بەڵێ**

20220730210105425581=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1




پیرە مێردی لەبن کەرە گەڵێ، بە سمێلان دەڵێ بەڵێ بەڵێ
پیرەمێرد مەبەستی لە سمۆرەیە کە گیانلەبەرێکی دارەوانی کێوییە، پیرە مێردی لەبن کەرە گەڵێ واتە: سمۆرە بەردەوام لەسەردار و بن گەڵا و گۆڵدایە، بە سمێلان دەڵێ : بەڵێ بەڵێ ، واتە: بەردەوام سمێڵی دەجووڵێنێ کە پیشەیەکی سرووشتی خۆیەتی.
وەڵام سمۆرە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 688**
**پیرەپیاوێکە لە تەلان تیر ئەخا بەبێ زووان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922210616522594

پیرەپیاوێکە لە تەلان
تیر ئەخا بەبێ زووان
مەبەست لە سیچڕە، (سیچڕ: گیانلەبەرێکی کێوییە، جەستەی بە سیخ داپۆشراوە، بۆ بەرگریکردن لەخۆی بەکاری دێنێت) ، تەلان: جێگەی لێژ، پیرەپیاوێک لە تەلان، مەبەست لە سیچڕە، تیر ئەخا بەبێ زووان، واتە: سیخەکانی پشتی بەرووی دوژمنەکانیدا بەکاردێنێت. وەڵام (سیچڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل32

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 689**
**پیرەژنی ئاودەلۆکێ، لە هەموو کۆڵانان دەکۆکێ**

20220731080632425631=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پیرەژنی ئاودەلۆکێ، لە هەموو کۆڵانان دەکۆکێ
پیرەژنی ئاودەلۆکێ مەبەستی لە سندۆڵە کە ئامێرێکی فۆلکلۆری کوردییە، لەبەرد درووستکراوە، بۆ گەنم یان ساوە کوتان بەکاریان هێناوە، لە هەموو کۆڵانان دەکۆکێ واتە: هەر ڕۆژەی لە کۆڵانێک بۆ کوتان بەکارهاتووە. وەڵام سندۆڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 690**
**پیرەمێردی پشت کەڵەشتی دەرمانی هەموو دەردی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101174641455873

پیرەمێردی پشت کەڵەشتی
دەرمانی هەموو دەردی
مەبەست لە خوێیە، پیرەمێردی پشت کەڵەشتی، (کەڵە: پیاوی ئازا و بەحورمەت. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مێژووی ناسینی خوێ و بەکارهێنانی لە وڵاتی کوردەواردا کۆنە، بۆیە بە پیرەمێردی بەحورمەت چووێنراوە، دەرمانی هەموو دەدێ، واتە، هەموو خواردنێ خوێی تێدەکرێت پاشان تام دەگرێ. وەڵام (خوێ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل127.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 691**
**پیرەمێردی قون بە مشکی**
[20221126160352447823=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126160352447823)

پیرەمێردی قون بە مشکی.
مشکی: جۆرە قوماشێکی ڕەنگاوڕەنگە پیاوانی کورد دەیبەستن لەسەریانەوە، وەک نیشانەی ناسینەوەی کورد بەکاردێت، مەتەڵەکە مەبەستی لە زۆپای دارە کە بە پیرەمێردی چوواندووە، قون بە مشکی، مەبەست لە ئاگردانی زۆپایە کە وەک مشکی ئاگرەکەی ڕەنگینە. وەڵام (زۆپای دار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل17
کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 692**

## پیرەمێردی لە سەربانێ، لۆلکی دەخوا بە زمانێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730204906425575

پیرەمێردی لە سەربانێ، لۆلکی دەخوا بە زمانێ
لەبەر ئەوەی باگردێن مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، هەمیشە لەسەربان دانراوە، لە مەتەڵەکەدا بە پیرەمێردی لە سەربان هاتووە، لۆلک: مەبەست لە خواردنی نەرم و شلە، هەموو پیرەمێردێ بە ئاسانی بۆی دەخورێ ، ئەو خوادنە نەرمە، چووێنراوە بەو قورە شلەی کە دوای باران بارین لە کاتی گێڕانی سەربانە گڵەکاندا، بە باگردێنەکەوە دەنووسێ. وەڵام شەولەبان. [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر


کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 693**
**پیرەمێردێ پشتکەڵە شتێ دەرمانی هەموو شتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018204310440667

پیرەمێردێ پشتکەڵە شتێ
دەرمانی هەموو شتێ
مەبەست لە خوێ چێشتە، پیرەمێردێ پشتکەڵە شتێ، مەبەست لە خوێیە کە دەنکی ڕەقە و وردە لە مەتەڵەکەدا بە پشتی پیرەمێرد بەراوردکراوە، دەرمانی هەموو شتێ، مەبەست لەوەیە کە دەکرێتە هەموو چێشتێکەوە و تامی پێدەگرێ. وەڵام (خوێ چێشت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل34

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 694**

**پینەچییەکی دەست ڕەنگین هەشت پیتە بە نوقتە نووسین دەرگایەکی پێویستە بۆ ئوتومبێل و ماشین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018203856440664

پینەچییەکی دەست ڕەنگین
هەشت پیتە بە نوقتە نووسین
دەرگایەکی پێویستە بۆ ئوتومبێل و ماشین
پینەچی: مەبەست لەو کەسەیە کە دڕاوییەک پینەدەکات و دەیدورێتەوە، پینەچییەکی دەست ڕەنگین، مەبەست لە پەنچەرچییە کە تایەی ئۆتۆمۆبێل پەنچەری دەکات، هەشت پیتە بە نوقتە نووسین، مەبەست لە وشەی (پەنچەرچی) یە کە لە هەشت پیت پێکهاتووە. وەڵام (پەنچەرچی) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل35

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 695**
**پێت خۆشە گەنجی ماڵ بیت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017233557440517

پێت خۆشە گەنجی ماڵ بیت.
مەبەست لە سەگە، هەمیشە بۆ پاسەوانی سەگی گەنج و بەهێز لە ماڵدا دادەنرێت کە چووێنراوە بە کەسی ئازا و لاو. وەڵام (سەگ). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل33

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 696**
**پێچەنی پلوچەنی سەرسەمەنی قلوچەنی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018205113440674

پێچەنی پلوچەنی
سەرسەمەنی قلوچەنی
مەبەست لە زنجیرە، پێچەنی پلوچەنی، پلوچ: لۆچ یان لێواری خوار (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە ئەڵقەی زنجیرە کە ئەڵقە ئەڵقە چوون بەناو یەکدا و یەکیان گرتووە، سەرسەمەنی قلوچەنی، سەمەن: ڕەنگی زەردی کاڵ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) قلوچ: ئەڵقەی خوار، واتە: ئەڵقەکان خوارن و ڕەنگیان زەردی کاڵە. وەڵام (زنجیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل34

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 697**
**پێخەفە و پێخەف نییە پێیدادەدەن ئاگای لێ نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017212532440484

پێخەفە و پێخەف نییە
پێیدادەدەن ئاگای لێ نییە
پێخەف: سەرپۆشی خەوتن یان ئەو نوێنەی کە مرۆڤ پێی دەخەوێت (فەرهەنگی خاڵ و هەنبانە بۆرینە) پێخەفە و پێخەف نییە، مەبەست لە باگردێنە (باگردێن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە بۆ گێڕانی بانی گڵ بەکاردێت) پێیدادەدن ئاگای لێ نییە، مەبەست لە کاتی بانگێڕانە. وەڵام (باگردێن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل33

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 698**
**پێستی لەناو گۆشتی لەدەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018210830440686

پێستی لەناو گۆشتی لەدەر.
پێستی لەناو گۆشتی لەدەر.
مەبەست لە سیقەتۆرەیە، پەلەوەر و باڵندە لەباتی گەدە سیقەتۆرەیان هەیە، بۆ ئەزمکردنی دانەوێلە و خۆراک کە ڕۆژانە دەیخۆن، سیقەتۆرەش بە ڕووپۆشێکی پێشتی بەهێز لە ناوەوە دەورەدراوە، دەرەوەشی بە گۆشت ڕووپۆشکراوە. وەڵام (سیقەتۆرەی باڵندە و پەلەوەر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل34

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 699**

**پێستی مەڕە بازنی خڕە پەنجەی لێدەی دەنگی زلە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018205404440676

پێستی مەڕە بازنی خڕە
پەنجەی لێدەی دەنگی زلە
مەبەست لە دەفە، پێستی مەڕە بازنی خڕە، واتە: دەف لە ئەڵقەیەکی دار پێکدێت کە پێستی مەڕی تێگیراوە، پەنجەی لێدەی دەنگی زلە، واتە: ئەو کەسەر کە دەف لێدەدات بە پەنجە دەکێشێ بە دەفەکەدا پێستەکە دەنگدانەوەیەکی گەورە درووستدەکات. وەڵام (دەف) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل34


کاتی تۆمارکردن: 2022-10-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 700**

**پێستی هەیە مووی نییە خواردنی هەیە ڕیخی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018205703440679

پێستی هەیە مووی نییە
خواردنی هەیە ڕیخی نییە
مەبەست لە گەنەیە، لە کوردەواریدا لەم بارەیەوە پەندێک هەیە دەڵێ: (دەڵێی گەنەی گونی گایە) پێستی هەیە مووی نییە، واتە: گەنە، زیندەوەدۆچکەیەکی پێستدارە، هیچ جۆرە موویەکی پێوەنییە، خواردنی هەیە ڕیخی نییە، واتە: گەنە گەندەخۆرە و لەسەر جەستەی ئاژەڵی گەورە دەژیی، دەخوا دەخوا تا دەتەقێ و دەمرێ، چونکە هیچ پاشەڕۆیەک فرێنادات. وەڵام (گەنە) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل34

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 701**
**پێستی هەیە و سکی نییە بێتاوان لێی دەدەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126160558447824

پێستی هەیە و سکی نییە بێتاوان لێی دەدەن.
مەبەست لە دەفە، (دەف: ئامێرێکی پێستداری موزیکی کوردییە، لە بۆنە و مەراسیمە ئایینییەکاندا بەکاردێت) پێستی هەیە، مەبەست لە پێستی دەفە کە لە پێستی ئاژەڵ درووستدەکرێ و دەگیرێتە دەف، سکی نییە، مەبەست لە دەفە کە لە بازنەیەکی دار پێکهاتووە و یەک دیوی پێستی تێگیراوە، لە بۆنەکاندا لێدەدرێ. وەڵام (دەهۆڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل17

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 702**
**پێش میوا دەچێتە بنەبان**

20221018211317440691=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پێش میوا دەچێتە بنەبان.
بنەبان: بەوپێش هەیوانە دەوترێ کە لە گوندی کوردەواردا خەڵکی لێی دادەنیشن، پێش میوان دەچێتە بنەبان، خاوەنماڵی کورد کە میوانی دێت، میوانەکە پێش خۆی دەخات و بۆ دانیشتن و پشوو دەچنە بنەبان، مەبەست لە هەوایە کە پێش هەمووان دەگاتە ئەوێ. وەڵام (با، هەوا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل34

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 703**

**پێشەی بێ گۆشت**

20231014220530526253=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پێشەی بێ گۆشت.

وەڵام (شاخی یان چاوی ئاژەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل32

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-14

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 704**

**پێنج برا هەن مووی سەریان نییە**

[20230922210946522595=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922210946522595)

پێنج برا هەن مووی سەریان نییە.
پێنج برا هەن کۆسەن.
پێنج برای کەچەڵ.
کۆسە: بە کەسێک دەوترێت لە بنەچەوە مووی نەبێت، کەچەڵ: بە کەسێک دەوترێت کە بەهۆی نەخۆشیی کەچەڵییەوە مووی سەری لەدەستدابێت، پێنج برا مەبەست لە پەنجەکانی دەستە کە بە برا چووێنراون، مووی سەریا نییە، واتە: سەری پەنجەکان وەک سەری کەچەڵ موویان پێوەنییە. وەڵام (پێنج پەنجەی دەست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل35


کاتی تۆمارکردن: 2023-09-22

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 705**
**پێنج برا و ماڵێک**

20230923134249522765=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پێنج برا و ماڵێک.
پێنج سوار و ماڵێک.
مەبەست لە دەست و پەنجەی مرۆڤە، پێنج برا، واتە: پێنج پەنجەی دەست، لە مەتەڵەکەدا بە پێنج برا چووێنراوە، چونکە بەردەوام لە تەنیشت یەکەوەن، ماڵێک، مەبەست لە بەری دەستە، کە بە ماڵی پەنجەکان چووێنراوە، چونکە مرۆڤ گەر پەنجەکانی بنووقێنێت، دەچنەوە ناو بەری دەست. وەڵام (پێنج پەنجە و دەست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل38

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 706**
**پێنج برا یەک کڵاویان هەیە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018215320440717](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018215320440717)

پێنج برا یەک کڵاویان هەیە.
قوڵکاوەر: بەو قوڵ یان چاڵە قوڕینە دەوترێت کە لە بەردەم ئاگرداندا درووستدەکرێت، و پۆل یان خەڵووزی گەشاوەی تیاکۆدەکرێتەوە، لەژێرەوە پێنج قاچی هەیە لەسەری وەتاوە، پێنج برا مەبەست لە پێنج قاچی قوڵکاوەرە، کڵاو مەبەست لە خودی قوڵکاوەرە. وەڵام (قوڵکاوەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل35

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 707**

**پێنج برا، لەیەک دەرگاوە دەچنە ژوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220808113912427220

پێنج برا، لەیەک دەرگاوە دەچنە ژوور.
پێنج برا واتە: پێنج پەنجەی یەک دەست کە لە ئیش و کاردا هاوکاری یەک دەکەن وەک برا، لەیەک دەرگاوە دەچنە ژوور، مەبەستی لە دەستکێشە، کاتێک کەسێک لە دەستی دەکات، هەر پێنج پەنجەی لەیەک شوێنەوە دەباتە ناو دەست کێشەکە. (دەستکێش لە فەرهەنگی کوردیدا پێشی دەوترێ دەستەوانە) . وەڵام دەستکیش، دەستەوانە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 708**
**پێنج پیتە ئەم مەتەڵە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915220701434194

پێنج پیتە ئەم مەتەڵە
چوار پێی هەیە و ئاژەڵە
لە بنەماڵەی سەگە
هەشە لەوان دوو ڕەگە
دەمی وەک ڕێوی وایەک
لە غاردا زۆر ئازایە
کەمەر باریک و لاواز
ڕاو دەکا بە وێنەی باز
ئەگەر نێچیر ببینێ
زوو خۆی ڕادەپسکێنێ
ڕادەکا و دەردەچێ بۆی
دەیگرێ بۆ خاوەنی خۆی
چییە؟ خێرایە و بەتاو
خاوەنی دەیبات بۆ ڕاو
وەڵام (تانجی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل41

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 709**

**پێنج پیتە مەتەڵ ئەمجارە، نەدەخورێت و نەگیانداره**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906220048432534](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906220048432534)

پێنج پیتە مەتەڵ ئەمجارە
نەدەخورێت و نەگیانداره
ئامێرێکی مۆسیقایە
فووی پیانەکەی دەنگی نایە
درێژ کونکون نێوی بۆشە
لێی بزانی دەنگی خۆشە
چییە ئەم ئامێرە جوانە؟
کە خەم لابەری دڵانە

مەبەستی مەتەڵەکە شمشاڵە (شمشاڵ: ئامێرێکی فۆلکلۆری کوردییە، فووداره و بەشێوەی هەوایی موزیکی پێ لێدەدرێت) لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا بۆ ڕەوینەوەی خەمەکان و دەربڕینی ساتێکی خۆش بەکاردێت. وەڵام (شمشاڵ) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل7]

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 710**
**پێنج پیتە مەتەڵ دڵۆپە ئاوە**

20220907124806432725=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پێنج پیتە مەتەڵ دڵۆپە ئاوە
لەسەر پەڕەی گوڵ یا گیا وەستاوە
وەک فرمێسکی چاو ڕوون و گەش دیارە
زیاتر لە زستان یا لە بەهارە
پیتی یەک و دوو لەگەڵ پیتی سێ
کە ڕۆژ ئاوابوو، ینجا ئەو دادێ
پیتی یەک و دوو پێنجی بۆ دانە
خۆشەویستەکەی وەلی دێوانە
پیتی پێنج و چوار بنووسیتەوە
تۆی وا مەتەڵمان دەخوێنیتەوە
وەڵام (شەونم) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل30

کاتی تۆمارکردن: 07-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 711**
**پێنج مانگ بەحرییە بەخۆی حاکمە بەرگی بووزییە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018203528440663](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018203528440663)

پێنج مانگ بەحرییە
بەخۆی حاکمە
بەرگی بووزییە
مەبەست لە مەرەزەکردنە (برنج) پێنج مانگ بەحرییە، واتە: ماوەی پێنج مانگ دەبێت ئاوی لەژێردابێت و بنی تەڕ بێت، بۆ خۆی حاکمە، مەبەست لەوەیە لەناو دانەوێڵەکاندا بەبەهاترین دانەوێڵەیە، بەرگی بووزییە، مەبەست لەو بەڵم (توێکڵ) ەیە کە دەوری برنجەکەی داوە. وەڵام (مەرەزەی برنج) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل34
کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 712**

**پێنج مانگی حەمرییە، بۆ خۆی حاکمە و بەرگی بووزییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731081614425637

پێنج مانگی حەمرییە، بۆ خۆی حاکمە و بەرگی بووزییە
کاتی چاندن تا کاتی پێگەشتنی گەنم پێنج مانگە واتە: گەنم پێنج مانگی تەمەنە، کاتێک پێدەگا، دەبێتە چەڵتووک، بۆ خۆی حاکمە، واتە: بەشی گرنگ لە چەڵتووکەکەدا برنجە، بەرگی بووزییە، بووزی نیشانەیە بۆ ئایینی بووزی، پیاوانی سەر بەو ئایینە جلی ڕەنگ زەرد لەبەردەکەن، بەرگی زەردی برنج چووێنراوە بەو بەرگە بووزییە. وەڵام برنج. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 713**
**پێنجە نابێ بە شەش**

20221018211606440694=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پێنجە نابێ بە شەش.
مەبەست لە پێنج فەرزی ئایینی ئیسلامە کە خواوەند، لەسەر موسوڵمانانی کردووە بە فرمان کە دەبێت جێبەجێی بکە، هەروەها موسوڵمانان لە تەواوی ژیانیاندا، ئەو فرمانانەی خودا ناتوانن کەم و زیادی بکەن، دەبێت وەک خۆی جێبەجێی بکەن. وەڵام (فەرزەکانی ئیسلام) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل35

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 714**
**پێکەوە دەگرین پێکەوە دەجووڵێن لەیەکتر جیان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018211901440698

پێکەوە دەگرین، پێکەوە دەجووڵێن، لەیەکتر جیان.
مەبەست لە دوو چاوی مرۆڤە، پێکەوە دەگرین، واتە: کاتێک کەسێک تووش دۆخێکی تایبەتیی دەبێت، دەگری و لەیەک کاتدا بەهەردوو چاویدا فرمێسک دێتەخوار و دەگری، پێکەوە دەجووڵێن، واتە: لەیەک کاتدا بە یەکەوە دەبینن، لەیەکتر جیان، واتە: جێگەیان جیاوازە. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل34

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 715**

**پێڵاوی تاشراو وەستای نەدیوە کەوای دوراو خەیاتی نەدیوە**

[20221018210116440682=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018210116440682)

پێڵاوی تاشراو وەستای نەدیوە
کەوای دوراو خەیاتی نەدیوە
لە کوردەواردا وەستا پێڵاو درووستدەکات، پێڵاوی تاشراو وەستای نەدیو، مەبەست لە مارە کە بە سرووشت ساف و لووسە و چووێنراوە بە پێڵاو، کەوای دوراو خەیاتی نەدیوە، مەبەست لە کاژی مارە کە مار فڕێیدەدات، کاژ بە کەوا چووێنراوە کە خەیات دەیدورێ. وەڵام (مار و کاژی مار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل35

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 716**

**پێی نییە! دەڕوا ناگەڕێتەوە، بۆ خۆی نازانێ چۆن دەبڕێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731082442425641

پێی نییە! دەڕوا ناگەڕێتەوە، بۆ خۆی نازانێ چۆن دەبڕێتەوە
تەمەنی مرۆڤ ساڵ بە ساڵ دەڕوا، تێدەپەڕێ و ناگەڕێتەوە، پێی نییە و دەڕوا، واتە: تەمەن بەپێی کات دەڕوا، نەک بە پێ ، بۆ خۆی نازانێ چۆن دەبڕێتەوە، واتە: کەس نازانێ تەمەنی چۆن دێ و چۆن دەڕوا، لە کوێ کۆتایی دێ و مرۆڤ دەمرێ. وەڵام تەمەن. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 717**
**پێیەکانی بگوشی دەوی دەگەزێ**

20221126160813447825=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پێیەکانی بگوشی، دەوی دەگەزێ.
مەبەست لە ئامێری پلایسە، پێیەکانی بگوشی، مەبەست لە کلکی پلایسە گەر بگوشرێ، مادده کانزاییەکان دەگوشێ تا ئاستی قرتاندن، دەوی دەگەزی، (دەو: مەبەست لە دەم) ە، واتە: هەر شتێکی بخرێتە بەر توانای هەیە بیقرتێنێ، لەمەتەڵەکەدا بە گەزتن باسیکردووە. وەڵام (پلایس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل17

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 718**
**پەتک ئاودەدەن گۆلک مەزن دەبێت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017232031440513

پەتک ئاودەدەن، گۆلک مەزن دەبێت.
مەبەستی مەتەڵەکە شوتییە، جوتیاری وڵاتی کوردەوار لەناو بێستانەکاندا شوتی دەکەن، بنجی شوتی بە چواردەوردا چەندین پەل دەهاوێ، پەتک ئاودەدەن، مەبەست لە بنجی شوتییە کە ئاوەدرێت، گۆلک مەزن دەبێ، (گۆلک: گوێرەکە) مەبەست لە شوتییە کە بە گۆلک بەراوردکراوە گەورە دەبێ. وەڵام (شوتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل32

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 719**
**پەچە ڕەشی بزن، جینگانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825161035430257

پەچە ڕەشی بزن، جینگانە.
پەچە: بەو ڕووپۆشە ڕەشە دەوترێ کە ئافرەت بە دەموچاویدا دەدات و ڕووی خۆی پێدادەپۆشێت، وەکوو چۆن بزن مووی دەموچاوی ڕەشە و وەکوو وایە پەچەی بە دەموچاویدا دابێت، پەچە ڕەشی بزن، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە ساجە کە لەسەر ئاگر دادەنرێت و ڕەش دەبێت، برێشکەی تێدا دەبرژێندرێت، (برێشکە: بەو گەنمە دەوترێ کە لەسەر ئاگر دەبرژێندرێت) برێشکە لەکاتی برژاندا کەمێک دەجوولێت، جوولەکەی چووێنراوە بە جنگڵدانی مار، لەکاتی مردندا. وەڵام (برێشکە و ساج) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27

کاتی تۆمارکردن: 25-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 720**

**پەراسووی هەیە گۆشتی نییە هەناسەی هەیە ڕۆحی نییە مەمکی هەیە شیری نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126152149447818

پەراسووی هەیە گۆشتی نییە
هەناسەی هەیە ڕۆحی نییە
مەمکی هەیە شیری نییە
مەبەست لە کوورەی ئاگردانی ئاسنگەرە کە ئاسنی تێدا سوور دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی کاڵای هەمەجۆری لێدرووستبکرێت، پەراسووی هەیە گۆشتی نییە، مەبەست لە تاق کورەیە کە بە پەراسووی مرۆڤ چووێنراوە، هەناسەی هەیە ڕۆحی نییە، کوورە جێگەی هەواکیشی هەیە کە بە هەناسە چووێنراوە، بۆ ئەوەی کوورەکە گەرم بێت و نەکوژێتەوە، مەمەکی هەیە شیری نییە، مەبەست لە دەزگای کوورەیە کە ئاسنی لەسەر دەکوتنەوە. وەڵام (کوورەی ئاگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل17

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 721**

**پەردێکی شینە، ناوی کۆلکە زێڕینە**

20220731081207425636=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پەردێکی شینە، ناوی کۆلکە زێڕینە

پەردێک: واتە پەردە، پەردێکی شینە: مەبەست لە ئاسمانە کە بە ڕۆژ ڕەنگی شینە، هەندێک جار لە وەرزی بەهاردا دوای باران بارین، کۆلکە زێڕینە دەردەکەوێ لە ئاسمان، حەوت ڕەنگە و بەشێوەی کەوانەیی دەردەکەوێ و دەدرەوشێتەوە. وەڵام ئاسمان و پەلکەزێڕینە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 722**
**پەرێزی سپی تۆوی ڕەش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017232354440514

پەرێزی سپی، تۆوی ڕەش.
پەرێز: مەبەست لە شوێنە، بەتایبەتیی شوێنی دروینەوەی دەغڵ (فەرهەنگی خاڵ) پەرێزی سپی، مەبەست لە کاغەزە کە بەپەرێز بەراوردکراوە، تۆوی ڕەش، مەبەست لە نووکی قەڵەمە کە ڕەنگی ڕەشە، بەهۆیەوە پێی دەنووسرێت، بە تۆو بەرواوردکراوە. وەڵام (کاغەز و قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل32

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 723**

**پەرێزی سپی گوڵی سیاوە ئاودێری قامیش وەزیری پیاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221017212226440482

پەرێزی سپی گوڵی سیاوە
ئاودێری قامیش وەزیری پیاوە
پەرێز: مەبەست لە شوێنە، بەتایبەتیی شوێنی دروینەوەی دەغڵ (فەرهەنگی خاڵ) سیا: واتە: ڕەنگی ڕەش، پەرێزی سپی گوڵی سیا، مەبەست لە کاغەزی سپی و نووکی قەڵەمە کە ڕەشە، ئاودێری قامیش وەزیری پیاوە، مەبەست لە کاتی نووسینە بە قەڵەم یان قامیش (پێش داهێنانی قەڵەم، لە زۆر جێگەی دنیادا، بە مرەکەب و قامیش نووسراوە) کە کەسێک دەنووسێت.
وەڵام (کاغەز و قەڵەم) . [1]

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 724**

**پەستەکەکەی مام سلێمان، پەنجا کەس کردوویەتییە شان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231213213859536604

پەستەکەکەی مام سلێمان، پەنجا کەس کردوویەتییە شان.
پەستەک: جۆرێک بەرگی کەلەپووریی کوردییە، لە خووری بەرگن درووستدەکرێت، پیاوان لەبەری دەکەن، مام سلێمان کەسایەتییەکی نەناسراوە. مەبەستی مەتەڵەکە تفەنگە، کە خاوەنی هەیە، پێش ئەو دەکرێت چەندین کەس خاوەنی بووبن و لەشانیان کردبێت. وەڵام (تفەنگ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی پێشینان، مەتەڵی کوردەواری، ع.ع.شەونم، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی، 1998، ل14

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 725**
**پەلکی لێرە کەوتووە تەرکی لەوێ کەوتووە**

2022101721195740480=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پەلکی لێرە کەوتووە
تەرکی لەوێ کەوتووە
پەلک: لقی دار و دەوەن (فەرهەنگی خاڵ) برک: مەبەست لە کاڵەک یان شووتی و کاڵیاری ناو بێستانە، پەلکی لێرە کەوتووە، مەبەستی لە ڕووەکی شوتییە کە لەناو بێستاندا پەلی درێژ دەهاوێت، تەرکی لەوێ کەوتووە، واتە: بنجی شوتی لە شوێنێکە و برکی شوتی لە جێگەیەکی ترە. وەڵام (شوتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل32

کاتی تۆمارکردن: 17-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 726**

**پەنج فریشتەی ئاهوی یەک ڕەنگ، بردنە بان سارای سپی ڕەنگ ئاهۆ دوو شاخی وەها سەرییەوە، بان شاخەکان وەگەوهەرەوە**

[20230915210300520774=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915210300520774)

پەنج فریشتەی ئاهوی یەک ڕەنگ، بردنە بان سارای سپی ڕەنگ
ئاهۆ دوو شاخی وەها سەرییەوە، بان شاخەکان وەگەوهەرەوە
پەنج: پێنج. ئاهو: ئاسک یان کەژاڵ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) پەنج فریشتەی ئاهوی یەک ڕەنگ، مەبەست لە پەنجەکانی دەستی مرۆڤە کە قەڵەمی پێدەگیرێت، بان سارای سپی، مەبەست لە وەرەقەیە کە قەڵەمی دەخرێتەسەر بۆ نووسین، هەروەها قەڵەم لە جوانیدا بە ئاسک چووێنراوە. وەڵام (پێنج پەنجەی دەست و قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل13

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 727**

**پەنجا کەسی سپی لە ژوورێک درێژبوونە سەریان زەرد و سوور و قاوەیینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018204803440672

پەنجا کەسی سپی لە ژوورێک درێژبوونە
سەریان زەرد و سوور و قاوەیینە
مەبەست لە دەنکی شقارتەیە، پەنجا کەسی سپی لە ژوورێک درێژبوونە، مەبەست لە دەنکی شقارتەیە کە پەنجا دەنک لە قاوغێکدایە، سەریان زەرد و سوور و قاوەینە، واتە: شقارتە کلکێکی داری سپی هەیە، سەرەکەی بڕێک کبریتی پێوەیە کە ڕەنگەکەی زەرد یان قاوەیی و سوورە. وەڵام (شقارتە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل35

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 728**
**پەنجی بێ و شەش ڕووی کردە پەنج حەریر لە مابەین، بێگەوهەر سەرنج**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915210525520775

پەنجی بێ و شەش ڕووی کردە پەنج
حەریر لە مابەین، بێگەوهەر سەرنج
پەنج: پێنج (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) حەریر: مەبەست لە سەرسووڕمانە. واتە: پێنج پەنجەی دەست، قەڵەمێکی گرت بە دەستەوە، پەنجەکان و قەڵەمەکە ژمارەیان بوو بە شەش، شتێکی سەیرە دەستێکی گەوهەر ئاسا، بە قەڵەم چ شاکارێک دەنووسێت. وەڵام (پەنجە و قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل13
کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 729**
**پەنجە دەکەی بە قونیا. دەم دادەچەقێنێ**
20220826110140430471=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



پەنجە دەکەی بە قونیا. دەم دادەچەقێنێ.
مقەستی جل بڕین مەبەستی مەیەڵەکەیە، بەپێی هونەری لێکچوواندن کە زانستێکی ڕەوانبێژییە، یاریی بە وشەکراوە، خەیاڵی گوێگر بۆ جێگەی تر دەبات، پەنجە دەکەی بە قونیا، مەبەست لە دەسکی مقەستە کە دوو کونی تیایە، پەنجەکانی دەستی تێدا جێگیر دەبێت، دەم دادەچەقێنێ، مەبەست لە دەمی مقەستە کە لەگەڵ جووڵەی پەنجەکاندا مقەستەکەش دەکەمەی دەکرێتەوە و دادەخرێتەوە، بەو جۆرە کاڵا دەبڕێت. وەڵام (مقەست) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 730**
**پەنجەی ڕەشی ئەمیرخان، خۆش خۆش دێتە دیوەخان**

20220731082956425643=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

پەنجەی ڕەشی ئەمیرخان، خۆش خۆش دێتە دیوەخان
ئەمیرخان نیشانەیە بۆ پاشایەکی کورد، لە مێژوودا بە ئەمیرخانی یەک دەستە یان ئەمیرخانی لەپزێرینی قەڵای دمدم ناسراوە، پەنجەی ڕەشی ئەمیر خانێ واتە: چا، خۆش خۆش دێتە دیوەخان واتە: هەمیشە و بەردەوام لە دیوەخانی کوردەواردا چا هەبووە. وەڵام چا. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 731**

**پەیدادەبێ لە ئاوی وەک بەفر بەر هەتاوی دەچێتەوە سەر ڕەنگی ئاوی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126152432447819

پەیدادەبێ لە ئاوی
وەک بەفر بەر هەتاوی
دەچێتەوە سەر ڕەنگی ئاوی

مەبەست لە خوێ چێشتە، پەیدادەبێ لە ئاوی، واتە: خوێ لە ئاوی سوێرەوە بەرهەم دەهێنرێت، وەک بەفری بەرهەتاو، واتە: بە پرۆسەی هەڵخستنی ئاو لەبەر هەتاو و بەهەڵمبوونی ئاو خوێ دەردەهێنرێت، دەچێتەوە سەر ڕەنگی ئاوی، واتە: هەر کاتێک خوێ لە ئاودا بتوێتەوە، دەنگی ئاو دەگرێ. وەڵام (خوێ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل16

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 732**
**تا باران نەبارێ، ناکرێتەوە**

20221228103119454773=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تا باران نەبارێ، ناکرێتەوە.
مەبەست لە چەترە، (چەتر: یەکێکە لەو کەلووپەلانەی کە مرۆڤ لە تەڕبوون دەپارێزێ، مێژووی هێنانی بۆ کوردستان، زۆر کۆن نییە) ، تا باران نەبارێ هەڵناکرێ، واتە: چەتر وەکوو هەموو کاڵایەک لەکاتی پێویستییدا بەکاردێ، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە باران دەبارێ. وەڵام (چەتر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 28-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 733**

**تا بووزی پێوەنەکەی، نارِوا**

20230920222820522151=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تا بووزی پێوەنەکەی، نارِوا.

بووز: لە بەشە شێوەزاری سلێمانیدا، گەر کەسێک بۆ گاڵتە، لەدواوە دەست بۆ کەسێکی تر بەرێت، پێی دەوترێت: بووزی پێوەکرد، واتە: دەستی بۆ برد، زیاتر لەناو پیاواندا باوە، مەتەڵەکە مەبەستی لە مقەستە، (مقەست: ئامێرێکی دەستییە بۆ بڕینی بەرگ بەکاردێت) واتە: کەسێک دەستی کرد بەناو کوونی مقسەتدا بۆ ئەوەی شتی پێ ببڕێت. وەڵام (مقەست) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل24

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 734**
**تا بیبڕی درێژ دەبێ**

2022082814132743089 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



تا بیبڕی درێژ دەبێ.
بەپێی بیر و ژیریی مرۆڤ، هەر شتێک ببردرێ، کوورت و بچووک دەبێتەوە، بەڵام مەتەڵەک مەبەستی لە جۆگەی ئاوە، (جۆگە: ئەو ڕێڕەوە ئاوییە باریکەیە کە دەستکاری مرۆڤە، بۆ گواستنەوەی ئاو لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر بەکاردێت) لە کوردەواردا بە هەڵکەندنی گڵ و درێژکردنی جۆگە دەوترێ: بڕینی جۆگە، واتە: هەتا جۆگە زیاتر ببڕی، درێژیی جۆگە زیاتر دەبێت. وەڵام (جۆگە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 735**
**تا بیبەخشی زیاددەکات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018213914440708

تا بیبەخشی زیاددەکات.
مەبەستی مەتەڵەکە زانستە، لە مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەموو شتێک بۆ دەستکەوتنی لایەنی ماددی کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکرێت، تەنیا شتێک کە سەودای پێوەناکرێت زانستە، زانست دەبەخشرێت هەتا زیاتر ببەخشرێ، زیاتر لەناو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە. وەڵام (زانست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل27

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 736**
**تا بیکێشی کوڵ ئەبێتۆ**

[20230918131730521282=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918131730521282)

تا بیکێشی کوڵ ئەبێتۆ.
کوڵ: قوڵ مەبەست لە کەس کوورتەبنەیە، یان بۆ شتێک بەکاردێت کە کوورت و بچووک بێت، ئەبێتۆ: ئەبێتەوە. تا بیکێشی، مەبەست لە کەسێکە کە جگەرە بکێشێت، کوڵ ئەبێتۆ، واتە: جگەرە لەکاتی کێشاندا وردەوردە کوورت دەبێتەوە و کەم دەبێتەوە. وەڵام (جگەرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 22

کاتی تۆمارکردن: 18-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 737**

**تا بیکەیتەوە باڵ ئەگرێتەوە**

[20230925211206523388=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20230925211206523388=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

تا بیکەیتەوە
باڵ ئەگرێتەوە
مەتەڵەکە مەبەستی لە گەڵای دارە، تا بیکەیتەوە، واتە: کەسێک لەسەر دارێک تا بتوانێت گەڵا لێبکاتەوە و فڕێی بداتە خوارەوە، باڵ ئەگرێتەوە، واتە: گەڵا لێکراوەکان لە کاتی کەوتنە خواریاندا بە ئاسماندا سەمادەکەن، وەک ئەوە وایە باڵبگرن و بفڕن. وەڵام (گەڵای دار) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45


کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 738**
**تا پیای نەکەی ناخەوێ**

20221015210109440053=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تا پیای نەکەی ناخەوێ.
ناخەوێ: بەواتەی کردنەوە یان خستنەسەرپشتی دەرگایەک بەکاردێت، لە ناوچەی پشدەر دەوترێ: دەرگاکە بخەوێنە، واتە: هەمووی بکەرەوە و بیخە سەرپشت، تا پیای نەکەی ناخەوێ، مەبەست لە وەیە کاتێک دەرگا دادەخرێت، هەتا کلیلەکە نەکرێت بە تۆپی سویچەکەدا و تیای هەڵنەسووڕێ، دەرگاکە ناکرێتەوە. وەڵام (کلیل و دەرگا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 739**
**تا تۆ نەڕۆی ئەو ناڕوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221011215744439294

تا تۆ نەڕۆی، ئەو ناڕوا.
مەبەست لە سێبەری مرۆڤە کە بەهۆی بەرکەوتنی تیشکی خۆرە یان هەر رووناکییەکەوە درووست دەبێت، هەتا مرۆڤەکە نەجووڵێت لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، سێبەرەکە جووڵە ناکات. واتە: جووڵاندی سێبەری مرۆڤ، پەیوەندی بە جووڵەی مرۆڤەوە هەیە. وەڵام (سێبەری مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل19

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 740**
**تا تیلکی پێوەنەکەی ناجووڵێ**

20230105191643456859=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تا تیلکی پێوەنەکەی ناجووڵێ.
مەبەست لە مقەستە، (ئامێرێکی دەستییە بۆ بڕینی بەرگ و قوماش بەکاردێ) تیل: لە یاری هەڵماتێندا، منداڵان بە پەنجە هەڵماتەکان دەجووڵێنن، هەموو جووڵەیەک بە پەنجە پێی دەوترێ تیل، تیلکی پێوەنەکەی ناجووڵێ، واتە: مقەست تا بە پەنجە نەیجووڵێنی، کارناکات. وەڵام (مقەست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل170.

کاتی تۆمارکردن: 05-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 741**

**تا تێ نەچی نای بینی کە بینیت نایەیتەدەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018214308440710

تا تێ نەچی نای بینی کە بینیت نایەیتەدەر.
تێڕوانینێکی ئایینیانەی هەیە، تا تێ نەچی نای بینی واتە: هەتا کەسێک نەمرێت و نەچێتە قیامەت، ناتوانێت بیبینێ. کە بینیت نایەیتەدەر، واتە: گەر کەسێک چووە ئەو دنیا و ڕۆژی قیامەتی بینی، بەهیچ جۆرێک ناتوانێت بێتەوە بۆ دنیا و بگەڕیتەوە بۆ دواوە. وەڵام (قیامەت) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل27

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 742**
**تا چاو نەقووچێنیت، نابینی**

20230918132028521284=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تا چاو نەقووچێنیت، نابینی.
نەقووچێنیت: نەنووقێنیت، (خەون؛ بینین و پێچەوانەبوونەوەی شتە مادییەکانە لە کاتی خەوتن و نەستدا) ، مەبەستی مەتەڵەکە خەو بینینە، تا چاو نەقووچێنیت نابینی، واتە: مرۆڤ هەتا چاو نەنووقێنیت و نەخەوێت، خەون نابینێت. وەڵام (خەوبینین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 22

کاتی تۆمارکردن: 18-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 743**
**تا سەری نەبڕی قسەناکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018214638440714

تا سەری نەبڕی قسەناکا.
مەبەست لە قەڵەمە، تا سەری نەبڕی، واتە: هەتا قەڵەم بە قەڵەمدادەر دانەدرێ، ناتوانرێت وشە و ڕستەی پێبنووسرێت، قسەناکا، واتە: ناتوانرێ بیروبۆچوونی پێدەرببڕدرێت، لە مەتەڵەکەدا نووسین و دەربڕینی بۆچوونی بە قسەکردن چوواندووە.
وەڵام (قەڵەم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 744**
**تا سەری نەبڕی نایەتە گووفتار تا خوێنی نەڕژی نایەتە وتار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126172922447836

تا سەری نەبڕی نایەتە گووفتار
تا خوێنی نەڕژی نایەتە وتار
لەگەڵ ئەوەدا بێهۆش و بێگیانە بەدەوری زانا قسەی ڕەوانە
گوفتار: قسەکردن. سەربڕین بۆ ئاژەڵ و پەلەوەر بەکاردێ، تا سەری نەبڕی نایەتە گوفتار، مەبەست لە قەڵەمە، تا دانەدرێ بەکارنایەت، تا خوێنی نەڕژێ نایەتە وتار، واتە: تا پێی نەنووسرێ، وشە نانووسێ، هەروەها شتێکی بێ گیانە و وەک کەسی زانا پێنووسینی ڕەوانە. وەڵام (قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل20


کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 745**
**تا سەری نەبڕی وەک کەڕوڵاڵە کە خوێنی ڕژا، دەیکا بە گاڵە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923185602522802](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923185602522802)

تا سەری نەبڕی وەک کەڕوڵاڵە
کە خوێنی ڕژا، دەیکا بە گاڵە
مەبەست لە قەڵەمە، تا سەری نەبڕی، مەبەست لە قەڵەمە هەتا سەرەکەی دانەدرێت، ناتوانرێت پێی بنووسرێت، لە مەتەڵەکەدا بە کەسی کەڕوڵاڵ چووێنراوە کە خوێنی ڕژا، واتە تا بە قەڵەم نەنووسرێت، بیروبۆچوون بڵاونابێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا هەندێکجار نووسینەکان هەرا دەنێنەوە. وەڵام (قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل37

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 746**

**تا سەری نەبڕی، هەواڵ نادا**

20230921223051522324=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تا سەری نەبڕی، هەواڵ نادا.
مەبەست لە نامەی ناو زەرفە، گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی لەسەر ڕاستییەکانی ژیان لەناو خەڵکیدا، هەتا بیست ساڵێک لەمەوبەریش لە ڕێگەی نامەوەبووە کە دەخرایە زەرفێکی تایبەتییەوە، ئەوکەسەش هەتا زەرفەکەی نەکردایەتەوە، نەیدەزانی هەواڵەکە چییە. تاسەری نەبڕی، مەبەست لە دڕاندنی زەرڤی نامەیە، هەواڵ نادا، واتە: نازانی نامە چی تێدایە. وەڵام (نامەی ناو زەرف) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل30

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 747**
**تا گوێی بانەدەی، فرمێسکی نایە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923190302522804
تا گوێی بانەدەی، فرمێسکی نایە.
بە ڕووکەش باسی بادانی گوێچکەی منداڵ و گریانی دەکات، بەڵام مەتەڵەکە مەبەستی لە بەلووعەی ئاوە، کاتێک بادەدرێت و دەکرێتەوە ئاوی پێدادێتەخوار، تا گوێی بانەدەی، مەبەست لە بادانی بەلووعەیە، فرمێسی نایە، مەبەست لە هاتنی ئاوە، فرمێسک و هاتنی ئاو بەیەک چووێنراوە. وەڵام (بەلووعە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل34
کاتی تۆمارکردن: 23-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 748**
**تا لێی دەبڕی گەورە دەبێ تا تێی کەی بچووک دەبێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014150130439748

تا لێی دەبڕی گەورە دەبێ
تا تێی کەی بچووک دەبێ
قوڵ، واتە: چاڵ مەبەست لە هەڵکەندنی زەوی و چاڵکردنییەتی، تا لێی دەبڕی گەورە دەبێ: مەبەست لەو گڵەیە کە لە چاڵ دەردەدرێ تا تێی کەی بچووک دەبێ: مەبەست لە گڵە هەتا تێیکەی واتە: چاڵەکە پڕ کەیتەوە، قوڵییەکەی کەم دەکات و پردەبێتەوە. وەڵام (قوڵ یان چاڵ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل28

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 749**

**تا لێی دەرهێنی، زیاد دەکا، تا تێی هاوی، کەم دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731083417425645

تا لێی دەرهێنی، زیاد دەکا، تا تێی هاوی، کەم دەکا
قوڵ واتە: چاڵ مەبەست لە هەڵکەندنی زەوی و چاڵکردنییەتی، تالێی دەرهێنی، زیاد دەکا: مەبەست لەو گڵەیە کە لە چاڵ دەردەدرێ تا تێی هاوی، کەم دەکا: مەبەست لە گڵە هەتا تێیکەی واتە: چاڵەکە پڕ کەیتەوە، قوڵییەکەی کەم دەکا. وەڵام قوڵ یان چاڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 750**
**تا لێی نەدەی ناوەڕێ**

[20230101172739455869=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101172739455869)

تا لێی نەدەی ناوەڕێ.
تەلێینەدەی بەرنابێتەوە.
مەبەست لە کرداری بێژانەوەی ئاردە بە هێڵەک، (هێڵەک: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بێژانەوەی ئارد بەکاردێ، پێکدێ لە بازنەیەکی خڕی دارین کە تۆڕێکی کونکونی پێوەیە) تا لێی نەدەی ناوەڕێ یان بەرنابێتەوە، واتە: ئارد دەکرێتە ناو هێڵەکەوە، تا هێڵەکەکە لەناو هەردوو لەپی دەستا نەجووڵێ، ئاردەکە نابێژێتەوە و نایەتەخوار، لەمەتەڵەکەدا بێژانەوەی ئارد بە بەریوونەوە یان هاتنەخوار باس کراوە. وەڵام (هێڵەک و ئاردبێژانەوە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل163.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 751**
**تا لێی نەدەی نارژێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014151723439758

تا لێی نەدەی نارژێ.
مەبەستی مەتەڵەکە هێلکەی مریشکە کە مرۆڤ بۆ خواردن بەکاری دێنێ، نارژێ: مەبەستی لە تێکەڵبوونی سپێنە و زەردێنەی هێلکەیە یان شکاندنی هێلکەیە، تا لێی نەدەی نارژێ، واتە: هەتا توێکڵی هێلکە نەشکێنی، زەردێنە و سپێنە تێکەڵ نابێت و نایەتەدەر. وەڵام (هێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**


شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل28

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 752**
**تا لێی نەدەی نارِێ**

2022082814413243O896=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1




تا لێی نەدەی نارِێ.
نارِێ: لە بەشە شێوەزاری موکریان بەتایبەتیی ناوچەی پشدەر، بەواتای پیسایی بەخۆداکردن (سکچوون) دێت، مەبەستی مەتەڵەکە سپێنەی هێلکەیە لە کاتی شکاندن دا، کاتێک هێلکەیەکی کاڵ بۆ خواردن دەشکێندرێ، سەرەتا سپێنەکەی بە شێوەیەکی لینج و لیق دێتەخوار، بە پیسایی مرۆڤ چووێنراوە، وەڵام (سپێنەی هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل30

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 753**
**تا لێی نەدەی، دەنگی نایەت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220828135951430887

تا لێی نەدەی، دەنگی نایەت.
مەبەستی مەتەڵەکە دەهۆڵە (دەهۆڵ: ئامێرێکی موزیکیی پێستداری لەکەپووری کوردییە، لە دار و پێستی ماڵات درووست دەکرێ، پێکدێ لە دەهۆڵ و داری دەهۆڵ، لە بۆنە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکاندا بەکاردێ) واتە: هەتا بەداری دەهۆڵ لە دەهۆل نەدرێ، دەنگی نایەت، وەکوو پەندیش بەکاردێ واتە: تا قسەیەک نەوترێ، بڵاونەبێتەوە. وەڵام (دەهۆڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 28-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 754**

**تا نیوەی دەست ڕەش نەبێ تامی دەم خۆشنابێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015112011439919

تا نیوەی دەست ڕەش نەبێ
تامی دەم خۆشنابێ
وەکو پەندی پیشینانیش بەکاردێت، مەبەست لە خواردنی گوێزە، تا نیوەی دەست ڕەش نەبێ، واتە: گوێزی تەڕ کە لە دار دەکرێتەوە، توێکڵێکی سەوزی ڕەق پێوەیە، کاتێک بشکێندری و بخورێ، سەوزیی توێکڵەکە هەموو بەری دەست ڕەش دەکات. تامی دەم خۆش نابێ، واتە: تا دەستەکان بە ڕەنگی توێکڵی گوێز تەواو ڕەش بێ، تێرخواردن لە گوێز تەواونابێت. وەڵام (گوێز خواردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل31

کاتی تۆمارکردن: 15-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 755**
**تا نێیەیدە لای دەمی، نییەخەیدە خوار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240518072830571646

تا نێیەیدە لای دەمی، نییەخەیدە خوار.
وەڵام (ئەڵەک، هێڵەک). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: لوڕی ڕەسەن
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: قەسری شیرین
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | لوڕی - Kurdish Luri | زەرینە و سیمینە، (مەتەڵ) کۆکردنەوەی: عەباس جەلیلیان (ئاکۆ)، بەرگی دوو، 2009، ل37

کاتی تۆمارکردن: 18-05-2024
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 756**
**تا نەبێتە چوار ئەو نابێتە دوو چوار چارەک نییە وا دەبێتە دوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221214093032450813

تا نەبێتە چوار ئەو نابێتە دوو
چوار چارەک نییە، وا دەبێتە دوو
مەبەستە لە پیتەکانی وشەی (ئەلف بێ) یە، تا نەبێتە چوار، مەبەست لە پیتەکانی وشەی (ئەلف) ە کە چوار پیتە، ئەو نابێتە دوو، مەبەست لە پیتەکانی وشەی (دوو) ە کە دوو پیتە، (پیتی و) ی بزوێن یەک پیتە بەڵام بە دوو هێما و وێنە دەکرێ، چوار چارەک نییە، واتە: پیتەکانی وشەی (ئەلف) چوار پیتە یان چوار چارەک، وا دەبێت بە دوو، واتە دوای پیتی ئەلف بێ دێت. وەڵام (پیتەکانی ئەلف بێ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل38

کاتی تۆمارکردن: 14-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 757**
**تا نەچێتە زەردە، لە کونا مەردە**
[20220808214048427305=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220808214048427305)



تا نەچێتە زەردە، لە کونا مەردە.
تا نەچێتە زەردە، مەبەست لە مەشکەیە (مەشکە ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێ) مەشکە ڕەنگی زەردە، ماست و ئاوی تێدەکرێ دەژەندرێ پاشان دەبێت بە دۆ، لە کونا مەردە واتە: ڕۆنەکەرە کە لە ئەنجامی ژەنین پەیدادەبێت پاشان چەوری دۆ کە کۆدەبێتەوە و پێی دەڵێن: ڕۆنە کەرە. وەڵام (ڕۆنە کەرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 758**
**تا نەڕۆی بەدووتناکەوێ**

20230625124953500911=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تا نەڕۆی بەدووتناکەوێ.
بەدووکەوتن: دواکەوتن. مەبەست لە سێبەری مرۆڤە کە بەهۆی بەرکەوتنی تیشکی خۆرە یان هەر ڕووناکییەکەوە درووست دەبێت، هەتا مرۆڤەکە نەجووڵێت لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، سێبەرەکە جووڵە ناکات. واتە: جووڵاندی سێبەری مرۆڤ، پەیوەندی بە جووڵەی مرۆڤەوە هەیە. وەڵام (سێبەری مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال سەگرمە ل81

کاتی تۆمارکردن: 2023-06-25
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 759**
**تا نەیچێژی تامی نازانی**

20221018214934440716=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تا نەیچێژی تامی نازانی.
هەموو خواردنێک یان خواردنەوەیەک تام و چێژی تایبەتیی خۆی هەیە، هەریەکەشیان چێژی لەوی تر جیاوازە و وەک یەک نین، مەبەستی مەتەڵەکە مەرگ و مردنە، تا کەسێک نەمرێت، چێژی مەرگ نازانێت چییە، بۆیە مردن چێژەکەی لەگەڵ هاتنیدایە. وەڵام (مەرگ و مردن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل27

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 760**
**تا نەیدۆشی ناوەڕێت**

2022101415195043975 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تا نەیدۆشی ناوەڕێت.
ناوەڕێت: مەبەست لە کەوتنەخوارەوەی شتێکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە، تا نەیدۆشی، مەبەست لە کرداری دۆشینی گوانی مەڕوماڵات یان مانگایە، کاتێک بێری گوانی دەدۆشێت، شیرەکە لەسەرەوە بۆ خوارە دێت، لە مەتەڵەکەدا بە وەرین ئاماژەی پێداوە. وەڵام (گوانی ئاژەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل27

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 761**
**تا هەڵنەواسرێ کارناکا**

20230925211848523392=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تا هەڵنەواسرێ کارناکا.
مەبەست لە مەشکەیە، (مەشکە ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێت، لە پێستی بزن یان کەڵەکێوی دروستدەکرێت) ، تا هەڵنەواسرێ، واتە: تا مەشکە نەکرێت بە داردا و هەڵنەواسرێت، پرۆسە و کرداری ژەنین ئەنجام نادرێت. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل51

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 762**
**تا ڕیش چەرمگ نەکا، پاک ناکرێت**

[20230921222908522323=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921222908522323)

تا ڕیش چەرمگ نەکا، پاک ناکرێت.
چەرمگ: بۆ ڕەنگی سپیی بەکاردێت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەستی مەتەڵەکە کەرتەشییە، (کەرتەشی: گیایەکە بەرەکەی دڕکێکی سەرخڕە، ناوی دڕکەکە شەکرۆکەیەکی سپی تێدایە، بۆ خواردن دەشێ) ، هەر کاتێک دڕکەکانی کەرتەشی سپی بوون، واتە پێگەشتووە. تا ڕیشی چەرمگ نەکا، پاک ناکرێت، واتە: هەتا ڕەنگی دڕکەکانی کەرتەشی سپی نەبن، بۆ خواردن دەستنادات. وەڵام (کەرتەشی) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 30


کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 763**
**تا کەرم بەستەوە**

20220923113310435669=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تا کەرم بەستەوە
جاشک بەسەرنابی کەوت
تا لە خوارەوە ئاگرم لەناو ئاگرداندا کردەوە، دووکەڵ بە کولێنکەی دووکەڵداندا گەشتە سەربان، لە مەتەڵەکەدا ئاگر بە کەر و دووکەڵ بە جاشک (بەچکەی کەر) چووێنراوە، واتە تایەکێکیان دەگری، یەکێکیان دەڕوا. وەڵام (ئاگر و دووکەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل21

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 764**
**تابووت مەزار، دەر کلیل کردە وە پەنج فەڕاشە کلیل ورد کردە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015092035526279
تابووت مەزار، دەر کلیل کردە
وە پەنج فەڕاشە کلیل ورد کردە
فتنەلە شکەم مەغز سەرخوەردە
هەر وەخت ئەو فتنە بخێز و لەجا
یەی نسف جەهان مەکیدە غەوغا
وەڵام (پێنووس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل38
کاتی تۆمارکردن: 15-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 765**

**تاج زەردی ئەڵقە لە گوێ سەیران دەکات لەدەوری ترێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908104652519635

تاج زەردی ئەڵقە لە گوێ
سەیران دەکات لەدەوری ترێ
تاج: وەک بەخشینی شکۆ لەلایەن گەلەوە دەکرێتە سەر سەری پاشا، تاج زەرد، مەبەست لە سەری زەردەواڵەیە کە ڕەنگی زەردە و وەک ئەوە وایە تاجی لەسەر سەربێت، سەیران دەکات لە دەوری ترێ، کاتێک ترێ پێدەگات و شیرین دەبێت، زەردەواڵەی تێدەئاڵیت و دەیخوات. لە مەتەڵەکەدا بە سەیران چوواندوویەتی. وەڵام (زەردەواڵە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل126

کاتی تۆمارکردن: 08-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 766**

**تاج لەسەرە پاشا نییە کاتمان پێدەڵێ، سەعات نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014145620439742

تاج لەسەرە پاشا نییە
کاتمان پێدەڵێ، سەعات نییە
لە دنیای خەیاڵاتی مرۆڤ و نەریتی نەتەوەکاندا بە کەسێک دەوترێ پاشا کە تاجی لەسەردابێت، تاج لەسەرە پاشا نییە، مەبەست لە کەڵەشێرە کە بە پاشا چووێنراوە، لەبەر ئەوەی وەک تاج پۆپنەی لەسەرسەرە، کاتمان پێدەڵێ سەعات نییە واتە: لەکاتی پێویستدا دەخوێنێ، بەتایبەت بەیانیان و خەڵکی بەخەبەردێنێ. وەڵام (کەڵەشێر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل27

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 767**
**تاج ڕەشی ئەڵقە لە گوێ دەوران دەکا بە دەوری دێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908104505519634

تاج ڕەشی ئەڵقە لە گوێ
دەوران دەکا بە دەوری دێ
مەبەستی مەتەڵەکە ساجە، (ساج: ئامێرێکی لەکەپووری کوردییە، بۆ برژاندنی نان بەکاردێت) تاجی ڕەش، مەبەست لە ساجە، چۆن تاج دەکرێتە سەری پاشا، ساجیش دەخرێتە سەر ئاگر، دەوران دەکا بە دەوری دێ، واتە: ماڵانی گوند بۆ نانکردن دەیدەن بەیەک. وەڵام (ساج) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل126
کاتی تۆمارکردن: 08-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 768**
**تاجی گۆشتین دوو گوارە پێیوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126174903447857

تاجی گۆشتین دوو گوارە پێیوە.
مەبەستی لە پەلەوەری کەڵەشێرە، بەشی زۆری ماڵان لە گوند هەیانە، تاجی گۆشتین، مەبەست لە پۆپنەی کەڵەشێرە کە وەک تاج بەسەر سەریەوەیەتی، دوو گوارەی پێوە، مەبەست لە دوو گۆشتە زیادە خڕەیە کە بەژێر دەنووکی کەڵەشێرەوەیە، لەمەتەڵەکەدا بە دوو گوارە چووێنراوە. وەڵام (پۆپنەی کەڵەشێر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل19

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 769**
**تاجی ڕەشە ئەڵقە لە گوێ**

[20221224155831453907=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224155831453907)

تاجی ڕەشە ئەڵقە لە گوێ.
مەبەست لە ساج یان سێڵەی نان برژاندنە، (تاج: کڵاوێکی تایبەتییە پاشاکان دەیکەنەسەریان. فەرهەنگی خاڵ) تاجی ڕەش، مەبەست لە سێڵە یان ساجی نان برژاندنە، ئەڵقە لە گوێ، مەبەست لەو ئەڵقەیەیە کە بە ساجەوەیە، دوای ئەوەی کە کاری پێناکرێت هەڵدەواسرێ، بە ئەڵقەی گوێ چووێنراوە. وەڵام (ساج، سێڵە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل9.

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 770**

**تادەم نەنێی بە قونیەوە تامی ناکەی**

20221014095312439650=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تادەم نەنێی بە قونیەوە تامی ناکەی.
وەڵام (جگەرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل24

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 771**
**تاسی زرزڕ دای لە برِبرِ کۆڵەکەی نەوی بەغدا ڕەوی**

2022101414592243974=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تاسی زرزڕ دای لە برِبرِ
کۆڵەکەی نەوی بەغدا ڕەوی
برِبرِ: کەمکەم یان تۆزە تۆزە، ڕەوی: هەڵهات (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) تاسی زرزڕ، مەبەست لە ئامێری تەلەفۆنە، کەمکەم بە بەردەوامی زەنگ لێدەدات و دەزرِێتەوە، کۆڵەکەی نەوی بەغدا ڕەوی، بەهۆیەوە خاوەنەکەی ئاگاردەبێتەوە و هەڵدێ یان دەڕواتە لای تەلەفۆنەکە و دەتوانێت لەگەڵ شوێنێکی دوور قسەبکات، لە مەتەڵەکەدا بەغدا بە نموونە هاتووە. وەڵام (تەلەفۆن) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل28

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 772**
**تاسەیری نەکەی سەیرت ناکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220808130128427240

تاسەیری نەکەی سەیرت ناکا.
سرووشتی مرۆڤ وایە کە بەردەوام سەریری کاڵا و کەلوپەڵ و شتەکانی دەوروبەری دەکات، لێیان ڕادەمێنێ و بیریان لێدەکاتەوە، تاسەیری نەکەی، مەبەست لە ئاوێنەیە کاتێک مرۆڤ خۆی تێدا دەبینێ، سەیرت ناکا، واتە: کە سەیرت کرد خۆتت پشان دەدات گەر سەریری نەکەی خۆت نابینی. وەڵام ئاوێنە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 773**
**تاقێکە سی و دوو بەردی تێدایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015210337440054

تاقێکە سی و دوو بەردی تێدایە.
تاق: کەلەبەرێکی تایبەتییە لە دیواری ماڵدا دەهێڵرێتەوە، بۆ شت تێدادانان (فەرهەنگی خاڵ) تاق لە مەتەڵەکەدا مەبەستی دەمی مرۆڤە، کە بە تاق چووێنراوە، سی و دوو بەردی تێدایە، مەبەست لە سی و دوو دانەی دەمی مرۆڤە کە بە بەرد چووێنراوە، وەڵام (دەم و ددان) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل30

کاتی تۆمارکردن: 15-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 774**
**تامم وەک گۆشتی گیسکە گۆشتم بەقەد یەک نیسکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918132429521286

تامم وەک گۆشتی گیسکە
گۆشتم بەقەد یەک نیسکە
گیسک: بە بێچووی بزن دەوترێت لە تەمەنی سێ مانگییەوە تا ساڵێک (فەرهەنگی خاڵ) ، نیسک: جۆرێک دانەوێڵەی قەبارەی ورد و بچووکە. تامم وەک گۆشتی گیسکە، مەبەست لە چۆلەکەیە، (چۆلەکە یان پاسارێ؛ باڵندەیەکی کێوییە و لە نزیک مرۆڤ دەژێ) گۆشتم بەقەد یەک نیسکە، واتە: چۆلەکە دەڵێت: لە چاو بزندا گۆشتم کەمە بەڵام لە بزن بەتامترە.
وەڵام (گۆشتی چۆلەکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 22
کاتی تۆمارکردن: 2023-09-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 775**
**تانجی زەردوو لە کونا مردوو**

[20221014150404439752=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014150404439752)

تانجی زەردوو
لە کونا مردوو
هیزە: پێستی خۆشکراوی بەساغی دەرهاتووی بزنە کە ڕۆنی کوردیی تێدەکرێت (فەرهەنگی خاڵ) تانجی: ئاژەڵێکە لە پۆلی سەگ، لە کوردەواردا تایبەتە بە شکار، تانجی زەردوو، مەبەست لە تانجی ڕەنگ زەردە کە جۆرێکی باشی تانجی ڕاوە، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە ڕۆنی کوردییە، لە کونا مەردە، مەبەست لەوەیە کە لەکوندا دەتوانێت بەمەردی نێچیر دەربهێنێ. مەبەستی لە کون، هیزەی ڕۆنە. وەڵام (هیزە و ڕۆن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل28

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 776**
**تانجی ڕەشە زنجیر لە مل**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224160101453909](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224160101453909)

تانجی ڕەشە زنجیر لە مل.
مەبەست لە ساج یان سێڵەی نان برژاندنە، (تانجی: ئاژەڵیکی تیژڕەوە، لە کوردەواردا ڕاوچییەکان بۆ ڕاو بەکاری دێنن) تانجی ڕەش: مەبەست لە ساج یان سێڵەی نان برژاندنە، بەهۆی ڕەشی ڕەنگییەوە بە تانجی ڕەش چووێنراوە، زنجیر لە مل، مەبەست لەو ئەڵقەیەیە کە ساجی پێ هەڵدەواسرێ کە بە زنجیری ملی تانجی چووێنراوە. وەڵام (ساج، سێڵە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل9.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 777**
**تانجییە زەردەی زرزڕ لە گوێ سەیران دەکا لە دووری دێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221214210746450972

تانجییە زەردەی زرزڕ لە گوێ
سەیران دەکا لە دووری دێ
مەبەست لە زەردەواڵەیە، (تانجی: گیانلەبەرێکی تیژڕەوە لە کوردەواردا بۆ ڕاو بەکاریێ) تانجییە زەردەی زرزڕ لە گوێ، مەبەست لە زەردەواڵەیە کە بەتانجی زەرد لە ڕەنگ و تیژڕەویدا چووێنراوە، سەیران دەکا لە دوور دێ، واتە: دوور لە جێگەی ئاوەدانی شار درووستدەکا و دەژیی. وەڵام (زەردەواڵە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل38

کاتی تۆمارکردن: 14-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 778**

**تانجییە سپیەی هەیاسخان شیر دەپەڕێنێ بانەوبان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915222530520815](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915222530520815)

تانجییە سپیەی هەیاسخان
شیر دەپەڕێنێ بانەوبان
تانجی: جۆرێک ئاژەڵی ماڵییە، شێوەی لە سەگ دەچێت، بۆ ڕاو بەکاردێت و زۆر تیژڕەوە. هەیاسخان: کەسایەتی نەناسراوە، لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە تەرزەیە کە بەخێرایی لە ئاسمانەوە دێتەخوار، هاتنی تەرزە بەخوڕ و خێرایی تانجی بەیەک چووێنراون، شیر دەپەڕێنێ بانەوبان، واتە: لە هەموو بانێک دەبارێت. وەڵام (تەرزە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل9

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 779**
**تانجییە ڕەشی ئەڵقە لە گوێ دەوراندەورییە لە دەوری دێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126174136447846](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126174136447846)

تانجییە ڕەشی ئەڵقە لە گوێ
دەوراندەورییە لە دەوری دێ
تانجییە ڕەش، مەبەست لە ساج یان سێڵەی نانکردنە، ڕەنگی ڕەشی ساج بە تانجی ڕەش چووێنراوە، ئەڵقە لە گوێ، مەبەست لە ئەڵقەیەیە کە ساجی پێهەڵدەواسرێ، دەوراندەوریەتی لە دەوری دێ، مەبەست لەوەیە کە ساج ماڵ ماڵ دەگێڕن بۆ نانکردن. وەڵام (ساج یان سێڕ) ، [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل20

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 780**

**تانجییە ڕەشەی دەم هەراسی خێو و خاوەنی ناناسی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014150633439755

تانجییە ڕەشەی دەم هەراسی
خێو و خاوەنی ناناسی
دەم هەراس یان دەم هەراش: بەکەسێک دەوترێ کە بەردەوام یەک لەسەریەک قسەبکات، مەجالی کەس نەدات، خێو: واتە: خاوەن، تانجی ڕەش، مەبەست لە تفەرگە، کاتێک تەقەی پێدەکرێ، بەردەوام دەنگی لێدێ، دەنگی تەقە و کەسی دەم هەراش بەیەک بەراوردکراوە، خێو و خاوەنی ناناسێ، واتە: تفەنگ کە کەوتە تەقە، کەس ناناسێ، گوللەکەی ئاڕاستەی کێ بکرێت دەیکوژێت. وەڵام (تفەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل28

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 781**

**تاوسان ئەرچێ، زمسان بەرئەوێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002204657524485](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002204657524485)

تاوسان ئەرچێ، زمسان بەرئەوێ.
تاوسان: هاوین (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، زمسان: زستان (فەرهەنگی وشەنامە) . ئەرچێ: ئەگیرێت زیاتر بۆ ئارەزوو و هەوەسی خواردن بەکاردێت. بەرئەوێ: بەردەبێت یان ئازاددەبێت، واتە: مرۆڤ لە وەرزی هاویندا ئارەزووی بۆ خواردن کەم دەبێتەوە، بەڵام لە وەرزی زستاندا ئارەزووی زیاددەکات. وەڵام (نەوس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل55

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 782**
**تاوڵی یەک ستوون**

20230108154021457246=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تاوڵی یەک ستوون.
مەبەست لە کارگە، تاوڵ: لە کوردەواردا پێشی دەوترێ دەوار یان ڕەشماڵ، ماڵی هاوینەی کۆچەرانی کوردە، یەک ستوونی گەورەی لە ناوەڕاستا هەیە، کۆی دەوارەکەی پێدەوەستێ، بەڵام مەتەڵەکە مەبەستی لە کارگە کە سەرێکی هەیە بە دەوار و قەدێکی هەیە بە ستوونی دەوار چووێنراوە. وەڵام (کارک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل186
کاتی تۆمارکردن: 08-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 783**
**تاڵی ئاوریشم، بەغدا و بەسرای پێراکێشم**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220816082708428552



تاڵی ئاوریشم، بەغدا و بەسرای پێراکێشم.
پەپوولە کاتێک گەراکانی دەترووکێن، دەبنە کرمی بچووک، لەسەر گەڵای دارەکان دەژین، سەرەتا کرمەکە بۆ ئەوەی لە دۆخی کەش و ئاوهەوای دەوروبەر خۆی بپارێزێت و بتوانێت گەشەبکات، قۆزاخەیەک بە دەوری خۆیدا درووست دەکات، ئەو قۆزاخەیە داوێکی درێژە، لە درووستکردنی قوماشدا بەکاردێ، نرخێکی گرانبەهای هەیە، پێی دەوترێ ئاوریشم، بەڵام مەبەستی مەتەڵەکە قۆزاخەی پەمووە (لۆلە) وەک داوی ئاوریشم زۆر درێژە، درێژییەکەی چووێنراوە بە دووری نێوان بەغدا و بەسرە.
وەڵام (قۆزاخەی پەموو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 784**
**تاڵی هاوریشم هەر لێرە تا دوور دەیکێشم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908105644519636

تاڵی هاوریشم
هەر لێرە تا دوور دەیکێشم
تاڵی ئاوریشم، مەبەست لەو داوەیە کە کرمۆکەی پەپوولە بەدەوری خۆیدا دەیتەنێت، وەک قۆزاخە لە دۆخی نالەبار خۆی پێدەپارێزێت، ئەو داوە بەهادارە و لە دروستکردنی قوماشی ئاوریشمدا بەشداری دەکات، لە مەتەڵەکەدا داوی درێژی ئاوریشم بە رێگە چووێنراوە. وەڵام (رێگە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل126
کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 785**
**تاڵە و کاڵەکەمارانە نییە**

[2022112617513544785 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126175135447858)

تاڵە و کاڵەکەمارانە نییە.
کاڵەکەمارانە: کوژاڵک (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) جۆرە کاڵەکێکی زۆر تاڵە، بەکەڵکی خواردن نایەت، بۆ نەخۆشی شەکرە باشە، دەخریتە ژێر پێ، رەگی تاڵییەکەی شەکرە دەبڕێ، مەبەستی مەتەڵەکە قسەی خراپە کە وەک کاڵەکەمارانە تاڵە. ئەم مەتەڵە وەکوو پەندیش بەکاردێ. وەڵام (قسەی خراپ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل20
کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 786**
**تاڵەیشە و شیرینیشە**

[20221224155515453905=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224155515453905)

تاڵەیشە و شیرینیشە.
مەبەست لە زمانی گفتووگۆیە، هەموو مرۆڤێک لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا لە ئاستی جیاوازدا گفتووگۆدەکات، هەندێک جار زمانی گفتووگۆ زۆر شیرینە و ئاسوودەیی دەبەخشێ، هەندێک جاریش زمانی گفتووگۆ زۆر تاڵ و توندوتیژە و بەرانبەر بریندار دەکات، وەڵام (زمانی گفتوگۆ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل9.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 787**

**تێینە خۆش تپێە دوو دەست و دوو پێنە قاڵبە دەنگ ژ دێنە**

[20230105191345456857=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230105191345456857)

تێینە خۆش تپێە
دوو دەست و دوو پێنە
قاڵبە دەنگ ژ دێنە
مەبەست لە مەشکە ژەننە، (مەشکە ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە پێستی ئاژەڵ دروووستدەکرێ، بۆ ژەنی دۆ بەکاردێ) دوو دەست و دوو پێنە، مەبەست لە چوارپەلی مەشکەیە، قاڵبە دەنگ ژ دێنە، واتە: مەشکە لەکاتی ژەنندا، دەنگێکی تایبەتی لێوەدێ. وەڵام (مەشکە ژەنن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل167.

کاتی تۆمارکردن: 05-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 788**
**ترش و مزرە وەک هەنار، قەدی بەرزە وەک چنار، لە گوندەوە دێ بۆ شار**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728145924425092



ترش و مزرە وەک هەنار، قەدی بەرزە وەک چنار، لە گوندەوە دێ بۆ شار
ترشە و مزرە وەک هەنار: واتە: تامی ترش، ڕێواس کە لە خاک دێتەدەر، قەدێکیڕێکی هەیە، بە داری چنار چووێنراوە، لە ناوچە کوێستانییەکان دەڕوێ ، گوندنشینەکان دەچن دەیهێنن و لە شار دەیفرۆشن. وەڵام (ڕێواس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 789**

**ترشە شیرین دەبێ شیرینەکەش ترش دەبێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015210645440055

ترشە شیرین دەبێ، شیرینەکەش ترش دەبێ.
مەبەستی لە بەرسیلە و ترشیاتە. ترشە و شیرین دەبێ، مەبەست لە بەرسیلەیە، لەسەرتای پێگەشتنیدا، تامی ترشە و دواتر کە دەبێت بە ترێ تامی شیرین دەبێت. شیرینەکەش ترش دەبێ، مەبەستی لە ترێیە کە دەکرێت بە ترشیان، تامەکەی لە شیرینەوە بۆ ترش دەگۆڕێ. وەڵام (بەرسیلە و ترشیات) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل31

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 790**
**ترشە وەک دۆیە خڕە وەک گۆیە**

20221015204422440048=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ترشە وەک دۆیە
خڕە وەک گۆیە
دۆ: خواردنەوەیەکی کوردییە، -ماست-لەمەشکەدا دەژەندرێ، برێک چەوریی (کەرە) ی لێدەگیرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە، پێی دەوترێ: دۆ، شلەیەکی سپی ترش و مزرە. ترشە وەک دۆ، مەبەست لە تامی لیمۆیە کە وەک دۆ ترشە. خڕە وەک گۆ، مەبەست لە لیمۆیە کە وەک گۆ خڕە. وەڵام (لیمۆ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 791**
**ترشە وەک هەنار بەرزە وەک چنار سەوزە وەک خەیار**

20221015105018439910=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ترشە وەک هەنار
بەرزە وەک چنار
سەوزە وەک خەیار
مەبەستی مەتەڵەکە ڕێواسە، ترشە وەک هەنار: واتە: تامی ڕێواس وەک هەنار ترشە، هەروەها ڕێواس کە لە خاک دێتەدەر، قەدێکی ڕێکی هەیە، بە داری چنار چووێنراوە، سەوزە وەک خەیار، ڕەنگی ڕێواس وەک خەیار سەوزە، لە ناوچە کوێستانییەکان دەڕوێ، گوندنشینەکان دەچن دەیهێنن و لە شار دەیفرۆشن. وەڵام (ڕێواس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل29

کاتی تۆمارکردن: 15-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 792**
**ترشە وەک هەنار ناسکە وەک خەیار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015204732440049

ترشە وەک هەنار
ناسکە وەک خەیار
لە وڵاتی کوردەواردا هەنار سێ تامی جیاوازی هەیە، ترش، شیرین و مێخۆش، ترشە وەک هەنار، مەبەست لە ڕێواسە کە تامی وەکوو هەناری ترش وایە. ناسکە وەک خەیار، کاتێک کە ڕێواس لەتدەکرێ، وەک ناسکەخەیاری تازە پڕ لە ئاوە. وەڵام (ڕێواس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل29

کاتی تۆمارکردن: 15-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 793**
**تشتێ من تشتە، بێبەر و پشتە**

20231002204435524484=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تشتێ من تشتە، بێبەر و پشتە.
تشت: شت یان شتومەک (فەرهەنگی کانی) ، تشتی من تشتە، مەتەڵساز مەبەستی لە شتێکە کە نایەوێت ناوی بەرێت، بێبەر و پشتە، مەبەست لە نیسکە، (نیسک: جۆرێک دانەوێڵەیە، قەبارەی خڕە، هەر چۆنێک فڕێبدرێت، هەر جارەی بە بارێکدا دەکەوێت) واتە: باری نییە. وەڵام (نیسک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سنە
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل56
کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 794**
**تفەنگی یەک لوولە بەرەوخۆت ماشەکەی مەکێشە کە مایەی دەرد و ئێشە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921222701522322
تفەنگی یەک لوولە
بەرەوخۆت ماشەکەی مەکێشە
کە مایەی دەرد و ئێشە
مەبەست لە جگەرەیە، لە مەتەڵەکەدا بە تفەنگی یەک لوولە چووێنراوە، بەرەوخۆت ماشەکەی مەکێشە، واتە؛ ئەگەر تفەنگ لوولەکەی لە خۆت بێت، لەکاتی تەقینیدا تووشی زیان دەبیت. کە مایەی دەرد و ئێشە، واتە: جگەرەش گەر بکێشرێت، زیان بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت. لە مەتەڵەکەدا جگەرە و تفەنگ بەخراپ و وەک یەک لە زیاندا تەماشاکراون.
وەڵام (جگەرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 32

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 795**

**تووتە خڕەی سەربانێ دەڕوا سەرمەوقولانێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915222927520817

تووتە خڕەی سەربانێ
دەڕوا سەرمەوقولانێ
تووتە خڕە: مەبەست لە باگردێنە، (باگردێن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە بەردی چیایی یان داری سەختی وەک بەڕوو دروستدەکرێت، لە کاتی باران بارینداا، بۆ بانگێڕان بەکاردێت) . دەڕوات سەرمەوقولانێ: واتە: باگردێن شێوەی لوولەکییە، لەکاتی بانگێڕاندا دەخوولێتەوە کە بە سەرمەوقولانێ چووێنراوە. وەڵام (باگردێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل6

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 796**
**تووکنە و گۆشتی نییە شیردەرە و مەمکی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126174628447851

تووکنە و گۆشتی نییە
شیردەرە و مەمکی نییە
مەبەست لە گوێزی هندییە، جۆرە میوەیەکە هی وڵاتی کوردەوار نییە، تووکنە و گۆشتی نییە، مەبەست لە گوێزی هندییە کە ڕووپۆشی دەرەوەی بە دیوارێکی تووکن ڕووپۆشکراوە، گۆشتی نییە، واتە: تەنیا ئاو و ناوکی هەیە بۆ خواردن، شیردەرە و مەمکی نییەم واتە: تەنیا ئاوێکی تێدایە بۆ خواردن وەک شیر وایە. وەڵام (گوێزی هندیی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل29
کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 797**
**تووڵی تەڕ تووڵبەندی تەڕ لەنەڕەی شێر حەیدەری کەڕ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015205156440050

تووڵی تەڕ تووڵبەندی تەڕ
لەنەڕەی شێر حەیدەری کەڕ
تووڵبەند: مەبەست لە کۆمەڵێک ڕایەڵە و تووڵە کە پەیوەندیان بە یەکەوە هەبێت، حەیدەری کەڕ: مەبەست لە کەسێکی ئازایە کە لەکاتی شەڕکردندا گوێی هیچ نابیستێ، هەتا دوژمن نەبەزێنێ، واتە: کەس ناتوانێت لە شەڕدا ڕایگرێ. تووڵی تەڕ تووڵبەندی تەڕ، مەبەست لە هەورەبرووسکەیە کە لەکاتی باران بارین و تەڕوتووشیدا ڕوودەدات، لە نەڕەی شێر حەیدەری کەڕ، واتە: دەنگی هەورەبرووسکە بە نەڕەی شێر بەراوردکراوە، هەروەها کە دێت کەس ناتوانێت ڕایگرێ. وەڵام (هەورەبرووسکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 798**

**تووڵی شین**

20220923111905435662=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تووڵی شین
توڵبەندی شین
دامکوتا لە مێرگی شین.
لە ناوچەی پشدەر بە ڕەنگی سەوزی ڕووەک یان میوەی ڕەنگ سەوز دەوترێ: شین، توڵی شین، مەبەست لە شووتییە، توڵبەندی شین، مەبەست لەوەیە کە شوتی بە توڵێک بە بڕکەکەوە لکاوە، مێرگی شین، مەبەستی لە بێستانی شوتییە، لەکاتی پێگەشتندا ڕەنگی شینە. وەڵام (شوتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل20

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-23

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 799**

**تووێکڵی دارە نێوی هەزارە گەر نایزانی بڵێ هەنارە**

[20221126173831447845=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126173831447845)

تووێکڵی دارە
نێوی هەزارە
گەر نایزانی بڵێ هەنارە
وەڵامی مەتەڵەکە لەناو مەتەڵەکەدایە، مەتەڵساز بۆ سەرلێشێواندنی گوێگر وتوویەتی، تووێکڵی دارە، مەبەست لە میوەی هەنارە کە توێکڵەکەی بە دار چووێنراوە، نێوی هەزارە، مەبەست لە دەنکۆڵەی هەنارە کە لەناو هەناردایە و ژمارەیان زۆرە، گەر نایزانی بڵێ هەنارە، مەبەست لە هەنارە. وەڵام (هەنار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا، هەولێر ل21

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 800**
**تولان داوێ مێو نییە، پێوە دەدا مار نییە، هەرمێیان دەگرێ دار نییە**
20220728151734425097=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



تولان داوێ مێو نییە، پێوە دەدا مار نییە، هەرمێیان دەگرێ دار نییە
تەلی عەموودی کارەبا، وەک تولی مێو بەم لاو ئەو لادا درێژ دەبێتەوە، پێوە دەدا مار نییە واتە: کارەبا گەر کەسێک بگرێ وەک مار پێوەی دەدا، هەرمێیان دەگرێ دار نییە، مەبەست لەو گڵۆپانەی کە بە عەموودی کارەباکانەوەیە. وەڵام (تەل و عەموودی کارەبا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 801**

**توێی تەڕ توڵبەندی تەڕ ناڵەی گەوهەر شمشاڵی کەڕ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015205409440051

توێی تەڕ توڵبەندی تەڕ
ناڵەی گەوهەر شمشاڵی کەڕ
توڵبەند: مەبەست لە کۆمەڵێک ڕایەڵە و توڵە کە پەیوەندیان بە یەکەوە هەبێت، ناڵەی گەوهەر: مەبەست لە دەنگی گەردوونییە، . توێی تەڕ توڵبەندی تەڕ، مەبەست لە هەورەبرووسکەیە کە لەکاتی باران بارین و تەڕوتووشیدا ڕوودەدات. ناڵەی گەوهەر، مەبەست لەوەیە کە دەنگی هەورەبرووسکە دەنگێکی گەردوونییە، لە ئاسمانەوە دێت. وەڵام (هەورەبرووسکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 802**
**تۆ دەمری ئەو هەر دەمێنی**

20230701083151502571=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تۆ دەمری ئەو هەر دەمێنی.
لە کۆمەڵگەدا کەسی هەمەجۆر هەیە، هەندێک لەوکەسانە داهێنەرن، مرۆڤە دانا و داهێنەرەکان هەرچەندە وەک جەستە تەمەنێک دەژین بەڵام دواتر دەمرێ، بەڵام داهێنانەکانیان بۆ ئایندە ناویان دەهێڵێتەوە، تۆ دەمری ئەو دەمێنی، مەبەست لە ناوداریە. وەڵام (ناوداریی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال
کاتی تۆمارکردن: 2023-07-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 803**

**تۆ سەرم بە چەقۆ دەبڕی کە مردم لەگەڵم دەگری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015205749440052

تۆ سەرم بە چەقۆ دەبڕی
کە مردم لەگەڵم دەگری
مەبەستی لە پیازە، تۆ سەرم بە چەقۆ دەبڕی، واتە: کاتێک کەسێک بە چەقۆ پیازێک لەتدەکات، لە مەتەڵەکەدا لەتکردنی پیازی بە سەربڕین بەراوردکردووە. کە مردم لەگەڵم دەگری، ئەو کەسەی پیازی تێژ لەتدەکات، ئاو بە چاوانیدا دێتەخوار، ئەو ڕەفتارە بە گریان و سەربڕینیش بە مردن چووێنراوە. وەڵام (پیاز جنین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 804**
**تۆوی لە بەردی گاسنی لە شاخی زەوی لە گۆشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015110036439913

تۆوی لە بەردی
گاسنی لە شاخی
زەوی لە گۆشتی
کل: لە کوردەواردا ژنان و کچان بۆ چاوڕشتن بەکاری دێنن، تۆوی لەبەردی، مەبەست لە کلە کە لەجۆرێک بەرد درووستدەکرێت. گاسنی لە شاخی، مەبەست لە مێلی کلچێوە، کە بەهۆیەوە کلەکەی پێ لە چاودەدرێت. زەوەی لە گۆشتی، مەبەست لە پێڵووی چاوە کە بە کل دەرێژرێت. وەڵام (کلی چاوڕشتن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل29

کاتی تۆمارکردن: 15-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 805**
**تۆوی ڕەش و حەوزی سپی**

2022080812544642723‌9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



تۆوی ڕەش و حەوزی سپی.
تۆوی ڕەش: مەبەستی لە نووکی قەڵەمی نووسینە کە لە ماددەیەکی ڕەش درووست دەکرێت، حەوزی سپی واتە: کاغەزی نووسین کە سپییە، بۆ ئەوەی نووسینی تێدا دەرکەوێت. چۆن تۆو دەکرێ بە زەوییەوە و شین دەبێت و بەرهەم دەستەبەر دەبێ، ئاواش نووسین لەسەر کاغەز بەرهەمی زانستی مرۆڤ لەسەر تۆمار دەکرێ و زانەکیی بەرهەم دێت. وەڵام (کاغەز و قەڵەم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 806**
**تۆکەگەی تیژە، کوناهێگ ها سەری لە واخت تەنگی، خوەی دەیدە وەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20240518073449571648

تۆکەگەی تیژە، کوناهێگ ها سەری
لە واخت تەنگی، خوەی دەیدە وەری
وەڵام (سوون). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لوڕی ڕەسەن |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| شار و شارۆچکەکان: | قەسری شیرین |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | لوڕی - Kurdish Luri | زەرینە و سیمینە، (مەتەڵ) کۆکردنەوەی: عەباس جەلیلیان (ئاکۆ)، بەرگی دوو، 2009، ل37

کاتی تۆمارکردن: 2024-05-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 807**

**تۆی لە تەڕێ لە بن بەڕێ هەڵدەپەڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015110418439914

تۆی لە تەڕێ
لە بن بەڕێ
هەڵدەپەڕێ

تۆی لە تەڕی، مەبەستی لە ماسییە کە ژیانی لەناو ئاودایە و ئاویش تەڕە. لەبن بەڕێ هەڵدەپەڕی، مەبەست لە کاتی ڕاوکردنی ماسییە، کاتێک ماسییەکان لە چەمدا بە تۆڕ دەگیرێن و فڕێدەدرێنە سەر وشکانی، ماسییەکان دەجووڵێن تا دەمرن، لە مەتەڵەکەدا بە هەڵپەڕێن بەراوردی کردووە. وەڵام (ماسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 808**
**تێژە وەک تیرە ڕەشە وەک قیرە سپییە وەک شیرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015110706439916

تێژە وەک تیرە
ڕەشە وەک قیرە
سپییە وەک شیرە
مەبەست لە چاوی مرۆڤە، تێژە وەک تیرە، مەبەست لە دووربینی چاوی مرۆڤە کە وەک تیر دەڕوات، ڕەشە وەک قیرە، مەبەست لە گلێنەی چاوە کە ڕەنگی ڕەشە وەک قیر، سپییە وەک شیرە، واتە: سپێنەی چاو ڕەنگی سپییە وەک شیر. وەڵام (چاو). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل30

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 809**

**تیغی تیژی بە ڕشتی حوکمی سەری تۆی بە مشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230219211547468731

تیغی تیژی بە ڕشتی حوکمی سەری تۆی بە مشتی
لە ڕۆژێکدا بە دەیان گەنج و لاو ئەمە ئیشیان
دەیداتە بەر داسی درەو تاوێ بەڕۆژ تاوێ بەشەو
لەجیاتی ئەم هەموو ئیشە کیسەیەک پارەی بەسە
مەبەستی مەتەڵەکە کاری سەرتاشینە، واتە: لە کۆندا سەرتاشەکان بە تیغی تیژ سەری گەنج و لاویان تاشیوە، بەشەو یان بەڕۆژ ئەو کارەیان ئەنجامداوە، بەرمبەر بە بڕێک پارە. بڕینی قژ بە تیغ لە مەتەڵەکەدا بە داس چووێنراوە. وەڵام (سەرتاش) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال.
کاتی تۆمارکردن: 19-02-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

KURDIPEDIA کوردیپیدیا

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 810**

**تیل تەری و بن مری ئەرا ڕۆژ خەیر و شەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013100623525933

تیل تەری و بن مری
ئەرا ڕۆژ خەیر و شەری
وەڵام (تفەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل11

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 811**
**تیکەی قنگ ئەخوا**

20220825192656430317=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تیکەی قنگ ئەخوا.
تیکە: مەبەست لە یەک پاروو نانە، کەسێک بتوانێ بەیەک جار بیخوات، تیکەی قنگ، مەبەست لە هێلکەی مریشکە کە لەو جێگەیەوە دێتەدەر، ئەتوانرێت بەیەک پاروو بخورێت، ئەمە وەکو پەندیش بەکاردێت، مەبەستی کەسانێکە کە زۆر چرووک و دەست نووقاون، بچووکترین خێر لە جێگەیەکدا هەبێت پەلاماری دەدە و بۆخایانی زەوت دەکەن. وەڵام (هێلکە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-25
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 812**

**تێرم خوارد لەو دوو کیسە ئاوە کەمی نەکرد وەک خۆی ماوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925211453523390

تێرم خوارد لەو دوو کیسە ئاوە
کەمی نەکرد وەک خۆی ماوە
دوو کیسە ئاو، مەبەست لە دوو مەمکی دایکە کە پڕە لە شیر و منداڵ دەیخوات، کەمی نەکرد وەک خۆی ماوە، واتە: پرۆسەی شیردانی دایک بە منداڵ بەشێوەیەکە کە بەردەوام مەمکەکان شیریان تێدێت و کەم ناکات، بۆیە تا نزیکەی دوو ساڵ وەک خۆیان دەمێنن. وەڵام (مەمکی دایک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل51

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-25

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 813**
**تێکردنی سوونەتە، لەقاندنی فەرزە**

20220826124154430502=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تێکردنی سوونەتە، لەقاندنی فەرزە.
مەبەست لە ئەنگوستیلەیە کە لەپەنجە دەکرێت، لە کوردەواردا ژنان مستیلەی زێڕ و پیاوان مستیلەی زیو لە پەنجە دەکەن، تێکردنی سوونەتە واتە: لەپەنجەکردنی مستیلە ئاساییە چ بۆ پیاو ج بۆ ژن، لەقاندنی فەرزە واتە: لەکاتی لەپەنجە کردندا دەبێت بلەقێندرێ یان بجووڵێندرێ، بۆ ئەوەی بە ئاسانی هەم لەپەنجە بکرێت هەم داکەندرێت، وەڵام (مستیلە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل28

کاتی تۆمارکردن: 26-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 814**
**تێڵای تاشراو وەستای نەدیو کەوای دووراو خەیات نەدیو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213214127450783

تێڵای تاشراو وەستای نەدیو
کەوای دووراو خەیات نەدییو
مەبەست لە مار و کاژی مارە، تێڵای تاشراو، مەبەست لە مارە لەو کاتەدا کە کاژ فڕێدەدا، لووس و جوانە بە تێلا چووێنراوە (مار کە نێچیر دەخوا و قەبارەی گەورە دەبێ، لە پێستی خۆیدا جێی نابێتەوە و ئەو پێستە فڕێدەدا کە هەیەتی لە کوردەواردا پێی دەوترێ کاژی مار) کەوای دووراو وەستای نەدیو، دیسان مەبەستی کاژی مارە کە بە کەوا چووێنراوە. وەڵام (مار و کاژی مار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل39

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 815**

**تەپ تەپ دەکا ڕەپ ڕەپ دەکا لە میوانان شەرم دەکا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014145350439738](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014145350439738)

تەپ تەپ دەکا
ڕەپ ڕەپ دەکا
لە میوانان شەرم دەکا

گوندی وڵاتی کوردەوار لە قوڕ و بەرد درووستدەکرێ، سەربانی خانووەکان گڵە، تەپ تەپ دەکا، واتە: لەکاتی باران باریندا، دەنکۆڵەی بارانەکان کە بەر سەربانی گڵ دەکەوێ، تەپەی دێت، لە میوانان شەرم دەکا، واتە: کاتێک باران تەپەتەپ دەکا، سەربانی خانووە گڵەکان دەخوسێنێ، دەبێت.ە دڵۆپە و بەناو ژوورەکاندا دێتەخوار، خاوەنماڵ شەرمەزاری لای میوانەکان دەبێت. وەڵام (دڵۆپەی ئاو) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل28](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 816**
**تەپ گردەڵەی گیا وردەڵە**

[20230101173101455870=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101173101455870)

تەپ گردەڵەی گیا وردەڵە.
مەبەست لەسەر و قژە، تەپ گردەڵە، (تەپ: بەرزایی یان تەپۆڵکە و گرد) مەبەست لە سەری مرۆڤە کە وەک گرد یان تەپۆڵکە قۆقز و بەرزە، گیا وردەڵە، مەبەست لە قژی مرۆڤە کە لەسەر سەر دەڕوێت، قژ لە وردی و باریکیدا بە گیای سەر گرد چووێنراوە. وەڵام (سەر و قژ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل129.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 817**
**تەپ گەردیلە گیا وردیلە**

20221014150939439756=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەپ گەردیلە
گیا وردیلە
مەبەستی مەتەڵەکە سەر و قژی مرۆڤە، تەپ: مەبەست لە گردە یان شوێنێکی بەرز، تەپ گەردیلە، مەبەست لە سەری مرۆڤە، کە لە ئاستی جەستەدا لە هەموو شوێن و جێگەیەکی بەرزترە. گیا وردیلە: مەبەست لە مووکانی سەری مرۆڤە، لەمەتەڵەکەدا بە گیا بەراوردکراوە. وەڵام (سەر و پرچ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل28

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 818**

**تەپ لەسەر تەپ، دەستت بە ڕەپ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220816075845428549



تەپ لەسەر تەپ، دەستت بە ڕەپ.
تەپ: لە زمانی کوردیدا بە واتای تەپێک قوڕ یان پیسایی بەکاردێ بەڵام لە مەتەڵەکەدا بە واتای بەردی دەستاڕ دێت، پێکدێ لە دوو بەردی تەختی بازنەیی، لەسەریەک دادەنرێت (دەستاڕ ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێ)
دەستت بە ڕەپ: مەبەست لە دار دەسکی دەستارە کە بەردی سەردەستاڕی پێ دەسووڕێتەوە. وەڵام (دەستاڕ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-16

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 819**
**تەپۆڵێکم هەیە پێنج کانی هەیە دووی دەتاڵن دووی دەسوێرن ئەوی دەدی شیرینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224155155453903

تەپۆڵێکم هەیە پێنج کانی هەیە، دووی دەتاڵن، دووی دەسوێرن، ئەوی دەدی شیرینە.
مەبەست لە سەری مرۆڤە، تەپۆڵێکم هەیە (تەپۆڵ: مەبەست لە گرد یان بەرزییە) واتە: سەری مرۆڤ کە بە تەپۆڵکە چووێنراوە، پێنج کانی هەیە، واتە: پێنج دەرچەی جیاوازی هەیە، دووی دەتاڵن، مەبەست لە دوو کونی گوێچکەیە، دووی دەسوێرن، مەبەست لە دوو کونی فرمێسکی چاوە، ئەوی دەدی شیرینە، مەبەست لە دەمە. وەڵام (سەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەوک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل10.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 820**

**تەپۆڵە گردە لە گیواوە وردەڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013204732526049

تەپۆڵە گردە لە گیواوە وردەڵە.

وەڵام (سەرەوقژێ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل29

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 821**
**تەپێک و بانێ چوار بزن و شوانێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231204151708533904

تەپێک و بانێ
چوار بزن و شوانێ
تەپ: گرد یان تەپۆڵکە مەبەست لە بەرزییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، بان: مەبەست لە سەربانە، تەپێک و بانێ، مەبەست لە دەستی مرۆڤە، دەستی بە تەپۆڵکە چواندووە، هەروەها پشتی دەستیش بە بان، چوار بزن، مەبەست لە چوار پەنجەی دەستە، شوان، مەبەست لە پەنجەکەڵەی دەستە. وەڵام (دەست و پەنجە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل181، ل181

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 822**

**تەپە کوێرە، باوکی ئاوە، داکی خۆڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728150515425095



تەپە کوێرە، باوکی ئاوە، داکی خۆڵە
تەپە کوێر: مەبەست لە دومبەڵانە کە یەکێکە لە خۆراکە ڕووەکییە گرنگەکان، باوکی ئاوە: مەبەستی لە تۆوی دومبەڵانە کە وەک ئاو وایە و لە دومبەڵانەوە دەردەچێ، داکی خۆڵە: واتە: لەناو خۆڵدا گەشە دەکات و گەورە دەبێت و پێدەگات. وەڵام (دومبەڵان) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 823**
**تەپەگردەڵە گردە و تاشیا ئێران و توران هاتە تەماشا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203132940448908

تەپەگردەڵە گردە و تاشیا
ئێران و توران هاتە تەماشا
گرد: شتی خڕ (فەرهەنگی خاڵ) ، ئێران و تووران: مەبەست لە ناوی دوو وڵاتی هاوسێی کوردستانە. مەبەست لە دەهۆڵە، (دەهۆڵ: ئامێرێکی کەلەپووری مووزیکی کوردییە، لە پێست و دار درووستدەکرێت، لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا دەژەنرێت، دەنگی گەورە و بەرزە) تەپەگردەڵە، مەبەست لە دەهۆڵە کە دەژنرێت لەبەر ئەوەی دەنگی دوور دەڕوات لە هەموو لایەکەوە دێنەسەیری. وەڵام (زەماوەند بە دەهۆڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 824**

**تەختی شین، پاشای زێڕین**

20220905211713432231=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەختی شین
پاشای زێڕین
لە کاتی ڕۆژدا گەر کەسێک سەیری قوڵایی ئاسمان بکات، بە شێوەی ڕەنگی شێن دەیبینێ، تەختی شین مەبەست لە شینایی ئاسمانە، پاشای زێڕین مەبەستی لە خۆرە کە لەکاتی ڕۆژدا ڕەنگی زەردە و وەکوو زێڕ لە ئاسمانی شیندا دەدرەوشێتەوە. وەڵام (ئاسمان و خۆر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل119

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 825**
**تەختێک و تەختەبەندێک چوار کاوڕ و وەڕەنێکە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918132226521285
تەختێک و تەختەبەندێک
چوار کاوڕ و وەڕەنێکە
کاوڕ: بەرخی تەمەن ساڵ و نیو (فەرهەنگی شێخانی) مەبەستی مەتەڵەکە دەست و پەنجەی مرۆڤە، تەختێک و تەختەبەندێک، مەبەست لە بەری دەست و پشتی دەستە، چوار کاوڕ، واتە چوار پەنجەی دەستی مرۆڤ، وەڕەنێکە، مەبەست لە پەنجەکەڵەی دەستە. وەڵام (دەست و پەنجەی مرۆڤ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 22
کاتی تۆمارکردن: 2023-09-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

## پۆل: کلتوور - مەتەڵ
## بابەت: 826
## تەختە تەماشا خواردنی پاشا

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921222436522321](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921222436522321)

تەختە تەماشا
خواردنی پاشا
لە نەریتی کوردەوار و تەواوی ناوچەکەدا هەموو گەلێک ڕێزی لە پاشاکانی ناوە و خواردنی تایبەتیی پێشکەش کردوون، تەختە تەماشا، مەبەست لە هەنگوینە کە شانەی هەنگوینەکە تەختە، خواردنی پاشا، واتە: هەنگوین لەبەر ئەوەی گرانبەهایە، خواردنی کەسانی ساماندار و بەدەسەڵاتە. وەڵام (هەنگوین) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 33

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 827**
**تەختە لەبن تەختە حاجی بێبەختە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101172410455867

تەختە لەبن تەختە
حاجی بێبەختە
مەبەست لە خەنجەرە، (خەنجەر: ئامێرێکی جەنگی کەلەپووری کوردییە، پێکدێ لە تیغێکی تیژ و دەسکێ دارین، لە کوردەواردا باشترین جۆری خەنجەری دەبانە) تەختە لەسەر تەختە، مەبەست لە کیف کێلان یان کالانی خەنجەرە کە خەنجەری تێدا پارێزراوە، حاجی بێبەختە، مەبەست لە تیغی خەنجەرە. وەڵام (خەنجەر و کالان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل148.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 828**
**تەختە لەسەر تەختە تیغ بەبەختە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126173331447838

تەختە لەسەر تەختە
تیغ بەبەختە
مەبەست لە خەنجەری کوردییە، تەختە لەسەر تەختە، مەبەست لە کیفی خەنجەرە (کێلان) کە لە دار یان تەختە درووستدەکرێ، خەنجەری تێدەکرێ، تیغ بە بەختە، مەبەست لە دەمی خەنجەرە کە تیغێکی تیژە، لەکاتی هەڵگرتندا دەخریتە ناوکێلانەوە. وەڵام (خەنجەر و کاڵان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل20

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 829**

**تەرازوو میزان بان هەورامان هەرکەس هەڵیبێنێ شێرە و پاڵەوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923185813522803

تەرازوو میزان بان هەورامان
هەرکەس هەڵیبێنێ شێرە و پاڵەوان
تەرازوو میزان، مەبەست لە هاوسەنگکردنی شتێکە بە ئاستێکی زۆر ورد، هەورامان ناوی ناوچەیەکی کۆنی کوردەوارە، شوێنی بڵاوبوونەوەی (ماریفەتی پیر شالیاری ئایینی زەردەشتییە) ، مەتەڵەکە مەبەستی ماریفەتە، کە وەک تەرازوویەکی ڕۆژگاری خۆی وابووە کە دادپەروەری بڵاوکردووەتەوە. وەڵام (ماریفەتی پیر شالیار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل38

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 830**

**تەرزەیە و باران دەبارێ وای لە گرمەی هۆڕوسارێ لۆ زەوی سواران لە ئاسمانی دێنەخوارێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908104223519633

تەرزەیە و باران دەبارێ
وای لە گرمەی هۆڕوسارێ
لۆ زەوی سواران لە ئاسمانی دێنەخوارێ
مەبەستی مەتەڵەکە باران و هەورە برووسکەیە، کە لە وەرزی زستان و بەهاردا لە کوردستان دادەبارێت. هۆڕوسار: هەورەبرووسکە. سواران لە ئاسمان دینەخوارێ: مەبەست لە باران و تەرزەیە کە لە ئاسمانەوە بۆ زەوی دادەبارێت. وەڵام (باران و هەورە برووسکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل126

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 831**
**تەشخە شوستە ڕوفتە ماری دەرێ نیش خوفتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013182724526002

تەشخە شوستە ڕوفتە
ماری دەرێ نیش خوفتە
وەڵام (دەم و ددان و زمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل22

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 832**
**تەشی لە فەرهەنگی کوردەواریدا**
20220826231934430620=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



تەشی لە فەرهەنگی کوردەواریدا
نوسینی: رووناک ساڵح
تەشی ئامێرێکی کۆنی کوردوارییە، لە کۆندا ئافرەتان بەکاریان هێناوە بۆ ڕستنی خوری و دروستکردنی (دەزو)، (بەن)، (داو). جاران زۆربەی پۆشاکی کوردەواری و پاپۆش و کەرەستەی سواری لە بەن و دەزوو دروست دەکرا، بۆیە ئافرەتانی کورد لە لادێکاندا دوای تەواوکردنی کارو باری ناوماڵ خۆیان بەبەکارهێنانی تەشییەوە سەرقاڵ ئەکرد بۆ ڕستنی خوری و دروستکردنی دزوو یان بەن.
تەشی ئامێرێکی سادەیە لەدار دروستکراوە سەرێکی خڕی هەیە لە شێوەی لنگە دەستارێ کە قولاپێکی پێوەیەو بەشی خوارەوەی کلکێکی باریکە و کۆتایەکەی نوکێکی تیژە.
چۆنیەتی بەکارهێنانی تەشی: سەرەتا خوریەکە شی ئەکرێتەوە پاشان لول ئەکرێت لەشێوەی گوریسێکی نەڕێسراودا، دواتر خوریەکی لە قولاپەکە دەئاڵێنرێت و هێواش هێواش بەهۆی خولانەوەی تەشیەکەوە خوریەکە گرژ ئەبێت و لە ناو قەدی تەشیەکە ئەئاڵێنرێت.
ئەگەر تەشی ڕێس بیەوێت خوری بۆ پۆشاک(ڕانک و چۆغە) بڕێسێت، ئەوا هەم خوریەکەو هەم تەشیەکە ئەبێ تایبەت بێت، بەخوری ڕێسراوی باریک کە بۆ ڕانک و چۆغە باکاردێت ئەوترێت دەزوو، بەهەمان شێوە بۆ دروستکردنی فەرش و مافوریش وردەکاری بەکار ئەهێنرێت، بەڵام بەشێوەی دەزووی ڕانک و چۆغە نا، ئەگەر بیانەوێت خوری یان مووی بزن بۆ دروستکردنی گوریس و ڕاخەر(بەڕ) بڕێسن ئەوە کارەکە ئاسانترە و بە ڕێسراوەکە ئەوترێت (بەن)، هەڵبەتە ئەوەی کە ڕێسراوەو بەکلکی تەشیەکەوە ئاڵێنراوە پێی ئەوترێت گڵۆڵە بەن یان گڵۆڵە دەزوو.
شێوازی ڕستنەکەیش ئەوەیە کە ئافرەت پەنجەی گەورو شایەتمانی بە زمانی تەرئەکات خوریەکەی پێ شی ئەکاتەوەو ئەی دا

بەدەم تەشیەکەوە جا یان بەو دوو پەنجەیە تەشیەکە هەڵ ئەخولێنێت یان بەلەپەدەستی کلکی تەشیەکە لەسەر ڕانی دائەنێت و ئەیخولێنێتەوە.
هەروەک لە گۆرانی و ئەدەبیاتی کوردیشدا بەکار هاتووە، گۆرانی شیرین تەشی ئەرێسێ ی مامۆستا مەزهەری خالقی بەناو بانگە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | نەورۆڵی Nawroly HD
کاتی تۆمارکردن: 26-08-2022
ناوی تۆمارکار: ئاراس ئیلنجاغی

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 833**
**تەقیلە لەبان تەقیلە هەرکەس نەزانێ زەلیلە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231204151952533905

تەقیلە لەبان تەقیلە
هەرکەس نەزانێ زەلیلە
تەقیلە: کڵاوی لە پەڕۆ و دەزوو چنراو. زەلیل: بێچارە و لێقەوماو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەبەست لە سەری ناو کڵاوە، سەری مرۆڤ خڕە، هەروەها کڵاویش دەرەوەی قۆقز و ناوەوەی بە ئەندازەی سەری مرۆڤ قووڵە، هەروەها سەری مرۆڤیش بەشی سەرەوەی قۆقزە، هاوشێوەی کڵاو. وەڵام (سەری ناو کڵاو) .[1]


### تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل181، ل181

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 834**
**تەقە سوارە، دام لە بووارە، سەد هەزارە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728151136425096



تەقە سوارە، دام لە بووارە، سەد هەزارە
لە گوندەکاندا هەنار هەڵدەگرن و وشکی دەکەنەوە، لە وەرزی زستاندا دەیخۆن، تەقە سوار: واتە هەناری وشککراوە کە توێکڵەکەی زۆر ڕەقە بەڵام ناوەکەی تەڕە، دام لە بووار: واتە کاتێک خواردنیدا بە زەوی یان دیواردا دەکێشرێ ، بۆ ئەوەی توێکڵەکەی بشکێ ، سەد هەزارە: مەبەستی لە دەنکی هەنارەکەیە، لە کاتی شکاندنی توێکڵە هەنارەکەدا بڵاودەبێتەوە. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 835**
**تەقە لە ڕەقە نوورە بۆ سوورە**

20230915222731520816=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەقە لە ڕەقە
نوورە بۆ سوورە
مەبەست لە بەرد و ئەستێیە، (بەرد و ئەستێ یان بەردوستێ: جۆرێک بەردی چیایی سەختە، بە بەیەکداکێشان پریشکی ئاگر فڕێدەدات) . کورد لە مێژوویەکی دێرینەوە بۆ ئاگرکردنەوە بەکاری هێناوە. نوورە بۆ سوورە، مەبەست لە پریشکی ئاگرە کە ئاگری پێدەکرێتەوە. وەڵام (بەرد و ستێ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل6

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 836**
**تەماشای بەژن و گوێواری چەنگی دان لەبەر دیواری ژوور و دەری لە ڕێبواری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221224160808453916

تەماشای بەژن و گوێواری
چەنگی دان لەبەر دیواری
ژوور و دەری لە ڕێبواری
مەبەست لە دەرگا یان زارکە، تەماشای بەژن و گوێواری، واتە: تەماشای دەرگا بکەن کە باڵای بەرز و پانە، چەنگی دا لەبەر دیواری، واتە: بەهۆی نەرمادەکانییەوە لە دیوار گیربووە، ژوور و دەری لە ڕێبواری، واتە: کە دەکرێتەوە ڕێبوارانی پێدا دێنەژوور، کە دادەخرێ، ڕێگە لە ڕێبواران دەبەستێ. وەڵام (دەرک، زارک، دەرگا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل10.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 837**
**تەماشای قەد و گیپاڵێ چنگی دا لەبەر دیواری**

20221224160523453913=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەماشای قەد و گیپاڵێ
چنگی دا لەبەر دیواری
مەبەست لە دەرگا یان زارکە، تەماشای قەد و گیپاڵی، (گیپاڵ: ورگ) واتە: تەماشای دەرگا بکەن کە قەد و باڵای بەرز و پانە، وەکوو کەسێکی ورگ زل وایە، چەنگی دا لەبەر دیواری، واتە: بەهۆی نەرمادەکانییەوە لە دیوار گیربووە، توانیویەتی خۆی ڕابگرێ. وەڵام (دەرک، زارک، دەرگا).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەوک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل10.

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 838**
**تەنافچن بارێ خورمای وا لەبن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231213211325536595

جاڵجاڵۆکەی تەنافچن
بارێ خورمای وا لەبن
تەنافچن: مەبەست لە تەونی جاڵجاڵۆکەیە. (جاڵجاڵۆکە گیانەوەرێکی بچووکە، لەنێوان پەلی دار یان سووچی ژووردا تەون دەچێت بۆ ئەوەی نێچیری پێوەببێت) مەبەستی مەتەڵەکە داری مێوە، کە تەرز و لق زۆر بڵاودەکاتەوە، بە تەونی جاڵجاڵۆکە چواندوویەتی، هەروەها ترێش بە باری خورما. وەڵام (ترێ و تەرزی مێو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی پێشینان، مەتەڵی کوردەواری، ع.ع.شەونم، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی، 1998، ل15

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 839**
**تەنکەڵەی شەش کون شەش مەن باریەتی خۆی ئادەم نییە ئادەم سواریەتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015112746439924

تەنکەڵەی شەش کون شەش مەن باریەتی
خۆی ئادەم نییە ئادەم سواریەتی
مەبەست لە نالە، ناڵ: ئاسنێکی کەوانەییە، بە بزمار دەدرێت لە ژێرپێی وڵاخ، مەن: سەنگێکی تایبەتییە بۆ پێوانە بەکاردێت (فەرهەنگی خاڵ) تەنکەلەی شەش کون، مەبەست لە ناڵە، شەش مەن باریەتی، مەبەست لە وڵاخە، خۆی ئادەم نییە ئادەم سواریەتی، مەبەست لە مرۆڤە کە سوای پشتی وڵاخ دەبێت. وەڵام (ناڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل30

کاتی تۆمارکردن: 15-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 840**
**تەنیا سێ پیتە مەتەڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915224905434210

تەنیا سێ پیتە مەتەڵ
ناشرینە ناو کۆمەڵ
دەبێتە هۆی تەفرەدان
زۆر بە ڕقە لێی یەزدان
وشەیەکی قێزەون
تکایە دوای مەکەون
خاوەنی ئەو ڕەفتارە
هەمیشە شەرمەزارە
ناڕاستی وتەکانی
ئازار دەداتە گیانی
چییە ئەو وشەیە وا
خاوەنی دەکا ڕسوا
مەبەستی مەتەڵەکە (درۆ)یە، کاتێک کەسێک بۆ بەرژەوەندی خۆی دەیکات، پاشان ئاشکرا دەبێت، ڕوو زەرد دەبێت. وەڵام (درۆ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل49

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 841**
**تەنیا لە سێ پیت پێکدێ**

[20220907124330432723=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?q=20220907124330432723&lng=1)

تەنیا لە سێ پیت پێکدێ
دوای ڕۆژئاوابوون ئەو دێ
دەڵێ دەی کۆببینەوە
لەماڵ یەک بگرنەوە
کە من هاتم بسرەوون
پشودەن و بخەون
چییە بە فرمانی ئەو
هەموو چاو ئەنێینە خەو
شەو مەبەستی مەتەڵەکەیە، شەو لەلای خێزانی کورد کۆبوونەوە و یەکگرتنی خێزانە، پاشان کاتی خەوتن و پشوودانە. وەڵام (شەو) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل28

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 842**
**تەنەکەی نەفتێ قورفەی کەتێ کەس نایگاتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126173611447842

تەنەکەی نەفتێ
قورفەی کەتێ
کەس نایگاتێ
مەبەست لە گووڵلەی چەکە، تەنەکەی نەفتێ، واتە: تەنەکەی نەوت، مەبەست لە گووڵلەیە کە وەک نەوت گڕدەگرێ، قورفەی کەتێ، مەبەست لە تەقاندنی گووڵلەیە، کەس نایگاتێ، مەبەست لەوەیە کاتێک گووڵلە دەتەقێ، هێند خێرا دەڕوا، کەس ناتوانێت پێی بگاتەوە. وەڵام (گووڵلە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل20
کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 843**
**تەواوی دنیا پیائەچێ، شاخە بزنیکی پیاناچێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925212254523393

تەواوی دنیا پیائەچێ، شاخە بزنیکی پیاناچێ.
تەواوت نیای پیائەچێ، قامکە تووتەی پیاناچێ.
قامکە تووتە: مەبەست لە پەنجە بچووکەی دەستی مرۆڤە، تەواوی دنیای پیائەچێ، مەبەست لە گوێچکەی مرۆڤە کە لە توانایدا هەموو دەنگ و قسەیەکی دنیای پێدابچێت، شاخەبزن یان قامکە تووتەی پیاناچێ، واتە: تەنیا دەنگی پێدادەچێت، نەک شتی تر. وەڵام (گوێچکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل46

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 844**
**تەڕی ئەکەی، بەلی ئەکەی، بەخۆتیا ئەکەی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220818105321428950



تەڕی ئەکەی، بەلی ئەکەی، بەخۆتیا ئەکەی.
مەبەستی مەتەڵەکە کەوچکە کە بۆ نانخواردن بەکاردێت، تەڕی ئەکەی مەبەست لەو کاتەیە کە کەوچک دەکەیت بەناو چێشتی شلەدا و تەڕ دەبێت، بەلی ئەکەی (بەل: قوت، لەبەشە شێوەزاری موکریاندا بەمانای بەررزبوونەوەی شتێک بەکاردێ) واتە: ئەو کاتەی کەوچکی پڕ بە چێشت دەبرێ بۆ دەم، بەخۆتیا ئەکەی واتە: کەوچکەکە دەکەیت بە دەمدا. وەڵام (کەوچک). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 845**

**تەڕە دەچێتە سەربانێ گەرم دەبێتەوە دێتەخوارێ**

[2022101415141043975 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221014151410439757)

تەڕە دەچێتە سەربانێ
گەرم دەبێتەوە دێتەخوارێ
مەبەستی مەتەڵەکە نانکردنە بە ساج (ناسکە نان) تەڕە دەچێتە سەربانێ، مەبەست لە نانی تیرییە کە بە تیرۆک لەسەر پنە دەکرێتەوە و بە تەڕی دەخرێتە سەرساج، گەرم دەبێتەوە و دێتەخوارێ، واتە: نانەکە لەسەر ساجەکە دەبرژێت و گەرم دەبێت، پاشای لایدەبەن و دەیهێننەخوار. وەڵام (نانی ساج) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-14

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 846**

**تەڵەم ناوە زیتم چێوە نێچیر ڕایکرد سەگ بە پێوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221213214715450788

تەڵەم ناوە زیتم چێوە
نێچیر ڕایکرد سەگ بە پێوە
مەبەست لە چیرۆکی ئەفسانەیی مووسا و فیرعەونە، تەڵەم ناوە زیتم چێوە، مەبەست لە لەتکردنی دەریای نیلە لەلایەن مووساوە کە وەک تەڵەیەک داینا بۆ سووپای فیرعەون، نێچیر ڕایکرد، مەبەست لەوەیە کە جوولەکەکان بەناو دەریا نیلدا ڕایانکرد و پەڕینەوە، سەگ بە پێوە، واتە: سووپای فیرعەون کەوتنە بۆسەکەوە و هەموویان لە ئاوی نیلدا خنکان. وەڵام (مووسا و فیرعەون) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل38

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 847**
**تەیریٚ زم زمیٚ پڕ لە نانی گەنمیٚ**
20221015113353439926=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەیریٚ زم زمیٚ
پڕ لە نانی گەنمیٚ
زم: سەرما یان ساردیی (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) تەیری زم زمیٚ، مەبەست لە گوێزە کە لە ناوچەی شاخاویی و کویستانی سارد و پڕ ئاودا دەڕوایٚت. پڕ لە نانی گەنمیٚ، مەبەست لە کاکڵەی گویزە، کە وەک گەنم زەرد و جوانە. وەڵام (کاکڵەی گوێز).
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چایخانەی گەنج ل29
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 848**
**تەیرێک بە حەواوە زنجیرەکەی پساوە تەیرەکەی پێڕشاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015105631439912

تەیرێک بە حەواوە
زنجیرەکەی پساوە
تەیرەکەی پێڕشاوە
مەبەست لە هەورەبروسکەیە کە لە ئاسماندا درووستدەبێت، لەمەتەڵەکەدا بە تەیر بەراوردی کردووە، چونکە هەورەبروسکەش وەک تەیر لە ئاسماندایە. زنجیرەکەی پساوە، مەبەست کە بریسکەی هەورەبروسکەیە، بە زنجیر چوواندوویەتی. تەیرەکەی پێڕشاوە، واتە: لەگەڵ هەورەبروسکەدا باران دەبارێ، بە ڕشانەوە بەراوردی کردووە. وەڵام (هەورەبروسکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل30

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 849**

**تەیرەک هات بە هانەهان شاپەڕ سپی مل بە کەوان ئەگەر گرتت بردت ئیمان گەر نەتگرت نیتە ئیمان**

[20221015113114439925=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?q=20221015113114439925&lng=1)

تەیرەک هات بە هانەهان شاپەڕ سپی مل بە کەوان
ئەگەر گرتت بردت ئیمان گەر نەتگرت نیتە ئیمان
مەبەست لە مانگی ڕۆژووگرتنە کە بە تەیر بەراوردی کردووە، شاپەڕ سپی مل بە کەوان، واتە: مانگی ڕۆژووگرتن مانگێکی سپی و سەربەرزە، هەموو ئایینداریک دەتوانێت شانازی پێوەبکات، ئەگەر گرتت بردت ئیمان واتە: هەرکەسێک ڕۆژووی گرت، بێگومان ئیمانی هەیە، گەر نەتگرت نیتە ئیمان، واتە: گەر کەسێک ڕۆژووی نەگرت، ئیمانی نییە. وەڵام (ڕۆژوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل29

کاتی تۆمارکردن: 15-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 850**
**تەیرەک هات بە هانەهان شاقەل سپی گەردن کەوان گەورە گرتی بچووک بەردان**

202210151053524399911=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

تەیرەک هات بە هانەهان
شاقەل سپی گەردن کەوان
گەورە گرتی بچووک بەردان
مەبەست لە مانگی ڕۆژووگرتنە کە بە تەیر بەراوردی کردووە، شاقەل: واتە: بەرۆک، شاقەل سپی گەردن کەوان، واتە: مانگی ڕۆژووگرتن مانگێکی سپی و سەربەرزە، هەموو ئاییندارێک دەتوانێت شانازی پێوەبکات، گەورە گرتی و بچووک بەردان، واتە: تەنیا لەسەر گەورەکان پێویستە بیگرن، کەسە بچووکەکان مەبەست لە منداڵەکانن کە لەسەریان نییە، ئەو ئەرکە جێبەجێبکەن. وەڵام (ڕۆژوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل30


کاتی تۆمارکردن: 15-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 851**

**جاجمە سەوزە لەگوێ حەوزە نەقەوزەیە نەپیرۆزە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018232055440756

جاجمە سەوزە
لەگوێ حەوزە
نەقەوزەیە نەپیرۆزە
پیرۆزە: بەردێکی شینی بەنرخە، دەکرێت بە نقێم (فەرهەنگی خاڵ) مەبەستی مەتەڵەکە چیمەن (فریزو) وە، لەناو حەوشی ماڵی کوردەواردا، لە کۆندا حەوزی ئاو درووستەدەکرا و دەوروبەرەکەی دەکرا بە چیمەن و سەوزایی، جاجمە سەوزە، مەبەست لە چیمەنە، لەگوێ حەوزە، مەبەست لە حەوز و ئاوە کە چیمەنی لەدەور بێت، نەقەوزەیە نەپیرۆزە، مەبەست لەوەیە کە چیمەن نە قەوزەیە لە ئاودابێ، بەپیرۆزەشە کە بدرەوشێتەوە. وەڵام (چیمەن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل36
کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 852**

**جادووی لە سنووق ئاخنراو، لەجێی ژن و پیاو بانگ و سەڵای هەزارە، بەزمورەزمی بە پارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231213211159536594

جادووی لە سنووق ئاخنراو، لەجێی ژن و پیاو
بانگ و سەڵای هەزارە، بەزمورەزمی بە پارە
لە سەدەی پێشوودا جۆرێک تەجیل هاتە وڵاتی کوردستان پێی دەوترا تەجیلی قەوان (گرامافۆن) ، لە شێوەی سنووقێکی تەختەدا بوو، شریتێکی قەوانی خڕی لەسەربوو، گۆرانی پێلێدەدرا، شریتەکە هەم دەنگی پیاو هەم دەنگی ژنی دەخرایەسەر، وەک شتێکی جادوویی وابوو. وەڵام (تەجیلی قەوان) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی پێشینان، مەتەڵی کوردەواری، ع.ع.شەونم، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی، 1989، ل7.

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 853**

**جارێک شیرینە جارێک سوێر دەکرێت بۆ برژان و بۆ کولێرە دەبێت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908105907519637

جارێک شیرینە جارێک سوێر دەکرێت
بۆ برژان و بۆ کولێرە دەبێت
مەبەستی مەتەڵەکە گەنمەشامییە، کە لە کوردەواردا بەچەند شێوەیەک بۆ خواردن ئامادەدەکرێت، جارێک شیرینە واتە: گەنمەشامی گەرگەرم بکرێت تامی شیرینە، هەندێکجار بە خوێ سوێردەکرێت، بۆخواردن بەتامترە، هەروەها بەئاگر دەبرژێنرێت و دەشکرێتە ئارد و نان. وەڵام (گەنمەشامی) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل126

کاتی تۆمارکردن: 08-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 854**
**جامی تەنگ ئاوی دوو ڕەنگ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018232343440760

جامی تەنگ
ئاوی دوو ڕەنگ
جام: دەفرێکی بچووکی دەم پەلە، بۆ خواردنەوەی ئاو بەکاردێت (فەرهەنگی خاڵ) تەنگ: تەسک، جامی تەنگ، مەبەست لە قەپاغی هێلکەیە، ئاوی دوو ڕەنگ، مەبەست لە زەردێنە و سپێنەی هێلکەیە کە شلن و بەراورد کراوە بە ئاو، چۆن جام ئاو لەخۆدەگرێ، قەپاغی هێلکەش زەردێنە و سپێنەی لەخۆگرتووە. وەڵام (هێلکە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل36

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 855**
**جامی زێڕ لەناو جامی زیو**

20221214214728451004=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

جامی زێڕ لەناو جامی زیو.
مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، (زێڕ و زیو دوو ماددەی کانزایی گرانبەهان، پاشاکانی کورد جامیان لێدرووستکردووە بۆ خواردنەوەی شەراب و ئاو) جامی زێڕ، مەبەست لە زەردێنەی هێلکەیە، جامی زیو، مەبەست لە سپێنەی هێلکەیە کە لەناو سپێنەدایە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل22

کاتی تۆمارکردن: 14-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 856**
**جامێ ماستی، لەسەر دەستی، ڕەق ڕاوەستی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906161937432443

جامێ ماستی
لەسەر دەستی
ڕەق ڕاوەستی.
جامە ماست خڕ و بچووکە، کەسێک کە دەیکڕێ، لەسەر دەستی دایدەنێ تا ماڵەوە، لە مەتەڵەکەدا جامێ ماستی، مەبەستی لە مانگە کە وەک جامە ماست وایە و خڕ و بچووکە، سرووشت مانگی ڕەق و ڕاست ڕاگرتووە، بێئەوەی بکەوێ و بجووڵێ.
وەڵام (مانگ) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل121

کاتی تۆمارکردن: 06-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 857**
**جامێک هەیە دوو ئاوی تێدایە سەروبنیشی بکەی لێ دەرنایە**

20221126222724447953=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

جامێک هەیە دوو ئاوی تێدایە
سەروبنیشی بکەی لێ دەرنایە
جامێک هەیە، مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە بەتایبەت مریشک، دوو ئاوی تێدایە، مەبەست لە زەردێنە و سپێنەی هێلکەیە کە لە مەتەڵەکەدا بە دوو ئاو چوواندویەتی، سەروبنیشی بکەی لێ دەرنایەت، واتە: زەردێنە و سپێنەی هێلکە دەروازەی هاتنەدەری نییە، مەگەر بشکێ. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل22

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 858**

**جانت و جانتای زەری تەڕپی دوولاپی تەڕی دەکەی پێیدادەکەی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126223201447955](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126223201447955)

جانت و جانتای زەری
تەڕپی دوولاپی
تەڕی دەکەی پێیدادەکەی
زەر: زەرد یان ڕەنگی ئاڵتوونی (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) جانت و جانتای زەری، مەبەست لە دەرزی و بەکرەیە، تەڕی دوولاپی، واتە: دەزوو دەبێت کەمێک تەڕ بکرێت و دوولابێتەوە بۆ ئەوەی بچێت بە کونی دەرزیدا، پاشا لە دەرزییەکە هەڵدەکێشرێ. وەڵام (دەرزیی دروومان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل22

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 859**
**جانت و جانتای زەرە پووزوو دوولاپی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221214215142451008

جانت و جانتای زەرە، پووزوو دوولاپی
مەبەست لە شرواڵی کوردییە، (شرواڵ: بەرگی خوارەوەی جلی کوردیی پیاوانەیە) جانت و جانتای زەرە، واتە: بەرگی شرواڵ جەستەی پیاو دادەپۆشێ، چووێنراوە بە زەر و ئاڵتوون چونکە ئابڕوو دەپارێزێ، پووزوو دوولاپی، واتە: شرواڵ پووزووی هەیە کە بەنەخوێنی تێهەڵدەکێشرێ و بەهۆیەوە لە پێدا توونددەکرێ. وەڵام (شرواڵی کوردیی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل22

کاتی تۆمارکردن: 14-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 860**

**جفتێ ئەسحابەی حەق فریدە هەم زەحمەتکێش و هەم سەحرا چرِیدە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126222501447952

جفتێ ئەسحابەی حەق فریدە
هەم زەحمەتکێش و هەم سەحرا چرِیدە
جفت: جووت ئەو وشەیە تایبەتە بە بەشە شیوەزاری سۆران، ئەسحابە: مەبەست لە پیاوچاکە، جفتێ ئەسحابەی حەق فریدە، مەبەست لە جووتێک گای زەوی کێڵانە، هەم زەحمەتکێش و هەم سەحرا چرِیدە، واتە: گا لە ژیانیدا رەنج زۆر دەدات، دەشتودەر دەکێڵێ. وەڵام (گاجووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل22

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 861**
**جفتێ گای بڵباز ئاخوڕی دێرێ ژنی باڵابەرز، زوڵف خڕ دێرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917210923521140

جفتێ گای بڵباز ئاخوڕی دێرێ
ژنی باڵابەرز، زوڵف خڕ دێرێ
جفتێ: جووتێ، ئاخوڕ: بەو حەوزە دەوترێت کە ئالیکی تێدەکەن بۆ وڵاخ یان مەڕوماڵات، باڵباز: مەبەست لە بەڵەکی مەیلەو قاوەییە (فەرهەنگی ڕێژگە) ، جفتێ گای بڵباز ئاخوڕی دێرێ، نیوە دێڕی یەکەم وەسفی گای باڵباز دەکات لەگەڵ ئەو ئالیکەی لە ئاخوڕدا دەیخوات، ژنی باڵابەرز، زوڵف خڕ دێرێ، واتە: ژنێک جوانە کە باڵای بەرز و چاو و برۆی ڕەش بێت. وەڵام (برۆ و چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل17
کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 862**
**جگە لە خۆی سنگی بۆ هەموو کەس دەکاتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221214214242450999

جگە لە خۆی سنگی بۆ هەموو کەس دەکاتەوە.
مەبەست لە پەرتووکە، (پەرتووک پربایەخترین داهێنانی مرۆڤە کە بەهۆیەوە تەواوی زانیاری مێژووی مرۆڤایەتی بۆ ئێستا گواستۆتەوە، جگە لە خۆی سنگی بۆ هەموو کەس دەکاتەوە، (سنگ کردنەوە: کە کوردەواردا بە کەسێک دەوترێ کە داخ و مەینەتی بۆ کەسانی تر باسبکات، جگە لە خۆی) واتە: پەرتووک هەموو ڕازی ناوخۆی، بە خوێنەر دەڵێ. وەڵام (پەرتووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا، هەولێر ل22

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-14
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 863**
**جگەرە دەکێشێ نەبەدەستی دەگیرێ نەبەزاری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221018232820440765

جگەرە دەکێشێ، نەبەدەستی دەگیرێ، نەبەزاری.
هەر کەسێک جگەرە بکێشێ، بە دەست و پەنجە دەیگرێت و بە لێو دەیکێشێ، جگەرە دەکێشێ، مەبەست لە لوولەی زۆپای دارە، کە دووکەڵی ئاگردانەکەی پێدادەڕواتە سەرەوە، لەبەر ئەوەی زۆر گەرم دەبێت، کەس ناتوانێت بەدەست بیگرێت. وەڵام (لولەی زۆپای دار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل36

کاتی تۆمارکردن: 18-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 864**
**جوانوە قوڵەی بێ هەوسار بەدوای کەوتن سەد هەزار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221214215518451016

جوانوە قوڵەی بێ هەوسار
بەدوای کەوتن سەد هەزار
مەبەستی مەتەڵەکە دەرزی دروومانی دەستییە، (جوانوو: بێچووی ئەسپ و ماین. قوڵ: کوورت و بچووک. هەوسار: بە گوریسی ملی ئەسپ دەوترێ بۆ جڵەوگیرکردنی بەکاردێ. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) جوانوە قوڵەی بێ هەوسار، مەبەست لە دەرزی دروومانی دەستییە کە کوورت و بچووکە و بەجوانوو چووێنراوە، بەدوای کەوتن سەد هەزار، مەبەست لە تەقەڵی دروومانە کە بەهۆی دەرزییەوە دروستدەبێت. وەڵام (دەرزی دروومان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل22

کاتی تۆمارکردن: 14-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 865**
**جووتێ گام هەیە دنیا دەکێڵێ تەپەیەکی چکۆلە هەیە نایکێڵێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221214215921451020
جووتێ گام هەیە دنیا دەکێڵێ
تەپەیەکی چکۆلە هەیە نایکێڵێ
مەبەست لە دوو چاوی مرۆڤە، (تەپە: گردۆلکە یان بەرزایی) جووتێ گام هەیە دنیا دەکێڵێ: مەبەست لە دوو چاوی مرۆڤە کە هەموو شتێکی دنیان پێدەبینێ، تەپەیەکی چکۆلە هەیە نایکێڵێ، مەبەست لە لووتی مرۆڤە کە تەنیا شتە چاو ناتوانێت ببینێ. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل21
کاتی تۆمارکردن: 14-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 866**
**جووتێ هەنار بەسەر یەک دارە لێیان خواردووە هەزار هەزارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927081424523562

جووتێ هەنار بەسەر یەک دارە
لێیان خواردووە هەزار هەزارە
مەبەستی مەتەڵەکە مەمکی دایکە، جووتێ هەنار بەسەر یەک دارە، واتە: دوو مەمکی دایک لە خرپیدا بە دوو هەناری یەک پەلی دار چوونێنراوە، لێیان خواردووە هەزار هەزارە، واتە: کۆی مرۆڤایەتی بە منداڵی هەریەکێکیان لە شیری مەمکی دایکیان خواردووە، وەڵام (مەمکی دایک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل51

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 867**
**جۆخینیان لە پشت بانێ خەرمانی کایەکەی باشترە لە دانێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221214220850451021](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221214220850451021)

جۆخینیان لە پشت بانێ
خەرمانی کایەکەی باشترە لە دانێ
مەبەست لە پەمووە، (جۆخین: بەو جێگەیە دەوترێ کە خەرمانی تێدا کۆدەکریتەوە بۆ گێرە) جۆخینیان لە پشت بانێ، مەبەست لەو جێگەیەیە کە پەمووی تێدا رووێنراوە، (خەرمان: بە دانەوێڵەی گێرەکراو دەوترێ کە پووش و پەڵاشی لێجیاکرابێتەوە) خەرمانی کایەکەی باشترە لە دانێ، واتە: پەموو بە کا و ناوکەکەی بە دان چووێنراوە، پەموو لە دانەکەی باشتر و بەقیمەتترە. وەڵام (پەموو، لۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل22

کاتی تۆمارکردن: 14-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 868**
**جە دەسی پیر و کۆرە ملوڕارە قەرانیێ و زۆرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015084308526271

جە دەسی پیر و کۆرە
ملوڕارە قەرانیێ و زۆرە
وەڵام (عەسا). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل35

کاتی تۆمارکردن: 15-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 869**
**جەنازە کەفتندەر دەشت هاموون بێسەروپا بێگۆشت و بێخوون**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915222305520813

جەنازە کەفتندەر دەشت هاموون
بێسەروپا بێگۆشت و بێخوون
جەنازە: تەرمی مرۆڤ. کەفتندەر: کەوتوو. هاموون: دەشت. مەبەست لە باگردێنە، (باگردێن ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بانگێران بەکاردێت) باگردێن لەسەربانداا دادەنرێت، تەنیا لە وەرزی بارانبارینداا بەکاردێت، مەتەڵەکە مەبەستی لەوەیە کە باگردێن وەک تەرمێکی بێگیان و بێخوێن وایە کە لە دەشتێکدا کەوتبێت. وەڵام (باگردێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل6

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 870**

**جەواڵ نییە و ئاردی لەناوە لە قورە و پەڕۆیان تێناوە لە ژوورێیە و قیت ڕاوەستاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126222940447954

جەواڵ نییە و ئاردی لەناوە
لە قورە و پەڕۆیان تێناوە
لە ژوورێیە و قیت ڕاوەستاوە
مەبەستی مەتەڵەکە کەندووە، (کەندوو: ئەمبارێکە بە قوڕ لە سووچێکی ژووردا درووستدەکرێ، بۆ ئەوەی ئارد یان دانەوێڵەی تێکرێ) جەواڵ: تێر لە موو درووستدەکرێ و دانەوێڵەی تێدەکرێ (فەرهەنگی خاڵ) جەواڵ نییە و ئاردی لەناو، مەبەست لە کەنووی ئاردە، لە قورە و پەڕۆیان تێناوە، واتە: کەنوو لە قوڕ درووستدەکرێ و لە بەری خوارەوەی کونێکی تێدایە، بۆ ئەوەی ئارد یان دانەوێڵەی لێوەبێتەدەر، لەکاتی ناپێویستدا بە پەڕۆیەک دەگیرێ. هەروەها لەناو ژووردا بەپێوە دادەنرێ. وەڵام (کەندوی ئارد) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل22

کاتی تۆمارکردن: 26-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 871**
**چ شتێکی عەجایبم دیت لەو دەشتە ڕەوان چوارە بە لەش پێنجە بە قاچ هەشتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127195419448134

چ شتێکی عەجایبم دیت لەو دەشتە
ڕەوان چوارە بە لەش پێنجە بە قاچ هەشتە
شتێکی عەجایبم دیت لەو دەشتە، مەبەست لە دارەباز یان دارەمەیتە کە مردووی پێدەبرێ بۆ گۆڕستان، ڕەوان چوارە، واتە بە چوار کەس هەڵدەگیرێ، بە لەش پێنجە، واتە: کەسی مردوو لەگەڵ ئەو چوار کەسەی هەڵیدەگرن، دەبنە پێنج کەس، بە قاچ هەشتە، واتە: چوار کەسەکە هەشت قاچیان هەیە. وەڵام (دارەبازە). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل23
کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 872**

**چ شتەک هەیە لە دەشتێ سی و سێ کندرِی لە پشتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127195631448135

چ شتەک هەیە لە دەشتێ
سی و سێ کندرِی لە پشتێ
کندرِ: پەتێکی درێژە بۆ بەستن بەکاردێت (فەرهەنگی شێخانی) چ شتەک هەیە لە دەشتێ، مەبەست لە کوورتانە، (کوورتان: لە پەرۆ و پووش درووستدەکرێ و لەسەر پشتی وڵاخی باربەر دادەنرێ، بۆ ئەوەی بار لەسەر پشتی باربکرێ) سی و سێ کندرِی لە پشتێ: مەبەست لە کوورتانە کە بە بەن دووراوە. وەڵام (کوورتان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل24

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 873**
**چ گیانلەبەرێک ئارەق ناکاتەوە**

20230921221123522315=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چ گیانلەبەرێک ئارەق ناکاتەوە.
ئارەق: مەبەست لە دڵۆپە ئاوە ڕوونەیە کە لە ئەنجامی پلەی گەرمی زۆر، لە پێستەوە دێتەدەر و بە جەستەدا دێتەخوار، چ گیانلەبەرێک ئارەق ناکاتەوە، مەبەست لە ئاژەڵی سەگە، (سەگ مێژوویەکی زۆر درێژە کورد ناسیویەتی و بۆ پاسەوانی ڕایگرتووە) ، سرووشتی جەستەی وایە کە ئارەق ناکاتەوە. وەڵام (سەگ) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل30

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 874**
**چادر چەرمی دوو هۆچە نەدەردیری نەباجە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011102604525511

چادر چەرمی دوو هۆچە
نەدەردیری نەباجە
چادر: دەوار یان ڕەشماڵ. هۆچ: بابۆڵە یان تیکەی پێخۆری تێوەپێچراو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، چادر، مەبەست لە توێکڵی هێلکەیە کە بە چادر چووێنراوە، چونکە دەوری زەردێنە و سپێنەی داوە، چەرمی دوو هۆچە، مەبەست لە زەردێنە و سپێنەیە کە وەک تیکەیەک دەخورێت. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 91

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 875**

**چار برایە، جا دیارە، یەکی گەرمە، یەکیساردە، یەکی بارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905210749432227

چار برایە، جا دیارە، یەکی گەرمە، یەکی ساردە، یەکی بارە.
چار: تایبەتە بە بەشە شێوەزاری سۆران، واتە: ژمارە چوار، چار برا: واتە چوار وەرزەی ساڵ (زستان، بەهار، هاوین و پایز) یەکی گەرمە، مەبەست لە وەرزی هاوینە، یەکی ساردە مەبەست لە وەرزی زستانە، یەکی بارە مەبەستی لە وەرزی پایزە. وەڵام (چوار وەرزی ساڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل119

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 876**

**چارپەل دەڕوا لە ڕێیە قالبی دڕک و زێیە چاوی دەرێی ترێیە**

20230117202300458934=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چارپەل دەڕوا لە ڕێیە
قالبی دڕک و زێیە
چاوی دەرێی ترێیە
مەبەست لە ژیشکە، (ژیشک: گیانەوەرێکی کێویی گۆشتخۆرە، لە کوێستانی وڵاتی کوردەواردا دەژیی) چارپەل دەڕوا لە ڕێیە، (چار: چوار) واتە: ژیشک بە چوارپەل بەڕێگەدا دەڕوات، قالبی دڕک و زێیە، (قالب: جەستە یان لەش، زێ: دڕکەزی) واتە: بەشی دەرەوەی جەستەی ژیشک هەموو دڕکە، بۆ خۆپاراستن بەکاری دێنێت، لەمەتەڵەکەدا بە دڕکەزی چووێنراوە، چاوی دەرێی ترێ یە، وەسفی چاوی ژیشکە کە بە ترێ بەراوردکراوە.
وەڵام: (ژیشک) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل218.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 877**
**چارۆکەکم هەیە گۆشەپۆشان، پڕە لە بزنی بەلەپۆشان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905213836432235

چارۆکەکم هەیە گۆشەپۆشان
پڕە لە بزنی بەلەپۆشان
چارۆکە: پەڕۆیەکی چوارگۆشەیە، ژنانی کورد دەیکەنە کۆڵیان (فەرهەنگی خاڵ) پۆشان: پۆشین، لەبەکردن، چارۆکەکم هەیە گۆشەپۆشان مەبەست لە ئاسمانە کە بە چارۆکە چووێنراوە، (بەلەپۆش: ناوی جۆرێک ڕەنگی بزنی کوردییە کە مووەکەی ڕەشی گوێی سپییە) پڕە لە بزنی پەلەپۆشان، مەبەست لە ئەستێرەکانی ئاسمانە. وەڵام (ئەسمان و ئەستێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل120

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 878**

**چارۆکەی شینی چوار گۆشە، پڕە لە کاریلەی دەپۆشە**

20220731105038425699=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چارۆکەی شینی چوار گۆشە، پڕە لە کاریلەی دەپۆشە
چارۆکەی شینی چوار گۆشە: مەبەستی لە ئاسمانە کەڕەنگی شینە، کاریلە: مەبەست لە ئەستێرەکانە، پۆشە واتە: بزنە پۆشە، کە ڕەنگی ڕەشی سادەیە و نوقتە نوقتەی سپی تیایە، مەبەست لە ئاسمان و ئەستێرەکانە لە شەودا. وەڵام ئاسمان و ئەستێرە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 879**
**چارۆکەیەکی شینم هەیە پڕی خورمایە سبەی کە هەستام دەنکی نەمایە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127195148448133
چارۆکەیەکی شینم هەیە، پڕی خورمایە
سبەی کە هەستام دەنکی نەمایە
مەبەستی مەتەڵەکە ئاسمان و ئەستێرەکانە، (چارۆکە: قوماشێکی چوارگۆشەیە ژنان دەیکەنە کۆڵیان فەرهەنگی خاڵ)
چارۆکەیەکی شینم هەیە، مەبەست لە ئاسمانە کە ڕەنگی شینە، پڕی خورمایە، مەبەست لە ئەستێرەکانی ئاسمانە، سبەی کە هەستام دەنکی نەمایە، واتە: کە ڕۆژ دەبێتەوە ئەستێرە بە ئاسمانەوە نامێنێ. وەڵام (ئاسمان و ئەستێرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل22
کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 880**
**چاری تایە خانوی تیایە شارێکە نە لە هەولێرە نە لە بەغدایە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127191737448115
چاری تایە
خانوی تیایە
شارێکە نە لە هەولێرە نە لە بەغدایە
چار: مەبەست لە ژمارە چوارە، تا: تای تەرازوو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) چاری تایە، مەبەست لە شارەدێی چوارتایە، (چوارتا: شارەدێیەکە سەربە شاری سلێمانی) خانووی تیایە، شارەدێی چوارتا خاوەنی سەدان خانوو، شارێکە نە لە هەولێرە نە لە بەغدایە، واتە: شارەدێی چوارتا لە هەولێر و بەغدا نییە، بەڵکوو لە سلێمانییە. وەڵام (چوارتا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل23
کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 881**
**چاری گوێیە هەشتی پێیە ناوەندی دارە کلکی خوارە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107210006443993](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107210006443993)

چاری گوێیە، هەشتی پێیە
ناوەندی دارە کلکی خوارە
چار: چوار، چاری گوێیە، واتە ئەو دوو وڵاخەی کاری جووتکردنی پێئەنجامەدرێ، بەهەردووکیان چوار گوێیان هەیە، هەشتی پێیە، واتە: بە دوو وڵاخ هەشت پێیان هەیە، ناوەندی دارە، مەبەست لە نیرەئاموورە، (نیرەئاموور: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کێڵانی زەوی بەکاردێت) کلکی خوارە، مەبەست لەو گاسنەیە کە زەوی پێدەکێڵرێ، دەمی گاسنەکەی خوارە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی زەوی بکێڵێ. وەڵام (جووتکردن بە جوو تەگا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل72

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 882**
**چاری گۆیە هەشت شەقاوە دار لە ناوە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127192010448117](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127192010448117)

چاری گۆیە
هەشت شەقاوە
دار لە ناوە
چار: مەبەست لە ژمارە چوارە، گۆ: مەبەست لە گوێچکەیە، مەبەستی مەتەڵەکە جووتکردنە بە جووتە گا، چاری گۆیە، مەبەست لە چوار گوێچکەی دووگایە، هەشت شەقاوە، (شقاو: هەنگاو) مەبەست لە هەشت قاچی دووگایە کە هەنگاوی پێدەنێن، دار لە ناوە، مەبەست لە نیروئامووره کە لە گا دەبەسترێ بۆ جووت. وەڵام (چووتکردن بە چووتە گا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا ل23](#)

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 883**
**چاری لە عەردییە دووانی لە قەدییە کونەکی لەسەر پشتییە کونەکی لەبن کلکییە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108204502444316](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108204502444316)

چاری لە عەردییە، دووانی لە قەدییە
کونەکی لەسەر پشتییە، کونەکی لەبن کلکییە
چار: ژمارە چوار. عەرد: زەوی. چاری لە عەردییە، مەبەست لە وڵاخە لە چوار پێی لەسەر زەوییە، دووانی لە قەدییە، واتە: سوارێک لەسەر پشتی وڵاخەکەیە، هەردوو قاچی بەناوقەدی ئەسپەکەدا شۆڕبووەتەوە. کونێ لەسەر پشتییە، مەبەست لە قونی سوارەکەی سەر پشتی وڵاخەکەیە، کونێ لەبن کلکییە، مەبەست لە قونی وڵاخەکەیە. وەڵام (وڵاخ و سوار). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل76
کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 884**

**چاندم نۆک شینبوو بێ پەلک پانی بە هەرمێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107202341443966

چاندم نۆک
شینبوو بێ
پەلک پانی بە هەرمێ

مەبەست لە ڕواندنی پەمووە (پەموو: گیایەکە دەچێنرێت، لە وەرزی پاییزدا کەلوویەک دەردەکات، ناوەکەی پڕە لە لۆکە فەرهەنگی خاڵ) چاندم نۆک، مەبەست لە تۆوی پەمووە، دەنکێکی خڕی هەیە بە نۆک بەراوردکراوە، شینبوو بێ، (شینبوون واتە ڕووان) واتە: ڕووەکی پەموو دەڕووێ و بەرز دەبێتەوە، بە داری بێ بەراوردکراوە، پەلک پانی بە هەرمێ، واتە: کەلوویەک دەردەکات وەک هەرمێ، پڕ دەبێت لە لۆکە. وەڵام (پەموو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل72

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 885**

**چاندم ڕشک شینبوو گوێ مشک بووە بەڕەشک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111204231457945

چاندم ڕشک
شینبوو گوێ مشک
بووە بەڕەشک
مەبەست لە تۆوی ڕووەکی تووتنە، چاندم ڕشک، (ڕشک: گەرای ئەسپێ. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە تۆوی تووتنە کە لە وردییدا بە ڕشک چووێنراوە، شینبوو گوێ مشک، مەبەست لە ڕووەکی تووتنە کە سەرەتا گەڵانی بچووکن و بە گوێی مشک بەراوردکراوە، بووە بەڕەشک، (بەڕەشک: جۆرێک گیایە. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: تۆو دوای ڕوان دەبێت بە ڕووەک. وەڵام (تۆو و ڕووەکی تووتن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل192.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 886**
**چاو ئاسکی دەنگ دلێر فیل گەردنی جێگە شێر**

20221107205719443992=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چاو ئاسکی دەنگ دلێر
فیل گەردنی جێگە شێر
چاو ئاسک، بە چاوێکی گەشی جوان دەوترێ، مەبەست لە چاوی بۆقە، دەنگ دلێر، مەبەست لە قیڕەی دەنگی بۆقە کە دەنگێکی بەرزی دلێری هەیە، فیل گەرنی جێگە شێر، واتە: گەردنی بۆق بەرزە و بە گەردنی فیل بەراوردکراوە، هەروەها لە جێگەی ئاودار و سەوزاییدا دەژی کە جێگەیەکی خۆشە و وەک جێگەی شێر وایە. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل72

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 887**

**چاو شینی چاو کاڵانی، بە هەموو ماڵان دەزانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731100209425679

چاو شینی چاو کاڵانی، بە هەموو ماڵان دەزانی
چاو شینی چاو کاڵانی واتە: پارە، ڕەنگی شین مەبەست لە ڕەنگی پارەیە، (ڕەنگی پارە مەبەستی دیناری شینی ئێراقییە) بە هەموو ماڵان دەزانی واتە: هەر دەمەی لای کەسێکە و لە ماڵێکە، بەردەوام دەستاودەست دەکات، لای کەس نامێنیتەوە. وەڵام پارە.
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-31

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 888**
**چاو لێی تێرنابێت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119132153459286

چاو لێی تێرنابێت.
مەبەست لە ماڵی دنیایە، لەوکاتەوەی دنیای چینایەتی درووستبووە، مرۆڤەکان بەپێی ئەو ملک و داراییەی هەیانبووە پێگەی کۆمەڵایەتیان دیاریکراوە، بۆیە هەندێک لە مرۆڤەکان بەشێوەی نادرووست ملک و ماڵیان کۆکردووەتەوە و بەردەوامیش هەوڵیان بۆ داوە، بەو کەسانە دەوترێ چاویان تێرنابێ. [1]
وەڵام: (ماڵی دنیا)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل35
کاتی تۆمارکردن: 19-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 889**

**چاو مۆنی کلک بۆرە فێڵبازی مریشکخۆرە نرخی پێستەکەی زۆرە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107202903443968](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107202903443968)

چاو مۆنی کلک بۆرە
فێڵبازی مریشکخۆرە
نرخی پێستەکەی زۆرە

مۆن: مرومۆچ و رووگرژ (فەرهەنگی کانی) چاو مۆنی کلک بۆرە، مەبەست لە ئاژەڵی ڕێوییە، فێڵبازی مریشکخۆرە، واتە: ڕێوی گیاندارێکی کێوی تەڵەکەبازە، بەهۆی فرتوفێڵەوە مریشک و پەلەوەر ڕاودەکات و دەیانخوات، نرخی پێستەکەی زۆرە، واتە: دوای ئەوەی ڕێوی دەگیرێت و دەکوژرێ، کەوڵدەکرێ و پێستەکەی بەنرخ و بەهادارە. وەڵام (ڕێوی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل72


کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 890**

## چاوی زەرد لە چاوی سپی دەترسێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108210335444320

چاوی زەرد لە چاوی سپی دەترسێ.
چاوی زەرد مەبەست لە ڕەنگی ئاگرە، چاوی سپی، مەبەست لە دووکەڵی ئاگرە کە ڕەنگی سپییە، واتە: کاتێک ئاگر دەکرێتەوە، دووکەڵەکەی بۆ سەرەوە دەڕوات، مەتەڵەکە مەبەستی لەوەیە کە ئاگر لە دووکەڵ دەترسێ بۆیە لێکجیادەبنەوە. وەڵام (ئاگر و دووکەڵ) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل76

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 891**

**چاوی نییە گوێی بچووکە باڵندەیە چەرموو تووکە دەزێ منداڵی شیردەدا هەر خۆی لە بنمیچ گیردەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216125740452201

چاوی نییە گوێی بچووکە، باڵندەیە چەرموو تووکە
دەزێ منداڵی شیردەدا، هەر خۆی لە بنمیچ گیردەکات
مەبەست لە باڵندەی شەمشەمەکوێرەیە، چاوی نییە گوێی بچووکە، واتە: شەمشەمەکوێرە شەوگەڕە و بەڕۆژ چاوی نابینێ، باڵندەیە چەرم و تووکە، واتە: جەستەی شەمشەمەکوێرە پەڕی نییە، تەنیا چەرمە، هەروەها توانای زایین و شیردانی هەیە، لەکاتی پشوودا خۆی بەشوێنی بەرزەوە هەڵدەواسێ. وەڵام (شەمشەمەکوێرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل39

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 892**

**چاوی نییە گوێی بچووکە باڵندەیەکی بێ تووکە خۆی هەڵواسی لە سووچە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127192247448119

چاوی نییە گوێی بچووکە
باڵندەیەکی بێ تووکە
خۆی هەڵواسی لە سووچە
مەبەست لە باڵندەی شەمشەمەکوێرەیە، چاوی نییە گوێی بچووکە، وەسفی ڕووخساری شەمشەمەکوێرە دەکات کە چاوەکانی بەڕۆژ نابینن و گوێچکەکانیشی بچووکن، باڵندەیەکی بێ تووکە، واتە: هیچ تووکێ بە جەستەیەوە نییە، خۆی هەڵدەواسێ لە سووچە، واتە: بەسرووشت بۆ پشوودان خۆی هەڵدەواسێ. وەڵام (شەمشەمەکوێرە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل23

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 893**
**چاوی نییە, هەمووکەس دەبینێ**

[20220808123857427235=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20220808123857427235=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

چاوی نییە، هەمووکەس دەبینێ.
چاو ئەو ئەندامەی جەستەی مرۆڤە کە شتی پێدەبینێت، چاوی نییە: مەبەست لە ئاوێنەیە کە چاوی نییە بۆ شت بینین، هەمووکەس دەبینێ واتە: هەرکەسێک بچێتە بەر ئاوێنە و خۆی پیشانبدات، وێنەی خۆی لە ئاوێنەکەدا دەبینێ، ئاوێنە تەنیا پیشاندەی وێنەی شتە کە چووێنراوە بە چاوی مرۆڤ. وەڵام (ئاوێنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 894**
**چاوی هەیە و نابینێ لە زەوی خاک دەردێنێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927075219523555
چاوی هەیە و نابینێ
لە زەوی خاک دەردێنێ
مەبەست لە مشکەکوێرەیە، (مەشکەکوێرە: ئاژەڵێکی بچووکی دەشتەکییە، لەناو گڵ و خۆڵدا دەژیی، زەوی دەکۆڵێت) ، چاوی هەیە و نابینێ، مەبەست لە مشکەکوێرەیە کە ڕۆژکوێرە و تەنیا لە تاریکیدا دەبینێت، لە زەوی خاک دەردێنی، واتە: زەوی دەکۆڵێت. وەڵام (مشکەکوێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل53
کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 895**
**چاڵوچۆڵی بێمحتەوا وەڵێ کاری ڕادار ئەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927074923523554

چاڵوچۆڵی بێمحتەوا
وەڵێ کاری ڕادار ئەکا
بێمحتەوا: بێئاست، مەبەست لە گوێچکەی مرۆڤە، چاڵوچۆڵی بێمحتەوا، مەبەست لە ڕووخساری دەرەوەی گوێچکەیە کە چاڵوچۆڵی و بەرزونزمی تێدایە کە بە ڕووخسار سەیری دەکەی هەست دەکەی ئاستێکی باشی نییە، وەڵێ کاری ڕادار ئەکا، واتە: لە ڕاستیدا بۆ بیستن نموونەی نییە. وەڵام (گوێچکەی مرۆڤ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل46

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 896**
**چاڵێکم هەڵکەنی چل گەزی فاتمەخانی تێربەزی سەری پڕە لە دەرزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108200758444303

چاڵێکم هەڵکەنی چل گەزی
فاتمەخانی تێربەزی
سەری پڕە لە دەرزی
تێربەز: گۆشتن یان قەڵەو (فەرهەنگی ڕێژگە) گەز: بڕێکی ئەندازەیی کوردییە، کاڵای پێدەپێورێ (فەرهەنگی خاڵ) مەبەستی مەتەڵەکە کنگرە، چاڵێکم هەڵکەنی چل گەزی، کنگر ڕەگی قووڵە، ئەو کەسەی دەری دێنێ، دەبێت چاڵێکی قووڵ بۆ هەڵکەنێ، لەمەتەڵەکەدا بە چاڵی چل گەز ناوی بردووە، فاتمەخانی تێربەزی، مەبەست لە کنگری باشی قەڵەو و ئەستوورە کە بە ژنی قەڵەو چووێنراوە، سەری پڕە لە دەرزی، واتە: بەشی سەرەوەی کنگر، چەندین دڕکی دەرزیلەیی پێوەیە کە بە دەرزی چووێنراوە. وەڵام (کنگر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل76

کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 897**

**چاڵێکی قووڵ پڕکردنی دارین دەوری قورین سەرومل ڕەنگین ڕەش و ناشرین بۆخۆی دەچێتەبانی دووکەڵی تێژئەدا لەنێوچەوانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118220404459157

چاڵێکی قووڵ پڕکردنی دارین، دەوری قورین سەرومل ڕەنگین
ڕەش و ناشرین بۆخۆی دەچێتەبانی دووکەڵی تێژئەدا لەنێوچەوانی
مەبەست لە تەنووری نانکردنە، (تەنوور: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە قوڕ درووستدەکرێ و ئاگری تیادەکرێتەوە و بۆ برژاندنی نان بەکاردێ) چاڵێکی قووڵ پڕکردنی دارین، مەبەست لە تەنوورە کە داری تێدەکرێ و گڕدەدرێ بۆ گەرمکردنی، بەهۆی ئاگری دارەوە دووکەڵ لێبەرزدەبێتەوە. وەڵام (تەنوور) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل16

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 898**

**چاڵە قوتەی چل گەزی خاتوونی تیا دابەزی سەری پڕە لە دەرزی بەرگی سپییە لە عەرزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216124851452196

چاڵە قوتەی چل گەزی، خاتوونی تیا دابەزی
سەری پڕە لە دەرزی، بەرگی سپییە لە عەرزی
مەبەست لە کنگرە، (گەز: یەکەیەکی پێوەنەییە کوتاڵی پێدەپێوریێ. قوت: قیت و قنج. فەرهەنگی کانی) چاڵە قوتەی چل گەزی، مەبەست لە چاڵی کنگرە، لەبەر ئەوەی ڕەگی کنگر قوڵ دەڕوات، چاڵەکەی بە چل گەز چووێنراوە، خاتوون تیا دابەزی، مەبەست لە کنگرە، سەری پڕە لە دەرزی، بەشی سەرەوەی کنگر هەموو دڕکی وردە وەکوو دەرزی، بەرگی سپی لە عەرزی، مەبەست لە قەدی کنگرە کە سپییە و لەناو زەویدایە. وەڵام (کنگر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل41

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 899**
**چاڵە قووڵە دەوری تووڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231204152523533906

چاڵە قووڵە
دەوری تووڵە
مەبەستی مەتەڵەکە چاوە. قووڵ: مەبەست لە شتێکی کوورتە و بچووکە، تووڵ: بە شتێک دەوترێت کە ڕێک و باریک بێت، چاڵە قووڵە، مەبەست لە چاڵی چاوی مرۆڤە کە کەمێک قووڵە، دەوری تووڵە، مەبەست لە برژانگی مرۆڤە وەک تووڵ باریک و درێژە. وەڵام (چاو و برژانگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل184

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 900**
**چتێکم دی لەو دەشتە چوار پێنج بەدەن بە پێ هەشتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226084755454144

چتێکم دی لەو دەشتە
چوار پێنج بەدەن، بە پێ هەشتە
مەبەست لە بردنی مردوو بۆ گۆڕستان، شتێکم دی لەو دەشتە، مەبەست لە تابووتە کە مردووی تێدایە، چوار پێنج بەدەن، (بەدەن: لەش، جەستە) مەبەست لە مردوویەکی ناو تابووت و چوار کەسە کە هەڵیانگرتووە، بە پێ هەشتە، مەبەست لەو چوار کەسەیە کە مردووەکە هەڵدەگرن، بە هەر چواریان هەشت قاچیان هەیە. وەڵام (مردوو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل10

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 901**
**چتێکم هەس چتانی، ها لە بوخچەی سوڵتانی ئەمساڵ هەتا ئەوساڵی، هیچ کەسێ نەیزانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927160304523610

چتێکم هەس چتانی، ها لە بوخچەی سوڵتانی
ئەمساڵ هەتا ئەوساڵی، هیچ کەسێ نەیزانی
مەبەست لە منداڵی ناو سکی دایکە، باخچەی سوڵتان، مەبەست لە ڕەحمی دایکە کە سەرچاوەی درووستبوونی منداڵە، ئەمساڵ هەتا ئەوساڵی، مەبەست لە نۆ مانگە کە منداڵ لە سکی دایکیایەتی، هیچ کەسێ نەیزانی، واتە: کەس نەیزانی کوڕە یان کچ. وەڵام (منداڵی سکی دایک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل53


کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 902**

## چتێکم هەیە شت چاوی بەرەوپشت کەری مەلا کوشت

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927075457523556

چتێکم هەیە شت
چاوی بەرەوپشت
کەری مەلا کوشت

چت: شت. مەووز: مێش (فەرهەنگی شێخانی) ، لە کوردەواردا پێشی دەوترێت: مێشەکەرانە، چتێکم هەیە شت، مەبەست لە مێشەکەرانەیە، چاوی بەرەوپشت، واتە: بە سرووشت چاو بەرەوپشت هەڵگەڕاوەتەوە، کەری مەلای کوشت، واتە: ئەو جۆرە مێشە دەئاڵێتە جەستە وڵاخ و بێزاری دەکات. وەڵام (مەووز) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل51

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-27
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 903**
**چرمییە چیو شیر سفتە چیو پەنیر سەوزە چیو گیا**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013104754525946

چرمییە چیو شیر
سفتە چیو پەنیر
سەوزە چیو گیا
وەڵام (پیشۆک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خوارووی: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل14

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 904**

**چریچییە و مریچییە کەس نازانێت چییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927205108523675](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927205108523675)

چریچییە و مریچییە
کەس نازانێت چییە
مەبەست لە منداڵی ناو سکی دایکە، چریچییە و مریچییە، دەستەواژەیەکی بێواتایە، مەتەڵساز بۆ ڕێکخستنی سەروا و ئاوازی موزیکیی مەتەڵەکە هێناویەتی، کەس نازانێت چییە، واتە: کەس نەیزانی کوڕە یان کچ، هەتاکوو ئەو کاتەی لەدایکدەبێت.
وەڵام (منداڵی سکی دایک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل53


کاتی تۆمارکردن: 2023-09-27
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 905**

## چل بیجێ چل نیم بیجێ چل غوڵام، چل خەجیجێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002221643524501

چل بیجێ چل نیم بیجێ
چل غوڵام، چل خەجیجێ
غوڵام: کارەکەر (فەرهەنگی وشەنامە) ، مەبەست لە هەنارە، چل بیجێ چل نیم بیجێ، مەبەست لەوەیە کە یەک هەنار چل دەنک یان زیاتری تێدایە، چل غوڵام چل خەجیجێ، واتە: دەنکی هەنار وەک غوڵام و خزمەتچی لەناو یەک هەناردا کۆبوونەتەوە. وەڵام (هەنار) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 906**
**چل تاق چل نیو تاق**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927144024436335

چل تاق چل نیو تاق
تێیدایە چل چاوی چاو زەق
کاتێک هەنار لەت دەکرێت، شوێنی دەنگی هەنارەکان چاڵ چاڵە، وەکوو تاق وایە کە شتی تێدا دادەنرێت، لە مەتەڵەکەدا بە تاق یان نیو تاق ئاماژەی پێکراوە، تێیدایە چل چاوی چاو زەق، مەبەستی لە دەنکی هەنارە کە گەش و جوانن، بە چاوی زەق چووێنراوە. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل51

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 907**
## چل تاق چل نیو تاق پریەتی لە برنجی پاک

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107210713443996

چل تاق چل نیو تاق
پریەتی لە برنجی پاک
چل تاق چل نیو تاق، مەبەست لە کەلووی کونجییە (کونجی وەک بەرهەمێکی دانەوێڵە بەهادارە) دەنگی کونجی لەناو کەلوویەکدایە، خانە خانەی کەلووەکە کە کونجی تێدایە بە تاق بەراوردکراوە، پریەتی لە برنجی پاک، مەبەست لە دەنگی کونجییە کە بە برنجی بەراوردکردووە. وەڵام (کونجی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل73

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 908**

**چل تاق چل نیو تاق چل خانم لە یەک وتاق**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002222445524502

چل تاق چل نیو تاق
چل خانم لە یەک وتاق
چل تاق چل نیو تاو
چل حۆری پاژنە پاک
چل تاق چل نیو تاق
چل ئاڵتوونی پاژنە پاک
چل تاق چل نیو تاق
چل حوجرە و چل بەیاخ

تاق: مەبەست لەو کەلێنەیە کە لەناو دیواری خانوودا جێدەهێڵدرێت، بۆ ئەوەی پێویستی بەردەستی تێدا دابنرێت، وتاق یان وتاخ: ژووری دانیشتن (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، چل تاق چل نیو تاق، مەبەستی شوێنی دەنکی هەنارە کە بەتاقی ژوور بەراوردکراوە، چل خانم لەیەک وتاق، واتە: هەموو دەنکی هەنارەکان لە یەک هەناردا بە یەکەوەن کە بە ژوور چووێنراوە.
وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 909**

**چل تاق، چل نیم تاق، چل حوجرەی چل چراخ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012215112525910

چل تاق، چل نیم تاق، چل حوجرەی چل چراخ.
وەڵام (هەنار یان ئەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل5

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 910**

**چل تاق، چل نیم تاق، چل دەروازە دەروەتاق**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231014220952526254

چل تاق، چل نیم تاق، چل دەروازە دەروەتاق.
وەڵام (شاوواک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: لوڕی ڕەسەن
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل33

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 911**
**چل تاقێ چل نیم تاقێ چل و یەک خانوێ دامنە پاکێ**

2023101223032O525923=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چل تاقێ چل نیم تاقێ
چل و یەک خانوێ دامنە پاکێ
وەڵام (تەزبیح) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل9

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 912**

**چل دەرگایە چل دەریچە چل غوڵام و چل خەجیجە**

20221107213810443997=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چل دەرگایە چل دەریچە
چل غوڵام و چل خەجیجە
دەریچە: ناوی بچووککراوەی دەرچەیە، واتە: ڕێگەی ڕزگاربوون یان دەربازبوون، چل دەرگا چل دەریچە، مەبەست لەو چاڵانەیە کە لەناو هەناردا هەیە و دەنکی هەناری تێدا جێگیرە، چل غوڵام، مەبەست لە دەنکی هەنارە کە لەناو هەناردایە.
وەڵام (هەنا و دەنکە هەنار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل73

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 913**
**چل ناڵ چل بزمار پێچ پێچۆکەی سەد هەزار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107210345443995

چل ناڵ چل بزمار
پێچ پێچۆکەی سەد هەزار
مەبەست لە لاگیرەیە، (لاگیرە: خشلێکی ژنانەیە، بۆ جوانکاری ئافرەت لەسەر سەروبەست قایمی دەکات. فەرهەنگی شێخانی) چل ناڵ چل بزمار، مەبەست لە لاگیرەیە، پێچ پێچۆکەی چل هەزار، مەبەست لەو زنجیر و نقێم و ئەڵقانەیە کە پێوەیەتی. وەڵام (لاگیرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل73

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 914**
**چل ناڵ، چل بزمار، چل چلۆکەی چل هەزار**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821093833429407



چل ناڵ، چل بزمار
چل چلۆکەی چل هەزار
مەبەستی مەتەڵەکە (کرمەک) ە (کرمەک: خشڵێکی دەنک دەنکی درێژکۆڵەو گرێدارە، لە زێڕ سازدەکرێ، کاتێک بەقەیتانی ئاوریشمەوە دەکرێت و دەنکۆڵەکانی بەڕیز شێوەی کرم دەنوێنێ، لە هەردوو جەمسەرەوە قولاپی هەیە، لەژێر چەنەوە دەلکێ بە تاسکڵاوی کوردییەوە، فەرهەنگی وشەنامە) چل ناڵ، چل بزمار واتە: دەنکۆڵەکانی کرمەک کە بەدوای یەکدا ڕیزبوون، چل چلۆکەی چل هەزار واتە: وەکوو کرمی هەزارپێ وایە. وەڵام (کرمەک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 915**

**چل کەنوو لە سەر کەنوو، هەر کەنوو دەریام هەنوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731095155425673

چل کەنوو لەسەر کەنوو، هەر کەنوو دەریام هەنوو
داری قامیش گرێ گرێ و لە زەوییەوە ڕێک بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، لە مەتەڵەکەدا بەیەنی گرێیەک بۆ گرێیەک بە کەنووی ناوبردووە، مرۆڤ هەر کەنویەکی گەنم هەبووبێ ، وایزانیوە دنیای هەیە چونکە جاران کەنووگەنمی تێدا ئەمبار کراوە. وەڵام قامیش. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-31

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 916**
**چنار قوت و گامێش بەسەرەوەیە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226090122454150](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226090122454150)

چنار قوت و گامێش بەسەرەوەیە.
مەبەستی مەتەڵەکە لە دوو شتی جیاواز لەیەکە، چنار قوت، (چنار جۆرێک داری ڕێکی باڵابەرزە، لە کوردستان دەڕوێ) مەبەست لە داری چنارە، گامێش بەسەرەوەیە، (گامێش: جۆرێک ئاژەڵی شیردەرە، لە کوردستان لە دەم چەم ڕووبارەکاندا دەژی) واتە: گامێش سەری هەیە. وەڵام (چنار باڵای بەرزە و گامێشیش سەری پێوەیە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل10

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 917**
**چناری بێ سایە**

20230917211805521146=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چناری بێ سایە.
سایە: سێبەر. لە کوردەواردا ئەو خێزان و باوکانەی کە کوڕیان نییە، یان تەنیا لە خێزانەکانیاندا کچیان هەیە، بە وەجاخکوێر دادەنرێن، چونکە لە نەریتی ئێستای ڕۆژهەڵاتییەکاندا پشت و سایە بۆ پیاو تەنیا کوڕە، چناری بێ سایە، مەبەست لە باوکێکە کە کوڕی نەبێت. وەڵام (باوکێک کە خاوەنی کوڕ نەبێت) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 18

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 918**

**چنارێکە بەرزە بەرداشێکی لەسەرە گۆچانێک لەسەر بەرداشەکە وەستاوە گۆچان بە ڕیشمە لووتی بەستراوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108170110457270

چنارێکە بەرزە بەرداشێکی لەسەرە
گۆچانێک لەسەر بەرداشەکە وەستاوە
گۆچان بە ڕیشمە لووتی بەستراوە

مەبەست لە تەشییە، (تەشی: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ یان مووی بزن بەکاردێت) چنارێکی بەرزە، مەبەست لە کلکە تەشییە کە بە دارچنار بەراوردکراوە، بەرداشێکی لەسەرە، (بەرداش: لە ئاشدا بۆ هاڕینی دانەوێلە بەکاردێ) مەبەست لە سەلکەتەشییە، گۆچانێک لەسەر بەرداشەکە وەستاوە، مەبەست لە قولاپی تەشییە، گۆچان بە ڕێشمە لووتی بەستراوە، (ڕێشمە: ئەو گوریسەیە کە دەکرێتە لغاوی وڵاخ بۆ جڵەوگیرکردنی بەکاردێت) مەبەست لە داوی ڕێسراوەکە بە قولاپی تەشییەوە دەکرێ. وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل171.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 919**
**چنارە بانە گۆچانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107220945444017

چنارە، بانە، گۆچانە.
مەبەست لە تەشییە، (تەشی: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ یان مووی بن بەکاردێت) چنارە، مەبەست لە کلکی تەشییە، بانە، مەبەست لە سەلکی تەشییە، دارێکی بازنەیی دوو دیو تەختە، گۆچانە، مەبەست لە قولاپی تەشییە کە هەڵوێزراوی پێوەگیردەکرێ. وەڵام (تەشی). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل73

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 920**
## چوار ئەنگوست و باسکێک

20230108171359457275=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چوار ئەنگوست و باسکێک.
مەبەست لە شەنە، (شەن: دارێکی چوارلکە خەرمانی پێبەبادەدرێ، کلکێکی درێژی داری هەیە، فەرهەنگی خاڵ) چوار ئەنگوست، (ئەنگوست: پەنجە) مەبەست لە لکەکانی شەنە کە بە چوار پەنجەی دەست چووێنراوە، باسک: قۆڵ، مەبەست لە کلکی شەنە کە بە قۆڵی مرۆڤ چووێنراوە. وەڵام (شەن، چوارلک) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل177.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 921**
**چوار باڵ و سەرێ دایم بە داوە چز و چەواشە مەکانی ئاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216130028452202

چوار باڵ و سەرێ دایم بە داوە
چز و چەواشە مەکانی ئاوە
مەبەست لە ماسییە، چوار باڵ و سەرێ، وەسفی جەستەی ماسی دەکات کە پێکهاتووە لە چوار باڵ کە بۆ مەلەکردن بەکاری دێنێت، هەروەها سەریشی هەیە، چز و چەواشە مەکانی ئاوە، (مەکان: شوێن) واتە: ماسی بەردەوام لە جووڵەدایە و شوێنی جێگیری نییە، بۆیە لە مەتەڵەکەدا بە چەواشە وەسفی دەکات. وەڵام (ماسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل41

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 922**

**چوار باڵ و سەریێ دایم بە دەوە جڕ و گەوهەری دایم بە ئاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127195850448136

چوار باڵ و سەریێ دایم بە دەوە
جڕ و گەوهەری دایم بە ئاوە
مەبەست لە وەسفی ڕووخساری ماسییە، چوار باڵ و سەریێ، مەبەست لە چوار پەڕەکەی جەستەی ماسییە، دایم بەدەوە، واتە: بەردەوام دەم دەکاتەوە و ئاو هەڵدەمژێ، جڕ: گیانەوەری بێخوێن (فەرهەنگی ڕێژگە) جڕ و گەوهەری دایم بە ئاوە، جەستەی بێخوێنی هەمیشە لە ئاودایە. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل25

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 923**
**چوار باڵ و سەریێ دایم بەدەوە، جرِ و جەواشێر مەکانی ئاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821213718429560

چوار باڵ و سەریێ دایم بەدەوە
جرِ و جەواشێر مەکانی ئاوە
زەردەی خۆرئاوا لێش بەئەنێشە
هێستریێ مزگێنی بزانێ چێشە
دەو: بە دەمێکی بەپەلە و بەدەستوبرد دەوتریێ (فەرهەنگی خاڵ) چوار باڵ و سەریێ دایم بەدەوە، مەبەست لە ماسییە کە چوار باڵ و دەمێکی هەیە، زۆر بەدەستوبردە و بەردەوام دەمی لە جووڵەدایە، جرِ: گیانەوەرێکی بێ خوێن (فەرهەنگی رێژگە) جرِ و جەواشێر مەکانی ئاوە، واتە: ماسی گیانەوەرێکی بێ خوێنە و لە ئاودا دەژیی، زەردەی خۆرئاوا لێش بەئەنێشە، ئەنێش: ئەندێشە، لێش: تەوژم و لێشاو (فەرهەنگی خاڵ) واتە: لە زەردەی خۆرئاوادا کە دنیا بەرەوتاریکی دەچیت هەست نە ئەندێشە و ناخۆشی دەکات، هێستریێ مزگێنی بزانێ چێشە، قسەکەر بە گوێگر دەڵێ: ئێستریێ خەڵاتت بێت گەر وەڵامی مەتەڵەکە بزانیت. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 924**
**چوار باڵی دوو چاو**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927144749436337](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927144749436337)

چوار باڵی دوو چاو
دوژمنی زەوی و هەتاو
مەبەست لە ماسییە کە چوار باڵ یان پەڕەکەی هەیە، بۆ مەلەکردن و ڕۆشتن لە ئاودا بەکاری دێنێت، دوژمنی زەوی و هەتاو، واتە: لەسەر زەوی دەمرێت، چونکە بێ ئاو ناژیی، هەروەها هەتاویش ڕاستەوخۆ لێی نادات، بۆیە بە دوژمنی وشکانی و هەتاو دانراوە. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل52

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 925**
**چوار برا شاوێرێ میزدەکەن**

20230927080700523561=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چوار برا شاوێرێ میزدەکەن.
شاوێر: بە گۆلاوی چکۆلە دەوترێت کە لە پەنایەکەوە بێت (فەرهەنگی رێژگە) ، چوار برا، مەبەست لە چوار گوانی مانگایە کە بە برا چووێنراون، شاوێرێ میزدەکەن: واتە گوانەکان کە دەدۆشرێن، بە کرداری میزکردن چووێنراوە کە گۆلاو درووست دەکات. وەڵام (گوانی مانگا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 926**
**چوار برا هەن لە چۆمی، تیران ئەهاونە گۆمی**

20220818095633428941=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



چوار برا هەن لە چۆمی
تیران ئەهاونە گۆمی
چۆم: لەبەشە شێوەزاری موکریاندا بەواتای چەم دێت، چوار برا هەن لە چۆمی مەبەستی لە مانگایە کە چوار گوانی هەیە، چۆن چەم ئاوی تێدایە، گوانی مانگاش شیری تێدایە، شیر و ئاو لە شلیدا چووێنراون بەیەک، تیران ئەهاونە گۆمی، لە کاتی دۆشیندا بێری سەتڵێک دەخاتە ژێر گوانەکان و دەسی بە دۆشین دەکات، سەتڵەکە بە گۆم چووینراوە، پڕۆسەر دۆشینەکەش کە شیر بە فیچقە دەرژێتە ناو سەتڵەکە، بە تیر هاویشتن چووێنراوە. وەڵام (گوانی مانگا لە کاتی خۆشیندا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 927**

**چوار برام دیوە ئەمن لە ماڵێک هەر چوار لە جێیەک هەمووی لەپاڵێک بۆ ئەملا و ئەولا ناچن ئەو چوارە میزیان وەک شەکر دەخورێ لەوخوارە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216130606452203](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216130606452203)

چوار برام دیوە ئەمن لە ماڵێک، هەر چوار لە جێیەک هەمووی لەپاڵێک
بۆ ئەملا و ئەولا ناچن ئەو چوارە، میزیان وەک شەکر دەخورێ لەوخوارە
مەبەست لە گوانی مانگایە لەکاتی دۆشیندا، چوار برام دیوە ئەمن لە ماڵێک، مەبەستی لە چوار گوانی مانگایە کە بە چوار برا وچوواندویەتی، هەموویان لەپاڵ یەکدان، بۆ ئەملا و ئەولا ناچن ئەو چوارە، واتە: هەمیشە پێکەوەن و ناجووڵێن، میزیان وەک شەکرە دەخورێ لەوخوارە، مەبەست لە شیری گوانی مانگایە. وەڵام (گوانی مانگا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل41

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 928**
**چوار برانە بە کڵاوەکی**

20230111204535457950=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چوار برانە بە کڵاوەکی.
مەبەست لە کاکڵەی گوێزە، (کاکڵەی گوێز لەناو توێکڵەکەیدا، چوار بەشە) چوار برانە، مەبەست لە کاکڵەی گوێزە کە چوار بەشە، کڵاوەکی، مەبەست لە توێکڵی گوێزە، (توێکڵی گوێز، توێکڵێکی ڕەقە، دەوری کاکڵەی داوە) لە مەتەڵەکەدا بە کڵاو چووێنراوە. وەڵام (کاکڵە گوێز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل199.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 929**

**چوار پا لە زەوی دوو پا لە حەوا بۆ خۆی ئەگەڕێ لە ڕۆژ و شەوا**

[20230921220252522311=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921220252522311)

چوار پا لە زەوی دوو پا لە حەوا
بۆ خۆی ئەگەڕێ لە ڕۆژ و شەوا
پا: پێ. حەوا: ئاسمان. چوار پا لە زەوی، مەبەست لە وڵاخە کە چوار پێی هەیە و لەسەر زەوی پێی دەوەستێت، دوو پا لە حەوا، مەبەست لەو کەسەیە کە سواری پشتی وڵاخەکە دەبێت و هەر دوو پێی بە ئاسمانەوەیە، واتە: سوار بۆ خۆی بەشەو و ڕۆژ بە وڵاخ دەگەڕێت. وەڵام (وڵاخ و سوار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 31

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 930**

**چوار پێ لە حەوا، پشتی لە ئەرزی، لێی ئەدەی فلّتانی فلّتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220826120541430495

چوار پێ لە حەوا، پشتی لە ئەرزی
لێی ئەدەی فلّتانی فلّتی.

چوار پێ لە حەوا، مەبەستی لە مەشکەیە کە چوار پەلی بۆ سەرەوە، بە سێپایەکی دار دا هەڵدەواسرێت، پشتی لە ئەرزی، واتە: پشتی مەشکەکە ڕووی لەخوارەوەیە، مەبەست لە زەوییە، لێی ئەدەی فلّتانی فلّتی، مەبەست لە کاتی ژەنینی دۆیە بە مەشکە، دۆکەی ناوی دەنگێکی لێوەدێت، مەتەڵەکە بە فلتەفلّت چوواندوویەتی. وەڵام (مەشکە ژەنین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل28

کاتی تۆمارکردن: 26-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 931**

**چوار پێ لە زەوی دوو لە تەنیشتی کوزێکی نەرم وا لەسەر پشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108205307444318

چوار پێ لە زەوی دوو لە تەنیشتی
کوزێکی نەرم وا لەسەر پشتی
چوار پێ لە زەوی، مەبەست لە ماییەن کە چوار قاچی هەیە و لەسەر زەی پێی ڕادەواستێ، بۆ بووک گواستەنە ئامادەدەکرێ، دوو لە تەنیشتی، مەبەست لە بووکە کە لەکاتی گواستنەوەد، سواری مایین دەکرێ، کوزێکی نەرم وا لەسەر پشتی، واتە: کاتێک بووک لەسەر پشتی مایین دادەنیشێ. وەڵام (بووک گواستنەوە بە وڵاخ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل76

کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 932**
**چوار پێی قوڵە، بە بانواندا دەڕوا**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220808124547427236



چوار پێی قوڵە، بە بانواندا دەڕوا.
چوار پێی قوڵە، مەبەست لە بۆقە کە چوار پێی هەیە دوو قاچی درێژ و دوو دەستی کوورت، قوڵە واتە: بچووک و کوورتە، لە جێگەی تەڕ و ئاوەدانیدا دەژی، بە بانواندا دەڕوا، بانو مەبەست لە سەکۆی ماڵانە واتە: بە بەرسەکۆی ماڵاندا دێت و دەڕوات. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 933**
**چوار پێی هەیە ناڕوات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230701080148502566

چوار پێی هەیە ناڕوات.
مەبەستی مەتەڵەکە کورسییە، چوار پێی هەیە، واتە: هەموو کورسییەک بەشێوەی کلاسیک چوار قاچی بۆ وەستان هەیە، مرۆڤ دەتوانێت بەئاسانی لەسەری دانیشێت، ناڕوات، واتە: لەگەڵ ئەوەدا کورسی چوار قاچی هەیە، توانای جووڵە و ڕۆیشتنی نییە. وەڵام (کورسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سۆرانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل24

کاتی تۆمارکردن: 2023-07-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 934**

**چوار پەنجەی بچووک یەکێکی گەورە، گۆشت و ئێسکی تیانییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230701080458502567

چوار پەنجەی بچووک یەکێکی گەورە، گۆشت و ئێسکی تیانییە.
مەبەستی مەتەڵەکە دەستکێش، یان دەستەوانەیە، (دەستکیش لە کوردەواردا بە بندۆکی مەرەز دەچنرێت، گەرم و نەرمە لە زستاندا دەکرێتە دەست) چوار پەنجەی بچووک، مەبەست لە چوار پەنجەی دەستکێشە، یەکێکی گەورە، مەبەست لەو بەشەیە کە پەنجە گەورەی مرۆڤی تێدەچێت، گوشت و ئیسکی تێدا نییە، واتە دەستکیش ناوەکەی بۆشە. وەڵام (دەستەوانە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل23

کاتی تۆمارکردن: 2023-07-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 935**

**چوار تووڵم دا لە دەرەووزان دوانم گرت و دوانم لەرزان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205100322533998

چوار تووڵم دا لە دەرەووزان
دوانم گرت و دوانم لەرزان
تووڵ: مەبەست لە شتێکی ڕێکی باریکی درێژە، مەتەڵەکە مەبەستی لە دۆشینی گوانی مانگایە، (مانگا چوار گوانی هەیە) ، هەروەها کابان کاتێک گوانی مانگا دەدۆشێت، دوو دەستی هەیە، دوو گوانیان دەگرێت و دەیدۆشێت، دوو گوانەکەی تر لە ئەنجامی دۆشین دەلەرزن. وەڵام (مانگا دۆشین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | یەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل185


کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 936**
**چوار چاوی هەشت هەنگاوە لە پشتیەوە دار و پیاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107215417444002

چوار چاوی هەشت هەنگاوە
لە پشتیەوە دار و پیاوە
مەبەست لە ئەسپ و عەرەبانەیە، چوار چاو، مەبەست لە دوو وڵاخە کە بەهەردووکیان چوار چاویان هەیە، هەشت هەنگاوە، واتە: دوو وڵاخ یەکی چوار قاچیان هەیە بۆ هەنگاونان، لە پشتەوە دار و پیاوە، مەبەست لە عەرەبانەی کە دوو وڵاخ ڕایدەکێشێ لەگەڵ ئەو پیاوەی کە لێی دەخوڕێ. وەڵام (ئەسپ و عەرەبانە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل74

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 937**
**چوار چەلێ گوە بەلێ دوازدە گوێڵ پیرێ خەرتەلێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117202755458937](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117202755458937)

چوار چەلێ، گوە بەلێ
دوازدە گوێڵ، پیرێ خەرتەلێ
مەتەڵەکە وەسفی جەستەی مالۆسە (مێیەی بەراز) ، چوار چەلێ، مەبەست لە چوارپەلی بەرازە، گوە بەلێ، (بەل: قوت) واتە: گوێچکەی بەراز قوتە، دوازدە گوێڵ: مەبەست لە گوانەکانی مالۆسە کە دوازدە گوانی هەیە، پیرێ خەرتەلێ: (خەرتەلە: گیایەکە لە سەرزەوی تەختدەبێت و زۆر بەرز نابێتەوە، مالۆسی پێچووێنراوە کە باڵای کوورتە.
وەڵام: (چوار پەل و گوێی و دوازدە گوانی مالۆس) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل219.]()

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 938**

**چوار دەر زەمین، دوو دەر هەوا، هەی خەربزە هەی خەربزە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012220411525914

چوار دەر زەمین، دوو دەر هەوا، هەی خەربزە هەی خەربزە.
وەڵام (بزن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل8

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 939**
**چوار دەزەقن چوار دەلەقن هەشت دەچەقن نۆت پێوە و نۆت تێوە لێرە وێوە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108204958444317
چوار دەزەقن، چوار دەلەقن هەشت دەچەقن
نۆت پێوە و نۆت تێوە، لێرە وێوە
چواری دەزەقن، مەبەست لە چوار چاوی جووتێک گایە، چواری دەلەقن، مەبەست لە قۆچی گایەم کە بە دوو گا چوار چۆچیان هەیە، هەشتی دەچەقن، واتە: جووتێ گا هەشت قاچیان هەیە بۆ ڕۆشتن، نۆت پێوە و نۆت تێوە، واتە: کۆی جەستەی گایەک نۆ دەرچەی هەیە کە زیادەڕۆیی لێوە فڕێدەدرێتەدەر، وەک (دوو کونی لوت، دوو چاو، دوو کونی گوێ، دەم، کونی میز و پیسایی. وەڵام (چوار چاو، چوار قۆچ، هەشت پەلی جووتێک گا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل76
کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 940**
**چوار زیندوو یەک مردوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107221525444023

چوار زیندوو یەک مردوو.
مەبەست لە دارەمەیت یان تابووتە، کاتێک کەسێک دەمرێ دەیخەنە ناو دارەمەیتەوە، بە چوار کەس هەڵیدەگرن، هەر کەسە و سووچێکی بەرزدەکاتەوە و دەیخاتە سەرشان و هەڵیدەگرێ، واتە: بەهۆی دارەمەیتەوە، بە چوار کەسی زیندوو کەسێکی مردوو هەڵدەگرن. وەڵام (تابووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل74

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 941**
**چوار سوار هاتن لە چۆمەکی**

[20220927145108436338=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927145108436338)

چوار سوار هاتن لە چۆمەکی
تیران داوێنە گۆمەکی
مانگا چوار گوانی هەیە، لە مەتەڵەکەدا بە چوار سوار چووێنراوە، گۆم مەبەست لەو مەنجەڵەیە کە شیری دۆشراوی تێدەکرێت، پرۆسەی شیر دۆشینەکە کە بە فیچقە لە گوانی مانگاکە دێتە دەرەوە، بە تیر هاویشتن بەراورد کراوە. وەڵام (گوانی مانگا لە کاتی دۆشیندا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل51
کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 942**

**چوار گوێ و هەشت پێ دار لەدوو قونێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108171039457274

چوار گوێ و هەشت پێ
دار لە دوو قونێ

مەبەست لە جووتکردنە بە نیروئامور، (نیروئامور: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کێڵانی زەوی بەکاردێت) چوار گوێ و هەشت پێ، مەبەست لەو دوو وڵاخەیە کە ئامێری نیروئامور ڕادەکێشن لەکاتی جووتکردندا، دار لەدوو قونێ، (لەدوو: لەدوا) مەبەست لە نیروئامورە کە بەدوای وڵاخەکاندا ڕادەکیشرێ. وەڵام (جووتکردن بە نیروئامور) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل175.

کاتی تۆمارکردن: 08-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 943**

**چوار لاقە، هەشت گوێیە، جۆ نەخۆرە، باری لێیە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925153251436144](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925153251436144)

چوار لاقە، هەشت گوێیە
جۆ نەخۆرە، باری لێیە

چواری پێیە، هەشتی گوێیە
باری حوشترێکی لێیە.
وەڵام (قالۆنچە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل49

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 944**
**چوار مام هەیە لە دەشتێ نۆسەد دەرزی لە پشتێ**

[20221127200424448138=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127200424448138)

چوار مام هەیە لە دەشتێ
نۆسەد دەرزی لە پشتێ
مەبەست لە چوار گوانی مانگایە کە هەمیشە مانگا بۆ لەوەڕ دەبرێتە دەشت، لە مەتەڵەکەدا بە مام چووێنراوە، نۆسەت دەرزی لە پشتێ، واتە: سەری گوانی مانگا، دەیان کونی وردی تێدایە کە شیری لێدێتەدەرەوە و بە تاڵی باریک هەڵیدەدا کە بە دەرزی چووێنراوە. وەڵام (گوانی مانگا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل24

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 945**

**چوار مامم هەنە لە چۆمێ تیران داوێنە گۆمێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103130709456176

چوار مامم هەنە لە چۆمێ
تیران داوێنە گۆمێ
چوار مامم هەنە لە چۆمێ
تفەنگێ داوێنە گۆمێ
چوار برام هەنە لە چۆمێ
تیران داوێنە گۆمێ
مەبەست لە گوانی مانگا دۆشینە، چوار مامم هەن لە چۆمی، (چۆم: چەم) مەبەست لە چوار گوانی مانگایە کە بە چوار مام چووێنراوە، هەروەها مانگاش هەمیشە لە نزیک چەم و ئاوەکاندا دەلەوەڕێ، تیران داوێژنە گۆمی، مەبەست لە کاتی دۆشتنی گوانی مانگایە، هاتنە خواری شیری گوانی مانگا لە کاتی دۆشیندا بە تیر چووێنراوە، شیری دۆشراویش دەکرێتە ناو سەتڵەوە، سەتڵ بە گۆم بەراوردکراوە. وەڵام (مانگا دۆشین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل166

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 946**

**چوار مەڕ و شوانێک حەوشێک و بانیک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908110346519638

چوار مەڕ و شوانێک
حەوشێک و بانیک
مەبەستی مەتەڵەکە دەست و پەنجەی مرۆڤە، چوار مەڕ و شوانێک، شوانکارەی کورد هەمیشە بۆ چەند مەڕێک شوانێکی داناوە، لە مەتەڵەکەدا چوار پەنجەی دەست بە مەڕ و پەنجەکەڵەش بە شوان چووێنراوە، لە کوردەواردا هەموو بانێک (سەربانێک) لەخوارەوە حەوشێکی هەیە، حەوشێک و بانێک، مەبەست لە بەر و پشتی دەستە. وەڵام (دەست و پەنجەی مرۆڤ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل129

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 947**
**چوار کچ هەیە هەرکچێک شەش کونی هەیە هەر کونێک مێردێکی هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108203622444310

چوار کچ هەیە
هەرکچێک شەش کونی هەیە
هەر کونێک مێردێکی هەیە
چوار کچ هەیە، مەبەست لە ناڵی وڵاخە، بۆ هەر چوار قاچەکەی چوار ناڵی پێویستە، هەر ناڵێک شەش کونی هەیە، واتە: هەر ناڵێک شەش کونی تێدایە، هەر کونێک مێردێکی هەیە، واتە: هەر کونی ناڵێک بە بزمارێک دادەکوترێ کە مێرد بەراوردکراوە. وەڵام (بزمار و ناڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل76

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 948**

**چوار کونی تێیە بێژنگ نییە، لە پێدەکرێ پێڵاو نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731104434425697

چوار کونی تێیە بێژنگ نییە، لە پێدەکرێ پێڵاو نییە
چوار کونی تێیە بێژنگ نییە: مەبەست لە ناڵی ئاژەڵە (ئەسپ، ماین، ئێستر و گوێدرێژ) کە چوار کونی تیایە، چووێنراوە بە بێژنگ کە کونی تێدایە، لە پێدەکرێ پێڵاو نییە: واتە: کاتێ بە بزماری تایبەتی لەبنی پێی ئاژەڵەکە دەدرێ ، وەک پێڵاو وایە، بۆ ئەوەی سمی ئاژەڵەکە برینار نەبێت. وەڵام ناڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-31

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 949**
**چواران چیکە چیکە پێنجان ئەنگوستیلکە تێیدایە دوو کوتری قەندیلکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226083926454141

چواران چیکە چیکە
پێنجان ئەنگوستیلکە
تێیدایە دوو کوتری قەندیلکە
مەبەست لە سێ ئەندامی جەستەی مرۆڤە، چواران چیکە چیکە، مەبەست لە چوار پەلی جەستەی مرۆڤە کە دوو دەست و دوو قاچە، پێنجیان ئەنگوستیلکە، مەبەست لە پێنج پەنجەی دەستی مرۆڤە کە دەکرێ مستیلەی تێبکرێ، تێیدایە دوو کۆتری قەندیلکە، مەبەست لە دوو چاوی مرۆڤە کە بە کۆتر چووێنراون. وەڵام (چوارپەل و پەنجە و چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل10

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 950**

**چوارپا لە دەشتێ دوو لە تەنیشتێ مێ سوار نێر بوو نازانی هێشتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216130925452205

چوارپا لە دەشتێ دوو لە تەنیشتێ
مێ سوار نێر بوو، نازانی هێشتێ
مەبەست لە وڵاخ و سوارە، چوارپا لە دەشتێ، مەبەست لە وڵاخە کە چوار پێی هەیە و لە دەشتودەردا هەیە، دوو لە تەنیشتێ، مەبەست لە سوارە کە قاچەکانی بە تەنیشتی وڵاخدا شۆڕدەبێتەوە، مێ سواری نێر بوو، واتە: ئافرەتێک سواری ئەسپ بوو، نازانی هێشتێ، پرسیارێکە ئاڕاستەی گوێگر دەکرێ. وەڵام (وڵاخ و سوار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل41

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 951**

**چوارپای لە هەورە پشتی لە ئەرزە لێی دەی بەلینگە لەرزە**

20221107203903443977=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چوارپای لە هەورە
پشتی لە ئەرزە
لێی دەی بەلینگە لەرزە

چوار پای لە هەورە، مەبەست لە مەشکەیە (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێ) هەر چوار قاچەکەی بە سێپایەکەوە هەڵدەواسرێ، پشتی لە ئەرزی، مەبەست لەوەیە کە پشتی مەشکە بۆ خوارەوەیە، لێی دەی بە لینگە لەرزە، مەبەست لە مەشکە ژەنینە کە لەگەڵیدا جەستەش دەلەرزێ. وەڵام (مەشکە ژەنین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل75

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 952**

## چوارپێ مردی لە حەوا سەری نییە و ملی ئاو دەدا

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127200226448137

چوارپێ مردی لە حەوا
سەری نییە و ملی ئاو دەدا
مەبەست لە کوندەیە، (کوندە ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە پێستی بزن دروستدەکرێ، ئاوی تێدەکرێ) چوارپێ مری لە حەوا، مەبەست لە کوندەیە کە بە چوارپەل هەڵدەگیرێ، سەری نییە و ملی ئاو دەدا، واتە: کوندە سەری نییە، ئاو لە ملیەوە دەردەهێنرێ. وەڵام (کوندەی ئاو) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل24

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 953**
## چوارپێ قوندەکە لە بان ڕادەکا

20221107221310444019=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چوارپێ قوندەکە، لە بان ڕادەکا.
قوندە: بە گیاندارێک دەوترێ کە کلکی زۆر کوورت بێت، یان هەر نەیبێ (فەرهەنگی خاڵ) چوارپێ قوندەکە، مەبەست لە بۆقە کە چوار پێی هەیە و کوڵ و خڕە و کلکی نییە، لە بان ڕادەکا، واتە: لە هەر جێگەیەکدا بێ توانای ڕۆشتنی هەیە و ناسرەوێ. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل74

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 954**

**چوارپەل دەڕوا لەوێیە قالبی دڕک و زرێیە چاوی دەڵێی ترێیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107204317443983

چوارپەل دەڕوا لەوێیە
قالبی دڕک و زرێیە
چاوی دەڵێی ترێیە

زرێ: کاڵایەکی جەنگگیە، لە زریزەی ئاسن دەتەنرێ، لەجەنگدا لەبەردەکرێ، بۆ ئەوەی شیر و تیر نەیبڕێ (فەرهەنگی خاڵ) چوارپەل دەڕوا لەوێیە، مەبەست لە ئاژەڵی ژیشکە کە چوارپەلی هەیە و بەرێگەدا دەڕوا. قالبی دڕک و زرێیە، واتە: لەشی دڕکاوییە، لەکاتی مەترسیدا دڕکەکانیش وەک زرێ جەستەی دەپارێزن، چاوی دەڵێی ترێیە، واتە: چاوی خڕ و ڕەنگی ڕەشە وەک دەنکی ترێ. وەڵام (ژیشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل73

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 955**
**چوارپەلیم لە حەواکرد چەپوچۆپم لێپەیداکردن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226085305454145

چوارپەلیم لە حەواکرد
چەپوچۆپم لێپەیداکردن
مەبەست لە مەشکە ژەنینە، (مەشکە: ئامێرکی کەلەپووری کوردییە، لە پێستی بزن درووستدەکرێ، بۆ ژەنینی دۆ و گرتنی ڕۆنی کوردیی بەکاردێ) چوار پەلیم لە حەواکرد، مەبەست لە هەڵواسینی مەشکەیە بە سێپاوە، کە چوارپەلی بۆ سەرەوەیە، چەپۆچۆپم لێپەیداکرد، مەبەست لە ژەنینی مەشکە و ئەو دەنگەیە کە لە دۆکەی ناوییەوە دێ. وەڵام (مەشکەژەنن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل10

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 956**
**چواردەوری کەڵەک ناوڕاستەکەی چەرخ و فەلەک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107215649444003

چواردەوری کەڵەک
ناوڕاستەکەی چەرخ و فەلەک
کەلەک لە کوردەواردا بە بەرد هەڵدەچنرێت بەدەوری شتێکی گرنگ یان شوێنێکی پیرۆزکراودا، بۆ ئەوەی خەڵکی سنووری پیرۆزییەکە تێنەپەڕێنن، چواردەوری کەڵەک. مەبەست لە دەمی مرۆڤە، ناوڕاستەکەی چەرخ و فەلەک، مەبەست لە زمانە بەردەوام لە جووڵە و قسەدایە. وەڵام (زمان). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل74

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 957**
## چوارسەد سواری زەرزی لەبەر سوارێکی دەلەرزی

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107215942444004](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107215942444004)

چوارسەد سواری زەرزی
لەبەر سوارێکی دەلەرزی
زەرزی: ناوی گوندێکی کوردستانە بەعس کاولی کرد فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) چوارسەد سواری زەرزی، مەبەست لە ئامێری تەونە، (تەون: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ چنینی فەرش بەکاردێ) بەتایبەت ئەو داوانەی کە (تان) ی فەرشی لەسەر دەچنرێ، لەبەر سوارەکی دەلەرزی، مەبەست لە داوی (پۆ) یە، داوی تان و پۆی فەرش لێکدەدرێ و چنراوی فەرشی لێبەرهەم دێت. وەڵام (تەون) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل74

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 958**
**چواری ئەچەقێ، دووانی ئەڕەپێ، دووانی ئەلەقێ، دووانی ئەزەقێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220818102942428945



چواری ئەچەقێ، دووانی ئەڕەپێ
دووانی ئەلەقێ، دووانی ئەزەقێ
مەتەڵەکە وەسفی ڕووخساری جەستەی ئاژەڵی بزنە، چواری ئەچەقێ واتە: چوار قاچی بزن کە بەشوێنی سەختدا دەڕوات دەیچەقێنێ بۆ ئەوەی نەکەوێ، دووانی ئەڕەپێ، مەبەست لە دوو گوانی بزنە کە پڕ دەبێت لە شیر، دووانی ئەلەقێ مەبەست لە گوێچکەی بزنە، دووانی ئەزەقێ، مەبەست لە چاوی بزنە. وەڵام (بزن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 18-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 959**

**چواری پێ یە، هەشتی گوێ یە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230630221508502496

چواری پێ یە، هەشتی گوێ یە
باری حوشترێکی لێیە.
لە کوردەواردا گوندنشینەکان هەر یەکەیان لە ملکی خۆیاندا کەپر بە دار درووستدەکەن، کەپری کوردەوار پێکدیت لە چوار دار، بنی دارەکان لە زەویدا دەچەقێنن، هەروەها سەری دارەکان دووپەلە، لە مەتەڵەکەدا بە گوێ ناوبراون، سەر کەپرەکەش بە ئەندازەی باری ولاخێک گەڵاوگۆڵی دەخەنەسەر. وەڵام (کۆڵەکەی کەپر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل49

کاتی تۆمارکردن: 30-06-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 960**

**چواری پێیە هەشتی گوێیە جۆنەخۆرە باری لێیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108205633444319

چواری پێیە هەشتی گوێیە
جۆنەخۆرە باری لێیە
مەبەست لەو کەپرەیە کە بە دار درووستدەکرێ و کوندەی ئاوی لەژێردا دادەنرێ، پێی دەوترێ: کوندەڵان، (کوندەڵان: جێگایەکی نسرمە، هاوینان کوندەی ئاوی لێدادەنرێ بۆ ئەوەی سارد بێت (فەرهەنگی خاڵ) چواری پێیە، مەبەست لە چوار کۆڵەکەی دارە کە دەکرێ بە کەپر، هەشتی گوێیە، مەبەست لەوەیە کە هەر کۆڵەکەیەک سەرەوەی دوو پەلە و بە گوێ بەراوردکراوە، جۆنەخۆرە و باری لێیە، واتە: کەپر گەڵای دەخرێتەسەر، وەک باربەر (وڵاخ) ئەژمارکراوە کەچی جۆ ناخوات. وەڵام (کەپری کوندەڵان) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل76

کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 961**
**چواری چاوە، هەشت هەنگاوە، بۆ دڕەی ناوە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220818101944428943](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220818101944428943)



چواری چاوە
هەشت هەنگاوە
بۆ دڕەی ناوە
مەبەست لە کێڵانی زەوییە بە جووتە گا، چواری چاوە واتە: ئەو دووگایەی جووتی پێدەکرێ، بەهەردووکیان چوار چاویان هەیە، هەشت هەنگاوە مەبەست لە هەشت قاچی دوو گاکەیە کە هەنگاو هەنگاو دەڕۆن و زەوی دەکێڵن، بۆ دڕەی ناوە، مەبەست دڕین و هەڵگێڕانەوەی زەوییە لە کاتی کێڵاندا. وەڵام (جووت کردن بە جووتەگا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی]
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 962**
**چواری چێڕێ**

[20220925222506436213=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925222506436213)

چواری چێڕێ
هەشتی دێڕێ
دووی مەڕە کوێڕێ
چێر: مانگا. چواری چێڕێ، مەبەست لە چوار گوانی مانگایە، هەشتی دێڕێ، واتە: بە دوو دەست و بە هەشی پەنجە دەدۆشرێت، دووی مەرە کوێڕێ، واتە: بە دوو دەست دوو گوان دەدۆشرێت، دواتر دوو گوانەکەی تر. وەڵام (گوان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل49

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 963**

**چواری چێڵێ، هەشتی دێڵێ، دوانزەی ڕم بەکێڵێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731095510425675

چواری چێڵێ، هەشتی دێڵێ، دوانزەی ڕم بەکێڵێ
چواری چێڵێ: (چێڵ لە بەشە شیوەزاری سۆراندا بە مانگا دەوترێ) مەبەستی لە چوارگوانی مانگایە، هەشتی دێڵێ واتە: هەشت پەنجەی ئافرەت کە گوانەکەی پێ دەدۆشرێ، دوانزەی ڕم بەکێڵێ مەبەست لە چوارگوان و هەشت پەنجەیە کە بە هەموویان دەکەنە دوازدە. وەڵام گوانی مانگا.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 964**
**چواری چەقە دووی زەقە بۆقیشە و پێتناڵێم**

2023010313115745617=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چواری چەقە، دووی زەقە، بۆقیشە و پێتناڵێم.
مەبەست لە بۆقە، (بۆق: گیانەوەرێکی بچووکە، لەسەر وشکانی و لەناو چەم و رووبارەکاندا دەژیی) وەڵامی مەتەڵەکە لەناو مەتەڵەکەدا بوونی هەیە، زیاتر مەبەستی مەتەڵسازە ئەوەیە کە سەر لە گوێگر تێکبدا، چواری چەقن، مەبەست لە چوارپەلی بۆقە کە لەسەر زەوی جێگیرە، دووی زەقن، مەبەست لە دوو چاوی بۆقە، بەردەوام زەق و کراوەیە. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل83.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 965**

**چواری گوێیە بووک ڕەوێیە دەرک دارە پڕ بزمارە لەناویدا گورگە هارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108170634457271

چواری گوێیە بووک ڕەوێیە
دەرک دارە پڕ بزمارە
لەناویدا گورگە هارە

مەبەست لە جەنجەڕە، (جەنجەڕ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دار درووستدەکرێ، بە وڵاخ دەگەڕێ، بۆ کوتانی دانەوێلە بەکاردێ) چواری گوێیە، مەبەست لەو وڵاخانەیە کە جەنجەڕ دەگێڕن، دەرک دارە پڕ بزمارە، مەبەست لە ئامێری جەنجەڕە کە بە بزمار دادەکوترێ و بە دەرگا چووێنراوە. لەناویدا گورگی هارە، واتە: جەنجەڕ وەک گورگ هەموو دەغڵەکە کە پووشەکەی جیادەکاتەوە. وەڵام (وڵاخ و جەنجەڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل177.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 966**
**چواری گوێیە هەشتی پێیە بووک لەوێیە**

20221107204641443986=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چواری گوێیە
هەشتی پێیە
بووک لەوێیە

چواری گوێیە، مەبەست لە چوار گوێی دوو وڵاخە کە جووتی پێدەکرێ، هەشتی پێیە، واتە: دوو وڵاخ بە هەردووکیان هەشت پێیان هەیە، بووک لەوێیە واتە: دوای ئەوەی زەوی دەکێڵرێت و تۆو دەکرێ، دانەوێڵە پێدەگات، دانەوێڵە بە بووک چووێنراوە. وەڵام (جووتکردن بە جووتە وڵاخ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل74

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 967**

**چواری کێری هەشت دێری شازدەی ڕمە کێری**

[20221108203857444312=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108203857444312)

چواری کێری
هەشت دێری
شازدەی ڕمە کێری
مەبەست لە پرۆسەر دۆشینی گوانی مانگایە، چواری کێری، واتە: مانگا چوار گوانی شۆڕی هەیە کە بە ئەندامی نێرینە بەراوردکراوە، هەشتی دێری، واتە: هەر گوانێک بە چوار پەنجە دەدۆشرێ کە دەکاتە هەشت پەنجە، شازدەی ڕمە کێری، واتە: هەر گوانێک بە چوار پەنجە دەدۆشرێ، چوار گوانەکە دەکاتە شازدە، لەکاتی دۆشیندا شیرەکە وەک ڕم دەچێتە ناو سەتڵێکەوە. وەڵام (گوان دۆشین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل76

کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 968**
**چوارە نابێت بە پێنج**

20220927145314436339=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چوارە نابێ بە پێنج.
وەڵام (وەرزەکانی ساڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل51

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 969**
**چوومە باغی منەوەر، تێیدابوو یەک جانەوەر، بەسنگ شێر و ئەسپ سەر**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728121855425082



چوومە باغی منەوەر، تێیدابوو یەک جانەوەر، بەسنگ شێری ئەسپ سەر
مەتەڵەکە مەبەست لە کوللەیە، ئەو گیانەوەرۆچکە بچووکەیە، ئەگەر لەنزیکەوە سەیری سەر و چاوی بکەیت، لە هی ئەسپ دەچێ ، واتە: چوومە باخێک کوللەیەکم بینی، سەری لە ئەسپ دەچوو هەروەها سنگی بەرزە وەک سنگی شێر وابوو. وەڵام (کوللە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 970**

**چوومە بان کێو، کێو دیاربوو دەروازەی ئاسن کلیلی مار بوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917211552521144

چوومە بان کێو، کێو دیاربوو
دەروازەی ئاسن کلیلی مار بوو
مەبەستی مەتەڵەکە جەهاندەمە، (لە ئەفسانەی ئایینە ئیبراهیمییەکادا، جەهاندەم بەو جێگە زۆر ناخۆشە پڕ لە سزایە دەوترێت، کە خواوەند ئامادەی کردووە بۆ تاوەنباران) چوومە بان کێو، کێو دیاربوو، مەبەست لە جەهاندەمە، دەروازەی ئاسن کلیلی مار بوو، واتە: دەروازەکەی بە کەس ناکرێتەوە. وەڵام (جەهاندەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل15

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 971**

**چوومە بەستەکی، من ئاو خار بە مستەکی، دوازدە ئاش گەڕیان، سەر بستەکی**

2022090520453443221 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چوومە بەستەکی، من ئاو خار بە مستەکی
دوازدە ئاش گەڕیان، سەر بستەکی.
بەست: چەمی نیوە وشک و کەم ئاو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: کەسێک چووەتەسەر چەمێکی نیوە وشک و بە مست ئاوی خواردۆتەوە، بەو چەمە کەمە دوازدە ئاشی ئاو گەڕاوە، لە مەتەڵەکەدا چەم بە ساڵ و دوازدە ئاش بە مانگەکانی ساڵ بەراورد کراوە. وەڵام (ساڵ و دوازدە مانگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل118

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 972**

## چوومە دیوێکی تاریک پڕ بوو لە گۆچان هیچ نەبوو بەدەستەوە بگرم

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226090445454151

چوومە دیوێکی تاریک، پڕ بوو لە گۆچان، هیچ نەبوو بەدەستەوە بگرم.
مەبەست لە شاخی بزنە. چوومە دیوێکی تاریک، (دیو: ژوور) واتە: چوومە ناو ئاغەلێکەوە کە تاریک بوو، (ئاغەڵ: ژوور یان شوێنی حەوانەوەی مەڕومالآت) پڕبوو لە گۆچان، (گۆچان: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دار دروستدەکرێ، وەک داردەست کەسانی بەتەمەن بۆ ڕێڕۆشتن بەکاری دێنن) مەبەست لە شاخی بزنە کە وەک گۆچان چەماوەیە. وەڵام (شاخی بزن) .[1].

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل11

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 973**
**چوومە دیوەخانی میر**

20220925153032436143=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چوومە دیوەخانی میر
پرسیارم کرد لە پیاوی پیر
چییە؟ تەیری بە شیر
واتای مەتەڵەکە شەمشەمەکوێرەیە، چوومە دیوەخانی میر، مەبەست لە چوونی کەسێکە بۆ شوێنێک کە پڕیەتی لە کەسایەتی بیرمەند، لەوێ پرسیار لە کەسە زیرەکەکان دەکات، چییە تەیری بەشیر، (تەیر: باڵندە) پێیان دەڵێت: چ باڵندەیەک شیر دەدات، وەڵام (شەمشەمەکوێرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل49

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 974**
**چوومە دیوەخانی میر پرسیارم کرد لە پیر چییە تەیری بە شیر**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127192744448124](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127192744448124)

چوومە دیوەخانی میر
پرسیارم کرد لە پیر
چییە تەیری بە شیر
مەبەستی مەتەڵەکە شەمشەمەکوێرەیە، چوومە دیوەخانی میر، مەبەست لە چوونی کەسێکە بۆ شوێنێک کە پرێەتی لە کەسایەتی بیرمەند، لەوێ پرسیار لە کەسە زیرەکەکان دەکات، چییە تەیری بەشیر، (تەیر: باڵندە) پێیان دەڵێت: چ باڵندەیەک شیر دەدات، وەڵام (شەمشەمەکوێرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل23](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 975**

**چوومە دێیەکی هیچ کەسی تێدانی دوو بەرخم خوارد هیچ ئێسکی تێدانی سواری ئەسپێک بووم هیچ ڕۆحی تێدانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226084326454142

چوومە دێیەکی هیچ کەسی تێدانی
دوو بەرخم خوارد هیچ ئێسکی تێدانی
سواری ئەسپێک بووم هیچ ڕۆحی تێدانی
مەبەست لە سێ شتی جیاواز لەیەکە، چوومە دێیەکی هیچ کەسی تێدانی، مەبەست لە سکی دایکە کە منداڵی تێدا دروستدەبێت کە بە دێ چووێنراوە، منداڵەکە جگە لە خۆی کەسی تری لەگەڵ نییە، دوو بەرخم خوارد هیچ ئێسکی تێدانی، مەبەست لە دوو مەمکی دایکە کە ئێسقانی نییە، سواری ئەسپێک بووم هیچ ڕۆحی تێدانی، مەبەست لە بێشکەیە کە منداڵی تێدا دەخەوێ. وەڵام (بێشکە و مەمک و سکی دایک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل10

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 976**
**چوومە دەشتی دێرێ مێم دی لەسەر نێرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127200630448139

چوومە دەشتی دێرێ
مێم دی لەسەر نێرێ
دێرێ: مەبەست لە جێگەیە، چوومە دەشتی دێرێ، واتە: کەسێک چۆتە دەشت و جێگەیەکی تایبەتی، مێم دی لەسەر نێرێ، مێ: مەبەست لە سەردەستارە کە کونێکی لە ناوڕاستدا تێدایە و دەجووڵێ، نێر: مەبەست لەژێردەستارە و جێگیرە. وەڵام (دەستاڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل23

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 977**
**چوومە دەشتی ژێری مێم دی لەسەر نێری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107214231443998

چوومە دەشتی ژێری
مێم دی لەسەر نێری
چوومە دەشتی ژێری، واتە: چوومە شوێنێکی تەخت، مێم دی لەسەر نێری، واتە: دەستارم بینی، (دەستار ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هارینی دانەوێڵە بەکاردێ) لە دوو بەردی خڕی بازنەیی پێکدێ، ئەوەی ژێرەوە پێی دەوترێ: ژێر دەستار یان نێرەک، دارێک بە بەرزی بستێک لە ناوڕاستیا بەرزبۆتەوە، ئەوەی سەرەوە پێی دەوترێ سەر دەستار یان مێیەک، کونێک لە ناوڕاستیایەتی، هەم داری ژێر دەستاری تیاگیردەبێ، هەم دانەوێڵەی بۆ هارین لێوە تێدەکرێ. وەڵام (دەستار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل75
کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 978**

**چوومە ژوورێک هەمووی گۆپاڵ بوو، هیچم بەدڵ نەبوو**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230701081016502569](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230701081016502569)

چوومە ژوورێک هەمووی گۆپاڵ بوو، هیچم بەدڵ نەبوو.
گۆپاڵ: داردەستی ئەستوور یان داری سەرچەماوە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) چوومە ژوورێک هەموو گۆپاڵ بوو، واتە: چوومە ناو ئەغەڵێک پڕبوو لە بزنی شاخدار، هیچم بەدڵ نەبوو، واتە: شاخی بزن چەماوەیە و بەکەڵکی دروستکردنی گۆچان یان گۆپاڵ نایەت. وەڵام (شاخی بزن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سۆرانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل23

کاتی تۆمارکردن: 2023-07-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 979**
**چوومە سەر بەردێ ڕووانیم لە بنزەردێ دارێک بە چەپۆک بەربووبووە بەردێ**

20221127194659448131=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چوومە سەر بەردێ
ڕووانیم لە بنزەردێ
دارێک بە چەپۆک بەربووبووە بەردێ
مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە، چوومە سەر بەردێ، مەبەست لەوەیە کە کەسێک چووەتە شوێنێکی بەرز، ڕووانیم لە بنزەردێ، (بنزەرد: مەبەست لە بنشاخێکە کەنەوایەکی تێدابێت بۆ پشوودان) بەڵام مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە کە بە بنزەرد چووێنراوە، دارێک بە چەپۆک بەربووبووە بەردێ، مەبەست لە چەقەنەی ئاشە کە بەر بەرداش دەکەوێ. وەڵام (ئاشی ئاوگەڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل22

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 980**

**چوومە سەر تەپکێکی بانگمکردە ئاوڵێکی هەزار هاتن بەجارەکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226083215454139

چوومە سەر تەپکێکی
بانگمکردە ئاوڵێکی
هەزار هاتن بەجارەکی
مەبەست لە شوان و مەڕە، چوومە سەر تەپکێکی، (تەپک: بەرزایی) مەبەست لە شوانە کە دەچێتە سەربەرزاییەک، بانگمکردە ئاوڵێکی، (ئاوڵ: دۆڵی چکۆلانە. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: لە دۆڵەکەوە بانگی مەڕەکانم کرد، هەزار هاتن بە جارەکی، مەبەست لەوەیە کە هەموو مەڕەکان هاتن بۆ لام. وەڵام (شوان و مەڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل11



کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 981**

## چوومە سەر چیایەکی، دوو ئەشکەوتی تێدایە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925153652436145

چوومە سەر چیایەکی، دوو ئەشکەوتی تێدایە.
جوگرافیای وڵاتی کوردەوار زۆرینەی چیا و کێوە، بەشێوەیەکی سرووشتی خاوەنی هەزاران ئەشکەوتە، چوومە سەر چیایەکی، مەبەستی لە سەری مرۆڤە کە بە چیا چووێنراوە، دوو ئەشکەوتی تیدایە، مەبەست لە هەردوو کونی گوێچکەیە، وەڵام (سەری مرۆڤ و دوو کونی گوێچکە) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل49

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 982**

**چوومە سەر چیایەکی، لێی شینبووبوو دەغڵی ڕەش**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230701080752502568](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230701080752502568)

چوومە سەر چیایەکی، لێی شینبووبوو دەغڵی ڕەش.
بەشێوەیەکی سرووشتی جوگرافیای وڵاتی کوردەوار زۆرینەی چیا و کێوە، چوومە سەر چیایەکی، مەبەستی لە سەری مرۆڤە کە بەچیا چووێنراوە، لێی شینبووبوو دەغڵی ڕەش، (شینبوون: ڕوان. دەغڵ: مەبەست لە دانەوێڵەیە بەسەوزیی) لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە قژی ڕەشی مرۆڤە. وەڵام (سەر و پرچی ڕەش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل50

کاتی تۆمارکردن: 2023-07-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 983**

## چوومە سەر دارەکی ڕوانیمە ماڵەکی پڕبوو لە بووکی ساڵەکی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925225058436222

چوومە سەر دارەکی
ڕوانیمە ماڵەکی
پڕبوو لە بووکی ساڵەکی
وەڵام (کوریکە بووکانە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل50

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 984**

**چوومە سەر دارەکی، بانگم کردە ماڵەکی، هەموو هاتن بە جارەکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728122330425084

چوومە سەر دارەکی، بانگم کردە ماڵەکی، هەموو هاتن بە جارەکی
چوومە سەردارەکی، مەبەست لەو شوێنە بەرزەیە کە بانگی تێدا دەوترێ ، بانگم کرد لە ماڵەکی: مەبەست لە ماڵی مزگەوتە کە خەڵکی بۆ نوێژکردن بانگدەکرێ ، هەموو هاتن بە جارەکی: مەبەست لە هاتنی خەڵکە بۆ ناو مزگەوت بۆ نوێژ. وەڵام (بانگدان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 985**

## چوومە سەر گردەکێ، پێم کەوتە قوڵتەکێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731095814425677

چوومە سەر گردەکێ، پێم کەوتە قوڵتەکێ
چوومە سەر گردەکێ: مەبەست لە جزمەیە کە هەتا ئەژنۆ دێ، لە کاتی لە پێکردندا پێویستی قاچی بۆ بەرز بکرێتەوە، پێم کەوتە قوڵتەکێ: واتە: کە قاچ بەرز دەکرێتەوە و دەکرێ بەناو جزمەدا، وەک ئەوە وایە پێ بکەوێتە ناو چاڵێکەوە. وەڵام جزمە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-31

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 986**

## چوومە سەر گردەکێ، سی و سێ مەرِم دی لە ڕەنگەکێ

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731104725425698](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731104725425698)

چوومە سەر گردەکێ، سی و سێ مەرِم دی لە ڕەنگەکێ
هەمیشە ئەو گرد و جێگایانەی کە سەوزایی، ئاو و سێبەری لێیە، لە وەرزی هاویندا، دەبێتە جێگای کۆبوونەوەی مێشوولە، سی و سێ مەڕ: مەبەستی لە مێشوولەیە، کاتێک کەسێک دەچێتە ناو سەوزایی مێشوولەکان تێی دەئاڵێن. وەڵام مێشوولە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 987**
**چوومە سەرگردەکی، فیتەم کرد لە شوانەکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925225412436223

چوومە سەرگردەکی
فیتەم کرد لە شوانەکی
سی و حەوت بەران لە نەوعەکی
مەبەست لە گونکی هەویرە کە هەموویان وەک یەک خڕن و لەناو تەشتی هەویردا دانراون، ڕەنگی سپێتی و نەرم و شلی هەویر بە بەران چوێنراوە. وەڵام (گەنکی هەویر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل52

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 988**

**چوومە سەر کانی مام قەنبەری شتێکی سەیرم دیت لەوبەری کلکی لە تەوقی سەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230317102501475404

چوومە سەر کانی مام قەنبەری
شتێکی سەیرم دیت لەوبەری
کلکی لە تەوقی سەری
مام قەنبەر: ناوی کەسایەتی نەناسراوە، کانی مام قەنبەر: ناوی شوێنە. مەبەستی مەتەڵەکە دووپشکە، دووپشک: گیانەوەرۆچکەیەکی جوومگەداری ژەهراوییە، بە کلک پێوەدەدات. ژەهرەکەی کاریگەرە و ئەگەری زۆرە مرۆڤ بکوژێت، سرووشتی وایە کە کلکی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ سەر پشتی سەری. وەڵام (دووپشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 17-03-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 989**

**چوومە سەربانەکی ڕووانیمە چیایەکی دەهات دەنگی شێرەسوارەکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127194410448129

چوومە سەربانەکی
ڕووانیمە چیایەکی
دەهات دەنگی شێرەسوارەکی
چوومە سەربانەکی، واتە: چوومە شوێنێکی بەرز، ڕووانیمە چیایەکی، واتە: لە دەوروبەرم ڕووانی، دەهات دەنگی شێرەسوارەکی، مەبەست لە دەنگی هەورەگرمەیە کە لە وەرزی بەهاراندا ڕوودەدات. هەورەگرمە هەمیشە لەدوورەوە ڕەنگی دەبینرێ و لەنزیکەوە دەنگی دەبیسترێ، وەڵام (هەورەگرمە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل25

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 990**

## چوومە سەربانەکی، ڕوانیمە چیایەکی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927144420436336

چوومە سەربانەکی، ڕوانیمە چیایەکی
دەهات دەنگی شێرە سوارەکی
واتە: کەسێک چووەتە شوێنێکی بەرز، هەوری لە ئاسمان بینیوە، گوێی لە دەنگی هەورەگرمە بووە. وەڵام (هەور) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل51

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 991**

**چوومە سەرداریٚ دەکوتم بزماریٚ دەنگ دەچێتە هەزاریٚ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107205017443988

چوومە سەرداریٚ
دەکوتم بزماریٚ
دەنگ دەچێتە هەزاریٚ

مەبەست لە تەقەکردنە بە تفەنگ، چوومە سەرداریٚ، مەبەست لەوەیە کە چووەتە لای برنەوێکەوە (برنەو لە دار دروستدەکریٚ) دەکوتم بزماریٚ، واتە: بە برنەو تەقەدەکەم، دەنگی تەقەی بە داکوتینی تەقەی بزمار بەراوردکردووە، دەنگی دەچێتە هەزاریٚ، واتە: دەنگی تەقە زۆر دوور دەڕوات. وەڵام (تەقاندنی گوللەی تفەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل74

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 992**
## چوومە سەرگردەکێ

[20220925152802436142=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925152802436142)

چوومە سەرگردەکێ
ڕوانیمە بەحرەکێ
هەر ماسییەی لە ڕەنگەکێ

لە کوردەواردا مافوور بە ئامێرێ تەون دەچنرێت (تەون: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، ژنانی کورد مافوور یان فەرشی پێدەچنن) چوومە سەرگردەکێ، مەبەست لە ئامێرێ تەونە، ڕوانیمە بەحرەکێ، (بەحر: دەریا) واتە: سەرێر مافوورەکەم کرد، پڕبوو لە نەخش و نیگار، هەر ماسییەک لە ڕەنگەکێ، واتە: هەر نەخشەی ڕەنگێکە. وەڵام (مافوور لە کاتی دروستکردنیدا [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل49


کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 993**
## چوومە سەرکانییەکی سەد و سی سوارم دی لە ڕەگێکی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107214615443999

چوومە سەرکانییەکی
سەد و سی سوارم دی لە ڕەگێکی
چوومە سەرکانییەکی، مەبەست لەوەیە کە کەسێک چووەتە سەر کانییەک یان حەوزێکی ماسیی، سەد و سی سوارم دی لە ڕەنگێکی، واتە: لەناو کانییەکەدا یان لەناو حەوزەکەدا سەدان ماسی بینیوە کە لەمەتەڵەکەدا بە سوار بەراوردی کردووە. وەڵام (ماسی ناو حەوز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل73

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 994**
**چوومە شاری شلکێنە گۆشتم دیت ئێسکنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127201101448141

چوومە شاری شلکێنە
گۆشتم دیت ئێسکنە
شلکێنە: جۆرە نانێکی وڵاتی کوردەوارە کە زۆر نەرم و شل و جوانە، چوومە شاری شلکێنە، واتە: ڕێم کەوتە شوێن و جێگەیەک کە زۆر نەرم و شل بوو وەک شلکێنە، گۆشتم دیت ئێسکنە، مەبەست لە مەمکی ئافرەتە کە هەمووی گۆشتە و ئێسکی تێدانییە. وەڵام (مەمک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل25

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 995**
**چوومە شاری شک تێنا نەرمەم دیت و ئێسک نا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103125436456172

چوومە شاری شک تێنا
نەرمەم دیت و ئێسک نا
مەبەست لە باوەشی دایک و مەمک خواردنە، چوومە شاری شک تێنا، واتە: بێگومان و شک لە باوەشی دایکما پاڵکەوتم، نەرمەم دیت و ئێسک نا، واتە: شیری مەمکی دایکمم خوارد، مەمکی نەرم بوو، لەگەڵ ئەوەدا ئێسقانی تیانەبوو. وەڵام (باوەشی دایک و مەمک) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل133.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 996**

**چوومە شاری شکاکان چیلکەم دیت لە مراکان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127200837448140](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127200837448140)

چوومە شاری شکاکان
چیلکەم دیت لە مراکان
چوومە شاری شکاک: مەبەست لە هۆزی شکاکە کە شوێنی نیشتەجێبوونیان دەکەوێتە ناوچەی موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چیلکەم دیت لە مراکان، (مراک: پیاڵەی چا خواردنەوە) واتە: کەوچکی چام بیینی لەناو پێاڵەی چا خواردندا کە بە چیلکە چووێنراوە. وەڵام (چا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل23

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 997**
**چوومە شاری شکاکان هێلکەم دی لەناو گۆشتان**

[20221107214855444000=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107214855444000)

چوومە شاری شکاکان
هێلکەم دی لەناو گۆشتان
شکاک: هۆزێکی گەورەی کوردە و لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی موکرای دەژین، چوومە شاری شکاکان، مەبەست لە دەموچاوی مرۆڤە کە وەک ناوچەی موکیان جوانە، هێلکەم دی لەناو گۆشتان، مەبەست لە چاوە کە بە هێلکە چووێنراوە و چاویش لەناو دەموچاودایە کە گۆشتە. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل73
کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 998**
**چوومە لێرەوارێکی بڕی سەری دارێکی کردمە قازی شارێکی**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108204155444314](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108204155444314)
چوومە لێرەوارێکی
بڕی سەری دارێکی
کردمە قازی شارێکی
لێرەوار: دارستانی پڕی چڕ (فەرهەنگی خاڵ) تەبەق: وەکوو سینی وایە، لە دار درووستدەکرێ (فەرهەنگی شێخانی) چوومە لێرەوارێکی، واتە: چوومە دارستانێک، لەوێ دارێکم بڕی، کردمە قازی شارێکی واتە: کردم بە سینی و شتم بۆ میوان لەسەردانا. وەڵام (تەبەق) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولّات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل76

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 999**
**چوومە لێرەکی بە دار بە دار قەددارەکی وا نەبوو بیکەمە دەستاڕ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127201324448142

چوومە لێرەکی بە دار بە دار
قەددارەکی وا نەبوو بیکەمە دەستاڕ
مەبەستی مەتەڵەکە لە کەسێکە کە چووەتە ناو بزنەگەلێکەوە هەموویان شاخدارن، لێرەکی: لێر، لێرەوار، دارستان، جەنگەڵ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) چوومە لێرەکی بە دار بە دار، واتە: چوومە ناو گەلەبزنێکی شاخدار، (قەددارە: گورز) قەددارەیەکی وا نەبوو بیکەمە دەستاڕ، واتە: شاخی هیچ لە بزنەکان بەکەڵکی هیچ نەدەهات. وەڵام (شاخی ئاژەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارپی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل23
کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1000**

## چوومە ماڵێک پێیان پێکەنیم بەچی پێکەنیم

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108210534444321

چوومە ماڵێک پێیان پێکەنیم، بەچی پێکەنیم.
واتە: مرۆڤ بەدەم پێدەکەنێ کە ئەمدامێکی جەستەیە، بەڵام لە ڕاستیدا بینینی دیمەنێک یان جووڵە و ڕەفتارێک، یان گوفتار و کردارێک کە بەدەربێت لە نەریتی کۆمەڵایەتی، یان بۆ خۆشی و کات بەسەربردن بێت، ئینجا مرۆڤ دەتوانێت پێبکەنێ.
وەڵام (پێکەنین بە دەم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل77

کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1001**
**چوومە مێرەکی بە دار قەددارەکی وانەبوو بیکەمە دەستاڕ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107203301443970
چوومە مێرەکی
بە دار قەددارەکی
وانەبوو بیکەمە دەستاڕ
مێرەکی: ئازایانە و مەردانە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) قەددار: گورز بەو دارە ئەستوورە دەوترێ کە سەرێکی بە دەست دەگیرێت و سەرەکەی تری ئەستوورتر و دڕکاوییە، بۆ جەنگ بەکاردێ) چوومە مێرەکی بە دار قەددارەکی، واتە ئازایانە چوومە دارستانێک بۆ بڕینی دار، بۆ ئەوەی دەستاڕ بە دار درووستبکەم بەڵام چنگم نەکەوت، (دەستاڕی دار: لە کوردەواردا بۆ هاڕینی چەڵتووک بەکاردێ، چونکە کێشی سوکە برنج ورد ناکات) . وەڵام (قۆچی ئاژەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل75
کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1002**

**چوومە نزارێکی تەورمدا لە دارێکی داران لەرین بەجارێکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107205334443990

چوومە نزارێکی
تەورمدا لە دارێکی
داران لەرین بەجارێکی
نزار: جێگەیەکی خۆشی بەرزی شاخ و کێوە کە سێبەرەو کەمتر هەتاوی بەردەکەوێ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) چوومە نزارێکی مەبەست لەوەیە کە چوومە سەر ئامێری تەون، (تەوی: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، کاری چنینی پێئەنجامدەدرێ) بەرزی ئامێری تەونی بە بەرزی چیا بەراوردکردووە. تەورمدا لە دارێکی، بە مەکۆ دەستم کرد بە چنین، داران لەرزین بە جارێکی، واتە: هەموو داوی پێچاڵەکەکەوتە لەرزە. وەڵام (تەون) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل75

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1003**
**چوومە نوالەکی هەموو زاوان بە جارەکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127201716448143

چوومە نوالەکی
هەموو زاوان بە جارەکی
نوال: شیوەڵەی بچووکی قەد چیا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) چوومە نوالەکی، مەبەست لەوەیە کە کەسێک چووەتە چیاوچۆڵ، هەموو زاوان بە جارەکی، مەبەست لە ڕێواسە کە لە چیا لە وەرزی بەهاراندا شین دەبن و بەجارێک هەزاران دانە ڕێواس سەردەردێنن کە بە زاوا لە مەتەڵەکەدا باس کراوە. وەڵام (ڕێواس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل23
کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1004**

**چوومە هەردێ لە بنزەردێ داری دەیدا لە بەردێ**

20221107203658443974=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چوومە هەردێ
لە بنزەردێ
داری دەیدا لە بەردێ
هەرد: شوێنی هەڵەت و بەردەڵان (فەرهەنگی خاڵ) بنزەرد: پێکدێ لە نووایەک کە لەبن شاخێکدا هەڵکەوتووە، کەمێک قوڵە هاوشێوەی ئەشکەوت، جێگەی چوار بۆ پێنج کەسی تێدا دەبێتەوە. لە کاتی وەرزی گەرمادا سێبەر درووستدەکات و لە کاتی وەرزی زستاندا، نووایەکی باشە بۆ تەڕنەبوون، بە زۆری شوانەکای کەڵکی لێدەبینن. چوومە هەردێ لە بنزەردێ مەبەست لە ئاشە، داری دەیدا لە بەردێ، مەبەست لە چەقەنەی ئاشە. وەڵام (ئاشی ئاوگەڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل75

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1005**

**چوومە هەردێ، لە بنزەردێ، دارێک بە چەپۆک، ئەیدا لە بەردێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220816081542428550

چوومە هەردێ، لە بنزەردێ
دارێک بە چەپۆک، ئەیدا لە بەردێ
هەرد: دەشتودەر، بنزەرد: مەبەست نوایەکە جێگەی چوار پێنج کەسی تێدا ببێتەوە کە مەبەستی ئاشی ئاوگەرە، دارێک بە چەپۆک ئەیدا لە بەردێ: مەبست لە چەقەنەی ئاشە کە بەر بەرداشەکە دەکەوێ و بەردەوام دەنگێک هاوشیوەی چەقەلێدان درووست دەکات. وەڵام (ئاشی ئاوگەڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1006**

**چوومە کانی مام قەمبەری شتێکی سەیرم دیت لەوبەری کلکی لە تەوقی سەری**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127194924448132](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127194924448132)

چوومە کانی مام قەمبەری
شتێکی سەیرم دیت لەوبەری
کلکی لە تەوقی سەری
قەمبەر: ناوی کەسایەتییە، چوومە کانی مام قەمبەری، واتە کەسێک چووە سەرکانی، شتێکی سەیرم دیت لەوبەری، مەبەست لە کولەکەیە کە نزیک کانی و ئاودا دەکرێ، کلکی لە تەوقی سەریی، مەبەست لە پەلی کولەکەیە کە کولەکەی گرتبێت. وەڵام (کودی، کولەکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل24

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1007**

**چوومە کانییەک ئاونا دەستم شوشت و چاونا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107215134444001

چوومە کانییەک ئاونا
دەستم شوشت و چاونا
خاکی کوردەوار، خاکی زێڕی ڕەشە، واتە: کوردستان خاوەنی نەوتە، بەشێوەیەک کە لە هەندێک جێگە وەک کانیاو هەڵدەقوڵێت. چوومە کانییەک ئاونا، واتە: چوومە سەر کانییە ڕوانیم کانی نەوتە، دەستم شوشت و چاونا، کە دڵنیابووم نەوتە، تەنیا دەستم لێدا، چاوانم پێ نەشت. مەبەست لە کانی نەوتە. وەڵام (نەوت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل75

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1008**

**چۆغەکەی دەبەری کڵاوەکەی لەسەری کێ دیویەتی گای جووت چەری**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226083548454140](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226083548454140)

چۆغەکەی دەبەری
کڵاوەکەی لەسەری
کێ دیویەتی گای جووت چەری
مەبەست لە پیواز یان پیازە، چۆغەکەی لەبەری، (چۆغە: بەشی سەرەوەی جلی کوردی پیاوانە) مەبەست لە پیازە کە توێ توێیە و بە چۆغە چووێنراوە، کڵاوەکی لەسەری، مەبەست لە قنچکی پیازە کە بەبەشی سەرەوەی پیازەوەیە، کێ دیویەتی گای جووت چەری، (چەری: چەرەس. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: کێ دیویەتی پیاز وەک چەرەس بخورێ. وەڵام (پیواز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل11

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1009**
## چۆمی کەس نە چاقاندوو، گۆمی کەس نەلەقاندوو

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905220356432246](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905220356432246)

چۆمی کەس نە چاقاندوو
گۆمی کەس نەلەقاندوو
ئاسمان پانتاییەکی زۆر گەورە و فراوانە، هیچ کۆلەکەیەکی بۆ نەچەقێنراوە کە ڕایگرێ، لە مەتەڵەکەدا بە چۆم (چەم) چووێنراوە کە گەورەیە، گۆمی کەس نەلەقاندوو، لەناو چەمدا دەشێ چەندین گۆم هەبێت، کە نەشڵەقیوە و نەلەقیوە، کە بە ئەستێرەکانی ئاسمان بەراوردکراوە. وەڵام (ئاسمان و ئەستێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل120

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1010**
**چی لە دایی و لە بابان منداڵ چاترن لە بابان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226085731454147

چی لە دایی و لە بابان
منداڵ چاترن لە بابان
مەبەست لە ئێستر و کەرە لە زۆر مێژوویەکی کۆنەوە، لە وڵاتی کوردەواردا، کەر و مایین لەیەک جووتکراون و جۆرێک ئاژەڵ دەرچووە بەناوی ئێستر کە بەهێزر و باشتر لە کەرە) چی لە دایی و لە بابان، مەبەست لە ئێسترە کە لە کەر و مایین دروستدەبێ، منداڵ چاترن لە بابان، واتە: ئێستر لە کەر باشترە. وەڵام (ئێستر و کەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل11

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1011**

**چیا لەسەر چیایە یەک مردییە یەک مایە یەکیان پڕ گیایە یەکیان پەڕۆی بە با یە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127202134448145

چیا لەسەر چیایە، یەک مردییە یەک مایە
یەکیان پڕ گیایە یەکیان پەڕۆی بە با یە
چیا لەسەر چیایە، مەبەست لە کڵاوی سەری مرۆڤە، یەک مردییە، مەبەست لە کلاوە کە شتێکی مردووە، یەک مایە، مەبەست لە سەری مرۆڤە کە شتێکی زیندووە، یەکیان پڕ گیایە، مەبەست لە سەرە کە قژی پێوەیە و بە گیا چووێنراوە، یەکیان پەڕۆی بە با یە، مەبەست لە کڵاوە کە لە پەڕۆ درووستدەکرێ. وەڵام (سەر و کڵاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل24

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1012**

**چیا و گرد لە لاو شت و واران سەر تەر و بن هشک، نەزەرگاە یاران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015093010526282

چیا و گرد لە لاو شت و واران
سەر تەر و بن هشک، نەزەرگاە یاران
وەڵام (کۆڵا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل38

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1013**
**چیای ئەرزێ مووی بزنێ**

[20220927145612436340=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927145612436340)

چیای ئەرزێ
مووی بزنێ
لە کوردەواردا خێڵە کۆچەرییەکان دەوار یان ڕەشماڵ لەسەر زەوی تەخت هەڵدەدەن، چیای ئەرزێ، مەبەست لە دەوارە، مووی بزنێ، مەبەست لەوەیە کە دەوار لە مووی بزن درووست دەکرێت، هەروەها بڵندی ڕەشماڵ بە چیا بەراورد کراوە.
وەڵام (دەوار یان ڕەشماڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل52

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1014**
**چیای زەوییە، مووی بزنە، حیلمی ژنە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728122826425085



چیای زەوییە، مووی بزنە، حیلمی ژنە
حیلم: عیلم یان زانست، چیای زەوییە: واتە: تاوڵ کاتێک لە شوێنێکی تەختیدا هەڵدەدرێ وەک چیایەک وایە، لە مووی بزن درووست دەکرێ ، ئەم پیشەیە ژنان دەیکەن، واتە: ژنان هەڵدەستن بەڕستن و چنینی مووەکە و درووستکردنی تاوڵەکە.
وەڵام (تاوڵ، ڕەشماڵ یان دەوار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1015**
**چیش بە چێشەن زانۆ هەن مەزانۆ چێشەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016213124526411

چیش بە چێشەن
زانۆ هەن
مەزانۆ چێشەن
وەڵام (منداڵ لە سکی دایکدا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل53

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1016**

**چییە ئائەمە وا هەزار دەمە هەر دەمی دووماڵ لێی دەکاگەمە**

[2022121613193545221 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216131935452211)

چییە ئائەمە وا هەزار دەمە
هەر دەمی دوو ماڵ لێی دەکاگەمە
مەبەست لە (پیشک) ی پێچاڵە، (پێچاڵ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ چنینی شاڵ، جاجم بەکاردێ) ئائەمە چییە وا هەزار دەمە، مەبەست لە پیشکە، (پیشک: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە چەرم و ئاسنی دانداناویی وەک شانە دەروستدەکرێ، بۆ سفتکردنی چنراو بەکاردێ) هەموو ماڵێک کە پێچاڵی هەبێت کاری پێدەکا. وەڵام (پیشکی جۆڵایی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل39

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1017**

**چییە بزووکی سواری نەزۆکی لەسەر نەزۆکی سواری برۆکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127202401448146

چییە بزووکی سواری نەزۆکی
لەسەر نەزۆکی سواری برۆکی
بزووک: زیرەک و پڕ جووڵە بۆ کەس بەکاردێ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) نەزۆک: بۆ گیانلەبەرێک بەکاردێ کە نەتوانێ زاوزێ بکات. برۆک: مەبەست لە رۆشتنە. چییە بزووکی سواری نەزۆکی، واتە: کەسێک سواری پشتی ئێسرێک بووە، (ئێسر: توانای زۆربوون و وەچەخستەوەی نییە) لەسەر نەزۆکی سواری برۆکی، واتە: کەسێک سواری پشتی ئێستر بووە و دەڕوا. وەڵام (پیاوێک بەسواری ئێسترەوە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل23

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1018**
**چییە بێ سەر ئەچی بەڕاوە چوار پای هەس دایم وا لە هەواوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927080246523559](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927080246523559)

چییە بێ سەر ئەچی بەڕاوە
چوار پای هەس دایم وا لە هەواوە
بەڕاوە: بەڕێوە، بۆ ڕۆشتنی کەسێک یان شتێک بەکاردێت، هەس: هەیەتی، دایم: هەمیشە. مەبەستی مەتەڵەکە مەشکەیە، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ و گرتنی کەرە بەکاردێت، لە پێستی بزن یان کەڵەکێوی درووست دەکرێت) ، چییە بێ سەر ئەچێ بەڕاوە، واتە: ئەو شتە چییە کە سەری نییە و دەڕوا، مەبەست مەشکەیە لەکاتی ژەنیندا، هەروەها بە چوار پێ هەڵواسراوە. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل50

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-27
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1019**

**چییە چییە ئەوە چییە؟ بەرۆژ هەیە و بەشەو نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921220917522314

چییە چییە ئەوە چییە؟
بەرۆژ هەیە و بەشەو نییە
بە وشەی پرسی چییە، مەتەڵساز دەستپێدەکات، مەبەست لە سێبەرە، (سێبەر: لە ئەنجامی بەرکەوتنی تیشکی خۆر لە تەنە ڕەقەکان، لە کاتی ڕۆژدا سێبەر درووستدەبێت) ، بەرۆژ هەیە و بەشەو نییە، واتە: تەنیا سێبەر لەکاتی ڕۆژدا بوونی هەیە.
وەڵام (سێبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 31

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1020**
## چییە چییە گۆشت ملیچییە دەزانی هەیە، نازانی چییە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927205435523678

چییە چییە گۆشت ملیچییە
دەزانی هەیە، نازانی چییە
ملیچ: ملیچک یان کێشکە، چۆلەکە (فەرهەنگی شێخانی) ، چییە چییە گۆشت ملیچییە، مەبەست لە منداڵی ناو سکی دایکە، لەسەرەتای درووستبوونیدا بەقەدەر چۆلەکەیەک دەبێت، دەزانی هەیە، نازانی چییە، واتە: دەزانرێت کە دایکەکە سکی هەیە، بەڵام نازانرێت کە کورە یان کچ. وەڵام (منداڵی سکی دایک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل53

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1021**

## چییە لە ئاسمان ناڕوا لەسەر زەوی دەگەڕێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107222531444038

چییە لە ئاسمان ناڕوا، لەسەر زەوی دەگەڕێ.
مەتەڵەکە ڕاستەوخۆ بە پرسیار دەستی پێ کردووە، مەتەڵساز پرسیار لە گوێگردەکات، بۆ ئەوەی وەڵام بدۆزیتەوە، چییە لە ئاسمان ناڕوات، مەبەست لە خۆرە، لەسەر زەوی دەڕوات، مەبەست لە تیشکی خۆرە کە بەهۆی خولانەوەی زەوییەوە، واهەست دەکەین دەجووڵێ. وەڵام (تیشکی خۆر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل75

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1022**
**چییە هەردەم لە ماڵە دەمێ شەکرە و دەمێ تاڵە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107220721444014](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107220721444014)

چییە هەردەم لە ماڵە
دەمێ شەکرە و دەمێ تاڵە
چییە هەردەم لە ماڵە، مەبەست لە زمانی مرۆڤە، لە سەرەتا تا کۆتایی تەمەن لەناو دەمدایە، دەمیش بە ماڵ چووێنراوە، دەمێ شەکرە و دەمێ تاڵە، واتە: دەمێک قسەی باشی پێدەکرێ کە بەشەکر چووێنراوە، دەمێ قسەی خراپی پێدەکرێ کە بە تاڵی چووێنراوە. وەڵام (زمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولآت: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل75

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1023**

**چییە وەک زۆرداری تەماعکارە زکی پڕە لە ئاو، لێوی وەبارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927080448523560

چییە وەک زۆرداری تەماعکارە
زکی پڕە لە ئاو، لێوی وەبارە
مەبەست لە گۆزەیە: (گۆزە: لە قوڕ دروست دەکرێت و سوور دەکرێتەوە، ئاوی تێدەکرێت) ، چییە وەک زۆرداری تەماعکارە، مەبەست لە گۆزەیە، زکی پڕە لە ئاو، واتە: گۆزەیەک کە پڕ دەکرێت لە ئاو، لێوی بەبارە، واتە: گۆزە کە ئاوی تێدەکرێت، لێوەکەی تەڕ دەبێت. وەڵام (گۆزەی پڕ لە ئاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل44

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1024**

**چێژ چنارا، سەرش خەرمانا**

20231013100037525930=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چێژ چنارا، سەرش خەرمانا.
وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل10

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1025**

**چێشا لەمەو ئەدیش نەبەر مەی مازیو وێش کڵاشۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231014222023526257

چێشا لەمەو ئەدیش نەبەر مەی مازیو وێش کڵاشۆ.
وەڵام (شقارتە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل34

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-14

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1026**
**چێوی ئامە، ئائی نەنە سەری چەشمەش ئائونەنە چێشا چێشا مەوزووش پەنە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013193004526023

چێوی ئامە، ئائی نەنە
سەری چەشمەش ئائونەنە
چێشا چێشا مەوزووش پەنە
وەڵام (زۆڕنا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل28

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1027**
**چێوێما هەن گران مایە، پەنج سەرێنێ و حەفدە پایە، هەشت جەرۆجیار نۆ جە سایە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016214520526416
چێوێما هەن گران مایە، پەنج سەرێنێ و حەفدە پایە، هەشت جەرۆجیار نۆ جە سایە.
وەڵام (نوێژ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل56
کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1028**

**چەرم و ئاسن و کوودووڵە سەرگەورە کردییە قولا تێیدەخەن ڕەشی دوولا هەڵی بێنە هەموو لا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216131252452207

چەرم و ئاسن و کوودووڵە، سەرگەورە کردییە قولا
تێیدەخەن ڕەشی دوولا، هەڵی بێنە هەموو لا
مەبەست لە تەونە، (تەون: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ چنینی فەرش بەکاردێ) چەرم و ئاسن کوودووڵە، مەبەست لەو ئامیری (پیشکە) ە کە تانوپۆی فەرشێ پێ سفت دەکرێ، سەرگەورە کردییە قولا، مەبەست لە (گورد) ی تەونە، تێیدەخەن ڕەشی دوو لوولە. مەبەست لە (مەکۆ) یە، هەڵیبێنە هەموو لا، واتە: گوێگر وەڵام بزانە. وەڵام (تەون) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چایخانەی: محەمەدی، سەقز، ل39

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1029**

**چەرم و ئاسن کدوولە وێ دێخن ڕەشی دوو لوولە سەرگەورە کردییە قوولە**

[2023010312581145617З=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103125811456173)

چەرم و ئاسن کدوولە
وێ دێخن ڕەشی دوو لوولە
سەرگەورە کردییە قوولە

مەبەست لە ئامیری پیێچاڵە، (پێچاڵ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، کاری چنینی پێئەنجامدەدرێ) چەرم و ئاسن کدوولە، مەبەست لە پێچاڵە، وێ دێخن ڕەشی دوو لوولە، (وێ دێخن: تێیدەخەن) مەبەست لە مەکۆیە، بەهۆیەوە کاری چنین لە پێچاڵدا ئەنجامدەدرێ، سەرگەورە کردییە قوولە، ئامێری پێچاڵ لەکاتی کارکردندا دەنگێکی لێوەدێ، بە دەنگی قوولە چوێنراوە. وەڵام (پێچاڵ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل170.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1030**

**چەرمگە بەفر نییە ڕەگی هەس دار نییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126174352447848](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221126174352447848)

چەرمگە بەفر نییە
ڕەگی هەس دار نییە
چەرمگ: مەبەست لە ڕەنگی سپییە (فەرهەنگی خاڵ) ، هەس: هەیە. چەرمگە بەفر نییە، مەبەست لە ددانی دەمی مرۆڤە کە ڕەنگی وەک بەفر سپییە، ڕەگی هەس دار نییە، هەموو دارێک لە سرووشتدا ڕەگی کە خۆڵدا هەیە، ڕەگی دار لە مەتەڵەکەدا بە ڕەگی ددان چووێنراوە. وەڵام (ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل24

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1031**

**چەرمگە وەک پەنیر ڕەشە وەک قیر ئەڕوێ وەک تیر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917211340521143

چەرمگە وەک پەنیر
ڕەشە وەک قیر
ئەڕوێ وەک تیر
چەرمگ: ڕەنگی سپی (فەرهەنگی خاڵ) ، پەنیر: بەرهەمی سپیایی ئاژەڵ، چەرمگە وەک پەنیر، مەبەست لە سپێنەی چاوی مرۆڤە کە وەک پەنیر ڕەنگی سپییە، ڕەشە وەک قیر، مەبەست لە گلێنەی چاوە کە لە ڕەشیدا بە ڕەنگی قیر چووێنراوە، ئەڕوێ وەک تیر، واتە: وەک تیر دەڕوات و دوور دەبینێت. وەڵام (چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل16

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1032**

**چەرمم دەرهێنا ڕەق لەگەڵ هات لەناو مووم نا دووجاری پیاهات لەگەڵ دەرهێنان ئاوی لەگەڵ هات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108203213444307

چەرمم دەرهێنا ڕەق لەگەڵ هات
لەناو مووم نا، دووجاری پیاهات
لەگەڵ دەرهێنان ئاوی لەگەڵ هات

چەرمم دەرهێنا، مەبەست لە کلدانە، (کلدان: کلی تێدایە، لە کوردەواردا ژنان و کچان بۆ خۆڕازاندنەوە چاوی پێدەڕێژن) ڕەق لەگەڵ هات، مەبەست لە (مێل) ە، (مێل: کلی پێ لە کلدان دەردەهێنرێ، دارێکی بچووکی باریکە، هەندێکجار لە شاخی ئاژەڵ درووست دەکرێ، لەناو مووم نا، دووجار پیاهات، واتە: مێلێک کلم هێنا بەناو پێڵوو برژانگی چاومدا، لەگەڵ دەرهێنان ئاوی لەگەڵ هات، واتە: کە چاوم ڕشت، چاوم پربوو لە ئاو. وەڵام (چاوڕشتن بە کل) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل76

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1033**

**چەرمی خاوە، لە ئاوم ناوە، قەت نەتواوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728123611425087



چەرمی خاوە، لە ئاوم ناوە، قەت نەتواوە

مەشکە لە پێستی بزن، گوێرەکە یان گا درووست دەکرێ ، مەشکەکە ئەگەر بەکارنەیەت ڕەق دەبێت و دەخرێتە ناو ئاوەوە بۆ ئەوەی نەرم بێتەوە، ئاشکراشە چەرم بە ئاو نەرم دەبێتەوە، واتە: مەشکە ڕەقەکەم خسووەتە ناو ئاو، بۆ ئەوەی نەرم بێتەوە و بەکاری بێنم. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1034**

**چەرمە نەرمە گەرمە دۆخین بکەوە و تێی بەربە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127201921448144

چەرمە نەرمە گەرمە
دۆخین بکەوە و تێی بەربە
مەبەست لە گیپەیە، (گیپە: خواردنێکی کەلەپووری کوردییە، لە ورگی ئاژەڵ و برنج درووستدەکرێ) چەرمە، مەبەست لە ورگی ئاژەڵە، نەرمە و گەرمە، واتە: گیپە لە کاتی کوڵاندا هەم نەرمە و هەم گەرمە، دۆخین بکەوە و تێی بەربە، (دۆخین: بەنەخوێن) واتە: بەئارەزووی خۆت دانیشە و بخۆ. وەڵام (گیپە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل24

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1035**

**چەس ئەو شتە، بەبێ دەست و پا ئەڕوێ لە زەوی ئەفڕێ لەبەر با**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916102022520890

چەس ئەو شتە، بەبێ دەست و پا
ئەڕوێ لە زەوی ئەفڕێ لەبەر با
چەس: چی. مەبەست لە دەسک و سندۆڵە، (دەسک و سندۆڵ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کوتانی دانەوێڵە بەکاردێت) چەس ئەو شتە بێ دەست و پا، مەبەسی لە سندۆڵە، ئەڕوێ لە زەوی، مەبەست لە دانەوێڵەیە، ئەفڕێ لەبەر با، مەبەست لە دەسکی سندۆڵە کە دانەوێڵەی پێدەکوتن. وەڵام (دەسک و سندۆڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل8

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1036**

**چەس بێ زوان قسە دەکا سەد حیکایەت بەیان دەکا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924223342523212](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924223342523212)

چەس بێ زوان قسە دەکا
سەد حیکایەت بەیان دەکا
چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، بەیان: ئاشکراکردن، زوان: زمان، بێ زوان قسە دەکا، واتە: پەرتووک زمانی نییە، بەڵام بابەتی تێدا نووسراوە بۆ خوێندنەوە، سەد حیکایەت بەیان دەکات، واتە: لەگەڵ ئەوەدا زمانی نییە، سەد چیرۆک و حیکایەتی تێدایە، لە ڕێی خوێندنەوەوە ئاشکرا دەکرێت. وەڵام (پەرتووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل41

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1037**
**چەس تا ئەنگوست نەکەیتە چاوی دەم ناکاتەوە، درووست حەساوی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912221004520301

چەس تا ئەنگوست نەکەیتە چاوی
دەم ناکاتەوە، درووست حەساوی
چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ئەنگوست: پەنجە یان قامک. مەبەست لە مقەستە، (مقەست ئامێرێکی دەستییە بۆ بڕینی قەماش بەکاردێت) واتە: تا کەسێک بە پەنجە مقەست نەگرێت، دەمەکەی ناکرێتەوە و توانای قوماش بڕینی نییە.
وەڵام (مقەست) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل20

کاتی تۆمارکردن: 12-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1038**
**چەس تا کلکی نەگری، سەر بە ماڵدا ناکات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924224016523215

چەس تا کلکی نەگری، سەر بە ماڵدا ناکات.
چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەبەست لە کەوچکی نانخواردنە، تا کلکی نەگری، واتە: تا کەسێک کلکی کەوچک بە دەستییەوە نەگرێت، سەری بە ماڵدا ناکات، واتە: پڕ لە خواردن نەکرێت، نابرێت بۆ دەم، لە مەتەڵەکەدا دەم بە ماڵ بەراوردکراوە. وەڵام (کەوچک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل41

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1039**

## چەس خاوەنی چەن کونایە کاری ناڵین و هەرایە خورد و خۆراکی بایە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002220825524500

چەس خاوەنی چەن کونایە
کاری ناڵین و هەرایە
خورد و خۆراکی بایە

چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، چەس خاوەنی چەند کونایە، مەبەست لە نەیە، (نەی: ئامێریکی موزیکیی کەلەپووریی کوردییە، لە قامیش درووستدەکرێت و چەن کوونێکی تێدایە و فووداره) ، کاری ناڵین و هەرایە، مەبەست لە کاتی ژەنینییەتی، خۆراکی بایە، واتە: بە فوو کاردەکات و دەژەنرێت. وەڵام (نەی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل55

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1040**

**چەس قسە ئەکا، زوانی نییە مووچیارێی ئەکا و بەیانی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912221216520302

چەس قسە ئەکا، زوانی نییە
مووچیارێی ئەکا و بەیانی نییە
چەس: چییە. مووچیارێی: ئامۆژگارێی. زوان: زمان (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) چەس قسە ئەکا زوانی نییە، واتە ئەو شتە چییە قسە دەکات و زمانی نییە، مەبەست لە پەرتووکە، زانیاریت فێردەکات بەڵام زمانی نییە، مووچیاری ئەکا و بەیانی نییە، واتە پەرتووک ئامۆژگاری خەڵکی دەکات. وەڵام (پەرتووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل20

کاتی تۆمارکردن: 12-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1041**

**چەس نووکی تەڕ نەویٚ مەردووم کویٚر و کەڕ ئەویٚ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923192225522815

چەس نووکی تەڕ نەویٚ
مەردووم کویٚر و کەڕ ئەویٚ
چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەردووم: خەڵک. نووکی تەڕ نەویٚ، مەبەست لە قەڵەم یان نووکی قامیشە کە بە مرەکەب شتی پێدەنووسرێت، مەردووم کویٚر و کەڕ ئەویٚ، واتە: خەڵکی نەخوێنەوار وەک کوێر وایە، مەبەست لەوەیە گەر خەڵکی خوێنەوار نەبێت و فێری نووسین و خوێندنەوە نەبێت، وەک ئەوەیە لە دنیادا کوێر بێت. وەڵام (نووکی قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل36

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1042**

**چەس هەرچی خۆرەتاو بەرز دەبێتەوە، ئەو کووڵ ئەبێتەوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921221534522318](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921221534522318)

چەس هەرچی خۆرەتاو بەرز دەبێتەوە، ئەو کووڵ ئەبێتەوە.
چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، کووڵ: کوورتەبنە. سرووشت وایە، بەرۆژ تیشکی خۆر لە تەنە رەقەکان بدات، سێبەری بۆ درووستدەکات، هەتا تیشکی خۆی بەلاری لە تەنەکان بدات، سێبەرەکەی درێژ دەبێت بەڵام ئەگەر تیشکی خۆی ستوونی بێت، سێبەر کوورتتر دەبێت. وەڵام (سێبەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 31

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1043**

**چەس وا دایم پێ دەم ئەدوێ هەر قسە دەکا، قسە ناژنەوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924223816523214

چەس وا دایم پێ دەم ئەدوێ
هەر قسە دەکا، قسە ناژنەوێ

ناژنەوێ: بۆ کەسێک بەکاردێت کە گوێ نەگرێ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، دایم: هەمیشە، چەس وا دایم پێ دەم ئەدوێ: مەبەست لە پەرتووکە کە بەردەوام نووسنی تێدایە و دەتوانرێت بخوێنرێتەوە، هەر قسە دەکات و قسە ناژنەوێ، واتە: بەردەوام دەخوێنرێتەوە و گوێ ناگرێت. وەڵام (پەرتووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل41

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-24

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1044**

**چەس وا یاران عەیانی دەکەن تا بگەینەیەک بەیانی دەکەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921220735522313

چەس وا یاران عەیانی دەکەن
تا بگەینەیەک بەیانی دەکەن
چەس: چییە، یاران: دۆست و ئاشنا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، عەیان: ئاشکرا (فەرهەنگی شێخانی) ، بەیان: ڕوون و ئاشکرا (فەرهەنگی وشەنامە) ، چەس وا یاران عەیانی دەکەن، مەبەست لە سڵاوکردنە، تا بگەینەیەک بەیانی دەکەن، واتە: کاتێک دۆست و ئاشناکان دەگەن بەیەک، سڵاو لەیەکدەکەن. وەڵام (سڵاوکردن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 30

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1045**
**چەس ڕیشی لە خۆی درێژترە**

[20230921221323522317=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921221323522317)

چەس ڕیشی لە خۆی درێژترە.
چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) چەس ڕیشی لەخۆی درێژترە، مەبەست لە گەنمەشامییە، گەنمەشامیی پێشی دەوترێت: گوڵەکابە، گوڵی گەنمەشامی بە بەرگێکی جیری چەند لۆ داپۆشراوە، لەکاتی پێگەیشتنیدا ڕیشاڵێکی سپی دەردەکات، لە مەتەڵکەدا بە ڕیش چوواندوویەتی. وەڵام (گەمنەشامی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 28

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1046**

**چەس کاتێ دەم ئەکاتەوە، قسە لەبیرئەباتەوە خۆی ئەکەوێتە قسەکردن، بێ ئەوەی لێو بواتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924223611523213

چەس کاتێ دەم ئەکاتەوە، قسە لەبیرئەباتەوە
خۆی ئەکەوێتە قسەکردن، بێ ئەوەی لێو بواتەوە
چەس: چییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەبەست لە پەرتووکە، کاتێ دەم ئەکاتەوە قسە لەبیرئەباتەوە، واتە: ئەو کاتەی کەسێک دەست بە خوێندنەوەی پەرتووکێک دەکات، ئیتر واز لە قسەکردن دێنێت، هەروەها پەرتووک کاتێک دەخوێنرێتەوە، کەسەکە تەنیا لێو دەجوولێنێت و دەنگی نایەت. وەڵام (پەرتووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل41

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-24

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1047**
**چەس کاتێ دەمەوخوارە پڕە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924224259523217](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924224259523217)

چەس کاتێ دەمەوخوارە پڕە.
مەبەست لە کڵاوە، (کڵاو بەرگێکی کەلەپووری کوردییە، پیاوان لەگەڵ شەدە و مشکی، هەروەها ژنانیش لەگەڵ سەروبەست لەسەری دەنێت) ، کاتێ دەمەوخوارە پڕە، واتە: کڵاو ناوەکەی بۆشە، کاتێک لەسەر دەکرێت، بەهۆی سەرەوە ناوەکەی پردەبێتەوە. وەڵام (کڵاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل42

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2023
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1048**

**چەفت چەفتان چەفتەچوو ئەرجن خوارزای موەکل، برای دێو و جن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927075712523557

چەفت چەفتان چەفتەچوو ئەرجن
خوارزای موەکل، برای دێو و جن
جەفت: لار یان خوار و چەوت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، ئەرجن: جۆرێک دارە لە بێشەدا دەڕوێت، وەک داری قەیسی وایە بەڵام سەخت و توندە (فەرهەنگی ڕێژگە) ، خوارزا: خوشکەزا، مەبەستی مەتەڵەکە مارە، شێوەی لە ڕۆشتندا خوار و چەوتە، هەروەها لەبەر ئەوەی پێوەدەدات و کوشندەیە، بە برای دێو و جنۆکە چووێنراوە. وەڵام (مار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل47

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1049**
**چەقماقە چەقولەقە هەرچی دەستی بداتێ ئەحمەقە**

[20221107220219444006=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107220219444006)

چەقماقە چەقولەقە
هەرچی دەستی بداتێ ئەحمەقە
چەقماقە: مەبەست لە دووپشکە، چەقولەق: واتە: ڕەق و تەقە و گۆشتی پێوەنییە، لە ڕۆشتندا چەقولەق دەڕوا، هەچی دەستی بداتێ ئەحمەقە، واتە: هەر کەسێک نەزانانە دەست بۆ دووپشک بەرێ، دووپشکەکە پێوەی دەدات و تووشی زیانی دەکات. وەڵام (دووپشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل72

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1050**

**چەقەڵە و پەشتەو وەزان دۆێشامەگێری دوێشمەلەرزان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016210046526383

چەقەڵە و پەشتەو وەزان
دۆێشامەگێری دوێشمەلەرزان
وەڵام (گوانی مانگا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل46

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1051**

**چەماوەی چەماوە مردوو زیندووی لێناوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107220450444010

چەماوەی چەماوە
مردوو زیندووی لێناوە
چەماوەی چەماوە، مەبەست لە قەفەزی کەوە کە لە جۆرێک داری باریکی لووس درووستدەکرێ و دارەکان دەچەمێنرێتەوە، بۆ ئەوەی دیمەنێکی جوان بە قەفەزەکە بدات، مردوو زیندووی لێناوە، واتە: قەفەز بە شتێکی مردوو دانراوە هەروەها کەو کە لەناویایەتی بە شتێکی زیندووە. وەڵام (قەفەزی کەو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل72

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1052**

**چەند درێژ بێت کورت دەبێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221107221818444029

چەند درێژ بێت، کورت دەبێ.
مەبەست لە تەمەنی مرۆڤە، هەموو کەسێک ئارەزوو دەکات تەمەنی درێژ بێت، چونکە مرۆڤ یەکجار دەژیی، چەند درێژ بێت، مەبەست لە تەمەنی کەسێکە کە چەندە درێژ بێت، کورت دەبێ، واتە: کەسەکە لەوسەرەوە لە تەمنی دوایی کەم دەبێتەوە. وەڵام (تەمەن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل73

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1053**
**چەند دەوران دەورێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925224916436221](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925224916436221)

چەند دەوران دەورێ
دوو ئاوی جامێ
نەباریوە لە هەورێ
چەند دەوران دەورێ واتە: لە مێژوویەکی دێرینەوە، دوو ئاوی جامێ، مەبەست لە زەردێنە و سپێنەی هێلکەیە لەناو تونێکڵەکەیدا کە بە جام چووێنراوە، نەباریوە لە هەورێ، واتە زەردێنە و سپێنە کە شلە وەک ئاو لە ئاسمانەوە نەباریوە. وەڵام (هێلکە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل50

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1054**

**چەند عەجەب و دڵگیرە دایکی جوان و کوڕی پیرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927080001523558

چەند عەجەب و دڵگیرە
دایکی جوان و کوڕی پیرە
عەجەب: سەرسوورهێنەر یان سەیر و سەمەرە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، چەند عەجەب و دڵگیرە، مەبەست لە لۆکەیە، (لۆکە بەری ڕووەکی لۆکەیە، لەکاتی پێگەشتیندا قۆزاخەکەی دەتەقێت و لۆکەی سپی لێدێتەدەر) ، دایک جوان، مەبەست لە ڕووەکی لۆکەیە، کوڕ پیرە، مەبەست لە لۆکەیە کە لە سپێتیدا بە ڕیشی کەسێکی پیر چووێنراوە. وەڵام (لۆکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل47

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1055**

**چەندی بدەیتێ تێرنابێ**

[20221107222318444036=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221107222318444036=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

چەندی بدەیتێ تێرنابێ.
مەبەست لە چاوی مرۆڤە، مرۆڤ مێژوویەکی زۆر درێژ لەسەر زەوی گەرۆک بووە و دوای سەدان هەزار ساڵ بەشێنەیی جێگیر دەبێت، چەندی بدەیتێ تێرنابێ، واتە: مرۆڤ چەندە شوێنی جیاواز ببینێ، چاوی تێر نابێت، هەر ئارەزووی بینینی جێگای زیاتر دەکات. وەڵام (چاو) .

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل72

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1056**

**چەندی لێبدەی گەورە دەبێ**

2022110722202444033=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چەندی لێبدەی گەورە دەبێ.

(لێبدە: هەڵکەنە یان قوڵبکە) لە ناوچەی قەڵادزێ و دەوروبەری گەر کەسێک بە کەسێک بڵێ: بیرەکە هەڵکەنە یان قوڵی بکە، دەڵێت: لێی بدە. چەندی لێبدەی، واتە: کەسێک چەندە بیرێک هەڵکەنێت و قوڵی بکات، لەناووەوە ئەوەندە بیرەکە گەورە و فراوان دەبێت.. وەڵام (بیر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل73

کاتی تۆمارکردن: 07-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1057**

**چەوت و چێڵ و چەماوە لاشەی بێ گۆشت سەری بێ چاوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216131558452208](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216131558452208)

چەوت و چێڵ و چەماوە
لاشەی بێ گۆشت سەری بێ چاوە
مەبەست لە گۆچانە، (گۆچان: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، کەسانی پیر و بەتەمەن دەتوانن بەهۆیەوە بەڕێگەدا بڕۆن، گۆچان دەسکەکەی چەماوەیە و لە کوردەواردا پێی دەوترێ: (کامە) عەلی مەردان لە یەکێک لە گۆرانییەکانیدا دەڵێت: (پشتم چەوت بوو چەماوە، هەروەکوو کامەی گۆچان) ، چەوت و چێڵ و چەماوە، واتە: گۆچان، لاشەی بێ گۆشت سەری بێ چاوە، واتە: گۆچان دارێکی ڕێکی پتەوە، سەرێکی کەوانەیی هەیە. وەڵام (گۆچان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل41

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1058**

**چەوت و چێڵ و چەمییە، وشک و ڕەق و بێ دییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821093336429405

چەوت و چێڵ و چەمییە
وشک و ڕەق و بێ دییە
چەوت و چێڵ و چەمەندە
لاشەیە بێ ئێسقان، سەری بێ دیدە

چەوت و چێڵ: چەوت و چەماوە، چەمییە: چەماوە، چەوت و چێڵ و چەمییە، مەبەست لە گۆجانە کە دەسکەکەی چەماوەتەوە، لە کوردەواردا پێی دەوترێ: (کامە) عەلی مەردان لە یەکێک لە گۆرانییەکانیدا دەڵێت: (پشتم چەوت بوو چەماوە، هەروەکوو کامەی گۆچان) وشک و ڕەق و بێ دییە واتە: گۆچان دارێکی ڕەق وشکە کەسی نابینا بۆ ڕۆشتین بەکاری دێنێ. وەڵام (گۆچان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1059**

**حاجی بەڕۆژووە، پیاز ئاو دەخواتەوە و ڕۆژووەکەی ناشکێت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231213211741536596

حاجی بەڕۆژووە، پیاز ئاو دەخواتەوە و ڕۆژووەکەی ناشکێت.
حاجی: پێگەیەکی ئایینییە، بە کەسێک دەوترێت لە چوویێتە حەج، ڕۆژوو: نەریتێکی ئایینییە، کەسی ئیماندار بە ڕۆژ نان ناخوات، مەتەڵساز مەتەڵەکە بەخێرایی دەردەبڕێت، بۆ ئەوەی سەر لە گوێگر تێکبدات، ئەگینا پیاز ئاو بخواتەوە، هەق بەسەر حاجییەوە چییە کە بەڕۆژووە. وەڵام (پیاز ئاودەخواتەوە، حاجی بەڕۆژووە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی پێشینان، مەتەڵی کوردەواری، ع.ع.شەونم، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی، 1989، ل8.

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1060**
**حاجییە و حەجی نەکردووە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230625122823500907](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230625122823500907)

حاجییە و حەجی نەکردووە.
حاجی: بەو کەسە ئیماندارە دەوترێت کە ساڵانە جارێک دەچێتە شارەکانی مەکە و مەدینە، بۆ بەجێگەیاندنی حەج. بەڵام مەتەڵەکە مەبەستی لە کوڵلەحاجییە (کوڵلەحاجی: جۆرێک کوڵلەی گەورەیە، لە شیوەزاری کرمانجی ناوەند پێی دەوترێت: کوڵلەحاجی) . وەڵام (کوڵلەحاجی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال سەگرمە ل81

کاتی تۆمارکردن: 25-06-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1061**
**حازر خۆری بەر سێبە، سەرتاپا کفن لەبەر**
2022073009541642547 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



حازر خۆری بەر سێبە، سەرتاپا کفن لەبەر
بەشی یەکەمی مەتەڵەکە پەندێکی پێشینانە، مەبەستی لە بەفرە کە دەباریٚ کۆتایی بە گەرما دێنێ ، دنیا دەکات بە سێبەر هەروەها کفن ڕەنگە سپییە، لە مەتەڵەکەدا، مەبەستی لە ڕەنگی بەفرە کە دنیا دادەپۆشێ وەکوو کفن سپییە. وەڵام بەفر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1062**

**حاکمە حوکمی نییە، دوو بەرخ دەخوا، ئێسکی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731084902425649

حاکمە حوکمی نییە، دوو بەرخ دەخوا، ئێسکی نییە
حاکمە حوکمی نییە واتە: منداڵ چونکە هەر شتێکی بوێت و ئارەزووی بکات وەک دادوەر دەیدەنێ و بڕیارەکانی بۆ جێبەجێدەکەن، دوو بەرخ دەخوا: مەبەستی لە مەمکی دایکە کە شیرەکەی دەخوا، نەرم و شلە و ئێسکی تیانییە. وەڵام منداڵی ساوا.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1063**

**حساریٚ چووە بازاڕیٚ چەرمە، چوو هەور وەهار، بازاڕیٚ گەرمە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927063744523551

حساریٚ چووە بازاڕیٚ چەرمە، چوو هەور وەهار، بازاڕیٚ گەرمە
خواردنی ڕیختەن ئادەمیزادە، ڕوشدی نۆرە لە خاک ئیجادە
حسار: دیوار. چەرمە: چەرموو سپی، وەهار: بەهار، ڕیختە: شتی ساغ و توند و تۆکمە (فەرهەنگی خاڵ) ئیجاد: بنیات (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەبەست لە دانەوێلەی گەنمە، هەر کاتێک گەنم خرایە ناو سەوداوە، بازاڕی گەرم دەبێت، وەک چۆن هەور لە بەهاردا بازاڕی گەرمە، چونکە خواردنی گرنگ و بنیاتیی مرۆڤە. وەڵام (گەنم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-27
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1064**

**حلول بلول ڕووی لە خولایە**

[20221226091408454154=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226091408454154)

حلول بلول ڕووی لە خولایە.
مەبەست لە کولێنکەی خانووە (کولێنکە: بەو کونە دەوترێ کە لە سەوقی خانوودایە، هەم ڕووناکی و هەم دووکەڵی ئاگردانی لێوەدەچێتەدەر) حلول بلول: دەستەواژەیەکی بێواتایە، بۆ سەروای دێڕی مەتەڵەکە هاتووە، ڕووی لە خولایە، (خولا: خودا) مەبەست لە ئاڕاستەی کولێنکەیە کە بۆ ئاسمانە. وەڵام (کولێنکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەوک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل11

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1065**

**حوشتر و گا لە هەوایە، دایمە لە دەشتە و کون لە پشتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731084045425647

حوشتر و گا لە هەوایە، دایمە لە دەشتە و کون لە پشتە
تاوڵ بەپێی ناوچەکان دەوار یان ڕەشماڵیشی پێدەوترێ ، کاتێک هەڵدەدرێ قەبارەی گەورەیە، بۆیە لە مەتەڵەکەدا بە وشتر یا گا چووێنراوە، هەموو کاتێک لە شوێنی دەشتدا هەڵدەدرێ و چەند کونێکی تیایە بۆ ئەوەی ڕەشەبا نەیبا و لەناوەوەش هەوا بکیشێ. وەڵام تاوڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1066**

**حوشترحەیا لە حەوایە دایم لە دەشتە کون لە پشتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021222408441240

حوشترحەیا لە حەوایە
دایم لە دەشتە
کون لە پشتە
حوشترحەیا: حوشتر ئاژەڵێکی بە ئابڕووە، نێرەی لەگەڵ دایکی جووت نابێ، مەبەست لە ڕەشماڵ یان دەوارە، حوشترحەیا لە حەوا، مەبەست لە ڕەشماڵە کە هەڵدەدرێ و لە گەورەییدا بە حوشتر چووێنراوە، ڕەشماڵیش ئابڕووی خێزانێک کۆدەکاتەوە، دایم لەدەشتە، واتە: لە جێگەیەکدا هەڵدەدرێ کە دەشت بێت و تەختی بێت، کون لە پشتە، واتە: ڕەشماڵ کونکونە. وەڵام (ڕەشماڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل37

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1067**
**حیلەی با یە ڕوو لە خوایە**

20221021222638441242=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

حیلەی با یە
ڕوو لە خوایە
کڵاوڕۆژنە: کونێکە لەناوەڕاستی باندا بۆ ڕووناکی و دووکەڵ لێوەدەرچوون دەهێڵرێتەوە (فەرهەنگی خاڵ) حیلەی بایە، مەبەست لە دووکەڵە کە لە کولێنکە یان کڵاڕۆژنەی بانەوە دەرواتەدەر و دەنگەکەی بە حیلەی ئەسپ بەراوردکراوە، ڕوولە خوایە، واتە: بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە. وەڵام (کڵاوڕۆژنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل37
کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1068**

## حەتەر و مەتەر هەشت پا دیرت، مامە حوتەر دوو پا دیرت حەتا مامە حوتەر حەو نەکونی، حەتەر و مەتەر ڕەو نەکونی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012195959525892

حەتەر و مەتەر هەشت پا دیرت، مامە حوتەر دوو پا دیرت
حەتا مامە حوتەر حەو نەکونی، حەتەر و مەتەر ڕەو نەکونی
حەتەر و مەتەر دەستەواژەیەکە لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە گای جووتکردنە، هەشت پا، واتە: بە جووتە گایەکی جووتکردن، هەشت پێیان هەیە، مامە حوتەر دوو پا دیرت، مەبەست لە جووتیارە کە دوو قاچی هەیە، حەتا مامە حوتەر حەو نەکونی، واتە: هەتا جووتیار هەڵنەستێت و دەست بەکارنەکات، حەتەر و مەتەر ڕەو نەکونی، واتە: جووتەگا دەست بە کێڵان ناکەن. وەڵام (جووتیار و جووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری گەرمیانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: کاروان عوسمان عەلی، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیریی، کەلار، 2009، ل88

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1069**

**حەریوی نمەو نیا، مەمران پاداخە دادەیٚ بزانوو، هەنی چاباخە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013105826525950](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013105826525950)

حەریوی نمەو نیا، مەمران پاداخە
دادەیٚ بزانوو، هەنی چاباخە
وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل17

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1070**

## حەزرەت پەنجەکێش کوڕی چ پێغەمبەرێک بوو

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205100824534000](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205100824534000)

حەزرەت پەنجەکێش کوڕی چ پێغەمبەرێک بوو.

حەزرەت: بۆ کەسێک بەکاردێت کە پێگەی ئاینی زۆر بەرز بێت وەک پەیامبەر. (پەنجەکێش: جۆرێک کولێرەی تەنوورە، پێش ئەوەی بدرێت بە تەنوورەوە، بە قەدەر چوار پەنجەی دەست، شوێنی لە کولێرەکەدا چاڵ دەکرێت) ، مەبەستی مەتەڵەکە پەنجەکێشییە کە بە تەنوور دەبرژێت. کولێر لە مەتەڵەکەدا بە کوڕی حەزرەت چوێنراوە. وەڵام (پەنجەکێشی [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل182

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1071**
**حەسەنۆکەی یەک چاوۆکە**

20230101172003455866=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

حەسەنۆکەی یەک چاوۆکە.
مەبەست لە سووژنە، (سووژن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، سەرێکی تیژە و سەرەکەی تری کونێکی تێدایە بۆ داو پێوەکردن، بۆ دوورینەوەی دەوار، ڕەشکە و گەلێ شتیتر بەکاردێ) حەسەنۆکە، مەبەست لە سووژنە، (ۆکە: پاشگرە دەچێتە سەر ناو و دەیکاتە ناوی بچووککراوە) یەک چاوۆکە، واتە: سووژن یەک کونی تێدایە. وەڵام (سووژن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل161.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1072**
**حەفتا و دوو دەرد دەوا دەکا، خۆی دەوای نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915225950520838

حەفتا و دوو دەرد دەوا دەکا، خۆی دەوای نییە.
دەرد: نەخۆشی، ژان و ئازار (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) حەفتا و دوو دەرد دەوا دەکا، مەبەست لە تلیاکە کە چارەسەری زۆر نەخۆشی و ئازاری پێدەکرێت، (تلیاک: مادەی بێهۆشکەر) خۆی دەوا ناکا، واتە: هەر کەس تلیاک بکێشێت، دەچێتە دۆخێکی نەستی خراپەوە کە چارەسەری نییە. وەڵام (تلیاک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل11

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1073**
**حەفتە و نابێتە هەشت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101171306455864

حەفتە و نابێتە هەشت.
مەبەست لە ڕۆژەکانی هەفتەیە، (حەفت: حەوت) حەفتە و نابێتە هەشت، واتە: بەپێی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی، لە مێژوویەکی کۆنەوە، مرۆڤەکان ڕێکەوتوون کە ڕۆژەکانی ساڵ دابەشبکەن بەسەر دوازدە مانگ، هەر مانگێکیش چوار هەفتە و هەر هەفتەیەکیش حەوت ڕۆژ بێت. وەڵام (ڕۆژەکانی هەفتە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل102.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1074**

**حەمەی لاونیو، هەشت لاقی هەیە بێ موو، گۆشتی ناخورێ بەسەری توو**

[2022072812010542507 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728120105425079)



حەمەی لاونیو، هەشت لاقی هەیە بێ موو، گۆشتی ناخورێ بەسەری توو
حەمەی لاونیو، مەبەستی لە قرژاڵە کە گیانلەبەرێکە لە قەراغ ئاوی شیریندا دەژی، مەبەستی مەتەڵەکە ڕۆشتنەکەیەتی کە لەسەرلا دەڕوات، بێگومان هەشت لاقی بۆ ڕۆشتن هەیە هەروەها لە کوردەواردا گۆشتی ناخورێ. وەڵام (قرژاڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1075**

**حەوایلکە حەوا ئەکا، بەهەر چوار پەل سەما ئەکا، خواردنی کوڕی پاشا ئەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821094838429409

حەوایلکە حەوا ئەکا
بەهەر چوار پەل سەما ئەکا
خواردنی کوڕی پاشا ئەکا
حەوا: ئاسمان، (یلکە) لە زمانی کوردیدا پاشگرێکە بۆ بچووککردنەوەی ناو بەکاردێ، حەوایلکە حەوا ئەکا، مەبەست لە هەنگە کە قەبارەی بچووکە و بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، بە هەر چوار پەل سەما دەکات واتە: بە هەر چووارلادا دەگەڕێ و شیلەی گوڵ دەمژێت، خواردنی کوڕی پاشا دەکات واتە: هەنگوین درووست دەکات کە خواردنێکی گرانبەهایە، کەسی دەوڵەمەند دەتوانێت بیکڕێ. وەڵام (هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1076**
**حەوایلکە حەوادەکا کولێرە لە ژن چاکتردەکا بە باڵ و قاچ سەمادەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226090907454153

حەوایلکە حەوادەکا
کولێرە لە ژن چاکتردەکا
بە باڵ و قاچ سەمادەکات
حەوا: ئاسمان، (یلکە) لە زمانی کوردیدا پاشگرێکە بۆ بچووککردنەوەی ناو بەکاردێ، حەوایلکە حەوادەکا، مەبەست لە هەنگە کە قەبارەی بچووکە و بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، بە هەر چوار پەل سەمادەکات واتە: بە هەر چووارلادا دەگەڕێ و شیلەی گوڵ دەمژێت، کولێرە لە ژن چاکتر دەکات واتە: شانەی هەنگوین درووستدەکات کە خواردنێکی گرانبەهایە، هەروەها شانە بە کولێرە چووێنراوە. وەڵام (هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل11

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1077**

**حەوت بووک هی ماڵێکە هەر حەوتی هی سەرێکە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021223108441255](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021223108441255)

حەوت بووک هی ماڵێکە
هەر حەوتی هی سەرێکە
هەموو ماڵێک کە خاوەن کوڕ و پشت بێت، دەبێتە خاوەن بووک، لە کوردەواردا خێزانەکان کوڕ و بووکیان لەگەڵ خۆیاندا داناوە، حەوت بووک هی ماڵێکە، مەبەست لە حەوت پەڕی نێرگزە، هەر حەوتی هی سەرێکە، واتە: پەڕەکان بە گوڵێکەوەیە کە نێرگزە. وەڵام (گوڵەنێرگز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل37

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1078**

**حەوت بەرێش هەنێ تەنیا شەوێنە یەرێشاژنیا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013204507526046

حەوت بەرێش هەنێ تەنیا
شەوێنە یەرێشاژنیا
وەڵام (سەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل29

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1079**
## حەوت پیتە ناوی جوانی، زۆر تورەیە و شەڕانی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906214906432531

حەوت پیتە ناوی جوانی
زۆر تورەیە و شەڕانی
پەلەوەرێ ڕەنگینە
تەوق سەری پۆپینە
دەڵێن بەشەو مەلایە
ڕۆژبێتەوە زاوایە
مەبەست لە کەڵەشێرە لە پەلەوەرێکی شەڕانی و تووڕەیە، لەگەڵ ئەوەدا ڕەنگین و پۆپنە بەسەرە، بەشەو دەخوێنێ لە مەتەڵەکەدا بە مەلا بەراورد کراوە، هەروەها بە ڕۆژیش بەسەر مریشکدا دەتسێ. وەڵام (کەڵەشێر) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل6

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1080**

**حەوت تاق حەوت نیو تاق حەوت حوجرەی دەروەتاق**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003193803524516

حەوت تاق حەوت نیو تاق
حەوت حوجرەی دەروەتاق
تاق: مەبەست لەو کەلێنەیە کە لە دیواری ژووردا جێدەهێڵرێت، بۆ ئەوەی کەلوپەل و پێداویستی بەردەستی تێدا دابنرێت.
حوجرە: ژووری وانە خوێندنی فەقێیە لە مزگەوت (فەرهەنگی شێخانی) . مەبەستی مەتەڵەکە هەنارە، هەنار بە حوجرە و شوێنی دەنکی هەناریش بە تاق چووێنراوە. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1081**

**حەوت نانی سپی و قتویەکی زەعفەرانی گەر بیزانی خۆت قارەمانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021223321441257

حەوت نانی سپی و قتویەکی زەعفەرانی
گەر بیزانی خۆت قارەمانی
مەبەست لە گوڵی نێرگزە، حەوت نانی سپی، واتە: پەڕەکامی گوڵی نێرگز، قتویەکی زەعفەرانی، مەبەست لە ناوی گوڵی نێرگزە کە ڕەنگی وەک زەعفەران زەردە، گەر بیزانی خۆت قارەمانی، واتە: ئەو کەسەی مەتەڵەکە بزانێ کەسێکی قارەمانە. وەڵام (گوڵەنێرگز).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل37

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1082**
## حەوزی قووڵە دەوری تووڵە

20221127215656448149=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

حەوزی قووڵە
دەوری تووڵە
مەبەست لە چاو و پێڵوە، حەوزی قوڵ، مەبەست لە چاڵی چاوی مرۆڤە کە قوڵە و لە مەتەڵەکەدا بە حەوز چووێنراوە، دەوری تووڵە، مەبەست لە پێڵووی چاوە کە دەوری چاوی داوە، وەکوو چۆن توڵ بەدەوری شتێکدا دێت بۆ ئەوەی بیپارێزێ، بەو شێوەیەش پێڵو چاو دەپارێزێ. وەڵام (چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل25
کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1083**

**حەوزی گۆشتی کەم ئاوە چواردەوری پەرژین کراوە ئەستێرەی گەشی لەناوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127220049448152](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127220049448152)

حەوزی گۆشتی کەم ئاوە
چواردەوری پەرژین کراوە
ئەستێرەی گەشی لەناوە

مەبەست لە چاو و پێڵوی چاوە، حەوزی گۆشتی کەم ئاوە، مەبەست لە چاڵی چاوە کە بە حەوز چوواندوویەتی، هەمیشە کەمێک فرمێسکی تێدایە، چواردەوری پەرژین کراوە، مەبەست لە پێڵوی چاوە کە دەوری چاوی داوە. ئەستێرەی گەشی لەناوە، مەبەست لە چاوە کە بە ئەستێرە چووێنراوە. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل25](#)

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1084**

**حەوزێکم هەیە خڕ و سپی دەرەوەی ڕەقە و ناوەوەی شلی ئاوی دوو جۆرە یەک زەردە یەک سپی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221127215853448150

حەوزێکم هەیە خڕ و سپی
دەرەوەی ڕەقە و ناوەوەی شلی
ئاوی دوو جۆرە یەک زەردە یەک سپی

مەبەست لە هێکلەی مریشکە کە خڕ و سپییە، لە مەتەڵەکەدا بە حەوز چووێنراوە، دەرەوەی ڕەقە، مەبەست لە توێکڵی هێلکەیە، ناوەوەی شلە، مەبەست لە هێلکەیە کە زەردێنە و سپێنەی تێدایە کە بە دوو جۆر ئاوی زەرد و سپی ئاماژەی پێکراوە. وەڵام (هێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل26

کاتی تۆمارکردن: 27-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1085**
**حەوزە قووڵە دەوری تووڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912221503520303

حەوزە قووڵە
دەوری تووڵە
حەوز بە جێگەیەک دەوترێت کە قووڵ بێت و ئاوی تێبکرێت، واتە: حەوز دەشێ بەردەوام تەڕ بێت، لە مەتەڵەکەدا حەوز لە چاڵی و تەڕییدا بە چاو چووێنراوە، هەروەها چاو پێڵوی سەر و خواری هەیە، بە تووڵی دەوری حەوز چووێنراوە بۆ ئەوەی شتی تێنەکەوێت. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل13

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1086**

**حەوسەد و دوو مەڕ، بە هەمووان سێ سەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731085111425650

حەوسەد و دوو مەڕ، بە هەمووان سێ سەر
حەوسەد: ناوێکی تایبەتییە لە ناوچەی بیتوێن و پشدەر بە تایبەت ناوچەی ئاکۆیەتیی بۆ ژن بەکاردێ، حەوسەد لەگەڵ دوو مەڕ، دەکاتە سیان، بە هەمووان سێ سەر، واتە: بە ژنەکە و دوو مەڕەکە سێ سەریان هەیە. وەڵام حەوسەد لەگەڵ دوو مەڕ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1087**

**حەوشە ڕەشەی جرت و فرت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021223556441258

حەوشە ڕەشەی جرت و فرت.
ساج: دەفرێکی پەلی قوڵی ئاسنە، بۆ برێشکە برژاندن بەکاردێت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) هەمیشە لەسەر ئاگری دار دادەنرێت و ڕەنگی ڕەش دەبێت، حەوت ڕەشەی جرت و فرت، مەبەست لە کاتی برژاندنی برێشکەیە (برێشکە: گەنمی برژاو کە لەسەر ئاگر دادەنرێت دەنکە گەنمەکان دەتەقن و دەبرژێن. وەڵام (پریشکی ناو ساج) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل37

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1088**

**حەڤدە گەڵا هەن, هەشتیان لە تاوێن و نۆیان لە سێبەرێن**

2022080812090342723O=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

حەڤدە گەڵا هەن، هەشتیان لە تاوێن و نۆیان لە سێبەرێن.
حەڤدە گەڵا هەن مەبەست لە حەڤدە ڕکاتی نوێژە لە ڕۆژێکدا، هەشتیان لە تاوێن (تاو: خۆر) واتە: هەشت ڕکاتیان بەرۆژ دەکرێ واتە: کاتێک خۆر دیار بێت، نۆیان لە سێبەرێن، واتە: نۆ ڕکاتیان بەشەو دەکرێ، کاتێک خۆر دیارنەمێنێ. وەڵام (نوێژ) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1089**
**حەڵوای تەنکە نانی هەتا نەیخۆی نازانی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021222852441243](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021222852441243)

حەڵوای تەنکە نانی
هەتا نەیخۆی نازانی
شلکێنە: جۆرە نانێکی کوردەوارییە، هەویرەکەی بە کەوچک دەکرێتەسەر ساج، پاندەکرێتەوە و دەبرژێنرێت (فەرهەنگی خاڵ) حەڵوای تەنکەنانی، مەبەست لە شلکێنەیە، هەتا نەیخۆی نازانی، واتە: تا کەسێک نەیخوات نازانێت تام و لەزەتی چۆنە.
وەڵام (شلکێنە). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل37

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1090**

**حەڵوای سەربنجی دەخۆی یان گووی مێرووە قنجی**

[2023010117164345586=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101171643455865)

حەڵوای سەربنجی دەخۆی یان گووی مێرووە قنجی.
مەبەست لە دوو شتی جیاوازە کە گووی سەگ و هەنگوینە، حەڵوای سەربنجی دەخۆی، (حەڵوا: خواردنێکی کەلەپووری کوردییە لە ئارد و ڕۆن و شەکر درووستدەکرێ. سەربنج: ئەو جێگەیەی کە ئاژەڵی سەگ پیسایی لێدەکا) مەبەست لە گووی سەگە کە بە حەڵوا چووێنراوە. گووی مێرووە قنجی، مەبەست لە هەنگوینی مێشهەنگە کە بە گووی مێروو چووێنراوە. وەڵام (گووی سەگ و هەنگوین) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل83.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1091**

**حەی لە سەر حەی، لە ئەرزە حەی، بە ئەمری خوای**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728121108425080



حەی لە سەر حەی، لە ئەرزە حەی، بە ئەمری خوای
حەی لەسەر حەی، مەبەستی قامیشە کە گرێ گرێیە و چین لەسەر چین ڕاوەستاوە، لە ئەرزە حەی: واتە: لە زەوییەوە شین دەبێ، لە قەراغ چەم و ڕووبارەکاندا دەڕوێ ، بە ئەمری خوای: واتە بە فەرمانی خوا بە سرووشتی دەروێ. وەڵام (قامیش) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1092**

**حەیوانێ چاخە فرە نازەریف هەڵیگەڕنیتەو خۆی ئەوێتە لیف**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922200623522577

حەیوانێ چاخە فرە نازەریف
هەڵیگەڕنیتەو خۆی ئەوێتە لیف
حەیوان: ئاژەڵ. نازەریف: نادڵگیر و ناپەسەند. لیف: بە کیسەیەک دەوترێت کە هەڵئاوسابێت و سابوونی تێکرابێت بۆ خۆشتن (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، هەڵگەڕنیتەو: واتە هەڵیگێڕێتەوە، حەیوانێ چاخە فرە نازەریف، مەبەست لە ئاژەڵی فیلە، کە قەڵەوە و بە کیسەی لیف چووێنراوە. وەڵام (فیل) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 35

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1093**

**خاتوون خانی سەر کورسی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924113424435908

خاتوون خانی سەر کورسی
سەری پڕە لە دەرزیی
مەبەستی لە کنگرە، کنگر گیایەکی بەهارەیە، ڕەگێکی قوڵی هەیە، لەناو خاکدا گەشەدەکات بەشی سەرەوەی دڕکی زۆر پێوەیە، وەک دەرزی وایە. وەڵام (کنگر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل33

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1094**

**خاس ئەیجاوێ و قوتی نادا، فرێی ئەدا بەملا و ئەولادا دەس بگری بە گوویەوە، دەم ئەکاتۆ لە پییەوە**

[20230920192014522006=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920192014522006)

خاس ئەیجاوێ و قوتی نادا، فرێی ئەدا بەملا و ئەولادا
دەس بگری بە گوویەوە، دەم ئەکاتۆ لە پییەوە
خاس: باش. ئەیجاوێ؛ ئەیجوێ. خاس ئەیجاوێ و قوتی نادا، مەبەست لە مقەستە، (مقەست: ئامێرێکی دەستییە، بۆ بڕینی قوماش بەکاردێت) فرێی ئەدا بەملا و ئەولادا، واتە قوماش لەکاتی بڕیندا، پارچە بڕاوەکان دەکەونە ئەملا و ئەولای مقەستەکەوە. دەس بگری بە گوویەوە، دەست بە چاوی مقەستەکەوە بگری دەم دەکاتەوە. وەڵام (مقەست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل24


کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1095**
**خاسەن پەرِێ هەژاران نوعێوە دەوان پەی دەردەداران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015091419526278

خاسەن پەرِێ هەژاران
نوعێوە دەوان
پەی دەردەداران
وەڵام (قارچک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل37

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1096**
**خاشخاش و کوزکوز چەتری بێ تەناف دیرەکی دارپی چوون هەسانی ساف**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216123130452191

خاشخاش و کوزکوز چەتری بێ تەناف
دیرەکی دارپی چوون هەسانی ساف
مەبەست لە کارگە، (خاشخاش یان کوزکوز: بەشبەش یان قاشقاش) خاشخاش و کوزکوز چەتری بێ تەناف، مەبەست لە کارگە کە دیوی ژێرەوەی پەرپەڕ و بەشبەشە، هەروەها دیوی سەرەوەی کەوانەیی و سافە وەک هەسان، لە مەتەڵەکەدا بە چەتر چووێنراوە. وەڵام (کارک) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل41
کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1097**
**خانم پەڕۆی لە قوونە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202172801448744

خانم پەڕۆی لە قوونە
خانم، مەبەست لە کەندووە، (کەندوو: جۆرێک ئەمباری بچووکە، لە سووچێکی ماڵدا لە قوڕ درووستدەکرێ، دانەوێڵەی تێدا هەڵدەگیرێ) پەڕۆی لە قوونە، مەبەست لەو کونەیە کە لە بەشی خوارووی کەندوودا هەیە، بۆ ئەوەی دانەوێڵەی لە کەندووەوە لێوەدەربێ، لەکاتێکدا کە کار بە ئەمبار ناکرێ، پەڕۆیەک لە کونەکە دەئاخرێ. وەڵام (کەندوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1098**

**خانم خانم دابەزی، کەوتە بیری چل گەزیی، سەری پڕ بوو لە دەرزی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728145410425091](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728145410425091)



خانم خانم دابەزی، کەوتە بیری چل گەزیی، سەری پڕ بوو لە دەرزی
مەبەستی لە کنگرە، بە تازەیی زۆر سپی و ناسکە و سەرەکەی دڕکاویە، کەوتە بیری چل گەزی: مەبەستی لە ڕەگەکەیەتی کە زۆر قوڵە و گرێ گرێیە ، سەری پڕ بوو لە دەرزی: ئەو گەڵا و دڕکەیە کە بەسەری کنگرەکەوەیە. وەڵام (کەنگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1099**

**خانمێکم هەیە چوار پێیە هەزار ماڵی لەوێیە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221019230134440993](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221019230134440993)

خانمێکم هەیە چوار پێیە
هەزار ماڵی لەوێیە
هەنگ چوار پێی هەیە لە مەتەڵەکەدا بە خانمی چوار پێ باس کراوە، هەزار ماڵی لەوێیە، مەبەست لە کورەی هەنگە، کە پێکهاتووە لە شانە و خانەی شەش پاڵوی، کە هەریەکەیان بە ماڵی هەنگێک دانراوە، لە کورەکەدا دەکاتە هەزاران دانە.
وەڵام (هەنگ و شانەی هەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل40

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1100**

**خانومان کچە پاشایە سی و دوو کراسی لەبەردایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021185416441203

خانومان کچە پاشایە
سی و دوو کراسی لەبەردایە
کچی پاشا هەمیشە خاوەنی چەندین بەرگی جۆراوجۆرە، لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە کەلەرمە کە بەو چووێنراوە، سی و دوو کراسی لەبەردایە، مەبەست لە گەڵاکانی کەلەرمە کە یەک بەدوای یەکدا بەتوندی یەکیان پێچاوەتەوە بەدەوری یەکدا خڕبوونەتەوە. وەڵام (کەلەرم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل38

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1101**
**خانووی یەک کۆڵەکە**

20221021191610441216=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خانووی یەک کۆڵەکە.
لە وەرزی بەهاردا، کاتێک هەورەگرمە درووستدەبێت، پێشینان دەڵێن: قارچ دەڕوێت، سرووشتی قارچک وایە کە یەک قەد و یەک کڵاوی هەیە. ژێر کڵاوەکەی پەڕپەڕە و سەرەکەی ساف و لووسە. وەڵام (قارچک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل39

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1102**
**خانوویەکم هەیە بێ دەرک و بان، پڕیەتی لە خانمی شان لەبان شان**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817052030428753



خانوویەکم هەیە بێ دەرک و بان
پڕیەتی لە خانمی شان لەبان شان
خانوویەکم هەیە بێ دەرک و بان: (بان مەبەستی لە جێگەیەکی تەختە) هەنار شێوەی خڕە، تەختایی و بانی نییە، بێ دەرکە و هیچ ڕێگەیەکی بۆچوونە ناو نییە، خانمی شان لەبان شان: مەبەست لە دەنکی هەنارە بەپاڵ یەکەوەن و شانیان ناوە بە شانی یەکەوە کە بە خانم چووێنراوە. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 17-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1103**

**خانوویەکم هەیە تاریکە پڕە لە بەردی سپیلکە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221019230437440994](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221019230437440994)

خانوویەکم هەیە تاریکە
پڕە لە بەردی سپیلکە
بەردی سپیلکە، بەردی نقارپشی پێدەوترێ کە لە کانەبەردەکان دەردەهێنرێ و بۆ خانوو درووستکردن بەکاردێت، خانوویەکم هەیە تاریکە، مەبەست لە دەمی مرۆڤە کە بەخانووی تاریک بەراوردکراوە، پڕە لە بەردی سپیلکە، مەبەست لە ددانی مرۆڤە کە بە بەردی سپی نقارڕ بەراوردکراوە. وەڵام (دەم و ددان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل39

کاتی تۆمارکردن: 19-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1104**

**خانوویەکم هەیە تەنگ و تاریک، پڕە لە حوشتری مل باریک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220816171828428665



خانوویەکم هەیە تەنگ و تاریک
پڕە لە حوشتری مل باریک
خانوویەکم هەیە تەنگ و تاریک: مەبەست لە شارە مێروولەیە کە لەناو گڵدا درووستی دەکات، زۆر بە پێچ و دەورە و ڕێگاکانی تەنگ و باریکە بەقەدەر مێروولەیەک، بێگومان تاریکیشە چونکە لە ناو زەویدایە، پڕە لە حوشتری مل باریک: مەبەست لە مێروولەکانە لە مەتەڵەکەدا بە حوشتر چوواندوویەتی. وەڵام (شارەمێروولە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1105**
**خانوی سپی بێ دەرگا**

2022080812223842723=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



خانوی سپی بێ دەرگا.
قەڵای سپی بێ دەرک.
خانو یان قەڵا مەبەست لە هێلکەیە، چۆن خانوو یان قەڵا شورای هەیە بۆ خۆپاراستن، هێلکەش قەپاغێکی کلسی هەیە بۆ پاراستن، ، سپی مەبەست لەڕەنگی سپیی هێلکەیە کە چووێنراوە بە ڕەنگی دیواری خانوو یان قەڵا، بێ دەرگا واتە: هێلکە هیچ کون و کەلێنێکی نییە، ئەوەش وەک خانو یان قەڵا وایە کە دەرگاکانی داخران، کەس ناتوانێت بچێتەو ژوور. وەڵام (هێلکە) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1106**
**خانییەکم هەیە لە کێوێ هەزار ماڵ وا لەوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202163028448730

خانییەکم هەیە لە کێوێ
هەزار ماڵ وا لەوێ
هەنگ یان مێش هەنگوینە: زیندەوەرۆچکەیەکی بچووکە، لە کلۆرێی دار و کەلێنی شاخدا بە کۆمەڵ دەژین و هەنگوین دروستدەکەن، خانییەکم هەیە لە کێوێ، مەبەست لە کوورەی هەنگە، هەزار ماڵی وا لەوێ، واتە: کوورەی هەنگ ماڵی هەنگە و هەموو هەنگەکانی تیادەژین. وەڵام (مێش هەنگوین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارێی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل28

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1107**
**خانە زەردە سەد سنوق لەسەر یەک سنوق بەندە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021185654441204

خانە زەردە
سەد سنوق لەسەر یەک سنوق بەندە
گەنمەشامی دەنکەکانی خڕ و زەرد و گەورەیە، لەناو بنجەکەدا خانەخانەیە، لەمەتەڵەکدا بە خانە زەرد باس کراوە، سەد سنوق لەسەر یەک سنوق بەندە، واتە: دەنکەکانی گەنمەشامی یەک لەسەر یەک ڕیزبوون، هەمووشیان بە بنجەکەوەن، وەک سنوق کۆیکردوونەتەوە. وەڵام (گەنمەشامی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل38

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1108**
**خانە هەی خانە زەردە گوڵەخانە**

20221021190939441212=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خانە هەی خانە
زەردە گوڵەخانە
گەنمەشامی دەنکەکانی خڕ و زەرد و گەورەیە، لەناو بنجەکەدا خانەخانەیە، لەمەتەڵەکدا بە خانە هەی خانە باس کراوە، زەردە گوڵەخانە، واتە: دەنکەکانی گەنمەشامی یەک لەسەر یەک ڕیزبوون، هەمووشیان بە بنجەکەوەن و ڕەنگیان زەردە.
وەڵام (گەنمەشامی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل38

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

KURDIPEDIA کوردیپیدیا




**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1109**

**خاڵخاڵۆکەیە دەستت بە ساقی جا بێرە دیار گەمە و مەزاقی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221019225432440990



خاڵخاڵۆکەیە دەستت بە ساقی
جا بێرە دیار گەمە و مەزاقی
خالخاڵۆکە، زیندەوەرۆچکەیەکی بچووکی ڕەنگاوڕەنگە، لە مەتەڵەکەدا بەو خورییە ڕەنگاوڕەنگانە دەوترێ کە خانمی کورد بە تەشی دەیڕێسێت، جا بێرە دیار و گەمە و مەزاقی، مەبەست لە تەماشاکردنی کاتی ڕستنە بەتەشی، کە دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکیشی هەیە. وەڵام (تەشی) .[1]
خاڵخاڵۆکەیە دەستت/ واتا دەستت خاڵی پێوەیە خاڵخاڵە.
دەستت بە ساقی/ بۆ سووڕاندنی تەشییەکە دەست دەهێنیت بە ڕانتدا.
ساق: (فەرهەنگی نەوەکان)
واتا: لنگ؛ لاق.

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل38

کاتی تۆمارکردن: 19-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1110**

**خاڵۆیەکم هاتووە لە نهۆڵییەوە، کێر و گونی ها بەکۆڵییەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821111332429424



خاڵۆیەکم هاتووە لە نهۆڵییەوە
کێر و گونی ها بەکۆڵییەوە
مەبەستی مەتەڵەکە چیغ چنینە (چیغ: کەلەپووریکی کوردییە، لە قامیشی وشک درووست دەکرێ، وەک دیوارێک بەدەوری ڕەشماڵ، تاوڵدا دەدرێ، بۆ ئەوەی هەم فێنکی بکات، هەم دەرەوە دیارنەبێت) . خاڵۆیەکم هاتووە لە نهۆڵییەوە، مەبەست لە چیغە، کێر و گونی ها بەکۆڵییەوە، مەبەست لە کاتی درووستکردنی چیغە کە بە داوی بەهێز قامیشەکان بەیەوە دەبەسترێ و سەری داوەکان بەردی پێوەدەکرێ بۆ ئەوەی قامیشەکان توندبکات. وەڵام (چیغ چنین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1111**
**خاڵۆیەکم هەیە هۆنی هۆنی، دەست لە باخەڵ سەر لە قوونی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817062523428759



خاڵۆیەکم هەیە هۆنی هۆنی
دەست لە باخەڵ سەر لە قوونی
هۆن هۆن: مەندی و گێژاوی ڕووبار (فەرهەنگی خاڵ) خاڵۆیەکم هەیە هۆنی هۆنی: مەبەست لە ئاژەڵی ژیشکە کە وەک ئاو مەندە، دەست لە باخەڵ: دەستەکانی ژیشک کوورت و باریکە، هەمیشە لەکاتی پشوودا بەسەر سنگییەوەیەتی، سەر لە قوونی: واتە: کاتێک ژیشک تووشی پەلامارێک ببێتەوە لەلایەن ئاژەڵێک یان کەسێکەوە، خۆی خڕدەکاتەوە، سەری دەباتەوە ژێر سکی. وەڵام (ژیشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1112**
**خاڵۆیەکم هەیە یارۆ یارۆ، دەرقنگ ڕەشی ناوچەوان مارۆ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821110127429421



خاڵۆیەکم هەیە یارۆ یارۆ
دەرقنگ ڕەشی ناوچەوان مارۆ
یارۆ: واتە: هێن، وانەک، هەرامە تایبەتە بە بەشە شێوەزاری لوڕ، خاڵۆیەکم هەیە یارۆ یارۆ، واتە: خاڵۆیەکی هینم هەیە کە مەبەست لە زەردەواڵەیە، دەرقنگ ڕەشی واتە: زەردەواڵە بە سرووشت قنگی ڕەشە، ناوچەوان مارۆ واتە: ناوچەوانی ڕەنگی مارۆنییە. وەڵام (زەردەواڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی



کاتی تۆمارکردن: 2022-08-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1113**

**خاڵی من بە لینگێکی دەچێتە سەر گوندێکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221019225721440992

خاڵی من بە لینگێکی
دەچێتە سەر گوندێکی
گوندەکانی وڵاتی کوردەوار بەشێکی زۆریان لە ناوچە شاخاوییەکاندان، کە خاوەنی چەندین دارستانی گەورەن، خەڵکی دارەکان بۆ چیشتلێنان و خۆ گەرمکردەوە بەکار دێنن، خاڵی من بە لینگێکی، مەبەست لە تەورە کە یەک کلکی هەیە، بۆ داربڕین بەکار دێت، دەچێتە سەر گوندێکی، واتە: تەورێک دەتوانێت داری دارستانێکی ببڕێتەوە. وەڵام (تەور) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل38

کاتی تۆمارکردن: 19-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1114**

**خاڵێکم هەیە لە دەشتی ژن دەیهێنێ بە پشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108171739457277

خاڵێکم هەیە لە دەشتی
ژن دەیهێنێ بە پشتی
مەبەست لە بارە چیلکەیە، (بارەچیلکە: ژنان و کچانی گوند، لە شاخ و کێو چیلکە کۆدەکەنەوە و بە کۆڵ دەهێننەوە بۆ چێشتلێنان بەکاری دێنن) خاڵێکم هەیە لە دەشتی، مەبەست لە کۆڵە چیلکەیە، ژن دەیهێنێ بە پشتی، واتە: هێنانی کۆڵە چیلکە بە پشتی ژن. وەڵام (بارەچیلکە) .[1]

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل177.

کاتی تۆمارکردن: 08-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1115**
**خاڵێکم هەیە لە دەشتی، گەندووگوی لە پشتی**
20220806052056426744=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



خاڵێکم هەیە لە دەشتی، گەندووگوی لە پشتی
خاڵێکم هەیە لە دەشتی واتە: قالۆنچە, ئەو قالۆنچانەی کە لە نزیک ئاغەڵ (تاویلە) ی مەڕ و ماڵاتەوە دەژین, سرووشتیان وایە کە هەمیشە خەریکی خڕکردنەوە پشقلن, گەندووگوی لە پشتی واتە: بە کۆڵ پشقلەکان دەیگوێزنەوە بۆ کونەکانیان.
وەڵام قالۆنچە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1116**

**خاڵێکم هەیە لە زوورگی، سەری گەورە ترە لە ورگی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731091004425655

خاڵێکم هەیە لە زورگی، سەری گەورە ترە لە ورگی
زورگ: شوێنی ڕەقەڵان (فەرهەنگی شێخانی) خاڵێکم هەیە لە زورگی: نیوە دێڕییەکەم بۆ جوانکاری و ڕێکخستنی کێش و سەرواى مەتەڵەکە بەکارهاتووە، لەگەڵ ئەوەدا ئاماژەیە بۆ شوێنی شاری میرووله، سەری گەورە ترە لە ورگی: مەبەستی لە مێرووڵەیە کە پێکهاتەی لەشی وایە، سەری لە ورگی گەورەترە. وەڵام مێروو. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1117**

**خاڵەکم هەیە لە بن بەڕێ، بە گونی خۆی دەڵێ : وەڵێ وەڵێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731090412425653

خاڵەکم هەیە لە بن بەڕێ، بە گونی خۆی دەڵێت: وەڵێ وەڵێ
خاڵەکم هەیە لە بن بەڕێ: مەبەستی لە مشکە کە هەمیشە لەبن بەڕە و جێگاکاندا دێت و دەچێ و بەدوای خۆراکدا دەگەڕێ، خواردنی سەردانەپۆشراو پیس دەکات. بە گونی خۆی دەڵێت: وەڵێ وەڵێ: هەمیشە دەمی دەجوڵێ و خەریکی خۆراک خواردنە. وەڵام مشک.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1118**

**خاڵەکم هەیە لە دەشتی، سی و سێ گرێی لە پشتی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731090043425652](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731090043425652)

خاڵەکم هەیە لە دەشتی، سی و سێ گرێی لە پشتی
خاڵەکم هەیە لە دەشتی، واتە: ڕەشکە (ڕەشکە لە کوردەواردا بۆ کاکێشان بەکاردێت) لە شوێنی خەرمان کوتین لە دەشت دادەنرێ ، پڕ دەکرێ لە کای گەنم یان جۆ، سی و سێ گرێ لە پشتی:، مەبەستی لە ڕەشکەکەیە کە گرێ گرێیە. وەڵام ڕەشکە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1119**

**خرپنەی بە داوی پێستەی دراوی مەلەدەکاتن لە ئاوی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221129213641448445

خرپنەی بە داوی
پێستەی دراوی
مەلەدەکاتن لە ئاوی
مەبەست لە گیپەیە (گیپە: خواردنێکی فۆلکلۆریی کوردییە) خرپنە بە داوی، مەبەست لە گیپەیە کە پڕ دەکرێ لە برنج و بە داو دەدوورێ، پێستەی دراوی، واتە: گیپە لە پێستی سکی ئاژەڵ درووست دەکرێ، مەلەدەکاتن لە ئاوی، واتە لەناو ئاودا دەکوڵێنرێ. وەڵام (گیپە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل27

کاتی تۆمارکردن: 29-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1120**

**خرە وەک گندۆرە گەمەی پێدەکەن بە نۆرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021190107441207

خرە وەک گندۆرە
گەمەی پێدەکەن بە نۆرە
گندۆرە: کاڵەک، گەمە: یاریی یان وازی، خڕە وەک گندۆرە، مەبەست لە تۆپی فتبۆڵە لەلایەن منداڵەوە بۆ یاریکردن بەکاردێ، گەمەی پێدەکەن بەنۆرە، واتە: منداڵان بە سەرە یاریی پێدەکەن و کاتێکی خۆشی پێدەبەنەسەر. وەڵام (تۆپی یاریکردن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل39

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1121**
**خزمەتکاری ماڵانە دیوەخانی داڵانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924224836523220

خزمەتکاری ماڵانە
دیوەخانی داڵانە
داڵان: جێگەیەکی سەر داخراوە، بەدەم دەرگای حەوشەوە (فەرهەنگی خاڵ) ، خزمەتکاری ماڵانە، مەبەست لە کەر (گوێدرێژە) ، خزمەتی ماڵ دەکات و بار دێنێت و دەبات، دیوەخانی داڵانە، واتە: ئەو کاتانەی کە کاری پێناکرێت، لە داڵاندا دەبەسترێتەوە. وەڵام (کەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1122**

**خشتە کونێکە چل مەن باریە بۆ خۆی بێگیانە گیاندار سوارییە گیاندار بەوەوە توانای غارییە ئەگەر ئەو نەبێ دەردی کارییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216123516452193

خشتە کونێکە چل مەن باریە، بۆ خۆی بێگیانە گیاندار سوارییە
گیاندار بەوەوە توانای غارییە، ئەگەر ئەو نەبێت دەردی کارییە
مەبەست لە ناڵی ژێر پێی وڵاخە، (مەن: بڕێکی پیوانەیی کوردییە) خشتە کونێکە چل مەن باریەتی، مەبەست لە ناڵە کە بە خشت چووێنراوە، وڵاخی دەچێتەسەر کە قوورسایی زۆرە، بۆ خۆی بێگیانە و گیاندار سواریەتی، واتە: ناڵ شتێکی بێگیانە و وڵاخ دەچێتە سەری، هەروەها گیاندار بەهۆی ناڵەوە توانای ڕۆشتنی باش و غاردانی هەیە. وەڵام (ناڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل42

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1123**

**خوا دەزانێ و خودادیش دەزانێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912222704520312](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912222704520312)

خوا دەزانێ و خودادیش دەزانێ.
خواداد: مەبەست لە بەهرە و بەشی باشە کە لە سرووشتی مرۆڤدا هەیە (فەرهەنگی خاڵ)، هەموو کەس لە ژیانیدا ڕەفتار و کرداری باش یان خراپ ئەنجامدەدات، لە ئەنجامدانیدا دەزانێت کە باشە یان خراپە. بۆ ئەنجامدانی کارێکی چەوت بەکاردێت کە خودا و مرۤڤیش دەزانن کە خراپە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕواندز |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | یەندی کوردی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: عومەر شێخ ئەڵا دەشتەکی (چەتۆ)، بەرگی یەکەم، هەولێر، 1972، ل43.

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1124**
**خوا نەیکردووە و هەیە**

20221021191754441217=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خوا نەیکردووە و هەیە.
نەی: ئامێرێکی فۆلکلۆریی موزیکی کوردییە (ئامێرێکی هەواییە) ، لە بۆنەو ئاهەنگ و خۆشیدا دەژەندرێ، خوا نەیکردووە و هەیە، مەبەست لەوەیە کە کورد لە قامیش ئامێری نەی درووستکردووە، هەروەها پێشتر خواوەند قامیشی درووستکردووە.
وەڵام (قامیشی نەی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل40

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1125**

**خوا هەر خوایە ئێستا بزن سواری گایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101170227455860

خوا هەر خوایە
ئێستا بزن سواری گایە
مەبەست لە کەوشە، (کەوش: جۆرێک پێڵاوی کەلەپووری کوردییە، سەرەکەی بە مووی بزن دەچنن و ژێرەکەی لە چەرمی گا یان گامێش درووستدەکرێ) بزن سواری گایە، مەبەست لەسەری کەوشە کە لە مووی بزن درووستدەکرێ، ژێرەکەشی لە چەرمی گا. وەڵام (کەوش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل36.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1126**
**خواکردگییە و نەوگە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101165806455859

خواکردگییە و نەوگە.
مەبەست لە لبادە، (کردگ: کردووە) خواکردگییە، واتە خواوەند درووستی کردووە، نەوگ: مەبەست لە لبادە، واتە: خودا لبادی وەک هەموو شتەکانی تر درووستکردووە، (لباد یان نەوگ: جۆرێک ڕاخەری کەلەپووری کوردییە، لە خووری بەرگن درووستدەکرێ، زۆر توندوتۆڵ و قایمە و گەرمە) . وەڵام (لباد، نەوگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل153.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1127**
**خواردنم بدەی دەژیم ئاوم بدەی دەمرم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021191947441218

خواردنم بدەی دەژیم، ئاوم بدەی دەمرم.
خواردنم بدەی دەژیم، مەبەست لە ئاگرە کە پووش و دار یان سوتەمەنی پێوەنرێت، ئاگرەکە تاو دەسەنێ و زیاد دەکات، هەروەها ئاوم بدەی دەمرم، مەبەست لەوەیە گەر ئاگر ئاوی پێدابکرێت، ئاگرەکە تاو و تینەکەی کەم دەبێتەوە و دەکوژێتەوە. وەڵام (ئاگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل40
کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1128**

**خواردنی میرە، میر بۆی زەروورە، چواردەوری بەحرە ناوی تەنوورە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822080025429604

خواردنی میرە، میر بۆی زەروورە
چواردەوری بەحرە ناوی تەنوورە
میر: نازناوێک بوو، لە ناوچەی سۆران خۆشناوەتی دەدرا بە گەورەکانیان (فەرهەنگی شێخانی) خواردنی میرە، میر بۆی زەروورە، مەبەست لە (چا) یە وەک خواردنەوەیەک ڕۆژانە دەدرا بە میر، چواردەوری بەحرە ناوی تەنوورە، مەبەست لە ئامێری سەماوەرە کە بەهۆی جەهاندەمەیەکەوە کە لەناوەڕاستدایە، ئاوی دەورەکەی گەرم دەکات، لە مەتەڵەکەدا بە بەحر و تەنوور چووێنراوە. وەڵام (سەماوەر و چا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل22

کاتی تۆمارکردن: 22-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1129**

**خواردنی وەکو کەرە و هێلکەی وەک مریشک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202174247448748

خواردنی وەکو کەرە و هێلکەی وەک مریشک.
مەبەستی مەتەڵەکە کیسەڵە، (کیسەڵ لە وڵاتی کوردەواردا لە ئاو لە وشکانیدا دەژیی) خواردنی وەک کەرە، واتە: کیسەڵ گیاخۆرە و بە کەر چووێنراوە، هێلکەکەرە وەک مریشک، واتە: کیسەڵ لە پرۆسەی زۆربووندا هێلکە دەکات، وەکو چۆن مریشک هێلکە دەکات. وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1130**
**خواردنێکی خۆش و چاکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220916195132434374

خواردنێکی خۆش و چاکە
هەر خۆی دەڕوێ لەژێر خاکە
گەڵا ناکا و نایەتەدەر
تەنیا ناوخۆڵا دێتەدەر
سرووشتییە بێ دەست لێدان
دەرئەچێ وەرزی بەهاران
بە هەورەتریشقە و بە باران
بەگرمە و چەخماخەی ئاسمان
دێتەبەرهەم زۆر بەجوانی
لەو دەشتە دوور ئاوەدانی
وەکو پەتاتەیە سەنگی
لە قەبارە و شێوە و ڕەنگی
بیزانە چییە مەتەڵمان
لە گۆشت خۆشترە.........
وەڵام (دوومەڵان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل79

کاتی تۆمارکردن: 16-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1131**

**خواردنێکە دوو جار دەکوڵێت بەئاسانی پێت ناخورێت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021192150441219

خواردنێکە دوو جار دەکوڵێت، بەئاسانی پێت ناخورێت.
مەبەست لە ساوەرە، (ساوەر: خواردنێکی فۆلکلۆری کوردییە) خواردنێکە دوو جار دەکوڵێت، واتە: گەنم یەکەم جار دەکوڵێنن، دەبێتە دانوولە، پاشان هەڵدەخرێ و شک دەبێتەوە، دواتر دەکوترێ و دەبێتە ساوە، پاشان بە چێشت لێدەنرێت و دەخورێت، واتە: تا دەبێتە چێشت دوو جار دەکوڵێت. وەڵام (ساوەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل40

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1132**

**خواردنێکە هەتا خوێ تێنەکەی تامی ناگۆڕێت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021193023441223

خواردنێکە هەتا خوێی تێنەکەی تامی ناگۆڕێت.
بەشی زۆری خواردنە کوردەوارییەکان خوێی تێدەکرێت، بۆ ئەوەی تام بگرێت، بەڵام هێلکە کاتێک دەکوڵێنرێت، لەبەر ئەوەی توێکڵێکی کلسی بەهێزی هەیە، خوێ نامژێ، مەبەست لە هێلکەی کوڵاوە. وەڵام (هێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل40

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1133**

**خواری تەتە و تەت نییە بانی تەتە و تەت نییە خایەکەرە و مامر نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927064430523552

خواری تەتە و تەت نییە
بانی تەتە و تەت نییە
خایەکەرە و مامر نییە

تەتە: مەبەست تاتی بەردە، (بەردەتات: بەو بەردە تەختە پانە دەوترێت کە لەنزیک کانییەکان دادەنرێت، نوێژی لەسەر دەکرێت) ، خواری یان بانی تەتە و تەت نییە، مەبەست لە پشت یان ژێر سکی کیسەڵە کە تەخت و پانە، وەک بەردەتات، خایەکەرە و مامر نییە، واتە: هێلکەکەرە و مریشک نییە. وەڵام (کیسەڵ) .[1]

خایە: (هەنبانە بۆرینە)
واتا: هێلکەی مەل؛ خا.

مامر: (فەرهەنگی خاڵ)
واتا: مریشک

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل44

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1134**

**خوایە دوو پێم دیت، چار پێم نیشان نەدەی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027223736442225](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027223736442225)

خوایە دوو پێم دیت، چار پێم نیشان نەدەی.
چار: مەبەست لە ژمارە چوارە. هەموو ئەو کەسانەی لە ناوچەی کارەساتاویدا دەژین، بەردەوام ژیانیان لەناو جەنگ و کارەساتی سرووشتی و نەهاماتیدایە، بەردەوام تووشی دۆخی خراپ دەبن. بۆ بەڵای یەک بە دوای یەکدا بەکاردێت کە تووشی کەسێک ببێت، بەهۆیەوە زیانباربێت.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سۆرانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕواندز |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی کوردی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: عومەر شێخ ئەڵا دەشتەکی (چەتۆ)، بەرگی یەکەم، هەولێر، 1972، ل43.

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1135**
**خودا دەلیل لۆ زەلیل پەیدادەکات**

[20221027230205442235=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221027230205442235=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

خودا دەلیل لۆ زەلیل پەیدادەکات.
دەلیل: بەڵگە، زەلیل: بێچارە و لێقەوماو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) پەندەکە لە سەرچاوەیەکی ئاینییەوە دەرهاتووە، چونکە باوەرداران بە خودا پێیان وایە کە هەموو کەسێکی داماو خودا بەشێوەیک لە شێوەکان هاوکاری دەکات. مەبەست لەوەیە کە کەس لە ژیاندا پەکی ناکەوێت، هەر یەکە بەشێوەیەک ژیان بەرێدەکات.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | رواندز |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی کوردی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: عومەر شێخ ئەڵلا دەشتەکی (چەتۆ)، بەرگی یەکەم، هەولێر، 1972، ل43.

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1136**

**خورییە پیرە مەڕێ، دەتنێم لە بن بەڕێ، لە بۆڕۆژی خێر و شەڕێ**

20220728144625425090=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



خورییە پیرە مەڕێ، دەتنێم لە بن بەڕێ، لەبۆ ڕۆژی خێر و شەڕێ
چنین و ڕستن: یەکێکە لەو پیشە زۆر کۆنانەی کورد کە هەزاران ساڵە ئاشنایەتی لەگەڵ پەیداکردووە، پێداویستی ڕۆژانەی پێدابین کردووە، مەبەستی مەتەڵەکە بەرماڵە کە کورد لە خوری مەڕ دروووستی کردووە، بە تەشی ڕێساویەتی و بە ئامێری پێچاڵ چنیویەتی، لەگەڵ ئەوەدا چەندین جۆر نەخش و نیگاری تیاکردووە، لەبەر ئەوەی بەرماڵ نوێژی لەسەر کراوە، هەمیشە لەبن بەڕەیان شوێنی وادا هەڵگیراوە کە پیس نەبێ. وەڵام (بەرماڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1137**

**خوشکی پورتە پوریشت نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021192832441222

خوشکی پورتە، پوریشت نییە.
خوشکی خاڵتە و پوورت نییە.
لە کوردەواردا پەیوەندی خزمایەتی تا ئاستێکی باڵا بەهێزە، بەتایبەتیی لەنێوان پوور، خاڵ و مامدا، پوور مەبەست لە خوشکی باوک یان خوشکی دایکە. مەتەڵەکە مەبەست لە دایکە کە دەکرێ خوشکی پوور یان خاڵت بێت، وەڵام (دایک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل40

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1138**
**خوشکە کەتان ژنی کامتانە**

20221021192628441220=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خوشکە کەتان ژنی کامتانە.
مەتەڵەکە جۆرێک سەرلێشێواندنی تێدایە بۆ گوێگر، خوشکە کەتان، دەشێ دوو واتا هەڵبگرێت، واتایەکیان مەبەست لەوەیە کە کەتان خوشی ئێوەیە، واتاکەی تریان کە مەبەستی مەتەڵەکەیە، مەبەست لەوەیە کە ژنێک ناوی کەتانە و ژنی کام لە ئێوەیە. وەڵام (کەتان ناوی ژنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل41

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1139**
**خول خولە باقی دەستم و ساقی سەیر و سیا و مەزاقی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221019224258440984

خول خولە باقی
دەستم و ساقی
سەیر و سیا و مەزاقی
خول خولە باقی، مەبەست لە تەشییە کە کاتێک خوری پێدەڕێسرێ و دەخولێنرێتەوە، بۆ ئەوەی داوی ڕێسراوی لێبەرهەم بێت، دەستم و ساقی، کەسی مەست بەم لاو ئەو لادا دەکەوێ، پێویستە کەسێک دەستی بگرێت، مەبەست لە تەشییە کاتێک دەخولێتەوە وەک کەسی مەست واتە، بەم لاو ئەو لادا دەلەنگێ، سەیر و سیا و مەزاقی، واتە: سەیرکردنی ئەو دیمەنە شتێکی خۆشە. وەڵام (تەشی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل40

کاتی تۆمارکردن: 19-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1140**

**خول خولەی چیر زەوین، ماری بێ زوان، هەرکەس هورش بارۆ، عەجەب پاڵەوان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231014220129526252](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231014220129526252)

خول خولەی چیر زەوین، ماری بێ زوان، هەرکەس هورش بارۆ، عەجەب پاڵەوان.
وەڵام (سێوی بن زەوی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل32

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-14

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1141**

## خونی دەکەیەوە ئی پڕ دەبێ، ڕاستی دەکەیەوە ئی بەتاڵ دەبێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731091806425659

خونی دەکەیەوە ئی پڕ دەبێ، ڕاستی دەکەیەوە ئی بەتاڵ دەبێ
خونی دەکەیەوە ئی پڕ دەبێ واتە: کڵاو (لە کوردەواردا پێشی دەوترێ کڵێتە، لە کوڵکی مەرەز درووستدەکرێ) کە دەمەونخون دەکرێتەوە و دەکرێ بەسەردا پڕ دەبێ ، ڕاستی دەکەیەوە ئی بەتاڵ دەبێ واتە: لەسەر داگیرێ بە تاڵ دەبێ. وەڵام کڵاو. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1142**

**خرِ، درێژە**

[20220825080932430192=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20220825080932430192=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

خرِ، درێژە.
لە بەشە شیوەزاری موکریان بە (شیو) دەوترێ (خرِ) کە مەبەستی مەتەڵەکەیە، شیو یان خرِ بە نێوانی دوو بەرزایی دەوترێت، مەبەست لە دوو شاخ یان دوو گردە کە تەنگەبەرییەکی درێژ دروستدەکەن، یان رێی رێبوارە بۆ رۆشتن یان چەم و ئاوی پێدادەڕوات. بۆیە لە مەتەڵەکەدا دەوترێ خرە و درێژیشە. وەڵام (خرِ یان شیو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل26

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-25

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1143**
**خڕکە خڕیلێ، بان ڕادێڵێ**

20220731094713425670=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خڕکە خڕیلێ ، بان ڕادێڵێ
خڕکە خڕیلێ مەبەستی لە باگردێنە (ئامێرێکی فۆلکلۆریی کوردییە، بۆ بانگێڕان بەکاردێت) کە شێوەیەکی لولەکی هەیە، بان ڕادێڵێ (ڕادێڵان لە بەشە شیوەزاری موکریاندا واتە گێڕان) لە کاتی باران بارینندا سەربان دەگێڕێ . بۆ ئەوەی بانی گڵ دڵۆپەی ئاوی پێدانەیەتە خوار. وەڵام باگردێن. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1144**
**خڕی شین سەرنەبدی شین بەستراوەتەوە لە مێرگیشین**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221019223903440983
خڕی شین
سەرنەبدی شین
بەستراوەتەوە لە مێرگیشین
شین: مەبەست لە ڕەنگی سەوزە کە بۆ دەغڵ یان بێستان بەکاردێت، خڕی شین سەربەندی شین، واتە: شوتی، ڕەنگی (سەوز) شینە و شێوەی خڕە، بەستراوە لە مێرگی شین، واتە: شوتی بە لاسکی بنجەکەوەیەتی لەناو بێستاندا. وەڵام (شوتی) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل40
کاتی تۆمارکردن: 19-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1145**

**خڕیلە خڕیلە لەبن بەردیلە ئەوەی هەڵینەهێنێ ناوی دەنێم گوجیلە**

[20221021190714441211=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021190714441211)

خڕیلە خڕیلە لەبن بەردیلە
ئەوەی هەڵینەهێنێ ناوی دەنێم گوجیلە
گوجیلە: بێچووی سەگ یان تاژی (فەرهەنگی شێخانی) خڕیلە خڕیلە لە بن بەردیلە، مەبەست لە چێشتی یاپراغە، یاپراغەکان بە گەڵای سلق خڕخڕ دەپێچرێنەوە، بەردیلە مەبەست لە کولەکە و تەماتەیە کە لەناو یاپراغدا دادەنرێن، لەبەر ئەوەی مەتەڵەکە ئاسانە مەتەڵبێژ دەڵێت: ئەوەی نەیزانێ ناوی دەنێم گوجیلە. وەڵام (یاپراغ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل41

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1146**
**خڕیلەی حەوت کون**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220808121519427231](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220808121519427231)

خڕیلەی حەوت کون.
خڕیلە: خڕیلانە فەرهەنگی خاڵ مەتەڵەکە مەبەستی سەری مرۆڤە، حەوت کون واتە: سەری مرۆڤ حەوت کونی تیایە، کونی دوو چاو، کونی دوو گوێ ، دوو کونە لووت و دەم، بە هەموو دەکاتە حەوت، مەتەڵێکی تر هاوشێوە هەیە دەڵێت: کەللە سەرەی حەوت کونە. وەڵام (سەر مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1147**

**خڕە لەباخدا گەورەیە لە جوانیدا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119125606459275

خڕە لەباخدا گەورەیە لە جوانیدا
خەڵکی تیایە بە هەزاران لەجێی خۆیان ناجووڵێن تیایدا
لە ژووری ئەشکەوتان گەرم و خۆش وەک ئیسفنجا
مەبەست لە کاڵەک و تۆوی کاڵەکە، خڕە لە باخدا گەورەیە لە جوانییە، مەبەست لە میوەی کاڵەکە لەکاتی پێگەشتندا قەبارەی گەورە و جوانە، خەڵکی تیایە بەهەزاران، مەبەست لە ناوکی کاڵەکە کە لەناو کاڵەکدا هەیە، لە ژووری ئەشکەوتان گەرم و خۆش وەک ئیسفنجا، مەبەست لە میوەی کاڵەکە کە وەک ئیسفنج نەرمە. وەڵام (کاڵەک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشیخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل17

کاتی تۆمارکردن: 19-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1148**

**خڕە لەبارە ڕەقە وەک دارە کەپووشی خوارە**

20230927155151523608=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

خڕە لەبارە
ڕەقە وەک دارە
کەپووشی خوارە
کەپوو: لووت. مەتەڵەکە مەبەست لە وەسفی ڕووخساری نۆکە، خڕە لەبارە، مەبەست لە دەنکی نۆکە کە کەمێک خڕە، ڕەقە وەک دارە، نۆک دوای پێگەیشتن وشک دەبێتەوە وەک داری لێدێت، کەپووشی خوارە، مەبەست لە نووکە خوارەی کۆتایی دەنکی نۆکە. وەڵام (نۆک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل54

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-27

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1149**

**خڕە و ڕەقە وەک کەڵایە منداڵی لە سکدایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021190514441209

خڕە و ڕەقە وەک کەڵایە
منداڵی لە سکدایە
کەلا: هەڵمات (کەلا: لە بەرد یان شوشە درووستدەکرێت، منداڵان یاریی موشێنی پێدەکەن) خڕە و ڕەقە وەک کەلایە، مەبەست لە گوێزە، هەندێک جار منداڵان بە گوێزیش مووشێن دەکەن، مەبەست لە سکدایە، منداڵی لە سکدایە، مەبەست لە کاکڵەی گوێزە کە لەناو توێکڵی گوێزەکەدایە. وەڵام (گوێز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل39

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1150**

**خڕە وەک پرتەقاڵ دەقڵیشێ وەک هەنار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202173850448747

خڕە وەک پرتەقاڵ، دەقڵیشێ وەک هەنار.
مەبەست لە پەمووە، (پەموو: قۆزاخەیەکە ڕووەکی پەموو دەیگرێ، ناوەکەی پڕ دەبێت لە لۆکە) خڕە وەک پرتەقاڵە، مەبەست لە قۆزاخەی پەمووە کە شێوەی کەمێک خڕە، دەقڵیشێ وەک هەنار، واتە: قۆزاخەی پەموو لەکاتی پێگەشتندا دەقڵیشێ و کەمێک لە لۆکەکەی لێوەدێتەدەر، قڵیشانی قۆزاخەی پەموو، بە قڵیشانی هەنار لەکاتی پێگەشتندا چووێنراوە.
وەڵام (پەموو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل26

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1151**

**خڕە وەک تۆپ بێ دەرگا و کوون لەشکر بەهەزار تێیدا خەوتوون**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003195240524523

خڕە وەک تۆپ بێ دەرگا و کوون
لەشکر بەهەزار تێیدا خەوتوون
خڕە وەک تۆپ، مەبەست لە هەنارە کە لە خڕیدا بە تۆپ چووێنراوە، بێ دەرگا و کوون، واتە: هەنار هیچ دەروازە و کوونێکی تێدانییە، لەشکر بەهەزار تێیدا خەوتوون، مەبەست لە دەنکی هەنارە، کە بە لەشکری زۆر چووێنراوە و لەناو هەنارەکەدایە.
وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1152**
**خڕە وەک گوونی باوکت قڵیشاوە وەک هینی دایکت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202163430448731

خڕە وەک گوونی باوکت
قڵیشاوە وەک هینی دایکت
هەنار بەری داری هەنارە و شێوەی کەمێک خڕە، لە مەتەڵەکەدا بە خڕیی گوونی باوک چووێنراوە، قڵیشاوە وەک هینی دایکت، هەناری ترش یان شیرین لەکاتی تەواو پێگەشتندا دەقڵیشێ و دەنکەکانی دەردەکەون، لە مەتەڵەکەدا چووێنراوە بە بەشێک لە جەستەی ژن. وەڵام (هەناری قڵیشاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل28

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1153**
**خڕە وەک گوێز و وەک گۆ، دەیچێنن وەک گەنم و جۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906220816432538

خڕە وەک گوێز و وەک گۆ
دەیچێنن وەک گەنم و جۆ
لە کێڵگەی بەراو ئەژیێ
هەر پێ بگا دەقڵشێ
توێکڵەکەی لەسەر هەڵگرێ
پێت ئەدا چنگێ خوریێ
وەک پەشمەک نەرم و نیانە
وەک بەفر سپی و جوانە
بەڵام وریانە ناخورێ
شتی لێ دروست دەکرێ
مەتەڵ کە وەکو گۆیە
سوودی بۆ من و تۆیە
دە ئازاکە بیزانە
ناوی چوار پیتی جوانە
وەڵام (لۆکە) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل7

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1154**

**خڕە وەک گۆ ترشە وەک دۆ**

[20221021185925441206=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021185925441206)

خڕە وەک گۆ
ترشە وەک دۆ
مەبەست لە میوەی لیمۆیە کە وەک گۆیەک خڕە و تامیشی وەک دۆ ترشە. وەڵام (لیمۆ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان


[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل39

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1155**
**خڕە وەک گۆ سپییە وەک دۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817114750428794



خڕە وەک گۆ سپییە وەک دۆ
هێلکەی مریشک شێوەیەکی تەشیلەیی هەیە، خڕە وەک گۆ، مەبەستی لە زەردێنەی هێلکەیە بەتایبەتیی کاتێک هێلکە دەکوڵێنرێت، زەردێنەکەی تەواو گۆییە، سپییە وەک دۆ، مەبەست لە سپێنەی هێلکەیە، ڕەنگی سپێنە و دۆی بەیەک بەراورد کردووە. وەڵام (سپێنە و زەردێنەی هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 17-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1156**
**خڕە وەک هەرمێ سپییە وەک ترێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021190324441208

خڕە وەک هەرمێ
سپییە وەک ترێ
مەبەست لە پەمووە، (پەموو: جۆرە ڕووەکێکە قۆزاخەیەک بەرهەم دێنێ کە پێدەگات دەبێتە لۆکە) خڕە وەک هەرمێ، واتە: قۆزاخەی لۆکە سەرەتا شێوەی لە هەرمێ دەچێ، سپییە وەک ترێ، مەبەست لە لۆکەیە کە ڕەنگی سپییە وەک ترێ سپیکە.
وەڵام (پەموو) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل39

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1157**

**خڕە وەک کەلایە، زەردە وەک گەڵایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731094324425668

خڕە وەک کەلایە، زەردە وەک گەڵایە
کەڵا واتە: هەڵمات (لەبەرد یان شووشە درووست دەکرێ، منداڵ یان هەرزەکار یاریی پێدەکات) خڕە وەک کەلایە واتە: فەریکە گوێز (بە بەری داری گوێز دەوترێ کە هێشتا کامڵ نەبووە) وەک هەڵمات خڕە، زەردە وەک گەڵایە واتە: وەک گەڵای دار ڕەنگی زەردە. وەڵام فەریکە گوێز.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1158**
**خڕە وەکی مازییە شینە وەکی کوودییە سۆرە وەکی شفتییە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202162713448728

خڕە وەکی مازییە
شینە وەکی کوودییە
سۆرە وەکی شفتییە
شەفەلە: شەفەلاح، بەری داری کفر (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) خڕە وەکی مازییە، (مازی: مازوو. وەکی: وەکوو) مەبەست لە بەری داری کفرە کە وەک مازوو خڕە، شینە وەکی کودییە، (کوودی: کوولەکە، شین: مەبەست لە ڕەنگی سەوزە) واتە: ڕەنگی شەفەلە سەوزە وەکوو کوولەکە، سۆرە وەکی شفتییە، (شفتی: شووتی) واتە: لەکاتی پێگەشتنیدا ڕەنگی سوور دەبێت وەکوو شووتی. وەڵام (شەفەلە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل27
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1159**
**خڕە کەوە خڕبەند کەوە بەستمە بنچک بنچکیش کەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202163834448733

خڕە کەوە خڕبەند کەوە
بەستمە بنچک بنچکیش کەوە
کەوە: ڕەنگی شین (فەرهەنگی شێخانی) بۆ ڕەنگی سەوزی سەوزە و میوەجات بەکاردێ، خڕە کەوە خڕبەند کەوە، مەبەست لە میوەی شووتییە کە ڕەنگی توێکڵەکەی (کەوە یان کەوی) سەوزە، بەستمە بنچک بنچک کەوە، بنچک: بەو لاسکە دەوترێ کە شووتی بە بنجەکەوە دەبەستێ، واتە: لاسکی شوتیش ڕەنگی سەوزە. وەڵام (شفتیی-شووتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1160**

**خڕە، پڕە، خاڵییە خۆشەویست مناڵییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916102243520891

خڕە، پڕە، خاڵییە
خۆشەویست مناڵییە
مەبەستی مەتەڵەکە تۆپی یاریی کردنی منداڵانە کە شێوەی خڕە هەروەها پڕە لە هەوا، بۆ ئەوەی توندوتۆڵ بووەستێت و لە کاتی یاریکردندا خۆش بێت بەدەستەوە، خاڵییە، واتە: تۆپ تەنیا هەوای تێدایە، هیچی تری تیانییە، هەروەها لای هەموو منداڵێک خۆشەویستە. وەڵام (تۆپی یاریکردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل8

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1161**

**خڕەی لە بەرزیی گەزیەی لێدەی ددانی دەلەرزی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221129214239448448](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221129214239448448)

خڕەی لە بەرزیی
گەزیەی لێدەی
ددانی دەلەرزی

مەبەستی مەتەڵەکە گوێزە، خڕە لە بەرزی. مەبەست لە دارگوێزە کە باڵای بەرزە، گەرزیەی لێدەی، واتە: کەسێک گاز لە گوێز بگرێت، ددانی دەلەرزی، واتە: ددان ژان دەکات گەر گازی لە گوێز بگیرێت، چونکە گوێز توێکڵەکەی ڕەقە و بە ئاسانی ناشکێ. وەڵام (گوێز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل27

کاتی تۆمارکردن: 29-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1162**

**خۆ من مەزانۆ، قۆچ بۆ بزانە جەگرد کەس زووتەر مەلۆوەیانە نیشانەی عەقڵپەی عاقڵانەن ئەرنە پێ عەقڵ یەکسەر وێرانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013210534526058

خۆ من مەزانۆ، قۆچ بۆ بزانە
جەگرد کەس زووتەر مەلۆوەیانە
نیشانەی عەقڵپەی عاقڵانەن
ئەرنە پێ عەقڵ یەکسەر وێرانە
وەڵام (سڵاح). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل30

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1163**
**خۆشە گووشە خۆشە مووشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021191143441214

خۆشە گووشە
خۆشە مووشە
گووشە: سووچ و قوژبن (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) . هەنگ گیانەوەرێکی بچووکی کێوییە، لە سوچ و قوژبن و کەلێنی دار و شاخدا شار درووستدەکات و هەنگوین بەرهەم دێنێ. وەڵام (هەنگوین) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل40

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1164**
**خۆشەویستی خودایە خزمەتکاری لەبەردەستایە لە ڕۆژی حەشرا عەفوکرایە**
[20221019224717440986=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221019224717440986)

خۆشەویستی خودایە
خزمەتکاری لەبەردەستایە
لە ڕۆژی حەشرا عەفوکرایە
خۆشەویستی خودایە و لای خودا پێگەیەکی بەرزی هەیە، مەبەست لە عوزێر پێغەمبەرە، خزمەتکاری لەبەردەستایە، مەبەست لە گوێدرێژەیە کە بەردەوام لەگەڵی بووە و هاتوچۆی پێکردووە، لە ڕۆژی حەشرا عەفوکرایە، واتە: ڕۆژی دوای لێپرسینەوەی نییە. وەڵام (عوزێر پێغەمبەر و گوێدرێژەکەی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل41

کاتی تۆمارکردن: 19-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1165**
**خۆشەویستی خودایە خزمەتکارێکی لەبەردەستدایە خزمەتکارەکەی لەرۆژی حەشرا عەفوکرایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230101170855455861

خۆشەویستی خودایە
خزمەتکارێکی لەبەردەستدایە
خزمەتکارەکەی لە رۆژی حەشرا عەفوکرایە
خۆشەویستی خودایە، مەبەست لە عوزێر پێغەمبەر، (بەپێی ئەفسانەی ئایینە ئیبراهیمییەکان عوزێر پێغەمبەر لەگەڵ کەرەکەیدا مردووە و هەردووکیشیان لێپرسینەوەیان نییە و دەچنە بەهەشت) خزمەتکاری لەبەردەستایە، مەبەست لە کەرەکەی عوزێرە، کە لە رۆژی حەشردا بێلێپرسینەوە دەچیتە بەهەشت. وەڵام (عوزێر پێغەمبەر و کەرەکەی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل107.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-01
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1166**

**خۆنە پاتشا بێ درز و بێ دۆز**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016220040526421

خۆنە پاتشا بێ درز و بێ دۆز.
وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل61

کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1167**

**خۆی دوو پای هەس، دووانیش قەرز دەکا ئەڕۆی ناوێنێ، زەوی گەز دەکا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920191723521998](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920191723521998)

خۆی دوو پای هەس، دووانیش قەرز دەکا
ئەڕۆی ناوێنێ، زەوی گەز دەکا
مەبەست لە دووچەرخەیە، (دووچەرخە پێشی دەوترێت پاسکیل، لەسەر دوو تایە دەڕوات) خۆی دوو پای هەس، مەبەست لە دوو پایدەرەکەی پاسکلیە، دووانیش قەرز دەکا، مەبەست لە دوو قاچی ئەو کەسەیە کە پاسکیل لێدەخوڕێت، (گەز: بڕێکی پێوانەییە، لە مەتر کەمترە) زەوی گەز دەکا، واتە: لەکاتی ڕۆیشتندا گەزگەز زەوی دەبڕێت. وەڵام (دووچەرخە) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل23

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1168**
**خۆی دەستی هەیە، منداڵەکانی نییانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916102447520892

خۆی دەستی هەیە، منداڵەکانی نییانە.
مەبەست لە قۆری و پیاڵەیەی چا خواردنە، خۆی دەستی هەیە، مەبەست لە قۆرییە کە دەسکی هەیە بۆ گرتن، لە مەتەڵەکەدا بە دەست چوواندوویەتی، منداڵەکانی نییانە، مەبەست لە پیاڵەی چا خواردنە کە دەسکی بۆ گرتن نییە. بە منداڵی قۆری دانراوە. وەڵام (قۆری و پیاڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل12

کاتی تۆمارکردن: 16-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1169**

**خۆی شینە ئەیکەی بە دوو کەرتەوە قاوەییە ئەیکەی بە چوار کەرتەوە سەوزە ئەیکەی بە بیست کەرتەوە سپییە ئەیکەی بە هەزار کەرتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119125336459274

خۆی شینە ئەیکەی بە دوو کەرتەوە قاوەییە ئەیکەی بە چوار کەرتەوە
سەوزە ئەیکەی بە بیست کەرتەوە سپییە ئەیکەی بە هەزار کەرتەوە
مەبەست لە پارەی دینارە، بەگشتی پارە بەپێی ئەو ژمارەیەی لەسەریەتی بەهاکەی دیاری دەکرێ، خۆی شینە، مەبەست لە یەک دینارە، ئەیکەی بە دوو کەرتەوە قاوەییە، مەبەست لە دوو نیو دیناریە کە دەکاتەوە دینارێک، ئەیکەی بە چوارکەرتەوە سەوزە، مەبەست لە چوار ڕوبعی کاغەزی سەوزە کە دەکاتەوە یەک دینار، ئەیکەی بە بیست کەرتەوە سپییە، واتە دینارێک بیست پەنجاییە، (پەنجایی دراوی ئاسنە و ڕەنگی سپییە) ئەیکەی بە هازار کەرتەوە، واتە: دینارێک هەزار فلسە. وەڵام (دینار، نیو دینار، ڕوبع، ئەنجایی، فلس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشیخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل10

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1170**

**خۆی لە ماڵ کامزران دەکا کورەکەی لە دەشت جلیتان دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202171554448740

خۆی لە ماڵ کامزران دەکا
کورەکەی لە دەشت جلیتان دەکا
کامزاران: داری ئەستوور و قەوی. جلیت: سووکەڵەدار (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) خۆی لە ماڵ کامزاران دەکا، واتە: باوک یان کەسی گەورە کارە قوورس و گرانەکان ئەنجامدەدات، مەبەست لە داری ئەستوورە کە دەسووتێنرێ، کورەکەی لە دەشت جلیتان دەکا، واتە: کارە ئاسانەکان بۆ کەسە منداڵەکان دادەنرێت. مەبەست لە دووکەڵە کە بەرز دەبێتەوە. وەڵام (ئاگر و دووکەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل26

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1171**

**خۆی هەندۆکە، بەندۆکە، لەپێش پاشا ئەڵێی بووکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822165701429678

خۆی هەندۆکە، بەندۆکە
لەپێش پاشا ئەڵێی بووکە
ئەوەندووکە: شتی بچووک، دەندووک: مەبەست لە دەنووکە ئەوەندووکە پڕ دەندووکە، مەبەست لە پڵێتەی چرایە کە نووکێکی باریکی هەیە وەک دەنووک، لەپێش پاشا ئەڵێی بووکە، کاتێک دادەگیرسێت و دەچێتە بەردەمی میوان، لەمەتەڵەکەدا بە بووک چووێنراوە. وەڵام (چرا) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل23

کاتی تۆمارکردن: 22-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1172**

## خێوەتی هەڵدراو دەرکی نییە یەک لەسەر یەک نراو ئەرکی نییە چڵێک وایە سپی چڵێک سوورە جاری وا سەوزە، دێتە ئەو ژوورە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216123856452195

خێوەتی هەڵدراو دەرکی نییە، یەک لەسەر یەک نراو ئەرکی نییە
چڵێک وایە سپی چڵێک سوورە، جاری وا سەوزە، دێتە ئەو ژوورە
خێوەتی هەڵدراو دەرکی نییە، (دەرک: دەرگا، زارک) مەبەست لە چرایە، یەک لەسەر یەک نراو ئەرکی نییە، واتە: شوشەی نەوت و پڵیتە و بلوور لەسەریەک ڕیزکراوە، چڵێک وایە سپی و چڵێک سوورە، جاری وا سەوزە، مەبەست لە ڕەنگی ئاگری چرایە، کە ڕووناکییەکەی بە ژووردا پەخش دەبێت. وەڵام (چرا) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل42

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1173**
**خەتی پێ خۆر گوندی بێسەر مێی بێبەر**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221129213928448446](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221129213928448446)

خەتی پێ خۆر
گوندی بێسەر
مێی بێبەر
مەتەڵەکە مەبەست لە دوو بابەتی جیاوازە، خەتی بێخۆر و گوندی بێسەر، مەبەست لە گۆڕستانە کە مردووەکان هیچیان لە ژیاندا نەماون و سەری زیندوویان تێدا نییە، هەروەها هەتاو لێیان نادات، مێی بێبەر، مەبەست لە ئێسترە کە توانای وەچەخستنەوەی نییە. وەڵام (ئێستر و گۆڕستان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارییی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل28
کاتی تۆمارکردن: 29-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1174**

**خەتی بێخۆر مێی بێ بەر گوندی بێ سەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221019224521440985

خەتی بێخۆر
مێی بێ بەر
گوندی بێ سەر
ئێستر لە ئەنجامی جووتبوونی ماین و گوێدرێژ پەیدادەبێت، ئاژەڵێکی باربەر دەردەچێت، توانای زیادبوون و وەچەخستنەوەی نییە، خەتی بێخۆر مێی بێ بەر، واتە: بنەچەی هەیە بەڵام توانای وەچەخستنەوەی نییە، گوندی بێسەر، نێرەی لێپەیدانابێت. وەڵام (ئێستر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل40

کاتی تۆمارکردن: 19-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1175**

**خەر کەوە خەربەند کەوە، بەستمە بنچک، بنچکیش کەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822083204429610

خەر کەوە خەربەند کەوە
بەستمە بنچک، بنچکیش کەوە
خەر: کەر، گوێدرێژ، کەوە: ڕەنگی شێن مەبەست لە (کەرەشین) ە کە ناوی ڕەنگی جۆرێک کەرە، خەربەند: گیایەکی بەرزە تۆوێکی ووردی هەیە (فەرهەنگی خاڵ) خەر کەوە خەربەند کەوە، مەبەستی مەتەڵەکە (شوتی) یە کە ڕەنگی سەوزە لەکاتی ڕواندا پێی دەوورترێ: شینبووە، چۆن کەر بە دەوەنێکەوە دەبەسترێتەوە، شوتیش بە بڕکەکەیەوە بەستراوەتەوە، بنچک: بنەدەوەن یان بنە گیایەکی ئەستوور و پڕ و چڕ، لە هاویندا سەوزە و لە زستاندا وشک (فەرهەنگی خاڵ) بەستمە بنچک، بنچکیش کەوە واتە: شوتییەکە بە بڕەکەوەیەتی، ئەم مەتەڵە یاریکردنە بە وشە، لەپیناوی ڕێککردنی سەوای شیعرەکە. وەڵام (شوتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل21

کاتی تۆمارکردن: 22-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1176**

**خەزێمی زۆرن و شۆڕە دڕکی وەک چرنووکی تەیری گۆشتخۆرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111203827457938

خەزێمی زۆرن و شۆڕە
دڕکی وەک چرنووکی تەیری گۆشتخۆرە
مەبەست لە دڕکەزییە، (دڕکەزی: جۆرە دڕکێکی قایمی باڵابەرزی هەمیشە سەوزە، لە کوردەواردا دەکرێ بە پەرژین.
فەرهەنگی خاڵ) خەزێمی زۆرن و شۆرە، (خەزێم: لووتەوانە) مەبەست لە دڕکەزییە کە دڕکی زۆر پیاشۆڕبووەتەوە، دڕکەکانی دڕکەزی بە لووتەوانە بەراوردکراوە. دڕکی وەک چرنووکی تەیری گۆشتخۆرە، (تەیر: باڵندە) واتە: دڕکەکانی دڕکەزی تیژن وەکوو چرنووکی باڵندە. وەڵام (دڕکەزی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل195.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1177**

**خەزێنەی کاک سوڵتانی خوا نەبێ کەس نازانی لە دۆست یا لە میوانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226091825454158

خەزێنەی کاک سوڵتانی
خوا نەبێ کەس نازانی
لە دۆست یا لە میوانی

مەبەست لە منداڵی ناو سکی دایکە، خەزێنەی کاک سوڵتانی، مەبەست لە ڕەحمی دایکە کە سەرچاوەی دروستبوونی منداڵە، خوا نەبێ کەس نازانێ، واتە: منداڵ کە لە سکی دایکدا دروستدەبێ، تەنیا خودا دەزانێ نێرە یان مێیە، لە کۆندا ئەم تێڕوانینە هەبوو بەڵام لە ئێستادا زانست یەکلایی کردووەتەوە، لە دۆست یا لە میوانێ، واتە: کەس نازانێ. وەڵام (منداڵی سکی دایک) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل11

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1178**
**خەنە هەی خەنە زەردەلوو خەنە دوو سنووق لەبان سنووقێک بەنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021191328441215

خەنە هەی خەنە زەردەلوو خەنە
دوو سنووق لەبان سنووقێک بەنە
خەنە: گەڵایەکی سەوزە دەهاڕێ و ژنان و کچان لە دەست و پێی و سەریانی دەدەن. زەردەلوو: هەڵوژە. بەن: ڕێسراوی خوری (فەرهەنگی خاڵ) خەنە هەی خەنە زەردەلوو خەنە، مەبەست لە بەرماڵە کە ڕەنگی وەک خەنە یان هەڵوژەیە و لەبەن درووستدەکرێت. وەڵام (بەرماڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل39

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1179**
**خەڵکی داوای دەکەن ئەگەر نەیەت بۆی ڕادەکەن ئەگەر بێت لێیَ ڕادەکەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221019223437440981

خەڵکی داوای دەکەن
ئەگەر نەیەت بۆی ڕادەکەن
ئەگەر بێت لێیَ ڕادەکەن

خەڵکی داوای دەکەن، مەبەست لە باران بارینە، ئەگەر نەیەت بۆی ڕادەکەن، واتە: هەر کاتێک باران دوابکەوێت و وشکە سالّی بێت، خەڵکی داوادەکەن و دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی باران ببارێت، ئەگەر بێت لێی ڕادەکەن، واتە: کاتێک باران دەبارێت، خەڵکی دەچنە نوا و خانووەکان بۆ ئەوەی تەڕنەبن. وەڵام (باران) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل41

کاتی تۆمارکردن: 19-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1180**

**خەڵکی کێوانە ماڵی لە چۆمانە خواردنی لە ئاوەدانیانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221019223031440979

خەڵکی کێوانە
ماڵی لە چۆمانە
خواردنی لە ئاوەدانیانە
مەبەست لە ئاشی ئاوە، (ئاش ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێت) خەڵکی کێوانە، مەبەست لە دانەوێڵەیە، ماڵی لە چۆمانە، مەبەست لە ئاشی ئاوە کە لە نزیک چەمدا دروستدەکرێت، چونکە ئاش بە ئاو دەگەڕێ، خواردنی لە ئاوەدانیانە، مەبەست لە دانەوێڵەیە کە دەکرێت بە ئارد و لە گوند و ئاوەدانییەکاندا وەک خۆراک دەخورێت.
وەڵام (ئاش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل39

کاتی تۆمارکردن: 19-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1181**
**داپیرێکم هەیە لە دەشتی سەوییە ڕیخەی لە پشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117200622458922

داپیرێکم هەیە لە دەشتی
سەوییە ڕیخەی لە پشتی
مەبەست لە قالۆنچە گووخلەیە، (گووخلە: مەبەست لە پشقل یان پاشەڕۆی ئاژەڵە کە قالۆنچە خڕیدەکاتەوە و لە کۆنی دەنێ و دەیباتەوە) داپیرێکم هەیە لە دەشتی، مەبەست لە قالۆنچەیە کە بە داپیرە چووێنراوە، سەویە ڕیخەی لە پشتی، (سەویە: سەبەتە) مەبەست لە پاشەڕۆیە کە بە پشتی قالۆنچەوەیە. [1]
وەڵام: (قالۆنچە گووخڵە)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل204.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1182**
**داپیرەکێ ڕەق و هیشکە تەونی دەکا بەبێ بیشکە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201140510448642](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201140510448642)

داپیرەکێ ڕەق و هیشکە
تەونی دەکا بەبێ بیشکە
مەبەست لە جالجالۆکەیە کە لە مەتەڵەکەدا بە داپیرەی ڕەق و چرچ باس کراوە، (جاڵجاڵۆکە: زیندەوەرۆچکەیەکی بچووکە، بە لیک داو دەچنێ، بە پەنا و پەسێرەوە هەڵیدەواسێ، بۆ ئەوەی لە ڕێگەوەی نێچیری دەستکەوێ) تەونی دەکا بە بێ بیشک، واتە: بێ ماندووبوون و کێشە داو دەچنێ. وەڵام (جاڵجاڵۆکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1183**

**دادگەرێکی دادپەروەرە، پەنجەی نییە خەڵکی ڕازی دەکا و فەرمانی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201140211448641

دادگەرێکی دادپەروەرە و پەنجەی نییە
خەڵکی ڕازی دەکا و فرمانی نییە
مەبەستی مەتەڵەکە تەرازووە کە بە دادگەر ناسراوە (تەرازوو: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کێشانی میوە و دانەوێڵە بەکاردێ) خەڵکی ڕازی دەکات، واتە: هاوتای شتەکان وەک یەک دەکات، فرمانی نییە، واتە: لە ڕازیکردنی دڵی کەسەکاندا فرمان بەکارنایەنێت. وەڵام (تەرازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1184**

**دادوەرێکی دادپەروەرە، پەنجەی نییە خەڵکی ڕازی دەکا فەرمانی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921214148522299

دادوەرێکی دادپەروەرە، پەنجەی نییە
خەڵکی ڕازی دەکات فەرمانی نییە
مەبەست لە تەرازووی بەنە، (تەرازووی بەن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کێشانی دانەوێڵە و میوە بەکاردێت، پێکدێ لە دوو تا، هەر تایەکیان بە سێ تاڵ بەنی نەپسێن بە دارێکەوە قایم کراوە) لە مەتەڵەکەدا تەرازووی بە دادوەر چوواندووە، لە سەوداداا کڕیار و فرۆشیار پێی ڕازین. وەڵام (تەرازووی بەن) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 33

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1185**

**دادەنیشێ تا جەحێڵە کە پیر بوو وێڵە**

[20221202150536448712=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202150536448712)

دادەنیشێ تا جەحێڵە
کە پیر بوو وێڵە

جەحێڵ: جوان، تازەپێگەشتوو، گەنج، لاو، (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) دادەنیشێ تا جەحێڵە، مەبەست لە کنگرە، بەتازەیی خەڵکی دەریدێنێ و دەیخوات (کنگر: گیایەکی کوێستانییە، بە شێوەیەکی سرووشتی دەڕوێ، بەشی سەرەوەی دڕکاوییە و ڕەنگی سەوزێکی تێرە، بنکێکی سپی هەیە، لەناو خاکدا دەگەشەدەکات، بۆ خواردن بەکاردێ) کە پیر بوو وێڵە، واتە: زۆر مایەوە پیر دەبێت و بەکەڵکی خواردن نایەت. وەڵام (کنگر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل31

کاتی تۆمارکردن: 02-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1186**
**دادەنیشێ تا جەحێڵە کەوتە تەمەن تەخێڵە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216101436452150](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216101436452150)

دادەنیشێ تا جەحێڵە
کەوتە تەمەن تەخێڵە
(جەحێڵ: جوان، تازەپێگەشتوو، گەنج، لاو. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) دادەنیشێ تا جەحێڵە، مەبەست لە کنگرە، بەتازەیی خەڵکی دەریدێنێ و دەیخوات (کنگر: گیایەکی کوێستانییە، بەشێوەیەکی سرووشتی دەڕوێ، بەشی سەرەوەی دڕکاوییە و ڕەنگی سەوزێکی تێرە، بنکێکی سپی هەیە، لەناو خاکدا دەگەشەدەکات، بۆ خواردن بەکاردێ) کەوتە تەمەن تەخێڵە، واتە: کە پیر بوو ناخوری. وەڵام (کنگر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل45

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1187**
**دار سوولکی خاران کەوتە پشت ماران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201134319448640

دار سوولکی خاران
کەوتە پشت ماران
مەبەست لە باگردێنی دارە، (باگردێن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ گێڕانی بانی گڵ بەکاردێ، هەندێک باگردێنەکان لە بەرد دەتاشرێن، هەندێکی تریان لە داری گوێز) داری سوولکی خاران، (سوولک: داری ساوا یان داری تازە فەرهەنگی خاڵ)
مەبەست لە باگردێنە کە لە دار دروستدەکرێ، کەوتە پشت ماران، واتە: لەسەربانی ماڵان دادەنرێ. وەڵام (باگردێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل28

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1188**

**دار لە دار بێ ئەڵقە لە بزمار بێ پەتێکی لێهەوسار بێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021224735441275

دار لە دار بێ
ئەڵقە لە بزمار بێ
پەتێکی لێهەوسار بێ
مەبەست لە تەشییە (تەشی: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ یان مووی بزن بەکاردێت) دار لە دار بێ، مەبەست لە سەلکە تەشی و کلکە تەشییە کە پێکەوە لکاون، ئەڵقە لە بزمار بێ، مەبەست لە قولاپی تەشییە، پەتکی لێهەوسار بێ، مەبەست لە داوی ڕێسراوە. وەڵام (تەشی) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل42

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1189**

**دار لە دار سوار بی ئاڵقەی لێ بزمار بی پەتکی لێ هەوسار بی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201132437448635

دار لە دار سوار بی
ئاڵقەی لێ بزمار بی
پەتکی لێ هەوسار بی

مەبەست لە تەشییە، (تەشی: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ و کوڵکی مەڕەز بەکاردێ) دار لە دار سواری، مەبەست لە کلکە تەشی و سەلکە تەشییە کە پێکەوە لکاون، ئاڵقەی لێ بزمار بێ، مەبەست لە قولاپی تەشییە کە داوی ڕیسراوی پێوەگیردەکرێ. پەتکی لێ هەوساری، مەبەست لە داوری ڕێسراوی تەشییە. وەڵام (تەشی). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا ل28

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1190**

**دار لە داری پیرەلۆکە و هەوساری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201132720448636

دار لە داری
پیرەلۆکە و هەوساری
مەبەست لە ئامێری تەشییە، (تەشی: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خووری مەڕ و کووڵکی مەرەز بەکاردێ) دار لە داری، مەبەست لە کلکە تەشی و سەلکە تەشییە کە پێکەوە لکاون، پیرەلۆکە و هاوساری، واتە: بە تەشی لۆکە دەڕێسرێ و دەکرێتە داو و ئامادەدەکرێ بۆ چنین، داو بە هاوساری ئەسپ چووێنراوە. وەڵام (تەشی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل29

کاتی تۆمارکردن: 01-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1191**

**دار لە داری پەتک هاوساری ئاسن لە زاری لە دێ و لە شاری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216101846452151

دار لە داری پەتک هاوساری
ئاسن لە زاری لە دێ و لە شاری
مەبەست لە تەشییە (تەشی: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ یان کوڵکی مەرەز بەکاردێ) دار لە داری، مەبەست لە سەلکی تەشی و کلکە تەشییە، پەتک هاوساری، مەبەست لە داوی ڕێسراوە کە بە هەوساری وڵاخ چووێنراوە، ئاسن لە زاری مەبەست لە قولاپی تەشییە، لە دێ و لە شاری، واتە: لە دێ و لە شاردا تەشی و کاری ڕستن هەیە. وەڵام (تەشیێ). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل45

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1192**

**دار لە داری چەرم لە داری ملە دابڕاو تۆ بێ دیاری**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021225554441278](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221021225554441278)

دار لە داری چەرم لە داری
ملە دابڕاو تۆ بێ دیاری
مەبەستی مەتەڵەکە مەشکەیە، دار لە داری، واتە: سێپای مەشکە کە پێکدێ لە سێدار، چەرمە لە داری، واتە: مەشکە کە لە چەرمی مەڕ یان بزن درووستدەکرێت، بەو سێپایەوە هەڵدەواسرێت، ملە دابڕوا، واتە: مەشکە سەری ماڵاتەکەی پێوەنییە، تەنیا کەوڵەکەیەتی. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل42

کاتی تۆمارکردن: 21-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1193**

**دار لە داری سوار پەتک هەوسار ئاسن لە زار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023215021441608

دار لە داری سوار
پەتک هەوسار
ئاسن لە زار
مەبەست لە تەشییە (تەشی: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ یان مووی بزن بەکاردێت) دار لە دار سوار، مەبەست لە سەلکە تەشی و کلکە تەشییە کە پێکەوە لکاون، پەتک هەوسار، مەبەست لە داوی ڕێسراوە، ئاسن لە زار، مەبەست لە قولاپی تەشییە. وەڵام (تەشی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل42

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1194**

**دار لە داری کون لە داری موو گیسکی هاوساری ملدابڕاوە وەرە دیاری**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103171648456256](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103171648456256)

دار لە داری کون لە داری
موو گیسکی هاوساری
ملدابڕاوە وەرە دیاری
مەبەست لە مەشکەیە، (مەشکە ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێ) دار لە داری، مەبەست لە سێپای مەشکەیە، کون لە داری مەبەست لە خرێنە و لۆلەپ: بەو دوو دارە دەوترێ کە سەرەکانی کون کراوە و چوارپەلی مەشکەی پێوە توندکراوە، موو گیسکی هاوساری، مەبەست لە گوریسە کە بە مووی گیسک دروستدەکرێ و مەشکەی پێهەڵدەواسرێ، ملدابرو: مەبەست لە مەشکەیە کە لە پێستی بزن یان نێری دروستدەکرێ. وەڵام (مەشکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل168.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1195**

**دار لە داری، چەرمم لە داری ملەی بڕاوە، تۆ بێیە دیاری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201133108448637

دار لە داری، چەرمم لە داری
ملەی بڕاوە، تۆ بێیە دیاری
دار لە داری مەبەست لە سێپای مەشکەیە، (سێپای مەشکە سێ دارە، بەیەکدا هەڵدەنرێ و مەشکەی پێدا هەڵدەواسرێ) چەرمم لە داری، مەبەست لە مەشکەیە (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە پێستی بزن درووستدەکرێ و دۆی پێدەژەنرێ) ملە بڕاوە، واتە: بزن سەردەبڕێت و لە پێستەکەی مەشکە درووستدەکرێ، تۆ بێیە دیاری واتە: مەشکە بە سێپاپی داردا هەڵدەواسرێ و دەژەنرێ، تۆ وەرە سەیری بکە. وەڵام (مەشکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارپی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل34

کاتی تۆمارکردن: 01-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1196**
**دار لە دارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923150757435739

دار لە دارە
سەری بزمارە
بنی هەوسارە
مەبەست لە تەشییە کە بۆ ڕستن بەکاردێت، دار لە دارە. مەبەست لە سەلکە تەشی و کلکە تەشییە، سەری بزمارە، واتە: قولاپی تەشی کە داوی پێدەڕێسرێت، بنی هەوسارە، واتە: ئەو داوەی کە دەڕێسرێ لەسەر کلکە تەشی هەڵدەکرێتەوە، بە هەوسار چووێنراوە. وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل24

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1197**

**دار لەسەر داری ئاوریشم مرواری ئاسن بۆتە هاوساری**

[20221023214425441607=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023214425441607)

دار لەسەر داری
ئاوریشم مرواری
ئاسن بۆتە هاوساری

دار لەسەر داری: مەبەست لە کلک و سەری تەشییە، ئاسن بۆتە هاوساری واتە: قولاپی تەشیی ئەو بەشەی کە خوری یان مووی پێوە گیردەکرێ، ئاوریشم مرواری: ئەو مووی بزن یان خورییەیە کە بە تەشییەکە دەخولێندرێتەوە و دەرێسرێ. وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل42

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1198**

**داردەستی مام وەسمان دەنگی دەچێتە ئاسمان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201133409448638](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201133409448638)

داردەستی مام وەسمان
دەنگی دەچێتە ئاسمان
داردەست: لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە تفەنگە کە بە دەست کەسێکەوە بێت، مام وەسمان: ناوی کەسایەتییە، دەنگی دەچێتە ئاسمان، مەبەست لە تەقاندنی تفەنگە بە دەستی کەسێک، دەنگی تەقینی فیشەک گەورەیە و دەگاتە شوێنی دوور، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە ئاسمانە. وەڵام (تفەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل28

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1199**

**دارگوێزێ لە لێژی هەمووکەسێ لێی ئەچێژی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925214949523408

دارگوێزێ لە لێژی
هەمووکەسێ لێی ئەچێژی
مەبەست لە مەمکی دایکە، دارگوێزێ لە لێژی، داری گوێز گوێزەکانی کە بەرەکەیەتی بە بەشی سەرەوەی دارەکەوەیە، هەروەها گوێزەکان چەورن، ئەمە چووێنراوە بە مەمەکی دایک لە بە سنگی دایکەوەی و بەرزە، هەروەها شیریش وەک گوێز چەورە، هەمووکەسێ لێی ئەچێژ، واتە: چۆن هەمووکەسێک بە منداڵی شیر دەخوات و تامی دەچێژێ، دەشتوانی گوێز بخوات و تامی بکات. وەڵام (مەمکی دایک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل51

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-25

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1200**

**دارمێوێکمان هەیە دوو جۆر ترێ دەگرێ، چرۆیەکیان سپییە و چرۆیەکیان ڕەشە**

[20220806074254426762=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806074254426762)

دارمێوێکمان هەیە دوو جۆر ترێ دەگرێ، چرۆیەکیان سپییە و چرۆیەکیان ڕەشە
ترێ ڕەشەکە حەڵاڵە بیخۆی، ترێ سپییەکە حەرامە بیخۆی
دارمێو بە مانگی ڕەمەزان چووێنراوە، دوو جۆر ترێ دەردەکا، مەبەستی لە دوو کاتی جیاوازە، چرۆیەکیان سپییە، مەبەس لە ڕۆژە، چرۆیەکیان ڕەشە، مەبەست لە شەوە، ترێ ڕەشەکە حەڵاڵە بیخۆی، واتە: لە کاتی شەودا ئازادی چی بخۆی، ترێ سپییەکە حەرامە بیخۆی، واتە: لە کاتی ڕۆژدا خواردن حەرام دەکرێ. وەڵام ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1201**
**داروەنێ لەسەر بەنێ عاڵەمێ دەستی دەبەنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016211153526405

داروەنێ لەسەر بەنێ
عاڵەمێ دەستی دەبەنێ
وەڵام (لووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل47

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1202**
**داری بێ گوڵ مەلی بێ دڵ مڵکی بێ گڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927154831523607

داری بێ گوڵ
مەلی بێ دڵ
مڵکی بێ گڵ
مەبەست مەتەڵەکە سێ شتی جیاوازە، داری بێ گوڵ، مەبەست لە داری مێوە کە بەر دەردەکات، گوڵی نییە، ڕاستەوخۆ بەرسیلە دەگرێت، مەلی بێ دڵ، مەبەست لە مێشوولەیە، مڵکی بێ گڵ، مەبەستی لە ئافرەتە کە لە ئەنجامی هاوسەرگری دەبێتە هی پیاو. وەڵام (مێو، مێشوولە و ژن). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل54

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1203**

**داری بێ گوڵ، ئەسحابەی بێ دڵ، خواردنی بێ توێکڵ**

2022081809275542893l=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

داری بێ گوڵ
ئەسحابەی بێ دڵ
خواردنی بێ توێکڵ
ئەم مەتەڵە سێ خۆراکی جیاواز لەیەک کاتدا باس دەکات، داری بێ گوڵ، مەبەست لە داری هەنجیرە کە گوڵ ناگرێ، ڕاستەوخۆ بەردەردەکات، بەپێچەوانەی داری ترەوەیە کە گوڵ دەردەکەن و گوڵەکان دەبن بە بەر، ئەسحابەی بێ دڵ، مەبەست لە ماسییە، خواردنی بێ توێکڵ، مەبەستی لە خوێیە. وەڵام (هەنجیر، ماسی و خوێ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1204**

**داری تاشراو تەشوی نەدیو گۆشتی داهاتووە و کاردی نەدیو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226073523454124

داری تاشراو تەشوی نەدیو
گۆشتی داهاتووە و کاردی نەدیو
مەبەست لە داری خورما و خورمایە، (تەشو یان تەشوێ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، کلکێکی دار و دەمێکی تیژی ئاسنی هەیە، بۆ تاشینی دار بەکاردێ) داری تاشراو تەشوی نەدیو، مەبەست لە داری خورمایە کە ڕێک دەچێ بە ئاسماندا، وەکوو ئەوە وایە کە بە تەشو تاشرابێ، گۆشتی داهاتووە و کاردی نەدیو، (کارد: چەقۆ یان تیغی بە دەسکی بچووک. فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە خورمایە کە چەقۆی ناوێ بۆ لێکردنەوە و خواردن. وەڵام (خورما) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل12

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1205**

**داری چل ئاواز**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023230033441645

داری چل ئاواز.
مێژووی درووستبوونی ئەم مەتەڵە نوێیە و دەگەڕێتەوە بۆ درووستکردنی ڕادیۆ، بەتایبەتیی کاتی هاتنی بۆ کوردستان، مەتەڵەکە مەبەست لە ڕادیۆیە، بە هەر بارێکدا دەیگۆڕین، هەریەکە و لە ئاوازێک دەدوێ. وەڵام (ڕادیۆ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل42
کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1206**
**داری چەماوە بە پێستە خۆشکراوە گیاندارێکی لەناوە**
20221023215452441613=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
داری چەماوە
بە پێستە خۆشکراوە
گیاندارێکی لەناوە
ڕاوچییەکان لە وڵاتی کوردەواردا بە شووڵی دار قەفەر بۆ کەو درووستدەکەن، داری چەماوە، مەبەست لەو شووڵی دارەیە کە دەیچەمێننەوە و قەفەزی بۆ کەو پێدرووستدەکەن، بە پێستە خۆشکراوە، واتە: بەشی خوارەوە قەفەزەکە پێستەی لێدەدەن، گیاندارێکی لەناوە، مەبەست لە کەوە. وەڵام (قەفەزی کەو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل42
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1207**

**داری چەمی چەماوە، مردووە و زیندووی لێناوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731115512425704

داری چەمی چەماوە، مردووە و زیندووی لێناوە
داری چەمی چەماوە: مەبەست ئەو دارەیە کە بێشکەی لێ درووستدەکرێ و دەچەمێنرێتەوە (دارەکە دەخرێتە ناو ئاو، بۆ ئەوەی نەرم ببێتەوە و بەئاسانی بچەمێتەوە) مردووە و زیندووی لێناوە، مردوو واتە: بێشکە و زیندووش واتە: منداڵ کە دەخرێتە ناو بێشکەکەوە. وەڵام لانکە یان بێشکە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1208**
**داری حەفت بەر خۆشەی کوندەی تیماری زمانی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202193502448764](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202193502448764)

داری حەفت بەر، خۆشەی کوندەی، تیماری زمانی.
مەبەست لە داری مازووە، داری حەفت بەر، (حەفت: حەوت) واتە: داری مازوو حەوت بەردەگرێ، خۆشەی کوندە، (کوندە: لە پێستی بزن درووستدەکرێ و بە مازووی دارمازوو خۆش دەکرێ و ئاوی تێدەکرێ، تیماری زمان، مازوو وەک دەرمان بۆ نەخۆشی زمان بەکاردێ. وەڵام (دارمازوو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1209**
**داری حەوت بەر، خۆشە کوندەی، تیماری زمانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925212917523396

داری حەوت بەر، خۆشە کوندەی، تیماری زمانی.
مەبەست لە داری مازووە، (دارمازوو لە کوردستان لە ناوچە چیاییەکاندا بەشێوەیەکی سرووشتی دەڕوێت، لە یەک ساڵدا نزیکەی حەوت بەر دەگرێت، هەر بەرەی بۆ شتێک بەکەڵکە) ، داری حەوت بەر، مەبەست لە دارمازووە، خۆشە کوندەی، (کوندە: ئەو پێستی ماڵاتەیە کە بە مازوو خۆشدەکرێت و دواتر بۆ ئاو تێکردن بەکاردێت) ، واتە: مازوو نەخشی هەیە لە خۆشکردنی پێستی ئاژەڵدا، تیماری زمانی: واتە: لە کوردەواردا مازوو وەک گیادەرمانی لە چارەسەری برینی زماندا بەکاردێت.
وەڵام (مازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل48

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1210**

**داری دوولک پڕ لە کووڵک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103170542456252

داری دوولک
پڕ لە کووڵک
مەبەست لە برێنگە، (برێنگ: جۆرێک مقەستی دەستی تایبەتییە، بۆ بڕینەوەی خووری مەڕ یان مووی بزن بەکاردێ) داری دوولک، مەبەست لە هەردوو دەمی مقەستە کە بە داری دوولک چووێنراوە، (دوولک: بەدارێک دەوترێ کە سەرێکی دوو پەل بێت، بۆ لێکردنەوەی میوە بەکاردێ) پڕ لە کووڵک، واتە: لەکاتی بڕینەوە خووری یان کووڵکی بزندا، دەمی برینگ پێدەبێت لە موو یان خوری مەڕ. وەڵام (برێنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل170.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1211**

**داری دوولک پڕ لە کۆلک**

20221026185401442040=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

داری دوولک
پڕ لە کۆلک
مەبەست لە برینگە، (برینگ، جەو: بەو جۆرە مقەستە دەوترێ کە خوری مەڕی پێدەبڕێتەوە) داری دوولک، مەبەست لە برینگە کە دەمەکەی بە داری دوولک بەراوردکراوە، (دوولک: بەو دارە درێژە دەوترێ کە دەمەکەی دوو پەلە، بە بەرزکردنەوەی کا بەکاردێت) پڕ لە کۆلک، مەبەست لە خوری مەڕە کە بە دەمی برینگەوەیە لەکاتی لێکردنەوەدا. وەڵام (برینگ، جەو) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل47

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1212**

**دارێ لە دارێ پەتێ لە هەوسارێ مل بڕاوە وەرە دیارێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925214713523407](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925214713523407)

دارێ لە دارێ پەتێ لە هەوسارێ
مل بڕاوە وەرە دیارێ
مەبەسی لە مەشکەیە، (مەشکە ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێت، لە پێستی بزن یان کەڵەکێوی دروستدەکرێت) ، هەوسار: یان ڕەشمە بەو پەتە دەوترێت کە دەکرێتە ملی وڵاخ، دار لە داری پەت هەوساری، مەبەست لەو دارەیە کە مەشکەی بە گوریس پێوەدەکرێت، لە مەتەڵەکەدا گوریسی مەشکەی بە هەوسار چوواندووە، مل بڕاوە وەرە دەیاری، مەبەست لە مەشکەیە کە سەری پێوەنییە. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل50

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1213**

**دارێک هەیە داری گوڵباوێ پێنج لکان داوێ سێ لە سێبەرێ و دوو لەبەر تاوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103171326456254

دارێک هەیە داری گوڵباوێ
پێنج لکان داوێ
سێ لە سێبەرێ و دوو لەبەر تاوێ
مەبەست لە پێنج کاتەی نوێژە، دارێکم هەیە داری گوڵباوێ، مەبەست لە یەک ڕۆژە، بەپێی ئایینەکان مرۆڤ بۆ خودا پەرستی بۆ چەند کاتێک دابەشیکردووە، پێنج لکان داوێ، مەبەسی لە پێنج کاتی نوێژە لە ئاییندا، سێ لە سێبەرێ، مەبەست لە نوێژی ئێوارە و شەو و بەیانیانە، دوو لەبەر تاوێ، مەبەست لە نوێژی نیوەڕ و عەسرە. وەڵام (پێنج کاتەی نوێژ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل58.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1214**
**دارێکم هەیە بێ گوڵە بەردێکی دێنێ وەکوو دڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226074234454126

دارێکم هەیە بێ گوڵە
بەردێکی دێنێ وەکوو دڵە
دارێکم هەیە بێ گوڵە، مەبەست لە داری هەنجیرە کە بەر دەگرێ گوڵ ناکات، ڕاستەوخۆ هەنجیر دەگرێ، بەردێکی دێنێ وەکوو دڵە، (بەردێکی دێنێ: بەرگرتن) مەبەست لەوەیە کە میوەی هەنجیر شیرین و بەتامە، سەرەتا ڕەقە و بە بەرد چووێنراوە دواتر کە پێدەگات نەرم دەبێت. وەڵام (هەنجیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل12

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1215**

**دارێکم هەیە بێ گوڵە میوەی هەتا بڵێی شرین و بە دڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023220154441617

دارێکم هەیە بێ گوڵە
میوەی هەتا بڵێی شرین و بە دڵە
دارێکم هەیە بێ گوڵە، مەبەست لە داری هەنجیرە کە بەر دەگرێ گوڵ ناکات، ڕاستەوخۆ هەنجیر دەگرێ، میوەی هەتا بڵێی شیرین و بە دڵە، مەبەست لەوەیە کە میوەی هەنجیر شیرین و بەتامە، یەکێکە لەو میوانەی کە بە دڵی مرۆڤە. وەڵام (هەنجیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل42

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1216**

**دارێکم هەیە ترێ دەگرێ ئەوەی بەناڕەوا بیخوا پێی دەمرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103170207456251

دارێکم هەیە ترێ دەگرێ
ئەوەی بەناڕەوا بیخوا پێی دەمرێ
مەبەست لە سوێندخواردنە بە پیرۆزییەکان، لەناو هەموو کۆمەڵگەیەکدا چەند شتێک هەیە لەلایەن مرۆڤەکانەوە بەرێکەوتنی کۆمەڵایەتی پیرۆزکراوە، سوێندخواردن بە درۆ پێی، سزای قووڕسی هەیە، دارێکم هەیە ترێ دەگرێ، مەبەست لە یەکێک لە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگەیە، ئەوەی بەدرۆ سوێندی پێبخوا، سزای مەرگە. وەڵام (سوێندخواردن بە پیرۆزییەکان) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل11.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1217**

**دارێکم هەیە دار هەنارە هەر لقێکی سەد هەزارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205101157534001

دارێکم هەیە دار هەنارە
هەر لقێکی سەد هەزارە
داری هەنار لەناو باخدا لقی زۆرە بڵاودەکاتەوە، هەروەها هەر لقێکیشی دەیان پەل و گەڵای لێدەبێتەوە، مەبەستی مەتەڵەکە خۆرە، کە تیشک بە هەموو ئەستێرەکانی کۆمەڵەکەیدا بڵاودەکاتەوە، واتە تیشکی دەگاتە زووربەیان، لە مەتەڵەکەدا تیشکی خۆر بە لق و پۆپی داری هەنار چووێنراوە. وەڵام (تیشکی خۆر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل182

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1218**
**دارێکم هەیە داری هەنارە هەر پەلکێکی سەد هەزارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202151324448714

دارێکم هەیە داری هەنارە
هەر پەلکێکی سەد هەزارە
مەبەست لە خۆرە کە تیشکی بەهەموو لایەکدا ڕووناکیی بڵاودەکاتەوە، دارێکم هەیە داری هەنارە، مەبەست لە خۆرە، چۆن داری هەنار بەری هەناری هەیە، خۆریش تیشکی هەیە، هەر پەلکێکی سەد هەزارە، مەبەست لە ژمارەی زۆری تیشکەکانی خۆرە. وەڵام (تیشکی خۆر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل30

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1219**

## دارێکم هەیە داری یاقوو هەر پەلکێکی چل قوو

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202150923448713

دارێکم هەیە داری یاقوو
هەر پەلکێکی چل قوو

یاقوو: یاقۆ: ناوی کورتکراوەی پەیامبەر یاقووبە (فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە) بەپێی ئەفسانەی ناو ئایینەکان، یاقووب دارێکی بە دەستەوە بووە درەوشاوەتەوە، دارێکم هەیە لە داری یاقوو، مەبەست لە تیشکی هەتاوە کە پەخش دەبێت بەسەر زەویدا، تیشکی داری یاقووبی پێ چووێنراوە، هەر پەلێکی چل قوو، واتە: تیشک بەهەموو لایەکدا بڵاودەکاتەوە. وەڵام (تیشکی خۆر) [1].

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل30

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1220**

## دارێکم هەیە داری یاقووە هەر پەیکی چل چەقووە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205101800534003

دارێکم هەیە داری یاقووە
هەر پەیکی چل چەقووە
داری یاقوو: مەبەستی لە داری هەنارە، چەقوو: چەقۆ مەبەست لە تیشکی خۆرە لە تێژیدا بە نووکی چەقۆ چووێنراوە، هەنار هەر پەلێکی دەیان چقڵی زۆر نووک تیژی پێوەیە، داری هەنار لەناو باخدا لقی زۆرە بڵاودەکاتەوە، هەروەها هەر لقێکیشی دەیان پەل و گەڵای لێدەبێتەوە، لە مەتەڵەکەدا چقڵی داری هەنار بە چەقۆ چووێنراوە. وەڵام (تیشکی خۆر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەماڵ، 2013، ل182

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1221**

**دارێکم هەیە لەناو داران سەری دەبڕی بە مشاران هیرەهێڕی وەکو باران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027201545442207

دارێکم هەیە لەناو داران
سەری دەبڕی بە مشاران
هیرەهێڕی وەکو باران
دارێکم هەیە لەناو داران، واتە: لەناو هەموو جۆرەکانی داردا، تەنیا جۆرێک دەکرێت بە شمشاڵ، ئەویش قامیشە، سەری دەبڕی بە مشاران، واتە: قامیش بە مشار دەبردرێ و شمشاڵی لێ درووستدەکرێت، هیرەهیڕی وەکوو باران، واتە: کاتێک کەسێک شمشاڵ لێدەدات، دەنگێکی خۆشێ لێوەدێ، بە دەنگی باران چووێنراوە. وەڵام (شمشاڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل48

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1222**

**دارێکم هەیە لەنێو داران دەیبڕییەوە بە مشاران ناڵەی دێ وەک برینداران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003194124524518

دارێکم هەیە لەنێو داران
دەیبڕییەوە بە مشاران
ناڵەی دێ وەک برینداران

مەبەست لە شمشاڵە، دارێکم هەیە لەنێو داران، مەبەست لە قامیشە کە دەکرێت بە شمشاڵ، (شمشاڵ ئامێرێکی موزیکی کەلەپووری کوردییە) ، دەیبڕییەوە بە مشاران، واتە: ئەو جۆرە قامیشەی دەکرێت بە شمشاڵ بە مشار دەبڕێت، ناڵەی دێ وەک برینداران، مەبەست لە کاتی ژەنینی شمشاڵە کە دەنگێکی بەسۆزی لێ دێتەدەر. وەڵام (شمشاڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل59

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1223**

**دارێکم هەیە، ئەدا پێنج سەمەر دووانی لە خۆرە و سیانی لە سێبەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002210751524490

دارێکم هەیە، ئەدا پێنج سەمەر
دووانی لە خۆرە و سیانی لە سێبەر
سەمەر: بەرهەم (فەرهەنگی وشەنامە) ، مەبەست لە کاتەکانی نوێژە، دارێکم هەیە ئەدا پێنج سەمەر، مەبەست لە پێنج کاتی نوێژکردنەوە، دووانی لە خۆرە، مەبەست لەوەیە کە دووکاتی نوێژ لەکاتی دەرکەوتنی خۆردایە، سیانی لە سێبەرە، واتە: سێ کاتی تر نوێژ لەکاتی شەودایە. وەڵام (نوێژ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل55

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1224**

**دارێکم هەیە، دوازدە لکە، هەر لکەی سی پەلکە، هەر پەلکەی لایەکی سپییە و لایەکی ڕەشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905204913432219

دارێکم هەیە، دوازدە لکە، هەر لکەی سی پەلکە، هەر پەلکەی لایەکی سپییە و لایەکی ڕەشە.
دارەکە و دوازدە لکە، هەر لکێکی سی پەلکە، هێلانە و دوو هێلکە.
ساڵێک دوازدە مانگە، لە مەتەڵەکەدا بە دارێکی دوازدە لک چووێنراوە، هەر لکەی سی پەلکە، مەبەست لەوەیە کە هەر مانگێک سی ڕۆژە، هەر پەلکەی لایەکی سپییە و لایەکی ڕەشە واتە: هەر ڕۆژێکی مانگ، شەوی هەیە و ڕۆژی هەیە، لە مەتەڵەکەدا بە سپی و ڕەش بەراوردی کردووە، بەڵام لە مەتەڵی دووەمدا بە هێلانە و هێلکە بەراوردی کردووە. وەڵام (ساڵ و دوازدە مانگە و شەو و ڕۆژ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل118

کاتی تۆمارکردن: 05-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1225**

**دارێکی سەوزی بێ درک و بێ گوڵ لە خواردنیشا نابینی توێکڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216102215452153

دارێکی سەوزی بێ درک و بێ گوڵ
لە خواردنیشا نابینی توێکڵ
مەبەست لە داری هەنجیر و هەنجیرە، دارێکی سەوزی بێ درک و بێ گوڵ، مەبەست لە داری هەنجیرە کە درک و گوڵ ناگرێ، بەڵکوو گەڵا دەردەکات و دواتر هەنجیر دەگرێ، لە خوارنیشدا بێ توێکڵ، واتە: میوەی هەنجیر توێکڵی ڕەق نییە، هەموو دەخورێ. وەڵام (هەنجیر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چایخانەی: محەمەدی، سەقز، ل44

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1226**

**دارێکی سەوزی بێگوڵ لە خواردنا نابینی توێکڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202151919448715

دارێکی سەوزی بێگوڵ
لە خواردنا نابینی توێکڵ
مەبەست لە داری هەنجیر و بەری داری هەنجیرە، دارێکی سەوزی بێگوڵ، واتە: داری هەنجیر گەڵاکانی سەوزە، گوڵ ناکات، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بەر دەگرێ، لە خواردنا بێتوێکڵ، مەبەست لەوەیە کە هەنجیر کەڵکی بۆ مرۆڤ هەیە، دەکرێ ڕاستەوخۆ بخورێ. وەڵام (هەنجیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل34

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1227**

**دارێکی قەوی دوو کونی ڕێوی دوو چرای گەش دوو ماری ڕەش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027204721442216

دارێکی قەوی دوو کونی ڕێوی
دوو چرای گەش دوو ماری ڕەش
مەبەست لە ڕوو یان دەموچاوی مرۆڤە، دارێکی قەوی واتە: لوت، دوو کونی ڕێوی، مەبەست لە کونی لوتە، دوو چرای گەش، مەبەست لە دوو چاوی مرۆڤە، لەگەشیدا بە چرا بەراوردکراوە، دوو ماری ڕەش، مەبەست لە گێسووە کە بەملاو ئەولای دەموچاودا دێتەخوار. وەڵام (دەموچاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل50

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1228**
**دارێکە سەری تەحەرە هەر پەلکێکی سەد خەنجەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221228104631454778

دارێکە سەری تەحەرە
هەر پەلکێکی سەد خەنجەرە
مەبەست لە تیشکی خۆرە، دارێکە سەری تەحەرە (تەحەر: شێوە. فەرهەنگی کانی) واتە: تیشکی خۆر، هەر پەلێکی سەد خەنجەرە مەبەست لە تیشکی خۆرە کە هەر تیشکێک لە تێژییدا بە خەنجەرێک چووێنراوە، (خەنجەر: ئەمێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە جەنگدا بەکاردێ) . وەڵام (تیشکی خۆر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەوک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل12

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1229**

**دارێکە لەسەر داری، گۆچانەکە لە سەربانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731184800425743

دارێکە لەسەر داری، گۆچانەکە لە سەربانی
دارێکە لەسەر داری: مەبەست لە سەلکە تەشییە کە بە کلکی تەشییەوە لکاوە، گۆچانەکە لە سەربانی، واتە: ئەو قولاپە بچووکەی کە بەسەری تەشیەکەوەیە، هەڵوێزراوی خوری یان کوڵکی مەرەزی پێوە گیر دەکرێت بۆ ڕستن، مەبەستی مەتەڵەکە کرداری ڕستنە بە تەشی. وەڵام تەشی. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1230**

**دارە پێی بزمارە ئادەم لێی سوارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107172956457124

دارە
پێی بزمارە
ئادەم لێی سوارە
دارە، مەبەست لە بەلەمە، پێی بزمارە واتە: ئەو دارانەی کە بەلەمی پێدرووستدەکرێ، بە بزمار بە یەکەوە توند دەکرێ بۆ ئەوەی ئاوی تێنەچێ، ئادەم لێی سوارە، (ئادەم: مرۆڤ) واتە: مرۆڤ سواری بەلەم دەبێت و بە ئاودا گەشتی پێدەکات و دەگەڕی. وەڵام (بەلەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل184

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1231**

**دارە گەورەی زەنگی سەد و دوو هێلانە وا لەسەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231214200337536911

دارە گەورەی زەنگی
سەد و دوو هێلانە وا لەسەری
مەبەستی مەتەڵەکە گەنمەشامییە، مەتەڵەکە بە دارێکی گەورەی باڵابەرز چواندوویەتی، سەد و دوو هێلانەی وا لەسەر، هەمیشە باڵندە هێلانە لەسەر داری بەرز درووست دەکات، بۆ ئەوەی پارێزراو بێت، لە مەتەڵەکەدا هێلانە مەبەستی لە دەنکی گەنمەشامییە. وەڵام (گەنمەشامی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی پێشینان، مەتەڵی کوردەواردی، ع.ع.شەونم، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی، 1998، ل16

کاتی تۆمارکردن: 14-12-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1232**
**دارە و ئاسنیشە**
[20220809071535427342=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220809071535427342)



دارە و ئاسنیشە.
داس ئەو ئامێرە کەلەپوورییەیە کە بۆ کاری دروێنە بەکاردێت، جوتیارانی کورد بە زۆری گەنم و جۆی پێدەدوورنەوە، کلکەکەی دارە: مەبەست لەوەیە کە دەسکی داس لە دار درووستکراوە، دەمێکی تیژی کەوانەیی هەیە، بۆ بڕینی قەدی دانەوێڵە بەکاردێ.
وەڵام (داس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1233**

**دارەبەن دەشاخیدایە کەرەی بەسەرەوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226081218454130](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226081218454130)

دارەبەن دەشاخیدایە، کەرەی بەسەرەوە.
مەبەست لە دارەبەن و گەزۆیە، (دارەبەن: دارێکی کوێستانییە، لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا دەڕوێ، چەندین بەری جیاواز دەردەکا) دارەبەن دەشاخیدایە، مەبەست لەوەیە کە دارەبەر بە سرووشت لە چایاکدا دەڕوێ، کەرە بەسەرییەوە، مەبەست لە گەزۆیە کە لە وەرزی بەهاراندا بەسەر گەڵاکانیدا دادەباریێ. وەڵام (دارەبەن و گەزۆ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل12

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1234**

**دارەبەن سەوزە کەرەی بەسەرەوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202152249448717](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202152249448717)

دارەبەن سەوزە
کەرەی بەسەرەوە
دارەبەن: دارێکی کوێستانییە، لە وڵاتی کوردەواردا لە چیاکان بەشێوەیەکی سرووشتی دەڕوێ، چەندین بەری جۆراوجۆر دەگرێ. دارەبەن سەوزە، مەبەست لە ڕووخساری دارەبەنە کە گەڵاکانی سەوزە، کەرەی بەسەرەوە، مەبەست لەو شیرینییەیە کە دارەکە دەری دەکات، لە کوردەواردا پێی دەوترێ گەزۆ. وەڵام (گەزۆ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل34

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1235**

**دارەبەنێ لەبن کەنێ شیخ و مەلاش دەستی دەدەنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023215851441615

دارەبەنێ لەبن کەنێ
شیخ و مەلاش دەستی دەدەنێ
دارەبەن: دارێکە لە ناوچە کوێستانییەکاندا لە شوێنی سەخت و عاسیدا دەڕوێت، چەندین بەری جۆراوجۆر دەگرێ وەک بنێشت و قەزوان، دارەبەنێ، مەبەست لە تاڵی مووی لووتە، لە بن کەنێ، مەبەست لە لووتە، واتە تاڵی مووی لووت، شێخ و مەلاش دەستی دەدەنێ، واتە هەموو کەسێک دەست بۆ لووتی دەبا و دەیخورێنێ. وەڵام (لووت) . [1]

ڕەنگە بۆ ئاسانکردنی لەسەر زمان، بەم شێوەیەش گۆ بکرێت:
دارەبەنێ
لەبن کەنێ
شیخ و مەلاش دەستێ دەنێ

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل42

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1236**

**دارەک لەسەر ڕێدا مۆر مەرجان لەبەردا هەرچی گەیێ دەستی لێدا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201125324448631

دارەک لەسەر ڕێدا
مۆر مەرجان لەبەردا
هەرچی گەیێ دەستی لێدا
مەبەست لە داری بەلاَلووکە، لەکاتی پێگەشتنیدا، بەرێکی ورد بەشێوەی هێشوو دەگریێ، ڕەنگی سوور یان پەمەییە، دارەک لەسەر ڕێدا، مەبەست لە داری بەلاَلووکە، مۆر و مەرجان لەبەردا، مەبەست لە بەری بەڵاَلووکە کە بە مەرجان چووێنراوە، هەرچی گەیێ دەستی لێدا، واتە: هەرچی چووە لای دارەکە هەندێکی لێکردەوە و خواردی. وەڵام (داری بەلاَلووک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1237**

**دارەک هەیە دوازدە لکە، هەر لکەی سێ پەلکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731192350425751

دارەک هەیە دوازدە لکە، هەر لکەی سێ پەلکە
دارەک هەیە دوانزە لکە: مەبەست لە ساڵێکە کە دوازدە مانگە، هەر لکەی سێ پەلکە: مەبەست لە چوار وەرزەی ساڵە (بەهار، هاوین، زستان و پایز) کە هەر وەرزەی سێ مانگە، بە کۆی گشتی دەکاتە ساڵێک. وەڵام مانگ و چوار وەرزی ساڵ.
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022


ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1238**

**دارەک هەیە لەنێو داران، بەرزە وەکو چناران دەبڕیەوە بە مشاران، دەنگی دێ وەک بزن و کاران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806074556426763



دارەک هەیە لەنێو داران، بەرزە وەکو چناران
دەبیڕیەوە بە مشاران، دەنگی دێ وەک بزن و کاران
شمشاڵ ئامێرێکی فۆلکلۆرییە کوردییە، بۆ ژەنینی موزیک بەکاردێ، دارەک هەیە لەنێو داران: مەبەستی لە داری قامیشە کە بۆ دروستکردنی شمشاڵ بەکاردێ ، بەرزە وەکو چناران واتە: داری قامیش باڵای بەرزە وەک چنار، دەبیڕیەوە بە مشاران واتە: بەمشار قامیشەکە دەبڕدرێ و شمشاڵی لێ درووستدەکرێ ، کاتێک کە دەژەندرێ دەنگێکی خۆشی لێوەدێ ، لە مەتەڵەکەدا بە دەنگی بزن و کار چووێنراوە. وەڵام شمشاڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1239**
**دارەکم دا لە دارەکی لکی لەرزی بە جارەکی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226073906454125

دارەکم دا لە دارەکی
لکی لەرزی بە جارەکی
مەبەست لە تەونە، (تەون: ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، بۆ کاری چنینی فەرش بەکاردێ) دارەکم دا لە دارەکی، مەبەست لە گورد و پێچکی ئامێری تەونە کە بەر یەک دەکەون، لکی لەرزی بە جارەکی، مەبەست لە تانوپۆی تەونە کە لەکاتی کارکردندا دەلەرنەوە. وەڵام (تەون) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل12

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1240**

**دارەکم هەیە داری ماوێ مردییە و زیندی لەناوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201133823448639

دارەکم هەیە داری ماوێ
مردییە و زیندی لەناوێ
مەبەست لە قەفەزی کەوە، (قەفەزی کەو لە شوێی باریکی چەماوە درووستدەکرێ، کون کونە دەر و ناوی دیارە) دارێکم هەیە لە داری ماوێ، (ماو: مان فەرهەنگی شێخانی) مەبەست لەو قەفەزیە کە باڵندەی کەوی تێدەکرێ، مردییە و زیندی لەناوێ، مەبەست لە قەفەزە کە شتێکی مردوو دانراوە هەروەها کەو مەبەست لە شتێکی زیندووە کە لەناویایەتی. وەڵام (قەفەز و کەو) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1241**

**دارەکم هەیە لە موکری بەرێ دێنێ وەک شەکری هەرچی بیخوا پێی دەمری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026223642442068

دارەکم هەیە لە موکری
بەرێ دێنێ وەک شەکری
هەرچی بیخوا پێی دەمری

موکری: ناوی شوێنە مەبەست کە ناوچەی موکریانە، دارەکم هەیە لە موکری، مەبەست لە ڕووەکی تووتنە کە لەو ناوچەیە دەکرێت، بەری دێنی وەک شەکری، تووتن گەڵا ناسک و تازەکانی کە پێی دەوترێ (کارتە) سەرەتا کەمێک سپییە، لە ڕەنگدا بە شەکر بەراوردکراوە، هەرچی بخوا پێی دەمری، واتە: ئەوەی بیکێشێ، لەباری جەستەییەوە خراپ دەبێت. وەڵام (تووتن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل48

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1242**
**دارەکە لە دارەکە، ئاسنەکە لە دارەکە، پەتکە وەک هەرۆکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729082319425199



دارەکە لە دارەکە، ئاسنەکە لە دارەکە، پەتکە وەک هەرۆکە
دارەکە لە دارەکە: مەبەست لە کلک و سەری تەشییە، ئاسنەکە لە دارەکە واتە: قولاپی تەشیی ئەو بەشەی کە خوری یان مووی پێوە گیردەکرێ، پەتکە وەک هەورۆکە: ئەو مووی بزن یان خورییەیە کە بە تەشییەکە دەخولێندرێتەوە و دەڕێسرێ.
وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1243**

**دارەکەی دارێکی چەماوە پێسەکەی پشتێنێکی خاوە دوونەکی لەناوە**

20230119133328459298=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دارەکەی دارێکی چەماوە
پێستەکەی پشتێنێکی خاوە
دوونەکی لەناوە

مەبەست لە قەفەزی کەوە، (قەفەزی کەو: لە کوردەواردا شووڵی بارێکی زۆر قایم بە گەرمکردن و تەرکردن دەچەمێنرێتەوە و ئەو جۆرە قەفەزەی بۆ کەو لێدرووستدەکرێ، بەشێکیشی بە پێست ڕووپۆشدەکرێ) دارەکە دارێکی چەماوە، مەبەست لە شووڵی قەفەز درووستکردنە، پێستەکەی پشتێنێکی خاوە، مەبەست لەو پێستەیە کە وەک پشتێن بەدەوری قەفەسدا دەبرێت، دوونەکی لەناوە، مەبەست لە باڵندەی کەوە. وەڵام (قەفەزی کەو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێر (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل40

کاتی تۆمارکردن: 19-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1244**
**داسولکی خاران کەوتە پشت ماڵان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023220813441627](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023220813441627)

داسولکی خاران
کەوتە پشت ماڵان
داسولکێ: مەبەست لەو سنگە ئاسنەیە کە بە زەیدا دادەکوترێت بۆ ئەوەی دەوار یان ڕەشماڵی پێوە ببەسترێتەوە، سەری سنگەکەش وەک داس کەوانەییە، بۆ ئەوەی گوریسی ڕەشماڵی لێتوندبکرێت، خار: زەوی زۆر سەخت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) کەوتە پشتی ماڵان، واتە سنگی ڕەشماڵ لە دیوی دەرەوەی ڕەشماڵ دادەکوترێت. وەڵام (سنگی ڕەشماڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل42

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1245**

**داسولکێ ئاسنۆکە، لە شەپکی دارۆکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923135507435717

داسولکێ ئاسنۆکە
لە شەپکی دارۆکە
پاشگری (ولکێ، ۆکە) دوو پاشگرن، بۆ بچووک کردنەوەی ناو لە زمانی کوردیدا بەکاردێن، داسولکێ: واتە: داسی بچووک هەروەها ئاسنۆکە مەبەستی لە قولاپی تەشییە کە بە داس چووێنراوە، شەپکی دارۆکە، مەبەستی لە سەلکە تەشییە کە قولاپی پێوە بەندکراوە، بەکاردێت بۆ کاری ڕستن. وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باکووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل23

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1246**
**داسولکێ خاران، کەوتە پشت ماران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923140244435721

داسولکێ خاران
کەوتە پشت ماران
خار: زەوی زۆر سەخت (فەرهەنگی خاڵ) داسولکێ: ناوی بچووک کراوەیە بۆ داس (داس: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ دروێنەی دانەوێڵە بەکاردێت) داسولکێ خاران، واتە: ئەو سنگەی کە ڕەشماڵی پێدادەکوتن لە ناوچەی شاخاویدا، کەوتە پشت ماران، واتە: کاتێک کە ڕەشماڵ کۆدەکرێتەوە، سنگەگان لە زەوی ڕەق دەردێن و تا هەوارێکی تر بەکارنایەن، وەڵام (سنگی ڕەشماڵ داکوتین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل23
کاتی تۆمارکردن: 2022-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1247**

**دانیشتوانی شارێک نەدەمرن نەباراش دەهاڕن**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023230305441646](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023230305441646)

دانیشتوانی شارێک، نەدەمرن نەباراش دەهاڕن.
مەبەست لە مردووی گۆڕستانە، لە مەتەڵەکەدا کۆی مردووانی گۆڕستانێکی بە دانیشتوانی شارێک چوواندووە، هەروەها مردووانی گۆڕستان جارێکی تر زیندوونابنەوە و نامرنەوە، لەگەڵ ئەوەدا هیچ ناخۆن و پێویستیان بە باراش هاڕین نییە. وەڵام (مردووی ناو گۆڕستان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل42

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-23

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1248**

**دانیشتووە لەسەر جلی چاوی وەک چاوی گوڵی ڕدێنی لە خوار ملی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226071712454120

دانیشتووە لەسەر جلی
چاوی وەک چاوی گوڵی
ڕدێنی لە خوار ملی

مەبەست لە لووتە، (کەپوو: لووت. جلی: ئاشکرا، ڕوون، دیار. فەرهەنگی نەوەکان) دانیشتووە لەسەر جلی، واتە: لووت کە بە دەموچاوەوەیە و بە ئاشکرا و ڕوونی دیارە، چاوی وەک چاوی گوڵی، مەبەست لە دوو کونە لووتە، ڕدێنی لە خوار ملی، مەبەست لە سمێڵە کە بە خوار لووتەوەیە. وەڵام (کەپوو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل12

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1249**

**دانیشتووە لەسەر کورسی، لە سەری خۆی ناوە دەرزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731183904425741

دانیشتووە لەسەر کورسی، لە سەری خۆی ناوە دەرزی
دانیشتووە لەسەر کورسی: واتا: کنگر کە دەڕوێ و زەوی دێتەدەر، وەکوو ئەوایە لەسەر کورسی دانیشتبێ چونکە بە زەوییەکەوە دەلکێ، لە سەری خۆی ناوە دەرزی: مەبەست لە گەڵای دڕکاوی کنگرە کە بەسەری کنگرەکەوەیە. وەڵام کنگر.
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1250**

**داک ئاو، باب خۆرو کوڕ وەک خەپەتۆر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923135234435716

داک ئاو، باب خۆر
کوڕ وەک خەپەتۆر
مەبەست لە دومبەڵانە، بەشێوەیەکی سرووشتی لەناو خۆڵدا بەهۆی بوونی ئاو و تیشکی خۆرەوە درووست دەبێت. وەڵام (دومبەڵان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل22

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1251**

**داک مردی، باب مردی، فەرخۆکەی سەرڕێ کردی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923140001435719

داک مردی، باب مردی
فەرخۆکەی سەرڕێ کردی
فەرخ: بەچکە، مەبەستی لە کۆڵەکەی ناو ژووری قوڕ و بەردە کە بەهۆیەوە دارەڕای سەقفەکەی لەسەر وەستاوە، داک مردی و باب مردی، مەبەستی لە نێرگە و دارەڕای خانووە، کە وەک مردوو هەژمارکراون، هەموویان لەسەر کۆڵەکە ڕاوەستاون. وەڵام (کۆڵەکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل23

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1252**

**داکت لە کوێیە؟ چوو یەکان بکا بە دوو، بابت لە کویٚ یە؟ چوو دۆستان بکا بە دوژمن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731113713425703

داکت لە کوێیە؟ چوو یەکان بکا بە دوو، بابت لە کویٚ یە؟ چوو دۆستان بکا بە دوژمن.
مەتەڵەکە بە پرسیار دەست پێدەکات، چوو یەکان بکا بە دوو واتە: دایکی مامانە چووە بۆ کاری مامانی، منداڵ لە جەستەی ژن دەردێنێ، دەبنە دوو کەس، بابت لە کویٚ یە؟ چوو دۆستان بکا بە دوژمن، واتە: چووە قەرز وەربگرێتەوە، لەوانەیە دڵیەشەی لێپەیدابێ. وەڵام ورەگرتنی قەرز. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-31

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1253**

**داکی قەڵەوە بابی درێژە، کچەکەی جوانە کوڕەکەی درێژە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731193216425754

داکی قەڵەوە بابی درێژە، کچەکەی جوانە کوڕەکەی درێژە
داکی قەڵەوە: مەبەست لەو جێگەیەیەکە دارەکەی تێدەکرێ , بابی درێژە: مەبەست لە لوولە سۆپایە کە دووکەڵی پیادەڕوات, کچەکەی جوانە: واتە: ئەو دارەی کە لە زۆپایا دەسوتێنرێ , کوڕەکەی درێژە واتە: ئەو خۆڵەمێشەی کە لە ئەنجامی سوتانی دارەکە پەیدادەبێ و فڕێدەدرێ. وەڵام زۆپای داران. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1254**
**داڵک یەک و کوڕ هەزار هۆڵک هۆڵک کڵاولار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915224318520826

داڵک یەک و کوڕ هەزار
هۆڵک هۆڵک کڵاولار
داڵک: دایک. هۆلک: کۆخ یان خانووی بچووک (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) دایک یەک و کوڕ هەزار، مەبەسی لە داری بەڕووە کە ساڵانە هەزاران دەنک بەڕوو دەگرێت، دایک بە داربەڕوو، هەروەها بەڕوو بە کوڕ چووێنراوە. هۆلک هۆلک کڵاو لار، مەبەستی کە کڵاوی بەڕووە کە وەک کۆخ یان خانووی بچووک وایە. وەڵام (بەڕوو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل7

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1255**
**دایدەنێم بژینگە هەڵی دەگرم قورینگە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231214200606536913

دایدەنێم بژینگە
هەڵی دەگرم قورینگە
بێژینگ: ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، بۆ بێژانەوەی دانەوێڵە بەکاردێت. قورینگ: مەبەست لە قازوقولنگە، جۆرێک باڵندەی کێوییە، بەرز دەفڕێت. دایدەنێم بێژنگە، مەبەست لە دەوارە کە وەک بێژنگ کونکونە، (دەوار، رەشماڵ یان تاوڵ: مەبەست لە ماڵی هاوینەی کوردە لە کوێستان) ، کاتێک هەڵدەدرێت و بەرز دەبێتەوە بە قازوقولنگ چووێنراوە. وەڵام (دەوار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، رێبوار جەمال، ل69
کاتی تۆمارکردن: 2023-12-14
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1256**

**دایدەنێم بێژنگە هەڵیدەکەم قورینگە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023221208441629

دایدەنێم بێژنگە
هەڵیدەکەم قورینگە
قوڵینگ: باڵندەیەکی کێوی جوانە، قەبارەی هێندەی مراوییەکە (فەرهەنگی شێخانی) دایدەنێم بێژنگە، مەبەست لە دەوار، ڕەشماڵ یان تاوڵە، لە مووی بزن ڕێسراوە و چنراوە، چنینەکە بەجۆرێکە کە هەمووو کون کونە، لە مەتەڵەکەدا بە بێژنگ چووێنراوە، هەڵیدەکەم قوڵینگە، واتە: کاتێک دەوار هەڵدەدرێ، لەبەرزیدا بە قوڵینگ چووێنراوە. وەڵام (ڕەشماڵ، تاوڵ، دەوار).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل43

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1257**
**دایدەنێی پرە هەڵیدەگری بەتاڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023221557441632

دایدەنێی پرە
هەڵیدەگری بەتاڵە
مەبەست لە کڵاوەی کوردییە، (پیاوان لەگەڵ مشکی و شەددەدا لەسەری دەنێن و دەیبەستن یان ژنان وەک سەروبەست لەسەری دەنێن) دایدەنێی پرە، واتە: کاتێک کڵاو لەسەر دەکرێت، بەسەر پڕ دەکرێت، هەڵیدەگری بەتاڵە، واتە: کاتێک لەسەر سەر لادەبرێ، بەتاڵ دەبێت. وەڵام (کڵاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل43

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1258**

**دایم هاوەڵی قوڕ و خاکە بەڵام لاشەی تەمیز و پاکە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925214401523406](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925214401523406)

دایم هاوەڵی قوڕ و خاکە
بەڵام لاشەی تەمیز و پاکە
دایم: هەمیشە. مەبەست لە گاسنی نیروئامووره، (نیروئاموور: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کێڵانی زەوی بەکاردێت، گاسنەکەی ئەو بەشەیە کە دەچەقێتە زەوی و زەوی دەکێڵێت)، دایم هاوەڵی قوڕ و خاکە، مەبەست لە گاسنی نیروئامووره، لەگەڵ ئەوەدا گاسن کە لە زەوی دەردێت، خاوێنە. وەڵام (گاسن). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل44]

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1259**
**دایک پۆلایین باوک شوشەی غار منالیان دەبێ وەک دەنکی هەنار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216102554452154

دایک پۆلایین باوک شوشەی غار
منالیان دەبێ وەک دەنکی هەنار
مەبەست لە زۆپای دار و پشکۆی ئاگرە، غار: سووربوونەوەی سواڵەت لە ئاگردا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، دایک پۆلایین، مەبەست لە زۆپای دارە کە بەدایک چووێنراوە، باوک شوشەی غار، مەبەست لە لوولە کێشی زۆپای دارە، منالیان دەبێ وەک دەنکی هەنار، مەبەست لە پشکۆی ناو زۆپایە. وەڵام (زۆپا و پشکۆی ئاگر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چایخانەی: محەمەدی، سەقز، ل44

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1260**
**دایک دەیکا باوک لەپێی دەکا**

[20221023220508441624=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023220508441624)

دایک دەیکا
باوک لەپێی دەکا
مەبەستی مەتەڵەکە گۆرەوییە، ژنانی وڵاتی کوردەوار، گەلێک پیشەی هەمەجۆریان هەیە، یەکێک لەوانە پیشەی گۆرەوی چنینە، ژنان گۆرەوەی یان بۆ مێرد و کوڕەکان یان بۆ فرۆشتن دەچنن، دایکان دەیکەن، مەبەست لە گۆرەوی چنینە، باوکان لەپێی دەکەن، واتە: باوکەکان گۆرەوی لە پێدەکەن. وەڵام (گۆرەوی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل42

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1261**

**دایکانە دایکانە بۆ مرۆڤ ناونیشانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202153048448719

دایکانە دایکانە
بۆ مرۆڤ ناونیشانە
مەبەستی مەتەڵەکە خاک و ئاوی باپیرانە کە مەبەست لە نیشتمانە، دایکانە کایکانە، مەبەست لە خاک و نیشتمانە کە وەک دایک هەموومانی گرتۆتەخۆ، بۆ مرۆڤ ناونیشانە، مەبەست لەوەیە کە هەموو کەسێک سەر بە خاکێکە، واتە: هەموو کەسێک نیشتمانێکی هەیە. وەڵام (نیشتمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل34

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1262**
**دایکی ئاوە باوکی گڵە، لێی هەڵدەکەوێ خەپەتۆڵەی زل زلە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731184309425742

دایکی ئاوە باوکی گڵە، لێی هەڵدەکەوێ خەپەتۆڵەی زل زلە
دایکی ئاوە: مەبەستی لەو ئاوەیە کە شوتی لە کاتی رواندا پێئاوەدەدرێت، باوکی گڵە: مەبەستی لەو گڵەیە کە شوتی تیادەڕوێ ، لێی هەڵدەکەوێ خەپە تۆڵەکەی زل زلە: مەبەستی شوتییە لە لە زەویدا دەڕوێت، قەبارەیان گەورەگەورەیە. وەڵام شوتی.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1263**

**دایکی قەڵەوە و باوکی درێژە کچی جوانە و کوڕی بڕێژە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026185800442041](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026185800442041)

دایکی قەڵەوە و باوکی درێژە
کچی جوانە و کوڕی بڕێژە
دایکی قەڵەوە، مەبەست لە زۆپای دارە، ئەو جێگەیەی کە داری تێدەکرێ و گەرم دەکرێت، باوکی درێژە، مەبەست لە لوولەی زۆپایە کە دووکەڵی پیادەڕوات، کچی جوانە، مەبەست لە پشکۆی ناو زۆپایە کە ڕەنگی سوورە، کوڕی بڕێژە، مەبەست لە خۆڵەمێشی دارە کە دواتر دەڕێژرێت. وەڵام (زۆپای دار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل47

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1264**

**دایکی لە بێشکەدایە، ڕۆڵە دەچێ بۆ بازاڕ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922203214522584](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922203214522584)

دایکی لە بێشکەدایە، ڕۆڵە دەچێ بۆ بازاڕ.
مەبەست لە شووتییە، بێشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دار درووست دەکرێت، منداڵی ساوای تێدا دەخەوێنرێت) ، دایکی لە بێشکەدایە، زەوی بە بێشەک چووێنراوە، کە ڕەگی شووتی تیایە، ڕۆڵە دەچی بۆ بازاڕ، مەبەست لە شووتییە کە بە ڕۆڵە و منداڵی گیای شووتی چووێنراوە. وەڵام (شووتی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل34

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1265**

**دایکی لەویێ خەوتووە تەڕکی لەویێ کەوتووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111204902457956

دایکی لەویێ خەوتووە
تەڕکی لەویێ کەوتووە
مەبەست لە میوەی شووتییە، دایکی لەویێ خەوتووە، مەبەست لە لق و پۆپ و گەڵای شووتییە کە بەملا و ئەولادا بڵاودەبێتەوە و لەسەرزەوی ڕادەکشێ، لە مەتەڵەکەدا بە خەوتوو وەسفکراوە. تەڕکی لەویێ کەوتووە، (تەڕک: داردەستی تەڕی ئەستوور. فەرهەنگی وشەنامە) مەبەست لە میوەی شووتییە کە تەڕوبڕە و بە تەڕک چووێنراوە. وەڵام (شووتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل194.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1266**

**دایکیان بەردە باوکیان دارە منداڵەکەیان ئاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103163907456239

دایکیان بەردە، باوکیان دارە، منداڵەکەیان ئاوە.
مەبەست لە دارەکەی مووسایە، (دارەکەی مووسا: بەپێی ئەفسانەی ئایین، مووسا داردەستێکی هەبووە، کێشاویەتی بە بەردێکدا، بەشێوەیەکی ئەفسووناوی، ئاو لە بەردەکە هەڵقوڵاوە) دایکیان بەردە، مەبەست لەو بەردەیە کە مووسا بە داردەستەکەی پیایکێشا و ئاوی لێیدەرهات، لە مەتەڵەکەدا بەرد بە دایک چووێنراوە چونکە ئاوی لێبەرهەمهاتووە، باوکیان دارە، مەبەست لە داردەستەکەی دەستی مووسایە، منداڵەکەیان ئاوە، مەبەست لەو ئاوەیە کە لەبەردەکە هەڵقوڵاوە. وەڵام (دارەکەی مووسا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل107.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1267**
**درێژە تەنگە کورتە تەنگە خڕە تەنگە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117201845458930

درێژە تەنگە، کورتە تەنگە، خڕە تەنگە.
هەموو مەتەڵەکە وەسفی کورتانە (کورتان: لە پەڕۆ و قەسەڵ دروووستدەکرێ، دەخرێتە سەر پشتی کەر و بارگیر، فەرهەنگی شێخانی) درێژە تەنگە، واتە: کورتان بەقەدەر پشتی کەر درێژنییە، کورتە تەنگە، واتە: ناگاتە دامان، خڕە تەنگە، واتە: لەسەر پشتی کەر قیت و بەرزە. [1]
وەڵام: (تەنگەی کورتانی وڵاخ)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل240.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1268**
**درێژە و پێی دەڵێن خڕ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220809193641427417



درێژە و پێی دەڵێن خڕ.
خڕ: لە ڕووی واتاییەوە لەبەشە شێوەزاری موکریان، بەتایبەت ناوچەی پشدەردا بەواتای دۆڵ یان شیو دێت، مەبەست لەنێوانی دوو چیا یان دوو گردی زۆر نزیکە لەیەک، درێژە، مەبەستی لە درێژی شیو یا دۆڵە، پێی دەڵێن خڕ واتە: بە دۆڵ دەڵێن خڕ. وەڵام (شیو و دۆڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1269**
**درێژە وەک شریت، نەرمە وەک هەویر**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912214834520293

درێژە وەک شریت، نەرمە وەک هەویر.
شریت: بە پەت و تەناف دەوترێت کە جلی پیاهەڵدەخەن، یان مەبەستی لە سیمی شیتی کاسیتە کە دەنگی لەسەر تەجیل دەکرێت، هەرکامێکیان بێت، مەتەڵەکە مەبەستی لە شتێکی باریکی درێژە کە بە مار چواندوویەتی، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا نەرمە و بە هەویر بەراوردکراوە. وەڵام (مار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل21

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1270**
**درێژە وەکو مار جووت جووت دێتەخوار**

[20221202153333448720=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202153333448720)

درێژە وەکو مار
جووت جووت دێتەخوار
مار: خشۆکێکی ژەهراوی ترسناکە، لە وشکانی و لە دەم چەم و ڕووبارەکانی کوردستان دەژیی، درێژە وەکو مار. مەبەست لە تەسبیحە، لە درێژیی و باریکیدا بە مار بەراوردکراوە (تەزبیح: لە کوردەواردا، لە قەزوان درووستدەکرێ) جووت جووت دێتەخوار، واتە: ئەو کەسانەی کە بەکاری دێنن، لەنێوانی پەنجەکانیاندا دووددوو دەیجووڵێنن. وەڵام (تەزبیح) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل30
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1271**

**دنیا بە چەرخوفەلەک ئەگەڕێ بەرانە و دایکی مەڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912214223520290

دنیا بە چەرخوفەلەک ئەگەڕێ
بەرانە و دایکی مەڕێ
چەرخوفەلەک: جۆرێک یاریی کوردەوارییە، وەک جۆلانە دێت و دەچێت، لە مەتەڵەکەدا بە دنیا چووێنراوە، کە دێت و دەڕوات، واتە: بۆ کەس نامێنێت، بەران: شەک یان مەڕی نێری چوار ساڵ، مەبەست لە عیسا پەیامبەرە، مەڕ بە مریەکی دایکی عیسا بەراوردکراوە، واتە: بەپێی ئەفسانەی ئایینی کریستیانیی، عیسا وەک مرۆڤێکی نێر لە مریە لەدایکبوو، بێ ئەوەی باوکی هەبێت. وەڵام (عیسا). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل3

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1272**
**دنیا ها بە نووکیەوە**

[20221203134658448915=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203134658448915)

دنیا ها بە نووکیەوە.
نووک: مەبەست لە نووکی قەڵەمە، (قەڵەم ئامێرێکە بۆ نووسین) ، دنیا ها بە نووکییەوە، واتە: نووکی قەڵەم توانای پێنووسینی هەموو شتێکی دنیای هەیە، واتە: دەتوانێت لە هەموو بووارێکدا یان بۆ هەموو مەبەستیک کە مرۆڤ بە پێویستی بزانێ، توانای نووسینی هەیە. وەڵام (قەڵەم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل31

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1273**

**دوازدە پاشا و سێ پاسەوان**

[20230924234804523228=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924234804523228)

دوازدە پاشا و سێ پاسەوان.
مەبەست لە ژمارە و میلی سەرکاتژمێرە، (کاتژمێری کلاسیکیی سێ میلی بۆ بژاردنی چرکە و خوولەک و کاتژمێر هەیە) ، دوازدە پاشا، مەبەست لە ژمارەکانی یەک تا دوازدەی سەرکاتژمێرە، سێ پاسەوان، مەبەست لە سێ میلی کاتژمێرە. وەڵام (میلی کاتژمێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1274**
**دوازدە پیتە و گیاندارە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915222451434199

دوازدە پیتە و گیاندارە
مەلە بێ پەڕ و شیردەر
خۆی هەڵئەواسێ بە دیوار
قاچ لەبەرز و سەر لەخوار
بەرۆژ دەرناچێ تەنیا شەو
مێشوولەیە خۆراکی ئەو
پیتی یەک و پێنج لەگەڵ نۆ
بێ رووناکی نابینی تۆ
هەشت و دوو نۆ ناوی مەلە
بیدۆزەرەوە بەپەلە
هەشت و دە و نۆ شوێنی بەرزە
وەکو شاخە لەسەر ئەرزە
شەش و چوار هەشتی بۆ دانە
گیاندارێکی بەسزمانە
ئەم مەتەڵە کام گیاندارە
دەیبینیین سەر لە ئێوارە
وەڵام (شەمشەمەکوێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل46

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1275**

**دوازدە مەڕ و سێ شوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103154408456218

دوازدە مەڕ و سێ شوان.
مەبەست لە سێ میلی کاتژمێرە، (کاتژمێر: داهێنانێکی مرۆڤە و ئامێرێکە بۆ پێوانەی کات بەکاردێ) دوازدە مەڕ، مەبەست لە دوازدە ژمارەی ناو کاتژمێرە، سێ شوان، مەبەست لە سێ میلی کاتژمێرە کە بەردەوام چرکە و دەمەکای کات دەبژێرن. وەڵام (ژمارە و میلی کاتژمێر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل149.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1276**
**دوختەری بێ دایە**

20230918130625521277=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوختەری بێ دایە.
دوختەر: مەبەست لە واتای وشەی کچە، دایە: دایک، مەتەڵەکە مەبەستی لە کەسێکە کە دایکی هەموو مرۆڤایەتییە بەڵام خۆی دایکی نییە، لە کوردەواردا پێی دەوترێت: (داکاوا) ، لە ئەفسانەی ئایینە ئیبراهیمییەکاندا خودا سەرەتا دوو مرۆڤ درووستدەکات، نێرێک بەنای ئادەم و مێیەک، بەناوی حەوا. وەڵام (داکاوا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل20

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1277**
**دوو ئاوی یەک جۆگە ئاوێتە ناوێ**

[20231205133215534020=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205133215534020)

دوو ئاوی یەک جۆگە ئاوێتە ناوێ.
جۆگە: چاڵێکی درێژە، ئاوی پێدادەڕوات، ئاوێتە ناوێ: تێکەڵ نابێت. مەبەستی مەتەڵەکە هێلکەیە، ناو هێلکە پێکدێت لە زەردێنە و سپێنە، دوو مادەی ملّن و تێکەڵ بەیەک نابن، لە مەتەڵەکەدا جۆکە بە قەپاغی هێلکە و زەردێنە و سپێنەش بە ئاو بەراوردکراون. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل183

کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1278**
**دوو باز لە قەد چیان بەرامبەریەکن بیانگرن دەمرن، بەریاندەن دەفڕن**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027205430442218](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027205430442218)

دوو باز لە قەد چیان بەرامبەریەکن
بیانگرن دەمرن، بەریاندەن دەفڕن
قەد چیا: واتە پاڵ چیا، دوو باز لە قەد چیا بەرامبەریەکن، مەبەست لە دوو چاوی مرۆڤە کە بە دوو باز چووێنراوە، هەروەها لە دەموچاودا بەرامبەریەکن، بیانگرن دەمرن، واتە: گەر بەری چاو بگیرێ دنیا تاریک دەبێ، بە مردن چووێنراوە، بەریاندەن دەفڕن، واتە چاو گەر ئازادبێت، دەتوانێت تەماشای هەموو شتێک بکات. وەڵام (چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل49

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1279**
**دوو بان دوو دووکان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923141326435724

دوو بان دوو دووکان
هەشت مەڕ و دوو بەران
مەبەستی دەستی مرۆڤە، دوو بان دوو دووکان، واتە: پشت و بەری دەستە کە بە دووکان چووێنراوە، هەشت مەڕ، واتە: هەشت پەنجەکانی هەردوو دەست، دوو بەران، واتە: پەنجەی ئەسپێ کوژەی هەردوو دەستی مرۆڤ. وەڵام (دەست و پەنجەکانی مرۆڤ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل23

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1280**

**دوو باوک و دوو کوڕ چوون بۆ سەفەر، کەهاتنەوە سێ کەس بوون**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915225348520835

دوو باوک و دوو کوڕ چوون بۆ سەفەر، کەهاتنەوە سێ کەس بوون.
سەفەر: گەشت. مەتەڵەکە بە جۆرێک داڕێژراوە، کەمێک سەرلێشێواندنی تێدایە، مەبەست لە باوک، کوڕ، کوڕەزایە، شیکردنەوەکەی بەم شێوەیەیە، باوک باوکی کوڕە، هەروەها کوڕیش باوکی کوڕەزایە، واتە: دوو باوک و یەک کوڕەزا، دەکەنە سێ کەس. وەڵام (باوک و کوڕ و کوڕەزا). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل6

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1281**

**دوو برا تا کاتێ وان بە یەکەوە، ئەلف تابێ ناکەنە دووکووتەوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925213208523399](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925213208523399)

دوو برا تا کاتێ وان بە یەکەوە، ئەلف تابێ ناکەنە دووکووتەوە
وەلی هەرکاتێ جیاببنەوە، هەر قسە ئەکەن تا ئەگەینەوە
دووکووت: دوولەت، مەبەستی مەتەڵەکە دوو لێوی مرۆڤە، کە بە دوو برا چوواندوونی، ئەلف تا بێ ناکەنە دووکووتەوە، واتە: هەتا ئەو کاتەی دەم قسەناکات، دوو لێو ناجووڵێن، بەڵام کە دەم کەوتە قسەکردن، دوو لێو بەردەوام لە جووڵەدان و ناوەستن. وەڵام (لێو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل47

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1282**

**دوو برا دەڕۆن دووبەدوو یەکێکیان بۆ پێش یەکێکیان دوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203142225448930

دوو برا دەڕۆن دووبەدوو، یەکێکیان بۆ پێش، یەکێکیان دوا.
مەبەست لە دوو پێی مرۆڤ لەکاتی ڕۆشتندا، دوو برا دەڕۆن دووبەدوو، مەبەست لە هەر دوو قاچی مرۆڤە کە بەهۆیەوە دەتوانێت بە ڕێگەدا بڕوات. یەکێکیان بۆ پێش یەکێکیان بۆ دوا، واتە: لەکاتی ڕۆشتن و هەنگاوناندا، قاچێک لە پێشەوەیە و قاچێک لەداوەیە. وەڵام (دوو پێی مرۆڤ لەکاتی ڕۆشتندا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1283**

**دوو برا نێوانیان پردێکە،ماڵیان لەناو دارێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925212543523394

دوو برا نێوانیان پردێکە، ماڵیان لەناو دارێکە.
مەبەستی مەتەڵەکە گوێزە، (داری گوێز لە کوردستان لە ناوچە چیاییەکندا دەڕوێت) ، دوو برا نێوانیان پردێکە، مەبەست لە کاڵەی گوێزە، کە دوو بەشە، پەردەیەکی تەنک لەنێوانیاندایە بە پرد چووێنراوە، ماڵیان لەناو دارێکە، واتە: کاڵی گوێز توێکڵەکەی دارە، لە مەتەڵەکەدا بە ماڵ چوواندوویەتی. وەڵام (گوێز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل46

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1284**

**دوو برای قوورس و یەک دەس هەردووکیان یەک ناویان هەس**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002210542524489

دوو برای قوورس و یەک دەس
هەردووکیان یەک ناویان هەس
هەس: هەیە. مەبەست لە دەستارە، (دەستاڕ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێت، پێکدێت لە دوو بەردی تەختی بازنەیی، پێی دەوترێت: سەر دەستاڕ و بن دەستاڕ) ، دوو برای قوورس: واتە: دوو بەردی دەستارە، یەک دەس، مەبەست لەو دارەیە کە سەر دەستاڕێ پێ هەڵدەسووڕێت، هەردووکیان یەک ناویان هەس، واتە: بە هەردوو بەردەکە دەوترێت: دەستاڕ. وەڵام (دەستاڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل57

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1285**

**دوو بە زەقی، دوو بە ڕەقی چوار دەچەقی، دوو دەلەقی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026192825442048](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026192825442048)

دوو بە زەقی، دوو بە ڕەقی
چوار دەچەقی، دوو دەلەقی
مەبەستی مەتەڵەکە وەسفی ئاژەڵی بزنە، دوو بە زەقی، مەبەست لە دوو چاوی بزنە، دوو بەڕەقی، مەبەست لە دوو شاخی بزنە، چوار دەچەقی، مەبەست لە چوار پەلی بزنە کە لەڕۆشتندا جوان دەیچەقێنێ، دوو دەلەقن، مەبەست لە دوو گوێچکەی بزنە. وەڵام (بزن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل46

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1286**
**دوو بەن و بەنکە دوو دەف و دارەکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026201753442052

دوو بەن و بەنکە
دوو دەف و دارەکە
بەن: ڕێسراوی خوری، بەنکە: بەنی ڕێسراو (فەرهەنگی خاڵ) دوو بەن و بەنکە، مەبەست لەو تاڵە بەنانەیە کە دوو تای تەرازووی پێوە دەبەسترێ، (تەرازووی بەن: جۆرە تەرازوویەکی کوردییە، کە لە دوو تا و دارێک پێکدێت، تای تەرازووەکە یەکی بە سێ تاڵ بەن هەڵواسراوە) دوو دەف و دارەکە، مەبەست لە دووتای تەرازووە کە بە ئامێری دەف بەراوردکراوە و بەدارێکەوە هەڵواسراوە. وەڵام (تەرازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل46

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1287**

**دوو بەند و بەندێکە، دوو دەف و دارێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822185547429706

دوو بەند و بەندێکە
دوو دەف و دارێکە
مەبەست لە تەرازووە (تەرازوو: ئامێرێکی فۆلکۆریی کوردییە، لە دوو دەفری پان پێکهاتووە، یەکی بە سێ داو بە دارێکەوە بەند کراوە، بۆ کێشانی میوە و خۆراک بەکارهاتووە) دوو بەند و بەندێکە، مەبەست لە تەرازووە، دوو دەف و دارێکە، مەبەست لە دەفری تەرازووە لەگەڵ ئەو دارەی پێی ڕاگیرکراوە. وەڵام (تەرازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل24

کاتی تۆمارکردن: 22-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1288**

**دوو پای دەشتی، شەش پای دابەستی، کلک لە نێوقەدی پشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728224858425166

دوو پای دەشتی، شەش پای دابەستی، کلک لە نێوقەدی پشتی
تەرازوو: ئامێرێکی فۆلکلۆرییە، پێوانەی ئاڵوگۆڕی کاڵای پێدەکرێ ، دوو پای دەشتی، مەبەستی لە کەسانی کاڵافرۆشە کە هەمیشە تەرازویان پێیە، شەش پای دابەستی واتە: ڕێکخستنی تەرازووەکە کە شەش پەتی هەیە، هەر سێ پەتە و تایەکی ڕاگرتووە، کلک لە نێوقەدی پشتی، مەبەستی لەو دارەیە کە شەش پەتی دوو تاکەی پێوە دەبەسترێ. وەڵام (تەرازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1289**

**دوو پیاو ئەیخوا، سێ پیاو سەیر دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012200708525893

دوو پیاو ئەیخوا، سێ پیاو سەیر دەکا.
پیاو لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە پەنجەکانی دەستی مرۆڤە، دوو پیاو ئەیخوا، مەبەست لە جگەرەکێشانە کە بە دوو پەنجەی دەست دەگیرێت، سێ پیاو سەیر دەکا، واتە: سێ پەنجەکەی تری دەست بەژدارنین لە گرتن و کێشانی جگەرەدا، لەمەتەڵەکدا بەسەیرکەر ئاماژەیان پێدراوە. وەڵام (جگەرە کیشان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری گەرمیانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: کاروان عوسمان عەلی، چاپی یەکەم، وەزارەتی رۆشنبیری، کەلار، 2009، ل92

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1290**

**دوو پێی مامە لۆتی هەشت پێی حاتل حووتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203133208448909

دوو پێی مامە لۆتی
هەشت پێی حاتل حووتی
مەبەست لە جووتکردنی جووتیارە بە جووتە گا، دوو پێی مامە لۆتی، مەبەست لە جووتیارە کە بە گا جووت دەکات و لەکاتی جووتکردندا بۆ ڕۆژ بەڕێکردن گۆرانی دەڵێ و بە لۆتی چووینراوە، هەشی پێی حاتل حووتی، مەبەست لە پێی جووتە گایە کە جووتی پێدەکرێ. وەڵام (جووتیار و دووگا لەکاتی جووتدا). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل31

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1291**

## دوو پێی هەیە بێ دەست و سەر سواری دەبی لەباتی کەر باریش دەبا وەکو باربەر بە با دەژی، کزە و لەجەر

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216121542452184

دوو پێی هەیە بێ دەست و سەر، سواری دەبی لەباتی کەر
باریش دەبا وەکوو باربەر، بە با دەژی، کزە و لەجەر
(دووچەرخە: پاسکیل) دوو پێی هەیە بێ دەست و سەر، مەبەست لە دوو چەرخەیە کە دەست و سەری نییە، سواری دەبی لەباتی کەر، واتە: مرۆڤ دەتوانێت سواری پاسکیک بێ، لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەی تر بڕوا، باریش دەبا وەکوو باربەر، پاسکیل بە باربەر چووێنراوە، بە با دەژیی، واتە تایەکانی هەوای تێدەکرێ، کزە و لەجەر: واتە: کز و لاواز (فەرهەنگی خاڵ) .
وەڵام (دووچەرخە) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل43

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1292**
**دوو پەنای کارکەر، دە فاڵەی بێ دەنگ قڵایەک مسازان، بێ خەرەک و سەنگ**

2023091522455852082 8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوو پەنای کارکەر، دە فاڵەی بێ دەنگ
قڵایەک مسازان، بێ خەرەک و سەنگ
مەبەست لە کلاش چنینە بە دەست، (کڵاش: جۆرێک پێڵاوی پیاوانەی کەلەپووری کوردییە، ژێری خوریی و سەری چنراوێکی سفتی سپییە) دوو پەنای کارکەر: مەبەست لە دوو دەستی مرۆڤە، فاڵە: کارکەری دەشت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) دیسان مەبەستی لە دەستی مرۆڤە، قڵایەک مسازان، واتە: جووتێ کلاش بە ئەندازەی درووستکردنی قەڵایەک سەختە، بێ خەرەک و سەنگ، واتە: کڵاش بە دەست دەچێنرێت، پێویستی بە ئامێر نییە. وەڵام (کڵاش چنین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل13

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1293**

**دوو پەنجە لەناو ئاگر ڕادەکەم هیچی لێنایە**

[20221203142555448932=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203142555448932)

دوو پەنجە لەناو ئاگر ڕادەکەم، هیچی لێنایە.
مەبەست لە مقاشە، (مقاش: ئامێرێکە لە ماددەی ئاسن درووستدەکرێ، دوو لکی هەیە، لە کاری نانەواییدا لە تەنوو نانی پێدەردەهێنرێ) دوو پەنجە لەناو ئاگر ڕادەگرم، مەبەست لە دوو لکی مقاشە کە لەناو ئاگری تەنووردا نانی پێدەردەهێنرێ و ناسووتێ. وەڵام (مقاش) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل34

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1294**
**دوو جار کوڵیوە نەسری خەلیلی**
20220809063613427340=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



دوو جار کوڵیوە نەسری خەلیلی.
مەبەست لە ساوەرە، دوو جار کوڵیوە، واتە: جارێ بە گەنمی دەکوڵێنرێ و دەکرێتە دانولە، لەبەر هەتاو هەڵدەخرێ ، تا وشک دەبێتەوە، دوایی دەکوترێ و دەبێتە ساوەر، جارێکی دیکە دەکوڵێنرێتەوە و دەکرێتە چێشت، واتە: ساوەر تا ئامادە دەبێت بۆ خواردن دوو جار دەکوڵێنرێ. وەڵام (چێشتی ساوەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1295**

**دوو چاڵی قەوی، دوو کونە ڕێوی، دوو چرای گەش، دوو ماری ڕەش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819102837429085

دوو چاڵی قەوی، دوو کونە ڕێوی
دوو چرای گەش، دوو ماری ڕەش
مەبەست لە ڕووخساری مرۆڤە، دوو چاڵی قەوی واتە: هەر دوو چاڵی چاو کە گلێنەکانی تێدا بەند بووە، دوو کونە ڕێوی واتە: دوو کونی کووت، دوو چرای گەش، مەبەست لە دوو گلێنەی چاوە، دوو ماری ڕەش، مەبەست لە دوو برۆیە. وەڵام (دەموچاوی مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 19-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1296**

**دوو چرای ڕۆشن، دوو لوولەی تفەنگ شازدە بەرد لەبان شازدەی تر بەندە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918130422521275

دوو چرای ڕۆشن، دوو لوولەی تفەنگ
شازدە بەرد لەبان شازدەی تر بەندە
مەبەست لە ڕووخساری دەموچاوی مرۆڤە، دوو چرای ڕۆشن، مەبەست لە دوو چاوی مرۆڤە کە بە چرا چووێنراون، دوو لوولەی تفەنگ، مەبەست لە دوو کونەلووتی مرۆڤە کە چووێنراوە بە لوولەی تفەنگ، شازدە بەرد لەبان شازدەی تر بەندە، مەبەست لە سی و دوو دانی دەمی مرۆڤە کە شازدەی لەسەرەوە و شازدەی لە خوارەوەیە. وەڵام (چاو، لووت و ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل17

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1297**

**دوو حەوز وەئەتراف قڵای قەشەنگی، قڵای قەشەنگ مەخمەڵ ڕەنگی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924234612523227

دوو حەوز وەئەتراف قڵای قەشەنگی، قڵای قەشەنگ مەخمەڵ ڕەنگی
حەوزان پەرچینە وەسیم باریک، گاگا ڕۆشنە گا مەبوو تاریک
هەروەخت وەحەوزان ئاو مەبوو جاری، زڵاڵ و قەشەنگ وێنەر مرواری
ئەتراف: چواردوەر، قڵا: قەڵا، مەخمەڵ: قەیفە، گا: کات، مەبەست لە چاو و برۆی پڕ لە فرمێسکە، دوو حەوز وەئەتراف قڵای قەشەنگی، چاوی بە قەڵا چووێنراوە و پێڵووەکانیش بە حەوزی دەوری چاو، قڵا قەشەنگ مەخمەڵ ڕەنگی، واتە: چاو وەک قوماشی قەیفە جوانە، گاگا ڕۆشنە و گا مەبوو تاریک، مەبەست لە تروکانی چاوە کە هەندێک کات کراوەیە و ڕووناکە، هەندێک کاتیش دادەخرێ و تاریکە، هەروەها تەو کاتانەی چاو فرمێشکی پێدادێت، چاو وەک مرواری دەبریسکێتەوە. وەڵام (برۆ، چاو، فرمێسک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1298**

**دوو حەوزم هەیە پڕ لە ئاوی گەش لەناویان هەڵکەوتووە دوو کەشتی ڕەش**

20221027205948442219=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوو حەوزم هەیە پڕ لە ئاوی گەش
لەناویان هەڵکەوتووە دوو کەشتی ڕەش
مەبەست لە چاوی مرۆڤە، دوو حەوزم هەیە پڕ لە ئاوی گەش، مەبەست لە هەر دوو چاڵی چاوی مرۆڤە کە هەمیشە تەڕن و پڕ لە ئاون، لەمەتەڵەکەدا بە دوو حەوز بەراوردکراوە، لەناویان هەڵکەوتووە دوو کەشتی ڕەش، مەبەست لە دوو گلێنەی چاوە، چۆن کەشتی لە ئاودایە، گلێنەی چاویش ئاوی بەدەورەوەیە. وەڵام (چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل50

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1299**
**دوو دارم هەن لە داران**

20220923151932435752=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوو دارم هەن لە داران
دەنگیان دێ وەک بزن و کاران
دووزەلە: لە دوو قامیش و درووست دەکرێت، وەک ئامێرێکی موزیکیی هەوایی، ژەنیارەکان لە ئاهەنگەکاندا دەیژەنن. وەڵام (دووزەلە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل24

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1300**

**دوو دەر بەیەکرا تێی چوومەدەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103165522456247

دوو دەر
بەیەکرا تێی چوومەدەر
مەبەست لە شرواڵە، (شرواڵ: بەرگی خوارەوەی جلی پیاوانەی کوردییە، بەرگێکی کەلەپووری رەسەنە) دوو دەر، (دەر: دەرگا، زارک) مەبەست لە هەردوو دەرلینگی شرواڵە کە بە دوو دەر چووێنراوە چونکە قاچی پێدەدەڕوات، بەتێکراپی تێی چوومەدەر، واتە: بەیەکجار شرواڵم لەپێکرد. وەڵام (شرواڵ لەپێکردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل143.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1301**
**دوو دەستی هەیە و دوو پێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915235830434232

دوو دەستی هەیە و دوو پێ
دەبینرێ لە لادێ
گوێچکەی هەیە و شاخدارە
چاوی بزە و ڕیشدارە
زۆر هاورێیە لەگەڵ مەڕ
لەگەڵیا ناکاتە شەڕ
بەجێی سەخت و دژوارە
دەڕوا زۆر نالەبارە
ئەمەندە لاڕێ دەگرێ
شوان پلاری تێدەگرێ
بیزانە چییە ناوی
تابەر قۆچی نەداوی
وەڵام (بزن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل68

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1302**

**دوو دەشت دوو بان هەشت بێری و دوو شوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103165845456248

دوو دەشت دوو بان
هەشت بێری و دوو شوان
مەبەست لە دەستی مرۆڤە، دوو دەشت، مەبەست لە هەردوو بەری دەستە، دوو بان، مەبەست لە دوو پشتی دەستە، هەشت بێری، (بێری: بەو ئافرەتە دەوترێ کە مەڕ یا بزن دەدۆشێ) مەبەست لە هەشت پەنجەی هەردوو دەستە، دوو شوان، مەبەست لە دوو پەنجەکەڵەی دەستە. وەڵام (پەنجە و دەستی مرۆڤ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل135.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1303**

**دوو سوار هاتن تەتەری بایز ئاغای لەسەری دەندووک درێژ نۆکەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226073054454123

دوو سوار هاتن تەتەری
بایز ئاغای لەسەری
دەندووک درێژ نۆکەری
مەبەست لە قابلەمە و کەوگیرە، دوو سوار هاتن تەتەری، (تەتەر: بە شتێک دەوترێ کە زۆرخێرا بڕوات) مەبەست لە قابلەمەیە، بایز ئاغای لەسەری، مەبەست لە سەری قابلەمەیە، دەندووک درێژ نۆکەری، مەبەست لە کەوگیرە. (کەوگیر: کەوچلێکی کلک درێژی کونکونە، بۆ تێکدانی برنج بکاردێ) . وەڵام (قابلەمە و کەوگیر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چایخانەی موفتی، مەهاباد، ل12

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1304**
**دوو سوار هاتن تەق و جووت، گێلمانە گێلیان دەگووت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731191715425750

دوو سوار هاتن تەق و جووت، گێلمانە گێلیان دەگووت
دوو سوار هاتن تەق و جووت: مەبەستی لە تەپۆ، مێشوولەیە (لە بەشە شیوەزاری موکریان بە مێشوولەی زۆر ورد دەوترێ: تەپۆ) کە لە گۆما و جێگە شێدارەکاندا دەژین، گێلمانە گێلیان دەگووت، واتە: گیزەگیزیان دەکرد و ئامادەی پێوەدان بوون.
وەڵام تەپۆ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-31
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1305**

**دوو سوار هاتن لە قۆتەڵێ دوو سێوی سوور لە باخەڵێ یەک لە یەکی چاتر دەڵێ سەیریان دەکەی ئەبێ هەڵێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216122209452187

دوو سوار هاتن لە قۆتەڵێ، دوو سێوی سوور لە باخەڵێ
یەک لە یەکی چاتر دەڵێ، سەیریان دەکەی دەبێت هەڵێ
مەبەست لە مانگ و ڕۆژە، دوو سوار هاتین لە قۆتەڵێ، (قۆتەڵ: ناوی چیایەکە لە کوردستان (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، دوو سێوی سوور لە باخەڵێ، مەبەست لە هەڵهاتنی مانگ و خۆرە لە پشتی چیاکانەوە کە بە دوو سێوی باخەڵ چووێنراون، گەر بینران شەو بوو دەبێت ڕاکەی بخەوی، گەر ڕۆژ بوو دەبێت بچیت بۆ کار. وەڵام (مانگ و ڕۆژ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل43

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1306**

**دوو سوار هاتن لە کۆتەڵێ، یەک لە یەکی جوانتر دەڵێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731191148425747

دوو سوار هاتن لە کۆتەڵێ، یەک لە یەکی جوانتر دەڵێ
کۆتەڵ: کۆمەڵێک دار و درەختی وەکوو مازوو یان بەڕووە کە چڕ و پڕ بێت (فەرهەنگی خاڵ) دوو سوار هاتن لە کۆتەڵێ: مەبەستی لە مانگ و ڕۆژە کە لەنێوان دار و درەختەکانەوە بە ڕۆژ یان بەشەو دەردەکەون. یەک لە یەکی جوانتر دەڵێ: مەبەستی لە جوانی مانگ و ڕۆژە. وەڵام مانگ و ڕۆژ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1307**

**دوو سوار هاتینە، ئەی تنگی توە، هلهلە مەکەن، لقامان چوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013181329525996

دوو سوار هاتینە، ئەی تنگی توە، هلهلە مەکەن، لقامان چوە.
وەڵام (حاجی لەقلەق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل19

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1308**

**دوو سوار هاتییە ئەی نیناو پاچکە زەڕین، مێزەر کاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921214422522301

دوو سوار هاتییە ئەی نیناو
پاچکە زەڕین، مێزەر کاو
نیناو: دیتنی نادیار، بۆ کەسێک بەکاردێت کە لەدوورەوە دەرکەوێت دڵنیانەبیت کە کێیە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، زەڕین: زێڕین. کاو: کەسی بەدەمار و خۆبەشتزان (فەرهەنگی خاڵ) ، دوو سوار هاتییە ئەی نیناو، واتە: دوو سوار دەرکەوتن کە دنیار نییە کێن، پاچکە زەڕین، میزەر کاو، واتە مێزەریان بەسەرەوەیە و خۆیان بەشت دەزانن. وەڵام (سەید) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 30

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1309**
**دوو سوار هاتیە ئەی نیناو پەچکە زەڕین میزر کاو**

20231013205127526052=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوو سوار هاتیە ئەی نیناو
پەچکە زەڕین میزر کاو
وەڵام (سەید) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل30

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1310**

**دوو شت لە قون دەردێ و دەخورێ**

[2022120314280844893=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203142808448933)

دوو شت لە قون دەردێ و دەخورێ.
وەڵامی مەتەڵەکە دوو شتی جیاواز لەیەکە، دوو شت لە قوون دەردێ و دەخورێ، یەکێکیان مەبەستی لە هێلکەیەی پەلەوەرە، چوونکە پەلەوەر لە قوونییەوە هێلکە دەکات، دووەم مەبەست لە ماسییە کە گەرا و هێلکەکانی لە قوونییەوە دادەنێ و پاشان دەرتووکێن و دەبنە ماسی. ماسی و هێلکەش هەردووکیان دەخورێن. وەڵام (هێلکە و ماسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل34

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1311**

**دوو شتم هەن وەک زێڕی، هەموو شوێنەک دەکێڵی، دەور و پشتی خۆی دێڵی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729082831425200](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729082831425200)



دوو شتم هەن وەک زێڕی، هەموو شوێنەک دەکێڵی، دەور و پشتی خۆی دێڵی
چاو ئەو ئەندامە ناسک و بەکەڵکەیە کە بۆ بینین بەکاردێ، لە مەتەڵکەدا بە زێڕ چووێنراوە، هەموو شوێنەک دەکێڵی، واتە: هەموو شوێنێک دەبینێ ، دەور و پشتی خۆی دێڵی واتە: تەنیا پشتی سەر نابینێ. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر]

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1312**

**دوو شوان، دووازدە مەڕ، یەک ڕاوکەر**

[2022080906494542734 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220809064945427341)



دوو شوان، دووازدە مەڕ، یەک ڕاوکەر.
کاتژمێر ئەو ئامێرەیە بۆ پێوانی کات بەکاردێ، زۆرێک لە کاتژمێرەکان، ژمارەیان لەسەرە کە مەبەستی مەتەڵەکەیە، دووازدە مەڕ واتە: ئەو دووازدە ژمارەیەی کە لەسەر کاتژمێر هەیە، دوو شوان واتە: دەقە و سەعات ژمێر، ڕاوکەر، واتە: چرکە ژمێر. وەڵام (کاتژمێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 09-08-2022

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1313**
**دوو شیلەیە ڕەنگیان جیایە**

20220907115931432703=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوو شیلەیە ڕەنگیان جیایە
نێو توێکڵێ ناسکایە
بەبێ بەربەست هان پێکەوە
ناشرژێنە ناو یەکەوە
توێکڵەکانیان ڕەنگیان جیایە
قەبا ڕەشیان هەر ئەوهایە
ڕەنگیان سپی یان زەردی کاڵ
تیاشیانە هەیە خاڵ خاڵ
بچووک و گەورەیان هەیە
لە هاوشێوەی پەتاتەیە
لە خشۆکە و لە پەرِیندە
لە بێ پەڕ و گشت باڵندە
مێیەکان دەیکەن نەک نێر
جگە لە شەمشەمە کوێرە
زووربەی ئەو شتانەش دەخورێن
بە کوڵان یان لە ڕۆن دەکرێن
مەتەڵ خۆشە و زۆر ئاسانە
بیری لیبکەوە بیزانە
وەڵام (هێلکە) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکووک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل16

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1314**
**دوو گام هەن هەموو گردان دەکێڵن**

20221026204551442063=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دوو گام هەن هەموو گردان دەکێڵن.
لە وڵاتی کوردەواردا، جوتیارەکان ئاژەڵی گا بۆ جووتکردن بەکاردێنن، بەهۆیەوە زەوییەکان دەکێڵن، دوو گام هەن هەموو گردان دەکێڵن، مەبەست لە دوو چاوی مرۆڤە کە توانای هەیە هەموو شوێنێکی پێببینرێت، بینینی مرۆڤ بە کێڵان بەراوردکردووە.
وەڵام (چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل47

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

## پۆل: کلتوور - مەتەڵ
## بابەت: 1315
## دوو گەوڕ و کۆڵەکەیێ

[20231205133501534021=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205133501534021)

دوو گەوڕ و کۆڵەکەیێ.
گەوڕ: تەویلە، ئاغەڵ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، بەو ژووره یان ژێرخانە دەوترێت کە مەڕوماڵات یان ڕەشەوڵاخی تێداڕادەگیرێت. دوو گەوڕ: مەبەستی لە دوو کونی لووتی مرۆڤ، چۆن گەوڕ پاشەڕۆی ئاژەڵی تێدایە، لووتیش چڵمی و پیسی تێدایە، هەروەها گەوڕ سەقفەکەی بە کۆڵەکە ڕاگیردەکرێت، هەروەها نێوانی دوو کونە لووتیش کۆڵەکەی هەیە. وەڵام (دوو کونی لووت) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل183

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1316**

**دوو لە خۆرە و سێی لە سێبەرە تۆ ئازابە و ناوی بەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026202043442053

دوو لە خۆرە و سێی لە سێبەرە
تۆ ئازابە و ناوی بەرە
مەبەست لە پێنج فەرزەی نوێژە. وەڵام (نوێژ) . [1]
نوێژی نیوەڕۆ و عەسر، بە رۆژدا ئەنجامدەدرێن، واتا لە کاتی بوونی هەتاو و بەرخۆردایە، نوێژی بەیانی و ئێوارە و شێوانیش کاتێک ئەنجام دەدرین کە خۆر هێشتا هەڵنەهاتووە یان ئاوابووە، واتا لەبەر سێبە ئەنجامدەدرێن.

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل46

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1317**
**دوو لە دوو هەشتان دەچن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107172219457121

دوو لە دوو هەشتان دەچن.
مەبەست لە جووتکردنە بە نیرۆئاموور و جووتە گا، وشەی دووی یەکەم لە مەتەڵەکەدا بەواتای دوو قاچی جووتیارە کە بە نیرۆئاموور و جووتەگا جووتدەکات، لەدوو: لەدوا، هەشتان دەچێ، مەبەست لە هەشت قاچی دوو گایە کە جووتدەکەن.
وەڵام (جووتکردن بە جووتەگا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل175.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1318**

**دوو لە دەست، سەر لە قوون، قوون لە زەوی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728225926425167](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728225926425167)



دوو لە دەست، سەر لە قوون، قوون لە زەوی
بێری کە مەڕ دەدۆشێ، هەر دوو گوانی دەخاتە هەر دوو دەستییەوە، لە مەتەڵەکەدا بە دوو لە دەست هاتووە، سەر لە قوون واتە: سەری گوانەکان بەرەو خوارن، قون لە زەوی، مەبەستی لە بێرییە کە لەسەر زەوی دانیشتووە. وەڵام (مەڕ دۆشین) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1319**
**دوو لە ڕێیە یەک لاڕێیە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203134000448912](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203134000448912)

دوو لە ڕێیە
یەک لاڕێیە
مەتەڵەکە لەیەک کاتدا دوو شتی زۆر جیاوازی مەبەستە، دوو لە ڕێیە، مەبەست لە هاتنی شەو و ڕۆژە کە بەردەوام بەدوای یەکدا بێ برانەوە دێن و دەڕۆن، یەک لا ڕێیە، مەبەست لە شەیتانە کە هەمیشە لە ڕێگەی ڕاست لایداوە، بە پێچەوانەی مرۆڤەوە ڕەفتار دەکات. وەڵام (شەو و ڕۆژ و شەیتان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1320**

**دوو ماری ڕەش دوو ئەستێرەی گەش دوو کونە سووژن لێرە پڕ موو بەچەی بێین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027210537442220

دوو ماری ڕەش، دوو ئەستێرەی گەش
دوو کونە سووژن، لێرە پڕ موو، بەچەی بێین
مەبەست لە دەموچاوی مرۆڤە، دوو ماری ڕەش، مەبەست لە دوو گێسووە کە بە تەنیشتی دەموچاودا دێتەخوار، دوو ئەستێرەی گەش، مەبەست لە دوو چاوی مرۆڤە، دوو کونە سووژن لێرە پڕ موو، مەبەسی لە دوو کونی لوتە کە پڕە لە موو، بەچەی بێین، واتە: کونە لوت قوڵە. وەڵام (دەموچاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل50

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-27

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1321**

**دوو ماری ڕەش دوو ئەستێرەی ڕەش لێرەی پڕ موو دوو کونە سووژن بەچەی بێ بن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203143103448934

دوو ماری ڕەش دوو ئەستێرەی ڕەش، لێرەی پڕ موو، دوو کونە سووژن بەچەی بێ بن.
مەبەست لە وەسفی دەموچاوی مرۆڤە، دوو ماری ڕەش، مەبەست لە دوو برۆی دەموچاوە، دوو ئەستێرەی ڕەش، مەبەست لە دوو چاوی ڕەشی مرۆڤە، لێرەی پڕ موو، مەبەست لە برژانگی دەوری چاوە، دوو کونە سووژن، مەبەست لە کونی لووتە. بەچەی بێ بن، مەبەست لە سەری مرۆڤە. وەڵام (دەموچاو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل33

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1322**
**دوو مەتەڵن پێکەوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906172347432475](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906172347432475)

دوو مەتەڵن پێکەوە
بەستاومن بەیەکەوە
هۆی سەرەکین بۆ ژیان
بۆ زووربەی گیانلەبەران
پێکهاتوون لە شەش پیت
هەر یەکەیان لە سێ پیت
دەبێ چی بێت بۆ ژیان
پێویست تر لە ئاو و نان
لەم مەتەڵەدا لەیەک کاتدا، داوای زانینی دوو شت لە گوێگر دەکات، کە بەهۆی سەرەکی ژیانیان دادەنێت، هەردووکیان نان و ئاوە، بۆ مرۆڤ و زیندەوەر پێویستە. وەڵام (نان و ئاو)[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل6

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1323**
**دوو مەشخەڵ لەنێو یەک سەرای بێدەر چوار پەڵۆش هەن، شەش لاشە و یەک سەر**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912214452520291](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912214452520291)

دوو مەشخەڵ لەنێو یەک سەرای بێدەر
چوار پەڵۆش هەن، شەش لاشە و یەک سەر
مەشخەڵ: بڵێسە (فەرهەنگی شێخانی) سەرای بێدەر، مەبەست لە ئاسمانی پان و بەرینە، دوو مەشخەڵ: مەبەست لە مانگ و خۆرە کە لە ئاسماندا بڵێسەی ڕووناکی دەدەن، مانگ بەشەو و خۆر بە ڕۆژ. شەش لاشە و یەک سەر، مەبەست لەوەیە لە چوار سووچی ئاسماندا کۆ ئەستێرەی حەوتەوانە هەیە.وەڵام (ئاسمان و مانگ و خۆر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل24]

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1324**

**دووکانی هەیە وەکو عەلامەت نە بۆ خواردن دەشێ نە بۆ زەراعەت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203134209448913

دووکانی هەیە وەکو عەلامەت
نە بۆ خواردن دەشێ نە بۆ زەراعەت
عەلامەت: نیشانە، زەراعەت: کشتوکاڵ. دووکانی، مەبەست لە دوو چاوی مرۆڤە کە فرمێسکی پێدا دێتەخوار، بە دووکانی چووێنراوە، نە بۆ خواردن دەشێت نە بۆ زەراعەت، واتە: فرمێسکی چاو بۆ خوارنەدوە و کشتوکاڵ ناشێ و بەکارنایەت. وەڵام (فرمێسکی چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل30

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1325**

**دوو کون لە خوارێ کونێ لەسەرێ بێ ئەو لە ماڵ ناچیتە دەرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915224115520825

دوو کون لە خوارێ
کونێ لەسەرێ
بێ ئەو لە ماڵ ناچیتە دەرێ

شرواڵ مەبەستی مەتەڵەکەیە، (شرواڵ: بەشی خوارەوەی بەرگی پیاوانەی کوردییە)، دوو کون لە خوارێ، مەبەست لە دەرلینگی شرواڵە کە قاچی مرۆڤ پێدا دێتەدەر، کونێ لەسەرێ، مەبەست لە شرواڵە کە لەسەرەوە لە پێ دەکرێ، بێ ئەو لە ماڵ ناچیتە دەرێ، واتە: پیاوان تا شرواڵ لە پێ نەکەن، ناچنەدەر. وەڵام (شرواڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل13

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1326**

**دووازدە گندۆرەی ساڵ یەک حەرامە یازدە حەڵاڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203141728448928

دووازدە گندۆرەی ساڵ، یەک حەرامە، یازدە حەڵاڵە.
گندۆرە: واتە: کاڵەک تایبەتە بە بەشە شێوەزاری سۆران. دووازدە گندۆرەی ساڵ، مەبەست لەوەیە کە ساڵێک لە دووازدە مانگ پێکدێت، یەک حەرامە یازدە حەڵاڵ، واتە: لە ساڵێکدا بەپێی نەریتی ئایینی یەک مانگ کەسانی بڕوادار بەڕۆژوو دەبن، خواردنیان لێ حەرامە، یازدە مانگیش ئازادن. وەڵام (دووازدە مانگەی ساڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1327**

**دووانت پیاکەم چوارت پیابەردەبێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026203509442059

دووانت پیاکەم، چوارت پیابەردەبێتەوە.
مەبەستی مەتەڵەکە چۆغیە، (چۆغە: بەرگی سەرەوەی جلی پیاوانەی کوردییە، بەرۆکی کراوەیە و دوو قۆڵی هەیە) دووانت پیاکەم، مەبەست لە چۆغەیە، چوارت پیا بەردەبێتەوە، مەبەستی لە دوو قۆڵی چۆغە و دوو قۆڵی کەسەکەیە کە لەبەری دەکات. وەڵام (چۆغە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل46



کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1328**

**دووانت لێهەڵکێشم دووانت لێڕاکێشم بە وشکی تێتخەم بەتەڕی لێت ڕاکێشم**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027205115442217](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027205115442217)

دووانت لێهەڵکێشم، دووانت لێڕاکێشم
بە وشکی تێتخەم، بەتەڕی لێت ڕاکێشم.
دووانت لێهەڵکێشم دووانت لێڕاکێشم، مەبەست لە ڕەشمەی وڵاخە، ڕەشمە: بەو گوریسە دەوترێ کە دەکرێتە لغاوی وڵاخ، بۆ ئەوەی بتوانرێ جڵەوبکرێت، لغاو یان هەوسار: لە سەر و کەللەی وڵاخ دەکرێ، بۆ ئەوەی جڵەو بکرێت و ببەسترێتەوە (فەرهەنگی خاڵ) بە وشکی تێتخەم بە تەڕی لێتڕاکێشم، لغاو بەشێکی دەچێتە ناو دەمی وڵاخەکەوە، ئەوکاتەی دەخرێتە دەمی وشکە، دواتر کە دەرهێنرایەوە تەڕ دەبێت. وەڵام (لغاو و ڕەشمەی وڵاخ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل49

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1329**
**دووجار نەکوڵێ ناخورێ**

[20221026204148442061=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026204148442061)

دووجار نەکوڵێ، ناخورێ.
مەبەست لە چێشتی ساوەرە، دوو جار کوڵیوە، واتە: جارێ بە گەنمی دەکوڵنرێ و دەکرێتە دانولە، لەبەر هەتاو هەڵدەخرێ، تا وشک دەبێتەوە، دوایی دەکوترێ و دەبێتە ساوەر، جارێکی دیکە دەکوڵێنرێتەوە و دەکرێتە چێشت، واتە: ساوەر تا ئامادەدەبێت بۆ خواردن، دوو جار دەکوڵێنرێ. وەڵام (چێشتی ساوەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل47


کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1330**

**دوورگەیەکی سەوز ناوەکەی شیرن خێزی بۆ جەحێڵ ئاوی بۆ پیرن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216122604452188

دوورگەیەکی سەوز ناوەکەی شیرن
خێزی بۆ جەحێڵ، ئاوی بۆ پیرن
مەبەست لە میوەی شووتییە، دوورگەیەکی سەوز (دوورگە بە زەوییەک دەوترێ کە هەر چواردەوری ئاو بێ) مەبەست لە توێکڵی شوتییە، ناوەکەی شیرن، مەبەست لە میوەی شوتییە کە سوورە و شیرینە، خێزی بۆ جەحڵ، (خێز: هەڵخلیسکان فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) توێکڵی شووتی مرۆڤ لێی هەڵ دەخلیسکێ، ئەو بەشەی بۆ گەنج دانراوە، ئاوی بۆ پیرن، کەسانی بەتەمەن لەبەر ئەوەی دانیان نامێنێ، بەشە سوورە شیرینەکەی شووتی بۆ ئەوان دادەنرێ چونکە خواردنی جووینی ناوێ. وەڵام (شووتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل43

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1331**

**دووژمنە بۆ ئاگر بە تەن دار هەڵدەگرێت بەردێک ڕاناگرێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026203854442060](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026203854442060)

دووژمنە بۆ ئاگر، بە تەن دار هەڵدەگرێت، بەردێک ڕاناگرێ.
مەبەست لە ئاو ڕووبار یان چەمە، دووژمنە بۆ ئاگر، مەبەست لە ئاوە گەر بکرێت بە ئاگردا دەیکوژێنێتەوە و هیچی ناهێڵێت، بە تەن دار هەڵدەگرێ، واتە: ئاو توانای هەڵگرتنی داری هەیە، هەر چەندە بڕەکەشی زۆر بێت، بەردێک هەڵناگرێت، لەبەر ئەوەی بەرد کێشی قوورسە، گەر بچووکیش بێت، ژێر ئاو دەکەوێت. وەڵام (ئاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل46

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1332**

**دووژمنە لۆ ئاگری بە تەن داری هەڵدەگری**

[20221203133517448910=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203133517448910)

دووژمنە لۆ ئاگری
بە تەن داری هەڵدەگری
لۆ: بۆ. دووژمنە لۆ ئاگری، مەبەست لە ئاوە، لە مەتەڵەکەدا بە دووژمنی ئاگر دانراوە چوونکە ئاو بە ئاگردا بکرێ دەیکوژێنێتەوە و کۆتایی پێدێنێ، بە تەن داری هەڵدەگری، واتە: هەر چەندە دار بخرێتە ناو ئاوەوە، نوقم نابێ بە پێچەوانەوە سەرئاو دەکەوێ. وەڵام (ئاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1333**

**دوومبەران بە دوومبەران ئاشی لەسەر دوو قۆنتەران بەدەوری پیر و قۆنتەران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201130900448633

دوومبەران بە دوومبەران
ئاشی لەسەر دوو قۆنتەران
بەدەوری پیر و قۆنتەران

مەبەست لە گۆڕە، دوومبەران: مەبەست لە دوومبەڵانە، (دوومبەڵان خۆراکێکە لە زەویدا بەشێوەیەکی سرووشتی بەرهەم دێت، کاتێک لەناو زەویدا پێدەگات، گڵی سەر زەوییە کە هەڵدەتۆقێ) ئاشی لەسەر دوو قۆنتەران، مەبەست لە دوو کێلی قەبرە، گڵی نێوان دوو کێلەکە بەرز دەکرێتەوە، وەکوو چۆن گڵی سەر دوومبەڵان بەرز دەبێتەوە. وەڵام (گۆڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 01-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1334**

**دووکانێکم هەیە سێ فرۆشیاری تێدایە، ئەوڵ چەرم، دووەم کاغەز و سێیەم یاقووت ئەفرۆشێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002210315524488

دووکانێکم هەیە سێ فرۆشیاری تێدایە، ئەوڵ چەرم، دووەم کاغەز و سێیەم یاقووت دەفرۆشێ.
فرۆشیار، واتە: خاوەنی کاڵا کە دەیەوێت بیفرۆشێت، مەبەست لە هەنارە، ئەوڵ چەرم، مەبەست لە توێکڵی هەنارە کە ئەستوورە و بە چەرم چووێنراوە، دووم کاغەز، مەبەست لەو توێکڵە تەنکەی ناو هەنارە کە دەوری دەنکە هەنارەکانی داوە، یاقووت، مەبەست لە دەنکی هەنارە. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1335**
**دووکانێکە پڕپڕە لە وردە ئێسکی سپی و سۆڵ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226081939454134](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226081939454134)

دووکانێکە پڕپڕە لە وردە ئێسکی سپی و سۆڵ.
دووکانێکە، مەبەست لە دەم و ددانی مرۆڤە کە بە دووکان چووێنراوە، پڕپڕە لە وەردە ئێسکی سپی و سۆڵ، مەبەست لە ددانی ناو دەمی مرۆڤە، چۆن دووکان کاڵای تیادادەنرێ، دەمیش ددانی تیایە، هەروەها ڕەنگی ددانەکانی دەم سپییە و بە ئێسکی سپی چووێنراون. وەڵام (دەم و ددان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل12](https://www.kurdipedia.org/)

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1336**

**دووی دەزەقن دووی دەلەقن چواری دەچەقن ئەگەر نازانی شێتۆکەی خۆمان بزنە بزنە بزن هەی بزن**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226082600454136](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226082600454136)

دووی دەزەقن، دووی دەلەقن چواری دەچەقن
ئەگەر نازانی شێتۆکەی خۆمان، بزنە بزنە بزن، هەی بزن
وەڵامی مەتەڵەکە لەناو مەتەڵەکەدایە کە ئاژەڵی بزنە، دووی دەزەقن، مەبەست لە چاوە، دووی دەلەقن، مەبەست لە گوێچکەیە، چواری دەچەقن، مەبەست لە قاچی بزنە، ئەگەر نازانی شێتۆکەی خۆمان بزنە، مەبەست لە گوێگرە کە مەتەڵی ئاراستەکراوە، بۆ ئەوەی وەڵام بزانێ. وەڵام (بزن) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل12

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1337**

**دووی لێ دەبێت بە سێ، نزیکی لێ دووردەکەوێتەوە، دووری لێ نزک دەبێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920204354522127

دووی لێ دەبێت بە سێ، نزیکی لێ دووردەکەوێتەوە، دووری لێ نزک دەبێتەوە.
مەبەست لە کەسی بەساڵاچووە، دووی لێ دەبێت بە سێ، مەبەست لە چاوی کەسی بەتەمەنە کە وردەوردە کز دەبێت و شتەکان لەبەرچاوی باش دەرناکەون، دووری لێ نزیک دەبێتەوە، واتە: تەمەنی بەرەو کۆتایی دەڕوات. وەڵام (چاوی کز، نزیکبوونەوەی مردن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل24

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1338**
**دووە نابێ بە سێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923152453435758

دووە نابێ بە سێ.
زۆر شت لە ژیاندا هەیە کە دوو دانەیە، بەڵام مەبەستی مەتەڵەکە ڕۆژ و شەوە، واتە: سرووشتی ژیان وایە کە کاتەکانی بۆ شەو و ڕۆژ دابەشبووە، واتە: لەو نێوانەدا شتێکی تر بوونی نییە. وەڵام (شەو و ڕۆژ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل24

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1339**

**دویٚ برایێمان هەنیٚ، دیواری ئینا بەنیشانە**

2023101310542252 5949=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دویٚ برایێمان هەنیٚ، دیواری ئینا بەنیشانە.

وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل16

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1340**

**دوێنێ نەبوو ئەمڕۆ لەدایکبوو سبەینێ دەمرێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221228104210454777](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221228104210454777)

دوێنێ نەبوو، ئەمڕۆ لەدایکبوو. سبەینێ دەمرێ.
کات مەبەستی سەرەکی مەتەڵەکەیە، هەموو چرکەساتێک کە لە ئێستادا تێدەپەڕی، دەبێت بە ڕابردوو، لەمەتەڵەکەدا بە دوێنێ ئاماژەی پێداوە، ئەمڕۆ لەدایکبوو، مەبەست لە چرکەساتی ئێستایە، سبەینێ دەمرێ، واتە: هەموو ئەمڕۆیەک لە ڕۆژی ئاییندەدا بە دوێنێ ئەژماردەکرێ. وەڵام (ئەمڕۆ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13](#)

کاتی تۆمارکردن: 28-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1341**

**دڕ و لاواز و بێ چاو و گوێیە دایم ماتڵە و لەبەر دەرکێیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924233934523226

دڕ و لاواز و بێ چاو و گوێیە
دایم ماتڵە و لەبەر دەرکێیە
ماتڵ: مەحتەل یان چاوەڕێ، مەبەست لە کڵاشە، (کڵاش: جۆرێک پێڵاوی کەلەپووری کوردییە، سەرەکەی بە خووری دەچنرێ و ژێرەکەشی پەڕۆیە) ، کڵاش لە ئەنجامی زۆر لە پێکردن دەدڕێ و خراپ دەبێت، هەروەها چاو و گوێی نییە، بەردەوام لەبەر دەرگادا ئامادەیە کەسێک لە پێی بکات. وەڵام (کڵاش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل41

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1342**

**دڵۆپە ئاوە، نە لە زەوییە نە لە ئاسمانە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203134424448914](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203134424448914)

دڵۆپە ئاوە، نە لە زەوییە، نە لە ئاسمانە.
ئاو لەسەر زەوی لەناو کانی و چەم و ڕووبارەکاندا هەیە هەروەها لە ئاسمانیش وەک دەنکۆڵەی باران بوونی هەیە، دڵۆپە ئاوە، مەبەست لە فرمێسکی چاوە کە بە چاواندا دێتەخوار، نە لە زەوییە نە لە ئاسمانە، واتە: نە ئاوە لە کانی و چەمەکاندا هەبێ، نە بارانیشە لە ئاسماندا هەبێ. وەڵام (فرمێسکی چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل31]()

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1343**

**دۆخین وەکە وتێ نیشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220808220016427308

دۆخین وەکە وتێ نیشە.
مەتەڵەکە مەبەستی لە گیپەیە (خۆراکێکی کەلەپووریی و ڕەسەنی کوردەوارییە) دووخوێن مەبەستی لەو دەزووەیە کە گیپەی پێ هەڵدەدوورن، ناوەکەی پڕ دەکرێ لە برنج، لە کاتی خواردندا، دەزووەکە دەردەهێنرێ و گیپەکە دەکرێتەوە و ئامادەدەبێ بۆ خواردن. وەڵام (گیپە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1344**
**دۆخینم ڕاکیشا ورگی هەڵوەشا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202184838448757

دۆخینم ڕاکیشا
ورگی هەڵوەشا
مەبەست لە گیپەیە، (گیپە: خواردنێکی فۆلکلۆریی کوردییە، لە پێستی ناوسکی ئاژەڵی وردە و برنج درووستدەکرێ) دۆخینم ڕاکیشا، (دۆخین: بەنەخوێن) مەبەست لەو دەزووەیە کە گیپەی پێ دەدوورنەوە کە بە بەنەخوێن چووێنراوە، ورگی هەڵوەشا، واتە: چۆن بەنەخویێ بکەیتەوە، شرواڵ دادەکەوێ و ورگ دەردەکەوێ، دەزووی گیپەش ڕاکێشی گیپە دەکرێتەوە و برنجەکەی دەردەکەوێ. وەڵام (گیپە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1345**
**دۆخەوای بەهار پوونگە وەسەرە وا شووی نەکردووە کۆرپەی وەبەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205102844534007

دۆخەوای بەهار پوونگە وەسەرە
وا شووی نەکردووە کۆرپەی وەبەرە
دۆخەوا: دۆکوڵیو چێشتێکی کەلەپووریی کوردییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، پوونگە: گیایەکی بەهارییە، لە کوردەواردا دەکرێتە پاقلەی کوڵاو یان دۆکوڵیوەوە، کۆرپە: منداڵی ساوا. مەبەست لە چێشتی دۆکوڵیوە، لە کاتی لێنان و کوڵانیدا دۆخاوەکەی قوڵپدەدات و بە منداڵ چووێنراوە. وەڵام (دۆخەوا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل182

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1346**

**دۆستی خۆتە دوژمنی خۆتە هەر لە خۆتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221121212420446923

دۆستی خۆتە
دوژمنی خۆتە
هەر لە خۆتە

دۆستی خۆتە، مەبەست لە زمانە کە بەشێکە لە جەستەی خۆت و لە خۆت، دوژمنی خۆتە، واتە: زمان لە کاتی قسەکردندا گەر باش نەگەڕێ، دەبێتە دوژمن بۆ خاوەنی و تووشی زیانی دەکات، هەر لە خۆتە، زمان باش بڵێ و خراپ بڵێ هەر بۆ خۆت دەگەڕێتەوە. وەڵام (زمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل5

کاتی تۆمارکردن: 21-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1347**

**دیزێکم هەیە پڕ لە دانۆ دیزەکەم لێکەوت نەدیزە شکا، نەدانۆ ڕژا**

20231002211403524491=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دیزێکم هەیە پڕ لە دانۆ
دیزەکەم لێکەوت
نەدیزە شکا، نەدانۆ ڕژا
دیز یان دیزە: دەفرێکی گڵینی خڕی سوورکراوەیە، شیوی تێدا لێدەنرێت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، دانۆ یان دانوولە: گەنمی کوڵاو (فەرهەنگی خاڵ) ، دیزێکم هەیە پر لە دانۆ، مەبەستی لە هەنارە کە بە دیزەی پڕ لە دانوولە چووێنراوە، دیزەکەم لێکەوت، نەدیزە شکا، نەدانۆ ڕژا، واتە کەسێک هەنارێکی لێکەوتووەتەخوار و نەشکاوە، دەنکی هەنار بە دانوولەی ناو دیزە چووێنراوە. وەڵام (هەنار) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1348**

**دیزەی ڕۆنە و دەرخۆنەی قونە، ئەگەر نایخۆی بۆ منی بێنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220827120450430673

دیزەی ڕۆنە و دەرخۆنەی قونە، ئەگەر نایخۆی بۆ منی بێنە.
لە کوردەواردا ڕۆن دەکرێتە ناو دیزەوە، دیزەی ڕۆنە، مەبەستی لە دووگی مەڕە کە وەک ڕۆن چەورە، دەرخۆنەی قونە واتە: وەک سەرقاپێک وایە بەسەر قونی مەڕەکەوە، ئەگەر نایخۆی بۆ منی بێنە مەبەست لە سەودای شت بە شتە. وەڵام (دووگی مەڕ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 27-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1349**

**دیزەیەکم چێشت لێنا ئێسک تێدانا نامەسەر ئەسپێک ڕۆحلەبەردانا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226080306454128

دیزەیەکم چێشت لێنا ئێسک تێدانا
نامەسەر ئەسپێک ڕۆحلەبەردانا
مەبەست لە منداڵی ناو لانکە و شیرخواردنییەتی، (دیزە: لە قوڕ درووستدەکرێ و سووردەکرێتەوە، ژنی کورد ڕۆنی تێدا هەڵدەگرێ) دیزەیەکم چێشت لێنا ئێسک تێدانا، مەبەست لە مەمکی دایکە کە وەک دیزە خڕە، ئێسقانی تیانییە، نامە سەر ئەسپێک ڕۆحلەبەرنا، مەبەست لە منداڵە کە دەخرێتە ناوبێشکەوە. وەڵام (منداڵی لانکە و شیرخواردن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1350**
**دیزەیەکم هەیە پڕ لە دانووڵە دیزە چاڵکرا نەدیزە شکا نەدانووڵە ڕژا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226080656454129](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226080656454129)

دیزەیەکم هەیە پڕ لە دانووڵە، دیزە چاڵکرا
نەدیزە شکا، نەدانووڵە ڕژا
مەبەست لە هەنارە، (دیزە: لە قوڕ دروستدەکرێ و سووردەکرێتەوە، ژنی کورد ڕۆنی تێدا هەڵدەگرێ. دانووڵە: گەنمێک کە بۆ ساوەر ئامادەدەکرێ، سەرەتا دەکوڵێنرێ، بەو گەنمە کوڵاوە دەوترێ: دانووڵە) دیزەیەکم هەیە پڕ لە دانووڵە، مەبەست لە هەنارە، هەنار بە دیزە و دەنکی هەناریش بە دانووڵە چووێنراوە، دیزە چاڵکرا نەدیزە شکا، نەدانووڵە ڕژا، واتە: کاتێک هەنار لەتدەکرێ، دەنکەکانی بڵاونابنەوە. وەڵام (هەنار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13](#)
کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1351**

**دیمەیش هەسانا و دیمەیش قورعانا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015091207526277

دیمەیش هەسانا و دیمەیش قورعانا.

وەڵام (قارچک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل36

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1352**

**دیوێکی تاریک تێیدایە موویەکی باریک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202193138448763

دیوێکی تاریک
تێیدایە موویەکی باریک
مەبەست لە شوێنێکی تاریکە کە تاڵێک تیشکی خۆری بەرکەوێ و ڕووناکی بکاتەوە، دیوێکی تاریک، مەبەست لە ژووریکی تاریکە کە ڕووناکی تیانەبێ، تێیدایە موویەکی بارییک، واتە: تۆزێک تیشکی خۆی بکەوێتە ژوورێکەوە و ڕووناکی بکاتەوە. موو بە تیشکی خۆر بەراوردکراوە. وەڵام (تیشکی خۆر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل34
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1353**
**دیوێکی هەسانە دیوێکی قورئانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026202621442055

دیوێکی هەسانە
دیوێکی قورئانە
مەبەست لە کارگە لە کوردستاندا لە وەرزی بەهاراندا دروستدەبێت و دەڕوێ، دیوێکی سانە، واتە: بەشی سەرەوەی کاری وەک هەسان ساف و لوسە، (هەسان: جۆرە بەردێکی چیاییە، لە کوردستان لە ناوچە شاخاوییەکاندا هەیە، بۆ تیژکردنی چەقۆ و تیغ بەکردێت) دیوێکی قورئانە، مەبەست لە دیوی ژێرەوەی کڵاوی کارگە کە پەڕپەڕە. وەڵام (کارگ) . [1]

کارگ: (فەرهەنگی خاڵ)
واتا: قارچک

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل47

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1354**

**دیوێکە گیانی تیانییە بێ دەست و قاچ و خوێنە ئەکشێ بە چەشنی مار بێ گۆشت و بێ دەمارە**

20230119132822459296=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دیوێکە گیانی تیانییە بێ دەست و قاچ و خوێنە
ئەکشێ بە چەشنی مار بێ گۆشت و بێ دەمارە
مەبەست لە فرۆکەیە، دیوێکە گیانی تیانییە، (دیو: ژوور) مەبەست لەناو فرۆکەیە کە بە ژوور چووێنراوە، چونکە لە هەردووکیان مرۆڤ تێیدا دادەنیشێ، بێ دەست و قاچ و خوێنە، وەسفی جەستەی فرۆکەیە، ئەکشێ بە چەشنی مار و گۆشت و دەماری نییە. وەڵام (فرۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل9

کاتی تۆمارکردن: 19-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1355**
**دێ حوکمە خودا و زۆر بەنە شیر وە کۆڵ شیر موغلی بەنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012215807525912

دێ حوکمە خودا و زۆر بەنە
شیر وە کۆڵ شیر موغلی بەنە
وەڵام (بەرداشی ئاش یان کوچکی ئاسیاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لوڕی ڕەسەن |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل6

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1356**

**دێبەڕێوە مەلیکە دادەنیشێ پاشایە دەڕوا گەدایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026185056442039

دێبەڕێوە مەلیکە
دادەنیشێ پاشایە
دەڕوا گەدایە

دێبەڕێوە مەلیکە، مەبەست لە بەفرە کە دەبارێت بە مەلیک چووێنراوە، دادەنیشێ پاشایە، واتە: لەکوێی بوێ لەوێ دەبارێ، وەک پاشایەک هەموو شوێنێک بەهی خۆی دەزانێت. دەڕوات گەدایە، واتە: کاتێک دەتوێتەوە، وەک کەسێکی هەژار مایەپووچ دەبێت و هیچی نامێنێ. وەڵام (بەفر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل47

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-26

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1357**

**دێت و دەچێت لە دەشت بە کلکی منی گەست زەردە کلکی لەسەر پشت**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201131222448634](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201131222448634)

دێت و دەچێت لە دەشت
بە کلکی منی گەست
کلکی لەسەر پشت

مەبەست لە دووپشکە کە لە دەشتودەر دێت و دەچێت، بە کلکی منی گەست، واتە: بە کلکی بە منەوەی دا، چونکە دووپشک بە کلک پێوەدەدات و ژەهر دەڕژێ، زەردە کلکی لەسەر پشت، (دووپشکی وڵاتی کوردەوار ڕەنگیان زەرد یان ڕەشە کلکی لەسەر پشتییەتی. وەڵام (دووپشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل33

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1358**

**دێمکە ڕەق و ئاوی شەوی ئاغا و کرمانج ڕێکناکەوی**

20230103164223456242=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دێمکە ڕەق و ئاوی شەوی
ئاغا و کرمانج ڕێکناکەوی
مەبەست لە کوندەیە، (کوندە: لە پێستی بزن دروستدەکرێ و بە مازووی خۆش دەکرێ و ئاوی تێدەکرێ) دێمکە ڕەق و ئاوی شەوی، مەبەست لە کوندەیە (شەوی: بە ئاوێک دەوترێ کە شەو لەبەر فێنکی هەوادا سارد دەبێت) ئاغا و کرمانج ڕێکناکەوی، (کرمانج: کورد) واتە: دوو چینی جیاواز لە ڕووی ئابووری و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە، بە یەکەوە ناگونجێن. وەڵام (کوندە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل79.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1359**

**دێمێوە هەسان یۆچشن قورئانە، فەسڵی trووڵش عەین وەهارانەن، سەرمایەی خاسەن پەرِیی هەژاران، نوعێوە دەوان، پەی دەردەداران**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015085459526275](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015085459526275)

دێمێوە هەسان یۆچشن قورئانە، فەسڵی trووڵش عەین وەهارانەن
سەرمایەی خاسەن پەرِیی هەژاران، نوعێوە دەوان، پەی دەردەداران
وەڵام (قارچک). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: | هەورامی |
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل35

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-15
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1360**

**دێوە ڕەشەی ئاسمانە گورزی هەژدە باتمانە چاوی پڕ لە گریانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027204337442214

دێوە ڕەشەی ئاسمانە
گورزی هەژدە باتمانە
چاوی پڕ لە گریانە

دێوەڕەشەی ئاسمانە، مەبەست لە هەورەگرمەیە کە بەهۆی کۆبوونەوەی هەوری چڕەوە لە ئاسماندا پەیدادەبێ، گورزی هەژدە باتمانە، گورز: ئامرازێکی سەر ئەستووری دەسکدارە بۆ شەڕ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) باتمان: ئەندازەیەکە لە کێشان، شەش هۆقەیە، نزیکەی شازدە کیلۆیە (فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە هەورەگرمەیە کە بە گورز چووێنراوە، چاوی پڕ لە گریانە، واتە: دوای هەورەگرمە باران دەبارێت، لە مەتەڵەکەدا باران بە گریان چووێنراوە. وەڵام (هەورەگرمە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل50

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1361**

**دە بارە دار هەڵدەگرێ بزمارێک هەڵناگرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023230624441647

دە بارە دار هەڵدەگرێ، بزمارێک هەڵناگرێ.
مەبەست لە ئاوی ڕووبار یان دەریایە کە دەیان بار داری بخرێتەناوی، نوقم نابێت و ژێر ئاو ناکەوێت، بەڵام تەنیا بزمارێک بخرێتە ناو ئاو ژێر ئاودەکەوێت، سرووشتی دار و بزماریش وایە کە پەیوەندی بە کێش، چڕی و قەبارەوە هەیە کە وادەکات دار نوقم نەبێ، هەرچەندە قەبارەی گەورەیە بەڵام بزمار نوقم بێت، هەرچەندە قەبارەی بچووکە. وەڵام (ئاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل43

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1362**
**دە بزانە تیتە دەشتێ هەر یەکی فەرشەکی لە پشتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915224820520830

دە بزانە تیتە دەشتێ
هەر یەکی فەرشەکی لە پشتێ
تیتە: چەکی ژنانە (فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە نینۆک و پەنجەی مرۆڤە، ژنان لە کوردەواردا نینۆکیان درێژ دەکەنەوە و هەندێکجار لە شەڕدا بەکاری دێنن، فەرشێکی لە پشتێ، مەبەست لە سەری پەنجەی مرۆڤە کە نینۆکی پێوەیە، لە مەتەڵەکەدا بە فەرش چووێنراوە. وەڵام (پەنجە و نینۆک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل9

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1363**

**دە پێ و سێ سەر و دوو کلک**

20221027210937442221=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دە پێ و سێ سەر و دوو کلک.
مەبەست لە جووتکردنی جوتیارە بە جووتە گا، دە پێ، مەبەست لە دوو پێی مرۆڤ و هەشی پێی دوو گایە کە جوتیار جوتیان پێدەکات، سێ سەر: مەبەست لە سەری جوتیار و دوو سەری دوو گایە، دوو کلک، مەبەست لە دوو کلکی دوو گایە. وەڵام (جوتیارێک بە جووتە گا جووتدەکات) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل48

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1364**
**دە دەی لێ بڕوا، دە باقی**

2022080907214142734=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دە دەی لێ بڕوا، دە باقی.
مەتەڵێکی بیرکاریانەیە بۆ وروژاندنی مێشک بەکاردێ، دە دەی لێ بڕوا واتە: جووتێ دەسکێش، بۆ خۆی دە پەنجەی هەیە، کاتێک لە دەست دادەکەندرێ ، دە پەنجەی لێکەم دەبێتەوە، دە باقی واتە: تەنیا دە پەنجەی دەسکێشەکە دەمێنێتەوە.
وەڵام (دەستکێش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 09-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1365**

**دە لاقە شەش چاوە، نێوقەدی دارە دواوەی پیاوە، بە جرت و فرتی گڵی هەڵداوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729083524425201](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729083524425201)



دە لاقە شەش چاوە، نێوقەدی دارە دواوەی پیاوە، بە جرت و فرتی گڵی هەڵداوە
مەبەستی لە جووتکردنی پیاوە بە جووتەگا، دە لاقە شەش چاوە، واتە: بە پیاوەکە و جووتە گاکە شەش چاو و دە قاچیان هەیە، نێوقەدی دارە دواوەی پیاوە: مەبەست لە نیروئامورە بەسەر ملی گاکەوە، بۆ پیاوەکە درێژبووەتەوە. وەڵام (جووت کردن چووتە گا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1366**

**دە لە زگ دووانن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203135211448919

دە لە زگ دووانن.
مەبەست لە دوو گوانی بزنە کە بە دە پەنجە دەدۆشرێت، دووانن، مەبەست لە دوو گوانی بزنە کە بەژێر سکیەوەیەتی و پڕ لە شیرە، (بزن دوو گوانی هەیە) دە لە زگ: مەبەست لە دەپەنجەی کابانە کە دوو گوانی بزن دەدۆشێت، لە بەشە شێوەزاری گەرمیاندا، دەوترێ: چووەتە زگی، واتە: سەریکردۆتە سەری و خەریکی کاری دۆشینە. وەڵام (پەنجەی و گوانی بزن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل30

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1367**

**دەبزانە بزابە بزەبزە هەرزانە یەک هەسانە و یەک گوێزانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117200216458919

دەبزانە بزابە
بزەبزە هەرزانە
یەک هەسانە و یەک گوێزانە
مەبەست لە هەسان و تیغە، (هەسان: جۆرە بەردێکی چیاییە، زۆر سەخت و ڕەقە، بۆ تیژکردنی چەقۆ بەکاردێ، تیغ: مەبەست لە هەر جۆرە چەقۆیەکە) دەبزانە بزانە، مەبەست لە ئاگادارکردنەوەی گوێگرە لە شتێک، بزەبەز هەرزانە، مەبەست لە هەسانە کە نرخی هەرزانە، یەک هەسانە و یەک گوێزانە، مەبەست لە تیغ و هەسانە. [1]
وەڵام: (هەسان و تیغ)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل240.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1368**

**دەچمە حەسارێکی بانگ دەکەمە یارێکی سەدم بۆ دێ بە جارێکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226072056454121

دەچمە حەسارێکی
بانگ دەکەمە یارێکی
سەدم بۆ دێ بە جارێکی

مەبەست لە دان ڕۆکردنە بۆ مریشک، (حەسار: دیواری حەوش) دەچمە حەسارێکی، واتە: دەچمە ناو حەوشەیەکەوە، بانگ دەکەمە یارێکی، قرتەقرت دەکەم و دان ڕۆدەکەم بۆ ئەوەی مریشکەکان بێن، سەدم بۆ دێ بە جارێکی، واتە: هەموو مریشکەکان بۆ دان خواردن دێن. وەڵام (مریشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1369**

**دەچمە شاران، دەمکوتا بە داران گرمەی دەهات وەک هاران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026191752442044

دەچمە شاران، دەمکوتا بە داران
گرمەی دەهات وەک هاران
مەبەستی مەتەڵەکە دەهۆڵە، (دەهۆڵ: ئامێرێکی پێستداری موزیکی کوردییە، لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا دەژەندرێ) دەچمە شاران دەمکوتا بە داران، مەبەست لە دەهۆڵە کە بە داری تایبەتیی پێیدا دەکێشرێ و دەژەندرێ، گرمەی دەهات وەک هاران، واتە: دەهۆڵ لەکاتی ژەنیندا دەنگی گەورەی لێوەدێت. وەڵام (دەهۆڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل44

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1370**
**دەچمە نەبڕانێ دەبینم نەڕوانێ سواری نەزۆکی دەبم دەبزانێ**

[20221226072430454122=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?q=20221226072430454122&lng=1)

دەچمە نەبڕانێ
دەبینم نەڕوانێ
سواری نەزۆکی دەبم دەبزانێ
مەبەست لە ڕێگەیە، دەچمە نەبڕانێ، ڕێگە یەکێکە لە شتە دەستکردەکانی مرۆڤ کە نابڕێتەوە، دەبینم نەڕوانی، واتە: هەتا دەڕوانم ڕێگە کۆتایی نایەت، سواری نەزۆکی دەبم دەبزانێ، واتە: بۆ ڕێگە ڕۆشتن سواری ئێسترێک دەبم. (ئێستر: ئاژەڵێکی نەزۆکە و توانای زۆربوونی نییە) . وەڵام (ڕێگە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1371**

**دەچوومە نۆکاران دەمکوتا بە داران گرمەی دەهات وەک هاران**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202150158448711](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202150158448711)

دەچوومە نۆکاران
دەمکوتا بە داران
گرمەی دەهات وەک هاران

مەبەست لە دەهۆڵ کوتانە، ئەو کەسەی کە دەهۆڵ لێدەدات، دەچوومە نۆکاران، (نۆکار: مەبەست لە کاری نوێ یان تازەیە) واتە: کەسێک دەستی کردووە بە کاری دەهۆڵ لێدان، دەمکوتا بە داران، واتە: دەهۆڵ بە دار لێدەدرێ، گرمەی دەهات وەک هاران، واتە: دەنگی دەهۆڵ بەرز دەڕوا. وەڵام (دەهۆڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1372**

**دەچێتە جووتی یەکە کە دێتەوە سێنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220828142208430892

دەچێتە جووتی یەکە کە دێتەوە سێنە.

سێنە: لەناو عەشیرەتی نوورەدینی لە ناوچەی پشدەر، وەکوو ناوی مرۆڤ بۆ پیاو بەکاردێت، دەچێتە جووتی یەکە کە دێتەوە سێنە، مەبەست لەوەیە کەسێک بە ناوی (سینە) دەچێت بۆ جووت کردن یەک کەسە، کە دەگەڕێتەوە هەر یەک کەسە و ناوی سێنەیە. وەڵامی مەتەڵەکە پەیوەندی بە واتای وشەکانی ناو مەتەڵەکەوە هەیە. وەڵام (کەسێک بەناوی سێنە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-28

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1373**

**دەچێتە جێیەکی بە موو دێتەدەرێ ئاوی لەدوو**

2022102619142744204З=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەچێتە جێیەکی بە موو
دێتەدەرێ ئاوی لەدوو
مەبەست لە کلچێیەوە، (کلچێو، کل و چووک یان مێل و کلدان: لە کوردەواردا کچان و ژنان بۆ چاوڕشتن بەکاری دێنن) دەچێتە جێیەکی بە موو، مەبەست لە پێڵووی چاوە کە برژانگی پێوەیە، دێتەوە ئاوی لە دوو، مەبەست لە کاتی چاوڕشتنە کە چاو کامێک تەڕ دەبێت. وەڵام (کل و چووک) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل44

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1374**
**دەچێتە جێیەکی بەموو**

[20220923140810435722=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923140810435722)

دەچێتە جێیەکی بەموو
دێتە دەرێ ئاو لە دوو
مەبەست لە مێلی کلدانە، (مێل: ئەو دارۆچکە بچووکەیە کە دەکرێ بە کلداندا، بڕێک کلی پێ لە پێڵووی چاو دەردرێت)
دەچێتە جێیەکی بە موو، مەبەست لە مێڵە کە کلی پێدەدرێ لە پێڵووی چاو کە برژانگەکانی پێوەیە، دێتەدەر ئاوی لە دوو،
واتە: لەکاتی چاو ڕشتندا، چاو پڕ دەبێت لە ئاو و بەشێک لە مێڵەکە تەڕدەکات. وەڵام (مێلی کلدان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل22

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1375**
**دەچێتە سەر چیا و ناڕوات**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923141626435725](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923141626435725)

دەچێتە سەر چیا و ناڕوات.
مەبەست لە ڕێگەیە، بەهەموو جێگەیەکدا دەڕوات، کاتێک دەگاتە بەشی سەرەوەی ناوچە چیاییەکان، ئیتر ڕێگا کۆتایی دێت.
وەڵام (ڕێگە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل22

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1376**
**دەچەقێنێ گۆپاڵە هەڵدەستێ ڕەشماڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202153711448721

دەچەقێنێ گۆپاڵە
هەڵدەستێ ڕەشماڵە
گۆپاڵ: گۆچان، داردەست (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) لە کوردەواردا کەسانی بە تەمەن بەتایبەت پیرەکان بۆ ڕێ ڕۆشتن بەکاری دێنن، دەچەقێنێ گۆپاڵ، مەبەست لە دەسکی چەترە کە وەک گۆچان وایە، هەڵدەستێ ڕەشماڵ، مەبەست لە چەترە کە دەکرێتەوە بە ڕەشماڵ چووێنراوە، (ڕەشماڵ: ماڵی هاوینەی کوردانی کۆچەرییە) وەڵام (چەتر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل31
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1377**
**دەخوا بێ قوونە دەڕوا بێ شوونە**

[20221202161700448726=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202161700448726)

دەخوا بێ قوونە
دەڕوا بێ شوونە
مەبەستی مەتەڵەکە قرنە یان گەنەیە، (گەنە: گیانەوەرۆچکەیەکی بچووکی بێ مووە، بە جەستەی ئاژەڵەوە دەلکێ و خوێنەکەی دەمژێ، جێگەی پاشەڕۆ فرێدانی نییە، دەخوا تا دەتەقێ) دەخوا بێ قوونە: مەبەست لە گەنەیە، دەڕوات بێ شوونە، مەبەست لە وەیە کە شوێنێکی دیاریکراوی نییە. وەڵام (قرنە، گەنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1378**
**دەخورێ گۆشتی نییە دەیکوژییەوە خوێنی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023222553441642

دەخورێ گۆشتی نییە
دەیکوژییەوە خوێنی نییە
مەبەست لە گەڵامێوە، لە کوردەواردا دەکرێت بە چێشتی یاپراخ، دۆڵمە، دەخورێت گۆشتی نییە، مەبەست لە گەڵامێوە، دەتوانرێت بخورێت بێ ئەوەی گۆشتی هەبێت، دەیکوژییەوە خوێنی نییە، (کوشتنەوە بەواتای سەربڕین) واتە: کاتی لێکردنەوەی گەڵامێو. وەڵام (گەڵامێو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل43


کاتی تۆمارکردن: 2022-10-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1379**

**دەخورێ گۆشتی نییە غاردەدا لاقی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226075753454127

دەخورێ گۆشتی نییە
غاردەدا لاقی نییە
مەبەست لە ئاوی ڕووبار و چەمە، وڵاتی کوردەوار وڵاتێکی شاخاوییە و بەرز و نزمی زۆر تێدایە، ئەو چەم و ڕووبارانەی کە هەن ئاڕاستەیەک وەردەگرن و دەڕۆن و بەردەوام لە جووڵەدان، دەخورێ گۆشتی نییە، مەبەست لە ئاوە، غاردەدا لاقی نییە، مەبەست لە جووڵەی ئاوە کە بەخێرایی دەڕوات. وەڵام (ئاوی ڕووبا و چەم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-26

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1380**
**دەخورێ گۆشتی نییە هەڵدێ لاقی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023222236441641

دەخورێ گۆشتی نییە
هەڵدێ لاقی نییە
هەموو زیندەوەرێک بڕێک گۆشتی هەیە بۆ خواردن، دەخورێت گۆشتی نییە، مەبەست لە هەوایە تەنیا شتێکە کە هەڵدەمژرێ، هەڵدێ: واتە: ڕادەکات. هەڵدێ لاقی نییە، مەبەست لە هەوایە کە بەردەوام دێت و دەچێت و دەجووڵێت، بێ ئەوەی قاچی هەبێت. وەڵام (هەوا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل43

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1381**
**دەخۆی حەڵوای دەرپنجی یان گووی مێرووە قنجی**

20230103165146456245=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەخۆی حەڵوای دەرپنجی
یان گووی مێرووە قنجی
دەخۆی شەکری دەرپنجێ
یان گووی قەڵا سنجێ

مەبەستی مەتەڵەکە دوو جیاوازە کە پیسایی سەگ و هەنگوینە، دەخۆی حەڵوای دەرپنجی (حەڵوا: خواردنێکی کەلەپووری کوردییە، لە ئارد و رۆن و شەکر یان دۆشاو دروستدەکرێ) مەبەست لە پیسایی سەگە کە بە حەڵوا چووێنراوە، گووی مێرووە قنجی، مەبەست لە هەنگوینی هەنگە. وەڵام (پیسایی سەگ و هەنگوین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل84.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1382**

**دەدەناکەم بەبەناکەم بە عیساکەم بە مووساکەم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107172610457123

دەدەناکەم بەبەناکەم بە عیساکەم بە مووساکەم
هەردوو لینگی لە حەواکەم، زیروهوڕی لێپەیداکەم
مەبەست لە شەغرەیە (شەغرە: پێشی دەوتریَ دەستبەرە، ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، لە شێوەی پەیژە، بۆ گواستنەوەی بەرد و کەلوپەل بەکاردێ، لەم بەشانە پێکهاتووە، پێچکە، شەپکە، گرگرە، بەستەک، داربەستەک، گوریس، قادە، بەنقادە و زەنگۆڵە. فەرهەنگی شێخانی) . وەڵام (شەغرە، دەستبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل177.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1383**
**دەرخۆنە دەرخۆنە، شەق لە قونە، هەمووی ڕۆنە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728153821425101



دەرخۆنە دەرخۆنە، شەق لە قونە، هەمووی ڕۆنە
گەرمیان و کوێستانی گوندییەکان و بە خێوکردنی مەڕ و ماڵات، بە شێک لە شێوەی ژیانیی کوردی پێکهێناوە، بۆیە کورد لە مێژەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئاژەڵە ماڵیەکاندا پەیداکردووە و بەباشی شارەزایان بوو، مەبەستی مەتەڵەکە دووگی مەڕە کە وەک دەرخۆنەی ڕۆن وایە و هەمووی چەورە، شەق لە قۆنە واتە: مەڕەکە دەڕوات، دووگەکەی دەلەرێتەوە. وەڵام (دووگی مەڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1384**
**دەرخۆنە لەسەر قوونە چەند خۆشە و چەند بە ڕۆنە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117201526458927

دەرخۆنە لەسەر قوونە
چەند خۆشە و چەند بە ڕۆنە
مەبەست لە دووگی مەڕە، (دووگ یان دوونگ: بەو برە چەورییە سرووشتییە دەوترێ کە بەپاشی جەستەی مەڕەوەیە)
دەرخۆنە لەسەر قوونە، (دەرخۆنە: سەرپۆشێکی گڵینی دەسکدارە، دەخرێتەسەر دەمی مەنجەڵ لەسەر ئاگر. فەرهەنگی خاڵ)
مەبەست لە دووگی مەڕە کە بە دەرخۆنە چووێنراوە، چەند خۆشە و چەن بەڕۆنە، واتە: هەموو چەورییە و لە خواردندا تامی خۆشە.
وەڵام: (دووگ، دوونگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل220
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1385**

**دەرزیم هەیە، بە تەغاریٚ نەشمکڕیون لە شاریٚ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920203857522125

دەرزیم هەیە، بە تەغاریٚ
نەشمکڕیون لە شاریٚ
تەغار: پێوانەیەکی کێشانە بۆ دەغڵ و دان (فەرهەنگی کانی) ، مەبەست لە دڕکەزییە، (دڕکەزی: جۆرە دڕکێکی قایم و باڵابەرزە، لە کوردەواردا دەکرێت پەرژین) دەرزیم هەیە بە تەغاریٚ، مەبەست لە کەسێکە کە خاوەنی دەوەنی دڕکەزییە، بە تەغار هەیەتی و هیچیشی نەکڕیوە. وەڵام (دڕکەزی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل23

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1386**

**دەرزیم هەیە، بە کولووریَ بەداخەوە جل نادووریَ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920203652522123](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920203652522123)

دەرزیم هەیە، بە کولووریَ
بەداخەوە جل نادووریَ
کولوور: ناوە بۆ پێنج (لەک) دەکاتە پێنسەد هەزار دانە (فەرهەنگی خاڵ)، مەبەست لە دڕکەزییە، (دڕکەزی: جۆرە دڕکێکی قایم و باڵابەرزە، لە کوردەواردا دەکرێت پەرژین) دەرزیم هەیە بە کولووریَ، مەبەست لە دەوەنی دڕکەزییە کە وەک دەزری دڕکەکانی تیژەن و هەزاران دڕکی پێوەیە، بەڵام جل نادوورێت. وەڵام (دڕکەزی).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل23

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1387**

**دەری گۆشتە، ناوی مووە**

[2022102323083644l648=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2022102323083644l648)

دەری گۆشتە، ناوی مووە.
لووت بەشێکە لە سرووشتی ڕووخساری مرۆڤ، کرداری هەناسەدانی پێ ئەنجامدەدرێت، مەتەڵەکە مەبەست لە لووتی مرۆڤە، دیوی دەرەوەی پێست و گۆشتە، دیوی ناوەوەی مووە بۆ ئەوەی تۆز و پیسی هەوا بگرێت و نەگاتە سی مرۆڤ. وەڵام (لووت، کەپوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل43

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-23

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1388**

**دەریای دوو ڕەنگ بێ شەپۆل و دەنگ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023221849441636](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023221849441636)

دەریای دوو ڕەنگ
بێ شەپۆل و دەنگ
مەبەست لە هێلکەیە، دەریای دوو ڕەنگ، مەبەست لە زەردێنە و سپێنەی هێلکەیە، لە مەتەڵەکەدا بە دوو دەریا بەراوردی کردووە کە ڕەنگیان جیاوازە، بێ شەپۆل و دەنگ، مەبەست لەوەیە کە دەریا هەمیشە و بەردەوام شەپۆل دەدات و دەنگی شەپۆلەکانی دەبیسترێ، بەڵام هێلکە بێ شەپۆل و بێ دەنگە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل43

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1389**
**دەریای سوور، ماسی ڕەش**
[20231003224855524555=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003224855524555)

دەریای سوور، ماسی ڕەش.
مەبەستی مەتەڵەکە شووتییە، دەریای سوور، مەبەست لە میوەی شووتییە کە ناوەکەی ڕەنگی سوورە، هەروەها تەڕە و بە دەریا چووێنراوە، ماسی ڕەش، مەبەست لە دەنکی شووتییە کە بەناو شووتیدا بڵاوەبووتەوە و ڕەنگی ڕەشە بە ماسی چووێنراوە. وەڵام (شووتی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل60

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1390**
**دەرەکەی گردە ناوەکەی قۆرتە**

20221202160610448723=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەرەکەی گردە
ناوەکەی قۆرتە
قۆرت: قۆڵت، چاڵ (فەرهەنگی شێخانی) دەرەکەی گردە، مەبەست لە کڵاوە، کاتێک کە لەسەر دەکرێ بەرز دەبێتەوە، لەبەرزیدا بە گرد بەراوردکراوە، ناوەکەی قۆرتە، واتە: ناوی کڵاو وەک قۆڵتێک یان چاڵێک وایە، بۆ ئەوی بەسەری مرۆڤەوە بووەستێ و نەکەوێتەخوار. وەڵام (کڵاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل31
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1391**

**دەزانێ ئەوەی خاوەنی بیرە لەنێو مەلاندا کامیان بە شیرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216114109452169

دەزانێ ئەوەی خاوەنی بیرە
لەنێو مەلاندا کامیان بە شیرە
مەبەست لە باڵندەی شەمشەمەکوێرەیە، (شەمشەمەکوێرە: باڵندەیەکی شیردەر و شەوگەڕە.) دەزانێ ئەوەی خاوەنی بیرە، واتە کەسە بیرمەند و زیرەکەکان وەڵامی ئەم مەتەڵە دەزانن، لەنێوان مەلاندا کامیان بە شیرە، واتە: تەنیا باڵندەیەک کە بتوانێت شیربدات، شەمشەمەکوێرەیە. وەڵام (شەمشەمەکوێرە). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل44

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1392**

**دەزگایەکم بینی، دەمی ها لەنێو سکیا، کلکی هێزی پێدەدا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925213944523404

دەزگایەکم بینی، دەمی ها لەنێو سکیا، کلکی هێزی پێدەدا
پێخۆری ورد ئەکا، ئاوێکی خۆشی لێپەیدا دەکات
مەتەڵەکە مەبەستی لە ئامێری ئاوی میوە گرتنە، دەزگایەکم بینی دەمی ها لەنێو سکیا، واتە: ئامێری میوە گووشین لە جێگەیەکەوە میوەی تێدەکرێت، لە مەتەڵەکەدا بە سک چوواندوویەتی، هەروەها لە بەشی دواوە کلکێکی هەیە پێی هەڵدەسوورێت و دەکەوێتەکار، هێز دەبەخشێت بە ئامێرەکە، میوە وردەکات و دەیکاتە شەربەت. وەڵام (ئامێری ئاوی میوە گرتن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل49

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-25
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1393**

**دەزگایەکی یەک چاوە، وێستاوە بە پاوە پڕ سکی لە ئاوە، خۆراکی ڕێسراوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925213711523403

دەزگایەکی یەک چاوە، وێستاوە بە پاوە
پڕ سکی لە ئاوە، خۆراکی ڕێسراوە
مەتەڵەکە مەبەستی لە ئامێری ئاوی میوە گرتنە، دەزگایەکی یەک چاوە، واتە: ئەو ئامێرەی میوە دەجنێ و دەیکاتە شەربەت، بەپێوە دادەنرێت و یەک جێگەی هەیە کە میوەی لێوە تێبکرێت، بەیەک چاو چووێنراوە، پڕ سکی ئاوە، مەبەست لەو کاتەیە کە میوەکە دەکات بە ئاو. وەڵام (ئامێری ئاوی میوەگرتن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل49

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1394**

**دەست ئەکەیتە چاویا، دەم باز ئەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205103213534008

دەست ئەکەیتە چاویا، دەم باز ئەکا.
باز: کردنەوە، مەبەست لە مقەستە، (مقەست: ئامێرێکی دەستییە بۆ بڕنی جلوبەرگ بەکاردێت) دەست ئەکەیتە چاویا ، مەبەست لەوەیە کاتێک بەرگدروویەک پەنجەکانی دەخاتە ناو چاوی مقەستەوە، دەمەکەی دەکرێتەوە و ئامادەدەبێت بۆ بڕنی بەرگ. وەڵام (مقەست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل182

کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1395**

**دەست دەخاتە کەلەکەی و میز دەکا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203134942448917](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203134942448917)

دەست دەخاتە کەلەکەی و میز دەکا.
مەبەستی مەتەڵەکە سەماوەرە، (سەماوەر: ئامێرێکە بۆ گەرمکردنی ئاو و لێنانی چا) دەست دەخاتە کەلەکەی، مەبەست لە هەر دوو دەسکی سەماوەرە کە لەلا تەنیشتییەوە هەیە، میز دەکار، مەبەست لە بەلوعەی سەماوەرە کە ئاوی گەرمی پێدادێتەخوار. وەڵام (سەماوەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1396**

**دەستارِێ لەلێژی**

[20220923142104435727=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923142104435727)

دەستارِێ لەلێژی.
دەستار: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هارینی دانەوێڵە بەکاردێت، مەبەستی لە دووگی مەڕە کە خڕ و پان و گەورەیە، بە شێوەیەکی سرووشتی بەپاشی مەڕەوە هەڵواسراوە، بەلێژیی: واتە لەسەرلا یان لەسەر تەنیشت، لە مەتەڵەکەدا دووگی مەڕ بە دەستارِ چووێنراوە. وەڵام (دووگی مەڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل22

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-23

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1397**

**دەستت لەناو ورگییە، ورگت بە ورگییەوە ناوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023231617441650

دەستت لەناو ورگییە، ورگت بە ورگییەوە ناوە.
مەبەست لە تەنووری نانکردنە، دەستت لەناو ورگییە، واتە: کاتێک کەسێک نان بە تەنوور دەکات، نانەکە بە مایە دەدات بەناو تەنوورەکەوە، ورگت بە ورگییەوە ناوە، تەنووری نانەوا بەپێوە دادەنرێت، ئەوە کەسەر نان پێوەدەدات، خۆی بە تەنوورەکەوە دەنووسێنێ، بۆ ئەوەی بەباشی نانەکە پێوەبدات. وەڵام (تەنوور) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل44

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1398**

**دەستووری ژیانە دادوەری یەکسانە ستایش و فرمانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027202541442210

دەستووری ژیانە
دادوەری یەکسانە
ستایش و فرمانە
لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بەدرێژایی مێژووەکەی کۆمەڵێک داب و نەریت هەیە کە پەیوەندییەکانی بۆ ئەندامەکانی ڕێکخستووە، دەستووری ژیانە، مەبەست لە پەرتووکە ئایینییەکانە، دادوەری یەکسانە، مەبەست لە وەیە کە دادپەروەری فەراهەمدەکات، ستایش و فرمانە، واتە: بڕیار و فرمانی تێدایە بۆ جێبەجێکردن. وەڵام (پەرتووکی ئایینی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل48

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1399**
**دەستکارە دەیفرۆشن بە پارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912213743520287

دەستکارە دەیفرۆشن بە پارە.
دەستکار: مەبەست لە کاڵایەکە کە بە دەست درووستبکرێت، پاشان لە بازاڕدا بفرۆشرێت و دەستکەوتێکی باش بۆ خاوەنەکەی دەستەبەربکات، مەبەستی مەتەڵەکە شانەیە، (شانە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ داهێنانی قژ بەکاردێت) لە کوردەواردا لە تەختە درووستدەکرێت. وەڵام (شانەی تەختە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل120

کاتی تۆمارکردن: 12-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1400**

**دەستی بگەیەنیتێ دەلەوچێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103155330456222

دەستی بگەیەنیتێ دەلەوچێ.
مەبەست لە مقەستە، (مقەست: ئامێرێکە بۆ بڕینی بەرگ و قوماش بەکاردێ) دەستی بگەیەنیتێ، مەبەست لەو کاتەیە کە بە دەست مقەست بەکاربهێنرێ، دەلەوچێ، (لەوچ: دەم و لەوچ. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، دەلەوچێ: واتە: دەم دەدابەیەکدا) واتە: دەمی مقەست دەکەوێتەکار. وەڵام (مقەست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل170.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1401**

**دەستی بۆ ئەوەی، دەمی دائەچەقێنێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920204059522126](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920204059522126)

دەستی بۆ ئەوەی، دەمی دائەچەقێنێ.
ئەوەی: ئەبەیت. مەبەست لە مقەستە، (مقەست: ئامێرێکی دەستییە بۆ بڕینی جلوبەرگ بەکاردێت) دەستی بۆ ئەوەی، مەبەست لەوەیە کاتێک بەرگدروویەک پەنجەکانی دەخاتە ناو چاوی مقەستەوە، دەمەکەی دەکرێتەوە و ئامادەدەبێت بۆ بڕینی بەرگ. وەڵام (مقەست). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل24

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1402**

**دەستی پیا دێنی، دەمی لێکدەکاتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923151707435747

دەستی پیا دێنی
دەمی لێکدەکاتەوە.
مقەست: ئامێرێکی دەستییە، بۆ برینی کاڵا و قوماش بەکاردێت، دەسکەکەی دوو کونی هەیە، بۆ ئەوەی پەنجەی بچێتەناو و کاری برینی پێ ئەنجامبدرێت، مەبەست لە مقەستە لەکاتی بەرگ بریندا. وەڵام (مقەست). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل24

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1403**

**دەستی دەیە قونی دەمی دەکاتەوە**

[20221026202841442057=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026202841442057)

دەستی دەیە قونی، دەمی دەکاتەوە.

مقەست: ئامێرێکی دەستییە بۆ بڕینی بەرگ بەکاردێت، مەبەست لە دەسکی مقەستە کە بە چاو بەراوردی کردووە، کاتێک دەکرێتەوە، دەمی مقەستەکەی لەگەڵ دەکرێتەوە و کرداری بڕنی قوماش ئەنجامدەدات. وەڵام (مقەست) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل44

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1404**
**دەستی لێدەی هاوار دەکا**

20220808215326427306=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



دەستی لێدەی هاوار دەکا.
لە کوردەواردا شوانەکان زەنگوڵە لە ملی ماڵات دەکەن، بەتایبەت ئەو بزن یان مەڕە عەجولانەی کە زۆر دوور دەکەونەوە لە مێگەل، بۆ ئەوەی شوان زوو پێیان بزانێ و بیانگێڕێتەوە، هەروەها زەنگۆڵە لە ئەنجامی جووڵەی بزن یان مەڕەکەدا دەزرینگێتەوە و دەنگی لێوەدێ، بەو جۆرە شوانەکە ئاگادار دەبێ، یان زەنگۆڵە دەکرێتە ملی مەڕێک کە ڕێگە شارەزابێت و پیش مێگەک بکەوێت، بۆ ئەوەی هەمووان بەدوایدا بڕۆن. وەڵام (زەنگۆڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1405**

**دەستی لە چاوی ڕابکەی دەمی دەکاتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023232006441651

دەستی لە چاوی ڕابکەی، دەمی دەکاتەوە.
مەبەست لە دەسکی مقەستە کە بە چاو بەراوردی کردووە، کاتێک دەکرێتەوە، دەمی مقەستەکەی لەگەڵ دەکرێتەوە. وەڵام (مقەست) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل42

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-23

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1406**

**دەستی لە زەوی دەبڕێ ئەستێرە بە شان هەڵدەگرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230721204948508884

دەستی لە زەوی دەبڕێ
ئەستێرە بە شان هەڵدەگرێ
دەستی لە زەوی دەبڕێ، مەبەست لە شانی مرۆڤە کە لە زەوی بەرزترە، ئەستێرە بەشان هەڵدەگرێ، مەبەست لە ئەستێرەی سەر شانی ئەفسەری سوپایە، چۆن ئەستێرەی ئاسمان بەرزە، پلەی ئەفسەریش لە چاو سەربازەکانی بەرزترە، مەبەست لە ئەفسەری سوپایە. وەڵام (ئەفسەر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال سەگرمە ل53
کاتی تۆمارکردن: 21-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1407**

**دەستی هەیە لاقی نییە، پشتی هەیە زکی نییە، ملی هەیە سەری نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728152222425098



دەستی هەیە لاقی نییە، پشتی هەیە زکی نییە، ملی هەیە سەری نییە
جلوبەرگی کوردیی: ئەو جلەیە کە ڕوخساری کوردی پێدەناسرێتەوە، ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا هەیە، ئەم مەتەڵە باسی چۆغە دەکات کە بەشی سەرەوەی جلوبەرگی پیاوانەیە کە لە قۆڵ و پشت و مل پێک دێ. وەڵام (چۆغە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1408**
**دەسری کەپوویە دوو گوێی بە گرۆیە چاوی لە تۆیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104193555443395

دەسری کەپوویە
دوو گوێی بە گرۆیە
چاوی لە تۆیە
مەبەستی مەتەڵەکە چاویلکەیە، دەسرێ کەپوویە، (کەپوو واتە: لوت) مەبەست لە چاڵی چاویلکەیە کە لەسەر لوت دەوەستێ، دوو گوێی بە گرۆیە، مەبەست لە کلکی چاویلکەیە کە لەسەر گوێ دەوەستێ، چاوی لە تۆیە، مەبەست لە چاوەکانی چاویلکەیە کە شتی پێدەبینرێت. وەڵام (چاویلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل64

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1409**

**دەسرێکی هەیە سێ گۆشە پڕە لە کاریلەی پڕشە پڕشە**

2022102322282444164З=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەسرێکی هەیە سێ گۆشە
پڕە لە کاریلەی پڕشە پڕشە
دەسرێکی هەیە سێ گۆشە، مەبەست لە ئاسمانی پان و بەرینە، (کاریلە: بێچووی مەڕ تەمەنی نەگاتە سێ مانگ) پڕە لە کاریلەی پڕشە پڕشە، مەبەست لە ئەستێرەکانی ئاسمانە کە بەشەو دەردەکەون، هەروەها ڕەنگیان سپییە وەک کاریلە. وەڵام (ئەستێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل44

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1410**

**دەسکی دارە ملی خوارە دەمی هارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923151045435741

دەسکی دارە
ملی خوارە
دەمی هارە
مەبەست لە داسە (داس ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ دروێنە بەکاردێت) ، دەسکی دارە، واتە: داس دەسکەکەی لە دار درووستدەکرێت، ملی خوارە، واتە: ملی داس کەوانەیی و چەماوەیە، دەمی هارە، واتە: دەمی داس تیژە، بۆ ئەوەی لاسکی دانەوێڵەی پێبدورێ. وەڵام (داس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل24

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1411**
**دەشتی ئاوە ناوی تەنوورە**

20230103154856456221=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەشتی ئاوە ناوی تەنوورە.
مەبەست لە سەماوەرە، (سەماوەر: ئامێرێکە بۆ گەرمکردنی ئاو و لێنانی چا بەکاردێ) دەشتی ئاوە، مەبەست لە ئاوی ناو سەماوەرە، ناوی تەنوورە، (تەنوور: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە قوڕ درووستدەکرێ، بۆ برژاندنی نان بەکاردێ) لەمەتەڵەکەدا مەبەستی لەو لوولەی دووکەڵکیشەیە کە بەناوەڕاستی ئاوی سەماوەرەدا تێدەپەڕی و ئاوی سەماوەر گەرم دەکا. وەڵام (سەماوەر).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل162.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1412**

**دەشتێکە و دووکانێکە چوار مەڕ و شوانێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202212305448807

دەشتێکە و دووکانێکە
چوارمەڕ و شوانێکە
مەبەست لە دەست و پەنجەی مرۆڤە، دەشتێکە و دووکانێکە، مەبەست لە پشتی دەست و بەردی دەستە، چوار مەڕ، مەبەست لە چوار پەنجەی مرۆڤە کە بە مەڕ چووێنراوە، شوانێکە، مەبەست لە پەنجە گەورەی دەستی مرۆڤە کە بە شوان چووێنراوە. وەڵام (دەست و پەنجە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1413**

**دەفڕێ باڵی نییە دەگری چاوی نییە دەناڵێنێ زمانی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026184204442035

دەفڕێ باڵی نییە
دەگری چاوی نییە
دەناڵێنێ زمانی نییە
دەفڕێ باڵی نییە، مەبەست لە هەورەگرمەیە کە لە وەرزی بەهاردا لە ئاسماندا پەیدادەبێ، دەگری چاوی نییە، مەبەست لە کاتی باران بارینی دوای هەورەگرمەیە کە باران و فرمێسک بەیەک بەراوردکراوە، دەناڵێنێ زمانی نییە، مەبەست لە دەنگی هەورەگرمەیە. وەڵام (هەورەگرمە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل44

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-26

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1414**

**دەفڕێ باڵی نییە دەنیشێ کلکی نییە سپییە شەکر نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026183831442034

دەفڕێ باڵی نییە
دەنیشێ کلکی نییە
سپییە شەکر نییە
مەبەستی مەتەڵەکە بەفرە، دەفڕێ باڵی نییە، واتە: بەفر لەکاتی بارینداا لە ئاسماندا با دەیجووڵێنێ بە فڕین چووێنراوە، دەنیشێ کلکی نییە، هەموو باڵندەیەک کە دەنیشێتەوە کلکی دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئاسایی بنیشێتەوە بەڵام بەفر لەکاتی کەوتنیدا پێویستی پێی نییە، سپییە شەکر نییە، ڕەنگی بەفر و شەکر بەیەک بەراوردکراوە. وەڵام (بەفر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل44

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1415**
**دەفڕێ باڵی نییە، دەتەنێ ژن نییە، سجن دەکا حوکمەت نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220728153426425099



دەفڕێ باڵی نییە، دەتەنێ ژن نییە، سجن دەکا حوکمەت نییە
جاڵجاڵۆکە: زیندەوەرێکی بچووکی بێباڵە، لە سوچ و قوژبنی ماڵاندا، بە لیکێکی باریک داو دەتەنێ و خۆی هەڵدەواسێ ، لە مەتەڵەکەدا بەپیشەیەکی ژنان چووێنراوە کە چنینە، داوی چنراوی جاڵجاڵۆکە، بۆ ئەوەیە زیندەوەرۆچکەی بچووکی پێوەبێ، هەرچیشی پێوەبێ بەرنابێ و دەبێتە خۆراکی جاڵجاڵۆکەکە، لە مەتەڵەکەدا، بە سجن باس کراوە. وەڵام (جاڵجاڵۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 28-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1416**

**دەفڕێ باڵی نییە، دەخورێ گۆشتی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731182123425739

دەفڕێ باڵی نییە، دەخورێ گۆشتی نییە
دەفڕێ باڵی نییە: مەبەستی لە دووکەڵی جگەرەیە، لەکاتی کێشاندا دووکەڵەکەی بۆ ئاسمان بەرزدەبێتەوە، چووێنراوە بە فڕین، دەخورێ گۆشتی نییە: مەبەست لە چۆنێتی کێشانی توتنەکەیەتی کە لە پەندەکەدا بە گۆشتی جەستەی ئاژەڵ چووێندراوە. وەڵام جگەرە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1417**
**دەفڕێ باڵی نییە، دەیکوژییەوە خوێنی نییە، دەنیشێ لاقی نییە**

20220729081653425198=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



دەفڕێ باڵی نییە، دەیکوژییەوە خوێنی نییە، دەنیشێ لاقی نییە
دەفڕێ باڵی نییە: مەبەست لە وەرینی گەڵای دارە، دەیکوژییەوە خوێنی نییە واتە: کاتێک گەڵاکە لە دارەکە دەوەرێ، خوێنی لێنایەت، (دەیکوژییەوە لە بەشە شێوەزاری موکریاندا واتە: سەربڕین) دەنیشێ لاقی نیی واتە: کە دەکەوێتە سەر زەوی قاچی نییە. وەڵام (گەڵای دار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1418**
**دەفڕێ سەنگی نییە دەنیشێتەوە دەنگی نییە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202212654448812

دەفڕێ سەنگی نییە
دەنیشێتەوە دەنگی نییە
مەبەست لە کۆلارەیە، (کۆلارە: یارییەکی منداڵانە، لە کوردەواردا منداڵان بە کاغەز درووستی دەکەن، بە دەزوو لە هەوادا بەرزی دەکەنەوە) دەفڕێ سەنگی نییە، مەبەست لە کۆلارەیە کە بۆ ئاسمان دەفڕێ سەنگی نییە، دەنیشێتەوە دەنگی نییە، واتە: لە نزمبوونەوەیدا دەنگی نایەت. وەڵام (کۆلارە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1419**
**دەگرمێنێ وەکوو هەور بۆت دەهاوێ سلی چەور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216114515452172

دەگرمێنێ وەکوو هەور
بۆت دەهاوێ سلی چەور
مەبەست لە مەشکە و کەرەی کوردییە، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ و گرتنی کەرە بەکاردێ.)
دەگرمێنێ وەکوو هەور، مەبەست لەکاتی ژەنینی مەشکەیە کە دەنگێکی لێوەدێ، بە گرمەی هەور چووێنراوە، بۆت دەهاوێ سلی چەور، مەبەست لە کەرەی کوردییە کە لە مەشکە دەردێ. وەڵام (مەشکە و کەرەی کوردیی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل44

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1420**
**دەلینگەکی لە حەوا دەلینگەکی لە زەوی شەش کەلەپا و دوو لچی قەوی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202213014448813

دەلینگەکی لە حەوا دەلینگەکی لە زەوی
شەش کەلەپا و دوو لچی قەوی
مەبەست لە تەرازووە، (تەرازووی بەن، تەرازوویەکی کەلەپوورییە و لە کوردەواردا بۆ کێشانی دانەوێڵە و شتومەک بەکارهاتووە) دەلینگەکی لە حەوا دەلینگەکی لە زەوی، مەبەست لە ناهاوسەنگی تای تەرازووە، شەش کەڵەپا، مەبەست لەو داوە بەنانەیە لە سێ سێ تای تەرازووەکانی ڕاگرتووە، دوو لچی قەوی، مەبەست لە دوو تای تەرازووە. وەڵام (تەرازوو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل30

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1421**
**دەم تەقێنە سەرلەقێنە**

[20221203074817448887=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203074817448887)

دەم تەقێنە
سەرلەقێنە
دەم تەقاندن لە کوردەواردا لە کاتێکدا ئەنجامدەدرێ کە شتێکی زۆر بەتام بخورێت، دەم تەقێنە، مەبەست لە هەڵووژەی ترشە، کاتێک دەخورێ تامەکەی کاریگەرە، سەرلەقێنە، مەبەست لە چێژی خواردنی هەڵووژەیە لەلای کەسێک کە تامەکەی بە دڵە و سەر دەلەقێنێ. وەڵام (هەڵووژەی ترش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1422**
**دەم لە حەوا، قاچ لە زەوی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921214614522302](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921214614522302)

دەم لە حەوا، قاچ لە زەوی.
مەبەست لە ترومپای ئاو هەڵکێشانە، (ترومپا: ئامێرێکە بۆ هەڵکێشانی ئاو لە جێگەیەکی نزمەوە بۆ جێگەیەکی بەرز بەکاردێت) ، دەم لە حەوا، واتە: ئەو جێگەیەی کە ئاوی لێوە دێتەسەر، قاچ لە زەوی، مەبەست لەو جێگەیەی لە کە خوارەوە ئاو دەنێرێت بۆ سەرەوە. وەڵام (ترومپای ئاو هەڵکێشان). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 31

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1423**

**دەم لەسەر سەری پێ لەسەر پشتی ئەولادی گشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027203635442212

دەم لەسەر سەری
پێ لەسەر پشتی
ئەولادی گشتی

مەبەست لە تسینی کەڵەشێرە بەسەر مریشکدا، دەم لەسەر سەری، واتە: لەو کاتەدا کەڵەشێر بە دەنووک سەری مریشک دەگرێ، پێ لەسەر پشتی، واتە: کەڵەشێر بەپێوە دەچێتە سەر پشتی مریشک لەکاتی تسین بەسەریدا، ئەولادی گشتی، واتە: بەهۆیەوە هێلکە دەتروکێ و جووجەڵە بەرهەمدێت. وەڵام (تسینی کەڵەشێر بەرسە مریشکدا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل49

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1424**
**دەمت بە قنگی، دەستت بە کێری، خۆش خۆش هەڵدەستی، ئاگری بۆ دێنی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220826124630430504

دەمت بە قنگی، دەستت بە کێری
خۆش خۆش هەڵدەستی، ئاگری بۆ دێنی
مەبەستی مەتەڵەکە قەند یان سەبیل کێشانە، (لە ناوچەی پشدەر بە سەبیل دەوترێ قەند) مەتەڵەکە بە ڕووکەش سێکسییە، بەڵام بەراوردێکی وردی لەنێوان جەستەی مرۆڤ و قەند دا کردووە، دەستت بە کێری، مەبەست لە کلکی سەبیلە کە بە جەستەی پیاوی چوواندووە، دەمت بە قنگی، مەبەست لە کلکی سەبیلە کە بە لێو دووکەڵی لێوە هەڵدەمژرێت، خۆش خۆش هەڵدەستی، ئاگری بۆ دێنی واتە: تووتنەکەی ناوی گڕدەدرێ و دەکێشرێت. وەڵام (قەند یان سەبیل) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل28

کاتی تۆمارکردن: 26-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1425**

**دەمت بە قونیەوەیەتی و چاوانت زەق دەکا**

[20221203135501448920=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203135501448920)

دەمت بە قونیەوەیەتی و چاوانت زەق دەکا.

مەبەست لە کرداری جگەرەکێشانە لەلایەن جگەرەکێشێکەوە، دەمت بە قونیەوەیەتی، واتە: کەسێک کە جگەرە دەکێشێ، دەم دەنێ بە فلتەرتی جگەرەوە و لە ڕێیەوە دووکەڵەکەی هەڵدەمژێ و دەیکێشێ، چاوانت زەق دەکا، واتە: ئەو کەسەی جگەرە دەکێشێ، بێگومان چاوی دەکاتەوە. (جگەرەکێشان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل31

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1426**
**دەمت بەپاشی دەستت بەژێری خولەخولیەتی ئاوری بۆ بێری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216114917452175

دەمت بەپاشی دەستت بەژێری
خولەخولیەتی ئاوری بۆ بێری
مەبەست لە دارجگەرەیە، (دارجگەرە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە بۆ کێشانی جگەرە بەکاردێ) دەمت بەپاشی، مەبەست لە کلکی دارجگەرەیە کە بە لێوەوە دەنرێ و جگەرەی پێدەکێشرێ، دەستت بەژێری، واتە: دارجگەیە بە دەست ژێرەکەی دەگیرێ، خولەخولیەتی ئاوری بۆ بێنێ، (ئاور: ئاگر) مەبەست لە کاتی بردنی ئاگرە بۆ داگیرساندنی جگەرە. وەڵام (دارجگەرە) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل43

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1427**
**دەمی تاقە سەری زاقە**
[20230912213940520288=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912213940520288)
دەمی تاقە
سەری زاقە
تاق: لەناو دیواری ماڵی گوندنشینی کوردەواردا، تاق دروستدەکرێت، بۆ ئەوەی کەلوپەلی بەردەستی تیدا دابنرێت، تاق ناوەکەی چاڵە، لە مەتەڵەکەدا بە ناوی کڵاو چووێنراوە، هەروەها سەری زاقە، واتە بەشی سەرەوەی کڵاو زەقە یان بەرزە، مەتەڵەکە زیاتر وەسفی ڕووخساری کڵاو دەکات. وەڵام (کڵاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل14
کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1428**

**دەمی تیژی شت کووت دەکا قامک لە چاوی نێی، گوێ قوت دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908110749519639

دەمی تیژی شت کووت دەکا
قامک لە چاوی نێی، گوێ قوت دەکا
مەبەستی مەتەڵەکە مقەستە، (مقەست ئامێرێکی دەستییە، بۆ بڕینی قوماش بەکاردێت) دەمی تیژە شت کوت دەکا، مەبەست لە دەمی مقەستە کە قوماشی پێدەبڕێت، قامک: پەنجە، قامک لە چاوی نێی، گوێ قوت دەکا، واتە: گەر بە پەنجە مقەست بەکاربێت، دەمەکەی دەکرێتەوە و بۆ شت بڕین. وەڵام (مقەست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل119

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1429**

**دەمی شاخە شاخی چەرمە، دەنگی زلە توکی نەرمە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731110002425701

دەمی شاخە شاخی چەرمە، دەنگی زلە توکی نەرمە

دەمی شاخە شاخی چەرمە: مەبەستی لە دەنووکی قازە کە وەک چەرم لوسە و ڕەنگی نارنجییە بەڵام وەک شاخ ڕەقە و سەختە، دەنگی زلە بەتایبەتیی ئەو کاتەی دەقیرێنێ هەروەها توکی نەرمە: مەبەستی لە پەڕی قازە کە نەرمە. وەڵام قاز. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1430**
**دەمی نییە زۆربڵێیە**

[20230923191900522813=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

دەمی نییە زۆربڵێیە.
زۆربڵێ: بۆ کەسێک بەکاردێت کە لەکاتی گفتوگۆدا بەردەوام دەمی بجووڵێت و قسەبکات دەرفەت بە کەس نەدات، دەمی نییە، مەبەستە لە نووکی قەڵەمە، زۆربڵێیە، واتە: نووکی قەڵەم گەر بە دەستی نووسەرەوە بێت، دەتوانێت هەموو قسەیەک و هەموو وتنێک بنووسێت. وەڵام (پێنووس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل37

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1431**

**دەمی نییە، ددانی هەیە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923141038435723](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923141038435723)

دەمی نییە، ددانی هەیە.
مەبەستی مەتەڵەکە شانەی قژداهێنانە، (شانە: ئامێرێکی دەستی کەلەپووری کوردییە، لە دار درووستدەکرێت، بۆ قژخاوکردنەوەی کچان یان کوڕان بەکاردێت. مەبەست لە ددانەکانی شانەی قژداهێنانە. وەڵام (شانەی قژداهێنان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل23

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1432**

**دەمی هەیە ناقڕێ بێ پێی و بێ باڵە دەفڕێ گۆشتی دەخورێ و سەرنابڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027203943442213

دەمی هەیە ناقڕێ
بێ پێی و بێ باڵە دەفڕێ
گۆشتی دەخورێ و سەرنابڕێ

مەبەست لە ماسییە، دەمی هەیە ناقڕی واتە: هیچ جۆرە قسەیەک ناکات، بێ پێ و بێ باڵە دەفڕێ واتە: بە باڵ نافڕێ بەڵکوو لە ئاودا مەلەدەکات، گۆشتی دەخورێ و سەرنابڕێ، واتە: گەر لە ئاو هێناتەدەر دەمرێ، بۆیە پێویستی بەسەربڕین نییە. وەڵام (ماسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل49

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1433**

**دەمی هەیە و خواردنی پێ ناخورێت**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923142403435728](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923142403435728)

دەمی هەیە و خواردنی پێ ناخورێت.
مەبەستی مەتەڵەکە کۆپەلەی سکی دایکە، کە لە ڕێگەی وێلاشەوە خواردنی پێدەگات، واتە: دەمی هەیە بەڵام لەناو سکی دایکدا توانای خواردنی نییە. وەڵام (کۆرپەی سکی دایک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل22

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1434**
**دەمەکەی باریک، قنکەی کونە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205103444534010

دەمەکەی باریک، قنکەی کونە.
مەبەستی مەتەڵەکە دەرزیی درووومانە، دەمەکەی باریک، مەبەست لە دەرزییە کە لە کانزایەکی باریک درووست دەکرێت و دەمەکەی یان نوکەکەی تیژە بۆ ئەوەی بە ئاسانی قوماش کون بکات، قنکەی کونە، واتە: دەرزی سەرێکی تیژە و سەرەکەی تری کونێکی تێدایە بۆ ئەوەی دەزوو یان داوی بۆ دوورینەوە پێوەبکرێت. وەڵام (دەرزی درووومان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەماڵ، 2013، ل183

کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1435**

**دەمەکەی بڕگەبڕگەیە و کەلەکەی لارە ئەگەر نازانیت ئەوە مشارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925213446523402

دەمەکەی بڕگەبڕگەیە و کەلەکەی لارە
ئەگەر نازانیت ئەوە مشارە
مەبەست لە ئامێری مشارە، (مشار: ئامێرێکە بۆ بڕینی دار بەکاردێت، دەمەکی دانداناوییە، هەندێک جۆریان پشتەکەی کەوانەییە) ، دەمەکەی بڕگەبڕگەیە و کەلەکەی لارە، مەبەست لە وەسفی ڕووخساری مشارە، لەگەڵ ئەوەیدا مەتەڵساز وەڵامی مەتەڵەکەی لە مەتەڵەکەدا وتووە. وەڵام (مشار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل52

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1436**

**دەندووک سوور باڵدارە لەو شاخ دەچێتە ئەو شاخ کەمتر دەچێتە ناو باخ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201130604448632](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221201130604448632)

دەندووک سوور باڵدارە
لەو شاخ دەچێتە ئەو شاخ
کەمتر دەچێتە ناو باخ
مەتەڵەکە وەسفی ڕووخساری باڵندەی بازە، (باز: یەکێکە لە باڵندە گۆشتخۆرەکان، لە چیاکانی وڵاتی کوردەواردا بوونی هەیە) دەنووک سوور و باڵدارە، مەبەست لە بازە، شوێنی نیشتەجێبوونی چیاکانە، کەمتر دێتە ناو ئاوەدانی و باخ و باخات. وەڵام (باز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1437**

**دەنگ و نوور دێ لە دوورەوە لە پەردەی ڕەش و سوورەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915225019520832

دەنگ و نوور دێ لە دوورەوە
لە پەردەی ڕەش و سوورەوە
نوور: ڕووناکیی. دەنگ و نوور دێ لە دوورەوە، مەبەست لە دەنگ و ڕووناکیی هەورەبرووسکەیە، کە سەرەتا ڕووناکییەکەی و دواتر دەنگەکەی دەگات، لە پەردەی ڕەش و سوورەوە، پەردە بۆ داپۆشینی شتێک بەکاردێت، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە هەوری ڕەشە کە لە وەرزی بەهاردا دێت و ئاسمان دادەپۆشێت، سوور، مەبەست لە ڕەنگی هەورەبرووسکەیە لەناو هەورە ڕەشەکەوە دەردەکەوێت. وەڵام (هەورەبرووسکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل8

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1438**

**دەنگڵێ حەوت دەنگڵێ زەوی شەش کەلەبا و دوو لچی قەوی**

2022102619215944204 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەنگڵێ حەوت دەنگڵێ زەوی
شەش کەلەبا و دوو لچی قەوی
کەلەبا: بەدەمار، بەپۆز و ترزل (فەرهەنگی ڕێژگە) مەبەست لە تەرازووی کوردییە، (جۆرە تەرازوویەکە لە دوو تا و دارێک پێکدێت، تای تەرازووەکە یەکی بە سێ تاڵ بەن هەڵواسراوە) دەنگڵێ حەوت دەنگڵێ زەوی، مەبەست لە دوو تای تەرازووە، گەر هاوسەنگ نەبێت تایەکیان بۆ سەرەوەیە تایەکیان بۆ خوارەوەیە، شەش کەلەبا، مەبەست لەو شەش تاڵ بەنەیە کە دوو تای تەرازووەکەیان ڕاگرتووە، دوو لچی قەوی، مەبەست لە دوو تای تەرازووە. وەڵام (تەرازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل48

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1439**
**دەنگی دوورە شڵقەی ژوورە بازنەی سوورە**

2022102618442144203‎6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەنگی دوورە
شڵقەی ژوورە
بازنەی سوورە
مەبەستی مەتەڵەکە مەشکە ژەنینە، دەنگی دوورە، واتە: کاتێک کەیبانوویەک لە حەوشیماڵێکدا مەشکە دەژەنێ، لە دوورەوە گوێبیستی دەنگی ژەنینەکە دەبیت، شڵقەی ژوورە، واتە: دەنگی شڵقەی ژەنینەکە دەبیستریٚ، بازنەی سوورە، واتە: دەمی مەشکە. وەڵام (مەشکە ژەنین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل45

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1440**

**دەنگی دێ لە دوورەوە، بە قەڵەمی نووک سوورەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731185238425744

دەنگی دێ لە دوورەوە، بە قەڵەمی نووک سوورەوە

دەنگی دێ لە دوورەوە: مەبەست لە هەورەبرووسکەیە، کە لەسەرەتای وەرزی بەهاردا لە کوردستاندا زۆر ڕوودەدات، سەرەتا ڕووناکییەکەی دەبینرێ ، لە مەتەڵەکەدا بە قەڵەمی نووک سوور باس کراوە، دواتر دەنگەکەی دەبیسترێ، چونکە ڕووناکی پێش دەنگ دەگات. وەڵام بریسوو، (هەورەبرووسکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1441**
**دەنگی سییان دام لە بیان ڕۆیی لۆ ڕووس و ئامێدیان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103170941456253

دەنگی سییان
دام لە بیان
ڕۆیی لۆ ڕووس و ئامێدیان
مەبەست لە گوللەیە، دەنگی سییان، (سییان: بڵندایی باگێڕەوە یان بەرزایی و گرد. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: گوللە کە دەتەقێ لە جێگەی بەرزایی و شاخاویدا دەنگدەداتەوە، ڕۆیی لۆ ڕووس و ئامێدیان، (ئامێدی: ناوی شارۆچکەیەکە سەربە شاری دهۆک) مەبەست لە دەنگی گوللەیە کە دوور دەڕوات. وەڵام (گوللە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل148.

کاتی تۆمارکردن: 03-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1442**

**دەنگی هەیە و مرۆڤ نییە لە ئاو و لەسەر زەوییە گۆشتی وەک گۆشتی مەڕییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027201934442208

دەنگی هەیە و مرۆڤ نییە
لە ئاو و لەسەر زەوییە
گۆشتی وەک گۆشتی مەڕییە

مەبەست لە بۆقە، دەنگی هەیە و مرۆڤ نییە، واتە: بۆق دەقیڕێنێ و دەنگ دەردەکات، مرۆڤیش توانای دەرکردنی دەنگی هەیە، لە ئاو و لەسەر زەوییە، واتە: توانای هەیە هەم لە ئاو و هەم لەسەر زەوی بژی، گۆشتی وەک گۆشتی مەڕییە، گۆشتی بۆق بە گۆشتی مەڕ بەراوردکراوە، هەر چەندە لە کۆمەڵگەی کوردیدا گۆشتی بۆق ناخورێت. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل49

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1443**
**دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە شت فڕێدەدا و دەستی نییە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026192502442047

دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە
شت فڕێدەدا و دەستی نییە
مەبەست لە ڕەشەبایە، دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە، مەبەست لە کاتی هاتنی ڕەشەبایە کە هەموو کەسێک گوێبیستی دەنگەکەی دەبێت بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەنگی نییە کەس نایبینێ، شت فڕێدەدا دەستی نییە، واتە: بەپێی بەهێزی ڕەشەباکە کەلوپەل و شمەک دەخات و فڕێیان دەدات. وەڵام (ڕەشەبا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل45

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1444**

**دەنگی هەیە، ڕەنگی نییە، بە مقاش بیگری، گۆشتی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731183350425740

دەنگی هەیە، ڕەنگی نییە، بە مقاش بیگری، گۆشتی نییە
دەنگی هەیە: مەبەستی لە گفەگفی بایە, ڕەنگە نییە: مەبەست لە بێڕەنگی هەوایە کە شتێکی ئاشکرایە، بە مقاش بیگری گۆشتی نییە: واتە: مرۆڤ توانای گرتنی هەوای نییە، مەتەڵەکە مەبەستی لە هەوایە کە دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە بەڵام بە دەست ناگیرێ. وەڵام هەوا. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1445**
**دەنووسێت بۆخۆی ناخوێنێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203140535448923

دەنووسێت، بۆخۆی ناخوێنێتەوە.
مەبەست لە کرداری نووسینە بە قەڵەمە، (قەڵەم ئامێرێکە بۆ پێنووسین بەکاردێت) دەنووسێت، مەبەست لە قەڵەمە، بۆخۆی ناخوێنێتەوە، مەبەست لەوەیە قەڵەم تەنیا کرداری نووسینی پێ ئەنجامدەدرێ، قەڵەم ناتوانێت بخوێنێتەوە، بەڵکوو مرۆڤ دەتوانێت بنووسێت و بخوێنێتەوە. وەڵام (قەڵەم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل31

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1446**

**دەنووکی قەڵەم، سەلکی مارە، ژێر سکی بەرخە، بان پشتی کارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220815213317428509

دەنووکی قەڵەم، سەلکی مارە
ژێر سکی بەرخە، بان پشتی کارە
دەنووکی قەڵەم: مەبەست لە دەنووکی حاجی لەقلەقە کە وەکو قەڵەمی نووسین لووسە، سەلکی مارە: مەتەڵەکە سەری حاجی لەقلەق لە ساف و لووسیدا چواندوو بە مار، ژێر سکی بەرخە واتە: پەڕەکانی ژێر سکی لەقلەق ڕەنگی سپییە، چووێنراوە بە بەرخ کە ئەویش ڕەنگی سپییە، بان پشتی کارە واتە: پشتی لەقلەق پەڕەکانی ڕەشە وەکو کار. وەڵام (حاجی لەقلەق). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 15-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1447**
**دەنکی هەناری، بە بێ چاری، بووە هەزاری**
[20220728230528425168=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?q=20220728230528425168&lng=1)



دەنکی هەناری، بە بێ چاری، بووە هەزاری
پۆل: پشکۆی ئاگر یان پۆلوی پێدەوترێ ، دەنکی هەنار لە ڕەنگدا مەبەستی لە پشکۆی ئاگرە، کەوەک ڕەنگی دەنکی هەناری سوورە، بووە هەزار واتە: پشکۆکە کە دەگەشێتەوە پارچەپارچە دەبێ، هەناریش کە لەت دەکرێ دەنکەکانی بڵاودەبنەوە.
وەڵام (پۆل) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1448**
**دەنێو قوندا کوڵاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226081627454133

دەنێو قوندا کوڵاوە.
مەبەست لە گوو یان پیساییە، هەموو گیانەوەرە گیاخۆر و گۆشتخۆرەکان بە مرۆڤیشەوە، پاشماوەی ئەو خۆراکانەی دەیخۆن، وەک پیسایی فڕێی دەدەن، دەنێو قونێدا کوڵاوە، مەبەست لە پیساییە، کوڵاوە واتە: گەرمە، چونکە جەستەی ئاژەڵ یان مرۆڤ گەرمە. وەڵام (گوو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەوک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1449**

**دەنەڕێنێ وەک بەور، بەرهەم دێنێ شتی چەور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731113443425702

دەنەڕێنێ وەک بەور، بەرهەم دێنێ شتی چەور
دەنگی دەڵێی بەورە، دەکا سلی دەچەورە
بەور جۆرە ئاژەڵێکی کێوییە لە بەرەبابی پڵنگە، کاتێک مەشکە دەژەندرێ ، دەنگەدەنگێکی لێوەدێ ، لە مەتەڵکەدا بە نەڕەی بەور چووێنراوە، بەرهەم دێنێ شتی چەور: مەبەست لەو ڕۆنەکەرەیەیە کە لە ئەنجامی ژەنینی مەشکەکە پەیدادەبێت. وەڵام مەشکە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-31

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1450**
**دەهۆرە بە کۆڵەکەیەک وەستاوە**

20221026203203442058=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەهۆرە بە کۆڵەکەیەک وەستاوە.
دەهۆرە مەبەست لە لووت، کەپووی مرۆڤە، بە کۆڵەکەیەک وەستاوە، واتە: نێوانی هەر دووکونە لووت لە مەتەڵەکەدا بە کۆڵەکە بەراوردکراوە. وەڵام (کەپوو، لووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل45، 47
کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1451**

**دەوری دارە ناوی شارە، مسکێنی فەقیرە کرمانجی هارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731192827425752

دەوری دارە ناوی شارە، مسکێنی فەقیرە کرمانجی هارە
دەوری دارە واتە: کورەی هەنگ کە لەناو دار دا درووستی دەکات (هەندێک جار لە کونە شاخ یان جێگەی تردا درووستی دەکات) ناوی شارە واتە: شاری هەنگ یا شوێنی هەنگەکان، مسکێنی فەقیرە واتە: مێشهەنگ یا هەنگ، کرمانجی هارە واتە: شاهەنگ. وەڵام کورەی مێشهەنگوین (هەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1452**

**دەورە حەوزە ناو تەنوور باروو ڕەشی پشکەڵ سوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216121150452182

دەورە حەوزە، ناو تەنوور
باروو ڕەشی پشکەڵ سوور
مەبەست لە سەماوەرە، (سەماوەر: ئامێرێکە بۆ گەرمکردنی ئاو و لێنانی چا بەکاردێ) ، دەوری حەوزە ناوی تەنوور، مەبەست لە سەماوەرە کە وا درووستکراوە کە بەشی دەرەوەی حەوزە و لوولەی ئاگردان لەناویدایە، barووی ڕەش، مەبەست لە لوولەکێشی دووکەڵی سەماوەرە، بەهۆی ئاگرەوە ڕەش دەبێ، پشکەڵ سوور، واتە: ئاگری ناو سەماوەر. وەڵام (سەماوەر) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل43

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1453**

**دەورە دەورەکەی دارە ناوەندەکەی پڕ قوڕە کەرە فەهمکە خشتبڕە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026184720442037

دەورە دەورەکەی دارە
ناوەندەکەی پڕ قوڕە
کەرە فەهمکە خشتبڕە
وەڵامی مەتەڵەکە لەناو مەتەڵەکەدا، دەور دەورەکەی دارە، مەبەست لە قاڵبی خشتبڕە (قاڵبی خشتبڕ: چوارلایەکی لاکێشەییە لە دار درووستدەکرێت، بە ئەندازەی خشتێک بۆ بڕینی خشتی قوڕ بەکاردێت) ناوەندەکەی پڕ لە قوڕە، واتە: قڵبەکە قوڕی تێدەکرێت، بۆ ئەوەی خشتی لێدرووستبکرێت. وەڵام (خشتبڕە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل45

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1454**

**دەورەکەی پەرچین ناوەکەی نەخشین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205102109534004

دەورەکەی پەرچین
ناوەکەی نەخشین
پەرچین: پەرژین، لە کوردەواردا بە شوڵی دار یان دڕکەزی پەرژین بۆ باخ و بێستان درووستدەکرێت، مەبەستی مەتەڵەکە چاوی مرۆڤە، دەورەکەی پەرچین، واتە: چۆم باخ و بێستان بە دڕکەزیی و شووڵ پەرژین دەکرت، چاویش بە برژانگ پەرژین کراوە، پەرژینی شووڵ و برژانک بەیەک چووێنراون، ناوەکەی نەخشین، مەبەست لە گلێنەی چاوە کە جوانە و دنیای پێدەبینرێت. وەڵام (چاو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل183

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1455**

**دەورەکەی گردە ناوەکەی چاڵە**

20231205102508534005=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەورەکەی گردە
ناوەکەی چاڵە
گرد: مەبەست لە شوێنی بەرزە، مەبەستی مەتەڵەکە کڵاوە، لە هەر جێگەیەکەوە گەر سەیری کڵاو بکرێت، قەراغ و سەرەکەی بەرزە، بە گرد بەراورد کراوە، ناوەکەی چاڵە، مەبەست لەناوی کڵاو کە بەئەندازەی سەری مرۆڤ چاڵە. بۆ ئەوەی بەسەرەوە بوەستێت. وەڵام (کڵاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەماڵ، 2013، ل183

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1456**

**دەوی بۆ ببەیت، زیت ئەوێتەوە**

20230921214755522303=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەوی بۆ ببەیت، زیت ئەوێتەوە.

دەو: دەم. ئەوێتەوە: ئەبێتەوە. مەبەست لە جگەرەکێشانە، دەوی بۆ ببەیت، مەبەست لەوەیە کە کەسێک لێوی بەرێت بۆ فلتەری جگەرە، زیت ئەوێتەوە، واتە: کەسێک کە نەفەس لە جگەرەیەک دەدات، ئاگری سەری جگەرەکە دەگەشێتەوە.

وەڵام (جگەرەکێشان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 32

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1457**

## دەوی سوورە و بۆیەی نییە لینگی ڕووتە و دەرپێ نییە پشتی ڕەشە عەبای نییە سەری سپییە سەرپۆشی نییە

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203132257448905](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203132257448905)

دەوی سوورە و بۆیەی نییە، لینگی ڕووتە و دەرپێ نییە
پشتی ڕەشە عەبای نییە، سەری سپییە سەرپۆشی نییە
دەو: دەم. مەتەڵەکە باسی وەسفی جەستەی حاجی لەق لەقە، دەوی سوورە و بۆیە نییە، واتە: دەنووکی حاجی لەق لەق ڕەنگی سوورە، لینگی ڕووتە و دەرپێ نییە، واتە: لەق لەق قاچەکانی باریک و درێژ و بێتووکە، پشتی ڕەشە و عەبای نییە، واتە: پشتی لەق لەق پەڕەکانی ڕەشە. هەروەها پەڕەکانی سەریشی سپییە. وەڵام (حاجی لەق لەق) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل30

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1458**
**دەوی نییە زۆربڵێیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203140828448924

دەوی نییە، زۆربڵێیە.
دەو: دەم. مەبەست لە کرداری نووسینە بە قەڵەمە، (قەڵەم ئامێرێکە بۆ پێ نووسین بەکاردێت) دەوی نییە. مەبەست لە قەڵەمە کە دەمی نییە بەڵکوو نووکی بۆ پێنووسین هەیە، زۆربڵێیە، واتە: قەڵەم دەتوانرێ زۆری پێبنووسرێ، لە مەتەڵەکەدا بە زۆربڵێ چوواندوویەتی. وەڵام (قەڵەم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل31

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1459**
## دەوەکەی باریک قونەکەی کوونە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203141113448925

دەوەکەی باریک، قونەکەی کوونە.
دەو: دەم. مەتەڵەکە مەبەستی لە دەرزی دروومانی دەستییە، دەوەکەی باریک، واتە: نووکی دەرزی زۆر باریک و تیژە، بۆ ئەوەی لە کاتی دووریندا بەئاسانی قووماش کوون بکات، قوونەکەی کوونە، واتە: قوونی دەرزی کوونێکی تێدایە، بۆ ئەوەی دەزووی تێهەڵبکێشرێ بۆ کرداری دوورین. وەڵام (دەرزی دروومان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل32

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1460**

**دەڕوا بۆ سەرێ باری هەیە دیتەخوارێ کاری هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216113731452167

دەڕوا بۆ سەرێ باری هەیە
دیتەخوارێ کاری هەیە
مەبەست لە کەوچکی نانخواردنە، دەڕوات بۆ سەرێ باری هەیە، واتە: کەوچک پڕ دەکرێ لە خواردن و دەبرێ بۆ دەم، خواردن بە بار چووێنراوە، دێتەخوارێ کاری هەیە، واتە: کەوچک لەناو قاپدا چێشت تێکدەدا و ئامادەی دەکات بۆ پارووی دووەم. وەڵام (کەوچک) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل44

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1461**

**دەڕوا پێی نییە دەبیبستی گوێ نییە تەڕە تووڵ نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026183507442033

دەڕوا پێی نییە
دەبیبستی گوێی نییە
تەڕە تووڵ نییە

مەبەستی مەتەڵەکە مارە، دەڕوات پێی نییە، واتەڵ مار بۆ جووڵە و ڕێکردن پێویستی بەپێ نییە بەڵکوو دەخشێ، دەبیبستی گوێی نییە، واتە: بەبیستن هەستی پێدەکەی کە بۆت دێ لە هەمان کاتدا مار گوێچکەی نییە، تەڕە تووڵ نییە، مەبەست لە تووڵی تەڕی دارە کە وەک مار وایە بەڵام مار نییە. وەڵام (مار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل48


کاتی تۆمارکردن: 2022-10-26

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1462**

**دەڕوا پێی نییە، جێ پێی دیارە**

20220923141808435726=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەڕوا پێی نییە، جێ پێی دیارە.
مەبەست لە قاچی مەکینەی درووومانە کە دەرزی مەکینەی پیا ڕەت دەبێت و درووومان دەکات، شوێنی تەقەڵەکان دیارە، لە مەتەڵەکەدا بەجێ پێ باس کراوە، قاچی مەکینە پێی نییە بڕوا، بەڵام قوماشەکەی ژێری لەکاتی درووماندا دەڕوات. وەڵام (قاچی مەکینەی درووومان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل22

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1463**
**دەڕوا سێبەری نییە**

[20230915225201520833=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915225201520833)

دەڕوا سێبەری نییە.
سرووشتی هەموو تەنێکی ڕەق لەسەر زەوی وایە کە تیشکی خۆر لێی بدات، سێبەر دروستدەکات، بەڵام ئەو تەنانەی کە گازن، تیشکی خۆر بەناویاندا تێدەپەڕێت و سێبەر دروستناکەن، دەڕوات سێبەری نییە، مەبەست لە (با) یە کە پێکهاتەکەی گازە و سێبەری نییە. وەڵام (با) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل6

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1464**

**دەڕوا لاق نییە, دەخورێ گۆشتی نیی**

20220809074140427348=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەڕوا لاق نییە، دەخورێ گۆشتی نییە.
دەڕوا لاق نییە، مەبەست لە ڕووبارە کە هەمیشە لە جووڵە دایە، بەردەوام دەڕوات و پێویستی بە قاچ (لاق) نییە، دەخورێ گۆشتی نییە، مەبەستی لە خواردنەوەی ئاوە، ئەم بەشەی مەتەڵەکە بۆ سەرلێتێکدانی گوێگر و سەرروای مەتەڵەکە هاتووە، ئەگینا ئاو ناخورێ بەڵکوو دەخورێتەوە. وەڵام (ڕووبار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1465**

**دەڕوا لە جێی خۆیەتی قایشی زێڕی لە پشتی شەو و ڕۆژ ڕێدەکا وەستاوە لە شوێنی خۆیەتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202160934448724

دەڕوا لە جێی خۆیەتی، قایشی زێڕی لە پشتی
شەو و ڕۆژ ڕێدەکا، وەستاوە لە شوێنی خۆیەتی
مەبەستی مەتەڵەکە ئاشی ئاوگەڕە، (لە کوردەواردا ئاش بۆ هاڕینی دانەوێلە بەکاردێت) دەڕوات لە جێی خۆیەتی، مەبەستی بەرداشی ئاشە کە دەخولێتەوە و دانەوێلە دەهاڕێ، قایشی زێڕی لە پشتە، مەبەست لە دانەوێڵەیە کە بەرداش دەیهاڕێ و بەدەوری بەرداشەکەدا کۆدەبێتەوە، هەروەها بەرداشی ئاش بەردەوام دەخولێتەوە و لە جێگەی خۆیەتی. وەڵام (ئاش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل28

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1466**

**دەڕوا لە دەشتی ڕەشی کون کون لە پشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221202161258448725

دەڕوا لە دەشتی
ڕەشی کون کون لە پشتی
مەبەست لە وڵاخە کە ڕەشکە کای بە پشتەوە بێت، دەڕوات لە دەشتی، مەبەست لە وڵاخە کە بۆ ڕۆشتن لە دەشتودەر بەکاردەهێنرێ، ڕەشی کون کون لە پشتە، مەبەست لە ڕەشکەیە کە کای تێدەکرێ، (ڕەشکە: لە مووی بزن دەچنرێ و کون کونە، بۆ کا کێشان بەکاردێ) . وەڵام (وڵاخ و ڕەشکە کا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل34

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1467**
**دەڕوا لە ڕێیە نەدەچێنرێ نە دەڕوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117200924458925

دەڕوا لە ڕێیە
نەدەچێنرێ نە دەڕوێ
مەبەست لە ئێسترە، (ئێستر: ئاژەڵێکی نەزۆکە و توانای زۆربوونی نییە، لە جووتبوونی کەر و مایینەوە بەرهەمدێ) دەڕوات لە ڕێیە، مەبەست لە هێسترە کە بەڕێگەدا دەڕوات، نەدەچێنرێ و نەدەڕوێ، واتە: وەچەی لێناکەوێتەوە. [1]
وەڵام: (ئاژەڵی ئێستر)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل222.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1468**

**دەڕوا و ڕادەوەستێ قاچی نییە**

20221023231037441649=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەڕوا و ڕادەوەستێ قاچی نییە.
ئامێری کاتژمێر، مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە لە وڵاتی کوردەواردا، کاتژمێرەکان یەکی سێ میلیان هەیە، کە مەبەست لە دەقە و چرکە و سەعات ژمێری کاتژمێرە، دەڕۆن و دەوەستن بەڵام قاچیان نییە. وەڵام (کاتژمێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل43

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1469**

**دەڕوات قاچی نییە و جێی قاچی ئاشکرایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220809073320427346

دەڕوات قاچی نییە و جێی قاچی ئاشکرایە.
بەرگ دروو کاری بە دەرزی و دەزووە بۆ دروونی کاڵا، بە دەست تەقەڵ لە قوماش دەدا و دەی درووێ، لە کارەکانیدا شوێنی تەقەڵەکان دیارە، دەڕوات پێی نییە مەبەستی دەرزییە، جێ پێی دیارە مەبەست لە تەقەڵەکانە. وەڵام (دەرزی و دروومان) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1470**

## دەڵێم بڵێم هەرەک مەرەک بێ دەست و پا گەڕا گەڕەک

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216120710452181

دەڵێم بڵێم هەرەک مەرەک
بێ دەست و پا گەڕا گەڕەک
مەبەست لە ساجی نانکردنە، (ساج: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ برژاندنی نان بەکاردێ. هەرەک: هەریەک لەوان. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، دەڵێم بڵێم هەرەک مەرەک، واتە: دەمەوێ شتێک بڵێم، بێ دەست و پا گەڕا گەڕەک، واتە ساجی نانبرژاندن دەست و قاچی نییە، بەڵام ژنانی گەڕەک بۆ نانبرژاندن ماڵ ماڵ دەیبەن. وەڵام (ساجی نانکردن) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل44

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1471**

**دەی کرِی رەشە، بەکاری دێنی سۆرە**

20220923151453435744=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەی کرِی رەشە
بەکاری دێنی سۆرە
دەی رێژِی بۆرە
سۆر: واتە سوور، خەڵووز رەنگی رەشە کە بەکاردێ و دەگەشێتەوە، رەنگی سوور دەبێ، لە کۆتاییدا دەبێتە خۆڵەمێش و دەرێژرێت، رەنگی بۆرە. وەڵام (خەڵووز یان رەژوو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل25

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1472**
**دەیبڕ و نایبینێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221023232243441652

دەیبڕ و نایبینێ.
مەبەستی سەرەکی مەتەڵەکە (با) یە، با سرووشتێکی هەیە کە ڕوونە و بە چاو بەتەواوی نابینیرێت بەڵام هەستی پێدەکرێت، واتە: کەسێک بەناو با دا بڕوات و ڕێبکات، دەتوانێت هەستی پێبکات بەڵام نایبینێ. وەڵام (با) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل43

کاتی تۆمارکردن: 23-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1473**

**دەیبڕی و درێژ دەبێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104185334456497

دەیبڕی و درێژ دەبێ.
مەبەست لە قژی سەرە، هەموو مرۆڤێکی ئاسایی قژی بە سەرەوەیە، سرووشتی قژ وایە کە درێژدەبێت، پێویستدەکات لە دەم و کاتی جیاوازدا ببڕدرێ، هەردەیبڕ و درێژ دەبێ، مەبەست لە قژە لە کاتی درێژبووندا پێویستە ببڕدرێ، هەم بۆ جوانکاری هەم بۆ خاوێنی. وەڵام (قژی سەری مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل135.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1474**

**دەیبینی لەبەری ناکەی**

20220923152125435755=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەیبینی لەبەری ناکەی
نایبینی لەبەری دەکەی
لە کوردەواردا هەر کەسێکی ڕۆژی تەواوبێت و بمرێت، دوای شتن خامێکی سپی تێوەدەپێچن، پێی دەوترێت (کفن) ، دەیبینی لەبەری ناکەی، واتە کەسی زیندوو نایکاتە بەری، نایبینی لەبەری دەکەی، واتە: کەسی مردوو لەبەری دەکات، کە نایبینێت. مەتەڵەکە مەبەست لەو پەڕۆخامە سپییەیە کە لە کەسی مردووەوە دەپێچرێ. وەڵام (کفن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل25

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1475**
**دەیبینیت و ناتبینێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203141442448926](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203141442448926)

دەیبینیت و ناتبینێ.
کۆرە: نابینا، بێدییە یان کوێر، مەبەستی مەتەڵەکە کەسی نابینایە کە هەموو کەسێک گەر چاوی ببینێ، دەتوانێت کەسی نابینا ببینێ، بەڵام کەسی نابینا و بێدییە، توانای بینینی مرۆڤ یان هیچ شتێکی نییە. بە هەر هۆکارێک بینایی لەدەستدابێت، لە ڕێگەر هەستەکانی تریەوە دەجووڵێ. وەڵام (کەسی کۆرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل31]

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1476**

**دەیبەستییەوە دەڕوا، نایبەستییەوە ناڕوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923152303435756

دەیبەستییەوە دەڕوا، نایبەستییەوە ناڕوا.
لە کوردەواردا چەندین جۆر پێڵاوی کەلەپووری ژنان و پیاون هەیە، وەک کڵاش یان کالەوپێڵاو، مەبەستی مەتەڵەکە کالەوپێڵاوە، لە چەرمی ئاژەڵ بەتایبەتیی (گا) دروستدەکرێت، بە قەیتانی درێژ دەبەسترێت، لەکاتی بەرفروباراندا لەپێ دەکرێت. وەڵام (کالەوپێڵاوی بە قەیتان) ..[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل23

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1477**
**دەیخوسێنن کونی دەکەن**

20220915231256434218=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

دەیخوسێنن کونی دەکەن
وەک تەزبیح داوی تێدەکەن
میرووی شوشە یان زەنگیانە
بۆ جوانی لە نێوانیانە
دەیهۆننەوە دەنکە دەنکە
دەیکەنە مل وەک ملوانکە
بە بۆنی خۆشی ناسراوە
لەنێو ژنانی کوردا باوە
هەشت پیتە ئەم شتە جوانە
بیری لێبکەوە بیزانە
جۆرێک ملوانکەیە، لە مێخەک درووست دەکرێت، ژنانی کورد لە ملی دەکەن. وەڵام (مێخەک بەند) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل56

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1478**
**دەیکوژێ قەساب نییە گۆشتی دەخوا گورگ نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221026202309442054

دەیکوژێ قەساب نییە
گۆشتی دەخوا گورگ نییە
لە ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواردا ئەو کەسەی پیشەی سەربڕینی ئاژەڵە پێی دەوترێ: قەساب، دەیکوژییەوە قەساب نییە، مەبەست لە باز یان هەڵۆیە کە نێچیرێک دەگرێت و دەیخوات، کرداری کوشتنی نێچیر لەلایەن بازەوە بە قەساب چووێنراوە، گۆشتی دەخوا گورگ نییە، واتە: باڵندەی باز وەک ئاژەڵی گورگ گۆشتخۆرە. وەڵام (باز یان هەڵۆ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل46

کاتی تۆمارکردن: 26-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1479**

**دەیکوژێتەوە قەساب نییە گۆشی دەخوا مەڕ نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203132546448906

دەیکوژێتەوە قەساب نییە
گۆشی دەخوا مەڕ نییە
دەیکوژێتەوە: لە بەشە شێوەزاری ناوچەی موکریان بەواتای سەربڕینی ئاژەڵ یان پەلەوەر دێت، دەیکوژییەوە قەساب نییە، مەبەست لە باڵندەی بازە کاتێک نێچیر دەگرێ و دەیخوات. گۆشتی دەخوا مەڕ نییە، واتە: باز باڵندەیەکی گۆشتخۆر و کێویبە. وەڵام (باز و نێچیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل28

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1480**

**زاری بۆلای دایکت دێنێ قنگی بۆ لای باوکت دێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029144101442560

زاری بۆلای دایکت دێنێ
قنگی بۆ لای باوکت دێنێ
مەبەست لە کاری مەشکە ژەنینە بە دەستی دایک و باوکێک، زاری بۆلای دایکت دێ، زار دەم واتە: دایک لای دەمی مەشکەوە وەستاوە لەکاتی مەشکە ژەنینەکەدا، قنگی بۆ لای باوکت، واتە: باوک لای قنگی مەشکەوە وەستاوە، بەهەردووکیان مەشکە دەژەنن. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل55

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1481**

**زاری بۆلای قوزی دایکی دەچێ پاشی بۆ لای گونی بابی دەچێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226123428454183

زاری بۆلای قوزی دایکی دەچێ
پاشی بۆ لای گونی بابی دەچێ
مەبەست لە کاری مەشکە ژەنینە بە دەستی دایک و باوک، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێ) زاری بۆلای قوزی دایکی دەچێ، (زار: دەم) واتە: دایک لای دەمی مەشکەوە وەستاوە لەکاتی مەشکە ژەنینەکەدا، پاشی بۆلای گونی بابی دەچێ، واتە: باوک لای قنگی مەشکەوە وەستاوە، بەهەردووکیان مەشکە دەژەنن. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1482**

**زاری لە پشتێ بۆ خۆی لە بەردێ هێزی لە ئاوەدانیێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029142523442554

زاری لە پشتێ
بۆ خۆی لە بەردێ
هێزی لە ئاوەدانیێ
مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە، زاری لە پشتێ، زار واتە: دەم، مەبەست لەو جێگەیەیە کە باراشی تێدەکرێ بۆ هاڕین، لە مەتەڵەکەدا بە زار بەراوردکراوە، بۆ خۆی لە بەردێ، مەبەست لە بەرداشەکانە کە دانەویلە دەهاڕن، بەرداشیش لە بەردی چیایی درووستدەکرێ، هێزی لە ئاوەدانیێ، واتە: ئارد کە لە دانەوێڵە بەرهەمدێت، هێز دەدات بە مرۆڤ. وەڵام (ئاشی ئاوگەڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل55

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1483**
**زریزەی بە زەنگیان، تەڕە لە مێرگ و کوێستان، هەمیشە لە دەم ئاوان**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729090058425204



زریزەی بە زەنگیان، تەڕە لە مێرگ و کوێستان، هەمیشە لە دەم ئاوان
بۆق: گیانلەبەرێکە بەپێی ژینگە و دەوروبەر ڕەنگی پێستی لەشی دەگۆڕدرێ ، بۆق ناوچە گوێستانییەکان، پێستی لەشیان ڕەنگاوڕەنگە، لە مەتەڵەکەدا بە زریزەی زەنگیانە ناوی براوە، تەڕە لە مێرگ و کوێستان واتە: لە مێرگ و کەناری ئاوەکاندا دەژی. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1484**

## زستان بۆ ڕۆی من کەمم پێچوو بۆ سەفەر ئازام من قاچم پێچوو

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216203828452285

زستان بۆ ڕۆی من کەمم پێچوو
بۆ سەفەر ئازام من قاچم پێچوو
مەبەست لە پێ چوونە، (پێ چوون: قاچ تەزین لە بەفردا) زستان بۆ ڕۆیی من کەمم پێچوو، مەبەست لە هاتنی وەرزی زستان و بارینی بەفرە کە هەندێک جار کەمخایەنە، بۆ سەفەر ئازام من قاچم پێچوو، واتە: بۆ گەشت ئامادەم بەڵام قاچم لە بەفردا سڕدەبێت. وەڵام (پێ چوون یان قاچ تەزین لە بەفردا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل46

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1485**
**زستان خڕە هاوین پڕە**
[20221029144324442561=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029144324442561)
زستان خڕە
هاوین پڕە
خڕکردنەوە: پێچانەوە، مەبەست لە دەوارە، زستان خڕە، واتە: لە وەرزی زستاندا گوندنشینە کوردەکان، لە کوێستانەکاندا دەوار دەپێچنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان، هاوین پڕە، واتە: لەسەرەتای وەرزی هاویندا، دەچنەوە کوێستانەکان و دەوارەکانیان هەڵدەدەنەوە. وەڵام (دەوار، تاوڵ، ڕەشماڵ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل56

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1486**

**زمانی لە پشتی کلکی لە تەنیشتی ڕزقی لە دەشتی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029142724442555](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029142724442555)

زمانی لە پشتی
کلکی لە تەنیشتی
ڕزقی لە دەشتی
مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە، زاری لە پشتێ، زار واتە: دەم، مەبەست لەو جێگەیەیە کە باراشی تێدەکرێ بۆ هاڕین، لە مەتەڵەکەدا بە زار بەراوردکراوە، کلکی لە تەنیشتی، مەبەست لەو لوولەیەیە کە ئاو دێنێ بۆ سەر ئاشەکە، ڕزقی لە دەشتی، واتە: دانەوێڵە کە لە دەشتا دەچێنرێت. وەڵام (ئاشی ئاوگەڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل56

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1487**
**زمانی نییە گۆشتی دەخورێ**

20221029151750442571=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

زمانی نییە، گۆشتی دەخورێ.
مەبەست لە ماسییە کە لەناو ئاودا دەژیی، زمانی نییە، واتە: بۆ گفتوگۆ توانای دەربڕینی نییە، لەگەڵ ئەوەدا لەناو هەموو گەلانی دنیادا گۆشتی دەخورێ. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل56

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1488**
**زمستان خڕە هاوین پڕە**

[20230918131159521280=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20230918131159521280=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

زمستان خڕە
هاوین پڕە

زمستان: زستان. مەبەستی مەتەڵەکە ڕەشماڵە، (ڕەشماڵ پێشی دەوترێت: دەوار یان تاوڵ، ماڵی هاوینەی خێزانی کۆچەرییە، لە ناوچەی کوێستان هەڵدەرێت و ئەستونگی بۆ دادەنرێت، بە کەڵەک یان چیغ چواردەوری دەگیرێت) زمسان خڕە، واتە لە وەرزی زستاندا هەڵدەگیرێت و خڕدەکرێتەوە، هاوین پڕە، واتە: لە وەرزی هاویندا هەڵدەدرێت. وەڵام (ڕەشماڵ) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل15

کاتی تۆمارکردن: 18-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1489**

**زنێوی بێ گوڵ باخی بێ دڵ**

[20221204195730449125=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204195730449125)

زنێوی بێ گوڵ
باخی بێ دڵ
مەبەستی مەتەڵەکە میوەی هەنجیرە، زنێوی بێ گوڵ، مەبەست لە داری هەنجیرە کە گوڵ ناگرێ بەڵکوو ڕاستەوخۆ بەردەگرێ کە هەنجیرە، باخی بێ دڵ، واتە: کەسێک کە لەناو باخی هەنجیردا بێت، خۆی بێ دڵ ناکات و بە ئارەزووی خۆی دەخوات. وەڵام (هەنجیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل38

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1490**
**زواندار و بێ زوان، ئەڕۆن بۆ دیوان زواندار ئەوەستێ، بێ زوان دێتەدوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205133826534022

زواندار و بێ زوان، ئەڕۆن بۆ دیوان
زواندار ئەوەستێ، بێ زوان دێتەدوان
زوان: زمان. زواندار: مەبەست لە مرۆڤە کە زمانی قسەکردنی هەیە، توانای دوان و قسەکردنی هەیە، بێ زوان: مەبەست لە نامەیە، کە بابەتێکی تێدانووسرواوە، زمانی قسەکردنی نییە، دیوان: مەبەست لە دیوەخانە، واتە: کەسێک کە توانای قسەی هەیە، بە نامەیەکەوە دەچێتە دیوەخان، کەسەکە کاری تەواودەبێت و قسەناکات، بەڵکوو نووسینی ناو نامەکە قسەدەکات. وەڵام (نامەبەر و نامە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەماڵ، 2013، ل183

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1491**

**زوو بێژە مەیکە بەگاڵتە و گەمە ئایا لە پیاو و ژن چیان کەمە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920215034522142

زوو بێژە مەیکە بەگاڵتە و گەمە
ئایا لە پیاو و ژن چیان کەمە
بێژە: بیڵێ. گەمە: یاری. مەتەڵساز پرسیار ئاڕاستەی گوێگر دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە کە مەتەڵەکە زۆر ئاسانە، هەموو کەسێک دەیزانێت، پێویست ناکات وەڵامەکەی بکرێت بەگاڵتە، مەبەستی لە جیاوازییەکی رووکەشیی نێوان ژن و پیاوە کە ریشە. وەڵام (ڕیش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل26

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1492**

**زک لەسەر زکی دەستت بە کونی ئیشی ژنی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108193840457315

زک لەسەر زکی
دەستت بە کونی
ئیشی ژنی

مەبەست لە دەستارە، (دەستاڕ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێ) زک لەسەر زکی، مەبەست لە هەردوو بەردی سەردەستاڕ و ژێردەستارە کە بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێ، دەستت بە کونی، مەبەست لە کونی بەردی سەردەستارە کە لەوێوە دانەوێڵەی تێدەکرێ بۆ هاڕین. ئیشی ژنی، واتە: لە کوردەواردا کاری هاڕینی دانەوێڵە بە دەستاڕ کاری ژنە. وەڵام (دەستاڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل178.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1493**
**زکی پڕە بێ سێبەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029144600442562

زکی پڕە
بێ سێبەرە
مەبەست لە چاڵی گەنمە، (چاڵە گەنم: ئەمباری گەنم، بەو چاڵە دەوترێ کە لە زەویدا هەڵدەکەندرێ، بە ئەندازەی ژوورێک یان بە قەدەر ئەو بڕە دانەوێڵەیەی کە جوتیار لەو ساڵەدا بەرهەمی هێناوە، دوای ئەوەی گەنمەکە لە چاڵەکەدا ئەمبار دەکرێ، سەرەکەی دادەپۆشن) زکی پڕە: مەبەست لە چاڵە گەنمە، بێ سێبەرە، واتە: تیشک خۆر لێی نادات. وەڵام (چاڵی گەنم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل56

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1494**

## زکی پڕە لەسەرخۆیە لەچیت پڕکردووە هی تۆیە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226125543454186

زکی پڕە لەسەرخۆیە
لەچیت پڕکردووە هی تۆیە
مەبەست لە چاڵی گەنمە، (چاڵی گەنم: مەبەست لە ئەمباری گەنمە، لە گوندەکانی وڵاتی کوردەواردا، کاتێک کە خەرمان هەڵدەگیرێ، لە چاڵی گەورەدا هەڵیدەگرن) زکی پڕە لەسەرخۆیە، مەبەست لە ئەمباری گەنمە، لەچیت پڕکردووە هی تۆیە، واتە: ئەمباری گەنم هی ئەو کەسەیە کە گەنمی تێکردووە. وەڵام (چاڵی گەنم و جۆ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1495**

**زکی خەزێنە پشتی مرادە قوونی گووفەگە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117194654458906](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117194654458906)

زکی خەزێنە
پشتی مرادە
قووني گووفەگە

مەبەست لە ماینە، (ماین: جۆرێک ئاژەڵی چوارپێی باربەرە) زکی خەزێنە، (خەزێن: خەزنە) مەبەست لە سکی ماینە کە لەئەنجامی زاوزێی لەگەڵ ئەسپ، جوانووی تێدابەرهەمدێ، پشتی مرادە، واتە: سواری پشتی خۆشە، قونی گووفەگە، واتە: تەرسەقولی پێدابەردەداتەوە.

وەڵام: (سکی ماین شوێنی زاوزێی جوانووە، پشتی بۆ سواربوون خۆشە، لە قنگییەوە تەرسدەکات) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل221.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1496**

## زکی هەیە چی وێ نییە کابان دەیگێ مێردی نییە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111205300457962

زکی هەیە چی وێ نییە
کابان دەیگێ مێردی نییە
مەبەست لە کولەکەی ئاوییە، (کولەکەی ئاویی: جۆرە کولەکەیەکە لە خاک و ئاوی کوردەواردا دەڕوێ، سەری باریک و خوارەوەی قەڵەو و خڕە، وەکوو خۆراکێکی بەچێژ دەکرێ بە چێشت هەروەها کاتی وشکبوونەوەدا توێکڵەکەی زۆر ڕەقدەبێ، ڕاوچییەکان دەیکەن بە قەفەزی باڵندە) زکی هەیە چی وێ دەچێ، واتە دیمەنی کولەکەی ئاویی وەکوو ئافرەتی سکپڕ وایە، کابان دەیگێ مێردی نییە، واتە: کابان ڕووەکی کۆلەکەی ئاویی ئاودەدات، بۆ ئەوەی بڕوێ. وەڵام (کولەکەی ئاویی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل195.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1497**

**زۆر بەغارە قاچی نییە ماڵیشی لەبن عاردییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204193007449116

زۆر بەغارە
قاچی نییە
ماڵیشی لەبن عاردییە
مەبەست لە مارە، (مار: خشۆکێکی ژەهداری ترسناکە) زۆر بە غارە، واتە: مار لە ڕۆشتندا زۆر خێرا دەجووڵێ، قاچی نییە، واتە: لە ڕۆیشتندا قاچی نییە بەڵکوو دەخشێ، ماڵیشی لە بن عەردییە، (عەرد: زەوی) واتە: مار لانە لەژێر گڵدا درووستدەکات و تیایدا دەژیی. وەڵام (مار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل38

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1498**
## زۆر جوانن و ئێسک سووک
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915221010434195

زۆر جوانن و ئێسک سووک
خواردن دەخۆن بە دەنووک
هەموو ئەوان پەڕدارن
دەفڕن و باڵدارن
دەچنە نێو دارستان
بۆ سەر لقی دارەکان
هەموو جۆرێکی ئەوان
دەفڕن بەرەو ئاسمان
هێلانە و هێلکە ئەکەن
بەو شێوەیە زیاد ئەکەن
ناویان لە سێ پیت پێکدێ
دوو باڵیان هەیە و دوو پێ
بیدۆزەوە بەپەلە
تا نەموتووە... ە
وەڵام (مەل). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل42

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1499**

**زۆر چەرمووە، پەنیرینە کلکی درێژ و شیرینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916100428520884

زۆر چەرمووە، پەنیرینە
کلکی درێژ و شیرینە
چەرموو: واتە: ڕەنگی سپیی. زۆر چەرمووە، پەنیرینە، مەبەست لە توورە، (توور: جۆرێک سەوزەیە و بە بەسەلک لەناو خاکدا گەشەدەکات) توور ڕەنگی سپییە و چووێنراوە بە ڕەنگی پەنیر، کلکی درێژە و شیرینە، مەبەست لە تامی توورە کە شیرینە هەروەها ئەو ڕەگەی بە سەلکی توورەوەیە، بە کلک چووێنراوە. وەڵام (توور) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل11

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1500**

**زۆر روودار و نهێنی پۆش نهێنی خۆی دەدا بە تۆش بەڵام وەکوو درۆ نییە ڕازت بڵێ جا هەر چییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216203158452282

زۆر روودار و نهێنی پۆش، نهێنی خۆی دەدا بە تۆش
بەڵام وەکوو درۆ نییە، ڕازت بڵێ جا هەر چییە
مەبەست لە پێنووسە، زۆر ڕوودار و نهێنی پۆش، (ڕوودار: بە کەسێک دەوترێ کە هەموو کارێک ئەنجامبدا و هیچی لا نەنگی نەبێ) واتە: پێنووس دەتوانێت هەموو شتێکی پێبنووسرێ، ئەگەر کارەکە کاری ڕووداریش بێت، نهێنی خۆی دەدا بە تۆش، واتە: هەموو ئەو نووسینە نهێنیانەی کە هەیە بە پێنووس نووسراون، دەکرێ هەموو کەسێک بیانخوێنێتەوە، هەروەها ڕاستی و درووستی یان شتی درۆشی پێدەنووسرێ. وەڵام (پێنووس) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل46

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1501**

**زۆر ڕەقە و دەبێ بە ئاو**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029151328442570](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029151328442570)

زۆر ڕەقە و دەبێ بە ئاو.
مەبەست لە سەهۆڵە، ئاو لە سفر پلەی سەدیدا دەیبەستێ و دەبێتە سەهۆڵ، واتە: ئاو دەچێتە دۆخی ڕەقییەوە، کاتێک کەشوهەوای دەوروبەر گەرم دەبێت، پلەی گەرمیی دەچێتە دۆخی ئاسایی، سەهۆڵ دەبێتەوە بە ئاو، گۆڕینی دۆخی ئاو پەیوەندی بە کەشەوە هەیە. وەڵام (سەهۆڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل56

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1502**

**زیندوو بۆ خواردن هاتە سەر مردوو مردوو هەڵبەزی زیندوو پێوەبوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216203515452284

زیندوو بۆ خواردن هاتە سەر مردوو
مردوو هەڵبەزی زیندوو پێوەبوو
مەبەست لە تەڵەی مشکە، زیندوو بۆ خواردن هاتە سەر مردوو، واتە: مشک زیندووە و تەڵەش شتێکی مردووە، مردوو هەڵبەزی زیندووی پێوەبوو، واتە: تەڵەی مشک خواردنی پێوەدەکرێ، کە مشک هات بیخوا، دەیگرێ و تەڵەکە هەڵدەبەزێتەوە. وەڵام (تەڵەی مشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل47

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1503**

**زیندوو لە مردوو پەیدادەبێ، مردوو لە زیندوو پەیدادەبێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029151043442569

زیندوو لە مردوو پەیدادەبێ، مردوو لە زیندوو پەیدادەبێ.
مەبەست لە هێلکە و مریشکە، زیندوو لە مردوو پەیدادەبێ، واتە: مریشک سەرەتا جووجەڵەیە و لەناو هێلکەدایە، مریشک بە زیندوو هەروەها هێلکە بەمردوو بەراوردکراوە، مردوو لە لەزیندوو پەیدادەبێ، واتە: مریشک هێلکە دەکات. وەڵام (هێلکە و مریشک). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل56

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1504**

**زیندوو مردوو ڕادەکێشێ زیندوو بێدەنگە مردوو دەدوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029150844442568

زیندوو مردوو ڕادەکێشێ، زیندوو بێدەنگە، مردوو دەدوێ.
مەبەست لە چۆنێتی نووسینە بە پەنجە و قەڵەم، زیندوو مردوو ڕادەکێشێ، زیندوو مەبەستی لە دەست و پەنجەی مرۆڤە، مردوو مەبەستی لە قەڵەمە، زیندوو بێدەنگە واتە: دەست و پەنجە هیچ نالێ، مردوو دەدوێ، واتە: بە نووکی قەڵەم دەنووسرێ و نووسین دەدوێ. وەڵام (پەنجە و قەڵەم).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل56

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1505**

**زیندوو هات بە فێڵ مردوویەکی ناشت بەری دارەکەی ئادەمی لێناشت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204193553449118

زیندوو هات بە فێڵ مردوویەکی ناشت
بەری دارەکەی ئادەمی لێناشت
باسی دوو ئەفسانەی جیاوازی ناو ئایینەکانە، زیندوو هات بە فێڵ مردوویەکی ناشت، مەبەست لە کوشتنی برایەکە لەلایەن برایەکییەوە کە هابیل و قابیلن، بەری دارەکەی ئادەمی لێناشت، مەبەست لە سێوە کە حەوا و ئادەم لە بەهەشت خواردیان و خودا بەهۆیەوە دەریکردن. وەڵام (سێو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل38

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1506**

**زیندووی بێ گوڵ باخی بێ دڵ**

[20230912222438520310=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912222438520310)

زیندووی بێ گوڵ
باخی بێ دڵ
لە کاری باخداری وڵاتی کوردەواردا بەشی زۆری دارەبەرییەکان گوڵ دەکەن، پاشان گوڵەکان دەبنە بەر، بەڵام داری هەنجیر ڕاستەوخۆ بەردەگرێت، زیندووی بێ گوڵ، مەبەست لە داری هەنجیرە کە گوڵ ناکات، باخی بێ دڵ، مەبەست لە بەری داری هەنجیرە. وەڵام (هەنجیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل125

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1507**

**زیندەوەری بێ دایک و باوکن لە بانەوە بانگ دەدەن خەڵکینە خراپ مەکەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204193252449117

زیندەوەری بێ دایک و باوکن
لە بانەوە بانگ دەدەن
خەڵکینە خراپ مەکەن

لە ئەفسانەکاندا فریشتە بوونەوەرێکی ئاسمانییە، خودا بەتایبەتیی درووستی کردوون، زیندەوەری بێ دایک و باوکن، مەبەست لە فریشتەیە، لە بانەوە بانگ دەدەن، واتە: لە ئاسمانەوە بانگەواز دەکەن و داوا لە خەڵکی دەکەن رێگەی راست بگرنەبەر. وەڵام (فریشتە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل38

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1508**
**زیکەی دێ مار نییە گونی هەیە بەران نییە گیا دەخوا بەران نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029143833442559

زیکەی دێ مار نییە
گونی هەیە بەران نییە
گیا دەخوا بەران نییە
زیکەی دێ مار نییە، مەبەست لەو دەنگە تایبەتییەیە کە لە دەمی کیسەڵەوە دەردەچێت، گونی هەیە بەران نییە، (بەران: نێرە مەڕی چوار ساڵ) واتە: وەک بەرانی نێر کیسەڵی نێریش هەیە، گیا دەخوا بەران نییە، واتە: وەک بەران گیاخۆرە. وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل57

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1509**

**زەبرەن سفیدەن، بەرگی بەدەن تەنگ سەختە لە ئاهیر، زەبوونە لە سەنگ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912223240520315

زەبرەن سفیدەن، بەرگی بەدەن تەنگ
سەختە لە ئاهیر، زەبوونە لە سەنگ

زەبرە: تەوژمدان، زەبوون: لاواز (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) سفیدە: سپێدەی بەیانی (فەرهەنگی شێخانی) ئاهیر ئاگر (فەرهەنگی خاڵ) مەبەستی مەتەڵەکە هێلکەی پەلەوەرە کە ڕەنگی سپییە وەک سپێدەی بەیانی، لەگەڵ ئەوەدا بەرگێکی توند و تۆڵی کلسی هەیە، بە پیاکێشان دەشکێت، هەروەها لەگەڵ ئەو ناسکییەیدا بەرگەی ئاگر و کوڵان دەگرێت. وەڵام (هێلکە) [1] .

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرتیفی، سنە. 1389. ل134

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1510**
**زەرد و سپی کون نییە، ئاوی دەدزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220809200823427424





زەرد و سپی کون نییە، ئاوی دەدزی.
لە ناوچەی پشدەر لە شارەدێ هێرۆ، لە مێژوویەکی کۆنەوە گۆزە و کوپەی ئاو لە گڵی سپی و سوور یان زەرد درووست دەکەن، بۆیە ڕەنگی گۆزەکان بە زۆری سپی یان زەردە، مەتەڵەکە دەڵێت زەرد و سپی، مەبەست لە ڕەنگی کوپەی ئاوە، کون نییە ئاوی دەدزی، مەبەست لە دەلاندنی ئاوە، لە دیواری گۆزەکەوە بۆ دەرەوەی گۆزەکە. وەڵام (کوپەی ئاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1511**
**زەردی چوار پێیە، کانیلەی لێیە، ئاگری پێی**
20220729091705425208=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



زەردی چوار پێیە، کانیلەی لێیە، ئاگری پێیە
مەتەڵەکە مەبەستی سەماوەری زەرد یان سەماوەری مسە، زەردی چوار پێ: مەبەستی چوار قاچی سەماوەرەکەیە کە لەسەری دەوەستێ ، کانیلە واتە: ئەو ئاوەی کە لە سەماوەرەکەدایە و گەرم دەکرێ ، ئاگری پێیە: مەبەست لە جەهاندەمی سەماوەرەکەیە کە ئاگری تیایە بۆ ئاوگەرم کردن. وەڵام (سەماوەر مس یان زەرد) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1512**

**زەردی زەردان، لەبن بەردان، وەکی مەردان**

[20220923185838435803=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923185838435803)

زەردی زەردان
لەبن بەردان
وەکی مەردان
مەبەست لە دوپشکی زەردە کە لەبن بەردا وەکوو کەسی مەرد وایە، منەتی لە هیچ نییە. وەڵام (دوپشک). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل26

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1513**
**زەردی زەردوویی شای زەردەخەنە سەد سندووق لەسەر سندوقێک بەنە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029150248442566](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029150248442566)

زەردی زەردوویی شای زەردەخەنە
سەد سندووق لەسەر سندوقێک بەنە
زەردوویی: جۆرە نەخۆشییەکە تووشی منداڵ دەبێ، هەموو پێشتی زەرد هەڵدەگەڕێ، زەردی زەردوویی شای زەردەخەنە، مەبەست لە ڕەنگی گەنمەشامییە کە سەرتاپای زەردە و گەش و جوانە، سەد سندووق لەسەر یەک سندووق بەندە، واتە: دەنکەکانی گەنمەشامی دانەدانە لەسەریەک ڕیزبوون، شێوەیان وەکوو سندووق وایە. وەڵام (گەنمەشامی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل56

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1514**

**زەردی زەردی لەبن بەردی**

20220923185544435801=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

زەردی زەردی
لەبن بەردی
حوکمی ڕۆژێ
زراوی بردی
دوپشک گیانەوەرێکی ژەهراوی ترسناکە، بە کلک پێوەدەدات، مەبەست مەتەڵەکە دوپشکە کە ڕەنگی زەردە، لەبن بەردا خۆی حەشاردەدات، کاتێک دەردەکەوێت، مرۆڤ دەترسێنێت. وەڵام (دوپشک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل26

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1515**

**زەردی زەردی لەبن بەردی ئەڵقەی شێر و گوێی نامەردی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029143602442558

زەردی زەردی
لەبن بەردی
ئەڵقەی شێر و گوێی نامەردی
مەبەستی مەتەڵەکە مارە، زەردی زەردی، مەبەست لە زەردەمارە کە ڕەنگی زەردە، لەبن بەردی، واتە: بۆ پشوودان یان خۆشاردنەوە، هەمیشە دەچێتە بن بەرد و پەنا، ئەڵقەی شێر و گوێی نامەردی، واتە: لە هەلێک دەگەڕێ بۆ ئەوەی بە مەرد یان نامەردەوە بدات. وەڵام (مار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل55

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1516**
**زەردی زەردەلۆ گۆشتی بێئێسقا، کێ هەڵیبدا ڕۆستەم پاڵەوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801051850425810

زەردی زەردەلۆ گۆشتی بێئێسقا، کێ هەڵیبدا ڕۆستەم پاڵەوان
زەردی زەردەلۆ: مەبەستی لە ڕەنگی پێستی کرمی زەوییە کە بەگشتی ڕەنگیان زەردە، گۆشتی بێ ئێسقان واتە: پێکهاتەی لەشی کرم ئێسکی تێدا نییە، کێ هەڵیبدا ڕۆستم پاڵەوان واتە: ئەوەی ئەم مەتەڵە بزانێت کەسێکی ئازایە. وەڵام کرمی زەوی. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1517**

**زەردی زەعفەران نە لە زەوییە و نە لە ئاسمان لەبەربەرۆچکەی شەیتان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029143338442557

زەردی زەعفەران
نە لە زەوییە و نە لە ئاسمان
لەبەربەرۆچکەی شەیتان

زەعفەران: گوڵێکی بۆنخۆشی سووریاوە، بەنرخ و بەکەڵکە (فەرهەنگی خاڵ) زەردی زەعفەران، مەبەست لە لوتەوانەیە، (لوتەوانە: ئەڵقەیەکی بچووکە، کچان یان ژنان بۆ خۆ ڕازاندنەوە دەیکەنە لوتیان) نە لە زەوییە و نە لە ئاسمان، واتە: بە لوتی ئافرەتەوەیە، لەبەربەرۆچکەی شەیتان، واتە: وەک کاری شەیتان وایە. وەڵام (لوتەوانە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل57

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1518**

**زەردی زەعفەران، نام لە ئێستران، بردم بۆ شاری کافران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821214731429564

زەردی زەعفەران
نام لە ئێستران
بردم بۆ شاری کافران
زەعفەران: گوڵێکی زەردی بۆنخۆشی سووربلاوە، زۆر بەنرخ و بەکەڵکە (فەرهەنگی خاڵ) زەردی زەعفەران، مەبەست لە توونتە کە پیرەپیاوەکان بە قەنە کێشاویانە، زەردیی ڕەنگی توتن و زەعفەران بەیەک چووێنراوە، نام لە ئێستران واتە: دوای ئەوەی لە گوندەکاندا تووتن دەکرێت، دوای چنین و خۆشکردن و ئامادەکردنی بۆ کێشان، بەباری وڵاخ دەبرێتە شار، بردم بۆ شاری کافران، مەبەست لەوەیە دەبرێتە شار و دەفرۆشرێت. وەڵام (توتن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1519**

**زەردی کوون کوون گریا بەتن بۆ پیاو و ژن**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922205620522590](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922205620522590)

زەردی کوون کوون
گریا بەتن
بۆ پیاو و ژن
بەتن: بەتوندی. زەردی کوون کوون، مەبەست لە شمشاڵە، (شمشاڵ: ئامێرێکی کەلەپووری موزیکیی کوردییە، لە قامیش درووستدەکرێت، حەوت یان نۆ کوونی تێدایە، فووداره و لەبۆنە تایبەتییەکاندا دەژەنرێت) ، گریا بەتن بۆ پیاو و ژن، واتە: لەکاتی ژەنینیدا دەنگێکی بەسۆزی هەیە، بەگریان چووێنراوە، ژن و پیاو دەیبیستن. وەڵام (شمشاڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل34

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1520**

**زەردیلەی بەڕۆژ میوان شەو ونبووی لە زیندان**

[20221204195252449123=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204195252449123)

زەردیلەی بەڕۆژ میوان
شەو ونبووی لە زیندان
مەبەست لە خۆرە کە گەرمی و رووناکی دەبەخشێ بە زەوی، زەردیلەی بەڕۆژ میوان، مەبەست لە خۆرە کە بەڕۆژ دەردەکەوێ و ڕەنگی زەردە، شەو ونبووی لە زیندان، واتە: بەشەو خۆر دیارنامێنێ و لەبەر چاوان وندەبێت، وەکوو وایە زیندانی کرابێت. وەڵام (خۆر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل38

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1521**

**زەردیلەی دەشتێ کلک لەسەر پشتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204195015449122

زەردیلەی دەشتێ
کلک لەسەر پشتێ
مەبەستی مەتەڵەکە دووپشکە، (دووپشک: گیانەوەرۆچکەیەکی ژەهرداری ترسناکە، لە وڵاتی کوردەواردا دوو ڕەنگی هەیە زەرد و ڕەش) زەردیلەی دەشتێ، مەبەست لە دووپشکی زەردە کە لە دەشتودەر هەیە، کلکی لەسەر پشتێ، مەبەست لە کلکی دووپشکە کە بەهۆیەوە پێوەدەدات، هەمیشە لەسەر پشتییەتێ. وەڵام (دووپشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل38

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1522**

**زەردێ پێکەنی گوڵی سپی کرد لە ساجە ڕەشدا بۆ نێو کۆشی برد**

[20221204195515449124=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?q=20221204195515449124&lng=1)

زەردێ پێکەنی گوڵی سپی کرد
لە ساجە ڕەشدا بۆ نێو کۆشی برد
مەبەست لە تەقاندنی گەنمەشامییە، زەردێ پێکەنی گوڵی سپی کرد، واتە: گەنمەشامی بە کاڵی ڕەنگی زەردە کە گەرم دەکرێ و دەتەقێ ڕەنگی سپی دەبێت، لە ساجە ڕەشدا، واتە: لە ساجدا گەمنەشامی لەسەر ئاگر گەرم دەکرێ و دەتەقێ. وەڵام (گەنمەشامی). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل37

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1523**

**زەردە بە وێنەی زەعفەران کلکی بە دەست بێخەبەران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920215213522143

زەردە بە وێنەی زەعفەران
کلکی بە دەست بێخەبەران
زەعفەران: گوڵێکی زەردی کەمێک سووربایوە، زۆر بەکەڵک و بەنرخە (فەرهەنگی خاڵ) ، بێخەبەر: بێئاگا. زەردە بەوێنەی زەعفەران، مەبەست لە زەردەواڵەیە کە ڕەنگی زەرد و سوورە، کلکی بە دەست بێخەبەران، واتە: زەردەواڵە کە ئەورووژێت، بە کەسی بێئاگاوە دەدات. وەڵام (زەردەواڵە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل27
کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1524**
**زەردە خۆ زەردە خەنە، سەد قتوو لەسەر یەک قتوو بەنە**

[20220819111223429094=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819111223429094)



زەردە خۆ زەردە خەنە
سەد قتوو لەسەر یەک قتوو بەنە
زەردە خۆ، مەبەست لە ڕەنگی زەردە، زەردە خەنە، واتە وەکوو ڕەنگی خەنە زەردە، مەتەڵەکە مەبەستی لە گەنمەشامییە، ڕەنگی خەنە و گەنمەشامی بەیەک چووێنراوە، سەد قتوو واتە: دەنکی گەنمەشامیی کە بە بنجێکەوە سەدان دەنکی پێوەیە، لەسەر یەک قتوو بەنە واتە: هەموو دەنکە گەنمەشامییەکان بەیەک بنجەوە نووساون کە بە قتوو چووێنراوە. وەڵام (گتەنمە شامیی). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 19-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1525**

**زەردە خۆر نییە، بار هەڵدەگرێ کەر نییە، دەفڕێ تەیارە نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729090606425205



زەردە خۆر نییە، بار هەڵدەگرێ کەر نییە، دەفڕێ تەیارە نییە
زەردە خۆر نییە واتە: هەنگ ڕەنگی زەردە وەک خۆر, بار هەڵدەگرێ کەر نییە: مەبەستی لە هەڵگرتنی هەڵاڵەی گوڵە، لە شوێنی گوڵەکەوە بۆ شانەکەی, دەفڕێ تەیارە نییە, فڕینی هەنگ چووێنراوە بە تەیارە. وەڵام (میش هەنگوینە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1526**
**زەردە دەردە، لەبن بەردە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801051414425809

زەردە دەردە، لەبن بەردە
دووپشک یا دوومشک، زەردە: مەبەست لە ڕەنگی زەردی دووپشکە، دەردە واتە: گەر پێوەبدا شوێنەکەی تووشی دەرد و ئازار دەکا، لەبن بەردە واتە: هەمیشە دووپیشک لە کاتی گەرمادا، لەبن بەردا خۆی دەشارێتەوە، بۆ ئەوەی گەرمای نەبێ. وەڵام دووپشک. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

---

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1527**

**زەردە زەرنیخ نییە سپییە پەنیر نییە بچووکە بۆق نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029143038442556

زەردە زەرنیخ نییە
سپییە پەنیر نییە
بچووکە بۆق نییە
زەرنیخ: ماددەیەکی کانزایی بریقەدارە، زەردە زەرنیخ نییە، مەبەست لە لیرەی ئاڵتووە، زەردی ڕەنگی ئاڵتوون بەزەردی زەرنیخ بەراوردکراوە، سپییە پەنیر نییە، لە پاکی و جوانیدا بە پەنیر چووێنراوە، بچووکە بۆق نییە، هەروەها لیرە لە بچووکیدا بە بۆق بەراوردکراوە. وەڵام (لیرەی ئاڵتوون) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل55

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1528**

**زەردە زەرنیخ نییە سپییە پەنیر نییە سەوزە شوتی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029145817442564

زەردە زەرنیخ نییە
سپییە پەنیر نییە
سەوزە شوتی نییە
زەرنیخ: ماددەیەکی کانزایی بریسکەدارە، زەردە زەرنیخ نییە، مەبەست لە ناوی گوڵی نێرگزە کە ڕەنگی زەردە و لەمەتەڵەکەدا بە ڕەنگی زەرنیخ بەراوردکراوە، سپییە پەنیر نییە، مەبەست لە پەڕەکانی گوڵی نێرگزە کە ڕەنگیان سپییە، سەوزە شوتی نییە، مەبەست لە ڕەنگی لاسکی نێرگزە. وەڵام (گوڵی نێرگز).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل57

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1529**

**زەردە زەعفەران نییە نووسراوە و قورئان نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029145600442563

زەردە زەعفەران نییە
نووسراوە و قورئان نییە
زەعفەران: گوڵێکی بۆنخۆشی سووریاوە، بەنرخ و بەکەڵکە (فەرهەنگی خاڵ) زەردە زەعفەران نییە، مەبەست لە لیرەی ئاڵتوونە، لە ڕەنگدا بە زەعفەران بەراوردکراوە، نووسراوە قورئان نییە، مەبەست لەو نووسینەیە کە لەسەر لیرە هەیە. وەڵام (لیرەی ئاڵتوون) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل55

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1530**

**زەردە زەعفەران نییە کلورەباسکە قەنتە نییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912222955520313](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912222955520313)

زەردە زەعفەران نییە
کلورەباسکە قەنتە نییە
کلورە: ناو بۆ شتێک کە لکی هەبێت وەک گوڵ. زەعفەران: گوڵێکی زەردی بۆنخۆشی سووریاوە (فەرهەنگی خاڵ) مەبەستی مەتەڵەکە گوڵی نێرگزە، کە وەک گوڵی زەعفەران جوانە و ناوی گوڵەکە زەردە، هەروەها گوڵی نێرگز پەڕەکانی یان لکەکانی ڕەنگیان سپییە. وەڵام (گوڵی نێرگز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل134

کاتی تۆمارکردن: 12-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1531**
**زەردە وەک تەڵا حاکمە وەک مەلا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204194100449119

زەردە وەک تەڵا
حاکمە وەک مەلا
تەڵا: لە بەشە شێوەزاری موکریان بەکاردێ، بەواتای زێڕ دێت، زەردە وەک تەڵا، مەبەست لە میوەی پرتەقاڵە کە ڕەنگی توێکڵەکەی وەک تەڵا یان زێڕ زەردە، حاکمە وەک مەلا، لەناو میوەکاندا یەکێکە لە باشترین و دڵبەرترین میوە کە مرۆڤ ئارەزووی لێدێتی. وەڵام (پرتەقاڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل37

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1532**
**زەردە وەک زەعفەران سپییە وەک بەفری کەلان**

2022102915002644256=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

زەردە وەک زەعفەران
سپییە وەک بەفری کەلان
زەعفەران: گوڵێکی بۆنخۆشی سووربۆرە، بەنرخ و بەکەڵکە (فەرهەنگی خاڵ) زەردە وەک زەعفەران، مەبەست لە ناوی گوڵی نێرگزە کە ڕەنگی زەردە و لە مەتەڵەکەدا بە ڕەنگی زەعفەران بەراوردکراوە، سپییە وەک بەفری کەلان، (کەل: مەبەست لە لوتکەی شاخە کە بەفر دەیگرێ ڕەنگی سپی دەبێت) مەبەست لە پەڕەکانی گوڵی نێرگزە کە ڕەنگیان سپییە و بە بەفری دەم کەل بەراوردکراوە. وەڵام (گوڵە نێرگز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل55

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1533**
## زەردە وەک هێلکەی ڕوونی کووڕە وەک داسی درووِنی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204194402449121

زەردە وەک هێلکەی ڕوونی
کووڕە وەک داسی درووِنی
روون: مەبەست لە ڕۆنی چێشتە، کووڕ: چەماوە، داس: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کاری دوورینی دانەوڵێە بەکاردێ. زەردە وەک هێلکەی ڕوونی، مەبەست لە ڕەنگی مانگە کە هەندێک جار لە تاریکە شەودا ڕەنگی زەرد دەبێت، زەردی ڕەنگی مانگ بە زەردێنەی ناو هێلکەوڕۆن چووێنراوە، کووڕە وەک داسی درووِنی، واتە: مانگ هەندێک جار کەوانەییە لە شێوەی داسدایە. وەڵام (مانگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارِی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا ل38

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1534**

**زەردە وەکوو زەردەبەی کاتێ دەستی بۆ ئەبەی حەز ئەکەی بەچنگ لێی خۆی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922204953522588

زەردە وەکوو زەردەبەی
کاتێ دەستی بۆ ئەبەی
حەز ئەکەی بەچنگ لێی خۆی

بەی: مەبەستی لە میوەی بەهێیە، زەردە وەکوو زەردەبەی، واتە: شانەی هەنگوین، هەنگ هەنگوین لەناو شانەدا درووست دەکات، زەردی ڕەنگی هەنگوین بە بەهێی زەرد چووێنراوە، حەز دەکەی بە چنگ بیخۆی، چۆن بەهێ بە چنگ دەگیرێت و دەخورێت، بەو شێوەیەش ئارەزوو دەکرێت هەنگوین بخورێت. وەڵام (شانەی هەنگوین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل33


کاتی تۆمارکردن: 2023-09-22

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1535**

**زەردەنی زەواڵەنی، پێچ پێچەنی و خاڵخاڵەنی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801052227425811](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801052227425811)



زەردەنی زەواڵەنی، پێچ پێچەنی و خاڵخاڵەنی

زەردەنی زەواڵەنی: مەبەستی لە حەسیری قامیشە کە ڕەنگی زەردە لە قامیشی وشک درووست دەکرێ، پێچ پێچەنی واتە: ئەو بەنەی کە پێچ پێچ قامیشەکەی پێدەبەستراوە، خاڵخاڵەنی واتە: ئەو نەخش و نیگارەی کە لەسەر حەسیرەکە هەیە. وەڵام حەسیری قامیش. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1536**

**زەردەکەوێ لەبن دەوێ ئەقاسپێنێ دانی دەوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912223506520316

زەردەکەوێ لەبن دەوێ
ئەقاسپێنێ دانی دەوێ
زەردەکەو جۆرێک کەوی کوێستانییە لە چیاکانی کوردستان بوونی هەیە. دەو: دەوەن، جارجار بۆ پشوودان کەوی دەچێتە بن، ئەقاسپە: دەنگی کەوە، واتە: کەو لەبن دەوەندا دەخوێنیت، بەڵام مەبەستی مەتەڵەکە ئاشە، (ئاش: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێت) ئاش بە زەردەکەو چووێنراوە و دەنگی بەرداشی ئاش بە قاسپەی کەو. هەروەها ئاش و کەو هەردووکیان دانەوێڵەیان دەوێت، ئاش دەیهاڕێت و کەو دەیخوات. وەڵام (ئاش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل3


کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1537**
**زەلی زەل بوار، قاڵی کوردستان، چنرا بە دەستان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918130938521278

زەلی زەل بوار، قاڵی کوردستان، چنرا بە دەستان.
زەل: خلیسک یان قامیش (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) قامیش لە کوردستان لە گەرمیان و کوێستاندا لە دەم چەم و ڕووبارەکاندا دەڕوێت، قاڵی: جۆرێک ڕاخەری تەنراوی بەنرخی کوردییە (فەرهەنگی خاڵ) ، مەبەستی مەتەڵەکە حەسیرە، (حەسیر: جۆرێک ڕاخەرە لە قامیش دەچنرێت) داهێنانی ژنە و بەدەست دەچنرێت، لە مەتەڵەکەدا حەسیر بە قاڵی چووێنراوە. وەڵام (حەسیر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل18

کاتی تۆمارکردن: 18-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1538**
**زەمین لافاوە شارێکە لەسەر ئاوە هەموو زیندەوەرێکی لەناوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028112558442290

زەمین لافاوە
شارێکە لەسەر ئاوە
هەموو زیندەوەرێکی لەناوە
مەبەست لە کەشتی و تۆفانی نووحە، زەمین لافاوە، مەبەست لە لافاوی گەورەیە کە لە مێژووی ئەفسانەدا بە تۆفانی نووح باس کراوە، شارێک لەسەر ئاوە، مەبەست لە کەشتی نووحە کە دوای لافاو بەسەر ئاوەوە دەگیرسێتەوە، هەموو زیندەوەرێکی لەناوە، مەبەست لە کەشتییەکەیە کە لە هەموو زیندەوەرێ نێرێک و مێیەکی تێدایە. وەڵام (کەشتی نووح) .

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1539**
**زەمیننە سەوز و خاوا ماراش بازاڕ سیاوا بەریش یا نە سووراوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013110406525953

زەمیننە سەوز و خاوا
ماراش بازاڕ سیاوا
بەریش یا نە سووراوا
وەڵام (چا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل17

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1540**

**زەنگی زەنگی زەنگەوان بۆ هەمووان بووە کاروان بیست و چوار نێرەبەران**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226125835454187](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226125835454187)

زەنگی زەنگی زەنگەوان
بۆ هەمووان بووە کاروان
بیست و چوار نێرەبەران
مەبەست لە کاتژمێرە، زەنگی زەنگی زەنگەوان، مەبەست لە زەنگلێدانی کاتژمێرە، بۆ هەمووان بووە کاروان، واتە: کاتی بۆ هەموو کەسێک دانا، بیست و چوار نێرەبەران، (بەران: مەڕی تەمەن چوار ساڵ) مەبەست لە کاتژمێرە کە بۆ دوازدە بەش دابەشکراوە، لە مەتەڵەکەدا بە دوازدە بەران چووێنراوە. وەڵام ( کاتژمێر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1541**
**زەنگیانەی زەنگی زەنگی، مورغ بێ زوان ئەگەر حلی بکەی، ئافەرم جوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923191403522810

زەنگیانەی زەنگی زەنگی، مورغ بێ زوان
ئەگەر حلی بکەی، ئافەرم جوان
مورغ: مریشک (فەرهەنگی خاڵ) ، حلی بکەی: ئەنجامەکەی بدۆزیتەوە. زەنگیانەی زەنگی زەنگی، مەبەست لە بۆقە، (بۆق گیانەوەرێکی بچووکە، لە ئاو و وشکانیدا دەژی) پێستی لەشی پاک و جوانە وەک زەنگیانە، مورغ بێ زوان، واتە: وەک مریشک بێ زمان و بێدەسەڵاتە، هەروەها ئەوەی بیزانێت وەڵامی مەتەڵەکە ئەوە پاڵەوانە. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل38

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1542**
**زەنگەنە بۆم هەڵکەنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029150530442567

زەنگەنە
بۆم هەڵکەنە
زەنگ: ئامێرێکە لە فافۆن یان مس دروستدەکرێ و دەزرینگێتەوە دەنگێکی ناسکی خۆشی لێپەیدادەبێ، زەنگەنە، مەبەست لە دۆپەی ئاوە کە لە بنمیچی بنزەرد یان ئەشکەوتەوە دێتەخوار و دەنگێکی لێوەدێ، بە دەنگی زەنگ بەراووردکراوە، بۆم هەڵکەنە، ئەو کاتەی دلۆپەی ئاو بەر جێگەیەک دەکەوێ، شوێنەکە چاڵ دەکات و وەک حەوزێکی لێدێت، لە مەتەڵەکدا بە هەڵکەندی باسیکردووە. وەڵام (دلۆپەی ئاو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل56

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1543**
**زەوی چەرمین، گاسنی بەردین، تۆوی نەرمین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729091137425207



زەوی چەرمین، گاسنی بەردین، تۆوی نەرمین
زەوی چەرمین: مەبەستی پێستی چاو یان دەموچاوە بەتایبەت پێڵووی سەر و خوار، گاسنی بەردین واتە: قەڵەمی چاوڕشتن کە چووێنراوە بە گاسن، تۆوی نەرمین: مەبەست لە کلی چاو ڕشتنە، کۆی مەتەڵەکە مەبەستی لە کاری چاوڕشتنە. وەڵام (کلچێو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1544**
**زەوی سپی و تۆوی ڕەش**
20220828135329430886=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



زەوی سپی و تۆوی ڕەش: لەناو بیر و خەیاڵی مرۆڤدا زەوی بۆ داچاندن بەکاردێ، تۆوی پێوەدەکرێ و دانەوێڵەی لێبەرهەم دێت، زەوی سپی، مەبەسی لە کاغەزی سپییە، بەراوردکراوە بە زەوی، تۆوی ڕەش، مەبەست لە قەڵەمە کە بە تۆو چووێنراوە، لەسەر کاغەزدا نووسینی پێ بەرهەم دێت. وەڵام (قەڵەم و کاغەز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29
کاتی تۆمارکردن: 28-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1545**

**زەوی سپییە ئاوی سیاوە ئاودێری دارە گۆخڵی پیاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923191633522812

زەوی سپییە ئاوی سیاوە
ئاودێری دارە گۆخڵی پیاوە
سیا: واتە ڕەنگی ڕەش (فەرهەنگی شێخانی) ، گۆخڵ: بە کەسێک دەوترێت کە مەرەزە بێنێتەبەرهەم (فەرهەنگی خاڵ) زەوی سپی، مەبەست لە وەرەقەیە کە لە بە زەوی چووێنراوە، چۆن لە زەویدا شت دەچێنرێت، لە وەرەقەشدا شت دەنووسرێت، ئاودێری دارە گۆخڵی پیاوە، واتە؛ لە زەویدا دار ئاو دەدرێت، بەڵام لەسەر وەرەقە ئەوەی دەنووسێت مرۆڤە، کە بە گۆخڵی مەرەزە چووێنراوە. وەڵام (قەڵەم و کاغەز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل37

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-23

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1546**
**ژن چواری هەیە، پیاو پێنجی هەیە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002204142524483](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002204142524483)

ژن چواری هەیە، پیاو پێنجی هەیە.
مەبەست لە ژمارەی خاڵی ناو ڕێنووسی وشەی ژن و پیاوە، مەتەڵەکە جۆرێکە لە یاریکردن بە خاڵی پیتەکان، ژن چواری هەیە، واتە: وشەی (ژن) چوار خاڵ لەسەرە پیتەکانە، پیاو پێنجی هەیە، واتە: وشەی (پیاو) پێنج خاڵ لەژێر پیتەکاندایە.
وەڵام (خاڵی سەر و ژێری پیتەکانی وشەی ژن و پیاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل55

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1547**

**ژن نییە پیاویش نییە بێ دایک و باوکیش نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027223950442226

ژن نییە
پیاویش نییە
بێ دایک و باوکیش نییە
مەبەست لە مرۆڤی نێرەمووکە کە نە ژنە و نە پیاوە، مرۆڤێکە هەر دوو ڕەگەزەکە لەیەک جەستەدا کۆبووەتەوە، بێ دایک و باوکیش نییە، واتە: کەسی نێرەمووک لە دایک و باوکێک درووستبووە، واتە: خاوەنی دایک و باوکە. وەڵام (نێرەموک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل51

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1548**

**ژن نییە کولێرەکەرە مار نییە سەربەکونە هەور نییە دەگرمێنێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204201525449130](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204201525449130)

ژن نییە کولێرەکەرە
مار نییە سەربەکونە
هەور نییە دەگرمێنێ
مەبەست لە کار و جووڵەی هەنگ یان مێش هەنگوینەیە، ژن نییە کولێرەکەرە، واتە: هەنگ لە کوورەکەیدا شانەی هەنگوین دروستدەکات، شانەی هەنگی بە کولێرە چووێنراوە، مار نییە سەربە کونە، مەبەست لە هەنگە کاتێک دەچێتەوە ناو کونی کوورەکەی، ئەو کردارەی هەنگ بە مار چووێنراوە، هەور نییە دەگرمێنێ، مەبەست لە گیزەی هەنگە. وەڵام (هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەوارپی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل39](#)

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1549**
**ژنانی شار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231213212133536598

ژنانی شار لەگەڵ پاشادا دەچن بەقیندا و ڕقیان لێی هەڵدەستێت، پاشا هەر پیاوێک بۆ ڕێککەوتن دەنێرێتە لای ژنەکان دەیکوژن، پاشا بێدەسەڵات دادەمێنێت، کوڕی ژنێکی هەژار، دەڵێت: پاشا من دەچم و ناشم کوژن، پاشا پاداشتی دەکات، کوڕەکە دەچێتە لای ژنەکان و نایکوژن، ئایا کوڕەکە چی بە ژنەکان دەڵێت کە وادەکات نەیکوژن. (وەڵام دەڵێت کێ خۆی بە ناشرین دەزانێت، بابێت بمکوژێت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی پێشینان، مەتەڵی کوردەواری، ع.ع.شەونم، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی، 1989، ل10.

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1550**

## ژنی سک پڕ سێبەری نییە

20220824170448430095=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ژنی سکپڕ سێبەری نییە.
هەموو شتێک لەسەر زەوی لە کاتی ڕۆژدا کە هەتاو لێی دەدات، بەشی پشتی هەتاوەکەی دەبێتە سێبەر، ژنی سکپڕ سێبەری نییە، مەبەستی لە مانگە کە لەیەکەم دەرکەوتنیدا تەنیا یەک کەوانە و لە کوردەواردا پێی دەوترێ مانگی یەک شەوە، دواتر سێبەری زەوی لەسەر لادەچێت و لە پازدەیەم ڕۆژدا پڕ دەبێ و بەتەواوەتی خڕدەبێتەوە، لەمەتەڵەکەدا بە ژنی سک پڕ چووێنراوە، لە ئاسماندایە و سێبەریشی دیار نییە. وەڵام (مانگ). [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل26

کاتی تۆمارکردن: 24-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1551**

**ژووری دوو دەرگا چل سەربازی تێدایە**

[2022120420180449132=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204201804449132)

ژووری دوو دەرگا، چل سەربازی تێدایە.
مەبەستی مەتەڵەکە شقارتەیە، (شقارتە: بۆ کردنەوەی ئاگر بەکاردێت، قاوغێکی مقەبای ئەستوورە، دەیان دەنک داری باریکی تێدایە، سەری دارەکان کبریتی پێوەیە، لەکاتی داگیرساندا گڕدەگرێ) . ژووری دوو دەرگا، مەبەست لە قاوغی شقارتەیە کە بە دوو دیودا دەکرێتەوە، چل سەربازی تێدا، مەبەست لە دەنکی شقارتەیە. وەڵام (شقارتە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل39

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1552**

**ژوورێکم هەیە تاریک تاریک پڕە لە زەنگە قڵیشەی باریک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027224707442232

ژوورێکم هەیە تاریک تاریک
پڕە لە زەنگە قڵیشەی باریک
ژوورێکم هەیە تاریک تایک، مەبەست لەناو دەمی مرۆڤە کە وەک ژوور وایە و بە ژووری تاریک بەراوردکراوە، پڕە لە زەنگە قڵیشەی باریک، مەبەست لە ددانە، واتە: ناو دەمی مرۆڤ پڕە لە ددانی باریک و رێک. وەڵام (دەم و ددان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل51

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1553**

**ژوورێکم هەیە لە ژووران تێیدایە سی و دوو بەردی جوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204202033449134

ژوورێکم هەیە لە ژووران
تێیدایە سی و دوو بەردی جوان
مەبەست لە دەم و ددانی مرۆڤە، ژوورێکم هەیە لە ژووران، مەبەست لە دەمی مرۆڤە کە لە مەتەڵەکەدا بە ژوور چووێنراوە، تێیدایە سی و دوو بەردی جوان، مەبەست لە سی و دوو دانەی دەمی مرۆڤە کە بە بەردی جوان چووێنراوە. وەڵام (دەم و ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل39

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1554**

## ژوورێکمان هەیە تاریک پڕە لە وردەبەردی باریک

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204201225449128

ژوورێکمان هەیە تاریک
پڕە لە وردەبەردی باریک
مەبەست لە دەم و ددانی مرۆڤە، ژوورێکمان هەیە تاریک، مەبەست لە دەمی مرۆڤە کە لە مەتەڵەکەدا بە ژووری تاریک چووێنراوە، پڕە لە وردە بەردی باریک، مەبەست لە سی و دوو دانەی دەمی مرۆڤە کە بە وردە بەردی باریک و جوان چووێنراوە. وەڵام (دەم و ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل39

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1555**

**ژوورێکی پاک و سپی، خانمی جوانی تیا ئەژیی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821102857429414

ژوورێکی پاک و سپی
خانمی جوانی تیا ئەژیی
ژوورێکی پاک و سپی، مەبەست لەناو دەمی مرۆڤە کە زۆر خاوێن و پاکە، سپی: مەبەست لە ڕەنگی ددانەکانی مرۆڤە کە لەناو دەمدا هەن، خانمی جوانی تیا ئەژیی، مەبەست لە ددانەکانی مرۆڤە کە لە پەندەکەدا بە خانمی چوواندوون. وەڵام (دەم و ددان). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1556**

**ژیوەڵەیەک سەمادەکا کاردەکا بایەخی خۆی گران دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226120058454178

ژیوەڵەیەک سەمادەکا
کاردەکا بایەخی خۆی گران دەکا
مەبەست لە هەنگ یان مێشهەنگە، ژیوەڵەیەک سەمادەکا، (ژیوەڵە: بچکۆلەیەکی گورجووگۆڵ) واتە: هەنگ گیانەوەرۆچکەیەکی بچکۆلانەی ماندوو نەناس و گورجووگۆڵە، کار دەکا بایەخی خۆی گراندەکا، واتە: هەنگوین دروستدەکا و نرخی گرانە. وەڵام (هەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1557**

**ژێری ئاگرە سەری ئاوە سکی خەزێنەیە**

20220923190051435804=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ژێری ئاگرە
سەری ئاوە
سکی خەزێنەیە.
مەبەست لە سەماوەرە، ژێری ئاگرە، واتە: سەماوەر ئاگرەکەی لە بەشی ژێرەوەیە، سەری ئاوە، واتە: ئەو ئاوەی دەکرێتە ناو سەماوەر دەکەوێتە بەشی سەرەوە و بە ئاگرەکە دەکوڵێت، سکی خەزێنەیە، مەبەست هەر لە ئاوی ناو سەماوەرە. وەڵام (سەماوەر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سۆرانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕواندز |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1558**

**ژێری سپییە پشتی ڕەشە سەد کڵوی لەسەرکە دەیسووتێنێ بەچەند چرکە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027225635442233](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027225635442233)

ژێری سپییە پشتی ڕەشە
سەد کڵوی لەسەرکە
دەیسووتێنێ بەچەند چرکە

ژێری سپییە پشتی ڕەشە، مەبەست لە ساجی نانکردنە، بەهۆی دووکەڵی ئاگرەوە ڕەنگی ڕەش دەبێت، سەد کڵۆی لەسەرکەی، واتە: سەد جار نانی پێدابدەی بۆت دەبرژێنێ. دەیسوتێنێ بەچەند چرکەیەک، واتە: ئەو کاتەی نان لەسەر ساج برژا، دواى چەند چرکەیەک فریای نەکەوی دەیسووتێنێ. وەڵام (ساجی نان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل51

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1559**

**ژێرەکەی پەڕۆ سەرەکەی چەرمۆ بیکە بەخۆتا و خۆشحاڵ برۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912221714520305

ژێرەکەی پەڕۆ سەرەکەی چەرمۆ
بیکە بەخۆتا و خۆشحاڵ برۆ
مەبەست لە کڵاشی کوردییە، (کڵاش: پێڵاوێکی کەلەپووری کوردییە، ژێرەکەی پەڕۆیە و سەرەکەی دەزوویەکی چنراوێکی سفتی سپییە) چەرمۆ: واتە: سپی، ژێرەکەی پەڕۆ سەرەکەی چەرمۆ، مەبەست لە کڵاشە، هەر کەس لەپێی بکات، لەبەر نەرم و شلییەکەی بەئاسانی بەرێگەدا دەڕوات. وەڵام (کڵاش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل20

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1560**

**ژەهری تیژە و گووی شیرین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221027225946442234

ژەهری تیژە و گووی شیرین.
مەبەست لە هەنگ، مێش هەنگوینەیە، ژەهری تیژە، واتە: هەنگ لە بەشی کۆتایی جەستەیدا چزوویەکی تیژ هەیە، بۆ بەرگریکردن بەکاری دێنێ، لەکاتی پێوەداندا زۆر بەئازارە، گووی شیرینە، مەبەست لە گەنگوینی هەنگە کە تامی شیرین و خۆشە. وەڵام (هەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل51

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1561**
**سائینە چێشەن تووتەێ سیاوەن دەماخوو چاخەن لێ لەمش ئاوەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016192533526361

سائینە چێشەن تووتەێ سیاوەن
دەماخوو چاخەن لێ لەمش ئاوەن
نزیکوو دووری یەکسانەن پەریش
بێ تەرسێ مەپرۆ کۆڵێ ساحێوش
وەڵام (کونە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: | هەورامی |
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل43

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1562**
**ساباتی بێ ستوون**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204222302449167

ساباتی بێ ستوون.
لە ژیانی گوندنشینانی کوردەواردا، بەتایبەت لەنێوان ملک و کێڵگە کشتوکاڵییەکانیاندا، کەپر بۆ پشوودان دروستدەکەن، کەپرەکان لانی کەم چوار کۆڵەکەی بۆ دادەنێن، بۆ ئەوەی تامانی گەڵای سەر کەپرەکەی لەسەر بووەستێ، مەتەڵەکە مەبەستی لە ئاسمانە کە بەسەر سەرمانەوە ڕاوەستاوە و هیچ کۆڵەکەیەکیشی نییە. وەڵام (ئاسمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل41

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1563**

**ساجی زنجیر، کەوتە مەنجەڵ، کۆڵەکە نەوی، بەغدا ڕەوی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220828140916430890

ساجی زنجیر، کەوتە مەنجەڵ، کۆڵەکە نەوی، بەغدا ڕەوی.
ساج بە زنجیر بە سێپایەکدا هەڵدەواسرێ و خواردنی تێدا سازدەکرێت، ساج: مەبەست لە ئاسمانە کە لە قەوسیدا لە ساج دەچێت، کەوتە مەنجەڵ: مەبەست لە زەوییە کە بە مەنجەڵ چووێنراوە، کۆڵەکە نەوی، کۆڵەکەی هەر ژوورێک بکەوێ، سەقفەکەی دێتەخوار، کاتێک کە باران دەبارێت، وەکوو ئەوە وایە کە ئاسمان کەوتبێت و هەمووی بێتەخوار، بەغدا ڕەوی، مەبەست لە هەورەبرووسکەی کاتی باران بارینە. وەڵام (هەورەبروسکە و باران) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 28-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1564**

**ساجی زڕ زڕ، کەوتە ناو خڕ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801060342425819

ساجی زڕ زڕ، کەوتە ناو خڕ
ساج یان سێڵە: ئامێرێکە بۆ نان برژاندن بەکاردێت، هەم گەرمییکەی و هەم پشتەکەی کەوانەییە و لە خۆر دەچێ ، زڕ زڕ واتە: تیشکی خۆر کە تاڵ تاڵ دەگەتە سەر زەوی، کەوتەناو خڕ واتە: تیشکی خۆر گەیشتە دەشتودەر و شیو و دۆڵ. وەڵام تیشکی خۆر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1565**

**ساجە لەتێک بە حەواوە هەر کەس هەڵیبێنێ عەقڵی تەواوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926123406523459

ساجە لەتێک بە حەواوە
هەر کەس هەڵیبێنێ عەقڵی تەواوە
ساج: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ برژاندنی نان بەکاردێت، ئەقڵ: بیروهۆش، حەوا: ئاسمان. ساجە لەتێک بە حەواوە، مەبەست لە گوێچکەی مرۆڤە کە بە لەتە ساج چووێنراوە، هەر کەسی زانی وەڵامی مەتەڵەکە چییە، ئەوە کەسێکی بە بیروهۆشە. وەڵام (گوێچکە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل46

کاتی تۆمارکردن: 26-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1566**
**ساف و لووسە، چل و چوار گوێچکەی هەیە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205135809534027](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205135809534027)

ساف و لووسە، چل و چوار گوێچکەی هەیە.
مەبەستی لە سینییە، (سینی: ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، لە کانزای مس یان کانزای سپی دروووستدەکرێت، ساف و لووسە یان نەخشی لەسەر دەکرێت، لێوارەکانی بۆ جوانی و نەخش شەپۆلێکی تێدایە) ، ساف و لووسە، مەبەست لەناو یان پشتی سینییە کە سافە، چل و چوار گوێچکەی هەیە، مەبەست لە قەراغی سینییە. وەڵام (سینی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | یەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل184

کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1567**

**سافیلی سافانسافە چۆ هەسان، قەوەیٚ شڕ ئەو ژێر قەوەیٚ نوو ئەوبان هەم دەرمان ژان، هەم جیگیر نان، مەردم لیٚ تیەرن لەقەی کوێسان**

[2023101508585152627 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015085851526276)

سافیلی سافانسافە چۆ هەسان، قەوەیٚ شڕ ئەو ژێر قەوەیٚ نوو ئەوبان
هەم دەرمان ژان، هەم جیگیر نان، مەردم لیٚ تیەرن لەقەی کوێسان
وەڵام (قارچک). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: | هەورامی |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل35

کاتی تۆمارکردن: 15-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1568**

## سام سامداربێم زۆرەس تەخت تەڵا نشین گوڵ و خونچە پەیوەست

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912215552520295

سام سامداربێم زۆرەس
تەخت تەڵا نشین گوڵ و خونچە پەیوەست
سام: ترس، سامدار: بۆ کەسێک بەکاردێت لە خەڵکی لێی بترسن، مەتەڵەکە مەبەستی هەنگە کە چزووی بۆ پێوەدان هەیە، تەخت تەڵا نشین، مەبەست لە شانەی هەنگوینی هەنگە کە لە زەردیدا بە تەڵا زێڕ چووێنراوە، گوڵ و خونچە پەیوەست، واتە هەنگ هەنگوین لە شیلەی گول درووستدەکات. وەڵام (هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل136

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1569**

**سانیە چیشە، ئەی برای زانا، ساحیۆ عەقڵ و فام دەرک و توانا، دویٚ یا نیمان هەنی بەرزیٚ، پیٚ لکیٚ مدرەیۍ مەحکەم، بەیەک کوڵەکیٚ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016210926526392

سانیە چیشە، ئەی برای زانا، ساحیۆ عەقڵ و فام دەرک و توانا، دویٚ یا نیمان هەنی بەرزیٚ، پیٚ لکیٚ مدرەیۍ مەحکەم، بەیەک کوڵەکیٚ.
وەڵام (لووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل47

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1570**
**ساڵی جارێک ئاهەنگە لە دەشتودەر گۆڤەندە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206033152449330

ساڵی جارێک ئاهەنگە
لە دەشت و دەر گۆڤەندە
مەبەست لە جەژنی نەورۆزە، (نەورۆز: جەژنێکی نەتەوەیی کوردە، هەموو ساڵێک لە یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهاردا، کوردان بۆنەی نەورۆز پیرۆز دەکەن) ساڵی جارێک ئاهەنگە، مەبەست لە جەژنی نەورۆزە کە ساڵی یەک جار دەکرێ، لە دەشتودەر گۆڤەندە، واتە: لە دەشتودەر ئاگر دەکرێتەوە و ئاهەنگ دەگیردرێ. وەڵام (جەژنی نەورۆز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا ل44

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1571**
**ساڵی جارێک جوان دەبێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226152239454249

ساڵی جارێک جوان دەبێتەوە.
ساڵی جارێک نوێ دەبێتەوە.
مەبەست لە جەژنی نەورۆزە، (نەورۆز: جەژنێکی نەتەوەیی گەورەی گەلی کوردە، هەموو ساڵێک لە یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهار، کوردان لە تەواوی دنیادا یادی دەکەنەوە) ساڵی جارێک نوێ دەبێتەوە، واتە: جەژنی نەورۆز ساڵی یەکجار دێت و پیرۆز دەکرێ. وەڵام (جەژنی نەتەوەیی نەورۆز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل14

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1572**

**سایەقەی ساماڵ، هەوری فەرەنگی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220928100709436405



سایەقەی ساماڵ، هەوری فەرەنگی، دوو ئاو لە جامێ هەریەک لە ڕەنگی
یان:
سایەقەی ساماڵ قەڵەم فەرەنگی، دوو ئاو لە جامێ هەریەک لە ڕەنگی
وەڵام: سپێنە و زەردێنەی هێلکە
لە زمانی کوردیدا بە (سپێنە)ی هێلکە دەشوترێت (چەرمێنە)
چەرموو واتا سپی، هەندێک کەس بە ئەسحابە سپییان دەوت: ئەسحابە چەرموو.

1- سایەقە: لەنێوەڕاستی وەرزی پایز ەوە تاکو مانگێک بەهار، هەر شەوێک ئاسمان ساف و بێگەرد بێت و هەوری پێوە نەبێت بەو شەوە دەڵێن سایەقە، لەو شەوانەدا سیخوار لەسەر گژوگیا دەنیشێت و ئاوەکان دەیبەستن و ڕێگەوبان دەبێتە شەختە و سەهۆڵبەندان، خۆ ئەگەر کزەبایەکیشی هەبێت لە کوردەواریدا دەڵێن ئەمشەو زۆر ساردە وەک چەقۆ دەیبڕێت واتە کاریگەریی سەرماکە هێندە زۆر دەبێت جلوبەرگ و پۆشاک نایگرێتەوە و سەرماکە کار لە ناخ و هەناوی مرۆڤ دەکات.
2- ساماڵ: لە وەرزی بەهار کاتێ هەوا خۆش دەبێت و سێ مانگەی هاوین تاکو ناوەڕاستی پایز کاتێ ئاسمان ساف و بێگەرد بێت و هەور نەبێت دەوترێت ئەمشەو ئاسمان ساماڵە.

ئەم مەتەڵە بەمشێوەیەش دەوترێت:
هەر ساڵێ ساڵێ، هەر دەورێ دەورێ دوو ئاو لە جامێ، هەریەک لە ڕەنگێ
دەور: چەرخی ڕۆژگار، هەر ساڵێ ساڵێ، هەر دەورێ دەورێ واتە: لە هەموو ساڵێک و لە هەموو کات و چەرخ و ڕۆژگارێکدا هەیە، دوو ئاو لە جامێ، مەبەست لە زەردێنە و سپێنەی هێلکەیە، لە شلیدا بە ئاو و قەپاغی هێلکەش بە جام چووێنراوە، هەریەک لە ڕەنگێ مەبەست لە سپێنە و زەردێنەیە کە ڕەنگیان زەرد و سپییە. وەڵام (زەردێنە و سپێنەی هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

:QR Code

سەرچاوەکان
[1] تۆڕی کۆمەڵایەتی | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ فەیسبووک؛ پەیجی (Bakir Ahmady) 27-11-2021
کاتی تۆمارکردن: 28-09-2022
ناوی تۆمارکار: زریان سەرچناری

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1573**
**سایەقەیە لەسەرەوە، باران و بەفرە لەژێرەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231213212558536599

سایەقەیە لەسەرەوە، باران و بەفرە لەژێرەوە.
سایەقە: بەرۆژ یان شەوێک دەوترێت کە ئاسمان هەوری نەبێت و ساماڵ بێت، مەبەستی مەتەڵەکە ئارد بێژانەوەیە بە هێڵەک، لەسەروو هێڵەکە و ئاردەکەوە هیچ باس نییە، لەژێر هێڵکەکەوە ئاردە بێژراوەکە دێتەخوار، ئەوە چوێنراوە بە بارینی بەفر و باران. وەڵام (هێڵەک و ئارد بێژانەوە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی پێشینان، مەتەڵی کوردەواری، ع.ع.شەونم، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی، 1989، ل10.

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1574**

**سبح تا شەو کەوش ئەبەستێ شەو تا سبح کەوش ئەکاتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002212719524496

سبح تا شەو کەوش ئەبەستێ
شەو تا سبح کەوش ئەکاتەوە
سبح: بەیانی. کەوش: جۆرێک پێڵاوی کەلەپووری کوردییە، لە چەرم درووستدەکرێت و بە قەیتان توونددەکرێت) ، مەبەستی مەتەڵەکە کرمی هەزارپێیە، سبح تا شەو کەوش ئەبەستێ، مەبەست لە کرمی هەزارپێیە، گەر پێڵاو لە پێ بکات، رۆژێکی پێویستە بۆ قەیتان توونددکردن، هەروەها شەوێکیشی پێویستە بۆ ئەوەی قەیتانەکانی بکاتەوە. وەڵام (هەزارپێ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل57

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1575**
**سپی پەستراوە بۆ قونی باوکت کراوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031143722442805

سپی پەستراوە
بۆ قونی باوکت کراوە
سپی پەستراوە، مەبەست لە لبادە، (لباد: جۆرێک ڕاخەری کەلەپووری کوردییە، لە خوری بەرگن درووستدەکرێ، چین چین دادەنرێ، بە مشتوو دەکوترێ و دەپەسترێتەوە، بۆ ئەوەی یەکبگرێ) بۆ قونی باوکت کراوە، واتە: باوک لەسەری دادەنیشێ.
وەڵام (لباد) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل63

کاتی تۆمارکردن: 31-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1576**

**سپی سپی پەریخان دایمگەڕی دیوەخان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216211302452301

سپی سپی پەریخان
دایمگەڕی دیوەخان
مەبەست لە کاغەزی سپی تیانووسینە، سپی سپی پەریخان، واتە کاغەزکە لە سپێتیدا بە پەری ئاسمان چووێنراوە، دایمگەڕی دیوەخان، واتە: لە دیوەخانی میر و بەگزادەکانی کوردەواردا بوونی هەبووە، هۆنراوە و شانامەیان تێدا تۆمارکردووە. وەڵام (کاغەزی سپی). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل48

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1577**

**سپی سپی پەریخان، دایمە دەچتە دیوەخان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801055330425817

سپی سپی پەریخان، دایمە دەچتە دیوەخان
سپی سپی پەریخان واتە: دانەوێڵەی برنج کە لە سپێتی، جوانی و ناسکیدا بە پەری چووێنراوە، دایمە دەچتە دیوەخان واتە: هەموو کاتێک لە چیشتخانە سازدەکرێت و بۆ خواردن دەبرێتە دیوەخان و وەک خواردنێکی بەهادار، پێشکەشی میوان دەکرێت. وەڵام برنج. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1578**

**سپی سپی کلوکلو**

[20220916194618434370=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220916194618434370)

سپی سپی کلوکلو
وەک پەڕە مریشک وەک پەموو
دێتەخوارەوە لە ئاسمان
دەڕژێتە سەر جادە و کۆڵان
دەشت و دەر و سەربان خانوو
دەکا بەیەک ڕەنگێ هەموو
دەتوێتەوە لەناکاو
ساردە هەموو دەبن بە ئاو
ئەگەر لێشت کردە تۆپەڵ
زوو دەیزانی مانای مەتەڵ
مەبەستی مەتەڵەکە بەفرە کە دەبارێت دەشت و دەر سپی دەکات. وەڵام (بەفر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل77

کاتی تۆمارکردن: 16-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1579**
**سپی سێ لاق**

[20230722214616509061=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230722214616509061)

سپی سێ لاق.
سپی سێ پا.
سپی سێ پێ.
سپی سێ قاچ.
پنە یان خوانە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، سەرەکەی تەختە و سێ پای کوورتی هەیە لەسەری دەوەستێت، لە تەختە یان گەچ درووستدەکرێت، نانی لەسەر دەکرێتەوە، سپی سێ لاق، مەبەست لە پنەیە، سێ پا یان قاچ، مەبەست لەو سێ قاچەیە کە لەسەری وەستاوە. وەڵام (پنە یان خوانە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل63

کاتی تۆمارکردن: 22-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1580**
**سپی و پانە سێ مەمکی لە بنانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204214719449155

سپی و پانە
سێ مەمکی لە بنانە
مەبەست لە پنە یان خوانەیە، (پنە: پێشی دەوترێ خوانە، ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دار یان لە گەچ درووستدەکرێ، بۆ کردنەوەی نان بەکاردێت) سپییە و پانە، مەبەست لە پنەیە، سێ مەمکی لە بنانە، مەبەست لە سێ قاچی پنەیە کە بە مەمک چووێنراوە. وەڵام (پنە، خوانە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل41


کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1581**
**سپی و لووس و زل و تاتە ڕاخەری کوردیی و جێی براتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031144030442806

سپی و لووس و زل و تاتە
ڕاخەری کوردیی و جێی براتە
تات: مەبەست لەو بەردە تەختەیە کە لە نزیک کانییەکاندا بوونی هەیە و خەڵکی نوێژی لەسەردەکەن، سپی و لووس و زل و تاتە، مەبەست لە حەسیرە کە لووس و گەورەیە و وەکوو تات خەڵکی لەسەری دادەنیشن، ڕاخەری کوردیی و جێی براتە، واتە: ڕاخەرێکی دروستکراوی کەلەپووری کوردییە. وەڵام (حەسیر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل63


کاتی تۆمارکردن: 2022-10-31
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1582**

**سپی و وردە دەفڕێ هەموو وڵاتێک دەگەڕێ بە فوویەک دەمرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103153349456217

سپی و وردە دەفڕێ
هەموو وڵاتێک دەگەڕێ
بە فوویەک دەمرێ

مەبەست لە بەفرە، سپی و وردە دەفڕێ، وەسفی بەفر دەکات کە ڕەنگی سپییە و وردە، کاتێک کە دادەبارێ بە ئاسماندا بڵاودەبێتەوە لە مەتەڵەکەدا بە فڕین چووێنراوە. هەموو وڵاتێک دەگەڕێ، واتە: لە هەموو وڵاتێک دادەبارێ، بە فوویەک دەمرێ، واتە: بەرگەی گەرمی ناگرێ و دەتوێتەوە. وەڵام (بەفر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل125.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1583**

**سپییە بەفر نییە تامی هەیە شەکر نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204215627449157

سپییە بەفر نییە
تامی هەیە شەکر نییە
مەبەست لە خوێ یە، سپییە بەفر نییە، مەبەست لە ڕەنگی خوێیە کە وەک بەفر سپییە، هەروەها لە وردیشدا هەر لە بەفر دەچێ، تامی هەیە شەکر نییە، واتە: خوێ وردیی و زبرییەکەی لە شەکر دەچێ، بەڵام خوێ تامی سوێرە و شەکر تامی شیرینە.
وەڵام (خوێ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل41

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1584**

**سپییە بەفر نییە زەردە قەیسی نییە گردە گوێز نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011132451525557

سپییە بەفر نییە
زەردە قەیسی نییە
گردە گوێز نییە
گرد: مەبەست لە شتی کوورت و بچووک و کوورتەباڵایە، سپییە بەفر نییە، مەبەست لە توێکڵی هێلکەیە کە ڕەنگی وەک بەفر سپیە، زەردە قەیسی نییە، مەبەست لە زەردێنەی هێلکەیە کە ڕەنگی وەک قەیسی زەردە، گردە گوێز نییە، مەبەست لەوەیە کە هێلکە هاوشێوەی گوێز گرد و بچووکە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 92

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1585**
**سپییە بەڵام پەنیر نییە کلکی هەیە مشک نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221217210957452504

سپییە بەڵام پەنیر نییە
کلکی هەیە مشک نییە
مەبەست لە ڕسقە، (ڕسق: گیانەوەرێکی کێوییە، شێوەی لە جرج دەچێ، بەڵام گۆشتخۆرە، ڕەنگی سپییە، هەندێکجاریش ڕەنگی ڕەشە) سپییە پەنیر نییە، مەبەست لە ڕسقە، کلکی هەیە مشک نییە، واتە: ڕسق وەکوو مشک کلکی هەیە. وەڵام (ڕسق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل50

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1586**

**سپییە درێژە چۆڕاوە ئەگەر نازانی پڵاوە**

[20221031143427442804=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031143427442804)

سپییە درێژە چۆڕاوە
ئەگەر نازانی پڵاوە
وەڵامی مەتەڵەکە لەناو خۆیدایە، مەبەست لە پڵاوی برنجە، سپییە درێژە واتە: دەنکی برنج هەم سپییە و هەم درێژە، چۆڕاوە، واتە: کاتێک کابان پڵاو لێدەنێ، برنجەکە دەشواتە و دەخوسێ و ئاوەکەی دەچۆڕێتەوە پاشان لیدەنرێ. وەڵام (پڵاوی برنج) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل63

کاتی تۆمارکردن: 31-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1587**

**سپییە شیر نییە زەردە هێلکە نییە شینە گیا نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031142147442800

سپییە شیر نییە
زەردە هێلکە نییە
شینە گیا نییە
مەبەستی مەتەڵەکە گوڵی نێرگزە، سپییە شیر نییە، مەبەست لە پەڕەی گوڵی نێرگزە کە ڕەنگی سپییە و بە شیر چووێنراوە، زەردە هێلکە نییە، مەبەست لە ناوی گوڵی نێرگزە کە ڕەنگی زەردە وەک زەردێنەی هێلکە، شینە گیا نییە، مەبەست لە لاسکی نێرگزە کە ڕەنگی سەوزە. وەڵام (نێرگز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل63

کاتی تۆمارکردن: 31-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1588**

**سپییە نە کەسکە گووەبەلە نە مشکە بەهاران تەڕە و هاوینان وشکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226151017454244

سپییە نە کەسکە
گووەبەلە نە مشکە
بەهاران تەڕە و هاوینان وشکە
مەبەست لە هێلکە شەیتانۆکەیە، (هێلکە شەیتانۆکە: کرمۆکەیەکی بچووکی توێکڵدارە، لە وەرزی بەهاراندا لە کوردستان دەردەکەوێ) سپییە نەکەسکە، (کەسک: سەوز) واتە: ڕەنگی سپییە نەک سەوز، گووەبەلەیە نە مشکە، (بەل: قوت) شێوەی قوت و کەمێک بەرزە، بەهاران تەر و هاوینان وشکە، واتە: لە وەرزی بەهاردا دەژیی و لە وەرزی هاویندا دەمرێ.
وەڵام (هێلکە شەیتانۆکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل14

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1589**

**سپییە و لووسە و زڵڵەیە و پێوناڵێم**

20220809210554427445=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سپییە و لووسە و زڵڵەیە و پێوناڵێم.
سپییە و لووسە مەبەست لەپێ دەست یان بەری دەست، لە کاتی تورەبووندا زڵڵەی پێ دەوەشێندرێ، زڵڵەیە و پێوناڵێم، واتاکەی لەناو مەتەڵەکەدا هاتووە، زیاتر بۆ سەرلێشێواندنی گوێگر بەکارهاتووە، بێژەری مەتەڵ لەکاتی وتنی مەتەڵەکەدا چەپۆکێ یان زڵڵەیەک بەهێواشی لە گوێگر دەدا، وەکوو جۆرێک لە گاڵتەکردن. وەڵام (زڵڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1590**

**سپییە وەک ئارد لە جێگەی سارد**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916095722520880

سپییە وەک ئارد
لە جێگەی سارد
مەبەست لە بەفرە، (بەفر لە ناوچە چیاییە ساردەکانی وڵاتی کوردەواردا لە وەرزی زستاندا دەبارێت) سپییە وەک ئارد، مەبەست لە بەفرە کە ڕەنگی وەک ئارد سپییە و وردە، لە جێگەی سارد، واتە: بەفر لە کوردستان تەنیا لە جێگە شاخاوییە ساردەکاندا دەبارێت. وەڵام (بەفر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل7

کاتی تۆمارکردن: 16-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1591**
**سپییە وەک پەنیر، ڕەشە وەک قیل، دەڕوا وەک تیر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729103856425221



سپییە وەک پەنیر، ڕەشە وەک قیل، دەڕوا وەک تیر
مەبەست لەو پەڕە نووک تیژەیە کە بە لەشی سیخوڕەوە هەیە، پەڕەکان بەشی سەرەوەیان ڕەنگی سپییە، لە مەتەڵەکەدا بە پەنیر ناوبراوە، بەشی خوارەوەی پەڕەکان ڕەنگی ڕەشە، لە مەتەڵەکەدا بە قیر ناوبراوە، سیخوڕ لە کاتی شەڕکردندا، پەڕە نوکتیژەکانە دەچەقێنێتە لەشی ئەو دوژمنەی بۆی دێت، وەک تیر وایە. وەڵام پەڕی سیخوڕ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1592**

**سپییە وەک ڕیشی باوا نەرمە وەک قژی ساوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926123844523460

سپییە وەک ڕیشی باوا
نەرمە وەک قژی ساوا
مەبەستی مەتەڵەکە لۆکەیە، (لۆکە: لە ڕووەکی لۆکە بەرهەم دێت، لەکاتی پێگەشتنیدا، قۆزاخەکان دەتەقن و لۆکەکان دێنەدەر، لە کوردەواردا دەکرێت بە دۆشەک و سەرین و پشتی) سپییە وەک ڕیشی باوا، واتە: ڕەنگی لۆکە بە ڕیشی باوک بەراوردکردووە کە هەردووکیان سپین، هەروەها وەک قژی منداڵی ساوا نەرمە. وەڵام (لۆکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل47

کاتی تۆمارکردن: 26-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1593**

**سپییە وەک ڕیشی باوکت داپچڕاوە وەک هێنی دایکت**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031152747442811](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031152747442811)

سپییە وەک ڕیشی باوکت
داپچڕاوە وەک هێنی دایکت
سپییە وەک ڕیشی باوکت، مەبەست لە پەمووە، (پەموو: لۆکە لەناو قۆزاخەیەکدایە کە پێدەگات، دەمەکەی دەکرێتەوە ڕەنگی سپییە، بە ڕیشی باوک چووێنراوە، داپچڕاوە وەک هێنی دایکت، واتە: پەموو لەکاتی پێگەشتندا، قۆزاخەکەی دەکرێتەوە. وەڵام (پەموو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل63

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-31
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1594**
**سپییە وەک کەشک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923205222435821

سپییە وەک کەشک
دووگوێی هەیە وەک مشک
قەپاغی هێلکە شەیتانۆکە ڕەنگی سپییە، لەمەتەڵەکەدا بە سپێتی کەشک چووێنراوە، هەروەها کرمۆکەی هێلکە شەیتانۆکە، دوو هەستەوەری هەیە، قوت و بەرزن، بە گوێی مشک بەراورد کراون. لە جێگە شێدارەکاندا دەژیی و لە وەرزی بەهاردا دەردەکەون. وەڵام (هێلکە شەیتانۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل28

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1595**

**سپییە وەک کەشک قوتە وەک مشک بەهاران تەڕ و هاوینان وشک**

2022121621621452304=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سپییە وەک کەشک قوتە وەک مشک
بەهاران تەڕ و هاوینان وشک
مەبەست لە هێلکە شەیتانۆکەیە، (هێلکە شەیتانۆکە: کرمۆکەیەکی سپی توێکڵدارە، لە وەرزی بەهاراندا لە کوردستان دەردەکەوێ) سپییە وەک کەشک قوتە وەک مشک، مەبەست لە هێلکە شەیتانۆکەیە کە ڕەنگی سپییە و گوێی وەک هی مشک قوتە، بەهاران تەڕ و هاوینان وشک، واتە: لە وەرزی بەهاردا دەژی و لە وەرزی هاویندا دەمرێ. وەڵام (هێلکە شەیتانۆکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل48

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1596**

**سپییە وەک کەشکی تەڕە وەک مەشکی ئەگەر نەزانی تەوقی سەرت شکی**

2023011719305045889 6=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سپییە وەک کەشکی
تەڕە وەک مەشکی
ئەگەر نەزانی تەوقی سەرت شکی
مەبەست لە هێلکە شەیتانۆکەیە، (هێلکە شەیتانۆکە: کرمۆکەیەکی نەرمە لەناو توێکڵێکی کلسیدا، لە وەرزی بەهاراندا لە کوردستان دەردەکەوێ) سپییە وەک کەشکی (کەشک: جۆرێک خۆراکی سپاییە لە شیر بەرهەمدێ) مەبەست لە هێلکە شەیتانۆکەیە، تەڕە وەک مەشکی، (مەشکی: مەبەست کە مەشکەیە، ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێ) ئەگەر نەزانی تەوقی سەرت شکی، نزای مەتەڵسازە بۆ ئەوکەسانەی کە وەڵام نازانن. [1]
وەڵام: (هێلکە شەیتانۆکە)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل202.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1597**
**سپییە کاغەز نییە پانە دەرگا نییە گوێی پێوەیە گوێدرێژ نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206033445449331

سپییە کاغەز نییە، پانە دەرگا نییە
گوێی پێوەیە گوێدرێژ نییە
مەبەست لە کوڵەباڵە، (کوڵەباڵ: بەرگێکی تایبەتیی کوردییە، لە خوری بەرگن درووستدەکرێ، خورییەکە دەکوترێ تا توند یەکدەگرێ، پێشەوەی کراوەیە و سەرشانەکانی بەرزە) سپییە کاغەز نییە، پانە دەرگا نییە، مەبەست لە کوڵەباڵە، (کوڵەباڵ لە کوردەواردا دوو ڕەنگی هەیە، سپی و قاوەیی) گوێی پێوەیە و گوێدرێژ نییە، مەبەست لە سەرشانەکانییەتی. وەڵام (کوڵەباڵ) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل45
کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1598**

## سپییەکی داری بازی هاویشتە چناری هەتا چنار دەلەرزی ئەو دەیگرت گۆشت و بەزی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226151401454245

سپییەکی داری، بازی هاویشتە چناری
هەتا چنار دەلەرزی، ئەو دەیگرت گۆشت و بەزی
مەبەست لە خەرەکە، (خەرەک: ئەمێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی لۆکە بەکاردێ، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە)
سپییەکی داری، مەبەست لە ئامێری خەرەکە، بازی هاویشتە چناری، لە داری چنار درووستدەکرێ و باڵای بەرزە، هەتا چنار دەلەرزی ئەو دەیگرت گۆشت و بەزی، واتە: هەتا ئامێری خەرەک کاری پێبکرێ، زیاتر دەرێسێ و لەسەری کۆدەبێتەوە، کۆبوونەوەی ڕێسراو بە گۆشت و بەز چووێنراوە. وەڵام (خەرەک) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل15

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1599**

**سفرەی لە عەرزە، ماڵی لە حەوا بەرۆژ دێتەخوار، بۆ سەر بەشەوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926124420523462

سفرەی لە عەرزە، ماڵی لە حەوا
بەرۆژ دێتەخوار، بۆ سەر بەشەوا
عەرز: زەوی. حەوا: ئاسمان. سفرە: مەبەست لەو ڕاخەرەیە کە نانی لەسەر دەخورێت، مەبەستی مەتەڵەکە مەل و هێلانەیە، سەفرەی لە عەرزی، واتە: مەل لەسەر زەوی دانەوێڵە پەیدا دەکات، ماڵی لە حەوا، واتە: هێلانەکەی لە سەرداره، هەروەها بەرۆژ دێتەخوار، بەشەویش دەچێتەوە هێلانەکەی. وەڵام (مەل و هێلانە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل51

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1600**

**سمۆرەی دارێ، بازم دا لە چنارێ هەرچی چنارە دەلەرزێ سمۆرە دەگرێ بەزێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912215148520294

سمۆرەی دارێ، بازم دا لە چنارێ
هەرچی چنارە دەلەرزێ
سمۆرە دەگرێ بەزێ
سمۆرە ئاژەڵێکی کێوییە و لەسەر دار و لەناو دارستاندا دەژیی، مەتەڵەکە مەبەستی لە مەکۆی کاری جۆڵاییە کە بە سمۆرەی چوواندووە، هەروەها داری چناریشی بە تانوپۆی ئامێری پێچاڵ داناوە، کاتێک مەکۆ دەکرێت بەنێوانی تانپۆی پێچاڵدا و کاری چنین دەستپێدەکات، تانوپۆکان وەک چنار دەلەرزن، مەکۆکەش وەک سمۆرە دێت و دەچێت. وەڵام (خەرەکی جۆلایی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | یەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرتیفی، سنە. 1389. ل136


کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1601**
**سمۆرەی سک سکی لەسەر داری بەنکی سەد و یەکی لە سکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104184815443383

سمۆرەی سک سکی
لەسەر داری بەنکی
سەد و یەکی لە سکی
سمۆرە ئاژەڵێکی کێوی دارەوانە، لە کون و کەلێکی داردا دەژیی، داری بەن، مەبەست لە دارەبەنە (داری بنێشت) سمۆرەیەکی سک سکی مەبەست لە هەنارە کە وەک سمۆرە خڕە، سەد و یەکی لە سکی، مەبەست لە دەنگی هەنارە کە لەناو توێکڵی هەناردایە. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل64

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1602**

**سمۆرەی سەرداریێ خۆی هەردا سەرچناریێ چنار هەر دەلەرزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108153108457244

سمۆرەی سەرداریێ
خۆی هەردا سەرچناریێ
چنار هەر دەلەرزی
مەبەست لە خەرەکە، (خەرەک: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی لۆکە بەکاردێ، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) سمۆرەی سەرداریێ، مەبەست لە هەڵوێزراوی لۆکەیە، خۆی هەڵدا سەرچناریێ، واتە: لۆکە ئامادەکریێ بۆ ڕستن، لە مەتەڵەکەدا بە سمۆرە چووێنراوە، چنار هەر دەلەرزی. مەبەست لە کاتی کارپێکردنی خەرەکە کە داوە ڕێسراوەکەی دەلەرزیێ. وەڵام (خەرەک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل171.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1603**
**سمێڵ قیتی لۆتیانە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104221842443442](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104221842443442)

سمێڵ قیتی لۆتیانە.
سمێڵ قیت: بە کەسێک دەوترێ کە قنچکی سمێڵی بابدات و بۆ سەرەوە بەرزی بکاتەوە، لەمەتەڵەکەدا مەبەستی ئاژەڵی پشیلەیە کە سمێڵی قیتە و بە مرۆڤی سمێڵ قیت بەراوردکراوە، (لۆتی: لە کوردەواریدا بە کەسێک دەوترێ کە ورچ هەڵپەڕێنێت و گۆرانی بڵێ، وەک پیشەیەک بەهۆیەوە داهاتێکی دەستکەوێ) لۆتییەکانیش سمێڵیان وەک پشیلە قیت بووە.
وەڵام (پشیلە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل64

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1604**

**سندان سەرێ بیست مەن باریەتی بۆخۆی بێگیانە و گیاندار سواریەتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216212339452306

سندان سەرێ بیست مەن باریەتی
بۆخۆی بێگیانە و گیاندار سواریەتی
مەبەست لە ناڵی وڵاخە، (سندان: دەزگای شت لەسەر کوتانی ئاسنگەر. فەرهەنگی خاڵ) سندان سەرێ بیست مەن باریەتی، مەبەست لە قاچی وڵاخە کە لەسەر ناڵە، واتە: قاچی وڵاخ وەک ئاسنگەر چۆن سندان دەکوتێت ئاوا ناڵ دەکوتێ، هەر وەها ناڵ شتێکی بێگیانە و وڵاخیش گیاندارە. وەڵام (ناڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل48

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1605**

**سندوق سندوق دام لە دیوار، سندوق پەڕی بوو بە هەزار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801074804425829

سندوق سندوق دام لە دیوار، سندوق پەڕی بوو بە هەزار
سندوق واتە: هەناری وشک کراوە (لە کوردەواردا لە وەرزی پێگەشتنی هەناردا، هەنار بەشێوەی هەڵواسین یان خستنە ناو گەڵا، وشک دەکرێتەوە و هەڵدەگیرێ) وەک سندوقی دار توێکڵەکەی ڕەق دەبێ، کاتی خواردنی بە دیواردا دەکێشرێ، توێکڵی هەنارەکە دەشکێ و دەنکە هەنارە تەڕەکانی ناوی بڵاودەبنەوە. وەڵام هەناری وشک کراو. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1606**

**سندوقی چێوی پڕ ڕۆنی کێوی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206033704449332

سندوقی چێوی
پڕ ڕۆنی کێوی
مەبەست لە گوێزە، (دارگوێز: دارێکی وڵاتی کوردەوارە، بەشێوەی سرووشتی یان دەستکرد دەڕوێ) سندووقی چێوی: مەبەست لە گوێزە کە بە توێکڵێکی ڕەقی دارین دەورەدراوە، بە سندووق چووێنراوە، پڕ ڕۆنی کێوی، واتە: گوێز بە سرووشت چەورە و هەر گوێزێک برێکی دیاریکراو چەوری سرووشتی تێدایە. وەڵام (گویز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل45

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1607**

**سندوقی سلێمانە لە گۆڕی پانە تێیدایە پیر و جوانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104192401443391

سندوقی سلێمانە
لە گۆڕی پانە
تێیدایە پیر و جوانە
سندوقی سلێمانە: مەبەست لە دارەمەیت تابووتە کە کەسانی مردووی پێدەگوێزرێتەوە بۆ گۆڕستان، لە گۆڕی پانە واتە: هەر ڕۆژە و کەسێک دەمرێ و لە تابووتەکەدا دەبێتە میوان پاشان بۆ گۆڕستان دەبرێ و دەخرێتە گۆڕ. تێیدایە پیر و جوانە، واتە: کەسانی پیر و گەنجی دەچنە ناو. وەڵام (تابووت یان دارەبازە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل64

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1608**
**سندوقی سولەیمانی**

2022092322502435842=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سندوقی سولەیمانی
لە گۆڕەکی پانی
سندوقی سولەیمانی، مەبەست لە دارەمەیت یان دارەبازە، (دارەمەیت: لە کوردەواردا لە دار درووستدەکرێت، لەسەر شان هەڵدەگیرێت، مەیتی پێدەگوێزرێتەوە بۆ گورستان) ، لە گۆڕەکی پانی واتە: بەقەدەر گۆڕێک پان و درێژە. وەڵام (دارەمەیت یان دارەباز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل32

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1609**

**سندوقی سووری یەمەنی، تەقە مەکە دەیشکێنی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801054014425814

سندوقی سووری یەمەنی، تەقە مەکە دەیشکێنی
ڕەنگی سوور نیشانەیە بۆ شتی تاسناک و خراپ، سندوقی سوور: مەبەستی لە ڕۆژووە ئەگەر کەسێک نان یان هەر شتێک بخوات، پێش بانگی ئێوارە دەشکێ و ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، لە مەتەڵەکەدا بە تەقە مەکە دەیشکێنی هاتووە. وەڵام ڕۆژووی ڕەمەزان. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1610**

**سندوقی سەدانە، ئەمن و ئەتووی میوانە، لە ڕێی گۆڕستانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729103017425219

سندوقی سەدانە، ئەمن و ئەتووی میوانە، لە ڕێی گۆڕستانە
سندوقی سەدانە: مەبەست لە دارەمەیتە تابووتە کە کەسانی مردووی پێدەگوێزرێتەوە بۆ گۆڕستان، ئەمن و ئەتووی میوانە واتە: هەر ڕۆژە و کەسێک دەمرێ و لە تابوتەکەدا دەبێتە میوان پاشان بۆ گۆڕستان دەبرێ. مەتەڵەکە باسی بردنی مردووە بە تابووت بۆ گۆڕستان. وەڵام (تابووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر


کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1611**

**سندوقی هەرمێ گوڵاوی شەو خەفتم سۆح نەماوی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205135440534026

سندوقی هەرمێ گوڵاوی
شەو خەفتم سۆح نەماوی
هەرمێ گوڵاوی: جۆرێک هەرمێی وڵاتی کوردەوارە و بۆنێکی تایبەتیی خۆشی هەیە، خەفتم: خەوتم. سۆح: سوبح واتە: بەیانی، سندوقی هەرمێ گوڵاوی، مەبەست لە میوەی بەهێیە، لەکاتی پێگەشتنیدا بۆنی زۆر دەڕوات، وەک هەمێ گوڵاوی بۆنی خۆشە، شەو خەفتم سۆح نەماوی، واتە: شەوکەسێک هەرمێیەکی داناوە، بەیانی کە لەخەو هەستاوە نەماوە. وەڵام (بەهێ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل184

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1612**
**سندوقی هەشتەرخان، تییدایە پیر و جوان**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220818085012428925



سندوقی هەشتەرخان، تییدایە پیر و جوان
سندوقی هەشتەرخان، مەبەستی لە گۆڕە، تێیدایە پیر و جوان واتە: هەموو کەسێک کە لەدایک دەبێت، ڕۆژێک دێت ژیانی کۆتایی دێت و دەمرێ، کەسی واهەیە لە تەمەنی کۆتایی و پیریدا دەمرێ، کەسیش هەیە لە تەمەنی گەنجی و جوانیدا دەمرێ، مەتەڵەکە مەبەستی لەوەیە کە گۆڕ جێگەی کۆتایی هەموو کەسێکە بە گەنج و پیرەوە. وەڵام (گۆڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1613**

**سندووقچە سیلیمونی دەربەستە و بیاونی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016204840526379

سندووقچە سیلیمونی
دەربەستە و بیاونی
وەڵام (گەنج) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لوڕی ڕەسەن |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45


کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1614**

**سنگ داکوتاو کوتەک نەدیو**

[20221104211328443425=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1]

سنگ داکوتاو
کوتەک نەدیو
مەبەست لە کنگرە، (سنگ: بەو ئاسنە دەم تیژە باریکە دەوترێ کە بە زەویدا دادەکوترێ بۆ ئەوەی ئاژەڵی پێوە ببەسترێتەوە) سنگیش کوتەکێکی پێویستە بۆ ئەوەی بە زەویدا دابکوترێ، سنگ داکوتاو کوتەک نەدیو، مەبەست لە کنگرە کە ڕەگەکەی وەک سنگ بە زەویدا چووەتەخوار، بێئەوەی دابکوترێ. وەڵام (کنگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل64

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1615**

## سنوق چێویی پڕ لە ڕۆنی کێویی

[20230926125057523463=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926125057523463)

سنوق چێویی
پڕ لە ڕۆنی کێویی
چێو: بڕەدار (فەرهەنگی خاڵ) ، لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە توێکڵی گوێزە، سندووقی چێوی، مەبەست لە گوێزە کە کاکڵەکەی لەناو توێکڵەکەیایەتی، پڕە لە ڕۆنی کێوی، واتە: کاکڵی گوێز بە سرووشت چەورە، مەتەڵەکە بە ڕۆنی کێوی باسی کردووە.
وەڵام (گوێز) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل46

کاتی تۆمارکردن: 26-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1616**

**سنوق زەردی یەمەنی، تەقلە مەکە ئەیشکێنی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819204628429182

سنوق زەردی یەمەنی
تەقلە مەکە ئەیشکێنی
مەبەستی مەتەڵەکە هێلکەی مریشکە، سنوق زەردی یەمەنی واتە: هێلکەی مریشک، زەردی ڕەنگی هێلکە و سنووقی یەمەنی بەیەک چوواندووە، تەقلە مەکە ئەیشکێنی مەبەست لە منداڵە، ئەگەر جووڵەی نەشیاو ئەنجامبدا، هێلکەکەی لێدەکەوێ و دەشکێ. وەڵام (هێلکەی مریشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 19-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1617**
**سنووقێکی بێدەر پڕە لە دووڕ و گەوهەر**
2023011121002945 7966=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سنووقێکی بێدەر
پڕە لە دووڕ و گەوهەر
مەبەست لە میوەی هەنارە، سنووقێکی بێدەر، (دەر: دەرگا، زارک، دەرک) مەبەست لە میوەی هەنارە کە بە سنووق بێ دەرگا بەراوردکراوە، پڕە لە دووڕ و گەوهەر، مەبەست لە دەنگی هەنارە کە لە شەوق و جوانیدا بە دووڕ و گەوهەر بەراوردکراوە.
وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل195.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1618**

**سوار دای لە بوارێ بوو بەهەزارێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912215800520296

سوار دای لە بوارێ
بوو بەهەزارێ
بوار: مەبەست لە جێگەیەکی سەر ڕووبار یان چەمە کە مرۆڤ بتوانێت لێوەی بپەڕێتەوە، سوار دای لە بوار، مەبەست لە هەناری وشککراوەیە، (لە کوردەواردا هەنار وشکدەکرێتەوە و توێکڵەکەی ڕەق دەبێت، لە وەرزی زستاندا کاتێک توێکڵە ڕەقەکەی دەشکێت، دەنگی هەنارەکە بڵاو دەبنەوە) مەتەڵەکە واتە: کەسێک هەنارێکی وشککراوە، دەکێشێت بە شتێکدا دەنکەکانی بڵاودەبنەوە، ئەمە چووێنراوە بە ئەسپ و سوار. وەڵام (هەنار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل4

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1619**
**سوار لەسەر سوار سواردەبێ**

2022110422552443444=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سوار لەسەر سوار سواردەبێ.
مەبەست لە سواری سەر زینە، سوار لەسەر سوار، واتە: زین لەسەر پشتی وڵاخ دادەنرێت، بە سوارێک ئەژمارکراوە، هەروەها کەسێکیش لەسەر زینەکە دانیشتووە، بە سواری سەر زین دادەنرێ، واتە: سوار لەسەر زینە و زینیش لەسەر پشتی ئەسپە. وەڵام (سواری سەر زین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چایخانەی گەنج ل66

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1620**

**سواران چێڵە چێڵە کۆتکی سەر قەندیلە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104211755443426

سواران چێڵە چێڵە
کۆتکی سەر قەندیلە
چێڵە: بێچوو، سواران چێڵە چێڵە، مەبەست لە گوانی مانگایە کە کابان دەیدۆشێ، کوتکی سەر قەندیلە، (کۆتک: کاسەری دارینی زل، چوار کیلۆونیو گەنم دەبا واتە یەک ڕبە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لەو کاسەیەیە کە لەکاتی دۆشیندا دەخریتە ژێر گوانی مانگاکە و شیری تێدەدۆشری. وەڵام (مانگا دۆشین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل66

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1621**

**سواری ئەسپێ بووم، بێ گیان بوو، دوو بەرخم خوارد بێ ئێسقان بوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220815201754428503

سواری ئەسپێ بووم، بێ گیان بوو
دوو بەرخم خوارد بێ ئێسقان بوو
ئەسپ ئاژەڵێکی چوارپێیە، لە مێژوویەکی کۆنەوە مرۆڤ بۆ گواستەوەی خۆیی و کەلوپەل بەکاری هێناوە، سواری ئەسپێ بووم، بێ گیان بوو: مەبەست لە بیشکەیە (بێشکە یان لانکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ حەوانەوە و خەوتنی منداڵ بەکاردێ) دوو بەرخم خوارد بێ ئێسقان بوو: مەبەست لە مەمکی دایکە کە منداڵ شیرەکەی دەخوات. وەڵام (بێشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 15-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1622**

**سواری شەش ڕکێبان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226153556454256](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226153556454256)

سواری شەش ڕکێبان.
مەبەست لە تەرازووە، (تەرازوو: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دوو تا و شەش دا و دارێک پێکدێ، بۆ کێشانی دانەوێڵە و میوە بەکاردێ) سواری شەش ڕکێبان، مەبەست لە تەرازووە کە دوو تاکەی یەکی بە سێ داوی نەپسێن بە دارێکەوە توندکراوە. وەڵام (تەرازوو) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل15

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1623**

**سواری مە بەنیشانە لەسەر مایینی بێگیانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104212619443430

سواری مە بەنیشانە
لەسەر مایینی بێگیانە
مە: ئێمە، سواری مە بە نیشانە، مەبەست لە کۆرپە یان منداڵە کە دەخرێتە ناو لانکە یان بێشکەوە، منداڵ بە سوار بەراوردکراوە، لەسەر مایینی بێگیانە، مەبەست لە بێشکە، لانکەیە کە بە مایینی بێگیان بەراوردکراوە. وەڵام (منداڵ و بێشکە، لانکە) یە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل64

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1624**
**سواری هەراش سەگی نێو بەرداش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104212109443428

سواری هەراش
سەگی نێو بەرداش
هەراش: بەگیاندارێک دەوترێ کە کۆرپەی تێپەڕاندبێت (فەرهەنگی خاڵ) سواری هەراش، مەبەست لە زمانی مرۆڤە کە لەکاتی نانخواردن و قسەکردندا بەردەوام وەک هەراشتێک دەجووڵێ، سەگی نێو بەرداش، (بەرداش: بەو دوو بەردەی ئاش دەوترێ کە هەموو جۆرە دانەوێڵەیەک دەهاڕێت) مەبەست لە زمانە کە هەموو قسەیەکی باش و خراپی پێدەوترێ. وەڵام (زمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل64

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1625**

**سواری کەپوو گوێیە چاوی لە تۆیە**

20221206040235449341=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سواری کەپوو گوێیە
چاوی لە تۆیە
کەپوو: لووت، سواری کەپوو گوێیە، مەبەست لە چاویلکەیە کە لەچاو دەکرێ، دەخرێتە سەر لووت، هەروەها دوو کلکی هەیە، لەلاتەنیشتەوە دەخرێتە سەر هەردوو گوێچکە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی بووەستێ، چاوی لە تۆیە، واتە: چاویلکە کەس و شتی پێدەبینرێ. وەڵام (چاویلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل41

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1626**
**سواری کەس نەبەزاندی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923223358435844](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923223358435844)

سواری کەس نەبەزاندی
لانکی کەس نەژاندی
باخی کەس نەچاندی
مردن ڕووداوێکە بەسەر جەستەدا دێت، هەموو ئەندامانی لەکار دەخات، کەس نەیتوانیوە بیبەزێنێ، لانک: واتە بێشکە، مردوو ڕاناژەندرێ بەڵکو لە گۆڕدا بۆ هەتاهەتایە ڕادەکشێ، هەروەها گۆڕستانی بە باخ چواندووە کە مردووی لێدەنێژرێت.
وەڵام (گۆڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل32

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1627**
**سوارێمە بە نیشانە**

20220923211548435823=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سوارێمە بە نیشانە
لەسەر مایینێ بێگیانە
سوارێمە، مەبەست لە منداڵە، مایینێ بێ گیانە، واتە: لانکە. وەڵام (کۆرپەی ناو لانک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل30

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1628**

**سوارێمە سوارۆکە، لەسەر مایێ دارۆکە، دەکاتن غارغارۆکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923204157435816

سوارێمە سوارۆکە
لەسەر مایێ دارۆکە
دەکاتن غارغارۆکە
سوارۆکە: ناوی بچووک کراوەیە، بۆ منداڵێکی بچووکی سوار بەکاردێت، سوارێمە سوارۆکە، مەبەست لە منداڵی ناو بێشکەیە، لەسەر مایینی دارۆکە، مەبەست لە بێشکەیە، دەکاتن غارغارۆکە، واتە: منداڵی ناو بێشکە لەکاتی لینگەفرتێدا.
وەڵام (منداڵی ناو لانکە یان بێشکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل28

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1629**
**سوارێک هات بە هۆهۆ، نەسەری هەبوو نە تاپۆ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819102010429083



سوارێک هات بە هۆهۆ
نەسەری هەبوو نە تاپۆ
سوارێک هات بە هۆهۆ، مەبەستی لە هەورە کە بەهۆی ڕەشەباوە دەجوولێت، لەکاتی باران بارینداگرمەگرم دەکات، جووڵەی هەور بە ڕەشەبا چووێنراوە بە سوار، نەسەری هەبوو نە تان و پۆ واتە: هەور سەروبنی نییە، تەنیا وەک تارمایی دێت و دەڕوات. وەڵام (هەور) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1630**
**سوارێکمان بۆ هات ماینەکەی دارە کانییەکەی گۆشتە، ئاوەکەی شەکرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206033936449333

سوارێکمان بۆ هات، ماینەکەی دارە
کانییەکەی گۆشتە، ئاوەکەی شەکرە
مەبەست لە مەمکی دایکە کە پڕ بێت لە شیر، سوارێکمان بۆ هات ماینەکەی دارە، مەبەست لە مەمکە کە بە جەستەی ئافرەتەوەیە، کانییەکەی گۆشتە، مەمک بە کانی چووێنراوە، ئاوەکەی شەکرە، مەبەست لە شیری دایکە کە تامی شیرینە.
وەڵام (مەمکی دایک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل44

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1631**

**سوارەک هات ئی لینگ ڕووت، دیلە و دیلانی دەگووت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801094008425895

سوارەک هات ئی لینگ ڕووت، دیلە و دیلانی دەگووت
سوارەک هات ئی لینگ ڕووت، واتە: هەنگ کە قاچی باریک و ڕووتە، لە مەتەڵەکەدا بە قاچی وڵاخ (ئەسپ) چووێنراوە، دیلە و دیلانی دەگوت واتە: گیزەگیزی دەکرد، دەنگی گیزەگیز بە گۆرانی چووێنراوە. بەگشتی مەتەڵەکە باسی جووڵەی هەنگ دەکات لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر. وەڵام (هەنگ، مێش هەنگوینە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1632**

**سوارەک هات بە گاڵە گاڵ، کلک زەرد دەمار دەمار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801053333425812

سوارەک هات بە گاڵە گاڵ، کلک زەرد دەمار دەمار
سوار: مەبەستی لە ژەنگە سوورە (زەردەواڵە) یە، لە کاتی ڕۆشتنیدا گیزەگیز دەکات، لە مەتەڵەکەدا بە گاڵە گاڵ ناوبراوە، کلک زەرد دەمار دەمار: مەبەستی لە کلکی زەردەواڵەیە کە دەماراوییە و ڕەنگی زەردە یان خەتی ڕەش و زەردە. وەڵام ژەنگەسوورە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1633**

**سوارەک هات بە لەنگەرێ، ئاغا ژنی لە سەر سەرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801060809425820

سوارەک هات بە لەنگەرێ، ئاغا ژنی لە سەر سەرێ
سوارەک هات بە لەنگەرێ: مەبەستی لە سێپایە، (سێپا ئەو ئامێرە کەلەپوورییە کوردییەیە لە چێشنخانەدا مەنجەڵی دەخرێتەسەر لە کاتی چێشت لێناندا) ئاغا ژنی لە سەر سەرێ واتە: مەنجەڵ کە دەخرێتە سەر سێپا بۆ چێشت کوڵاندن. وەڵام سێپا و مەنجەڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1634**
**سوارەک هات بە نۆکەری، ساڵح بەگی لە سەر سەری، دەندوک داری کارەکەری**
[20220729092256425209=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729092256425209)



سوارەک هات بە نۆکەری، ساڵح بەگی لە سەر سەری، دەندوک داری کارەکەری
سوارەک هات بە نۆکەری واتە: مەنجەڵ کە قەبارەیەکی هەیە وەک سوار وایە، ساڵح بەگی لە سەر سەری: مەبەستی لە سەری مەنجەڵەکەیە، دەندوکداری کارەکەری: مەبەست لە کەوگیرە. وەڵام (قابلەمە، سەرقاپ و کەوگیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
Code QR:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1635**

**سواڵەتە شکاوێ، بەلادیوارەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220827112539430660

سواڵەتە شکاوێ، بەلادیوارەوە.
سواڵەت: لە بەشە شیوەزاری موکریاندا بە لەتە گۆزەی سوورکراوەی شکاو ئەوترێ کە هەر پارچەیەی شێوەیەکی جیاوازی نارێکی هەیە، سواڵەتە شکاو، مەبەست لە گوێچکەیە کە شێوەیەکی نارێکی هەیە و چووێنراوە بە لەتکە سواڵەت، بەلادیوارەوە، مەبەست لە سەرەی کە گوێچکەکانی پێوەیە. وەڵام (گوێچکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 27-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1636**

**سووخمەی ئاڵ تێیدایە دوو پرتەقاڵ دەستی بۆ یەکێکیان برد هاواری کرد دایەگیان**

20221206034141449334=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سووخمەی ئاڵ، تێیدایە دوو پرتەقاڵ
دەستی بۆ یەکێکیان برد، هاواری کرد دایەگیان
مەبەست لە مەمک و ستیانە، سووخمەی ئاڵ، مەبەست لە ستیانە، تێیدایە دوو پرتەقاڵ، مەبەست لە مەمکی ئافرەتە کە لەناو ستیاندایە، دەستی بۆ یەکێکیان برد، واتە: کەسێک دەست بۆ مەمکی ئافرەتێک بەرێ، ئافرەتەکە هاوار بکات و پەنا بۆ دایکی بەرێ. وەڵام (مەمک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل45

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1637**
**سوور دەکرێتەوە و ناخورێت**

20221104223003443445=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سوور دەکرێتەوە و ناخورێت.
مەبەست لە ئاسنە کە لە کورەخانەدا ئاسنگەرەکان گەرمی دەکەن تا سوور دەبێتە و دواتر بە پیاکێشان کەلوپەلی هەمەجۆری وەک چەکوش و تەور و خاکەنازی لێ درووستدەکەن، لەگەڵ ئەوەدا ئاسن سووردەکرێتەوە بۆ درووستکردنی کاڵا بەڵام ناخورێت. وەڵام (ئاسن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل65

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1638**

**سوور و شین و سپییە ڕاست و چەپی بۆ نییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924225913523222](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924225913523222)

سوور و شین و سپییە
ڕاست و چەپی بۆ نییە
مەبەستی مەتەڵەکە لە کڵاشە، (کڵاش: جۆرێک پێڵاوی کەلەپووری کوردییە، سەرەکەی بە خووری دەچنرێ و ژێرەکەشی پەڕۆیە) ، سوور و شین و سپییە، مەبەست لە بنی کڵاشە کە بە پەڕۆی دەچنرێت و ئەو ڕەنگانەی هەیە، ڕاست و چەپی بۆ نییە، کڵاش تەنیا پێڵاوی دنیایە کە تاکی ڕاست و چەپی نییە، هەر تاکێک لە هەر قاچیک بکەیت دەبێت. وەڵام (کڵاش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل42](#)

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1639**

**سووراوە چەماوە وەک کەشکە زەق و زیندوو وەک مشکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226151700454247

سووراوە چەماوە وەک کەشکە
زەق و زیندوو وەک مشکە
مەبەست لە هێلکە شەیتانۆکەیە، (هێلکە شەیتانۆکە: کرمۆکەیەکی بچووکی توێکڵدارە، لە وەرزی بەهاراندا لە کوردستان دەردەکەوێ) سووراوە چەماوە وەک کەشک. مەبەست لە هێلکە شەیتانۆکەیە کە بەقەدەر کەشکێک دەبێ، زەق و زیندوو وەک مشک، واتە: وتووریایە، بە مشک چووێنراوە. وەڵام (هێلکە شەیتانۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل15

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1640**

**سووراوە وەکوو مز قڵیشاوە وەکوو قوز**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226151933454248

سووراوە وەکوو مز
قڵیشاوە وەکوو قوز
واتە: کووژەکە، (کووژەکە: جۆرێک مووروویی شینی قرنج قرنجە، بۆ چاوەزار بەکاردێ. فەرهەنگی خاڵ) سووراوە وەکوو مز، مەبەست لە کوژەکەیە کە ڕەنگی شینە. قڵیشاوە وەکوو قوز، شێوەی کوژەکە چووێنراوە بە جەستەی ئافرەت. وەڵام (کووژەکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، ڕرەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل15


کاتی تۆمارکردن: 2022-12-26

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1641**
**سووری تووکن، بۆ ژێر تۆ خاسە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922212434522599

سووری تووکن، بۆ ژێر تۆ خاسە.
خاس: باش. مەبەست لە فەرشە، (فەرش: جۆرێک ڕاخەری کەلەپووری کوردییە، زۆر بەهادارە، چەندین قەبارەی جیاوازی هەیە، پیشەیەکە ژنان دایانهێناوە) ، سووری تووکن، مەبەست لە فەرشی سوورە، بۆ ژێر تۆ خاسە، مەبەست لە کەسێکی خانەدانە کە فەرشی لەژێردا بێت. وەڵام (فەرش) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل34

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1642**

**سووری سابڕکرای لۆ قونی بابت درووستکرای**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104214505443433

سووری سابڕکرای
لۆ قونی بابت درووستکرای
سابڕ: جۆرێکە لە بڕینەوە خوری مەڕ کە هەموو خوریەکە لە جەستەی مەڕەکە دەکرێتەوە (فەرهەنگی شێخانی) سووری سابڕکرای: مەبەست لە مافوور یان فەرشە کە لە خوری درووستدەکرێ. لۆ قونی بابت دوورستکرای، واتە: مافوور درووستدەکرێ بۆ ئەوەی باوکێ لەسەر دابنیشێ. وەڵام (مافوور).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل65

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1643**

**سووری سەر سەقەت، دایهێڵمە دەوزە ڕەقەت، تەڕ دەکا مەشکە ڕەقەت**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729103510425220](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729103510425220)



سووری سەر سەقەت، دایهێڵمە دەوزە ڕەقەت، تەڕ دەکا مەشکە ڕەقەت

سوورەی سەقەت, مەبەستی لە لوولێنەیە، لە قوڕ درووستدەکرێ, لوولەیەکی باریکی هەیە, ئاوی تێدەکرێ, دایمە: مەبەست لە شۆڕکردنەوە و داهێڵانە, تەڕ دەکا چەرمەڕەقەت، مەبەست لەوەیە کە بە لوولێنە مەشکەی ڕەقەوەبووی تەڕدەکرێ، بۆ ئەوەی بۆ ژەنین ئامادەبێت. وەڵام (لوولێنە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1644**
**سووری هەراش سەگی نێو بەرداش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221217211334452506

سووری هەراش
سەگی نێو بەرداش
مەبەست لە زمانی مرۆڤە، (هەراش: دەمەوەر، زۆربڵێ) سووری هەراش، مەبەست لە زمانە کە لە زاری هەندێک کەسدا زۆر بڵێیە، سەگی نێو بەرداش، بە سەگێکی هار دەوترێ کە بەهەمموو کەسێک بوەڕێ، هەروەها بەرداشیش مەبەستی لە ددانە.
واتە: چۆن سەگ لەناو بەرداشدا زۆر دەوەڕێ، زمانیش لەناو دەم و دداندا زۆر دەڵێ. وەڵام (زمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل50

کاتی تۆمارکردن: 17-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1645**

**سوورە لە ژووریٚ ڕەشە لە دەریٚ ئەم نەوی دەبیٚ ئەویان بۆ سەریٚ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221217213322452522

سوورە لە ژووریٚ، ڕەشە لە دەریٚ
ئەم نەوی دەبیٚ، ئەویان بۆ سەریٚ
مەبەست لە ئاگر و دووکەڵە، سوورە لە ژووریٚ، ڕەشە لە دەریٚ، واتە: لەناو ئاگرداندا لە ژوورەوە ئاگردەکرێتەوە و ڕەنگی سوورە، هەروەها دووکەڵەکەی لە لوولێنەوە دەچێتەدەر و ڕەنگی ڕەشە، ئەم نەوی دەبیٚ، مەبەست لە ئاگرە، ئەویان بۆ سەریٚ، مەبەست لە دووکەڵە. وەڵام (ئاگر و دووکەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل50

کاتی تۆمارکردن: 17-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1646**
**سوورە وەک هەنار هەنار نییە تەپڵ لێدەدا دەروێش نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221228101908454770

سوورە وەک هەنار، هەنار نییە
تەپڵ لێدەدا دەروێش نییە
مەبەست لە دڵە، سوورە وەک هەنار هەنار نییە، دڵ بە هەنار چووێنراوە، هەم لە قەبارەدا هەم لە ڕەنگدا چونکە هەردووکیان ڕەنگیان سوورە، تەپڵ لێدەدا دەروێش نییە، (دەروێش: مەبەست لە کەسە خوداپەرستەکانە کە لەگەڵ کاری خوداپەرستیدا تەپڵ و دەف دەژەنن) لێدانی دڵ بە لێدانی تەپڵی دەروێش چووێنراوە. وەڵام (دڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 28-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1647**

**سوورە ڕەنگ ناکرێ شیرینە قووت نادرێ تاڵە فڕێنادرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204215853449159

سوورە ڕەنگ ناکرێ
شیرینە قووت نادرێ
تاڵە فڕێنادرێ
مەبەست لە زمانی ناو دەمی مرۆڤە کە قسەی پێدەکات، سوورە ڕەنگ ناکرێ، مەبەست لە ڕەنگی سووری زمانە کە بە سرووشت بۆخۆی وایە، شیرینە قووت نادرێ، واتە: زمانی قسەکردن چەندە باش بڵێ، ئەوەندە شیرینە، تاڵە فڕێنادرێ، واتە: بە زمان قسەی ناشرین بکرێت، کەسەکە لەکەدار دەکات، ناشتوانێ بیبڕێ و فڕێی بدات. وەڵام (زمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل39

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1648**

**سوورەی باوی چووە ڕاوی کەوتە داوی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104193911443397](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104193911443397)

سوورەی باوی
چووە ڕاوی
کەوتە داوی

مەبەستی لە مەتەڵەکە تەڵەی مشکە، سوورەی باوی، مەبەست لە مشکە، چووە ڕاوی، واتە: مشک لە کاتی بێدەنگی و چۆڵیدا بۆ خواردن دەگەڕێ، ئەو گەڕانەشی بە ڕاو بەراوردکردووە، کەوتە داوی، واتە مشک لەکاتی گەڕانی بۆ کۆکردنەوەی خۆراک، تەڵە دەیگرێ. وەڵام (تەڵەی مشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل64

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1649**
**سوورەی سەقەت دایمە دوزە ڕەقەت بخوسێنە چەرمە ڕەقەت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104195149443400

سوورەی سەقەت
دایمە دوزە ڕەقەت
بخوسێنە چەرمە ڕەقەت
سوورەی سەقەت، مەبەستی لە لولێنەیە، لە قوڕ درووست دەکرێ، لولەیەکی باریکی هەیە، ئاوی تێدەکرێ، دایمە دوزە ڕەقەت: مەبەست لە شۆڕکردنەوە و داهێلانە، بخوسێنە چەرمە چەقەت، مەبەست لەوەیە کە بە لولێنە مەشکەی ڕەقەوەبوو تەڕدەکرێ، بۆ ئەوەی بۆ ژەنین ئامادەبێت. وەڵام (لولێنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل65

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1650**

**سۆفی بە ڕدێن ڕدێنی بێ موو چەرمە چەکاڵە هەی هوو هەی هوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117193558458902

سۆفی بە ڕدێن، ڕدێنی بێ موو
چەرمە چەکاڵە، هەی هوو هەی هوو
مەبەست لە کەڵەشێرە، سۆفی بە ڕدین، (سۆفی: پیاوی خواناس. ڕدێن: ڕیش) مەبەست لەو دوو پلّپلە گۆشتەیە کە بەژێر دەنووکی کەڵەشیرەوەیە، ڕدێنی بێ موو چەرمە چەکاڵە، واتە: ئەو دوو پڵپلە گۆشتەی مووی پێوەنییە و تەنیا دوو چەرمی چەقە، هەی هوو هەی هوو، دەربڕینی هەستی سەرسووڕمانە. [1]
وەڵام: (کەڵەشێر)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل216.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1651**
**سۆفی سۆفی سەلاران، بەدرێژایی نۆ داران، هەیە لە گوندی کوردان**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729100222425216



سۆفی سۆفی سەلاران، بەدرێژایی نۆ داران، هەیە لە گوندی کوردان
سۆفی سۆفی سەلاران: مەبەستی ئەو کەسەیە کە کار ئەنجام دەدا، بەدرێژایی نۆ داران واتە: ئەو نۆ دارەی کە بەرێز دەچەقێندێ و داوی ڕێسراوی مەرەزی پیا دەهێنێ و دەبرێ ، بۆ ئەوەی داوەکە جیرِ ببێتەوە و نەپچڕێ ، دوایی بە ئامێری پێچاڵ دەچنرێ و دەکرێ بە شاڵ بووزو، . هەیە لە گوندی کوردان واتە: لە هەموو جێگەیەکی وڵاتی کوردەواردا دەست دەکەوێ. وەڵام (داوی ڕێسراوی بووزوو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1652**

**سۆفی سەحەریی مامی دوو ڕدێن ئەولادی قونی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206032655449328

سۆفی سەحەریی
مامی دوو ڕدێن
ئەولادی قونی
مەبەست لە کەڵەشێرە، سۆفی سەحەریی، واتە: کەڵەشێر کە بەرەبەیان زوو هەڵدەسێ و دەخوێنێ، بە سۆفی چووێنراوە کە بەیانیان زوو بۆ نوێژ هەڵدەسێ، مامی دوو ڕدێن، (ڕدێن: ڕیش) مەبەست لە دوو پلێلە گۆشتەی ژێر دەنووکی کەڵەشێرە کە بە ڕیش چووێنراوە، ئەولادی قونی، واتە: کەڵەشێر لە هێلکەوە هەڵدێ، هێلکەش لە قونی مریشکەوە دەکرێ. وەڵام (کەڵەشێر، کەڵەباب) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل42

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1653**
## سی سوار هاتن لە ڕیزەکی، هەمووم گرتن بە مێزەکی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801094538425896

سی سوار هاتن لە ڕیزەکی، هەمووم گرتن بە مێزەکی
سی سوار هاتن لە ڕیزەکی، مەبەستی لە مانگی ڕەمەزانە کە زوربەی ساڵ لە سی ڕۆژ پێکدێ ، خەڵکی موسوڵمان تێیدا بەڕۆژوو دەبن، مێز واتە: باوەش یان لە ئامێزگرتن، هەمووم گرتن بە مێزەکی واتە: هەر سی ڕۆژەکەم گرت، هیچم لێنەخوارد. وەڵام مانگی ڕەمەزان. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1654**

**سی سوار هاتنە شاریێ، هەر سی یان چوونە ماڵێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220829105603430971

سی سوار هاتنە شاریێ، هەر سی یان چوونە ماڵێ.
لە هەموو ئایینێکدا کۆمەڵێک ڕێوڕەسمی تایبەتی هەیە کە باوەڕدارانی پەیرەوی لێدەکەن، ڕەمەزان یەکێکە لەو نەریتە ئایینیانەی کە هاتۆتە ناو کوردەوە و مەبەستی مەتەڵەکەیە، سی سوار هاتنە شاریێ، مەبەست لە سی ڕۆژی ڕەمەزانە، هەر سی یان چوونە ماڵێ واتە: هەموو ئەندامانی ماڵ دەبێت سی ڕۆژ ڕۆژوو بگرن. وەڵام (ڕەمەزان). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل30

کاتی تۆمارکردن: 29-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1655**

**سی سوارن هەموو ساڵێ میوانی هەموو ماڵێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216212651452308

سی سوارن هەموو ساڵێ
میوانی هەموو ماڵێ
مەبەست لە سی ڕۆژ ڕۆژووە، سی سوار هەموو ساڵێ، واتە: سی ڕۆژەی مانگی ڕەمەزان، هەموو ساڵێک یەکجار دێت، میوانی هەموو ماڵێ، واتە: مانگی ڕەمەزان هەموو ساڵێک سی ڕۆژ دەبێتە میوانی ماڵانی خوداپەرست و موسوڵمان. وەڵام (سی ڕۆژ ڕۆژوو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل48

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1656**

**سی لۆری کا**

[20221206042533449342=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206042533449342)

سی لۆری کا.
ئەم دەستەواژەیە، مەتەڵساز بە جۆرێک بە یەکەوە بە یەک گوژم دەریدەبڕێ، گوێگر بە جۆرێک دەیبیستێ کە لە وتن و دەستەواژەی کوردیی ناچێت، بەڵام مەبەستییەکە (کا) و (لوری) یە، (لۆری: جۆرێک سەریارەی باربەرە، کە کەرەستە و پێداویستی پادەگوێزرێتەوە) واتە: سی دانە لوری کا. وەڵام (واتە: سی دانە کۆری کا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل42

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1657**

**سی کرێکار خێڵێ وە کارکەرا بە بێڵێ وە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013183142526004

سی کرێکار خێڵێ وە
کارکەرا بە بێڵێ وە
وەڵام (دەم و ددان و زمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل22

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1658**

**سیحر هێسک، بەدەن ناسک چار جووئێچکی، بێ پێچک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231214201609536918

سیحر هێسک، بەدەن ناسک
چار جووئێچکی، بێ پێچک
سیحر: جادوو. هێسک: ئێسقان. چار: مەبەست لە ژمارە چوارە. پێچک: قاچ. سیحر هێسک بەدەن ناسک، مەبەستی لە هێلکەشەیتانۆکەیە، (هێلکەشەیتانۆکە لە کوردستان لە وەرزی بەهاردا دەردەکەوێت، کرمۆکەیەکی نرمە، بەرگێکی کلسی بەهێز بەدەوری خۆیدا دروستدەکات) ، لەسەر سک دەخزێت هیچ قاچێکی بۆ ڕۆیشتن نییە. وەڵام (هێلکەشەیتانۆکە) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال سەگرمە ل60

کاتی تۆمارکردن: 14-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1659**
**سیسەد و شەست و شەش قوڵنگ هێلینەکە و دوو تێژک**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013193300526024
سیسەد و شەست و شەش قوڵنگ
هێلینەکە و دوو تێژک
وەڵام (ژمارەی ڕۆژ و مانگ و ساڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل28
کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1660**

**سینگ لەسەر پشتێ بەقونی هەنگشتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104220430443439

سینگ لەسەر پشتێ
بەقونی هەنگشتێ
مەبەست لە شیشی کەبابە، سینگ لەسەر پشتێ، واتە: قیمەی کەباب کە کەبابچی دەیدا لەشیش، گۆشتی قیمەی کەبابەکە دەچێتە سەر شیشی کەباب کە بە سنگ بەراوردکراوە، بەقونی هەنگشتێ، واتە: قیمەی کەبابەکە بە شیشی کەبابەکەوە دەپێچرێ. وەڵام (کەباب) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل65

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1661**

**سینییە و فەخفووریە ئاوی دوو ڕەنگە بەساردی شلە و بەگەرمی توندە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117193924458903

سینییە و فەخفووریە ئاوی دوو ڕەنگە
بەساردی شلە و بەگەرمی توندە
مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، سینییە و فەخفوورییە، مەبەست لە توێکڵی هێلکەیە کە لە ماددەیەکی کلسی پێکهاتووە و بە فەخفووری چووێنراوە، ئاوی دوو ڕەنگ، مەبەست لە سپێنە و زەردێنەی هێلکەیە، بەساردی شلە هەروەها کە گەرمدەکرێ توند دەبێتەوە. [1]
وەڵام: (هێلکە)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل212

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1662**

**سێ ئەچێ، دوازدە لەجێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924232837523224

سێ ئەچێ، دوازدە لەجێ.
مەبەست لە کاتژمێر و میلی کاتژمێرە، (کاتژمێری کلاسیکی سێ میلی بۆ چرکە و خوولەک و کاتژمێر هەیە) سێ ئەچێ، مەبەست لە سێ میلی کاتژمێرە کە شوێنیان جێگیر نییە بەردەوام لە جووڵەدان، دوازدە لەجێ، مەبەست لە ژمارە یەک تا دوازدەی کاتژمێرە کە شوێنیان جێگیرە، وەڵام (میلی کاتژمێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1663**

**سێ برا بوون قەلەندەریی، حەوزە قووڵە نیشتەسەری دەندووک درێژ کەلەپەری، لەدەوری بوون بە نۆکەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922211935522598

سێ برا بوون قەلەندەریی، حەوزە قووڵە نیشتەسەری
دەندووک درێژ کەلەپەری، لەدەوری بوون بە نۆکەری
قەلەندەر: بۆ کەسێک بەکاردێت کە دەربەستی دنیا، بەرگ پۆشین و دابوونەریتی کۆمەڵگە نەبێت (فەرهەنگی خاڵ) ، سێ برا بوون قەلەندەر، مەبەست لە سێپا، مەنجەڵ و کەوگیرە کە چیان تێدا لێبنرێت دەربەستنایەن، حەوزە قووڵە نیشتە سەری، مەبەستە لە مەنجەڵە کە بە حەوز چووێنراوە و دەخرێتە سەر سێپا، دەندووک درێژ بە کەوگیر چووێنراوە. وەڵام (سێپا و مەنجەڵ و کەوگیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل31

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1664**

## سێ برا بەدوای یەکدا غاردەدەن و ناگەن بەیەک

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105100605443504

سێ برا بەدوای یەکدا غاردەدەن و ناگەن بەیەک.
غاردان: ڕاکردن، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست بەدواوە، لە باشووری کوردستان یەک جۆر پانکە هەبوو، ئەویش پانکەی سێ پەڕەکە بوو، یەک قاچی هەبوو یان بە سەقفا هەڵدەواسرا یان بەپێوە لەسەر زەوی دادەنرا، مەتەڵەکە وەسفی سێ پەڕەکەی پانکە دەکات کە بە سێ برا چوواندوویەتی، هەمیشە دەخووڵنەوە و بەیەکتری ناگەن. وەڵام (پانکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل65

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1665**
**سێ برا لە ژیاندان ئاواتیانە بەیەک بگەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220809213319427450



سێ برا لە ژیاندان ئاواتیانە بەیەک بگەن.
لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست بەدواوە، لە باشووری کوردستان یەک جۆر پانکە هەبوو، ئەویش پانکەی سێ پەڕەکە بوو، یەک قاچی هەبوو یان بە سەقفا هەڵدەواسرا یان بەپێوە لەسەر زەوی دادەنرا، مەتەڵەکە وەسفی سێ پەڕەکەی پانکە دەکات کە بە سێ برا چوواندوویەتی، هەمیشە دەخولێنەوە و بەیەکتری ناگەن. وەڵام (پانکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 09-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1666**
**سێ برا هەن شەو و ڕۆژ ڕادەکەن**

20220923204711435818=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سێ برا هەن شەو و ڕۆژ ڕادەکەن
هەنگاوی گەورە و بچووک دەبەن
لە ئەنجامیش وەک یەک دەگەن

سێ برا هەن شەو و ڕۆژ ڕادەکەن، مەبەست لە سێ میلی کاتژمێرە، بەردەوام بەدوای یەکدادێن، هەنگاوی گەورە و بچووک دەبەن، واتە: بەدوای یەکدا دەخوولێنەوە، لە ئەنجامدا وەک یەک دەبن، واتە: سێ میلی کاتژمێر لەجێی خۆیانن بەردەوام دەبزوێن و لە کۆتاییدا بەیەک دەگەن. وەڵام (سێ میلی کاتژمێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل30

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1667**

**سێ برا هەن شەو و ڕۆژ ڕادەکەن هەنگاوی گەورە و بچووک دەبەن لە ئەنجامیش وەک یەک دەبن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104200400443405

سێ برا هەن شەو و ڕۆژ ڕادەکەن
هەنگاوی گەورە و بچووک دەبەن
لە ئەنجامیش وەک یەک دەبن
سێ برا هەن شەو و ڕۆژ ڕادەکەن، مەبەست لە سێ پەرەکەی پانکەیە، بەردەوام بەدوای یەکدادەژێن، هەنگاوی گەورە و بچووک دەبەن، واتە: بەدوای یەکدا دەخولێنەوە، لە ئەنجامدا وەک یەک دەبن، واتە: سێ پەڕەی پانکە لەجێی خۆیانن و ناگەن بەیەک. وەڵام (سێ پەڕەی پانکە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل67

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1668**

**سێ برا هەن، بەدەوری دنیادا دەچەرخن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205141011534031

سێ برا هەن، بەدەوری دنیادا دەچەرخن.
دەچەرخن: دەخوولێنەوە. مەبەست لە سێ میلی کاتژمێرە، (کاتژمێری کلاسیکیی سێ میلی بۆ چرکە و خوولەک و دەمژمێر هەیە) سێ برا هەن، مەبەست لە سێ میلی کاتژمێرە کە شوێنیان جێگیر نییە بەردەوام لە جوولەدان، بەدەوری دنیادا دەچەرخن، مەبەست لە وەیە کە بەردەوام دەخوولێنەوە. وەڵام (میلی کاتژمێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل184

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1669**
**سێ بەی، سێ زەردە بەی**

2022092321304743583O=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سێ بەی، سێ زەردە بەی
سێ گوڵ هەنار، سێ ژەهری مار
بەی: بەهێ، سێ بەی، مەبەست لە سێ مانگی هاوینە، سێ زەردەبەی واتە: سێ مانگی پایز، سێ گوڵ هەنار، واتە: سێ مانگی بەهار، سێ ژەهری مار، واتە: سێ مانگی زستان. لە مەتەڵەکەدا بەهەموویان چوار وەرزی ساڵ پێکدەهێنن. وەڵام (چوار وەرزی ساڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل28

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1670**

**سێ بەی، سێ زەردە بەی، سێ هەنار، سێ زەهری مار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819091510429072



سێ بەی، سێ زەردە بەی، سێ هەنار، سێ زەهری مار.
بەی: مەبەست لە میوەی (بەهێ) یە، سێ بەی واتە: سێ مانگی پایز، سێ زەردە بەی واتە: سێ مانگی هاوین، سێ هەنار واتە: سێ مانگی بەهار، سێ زەهری مار واتە: سێ مانگی زستان، مەتەڵەکە مەبەستی ئەوەیە کە وەرزێک سێ مانگە، بەهەموویان چوار وەرزەی ساڵ پێکدێنن. وەڵام (چوار وەرزەی ساڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 19-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1671**

**سێ پا ژێر زەمین چوار پا ژوور زەمین شقڵی هەیە و پقڵی هەیە وەرە سەیری شقڵ و پقڵی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105101111443505

سێ پا ژێر زەمین، چوار پا ژوور زەمین، شقڵی هەیە و پقڵی هەیە، وەرە سەیری شقڵ و پقڵی.
مەبەست لە مەشکەیە، سێ پا ژێر زەمین، مەبەست لەو سێ پایەیە کە دادنرێت بۆ ئەوەی مەشکە پێوە هەڵبواسرێت بۆ ژەنین، چوار پا ژوور زەمین، مەبەست لە مەشکەیە کە چوار پای هەیە و سەرەوژوور بە سێپاکەدا هەڵدەواسرێ، وەرە سەریری شقڵ و پقڵی مەبەست لەو دەنگەیە کە لە دۆی ناو مەشکەکەوە دێت. وەڵام (مەشکە ژەنین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل68

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1672**

**سێ پا سەر زەمین چوار پای هەمانە شڕدووم بە پڕدووم پڕدووم بە شڕدووم وەرە سەیری ئەم شڕ و پڕانە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104202504443407](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104202504443407)

سێ پا سەر زەمین، چوار پای هەمانە
شڕدووم بە پڕدووم، پڕدووم بە شڕدووم
وەرە سەیری ئەم شڕ و پڕانە
سێ پا سەر زەمین، مەبەست لەو سێ پا دارەیە کە بۆ مەشکە ژەنین بەکاردێ، چوار پای هەمانە، مەبەست لە مەشکەیە کە چوار قاچەکەی بۆ سەرەوەیە و لە هەمبانە دەچێ، شڕدووم بە پڕدووم، مەبەست لە دەنگی دۆی ناومەشکەیە لەکاتی ژەنیندا، گەر گوێی لێبگیرێ دەنگێکی لێوەدێ. وەڵام (مەشکە ژەنین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل67

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1673**

**سێ پا سەر زەمین چوار لاق لە ئاسمان هەڵسا دایە بەرحینگان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104202943443409

سێ پا سەر زەمین
چوار لاق لە ئاسمان
هەڵسا دایە بەرحینگان

سێ پا سەر زەمین، مەبەست لەو سێ پا دارەیە کە بۆ مەشکە ژەنین بەکاردێ، چوار لاق لە ئاسمان، مەبەست لە مەشکەیە لەکاتی هەڵواسینی بە سێپای مەشکەدا قاچەکانی بۆ سەرەوەیە، هەڵسا دایە بەرحینگان، واتە: کابان هەستا و دەستی بە مەشکە ژەنین کرد. وەڵام (مەشکە ژەنین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل67

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1674**

## سێ پا لە زەوی چوار پا لە حەوا فیچقی لێدەدەن خۆی دێت و دەڕوا جرتی بە فرتی فرتی بە جرتی وەرە سەیری جرت و فرتی

[20221216213222452310=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216213222452310)

سێ پا لە زەوی، چوار پا لە حەوا فیچقی لێدەدەن خۆی دێت و دەڕوا
جرتی بە فرتی فرتی بە جرتی، وەرە سەیری جرت و فرتی
مەبەست لە کرداری مەشکە ژەنینە، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە پێستی بزن درووستدەکرێ و دۆی تێدا دەژەنرێ) سێ پا لە زەوی، مەبەست لە سێپای مەشکەیە کە لە سێ دار درووستدەکرێ و لەسەر زەوی جێگیردەکرێ، چوارپا لە حەوا، مەبەست لە مەشکەیە، فیچقی لێدەدەن خۆی دێت و دەچێ، مەشکە کە پاڵی پێوەدەنرێ و دەژەنرێ، بۆخۆی دێت و دەچی. لە کوردەواردا بەو جووڵەیە دەوترێ: جرت و فرت. وەڵام (مەشکە ژەنن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل47

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1675**

**سێ پا لە زەوی، چوار پا لە هەوا وەجەخت ئەناڵی لە دەرگای خوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926130306523467

سێ پا لە زەوی، چوار پا لە هەوا
وەجەخت ئەناڵی لە دەرگای خوا
مەبەست لە مەشکەیە، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ و گرتنی کەرە بەکاردێت، لە پێستی بزن یان کەلەکێوی درووست دەکرێت) ، سێ پا لە زەوی، مەبەست لەو سێپاییەیە کە مەشکەی پێدا هەڵدەواسرێت، چوار پا لە هەوا. مەبەست لە چوارپەلی مەشکەیە کە لەکاتی هەڵواسیندا ئاڕاستەی بۆ سەرەوەیە. وەجەخت ئەناڵێ لە دەرگای خوا، مەبەست لە دەنگی دۆی ناو مەشکەیە. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل50

کاتی تۆمارکردن: 26-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1676**

**سێ پیاو هاتن بەپەلە، ڕەش ئەسمەریان لەگەڵە، لاق درێژ کارەکەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729092727425210

سێ پیاو هاتن بەپەلە، ڕەش ئەسمەریان لەگەڵە، لاق درێژ کارەکەرە
سێ پیاو هاتن بەپەلە واتە: مەنجەڵ، ڕەش ئەسمەریان لەگەڵە، مەبەستی لە سەری مەنجەڵەکەیە کە دەخرێتە سەر مەنجەڵ، لاق درێژ کارەکەرە، مەبەست لە کەوگیرە کە بۆ تێکدانی چێشتی ناو مەنجەڵ بەکاردێ. وەڵام (قابلەمە، سەرقاپ و مەنجەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1677**

**سێ پیتی هەیە و چوار پێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915232356434223](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915232356434223)

سێ پیتی هەیە و چوار پێ
هەیە لە شار و لە دێ
بەم ئاژەڵە لە مێژە
وتراوە گوێدرێژە
کێوین بەشێ لە ئەوان
بە ڕەنگی خەتخەتی جوان
ئەوانەیش وا دەستەمۆن
تێر ئالیک و تێر کا و جۆن
هەمیشە لەژێر بارن
یان لە ژێری ڕێبوارن
بەکام گیاندار دەڵێی هۆش
بە زەڕەی ئەڵێی ناخۆش
وەڵام (کەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل59

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1678**
**سێ پیتە ئەم گیاندارە**

[20220915235546434231=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915235546434231)

سێ پیتە ئەم گیاندارە
مەلیش نییە و باڵدارە
لەشوێنی پیس و بۆگەن
هێلکە یا گەرا دەکەن
لەسەر پاشەڕۆ و برین
یا لەسەر شتی شیرین
دەنیشنەوە لێی دەخۆن
دەستیان بۆ بەری دەڕۆن
لە شوێنی پاکوخاوێن
ناتوانن بژین هەڵدێن
هەڵی بێنە مەتەڵمان
قەڵاچۆیکە بەدەرمان
وەڵام (مێش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل67

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1679**

**سێ پیتە بیست و یەک خاڵی هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103141959456195

سێ پیتە بیست و یەک خاڵی هەیە.
مەبەست لە زاری یاریکردنە، (زاری یاریکردن: شەش پاڵوویەکە، هەر دیوێکی یەک ژمارەی لەسەرە، واتە ژمارە یەک تا شەش بۆ هەندێک یاریی تایبەتیی وەک مارویەپێژە بەکاردێ) سێ پیتە: مەبەست لە پیتەکانی وشەی (زار) ە کە بە ڕێنووسی کوردیی سێ پیتە، بیست و یەک خاڵی پێوەیە، مەبەست لە کۆی ژمارەی خاڵەکانی زارە. وەڵام (زاری یاریکردن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل149.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1680**

## سێ تاس سێ بنە تاس دوو بەربووک و یەک ڕەقاس

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104203325443411

سێ تاس
سێ بنە تاس
دوو بەربووک و یەک ڕەقاس
تاس: قاپی قوڵی مس (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) سێ تاس، سێ بنە تاس، مەبەست لە ئامێری کاتژمێرە، شێوەی وەک تاس وایە، دوو بەربووک، مەبەست لە هەردوو میلی سەعات و دەقە بژێر. یەک ڕەقاس. مەبەست لە چرکە بژێرە، لە هەموو میلەکانی تر زۆرتر دەجووڵێ، لەمەتەڵەکەدا بە سەماکەر (ڕەقاس) باسی کردووە. وەڵام (سێ میلی کاتژمێر) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل65

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1681**

**سێ چیا ئەم بەر ئەو بەرە دێوی ڕەشی لەسەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104220733443440

سێ چیا ئەم بەر ئەو بەرە
دێوی ڕەشی لەسەرە
سێ چیا ئەم بەر ئەو بەرە، مەبەست لە سێ بەردە کە بۆ ساج دادەنرێت کە بە سێ چیای ئەم بەر و ئەو بەر بەراوردکراوە، دێوی ڕەشی لەسەرە، مەبەست لە ساجە کە دەخرێتە سەر ئەو سێ بەردە، بۆ ئەوەی کەمێک لە زەوی بەرزبێتەوە و ئاگری بخریتەژێر. وەڵام (ساج سێڵەی نان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل66

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1682**

**سێ دووکانە نانی، حەرامە جێی خنکانی**

20220801055618425818=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سێ دووکانە نانی، حەرامە جێی خنکانی
سێ دووکانە نانی: مەبەستی لە تەڵەی مشکە، سێ جێگای هەیە بۆ مشک گرتن، هەر جێگایەک پارچە نانێکە پێوەدەکرێ بۆ مشکەکان، حەرامە جێی خنکانی واتە: هەر مشکێ دەم بۆ ئەو نانانەبەرێ ، تەڵەکە ملی دەگرێ و دەیخنکێنێ. وەڵام تەڵەی مشک. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1683**

**سێ ژووری ئیعدامە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923220715435839

سێ ژووری ئیعدامە
ئەو نانەی دەیخوا حەرامە.
جۆرە تەڵەیەکە بۆ مشک دادەنرێت، کە سەردەبات نانەکەی بخوات، تەڵەکە ملی مشکەکە دەگرێ و دەیخنکێنێ. ئەم جۆرە تەڵەیە سێ جێگەی لەیەک کاتدا هەیە، بۆ گرتنی سێ مشک بەیەک جار. وەڵام (تەڵەم مشک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل31

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-23

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1684**

## سێ سفر لەسەر ڕایە، جیرانی ئەلف و یایە، بەبێ نون مانای نایە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729104413425224

سێ سفر لەسەر ڕایە، جیرانی ئەلف و یایە، بەبێ نون مانای نایە
ژیان، مەبەستی مەتەڵەکەیە، سێ سفر لەسەر ڕایە، واتە: پیتی (ژ) ، بۆ سەرلێشێواندن بەکارهاتووە، لەگەڵ پیتی (ی) و (ئەلف) دێت واتە: دوو پیتی تری بەدوادا بێت، دەبێتە وشەی (ژیا) ، بە پیتی نوون واتاکەی تەواو دەبێت کە وشەی ژیانە.
وەڵام ژیان.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1685**

**سێ سوار هاتن بە تەتەری ساڵح بەگیان لە پشت سەری دەنووک لەق لەق کارەکەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119134802459308

سێ سوار هاتن بە تەتەری
ساڵح بەگیان لە پشت سەری
دەنووک لەق لەق کارەکەری
مەبەست لە مەنجەڵ و سەرقاپ و کەوگیرە، سێ سوار هاتن بەتەتەری، (تەتەر: بە کەسێک دەوترێ کە زۆر خێرایە لەگەیاندنی شتدا) ساڵح بەگیان لە پشت سەری، مەبەست لە سەری مەنجەڵە، دەنووک لەق لەق کارەکەری، مەبەست لە کەوگیرە، کلکە درێژەکەی بە دەنووکی لەق لەق چووێنراوە. [1]
وەڵام: (مەنجەڵ، سەرقاپ، کەوگیر)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێر (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل40

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1686**

**سێ سوار هاتن بەلەنگەری دەندوک درێژ کارەکەری مەحمود پاشای لەسەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104204116443413

سێ سوار هاتن بەلەنگەری
دەندوک درێژ کارەکەری
مەحمود پاشای لەسەری

سێ سوار هاتن بەلەنگەری، واتە: مەنجەڵ کە بەسوار بەراوردکراوە، دەندوک درێژ کارەکەرە، مەبەست لە کەوگیرە، کەوگیر کلکێکی درێژی هەیە، وەک دەنوکی لەق لەق وایە. مەحمود پاشای لەسەرە: مەبەستی لە سەرقاپی مەنجەڵەکەیە. وەڵام (قابلەمە و سەرقاپ و کەوگیر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل67

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1687**

**سێ سوار هاتن بەلەنگەرە دێوی ڕەشی وا لەسەرە قاشوکەیان هەورەبڕە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231214201230536916

سێ سوار هاتن بەلەنگەرە
دێوی ڕەشی وا لەسەرە
قاشوکەیان هەورەبڕە

سێ سوار هاتن بەلەنگەری، مەبەست لە قووچاگر، (قووچاگر: بەو جێگە ئاگرە دەوترێت کە سێ بەردە و مەنجەڵی دەخرێتەسەر) ، دێوی ڕەشی وا لەسەرە، مەبەستی مەنجەڵە کە ڕەنگی ڕەش دەبێت و بە دێو چووێنراوە، قاشوکەیان هەورەبڕە، مەبەسرت لە کەوچک یان مراکە. وەڵام (مەنجەڵ، قووچاگر، مڵاک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال سەگرمە ل25

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-14
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1688**

**سێ سەد و شەست و شەش قوڵنگ دوازدە هێلینکە و چوار تێژەک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105101541443506

سێ سەد و شەست و شەش قوڵنگ
دوازدە هێلینکە و چوار تێژەک
قوڵنگ: مەبەست لە باڵندەی قوڵنگە. هێلینک: هێلانەی باڵندەی بچووک (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) سێسەد و شەست و شەش قوڵنگ، مەبەست لە ڕۆژەکانی یەک ساڵە، لە مەتەڵەکەدا بە قوڵنگ بژاردوویەتی، هێلینکە واتە: مەبەست لە دوازدە مانگەکەی ساڵە. چوار تێژە، مەبەست لە چوار وەرزەی ساڵە. وەڵام (ساڵ، مانگ و ڕۆژ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل67

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1689**

**سێ سەرە سێ سەرە ئەحمەد پاشای لەسەرە کلک درێژ کارەکەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104203710443412

سێ سەرە سێ سەرە
ئەحمەد پاشای لەسەرە
کلک درێژ کارەکەرە

سێ سەرە سێ سەرە واتە: مەنجەڵ، ئەحمەد پاشای لەسەرە: مەبەستی لە سەرقاپی مەنجەڵە لەکاتی چێشتلێناندا دەخرێتەسەری، کلک درێژ کارەکەرە، مەبەستی لە کەوگیری ناو مەنجەڵە کە چێشتی پێتێدەکرێ. وەڵام (قابلەمە و سەرقاپ و کەوگیر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل68

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1690**

**سێ سەرە سێ سەرە، میزا برایمی لەسەرە، کوندە کۆڵەی نۆکەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729095819425214

سێ سەرە سێ سەرە، میزا برایمی لەسەرە، کوندە کۆڵەی نۆکەرە
سێ سەرە سێ سەرە واتە: مەنجەڵ، میرزابرایمی لەسەرە: مەبەستی لە سەرقاپی مەنجەڵە، کوندە کۆڵە نۆکەرە، مەبەستی لە کەوگیری ناو مەنجەڵە. (کوندە: لە کوردەواردا ئاوی تێدەکرێ، کوندە کوڵە واتە: کەوگیری کوڵ و بچووک) . وەڵام (قابلەمە و سەرقاپ و مەنجەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1691**

**سێ سەنگەرە سێ سەنگەرە، قاچ ڕەشەکی لەسەرە، حاجی لەق لەق کارەکەرە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729095343425212](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729095343425212)

سێ سەنگەرە سێ سەنگەرە، قاچ ڕەشەکی لەسەرە، حاجی لەق لەق کارەکەرە
سێ سەنگەرە سێ سەنگەرە واتە: مەنجەڵ کە وەک سەنگەر چاڵە، قاچ ڕەشەکی لەسەرە: مەبەستی لە سەری مەنجەڵەکەیە، حاجی لەق لەق کارەکەرە: مەبەست لە کەوگیرە، گەوگیر کلکێکی درێژی هەیە ، وەک دەنوکی لەق لەق وایە.
وەڵام (قابلەمە و سەرقاپ و مەنجەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر]()

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1692**

**سێ شەش و سێ چوار لەوەودوا بەهار شەشی بایە و شەشی بۆرانە شەش سێوەڕی ژێر دارانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917222958521190

سێ شەش و سێ چوار لەوەودوا بەهار
شەشی بایە و شەشی بۆرانە
شەش سێوەڕی ژێر دارانە
سێوەڕ: سایە یان سێبەر (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، سێ شەش و سێ چوار، مەبەست لە سی ڕۆژی کۆتایی زستانە کە دواتر وەرزی بەهار دێت، لەو سی ڕۆژەدا، شەش ڕۆژی دەشێ (با) بێت، هەروەها شەش ڕۆژی تری دەشێ باران بێت، شەش ڕۆژی کۆتایی هەوا خۆش دەبیت. وەڵام (خاکەلێوە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 19

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1693**

**سێ قوتە بەرامبەرە دێوەڕەشیان لەسەرە کلک قوتە نۆکەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103152413456212

سێ قوتە بەرامبەرە
دێوەڕەشیان لەسەرە
کلک قوتە نۆکەرە

مەبەست لە سێپا و مەنجەڵ و شیشی ئاگرخۆشکردنە، سێ قوتە بەرامبەرە، مەبەست لە سێپایە، (سێپا: ئامێرێکی سێ قاچە، مەنجەڵی دەخریتەسەر و ئاگری لەبندا دەکرێتەوە) دێوەڕەشیان لەسەرە، مەبەست لە مەنجەڵە کە دەخرێتە سەر سێپا، کلک قوتە نۆکەرە، مەبەست لە شیشی ئاگر خۆشکردنە. (لە کوردەواردا لەژێر سێپادا بە دار ئاگر کراوەتەوە بۆ چێشت لێنان، دەم دەم پێویستبووە کە بە شیشێک ئاگرەکەی ژێری خۆش بکرێت) . وەڵام (سێپا و مەنجەڵ و شیشی ئاگر خۆشکردن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل163.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1694**

**سێ گرد بەرامبەرە، دێوە ڕەشی لەسەرە، پەپلان کارەکەرە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729094946425211](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729094946425211)

سێ گرد بەرامبەرە، دێوە ڕەشی لەسەرە، پەپلان کارەکەرە
سێ گرد بەرامبەرە واتە: مەنجەڵ کە قەبارەیەکی هەیە، وەک گرد وایە، دێوە ڕەشی لەسەرە: مەبەستی لە سەری مەنجەڵەکەیە کە بە ئاگر ڕەش بووە، پەپلان کارەکەرە: مەبەست لە کەوگیرە. وەڵام (قابلەمە و سەرقاپ و مەنجەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1695**
**سێ گورگە شۆڕ، نۆ گورگە قەرەو خواردن**

[20220905203538432214=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905203538432214)

سێ گا یا، نۆ گا خواردن.
سێ گورگە شۆڕ، نۆ گورگە قەرەو خواردن.
ساڵێک پێکدێت لە دوازدە مانگ، سێ گا، مەبەست لە سێ مانگەی وەرزی زستانە، نۆ گا، مەبەست لە سێ وەرزەکەی تری ساڵە کە (پایز، هاوین و بەهار) ە، واتە: کەسێک نۆ مانگ کاردەکات و ماندوو دەبێت، ئەو بەرهەمەی پاشەکەوتی دەکات، لە سێ مانگەی وەرزی زستاندا دەیخوات. شۆڕ: داچۆڕکە بوونی شتێک لەبەرزییەوە (فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە وەرزی زستانە کە مرۆڤ هەر دەخوا و دادەنیشێت. وەڵام (سێ مانگەی زستان بەرهەمی نۆ مانگەکەی کە دەخورێ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل118



کاتی تۆمارکردن: 05-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1696**
**سێ مانگ لە ئەرزێ، سێ مانگ لە دەرێ. سێ مانگ بۆ ئینسان، سێ مانگ بۆ کەرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807055359426956

سێ مانگ لە ئەرزێ، سێ مانگ لە دەرێ. سێ مانگ بۆ ئینسان، سێ مانگ بۆ کەرێ
تۆوی کنگر سێ مانگ لەناو زەویدا دەمێنێتەوە، بە سێ مانگیش چەکەرە دەکات و دەڕوێ، دوای ئەوەی کە سەری دەرهێنا، مرۆڤ دەچێ دەریدەهێنێ و کنگرەکەی دەخوا، سێ مانگ بۆ کەرێ واتە: ئەو گەڵاو گۆڵەی لێ دەمێنێتەوە، کەر دەیخوات.
وەڵام کنگر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1697**

**سێ ماین هاتن بەپەلە**

20220923204933435819=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سێ ماین هاتن بەپەلە
ڕەش ئەسمەریان لەسەرە
کلک درێژ کارەکەرە
ڕەش ئەسمەر، مەبەستی لە قابلەمەیە کە لەکاتی چێشت لێناندا، بە ئاگری دار ڕەنگی ڕەش دەبێت، کلک درێژ، مەبەستی لە کەوگیرە. وەڵام (سەرقابلەمە، قابلەمە، کەوگیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل28

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1698**

**سێ مەڕە سێ سەرە ئەحمەد پاشای لەسەرە کلک درێژ نۆکەرە**

2023010315203045621O=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سێ مەڕە سێ سەرە
ئەحمەد پاشای لەسەرە
کلک درێژ نۆکەرە
مەبەست لە سێپا و مەنجەڵ و شیشی ئاگرخۆشکردنە، سێ مەڕ سێ سەرە، مەبەست لە سێپایە، (سێپا: ئامێرێکی سێ قاچە، مەنجەڵی دەخریتەسەر و ئاگری لەبندا دەکرێتەوە) ئەحمەد پاشای لەسەرە، پاشا لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هەمیشە لە بەشی سەرەوەی کۆمەڵگەیە، بۆیە مەنجەڵی پێچووێنراوە لە کەسەر سێپا دادەنرێ. چوونکە هەردووکیان لەسەرەوەن، کلک درێژ نۆکەرە، مەبەست لە شیشی ئاگر خۆشکردنە. (لە کوردەواردا لەژێر سێپادا بە دار ئاگر کراوەتەوە بۆ چێشت لێنان، دەم دەم پێویستبووە کە بە شیشێک ئاگرەکەی ژێری خۆش بکرێت) . وەڵام (سێپا و مەنجەڵ و شیشەی ئاگر خۆشکردن) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل163.
کاتی تۆمارکردن: 03-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1699**
**سێ نووقتە و شەش پیتە بێ دیوار و ساپیتە خوانەکێ جوان و قیتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206032923449329

سێ نووقتە و شەش پیتە
بێ دیوار و ساپیتە
خوانەکێ جوان و قیتە
مەبەست لە ڕەشماڵە، لە کوردەواردا پێشی دەوترێ دەوار یان تاوڵ، سێ نووقتە و شەش پیتە، مەبەست لە ڕێنووسی وشەی (ڕەشماڵ) ە، بێ دیوار و ساپیتە، واتە: ڕەشماڵ کە کۆچەریانی کورد هەڵیدەدەن، تەنیا بەری ئاسمان دەگرێ دیواری نییە، بە چیغ دیواری بۆ دەکەن، خوانەکێ جوان و قیتە، (قیت: ڕێک وەستاو) واتە: ڕەشماڵ کە هەڵدەدرێ جوان و ڕێک دەوەستێ.
وەڵام (ڕەشماڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل44

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1700**
**سێ کرێکارێ ئی نێ یا نەینە بەهەر سی شاوە بێڵەێشاهەنە**

2023101318401152600 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سێ کرێکارێ ئی نێ یا نەینە
بەهەر سی شاوە بێڵەێشاهەنە
وەڵام (ددان و زمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل22

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1701**

**سێ کەس ئەچن بۆ سەرقەبر دوانیان هەڵیگرتووە و یەکێکیان مردووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230119134118459301

سێ کەس ئەچن بۆ سەرقەبر، دوانیان هەڵیگرتووە و یەکێکیان مردووە.
مەبەست لە پەنجەی دەست و پێنووسە لەکاتی ڕێنووسکردن و نووسینی وشەدا، دوان هەڵیانگرتووە، مەبەست لە پەنجەکەڵە و پەنجەی شایەتمانە کە پێنووسی پێدەگیرێ، یەکێکیان مردووە، مەبەست لە پێنووسە، سێ کەس ئەچن بۆ سەرقەبر، مەبەست لە سێ پەنجەکەی تری دەستە. وەڵام (پەنجەی دەست و پێنووس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل41

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1702**
**سێپایلکەی، سەر ڕەشکەرەی، گیڤە گیڤکەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825150709430246



سێپایلکەی، سەر ڕەشکەرەی، گیڤە گیڤکەرە.
سێپایلکە مەبەست لە سێپاییە کە لە ئاسن درووست دەکرێت، سێ قاچی هەیە بۆ وەستان، پەرەمێزی لەژێردا دەدەنرێت و مەنجەڵی چێشتی لەسەر لێدەنرێت، سەر ڕەشکەرەی واتە: ئەو مەنجەڵەی لەسەری دادەنرێت، بەهۆی دووکەڵی پەرەمێزەکەوە ڕەنگی ڕەش دەبێت، گیڤە گیڤکەرە، مەبەست لە پەرەمێزی نەوتە لەکاتی ئیش کردندا کە گیفەگیڤی لێوەدێ.
وەڵام (پەرەمێز و سێپاپی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27

کاتی تۆمارکردن: 25-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1703**

**سێسەد سواری لەبەر سوارەکی دەلەرزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108152334457242

سێسەد سواری لەبەر سوارەکی دەلەرزی.
مەبەست لە تەونە، (تەون: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ چنینی فەرشی کوردیی بەکاردێت) سێسەد سوار، مەبەست لە تان و ڕایەڵەی داوە کە بە ئامێری تەونەوە ئامادەدەکرێ بۆ فەرش چنین، لەبەر سوارەکی دەلەرزن، مەبەست لە مەکۆیە کە داوی فەرشی پێدەچنرێ، لە کاتی چنینەکەدا هەموو ڕایەڵەکان دەلەرنەوە. وەڵام (تەون) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل171.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1704**

**سێسەد و شەست و شەش هێلکە، دوازدە بەچکە و یەک دایکانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819121728429105

سێسەد و شەست و شەش هێلکانە
دوازدە بەچکە و یەک دایکانە
سێسەد و شەست و شەش هێلکانە، مەبەست لە ڕۆژەکانی یەک ساڵە، لە مەتەڵەکەدا بە هێلکە بژاردوویەتی، دوازدە بەچکە واتە: دوازدە مانگەکەی ساڵ، یەک دایکانە واتە: یەک ساڵ، واتای گشتی مەتەڵەکە دەڵێت: ساڵێک سێسەد و شەست و شەش ڕۆژە هەروەها دوازدە مانگە، بە هەمووی یەک ساڵە. وەڵام (ساڵ، مانگ و ڕۆژ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1705**

**سێسەد و شەشت و شەش قوڵنگ هێلینەک و دوو تێژەک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905205754432222

سێسەد و شەشت و شەش قوڵنگ هێلینەک و دوو تێژەک.
قوڵنگ: باڵندەیەکی قاچ و قول درێژە، لە شینەشاهۆ دەچێت (فەرهەنگی خاڵ) ساڵێکی پڕ پێکدێت لە سێسەد و شەشت و شەش ڕۆژ کە لە مەتەڵەکەدا بە قوڵنگ هاتووە، تێژەک: جوچک بێچووی باڵندە و مەل (فەرهەنگی کانی) مەبەستی لە مانگ و خۆرە کە هەموو ساڵێک لە دەوری زەوین. وەڵام (ڕۆژەکانی ساڵ، مانگ و خۆر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل119

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1706**

**سێوە هەنار نییە، بازاڕە دووکان نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220802065726426030

سێوە هەنار نییە، بازاڕە دووکان نییە
سێوە هەنار نییە: مەبەستی لە دڵی مرۆڤە کە قەبارەکەی بەقەدەر سێوێک دەبێت ، بازاڕە دووکان نییە: مەبەست لەوەیە کە دڵ وەک بازاڕ وایە، هەرکات و ساتەی کەسێکی خۆش دەوێت و شەیدای کەسێک دەبێت، ئەم سەودایەش پێویستی بە دووکان نییە. وەڵام دڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1707**

**سێڵەی زل زل کەوتە مەنزڵ کۆڵەکەم نەوی بەخورە ڕەوی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104210734443424

سێڵەی زل زل کەوتە مەنزڵ
کۆڵەکەم نەوی بەخورە ڕەوی
سێڵە: ئامێرێکە بۆ نان برژاندن بەکاردێت، هەم گەرمییەکەی و هەم پشتە کەوانەییەکەی لە خۆر دەچێ، زل زل واتە: تیشکی خۆر کە تاڵ تاڵ دەگاتە سەر زەوی، ساجیش کەمکەم بە ئاگر گەرم دەبێ، کەوتە مەنزڵ واتە: چۆن تیشکی خۆر دەگاتە دەشتودەر گەرمی ئاگریش دەگاتە کۆی ساج، کۆڵەکەم نەوی بە خۆڕە ڕەوی، واتە: ساج بەخێرایی گەرم دەبێت گەر فریای نەکەوی نان دەسووتێنێ. وەڵام (ساج، سێڵەی نان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل66

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1708**

**سێی پێوە شۆڕئەبێتەوە دووی تێهەڵئەکێشن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103141641456194

سێی پێوە شۆڕئەبێتەوە، دووی تێهەڵئەکێشن.
مەبەست لە شاقەلی چۆغە یان بەرۆکە، (شاقەل: بەو بەشەی بەرگی سەرەوە دەوترێ کە شۆڕبیبێتەوە و نەخرێتە ناو شرواڵەوە. چۆغە: بەرگی سەرەوەی جلی کوردی پیاوانەیە) سێی پێوە شۆڕبووەتەوە، مەبەست لە بەرۆکی چۆغەیە کە سێ بەشە، دووی تێهەڵدەکێشن، مەبەست لە شرواڵە کە دوو قاچی پێدادەکرێ بۆ لەپێکردن. وەڵام (شاقەلی چۆغە یان بەرۆک) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل143.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1709**

**سێی لە سێبەرە دووی لە هەتاوە ئەوەی بیزانێ ئەقڵی تەواوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104221253443441

سێی لە سێبەرە، دووی لە هەتاوە
ئەوەی بیزانێ ئەقڵی تەواوە
مەبەست لە پێنج فەرزی نوێژە، سێی لە سێبەرە، واتە: لە سێ کاتی نوێژکردندا هەتاو دیارنییە، کاتەکانی شەو یان بەرەبەیانە، دووی لە هەتاوە، واتە: دوو کاتی نوێژ لە کاتی ڕۆژدایە و هەتاو دیارە. ئەوەی بیزانێ عەقڵی تەواوە، واتە: مرۆڤە هۆشمەندەکان دەزانن. وەڵام (نوێژ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل65

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1710**

**سێیە، نابێت بە چوار**

[20220923223722435845=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20220923223722435845=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

سێیە، نابێت بە چوار.
لە ژیاندا زۆر شت هەیە سێ دانەییە و نابێت بە چوار، مەبەستی مەتەڵەکە قۆناغی پیریی مرۆڤە کە بە دوو قاچ و گۆچانێک بەڕێدا دەڕوات، ناتوانێت وەک جاران بە دوو قاچ بڕوات. وەڵام (مرۆڤ لە قۆناغی پیرییدا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل32

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1711**

**سێیەی چی زوخاڵ ئەسبێیەی چی شیر حەلەی چی کەمو، خێدێننە چی تیر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013110117525952

سێیەی چی زوخاڵ ئەسبێیەی چی شیر
حەلەی چی کەمو، خێدێننە چی تیر
وەڵام (جاو و برۆ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل17

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1712**
**سەد چەنک لەبان سندووق**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206043003449344](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206043003449344)

سەد چەنک لەبان سندووق.
مەبەست لە کۆڵەکەی خانووە، (کۆڵەکە: ئەو دارە ئەستوورەیە کە لەناوەڕاستی ژووردا دەچەقێنرێ، بۆ ئەوەی دارەڕای خانووی لەسەر بووەستێ، چەنک: چنگی ئادەمیزاد (فەرهەنگی خاڵ) سەد چنک، مەبەست لە دارەڕای خانووە، لەبان سندووق، مەبەست لە کۆڵەکەیە کە دارەکانی ڕاگرتووە. وەڵام (کۆڵەکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل42

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1713**
**سەد خەڵک لەبان سندوقێک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029172619442589

سەد خەڵک لەبان سندوقێک.
کۆڵەکە: ئەستوون، مەبەستی مەتەڵەکە کۆڵەکەی خانووە، خانووی وڵاتی کوردەوار، هەمووی لە قوڕ و بەرد دروستدەکرێ، پاشان سەرەکەی دارەڕا دەکرێ، بۆ ئەوەی دارەڕاکان ڕابووەستێ، لەژێرەوە کۆڵەکەیەکی ئەستووری دار دەخرێتە ژێری، واتە: کۆڵەکە کۆی دارەڕاکان ڕادەگرێ. سەد خەڵک، مەبەست لە دارەڕایە، لەبان سنووقێک، مەبەست لە کۆڵەکەیە. وەڵام (کۆڵەکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل58

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1714**

**سەد دانە یاقوت زەریف نریاوە گشتی ڕێکوپێک تەمیز چنیاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002213443524497

سەد دانە یاقوت زەریف نریاوە
گشتی ڕێکوپێک تەمیز چنیاوە
یاقوت: بەردێکی ئاڵی جوانی بەنرخە (فەرهەنگی وشەنامە) ، زەریف: دڵگیر و دڵپەسەند (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، نریاوە: دانراوە، چنیاوە، چنراوە، تەمیز: خاوێن. سەد دانە یاقوت زەریف نریاوە، مەبەست لە دەنکی هەنارە کە لە جوانیدا بە یاقوت چووێنراوە، هەروەها بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و خاوێن لە تەنیشتییەک ڕیزکراون. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1715**

**سەد درگا و سەد پەستوویە سەد بووک و سەد خەسوویە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231002213732524498

سەد درگا و سەد پەستوویە
سەد بووک و سەد خەسوویە
پەستوو: ئاخنراو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، سەد درگا و سەد پەستوویە، مەبەست لە هەنارە، وەک ئەوە وایە کە دەنکەکانی بەزۆر ئاخنرابن بەناویدا، سەد بووک و سەد خەسوویە، واتە: وەک سەد بووک و خەسوو وایە کە لە یەک جێگەدابن و هیچ کێشەیەکیان نەبێت. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1716**

**سەد دەر و سەر دەریچە سەد غولام و سەد خەدیجە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206034400449335

سەد دەر و سەر دەریچە
سەد غولام و سەد خەدیجە
دەر: دەرگا یان دەروازە، دەریچە: دەرگای بچووک. غولام: خزمەتکار، نۆکەر فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) سەد دەر سەد دەریچە، مەبەست لە میوەی هەنارە، سەد غولام و سەد خەریجە، مەبەست لە دەنکی ناو هەنارە کە بەسەدان دانە ئەژمارکراوە. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل45

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1717**

**سەد سوار لەبەر سواریٚ ئەلەرزیٚ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220829105024430970

سەد سوار لەبەر سواریٚ ئەلەرزیٚ.
تەون مەبەستی مەتەڵەکەیە، (تەون: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ چنینی فەرشی کوردیی بەکاردێت) سەد سوار، مەبەستی لە (تان) ی ئەو داوانەیە کە بە تەونەوە دەکرێت، بەشێک لە چنراوەکە پێکدێنێت، لەبەر سواریٚ ئەلەرزیٚ، مەبەستی لە (پۆ) یە کە بەمەکۆی تەونەکەوە دێت و دەچیٚ، داوەکان دەلەرزێنێت و پێی دەچنێت. وەڵام (تان و پۆی تەون) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل30

کاتی تۆمارکردن: 29-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1718**

**سەد سوار لەدوای سورەکی دەبەزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923213420435831

سەد سوار لەدوای سورەکی دەبەزی.
تەزبیح یان تەزحیب لە کوردەواردا لە قەزوان درووستدەکرێت، ژمارەی دەنکەکانی سەد و یەک دەنکە، بەداوێکی نەپسێنەوە دەکرێت، پیر و بەتەمەنەکان تەزبیحاتی پێدەکەن، سەد سوار: مەبەست لە سەد دەنکی تەزبیحە، لەدوای سوارێکی دەلەرزن، واتە: بەدوای دەنکی (مەلا)دا دێن، مەلا مەبەست لە دەنکە گەورە و درێژەکەی تەزبیحە. وەڵام (تەزبیح).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل30

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1719**

**سەد سواری دەچیتێ، دەسکە پوشەکی ناچیتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220802064755426028

سەد سواری دەچیتێ، دەسکە پوشەکی ناچیتێ

سەد سواری دەچیتێ: مەبەستی لە مێروولەیە کە دەچنە ناو شارەکەیان، دەسکە پوشەکی ناچیتێ واتە: بێجگە لە مێروولەکان شتی دیکەی ناچێتەناو شارەکەیان چونکە پێکهاتەی درووستبوونی شارە مێروولە بە جۆرێکە کە باریک و پێچاوپێچە و بچووکە. وەڵام شارە مێروولە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1720**

**سەد قوتی سەمەن قوتی لەیەک قوتی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029165145442579](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029165145442579)

سەد قوتی
سەمەن قوتی
لەیەک قوتی

قوتی: قتو، سەمەن: درەختی یاسەمەن (فەرهەنگی وشەنامە) مەبەستی مەتەڵەکە هەنارە، سەد قوتی، واتە: لەناو یەک هەناردا سەد دەنک هەنار هەیە کە هەریەکەیان لە قتویەکی بچکۆلانە دەچن، سەمەن قوتی، واتە: داری هەنار وەک درەختی یاسەمەن جوانە، لەیەک قوتی، واتە: سەد دەنک هەنار لەناو یەک هەناردایە، هەنار وەکوو قوتویەک هەموو دەنکە هەنارەکان کۆکردووەتەوە. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل58

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1721**
**سەد قوتی لەناو یەک قوتی**

[20221029155504442575=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221029155504442575=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

سەد قوتی
لەناو یەک قوتی
مەبەستی مەتەڵەکە پیازە، قوتی: قتو، سەد قوتی، مەبەست لە پیازە کە توێ توێ یە، هەموو توێکان لەناویەکدان، لەناو یەک قوتی، واتە: هەموو توێکانی پیاز کە کۆتاییدا لەناو یەک توێدا کۆبوونەتەوە. توێی کۆتایی بوو بە بەرگ بۆ هەمووی. وەڵام (پیاز) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل58


کاتی تۆمارکردن: 2022-10-29
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1722**

**سەد مەڕ و یەک ڕیخۆڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205140047534028

سەد مەڕ و یەک ڕیخۆڵە.
مەبەستی مەتەڵەکە تەزبیحە، لە کوردەواردا لە قەرزوان دروستدەکرێت، دەنک دەنک کونی دەکرێت، پاشان بە داوێکی نەپسێنەوە دەکرێت، سەد مەڕ، مەبەست لە دەنکەکانی تەزبیحە، کە سەد دەنکە، یەک ڕیخۆڵە، مەبەست لە داوی تەزبیحە کە دەنکەکانی پێکەوە کۆکردووەتەوە. وەڵام (تەزبیح) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل184



کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1723**

**سەد کەس لە دوای کەسەکی دەلەرزن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029172833442590

سەد کەس لە دوای کەسەکی دەلەرزن.
مەبەست لە تەزبیحە کە لە سەد و یەک دەنک پێکدێت. وەڵام (تەزبیح) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل58

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1724**

**سەد کەس لە ژوورێکدا درێژ و سپین کڵاوەکانیان سوور و قاوەین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206034604449336

سەد کەس لە ژوورێکدا درێژ و سپین
کڵاوەکانیان سوور و قاوەین
مەبەستە لە دەنکی شقارتەیە، (شقارتە: قاوغێکی مقەبایە، دەنکی شقارتەی تێدایە، بۆ ئاگرکردنەوە بەکاردێ) سەد کەس لە ژوورێکدا درێژ و سپین، مەبەست لە دەنکی شقارتەیە کە لە دار درووستدەکرێ و ڕەنگیان سپییە، لە قاوغێکدا درێژدەکرێن، کڵاوەکانیان سوور و قاوەیین، مەبەست لەوکبریتەیە کە بەسەر دەنکی شقارتەوەیە. وەڵام (دەنکە شقارتە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل43

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1725**
**سەر ئاسنۆکەی بن دارۆکە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220809203724427440



سەر ئاسنۆکەی بن دارۆکە.
تەور لە ناوچەی پشدەر پێی دەوترێ بیور کە ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە بۆ بڕینی دار بەکاردێ، سەر ئاسنۆکە واتە: سەری تەور کە لە ماددەی ئاسن دروست دەکرێ و دەمەکەت تیژ دەکرێ، بۆ قڵیشاندنی دار بەکاردێ، بن دارۆکە واتە: کلکی تەور کە لە دار دروست دەکرێ. وەڵام (تەور، بیور) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1726**
**سەر ئاگرینە، بن دارینە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923211901435824](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923211901435824)

سەر ئاگرینە، بن دارینە
خواردنی وی گیایێ شینە
مەبەست لە قەننەی تووتن کێشانە، لە دار درووست دەکرێت، تووتنی تێدەکرێت، لەمەتەڵەکدا بە گیان شین باسی لێوەکردووە، هەروەها سەری ئاگرینە: واتە تووتنی ناو قەننەکە ئاگر دەدرێ و کەسێک دەیکێشێت. وەڵام (قەننەی تووتن کێشان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل28

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1727**

**سەر باریکی قون ئەستوور، دەرکەم لێوەکرد چووە ژوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801075437425830

سەر باریکی قون ئەستوور، دەرکەم لێوەکرد چووە ژوور
لە کوردەواردا مێوژ یەکێکە لە گوێزەبانە زۆر نایابەکان کە شەوانی گوێئاگردانی کوردیی پێدەرازێنرێتەوە، مەتەڵەکە بەم جۆرەیە، سەرباریک: مەبەستی لە قنچکی مێوژە، قون ئەستوور واتە: مێوژ، دەرکەم لێوەکرد چووەژوور واتە: دەمم کردەوە و خواردم.
وەڵام مێوژ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1728**

**سەر بە حەواوە کێر لەولاوە سێ پای لە عەرز داناوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230316141427475030](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230316141427475030)

سەر بە حەواوە
کێر لەولاوە
سێ پای لە عەرز داناوە
مەبەست لە ئاژەڵی سەگە لەکاتی میزکردندا، سەگ یەکێکە لەو ئاژەڵانەی کە لە مێژوویەکی کۆنەوە کورد ناسیویەتی و بۆ پاسەوانی ڕایگرتووە، سەگ سرووشتی وایە کاتێک میزدەکات، دەچێتە پاڵ شتێک و قاچێکی هەڵدەبڕێت، سێ قاچەکەی تری لەسەر زەوی دەمێنێتەوە پاشان میز بەو شتەدادەکات کە لایەوە دەوەستێت. وەڵام (سەگ لەکاتی میزکردندا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال](#)
کاتی تۆمارکردن: 2023-03-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1729**
**سەر بە کونە، مار نییە، دەگریە، هەور نیە، کار دەکا، کابان نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729105054425226



سەر بە کونە، مار نییە، دەگریە، هەور نیە، کار دەکا، کابان نییە
کورەی هەنگ رێچکەیەکی بچووکی هەیە کە هەنگی پیا دەڕواتە ژورەوە، واتە: هەنگەکە لە کات گەڕانەوەدا دەچێتە کونەکەیەوە، لە مەتەڵەکەدا بە مار چووێنراوە، کاردەکات کابان نییە، مەبەست لەوەیە کە هەنگ شیلەی گوڵان دەمژێ و دەیباتەوە لە کوورەکەی دەیکات بە هەنگوین، وەک ژن وایە چونکە ئیش و کاری زۆرە، بەبێ ماندووبوون ئەنجامی دەدا. وەڵام مێش هەنگوینە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1730**
**سەر تەنگی بن بڵاو**

[20221226152808454252=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221226152808454252=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

سەر تەنگی بن بڵاو.
مەبەست لە کڵاوە، (گەلی کورد چەندین جۆر کڵاوی تایبەتیی بۆ ژنان و پیاوان هەیە، ڕۆژانە یان لە بۆنە نەتەوەییەکاندا لەسەری دەکەن) سەر تەنگ، مەبەست لە بەشی سەرەوەی کڵاوە کە کەمێک تەنگ و باریکە، بن بڵاو، مەبەست لە بەشی ژێرەوەی کڵاوە، کە فراوانترە، بۆ ئەوەی بەسەردا بچێ. وەڵام (کڵاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل15

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1731**

**سەر جلی بن جل خوریی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923220249435838

سەر جلی بن جل خوریی.
کڵاش: پێڵاوێکی پیاوانەیە، بەرهەمێکی کەلەپووری کوردییە، ژنان دەیچنن، سەری دەزووە، واتە: سەری کڵاش لە جۆرە دەزوویەکی تایبەتیی دەچرێ و دروستدەکرێ، بنی پەڕۆیە، بنی کڵاشیش لە پەڕۆ دروستدەکرێ، ڕۆیشتنی لەسەرخۆیە، واتە: بۆ ڕۆشتن خۆشە. وەڵام (کڵاش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل31

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-23

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1732**

**سەر جلی بن جلی خوری گەر هەڵیبێنی پیرێژنە بۆری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029165629442581

سەر جلی بن جلی خوری
گەر هەڵیبێنی پیرێژنە بۆری
مەبەستی مەتەڵەکە کڵاشی کوردییە، (کڵاش: پێلاوێکی پیاوانەیە، بەرهەمێکی کەلەپووری کوردییە، ژنان دەیچنن) سەر جل، مەبەست لە سەری کڵاشە کە لە جۆرە دەزوویەک درووستدەکرێت لە مەتەڵەکەدا بە جل بەراوردکراوە، بن جل خۆری، مەبەست لەژێری کڵاشە، گەر هەڵیبێنی پیرێژنە بۆری، واتە: کەسێکی دنیادیدەی. وەڵام (کڵاش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل58

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1733**
**سەر زوڕنای قنگ شمشاڵ**

20230917224411521195=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەر زوڕنای قنگ شمشاڵ.
زوورنا و شمشاڵ: دوو ئامێری کەلەپووری مووزیکی کوردین، ئامێری هەوایین، لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا دەژەنرێن، شمشاڵ رێک و باریکە بەڵام زورنا سەرەکەی پانە. سەر زوڕنا، مەبەست لە سەری پوشکەبەقنگەیە، قنگ شمشاڵ، مەبەست لە کلکییەتی، (پوشکەبەقنگە: گیاندارێکی بچووکی باڵدارە، سەرێکی گەورە و کلکێکی باریکی درێژی هەیە) . وەڵام (پوشکەبەقنگە) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل14

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1734**

**سەر سەوزی بن لە ئاو تەلارێز و نوقرە ناو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922211504522597

سەر سەوزی بن لە ئاو
تەلارێز و نوقرە ناو
مەبەست لە چەڵتووکە، (چەڵتووک: بە بەڵمی برنج دەوترێت کە هێشتا لە پووشەکەیدا بێت و کرپەنەکرابێت (فەرهەنگی خاڵ) ، سەری سەوزە و بن لە ئاو، مەبەست لە برنجە کە بەسەوزیی بەردەوام بنی پرە لە ئاو، تەلارێز، مەبەست لە بەڵمی برنجە، نوقرە ناو، مەبەست لە برنجە. وەڵام (چەڵتووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل33

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1735**

**سەر شاخە بەری بییە پێستە بزنە و تووکی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204214440449153

سەر شاخە بەری بییە
پێستە بزنە و تووکی نییە
مەبەست لە کێلان و خەنجەری کوردییە، (خەنجەر: تیغێکی تیژە، لە جەنگدا کورد بەکاری هێناوە) سەری شاخە، مەبەست لە کلکی خەنجەرە کە لە شاخی ئاژەڵی کێوی درووستکراوە، بەری بییە، هەندێک لە خەنجەرەکان کێلانەکەی لە داری بی درووستکراوە، هەندێکی تریان لە پێشتی ئاژەڵ. وەڵام (کێلان و خەنجەر).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل41

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1736**
**سەر قوتیلەی دەو شڕیلە**

20221204213550449150=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەر قوتیلەی
دەو شڕیلە
قوتیلە: بە شتێکی خڕی بچووک دەوترێ، سەر قوتیلە، مەبەست لە قەڵەمە، (قەڵەم ئامێرێکە بۆ پێنووسین لەسەر وەرەقە بەکاردێ) ، دەو شڕیلە، (دەو: دەم) یان دەم شڕیلە، بۆکەسێک بەکاردێ کە دەم لە هەموو قسەیەک بکوتێ، مەبەستی لە نووکی قەڵەمە کە هەموو شتێکی پێدەنووسرێ. وەڵام (قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل41
کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1737**

**سەرگەلە و بن گەلە چاوزەق سمێڵ بەلە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206035202449338](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206035202449338)

سەرگەلە و بن گەلە
چاوزەق سمێڵ بەلە
سەرگەلە، مەبەستی لە پشیلەیە، (پشیلە گیانەوەرێکی ماڵییە و نزیک لە مرۆڤ دەژی) چاوزەق سمێڵ بەلە، (بەل: واتە: قوت، قنج یان قیت) واتە: دیمەنی ڕووخساری پشیلە وایە کە چاوی زەق و کراوەیە، هەروەها سمێڵیشی قیت و قنجە.
وەڵام (پشیلە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل42

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1738**

**سەر لووسی بن پەراسوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825082211430193

سەر لووسی بن پەراسوو.
سەر لووس، مەبەست لە سەربانی گڵە، (شێوازی تەلارسازیی بەتایبەت گوندەکانی وڵاتی کوردستان هەموو گڵە) سەربانەکان بە قوڕ جوان سواغ دەکرێن و لووس دەکرێن، بۆ ئەوەی ئاوی باراناوی پێوە نەوەستێ، لووسی سەربانی گڵ و سەری کەچەڵ بەیەک چوونێراوە، بن پەراسوو، مەبەست لە دارەڕای ژێر سەقفی خانووە کە بە پەراسووی مرۆڤ چوونێراوە. وەڵام (سەربان و بن نان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل26

کاتی تۆمارکردن: 25-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1739**

**سەر لە زەوی پا بەرەوژوور کەوای سەوز و مێزەری سوور**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917223237521192](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917223237521192)

سەر لە زەوی پا بەرەوژوور
کەوای سەوز و مێزەری سوور
چەوەندەر: گیایەکی گەڵا پانی پایزییە، بنکێکی گەورەی پانی لە زەویدا هەیە و تامی شیرینە (فەرهەنگی خاڵ) ، سەری لە زەوی پای بەرەوژوورە، واتە: سەلکی چەوەندەر لەناو زەویدایە لە مەتەڵەکەدا بەسەر چووێنراوە، گاڵاکانی لەسەر زەوییە بە پێ چووێنراوە، کەوای سەوز، مەبەست لە گەڵاکانییەتی، مێزەری سوور، مەبەست لە ڕەنگی چەوەندەرە. وەڵام (چەوەنەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 22

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1740**

**سەر لە زەوی گوڵ لە حەوا ناوی نوقلە و بەرگی تەڵا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029165932442582](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029165932442582)

سەر لە زەوی گوڵ لە حەوا
ناوی نوقلە و بەرگی تەڵا
مەبەست لە چەڵتووکە، سەر لە زەوی، مەبەست لە ڕەگی چەڵتووکە کە لەناو زەویدایە، گوڵ لە حەوا، مەبەست لە گوڵی برنجە کە لەسەرەوەیە، ناوی نوقڵ، مەبەست لە برنجی ناو چەڵتووکە کە لە خۆشیدا بە بنوقڵ بەراوردکراوە، بەرگی تەڵا، مەبەست لە بەڵمی چەڵتووکە کە دەوری برنجەکەی داوە و لە زەردیدا بە تەڵا زێڕ چووێنراوە. وەڵام (چەڵتووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل58

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1741**

**سەر لەخوار و قاچ لەحەوا بە دوو هەفتە ڕیشی ڕوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221009202339438871

سەر لەخوار و قاچ لەحەوا
بە دوو هەفتە ڕیشی ڕوا
مەبەست لە پیازە، سەلکی پیاز بەسەر و لاسکەکەی بە قاچ چوونێراوە، کاتێک جووتیار لە زەویدا پیاز دەڕوێنێت، سەلکی پیازەکە لە زەویدا نوقم دەکات، کە ڕوا لاسکەکەی بۆ سەرەوە دەڕوێت، کەواتە سەر لەخوار، مەبەست لە سەلکی پیازە، قاچ لەحەوا، مەبەست لە لاسکی پیازە. بە دوو هەفتە ڕیشی ڕوا. مەبەست لەوەیە کە بە دوو هەفتە ڕەگ دەردەکات کە بە ڕیش چوونێراوە. وەڵام (پیاز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل14

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1742**

**سەر لەسەر زەوی، پا لە حەوا سەوزەپۆش و قرمز کەوا**

20230917231005521204=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەر لەسەر زەوی، پا لە حەوا
سەوزەپۆش و قرمز کەوا
چەوەندەر: گیایەکی گەڵا پانی پایزییە، بنکێکی گەورەی پانی لە زەویدا هەیە و تامی شیرینە، (فەرهەنگی خاڵ) ، سەری لە زەوی پا لە حەوا، واتە: سەلکی چەوەندەر لەناو زەویدایە لە مەتەڵەکەدا بەسەر چووێنراوە، گاڵاکانی لەسەر زەوییە بە پا چووێنراوە، سەوزەپۆش، مەبەست لە گەڵای چەوەندەرە، قرمز کەوا، مەبەست لە ڕەنگی چەوەندەرە. وەڵام (چەوەندەر) .[1]
قرمز: هەنبانە بۆرینە
واتا: ڕەنگی سووری ئاچخ. (ئاچخ: ڕەنگی کاڵ، بەرانبەر بە ڕەنگی تاریک و تۆخ)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 21

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1743**
**سەر ماشەڕۆ پێ خاکەڕۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029170330442584

سەر ماشەڕۆ
پێ خاکەڕۆ
مەبەست لە کەڵەشێرە، ماشەڕۆ: پۆپنەی کەڵەشێر، خاکەڕۆ: کۆکردنەوەی بن خەرمان پاش هەڵگرتنی (فەرهەنگی خاڵ) سەر ماشەڕۆ، مەبەست لە کەڵەشێری پۆپنەدارەی گەورەیە، پێ خاکەڕۆ، مەبەست لە کەڵەشێرە کە بە پێ زەوی شیدەکاتەوە و بەدوای دانەوێڵە و خۆراکدا دەگەڕێ. وەڵام (کەڵەباب). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل58

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1744**

**سەر منشارە پێ خەیارە کلک قەتارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924225536523221

سەر منشارە
پێ خەیارە
کلک قەتارە

منشار: مشار، ئامێرێکی تەنکی دەم داناوییە، بۆ برینەوەی دار بەکاردێت، مەتەڵەکە مەبەستی لە کەڵەشێرە، سەری منشارە، مەبەست لە پۆپنەی کەڵەشێرە، (لە کوردەواردا هەندێک کەڵەشێر هەیە، پۆپنەی وەک دەمی مشار وایە، هەندێکیش هەیە پێی دەڵێن: پۆپنە هەزاریی) پێی خەیارە، واتە پێی وەک خەیار خڕومڕە، کلک قەتار، واتە: پەڕەکانی کلکی یەک بەدوای یەکدا وەستاون. وەڵام (کەڵەشێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل40

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1745**

**سەر و بنی تیژ و کونە ئەیماشێتەوە ئەو بێ گونە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103151633456208

سەر و بنی تیژ و کونە
ئەیماشێتەوە ئەو بێ گونە
مەبەست لە سووژنە، (سووژن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، کانزایەکی ئاسنی نووک تیژی باریکە، سەرێکی کونە و پەتی تێهەڵدەکیشرێ، بۆ دوورینەوەی جاجم و ڕەشکە و دەوار بەکاردێ) سەر و بنی تیژ و کونە، مەبەست لە سووژنە،
ئەیماشێتەوە ئەو بێ گونە (ئەیماشێتەوە: ئەیچنێتەوە، کۆیدەکاتەوە) واتە: هەموو شتێک کۆدەکاتەوە و دەیدوورێتەوە. وەڵام (سووژن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

ولآت: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل161.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1746**

**سەر ڕاستە و کلکی خوارە نیوەی ئاسنە و نیوەی دارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029155259442574

سەر ڕاستە و کلکی خوارە
نیوەی ئاسنە و نیوەی دارە
مەبەستی مەتەڵەکە مشارە، سەری ڕاستە و کلکی خوارە، واتە: مشار بۆ بڕینەوی دار بەکاردێت شوێنی دەمەکەی ڕێکە و کلک واتە: دەسکی مشار کەمێک خوارە، نیوەی ئاسنە مەبەست لە دەمی مشارە، نیوەی دارە، مەبەست لە کلکی مشارە. وەڵام (مشار).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل59

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-29
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1747**

**سەر کونی بن تیژ**

20221226153039454253=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەر کونی بن تیژ.
مەبەست لە سووژنە، (سووژن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، کانزایەکی ئاسنی نووک تیژی باریکە، سەرێکی کونە و پەتی تێهەڵدەکیشرێ، بۆ دوورینەوەی جاجم و ڕەشکە بەکاردێ) سەر کون، مەبەست لە سەری سووژنە کە کونێکی تێدایە بۆ داو پێوەکردن، بن تیژ: مەبەست لە نووکی سووژنە. وەڵام (سووژن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەوک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل15

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-26

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

---

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1748**
**سەربان یەک و دەرگا چوار**

20221226152607454250=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەربان یەک و دەرگا چوار.
مەبەست لە کوردسییە، (کورسی ئامێرێکە بۆ لەسەر دانیشتن) سەربان یەک، هەموو کورسییەک جێگەیەکە بۆ دانیشتن، شوێنی دانیشتن بە سەربان چووێنراوە چونکە هەردووکیان تەختن، دەرگا چوار، مەبەست لە چوار قاچی کورسییە کە لەسەری دەوەستێ. وەڵام (کورسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل15

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1749**
**سەربانێکە بن بانێکە، چوار مەڕ و شوانێکە**
[1=https://www.kurdipedia.org/?lng&q=20220815203845428506](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220815203845428506)



سەربانێکە بن بانێکە، چوار مەڕ و شوانێکە.
دەستی مرۆڤێکی ئاسایی پێنج پەنجەی هەیە، پەنجەکانی دەست لە کوردەواردا ناوی تایبەتیان هەیە، لە پەنجە بچووکەوە بیبژێرین بەم جۆرەیە: (تووتە، برای تووتە، زەرنەقوتە، دۆشاومژە، ئەسپێ کوژە) سەربانێکە بن بانێکە: مەبەست لە بەری دەست و پشتی دەستە کە بەسەربان و بن بان چووێنراوە، چوار مەڕ مەبەستی لە چوار پەنجەی دەستە، شوان: مەبەستی لە پەنجەی (ئەسپێ کوژە)یە کە وەک پاسەوانی پەنجەکانی تر باسی دەکات، وەڵام (دەست و پەنجەکان). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی]()

کاتی تۆمارکردن: 15-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1750**

**سەربانەکە لە سەر گۆچانەکە، لە بنی دارچنارەکە**

20220801072452425824=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



سەربانەکە لە سەر گۆچانەکە، لە بنی دارچنارەکە

مەبەستی مەتەڵەکە تەشییە، (ئامێرێکی فۆکلۆری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری و کوڵک بەکاردێت) سەربان: مەبەستی لەو دارە بازنەییەیە کە قوڵاپێکی بچووکی لەسەرە، لە مەتەڵکەدا بە سەرە گۆچان ناوی بردووە، لە بنی دارچنارێکە واتە: کلکی تەشی کە باریک و درێژە. وەڵام تەشی. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1751**

**سەرباڵ بازوو، بن باڵ سوێسکە، ئەرنەمووک ئەولادی چ پێغەمبەرێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825075313430191

سەرباڵ بازوو، بن باڵ سوێسکە، ئەرنەمووک ئەولادی چ پێغەمبەرێکە.
مەبەست لە جۆرە مێشیکە بەناوی (مۆزە: ڕەنگی شینە، لەگاوگۆڵ دەئاڵێ و نارەحەتیان دەکات) لەمەتەڵەکەدا ڕەنگی باڵی لە جوانیدا بە باڵی سوێسکە چووێنراوە، ئەرنەمووک ئەولادی چ پێغەمبەرێکە، مەبەست لەوەیە ئەو جۆرە مێشە زۆر بێزارکەرە بۆ ئاژەڵ، نازانرێ نەوەی کێیە و لە کوێوە هاتووە. وەڵام (مۆزە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل26

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-25

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1752**

**سەربەکەزی سەری پڕە لە دەرزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108152700457243

سەربەکەزی
سەری پڕە لە دەرزی
مەبەست لە کنگرە، (کنگر: گیایەکی کوێستانییە، سەرەکەی دڕکاوییە و ڕەگەکەی لە زەویدا گەشەدەکات و دەخورێ) سەر بە کەزی (کەزی: گێسوو، پرچ، زوڵف فەرهەنگی کانی) مەبەست لە دڕکی کنگرە کە بە کەزی چووێنراوە. سەری پڕە لە دەرزی، واتە: بەشی سەرەوەی کنگر هەمووی دڕکە. وەڵام (کنگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل187.

کاتی تۆمارکردن: 08-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1753**
**سەرپاکی هی خۆتە نیوەتی تێدایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103150430456205

سەرپاکی هی خۆتە، نیوەتی تێدایە.
مەبەست لە شرواڵە، (شرواڵ: بەرگی خوارەوەی جلی کوردی پیاوانەیە) سەرپاکی هی خۆتە، (سەرپاک: هەمووی یان گشتی) واتە: بەرگی شرواڵ هی ئەو کەسەیە کە هەیەتی، نیوەتی تێدایە، واتە: ئەوەی لە پێی دەکات، تەنیا لە کەمەر بۆ خوارەوەی دادەپۆشێت. وەڵام (شرواڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل143.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1754**
**سەرتاتە لووس بن تاتە لووس قوڕی کەنی قوڕ مەنگەنووس**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206034902449337
سەرتاتە لووس بن تاتە لووس
قوڕی کەنی قوڕ مەنگەنووس
تات: مەبەست بەردی تەخت و پان، بۆ دانیشتن لەسەر کانی دادەنرێ، مەنگەنووس: مەنگەنە یان گیرە (فەرهەنگی وشەنامە) سەر تاتە لووس بن تاتە لووس، مەبەست لە گیانەوەری کیسەڵە کە سەر و بنی لووسە وەک بەردە تات، قوڕی کەنی، (کەنی: هەڵکەنی) واتە: کیسەڵ لەدەم چەو و ڕووبارەکان، قوڕ هەڵدەکەنێ و خۆی تێدا دەشارێتەوە. وەڵام (کیسەڵ) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل42
کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1755**

**سەرتیژی ناوبۆش**

[20230103142800456200=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

سەرتیژی ناوبۆش.
مەبەست لە قامیشە، (قامیش: جۆرێک دەوەنە، لوولەکییە و ڕێک و درێژ بۆ ئاسمانن هەڵدەچێ، لە قەراغ چەم و ڕووبارەکان لە گەرمیان و کوێستانی وڵاتی کوردەواردا دەڕوێ) سەرتیژ، مەبەست لە بەشی سەروەی قامیشە کە باریک و تیژدەبێتەوە، ناوبۆش، بەسرووشت قامیش ناوەکەی بۆشە. وەڵام (قامیش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل39.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1756**
**سەردەبڕڕێ بە فڕ دێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206042808449343

سەردەبڕڕێ بە فڕ دێ.
مەبەستی مەتەڵەکە لە گەڵاڕێزانی وەرزی پاییزە، سەردەبڕڕێ، واتە: کاتێ وەرزی پاییز دێت، گەڵای دارەکان زەرد دەبن و دەوەرن، بە فڕ دێ، واتە: بفڕێ، مەبەست لە گەڵار دارە کە دەوەرێ، بە جۆرێک دەکەوێتە خوار وەکوو ئەوە وایە لە هەوادا بفڕێ، وەڵام (وەرینی گەڵای پایز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارپی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل42

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1757**
**سەرش ئاویرا، چێرش گیواوا چێرو و گیواویش گوم و مەناوا ئاهو هەناسەش دووکەڵی سیاوا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015092332526280](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015092332526280)

سەرش ئاویرا، چێرش گیواوا
چێرو و گیواویش گوم و مەناوا
ئاهو هەناسەش دووکەڵی سیاوا
وەڵام (قلیان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل38

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1758**

**سەرش هەسان، چیش هەسان دلیراسیش بەچکە شەیتان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016193601526367](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016193601526367)

سەرش هەسان، چیش هەسان
دلیراسیش بەچکە شەیتان
وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل43

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1759**

**سەرشینی هەنگوچک سپی**

2023010815204245724=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەرشینی هەنگوچک سپی.
مەبەست لە گیا کوزەڵەیە، (کوزەڵە: گیایەکی خۆڕسکی کوێستانییە، گەڵای سەوز و خڕە) سەرشین، مەبەست لە کوزەڵەیە کە ڕەنگی سەوزە (شین بەواتای ڕوان یان ڕەنگی سەوز دێت) هەنگوچک سپی، مەبەست لەو گوڵە سپییە وردەیە کە لە بەشی سەرەوەی کوزەڵەدا دەرووستدەبێت، بەتایبەتی لەکاتی پێگەشتنیدا. وەڵام (کوزەڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل188.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1760**
**سەرقاپی قونێ تامی بڕوێشێ، هەرکەس نەیزانێ چاوانی بێشێ**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817052917428754](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817052917428754)



سەرقاپی قونێ تامی بڕوێشێ
هەرکەس نەیزانێ چاوانی بێشێ
سەرقاپی قونێ: مەبەست لە دووگی مەڕە کە چەورە و قەبارەی گەورەیە، لەدواوە کەوتووە بەسەر جەستەیدا، تامی بڕوێشێ: (بڕوێش لە کوردەواردا دەکرێ بە کفتە) دووگ کفتەوە چەور و بەلەزەت دەکات، هەرکەس نەیزانێ چاوانی بێشێ: وەک نزایەک لە گوێگر دەکرێت، ئەگەر نەیزانێ. وەڵام (دووگی مەڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 17-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1761**

**سەرگەرمی بن جەهاندەم، پیاوی دیوەخانی مەم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801053627425813

سەرگەرمی بن جەهاندەم، پیاوی دیوەخانی مەم
دیوەخانی مەم: نیشانەیە بۆ داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی, سەرگەرمی بن جەهاندەم: مەبەستی لە سەماوەرە کە بەشی سەرەوەی ئاوی تیایە و گەرمە, بەشی خوارەوەی ئاگری تیایە و بە جەهاندەم ناوبراوە, هەمیشە لە دیوەخانە کاندا هەبووە, بەتایبەتی دیوەخانی گەورە پیاوان. وەڵام سەماوەر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1762**

**سەرم سوورماوە ئەمن لە چوار شت با پێتی بڵێم نەڵێی کە نەی گوت**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221217214227452528](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221217214227452528)

سەرم سوورماوە ئەمن لە چوار شت، با پێتی بڵێم نەڵێی کە نەی گوت
یەکیان سەر تا پێ سوورە و زمانە، دووەم بە پێ دەڕوا بزانە
سێیەم چرکەیەک دنیا لێکدەدا، چوارەم بزوێ دنیا تێکدەدا
مەتەڵەکە مەبەستی لە چوار شتی سرووشتی جیاوازە، دەکرێ مەتەڵساز ئاشکرایان بکات، یەکیان سەر تا پێ سوور و زمانە، مەبەست لە ئاگرە کە ڕەنگی سوورە، دووەم بە پێ دەڕوا بزانە، مەبەست لە ئاوی رووبارە کە بەردەوام لە جووڵەدایە، سێیەم چرکەیەک دنیا تێکدەدا، مەبەست لە بارانە گەر بباریێ دنیا تەڕدەکا، چوارەم بزوێ دنیا تێکدەدا، واتە گەر زەویلەرزە ڕووبدا دنیا دەڕوخێنێ بەسەریەکدا. وەڵام (ئاگر، ئاو، باران، زەوی).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل51

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1763**

**سەرم سوڕماوە ئەمن لە چوار شت باپێتی بڵێم نەڵێی کە نەت وت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912220531520299

سەرم سوڕماوە ئەمن لە چوار شت
باپێتی بڵێم نەڵێی کە نەت وت
یەکیان سەرتاپێ سووره و زەمانە
دووم بەپێ دەڕوا بزانە
سێیەم لەحزەیەک دنیا تێکدەدا
چوارەم بزوێ عالەم تێکدەدا

مەتەڵەکە گفتوگۆیە لەنێوان گوێگر و مەتەڵساز، مەبەستی لە چەند شتێکی خراپە گەر هەبێت مرۆڤایەتی تووشی کوێرەوەری دەکەن، یەکەم مەبەست لە هەورە برووسکەیە، دووەم و سێیەم مەبەست لە لافاوە، چوارەم مەبەست لە بوومەلەرزەیە.
وەڵام (هەورەبرووسکە، لافاو و بوومەلەرزە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل136

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1764**

## سەرم مسە، پام مسافر، دڵم ئیماندارە، نەفسم کافر

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205140733534030

سەرم مسە، پام مسافر، دڵم ئیماندارە، نەفسم کافر.
مس: مەبەست لەگوێگرتنی قسەی کەسی گەورە و دنیادیدەیە. مسافر: ڕێبوار. نەفس: خاوەنی گیان و دڵ و دەروون ( فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەبەست لە ئەندامە دیارەکانی جەستەی مرۆڤە کە هەریەکەیان بۆ شتێک بەکاردێت، سەرم مسە، واتە: سەر بیری پێدەکرێتەوە و ئامۆژگاریی پێوەردەگیرێت، پام مسافیر، واتە: پێ بۆ گەشت و گەڕان بەکاردێت، دڵم ئیماندار، واتە: دڵ بۆ خواپەرستی بەکاردەهێنم، نەفسم کافر، واتە: هەندێک جار دەروون مرۆڤ بەلاڕێدا دەبات. وەڵام (مرۆڤ) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل184

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1765**

**سەروو ڕیش چەرمە، ویش توفی جوانین، نمەکریەوش لومە**

20231013104154525943=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەروو ڕیش چەرمە، ویش توفی جوانین، نمەکریەوش لومە.
وەڵام (پەموو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1766**
**سەرڕەشی بنکۆڵ**

[20231205140404534029=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205140404534029)

سەرڕەشی بنکۆڵ.
مەبەستی مووی سەری مرۆڤە، هەموو کەسێک لە قۆناغی منداڵی و گەنجیدا مووی سەری ڕەنگی ڕەشە، دوای ئەوەی دەچێتە تەمەنەوە، مووی سەری وردەوردە سپی دەبێ، سەرڕەش، مەبەست لە مووی سەرە، بنکۆڵ: واتە: ڕەگی مووەکە لەناو پێستی سەردایە. وەڵام (مووی ڕەشی سەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | یەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل184
کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1767**

**سەری ئاسنە بنی دارە، ئەگەر نازانی مشارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801072100425823

سەری ئاسنە بنی دارە، ئەگەر نازانی مشارە
وەڵامی مەتەڵەکە لەناو مەتەڵەکەدا هەیە کە مشارە، سەری ئاسنە واتە: ئەو سەرەی کە شتی پێدەبڕدرێتەوە دانداناوییە و لە کانزای ئاسن دروستکراوە، بنی دارە واتە: ئەو دەسکەی لە کاتی کارکردندا بە دەست دەگیرێ، لە دار دروستدەکرێ. وەڵام مشار. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1768**

**سەری ئاسنە دەسکی دارە زستان کەوتەووە و هاوین هارە پێنج خەنجەری هەردەم سوارە**

[20221206031751449325=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221206031751449325=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

سەری ئاسنە دەسکی دارە
زستان کەوتەووە و هاوین هارە
پێنج خەنجەری هەردەم سوارە
مەبەستی مەتەڵەکە شەنە، (شەن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، دارێکی پێنج پەلکە، خەرمانی پێبەبا دەکرێ. فەرهەنگی خاڵ) سەری ئاسنە دەسکی دارە، مەبەست لە ئامێری شەنە، زستان کەوتووە و هاوین هارە، واتە: لە وەرزی زستاندا بەکارنایەت، تەنیا لە وەرزی هاویندا بەکارە بۆ شەنکردن، پێنج خەنجەری هەردەم سوارە، مەبەست لە پێنج نووکی شەنە کە بە خەنجەر چووێنراوە. وەڵام (شەن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل42](1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل42)

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1769**
**سەری ئاگرینە، بنی دارینە خواردنی ئەو گیای شینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031153418442814

سەری ئاگرینە
بنی دارینە
خواردنی ئەو گیای شینە
سەری ئاگرینە بنی دارینە، مەبەست لە سەبیلە (سەبیل: ئامێرێکە لە دار دروستدەکرێ، بۆ کێشانی توتن بەکاردێت) لەسەرەوە گڕدەدرێ و دەکێشرێ، خواردنی ئەو گیای شینە، مەبەست لەو تووتنەیە کە دەکرێتە ناو سەبیلەوە بۆ کێشان.
وەڵام (سەبیل) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل61
کاتی تۆمارکردن: 2022-10-31
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1770**

**سەری ئاگرە و بنی ئاوە دەیمژی وەک گۆلکی ساوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031153107442813

سەری ئاگرە و بنی ئاوە
دەیمژی وەک گۆلکی ساوا
مەبەست لە کەسێکە کە نێرگەلە دەکێشێ، سەری ئاگرە بنی تاوە، مەبەست لە ئامێری نێرگەلەیە کە سەرەکەی پشکۆی ئاگری دەخرێتەسەر و بنەکەشی شوشەیەکی پڕ لە ئاوە، دەیمژی وەک گۆلکی ساوا، مەبەست لەو کەسەیە کە سۆندەی نێرگەلە دەمژێت، بە گوێرەکەی ساوا چووێنراوە کە گوانی دایکی دەمژێ. وەڵام (نێرگەلە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل61

کاتی تۆمارکردن: 31-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1771**
**سەری ئاگرە و ژێری ئاوە**

20230103142434456197=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەری ئاگرە و ژێری ئاوە.
مەبەست لە چرای نەوتە، (چرا لە وڵاتی کوردەواردا مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام چرای نەوت کەمتر لە سەیەکی تەمەنە) سەری ئاگرە، مەبەست لە پلیتەی چرایە کە گڕەدرێ و رووناکی دەبەخشێ، ژێری ئاوە، مەبەست لەو نەوتەیە کە دەکرێتە چراوە، بۆ ئەوەی پلیتەی پێ بسووتێ، لە مەتەڵەکەدا نەوت لە شلیدا بە ئاو چووێنراوە. وەڵام (چرا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل159.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1772**
**سەری ئاگرە، بنی ئاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923221541435840

سەری ئاگرە
بنی ئاوە
ناوەندی گیایە
سەری ئاگرە، واتە: جگەرە لەکاتی داگیرساندا، بنی ئاوە، واتە: فلتەرەکەی لە دەم دایە بۆ کێشان، ناوەندی گیایە، واتە: نێوانی فلتەر و ئاگرەکەی تووتنی تیایە. وەڵام (جگەرە لەکاتی کێشاندا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل31

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1773**

**سەری ئێسک بەدەن ئێسک بێ پێچک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031142516442801

سەری ئێسک
بەدەن ئێسک
بێ پێچک
بەدەن: لەش یان لاشە. پێچک: دەست و پێ (فەرهەنگی کانی) مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، سەری ئێسک بەدەن ئێسیک واتە: کۆی ڕووپۆشی دەرەوەی هێلکە بە توێکڵێکی کلسیی داپۆشراوە، لەمەتەڵەکەدا بە ئێسک بەراوردکراوە، بێ پێچک، واتە: جەستەیەکی بێ دەست و پێ یە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل62

کاتی تۆمارکردن: 31-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1774**
**سەری ئەبڕی و بۆی ئەگری**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817053940428755



سەری ئەبڕی و بۆی ئەگری.
لە کوردستان جوتیارانی کورد لە کێڵگەکانیاندا دوو جۆر پیاز دەڕوێنن، جۆرێکیان تامی شیرینە و جۆرێکیان تیژ، سەری ئەبڕی: مەبەست لە کەیبانووە کاتێک خواردن ئامادەدەکات و سەر و نبی پیازی تیژ بە چەقۆ دەبڕێت، بۆی ئەگری واتە: تیژیی پیازەکە وادەکات ئاو بە چاواندا بێتەخوار کە چووێنراوە بە گریان. وەڵام (پیاز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1775**

**سەری ئەسپە قونی قەسپە، لاقی دارە پێی مشارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801073809425827

سەری ئەسپە قونی قەسپە، لاقی دارە پێی مشارە
مەتەڵەکە وەسفی لەشی کوڵلەی کردووە، سەری ئەسپە واتە: سەری کوڵلە لە شێوەی سەری ئەسپ دایە، قونی قەسپە واتە: قونی نەرموشلە و باریکە، لاقی دارە واتە: قاچی وەک دار وایە، پێی مشارە واتە: پێی وەک مشار دانداناوییە. وەڵام کوڵلە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1776**

**سەری بتاشی و زمانی ببڕیت ئینجا دێتەکار دنیای پێبگرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912220053520297

سەری بتاشی و زمانی ببڕیت
ئینجا دێتەکار دنیای پێبگرە
مەبەستی مەتەڵەکە پێنووسە، سەری بتاشی و زمانی ببڕیت، واتە: قەڵەم بە قەڵەمدایەن دادەدرێت و نووکەکەت ئامادەدەبێت بۆ نووسین، دادانی پێنووس بەسەرتاشین و تیژکردنی نووکەکەی بە زمان بڕین چووێنراوە، پاشان دەتوانرێت، هەموو شتێکی پێ بنووسرێت. وەڵام (پێنووس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل136

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1777**

**سەری بتاشە زمانی ببڕە ئەمجا دێتەکار دنیای پێبکرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221217212036452509

سەری بتاشە، زمانی ببڕە
ئەمجا دێتەکار، دنیای پێبکرە
مەبەست لە قەڵەمی پێنووسینە، سەری بتاشە، مەبەست لە دادانی سەری قەڵەمە بە قەڵەمدایەن، زمانی ببڕە، مەبەست لە تیژکردنی نووکی قەڵەمە، ئەمجا دێتەکار دنیای پێبکرە، واتە: قەڵەم دوای دادان دەتوانرێ شتی پێبنووسرێ و لە ئەنجامدا دەستکەوتی ماددی لێچنگدەکەوێ. وەڵام (قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل50

کاتی تۆمارکردن: 17-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1778**

**سەری بۆ تۆ، بنی بۆ کەرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923213746435835

سەری بۆ تۆ، بنی بۆ کەرێ.
لە کوردەواردا ساڵانە جوتیاران لە کێڵگەکانیاندا دانەوێڵە (دەغڵ) دەرۆێنن، کاتێک پێدەگات بە داس یان ماڵەغان دەیدروونەوە، دانەوێڵەی بۆ خۆیان جیادەکەنەوە و پووش و پاوەنەکەی واتە بنەکەی وەک ئالیک دەدەنە ماڵات، سەری بۆتە، واتە: دانەوێڵەی دەغل بۆ مرۆڤ، بنی بۆ کەر، مەبەستی لە پووش و پاوەنە. وەڵام (دەغڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل30

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-23

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1779**

**سەری بە خۆت، بنی بە دایکت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220826125653430507

سەری بە خۆت، بنی بە دایکت.
مەبەست لە دایکە کە منداڵەکەی دەخاتە باوەشی و بە مەمکی شیری دەداتێ، سەری بە خۆت، مەبەست لە گۆی مەمکە کە منداڵ دەیمژێت و لە ڕێگەیەوە شیری دەخوات، بنی بە دایکت مەبەست لە مەمکە کە بە سنگی دایکەوە نووساوە و بەشێکە لە جەستەی. وەڵام (شیردان بە منداڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل28

کاتی تۆمارکردن: 26-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1780**

**سەری بە عاجباتیان دەچێ ناوقەدی بە گەنجان دەچێ قونی بە پیرێژنان دەچێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206032045449326

سەری بە عاجباتیان دەچێ
ناوقەدی بە گەنجان دەچێ
قونی بە پیرێژنان دەچێ
عاجباتی: شتی سەیر وسەمەرە، سەری بە عاجباتیان دەچێ، مەبەست لە مێروولەیە کە سەرێکی گەورە و جەستەیەکی باریکی هەیە، ناوقەدی بە گەنجان دەچێ، واتە: ناوقەدی باریکە وەکوو کەسێکی گەنج، قونی بە پیران دەچێ، واتە: قونی وەک کەسی پیر وایە. وەڵام (مێروولە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل44

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1781**

**سەری بە نوێژە، بنی بە گوێژە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226153337454255

سەری بە نوێژە، بنی بە گوێژە.
مەبەست لە گۆزەیە، (گۆزە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە قوڕ دەرووستدەکرێ و سووردەکرێتەوە، ئاوی بۆ خواردنەوە تێدەکرێ) سەری بە نوێژە، واتە: سەر و دەمی گۆزە خاوێن و پاکە، چوونکە دەمی پێوەدەنرێ و ئاوی پێدەخورێتەوە، بنی گوێژە، واتە: بنەکەی پیسە چونکە لەسەر زەوی دادەنرێ. وەڵام (گۆزە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل15

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1782**

**سەری بە ڕدێن ڕدێنی بێ موو چەرمە چەکاڵتە هەی هوو هەی هوو**

[20221029173342442594=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?q=20221029173342442594&lng=1)

سەری بە ڕدێن ڕدێنی بێ موو
چەرمە چەکاڵتە هەی هوو هەی هوو
ڕدێن: ڕیش (فەرهەنگی خاڵ) سەری بە ڕدێن، ڕدێنی بێ موو، مەبەست لە سەری کەڵەشیرە کە لەژێر دەنووکییەوە دوو پلپڵە گۆشی سوور هەیە وەک ڕیش بەڵام ڕیش نییە، چەرمە چەکاڵتە هەی هوو هەی هوو، پلپڵە گۆشتەکان تەنیا چەرمن و هیچی تر. وەڵام (کەڵەشیر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل58

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1783**
**سەری بە کلکییەوە نووساوە**

20230722221239509066=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەری بە کلکییەوە نووساوە.
تەور یان بیور؛ ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، پێکدێ لە دەمێکی ئاسنی تیژ و کلکێکی دار، لە کوردەواردا بۆ بڕینی دار بەکاردێت، سەری بە کلکییەوە نووساوە، مەبەست لە تەورە. کورد دەڵێت: ئەگەر تەور کلکی لە دار نەبێت، دار نابڕێت. وەڵام (تەور) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سۆرانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل58

کاتی تۆمارکردن: 22-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1784**

**سەری بەردە بەرد نییە، ژێری بەردە بەرد نییە، گیاخۆرە کەر نییە، هێلکەکەرە مر نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817112504428792



سەری بەردە بەرد نییە
ژێری بەردە بەرد نییە
گیاخۆرە کەر نییە
هێلکەکەرە مر نییە

سەری بەردە بەرد نییە، بەرد ڕەقە لە مەتەڵەکەدا بە پشتی کیسەڵ بەراورد کراوە، ژێری بەردە بەرد نییە، بەهەمان شێوە ژێر سکی کیسەڵ وەک پشتی ڕەقە، گیاخۆرە کەر نییە، کیسەڵ ئاژەڵێکی گیاخۆرە و بەکەر بەراورد کراوە، هێلکەکەرە مر نییە، مر مەبەست لە مریشک، مامرە واتە: کیسەڵ و مریشک هەردووکیان هێلکەدەکەن. وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 17-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1785**
**سەری بەردە و بەرد نییە کاردەکات مرۆڤ نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029173120442592

سەری بەردە و بەرد نییە
کاردەکات مرۆڤ نییە
بەرد لە هەر ماددەیەک پێکهاتبێ ڕەقە، سەری بەردە و بەرد نییە، مەبەست لە کاتژمێرە کە لە ڕەقیدا بە بەرد چووێنراوە، واتە: وەک بەرد ڕەقە و بەردنیش نییە، کاردەکات مرۆڤ نییە، کاتژمێر بەردەوام کاردەکات لە هەمان کاتدا مرۆڤیش نییە. وەڵام (کاتژمێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل59

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1786**
**سەری بەقەد گاڵێکە بەڵام پڕ بە ماڵێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221217212318452514

سەری بەقەد گاڵێکە
بەڵام پڕ بە ماڵێکە
مەبەست لە چرایە، (چرا: ئامێرێکە بۆ رووناککردنەوەی ماڵ بەکاردێ. گاڵ: قۆزاخەی پەموو. فەرهەنگی شێخانی) سەری بەقەد گاڵێکە، واتە: چرا سەرەکەی بەقەدەر قۆزاخەی پەموویەک دەبێ، بەڵام پڕ بە ماڵێکە، واتە: هەرچەندە چرا قەبارەی بچووکە بەڵام رووناکی زۆرە. وەڵام (چرا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل50

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1787**
**سەری پیسە و قونی پاکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230722222317509069

سەری پیسە و قونی پاکە.
گسک: لە کوردەواردا کابان بۆ خاوێنکردنەوەی ماڵ بەکاری دێنێت، سەرەکەی توند دەبەسترێت، بۆ ئەوەی بڵاونەبێتەوە، دەمەکەشی گسکی پێدەدرێت، سەری پیسە، مەبەست لە دەمی گسکە کە ماڵی پێخاوێن دەکرێتەوە و بەردەوام پیس دەبێت، قونی پاکە، مەبەست لە دەسکی گسکە. وەڵام (گیسک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل59

کاتی تۆمارکردن: 2023-07-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1788**

**سەری پێیە و پێی سەرە بە پێنج پیت ناوی بەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029173906442597

سەری پێیە و پێی سەرە
بە پێنج پیت ناوی بەرە
مەبەست لە قرژاڵە، سەری پێیە و پێی سەرە، واتە قرژاڵ سەر و پێی چووە بەناویەکدا، هەم سەری لای پێوەیەتی، هەم پێی لای سەریەوەیەتی، بە پێنج پیت ناوی بەرە، وەڵامکەی ئاراستەی گوێگر دەکرێت، واتە: وشەی قرژاڵ لەم پێنج پیت پێکهاتووە. وەڵام (قرژاڵ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل59

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1789**

**سەری تاش و بنی تاش مام ئۆمەری کلک جاش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031153850442815

سەری تاش و بنی تاش
مام ئۆمەری کلک جاش
مەبەست لە کەوچکی چێشت خواردنە، لە کوردەواریدا سەرەتا لە دار درووستکراوە، دواتر لە ماددەی فافۆن و ئێستاش لە ستیل، سەری تاش و بنی تاش، مەبەست لە کەوچکە، هەروەها لەبەر ئەوەی کەوچک کلکی هەیە، کلکەکەی بە کلکی جاشەکەر چووێنراوە. وەڵام (کەوچک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل62

کاتی تۆمارکردن: 31-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1790**

**سەری تیژە بنی کونە گێژە بزانە سووژنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029173641442596

سەری تیژە بنی کونە
گێژە بزانە سووژنە
وەڵامەکە لەناو مەتەڵەکدایە، مەبەست لە سووژنە، (ئاسنێکی درێژی نووک تیژە، قونەکەی کونێکی تێدایە بۆ داو تێهەڵکێشان، وەک دەرزی وایە، بۆ دوورینەوەی کوورتان و دەوار بەکاردێت (فەرهەنگی خاڵ) سەری تیژە و بنی کونە، مەبەست لە سووژنە، گێژە بزانە سووژنە، گەر کەسێک نەزانێت کەسێکی گێژە. وەڵام (سووژن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل59

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1791**

**سەری تیژە و بنی کونە فرەتر میوانی ژنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917223902521193

سەری تیژە و بنی کونە
فرەتر میوانی ژنە
مەبەست لە دەرزی دروومانە، (دەرزی دروومان: ئامێرێکی دەستییە، بۆ دوورینەوەی بەرگ بەکاردێت) سەری تیژە، مەبەست لە نووکی دەرزییە، بنی کونە، مەبەست لەبنی دەرزییە کە کونێکی تێدایە بۆ ئەوەی پەتی تێهەڵبکێشرێت، فرەتر میوانی ژنە، واتە: زۆرتر ژن بەکاری دێنێت. وەڵام (دەرزیی دروومانی دەستی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل21

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1792**
**سەری تەسکە بنی بڵاوە، کەرە کڵاوە کەرە کڵاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817055613428756



سەری تەسکە بنی بڵاوە
کەرە کڵاوە کەرە کڵاوە
لە وڵاتی کوردەواردا، کڵاو جۆری زۆرە، پیاو و ژن لەسەری دەنێن، پیاوان لەگەڵ مشکی و شەدە و ژنانیش لەگەڵ سەروبەست، بەشی زۆری کڵاوەکان بەشی خوارەوەی پان و بڵاوە، بۆ ئەوەی بچێت بەسەردا، بەشی سەرەوەی کەمێک تەسک و باریکە، لە مەتەڵەکەدا بە سەرتەسکی بن بڵاو هاتووە، کەرە کڵاوە کەرە کڵاوە: وشەی (کەرە) جۆرێک گاڵتەیە زیاتر لەگەڵ منداڵ بەکاردێت، نیوەدێڕی دووەمی مەتەڵەکە وەڵامەکە بۆ گوێگر کە منداڵە ئاشکرا دەکات، زیاتر بۆ سەرلێشیواندن بەکارهاتووە. وەڵام (کڵاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1793**

**سەری جەحێرە، بنی پیرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923215733435837

سەری جەحێرە، بنی پیرە
زەمانی نووری سەعیدی بیرە.
جەحێر: گەنج. فانۆس: ئامێرێکە بۆ ڕووناککردنەوە لەشەودا بەکاردێت، نووری سەعید: لەدایکبووی ساڵی 1888ز، سەرۆکوەزیرانی وڵاتی ئێراق بوو، لە ساڵی 1958 مردووە. واتە: ئەوەی فانۆسی بیربێت، واتە نووری سەعیدی بیردێت، مەبەست لە بەتەمەنی مرۆڤە. وەڵام (فانۆس) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل31

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1794**
**سەری چیایە**

20220923204429435817=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەری چیایە
بنی گیایە
ئەوە چییە؟ چرایە.
چیا لە ئاستی ڕووی زەوییەوە بەرزە، لە مەتەڵەکەدا بە بلووری چرا چووێنراوە، بنی گیایە، لە لەوەڕگەدا گیان بۆ خۆراکی ئاژەڵ بەکاردێت، مەبەست لە نەوتی ناو چرایە کە بۆ سووتان بەکاردێت، ئەوە چییە چرایە، وەڵامی مەتەڵەکە لەناو خۆیدایە. وەڵام (چرا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1795**

**سەری خاکییە و نووکی ڕەنگینە لاپەڕەی مێژوو خوێنی چاوینە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923190919522806](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923190919522806)

سەری خاکییە و نووکی ڕەنگینە
لاپەڕەی مێژوو خوێنی چاوینە
مەبەست لە قەڵەمە، سەری خاکییە، مەبەست لە ڕەنگی قەڵەمە کە بە ڕەنگی خاک چووێنراوە، نووکی ڕەنگینە، واتە: نووکی قەڵەم کە چەندین ڕەنگی هەیە، دەتوانرێت پێی بنووسرێت، لاپەڕەی مێژوو خوێنی چاوینە، واتە: لاپەڕەکانی مێژووی پێدەنووسرێتەوە. وەڵام (قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل37

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1796**
**سەری خوارە و بنی دارە**
20220809211453427447=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



سەری خوارە و بنی دارە.
لە کوردەوادا گۆچان لە دار درووست دەکرێ، شوان یان کەسی بەتەمەن بۆ ڕێ ڕۆشتن بەکاری دێنن، دارەکە بە گەرم کردن هەم ڕێک دەکرێتەوە، هەم سەرەکەی دەچەمێنرێتەوە، سەری خوارە واتە: سەری چەماوەی گۆچان، کورد پێی دەڵێت (کامە) ی گۆچان، بنی دارە، واتە: کلکی گۆچان. وەڵام (گۆچان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1797**
**سەری خورینە بنی دارینە خواردنی گیایینە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204220427449162
سەری خورینە
بنی دارینە
خواردنی گیایینە
مەبەست لە قەنەی جگەرەکێشانە، سەری خورینە، واتە: سەری قەنە کە بە لێو دەگیرێ، بۆ ئەوەی توتنی لێوە بکێشرێ، بنی دارینە، واتە: قەنە بەگشتی لە دار درووستدەکرێ، خواردنی گیایینە، مەبەست لە توتنە کە بە قەنە دەکێشرێ. وەڵام (قەنەی توتن کێشان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا ل41
کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1798**

**سەری دارە بنی دارە هەمیشە سەری خوارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926125608523464

سەری دارە بنی دارە
هەمیشە سەری خوارە
مەبەست لە گوڵی گوڵەبەڕۆژەیە، (ڕووەکی گوڵەبەڕۆژە سرووشتی وایە کە گوڵەکەی بەرۆژ ڕوودەکاتە خۆر) ، سەری دارە و بنی دارە، مەبەست لە گوڵەبەڕۆژەیە کە قەدی ڕووەکەکەی دارە، هەروەها گوڵەبەڕۆژەش توێکڵێکی دارینی هەیە، کاتێک گوڵی گوڵەبەڕۆژە پێدەگات، لەبەر قورسی بۆ خوارەوە شۆڕدەبێتەوە. وەڵام (گوڵی گوڵەبەڕۆژە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل46

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1799**
**سەری دەبڕی بەفرِ دێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912220337520298](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912220337520298)

سەری دەبڕی
بەفرِ دێ
بەفرِ دێ: واتە دەفڕێت، سەری بڕی: سەربڕین بۆ ئاژەڵ بەکاردیت، بەڵام لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە لێکردنەوەی گەڵای دارە یان وەرینی گەڵای دار لە وەرزی پاییزدا، کە بە سەربڕینی ئاژەڵ چووێنراوە، بەسرووشت کاتێک گەلای دار دەوەرێت، جۆرێک سەما لە هەوادا دەکات تا دەگاتە سەرزەوی، ئەو سەمایە بەفڕین چوێنراوە. وەڵام (گەڵای دار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل17](#)

کاتی تۆمارکردن: 12-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1800**

**سەری دەبڕی چاوت دەسڕی بە پارەیە کە دەیکڕی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221217211733452507

سەری دەبڕی چاوت دەسڕی
بە پارەیە کە دەیکڕی
مەبەست لە پیاز جنینییە، سەری دەبڕی، واتە: پیاز کە بەچەقۆ لەت لەت دەکەی، چاوت دەسڕی، واتە: لەکاتی پیاز لەتکردندا یان جنیندا ئاو بە چاودا دێتەخوا، دەبێت بەردەوام چاو بسڕی، بە پارە دەیکڕی، واتە: پیاز لە بازاڕ بە پارە دەکڕێ.
وەڵام (پیاز جنین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل49

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1801**

**سەری دەبڕی چاوی دەسڕی بە پارە دەیکڕی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204220133449161](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221204220133449161)

سەری دەبڕی
چاوی دەسڕی
بە پارە دەیکڕی
مەبەست لە کرداری پیاز جنینە، سەری دەبڕی، مەبەست لە وردکردنی پیازە بە چەقۆ، چاوی دەسڕی، واتە: ئەو کەسەی کە پیاز دەجنێ و وردی دەکات، تیژیی پیاز وای لێدەکات کە ئاو بە چاویدا بێتەخوار، بە پارە دەیکڕی، واتە: پیاز لە بازاڕ بە پارە دەکڕێ. وەڵام (پیاز جنین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل40

کاتی تۆمارکردن: 04-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1802**

## سەری دەزووە بنی پەڕۆیە ڕۆیشتنی لەسەر خۆیە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221029155012442573

سەری دەزووە
بنی پەڕۆیە
ڕۆیشتنی لەسەر خۆیە
مەبەست لە کڵاشە، (کڵاش: پێڵاوێکی پیاوانەیە، بەرهەمێکی کەلەپووری کوردییە، ژنان دەیچنن) سەری کڵاش لە جۆرە دەزوویەکی تایبەتی دەچرێ و درووستدەکرێ، بنی پەڕۆیە، بنی کڵاشیش هەر لە پەڕۆ درووستدەکرێ، ڕۆیشتنی لەسەرخۆیە، واتە: بۆ ڕۆشتن خۆشە. وەڵام (کڵاشی پەڕۆ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل59

کاتی تۆمارکردن: 29-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1803**
**سەری زەردە ناوی بەردە**

[20221104214924443435=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104214924443435)

سەری زەردە
ناوی بەردە
مەبەست لە میوەی داری قەیسییە، لەناو باخ و باخاتی کوردەواردا، لەکاتی پێگەشتندا ڕەنگی کەمێک زەرد دەبێت، لەگەڵ ئەوەدا ناوکەکەی توند و ڕەقە، لە مەتەڵەکەدا بە ڕەقی بەرد چووێنراوە. هەروەها میوەی قەیسی پێکهاتەکەی نەرم و جوانە.
وەڵام (میوەی قەیسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل60

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1804**

**سەری سانە بنی قورئانە تۆ بیزانە**

2023072220441350904‌7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەری سانە
بنی قورئانە
تۆ بیزانە

هەسان: جۆرە بەردێکی چیاییە، زۆر سەخت و قایمە، لووس و بریقەدارە، کەمێک بە دووگ چەور دەکرێ، لە کوردەواردا بۆ تیژکردنی چەقۆ بەکاردێت، سەری هەسان، هەسان چووێنراوە بە سەری قارچک کە لە لووسیدا لەیەک دەچن، بنی قورئانە، ژێر کڵاوی قارچک پەڕپەڕ و توێتوێیە. وەڵام (قارچک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سۆرانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل60

کاتی تۆمارکردن: 2023-07-22

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1805**

**سەری ساڵ بێ و سەری مانگان کۆڵەکەیەکیان بەینە هەردووکیان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206035717449339

سەری ساڵ بێ و سەری مانگان
کۆڵەکەیەکیان بەینە هەردووکیان
مەبەستی مەتەڵەکە لووت و کۆڵەکەی بەینی لووتە، سەری ساڵ بێ و سەری مانگان، واتە: کات هەر کاتێک بێت، زیاتر مەتەڵساز بۆ سەرلێتێکدانی گوێگر هێناویەتی، کۆڵەکەیەکیان بەینە هەردووکیان، مەبەست لە کۆڵەکەی لووتە کە هەر دوو کونە لووتی لەیەک جیاکردووەتەوە. وەڵام (لووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل44

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1806**

**سەری سپییە سۆفی نییە کەوا شۆڕە مەلا نییە گۆشت دەخوا و ئینسان نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104195627443403

سەری سپییە سۆفی نییە
کەوا شۆڕە مەلا نییە
گۆشت دەخوا و ئینسان نییە

مەبەست لە سیسارکە کەچەڵەیە (باڵندەیەکی گۆشتخۆری کێوییە، بە سرووشت مووی سەری سپییە و بەشێکی ڕووتاوەیە) سەری سپییە سۆفی نییە، مەبەست لە باڵندەی سیسارکە کەچەڵەیە، کەوا شۆڕە و مەلا نییە، مەبەست لە باڵی سیسارکە کەچەڵەیە کە لەباری ئاساییدا داکەوتووە و بە کەوای مەلا بەراوردکراوە، گۆشتی دەخوا ئینسان نییە، واتە: باڵندەیەکی گۆشتخۆرە. وەڵام (سیسارکە کەچەڵە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل66

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1807**

**سەری سپییە مەلا نییە لەشی سەوزە سەید نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031154201442816

سەری سپییە مەلا نییە
لەشی سەوزە سەید نییە
لەناو کۆمەڵگەدا مەلاکان مێزەری سپی دەبەستن، سەری سپییە مەلا نییە، مەبەست لە سەوزەی تەرەپیازە کە بەشی سەرەوەی سپییە، بە مێزەری مەلا بەراوردکراوە، لەشی سەوزە و سەید نییە، (سەیدەکان کەشیدەی سەوز لە ناوقەدیان دەبەستن) مەبەست لە لقی تەرەپیازە کە ڕەنگی سەوزە. وەڵام (تەرەپیاز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل60

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-31

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1808**
**سەری سپییە، ناوی شیرینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923213624435834

سەری سپییە، ناوی شیرینە.
مەتەڵساز بۆ ئەوەی سەر لە گوێگر تێکبدات، بەخێرایی ئەم مەتەڵە دەڵێت: هەموو مرۆڤێک لە تەمەنی دوایی و کامڵیدا مووی سەری سپی دەبێت. نیشانەی چوونە تەمەنەوەیە، لە کوردەواردا ئافرەتێک مووی سەری سپی ببێت، پێی دەوترێت: سەرسپی. وەڵام (مەبەست لە ئافرەتێکی سەرسپییە کە ناوی شیرینە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل30

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1809**
**سەری سوورە حەلامەت، تەڕ بە ئیشکی دەرامەت، سەللی عەلا محەمەد**

[20220729104703425225=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729104703425225)



سەری سوورە حەلامەت، تەڕ بە ئیشکی دەرامەت، سەللی عەلا محەمەد
تەنوور لە قوڕ درووستدەکرێ ، لانی کەم مەترێ قوڵە و بۆ نان برژاندن بەکاردێ ، کاتێک کە گڕەدرێ زۆر گەرم دەبێت ، قوڵی و گەرمییەکەی بە قیامەت چووێنراوە هەروەها کە تەنوورەکە بەتەواوی گەرم بوو، سوور دەبێتەوە و ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە کاتی نان پێوەدانی هاتووە، تەڕ بە ئیشکی دەرامەت، واتە: نانی تەڕ کە هەویرە بە تەنوورەوە دەدرێ و دەبرژێ ، ئەوش بە دەرامەت دانراوە. وەڵام نان و تەنوور. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1810**

**سەری سوورە نەفسی بەرەوژوورە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031154459442817

سەری سوورە
نەفسی بەرەوژوورە
مەبەست لە جگەرەیە، سەری سوورە، کاتێک جگەرە دەکێشرێت، سەری جگەرەکە گڕدەردێ و تووتنەکەش سوور دادەگیرسێ، نەفسی بەرزە، مەبەست لە دووکەڵی جگەرەیە کە بە بادەدرێ بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە، بە نەفسی مرۆڤی مەرد بەراوردکراوە. وەڵام (جگەرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل60

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-31
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1811**

**سەری سەوزە بنی سوورە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104215531443437

سەری سەوزە

بنی سوورە

سەری سەوزە، مەبەست لە گەڵای توورە کە لە زەویدا دەڕوێ و ڕەنگی سەوزە، گەڵای توور کە لە زەوی دێتەدەر بە سەر چووێنراوە، هەروەها بنی سوورە، مەبەست لە توورە کە بنی ڕووەکەکەیە، لەناو زەویدا شین دەبێت و گەشەدەکات و ڕەنگی سوورە. وەڵام (توور) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل60

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1812**
**سەری سەوزە و بنی ڕەش ناوی جوان و سپی و گەش**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923212205435826](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220923212205435826)

سەری سەوزە و بنی ڕەش
ناوی جوان و سپی و گەش
سەری سەوزە و لەشی ڕەشە
ناوی سپییە و دڵی گەشە
مەبەستی مەتەڵەکە باینجانە، سرووشتی باینجان بە جۆرێکە کە سەرەکەی سەوزە و بنەجەی ڕەشە، بەڵام کاتێک پاکدەکرێت، ناوەکەی سپی و جوانە. وەڵام (باینجان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل29

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1813**
**سەری شاخە ئیسمی شێرە قنگی کێرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031142823442802

سەری شاخە
ئیسمی شێرە
قنگی کێرە
سەری شێرە، مەبەست لە پۆپنەی کەڵەشیرە، لەبەر ئەوەی بەرزە و لەسەرسەریەتی بە شاخ بەراوردکراوە، ئیسمی شیرە، وەڵامی مەتەڵەکەیە، مەبەست لە ناوی کەڵەشێرە، قنگی کێرە، واتە: کەڵەشیر لەکاتی جووتبووندا، ئەندامی نێرینەی لە قنگییەوە دێتەدەر. واتە: وەڵام (کەڵەشێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل60
کاتی تۆمارکردن: 31-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1814**

**سەری شاخە بنی سپییە، پێستی بزنە مووی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801054912425816

سەری شاخە بنی سپییە، پێستی بزنە مووی نییە
سەری شاخە: مەبەستی لە دەسکی خەنجەرە کە لە شاخی ئاژەڵە کێوی درووستدەکرێ ، بنی سپییە: مەبەستی لە دەم یا تیغی خەنجەرەکەیە کە زۆر تیژە، پێستی بزن، مەبەستی لە کیفی خەنجەرەکەیە. تیژترین و باشترین جۆری خەنجەی لە کوردستاندا خەنجەری دەبانە. وەڵام خەنجەر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1815**
**سەری شاخە شاخ نییە، بنی بەردە بەرد نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807060534426958



سەری شاخە شاخ نییە
بنی بەردە بەرد نییە
هێلکەکەرە مر نییە
چوار لاقی هەن بزن نییە
گیادەختوا کەر نییە
سەری شاخە شاخ نییە، مەبەستی لە پشتی کیسەڵە کە وەک بەرد ڕەقە، بنی بەردە بەرد نییە، واتە: بنی وەک بەرد ڕەقە، هێلکەکەرە مر نییە، واتە: وەک مریشک هێلکە دەکا، چوار لاقی هەن بزن نییە، واتە: وەک بزن چوار قاچی هەیی، وەک گوێدرێژ گیاخۆرە. وەڵام کیسەڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 07-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1816**

**سەری شاخە قونی کێرە، دەنەڕێنێ دەڵێی شێرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220802065351426029

سەری شاخە قونی کێرە، دەنەڕێنێ دەڵێی شێرە
سەری شاخە قونی گێرە، مەتەڵەکە مەبەستی لە کەڵەشێرە کە لەسەر سەری پۆپنە هەیە، لە مەتەڵەکەدا بە شاخ چووێنراوە، دەنەڕێنێ دەڵێی شێرە، مەبەستی لە خوێندنی کەڵەشێرە، لە کوردەواردا پێشی دەوترێ (کەلەباب) کە لەوەخت و ناوەختا دەخوێنێ. وەڵام کەڵەباب، کەڵەشێر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1817**
**سەری شینە مەچەک سپی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104215239443436

سەری شینە
مەچەک سپی
مەبەست لە گیای کوزەڵەیە، کوزەڵە گیایەکی بەهارییە، لە پۆلی سەوزە ئەژماردەکرێت، بە تەڕی و بە شێوەی وشککردنەوە دەخورێ، سەوزەیەکی ئاوییە و لە کەناری چەم کانیاوەکاندا بەشێوەیەکی سرووشتی دەڕوێت. (شین بە واتای ڕەنگی سەوز یان پێگەشتنی سەوزە دێت) . وەڵام (کوزەڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل60

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1818**

**سەری قوتە و بنی بڵاوە زەمیلەش نییە و بە دەست چنراوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924232328523223

سەری قوتە و بنی بڵاوە
زەمیلەش نییە و بە دەست چنراوە
زەمیلە: لە تووڵی تەڕ بە قووڵی بە دەست دەچنرێت، میوە و کەلووپەلی وردەی تێدا دەبرێت بۆ شوێنی دوور، سەری قوتە و بنی بڵاوە، مەبەست لە کڵاوە، (کڵاو کاڵایەکی کەلەپووری کوردییە، پیاوانی کورد لەگەڵ مشکی و شەدە، ژنانیش لەگەڵ سەرووبەست دەیکەنە سەریان) لە مەتەڵەکەدا بە زەمیلە چووێنراوە. وەڵام (کڵاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل42

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2023
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1819**

**سەری قەوی بنی باریکە کەرە توورە کەرە توورە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117194310458905](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117194310458905)

سەری قەوی بنی باریکە، کەرە توورە کەرە توورە.
وەڵامی مەتەڵەکە لەناو مەتەڵەکەدا سەرچاوەدەگرێ، مەتەڵساز جۆرێک لەگاڵتەجاڕی بە گوێگردەکات، (سەلکی توور لەناو زەویدا گەشەدەکات، بەشی سەرەوەی ئەستوور و قەڵەوە و بنەوەی باریک دەبێتەوە) سەری قەوی بنی باریکە، مەبەست لە توورە. [1]
وەڵام (توور)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل241.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1820**

**سەری گەورەیە و بنی باریکە بەشەو رووناکە و بەڕۆژ تاریکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230219214243468741

سەری گەورەیە و بنی باریکە
بەشەو رووناکە و بەڕۆژ تاریکە
مەبەستی مەتەڵەکە لە گڵۆپە، بۆ ڕووناککردنەوە بەکاردێت، بەشی زۆری گڵۆپ بەشێوەیەکی کلاسیکی، سەریکی گەوەری هەیە لە شوشە درووستکراوە، لەکاتی داگیرساندندا ڕووناکی پەخشدەکات، هەروەها بەشی خوارەوەشی باریک دەبێتەوە و دەچێتە ناو بنکی گڵۆپەکەوە، بەڕۆژ بەکارنایەت، تەنیا شەو بەکاردێت بۆ ڕووناککردنەوە. وەڵام (گڵۆپ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال

کاتی تۆمارکردن: 2023-02-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1821**

**سەری لووسە وەک هەسان، بنی پەڕپەڕەی قورئان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220816083534428553

سەری لووسە وەک هەسان
بنی پەڕپەڕەی قورئان
هەسان: جۆرە بەردێکی چیایی یە، زۆر سەخت و قایمە، لووس و بریقەدارە، کەمێک بە دووگ چەور دەکرێ، لە کوردەواردا بۆ تیژکردنی چەقۆ بەکاردێت، سەری لووسە وەک هەسان، هەسان چووێنراوە بە سەری قارچک کە لە لووسیدا لەیەک دەچن، بنی پەڕپەڕەی قورئان، ژێر کلاوی قارچک پەڕپەڕ و توێ توێ یە. وەڵام (قارچک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1822**
**سەری لە ئەرزە و قاچی لە ئاسمان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825093733430209

سەری لە ئەرزە و قاچی لە ئاسمان.
مەتەڵەکە مەبەستی لە پیازە، سەری لە ئەرزی، مەبەست لە سەلکی پیاز لە زەویدا شین دەبێت، قاچی لە ئاسمان، مەبەست لە تەرەپیازە کە شین دەبێت و لەزەوی دێتەدەر کە بە قاچ چوواندوویەتی، مەتەڵەکە بە وشە هەوڵیداوە هەندێک ڕاستی ئاوەژووبکاتەوە، بۆ ئەوەی زیرەکی گوێگری پێتاقیبکاتەوە. وەڵام (پیاز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-25
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1823**
**سەری لە بن لەشییە، لەشی لەسەر حەرزییە، بە دەیان دادێنە دووان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729100657425217



سەری لە بن لەشییە، لەشی لەسەر حەرزییە، بە دەیان دادێنە دووان
دۆشینی گوانی بزن شارەزاییەکی باشی دەوێت ، بە جۆرێک کە هەم گوانەکە ئازار نەدرێ و هەم شیرەکە لە گوانەکە بهێنرێتەدەر، ئەم مەتەڵە باس لە گوان دەکات کە لە بنەوەی لەشی بزنەکەدایە کە پڕ دەبێت لە شیر دەنەوێ هەروەها باسی بێری دەکات کە بە دەست چۆن گوانی ماڵات دەدۆشێ، بە دەیان دایدێننە دوان: مەبەست لە دە پەنجەی مرۆڤە کە دوو گوانی بزنەکەی پێدەدۆشرێ. وەڵام (مەڕ دۆشین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1824**
**سەری لە لاشەی گەورەترە**
[20220809202848427437=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220809202848427437)



سەری لە لاشەی گەورەترە.
لە کوردستان بەشێوەیەکی سرووشتی کارک دەڕوێ، بەتایبەتیی لە وەرزی بەهاردا و لە کاتی هەورەگرمەدا پەیدادەبێت، خۆراکێکی گیایی بە کەڵکە، سەری قارچک لە کڵاوەیەکی گەورە پێکدێ، لەسەر لاشەیەکی لولەیی باریک وەستاوە، واتە سەری لە لەشی گەورەترە. وەڵام (کارک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1825**

**سەری مەلایە ناوەندی سەیدە بنی سۆفییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111205644457965

سەری مەلایە
ناوەندی سەیدە
بنی سۆفییە
مەبەست لە تەرەپیازە، سەری مەلایە، مەبەست لە تۆوی تەرەپیازە کە لە قۆناغی پێگەشتندا سپییە و بە مێزەری مەلا چووێنراوە، ناوەندی سەیدە، مەبەست لە تەرەپیازە لە ڕەنگی سەوزە و بە سەید چووێنراوە، بنی سۆفییە، مەبەست لە ڕەگی تەرەوەپیازە کە لە گڵدا چەقیوە، بە سۆفی چووێنراوە کە لەخەڵوەتا دەمێنێتەوە و ناجووڵێ. وەڵام (تەرەپیاز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل193

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1826**

**سەری هارە، پشتی کارە**

[20220923212426435827=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20220923212426435827=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

سەری هارە، پشتی کارە
سنگی بەرخە، کلک مقەستە
مەبەست لە باڵندەی پەڕەسێلکەیە، پشتی کارە، واتە: پشتی وەک کار ڕەنگی ڕەشە، سەری هارە، واتە: سەری زۆر بەم لاو ئەو لادا دەبزوێنێت، سنگی بەرخە، واتە: ڕەنگی سنگی وەک خوریی بەرخ سپییە، کلک مقەستە، واتە: کلی دووپەلە. وەڵام (پەڕەسێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل29

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1827**
## سەری هێسک بەدەن ناسک چوار گوێی بێ پێچک

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230722203939509044

سەری هێسک
بەدەن ناسک
چوار گوێی بێ پێچک
هێسک: ئێسک یان ئێسقان، مەبەستی مەتەڵەکە قەپاغی هێلکە شەیتانۆکەیە کە ڕەقە و بە ئیسقان چووێنراوە، بەدەن ناسک، مەبەست لە جەستەی ئەو کرمۆکەیەیە کە لەناو هێلکە شەیتانۆکەکەدایە و نەرم و ناسکە، چوار گوێ، مەبەستی لە هەستەوەرەکانییەتی، بێ پێخک، واتە: قاچی نییە، لە ڕۆشتندا دەخشێت. وەڵام (هێلکەی چەقچەقە یان شەیتانۆکە) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەلادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال سەگرمە ل24
کاتی تۆمارکردن: 22-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1828**

**سەری هەبێ چاوی نییە چاوی هەبێ سەری نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031155313442819

سەری هەبێ چاوی نییە
چاوی هەبێ سەری نییە
سەری هەبێ چاوی نییە، مەبەست لە دەرزی دەمبووسە کە سەرێکی خڕی بچووکی هەیە، هیچ کونێکی تێدانییە، بۆ دەزوو پێوەکردن، چاوی هەبێ سەری نییە، مەبەست لە دەرزی دروومانە، کونێکی تێدایە بۆ دەزوو پێوەکردن، بە چاو بەراوردکراوە.
وەڵام (دەرزی دەمبووس و دەرزی دروومان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل61

کاتی تۆمارکردن: 31-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1829**

## سەری هەیتی بنی هەیتی، پڕی دەکەی لە میوە جاتی

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801054510425815](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801054510425815)

سەری هەیتی بنی هەیتی، پڕی دەکەی لە میوە جاتی
سەری هەیتی بنی هەیتی: مەبەستی لە تەرازووی شت کێشانە، دوو تای هەیە و هەر تایەک بە سێ پەت شۆڕبووەتەوە، تایەک بۆ کێش و تایەک بۆ کاڵا، پڕی دەکەی لە میوەجاتی: مەبەست لە میوەجاتە کە دەکرێتە ناو تەرازووەکەوە و پێدەکێشرێ. وەڵام تەرازوو. [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1830**
**سەری ڕەش نان لەسەری سپی دەسێنێ**

[20221104222239443443=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104222239443443)

سەری ڕەش، نان لەسەری سپی دەسێنێ.
سەری ڕەش، مەبەست لە سێڵە (ساج) ە، بەهۆی دووکەڵی دارەوە ڕەنگی ڕەش دەبێت، (ساج: بۆ برژاندنی نان بەکاردێت)
سەری سپی، مەبەست لە پنەیە کە ڕەنگی سپییە، (پنە یان خوانە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کردنەوەی نان بەکاردێ)
واتای گشت مەتەڵەکە وایە کە ساج ڕەنگی ڕەشە، نان لە پنە وەردەگرێ و دەیبرژێنێ کە ڕەنگی سپییە. وەڵام (سێڵە و پنە) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل63

کاتی تۆمارکردن: 04-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1831**

**سەری کەسکە و سەید نییە مەندیلی سپییە و مەلا نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111210339457967

سەری کەسکە و سەید نییە
مەندیلی سپییە و مەلا نییە
مەبەست لە تەرەپیازە، سەری کەسکە و سەید نییە، (کەسک: سەوز) واتە: تەرەپیاز رەنگی وەک سەید سەوزە (سەید: بەو کەسایەتییە ئایینییە دەوترێ کە پەڕۆیەکی سەوز بەسەریەوە دەبەستێ) مەندیلی سپییە و مەلا نییە، (مەندیل: بەو پەڕۆ سپییە دەوترێ کە مەلا لەسەرییەوە دەیپێچێ) مەبەست لەو تۆوەیە کە بەشی سەرەوەی تەرەپیازەدا درووستدەبێت و بەهۆی رەنگی سپێتییەوە بە مەندیل چووێنراوە. وەڵام (تەرەپیاز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل193

کاتی تۆمارکردن: 11-01-2023

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1832**
**سەری یەخەیە بنی ئۆخەیە لەکن خوشکەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103153045456215

سەری یەخەیە
بنی ئۆخەیە
لەکن خوشکەیە
مەبەست لە جۆرێک پێڵاوی ئافرەتانە، لە کوردستان لە کۆندا جۆرێک پێڵاوی تایبەت بە ژنان هەبووە، بەشی سەرەوەی مووی پێوەبووە و ژێرەکەشی پێستە گامێشە بووە. سەری یەخەی، مەبەست لە بەشی سەرەوەی پێڵاوی ژنانە کە مووداربووە و بە یەخە چووێنراوە، بنی ئۆخەی، مەبەست لە بنی پێڵاوەکەبووە کە لەکاتی ڕۆشتندا بۆ پێ خۆش بووە، لەکن خوشکییە، واتە: پێڵاوەکە ئافرەت لەپێی دەکات. وەڵام (پێڵاوی ئافرەتان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل144.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1833**

**سەری یەکە و بنی دووە، بە گۆڕی باوباپیرتا چوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220809202027427433



سەری یەکە و بنی دووە، بە گۆڕی باوباپیرتا چوو.
مەتەڵەکە جۆرێک لە وشەی زبری تێدایە کە هەم کێش و سەروای شیعریی مەتەڵەکەی ڕێک کردووەتەوە، هەم گاڵتە ئەمێزە، سەری یەکە واتە: مەبەستی لە ئەو شوێنەی شرواڵە کە بۆ لە پێکردن قاچی پیادەکرێ، بنی دووە واتە: ئەو شوێنەی کە قاچی لێدێتەدەر، مەبەست دەرلینگی شرواڵە. وەڵام (شرواڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1834**

**سەرێما هەن پەرا زەنگەنە قلیشی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013182931526003

سەرێما هەن پەرا زەنگەنە قلیشی.
وەڵام (دەم و ددان و زمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل22

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1835**

**سەرێکی ئاسن سەرێکی دارە دەنووکێکی ڕاست یەکێکی خوارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216212003452305

سەرێکی ئاسن سەرێکی دارە
دەنووکێکی ڕاست، یەکێکی خوارە
مەبەست لە مشاری دار بڕینە، سەرێکی ئاسن، واتە: ئەو سەرەی کە داری پێ دەبڕێت لە ماددەی ئاسن درووستکراوە، سەرێکی دارە، واتە: ئەو سەری لە دار درووستدەکرێ، مەبەست لە دەسکەکەیەتی کە بە دەست دەگیرێ، دەنووکێکێ ڕاست یەکێکی خوارە، مەبەست لە دەمی دانداناوی مشارە. وەڵام (مشار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل48

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1836**

**سەرێکی دارە سەرێکی شیشە کەرە فامکە دەریشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206032335449327

سەرێکی دارە
سەرێکی شیشە
کەرە فامکە دەریشە
مەبەست لە درێشەیە، (درێشە: ئاسنێکی لووت درێژی مشتوو دارینە، کەوش و پێڵاوە کۆنی پێ پینە دەکرێ. فەرهەنگی شێخانی) سەرێکی دارە، مەبەست لە کلکی درێشەیە، سەرێکی شیشە، مەبەست لە دەمی درێشەیە، کەرە فامکە دریشە، واتە: مەتەڵساز بە گوێگر دەڵێ، بیری لێبکەرەوە دەیزانی. وەڵام (دەرێشە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا ل43

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1837**

**سەرێکی هەیە و دوو دەست و پا خولان دەخوا وەک دەعبا لەخەوهەڵدەستێ و بەرێدا دەڕوا**

[20221104200030443404=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104200030443404)

سەرێکی هەیە و دوو دەست و پا
خولان دەخوا وەک دەعبا
لەخەوهەڵدەستێ و بەرێدا دەڕوا
پا: مەبەست لە قاچە، سەرێکی هەیە دوو دەست و پا، واتە: مرۆڤ کە سەرێک و دوو دەست و دوو قاچی هەیە، خولان دەخوا وەک دەعبا، واتە: وەک ئاژەڵ دێت و دەچێ و دەخولێتەوە، لەخەو هەڵدەستێ و بەرێدا دەڕوات، بێگومان سرووشتی مرۆڤ وایە کە دەخەوێ و دەجووڵێ و دەڕوا. وەڵام (مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل66

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1838**

**سەرێکی هەیە و دوو دەست و پا خولان دەخوا وەکوو دەعبا هەستێ بەرپێدا دەڕوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926122923523458

سەرێکی هەیە و دوو دەست و پا
خولان دەخوا وەکوو دەعبا
هەستێ بەرپێدا دەڕوا
مەبەست لە جەستەی مرۆڤە کە سەری هەیە، هەروەها لەگەڵ دوو دەست و دوو قاچ، خولان دەخوا وەکوو دەعبا، واتە توانای هەیە بە دەوری خۆیدا بسووڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا گەر ئارەزوو بکات، دەتوانێت هەستێتە سەرپێ و بەپێ بە ڕێگەدا بڕوات. وەڵام (مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل52


کاتی تۆمارکردن: 26-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1839**

**سەرێکی ڕاستە و سەرێکی خوارە خۆی ئاسنە و کلکی دارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031154851442818

سەرێکی ڕاستە و سەرێکی خوارە
خۆی ئاسنە و کلکی دارە
مەبەست لە مشاری دار بڕینە، سەرێکی ڕاستە، مەبەست لە دەمی مشارە، سەرێکی خوارە، مەبەست لە دەسکی مشارە. خۆی ئاسنە، مەبەست لە دەمی مشارە کە لە ئاسن دروستدەکرێ. کلکی دارە، واتە: کلکی مشار لە دار دروستدەکرێ. وەڵام (مشاری دار بڕین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل62

کاتی تۆمارکردن: 31-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1840**
**سەرێکی ڕاستە و سەرێکی خوارە دەنکێکی ڕێکە و دەنکێکی خوارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221104215940443438

سەرێکی ڕاستە و سەرێکی خوارە
دەنکێکی ڕێکە و دەنکێکی خوارە
سەرێکی ڕاستە و سەرێکی خوارە
دەنوکێکی ڕێکە و دەنوکێکی خوارە
مەبەست لە مشاری دار بڕینە، سەرێکی ڕاستە، مەبەست لە دەمی مشارەکەیە کە دار دەبڕێ، سەرێکی خوارە، مەبەست لە دەسکی مشارە، دەنکێکی ڕێکە و دەنکێکی خوارە، مەبەست لە ددانی دەمی مشارە، یەکتۆز بە ڕاست و چەپدا خوارە، بۆ ئەوەی دار بەئاسانی ببڕێت. وەڵام (مشار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل62

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1841**

## سەرەتا چوار لاق، ناوەڕاست دوو لاق، کۆتایی سێ لاق

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220809212420427448

سەرەتا چوار لاق، ناوەڕاست دوو لاق، کۆتایی سێ لاق.
سەرەتا چوار لاق، مەبەست لە منداڵە کە گاڵگۆڵکێ دەکات و لە سەرەتادا لەسەر چوارپەل دەڕوات، ناوەڕاست دوو لاق واتە: لە قۆناغی گەورەبووندا مرۆڤ لەسەر دوو قاچ دەڕوات، کۆتایی سێ لاق واتە: قۆناغی پیریی، بە دوو قاچ و گۆچانێک دەڕوا.
وەڵام (منداڵ، لاو، پیر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1842**

**سەرەوەی شاخ بنەوەی شاخ، پێیدادێ چورچە بەیداخ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801074323425828

سەرەوەی شاخ بنەوەی شاخ، پێیدادێ چورچە بەیداخ
مەبەست لە کیسەڵە کە بەشی سەرەوەی پشتی و ژێر سکی وەک شاخ ڕەق و سەختە، چورچە بەیداخ، مەبەستی لەو گیانەوەرە نەرمەیە کە لەناو قەپاغە ڕەقەکەدایە، بە شێکە لەجەستەیی و خۆی تێدا دەپارێزێت، پێی دەوترێ کیسەڵ. وەڵام کیسەڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1843**
**سەگی ئەحمەدەکۆکی بە دەسکی حەمەدۆکی لە هەموو دەرکان دەکۆکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108151640457240

سەگی ئەحمەدەکۆکی
بە دەسکی حەمەدۆکی
لە هەموو دەرکان دەکۆکی
مەبەست لە دەهۆڵە، (دەهۆڵ: ئامێرێکی کەلەپووریی موزیکی پێستدارە، لە بۆنە و ئاهەنگە کوردییەکاندا دەژەندرێ) سەگی ئەحمەدەلۆکی، مەبەست لە دەهۆڵە، بە دەسکی حەمەدۆکی، مەبەست لە داردەهۆڵە کە دەهۆڵی پێدەژەنرێ، لە هەموو دەرکان دەکۆکی، واتە: دەشێ لە هەموو ماڵێکدا بەکاربێ. وەڵام (دەهۆڵ و داردەهۆڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل180

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1844**

**سەگی هار چووە سەردار پەلوپۆی هێنایەخوار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221031143130442803

سەگی هار
چووە سەردار
پەلوپۆی هێنایەخوار
سەگی هار، مەبەست لە تەورە، (تەور: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ داربڕین بەکاردێت) چووە سەردار، واتە: کاتێک تەور بچێتە سەردار، پەلووپۆی دارەکە دەبڕێت و تووشی زیانی دەکات، وەکوو چۆن سەگی هار پەلاماری هەموو شتێک دەدات و دەوروبەر تووشی زیان دەکات. وەڵام (تەور، بیور) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل62

کاتی تۆمارکردن: 31-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1845**

**سەگی هار لە بان دار، کلو کلو بەفر ئەخاتەخوار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822080726429606

سەگی هار لە بان دار
کلو کلو بەفر ئەخاتەخوار
سەگی هار، مەبەست لە مەکینەی سەرتاشینە، لە بان دار، مەبەست لە سەری مرۆڤە، کلو کلو بەفر ئەخاتەخوار، مەبەست لە تاشینی سەری کەسێکی بەتەمەیە کە تاڵەکانی سەری سپی بووە، ڕەنگی سپێتی قژ و کلوە بەفر بەیەک چووێنراوە. وەڵام (مەکینەی سەرتاشین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل23

کاتی تۆمارکردن: 22-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1846**
**سەلکی گردە ناوکی وردە**

[20230916095911520881=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916095911520881)

سەلکی گردە
ناوکی وردە
سەلک: بنکی خڕ (فەرهەنگی خاڵ) ، گرد: بە شتێک دەوترێت کە خڕبێت وەک تۆپ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، سەلکی گردە، مەبەست لە تەماتەیە، خڕ و گردە شێوەی سەلکی هەیە، ناوکی وردە، مەبەست لە ناوکی تەماتەیە، کە دەنکەکانی ورد و بچووکن. وەڵام (تەماتە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل10

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1847**

**سەما دەکا بەخۆی دارە چەرمە خڕەی گوێبەگوارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206040007449340

سەما دەکا بەخۆی دارە
چەرمە خڕەی گوێبەگوارە
مەبەست لە دەفە، (دەف: ئامێرێکی فۆلکلۆریی پێستداری موزیکی کوردییە، لە بۆنە و مەراسیمە ئایینییەکاندا دەژەنرێ) سەما دەکا بەخۆی دارە، مەبەست لە دەفە کە لە بازنەیەکی دار درووستدەکرێ، چەرمە خڕەی گوێبەگوارە، مەبەست لەو پێستەی ئاژەڵە کە دەگیرێتە دەف، هەروەها دەف کۆمەڵێک ئەڵقەی پێوەیە لەکاتی ژەنیندا زرەی دێ، بە گوارەی گوێ چووێنراوە.
وەڵام (دەف) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل40

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1848**

**سەماکەرێ سەما دەکات، دیاری حاکم پەیدادەکات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801073417425826

سەماکەرێ سەما دەکات، دیاری حاکم پەیدادەکات

سەماکەرێ سەما دەکات: مەبەستی لە هەنگ، مێش هەنگوینەیە کە هەمیشە بە دوای هەڵاڵەی گوڵاندا دەگەڕێ، لە مەتەڵەکەدا بە سەماکەر ناوی بردووە ، دیاری حاکم پەیدادەکات: مەبەستی لە هەنگوینە کە بە ماندووبوونێکی زۆر پەیدای دەکا. وەڵام هەنگ، مێش هنگوینە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1849**
**سەمەن قتوو سەر قتوو، سەد قتوو لەسەر یەک قتوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819113031429096



سەمەن قتوو سەر قتوو
سەد قتوو لەسەر یەک قتوو
مەبەستی مەتەڵەکە پیازە، قتوو: جێگەیەکە شتی لەناودا دادەنرێت، قتوو سەر قتوو مەبەست لە کۆمەڵێک قتووی زۆرە، سەد قتوو لەسەر یەک قتوو، واتە: قتووەکان لەناو یەکدان، وەکو چۆن پیاز توێ توێ یە و هەموو توێکان لەناویەکدان.
وەڵام (توێ توێی پیاز). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 19-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1850**

**سەندوق سندوق سەمەنی تەقە بکەی نەکەنی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205135210534025

سەندوق سندوق سەمەنی
تەقە بکەی نەکەنی
سەمەنی: خواردنێکی کەلەپووریی کوردییە، لە مەراسیمی ئەفسانەی شاماراندا وەک جەژنی پیرۆز، دەمەو بەیانیان لێدەنرێت، لە ئارد و قەرسیلی ناسک دەرووستدەکرێت و دەکوڵێنرێت. مەبەستی مەتەڵەکە گەنمەشامییە، دەنکەکانی لەسەریەک وەک سندووق ڕیزبوون، کاتێک کە دەبرژێت دەنکەکان دەتەقن، هەروەها گەر لە ئاودا بکوڵێنرێت، وەک سەمەنی دەردەچێت.
وەڵام (گەنمەشامی). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل184

کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1851**

**سەنگ سەرسەنگ، دوو لوولە تفەنگ دوو نەوجەوان تەخترەۆ گەلەچرۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013190435526014

سەنگ سەرسەنگ، دوو لوولە تفەنگ
دوو نەوجەوان تەختڕەۆ گەلەچرۆ
وەڵام (ددان، لووت، چاو، تەوێڵ و مووی سەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خوارووی: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل25

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1852**
**سەنگەنە گڵ هەڵکەنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012222617525918

سەنگەنە گڵ هەڵکەنە.
وەڵام (تەرزە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل9

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1853**

## سەوز و بەرزە لە بەندەن و لاپاڵا ترش و مز و گوڵی سوور و ئاڵە جێی لە قەدپاڵ و ڕەژد و نێوبەردە لاقی لە چەشنی مراوی بە پەردە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221217212713452517

سەوز و بەرزە لە بەندەن و لاپاڵا، ترش و مز و گوڵی سوور و ئاڵە
جێی لە قەدپاڵ و ڕەژد و نێوبەردە، لاق لە چەشنی مراوی بە پەردە
مەبەست لە ڕێواسە، (ڕێواس: خۆراکێکی گیایی سرووشتییە، لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا بەهاران دەردەکەوێ) سەوز و بەرزە لە بەندەن و لاپاڵا، مەبەست لە شوێنێ ڕووانی ڕێواسە، ترش و مز و گوڵی سوور و ئاڵە، مەبەست لە تامی ڕێواسە، هەروەها لە لاپاڵ و بەردەڵاندا دەروێ، لەگەڵ ئەوەشدا نێوانی لقەکانی لە بەشی سەرەوەیدا پەردەی هەیە وەکوو قاچی مراوی. وەڵام (ڕێواس) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل49

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1854**

**سەوز و سورخ و حەنایی کارد تیز و قەساویی**

2023101621582352642O=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەوز و سورخ و حەنایی
کارد تیز و قەساویی
وەڵام (شووتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل59

کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1855**
**سەوزە خەیار نییە، سپییە بەفر نییە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807060037426957



سەوزە خەیار نییە، سپییە بەفر نییە
شیرینە شەکر نییە، خڕە کەلا نییە
تاڵە ژەهر نییە، بەرزە وشتر نییە
واتە: داریگوێز، گەڵاکەی وەک خەیار سەوزە، قەبارەی گەورە و بەرزە بە وشتر چووێنراوە، سپییە بەفر نییە: مەبەست لە ڕەنگی کاکڵەی گوێزە، تامی شیرینە و قەبارەی وەک کەلا هەڵمات خڕە، تاڵە ژەهر نییە: مەبەستی لە توێکڵی سەوزی گوێزە.
وەڵام داری گوێز.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 07-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1856**

**سەوزە لە بازاڕ، سوورە لە دایکت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220828140211430888

سەوزە لە بازاڕ، سوورە لە دایکت.
مەبەست لە خەنەیە، (خەنە: بۆ داپۆشینی ڕەنگی سپیی مووی سەرە، بەتایبەتی ژنان بەکاری دێنن، لەپێناوی نواندنی ڕووخسارێکی جوان و گەنجدا) سەوزە لە بازاڕ، واتە: ئەو کاتەی لە بازاڕ کەسێک خەنە دەکڕێت، ڕەنگی سەوزە، سوورە لە دایکت، واتە: ئەو کاتەی دایک خەنە لە مووی سپیی سەری دەدا، دواتر ڕەنگی مووەکە سوور دەبێت. وەڵام (خەنە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 28-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1857**

**سەوزە وەک خەیار، بەرزە وەک چنار، مزرە وەک هەنار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817110924428790



سەوزە وەک خەیار
بەرزە وەک چنار
مزرە وەک هەنار
مەبەستی مەتەڵەکە رێواسە کە بەشێوەیەکی سرووشتی لە چیاکانی کوردستان دەڕوێت، سەوزە وەک خەیار، ڕەنگی رێواس و خەیاری چوواندووە بەیەک، بەرزە وەک چنار، چنار دارێکی گەورەی باڵابەرزە، لە قیت و قنجیدا بە رێواسیک چووێنراوە، مزرە وەک هەنار، تامی هەنار و رێواس چووێنراوە بەیەک. مەتەڵەکە لەسەر بنەمای لێکچوواندنی دانراوە کە یەکێکە لە هونەرەکانی رەوانبێژیی. وەڵام (رێواس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 17-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1858**

**سەڵتەی سۆری قرمزی**

20220923212635435829=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

سەڵتەی سۆری قرمزی
کونی نییە، ئاوی دەدزی
سەڵتە: ئەوە بەشەی بەرگی کوردیی ژنانە کە بەسەر کراسی کوردیدا لەبەر دەکرێت، ڕەنگی ئاڵ و سوورە و ڕەنگی تریشی بۆ بەکاردێت، لە مەتەڵەکەدا بە ڕەنگی تەماتە چووێنراوە، کۆنی نییە ئاوی دەدزی، واتە: تەماتە خۆی ئاودار و تەڕە. وەڵام (تەماتە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل29

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1859**

**سەی هار لە بن دار، کلو کلو دێتەخوار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220801071607425822

سەی هار لە بن دار، کلو کلو دێتەخوار
سە: لە بەشە شیوەزاری موکریان واتە سەگ، سەی هار: مەبەستی لە ئامیری مەکینەی سەرتاشینە, بن دار: مەبەستی لە سەری مرۆڤە, کلوکلو دێتەخوار: مەبەستی لە مووی سەرە کە بە مەکینە دەتاشرێ و مووەکان دێتەخوار. وەڵام مەکینەی سەر تاشین. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-01

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1860**

**سەیر خەڵکی دەکا و درۆ لەگەڵ کەس ناکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105101829443507

سەیر خەڵکی دەکا و درۆ لەگەڵ کەس ناکا.
مەبەست لە ئاوێنەیە کە مرۆڤ خۆی تیادەبینێ، لە هەموو کاتێکدا ئەوێنە تەنیا ڕووی مرۆڤ پیشاندەدات، هەروەها ئاوێنە توانای قسەکردنی نییە. وەڵام (ئاوێنە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل63

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1861**

**شاخی لەبان سەر چاوی کلۆرە بە برێشکە دەخورێ کرپاری زۆرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221220213626453231

شاخی لەبان سەر، چاوی کلۆرە
بە برێشکە دەخورێ کرپاری زۆرە
مەبەست لە کوللەیە، شاخی لەبان سەر، مەبەست لە هەستەوەرەکانی سەری کوللەیە کە بە شاخ چووێنراوە، چاوی کلۆرە، واتە: چاوی ئاوێتەییە بە چوارلادا دەبینێ، بە برێشکە دەخورێ، (برێشکە: گەنمی برژاو) واتە: کوللە وەک برێشکە دەبرژێندرێ و دەخورێ. وەڵام (کوللە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل60

کاتی تۆمارکردن: 20-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1862**
**شاخی وەک گا بە باڵ مەلە پشت ماسییە و بە چوار پەلە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219145020452957

شاخی وەک گا بە باڵ مەلە
پشت ماسییە و بە چوار پەلە
مەبەست لە کوڵلەیە، (کوڵلە: گیانەوەرچکەیەکی باڵدارە، لە کوردستان لە وەرزی بەهاردا دەردەکەوێ، دانەوێڵە دەخوا)
شاخی وەک گایە بە باڵ مەلە، واتە: کوڵلە دوو هەستەوەری هەیە بە شاخی گا چووێنراوە، هەروەها وەکوو مەلیش باڵی هەیە،
پشت ماسی و بە چوار پەلە، واتە: پشتی پوولەکەدارە وەک ماسی، چوار قاچی هەیە. وەڵام (کوڵلە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل52
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1863**

**شاری ژێر زەوی ئەڕۆی ئەخەوی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922200347522576

شاری ژێر زەوی
ئەڕۆی ئەخەوی
هەموو ئەو شارانەی مرۆڤایەتی بنیاتی ناون لەسەر زەوییە، بەڵام لەناو ئەفسانە و دنیابینی مرۆڤی کۆندا، دوای مردن دنیایەکی تر هەیە کە دنیان ژێر زەوییە، شاری ژێر زەوی، مەبەست لە گۆڕە، ئەڕۆی ئەخەوی، مەبەست لە کرداری مردنە کە تا کۆتایی جەستە لەژێر خاکدا دەمێنێتەوە. وەڵام (گۆڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 36

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1864**

**شارێک ناوی خەبەرچییە تانەیبینی نازانی چییە**

[20221218155143452684=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221218155143452684)

شارێک ناوی خەبەرچییە
تانەیبینی نازانی چییە
مەبەست لە منداڵی سکی دایکە، (خەبەرچی: ئەو کەسەی هەواڵدەهێنێ) شارێک ناوی خەبەرچییە، مەبەست لە سکی دایکە کە بە شار چوواندویەتی، تانەیبینی نازانی چییە، واتە: تا منداڵ لە سکی دایک نەیەتەدەر، نازانێت کورە یان کچ. (مەتەڵەکە مێژووی کۆنە بەڵام ئێستا بەهۆی پشکنینەوە دەردەکەوێ منداڵ کورە یان کچ) . وەڵام (منداڵی سکی دایک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل52

کاتی تۆمارکردن: 18-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1865**

**شارێکی سوورە چواردەوری سەوزە خەڵکەکەی ڕەش پێست ناوەکەی حەوزە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221218155532452685

شارێکی سوورە چواردەوری سەوزە
خەڵکەی ڕەش پێست ناوەکەی حەوزە
مەبەست لە شفتییە، (شفتی: شووتی) ، شارێکی سوورە چواردەوری سەوزە، مەبەست لە ناوی شوتییە کە سوورە و توێکڵەکەی سەوزە، خەڵکەکەی ڕەش پێست، مەبەست لە ناوکی شوتییە کە ڕەنگیان ڕەشە، ناوەکەی حەوزە، واتە: ناوی شووتی وەک حەوز وایە. وەڵام (شفتی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل47

کاتی تۆمارکردن: 18-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1866**

**شارێکە باری دوو وڵاخە**

[20221219145356452958=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219145356452958)

شارێکە باری دوو وڵاخە.
مەبەست لە شارۆچکەی چوارتایە، (چوارتا: ناوی شارۆچکەیەکە سەربە شاری سلێمانی) شارێکە باری دوو وڵاخ، مەبەست لە شیکردنەوەی وشەی چوارتایە، (تا) بە باری وڵاخ دەوترێ، وڵاخێک دوو تای بار لێدەنرێ، بۆ ئەوەی لە ڕۆشتندا هاوسەنگی لەدەستنەدا، چوار تا باری دوو وڵاخە. وەڵام (چوارتا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل46

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1867**

**شاڵێنەیەکە پڕە لە کای پۆش**

[20220905220002432242=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20220905220002432242=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

شاڵێنەیەکە پڕە لە کای پۆش.
شاڵێنە: پارچەیەکی چوارگۆشەیە لە خووری ڕەنگ ڕەش (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەستی لە ئاسمانە کە بە شەو ڕەنگی ڕەشە، پۆش: بزنی ڕەشی گوێ سپی (فەرهەنگی خاڵ) گوێی سپی بزنیش لەمەتەڵەکەدا، چووێنراوە بە ئەستێرەکان. وەڵام (ئاسمان و ئەستێرەکان). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل120

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1868**

**شتی عەجیبم دی لە دەشتودەر ئەیناڵاند بەتن، ئەخولا لەسەرسەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912222004520306

شتی عەجیبم دی لە دەشتودەر
ئەیناڵاند بەتن، ئەخولا لەسەرسەر
عەجیب: سەرسوورهێنەر. بەتن: بەتین. شتی عەجیبم دی لە دەشتودەر، مەبەست لە بەرداشی ئاشە، (ئاش: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێت) بەرداشی ئاش دوو بەردی تەختی گەورەی بازنەییە، دانەوێڵە دەهاڕێت، واتە: کەسێک لە دەشتودەر ئاشی بینیوە، کە بەرداشەکانی سووڕاونەتەوە. وەڵام (بەرداشی ئاش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل3

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1869**

**شتێک هاتووە بەهۆهۆ نەتانی هەیە نەپۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219144730452956

شتێک هاتووە بەهۆهۆ
نەتانی هەیە نەپۆ
مەبەست لە لبادە، (لباد: جۆرێک ڕاخەری کەلەپووری کوردییە، لە خووری بەرگن درووستدەکرێ، تووند دەکوترێتەوە و کاری چنینی تێدا ئەنجامنادرێ) شتێک هاتووە بەهۆهۆ، مەبەست لە لبادە، نە تانی هەیە نەپۆ، واتە: لباد ناچنرێ. وەڵام (لباد). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل53

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1870**
**شتێک هەرە ڕەحمەتە لای خەڵک زەحمەتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221228103800454776

شتێک هەرە ڕەحمەتە
لای خەڵک زەحمەتە
مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، شتێک هەرە ڕەحمەتە، مەبەست لە بارانە، لەناو نەریتی کوردەواردا بە ڕەحمەت ئەژماری بۆ دەکرێ، لەبەر ئەوەی جووتیاران بۆ دەغڵودان پێویستیانە، لای خەڵک زەحمەتە، واتە: کاتێک باران دەبارێ، هەمووان لەبەری ڕادەکەن و خۆیان دەشارنەوە، بۆ ئەوەی تەڕ نەبن. وەڵام (باران) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 28-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1871**
**شتێک هەیە بیخەیتەسەر ئاگر نامێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105183231443587

شتێک هەیە بیخەیتەسەر ئاگر نامێنێ.
مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، ئاگر هەندێک شت دەسووتێنێ، شتێک هەیە بیخەیتە سەر ئاگر نامێنێ، مەبەستی لە بەفرە، کاتێک بخریتە سەر ئاگر، سەرەتا دەتوێتەوە و دواتر دەبێتە هەڵم و لەبەر چاوان نامێنێ. وەڵام (بەفر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1872**

**شتێک هەیە بە زستان و بەهاوین لەناو بەفر و کادێن گەرمە و سارد نابێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105184922443593

شتێک هەیە بە زستان و بەهاوین، لەناو بەفر و کادێن، گەرمە و سارد نابێتەوە.
ژیانی مرۆڤ هەزاران شتی تێدایە، مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، مەبەستی مەتەڵەکە بیبەری تیژە، کە بەزستان و بەهاوین واتە: لە کاتە گەرم و ساردەکاندا بوونی هەیە و خواردنێکی گەرمە. وەڵام (بیبەری تیژ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل71

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1873**

**شتێک هەیە بە زیندوویی گۆشتی نەخواردووە بە مردوویی خواردوویەتی**

20230103135545456187=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شتێک هەیە بە زیندوویی گۆشتی نەخواردووە، بە مردوویی خواردوویەتی.
مەبەست لە داردەستی دەستی مووایە، (بەپێی ئەفسانەی ئایینەکان، مووسا داردەستێکی بەدەستەوەبووە، لە بەردەمی فیرعەوندا فڕێی داوە، بووە بە ماری مارخۆر و بەشێوەیەکی ئەفسوناوی، هەموو ماری ئەو ناوەی خواردووە) شتێکم هەیە بە زیندوویی گۆشتی نەخواردووە، مەبەست لە داردەستی مووسایە، بەمردوویی خواردوویەتی، داردەست مردووە بەڵام کەبووە بە ماری مارخۆی هەموو مارەکانی خواردووە. وەڵام (دارەکەی مووسا). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل107.

کاتی تۆمارکردن: 03-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1874**
**شتێک هەیە تا دەست بۆ قونی نەبەی زار ورژناکا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219135152452912](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219135152452912)

شتێک هەیە، تا دەست بۆ قونی نەبەی زار ورژناکا.
مەبەستە لە مقەستە، (مقەست: ئامێرێکی دەستییە، بۆ بڕینی بەرگ و قوماش بەکاردێ) شتێک هەیە، مەتەڵساز شتێک دەخانە ناو بیر و خەیاڵی گوێگرەوە، تا دەست بۆ قونی نەبەی زار ورژناکا، (زار: دەم) واتە: مقەست تا بە دەست بەکاری نەهێنی، دەمەکەی ناجووڵێ و ناکەوێنەتکار. وەڵام (مقەست). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل47]

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1875**

**شتێک هەیە چوار منداڵی لەسکدایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105183520443588

شتێک هەیە چوار منداڵی لەسکدایە.
مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، شتێک هەیە، مەبەست لە گوێزە، چوار منداڵی لە سکدایە، مەبەست لە کاکڵەی گوێزە، کاتێک گویزێک دەشکێنرێت، سرووشتی کاکڵەکە وایە کە لە چوار بەش پێکهاتووە، لەمەتەڵەکەدا بە چوار منداڵ بەراوردکراوە، هەروەها تولکڵی گوێزیش بە دایک ئەژمارکراوە. وەڵام (گوێز). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1876**

**شتێک هەیە دەڕوا و سێبەری نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105183853443589

شتێک هەیە دەڕوا و سێبەری نییە.
ژیان هەزاران شتی تێدایە، مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، شتێک هەیە مەبەست لە ناوبانگە، هی کەسایەتی و خێزان و بنەماڵەیە، سێبەر نییە، واتە: ناوبانگ شتێکی مەعنەویی واتاییە، لەناو بیر و خەیاڵاتی مرۆڤدا بوونی هەیە، بۆیە شتێکی ماددی نییە سێبەری هەبێت بەڵکو واتا بە ژیان دەبەخشێ. وەڵام (ناوبانگ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل48

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1877**

**شتێک هەیە لە چیایە سپیاتی تێدایە جەرگم بووە کون کون کوندەڵانم بێنەکن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219144452452954

شتێک هەیە لە چیایە، سپیاتی تێدایە
جەرگم بووە کون کون کوندەڵانم بێنەکن
مەبەست لە ژاژییە، (ژاژی: شیرێژە بە تەڕی، لە پێستەدا هەڵدەگیرێت بۆ زستان. فەرهەنگی خاڵ) ، شتێک هەیە لە چیایە سپیاتی تێدایە، واتە: ژاژی کوردانی چیانشین دروستی دەکەن و ڕەنگی سپییە، جەرگم بووە کون کون، واتە: کەسێک ئارەزووی خواردنی ژاژی دەکات، کوندەڵانم بێنەکن، (کوندەڵان: بەو جێگەیە دەوترێ کە لە ماڵی گوندنشیندا ئاوی تێدا سارد دەکرێ) واتە: ژاژی لە جێگەی ساردا دادەنرێ بۆ ئەوەی تێکنەچێ. وەڵام (ژاژی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل46

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1878**

**شتێک هەیە لە چیایە سپیاتی تێدایە جەرگم لەبۆی کون کونە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105102931443510](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105102931443510)

شتێک هەیە لە چیایە
سپیاتی تێدایە
جەرگم لەبۆی کون کونە

ژیانی مرۆڤ هەزاران شتی تێدایە، مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، شتێک هەیە لە چیایە سپیاتی تێدایە، مەبەست لە سەوزەی ژاژە، (ژاژ: گیایەکی بۆن خۆشی کویستانییە، تێکەڵی پەنیری کوردی دەکرێ فەرهەنگی خاڵ) جەرگم لەبۆی کون کونە، واتە: ئارەزووی خواردنی دەکەم. وەڵام (ژاژ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولآت: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل71

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1879**

**شتێک هەیە لە دەشتی سی و سێ کندڕی لە پشتی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105112635443517](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105112635443517)

شتێک هەیە لە دەشتی
سی و سێ کندڕی لە پشتی
مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، مەبەست لە کوورتانە (کوورتان: لە پەڕۆ و قەسەل درووستدەکرێ و کای تێدەکرێ، دەخریتە سەر پشتی کەر و بارگیر فەرهەنگی شێخانی) سی و سێ کندڕی لە پشتی، (کندڕ: دەزوو فەرهەنگی خاڵ) واتە: کوورتان چەندین ڕیزی دروومانی دەستی پێوەیە. وەڵام (کوورتان) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1880**
**شتێک هەیە لەم شتانە هەڵی ئەگری بۆ تەنگانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105113520443519

شتێک هەیە لەم شتانە
هەڵی ئەگری بۆ تەنگانە
مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، شتێک هەیە لەم شتانە، مەبەست لە دراو، پارەیە، هەڵیدەگری بۆ تەنگانە، واتە، هەموو کەسێک کە کاردەکات و پارەی دەستدەکەوێ، بەشێکی بۆ تەنگانە و لێقەومان هەڵدەگرێ. وەڵام (پارە، دراو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1881**

**شتێک هەیە نەگیایە نەمیوەیە نەخورمایە هەر لە خۆڕا ڕسکایە لە جێ دەشت و شیو و چیایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219144142452953

شتێک هەیە، نەگیایە، نەمیوەیە، نەخورمایە هەر لە خۆڕا ڕسکایە
لە جێ دەشت و شیو و چیایە
هەند نەرم و لووسە، سوێند دەخۆم نەلوقمە و نەکێکە
مەبەست لە دوومبەڵانە، (دوومبەڵان: جۆرە خۆراکێکی ڕووەکییە، لەناو خۆڵدا هەڵدەتۆقێ و لە گڵدا گەشەدەکا، خۆراکێکی بەکەڵکە بۆ خواردن) ، شتێک هەیە، نەگیایە، نەمیوەیە، نەخورمایە هەر لە خۆڕا ڕسکایە، مەبەست لە دۆمبەڵانە کە بەشێوەیەکی خۆڕسک لە دەشتودەر دەڕوێ، وەک لووقم نەرم و لووسە. وەڵام (دومبەڵان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا ل46

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1882**
**شتێک هەیە هەر لە کارە شەو و ڕۆژ دەکا بە ژمارە لە بازاڕ دەیکڕن بە پارە**
[20221105102721443509=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105102721443509)

شتێک هەیە هەر لە کارە
شەو و ڕۆژ دەکا بە ژمارە
لە بازاڕ دەیکڕن بە پارە
مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، شتێک هەیە هەر لە کارە، مەبەست لە ئامێری کاتژمێرە، شەو و ڕۆژ دەکا بە ژمارە، واتە: کاتەکانی شەو و ڕۆژ بە ژمارە دەپێوێ، هەروەها لە بازاڕ بە پارە دەفرۆشرێ. وەڵام (کاتژمێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل71

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1883**

**شتێک هەیە هەموو شتێکی بەبندا دەڕوات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105184240443590

شتێک هەیە هەموو شتێکی بەبندا دەڕوات.
ژیانی مرۆڤ هەزاران شتی تێدایە، مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، شتێک هەیە مەبەست لە قەڵەمە، هەموو شتێکی بەبندا دەڕوات، واتە: قەڵەم توانای نووسینی هەموو شتێکی هەیە. وەڵام (قەڵەم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1884**

**شتێک هەیە هەناسەی وەرگرت زیندووە ئاو بخواتەوە مردووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105184531443591

شتێک هەیە هەناسەی وەرگرت زیندووە، ئاو بخواتەوە مردووە.
ژیانی مرۆڤ هەزاران شتی تێدایە، مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، شتێک هەیە، مەبەست لە ئاگرە کە بەهۆی ئۆکسجینەوە توانای سووتانی هەیە، ئاو بخواتەوە مردووە، مەبەست لەوەیە گەر ئاو بە ئاگردا بکرێ دەکوژێتەوە. وەڵام (ئاگر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل69

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1885**
**شتێک هەیە ڕەحمەتە خەڵک پێیان زەحمەتە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105104251443514](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105104251443514)

شتێک هەیە ڕەحمەتە
خەڵک پێیان زەحمەتە
مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، شتێک هەیە ڕەحمەتە، مەبەست لە باران بارینە، (باران لە کوردەواریدا بە ڕەحمەت ئەژمارکراوە، چونکە کۆمەڵگەی کوردیی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییە) خەڵک پێیان زەحمەتە، واتە: خەڵکی داوای باران بارین دەکە، کاتێک دەباری، ڕادەکەنە پەناو پەسێرەوە بۆ ئەوەت تەڕنەبن. وەڵام (باران) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1886**

**شتێکم دی زۆر دەم گەورە گیانی زەردە و ڕەق بە دەورە مناڵێکی لە زکدایە هەڵدەبەزێ دەڵێ دایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221217215639452532

شتێکم دی زۆر دەم گەورە
گیانی زەردە و ڕەق بە دەورە
مناڵێکی لە زکدایە، هەڵدەبەزێ دەڵێ: دایە
مەبەست لە دەسکەوانە، (دەسکەوان: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە ماددەی مس درووستدەکرێ، دوو بەشە: دۆڵ و دەسک، بۆ کوتانی دانەوێڵە بەکاردێ) شتێکم دی زۆر دەم گەورە، مەبەست لە دەسکەوانە، گیانی زەرد و ڕەق بە دەورە، واتە ڕەنگی زەردە و ڕەقە، مناڵێکی لە زکدایە، هەڵدەبەزێ دەڵێ دایە: واتە: کاتێک دەسکی دەسکەوان شتی پێدەکوترێ دەنگی لێوەدێ. وەڵام (دەسکەوان). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل52

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1887**

**شتێکم دی لەو دەشتە بە عەجایبی هەشت قاچ و پێنج لەش و چوار ڕۆحە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118220406459158](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118220406459158)

شتێکم دی لەو دەشتە، بە عەجایبی هەشت قاچ و پێنج لەش و چوار ڕۆحە.
مەبەست لە بردنی تەرمی مرۆڤە بۆ گۆڕستان، شتێکم دی لەو دەشتە، مەبەست لە تابووتی مردووە، هەشت قاچ و پێنج لەش، واتە: بە چوار کەسی زیندوو، تەمی مردوویەک بۆ گۆڕستان بە تابووت دەبەن. چوار ڕۆح، واتە: لە پێنج کەسەکە چواریان زیندوون و یەکێکیان مردووە. وەڵام (تابووت بە چوار کەس دەیبەن بۆ گۆڕستان).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیریۆ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل37

کاتی تۆمارکردن: 18-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1888**

**شتێکم دیت لە دەشتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924113657435909

شتێکم دیت لە دەشتێ
چار لە حاردی، دوو لە تەنیشتێ
غارمدا نەیگەیشتمێ

حارد: ئەزر یان زەوی، چار لە حاردی، مەبەست لە وڵاخە کە چوار پێی هەیە لەسەر زەوی، بۆ ڕۆیشتن بەکاری دێنێ، دوو لە تەنیشتێ، مەبەست لەوەیە کە کەسێک سواری وڵاخەکە بووە، هەر دوو قاچی بەم لا و ئەو لای یان بە لاتەنیشتی وڵاخەکەدا شۆڕبووەتەوە، مەبەستی مەتەڵەکە ئەوەیە کە کەسێک سوارێکی بە غاری لە دەشتێکدا بینیوە، چەند ڕایکردووە بەدوایدا، نەیتوانیوە بیگاتێ. وەڵام (سوارێک لە کاتی غاردانا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل32

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1889**
**شتێکم دیوە نێوی دراوە ئەوەی بینییەوە بە ئەو دراوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219143858452952

شتێکم دیوە نێوی دراوە
ئەوەی بینییەوە بە ئەو دراوە
مەبەست لە دراو یان پارەیە، (دراو: بەشێوەی کاغەز یان کانزا هەیە، بەهای کۆی کاڵاکانی دنیای پێدەپێوری) شتێکم دیوە نێوی دراوە، مەبەست لە پارەیە، ئەوەی بینییەوە بە ئەو دراوە، واتە: هەر کەسێک پارە بدۆزێتەوە، دەبێت بەهی خۆی.
وەڵام (دراو یان پارە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل52

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1890**

**شتێکم دیوە ڕەشە وەک چڵاک گیانلەبەر نییە بێ داک و باب هەر لە شوێن گیانی خەڵک دەگەزێ بەچاولێکنانێ هەڵیان دەدرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219143555452949

شتێکم دیوە ڕەشە وەک چڵاک، گیانلەبەر نییە بێ داک و باب
هەر لە شوێن گیانی خەڵک دەگەزێ، بەچاولێکنانێ هەڵیان دەدرێ
مەبەست لە تفەنگە، (چاڵاک: بەو دارە درێژە ڕەشە دەوترێ کە گوێزی پێدەڕنرێ) شتێکم دیوە ڕەشە وەک چڵاک، گیانلەبەر نییە بێ داک و باب، مەبەست لە تفەنگە کە دایک و باوکی نییە، هەر لە شوێن گیانی خەڵک دەگەزێ، بەچاولێکنانێ هەڵیان دەدرێ، واتە: گوولەکەی بەر هەر کەسێک بکەوێ، جەستەی دەبڕێ. وەڵام (تفەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل52

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1891**

**شتێکم هەیە سەرکڵاوانی لەبنی پەڕپەڕەی قورئانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108190324457306

شتێکم هەیە سەرکڵاوانی
لەبنی پەڕپەڕەی قورئانی
مەبەست لە کارگە، (کارگ: لە وەرزی بەهاردا لە کوردستان بەشێوەیەکی خۆڕسک و سرووشتی دەڕوێ) شتێکم هەیە سەرکڵاوانی، مەبەست لە کڵاوی کارگە کە لووس و پانە، لەبنی پەڕپەڕەی قورئانی، واتە: بەشی ژێرەوەی کڵاوی کارگ، پەڕپەڕە و بە پەڕەی پەرتووکی قورئان چووێنراوە. وەڵام (کارک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل186

کاتی تۆمارکردن: 08-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1892**

**شتێکم هەیە سەوزی سەوزی تەرسەقولی سەرتەرزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111211348457971

شتێکم هەیە سەوزی سەوزی
تەرسەقولی سەرتەرزی
مەبەست لە یاپراغە، (یاپراغ: خواردنێکی فۆلکلۆریی کوردییە، لە برنج و گەڵای مێو، سڵق یان کەلەم، دروستدەکرێ) شتێکم هەیە سەوزی سەوزی لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە گەڵامێوە، تەرسەقولی سەرتەرزی واتە: گەڵای سەرتەرزی مێو بۆ یاپراغ باشە، هەروەها یاپراغیش کە دەپێچرێتەوە و لەسەریەک لە مەنجەڵدا هەڵدەچنرێ، بە تەرسەقول چووێنراوە. وەڵام (یاپراغ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل191.

کاتی تۆمارکردن: 11-01-2023

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1893**

## شتێکم هەیە شت نە چنگی هەیە نە مشت تیر و شیری ها لەپشت دیت کەری مەلای کوشت

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219142844452943

شتێکم هەیە شت، نە چنگی هەیە نە مشت
تیر و شیری ها لە پشت، دیت کەری مەلای کوشت

مەبەست لە دووپشکە، (دووپشک: گیانەوەرۆچکەیەکی ژەهرداری ترسناکە، بە کلک پێوەدەدا) شتێکم هەیە شت، نە چنگی هەیە نە مشت، مەبەست لە دووپشکە کە دەست و چنگی نییە، تیر و شیری ها لە پشت، مەبەست لە کلکی دووپشکە کە بە شیر و وتیر چوواندویەتی، دیت کەری مەلای کوشت، واتە دای بە کەری مەلاوە و تۆپاندی. وەڵام (دووپشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل52

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1894**

**شتێکم هەیە لێرە ئیشدەکا لە ئاسۆس پێبڕکێ دەکا**

[20221219143220452946=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219143220452946)

شتێکم هەیە لێرە ئیشدەکا
لە ئاسۆس پێبڕکێ دەکا
مەبەست لە چاوی مرۆڤە، (ئاسۆس: ناوی یەکێکە کە چیا کوێستانی و سەختەکانی کوردستان) شتێکم هەیە لێرە ئیشدەکا: مەبەست لە چاوە کە توانای بینینی هەیە، لە ئاسۆس پێبڕکێ دەکا، واتە: توانای بینینی شتی لە چیای ئاسۆس هەیە. بە چاوێک دەوترێ کە باش ببینێ. وەڵام (چاو) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل46

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1895**

**شتێکم هەیە لە شتان دەپێچرێ لە بوخچەی سوڵتان هەتا ساڵێکی ئەو دەمان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105102430443508](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105102430443508)

شتێکم هەیە لە شتان
دەپێچرێ لە بوخچەی سوڵتان
هەتا ساڵێکی ئەو دەمان
مەتەڵساز بە وشەی (شت) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، دەپێچرێ لە بوخچەی سوڵتان، (بوخچە: پارچەیەک پەڕۆی چوارگۆشەیە، کەلوپەلی تێدەکرێ و سەرەکانی گرێدەدرێ فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە قوناغپێچە، (قۆناغپێچ: پەڕۆیەکی نەرمی گەورەی چوارگۆشەیە، دایکانی کورد منداڵی ساوای تێدادەپێچنەوە) مەتەڵەکە قۆناغپێچی بە بووخچە بەراوردکردووە، هەتا ساڵێکی ئەو دەمان. واتە: دایکانی کورد تا ساڵێک منداڵ قۆناغپێچ دەکەن. وەڵام (منداڵی کۆرپە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل71](#)

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1896**

**شتێکم هەیە لەو شتانە هەڵیدەگرم بۆ ڕۆژی تەنگانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917222454521188

شتێکم هەیە لەو شتانە
هەڵیدەگرم بۆ ڕۆژی تەنگانە
شت: مەبەست لە پارە یان دراوە، کورد دەڵێت: ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش، واتە: ئەو داهات و دراوەی کە ڕۆژانە کەسێک لە دۆخێکی ئاساییدا دەستی دەکەوێت و پاشەکەوتی دەکات، لە ڕۆژی تەنگانە و نەهامەتیدا بەکاری دێنێت، ئەو ڕۆژانەی پێتێدەپەڕێنیت. وەڵام (دراو یان پارە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل14

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1897**

**شتێکم هەیە ها لەو دەشتە دووسەد کونی لە پشتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920221647522146

شتێکم هەیە ها لەو دەشتە
دوو سەد کونی لە پشتە
مەبەست لە بێژنگە، (بێژنگ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بێژانەوەی دانەوێڵە بەکاردێت) ، شتێکم هەیە لەو شتانە، مەبەست لە بێژنگە، دوو سەد کونی لە پشتە، مەبەست لەو هەموو کوونەی بێژنگە کە لەکاتی بێژانەوەی دانەوێڵەدا، درشتەکان دەگرێت و وردەکانی لێوە بەردەبنەوە. وەڵام (بێژنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل25

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1898**
**شتێکی پیسی نالەبار قاچت دەگەزێ وەک سەگی هار**

20221105112933443518=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شتێکی پیسی نالەبار
قاچت دەگەزێ وەک سەگی هار
مەبەست لە لوغمە. (لوغم: تەقینەوەیەکە لەناو زەویدا وەک تەڵە دادەنرێ، بۆ ئەوەی مرۆڤ تووشی مردن یان زیانی جەستەیی بکات) شتێکی پیسی نالەبار، مەبەست لە لوغمە، قاچت دەگەزێ وەک سەگی هار، واتە: گەر پێی کەسێکی بەریکەوێ، دەتەقێ و برنداری دەکات، مەتەڵەکە لوغمی بەسەگی هار بەراوردکردووە. وەڵام (لوغم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل70

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1899**

**شتێکی سووری قرمزی کونی نییە ئاوی دەدزی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105113828443520](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105113828443520)

شتێکی سووری قرمزی
کونی نییە ئاوی دەدزی
مەتەڵساز بە وشەی (شتێک) دەستپێدەکات، داوا لە گوێگر دەکات، بۆ زانینی وەڵام بیربکاتەوە، (قرمز: ڕەنگی سووری ئاڵ فەرهەنگی خاڵ) شتێکی سووری قرمزی مەبەست لە تەماتەیە، کونی نییە ئاوی دەدزی، واتە: هیچ کونێکی تیانییە و ئاودارە، وەڵام (تەماتە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل70

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1900**

**شتێکە خوێنی ڕەش دەخوا و بە ڕێگەی سپیدا دەڕوا بکەوێتە دەست زانا دنیای پێداگیردەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103132930456179

شتێکە خوێنی ڕەش دەخوا و بە ڕێگەی سپیدا دەڕوا
بکەوێتە دەست زانا دنیای پێداگیردەکا
مەبەست لە قەڵەمە، (قەڵەم: ئامێرێکە بۆ پێنووسین) شتێکە خوێنی ڕەشی تێدایە، مەبەست لە نووکی قەڵەمە کە بە خوێنی ڕەش ئاماژەی پێدراوە، بە ڕێگەی سپیدا دەڕوا، واتە: قەڵەم نووکەکەی ڕەشە و لەسەر وەرەقەی سپی پێی دەنووسرێ، بکەوێتە دەست زانا دنیای پێداگیردەکا، واتە: زانا بە قەڵەم زانست تۆماردەکا و زانیستیش بەهەموو دنیادا بڵاودەبێتەوە.
وەڵام (قەڵەم). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل72.

کاتی تۆمارکردن: 03-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1901**

**شتێکە خڕە بچووکە وەک گندۆرە بۆ خواردن مرۆڤ بەکەڵکە توێکڵی دەرەوەی دارە توێی ناوەوە ناسکترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118215050459151

شتێکە خڕە بچووکە وەک گندۆرە بۆ خواردن مرۆڤ بەکەڵکە
توێکڵی دەرەوەی دارە، توێی ناوەوە ناسکترە
مەبەست لە گویزە، (گویز: دارێکی بەتەمەنە و لە کوێستانی وڵاتی کوردەواردا دەڕوێ) شتێکە خڕە بچووکە وەک گندۆرە، (گندۆرە: کاڵەک) مەبەست لە گویزە، مرۆڤ وەک خۆراکێکی بەکەڵک دەیخوات، هەروەها گوێز توێکڵێکی ڕەق دارینی هەیە، لەگەڵ ئەوەدا ناوکەکەی ناسکە. وەڵام (گوێز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل17

کاتی تۆمارکردن: 18-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1902**

**شتێکە خڕە وەک گندۆرە گەمەی پێئەکەن بەنۆرە لەمەیدانی قوتابخانە شووتلێدانی زۆر ئاسانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118215731459154

شتێکە خڕە وەک گندۆرە گەمەی پێئەکەن بەنۆرە
لەمەیدانی قوتابخانە شووتلێدانی زۆر ئاسانە
هەرچەن بلێی یەک و دوو لە دەستت هەڵدێ زووبەزوو
مەبەست لە تۆپی فتبۆلە، شتێکی خڕە وەک گندۆرە گەمەی پێدەکرێ بە نۆرە، واتە: تۆپ کە منداڵان بە نۆرە یاری پێدەکەن، لە مەیدانی قوتابخانە شووتلێدانی زۆر ئاسانە، واتە: لەناو گۆڕەپانی خوێندنگە منداڵ بە ئارەزووی خۆی شووتی لێدەدات، لەگەڵ ئەوەدا زووزوو لەم دەست بۆ ئەو دەستی منداڵ دەڕوات. وەڵام (تۆپی فتبۆڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل11

کاتی تۆمارکردن: 18-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1903**

## شتێکە خڕە وەک گندۆرە گەمەی پێدەکەن بەنۆرە دەیفڕێنن بۆ ئەملا و ئەولا لەنێو جوغزا نابێ گلا هەرا دەکا و لاقی نییە گەر ئازای ناوی چی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221217213040452519

شتێکە خڕە وەک گندۆرە، گەمەی پێدەکەن بەنۆرە
دەیفڕێنن بۆ ئەملا و ئەولا، لەنێو جوغزا نابێ گلا
هەرا دەکا و لاقی نییە، گەر ئازای ناوی چییە
مەبەست لە تۆپی فتبۆڵە، شتێکی خڕە وەک گندۆرە گەمەی پێدەکرێ بە نۆرە، واتە: تۆپ کە منداڵان بە نۆرە یاری پێدەکەن، دەیفڕێنن بۆ ئەملاو ئەولا، واتە: لەکاتی یاریدا بەملاوئەولادا هەڵیدەدەن، هەروەها تۆپ لاقی نییە، مەتاڵساز داوا لە گوێگر دەکا کە ناوەکەی بزانێت چییە. وەڵام (تۆپی فتبۆڵ).[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چایخانەی: محەمەدی، سەقز، ل52

کاتی تۆمارکردن: 17-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1904**

**شتێکە ڕەشە، ڕەشمار نییە جۆخۆرە کەر نییە دیواربڕە دز نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230625123949500909

شتێکە ڕەشە، ڕەشمار نییە
جۆخۆرە کەر نییە
دیواربڕە دز نییە
ڕەشمار جۆرێک ماری ژەهراوی ترسناکە، لە نزیک چەم و ئاوەدانی دەژیی. مەتەڵساز نموونە بۆ گوێگر دەهێنێتەوە، دەڵێت: ئەو شتەی مەبەستمە وەک ڕەشمار ڕەشە، هەروەها کەر نییە بەڵام وەک کەر جۆخۆرە، لەگەڵ ئەوەدا توانای بڕینی دیواری هەیە، وەڵام (مشک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال سەگرمە ل26
کاتی تۆمارکردن: 25-06-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1905**

**شتەکم هەیە سێ سەرە، حاجی مووسای لەسەرە، شەمشیلە کارەکەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729111129425231

شتەکم هەیە سێ سەرە، حاجی مووسای لەسەرە، شەمشیلە کارەکەرە
شتێکم هەیە سێ سەرە واتە: مەنجەڵ، حاجی مووسای لەسەرە: مەبەستی لە سەری مەنجەڵە، شەمشیلە کارەکەرە، مەبەست لە کەوگیرە، وەک کارەکەر لە مەنجەڵەکەدا دێت و دەچێ و چێشت تێکدەدات. وەڵام قابلەمە و سەرقاپ و مەنجەڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1906**

**شل و نەرم و بێ مووە لەناو ئاودا زیندووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105114100443521

شل و نەرم و بێ مووە
لەناو ئاودا زیندووە
مەبەست لە گیانلەبەری بۆقە، (بۆق گیانەوەرێکە لە وشکانی و ئاودا توانای ژیانی هەیە) شل و نەرم و بێ مووە، وەسفی جەستەی لەشی بۆقە کە نەرم و شلە و مووی پێوە نییە، لەناو ئاودا زیندووە، واتە: توانای ژیانی لەناو ئاودا هەیە. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل70

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1907**

**شوانی چوار بزنانە گۆشتە و لە لامانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219141419452929

شوانی چوار بزنانە
گۆشتە و لە لامانە
مەبەست لە پەنجە گەورەی دەستی مرۆڤە، شوانی چوار بزنان، مەبەست لە چوار پەنجەی دەستی مرۆڤە کە بە چوار بزن چووێنراوە، گۆشتە لە لامان، واتە: پەنجە گەوەری دەست کە وەک شوانی چوار پەنجەکەی تری دەست تەماشادەکرێ.
وەڵام (پەنجە گەورەی دەست) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل46

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1908**
**شوانێک هات لە کەنداڵی وردە وردە مەڕان داوێڵی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219141130452925

شوانێک هات لە کەنداڵی
وردە وردە مەڕان داوێڵی
مەبەست لە شانەی قژ داهێنانە، (کەنداڵ: دادڕاوی زەوی لە ئاو یان لە ڕووخان. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) شوانێک هات لە کەنداڵی، مەبەست لە شانەیە، وردە وردە مەڕان داوێڵی، قژ بە مەڕ چووێنراوە، واتە: چۆن شانە لەسەرەوە بۆ خوارەوە قژ دادێنێ، شوانیش ماڵاتەکەی لەسەر شاخ بۆ خوارەوە دێنێ. وەڵام (شانە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل46

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1909**

**شوانێکم هەیە لە بێری بزنەگەلی دادەگێڕێ**

1=https://www.kurdipedia.org/?lng&q=20230103134807456186

شوانێکم هەیە لە بێرێ
بزنەگەلی دادەگێڕێ
مەبەست لە داهێنانی قژ و دەرکردنی ئەسپێیە لەسەری مرۆڤدا، (کۆمەڵگەی کوردەوار لە قۆناغی شوانکارەییدا، لەگەڵ ئەوەدا مەڕومالاتیان زۆربووە، ئەسپێ و ڕشکیان هەبووە) شوانێکم هەیە لە بێرێ، مەبەست لە شانەی قژداهێنانە، چۆن شوان لە شاخ بزن لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەهێنێتەوە، ئاوا شانەش لەسەرەوە بۆ خوارەوە قژدادەهێنێ، بزنەگەلی ڕادەگێڕێ، مەبەست لە دەرکردنی ڕشکە لەسەری مرۆڤ بەهۆی داهێنانی قژەوە. وەڵام (شانەی قژداهێنان و ئەسپێ دەرکردن لەسەر) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل145.

کاتی تۆمارکردن: 03-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1910**

**شوتی مەترەقی، دام لە بەردی نەلەقی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220802070249426031

شوتی مەترەقی، دام لە بەردی نەلەقی
مەترەق: کوتکی ئاسن (فەرهەنگی کانی) شوتی شەترەقی: مەبەستی لە کیسەڵە کە پشتی وەک شوتی کەوانەییە و وەک مەترەق ڕەقە، دام لە بەردی نەلەقی: واتە: گەر بەردی پیا بکێشی ناشکێ و نالەقێ چونکە پشتی کیسەڵ توند و تۆڵ و قایمە. وەڵام کیسەڵ.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1911**
**شوتییە لە قەبارە**

[20220906171746432472=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906171746432472)

شوتییە لە قەبارە
دەڕوا چەشنی کۆلارە
هەموو ڕەنگێکی جوانە
بەرز دەچێ بە ئاسمانە
زۆر سووکە سەنگی نییە
دەفرێ و گیندار نییە
حەوت پیتە ناوی جوانی
بیزانە گەر دەتوانی
مەبەستی مەتەڵەکە میزەڵانە، کە فووی تێدەکرێ بەقەر قەبارەت شوتییەک گەورە دەبێت، لەبەر سووکی کێشی بۆ ئاسمان وەکوو کۆلارە بەرزدەبێتەوە، ڕەنگاوڕەنگە و بێ گیانە. وەڵام (میزەڵان) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل5

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1912**
**شوشە سپی دارەکە، لە سەرەوە خڕە دارەکە، لە سەری قولە گۆچانەکە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729105821425228



شوشە سپی دارەکە، لە سەرەوە خڕە دارەکە، لە سەری قولە گۆچانەکە
شوشە سپی دارەکە واتە: کلکی تەشی کە دارێکی باریکی لولەیی سافە، لەسەرەوە خڕە دارەکە: مەبەستی لەو دارە بازنەییە بچووکەیە کە خراوەتە سەر کلکی تەشییەکە، قولە گۆچانیش مەبەستی قولاپی تەشییەکەیە کە مووی بزن یان خوری مەری پێدەڕێسرێ ، لە کوردەواردا کوڕێک کچێکی تەشیرێسی خۆشبوێت دەڵێن: خۆزگە مووبام بە تەشیتەوە، بامبخواردبا بەخۆشیتەوە. وەڵام تەشی.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1913**

**شول میرە شەق ورمی گەردە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016213438526413](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016213438526413)

شول میرە
شەق ورمی گەردە
وەڵام (نان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل54


کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1914**
**شووا تەڕ لەسەر گەوهەر**

2022121914171445293=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شووا تەڕ
لەسەر گەوهەر
مەبەست لە مارە، (مار: خشۆکێکی ژەهرداری ترسناکە. شوو: شووڵی دار کە بە تەڕی دەچەمێنرێتەوە و بەرچنە و زەمیلەی لێدرووستدەکرێ) شووا تەڕ، مەبەست لە مارە کە بە شووڵی دار چووێنراوە، لەسەر گەوهەر، واتە: مار لە شتی گرانبەها و گەوهەر خۆی خڕدەکاتەوە، وەکوو چۆن هەنار و میوەهات لە گوندەکاندا لەژێر شووڵی داردا دەشاردرێنەوە. وەڵام (مار) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل47
کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1915**

**شوورەی سەوز عەسکەری ڕەش ڕووباری سوور کلیلی ئەو شارە چییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105185934443598

شوورەی سەوز عەسکەری ڕەش، ڕووباری سوور کلیلی ئەو شارە چییە.
مەبەست لە میوەی شوتییە، شوورەی سەوز مەبەست لە توێکڵی شوتییە کە ڕەنگی سەوزە و وەک شوورایەک دەوری ناوە سوورەکەی داوە، عەسکەری ڕەش، مەبەست لە ناوکی شوتییە کە ڕەنگی ڕەشە، ڕووباری سوور، مەبەست لە ئاوی شوتییە کە ڕەنگی سوورە، کلیلی ئەوە شارە چییە، مەبەست لە چەقۆیە کاتێک پێی لەت دەکرێ. وەڵام (شوتی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل70

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1916**

**شوڵ نینە خوا چانەکا فێری بەندە نەکا زینێ لە شێران دەکا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108191024457308](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108191024457308)

شوڵ نینە خوا چانەکا
فێری بەندە نەکا
زینێ لە شێران دەکا

مەبەست لە پردە کە لەسەر چەم و ڕووبار درووستدەکرێ، شوڵ نینە خوا چانەکا، (شوڵ: ئیش و کار) واتە: ئیش و کار نییە خواوەند چاک و لەباری نەکات، فێری بەندە نەکا، واتە: مرۆڤ کە بەندەی خواوەندە، ئیش و کار نییە فێری نەبێت، زینێ لە شێران دەکات، مەبەست لە درووستکردنی پردە لەسەر چەم و ڕووبار. وەڵام (پرد) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل175.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1917**

**شڵ و کووڵ و موو نەیری چوار پاچکە و سم نەیری**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012205534525895](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012205534525895)

شڵ و کووڵ و موو نەیری
چوار پاچکە و سم نەیری
شڵ: پێستی پەڵەپەڵە. کووڵ: کوورت و بچووک. نەیری: نییەتی. پاچکە: پێچکە یان پێ. سم: مەبەست لە سمی وڵاخە. شڵ و کووڵ و موو نەیری، مەبەست لە بۆقە کە پێستی شڵە و کوورت و بچووکە، هەروەها چوار قاچی هەیە کە سمی پێوەنییە.
وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری گەرمیانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: کاروان عوسمان عەلی، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیریی، کەلار، 2009، ل97

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1918**

**شڵی قوڵی بێ مووە قرەقرِی لە دووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105105239443515

شڵی قوڵی بێ مووە
قرەقرِی لە دووە
مەبەست لە گیانلەبەری بۆقە، (بۆق گیانەوەرێکە لە وشکانی و ئاودا توانای ژیانی هەیە) شڵی قوڵی بێ موو، (شڵ: نوکتە نوکتە، قوڵ: کوورت) واتە: پێستی بۆق نوکتە نوکتەیە و شڵە هەروەها باڵای کوڵ و کوورتە، قرەقرەی لە دووە، واتە: دەقیرێنێ. وەڵام (بۆق). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل70

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1919**
**شڵی قوڵی بێموو لە دوولاوە بەڕێ چوو**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219142531452941

شڵی قوڵی بێموو
لە دوولاوە بەڕێ چوو
مەبەست لە بۆقە، (بۆق گیانەوەرێکە لە ئاو و لە وشکانیدا توانای ژیانی هەیە) (شڵ: کونج کونج. قوڵ: کوورت و بچووک) شڵی قوڵی بێ موو، واتە: بۆق مووی پێوە نییە لەگەڵ ئەوەدا کوورت و بچووکە، لە دوو لاوە بەڕێ چوو، واتە: لە ئاو و لە وشکانیدا دەتوانێت بژی. وەڵام (بۆق). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل53

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1920**
**شڵی کووڵی بێتووک و گووڵ گووڵی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923133623522763

شڵی کووڵی
بێتووک و گووڵ گووڵی
شڵ: مەبەست لە پێستی کوونج کوونجە، کووڵ: کوورتەباڵا یان کوورتەبنە، شڵی کووڵ، مەبەست لە بۆقە، کە پێستی شڵە و بەڵام کوورت و بچووکە، بێتووک و گووڵ گووڵی، واتە: پێستی لەشی بۆق، هیچ موویەکی پێوەنییە، لەگەڵ ئەوەدا بەڵەک بەڵەکە کە بە گووڵ گووڵ ناوی بردووە. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل37
کاتی تۆمارکردن: 2023-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1921**

**شڵی کوڵی بێ موو، بۆقیشە و پێت ناڵێم**

20220825153341430250=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



شڵی کوڵی بێ موو، بۆقیشە و پێت ناڵێم.
بۆق گیانەوەرێکی بچووکە و لە قەراغی چەم و کانیاوەکاندا، هەم لە ئاو و هەم لە وشکانیدا دەژیی، شڵ: کونج کونج یان پەڵە پەڵە کە مەبەستی لە پێستی لە شی بۆقە، کوڵ: قوڵ، قوڵە شتی کورتەبنەیە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە باڵای بۆقە کە کوڵ و کورتە، بێ موو، مەبەست لە جەستەی بۆقە کە هیچ موویەکی پێوەنییە، بۆقیشە و پێت ناڵێم، وەڵامی مەتەڵەکە لەناو خۆیدایە، زیاتر بۆ سەرلێتێکدانی گوێگرە، وەڵام (بۆق). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-25

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1922**

**شڵە بێ مووە، کووڵە بێ دووە دەمی تاقە چاوی زاقە گەر نایناسی قوڕواقە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923133941522764

شڵە بێ مووە، کووڵە بێ دووە
دەمی تاقە چاوی زاقە
گەر نایناسی قوڕواقە
شڵ: مەبەست لە پێستی کوونج کوونجە، کووڵ: کوورتەباڵا یان کوورتەبنە، زاق؛ زەق، دوو: دوان یان وتن. شڵەی بێ موو، مەبەست لە بۆقە، چونکە پێستی شڵە و بەڵام کوڵ و بچووکە، بەردەوام دەمی کراوەتەوە بۆ خواردن و چاوی زەق دەکاتەوە.
وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل37

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1923**
**شیرین ترین بەرهەمی دارمازوو کە بێگانەبێ بە دارەکە**
[20220810080051427498=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810080051427498)



شیرین ترین بەرهەمی دارمازوو کە بێگانەبێت بە دارەکە.
داری مازوو دارێکی کوێستانییە و لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا بە شێوەیەکی سرووشتی دەڕوێ، شیرین ترین بەرهەمی دارمازوو: مەبەستی لە گەزۆیە، بێگانەبێت بە دارەکە: مەبەست لەوەیە کە داری مازوو تامی تاڵە بەڵام گەزۆ تامە شیرینە.
وەڵام (گەزۆی دارمازوو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1924**

## شیرینە تامی نییە جەرگ دەبڕێ زامی نییە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912222205520307

شیرینە تامی نییە
جەرگ دەبڕێ زامی نییە
هەموو خواردەمەنییەکی شیرین، دەشێ کاتی خوادنیدا تام بدات، هەروەها هەموو تیرێکی جەرگبڕ، دەشێ جەستە زامداربکات، بەڵام مەبەستی مەتەڵەکە خواردن نییە تامی هەبێت و تیر نییە جەرگ ببڕێت، بەڵکوو نیگای ڕەگەزی بەرانبەرە، کە هەم شیرینە و هەم زامارکەر. وەڵام (نیگا) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل140

کاتی تۆمارکردن: 12-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1925**

**شیرینە تاڵ نییە پڕ چنگە هەنار نییە حەز ئەکا قازی نییە حوکم ئەکا حاکم نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221015111244439917

شیرینە تاڵ نییە پڕ چنگە هەنار نییە
حەز ئەکا قازی نییە حوکم ئەکا حاکم نییە
مەبەستی مەتەڵەکە دڵی مرۆڤە، شیرینە تاڵ نییە، واتە: دڵی هەموو کەسێک شیرینە چونکە پێشکەش دەکرێ بەکەسێکی خۆشەویست، پڕ چنگە هەنار نییە، مەبەستی لە قەبارەی دڵەم کە بەقەر چنگ یان مستی مرۆڤ دەبێ، حوکم ئەکا حاکم نییە، لەناو جەستەدا بەرپرسە لە ژیان. وەڵام (دڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل30

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1926**

**شیرینە لە دار ڕنە دار ڕنە لە گوێبەلە گوێبەلە بەڕێکەوێ پێپانۆک وەدوویکەوێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103134033456183](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103134033456183)

شیرینە لە دار ڕنە، دار ڕنە لە گوێبەلە
گوێبەلە بەڕێکەوێ، پێپانۆک وەدوویکەوێ
مەبەست لە بارە دۆشاوە بە وڵاخەوە و جوتیار بەدوایەوە، شیرینە لە داری ڕنە، مەبەست لە دۆشاوە کە لە ترێ درووستدەکرێ و ترێش لە داری مێو بەرهەمدێ، داری ڕنە لە گوێبەلە، (گوێبەل: مەبەست لە گوێدرێژە. بەل: قوت) مەبەست لە باری دۆشاوە لەسەر پشتی کەر، گوێبەلە بەڕێکەوێ، واتە: کەر بەبارەوە لەپێشەوە بڕوا، پێپانۆک وەدوویکەوێ، (پێپانۆک: مەبەست لە پێی مرۆڤە کە پانە) خاوەن بار هەمیشە لە دوای بارەوە دەڕوا. وەڵام (دۆشاو بە باری وڵاخەوە و جوتیار لە دوایەوە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل52.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1927**

**شیرینە هەنگوین نییە تاڵە ژەهری مار نییە لە بەحرێدایە ماسی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103132444456178

شیرینە هەنگوین نییە
تاڵە ژەهری مار نییە
لە بەحرێدایە ماسی نییە

مەبەست لە منداڵی سکی دایکە، شیرینە هەنگوین نییە، مەبەست لە منداڵە، لای دایک و باوک لە هەموو شتێکی دنیا بەهادارتر و شیرینترە، تاڵە ژەهری مار نییە، واتە: هەڵسوکەوتی خراپ و نەشیاوی منداڵ لە ژەهری مار بۆ دایک و باوک خراپترە، لەبەحرێدایە ماسی نییە، (بەحر: دەریا) مەبەست لە منداڵی ناوسکی دایکە کە لەناو ئاودایە وەکوو چۆن ماسی لە دەریادایە. وەڵام (منداڵی سکی دایک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل136.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1928**

**شیرینە و ناو تووڵینە دانەدانە و بۆڵینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916101652520889

شیرینە و ناو تووڵینە
دانەدانە و بۆڵینە
مەبەست لە دەنک و هێشوی ترێیە، شیرینە و ناوی تووڵینە، مەبەست لە تامی ترێیە کە شیرینە، هەروەها هێشووی ترێ بەری داری مێوە، سرووشتی مێویش وایە کە تووڵی زۆر دەهاوێت، دانەدانە و بۆڵینە، واتە: ترێ دەنک دەنک هێشویەک پێکدێنن. وەڵام (هێشوی ترێ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل11

کاتی تۆمارکردن: 16-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1929**
**شیرینە وەک شۆک هەڵچوو وەک نۆک گەڵاشی هەیە زۆر بۆشناخ و کۆک هیچیان نییە نە شۆکە نە ن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221218154559452681

شیرینە وەک شۆک، هەڵچوو وەک نۆک
گەڵاشی هەیە زۆر بۆشناخو و کۆک
هیچیان نییە نە شۆکە نە نۆک
مەبەست لە گیای مالۆچە، مالۆچ: گیایەکە بە ڕووەکی نزیک خۆیدا هەڵدەگەڕێ و پێچ دەخوا، بۆ ئاژەڵ لەوەڕێکی باشە، مرۆڤیش بە چێشت لێیدەنێ، شۆک: دۆشاو. (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) شرینە وەک شۆک هەڵچوو وەک نۆک، مەبەست لە مالۆچە کە وەک دۆشاو شیریینە و وەک نۆک خڕە، گەڵاشی هەیە زۆر بۆشناخ و کۆک، (بۆشناخ: گیانداری باڵابەرزی تێکسمڕاوی چوارشانە فەرهەنگی خاڵ) واتە: گەڵای چڕ و برە، لەگەڵ ئەوەدا نە شۆکە و نە نۆک. وەڵام (مالۆچ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل51

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1930**

**شیرینە وەک شەکر، چرچ و ڕیچە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105185220443595

شیرینە وەک شەکر، چرچ و ڕیچە.
مەبەست لە مێوژە (مێوژ: ترێ لەبەر هەتاو هەڵدەخرێ، دوای ئەوەی وشک دەبێتەوە، دەبێتە مێوژ) شیرینە وەک شەکر، مەبەست لە تامی مێوژە کە وەک شەکر شیرینە، چرچ و ڕیچە، مەبەست لە دیمەنی مێوژە کە بەهۆی وشککردنەوە، چرچ بووە. وەڵام (مێوژ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل70

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1931**
**شیشی گۆشتە و کەبابی ئاسن**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810080957427499



شیشی گۆشتە و کەبابی ئاسن.
شیشی گۆشتە: مەبەست لە پەنجەیە کە لە ڕێکیدا لەیەک دەچن، کەبابی ئاسن واتە: مستیلە، لە مەتەڵەکەدا پەنجە بەشیشی گۆشت چووێنراوە هەروەها مستیلەش بە کەباب، چۆن کەباب لە شیش دەدرێ، بەو شێوەیەش مستیلە لە پەنجە دەکرێ، واتە هەردووکیان پێوەکردنە. وەڵام (قامک و ئەنگوستیلە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1932**
**شیلەیەکی سپی و جوانە**

20220907124031432721=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شیلەیەکی سپی و جوانە
بەرووبوومی ئاژەڵانە
ماستە و لە مەشکەی ڕۆن ئەرێ
بۆ ژەنین سێپای بۆ ئەکرێ
ئەمەندە ئەیشڵەقێنن
کەرە و چەوری لێدەردێنن
ئەوەی وا دەمێنێتەوە
شلەیەکە و دەخورێتەوە
خۆشە کاتێ مزر و سارد بێ
قەزوانیشی تێکرابێ
چییە ئەوەی دەخورێتەوە
دوو پیتە بیرت بێتەوە
مەبەستی مەتەڵەکە خواردنەوەی دۆیە. وەڵام (دۆ)[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1933**
**شیمشاقە لە تاقە**

20221105115533443526=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شیمشاقە
لە تاقە
مەبەست لە ئاو یان چڵمی لوتە کە لە مەتەڵەکەدا بە شیمشاقە ناوی بردووە، لە تاقە، مەبەست لە کونی لوتە کە بە تاق بەراوردی کردووە، تاق کەلوپەل و پێوستی تێدا دادەنرێت، هەروەها لوتی مرۆڤیش هەندێک جار بەهۆی نەخۆشی و سەرماوە ئاو یان چڵم دەکات. وەڵام (چڵمی لوت).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل70

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1934**

**شین وە شینی، زەرد وەک زێڕی، سپی وەک پەنیری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822170322429681

شین وە شینی
زەرد وەک زێڕی
سپی وەک پەنیری
لە بەشە شێوەزاری ناوچەی موکریان هەروەها لە پشدەر و شارباژێڕ، ئەگەر شتێک بڕوێ و سەوز بێت، دەڵێن: شین بووە، شین وە شینی، مەبەست لە گوڵی نێرگزە کە دەڕوێ و سەوز دەبێت، زەرد وەک زێڕی، مەبەست لەناوی گوڵی نێرگزە کە ڕەنگی زەردە، سپی وەک پەنیری، مەبەست لە پەڕەکانی گوڵی نێرگزە کە سپییە. وەڵام (نێرگز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل23

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-22

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1935**

**شینی بێ ستوون لەسەری سایە و لەبنی بایە خوا نەبێ کەس نازانێ چ باسە و چ هەرایە**

2022110511532644352 5=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شینی بێ ستوون لەسەری سایە و لەبنی بایە
خوا نەبێ کەس نازانێ چ باسە و چ هەرایە
سایە: پەنا و سێبەر (فەرهەنگی وشەنامە) ستوون: ڕاگر، شینی بێ ستوون: واتە ئاسمان کە ڕەنگی شینە و هیچ ستوونێکی بۆ ڕاگرتن نییە، لەسەری سایە و لەبنی بایە، واتە: لەسەرەوە پەنایەک هەیە کە مرۆڤ پشتی پێدەبەستێ کە خودایە، لە ژێریشە با و بۆران هەیە، ئەم هەڵکەوتە سرووشتییە خوا نەبێ کەس نازانێ چۆنە. وەڵام (ئاسمان و ئەستێرە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل72

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1936**

**شینە و مزرە و سوور ترش و ڕەش و شیرینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105185530443596

شینە و مزرە و سوور، ترش و ڕەش و شیرینە.
شین: مەبەست لە ڕەنگی سەوزە، لە ناوچەی پشدەر بە ڕەنگی سەوز دەوترێ شین، شینە و مزرە و سوورە، مەبەست لە بەرسیلەی ترێیە کە سەرەتا ڕەنگی سەوزە و تامی مزە و کە ئاڵوبۆڵ دەبێت.ڕەنگی کەمێک سوور دەبێت.، ترش و ڕەش و شیرینە، مەبەست لە قۆناغی پێگەشتنی ترێیە کە پێدەگات تامی شیرین و ڕەنگی ڕەش دەبێت. وەڵام (ترێ ڕەشکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل70

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1937**

**شینە وەک شنگ هەڵچوو وەک پنگ کە هاتەبەرچنگ نەپنگە نەشنگ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219140642452921

شینە وەک شنگ، هەڵچوو وەک پنگ
کە هاتەبەرچنگ، نەپنگە نەشنگ
مەبەست لە سیچڕە، (سیچڕ: گیانەوەرێکی کێوی گیاخۆرە، سیخی نووک تیژیی درێژ بە جەستەوەیەتی بۆ خۆپاراسن بەکاری دێنێ) شنگ: جوان و لەبار (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، پنگ: جۆرێک گیان کوێستانییە بۆ خواردن دەشێ و بۆنێکی تایبەتیی هەیە. شینە وەک شنگ، هەڵچوو وەک پنگ، مەبەست لە سیچڕە کە گیانەوەرێکی جوانە و بۆنێکی تایبەتیی هەیە. کە هاتەبەرچنگ، نەپنگە نەشنگ، واتە: کاتێک لەگەڵ نەیارەکانیدا چووە جەنگەوە، نەجوانە و نەبۆنی خۆشە، بەڵکوو جەنگاوەرێکی ئازایە. وەڵام (سیچڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل51

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1938**

**شینە وەک شنگی تاڵە وەک پونگی ئەگەر نەیزانی کڵاوی منت بە قنگی**

20230111210901457969=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

شینە وەک شنگی
تاڵە وەک پونگی
ئەگەر نەیزانی کڵاوی منت بە قنگی
شینە وەک شنگی
هاتە وەک پونگی
ئەگەر نەیزانی ئەو پلەت بە قنگی

مەبەست لە تووتنە. شینە وەک شنگی، (شین: مەبەست لە ڕەنگی سەوزە. شنگ: گیایەکی بەهاریی لق باریکی گەڵا لوولە. فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە گەڵای تووتنە بە تەڕی ڕەنگی سەوزە وەک گەڵای شنگ، تاڵە وەک پونگ، (پونگ: پونگە، جۆرە گیایەکە کورد لەگەڵ پاقلەی کوڵاودا دەیخوات) واتە: گەڵای تووتن بە تەڕی تاڵە وەک گیا پونگ. وەڵام (تووتن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل192.

کاتی تۆمارکردن: 11-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1939**

**شینە وەک شینگێ تاڵە وەک پنگێ**

[20221105182851443586=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?q=20221105182851443586&lng=1)

شینە وەک شینگێ
تاڵە وەک پنگێ
پنگ، پونگە یان پونگ: گیایەکی کێوییە، بەشێوەیەکی سرووشتی دەڕوێ، بە وشکی و بە تەڕی دەخورێ، بەوشکی کەمێک تامی تاڵە، شینە وەک شینگێ، مەبەست لە گەڵای توتنە، تاڵە وەک پنگێ، واتە: گەڵای توتن بە تەڕی و بە وشکی تامی زۆر تاڵە.
وەڵام (تووتن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل70

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1940**
**شیوی زستانێ، بەهارێ دەخۆم**

[20230917222246521186=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917222246521186)

شیوی زستانێ، بەهارێ دەخۆم.
شیو: چێشت (فەرهەنگی خاڵ) ، شیوی زستان، مەبەست لە چێشتی ئێوارەی کۆتا رۆژی وەرزی زستانە، بەهارێ دەخۆم، مەبەست لە یەکەم ئێوارەی رۆژی بەهار، دەکاتە کۆتا شەوی زستان، لە کوردەواردا مەبەستی لە جەژنی نەتەوەیی نەورۆزە کە خەڵکی جلی نوێ لەبەردەکەن و خواردنی بەتام دەخۆن. وەڵام (نانی جەژنی نەورۆز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل15



کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1941**

**شێخی بێ شین زۆر لەزیزە گەر لە هاوین دەرکەوێ شێخی بێ شین ناحەزە لای تۆ گەر لە زستان دەرکەوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219140216452916

شێخی بێ شین زۆر لەزیزە گەر لە هاوین دەرکەوێ
شێخی بێ شین ناحەزە لای تۆ گەر لە زستان دەرکەوێت
مەبەست لە سەهۆڵە، شێخی بێ شین زۆر لەزیزە گەر لە هاوین دەرکەوێ، (لەزیز: خۆش) واتە: وەرزی هاوین دنیا گەرمە گەر سەهۆڵ هەبێت، زۆر خۆشە و خواردنەوەکان فێنک دەکات، بەڵام وەرزی زستان ئاو و هەوا ساردە کەس پێویستی بە سەهۆڵ نییە. وەڵام (سەهۆڵ) . [1]
شێخی بێ شین.
شێخ-ش=یخ/ یەخ واتا سەهۆڵ

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل51

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1942**

**شەش باڵ و شەش پەڕ، دوو شاخی ئاسنی ئەگەر بزانی ئەو حەیوانە چییەنی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916101350520888

شەش باڵ و شەش پەڕ، دوو شاخی ئاسنی
ئەگەر بزانی ئەو حەیوانە چییەنی
مەبەست لە پەپولەیە، (پەپوولە گیانەوەرێکی نەخشینی بچووکە و خاوەنی دوو باڵی ڕەنگینە) شەش باڵ و شەش پەڕ، مەبەست لە پەپوولەیە کە دوو باڵی گەورە و چواری بچووکی لەژێرەوە هەیە، دوو شاخی ئاسنی، مەبەست لە هەستەوەرەکانی پەپوولەیە. وەڵام (پەپوولە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل13

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1943**

**شەش بە شەشی دوازدەت بە کونە ڕەشی لە بیست و چواران دابەشی**

[20221105103331443511=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105103331443511)

شەش بە شەشی
دوازدەت بە کونە ڕەشی
لە بیست و چواران دابەشی

مەبەست لە ناڵ و ئەو بزمارەیە کە ناڵی پێدادەکوترێ، شەش بە شەشی، واتە: هەر ناڵێک کە لە پێی وڵاخێک دەدرێ شەش کونی تێدایە، دوازدەت بە کونی ڕەشی، واتە: دوو ناڵ پیویستی بە دوازدە بزمار هەیە بۆ داکوتین، لە بیست و چواران دابەشی، واتە: هەر چوار ناڵی وڵاخ بیست و چوار کونی تێدایە. وەڵام (بزمار و ناڵی وڵاخ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل71

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1944**

**شەش بەن و دوو قاپ و دارێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221228103413454775

شەش بەن و دوو قاپ و دارێکە.
مەبەست لە تەرازووە، (تەرازووی بەن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دوو تا و شەش تاڵ بەنی نەپسێن پێکدێ کە بە دارێکەوە هەڵدەواسرێ، بۆ کێشانی میوەهات و دانەوێڵە بەکاردێ) ، شەش بەن دوو قاپ، مەبەست لە دوو تای تەرازووە کە یەکی بە سێ تاڵ بەن هەڵواسراوە بە دارێکەوە. وەڵام (تەرازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال سەگرمە ل29

کاتی تۆمارکردن: 28-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1945**

**شەش بەند و بەندیلەک دوو نان و کوتلکەک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103133301456181

شەش بەند و بەندیلەک
دوو نان و کوتلکەک
مەبەست لە تەرازووی بەنە، (تەرازووی بەن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دوو تا و شەش تاڵ بەنی نەپسێن پێکدێ کە بە دارێکەوە هەڵدەواسرێ، بۆ کێشانی میوەهات و دانەوێڵە بەکاردێ) شەش بەند، مەبەست لە شەش تاڵی بەنە، دوو نان، مەبەست لە دووتای تەرازووە، کوتلکەک، مەبەست لەو دارەیە کە شەش تاڵ بەنەکەی پێوەدەبەسترێ. وەڵام (تەرازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل53.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1946**

**شەش پای دوو دەم ماڵی ها لە چەم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923133406522762

شەش پای دوو دەم
ماڵی ها لە چەم
مەبەست لە قرژاڵە، (قرژاڵ: گیانەوەرێکە لە وشکانی و ئاوی سازگاردا دەژیی، بەزۆریی لە کانیاوەکاندا) شەش پای دوو دەم، مەبەست لە قرژاڵە کە شەش پێی بۆ ڕۆشتن هەیە، هەروەها دەمی دوو چرنووقە، ماڵی ها لە چەم، واتە لە چەم و کانیاوەکاندا دەژیی. وەڵام (قرژاڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل37

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1947**

**شەش پیتە دوو پا نینە مل یەکە لە بانینە**

[20221218154036452680=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221218154036452680)

شەش پیتە
دوو پا نینە
مل یەکە لە بانینە

مەبەست لە تەرازووە، (تەرازووی بەن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دوو تا و شەش تاڵ بەنی نەپسێن پێکدێ کە بەدارێکەوە هەڵدەواسرێ، بۆ کێشانی میوەهات بەکاردێ) ، شەش پیتە، دوو پانینە، واتە: وەڵامی مەتەڵ لە شەش پیت پێکهاتووە، مل یەکە لە بانینە، واتە: هەر شەش تاڵەکەی تەرازوو، هەموویان لەسەرەوە بە دارێکەوە بەستراون. وەڵام (تەرازووی بەن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل46

کاتی تۆمارکردن: 18-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1948**

**شەش پیتە ناو گیاندارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907123341432718

شەش پیتە ناو گیاندارە
مەلێکی ڕەش و کۆچەرە
لە وەرزی زستان دێنەوە
بەهاران دەگەڕێنەوە
بەساچمە و بەتۆڕ و بەداو
ڕاوچی زۆریان لێدەکا ڕاو
کام مەلە وا بەستەزمانە
دەیانبینین لە زستانە
ڕێشۆڵە ئەو باڵندەیەیە کە لە وڵاتی کوردستاندا، لە وەرزی زستان و سەرمادا دەردەکەوێت، لە وەرزی بەهاردا کۆچ دەکەن.
وەڵام (ڕیشۆڵە) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل25

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1949**
**شەش پێ لە زەوی دوو پێ سەداوی پیرێژن نییە و بنێشتی دەجاوی**
20221105103651443512=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1
شەش پێ لە زەوی
دوو پێ سەداوی
پیرێژن نییە و بنێشتی دەجاوی
مەبەستی مەتەڵەکە جووتبوونی نێرە و مێیەی وڵاخە، شەش پێ لە زەوی، واتە: لە کاتی جووتبوونی وڵاخدا، مێیە چوار پێی لەسەر زەوییە بەڵام نێرە دوو پێی لەسەر زەوییە، دوو پێی سەداوی، واتە: نێرە بۆ ئەوەی کاری جووتبوونەکەی بۆ ئەنجامبدرێ، دوو پێی بەرزدەکاتەوە بۆ سەر پشتی وڵاخە مێکە، پیرێژن نییە بنێشت دەجاوی، مەبەست لە کاتی جووت بوونەکەیە. وەڵام (جووتبوونی نێرە و مێیەی وڵاخ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل71
کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1950**

**شەش پەڕ و دوو چاوە دوژمنی هەوا و هەتاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105114429443522

شەش پەڕ و دوو چاوە
دوژمنی هەوا و هەتاوە
مەبەست لە ماسییە کە لەناو ئاودا دەژیی، شەش پەڕ، واتە: ماسیی شەش پەڕەکەی هەیە وەک باڵ لەناو ئاودا توانای ڕۆشتنی پێبەخشیەوە، دوو چاو، واتە: دوو چاوی هەیە، ئەمانە وەسفن بۆ ڕووخساری ماسی، دوژمنی هەوا و هەتاوە، واتە: گەر لە ئاو بهێنرێتەدەر و هەتاو لیی بدات دەمرێ. وەڵام (ماسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1951**

**شەش چاوە و شەش گوێیە سێ سەر و دە پێیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103133614456182

شەش چاوە و شەش گوێیە
سێ سەر و دە پێیە
مەبەست لە جووتکردنە بە نیروئاموور و جووتەگا، (نیروئاموور: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کێڵانی زەوی بەکاردێ) شەش چاو شەش گوێیە، مەبەست لە دوو چاو و دوو گوێی جوتیار و چوار چاو و چوار گوێی گایە، سێ سەرە، مەبەست لە سەری جوتیار و دوو سەری دوو گایە، دە پێتە، مەبەست لە هەشت پێی دوو گا و دوو پێی جوتیارە. وەڵام (جووتکردن بە گا).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل51.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1952**

**شەش نانی سپی قتویەکی زەعفەرانی، ئەگەر بیزانی خۆت پاڵەوانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220802070935426032

شەش نانی سپی قتویەکی زەعفەرانی، ئەگەر بیزانی خۆت پاڵەوانی
شەش نانی سپی: مەبەست لە گوڵی نێرگزە کە بە سرووشت شەش پەڕەکەی هەیە، قتویەکی زەعفەرانی: مەبەستی لە ناوی گوڵی نێرگزە کە ڕەنگی زەردە و چووێنراوە بە زەعفەران، ئەوەی بیزانێت و وەڵامەکەی بدۆزێتەوە ، لە مەتەڵەکەدا بە پاڵەوان ناوی دەبا. وەڵام گوڵی نێرگز. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1953**

**شەش و شەش و شەشی تریش، حەسەن قامیش حەوڵا بێڕیش، دایکی منداڵەکان و شەشی تریش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729111400425233

شەش و شەش و شەشی تریش، حەسەن قامیش حەوڵا بێڕیش، دایکی منداڵەکان و شەشی تریش
ئەم مەتەڵ مەبەستی لە کۆکردنەوەی ژمارەکانی ناو مەتەڵەکەیە، بەم شێوەیە، شەش و شەش و شەشی تریش، واتە: سێ شەشی کە دەکاتە ژمارە هەژدە، حەسەن قامیش و حەوڵا بێڕیش و دایکی منداڵەکان، مەبەست لە سێ کەسە، دەکاتە ژمارە بیست و یەک، شەشی تریش دەکاتە بیست و حەوت. وەڵام مەبەست لە ژمارە بیست و حەوت.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1954**

**شەشی چاوە دە هەنگاوە بۆ درەی ناوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105104011443513

شەشی چاوە
دە هەنگاوە
بۆ درەی ناوە
مەبەست لە جووتکردنە بە نیروئامورو جووتە گا، شەشی چاوە، واتە: دووگا یەکی دوو چاویان هەیە دەکاتە چوار، ئەو جوتیارەش کە جووتەکە دەکات دوو چاوی هەیە، هەمووی دەکاتە شەش چاو، دە هەنگاوە، مەبەست لە هەشت قاچی جووتە گا و دوو قاچی جوتیارە، بۆ درە ناوە، ئامێری جووت (نیروئامور) بۆ کێلان و درینی زەوی بەکاردێت.وەڵام (جووتکردن بە نیروئامور) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل71

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1955**

**شەقە شەوە، چەچەڵە پاڵتای ڕەشی لە کۆڵە ئاوی لێتێ وەک سۆڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205142151534033

شەقە شەوە، چەچەڵە
پاڵتای ڕەشی لە کۆڵە
ئاوی لێتێ وەک سۆڵە

مەبەست لە کووندەی ئاوە، (کووندە: پێستی بزنی بەساغی دەرهێنراوی خۆشکراوە، ئاوی تێدەکرێت، چەچەڵە: دەستۆکە (فەرهەنگی خاڵ) ، پاڵتا: پاڵتۆ. سۆڵ: سەهۆڵ، شەقە شەوە چەچەڵە، مەبەست لە کووندەیە، پڕ دەکرێت لە ئاو و شەو دادەنرێت بۆ ئەوەی بەیانی فێنک بێت، پاڵتای ڕەشی لە کۆڵە، واتە: وەک پاڵتۆی ڕەش وایە، هەروەها ئاوەکەی وەک سەهۆڵ ساردە. وەڵام (کووندە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل184

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1956**

**شەلەی کوێرەی نوقستان، دایگەڕامێ بە مستان، پێم کرد گەرمیان و کوێستان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729110119425229

شەلەی کوێرەی نوقستان، دایگەڕامێ بە مستان، پێم کرد گەرمیان و کوێستان
خوانە لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانیدا، زۆر جار قاچەکانی خواربووە، کاتێک گونکە هەویری خراوەتە سەر و بە دەست کراوەتەوە، لەقەلەقی کردووە، بۆیە لە مەتەڵەکەدا بە شەل و کوێر چووێنراوە هەروەها گوندشینەکان گەرمیان و کوێستانیان کردووە، وەک کەرەستەیەکی پێویستی ڕۆژانە، لەگەڵ خۆیان هاتوو چۆیان پێ کردووە. وەڵام خوانە واتە پنەی نانکردن. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1957**

**شەموولەی قون پان پێیدەزانێ هەموو ڕێگا و بان**

[20221219142246452939=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219142246452939)

شەموولەی قون پان
پێیدەزانێت هەموو ڕێگا و بان
مەبەست لە پارەیە، شەموولە: قوتیلەی نەوت (فەرهەنگی خاڵ) شەموولەی قون پان، مەست لە پارەی کاغەزە، کە بە قوتیلەی نەوت چووێنراوە، چوونکە قوتیلە بە ڕووناکییەکەی ماڵ ڕووناک دەکاتەوە، هەروەها پارەش بەبەهاکەی ماڵ ئاوەدان دەکاتەوە، پێیدەزانێت هەموو ڕێگە و بان، واتە: پارە دەچێتە هەموو جێگەیەک. وەڵام (پارە، پوول) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارپی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل46

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1958**
**شەمڵەموت و مەمڵەمووت، لە باسکانی هوتە هوت، لاوک و حەیرانی دەگووت**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729110821425230




شەمڵەموت و مەمڵەمووت، لە باسکانی هوتە هوت، لاوک و حەیرانی دەگووت
شەمڵەمووت و مەمڵەمووت، لە باسکانی هووتە هووت، دیلە و دیلانی دەگووت
شەپڵە هوت و مەپڵە هووت، لە خیزاڵی هوتە هوت، لاوژە و دیلانی دەگووت
هەموو دەم کەرانەمەڕیان بزنەگەل بەرەو گوند دەگەڕێنەوە، مرۆڤ گوێی لە دەنگی زەنگوڵە دەبێت کە دەزرینگێتەوە و ئاوازێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، شەپڵە هوت و مەپڵە هووت، مەبەست لەو زەنگوڵەیەیە کە شوانەکان دەیکەنە ملی ئەو مەڕ یان بزنە زۆر بزێوانەی کە زۆر دەگەڕێن و زووزوو لە شوان ون دەبن، هەر دەمەی لەسەر خیزاڵ و باسکێک دەنگی زەنگوڵەکەیان دێ و هووتە هووت دەکات، هەروەها شوان ئاگادار دەکاتەوە لە دورکەوتنەوەی. وەڵام زەنگوڵەی ملی مەڕیان بزن. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1959**

**شەو تاریکە ڕم باریکە خۆم ناوێرم تۆ ئەنێرم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105114610443523

شەو تاریکە ڕم باریکە
خۆم ناوێرم تۆ ئەنێرم
ڕم: نوکێکی تیژی هەیە، توانای بڕینی جەستەی مرۆڤی هەیە، مەبەست لە گوللەی تفەنگە، شەو تاریکە و ڕم باریکە، واتە: کاتێک لە شەودا تەقەی گوللە هەبێت، من ناوێرم بچمەدەر، بۆ ئەوەی بەرم نەکەوێم تۆ دەنێرم، مەتەڵەکە جۆرێک لە خۆپارێزی و خۆپەرستی تێدایە. وەڵام (تفەنگ و گوللە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل69

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1960**

**شەو خاتوونە و لاوبەرا ڕۆ پەنەس خزمەت کەرا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016205705526382

شەو خاتوونە و لاوبەرا
ڕۆ پەنەس خزمەت کەرا
وەڵام (گسک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: | هەورامی |
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1961**
**شەو لە بانێ گوێ هەمبانێ**

[20221105114925443524=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221105114925443524)

شەو لە بانێ
گوێ هەمبانێ
هەمبانە یان هەمبانێ: مەبەست لەو تورەکەیەیە لە کاڵا و شمەکی تێدا هەڵدەگیرێ، شەو لە بانێ مەبەست لە باگردێنە کە شەو و ڕۆژ لەسەربانی خانووی گڵ دادەنرێ، لە هەندێک ناوچەی کوردەواردا بە باگردێن دەوترێ شەولەبان، گوێ هەمبانێ، مەبەست لە دوو ئەڵقەی باگردێنە کە گوریسی تێدەخرێ بۆ بانگێڕان، چۆن هەمبانە شتی تێدەکرێ، باگردێنیش گوریسی تێدەخرێ. وەڵام (باگردێن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل69

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1962**
**شەو و ڕۆژ دەگەڕێ بەڵام ناگۆڕێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219142006452935
شەو و ڕۆژ دەگەڕێ
بەڵام ناگۆڕێ
مەبەست لە دەستارە، (دەستاڕ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، پێکدێ لە دوو بەردی تەختی پانی بازنەیی، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێ) شەو و ڕۆژ دەگەڕێ: واتە: بەردەوام لەکاردایە و کاری پێدەکرێ، بەڵام ناگۆڕێ: واتە لەئەنجامی کارکردن، هیچی لێنایەت. وەڵام (دەستاڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل46
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1963**

**عاسمان تۆران تۆران لێی دەبارێ بەفر و بۆران**

20231205142439534034=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

عاسمان تۆران تۆران
لێی دەبارێ بەفر و بۆران
عاسمان: ئاسمان، تۆران تۆران، بۆ کەشێکی لێڵ و باراناویی و تەم و بووخار بەکاردێت، مەبەستی مەتەڵەکە بێژانەوەی ئاردە بە هێڵەک، (هێڵەک: ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، بۆ بێژانەوەی ئارد بەکاردێت) ، بێژانەوەی ئاردی بەناو کونی وردی هێڵەکدا بە بارینی بەفر و باران چواندووە. وەڵام (ئارد بێژانەوە بە هێڵەک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل185

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1964**

**عاسمانگش سەوزا مەردمش سیاو خاکش سوور و ئاڵ ناو شەربەتاوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015083752526269

عاسمانگش سەوزا مەردمش سیاو
خاکش سوور و ئاڵ ناو شەربەتاوا
وەڵام (شوتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل34

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1965**

**عالەم خواردوویە ئادەم نەیخواردووە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913222715520504](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913222715520504)

عالەم خواردوویە
ئادەم نەیخواردووە
عالەم: هەموو خەڵک (فەرهەنگی وشەنامە) ئادەم: بەپێی ئەفسانەی ئایینە ئیبراهیمییەکان، یەکەم مرۆڤە کە خودا درووستی کردووە، واتە: لە دایک و باوکێک بەرهەم نەهاتووە هەتا شیری دایکی بخوات، چونکە لە دنیای ڕاستەقینەدا هەموو کەسێک لە دایک و باوکێک لەدایکدەبێت و لە قۆناغی منداڵیدا شیر دەخوات. وەڵام (شیر).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل20

کاتی تۆمارکردن: 13-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1966**
**عومری بچێتەسەر، دوانی دەبێت بە سیان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927104210523583

عومری بچێتەسەر، دوانی دەبێت بە سیان.
عومر: تەمەن. مەبەستی لە کەسی بەتەمەن و پیرە، عومری بچێتەسەر، واتە: کەسێک تەمەنی تێپەڕیبێت و پیر بووبێت، دوانی دەبێت بە سیان، واتە: ئەو دووقاچەی کە پێی دەڕوات، ئیتر توانای نامێنیت و گۆچان بەکاردێنیت. دوو قاچی لەگەڵ گۆچان دەبنە سێ. وەڵام (گۆچان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل44

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1967**

**عومەرە عومەرە سێ پێستی و یەکی زەرە**

20231011131617525542=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

عومەرە عومەرە سێ پێستی و یەکی زەرە.
زەر: زەرد. عومەر: ناوی کوڕە، مەبەستی مەتەڵەکە هێلکەیە، عومەرە عومەرە بۆ ئاواز و سەرواى مەتەڵەکە هاتووە، سێ پێست، مەبەست لە توێکڵی کلسی هێلکە و ئەو پەردە تەنکەی لەژێر توێکڵی هێلکەدایە، لەگەڵ سپێنە، یەکی زەرد، مەبەست لە زەردێنەی هێلکەیە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 91

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1968**
**عەبای کەسک گۆشتی سۆر هێسکی ڕەش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111211846457973

عەبای کەسک
گۆشتی سۆر
هێسکی ڕەش
مەبەست لە میوەی شوتییە، عەبای کەسک، (کەسک: سەوز) مەبەست لە توێکڵی شوتییە کە ڕەنگی سەوزە و بە عەبا بەراوردکراوە، چونکە عەبا جەستە دادەپۆشێ، توێکڵی شوتیش میوەی شووتی داپۆشیوە، گۆشتی سۆرە، (سۆر: سوور) مەبەست لە خودی میوەی شوتییە کە ڕەنگی سوورە، هێسکی ڕەش، (هێسک: ئێسک. فەرهەنگی کانی) مەبەست لە ناوکی شوتییە کە ڕەنگی ڕەشە و لەبەر ڕەقی بە ئێسک بەراوردکراوە. وەڵام (شووتی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل194.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1969**

**عەبایەکم هەیە لە دەشتی، حەوسەد کونی لە پشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821083133429377



عەبایەکم هەیە لە دەشتی
حەوسەد کونی لە پشتی
ڕەشکە: دەفرێکی کون کونی گرێ چنە، لە مووی بزن درووست دەکرێ، کای تێدەکرێ (فەرهەنگی خاڵ) عەبایەکم هەیە لە دەشتی مەبەست لە ڕەشکەیە کە لە دەشت بۆ کاکێشان بەکاری دێنن، ڕەنگی ڕەشی عەبا و ڕەشکە بەیەک چووێنراوە، حەوسەد کونی لە پشتی، مەبەست لە گرێ چنی ڕەشکەیە کە بە جۆرێک چنراوە کە کون کونە. وەڵام (ڕەشکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1970**
**عەبدە ڕەشی ناو خوێنێ عەبا کەسکی مەدینێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111172043444744](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111172043444744)

عەبدە ڕەشی ناو خوێنی
عەبا کەسکی مەدینی
عەبد: کۆیلە، عەبدە ڕەشی مەدینی، ئاماژەیە بۆ (بیلالی حەبەش) عەبدە ڕەشی ناو خوێنی، مەبەست لە ناوکی شوتییە کە ڕەنگی ڕەشە، بە عەبدی ڕەش بەراوردکراوە، هەروەها شوتی گەییو ڕەنگی سوورە و بە خوێن بەراوردکراوە، عەبا کەسکی مەدینی مەبەست لە توێکڵی شوتییە کە ڕەنگی سەوزە. وەڵام (شوتی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل81

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1971**

**عەسکەری ڕێزە ڕێزە هەمووم کردە ئامێزە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111172619444747

عەسکەرە ڕێزە ڕێزە
هەمووم کردە ئامێزە
مەبەست لە چیغە، (چیغ لە قامیشی وشک درووستدەکرێ، قامیشەکان یەک یەک دەخەنە پاڵ یەک، بە بەن دەیانبەستن بە یەکەوە، وەک دیوارێک بۆ جیاکردنەوەی شوێنێک بەکاردێ) عەسکەرە ڕێزە ڕێزە، مەبەست لە چیغی قامیشە، هەمووم کردە ئامێزە، مەبەست لە وەیە بەیەکجار باوەشم پێداکرد و هەڵم گرت. وەڵام (چیغ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل81

کاتی تۆمارکردن: 11-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1972**

**عەشیرەتێک هەن ناوچەوانیان زەرد هەموویان سوورن وەک گوڵی بێگەرد**

[20221111172905444749=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111172905444749)

عەشیرەتێک هەن ناوچەوانیان زەرد
هەموویان سوورن وەک گوڵی بێگەرد
کۆی مەتەڵکە وەسفی هەنگ مێشهەنگوینەیە، عەشیرەتێک هەن ناوچەوانیان زەرد، مەبەست لە هەنگە، بە سرووشت ناوچەوانیان زەردە. هەموویان سوورن وەک گوڵی بێگەرد، هەنگ بێجگە لە ناوچەوانی جەستەی کەمێک سوورە، بە گوڵی سووری بێگەر بەراوردکراوە. وەڵام (هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل81



کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1973**
**عەلبە پان و عەلبە پان کورِ پیر و بابی جوان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111172355444745](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111172355444745)

عەلبە پان و عەلبە پان
کورِ پیر و بابی جوان
عەلبە: یەکەیەکی پێوانەییە، دەکاتە سی و دوو ڕبە دەغڵ (فەرهەنگی شێخانی) علبە پان و عەلبە پان مەبەست لەبڕێکی پێوانەییە کە بۆ پێوانەی لۆکە یان شتیتر بەکاردێت، کورِ پیر، مەبەست لە دۆشەک و لێفەی لۆکەیە، لە ئەنجامی بەکارهێنان کۆن دەبێ، بابی جوان، مەبەست لە لۆکەیە کە وەک باوکی دۆشەکی لۆکە تەماشادەکرێ، هەمیشە لۆکەی بەکارنەهاتوو لە لۆکەی دۆشک باشترە. وەڵام (پەموو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل81

کاتی تۆمارکردن: 11-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1974**

**عەلی سواری دوڵدوڵە گیایەکی بێ گوڵە**

[20230913222909520506=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913222909520506)

عەلی سواری دوڵدوڵە
گیایەکی بێ گوڵە
دوڵدوڵ: یەکێکە لە خواوەندەکانی ئەفسانەی کوردیی، خواوەندی گواستەنەوەی ژنە لە ماڵی باوانەوە بۆ ماڵی مێرد ، سەری ئافرەت و جەستەی چوارپێیەکی باڵدارە، عەلی سواری دوڵدوڵە، مەبەست لە سەری کارگە، گیایەکی بێ گوڵە، واتە: کارک ڕاستەوخۆ هەڵدەتۆقێت، گوڵ ناکات. کارک لە جوانی و ناسکیدا بە دوڵدوڵ چووێنراوە. وەڵام (کارگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل140

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1975**

**فاتمۆکەی سەر کەزی سەری پڕە لە دەرزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206140606449356

فاتمۆکەی سەر کەزی
سەری پڕە لە دەرزی
فاتمۆکە: ناوی بچووککراوەی فاتمە، لە کوردەواردا بۆ خۆشەویستی بە کەسێک دەوترێ، کەزی: پرچ (فەرهەنگی خاڵ)
فاتمۆکەی سەر کەزی، مەبەست لە کنگرە کە سەرەکەی دڕکاوییە و بە پرچ چووێنراوە، سەری پڕە لە دەرزی، واتە: کنگر سەرەکەی هەمووی دڕکە. وەڵام (کنگر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل48

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1976**

**فاسیقی خەمسە دیارە قەڵەبازە و کۆلارە دووپشک و مشک و مارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003205302524549

فاسیقی خەمسە دیارە
قەڵەبازە و کۆلارە
دووپشک و مشک و مارە
فاسیق: بەدکار یان لادەر و لە رێگە دەرچوو (فەرهەنگی نەوەکان) ، خەمسە: مەبەست لە ژمارە پێنجە، قەڵەباز و کۆلارە: دوو جۆر باڵندەی گۆشتخۆری کێوین و زیاندارن و وەک داڵ وان (فەرهەنگی خاڵ) . مەبەستی مەتەڵەکە وەرزی هاوینە، کە پێنج گیانەوەر زیان بە مرۆڤ دەگەیەنن، وەک قەڵەباز، کۆلارە، دووپشک، مشک و مار. وەڵام (هاوین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل57

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1977**

**فافۆنە کون کونە هەمیشە بە دەستی ژنە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115201211445456](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115201211445456)

فافۆنە کون کونە
هەمیشە بە دەستی ژنە
فافۆنە کون کونە، مەبەست لە کەوگیرێ چێشت تێکدانە کە لە فافۆن دروستدەکرێ، کلکێکی درێژ و دەمێکی پانی خڕی کون کونی هەیە، هەمیشە بە دەستی ژنە، واتە: ژن لە ژوور چێشتخانەدا بە دەستییەوەیەتی و بەکاری دێنێ بۆ لێنانی چێشت.
وەڵام (کەوگیر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل82

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1978**
**فلكە و پەنجا دنكە**

[20220810160349427656=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810160349427656)



فلكە و پەنجا دنكە.
مێژووی ئەم مەتەڵە تازەیە، دەگەڕێتەوە بۆ درووستبوونی شار و پەیدابوونی سەیارە، فلكە لە شاردا هەیە، سەیارەی بەدەوردا دەسووڕێتەوە، فلكە: مەبەست لە گوڵەگەنمە، پەنجا دنكە: مەبەست لەو دەنكە گەنمانەیە كە بەدەوری یەكدا بەشێوەی لولەكێ بە گوڵەگەنمەكەوە هەن. وەڵام (گوڵەگەنم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1979**

**فڕنی فڕنی فڕناوێ سوژنی تێکەی تەبیعەتت دەچێتە ماستاوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115205134445464

فڕنی فڕنی فڕناوێ
سوژنی تێکەی تەبیعەتت دەچێتە ماستاوێ
لە ناوچەی پشدەر گەر گۆشت ببرژێنرێت بە شیش یان بە فڕن، دەڵێن: کەبابمان درووستکردووە، واتە: کەباب بە گۆشت برژاندن دەوترێ، فڕنی فڕنی فڕناوێ، مەبەست لە برژاندنی گۆشتە بە فڕن، لەکاتی خوارنی گۆشتدا، خواردنەوەی ماستاو ئارەزووی زۆر کەسە. وەڵام (کەباب) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل82

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1980**

**فەخفووری تێیدایە ئاوی دوو ڕەنگ**

[20230723111241509098=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723111241509098)

فەخفووری تێیدایە ئاوی دوو ڕەنگ.
فەخفووری: ناوی جۆرێک قاپی تایبەتییە، وەک شوشە ساف و لووسە، لە مەتەڵەکەدا بە توێکڵی هێلکە چووێنراوە، ئاوی دوو ڕەنگ مەبەست لە زەردێنە و سپێنەی هێلکەیە، چۆن توێکڵی هێلکە زەردێنە و سپێنەی تیایە و وەک خۆراکی سەرەکی دەخورێت، قاپی فەخفووریش خۆراکی تێدەکرێ و دەخورێت. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل62

کاتی تۆمارکردن: 23-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1981**

**فەرز پێنجە و ڕۆژ شەش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205142734534036

فەرز پێنجە و ڕۆژ شەش.
فەرز: بە شتێک دەوترێت کە بەخواست یان بێ خواست هەر دەبێت ببێت، واتە: کەسێکە ڕازی ببێت یان نا ئەو شتە بکات، مەتەڵەکە باسی دوو شتی جیاواز دەکات، فەرز پێنجە، مەبەست لە پێنج فەرزەی ئایینی ئیسلامە، ڕۆژ شەش، بەپێی وەفسانەی ئایینە ئیبراهیمییەکان، واتە خودا توانی بە شەش ڕۆژ دنیا دروستبکات. وەڵام (درووستکردنی دنیا و فەرزەکانی خودا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل185

کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1982**

**فەرزی ناڕازی**

[20221206140937449357=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206140937449357)

فەرزی ناڕازی.
فەرز: بە شتێک دەوترێ کە بەخواست یان بێ خواست هەر دەبێت بێ، واتە: کەسێکە ڕازی بێ یان نا ئەو شتە ڕوودەدات، فەرزی ناڕازی، مەبەست لە مردنە کە ڕۆژێک یەخەی هەموو کەسێک دەگرێ، جا کەسەکان بیانەوێ یان نەیانەوێ، ئارەزووی بکەن یان نا. وەڵام (مردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل48

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1983**

**فەرشی سەوزە لە دەم حەوزە، نە سڵقە نە کەرەوزە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220802080008426041

فەرشی سەوزە لە دەم حەوزە، نە سڵقە نە کەرەوزە
فەرشی سەوز: مەبەستی لە چیمەن یان فریزووە کە هەمیشە حەزی لە قەراغی ئاوە، زۆر جار خەڵک لە قەراغی حەوزی ئاودا بۆ جوانی دەیکەن هەروەها چیمەن یان فریزوو ڕەنگی سەوزە، لە مەتەڵەکەدا بەڕەنگی سڵق یان کەرەوز چووێنراوە. وەڵام چیمەن، فریزوو. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-02

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1984**

**فەرموو بزانە چی پێدەڵێن قتووی پڕ کونجی پێدەڵێن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003205549524550

فەرموو بزانە چی پێدەڵێن
قتووی پڕ کونجی پێدەڵێن
مەبەستی مەتەڵەکە هەنجیرە، فەرموو بزانە چی پێ دەڵێن، مەبەستی مەتەڵسازە کە نایەوێت وەڵامی مەتەڵەکە بڵێت، داوا لە گوێگر دەکات وەڵام بزانێت، قتووی پڕ کونجی، مەبەست لە بەری داری هەنجیرە کە بە قتوو هەروەها ناوکی هەنجیریش بە کونجی چووێنراون. وەڵام (هەنجیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1985**
**فەقیر فڕێ دەدات دەوڵەمەند هەڵیدەگرێ**

[20221115205428445465=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115205428445465)

فەقیر فڕێی دەدات
دەوڵەمەند هەڵیدەگرێ
مەبەست لەو ئاو و چڵمەیە کە بە لووتدا دێتەخوار، بەتایبەتیی لە وەرزە ساردەکاندا یان لە کاتی نەخۆشیدا، فەقیر فڕێی دەدات، واتە: کەسانی فەقیر ئاوی لووتیان بە دەست دەسڕن و بۆ سەر زەوی فڕێی دەدەن، بەڵام دەوڵەمەندەکان بە دەسڕ دەیسڕن. وەڵام (چڵمی لووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل82

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1986**
**فەقێ دە بوو کەوچک نۆ یەکێکیان بە پاروو خنکا خۆت لادە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219184114453002](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219184114453002)

فەقێ دە بوو کەوچک نۆ
یەکێکیان بە پاروو خنکا خۆت لادە
مەبەست لە دە فەقێ و نۆ کەوچکە، (فەقێ: بە قوتابییەک دەوترێ کە لە مزگەوتا بخوێنێ. فەرهەنگی خاڵ) فەقێ دە بوو کەوچک نۆ، واتە: دە کەس دانیشتبوون بۆ نانخواردن بەڵام نۆ کەوچکی لێبوو بۆ پێخواردن، یەکێکیان بە پاروو خنکا، واتە: ئەو کەسەیان کە کەوچکی بەرنەکەوت، پارووی گەورە لە بینی گیرا. وەڵام (دە فەقێ و نۆ کەوچک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل54

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1987**

**قاچ مشار چاو مێرووله زەردە، سەوزە، بۆرە، سوورە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925090009523262

قاچ مشار چاو مێرووله
زەردە، سەوزە، بۆرە، سوورە
مەبەست لە کوڵلەیە، (کوڵلە: گیانەوەرێکی بچووکی باڵدارە، لەسەر دانەوێڵە دەژیی) ، قاچ مشار، مەبەست لە دوو قاچی گەورەی دواوەی کوڵلەیە کە زبرە لە شێوەی مشار، چاو مێرووله، مەبەست لە چاوی کوڵلەیە کە شێوەی ئاوێتەییە و لە وردیدا بە مێروو چووێنراوە، زەردە، سەوزە، بۆرە، سوورە، مەبەست لە ڕەنگەکانی کوڵلەیە کە بەپێی وەرز ڕەنگی دەگۆڕێت.
وەڵام (کوڵلە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل43

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-25

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1988**
**قازی یەک چاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810203445427699

قازی یەک چاو.
پەلەوەری قاز لە پاسەوانی و دوور بینیی شەودا زۆر بەهەستە، زەفەر پێبردنی ئاسان نییە، لە مەتەڵەکەدا بە قاز چووێنراوە، یەک چاو: مەبەست لە لایتە کە یەک گڵۆپی پێوەیە ڕووناکی پەخش دەکات، لە شەودا دووربینیی پێدەکرێ، لایت و قاز لە دووربینیدا بەیەک چووێنراون. وەڵام (لایت) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1989**
**قازیلەی یەک چاو**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220827114846430668](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220827114846430668)

قازیلەی یەک چاو.
قازیلە: ناوێکی بچووککراوەیە بۆ قاز واتە: قازی بچووک، قاز دەنووکی کەمێک درێژ و باریکە، بچووکی و درێژیی سووژن چووێنراوە بە دەنووکی قاز، (سووژن: ئامێرێکی دەستییە بۆ دروونی دەمی ڕەشکە و شەڵتە بەکاردێ) قازیلەی یەک چاو مەبەستی لە سووژنە کە یەک کونی تێدایە، پەتی تێهەڵدەکیشرێت بۆ دوورینەوە. وەڵام (سووژن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 27-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1990**
**قاسمی دیواربڕ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111184030444764

قاسمی دیواربڕ.
قاسم: ناوی پیاوە و بۆکەسی ئازا و سەرکردە بەکاردێت، قاسمی دیواربڕ، مەبەست لە مشکە کە توانای بڕینی دیواری گڵی هەیە، دەتوانێت کونی زۆر تەسک باریک لە دیواری گڵدا درووستبکات، بەهۆی جەستەی زۆر نەم و شلیەوە، بەوکونە باریکانەدا تێدەپەڕێ. وەڵام (مشک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل83

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1991**
**قافڵەی بازرگان بێ تووک و بێ زمان گەر زانیت حەسەن پاڵەوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206144822449359

قافڵەی بازرگان بێ تووک و بێ زمان
گەر زانیت حەسەن پاڵەوان
قافڵە: کاروان، قافڵەی بازرگان بێ تووک و بێ زمان، مەبەست لە مێروولەیە کە وەک کاروان بەدوای یەکدا ڕیز دەبن، کاتێک خۆراکێک دەدۆزنەوە، هەر یەکەیان بەشێکی دەهێنێ، لە مەتەڵەکەدا ڕیزی مێروولە کە تووکیان پێوەنییە و دەنگیان لێوەنایەت، بە قافڵەی کاروان چوێنراوە، مەتەڵساز دەڵێت: ئەوەی بیزانێت وەک حەسەن پاڵەوانە، (حەسەن پاڵەوان) یەکێکە لەپاڵەوان و کەسایەتییە دیارەکانی ئەفسانەی کوردیی. وەڵام (مێروولە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل48

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1992**

**قافڵەی سەرزەمین کاسبکاری بێ زمان هەرچی هەڵیدا سەد ئافەرین نەوجەوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206145914449364

قافڵەی سەرزەمین کاسبکاری بێ زمان
هەرچی هەڵیدا سەد ئافەرین نەوجەوان
قافڵە: کاروان. قافڵەی سەرزەمین کاسبکاری بێ زمان، مەبەست لە مێرووڵەیە کە وەک کاروان بەدوای یەکدا ڕیز دەبن، کاتێک خۆراکێک دەدۆزنەوە، هەر یەکەیان بەشێکی دەهێنێ، لە مەتەڵەکەدا ڕیزی مێرووڵە کە دەنگیان لێوەنایەت، بە کاروان چوونێراوە، مەتەڵساز دەڵێت: ئەوەی بیزانێت ئافەرینی لێدەکەم. وەڵام (مێرووڵە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل48

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1993**

**قاقێزێ پەڕە پەڕە چو کێسا دێ خەرە**

20231015084827526273=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قاقێزێ پەڕە پەڕە
چو کێسا دێ خەرە
وەڵام (قارچک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لوڕی ڕەسەن |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل35

کاتی تۆمارکردن: 15-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1994**
**قسە دەکا، دەمی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924115538435916

قسە دەکا، دەمی نییە.
قەڵەم ئامێرێکی دەستییە، بۆ ڕێنووسکردنی وشە بەکاردێت، مەتەڵەکە مەبەست لە قەڵەمە کە شتی پێ دەنووسرێت، هیچ قسەیەک ناکات بەڵام لەتوانایدا هەیە هەموو قسەیەک بنووسێت. وەڵام (قەڵەم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل32

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1995**
**قسەکەری بێدەنگ**

20230925090454523264=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قسەکەری بێدەنگ.
مەبەست لە پەرتووکە، قسەکەری بیدەنگ، مەتەڵساز هونەرێکی لە دەربڕیندا بەکارهێناوە کە دوو وشەی دژبەیەکی لە واتادا لەیەک کاتدا هێناوە، بەڵام مەبەستی شتێکی ترە، قسەکەر، مەبەست لە پەرتووکە، بێدەنگ، واتە: نووسینی پەرتووک هەموو نهێنییەکی تێدایە بەڵام بەبێدەنگی. وەڵام (پەرتووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل41

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1996**
**قسەی خۆم لەبیرە لە دەعبایان کامیان بەشیرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925090223523263

قسەی خۆم لەبیرە
لە دەعبایان کامیان بەشیرە
مەبەست لە شەمشەمەکوێرەیە، (شەمشەمەکوێرە باڵندەیەکی شەوگەڕی شیردەرە) ، دەعبا: لەناو قسەکردنی خەڵکیدا بۆ گیانلەبەرێک بەکاردێت کە ناوی نەزانرێت، بەڵام مەتەڵساز لەپێناوی ئاشکرانەکردنی مەتەڵەکەدا دەری بڕیوە، قسەی خۆم لەبیرە، واتە: مەتەڵساز دەڵێت: خۆم واتای مەتەڵ دەزانم، لە دەعبایان کامیان بەشیرە، مەبەست لە شەمشەمەکوێرەیە.
وەڵام (شەمشەمەکوێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 33

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-25
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1997**

**قفڵی دارە، کلیلی دارە پیس ڕۆیی پاک بە دەوارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206145331449361

قفڵی دارە، کلیلی دارە
پیس ڕۆیی پاک بە دەوارە
مەبەست لە دار عەسای دەستی پەیامبەر مووسا یە، قفڵی دارە کلیلی دارە، مەبەست لەوەیە کە مووسا توانیویەتی بە دار عەساکەی دەستی، ئەفسوونی وا ئەنجامبدات کە خەڵکان سەرسام بکات، پیس ڕۆیی، واتە: هەموو کەسە خراپەکارەکانی لەناوبرد، پاک بەدەوارە، واتە: باشەکانی هێشتەوە. وەڵام (دار عەسای مووسا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل49

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 1998**
**قنگی بە دەمت، تسی بە لووتت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220827115429430670

قنگی بە دەمت، تسی بە لووتت.
قنگی بە دەمت: مەبەست لە کەسی جگەرەکێشە، لەکاتی جگەرە دەکێشاندا فلتەری جگەرە دەنێ بەدەمییەوە، تسین بە لووتدا: دەستەواژەیەکە بۆ نیشتنە سەر کەسێک بەکاردێت، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە دووکەڵی جگەرەیە کە لە دەم و لووتەوە دێتەوەدەر. وەڵام (جگەرەکێشان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 27-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 1999**

**قنگەرە ئاویۆ وەرۆ سەرەرە هێڵێ کەرۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016214913526418

قنگەرە ئاویۆ وەرۆ
سەرەرە هێڵێ کەرۆ
وەڵام (وەزی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل56

کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2000**
**قوتوێما هەنە، حەوت ولێش چەنەنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013193751526026

قوتوێما هەنە، حەوت ولێش چەنەنێ.
وەڵام (سەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل29

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2001**
**قوچکی دوو گوێ**

2022081017024342767=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قوچکی دوو گوێ.
قوچک: بە شتێکی بەرزی درێژ دەوترێ کە خوارەوەی ئەستوور و سەرەوەی کەمێک باریکتر بێت. قوچەکی دوو گوێ واتە: کۆڵەکەی دار لە کوردەواردا بۆ ڕاگیرکردنی سەقف یان کەپر بەکاردێ، بەشی خوارەوەی یەک پەلە و ئەستوورە و دەچەقێندرێ، بەشی سەرەوەی دوو پەلە، بۆ ڕاگیرکردنی دارەڕای سەقف یان کەپر بەکاردێ. وەڵام (کۆڵەکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2002**
**قوچی یەک چاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810202403427694

قوچی یەک چاو.
قۆچ جۆرێک تەڵەیە بۆ ڕواکردنی گورگ و ڕێوی بەکاردێت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) بەڵام لە مەتەڵەکەدا بە واتای دەرزی بەکارهاتووە کە بۆ دروومانی دەستی بەکاردێت، یەک چاو واتە: کونی دەرزی کە دەزووی تێهەڵدەکێشرێ و دوو پارچە قوماشی بەیەکدا پێ دەدورێت. چۆن تەڵە بە نێچیردا دەنووسێ و بەریناداو، دروومانیش بە دەرزی دوو پارچە قوماش دەنووسێنێ بەیەکدا و لێکنابنەوە. وەڵام (دەرزی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2003**
**قورسە وەک پۆڵا شیرینە وەک هەنگوین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206150435449366

قورسە وەک پۆڵا
شیرینە وەک هەنگوین
پۆڵا: جۆرێک ماددەی کانزایی سەخت و ڕەقە، زۆر بە ئاستەم دەشکێ یان خوار دەبێت، هەنگوین: جۆرێک خۆراکی بەهادارە کە هەنگ درووستی دەکات، قورسە وەک پۆڵا، مەبەست لە خەوە، کەسێک خەودایگرێ، توانا و تاقەتی هیچی نامێنێ، قورسی خەو بە پۆڵا چووێنراوە، شرینە وەک هەنگوین، واتە: خەو چەندە قورسە، ئەوەندە خۆش و شیرینە. وەڵام (خەو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل48

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2004**

**قورسە کێشی نییە، دەڕوا ڕەنگی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220802082304426050

قورسە کێشی نییە، دەڕوا ڕەنگی نییە
کەسە ئیماندارەکان باوەڕیان بە بوونی ڕۆح هەیە، ڕۆح شتێکە مرۆڤ تەنیا دەتوانێت لە خەیاڵاتیدا هەستی پێبکات، بوونی ماددیی و بەهای زانستی نییە، قورسە کێشی نییە، مەبەستی لە پێکهاتەی کێشی ڕۆحی مرۆڤە، لەناو جەستەدا بوونی هەیە، کاتێک مرۆڤ دەمرێ ، دەڵێن: ڕۆحی دەڕوا کە بێڕەنگ و نەبینراوە. وەڵام ڕۆح. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2005**
**قون مقاشی دەرخۆنە، کلک دوو فاقی دوو لۆنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220802081643426048

قون مقاشی دەرخۆنە، کلک دوو فاقی دوو لۆنە
تەڵەی ڕێوی، لە دوو نیوەکەوانەی دانداناوی پێکدێ کە دەنرێتەوە شێوەی بازنەیی وەردەگرێ ، لە مەتەڵەکەدا بە دوو لۆنە باسی دەکا، لە هەر دوولاوە دوو کلکی بچووکی هەیە، گەر پێی ڕێوی یان هەر گیاندارێکی دیکەی بەرکەوێ ، تەڵەکە دەتەقێ ، وەک مقاش گیانلەبەرەکە دەگرێ. وەڵام تەڵەی ڕێوی. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2006**

**قوندەی بێ موو**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924115925435919](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924115925435919)

قوندەی بێ موو.

قوندە: گیاندارێک کە کلکی زۆر کوڵ بێت، (فەرهەنگی خاڵ) قوندەی بێ موو، مەبەست لە بۆقە کە کوڵ و خڕ و بێ مووە. لە دەم چەم و کنیاوەکاندا دەژێ و زووزوو دەقیرێنێت. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل34

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2007**
**قوون بەردی کێر ئاسن**

[20230108193208457314=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108193208457314)

قوون بەردی کێر ئاسن.
مەبەست لە باگوردان: باگردێنە، (باگردێن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە لە بەرد درووستدەکرێ، بەتایبەتیی لە وەرزی باران بارینددا بۆ بانگێڕان بەکاردێت) قوون بەرد، مەبەست لە باگردێنە، کێر ئاسن، مەبەست لەو دوو قوڵفە ئاسنەی ئەمسەر و ئەوسەری باگردێنە کە گوریسی تێهەڵدەکێشرێ و بۆ بانگێڕان پێی رادەکێشرێ. وەڵام (باگوردان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل183

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2008**

**قووڵ وەک کڵاوە بەتووڵ تەنراوە پووشی تێئاخنراوە، جوان سواخدراوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011103819525515

قووڵ وەک کڵاوە بەتووڵ تەنراوە
پووشی تێئاخنراوە، جوان سواخدراوە
تووڵ: مەبەست لە تووڵی دارە، تەنراو: مەبەست لە چینینێکی سفت و رێکە، قووڵ وەک کڵاوە بەتووڵ تەنراوە، مەبەست لە هێلانەی باڵندەیە کە بەسەر پەلی دارەوە درووستی دەکات و توند بە تووڵی دار دەیتەنێ، لە مەتەڵەکەدا بە کڵاو چووێنراوە، هەروەها باڵندەکان پووشی بۆ بێچووەکانیان تێدا رێکدەخەن. وەڵام (هێلانەی باڵندە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 90

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2023
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2009**
**قووڵە, سوورە، بنی قیامەتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220802081309426046

قووڵە، سوورە، بنی قیامەتە
تەنوور ئامێرێکی کەلەپوورییە و دەستکاری کوردە، بۆ بزژاندنی نان بەکاردێ، کاتێک تەنوور ئامادەدەکرێ بۆ نانکردن، داری وشکی تێدەخرێ و گڕەدرێ تا بەتەواوی سوور دەبێتەوە، گرمبوون و سووربوونەوەی تەنوور، لە مەتەڵەکەدا، بە قیامەت چووێنراوە. وەڵام تەنووری نانکردن. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2010**
**قورەشینی بێ موو دەقیرێنێ زوو زوو**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117192608458892
قورەشینی بێ موو
دەقیرێنێ زوو زوو
مەبەست لە بۆقە، (بۆق: گیانەوەریکی بچووکە، لە ئاو و لە وشکانیدا دەژیی) قورەشینێ، (شین: واتە: رەنگی سەوز) مەبەست لە رەنگی بۆقە، بێ موو، واتە: بۆق، پێستی جەستەی هیچ مووی پێوەنییە، ساف و لووسە، دەقیرێنێ زوو زوو، مەبەست لە دەنگی سرووشتی بۆقە. [1]
وەڵام: (بۆق)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل209.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2011**

**قوڵتەکم هەیە، پڕە لە مورووی سوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810081928427501



قوڵتەکم هەیە پڕە لە مورووی سوور.
قۆڵت لە وشەی قوڵەوە هاتووە مەبەست لە جێگەی تایبەتیی ئاگر کردنەوەیە، ئەو جێگەیەی لە ماڵدا ئاگری تێدادەکریتەوە بۆ چێشت لێنان، مورووی سوور واتە: پۆل، پشکۆ کە لەناو ئاگردانەکەدا دادەنرێ، بۆ چا یان چێشتلێنان بەکاردێ. وەڵام (ئاگردان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2012**

**قوڵنگ لووتیەتی چوار پەڕ باڵیەتی عالەم لەچنگی ناڵەناڵیەتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111182433444758

قوڵنگ لووتیەتی
چوار پەڕ باڵیەتی
عالەم لەچنگی ناڵەناڵیەتی

قوڵنگ: ڕەنگین یان پاچی دووسەر (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) قوڵنگ لووتیەتی، مەبەست لە دەنووکی مێشوولەیە کە درێژە و بە قوڵنگ بەراوردکراوە، چوار پەڕ باڵیەتی، واتە: مێشوولە چوار باڵی هەیە، عالەم لە چنگی ناڵەناڵییەتی، واتە: مێشوولە بە خەڵکەوە دەدات و خەڵکیش لەدەستی بێزارە. وەڵام (میشوولە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل83

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2013**

**قۆزەڵەیەکم هەیە قرمزی، کونی نەبوو، ئاوی دەدزی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822164735429676](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822164735429676)

قۆزەڵەیەکم هەیە قرمزی
کونی نەبوو، ئاوی دەدزی
قۆزەڵە: مەبەست لە شتێکی قۆقزە، قرمز: ئاڵ (فەرهەنگی خاڵ) قۆزەڵەیەکم هەیە قرمزی، مەبەست لە شوتییە کە قۆقزە و ڕەنگی سەوزێکی ئاڵە، کونی نەبوو، ئاوی دەدزی، هەر شتێک ئاو بدزێ، دەبێت کونێک یان کەلێنێکی هەبێت بۆ ئاودزین، مەبەستی شوتییە کە ئاودارە و ناوەکەی تەڕە، بێئەوەی کەلێنێکی هەبێت بۆ ئاودزین. وەڵام (شوتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل23

کاتی تۆمارکردن: 22-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2014**

**قیژەقیژ و ڕواسان ئیگەو تا خوراسان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013185737526011

قیژەقیژ و ڕواسان
ئیگەو تا خوراسان
وەڵام (دوێرد، قەیچی، مقەس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل24

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2015**
**قیمەتی گرانە، کێشی سوکە، ژن بۆی بە نوکە نوکە**
[20220729113945425237=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?q=20220729113945425237&lng=1)



قیمەتی گرانە، کێشی سوکە، ژن بۆی بە نوکە نوکە
زێڕ، ئاڵتون یان تەڵای پێدەوترێ، قیمەتی گرانە: مەبەست زێڕە، کێشی سوکە لەبەر ئەوەی زێڕ نرخی گرانە و بە مسقاڵ دەفرۆشرێ، هەروەها زوربەی ژنانیش ئارەزوی هەبوونی زێڕ دەکە، وەک بەهایەکی ماددی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان.
وەڵام زێڕ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2016**
**قێست چەنی مەکەرۆ بەڵا مرەفێقیت کەرۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231014214525526247

قێست چەنی مەکەرۆ
بەڵا مرەفێقیت کەرۆ
وەڵام (سێبەر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی | |
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل32

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2017**

**قەبری تەنگ و تاریکە لەیلێ بەرز و باریکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013103722525941

قەبری تەنگ و تاریکە
لەیلێ بەرز و باریکە
قەبر: گۆڕ، بەو جێگەیە دەوترێت کە مرۆڤ دوای مردن بەرێزەوە دەخرێتە ناوی، واتە: دوا مەنزڵگەی مرۆڤە لە دنیادا، قەبری تەنگ و تاریکە، مەبەست لە شانەی تفەنگە کە فیشەکی تێدا هەڵدەگیرێت، بە گۆڕ چووێنراوە، لەیلێ بەرز و باریکە، مەبەست لە لوولەی تفەنگە. وەڵام (تفەنگ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل12

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-13

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2018**
**قەبری قوڵ و قیامەت تەڕ بە وشکی دەرئەهات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111182731444759

قەبری قوڵ و قیامەت
تەڕ بە وشکی دەرئەهات
قەبری قوڵ قیامەت، بەپێی لێکدانەوەی ئایینی، ئەو کەسانەی کە تاوەنبارن کاتێک دەمرێ، قەبرەکانیان تا قیامەت قوڵە و پڕ لە ئاگرە، بەڵام مەتەڵەکە مەبەستی لە تەنوورە کە ناوەکەی قوڵە و پڕە لە ئاگر، تەڕ بە وشکی دەرئەهات، واتە: نانی بە تەڕی پێوەدەدەن، بە ئاگرەکە دەبرژێ و بە وشکی و بە برژاویی دەریدەهێنن. وەڵام (تەنووری نانکردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل83

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2019**
**قەتاری سەنگین مەلی بێ زمان ئەگەر بیزانی ئەتۆی پاڵەوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219184507453003

قەتاری سەنگین مەلی بێ زمان
ئەگەر بیزانی ئەتۆی پاڵەوان
مەبەست لە شارەمێروولەیە، (قەتار: چەند وڵاخێکی بارییە کە بەدوای یەکدا بڕۆن (فەرهەنگی خاڵ) ، قەتای سەنگین مەلی بێ زمان، مەبەست لە مێروولەیە کە بەدوای یەکدا دەڕۆن، توانای قسەکردنیان نییە، بۆیە بە مەلی بێ زامان چووێنراون، ئەوەی بیزانێت پاڵەوانە. وەڵام (شارەمێروولە، مێرووستان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل54

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2020**

**قەرا تووکەی گێچینە هیچ پێ بڵقەی لێنینە مردی تێدا زیندیینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111182200444757

قەرا تووکەی گێچینە
هیچ پێ بڵقەی لێنینە
مردی تێدا زیندیینە

قەرا: قەڵا، گێچ: گەچ، قەرا تووکە، ناوی گوندێکە کە کوردستان بەعس کاولیکرد (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) قەرا تووکەی گێچینە، مەبەست لە کێلکەیە کە توێکڵەکەی گەچینە و ماددەیەکی کلسییە، لە مەتەڵەکەدا بە قەڵا بەراوردکراوە، هیچ پێ بڵقەی نینە، واتە: هیچ ڕێگەیەکی بۆچوونە ناو نییە، مردی تێدا زیندینە، واتە: هێلکە وەک شتێکی مردوو وایە: کە چی جوجەڵەی لێبەرهەم دێ. وەڵام (هێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل83

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2021**

**قەراغ حەوزی نێو تەنوور پاروو ڕەشی پشکل سوور دەنووڕێنێ وەک تەنوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104194623456542

قەراغ حەوزی نێو تەنوور
پاروو ڕەشی پشکل سوور
دەنووڕێنێ وەک تەنوور
مەبەست لە سەماوەرە، (سەماوەر: ئامێرێکە بۆ گەرمکردنی ئاو و لێنانی چا بەکاردێ) قەراغی حەوزە نێوی تەنوورە، واتە: پێکهاتەی سەماوەر وایە کە ئاو لە دەوری لوولەی ئاگردانەکەی دەکرێ، بۆ ئەوەی بەهۆی ئاگردانەکەوە ئاوەکە گەرمبێت، پاروو ڕەشی پشکل سوور، مەبەست لەو پشکۆ ئاگرانەیە کە سەماوەری پێگەرمدەکرێ، پێویستە پشکۆکان بچووک بن بۆ ئەوەی بچێتە ناو ئاگردانی سەماوەرەوە، بەهۆی بچووکی قەبارەیەوە بە پشقل چووێنراوە، دەنووڕێنێ وەک تەنوور، (دەنوڕێنێ: بلێسەی دێ) . وەڵام (سەماوەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل162.

کاتی تۆمارکردن: 04-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2022**
**قەراغی سەوزی پسا خوێن هەڵڕژا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111183013444760](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111183013444760)

قەراغی سەوزی پسا
خوێن هەڵڕژا
مەبەست لە میوەی شوتییە، قەراغی سەوزی پسا، مەبەست لە توێکڵی شوتییە کە ڕەنگی سەوزە، گەر لە دەست بەربیبێتەوە، توێکڵەکەی دەتەقێ. خوێن هەڵڕژا: واتە: کاتێک شوتی دەتەقێ، ئاوی شوتییەکە دێتەدەرەوە، ئاوی شوتی ڕەنگی سوورە و بەخوێن بەراوردکراوە. وەڵام (شوتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل83

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2023**
**قەسری دوو دەر تێی چوومەدەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111183331444761

قەسری دوو دەر
تێی چوومەدەر
دەر: دەرگا، زارک. قەسری دوو دەر، مەبەست لە کراسی پیاوان یان ژنانە کە دوو قۆڵی هەیە، بۆ لەبەرکردن، دوو قۆڵەکەی بە دوو دەرگای قەسر بەراوردکراوە. تێ چوومەدەر، واتە: کراسەکەم لەبەرکرد و قۆڵم بەناو قۆڵی کراسەکەدا بردەدەر. وەڵام (کراس). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل83


کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2024**
**قەسری سپی بێ دەرک**

[20220924115738435917=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924115738435917)

قەسری سپی بێ دەرک.
هێلکەی پەلەوەر بەتایبەت مریشک ڕەنگی سپییە، مەتەڵەکە مەبەست لە هێلکەیە کە لە سپێتیدا بە قەسر چووێنراوە، هەروەها هیچ دەرگا و زارکێکی نییە بۆچوونە ژوور. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل34

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2025**

**قەسری سپی بێدەرگا زیندەوەرێکی وا تێدا**

20230104195618456561=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

قەسری سپی بێدەرگا
زیندەوەرێکی وا تێدا
مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، قەسری سپی بێدەرگا، (قەسر: کۆشک) مەبەست لە هێلکەیە کە دەروازەی بۆچوونەژوور نییە، لە ڕەنگی سپێتیدا بە کۆشک و قەسر چووێنراوە، زیندەوەرێکی وا تێدا، مەبەست لە جوجەڵەیە کە لەناو هێلکەدا هەڵدێ. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل64.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2026**
**قەسری سپی و سۆندەی شین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810200649427686



قەسری سپی و سۆندەی شین.
پێکهاتەی سەلکی پیاز وارێکەوتووە کە توێ توێیە و ڕەنگی سپییە، لە مەتەڵەکەدا بە قەسر چووێنراوە کە قات قاتە، قەسری سپی واتە: سەلکی پیازی سپی، سۆندەی شین (لە ناوچەی پشدەر بە ڕەنگی سەوزەوات دەڵێن: شین) واتە: تەڕە پیازی سەوز. وەڵام (تەڕە پیاز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2027**
**قەسری سپی ڕێیە لە کاروانان دەگری**
[20220810161300427659=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810161300427659)



قەسری سپی ڕێیە لە کاروانان دەگری.
قەسری سپی، مەبەست لە بەفرە، مەتەڵەکە قەسر و بەفری بەیەک چوواندووە لە سپێتی و گەورەییدا، بەفر لە وەرزی زستاندا دەباریێ، وەک قەسر لەسەر یەک کەڵەکەدەبێت، دەبێتە مایەی ڕێگەگرتن لە کاروانچی و کەسی ڕێبوار. وەڵام (کەڵەکە بەفر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2028**
**قەسری سپی، دەمانچە لەسەر**

20220829104632430968=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



قەسری سپی، دەمانچە لەسەر.
قاپی پڕ لە برنج مەبەستی مەتەڵەکەیە کە بە قەسری سپی چووێنراوە، لە کاتی داوەت و میوانداریدا، کابانەکان قاپ پڕ لە برنج دەکەن و گردی دەکەنەوە پاشان لەپێش میوان دایدەنێن، دەمانچە لەسەر، مەبەست لە ڕانە مریشکە کە دەخرێتە سەر برنج کە چووێنراوە بە دەمانچە. وەڵام (ڕانە مریشک لەسەر برنج) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل30

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-29
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2029**

## قەسری من گەچینە هیچ کون و دەرکەی نینە ڕۆحلبەر تێیدا زیندینە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011103110525514

قەسری من گەچینە
هیچ کون و دەرکەی نینە
ڕۆحلبەر تێیدا زیندینە
قەسر: باڵەخانە، گەچین: واتە: شتێک بەگەچ دروووستکرابێت، قەسری من گەچینە، مەبەست لە هێلکەیە کە توێکڵێکی کلسی هەیە، لە مەتەڵەکەدا بە قەسری گەچین ناوبراوە، هیچ کون و دەرکەی نینە، واتە: هێلکە دەروازەی نییە، ڕۆحلەبەریت تێدا زیندینە، مەبەسی لە جوجەڵەی ناو هێلکەیە. وەڵام (هێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 91

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2030**

**قەفەزی نۆ کون تێدا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104195932456567

قەفەزی نۆ کون تێدا.
مەبەست لەسەر و جەستەی مرۆڤە کە نۆ دەرچەی هەیە، جەستە بە قەفەس چووێنراوە چونکە قەفەزیش کون کونە، حەوت دەرچە لەسەردا هەیە وەک، دوو کونی چاو، دوو کونی لووت، دوو کونی گوێ لەگەڵ دەم هەروەها دەرچەی میز و پیساییش. وەڵام (سەر و جەستەی مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل129.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2031**
**قەفەزێک نۆ کونی تێدایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111191111444776

قەفەزێک نۆ کونی تێدایە.
قەفز: بۆ بەندکردنی گیانەوەر یان پەلەوەر بەکاردێت، لە مەتەڵەکەدا مەبەست لەسەر و جەستەی مرۆڤە کە نۆ دەرچەی هەیە، بە نۆ کون لە مەتەڵەکدا ئاماژەی پێدراوە، دوو کونی چاو، دوو کونی گوێ، دوو کونی لووت، دەم، لەگەڵ دەرچەی میز و پیسایی. وەڵام (سەر و جەستەی مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل83

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2032**
**قەفەزێکە نە مرۆڤ نە ئاژەڵی تیا زیندانی نییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206150703449367](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206150703449367)

قەفەزێکە نە مرۆڤ نە ئاژەڵی تیا زیندانی نییە.
قەفەز داهێنانی بیری مرۆڤە، بۆ ئەوەی ئاژەڵ یان هەر شتێکی بوێت تیای بەندبکات، قەفەزێکە نە مرۆڤ نە ئاژەڵی تیا زیندان نییە، مەتەڵەکە مەبەستی لە قەفەزەی سنگی مرۆڤە کە بەهۆی پەراسووەکانەوە دروستبووە، بۆ پارێزگاری دڵ و هەندێک لە ئەندامانی جەستە بەکەڵکە. وەڵام (قەفەزەی سنگ). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل47

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2033**
**قەلەڕەشی زک بەتاڵ ئاور دەخاتە گیپاڵ چوار لاقی هەیە ناڕوا بێ جل و بەرگ و گیپاڵ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219184912453007

قەلەڕەشی زک بەتاڵ ئاور دەخاتە گیپاڵ
چوار لاقی هەیە ناڕوا، بێ جلوبەرگ و گیپاڵ
مەبەست لە زۆپای دارە، (گیپاڵ: ورگ. ئاور: ئاگر. زک: سک) قەڵەڕەشی زک بەتاڵ ئاور دەخاتە گیپاڵ، مەبەست لە زۆپای دارە کە ئاگری تێدا دەکرێتەوە، گەورەیی زۆپا بە ورگ و گیپاڵ چووێنراوە، چوار لاقی هەیە ناڕوا، مەبەست لە قاچی زۆپایە، بێ جلوبەرگ و گیپاڵ. وەڵام (زۆپای دار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل54

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2034**

**قەلەک وا بە حەواوە، پەتێکی وا بەدواوە پەتەکە کراوە، قەکەلە ڕشاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927103434523580

قەلەک وا بە حەواوە، پەتێکی وا بەدواوە
پەتەکە کراوە، قەکەلە ڕشاوە
حەوا: ئاسمان. مەبەست لە مەشکەیە، (مەشکە ئامێریکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێت، لە پێستی بزن و کەڵەکێوی درووستدەکرێت) ، قەلەک وا بە حەواوە، مەبەست لە مەشکەیە کە بۆ ژەنین بە داردا هەڵدەواسرێت، ڕەشی ڕەنگی مەشکە بەرەشی پەڕی قەل چووێنراوە، پەتکێکی بەدواوە، مەبەست لەو پەتەیە کە دەمی مەشکەی پێ دەبەسترێت، پەتەکە کراوە، قەلەکە ڕشاوە، واتە: هەر کاتێک پەتی مەشکە بکرێتەوە، دۆ و کەرەی لێدێتەدەر، لەمەتەڵەکەدا بە ڕشانەوە چووێنراوە. وەڵام (مەشکە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل50

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2035**
**قەڕاسەی پسا خوێن ڕژا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206145621449362

قەڕاسەی پسا
خوێن ڕژا
قەڕاسە: نوێڵ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) نوێڵ بۆ لەتکردن و شکاندنی بەرد بەکاردێ، قەڕاسەی پسا، مەبەست لە میوەی شووتییە، کە بە چەقۆ لەت دەکرێ، چەقۆ بە نوێڵ بەراوردکراوە، خوێن ڕژا، واتە: کاتێک شووتی لەت دەکرێ، ئاوەکەی دەڕژێ، ڕەنگی سووری ئاوی شووتی بە خوێنی ڕژاو چووێنراوە. وەڵام (شوتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل48

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2036**

**قەڵا توکێ سێ سەرە، ئەحمەد پاشای لەسەرە، کەڵە کوندەی نۆکەرە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729112718425234](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729112718425234)

قەڵا توکێ سێ سەرە، ئەحمەد پاشای لەسەرە، کەڵە کوندەی نۆکەرە
قەڵا توکێ سێ سەرە واتە: مەنجەڵ، ئەحمەد پاشای لەسەرە مەبەستی لە سەری مەنجەڵە کە دەخریتە سەری، کەڵە کوندەی نۆکەرە، مەبەست لە کەوگیرە. (کەڵ بە واتای نێرەی بزنە کێوی دێت بەڵام لە مەتەڵەکەدا بە واتای کەوگیر دێت) وەڵام قابلەمە و سەرقاپ و مەنجەڵ.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2037**
**قەڵا توکێ سێ سەرە، وەتمان بەگی لە سەرە، توڵەفەندی نۆکەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729113009425235

قەڵا توکێ سێ سەرە، وەتمان بەگی لە سەرە، توڵەفەندی نۆکەرە
قەڵا توکێ سێ سەرە، واتە: مەنجەڵ، وەتمان بەگی لەسەرە، مەبەستی لە سەری مەنجەڵەکەیە کە لەسەری دادەنرێ، توڵەفەندی نۆکەرە: مەبەست لە کەوگیرە، (تووڵە بەو جۆرە سەگە بچووکە دەوترێ کە دەبرێ بۆ ڕاو) . وەڵام قابلەمە و سەرقاپ و مەنجەڵ.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2038**

**قەڵاهۆچکەیەکم هەیە گەچ گەچین نە پای هەیە نە پاچین**

[20221206150159449365=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206150159449365)

قەڵاهۆچکەیەکم هەیە گەچ گەچین
نەپای هەیە نە پاچین
قەڵاهۆچکە، مەبەست لە قەڵای بچووکە، (هۆچکە: پاشگرێکە دەچێتە سەر ناو و دەیکاتە ناوی بچووککراوە)
قەڵاهۆچکەیەکم هەیە گەچ گەچین، مەبەست لە هێلکەیە کە توێکڵەکەی کلسییە و بە گەچ چووێنراوە، نە پای هەیە نە پاچین، واتە: (پاچین: هەڵپاچین فەرهەنگی خاڵ) واتە: هێلکە قاچی نییە، وەکوو ئەوەوایە کە شتێک هەڵپاچراێ و ساف و لووس کرابێت. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارىی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل49

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2039**

**قەڵای بێنەوا قەتای گەندوو گوو، بەم نیوە شەوە مێشکی سەرم چوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220802080603426043

قەڵای بێنەوا قەتای گەندوو گوو، بەم نیوە شەوە مێشکی سەرم چوو
کەڵەباب لە کوردەواردا پێش دەوترێ کەڵەشێر، قەڵای بێنەوا واتە: ئەو شوێنە بەرزەی کە کەڵەشێر لێی دەخوێنێ ، قەتای گەندوو گوو واتە: ئەو جێگەیەی خۆڵ و پسیی لێدەرێژرێ، بەم نیوە شەوە مێشکی سەرم چوو واتە: هەمیشە ئەو کەڵەشێرانەی لە تاریک و روونی بەرەبەیاندا دەخوێنن، دەبنە جێگەی نارەزایەتی ئەو کەسانەی کە نووستوون. وەڵام خوێندنی کەڵەشێر.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-02
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2040**

**قەڵای بەنی، گۆشتی ئاسن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810163528427663

قەڵای بەنی، گۆشتی ئاسن.
بەنی: مەبەست لە خشڵی پلپڵەدارە (فەرهەنگی خاڵ) قەڵای بەنێ واتە: پاسکیل بە کوردی پەتی پێی دەوترێ دوو چەرخە، واتە: پاسکیلی دوو تایی کە کۆمەڵێک شتی بۆ جوانکاری پێوە دەکرێ، لە مەتەڵەکەدا چووێنراوە بە خشڵ و پلپڵەی ژنانە، گۆشتی ئاسن، مەبەست لە پێکهاتەی لەشی پاسکیلە کە هەمووی ئاسنە. وەڵام (پاسکیل) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2041**

**قەڵای گۆشتین پێپلیکانەی ئاسن پێیدا سەردەکەون پیاو و ژن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219185227453010

قەڵای گۆشتین پێپلیکانەی ئاسن
پێیدا سەردەکەون پیاو و ژن
قەڵای گۆشتین، مەبەست لە وڵاخە، پێپلیکانەی ئاسن، مەبەست لە ئاوزەنگە، لەبەر ئەوەی ئەسپ یان ماین باڵایان بەرزە، مرۆڤ بەئاسانی ناتوانێت سوار پشتیان ببێت، بۆیە بە زینەکەوە ئاوزەنگ هەیە، پێی دەخرێتە سەر بۆ سەرکەوتن بۆ سەر وڵاخەکە، هەروەها ژن و پیاو دەتوانێت پێیدا سەربکەون. وەڵام (ئاوزەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل54

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2042**
**قەڵای گۆشتین میراوی ئاوە هەرچی هەڵیبێنێ ئەقڵی تەواوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111183613444762

قەڵای گۆشتین میراوی ئاوە
هەرچی هەڵیبێنێ ئەقڵی تەواوە
میراو: ئەو کەسەیە کە ئاو بەسەر کێڵگەی جوتیاراندا دابەشدەکات (فەرهەنگی شێخانی) قەڵای گۆشتین، مەبەست لە ماسییە، میراوی ئاوە، واتە: ماسی لە ئاودا دەژیی و وەک میراو خاوەنی ئاوە، هەرچی هەڵیبێنێ ئەقڵی تەواوە، ئەوەی بیزانێت خاوەنی بیر و هۆشێکی باشە. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل83

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2043**

**قەڵای گۆشتین، پێپلیکانەی ئاسنین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817101702428781

قەڵای گۆشتین، پێپلیکانەی ئاسنین

قەڵای گۆشتین: مەبەست لە ئاژەڵی ئەسپ یان مایینە، لە بەرزی و گەورەییدا چووێنراوە بە قەڵا، پێپلیکانەی ئاسنین: مەبەست لە ئاوزەنگە، لەبەر ئەوەی ئەسپ یان مایین بەڵایان بەرزە، مرۆڤ بەئاسانی ناتوانێت سوار پشتیان ببێت، بۆیە بە زینەکەوە ئاوزەنگ هەیە، پێی دەخرێتە سەر بۆ سەرکەوتن بۆ سەر وڵاخەکە، ئاوزەنگ ئاسنە و پێپلیکانە بەرد یان کۆنکرێتە، چووێنراون بەیەک چونکە هەردووکیان پێیان دەخرێتەسەر بۆ سەرکەوتن. وەڵام (ئاوزەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 17-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2044**

**قەڵای گۆشتە و ڕەوانی پیرۆزی لەبەردایە بەرگێکی خوری لەبەردایە و لەناو ئەشکەوتێکی گۆشتدایە ئەشکەوتەکەش لەناو بەحردایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104195010456549

قەڵای گۆشتە و ڕەوانی پیرۆزی لەبەردایە
بەرگێکی خوری لەبەردایە و لەناو ئەشکەوتێکی گۆشتدایە
ئەشکەوتەکەش لەناو بەحردایە
مەتەڵەکە باسی ئەفسانەی یونس پەیامبەر دەکات کە دەکەوێتە قورگی نەهەنگەوە، قەڵای گۆشتە، مەبەست لە نەهەنگە کە لە دەریادا یونسی پەیامبەری قوتداوە، بەرگێکی خوری لەبەردایە لەناو ئەشکەوتی گۆشتدایە، واتە: یونس پەیامبەر بەرگی خوری لەبەردایە کە کەوتۆتە ناو دەمی نەهەنگەکەوە، ئەشکەوتەکەش لەناو بەحردایە، (بەحر: دەریا) مەبەست لە قوڕگی نەهەنگە کە بە ئەشکەوت بەراوردکراوە. وەڵام (یونس پێغەمبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل104.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2045**
**قەڵای گەچین ڕێ نییە تێی چین**
[20220816073647428543=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220816073647428543)




قەڵای گەچین ڕێ نییە تێی چین.
قەڵا مێژووییەکان بە شوورای بەرزی گەورە دەورە دراون، دیوارەکانی بە قسڵ و گەچ درووستکراوە، دوژمن بە ئاسانی ناتوانێت بچێتە ناوی، قەڵای گەچین: مەبەست لە هێلکەیە کە ماددەیەکی کلسیی دەوریداوە و چووێنراوە بە دیواری قەڵا، ڕێ نییە تێی چین واتە: ناتوانین بچینە ناوی وەکوو چۆن دوژمن ناتوانێت بچێتە ناو قەڵایەکەوە. وەڵام (هێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 16-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2046**

**قەڵایەکە پەنجا دیوار نەدەرگای هەس نەحەسار**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917221211521180](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917221211521180)

قەڵایەکە پەنجا دیوار
نەدەرگای هەس نەحەسار
هەس: هەیە. حەسار: دیواری حەوش و ماڵ یان شورا. لە مێژووی کوردەواردا چەندین قەڵای گەورە هەیە کە شورای بەرزی بۆ کراوە، بەئاسانی هاتوچۆی پێداناکرێت، قەڵای پەنجا دیوار، مەبەست لە پیازە کە توێ توێیە، هەر توێیەک بە دیوارێک چووێنراوە، لەگەڵ ئەوەدا دەرگا و شورای نییە. وەڵام (پیاز). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل14](#)

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2047**

**قەیسەری سێپای ڕەشی لەسەر**

[20221111190919444775=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111190919444775)

قەیسەری سێپای ڕەشی لەسەر.
قەیسەری سێپا، مەبەست لە سێپایە کە لە ئاسن درووستدەکرێ یان سێ بەرد دادەنرێ و دەکرێتە سێپا، ڕەش لەسەر، مەبەست لە تاوە یان مەنجەڵە کەلەسەر سێپا دادەنرێ، ئاگری لەژێردا دەکرێتەوە، بەهۆی دووکەڵی ئاگرەکەوە ڕەش دەبێت.
وەڵام (سێپا و تاوە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل83

کاتی تۆمارکردن: 11-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2048**
**قەیسەری لەسەر قەیسەری مەحموود پاشا لەسەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111183818444763

قەیسەری لەسەر قەیسەری
مەحموود پاشا لەسەری
قەیسەریی: بە چەند دووکانێک دەوترێ کە سەریان بەتاق گیرابێ و چەند زارکێکی بۆچوونە ژوور هەبێت (فەرهەنگی خاڵ)
قەیسەری لەسەر قەیسەریی، مەبەست لە سەماوەرە کە بە قەیسەری چووێنراوە، مەحموود پاشای لەسەریی، مەبەست لە قۆری چایە کە لەسەر سەماوەر دادەنرێت. وەڵام (سەماوەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل83


کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2049**

**قەیسەری لەسەر قەیسەری کڵاو ڕەشی لەسەری کلک تەقێنە کارەکەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104195343456556

قەیسەری لەسەر قەیسەری
کڵاو ڕەشی لەسەری
کلک تەقێنە کارەکەری

مەبەست لە سێپا و مەنجەڵە، قەیسەری لەسەر قەیسەری، واتە: مەنجەڵ کە لەسەر سێپا دەدانرێ، کڵاو ڕەشی لەسەرە، مەبەست لە مەنجەڵە کە لەسەر سێپایە بەهۆی دووکەڵی ئاگرەوە ڕەش دەبێ، بە کڵاو چووێنراوە کە دەکرێتەسەر، کلک تەقێنە کارەکەرە، مەبەست لە شیشی ئاگر خۆشکردنە. وەڵام (سێپا و مەنجەڵ و شیشی ئاگرخۆشکردن). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل163.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2050**

**قەیسەری کڵاوی ڕەشی لەسەر**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206150904449368](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206150904449368)

قەیسەری کڵاوی ڕەشی لەسەر.
قەیسەری: مەبەست لە کۆمەڵێک دووکانە کە لە جێگەیەکدا بە یەکەوەبن، دەروازەیەک یان زیاتری هەبێت بۆچوونە ژوور، قەیسەری کڵاوی ڕەش لەسەری، مەبەستی مەتەڵەکە مەنجەڵی چێشت لێنانە کە یەک سەرقاپی هەیە بۆ ئەوەی شتی تێکەی، کاتێک لەسەر سێپا دادەنرێ، بۆ چێشتلێنان. وەڵام (مەنجەڵ و سێپا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل48](#)

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2051**
**گا بە کلکا ناچێتە ژوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111111310444680

گا بە کلکا ناچێتە ژوور.
مێوژ یەکێکە لە شەوچەرەکانی وڵاتی کوردەوار، دوو جۆری هەیە، خۆڵاوی و ڕەشۆکی، ترێ هێشوو هێشوو لەبەر هەتاو هەڵدەخرێ تا وشک دەبێتەوە و دەبێتە مێوژ، دواتر هێشووەکان دەتەکێندرێ، هەموو دەنکە ترێیەک (بۆڵوو) کلکێکی بچووکی پێوەدەمێنێ. گا مەبەست لە مێوژە لە ڕەنگی ڕەشیدا بەیەک چووێنراون، بە کلکا ناچێتە ژوور، واتە: ئەو کەسەی کە مێوژ دەخوات، کلکی مێوژەکە دەگرێ و مێوژەکەی دەخوات و کلکەکەی فڕێدەدات، بۆیە کلکی مێوژ ناچێتە ناودەم. وەڵام (میوژ خواردن) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل79

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2052**

**گا سوور گا ڕەشی دەرکرد**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111111720444682

گا سوور گا ڕەشی دەرکرد.
گا سوور، مەبەست لە ئاگرە، لەمەتەڵەکەدا ڕەنگی سووری ئاگر بە ڕەنگی گای سوور بەراوردکراوە، (گای سوور لە کوردەواردا یەکێکە لە جۆرەکانی گا) گا ڕەشی دەرکرد، مەبەست لە دووکەڵی ئاگرە کە ڕەنگی ڕەشە و بە جۆری گای ڕەش بەراوردکراوە، دووکەڵ لە ئاگر بەرزدەبێتەوە، وەکوو ئەوە وایە کە دەرکرابێ. وەڵام (ئاگر و دووکەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل79

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2053**

**گا سووری حەوت چەرم بۆی گریای بەبێشەرم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108213656444336

گا سووری حەوت چەرم
بۆی گریای بەبێشەرم
گا سوور، مەبەست لە پیازەی سوورە (پیاز لە کوردستاندا ڕەنگی سوور و سپی هەیە) حەوت چەرم، مەبەست لەوەیە کە پێکهاتەی پیاز توێ توێ یە، لەمەتەڵەکەدا بە چەرم ناوی بردووە، بۆی گریای بەبێشەرم، پیازی سوور تیژە، ئەو کەسەی دەیجنێ، ئاو بە چاویدا دێتەخوار، لە مەتەڵەکەدا بە گریان چوواندوویەتی. وەڵام (پیاز جنین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل78

کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2054**
**گا سوورەی حەوت چەرم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924153119435951

گا سوورەی حەوت چەرم
بۆی گریای بەبێ شەرم
مەبەستی لەوەیە کەسێک کە پیاز پاک دەکات، ئاو بە چاویدا دێتەخوار. حەوت چەرم، مەبەست لەوەیە کە پێکهاتەی پیاز توێ توێ یە، لە مەتەڵەکەدا بە چەرم ناوی بردووە، بۆی گریای بەبێشەرم، پیازی سوور تیژە، ئەو کەسەی دەیجنێ، ئاو بە چاویدا دێتەخوار، لە مەتەڵەکەدا بە گریان چوواندوویەتی. وەڵام (پیاز پاکردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل39

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2055**
**گا قوڵەی لە مەیدانێ کلکی هەڵنا بۆ ئاسمانێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108213402444335

گا قوڵەی لە مەیدانێ
کلکی هەڵنا بۆ ئاسمانێ
قوڵ: واتە: کوورت، هەڵنان: واتە بەرزکردنەوەی شتێک بۆ سەرەوە، گا قوڵەی لە مەیدانێ، مەبەست لە بڕنەوی کوورتە، (بڕنەو جۆرە چەکێکی کاریگەرە، کوورت و وەسەت و درێژی هەیە) کلکی هەڵنا بۆ ئاسمانێ، واتە: بڕنەو لەمەیدانێکدا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە و کەسێک فیشەکێکی پێتەقاند. وەڵام (بڕنەو تەقاندن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولآت: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل78

کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2056**
**گا قوڵەی مەیدانێ کلکی هەڵبڕی بۆ ئاسمانێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219212053453060

گا قوڵەی مەیدانێ
کلکی هەڵبڕی بۆ ئاسمانێ
مەبەست لە دووکەڵی ئاگری دارە، (قوڵ: خڕ و کورت) گا قوڵەی مەیدانێ، مەبەست لە ئاگرە کە لە جێگەیەک دەکرێتەوە، لە مەتەڵەکەدا بە گای قوڵ چووێنراوە، کلکی هەڵبڕی بۆ ئاسمانێ، واتە: ئاگر دووکەڵی بۆ ئاسمان بەرزبۆوە. وەڵام (دووکەڵی ئاگری دار). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل56

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2057**
**گاگوولەی پەت لە ملە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205144157534041

گاگوولەی پەت لە ملە.
گوول: گرۆێ (فەرهەنگی شێخانی) ، مەبەستی مەتەڵەکە سەبەتەیە، (سەبەتە: دەستکارێکی کەلەپووریی کوردییە، بە شووڵ دروستدەکرێت، میوەی تێدا هەڵدەگیرێت) ، گاگوولەی پەت لە ملە، سەبەتە لەبەر ئەوەی زۆر بەکاردێت، رەنگی شووڵەکە دەڕوات، وەک ئەوەیە گوول بووبێت، هەروەها پەتێکی تێدەخرێت و هەڵدەواسرێت. وەڵام (سەبەتە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل185

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2058**
**گا گێڕەوەیە**

20220924153356435952=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گا گێڕەوەیە
با گێڕەوە نییە
مەبەستی مەتەڵەکە چیغە کە لە قامیشی وشک درووست دەکرێت، لەپاڵ یەکدا دادەنرێن و توند دەبەسترێن، وەکوو دیوارێک بە دەوری دەواردا دادەنرێت، بۆ ئەوەی مەڕ و ماڵات یان گاگەل، نەیەنە ناو دەوارەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نێوانی قامیشەکان بۆشایی تێدایە، بە ئاسانی هەوای پێدا تێدەپەڕێت. وەڵام (چیغ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل38

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2059**
**گا نییە وەک گا کاوێژ دەکا دەم چەفتی خاوەنی دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205143640534039

گا نییە وەک گا کاوێژ دەکا
دەم چەفتی خاوەنی دەکا
کاوێژ: جووینەوەی خۆراکی لەناو دەمدا، هەندێک ئاژەڵ بەسرووشت وان، دەم چەفت: بۆ کەسێک بەکاردێت کە دەمەلاسکێی کەسێکی لەخۆی گەورەتر بکاتەوە، گا یەکێکە لەو ئاژەڵانەی لە کاتی پشوودا بەردەوام کاوێژ دەکات، مەبەستی مەتەڵەکە مەڕە لەکاتی کاوێژدا. وەڵام (مەڕ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل186
کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2060**
**گا ڕەش گووی سپی دەکا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104193204456514](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104193204456514)

گا ڕەش گووی سپی دەکا.
مەبەست لە مەشکەیە (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە پێستی بزن درووستدەکرێ و بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێ) گا ڕەش، مەبەست لە مەشکەیە کە بەهۆی ڕەنگە ڕەشەکەیەوە بە گای ڕەش چووێنراوە، گووی سپی، مەبەست لە کەرەیە کە لە ئەنجامی ژەنینی دۆ بەرهەمدێ و ڕەنگی سپییە. وەڵام (مەشکە و کەرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل168.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2061**
**گا ڕەش لە سەرەوە، گا سوور لە خوارەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111103653444675

گا ڕەش لە سەرەوە، گا سوور لە خوارەوە.
لە کوردەواردا چەند جۆرێک ڕەنگی گا هەیە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، گا ڕەش لەسەرەوە، لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە دووکەڵی ئاگرە کە ڕەنگی ڕەشە و بە گای ڕەش بەراوردکراوە، گا سوور لە خوارەوە، مەبەست لە ئاگرە کە دووکەڵەکەی لەسەرەوەیە. وەڵام (ئاگر و دووکەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل79

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2062**
**گا ڕەشی بار نەقیزە**

[20221207152813449562=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207152813449562)

گا ڕەشی بار نەقیزە.
مەبەستی مەتەڵەکە ژیشکە، (ژیشک: گیانەوەرێکە لە کوردستان بوونی هەیە، پشتی دڕکاوییە کە هێرشی دەکرێتەسەر خۆی لوول دەکات) گا ڕەش، مەبەست لە ژیشکە کە لە ڕەنگا بە گای ڕەش چووێنراوە. بار نەقیزە، (نەقیزە: بەو دارە دەوترێ کە سەرێکی کەمێک تیژە، لە کەر دەژەندرێ و پێی لێدەخوڕرێ) مەبەست لە دڕکەکانی پشتی ژیشکە. وەڵام (ژیشک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل52

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2063**
**گا ڕەشی تەنک تەنک گەنمی دەخوار دەنک دەنک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108213128444332

گا ڕەشی تەنک تەنک
گەنمی دەخوار دەنک دەنک
گا ڕەشی تەنک تەنک، مەبەست لە مشکە، بەهۆی ڕەنگە ڕەشەکەیەوە بە گا چووێنراوە، هەروەها جەستەیەکی تەنکی هەیە، بەهەموو کونوکەلەبەرێکدا دەچێت، گەنمی دەخوارد دەنک دەنک، واتە: مشک گیانەوەرێکە، ژیانی لەسەرخواردنی دانەوڵێیە. وەڵام (مشک) .[1]

گا ڕەشی تەنک تەنک
گەنمە خوا دەنک دەنک
(گەنمە خوا=گەنم دەخوات)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ
مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل79

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2064**

**گا ڕەشی شاخ مرواری لەخۆی دەخۆی یان لەباری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108211822444327

گا ڕەشی شاخ مرواری
لەخۆی دەخۆی یان لەباری
گا ڕەش: مەبەست لە قالۆنجەی ڕەشە، شاخ مرواری، مەبەست لە هەستەوەرەکانی قالۆنچەیە کە ڕەنگینە وەک مرواری، لەخۆی دەخۆی یان لەباری، قالۆنچە خۆی ناخورێ هەروەها بەردەوام پیسایی یان پشقل خردەکاتەوە دەیبات بۆ شارەکەی، لەمەتەڵەکەدا بە بار ناوی هاتووە، ئەویش هەر ناخورێ. وەڵام (قالۆنچە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل76

کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2065**

**گا ڕەشی وەسمان، دەنگی دەگاتە ئاسمان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821092233429400

گا ڕەشی وەسمان
دەنگی دەگاتە ئاسمان
گا ڕەش، مەبەست لە تفەنگە کە لە ڕووی ڕەنگەوە بە گا چووێنراوە کە هەردووکیان ڕەشن، وەسمان، مەبەست لە مرۆڤە واتە: تفەنگی ڕەشی وەسمان، دەنگی دەگاتە ئاسمان واتە: تفەنگ لەکاتی تەقاندندا، گوڵلەکەی بۆ دوور دەڕوا، دەنگی گەورەیە و دەگاتە ئاسمان. وەڵام (تفەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2066**
**گاکوێری یەک چاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207152003449561

گاکوێری یەک چاو.
مەبەست لە دەرزی درووومانی دەستییە، لە مەتەڵەکەدا دەرزی درووومان بە (گا) چووێنراوە چوونکە گا زەوی دەکێلی، دەرزی درووومانیش قوماش کون دەکات و دەیدووریێ. یەک چاو، مەبەست لە کونی دەرزییە کە دەزووی پێوەدەکرێ، بە یەک چاو ناوبراوە. وەڵام (دەرزی درووومانی دەستی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل53

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2067**

**گا کوێرەی یەک چاو یەک شاخی هەیە تەواو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219211750453058

گا کوێرەی یەک چاو
یەک شاخی هەیە تەواو
مەبەست لە سووژنە، (سووژن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، ماددەیەکی کانزایی باریک و درێژە و نوکەکەی تیژە و قونەکەی کونە، بۆ دوورینەوەی گوێنی و شەڵتە بەکاردێ) گا کوێرەی یەک چاو مەبەست لە سووژنە کە یەک کونی تێدایە، بە گای کوێری یەک چاو چووێنراوە، یەک شاخی هەیە و تەواو، واتە: یەک نووکی تیژی هەیە کە بە یەک شاخی گا چووێنراوە. وەڵام (سووژن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل56

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2068**
**گاکەوەی یەک چاو**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922214716522603](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922214716522603)

گاکەوەی یەک چاو.
کەوە: مەبەست لە ڕەنگی شینە (فەرهەنگی شێخانی) گاکەوە: جۆرێک ڕەنگی گایە، بەڵام لە مەتەڵەکەدا مەبەستی کە سووژنە، (سووژن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە کانزا دروست دەکرێت، نووکێکی تێژی هەیە، کلکەکەی کوونێکی تێدایە، داوی تێهەڵدەکێشرێت، بۆ دوورینەوە دەوار و ڕەشکە بەکاردێت) . وەڵام (سووژن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل31

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2069**
**گابۆری ئەو وڵاتە زۆر کەس بۆی بێتاقەتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108212901444330

گابۆری ئەو وڵاتە
زۆر کەس بۆی بێتاقەتە
گابۆر ئەو وڵاتە، مەبەست لە جگەرەیە کە لە زۆر وڵاتی جیهاندا بەرهەم دەهێنرێت، زۆر کەس بۆی بێتاقەتە، واتە: بەشێک لە هاووڵاتییان لە هەموو وڵاتێکدا، ڕۆژانە بەردەوام جگەرە دەکیشن، کاتی پێبەسەردەبەن، گەر جگەرەیان لێببڕێت، بێتاقەت دەبن. وەڵام (جگەرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل78

کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2070**
**گاڕانێکی پێوەدەچێ**

[20220924152913435950=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924152913435950)

گاڕانێکی پێوەدەچێ
پەنجەی مرۆڤی پێوەناچێ
گاڕان: بەو کۆمەڵە مانگا و گایە دەوترێ کە شوان بۆ لەوەڕ دەیانباتە کێو، لە مەتەڵەکەدا گاڕان بە مێروولە چووێنراوە، ئەوانیش بە کۆمەڵ و بەڕیز دێن و دەچن، کونی شارە مێروولە کە مەبەستی مەتەڵەکەیە، لەقەدەر مێروولەیە، پەنجەی پێوەناچێ. وەڵام (کونی شارە مێروولە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل38

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2071**
**گاڕەش لە مەیدانێ، کلکی گەیشتە ئاسمانێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220804071124426383



گاڕەش لە مەیدانێ، کلکی گەیشتە ئاسمانێ
گاڕەش واتە: زۆپای دار کە لە دیوەخان یان ژووردا دادەنرێ ، لولەکێشی دووکەڵی بۆ سەربان هەیە، دوکەڵەکەی لێوە دەچێتەدەر، کلکی گەیشتە ئاسمانێ واتە: کاتێک کە زۆپای دار ئیشدەکا، دووکەڵەکەی لە لولەکێشەکەوە دەچێتە دەرەوە، لەسەربانەوە دووکەڵەکەی درێژدەبێتەوە وەک کلک. وەڵام زۆپای دار. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2072**
**گاکەی ئەحە دەلۆکی لە هەموو کۆڵانان دەکۆکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108213926444337

گاکەی ئەحە دەلۆکی
لە هەموو کۆڵانان دەکۆکی
ئەحە دەلۆک: ناوی تایبەتیی کەسایەتییە، گاکەی ئەحەدەلۆکی، مەبەست لە دەهۆڵە، دەنگی دەهۆڵ بە دەنگی گا بەراوردکراوە چونکە هەردووکیان دەنگیان گەورەیە، لە هەموو کۆڵانان دەکۆکی، واتە: لە هەموو جێگەیەک دەکرێ لێبدرێ، لێدانی دەهۆڵ بە کۆکە بەراوردکراوە، چونکە کۆکەش دەنگێکی گەورەی هەیە. وەڵام (دەهۆڵ). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل78

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2073**
## گاڵەم ڕانی بەچەم دۆشی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003201458524535

گاڵەم ڕانی
بەچەم دۆشی
گاڵە: هەرا و دەنگ (فەرهەنگی وشەنامە) ، ڕانی: لێخوڕین بۆ مەڕوماڵات دەبێت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، بەچە: منداڵ (فەرهەنگی خاڵ) ، مەتەڵەکە مەبەست لە کەسێکە کە دەچێت هەنگ دەبڕێت، گاڵەم ڕانی، واتە: هەنگەکانم وەک مەڕوماڵات لێخوڕی و دوورم خستنەوە، ئەوانیش کردیان بەگێزەگێز و هاوار، بەچەم دۆشی، واتە: هەنگوینەکەم بڕی، بڕینی هەنگی بە دۆشین چوواندووە. وەڵام (هەنگ بڕین) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل59

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2074**

**گای ڕەش بەسەر پشتی گای سووردا دەچێتە سەربان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111111947444683

گای ڕەش بەسەر پشتی گای سووردا دەچێتە سەربان.
گا ڕەش، مەبەست لە دووکەڵی ئاگرە کە ڕەنگی ڕەشە و بە ڕەنگی گای ڕەش بەراوردکراوە، گای سوور، مەبەست لە ئاگرە کە ڕەنگی سوورە و بە گای سوور بەراوردکراوە، بەسەر پشتیدا دەچێتە سەربان، واتە: دووکەڵ بەسەر ئاگردا بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمان. وەڵام (ئاگر و دووکەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل79

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2075**
**گای ڕەش گووی سپی دەکا**

[20221111110910444679=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111110910444679)

گای ڕەش گووی سپی دەکا.
گای ڕەش لە کوردەواردا بەهادارترین و باشترین جۆری گایە، مەبەست لە مەشکەیە، (مەشکە ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێت، لە پێستی بزن درووستدەکرێ) گووی سپی دەکا، مەبەست لە کەرەی دۆیە، لەئەنجامی ژەنینی دۆ پەیدادەبێت، لە دەمی مەشکەوە دەهێنرێتەدەر. وەڵام (مەشکە و کەرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل79

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2076**
**گایان کوشتەوە پایزێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924153620435953

گایان کوشتەوە پایزێ
کەوڵی کرد بەهارێ
کوشتەوە: واتە سەربڕی، مەبەست لەوەیە کە لە وەرزی پایزیدا، گایەکیان سەربڕیوە، ژنێک بە ناوی بەهار، کەوڵی کردووە و پارچەپارچەی کردووە، مەتەڵەکە کەمێک یاریی بە واتای وشەکردووە، بۆ سەرلێتێکدانی گوێگر. وەڵام (سەربڕینی گا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل39

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2077**
**گایەکم هەیە گوو باری نە گۆشتی دەخورێ نەباری**

20221108214132444338=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گایەکم هەیە گوو باری
نە گۆشتی دەخورێ نەباری
گا مەبەست لە قالۆنچەیە، ڕەنگی ڕەشی قالۆنچە و گای ڕەش بەیەک بەراوردکراوە، گووباری، واتە: سرووشتی قالۆنچە وایە کە پشقل وەکوو بار، بە پاڵ تلدەکاتەوە بۆ شارەکەی، نە گۆشتی دەخورێ نەباری، واتە: قالۆنچە خۆیی و بارەکەی بەکەڵکی خواردن نایەن. وەڵام (قالۆنچە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل79

کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2078**
**گچکە و خڕە پێی ناوێرێ فرمێشک لە چاویان دەردێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221110847024446

گچکە و خڕە پێی ناوێرێ
فرمێشک لە چاویان دەردێنێ
گەورە و بچووک پێی ناوێرێ
فرمێشک لە چاویان دەردێنێ
مەبەست لە کرداری پیاز جنینە، گچکە و خڕە پێی ناوێرێ، واتە: هەر کەسێک پێکهاتەی جەستەی هەر چۆنێک بێت، بچووک یان گەورە بێت یان خڕ و کوورتەباڵا گەر پیاز بجنێ پەکی دەکەوێ، فرمێسک لە چاوان دەردێنێ، واتە: ئەو کەسەی پیاز بجنێ بەتایبەت پیازی تیژ، ئاو بە چاویدا دێتەخوار. وەڵام (پیاز جنین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل78

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2079**

**گرتی و نەیخوارد، خواردی و نەیگرت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920214042522139

گرتی و نەیخوارد، خواردی و نەیگرت.
مەبەست لە ڕۆژووە، (ڕۆژوو: لە ڕێسای ئایینە ئیبراهیمییەکاندا، ساڵی مانگێک باوەڕداران لەپێناوی خوداکەیاندا بەڕۆژ نان ناخۆن) ، گرتی نەیخوارد، مەبەست لە ڕۆژووە کە کەسێک دەیگرێت و نان ناخوات، خواردی و نەیگرت، واتە: بۆ کەسێک بەکارێت کە ڕۆژوو نەگرێت و نان بخوات. وەڵام (ڕۆژوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل25

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2080**
**گردێک هەیە حەوت کانی پێوەیە، دوو تاڵ، دوو سوێر، دوو ترش و یەکێک شیرین**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220824170026430093](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220824170026430093)
گردێک هەیە حەوت کانی پێوەیە، دوو تاڵ، دوو سوێر، دوو ترش و یەکێک شیرین.
مەبەست لە کەللەی سەری مرۆڤە کە حەوت چاڵی تێدایە، لە مەتەڵەکەدا بە حەوت کانی چووێنراوە، دوو تاڵ واتە: دوو کونی گوێ چونکە چڵکی گوێ تامی تاڵە، دوو سوێر واتە: دوو چاڵی چاو کە فرمێسکەکانی تامیان سوێرە، دوو ترش واتە: دوو کونی لووت چونکە تامی ئاوی لووت ترشە. یەکێک شیرین، مەبەست لە تامی ناو دەمە کە شیرینە. وەڵام (کەللەی سەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل26

کاتی تۆمارکردن: 24-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2081**
**گردە خڕیلەی گیا وردیلە**

20230104192659456511=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گردە خڕیلەی گیا وردیلە.
مەبەست لەسەر و قژی مرۆڤە، گردە خڕیلە، (خڕیلە، بە شتی گردە و بچووک و خڕ دەوترێ) مەبەست لە سەری مرۆڤە کە بە گردی خڕ چووێنراوە، گیا وردیلە، مەبەست لە تاڵەکانی مووی سەرە کە لەسەر سەر دەڕوێ، وەکوو چۆن گیا لەسەر گرد دەڕوێ. وەڵام (قژ و سەری مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل129.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2082**

**گردەڵەی خڕەڵە بێ شۆ و بێ جووتیارە بۆخۆی بووتە تەبارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207144457449550

گردەڵەی خڕەڵە
بێ شۆ و بێ جووتیارە
بۆخۆی بووتە تەبارە
مەبەست لە سەری مرۆڤە کە بە مەکینەی سەرتاشین قژ دەبڕرێ، گردەڵەی خڕەڵە، مەبەست لە سەری مرۆڤە کە خڕە و بە گرد چووێنراوە. بێ شۆ و بێ جووتیارە، سەر بە زەوی و قژ بە گیا چووێنراوە، پێویستی بە جوتیار نییە بۆ ڕواندن، چوونکە قژ بە سرووشت بۆخۆی دەڕوێ. وەڵام (سەر و مەکینەی سەرتاشین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارپی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل52

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2083**
**گ�German
گژوگاڵە پڕ ناوماڵە**

[20231205143855534040=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205143855534040)

گژوگاڵە
پڕ ناوماڵە
گژوگاڵ: بۆ شتێک بەکاردێت کە بڵاوبێتەوە. مەبەستی مەتەڵەکە ڕووناکی مۆمە، لە کاتی شەودا کە دنیا تاریک دەبێت، لە وڵاتی کوردەواردا لە ژوورێکدا مۆم یان فتیلە دادەنرا بۆ ئەوەی ڕووناکی بکاتەوە، هەروەها ڕووناکی مۆم چەند بچووکیش بێت، دەتوانێت ژوورێک ڕۆشن بکاتەوە. وەڵام (ڕووناکی مۆم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | یەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل185

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2084**

**گڵۆرە بایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924152632435949

گڵۆرە بایە
تێم هەڵدایە
قەت نەبڕایە

گڵۆرە: گڵۆڵە بە داوێک دەوترێ کە هەڵکرابێتەوە، وەک تۆپی لێهاتبێت، کاتێک شەق لە تۆپ هەڵدەدرێ، تل دەبێتەوە و دەڕوا، مەبەستی مەتەڵەکە ڕێگایە، بەهەموو جێگەیەکدا درێژ دەبێتەوە، دەڕو و کۆتایی نایەت، وەکوو با کە هەڵدەکات و دێت، کەس نازانێت بۆ چ ئاڕاستەیەک دەڕوات. وەڵام (ڕێگە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل38

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-24

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2085**
**گورگی هار کەوتە ناو داری**

2022120715073144955 7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گورگی هار
کەوتە ناو داری
مەبەست لە تەورە، (تەور: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، دەمێکی ئاسنی تیژی هەیە و کلکەکەی دارە، بۆ برینی دار بەکاردێت) گورگی هار، مەبەست لە تەورە، کەوتە ناو دار، واتە: جۆن گورگی هار بکەوێتە مێگەل هەموو دەخوا و مرداریان دەکاتەوە، تەوریش بکەوێتە کار، هەموو جۆرە دارێک دەبڕێ. وەڵام (تەور) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل52
کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2086**

**گوریسێکم هەیە، بیگرم، کز دەبێت، بەریدەم گوناهباردەبم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920213904522138

گوریسێکم هەیە، بیگرم، کز دەبێت، بەریدەم گوناهباردەبم.
گوریس: چنراوێکە لە داوی ڕێسراوی مووی بزن درووستدەکرێت، زۆر بەهێز و قایمە، لە کوردەواردا بۆ زۆر شت بەکاردیت، گوریسێکم هەیە، مەبەست لە ڕۆژووە، (ڕۆژوو: لە ڕێسای ئایینە ئیبراهیمییەکاندا، ساڵی مانگێک باوەڕداران لەپێناوی خوداکەیاندا بەڕۆژ نان ناخۆن) ، بیگرم کز دەبێت، واتە: ئەو کەسەی کە بەڕۆژوو دەبێت و نان ناخوات، جەستەی لاواز دەبێت، بەریدەم گوناهباردەبم، واتە: ئەو کەسەی کە بەڕۆژوو نابێت، لەڕووی ئایینییەوە گوناهبارە. وەڵام (ڕۆژوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل25

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2087**
**گومەتی سپی بێ دەرک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104191844456508

گومەتی سپی بێ دەرک.
مەبەست لە هێلکەیەی پەلەوەرە، گومەتی سپی، (گومەت: مەبەست لە گومەزی مزگەوتە کە وەک هێلکە ساف و لووسە، و کەوانەییە، بەڵام گومەز ڕەنگی سەوزە یان شینە و هێلکە سپییە، بێ دەرک، واتە: هێلکە هیچ دەرگا و دەرچەیەکی نییە، نە بۆ ناوەوە نەبۆ دەرەوە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل64.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2088**
**گووی دەڵە قنج ئەخوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825192956430320

گووی دەڵە قنج ئەخوا.
مەبەستی پەندەکە هەنگوینە کە یەکێکە لەخواردنە سرووشتییە پڕ بەهاکان، دەڵ: بۆ مێ بەکاردێت، بەتایبەت سەگ بەڵام لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە (هەنگ) ە کە قیت و قنج دێت و دەڕوات، گووی دەڵە قنج: مەبەست لە هەنگوینە کە هەنگ درووستی دەکات و کەسێک دەیخوات. وەڵام (هەنگوین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27


کاتی تۆمارکردن: 25-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2089**

**گوڵێک دەڕوێنم، ڕەنگی دەردەچوێنم، ڕۆعی لەبەر نایەنم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729120124425247



گوڵێک دەڕوێنم، ڕەنگی دەردەچوێنم، ڕۆعی لەبەر نایەنم
واتای مەتەڵەکە دروستکردنی وێنەی گوڵە لەلایەن کەسێکەوە، گوڵێک دەڕوێنم واتە: گولێک درووست دەکەم، ڕەنگی دەردەچوێنم: واتە: بە بۆیە ڕەنگاوڕەنگی دەکەم بەڵام ناتوانم ڕۆحی بەبەرداکەم. وەڵام دروستکردنی وێنەی گوڵ.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2090**

**گوڵێک لە باخان دەرکەوت هەر کەسە و سی بەرکەوت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111102025444669

گوڵێک لە باخان دەرکەوت
هەر کەسە و سی بەرکەوت
گوڵێک لە باخان دەرکەوت، مەبەست لە مانگی ڕەمەزانە کە لەنێو دوازدە مانگی ساڵدا، ساڵی یەک جار دەردەکەوێ وەکوو چۆی گوڵێک لە باخێکدا، لە وەرزێکدا جارێک دەردەکەوێت، هەر کەسە و سی بەرکەوت، واتە: هەر کەسێک لە ساڵێکدا سی ڕۆژ ڕۆژووی بەردەکەوێ. وەڵام (ڕەمەزان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل80

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2091**

**گوڵێکم بینی پیتی هەڵگەڕابوو سەری کافەکەی وەڵامی نەمابوو پیتی دال و ڕای بۆ دانرابوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207145409449552

گوڵێکم بینی پیتی هەڵگەڕابوو
سەری کافەکەی وەڵامی نەمابوو
پیتی دال و ڕای بۆ دانرابوو
مەبەست لە وشەی (کورد) ە، لە مەتەڵەکەدا بە گوڵ چووێنراوە، چوونکە لای کوردان وشەیەکی شیرینە، سەری کافەکەی وەڵامی نەمابوو، مەبەست لە پیتی (ک) ی وشەی کوردە، پیتی دال و ڕای بۆ دانرابوو، مەبەست لەو پیتانەیە کە وشەی کوردی لێدرووستکراوە. وەڵام (کورد) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل52



کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2092**
**گوڵێکم هەیە سپی ڕەنگ تێیدایە ئاوی دوو ڕەنگ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227081602454387
گوڵێکم هەیە سپی ڕەنگ
تێیدایە ئاوی دوو ڕەنگ
مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، گوڵێکم هەیە سپی ڕەنگ، مەتەڵەکە گوڵی بە توێکڵی هێلکە چوواندووە لە سپێتیدا، تێیدایە ئاوی دوو ڕەنگ، مەبەست لە سپێنە و زەردێنەی هێلکەیە کە پێکهاتەی هێلکە پێکدەهێنن، بە ئاوی دوو ڕەنگ باسی لێوەدەکات. وەڵام (هێلکە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل18
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-27
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2093**
**گوڵە باز دای لە هەوراز**

2022111084927444665=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گوڵە باز
دای لە هەوراز
لە کوردەواردا بەشتی جوان دەوترێ گوڵ، باز: باڵندەیەکی گۆشتخۆرە، بەرز دەفڕێ و دووربینە، گوڵەباز مەبەست لە چاوی مرۆڤە، لە جوانیدا بە گوڵ بەراوردکراوە، هەروەها لە توانای دووربینیدا بە باز چووێنراوە، دای لە هەوراز، واتە: چاو دەتوانێت بەهۆی بینینەوە، بەرزترین هەوراز ببینێ. وەڵام (چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل78

کاتی تۆمارکردن: 11-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2094**

**گوڵە گاڵە پڕ ناو ماڵە**

20230913223225520508=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گوڵە گاڵە
پڕ ناو ماڵە
گاڵ: جۆرێک دەغڵە، ڕووەکێکی گەڵا پانە، تۆوەکەی وردە و ڕەنگی سپییە وەک برنج، لە کوردەواردا قەد و گەڵاکەی دەکرێت بە گسک (فەرهەنگی شێخانی) گوڵە گاڵە، مەبەستی لە چرایە کە ئاگرێکی کەمی بچووکی هەیە، بەڵام ژوورێک ڕووناک دەکاتەوە. وەڵام (چرا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل20

کاتی تۆمارکردن: 13-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2095**

**گوڵەسارم ئاودەدا گۆلکەشین هەڵدەستا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117191029458886

گوڵەسارم ئاودەدا
گۆلکەشین هەڵدەستا
مەبەست لە ئاودانی رووەکی شوتییە، گوڵەسارم ئاودەدا، مەبەست لە بنج و رەگی شووتییە کە لە زەویدا دەڕوێ و جووتیار ئاویدەدات بۆ ئەوەی گەشەبکات، گۆلکەشین هەڵدەستا، (گۆلک: گوێرەکە) مەبەست لە میوەی شووتییە کە پێدەگا و گەورە دەبێت بە گوێرەکە چووێنراوە. [1]
وەڵام: (شووتی)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل195.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2096**
**گوڵەگاڵێکە پڕ بە ماڵێکە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111102323444670
گوڵەگاڵێکە
پڕ بە ماڵێکە
گاڵ: هەرزن (فەرهەنگی خاڵ) گوڵەگاڵ: واتە: گوڵی هەرزن، (هەرزن جۆرێکە لە دانەوێڵە، جوتیارانی کورد لە کوردستان بەرهەمی دێنن، وەک گەنم بە گوڵ بەرهەم دێ) گوڵەگاڵێکە، مەبەست لە چرایە کە ئاگرەکەی بچووکە بەقەر گوڵەگاڵێک، پڕ بە ماڵێکە، واتە: ڕووناکییەکەی ماڵێک پڕدەکات. وەڵام (چرا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل80
کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2097**
**گوێ خڕی چل کون**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104191456456506

گوێ خڕی چل کون.
مەبەست لە بێژنگە، (بێژنگ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بێژانەوەی دانەوێڵە بەکاردێ) گوێ خڕ، مەبەست لەو بازنە ئەڵقەییە دارینەیە کە پێی دەوترێ بێژنگ، چل کون، مەبەست لە تۆڕە کونکونەیە کە دەگیرێتە بێژنگ، بۆ ئەوەی دانەوێڵەی پێبیێژرێتەوە. وەڵام (بێژنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل143.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2098**

**گوێدرێژی ئاقڵ هیچ دەنگ ناخۆشی بە پێچ هەورازی بڕی بە پێچ پێچ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108211046444325](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108211046444325)

گوێدرێژی ئاقڵ هیچ
دەنگ ناخۆشی بە پێچ
هەورازی بڕی بە پێچ پێچ
گوێدرێژی عاقڵ هیچ، واتە هیچ گوێدرێژێک هۆش و بیری نییە، دەنگ ناخۆشی بە پێچ، واتە: دەنگی زەڕەی ناخۆشە و مرۆڤ پێی نارەحەت دەبێت، هەورازی بڕی بە پێچ پێچ، واتە: کەر لەگەڵ ئەوەدا بیر و هۆشی نییە و دەنگی ناخۆشە، بەڵام لە ڕێ ڕۆشتن و سەرکەوتن بە هەورازا شارەزایە. وەڵام (کەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولّات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل80

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2099**
**گوێزێکمان هەیە سپی ڕەنگ تێیدایە ئاوی دوو ڕەنگ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117191407458888

گوێزێکمان هەیە سپی ڕەنگ
تێیدایە ئاوی دوو ڕەنگ
گوێز، مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە کە بە گوێز چووێنراوە، سپی ڕەنگ، مەبەست لە توێکڵی هێلکەیە کە ڕەنگی سپییە، تێیدایە ئاوی دوو ڕەنگ، مەبەست لە زەردێنە و سپێنەی هێلکەیە کە وەک ئاو شلە و کەمێک مڵە، لە شلیدا بە ئاو بەراوردکراوە. [1]
وەڵام: (هێلکە)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل212.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2100**

**گوێرەوسارم ئاودەدا گوێلکە شین هەڵدەئامسا**

[20230317172404475456=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230317172404475456)

گوێرەوسارم ئاودەدا
گوێلکە شین هەڵدەئامسا
گوێرەوسار: گوریسێکی باریکە بۆ بەستنەوەی گوێرەکە بەکاردێت (فەرهەنگی ڕێژگە) مەبەستی مەتەڵەکە مەشکەیە، مەشکە: کەلەپوورێکی کوردەوارە، لە پێستی بزن یان مەڕ دروستدەکرێت، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێت، کەسانی شارەزا پێستی ئاژەڵ بەساغی دەردەهێنن، دوای خۆشکردن، گەنم یان جۆی تێدەکەن، بە گوریس توند پەلەکانی دەبەستن، بۆ ئەوەی هەڵئاوسێ و توند ببێت. وەڵام (مەشکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جامال

کاتی تۆمارکردن: 2023-03-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2101**

**گڵۆڵە بایە، هەڵمدایە، قەت نەبڕایە**

20220729115748425245=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گڵۆڵە بایە، هەڵمدایە، قەت نەبڕایە
گڵۆڵە بایە مەبەست لە ڕێگایە، چۆن گڵۆڵەیەک بەن لە سەرە و خوارێک هەڵدەی، تاڵی بەنەکە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە خوارەوە، بەو شێوەیە ڕێگاش درێژ دەبێتەوە، جیاوازی ڕێگا لەگەڵ گڵۆڵە بەندا ئەوەیە کە ڕێگا قەت نابڕێ و کۆتایی نایە. وەڵام ڕێگا.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2102**

**گۆپکەی زێڕینە ناوتەنگی شینە بنکی ئاخنینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221108211430444326

گۆپکەی زێڕینە
ناوتەنگی شینە
بنکی ئاخنینە
مەبەست لە پیستەی پەنیرە، گۆپکەی زێڕینە، ناوتەنگی شینە، مەبەست لەوەیە کە پێستی بزن خۆشدەکرێ و بۆ هەڵگرتن پەنیری تێدەکرێ، بنکی ئاخنینە، واتە: پەنیرەکەی تێدەئاخنرێ و تێدا دەکوترێ، تا پیستەکە پڕدەبێت لە پەنیر. وەڵام (پێستەی پەنیر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل76

کاتی تۆمارکردن: 08-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2103**
**گۆزەڵەی پڕ لە دانوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811165637427895



گۆزەڵەی پڕ لە دانوو.
لە گوندەکانی وڵاتی کوردەواردا، کاتێک گوندنشینان ساوەر درووست دەکەن، سەرەتا گەنم لە مەنجەڵی گەورەدا دەکوڵێنن، گەنمە کوڵاوەکە نەرم دەبێتەوە و پێی دەوترێ: دانوولە، هەروەها لە مەتەڵەکەدا وشەی گۆزەڵە هاتووە کە لە قوڕ درووست دەکرێ و سوور دەکرێتەوە و دانوولەی تێدەکرێت، کۆی مەتەڵەکە مەبەستی لە هەنارە کە توێکڵی هەنار بە دیواری گۆزەڵە و دەنکۆڵەی هەناریش بە دانوولە چووێنراوە. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 11-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2104**
**گۆزەڵەی شەش کونە شەش مەن بارییە ئادەم سوارییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207145735449553](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207145735449553)

گۆزەڵەی شەش کونە
شەش مەن بارییە
ئادەم سوارییە

گۆزەڵە: لە کوردەواردا لە قوڕ درووستدەکرێ و سوور دەکرێتەوە، ئاو یان کەرەستەی خۆراکی تێدەکرێ، گۆزەڵەی شەش کون، مەبەست لە ناڵی ژێر پێی وڵاخە کە شەش کونی تدایە، شەش مەن بارییە، (مەن: بڕێکی پێوانەیی کوردییە، بۆ پێوانەی دانەوێڵە بەکاردێ) مەبەست لە وڵاخە، ئادەم سواریەتی، واتە: مرۆڤ سواری پشتی وڵاخ دەبێت. وەڵام (ناڵی وڵاخ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل53

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2105**

## گۆزەڵەیەکم بوو قرمزیی کونی نەبوو ئاوی دەدزی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219211047453055

گۆزەڵەیەکم بوو قرمزیی
کونی نەبوو ئاوی دەدزی
مەبەست لە شووتییە، (قرمز: ڕەنگی سووری ئاڵ. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) گۆزەڵەیەکم بوو قرمزی، مەبەست لە شوتییە کە ڕەنگی سوورە و بە ڕەنگی قرمزیی چووێنراوە، کونی نەبوو ئاوی دەدزی، واتە: کونی تیانەبوو ئاو بچێتە ناوی کەچی پڕبوو لە ئاو. وەڵام (شووتی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل56

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2106**

**گۆشت لە ژوور، ئێسقان لەدەر**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111112700444686](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111112700444686)

گۆشت لە ژوور، ئێسقان لەدەر.
مەبەست لە گوڵی شیلانە، (شیلان ڕووەکێکە گوڵێکی ڕەنگ سووری ئاڵ دەگرێ، بە توێکی کەمێک ڕەق ئەستوور دەورە دراوە، بەشی ناوەوەی نەرم و شلە) گۆشتی لە ژوور، مەبەست لە ناوی گوڵە شیلانە، ئێسقانی لەدەر، مەبەست لە توێکی گوڵە شیلانە. وەڵام (گوڵە شیلان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل79

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2107**
**گۆشتی بێ ئێسک**

[20221111112910444687=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221111112910444687=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

گۆشتی بێ ئێسک.
هێلکە شەیتانۆکە لە وەرزی بەهاراندا لە کوردستان پەیدادەبێت، کرمۆکەیەکی نەرمو شلی لینجە، قەپاغێکی کلسیی بەدەوری خۆیدا بۆ پارێزگاریی درووستدەکات، مەبەست لە کرمۆکەیە کە هەموو گیانی نەرمە و هیچ ئێسکێکی تێدانییە. وەڵام (کرم) [1].

ئێسک: (فەرهەنگی شێخانی)
هێسک • هێستک • سخان • سووقان • یێسک • سوقان • پیشە • سوخان • ئێسقان • هێستی • هەستوو • هێسوو • سقان • پێشە • پەڵان • ئێستک • پلان • هەستێ • هێستە • ئێسخوان • هەستی • یەسک • یەسقان
ئەو شتە رەق و سەختەیە کە هەیکەلی لەشی ئادەمیزاد و گیاندارانی تر خاوەن تیغەرە پشتی لێ پێکهاتووە و نەرمایی لەش بەوەوە راوەستاون لە (فوسفات) و کاربۆناتی کالیسۆم درووستبووە دەرەوەی ئیشک و سەختە و لەناوەوە بەشێکی تەڕ و نەرمتر (مۆخ) هەیە.

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل79

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2108**

**گۆشتی بێ پێشە**

2023101621280852641O=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆشتی بێ پێشە.
وەڵام (گوان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل51

کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2109**

## گۆشتی سەگی گڕوێ دەخورێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104191018456504

گۆشتی سەگی گڕوێ دەخورێ.
مەبەست لە خوراندنی جەستەی سەگە بەهۆی پیسییەوە، گۆشتی سەگ، لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە پێستی جەستەی سەگە، (گڕوێ: گەڕی جۆرێکە لە نەخۆشی تووشی پێستی سەگ دەبێ) دەخورێ، مەبەست لە خواردن نییە بەڵکوو مەبەست لە خوراندنی پێستە. وەڵام (خوراندنی جەستەی سەگ) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل60.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2110**

**گۆشتی لەدەر پێستی لەناو بەردی مەڕمەڕ دەکا بە ئاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207151324449559

گۆشتی لەدەر پێستی لەناو
بەردی مەڕمەڕ دەکا بە ئاو
مەبەست لە سیقەتۆرەی پەلەوەرە، گۆشتی لەدەر پێستی لەناو، واتە: سیقەتۆرە دیوی ناوەوەی بە بەرگێکی ئەستوور ڕووپۆشکراوە، بۆ ئەوەی خۆراک شیبکاتەوە، لەگەڵ ئەوەدا دەرەوەی گۆشتە، بەردی مەڕمەڕ دەکا بە ئاو، واتە: هەموو شتێک شیدەکاتەوە. وەڵام (سیقەتۆرە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل53

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2111**

## گۆشتی لەدەر، پیشتی لەناو

2022092415423943595=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆشتی لەدەر، پیشتی لەناو
بەردی مەرمەڕ دەکا بە ئاو
وەڵام (سیەتۆرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل39

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2112**

**گۆلک لە ڕانی، گوانی دۆشی**

2022111110613444678=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گۆلک لە ڕانی، گوانی دۆشی.
گۆلک: گوێرەکە، ڕان: گاڕانە (گاڕان مەبەست لە کۆمەڵێک گا و مانگایە کە ببرێن بۆ لەوەڕ) گوێرەکە کە کەمێک گەورە دەبێت، لە شیری دەبڕنەوە و گیای دەدەنێ، بۆ ئەوەی ئیتر دایکی بدۆشرێ و شیرەکەی بۆ خۆراک بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی گوێرەکەکە بیری دایکی نەکا، دەیبەن بۆ لەوەڕ. گۆلک لە ڕانی گوانی دۆشی، مەبەستی مەتەڵەکە بڕینی شانەی هەنگە، لەکاتێکدا کە هەنگەکان دەچنە دەرەوەی شارەکەیان بۆ کۆکردنەوەی هەنگوین. وەڵام (هەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل79

کاتی تۆمارکردن: 11-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2113**
**گۆلکی پوورئامانێ بەقۆرەقۆڕ چووە ئاسمانێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221110852204446666

گۆلکی پوورئامانێ
بەقۆرەقۆڕ چووە ئاسمانێ
گۆلک: مەبەست لە گوێرەکەیە، پووئامان، ناوی کەسایەتییە، گوێرەکە کاتێک هەوساری دەپچڕێ، بە ئارەزووی خۆی بەملا و ئەولادا ڕادەکات، گۆلکی پوورئامان مەبەست لە دووکەڵی ئاگرە، بە قۆرەقۆڕ چووە ئاسمانێ، واتە: دووکەڵ کە لە ئاگر بەرزدەبێتەوە، بە ئارەزووی خۆی بە ئاسماندا بڵاودەبێتەوە. گۆلک و دووکەڵ بەیەک بەراوردکراون کە ئازادن لە جووڵەدا.
وەڵام (دووکەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل78

کاتی تۆمارکردن: 11-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2114**

**گۆلکی سەر ئاو نە پێی هەیە نە پێڵاو لۆمان دێنێ ئاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207150134449555

گۆلکی سەر ئاو
نە پێی هەیە نە پێڵاو
لۆمان دێنێ ئاو

گۆلک: گوێرەکە بە چکەی مانگا دەوترێ کە تەمەنی کەمتر لە ساڵێک بێت، گۆلکی سەر ئاو، مەبەست لە ماتۆڕی ئاوە، چۆن گوێرەکە لەسەر ئاو، ئاو دەخواتەوە، ماتۆڕیش لەسەر ئاو دەدانرێ، ئاو دەنێرێ بۆ ئەو جێگایەی ئاڕاستەکراوە، لەکاتێکدا ماتۆڕی ئاو پێی نییە بۆ ئاو هێنان. بەڵکوو بە بۆری دەینێرێ. وەڵام (ماتۆڕی ئاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل52

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2115**

**گۆمێکە لە ئاو گوڵێکی لەناو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111102557444671

گۆمێکە لە ئاو
گوڵێکی لەناو
مەبەستی مەتەڵەکە چرای نەوتە، (پێش دۆزینەوەی کارەبا، ماڵان چرای نەوتیان بۆ ڕووناککردنەوە بەکارهێناوە) گۆمێکە لە ئاو، مەبەست لەژێری چرایە کە نەوتی تێکراوە، بە گۆمی ئاو چووێنراوە، گوڵێکی لەناو، مەبەست لە ئاگری پڵیتەی چرایە کە گەش و جوان دەسووتێ، لە گەشیدا بە گوڵ چووێنراوە. وەڵام (چرا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل80

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2116**

**گۆمەکی ئاو گۆلکە سۆر لە هنداو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207151035449558

گۆمەکی ئاو
گۆلکە سۆر لە هنداو
مەبەستی مەتەڵەکە چرای نەوتە، (پێش دۆزینەوەی کارەبا، ماڵان چرای نەوتیان بۆ ڕووناککردنەوە بەکارهێناوە) گۆمێکە لە ئاو، مەبەست لەژێری چرایە کە نەوتی تێکراوە، بە گۆمی ئاو چووێنراوە، گوڵێکی لەناو، مەبەست لە ئاگری پڵیتەی چرایە کە گەش و جوان دەسووتێ، لە گەشیدا بە گوڵ چووێنراوە. وەڵام (چرا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل53

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2117**

## گیاندارێکی بێزەواڵ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906173007432478

گیاندارێکی بێزەواڵ
نەخشینە دەفڕێ بە باڵ
ناوی لە شەش پیت پێکدێ
دەستی بۆ دەبەی دەفڕێ
تەمەن کورت و بێ دڵە
شەیدای ناو باخ و گوڵە
مەتەڵمان زۆر ئاسانە
بیربکەرەوە بیزانە

گیانەوەرێکی بێ زیانە و نەخش و نیگار لەسەر باڵەکانی هەیە، دەتوانێت بفڕێت، ئارەزووی ناو گوڵ و گوڵزار دەکات، تەمەنی کورتە و دڵی نییە. وەڵام (پەپولە) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل5

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2118**
**گیاندارەکە لە کاتی نووستندا چاو داناخات**
[20220811162456427888=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811162456427888)



گیاندارەکە لە کاتی نووستندا چاو داناخات.
مار یەکێکە لەو خشۆکانەی لە گەرمیان و کوێستانی کوردستاندا بوونی هەیە، زۆربیان ژەهراوی و کوشندەن، مەتەڵەکە مەبەستی لە مارە کاتێک دەخەوێ ئەڵقە ئەڵقە خۆی خڕدەکاتەوە و چاوانی زەق دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هەر ئاژەڵێک یان کەسێ ببینێ وەبزانێت بەخەبەرە. وەڵام (مار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2119**

## گیانلەبەر ڕەش، جلی سپی

2022111112447444685=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گیانلەبەر ڕەش، جلی سپی.
ساج: ئامێرێکە بۆ برژاندنی نان بەکاردێت، بەشی سەرەوەی قۆقزە و ئاگر لەژێریدا دەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ساج ڕەنگی ڕەشە و بە دووکەڵی ئاگری داریش هێندەیتر ڕەش دەبێت، بە گیانلەبەری ڕەش لە مەتەڵەکەدا ناوی براوە، جلی سپی، مەبەست لە نانە کە دەدرێ بەسەر ساجدا بۆ برژاندن. وەڵام (ساج و نان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل80

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2120**
**گیانلەبەرێکە قەت ئارەق ناکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111122044446848

گیانلەبەرێکە قەت ئارەق ناکا.
مەبەست لە گیانلەبەری سەگە، مەرداەکانی ولاتی کوردەوار سەگ بۆ پاسکرنی مەڵاتەکانیان ڕادەگرن، پێیان وایە لە وەرزە گەرمەکان بەتایبەتی چلەی هاوین سەگ گەرمای نابێت، هەروەها بەپێچەوانەشەوە لە وەرزە ساردەکانیشدا سەگ سەرمای نابێت. وەڵام (سەگ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل80

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2121**

**گیانلەبەرە مووی نییە خواردن دەخوا ڕیتینی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111102838444672

گیانلەبەرە مووی نییە
خواردن دەخوا ڕیتینی نییە
مەبەست لە (گەنە) یە، (گەنە: گیانەوەرۆچکەیەکی بچووکە، مووی پێوە نییە، جەستەی هەمووی پێستە، دەلکێ بە جەستەی ئاژەڵەوە، خوێن دەمژێ، دەخوا تا دەتەقێ، لەم بارەیەوە پەندێکی کوردیی هەیە دەڵێت: (دەڵێی گەنەی گونی گایە) گیانەوەرە مووی نییە، مەبەست لە گەنەیە، خواردن دەخوا ڕیتینی نییە، واتە: قونی نییە تا پاشەڕۆی لێوە فڕێبدات، دەخوا تا دەتەقێ. وەڵام (گەنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل78

کاتی تۆمارکردن: 11-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2122**

**گیانەوەر نییە ڕۆحی هەبێ مرۆڤ نییە دەستی هەبێ بە ئارەزوو ڕاو دەکا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207144807449551](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207144807449551)

گیانەوەر نییە ڕۆحی هەبێ
مرۆڤ نییە دەستی هەبێ
بە ئارەزوو ڕاو دەکا

مەبەستی مەتەڵەکە تەڵەی مشکە، (تەڵەی مشک: ئامێرێکە بۆ گرتنی مشک، چەندین شێوە و جۆری هەیە) گیانەوەر نییە ڕۆحی هەبێ، تەڵەی مشک کە مشک دەگرێ ڕۆحلەبەر نییە و شتێکی بێگیانە، هەروەها وەک مرۆڤیش دەستی نییە، شتی پێبگرێت، بە ئارەزوو ڕاودەکا، واتە: کەی بۆ مشک دانرا، ئەوکاتە دەیگرێ. وەڵام (تەڵەی مشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل52

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2123**

## گیانەوەرێکی سەرسووڕهێنەرە شیری حەڵاڵە و گۆشتی حەرامە

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003201756524538](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003201756524538)

گیانەوەرێکی سەرسووڕهێنەرە
شیری حەڵاڵە و گۆشتی حەرامە
مەبەستی مەتەڵەکە هەنگ یان مێشهەنگوینەیە، کە گیانەوەرێکی بچووکی ئیشکەرە، بەردەوام لە کاردایە و ناوەستێت، شیری حەڵاڵە، مەبەست لە هەنگوینە کە هەنگ درووستی دەکات و لە مەتەڵەکەدا بە شیر چوواندوویەتی، گۆشتی حەرامە، مەبەست لەوەیە کە گۆشتی ناخورێت. وەڵام (هەنگ) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2124**
**گیانەوەرێکە سەیری وا نییە بە دووسەر دەڕوا هیچ خوێنی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111103124444673

گیانەوەرێکە سەیری وا نییە
بە دووسەر دەڕوا، هیچ خوێنی نییە
مەبەست لە قرژاڵە کە گیانلەبەرێکی سەیرە و لەناو گیانەوەراندا هاوشێوەی نییە، (قرژاڵ لە وشکانی و ئاوی سازگاردا دەژیی) بە دوو سەر دەڕوا، واتە: توانای هەیە بە لار ڕاست و بە لای چەپدا، لەسەر لا بڕوات، هیچ خوێنی نییە، واتە: گیانەورێکی جومگەدارە و جومگەدارەکانیش خوێن لە لەشیدا نییە. وەڵام (قرژاڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل78

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2125**

## گیای بەندەنی مووی بزنی، کاری خوایە و فیعلی ژنی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220803073150426183

گیای بەندەنی مووی بزنی، کاری خوایە و فیعلی ژنی
گیای بەندەنی مووی بزنی، مەبەستی لەو مووەیە کە بە لەشی بزنی ڕەشۆکییەوەیە، لە کوردەواردا دەکرێت بە دەوار، لێکچوواندنە لەنێوان ڕوانی گیا لە زەوی لەگەڵ ڕوانی مووی لەشی بزن، کاری خوایە، واتە: ڕواندنی موو یان گیا کاری خودایە، فیعلی ژنی: مەبەستی لە کاری درووستکردنی تاوڵ یان ڕەشماڵە کە بە دەستی ژن درووست دەکرێ. وەڵام تاوڵ، ڕەشماڵ، دەوار. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2126**
**گیای هەردە، مووی بزنە، حیلمی ژنە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729121224425250



گیای هەردە، مووی بزنە، حیلمی ژنە
ڕەشماڵ، تاوڵ یان دەواریشی پێدەوترێ ، خێلە کۆچەریەکانی کورد بەکاریدێنن، بە زۆری لە شوێنی مێرگ و هەرد دا لە نزیک سەرچاوەی ئاوی هەڵیدەدەن، لە مووی بزن درووستدەکرێ ، ئەم پیشەیە ژنان دەیکەن، واتە: ژنان هەڵدەستن بەڕستن و چنینی مووەکە و درووستکردنی تاوڵەکە. وەڵام تاوڵ.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2127**

**گیای کەژوکێو مووی بزن قودرەتی خوا و فێڵی ژن**

[20230920214219522140=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920214219522140)

گیای کەژوکێو مووی بزن
قودرەتی خوا و فێڵی ژن
قودرەت: هێز و توانا. مەبەست لە چیغە، (چیغ: ئەو چەپەرەیە کە لە قامیش دروستدەکرێت، بە بەن دەچنرێت، وەک دیوار بەدەوری دەواردا دادەنرێت، یان بۆ جیاکردنەوەی کۆزی بەرخۆلە و کاریلە بەکاردێت) ، گیای کەژوکێو، مەبەست لە قامیشە، مووی بزن، مەبەست لەو بەنەیە کە لە مووی بزن دروستدەکرێت و قامیشی چیغی پێدەبەسترێت، فێڵی ژن، واتە: کاری چیغ دروستکردن داهێنانێکی ژنانەیە. وەڵام (چیغ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل18



کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2128**

**گیایەکی زۆر باریک هەیە لەسەر ترۆپکی شاخێک ئەڕوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104192255456509

گیایەکی زۆر باریک هەیە، لەسەر ترۆپکی شاخێک ئەڕوێ.
مەبەست لەسەر و قژی مرۆڤە، گیایەکی زۆر باریک هەیە، بە سرووست گیا بۆ خۆی زۆر باریکە، لە مەتەڵەکەدا بە مووی سەر بەراوردکراوە چونکە هەردووکیان باریکن، لەسەر ترۆپکی شاخێک دەڕوێ، (ترۆپک: لووتکە) واتە: چۆن گیا لەسەر ترۆپکی شاخ دەڕوێ، مووی سەریش لەسەر سەر دەڕوێ، لە بەرزیدا سەر بە لوتکەی چیا بەراوردکراوە. وەڵام (سەر و قژ) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل129.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2129**

**گیزەگیزیەتی خەڵک بەتەمای خوشەی میزیەتی**

2022111103410444674=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گیزەگیزیەتی
خەڵک بەتەمای خوشەی میزیەتی
گیزە لە کوردەواردا بۆ دەنگی مێش بەکاردێ و دەنگێکی بێزارکەرە، گیزەگیزیەتی، مەبەست لە گیزەی سەماوەرە، کاتێک ئاوی دێتەکوڵ، خەڵک بەتەمای خوشەی میزیەتی، مەبەست لە تێکردنی ئاوی گەرمە لە بەلوعەی سەماوەرەکەوە بۆ ناو پیاڵە کە بە دەنگی خوشەی میز بەراوردکراوە. وەڵام (سەماوەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل80

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2130**

## گیسک و کاوڕی سەربانی گیای دەقرتاند بە ددانی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723121153509123

گیسک و کاوڕی سەربانی
گیای دەقرتاند بە ددانی
کاوڕ: بەرخی تەمەن دوو ساڵ و نیو (فەرهەنگی شێخانی) گیسک و کاوڕی سەربانێ، مەبەست لە مقەستی بەرگ بڕینە کە بە کاوڕ چووێنراوە، چونکە کاوڕ هەموو سەوزایی دەخوا و هیچ ناهێڵێت، مقەستیش هەموو بەرگێک دەبڕێت و هیچ ناهێڵێت، گیای دەقرتێنێ بە ددان، واتە: چۆن بزن گیا دەقرتێنێ، مقەستیش کاڵا دەبرێ. وەڵام (مقەست) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سۆرانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل170.

کاتی تۆمارکردن: 2023-07-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2131**
**گیسکە بەلەی مەلایە، بەرم هەڵدا لە چیایە، نەیهێشت یەک پچکە گیایە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729115359425244




گیسکە بەلەی مەلایە، بەرم هەڵدا لە چیایە، نەیهێشت یەک پچکە گیایە
لەناو کورددا، ئامێرێکی فۆلکلۆری بۆریشتاشین هەیە، پێی دەوترێ گوێزان کە جیاوازە لەو گوێزان یان موسەی ئێستا ڕیشی پێدەتاشرێ ، لە لای پیاوانی بە تەمەن دەستدەکەوێ ، گوێزانەکە مادەی ئاسنە و هەموو جارێ بە هەسان تیژدەکرێتەوە، بۆ سەر و ریشتاشین بەکاردێ ، گیسکەبەلە واتە: گوێزانی ریشتاشین، بەرم هەڵدا لە چیایە، مەبەستی لەڕیش یان سەرە هەروەها گیای بەرِیش یان مووی سەر چواندووە کە بە گوێزانەکە دەتاشرێ. وەڵام مووسی سەر تاشین.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2132**
**گەر مەتەڵمان هەڵبێنی**

20220916194849434371=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

گەر مەتەڵمان هەڵبێنی
وریابە مەکەوە شوێنی
لەناکاو پێتەوە ئەدا
گازی زۆر ئازارت دەدا
زیانبەخشە وەک درندە
لەشێوە وەک پارچە سۆندە
ئەڵێن بێ شوێن و جێگایە
لە قلیشی زەویدایە
نییەتی دەست و باڵ و پێ
ڕێدەکا بە سکە خشێ
بۆ سەر دار و درەخت دەڕوا
باڵندە و چۆلەکە دەخوا
لەناو ئاوا مەلەوانە
زۆر بەسامە تەماشایکەی
ڕەنگە زوو لەترسیا ڕاکەی
ناوی ئەم مەتەڵە هارە
لە سێ پیت پێکهاتووە.... ە
وەڵام (مار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل78

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2133**

**گەردن زەردم، لە دەشت و هەردم خواردنی سەردم، هەر تۆز و گەردم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922214419522601

گەردن زەردم، لە دەشت و هەردم
خواردنی سەردم، هەر تۆز و گەردم
مەبەستی مەتەڵەکە سێوە، گەردن زەردم، مەبەست لە توێکڵی سێوە کە ڕەنگی زەردە، لە دەشت و هەردم. واتە: داری سێو لە دەشت و هەرد دەڕوێت، هەروەها سێو بۆ خواردن دەشێ، لەبەر ئەوەی لە دەشت دەڕوێت، تۆز و خۆڵی لێدەنیشێت. وەڵام (سێو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 32

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2134**
**گەردن کۆترێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924154017435954

گەردن کۆترێ
لەناو دەغران دەکاتن لۆندرێ
دەغر: دەغڵ، مەبەست لە داسی دروێنە کردنە، قەوسی داس بە گەردنی کۆتر چووێنراوە، لەبەرزیدا لەیەک دەچن، لەناو دەغڵدا کاتێک جوتیار بە داس دروێنە دەکات، هەموو دەغڵەکەی پێ دەدروێتەوە. وەڵام (داس) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل38

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2135**
**گەرم و نەرم و ورگنە پڕ لە گڵێرەی هەرزنە بە پێستەوە بۆ خواردنە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227081201454386](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227081201454386)

گەرم و نەرم و ورگنە
پڕ لە گڵیرەی هەرزنە
بە پێستەوە بۆ خواردنە
مەبەست لە گیپەیە، (گیپە خواردنێکی کەلەپووری زستانەی کوردییە) گەرم و نەرم و ورگنە، وەسفی گیپە ئەکات، پڕ لە گلێرەی هەرزنە، (گلێرە: تەرزەی ورد. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: ناو گیپە جگە لە برنج، گوێز و بادام و گشمیشی تێدایە کە بە تەرزەی وردی چواندووە، بە پێستەوە بۆ خواردنە، واتە: گیپە دەر و ناوی دەخورێ. وەڵام (گیپە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چایخانەی موفتی، مهاباد، ل18

کاتی تۆمارکردن: 27-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2136**
**گەرمۆکە و نەرمۆکە پێستۆکە و چەرمۆکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207150456449556

گەرمۆکە و نەرمۆکە
پێستۆکە و چەرمۆکە
مەبەست لە پێستەی پەنیرە، (پێستە: پێستی بزن دەگوورن و بەساغی دەریدێنن، خۆشی دەکەن و پەنیری تیاهەڵدەگرن) گەرمۆکە و نەرمۆکە، مەبەست لە پێستەیە کە هەم گەرمە و هەم نەرم و شلە، پێستۆکە و چەرمۆکە، هەر وەسفی پێستەیە کە بە چەرم چووێنراوە. وەڵام (پێستەی پەنیر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل52

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2137**

**گەرمی کەی نەرم ئەبێتەوە، گرێ لاشەی ئەکرێتەوە هەم دیسان سەرمای بێتەوە، وەک ئەوەڵی لێدێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011105648525516

گەرمی کەی نەرم ئەبێتەوە، گرێ لاشەی ئەکرێتەوە
هەم دیسان سەرمای بێتەوە، وەک ئەوەڵی لێدێتەوە
ئەوەڵ: سەرەتا. مەبەستی مەتەڵەکە ڕۆنە، (ڕۆنی کوردیی دوای ئەوەی دەزرینگێنتەوە توند دەبێت) ، گەرمی کەی نەرم دەبێتەوە، گرێ لاشەی دەکرێتەوە، مەبەست لە ڕۆنە کە گەرم بوو شل دەبێتەوە، دیسان سەرمای بێتەوە، وەک ئەوەڵی لێدێتەوە، واتە: کە ساردبووەوە، توند دەبێتەوە، چونکە سرووشتی ڕۆن وایە. وەڵام (ڕۆن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 93

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2138**

**گەرمیشە و نەرمیشە، بەنەخوێنەکەی بکەوە و تێی نیشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819092350429073

گەرمیشە و نەرمیشە، بەنەخوێنەکەی بکەوە و تێی نیشە.
مەتەڵەکە بە جۆرێک دەربڕاوە کە خەیاڵی مرۆڤ بۆ شوێنی تر دەبات بەڵام مەبەستی خواردنی گیپەیە، گەرمشە و نەرمیشە واتە: گیپە هەم نەرمە و هەم گەرمە (گیپە خواردنێکی فۆلکلۆریی کوردییە) بەنەخوێنەکەی بکەوە و تێی نیشە، گیپە کە درووستدەکرێ، دەمەکەی بە دەزوو دەدورێتەوە، بۆیە کاتی خواردن، دەزووەکەی کە چووێنراوە بە بەنەخوێن لێی دەکرێتەوە پاشان دەخوری. وەڵام (گیپە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 19-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2139**
**گەرمە و نەرمە، دێخون وەکە و تێی نیشە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811164236427891](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811164236427891)



گەرمە و نەرمە، دێخون وەکە و تێی نیشە.
دێخون: واتە: بەنەخوێن یان دووخوێنی شرواڵی کوردیی، لە مەتەڵەکە بەو دەزووە چووێنراوە کە گیپەی پێ دەدووردرێتەوە، گەرمە و نەرم، مەبەست لە گیپەیە، دێخون وەکە و تێی نیشە واتە: پەتی گیپە بپسێنە و دەست بە خواردنی بکە. وەڵام (گیپە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2140**

## گەلەم ڕانی بەچەم دۆشی وێنەی نییە تامی خۆشی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219211451453057

گەلەم ڕانی بەچەم دۆشی
وێنەی نییە تامی خۆشی
مەبەسی لە هەنگوین بڕینە، گەلەڕان: مەبەست لە گەلە هەنگە، گەلەم ڕانی بەچەم دۆشی، واتە: هەموو هەنگەکانی شاریکم دوور خستەوە و هەنگوینەکەیانم بڕی، وێنەی نییە تامی خۆشی، مەبەست لە تامی هەنگوینە کە زۆر خۆشە. وەڵام (هەنگوین بڕین) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل56

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2141**

**گەنجە ڕیشی سپییە کە پیریش بوو ڕەشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811161607427887



گەنجە ڕیشی سپییە کە پیریش بوو ڕەشە.
ترێ یەکێکە لەو میوانەی لە مێژوویەکی دێرینەوە کورد ناسیویەتی، ڕەزی ناوەتەوە و بەرهەمی هێناوە، ترێ بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت و ڕەنگی دەگۆڕدرێ، سەرەتا بەرسیلەیە، دواتر ئاڵوبۆڵ دەبێت.و پاشان تەواوپێدەگات و پێی دەوترێ ترێ، گەنجە ڕیشی سپییە: مەبەست لە بەرسیلەی ترێ ڕەشە، لە قۆناغێکدا ڕەنگی سپییە، کە پیریش بوو ڕەشە واتە: کە بوو بە ترێ و تەواو پێگەشت، ڕەنگی ڕەش دەبێت. وەڵام (ترێ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2142**
**گەورە پێ و گچکە پێ، هەندەی یەک گرانە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906163604432453

گەورە پێ و گچکە پێ، هەندەی یەک گرانە.
گچکە: بچووک، گەورە و بچووکی شتەکان بەپێی قەبارەیان دیاری دەکرێت، هەروەها کێشی تەنەکان بەپێ قوورساییان دیاری دەکرێت، سێبەرەکان بەپێی قەبارەی تەنەکان گەورە و بچووکیان درووست دەبێت، سێبەرەکان قەبارەیان هەر چەندێک بێت، هچ کێشێکیان نییە. وەڵام (سێبەر) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | گەورە پێ و گچکە پێ، هەندەی یەک گرانە
کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2143**
**گەڵا پان و باڵابەرز هۆی نەخۆشییە و مەرەز**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916095321520876

گەڵا پان و باڵابەرز
هۆی نەخۆشییە و مەرەز
مەبەست لە تووتنە، (تووتن: ڕووەکێکی گەڵاپانە، گەڵاکەی وشکدەکرێتەوە و خۆشدەکرێت، پاشان ورد دەکرێت و دەبێت بە تووتن) گەڵاپان و باڵابەرز، مەبەست لە گەڵای توتنە، هۆی نەخۆشییە، مەبەست لەو کەسەیە کە تووتن دەکێشێت، تووشی نەخۆشی دەبێت. وەڵام (توتن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل10



کاتی تۆمارکردن: 2023-09-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2144**

**گەڵا سەوزی باخی مەلا ئەیقرتێنێ گەڵا گەڵا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925091243523267

گەڵا سەوزی باخی مەلا
ئەیقرتێنێ گەڵا گەڵا
مەبەست لە کاهووە، (کاهوو: جۆرێک سەوزەی گەڵا پانە) ، گەڵا سەوزی باخی مەلا، واتە: کاهوو کە هەموو کەسێک دەتوانێت لە باخی خۆیدا بیچێنێت، ئەیقرتێنێ گەڵا گەڵا، مەبەست لە خواردنی کاهووە، ئەو کەسەی دەیخوات، گەڵا گەڵا بۆ خواردن لێی دەکاتەوە. وەڵام (کاهوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-25
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2145**
**لاق تیرۆکی زک دیزۆک، دووکەڵ دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811195210427918

لاق تیرۆکی زک دیزۆک، دووکەڵ دەکا.
مەبەستی مەتەڵەکە سەبیلی توتن کێشانە، لاق تیرۆک: مەبەستی لولەی باریکی سەبیلە کە دووکەڵی پیادەڕوا، زک دیزۆک واتە: ئەو بەشە خڕەی سەبیلە کە توتنی تێدەکرێ، وەک دیزە وایە، دووکەڵ دەکا: مەبەست لە کێشانی تووتنە بەسەبیل.
وەڵام (سەبیل) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2146**

**لاقی لە ئەزیبە و سەری لە ئەستێران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811175853427906

لاقی لە ئەزیبە و سەری لە ئەستێران.
ئەفسەر پلەیەکی سەربازییە، لە زووربەی وڵاتاندا ئەستێرەیەک یان زیاتر بچێتە سەر شانی هەر سەربازێک، دەبێتە ئەفسەر، لاقی لە ئەزیبە، مەبەست لە ئەفسەرە، سەری لە ئەستێران واتە: سەری لە ئەستێرەکانی سەر شانی بەرزترە. وەڵام (ئەفسەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2147**
**لاقێکە و دوو گوێیە، تاقەتی فیلی پێیە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220804114141426425



لاقێکە و دوو گوێیە، تاقەتی فیلی پێیە
لاقێکە: مەبەستی لە کۆڵەکەی دارە کە یەک قاچی هەیە، (لە گوندەکانی کوردستاندا کۆڵەکەی دار، لە درووستکردنی خانوو یان کەپردا بەکاردێت) تاقەتی فیلی پێیە واتە: قایم و پتەوە و توانای ڕاگیرکردنی شتی زۆر قوورسی هەیە، لە مەتەڵەکەدا کۆڵەکەی دار لە بەهێزیدا چووێنراوە بە فیل. وەڵام کۆڵەکەی دار. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2148**

**لالۆم چێگە نیشتەرە قوڵیش لوێ دەشتەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016192915526363

لالۆم چێگە نیشتەرە
قوڵیش لوێ دەشتەرە
وەڵام (کووڵەکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل43

کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2149**
**لانکی ڕانەژاو**

[20220924221001436004=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20220924221001436004=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

لانکی ڕانەژاو
بەرخی نەزاو
مەلای نەبەزاو
لانک پێشی دەوتریَ: بێشکە (ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ خەوتنی منداڵی ساوا بەکاردێت) بەرخی نەزاو: مەبەست لە شتێکی بێبەرهەمە، مەلای نەبەزاو: مەبەست لە کەسێکە کە هیچی لەگەڵ ناوترێت، مەبەستی مەتەڵەکە گۆڕە کە مردووی تێدا دەنێژرێت. وەڵام (گۆڕ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل40](#)

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2150**

## لایەک کوورەیە، لایەک کرێوە

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011101438525509](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011101438525509)

لایەک کوورەیە، لایەک کرێوە.
کوورە: شوێنێکی تایبەتە بۆ سوورکردنەوەی ئاسن یان گەچ (فەرهەنگی شێخانی) ، کرێوە: بارینی بەفر و باران پێکەوە، مەبەست لە کاتێکی ساردە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەبەستی مەتەڵەکە ئامێری ساردکەرەوەیە، بۆ پاراستنی خواردەمەنی بەکاردێت، بەشێکی تەواو ساردە بە کرێوە چووێنراوە، هەروەها بەشێکی تری ئاسایی یان گەرمکەرەوەیە بە کوورە چووێنراوە.
وەڵام (ساردکەرەوە) .[1].

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 93



کاتی تۆمارکردن: 2023-10-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2151**
**لوقمە قازی، لە هەورازی، دێتە گازی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729225709425428

لوقمە قازی، لە هەورازی، دێتە گازی
مەبەست لە تەرزەی وەرزی بەهارە کە لەناکاو دادەکات، وەک لوقمەقازی شێوەی خڕە، لە هەورازی، واتە: لە ئاسمانەوە دێتەخوار و دادەبارێ، دێتە گازی: دەکەوێتە سەر زەویی، هەندێک جار زەوییە کشتووکاڵییەکان خراپ دەکات یان دەبێتە مایەی لافاو. وەڵام تەرزە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2152**
**لولەی گۆشتین، دیوار ئەبڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825094345430211

لولەی گۆشتین، دیوار ئەبڕێ.
لولەی گۆشتین مەبەست لە مشکە کە نەم و شل و کەم ئێسکە، توانای هەیە بە درز و کەلێنی زۆر باریکدا بڕوات، دیوار ئەبڕێ، مەبەستی لەوەیە کە بەئاسانی توانی بڕینی دیواری گڵی هەیە، چونکە بەشی هەرە زۆری دیواری ماڵان لە گوندەکاندا گڵە و بەئاسانی مشک کونی دەکات و پیایدا تێدەپەڕێت. وەڵام (مشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27

کاتی تۆمارکردن: 25-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2153**
**لووتەی لە ماڵ تۆراو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115153638445404

لووتەی لە ماڵ تۆراو.
لووتە: مەبەست لە مێخ یان سنگی داکوتینی دەوار یان ڕەشماڵە، تۆراو: مەبەست لە کەسێکە کە لە شتێک دڵی ڕەنجابێ و تۆرابێ، لووتەی لە ماڵ دەرکراو، مەبەست لە سنگی دەوارە کە لە دەرەوەی دەوارەکە دادەکوترێ و بە گوریس دەوارەکەی پێوە توند دەکرێ، سنگ لە دەرەوەی دەوار بە زەویدا دادەکوترێ، بۆیە لە پەندەکەدا بە تۆراو ئەژمارکراوە. وەڵام (سنگی مێخی ڕەشماڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل94

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2154**

**لووسی دوو کون دوولکی دوو گون سەری پێچاکەن بن پێ خۆش بن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115151435445394

لووسی دوو کون، دوولکی دوو گون
سەری پێچاکەن بن پێ خۆش بن
لووسی دوو کون، مەبەست لە باگردێنی بانگێڕانە، لەم سەر و ئەو سەرییەوە دوو کونی تێدایە بۆ ئەوەی قوڵفی تێکرێ بۆ ڕاکێشان، دوو لکی دوو گون، مەبەست لە قوڵفی باگردێنە کە بەگوریس ڕادەکیشرێ، سەری پێچاکەن، واتە: لەکاتی باران بارینددا بانی پێبگێڕن. وەڵام (باگردێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل93

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2155**

**لووسێکی خڕە، پڕ بە لەپی کوڕە بەددان بیبڕی، لەبەریشت خۆڕاگرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207214826449761

لووسێکی خڕە، پڕ بە لەپی کوڕە
بەددان بیبڕی، لەبەریشت خۆڕاگرە
مەبەست لە گرتنی سێوە بە دەستی کوڕێکەوە، لووسێکی خڕ پڕ بە لەپی کوڕ، واتە: سێوێک بە دەستی کوڕێکەوەیە، بەڵام مەتەڵساز بە جۆرێکی سێکسی مەتەڵەکەی ڕێکخستووە، ڕاستەوخۆ خەیاڵ دەباتە شوێنێکی تر، هەروەها بە ددان دەخورێ.
وەڵام (سێو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل57

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2156**

**لووسێکی زۆر جوانە بێگرێ و بێکەوانە لۆخۆت بیکە مژانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207173317449572

لووسێکی زۆر جوانە
بێگرێ و بێکەوانە
لۆخۆت بیکە مژانە
مەبەستی مەتەڵەکە داری سپیدارە، سپیدار دارێکی بێ بەری توێکڵ سپییە، بۆ دارەڕا و سنعەت بەکاردێ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مژانە: دارێکە لە ئامێری نیروئاموور (فەرهەنگی کانی) ، (نیروئاموور: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە بۆ کێڵانی زەوی بەکاردێ) لووسێکی زۆر جوانە، مەبەستی لە داری سپیدارە، هیچ گرێ و گۆلێکی تیانییە، لۆ خۆت بیکە مژانە، واتە بیکە بە نیروئاموور. وەڵام (ئەسپیندار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل54

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2157**
**لیرەڕا هەتاکوو شارەزوور بەباڵ دەفڕێ سمێل زەردی پێستە سوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117190344458884

لیرەڕا هەتاکوو شارەزوور بەباڵ دەفڕێ سمێل زەردی پێستە سوور
مەبەست لە زەردەواڵەیە، لیرەڕا هەتاکوو شارەزوور، (شارەزوور: ناوچەیەکی کشتووکاڵی و مێژوویی گرنگە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە) مەتەڵساز مەبەستی لە دووری نێوان دوو جێگەیە، بە باڵ دەفڕێ سمێل زەردی پێستە سوور، مەبەست لە وەسفی جەستەی زەردەواڵەیە کە ڕەنگی سوور و زەردە و توانای فڕینی هەیە. [1]
وەڵام: (زەردەواڵە)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل204.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2158**

**لینگ لە دوو، دەست لە گوان خورەی تێ بۆ قازان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012212837525903](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012212837525903)

لینگ لە دوو، دەست لە گوان
خورەی تێ بۆ قازان
لینگ: پێ یان قاچ (فەرهەنگی شیخانی) قازان: مەنجەڵ. مەبەستی مەتەڵەکە مەرِ دۆشینە، لینگ لە دوو، واتە: کابان دەچێتە نزیک هەردوو قاچی دواوەی مەڕەوە، دەست لە گوان، مەبەست لە کاتی دۆشینی مەڕە بە دەستی کابان، خورەی تێ بۆ قازان، واتە: شیرە دۆشراوەکە خەڕەخور دەچێتە ناو مەنجەڵەوە. وەڵام (مەڕ دۆشین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری گەرمیانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: کاروان عوسمان عەلی، چاپی یەکەم، وەزارەتی رۆشنبیری، کەلار، 2009، ل102

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2023

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2159**

**لێرە تێم وەشان لە حەلەب دەرچوو**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114191319445326](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114191319445326)

لێرە تێم وەشان، لە حەلەب دەرچوو.
تێم وەشان: واتە: پێمداکێشا، حەلەب: ناوی شارێکە لە وڵاتی شام سووریا، مەبەست لە هەورەبرووسکەیە کە لە جێگەیەک لە ئاسمان دەنگ و ڕەنگی هەیە، کەچی لە جێگەیەکی زۆر دوورتر بەر زەویدەکەوێ. واتە: لە شوێنێک دێ و لە شوێنێک دەردەچێ. وەڵام (هەورەبرووسکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل92](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2160**

**لێرە هەتا هوولەرە بە کونێ دەکا غەرغەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227091103454405

لێرە هەتا هوولەرە
بە کونێ دەکا غەرغەرە
مەبەست لە دەرزی دروومانی دەستییە، (دەرزی: ئامێرێکی بچووکی نووک تیژە، بۆ دوورینەوە قوماش بەکاردێ) لێرە هەتا هوولەرە، مەبەست لە دووری نێوان دوو جێگەیە، بە کونێ دەکا غەرغەرە، واتە: دەرزی قوماش کوندەکات و دەیاندووریێ بەیەکدا. وەڵام (دەرزی دروومانی دەستی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل20

کاتی تۆمارکردن: 27-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2161**

**لێرەوە هەتا بانە هەمووسۆفی سەرپانە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915215509520795](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915215509520795)

لێرەوە هەتا بانە
هەموو سۆفی سەرپانە
بانە: یەکێکە لە شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەبەست لە بەڕووە، لێرەوە هەتا بانە، مەبەست لەنێوانی دوو جێگەی دوورە، هەموو سۆفی سەرپانە، هەمووی داری بەڕووە، سۆفی و داری بەڕوو هەردووکیان بەیەک چووێنراون چونکە مێژوویەکی درێژیان لە کوردستاندا هەیە. وەڵام (بەڕوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل7

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2162**

**لێرەڕا تا خوراسان، هەمووی بە خورما داچان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805210144426687

لێرەڕا تا خوراسان، هەمووی بە خورما داچان
لێرەرا: لێرەوە، خۆراسان: ئەو بەشەی خاکی کوردانە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئێستای ئێرانەوە، لەلایەن کوردانەوە بە کوردخانە ناسراوە، خورما لە مەتەڵەکەدا، مەبەستی تەرزەیە، داچان، واتە: بارینی تەزە، لێرەڕا تاخوراسان، مەبەستی لەو جێگایەیە کە تەرزەکەی لێدەبارێ. وەڵام تەرزە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2163**

**لێرەڕا هەتا پردی باسا زرنگوهوڕی داسا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915215724520796

لێرەڕا هەتا پردی باسا
زرنگوهوڕی داسا
مەبەست لە تەرزەیە، کە لە کوردستان بەزۆریی لە وەرزی بەهاراندا دادەبارێت، لێرەڕا هەتا پردی باسا، مەبەست لەنێوانی دوو جێگەیە، زرینگوهوڕی داسا، (داس: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ درووینەوەی دەغڵ بەکاردێت) لە کاتی کاردکرن بە داس، کاتێک بەر بەرد و خۆڵی زەوی دەکەوێت تەقەی دێت، لە مەتەڵەکەدا بە تەقەی بارینی تەرزە چووێنراوە. وەڵام (تەرزە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل9

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2164**
**لێرەڕا هەتا خۆراسان بەهرینگ و هوری داسان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227090700454401

لێرەڕا هەتا خۆراسان
بەهرینگ و هوری داسان
مەبەست لە تەرزەیە، (تەرزە لە وڵاتی کوردەواردا لە وەرزی بەهارادا دادەبارێ) لێرەڕا هەتا خۆراسان، (خۆراسان: خاک و وڵاتی دووەی کوردانە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئێستان وڵاتی ئێرانەوە) مەتەڵەکە مەبەستی لەنێوانی دوو جێگەی زۆر دوورە، بەهرینگ و هوری داسان، چۆن داس لەکاتی دروێنەدا دەنگێکی تایبەتی لێدێ، تەرزەش کە دەبارێ دەنگێکی تایبەتی لێدێ. وەڵام (تەرزە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل20
کاتی تۆمارکردن: 27-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2165**

**لێرەڕا هەتا هەمەدان بپرسن لە ئەقڵ بەسەران دایک کچ و کوڕ بەران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227085748454396

لێرەڕا هەتا هەمەدان
بپرسن لە ئەقڵ بەسەران
دایک کچ و کوڕ بەران

مەبەست لە عیسا و مریەمی دایکییەتی، لێرەڕا هەتا هەمەدان، (هەمەدان: شارێکی کوردستانە) مەبەست لەنێوانی دوو جێگەی دوورە، بپرسن لە ئەقڵ بەسەران، واتە: پرسیار لە کەسە زیرەکەکان بکەن، دایک کچ، مەبەست لە مریەمی دایکی مەسیحە (بەپێی ئەفسانەی ناو ئایینەکان کچێکی پاکیزە بووە) کوڕ بەران، مەبەست لە مەسیحە. وەڵام (عیسا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چایخانەی موفتی، مهاباد، ل18

کاتی تۆمارکردن: 27-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2166**

**لێرەڕا هەتاکو شام، هەمووی ترێ و توڵی نەمام، لە ساحێبی خۆی حەرام**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729123451425258

لێرەڕا هەتاکو شام، هەمووی ترێ و توڵی نەمام، لە ساحێبی خۆی حەرام
لەناو کورد دا هەمیشە کچ لە لای باوانی خۆشەویست بووە، بەجوانی ناسکیی ناسراوە، لێرەڕا هەتاکوو شام: مەبەستی لە جێگا و شوێنێکی و دوورە کە کچی زۆر جوان و ناسک و باڵا وەک نەمامیان تێدایە، لە خاوەنی خۆی حەرامە واتە: بەو خۆشەویستییە گەورەیە وە بەخێودەکرێن و دوایی مێرددەکەن و باوانیان جێدێڵن و دەڕۆن. وەڵام کچ.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2167**
**لێفە شڕێک بە حەواوە، بە ملیۆن پینەی پیادراوە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817060628428757](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817060628428757)



لێفە شڕێک بە حەواوە
بە ملیۆن پینەی پیادراوە
لێفە شڕ: (لێفە کاتی شەو بۆ خەوتن بەخۆدا دەدرێت، بەتایبەتیی لە وەرزی زستاندا چونکە گەرموگوڕە) لێفەیەک زۆر بەکاربێت، شڕ و کۆن دەبێت، کۆنی لێفە چووێنراوە بە ئاسمان چونکە مێژووی درووست بوونی ئاسمان زۆر کۆنە، بە حەواوە: لێفە بەبەرزییەوە دەدرێ بەسەر جەستەدا، ئاسمانیش بەسەر زەویدا دراوە و بەرزە، بە ملیۆن پینەی پیادراوە: لێفەی شڕ بە پینە دادەپۆشرێ، ئەستێرەکانی ئاسمانیش بە پینەی لێفە چووێنراوە. وەڵام (ئاسمان و ئەستێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ڕێبوار جەمال سەگرمە]
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2168**

**لێو تەڕ دوونە**

[20220922163139435511=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220922163139435511)

لێو تەڕ دوونە.
مەتەڵساز ئەم پەندە زۆر بەخێرایی دەردەبڕێت، بە جۆرێک گوێگر سەری لێدەشێوێت، مەبەست لەوەیە کە لێوی مرۆڤ هەمیشە تەڕە، دوونە، واتە: دوو دانە لێوی تەڕ. وەڵام (لێوی مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل17

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2169**
**لێو دارۆکەی ناو چەرمۆکە تیتل و پیتل و زرزرۆکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115152101445396

لێو دارۆکەی ناو چەرمۆکە
تیتل و پیتل و زرزرۆکە
مەبەست لە دەفە (دەف: ئامێرێکی پێستداری کەلەپووری کوردییە، لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا بۆ دەربڕینی هەستی خۆشی بەکاردێ) لێو دارۆکە، مەبەست لە ئامێری دەفە کە لە دار درووستدەکرێ، پێکدێ لە دارێکی بازنەیی تەنک، قەبارەی جیاوازی هەیە، ناو چەرموکە، مەبەست لە پێستی دەفە (پێستی دەف: پێستی ئاژەڵە خۆشدەکرێ و لە دەف دەگیرێ) تیتل و پیتل و زرزرۆکە، مەبەست لەو پلپڵە و ئەڵقانەیە لە بە دەفەوەیە، لە کاتی لێداندا دەزرینگێتەوە. وەڵام (دەف) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل93


کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2170**

**لێی دەڕوانی ڕەنگی نییە ئەم لاو ئەو لای پێدەکەی بۆنی نییە دەیخۆیتەوە تامی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207173002449571

لێی دەڕوانی ڕەنگی نییە
ئەم لاو ئەو لای پێدەکەی بۆنی نییە
دەیخۆیتەوە تامی نییە

مەبەست لە ئاوە، لێی دەڕوات ڕەنگی نییە، واتە: ئاو لەبەر کانییەک یان چەمێک دەڕوا، هیچ ڕەنگێکی نییە چوونکە ئاو بێڕەنگە، ئەم لاو ئەو لای پێدەکەی بۆنی نییە، واتە: یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئاو ئەوەیە کە بۆنی نییە، لەگەڵ ئەوەدا تامیشی نییە. وەڵام (ئاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل54

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2171**
**لێی هەڵدەگری زیاد دەکات ئەیخەیتە سەری کەم دەکات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115152404445398

لێی هەڵدەگری زیاد دەکات
ئەیخەیتە سەری کەم دەکات
مەبەسی لە چاڵ یان قوڵە، لێی هەڵدەگری زیاد دەکات، واتە: چاڵ هەتا گڵی لێدەربهێنرت، قوڵییەکەی زیاد دەکات و چاڵتر دەبێ، ئەیخەیتە سەری کەم دەکات، واتە: چاڵ هەتاکوو گڵی بخەیتەسەر یان بکەیتەناو چاڵەکە کەم دەبێتەوە و پڕدەبێتەوە. وەڵام (چاڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل93

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2172**
**لە ئاسمان تەبەق تەبەق دێتەخوار ڕەق و تەق**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114151905445291

لە ئاسمان تەبەق تەبەق
دێتەخوار ڕەق و تەق
مەبەست لە تەرزەیە، لە ئاسمان تەبەق تەبەق، مەبەست لەو هەورەیە کە لە ئاسماندا کۆمەڵ کۆمەڵ کۆدەبنەوە، لە مەتەڵەکەدا بە تەبەق تەبەق ئاماژەی پێدراوە، دێتەخوار ڕەق و تەق، مەبەست لە داباریني تەرزەیە کە دەنکی ڕەق و خڕە.
وەڵام (تەرزە). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل90

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2173**
**لە ئاسمان تەبەق تەبەق، لە زەوی کوچک و کەڵەک، مانوونەبی، عەبا بەڵەک**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220816222413428715



لە ئاسمان تەبەق تەبەق
لە زەوی کوچک و کەڵەک
مانوونەبی، عەبا بەڵەک
لە ئاسمان تەبەق تەبەق واتە: ئاسمانەکای یەک لەسەر یەک وەستاون و تەبەق تەبەق و سافە، لە زەوی کوچک و کەڵەک واتە: سەر زەوی پڕیەتی لە بەرزی و نزمی کە چیا و دۆڵەکانن، ئەم دوو نیوە دێڕە بۆ سەرلێتێکدانی گوێگرە، مەبەستی سەرەکی مەتەڵەکە نیوە دێڕی سێیەمە دەڵێ: مانوونەبی، عەبا بەڵەک: مەبەستی لە شووتییە کە توێکڵەکەی بەڵەکە واتە: ڕەنگی هەندێکیان کاڵ و هەندێکیان تۆخە. دیوی دەرەوەی شوتی وەک ئاسمان سافە، دیوی ناوەوەی شوتی ناوکی تیایە چوواندوویەتی بە کوچک وکەڵەک. وەڵام (شوتی). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2174**

**لە ئاسمان دێت و دەچێت پێتەوە ئەدا ڕاناوەستێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207172408449569

لە ئاسمان دێت و دەچێت
پێتەوە ئەدا ڕاناوەستێ
مەبەست لە ژەنگەسوورەیە، (ژەنگەسوورە: گیانەوەرۆچکەیەکی بچووکی باڵداری کێویی ژەهردارە) لە ئاسماندا دێت و دەچێت، مەبەست لە ژەنگە سوورەیە کە دەتوانێت بە ئاسماندا بفڕێ، پێتەوە ئەدا ڕاناوەستێ، واتە: توانای پێوەدانی هەیە.
وەڵام (ژەنگە سوورە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل56

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2175**
**لە ئاسمان گەمان دەکا**

[20220924221242436006=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924221242436006)

لە ئاسمان گەمان دەکا
بە دەست و پێ سەما دەکا
خواردنی پاشا پەیدادەکا
گەمان واتە: گەمە یان یاریی، وازی، مەبەستی لە هەنگە کە بە ئاسماندا دەفڕێ، بەردەوام دەگەڕی و شیلەی گوڵان دەمژێ و هەنگوین درووست دەکات، بەردەوام لە کاردایە بێ وەستان، هەروەها مەتەڵەکە هەنگوین بە خواردنی پاشا باس دەکات.
وەڵام (هەنگ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل41

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2176**
**لە ئاسمانا دیارە ڕۆشن و پرشنگدارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913233718520527

لە ئاسمانا دیارە
ڕۆشن و پرشنگدارە
مەبەستی مەتەڵەکە ئەستێرە، لە کاتی شەوادا کاتێک ئاسمان ساماڵ بێت و هەوروهەڵا نەبێت، ئەستێرەکانی ئاسمان دەردەکەون، هەمووکەسێک دەتوانێت بیانبینێت، لە ئاسمانا دیارە، مەبەست لە ئەستێرەیە، ڕۆشن و پرشنگدارە، مەبەست لە کاتی درەوشانەوەی ئەستێرەیە. وەڵام (ئەستێرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل5

کاتی تۆمارکردن: 13-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2177**

**لە ئاگری دەم ناسووتێ لە ئاوی دەم تەڕ نابێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114184247445313

لە ئاگری دەم ناسووتێ، لە ئاوی دەم تەڕ نابێ.
مەبەستی مەتەڵەکە سێبەرە، (سێبەر: هەندێک سیفەتی ماددی و هەندێک سیفەتی غەیری ماددی هەیە کە شەپۆلی دەنگییە) لە ئاگری دەم ناسووتێ، واتە: سێبەر گەر بگاتە ئاگر ناسووتێ، لە ئاوی دەم تەڕ نابێ، واتە: سێبەر گەر بگاتە ئاو بەهیچ جۆرێک تەڕ نابێ. وەڵام (سێبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل90

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-14

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2178**

**لە ئاگریدەی دەمی ناسووتێ لە ئاویدەی دەمی تەڕ نابێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207172654449570](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207172654449570)

لە ئاگریدەی دەمی ناسووتێ
لە ئاویدەی دەمی تەڕ نابێ
مەبەستی مەتەڵەکە سێبەرە، (سێبەر لە ئەنجامی بەرکەوتنی تیشکی ڕووناکی لە مادەکان درووستدەبێت، لەگەڵ ئەوەدا تایبەتمەندی ماددی و ناماددیی تێدایە) لە ئاگریدەی دەمی ناسووتێ، واتە: سێبەر گەر بەر ئاگر بکەوێ ناسووتێ، هەروەها بەر ئاویش بکەوێ تەڕ نابێ. وەڵام (سێبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل56]

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2179**
**لە ئاو درووستدەبێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924222300436010

لە ئاو درووستدەبێ
بە ئاویش کۆتایی دێت
خوێ: تامی سوێرە و دەکرێتە چێشتەوە بۆ ئەوەی تام بگرێت، ئەو ئاوانەی کە سوێراون، دیراویان بۆ دەکرێت و ئاوە سوێراوەکەی تێدەکرێت و لەبەر هەتاو هەڵدەخرێت، ئاوەکە دەبێتە هەڵم و خوێکە جێدەمێنێت، مەبەست لە خوێیە کە لە ئاوی سوێر دەردەهێنرێ، لەگەڵ ئەوەدا لە ئاودا دەتوێتەوە. وەڵام (خوێ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل41

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2180**

**لە ئاو دەردێ لە کەیبانوو هەڵدێ**

2022111415163044529=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە ئاو دەردێ
لە کەیبانوو هەڵدێ
کوندە: لە پێستی بزن دروستدەکرێ و بۆ خواردنەوە ئاوی تێدەکرێ، لە ئاو دەردێ، مەبەست لە کوندەی ئاوە، کە کابان لە کانی پڕیدەکات لە ئاو، لە کەیبانوو هەڵدێ، ژن کە کوندە لە کانی دەهێنێتە، لە نوایەک دایدەنێ و جێی دەهێڵێ، کێ تینوویبوو ئاوی لێدەخواتەوە. وەڵام (کووندە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل92

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2181**

**لە ئاودا تەڕنابێ و بە ئاگریش ناسووتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114183946445312

لە ئاودا تەڕنابێ و بە ئاگریش ناسووتێ.
هەموو ماددەیەکی ڕەق یان شل ئاوی بەربکەوێ تەڕ دەبێت، لە ئاودا تەڕ نابێ، مەبەست لە تیشکی خۆرە کە بە ئاو تەڕ نابێ، بە ئاگریش ناسووتێ، واتە: تیشکی خۆر خۆی سەرچاوەکەی گەرمییە، تیشکیش توانای تێپەڕبوونی هەیە. وەڵام (تیشکی خۆر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل92

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2182**

**لە ئاودا دەژی هەردەم تینووە لە ئاو بێتەدەر هەناسەی نییە تێر ئاو بخواتەوە مردووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115145503445388

لە ئاودا دەژی هەردەم تینووە
لە ئاو بێتەدەر هەناسەی نییە
تێر ئاو بخواتەوە مردووە

لە ئاودا دەژیی هەردەم تینووە، مەبەست لە ماسییە، لەناو ئاودا دەژیی و بەردەوام تینوویەتی، لە ئاو بێتەدەر هەناسەی نییە، واتە: ماسی لە ئاودا ئۆکسجینی تواوە هەڵدەمژێ، گەر بێتە سەر زەوی توانای هەناسەدانی نامێنێ و دەمرێ، لەگەڵ ئەوەدا ئاو تێربخواتەوە دەمرێ. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل93

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2183**

**لە ئاودا ناخنکێ لەسەر زەوەی دەخنکێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114183251445310

لە ئاودا ناخنکێ، لەسەر زەوەی دەخنکێ.
هەر ژینگەیەک تایبەتە بە جۆرێک گیانلەبەر، گۆڕینی ژینگە گیانلەبەرەکان لەناودەبات، لە ئاودا ناخنکێ، مەبەست لە گیانلەبەری ماسییە کە لە ئاودا توانای ژیانکردنی هەیە، لەسەر زەوی دەخنکێ، واتە: گەر ماسی لە ئاو دەربهێنرێت و بخرێتە سەر زەوی توانای ژیانی نامێنێ و دەمرێ. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل92

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-14

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2184**

**لە ئەشکەوتێکدا سی و دوو کەس دانیشتووە یەکێک سەما دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230105185440456851

لە ئەشکەوتێکدا سی و دوو کەس دانیشتووە، یەکێک سەما دەکا.
مەبەست لە دەم و زمانە، ئەشکەوت مەبەست لە دەمی مرۆڤە، سی و دوو کەس دانیشتووە، مەبەست لە ددانەکانی دەمی مرۆڤە کە لە دەمدا جێگیرن، یەکێک سەما دەکا، مەبەست لە زمانی مرۆڤە کە لەکاتی قسەکردن و نان خواردندا دەجووڵێ.
وەڵام (دەم و ددان و زمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل130.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2185**

**لە ئەمن هەیە لە ئەتوو نییە، لە دنیا هەیە لە قیامەت نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220804113114426422

لە ئەمن هەیە لە ئەتوو نییە، لە دنیا هەیە لە قیامەت نییە
مەتەڵەکە مەبەستی لە پیتی نونە، لە ئەمن هەیە، واتە: پیتی نون لە وشەی ئەمندا هەیە بەڵام پیتی نونی لە وشەی ئەتوودا نییە هەروەها پیتی نون لە وشەی دنیادا هەیە و پیتی نون لە وشەی قیامەتدا نییە، مەتەڵەکە جۆرێکە لە یاریکردن بە پیت.
وەڵام پیتی (ن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2186**
**لە بابەی دەگا لە دایەی ناگا**

[20221114184520445314=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114184520445314)

لە بابەی دەگا، لە دایەی ناگا.
مەبەست لە منداڵی بچووکە کە تازە زاری دەپژێ و فێری قسەکردن دەبێت، لە بابەی دەگا، واتە: منداڵی کورد کە فێری یەکەم وشە دەبێت سەرەتا فێری وشەی بابە دەبێت، لە دایە ناگا، واتە: منداڵی بچووک سەرەتا فرێری وشەی دایە نابێت. وەڵام (لێوی منداڵ کە تازە فێری قسە دەبێ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل90

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-14
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2187**
**لە باخا سەوز و گەشە**

[20220915233735434226=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915233735434226)

لە باخا سەوز و گەشە
لەناو بازاردا ڕەشە
لێدەنرێ لە هەموو ماڵ
بۆ خێزان گەورە و مناڵ
بەبێ شەکر مەحاڵە
بیخۆیتەوە زۆر تاڵە
پیتی ناوەکەی سیانە
لێنانی زۆر ئاسانە
ئەگەر نەزانی واتای
قۆرییەکە پڕە لە...
مەبەست لە چایە کە تامی تاڵە و ڕەنگی ڕەشە، بێ شەکر ناخورێتەوە. وەڵام (چا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل61

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2188**

**لە باخان سەوزە لە بازاڕ ڕەشە لە ماڵان سوورە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114150904445286

لە باخان سەوزە
لە بازاڕ ڕەشە
لە ماڵان سوورە

مەبەست لە چای خواردنەوەیە، لە باخان سەوزە، واتە: چا لەناو کێڵگەدا کە دەڕوێت، ڕەنگی سەوزە، لە بازاڕ ڕەشە، واتە: چا کە پێدەگات و وشک دەکرێتەوە، ڕەنگی ڕەش دەبێت. لە بازاڕدا دەفرۆشرێ، لە ماڵان سوورە، واتە: چا لە ماڵدا کە لێدەنرێ، ڕەنگی سوور دەبێت. وەڵام (چا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل91

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2189**

**لە بازاڕ سپییە لە ماڵەوە زەردە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112221013444928

لە بازاڕ سپییە، لە ماڵەوە زەردە.
لە بازاڕ سپییە، مەبەست لە ئاردی گەنمە کە ڕەنگی سپییە، لە ماڵەوە زەردە، مەبەست لەوەیە کاتێک ئارد دەشێلرێ و دەکرێ بە هەویر، دواتر دەکرێتەوە و دەبێت بەنان، ئەو کاتەی لە فڕن یان لە تەنووردا دەبرژێندرێ، ڕەنگی زەرد و جوان دەردەکەوێ.
وەڵام (ئارد و نان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل89

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2190**
**لە بازاڕ سوورە و لە ماڵەوە زەردە**
[20220811175152427904=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1]



لە بازاڕ سوورە و لە ماڵەوە زەردە.
نیسک یەکێکە لەو دانەوێڵانەی کە جوتیارانی کورد ساڵانە دەیکەن، لە کوردستان دوو جۆر نیسک هەیە، سوور و زەرد، مەتەڵەکە مەبەستی نیسکی سوورە، لە بازاڕ سوورە، مەبەست لە نیسکە، لە ماڵەوە زەردە واتە: کاتێک لە ماڵەوە نیسک لێدەنرێ، ڕەنگە سوورەکەی لە ئەنجامی کوڵان دەگۆڕدرێ بە زەرد. وەڵام (نیسک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2191**
**لە بازاڕ سەوزە، لە ماڵە وە سوورە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811174217427902



لە بازاڕ سەوزە، لە ماڵە وە سوورە.
لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ژنان هۆکاری جوانکاری و خۆڕازاندنەوە بەکاردێنن، ژنانی کورد بۆ ئەوەی تاڵی سپی سەریان دەرنەکەوێ، خەنە بەکاردێنن، لە بازاڕ سەوزە مەبەست لە ڕەنگی خەنەیە، لە ماڵە وە سوورە واتە: کاتێک ژنان لە ماڵەوە خەنە لە قژیان دەدەن، ڕەنگە قژیان سوور دەبێت. وەڵام (خەنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2192**
**لە بازاڕ هیشکە و لە ماڵەوە تەڕ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108150716457239

لە بازاڕ هیشکە و لە ماڵەوە تەڕ.
مەبەست لە ئارد و هەویرە، لە بازاڕ هیشکە، (هیشک: وشک) مەبەست لە ئاردە کە لە بازاڕ دەفرۆشرێ وشکە، لە ماڵەوە تەڕە، مەبەست لە هەویرە کە کابان ئارد دەشێلێ و دەیکات بە هەویر، لە هەویر چەندین جۆر نانی بۆ خواردن لێدرووستدەکرێ. وەڵام (ئارد و هەویر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل190

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2193**

**لە باوکتەوە و لە دایکتە نە براتە و نەخوشکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112221626444930

لە باوکتەوە و لە دایکتە، نە براتە و نەخوشکە.
لە کۆمەڵگەدا هەندێک خێزان وا ڕێکدەکەوێت تەنیا یەک منداڵیان دەبێت، واتە لەناو خێزانەکەیدا خاوەنی خوشک و برا نییە، مەبەست لە خودی کەسەکە خۆیەتی. وەڵام (خۆتی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل89

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2194**

**لە بنی ئەسپینداره لە ناوەندی جۆخینە لەسەری گۆپارە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207174458449579](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207174458449579)

لە بنی ئەسپیندارە
لە ناوەندی جۆخینە
لەسەری گۆپارە

ئەسپیندار: سپیدار دارێکی بێ بەری توێکڵ سپییە، بۆ دارەڕا و سنعەت بەکاردێ (فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە) مەبەستی مەتەڵەکە تەشییە، (تەشی ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ و کوڵکی مەرەز بەکاردێ) لە بنی ئەسپیندارە، مەبەست لە کلکە تەشییە کە لە سپیدار درووست دەکرێ، ناوەندەکەی جۆخینە، مەبەست لە سەلکە تەشییە، لەسەری گۆپارە، مەبەست لە قولاپی تەشییە. وەڵام (تەشی). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل55

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2195**

**لە بەرد درووستدەکرێ بە بەدر دەشکێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112221217444929

لە بەرد درووستدەکرێ بە بەدر دەشکێ.
مەبەست لە شوشەیە، وەکوو ماددەیەکی ڕەق لە زەوی دەردەهێنرێ، ڕەق ماددەی شوشە لە مەتەڵەکەدا بە بەرد چووێنراوە، بە بەرد دەشکێ، واتە: هەر چرکەساتێک هەرکەسێک بەرد بە شوشەی ماڵێکدا بکێشێ، بێگومان شوشەکە دەشکێ و ورد دەبێت. وەڵام (شوشە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل15

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2196**

**لە بەردی بدەی ناشکێ، لە داری بدەی نادڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906164725432457

لە بەردی بدەی ناشکێ، لە داری بدەی نادڕێ
خەنجەری لێبدەی نایبڕێ، لە ئاوی بدەی تەڕنابێ.
مەبەستی مەتەڵەکە سێبەرە، کە بەهۆی تیشکی ڕووناکییەوە درووست دەبێت کە بەر شتێکی ماددیی بکەوێت، هەرشتێکی بەرانبەر بکەیت، ئەو وەکوو خۆیەتی و هیچی لێنایەت، وەکوو لە مەتەڵەکەدا هاتووە، نە بە بەرد دەشکێ، نە خەنجەر دەیبڕێ، نە بەدار دەدرێ و نە بە ئاویش تەڕ دەبێت. وەڵام (سێبەر) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل122

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2197**

**لە بەردییە گۆشتی زار و دڵی لە پشتییە ئاگای لە گشتییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227085050454394

لە بەردییە
گۆشتی زار و دڵی لە پشتییە
ئاگای لە گشتییە
مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە، (ئاش: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێ) لە بەردییە، مەبەست لە بەرداشی ئاشە، کە لەبەردی چیایی درووستدەکرێ، گۆشتی زار و دڵی لە پشتییە، مەبەست لە دانەوێڵەکە کە بە ئاش دەهاڕێ، ئاگای لە گشتییە، واتە: دانەوێڵەی هەمووان دەهاڕێ. وەڵام (ئاش). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چایخانەی موفتی، مهاباد، ل18

کاتی تۆمارکردن: 27-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2198**
**لە بەفر سپی ترە لە خەڵووز ڕەشترە لە چۆلەکە گەورەترە لە حوشتر گچکەترە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115150228445390

لە بەفر سپی ترە، لە خەڵووز ڕەشترە
لە چۆلەکە گەورەترە، لە حوشتر گچکەترە
مەبەستی مەتەڵەکە قەلەباچکەیە لە بەفر سپی ترە، مەبەست لە پەڕەکانی ژێر سکی قەلەباچکەیە کە ڕەنگیان سپییە، لە خەڵووز ڕەشترە، مەبەست لە پەڕەکانی تەواوی جەستەی قەلەباچکەیە کە ڕەنگیان ڕەشە. لە چۆلەکە گەورەترە و لە حوشتر گچکەترە، مەبەستی لە قەبارەی قەلەباچکەیە. وەڵام (قەلەباچکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل94

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2199**

**لە بەفر سپی ترە، لە ڕەژوو ڕەش ترە، لە وشتر گەورە ترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729122415425255

لە بەفر سپی ترە، لە ڕەژوو ڕەش ترە، لە وشتر گەورە ترە
سپێنەی چاوی مرۆڤ ڕەنگی سپییە، لە مەتەڵەکەدا بە بەفر دانراوە، لە ڕەژوو ڕەش ترە، ڕەژوو مەبەست لە خەڵووز، واتە: ڕەشێنەی چاو لە خەڵووز ڕەشترە، لە وشتر گەورەترە: مەبەست لەوەیە کە شتی لەوشتر گەورەتری پێدەبینرێ. وەڵام.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2200**

**لە بەهاردا زیندووە، لە هاویندا مردووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927101622523573

لە بەهاردا زیندووە، لە هاویندا مردووە.
مەبەست لە هێلکە شەیتانۆکەیە، (هێلکە شەیتانۆکە: کرمۆکەیەکی لیقە، قەپاغێکی کلسی بۆ پاراستن بەدەوری خۆیدا دەکات، تەنیا لە وەرزی بەهاردا دەژیی) ، لە بەهاردا زیندووە، لە هاویندا مردووە، مەبەست لە کاتی ژیانی هێلکە شەیتانۆکەیە. وەڵام (هێلکە شیتانۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2201**
**لە پڕ نیوە، لە نیو پڕە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825091158430206



لە پڕ نیوە، لە نیو پڕە.
دەرکەوتنی سێبەر زەوی لەسەر مانگ و خولانەوەی مانگ بەدەوری زەویدا کە دیاردەیەکی سرووشتییە وادەکات کە شێوەی مانگ بە چەند جۆرێک ببینرێت، مانگێک وەکوو کات نزیکەی سی ڕۆژە، لە پڕ نیوە واتە: دەرکەوتنی مانگ بەشێوەیەکی گۆڕی لە پازدەی مانگدا، لە نیو پڕە، هەمان واتای هەیە. مەتەڵەکە جۆرێکە لەیاریکردن بە وشە. وەڵام (مانگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-25
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2202**

**لە پەنجەرەوە دەچێتە ژوور لە دەرگاوە دێتەدەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115152709445399

لە پەنجەرەوە دەچێتە ژوور، لە دەرگاوە دێتەدەر.
مەبەست لە نووسینی نامەیە و ناردنییەتی بە پۆست، لە پەنجەرەوە دەچێتە ژوور، مەبەست لە سنووقی پۆستە، جێگەی خستنە ناوی نامەی هەیە، لە مەتەڵەکەدا بە پەنجەرە چووێنراوە، لە دەرگاوە دێتەدەر، مەبەست لە پۆستەچییە کە سنووقی پۆستەکە دەکاتەوە و نامەکان دەردەهێنێ. وەڵام (نامەی پۆستە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل95

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2203**
**لە توخمی میوەهاتە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915215108434190](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915215108434190)

لە توخمی میوەهاتە
لە شەش پیتیش پێکهاتە
خەت خەت سپی و زەردی جوان
دەڕوێ لە باخ و بێستان
تەنیا بۆ جوانی و بۆ بۆن
ڕوواوە نەکەن بیخۆن
مەبەستی مەتەڵەکە شەمامەیە کە میوەیەکی بۆن خۆشی جوانە، ڕەنگی زەرد و خەت خەتە، بەڵام بۆ خواردن ناشێ، تەنیا بۆنی خۆشە. وەڵام (شەمامە) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل37

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2204**

**لە تۆ ئەپرسم ئەی حەکیکم زانا سەرێک و زکێک و پەنجا با**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219194233453027

لە تۆ ئەپرسم ئەی حەکیکم زانا
سەرێک و زکێک و پەنجا با
مەبەست لە قەنەیە، (قەنە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە قوڕ دروستدەکرێت، بۆ کێشانی توون بەکاردێت) ، لە تۆ ئەپرسم ئەی حەکیم زانا، مەتەڵساز ئاڕاستەی مەتەڵ دەکاتە کەسی دنیادیدە و زانا، سەرێک و زکێک، واتە: ئەو جێگەیەی توتنی تێدەکرێت بە زک و جێگەی نەفەسکێشانەکەش بە سەر چوواندووە، پەنجا با، مەبەست لە بەباکردنی دووکەڵە. وەڵام (قەنەکێشان) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل38


کاتی تۆمارکردن: 2022-12-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2205**
**لە تەڕا وشکە لە وشکا تەڕە**

20221207212838449745=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە تەڕا وشکە
لە وشکا تەڕە
مەبەستی جێگەی ڕواندنی دارە، واتە: دار لە هەرجێگەیەکدا بەشێوەی سرووشتی ڕێکەوێ دەڕوێ، لە تەڕا وشکە، واتە: دارێک لە جێگەیەکی ئاویدا ڕوابێ، ڕەگەکەی لە ئاودایە بەڵام قەد و گەڵاکانی لە دیوی دەرەوە وشکە، لە وشکا تەڕە. واتە: دارێک لە جێگەیەکی وشکانیدا ڕوابێ، قەدەکەی لە ناوەوە تەڕە. وەڵام (دار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل54

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2206**
**لە تەیراوەی دەستپێدەکات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924222619436011

لە تەیراوەی دەستپێدەکات
لە قەڵات کۆتایی پێ دێت
تەیراوە: یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری قەڵا و منارە، مەبەست لە پیتی (ت) ە، وشەی تەیراوا بەپیتی (ت) دەست پێدەکات، قەڵا: مەبەست لە شاری قەڵا و منارەیە، وشەی قەڵات بەپیتی (ت) کۆتایی دێت. وەڵام (پیتی ت) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل40

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2207**

**لە جوانی چەفتە، لە پیری ڕاسە هەر کەس بۆ شێرێ خوداشناسە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927102038523574

لە جوانی چەفتە، لە پیری ڕاسە
هەر کەس بۆ شێرێ خوداشناسە
چەفت: خوار، لار یان چەوتوچەوێڵ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، ڕاسە: ڕاستە. خوداشناس: خودناس، مەبەستی مەتەڵەکە مانگە، لە جوانی چەفتە، واتە: مانگی یەک شەوە کەوانەییە و لارە، لە پیری ڕاسە، واتە: مانگ کە بوو بە چواردەشەوە هەموو بەتەواوی دەردەکەوێت، بە پیر چووێنراوە، هەر کەس جوانی مانگ ببینێت، خودناسە. وەڵام (مانگ) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل50

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2208**
**لە چاڵێکی چل گەزی، فاتمەخانی تێبەزی، سەری پڕە لە دەرزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220818091859428930



لە چاڵێکی چل گەزی
فاتمەخانی تێبەزی
سەری پڕە لە دەرزی

گەز: بڕێکی پێوانەییە کاڵا و شتومەکی پێدەپێوریێ (فەرهەنگی خاڵ) کنگر لە کوێستانەکانی کوردستاندا دەڕوێ، ئەو کەسەی کنگر دەکات لە زەوی هەڵیدەکەنێ، جێگەی کنگرەکە چاڵ دەبێت، لە مەتەڵەکەدا بە چاڵی چل گەزی ناوی بردووە، فاتمەخانی تێبەزی، فاتمەخان مەبەستی لە کنگرە، تێبەزی واتە: کنگر دابەزیوەتە ناو چالەکەوە و تێیدا ڕوواوە، سەری پڕە لە دەرزی، بەسرووشت کنگر دڕکاوییە، دڕکەکانی بە دەرزی چووێنراوە. وەڵام (کنگر) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2209**

**لە چڕی گرتی سەنگەر لە ئاسمان گرتی لەنگەر خۆی بۆ ڕاگرە قوڕت بەسەر کەروێشک و کەو بوونەکە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115150825445392](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115150825445392)

لە چڕی گرتی سەنگەر، لە ئاسمان گرتی لەنگەر
خۆی بۆ ڕاگرە قوڕت بەسەر، کەروێشک و کەو بوونەکەر
سەنگەی: دانیشتنیان وەستان لە شوێنێکدا بۆ نێچیر، لەنگەر: فڕینی باڵندە و وەستانی لە هەوادا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە)
لە چڕی گرتی سەنگەر، لە ئاسمان گرتی لەنگەر، مەبەست لە باڵندەی هەڵۆ یان تەوارە کە بەرز دەفڕێ و نێچیر دەدۆزێتەوە و دەستنیشانی دەکات، کەروێشک و باڵندە و کەو دەکەونە بۆسەیەوە و دەیانگرێ. وەڵام (تەوار، هەڵۆ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل94

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2210**
**لە چەند پارچە پەڕۆیە جوان**

20220915221551434196=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە چەند پارچە پەڕۆیە جوان
دروستی دەکەن وڵاتان
هەر وڵاتەی هی خۆی جیایە
هێمای خۆیانیانی تیایە
هی دوو وڵات وەکو یەک نین
هەڵکراون و لە بەرزین
وڵاتی یەک دانەی لەوە
بەسیەتی بۆ ناسینەوە
دەبێ مانای مەتەڵ چی بێ
وڵاتێک یەک دانەی بێ
مەبەست لە ئاڵای وڵاتە، کە هەر وڵاتێک یەک ئاڵای هەیە. وەڵام (ئاڵا).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل43

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2211**

**لە حەریر لووسترە لە تەیر خێراترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114180853445302

لە حەریر لووسترە
لە تەیر خێراترە
حەریر: جۆرێک قوماشە لە ئاوریشم درووستدەکرێ (فەرهەنگی وشەنامە) لووس و نەرم و بریقەدارە، لە حەریر لووسترە، مەبەست لە گیانلەبەری ماسییە کە وەک حەریر لووسە، لە تەیر خێراترە، تەیر مەبەست لە باڵندەیە کە تێژرەوە لە فڕیندا، لە مەتەڵەکەدا ماسی پێچووێنراوە. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل91

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-14

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2212**
**لە حەوایە لە حەوایە لە پشتی پیرەگایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115150526445391

لە حەوایە لە حەوایە
لە پشتی پیرەگایە.
پیرەگا: لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە زۆپای دارە، لە حەوایە لە حەوایە، مەبەست لە لوولەی زۆپای دارە کە لە زۆپاکەوە بۆ سەقف و سەربانی خانوو بەرزدەبێت.ەوە، دووکەڵی زۆپای داری لە زۆپاکەوە بۆ سەربان پێدا تێپەڕدەبێت. وەڵام (زۆپای لولەکێش) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل95

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2213**
**لە حەوایە وەکوو نیسک لە حەوزییە وەکوو گیسک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114181159445304

لە حەوایە وەکوو نیسک
لە حەوزییە وەکوو گیسک
نیسک: جۆرێک دانەوێڵەی وردە، گیسک: بێچووی بزن لە شیر براوە (فەرهەنگی کانی) لە حەوایە وەکوو نیسک، مەبەست لە قازوقوڵنگە (قازوقوڵنگ: باڵندەیەکی کێوییە، لە کوردستاندا بەردەوام لە گەرمیان و کوێستاندایە) کە دەفڕێ هێندە بەرز دەبێتەوە، بە ئاستەم دەبینرێ، بۆیە بە نیسک چووێنراوە، لە حەوزییە وەک گیسک، واتە: کاتێک لەسەر حەوزێک بۆ ئاو خواردنەوە دەنیشێتەوە، قەبارەی زۆر گەورەیە، لەمەتەڵەکەدا بە گیسک چووێنراوە. وەڵام (قازوقوڵنگ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل91

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2214**
**لە حەوت ئاوان بپەڕێتەوە تەڕنابێ**

[20221209084246449893=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221209084246449893=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

لە حەوت ئاوان بپەڕێتەوە تەڕنابێ.
مەبەست لە قازە، (قاز: یەکێکە لە پەلەوەرەکانی کوردستان، لەمێژە کورد ناسیویەتی و بەهۆی چەوری جەستە و پەڕەکانییەوە، لە ئاودا تەڕنابێ) لە حەوت ئاوان بپەڕێتەوە تەڕنابێ، واتە: قازگەر بە ئاودا بڕوا پەڕەکانی تەڕنابێ، ئەم مەتەڵە لە ئەدەبی زارەکی کوردیدا وەک پەندی پێشینانیش بەکاری. وەڵام (قاز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا ل58

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2215**
**لە خێشەوە لە پێشەوە، دەڕوا پاژنە پێ لەپێشەوە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805212305426692



لە خێشەوە لە پێشەوە، دەڕوا پاژنە پێ لەپێشەوە
خێش: شەنەی دەم بە قولاپ، شتی گرانی پێدادەگیرێت فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، لە خێشەوە لە پێشەوە، بۆ جوانکاری، مۆسیقا و کێش و سەروای مەتەڵەکە بەکارهاتووە، قاچی کوللە وەک شەنەی دەم بە قولاپ وایە، دەڕوا پاژنە پێ لەپێشەوە، مەبەستی لە کوللەیە کە پاژنە پێی قاچی بە پێچەوانەی هەموو گیانەوەرۆچکەکانەوە لەپێشەوەیە. وەڵام کوللە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2216**

**لە خەنجەر تیژترە لە شەکر شیرینترە لە سماق ترشترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115145916445389

لە خەنجەر تیژترە
لە شەکر شیرینترە
لە سماق ترشترە

مەبەست لە دەوەنی تووترکە (تووترک: دەوەنێکی دڕکاوی چڕە، لە دەم چەم و ڕووبارەکاندا بەشێوەیەکی سرووشتی دەڕوێ) لە خەنجەر تیژترە، مەبەست لە دڕکی تووترکە، لە تیژیدا بە خەنجەر چووێنراوە، لە شەکر شیرینترە، مەبەست لە بەری تووترکە کە پێدەگات ڕەنگی ڕەش و شیرینە، لە سماق ترشترە، بەری تووترک، پێش پێگەیشتن ڕەنگی سوور دەبێت، تامی زۆرترشە و چووێنراوە بە ترشی سماق. وەڵام (تووترک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل94


کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2217**

**لە دار ئەکرێ، لەبەرد ئەکرێ، وەکو ئەسپ زین ئەکرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220804113430426423

لە دار ئەکرێ، لەبەرد ئەکرێ، وەکو ئەسپ زین ئەکرێ
لە دار دەکرێ لە بەرد دەکرێ واتە: مەبەست لەو خانووانەیە کە لە گوندی کوردەواردا لە بەرد و قوڕ درووست دەکرێ ، وەک و ئەسپ زین دەکرێ: مەبەستی لە گڵەبانە یان ئەو خۆڵەی کە دەخرێتە سەر دارەڕای خانووە کە لە مەتەڵکەدا بە زین چووێنراوە. وەڵام خانووی قوڕ و بەرد. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2218**

**لە داری چیا لە مووی بزن ئافەرم ژن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112220221444925

لە داری چیا
لە مووی بزن
ئافەرم ژن

مەبەست لە درووستکردنی چیغە، (چیغ: لە قامیشی وشک درووستدەکرێ، بۆ جیاکردنەوە و نێوانکردنی شوێنێک بەکاردێ) لە داری چیا: مەبەست لە قامیشە کە لە قەراغی چەمەکاندا دەڕوێ، لە مەتەڵەکەدا بە داری چیا ئاماژەی پێدراوە، لە مووی بزن، مەبەست لە ئەو داوەیە کە لە مووی بزن دەڕێسرێ و درووستدەکرێ، پاشان چیغی قامیشی پێدەچنرێ، ئافەرم ژن، واتە: ئەو کارە کاری ژنە. وەڵام (چیغ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل89

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2219**
**لە داری کەژ تاڵترە لە حوشتر بڵندترە لە هێلکە گچکەترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111213230457977

لە داری کەژ تاڵترە
لە حوشتر بڵندترە
لە هێلکە گچکەترە
لە داری کەژ تاڵترە، (کەژ: جۆرە دەوەنێکە بە سرووشتی لە دەشت و گرددا دەڕوێ، بەرێکی تاڵی هەیە، ئاژەڵ نایخوات) مەبەست لە توێکڵی گوێزە کە وەک بەری کەژ تاڵە و بۆ خواردن ناشێ، لە حوشتر بڵندترە، مەبەست لە داری گوێزە لە گەورەیی و بڵندیدا بە حوشتر چووێنراوە، لە هێلکە گچکەترە، مەبەست لە گوێزە کە قەبارەی بچووکە. وەڵام (گوێز و توێکڵی گوێز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل199.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2220**

**لە داک و خوشک ناگانەوە، بە باب و برا دەگاتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811173617427901

لە داک و خوشک ناگانەوە، بە باب و برا دەگاتەوە.
لە کۆمەڵگەی کوردیدا لێوی منداڵ واهەڵکەوتووە، یەکەم پیت کە فێردەبێت، پیتی (ب) یە، بۆیە زۆر زوو پێش وشەی دایە یان خوشک، منداڵ فێری وشەی باب و برا دەبێت چونکە بە پیتی (ب) دەست پێدەکەن بەڵام دایک و خوشک بە پیتی (د، خ) دەست پێدەکەن. وەڵام (لێو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2221**
**لە دنیادا سێیە لە قیامەتدا شەشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003204342524547

لە دنیادا سێیە
لە قیامەتدا شەشە
قیامەت: لە ئەفسانەی ئایینەکاندا، مەبەستی لە ڕۆژی دوایی و لێپرسینەوەیە، مەبەستی مەتەڵەکە خاڵی سەر وشەکانە، جۆرێک یاریکردن و بژادنی خاڵەکانە، لە دنیادا سێیە، واتە: لە وشەی (دنیا) سێ خاڵ هەیە، لە قیامەتدا شەشە، واتە: لە وشەی (قیامەت) دا شەش خاڵ هەیە. وەڵام (خاڵی پیتەکانی وشەی دنیا و قیامەت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل55

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2222**
**لە دوازدە یەکی حەرامە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920222231522149

لە دوازدە یەکی حەرامە.
حەرام: نارەوا (فەرهەنگی خاڵ) ، مەبەست لە مانگی ڕۆژووگرتنە، (لە ئایینە ئیبراهیمییەکاندا ساڵی مانگێک باوەڕداران بە ڕۆژ نان ناخۆن، وەک ئەرکێکی ئایینی پەیڕەوی دەکەن) ، لە دوازە یەکی حەرامە، واتە: لە دوازدە مانگ یەک مانک نانخواردن تێیدا بەڕۆژ نارەوایە. وەڵام (مانگی ڕۆژووگرتن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل25

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2223**

**لە دوور دێ بە لورەلور دێ قەڵەم دەبڕێ و خوێن دێ**

2022111220510444926=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە دوور دێ
بە لورەلور دێ
قەڵەم دەبڕێ و خوێن دێ
مەبەست لە گوللەیە، لە دوور دێ، واتەڵ گوللە لە جێگەیەکی دوورەوە دەتەقێندرێ و دەگاتە شوێنێکی دوور، بە لورەلور دێ، واتە: ئەو کاتەی دێ دەنگی گەورەیە و بە ئاسانی هەستی پێدەکرێ، قەڵەم دەبڕێ و خوێن دێ، واتە: بەر جەستەی هەر مرۆڤێک بکەوێ، کونی دەکات و خوێنێ لێدێ. وەڵام (گوللە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل89

کاتی تۆمارکردن: 12-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2224**

**لە دوور دێ، لە نوور دێ، بە قەڵەم و کاغەزی سوور دێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822162425429674

لە دوور دێ، لە نوور دێ
بە قەڵەم و کاغەزی سوور دێ
لە دوور دێ واتە: لە جێگەیەکی دوورەوە دێت، لە نوور دێ، (نوور: ڕووناکیی) واتە: لە جێگەیەکی ڕووناکەوە دێت کە مەبەستی لە هەورەبروسکەیە، بە قەڵەم و کاغەزی سوور دێ، مەبەست لە چرکەساتی هەورەبروسکەیە کە ڕەنگی سوورە و بە قەڵەم چووێنراوە، ئاسمانیش بە کاغەز. وەڵام (هەورەبروسکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل23

کاتی تۆمارکردن: 22-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2225**

**لە دوور هات لە دوور هات، بە کەڵافەی زەرد و سوور هات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805205708426686

لە دوور هات لە دوور هات، بە کەڵافەی زەرد و سوور هات
زەردەواڵە یان ژەنگە سوورە، کەڵافەی زەرد و سوور، مەبەستی لە قەد و کلکی زەردەواڵەیە کە ڕەنگاوڕەنگە وەک کەڵافەی زەنگیانە، (کلافەر زەنگیانە لە کوردەواردا دەکرێتە قاچی کەوی ماڵیی) لە دوور هات، مەبەستی لەوەیە لە جێگایەکی دورەوە هات. وەڵام ژەنگە سوورە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2226**
**لە دوورەوە دەمی بۆ دەکەیتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114185447445317

لە دوورەوە دەمی بۆ دەکەیتەوە.
منداڵ لە تەمەنی بچووکیدا توانای ئەوەی نییە بۆخۆی خۆراک بخوات، بەڵکوو دەکرێت بەدەمییەوە، مەبەست لە منداڵی بچووکە کە دەمی بۆ خواردن دەکاتەوە. وەڵام (خواردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل90

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-14
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2227**
**لە دیزەت کردم، لە دەرپێم مەکە لە نانت کردم، تۆ لەجێم مەکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221123916453278

لە دیزەت کردم لە دەرپێم مەکە
لە نانت کردم تۆ لەجێم مەکە
مەبەست لە ئیش و کارکردنە، (دیزە: لە قوڕ دروستدەکرێ و سووردەکرێتەوە و ڕۆنی کوردیی تێدا هەڵدەگیرێ) لە دزەت کردم لە دەرپێم مەکە، واتە: لە ماڵ زیندانیت کردم، وازبێنە و ئابڕووم مەبە، لە نانت کردم تۆ لە جێم مەکە، واتە: برسیت کردم ئیتر دەربەدەرم مەکە. ئەم مەتەڵە وەکوو پەندی پێشینانیش بەکاردێ. وەڵام (لە ئیش و کارت کردم و لە ماڵ دەربەدەرم مەکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل58

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2228**

**لە دەرەوە، لەدەر سەرما ڕچیوە**

[20220915234957434228=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915234957434228)

لە دەرەوە
لەدەر سەرما ڕچیوە
لە ژوورەوە
وەک بووک تارای پۆشیوە
لە گەرمایا
دەرگایان دەکەینەوە
لەسەرمایا
دیسان دایدەخەینەوە
لە کاتی ڕۆژ
بۆ ڕووناکی بەرکەوتن
لە کاتی شەو
پەردەی ئەدەین بۆ خەوتن
ئەمە چییە؟
ها لەناوەندی دیوار
دروست دەکرێ
لە شوشە و ئاسن یان دار
مەبەست لە پەنجەرەیە کە هەموو ماڵێک هەیەتی. وەڵام (پەنجەرە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل63

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2229**

**لە دەستا خۆش و داماوە پێم بڵێ کە چی ناوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207213221449746

لە دەستا خۆش و داماوە
پێم بڵێ کە چی ناوە
مەبەست لە تەزبیحە، (تەزبیح لە کوردەواردا بە زۆری لە قەزوان درووست دەکرێ، نزیکەی سەد دەنک دەکرێ بە داوێکەوە) لە دەستا خۆش و داماوە، مەبەست لە تەزبیحە کە خەڵکی بە دەستیانەوە دەیگرن، ئەوەندە دەنکەکانی بە دەست دەجووڵێنن، لە مەتەڵەکەدا بە دامای چوواندویەتی. وەڵام (تەزبیح) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل55

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2230**

**لە دەمەوە دەخوا لە دەمەوە فڕێدەدا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207213524449747

لە دەمەوە دەخوا
لە دەمەوە فڕێدەدا
هەموو زیندەوەرێ لە دەمەوە دەخوا و لە جێگەیەکی ترەوە پاشەڕۆ فڕێدەدا، مەتەڵەکە مەبەستی لە مەشکەیە، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە پێستی بزن درووستدەکرێ و دۆی پێدەژەنرێ) ، هەروەها لە دەمی مەشکەکەوە ئاو و ماستی تێدەکرێ، هەر لە دەمەکەیەوە دۆ و کەرەی لێدەردەهێنرێ. وەڵام (مەشکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل57

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2231**

**لە دەوری پێغەمبەری**

[20220924222824436013=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924222824436013)

لە دەوری پێغەمبەری
کلک لە تەوق سەری
دووپشک یەکێکە لە گیانەوەر ژەهراوییە ترسناکەکان، لە ڕێگەی کلکییەوە پێوەدەدات، لە دەوری پێغەمبەری، واتە: لە مێژوویەکی کۆنەوە مرۆڤی کورد دووپشکی ناسیوە، کلکی لە تەوق سەری، واتە: مەبەست لە دووپشکە کە کلکی بۆ سەر تەوقی سەری هەڵدەگەڕێتەوە و ئامادەیە بۆ پێوەدان. وەڵام (دووپشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل41

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2232**

**لە زەمانی ئەسحابان، کوڕ گەورەترە لە بابان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822220019429753

لە زەمانی ئەسحابان
کوڕ گەورەترە لە بابان
مەتەڵەکە مەبەستی ئێسترە، لە زەمانی ئەسحابان واتە: لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە (لەناو ژیانی کوردەواردا، شوانکارەی کورد بەردەوام داهێنانی کردووە، لە مایین و نێرەکەر توخمێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە پێی دەوترێ ئێستر، باربەرێکی باش و بەهێزترە لە باوانی) کوڕ گەورەترە لە بابان واتە: ئێستر قەبارەی لە کەر گەورەترە، هەرچەندە کەر باوکی ئێسترە، لەم بارەیەوە پەندێک هەیە پێشینان دەڵێن: بە ئێستریان وت باوکت کێیە؟ وتی: دایک ماییندە. وەڵام (ئێستر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل24


کاتی تۆمارکردن: 2022-08-22

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2233**

**لە زەمانی پیر و چاکان کوڕ گەورەترە لە بابان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117185930458883](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117185930458883)

لەزەمانی پیر و چاکان
کوڕ گەورەترە لە بابان
لە زەمانی پیر و چاکان، مەبەست لە سەردەمێکی زۆر کۆن و زووە، کوڕ گەورەترە لە بابان، کوڕ مەبەست لە ئێسترە، باب مەبەست لە کەرە، لە کوردەواردا جووتیارەکان ماین و کەر لەیەک جووتدەکەن، ئێستر درووستدەبێت، قەبارەی جەستەی ئێستر لە هی کەر گەورەترە، ئێستر کەر باوکییەتی و ماین دایکییەتی. پیشینان دەلین: بە ئێستریان وت: باوکت کێیە؟ وتی: دایکم ماینە. [1]
وەڵام: (ئێستر و کەر)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل221.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2234**

**لە زەمانی حەزرەتی عەکاشە پاژنەی لەپێشە پەنجەی لەپاشە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221123514453274](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221123514453274)

لە زەمانی حەزرەتی عەکاشە
پاژنەی لەپێشە پەنجەی لەپاشە
مەبەست لە کوڵڵەیە، (کوڵڵە: گیانەوەرۆچکەیەکی بچووکی باڵدارە، دەغڵودان دەخوا.) (عەکاشە: ناوی کەسایەتییە) لە زەمانی حەزرەتی عەکاشە، واتە: لە کاتێکی زۆر کۆنەوە، پاژنەی لەپێشە پەنجەی لەپاشە، کوڵڵە سرووشتی قاچی وایە کە پاژنەپێی لە پێشەوەیە. وەڵام (کوڵڵە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل57

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2235**

**لە ژوور دەژێی لەدەر دەمرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114184801445315

لە ژوور دەژێی، لەدەر دەمرێ.
ژوور و دەر مەبەست لە ئاو و شکانییە، لە ژوور دەژێی، مەبەست لە ژینگەی ئاوییە کە ماسی تێدا دەژێی، مەبەست لەناو ئاوە کە لەمەتەڵەکەدا بە ژوور چووێنراوە، لەدەر دەمرێ، مەبەست لە ژینگەی زەوییە، گەر ماسی بهێنرێتە سەری، توانای ژیانکردنی نامێنێ و دەمرێ. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل91

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2236**
**لە ژەهر تاڵترە لە هەنگوین شیرینترە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114152658445293](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114152658445293)

لە ژەهر تاڵترە
لە هەنگوین شیرینترە
ژەهر وەک خواردنەوەیەکی تاڵی کوشندە لەلای کورد ناسێنراوە، بە پێچەوانەشنەوە هەنگوین وەک خۆراکێکی بەهادار و شیرین ناسێنراوە، لە ژەهر تاڵترە، مەبەست لە زمانی مرۆڤە، گەر خراپ بگەڕێ، بەرانبەری تووشی خراپتریش رۆژگاردەکات، لە هەنگوین شیرینترە، واتە: گەر زمان باش بگەڕێ، خۆشبەختی تووشی دەوروبەردەکات. وەڵام (زمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل90

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2237**
**لە ساماڵی بەفر دەباری**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114185211445316](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114185211445316)

لە ساماڵی بەفر دەباری.
ساماڵ: مەبەست لە ئاسمانێکی بێ هەور و سافە، لە ساماڵی بەفری دەبارێ، مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، کاتێک پەلەوەرێک هێلکە دەکات، هێلکەکە بەردەبێتەوە سەر زەوی، ئەو دیمەنە چوێنراوە بە دابارینی بەفر، وەکوو چۆن بەفر لە ئاسمانەوە دەبارێتە سەر زەوی. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل90

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-14
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2238**

**لە سبەینێ هەتا ئێوارێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924223048436014](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924223048436014)

لە سبەینێ هەتا ئێوارێ، خۆڵ بەسەر خۆیدا دەکات، کە گەڕایەوە ماڵێ، لە کابانی جوانترە و خاوێنترە.
لە کوردەواردا جووتیار بە ئامێری نیروئامور و جووتە گا کاری زەوی کێڵان ئەنجامدەدات، نیروئامور دەمێکی ئاسنی گەورەی پێوەیە کاری کێڵانی پێئەنجامدەدرێت، مەتەڵەکە مەبەستی لە گاسنی جووتە، کە زەوی دەکێڵێت، خۆڵاوی دەبێت، کە تەواودەبێت، خاوێندەکرێتەوە. وەڵام (گاسنی جووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل41

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2239**
**لە سپیدار بەرزترە لە تاڵیشکە تاڵترە لە هەموو شتێ خۆشترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114151157445287

لە سپیدار بەرزترە
لە تاڵیشکە تاڵترە
لە هەموو شتێ خۆشترە

سپیدار: جۆرێک دارە لە قەراغ چەم و جۆگەدا دەڕوێنرێ، ئارەزووی لە ئاوە، زۆر بۆ ئاسمان هەڵدەچێ. تاڵیشک: گیایەکی کوێستانییە، لە بەهاردا بەشێوەیەکی سرووشتی دەڕوێ، وەک خۆراک دەدرێ بە کەو، لە سپیدار بەرزترە، مەبەست لە داری گوێزە کە وەک سپیدار بەرز دەبێتەوە، لە تاڵیشکە تاڵترە، مەبەست لە گەڵای تەڵیشکە کە تامی تاڵە، لە هەموو شتێک خۆشترە، مەبەست لە گوێزە. وەڵام (گوێز و داری گوێز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل90
کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2240**
**لە سکی دایکی دێتەدەرێ، پشتی باوکی دەخورێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821082622429376



لە سکی دایکی دێتەدەرێ، پشتی باوکی دەخورێنێ.
مەبەستی مەتەڵەکە شقارتەیە (شقارتە: پێکدێ لە قەپاغێکی کارتۆنی بەهێز، شێوەیەکی شەشپالووی لاکێشەیی هەیە، دوو لاتەنیشتی مادەیەکی کبریتی زبرە، دەنکە شقارتە لەناویدایە، سەری دەنکە شقارتەکان مادەیەکی کبریتی لوسی پێوەیە، لە ئەنجامی لێخشان بە لا قەراغی کبریتە زبرەکەدا، ئاگر درووست دەکات و دەنکی شقارتەکە کە لە دار درووست دەکرێ گڕدەگرێ، شقارتە بۆ داگیرساندنی تەباخ یان چرا بەکار دێت، بەڵام لە ئێستادا چەرخی غاز جێگەی گرتووەتەوە) لە سکی دایکی دێتەدەرێ واتە: دەنکی شقارتە کە لە قەپاغەکەی دەردەهێنرێ، پشتی باوکی دەخورێنێ واتە: دەهێنرێ بە لا تەنیشتی قاوغەکەیدا و دادەگیرسێ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2241**
**لە سی پڕە لە پازدە جەحێڵە**

20221227090419454398=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە سی پڕە
لە پازدە جەحێڵە
مەبەست لە دەرکەوتنەکانی مانگە لە شەوە جیاوازەکاندا، لە سی پڕە، واتە: وەکوو کات دوای سی ڕۆژ مانگێک تەواودەبێت، بەڵام شێوە و قەبارەتی مانگ لە سی مانگدا زۆر بچووک دەبێتەوە، لە پازدە جەحێڵە واتە: مانگ لەو کاتەدا هەموو قەبارەی دیارە، لە کوردەواردا پێی دەوترێ: مانگی چواردە. وەڵام (مانگی چواردە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل20
کاتی تۆمارکردن: 27-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2242**

**لە سەد و یەک خەڵکیدا، مەلایەک و دوو حاجی تێدا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805210647426689



لە سەد و یەک خەڵکیدا، مەلایەک و دوو حاجی تێدا
سەد و یەک خەڵک واتە: سەد و یەک دەنکی تەزبیح (لە کوردەواردا تەزبیح سەد و یەک دەنکە، بە زۆری لە قەزوان درووست دەکرێت) مەلا واتە: ئەو دەنکە درێژەی بە سەری تەزبیحەوەیە، دوو حاجی واتە: ئەو دوو دەنکە تایبەتییەی کە بە سێیەکی تەزبیحەکەوەن. وەڵام تەزبیح یان تەسحیب.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2243**

**لە سەدی یەک خەڵک، مەلایەک و دوو حاجی تێدایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209084600449894

لە سەدی یەک خەڵک، مەلایەک و دوو حاجی تێدایە.
مەبەستی مەتەڵەکە تەزبیحە، (تەزبیح لە کوردەواردا لە دەنکی قەزوان درووستدەکرێ، نزیکەی سەد دەنک دەکرێ بە داوێکی نەپسێنەوە، کەسانی بەتەمەن بۆ جوولەی پەنجە بەکاری دێنن) لە سەدی یەک خەڵک، مەبەست لە سەد دەنکی تەزبیحە، مەلایە، مەبەست لە دەنکی سەری تەزبیحە، دوو حاجی مەبەست لە دوو دەنکی جیاوازی ناو ڕیزبەندی تەزبیحە.
وەڵام (تەزبیح) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل55

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2244**
**لە سەردا ڕەشە لە ناودا گەشە**

[20221114181719445305=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221114181719445305=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

لە سەردا ڕەشە
لە ناودا گەشە
مەبەست لە باینجانە، هەموو باینجانێک کە بە برکەکەوە دەڕوێت، سەروکەڵەی باینجانەکە ڕەنگی ڕەشە، وەک کڵاوێک وابەسەر باینجانەوە، لەناودا گەشە، واتە: خودی باینجانەیش بۆخۆی ڕەنگی سەوزە بەڵام کاتێک لەت دەکرێ، ناوەکەی سپی و جوانە، وەڵام (باینجان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل91
کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2245**
**لە سەردا، تیران داویێ بێکەوان**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811172758427899



لە سەردا، تیران داویێ بێکەوان.
سیچڕ گیانلەبەرێکی کێوییە و لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا هەیە، ناوقەد و پشتی بە سیخی نوک تیژ داپۆشراوە، کاتێک دڕندەیەک هێرشی دەکاتەسەر، سیچڕ بە پشتدا خۆی پێدا دەکیشێ و سیخ لە دوژمنەکانی دەدا، لەسەردا: لەسەرەوە، تیران داویێ بێکەوان مەبەستی لە سیخەکانە. وەڵام (سیچڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2246**
**لە سەری بیێ کا نییە**

20220811230151427979=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



لە سەری بیێ کا نییە.
داری (بی) لە کوردستان دەڕوێ و ئاوی زۆر پێویستە، ئەم مەتەڵە وشەکانی زۆر بە کوورتی و تێکەڵی نووسراوە، زیاتر بۆ سەرلێشیواندنی گوێگر بەکاردێ، ئاستی زیرەکی تاقی دەکاتەوە، واتە: لەسەر داری بی، کای گەنم و جۆیە کە ماڵات دەیخوات نییە. وەڵام (لە سەر دار بی کا نییە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2247**

**لە شامی کەنین لە شیراز ئامان بەخونەی شەونم بەهار دەرئامان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221124658453281

لە شامی کەنین لە شیراز ئامان
بەخونەی شەونم، بەهار دەرئامان
مەبەست لە کارگە، (کارگ: گیایەکی سرووشتییە لە بەهاراندا لە کوردستان هەڵدەتۆقێ) ، (شام: ناوچەیەکی فراوانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین. شیراز: ناوی شارێکە لە ئێران. شەونم: بەودڵۆپە ئاوانە دەوترێ کە لەبەرەبەیاندا لەسەر گەڵای دار درووستدەبن، کەنین: پێکەنین) لە شامی کەنین لە شیراز ئامان، واتە: لەو ناوچە فراوانەدا کارک بوونی هەیە، بەخونەی شەونم بەهار دەرئامان، واتە: بەتەڕی شەونم کارگ گەشەدەکات. وەڵام (کارگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل57

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2248**

**لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەڕوا بێئەوەی بجووڵێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209084855449895

لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەڕوا، بێئەوەی بجووڵێ.
مەبەستی مەتەڵکە ڕێگەیە، ڕێگە: بەو شوێنە دەوترێ کە مرۆڤ پێیدا دەڕوا، مرۆڤ بۆ هەموو ئەو شوێنانەی بۆی دەڕوات، ڕێگەی بردووە، واتە: بەشی زۆری جێگەکانی سەر زەوی بەهۆی زۆری مرۆڤەوە، ڕێگەی بۆ براوە، بۆیە ڕێگە بۆ هەموو شوێنێک دەچێ، بێئەوەی بجووڵێ. وەڵام (ڕێگە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل56

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2249**
**لە شەکر سپی ترە لە ڕەژوو ڕەشترە لە هێلکە گچکەترە لە گا گەورەترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115151206445393

لە شەکر سپی ترە، لە ڕەژوو ڕەشترە
لە هێلکە گچکەترە، لە گا گەورەترە
لە شەکر سپیترە، مەبەست لە سپێنەی چاوە کە وەک شەکر ڕەنگی سپییە، لە ڕەژوو ڕەشترە، مەبەست لە گلێنەی چاوە کە وەک خەڵووز ڕەنگی ڕەشە، لە هێلکە گچکەترە، واتە: چاو لە قەبارەی هێلکە بچووکترە، لە گا گەورەترە، واتە: شتی گەورە و گچکەی پێدەبینرێ. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل94

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2250**
**لە شەکر شیرین ترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924221854436008

لە شەکر شیرین ترە
لە زێڕی بەنرخ ترە
لە ئاسنی قورسترە
مەبەستی مەتەڵەکە خەوە، لە شەکر شیرین ترە، واتە کەم شت لە دنیادا هەیە بە ئاندازەی شەکر شیرین بێت، لە زێڕ بەنرخ ترە، واتە: مرۆڤ کە خەوی هات بەهیچ نرخێک نایگۆڕێتەوە، مەبەست لە کەسێکە کە پێی دەوترێ خەوی قورسە یان خەوی خۆشە. وەڵام (خەو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل40

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2251**

**لە شەکر شیرین ترە، لە وشتر بەرز ترە، لە ژەهر تاڵ ترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729222553425412



لە شەکر شیرین ترە، لە وشتر بەرز ترە، لە ژەهر تاڵ ترە
لە شەکر شیرینترە: مەبەستی لە هەنجیری پێگەشتووە، لەوشتر بەرزترە: مەبەستی لە داری هەنجیرە کە باڵای زۆر بەرز دەبێتەوە، لە ژەهر تاڵ ترە، مەبەستی لە هەنجیرە کاڵە کە تامی شیرین نییە چووێنراوە بە ژەهر. وەڵام هەنجیر.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2252**
**لە شەکر شیرینترە لە ئاسن قورسترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114182627445309

لە شەکر شیرینترە
لە ئاسن قورسترە
خەو پێویستییەکی جەستەیی هەموو گیانلەبەرێکە، لە شەکر شیرینتر، مەبەست لە خەوتنە، مرۆڤ کە خەوی هات، واز لە هەموو شتێک دەهێنێ، لە ئاسن قورسترە، مەبەست لە هەندێک کەسە کە خەویان زۆر قورسە و بە زەحمەت خەبەریان دەبێتەوە، لەمەتەڵەکەدا بە قورسی ئاسن بەراوردکراوە. وەڵام (خەو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل91

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2253**
**لە فیل گەورەترە، لە سێو چوکترە، لە ڕۆن چەورترە**
20220729121649425251=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



لە فیل گەورەترە، لە سێو چوکترە، لە ڕۆن چەورترە
واتە: لە فیل گەورەترە: داری گوێز کە قەبارەی گەورەیە، لە گەورەیدا بە فیل چووێنراوە، لە سێو چووکترە: مەبەست لە گوێزە کە قەبارەی لە سێو بچووکترە، لەڕۆن چەورترە: مەبەست لە کاکڵەی گوێزە کە بڕێک چەوری تێدایە. وەڵام گوێز.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2254**

**لە قوونی لغاو دەکەم بە ئیشکی تێدەنێم بەتەڕی دەریدێنمەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227085339454395

لە قوونی لغاو دەکەم
بە ئیشکی تێدەنێم
بەتەڕی دەریدێنمەوە

مەبەست لە لغاوی وڵاخە، (لغاو: ئاسنێکی ئەڵقەدارە، دەخرێتە دەمی وڵاخەوە، ڕەشمەی تێدەخرێ، بۆ ئەوەی سوار بیگرێ بە دەستییەوە و وڵاخ جڵەوگیربکات. فەرهەنگی خاڵ) لە قونی لغاو دەکەم، مەبەست لەوەیە بە لغاو وڵاخ جڵەوگیردەکەم، بە ئیشکی تێدەنێم، واتە: لغاو بە وشکی دەخەمە دەمییەوە، بەڵام بە تەڕی دەریدێنمەوە. وەڵام (لغاوی وڵاخ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل20

کاتی تۆمارکردن: 27-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2255**

**لە قەوزە شینترە لە قەند شیرینترە لە کارەبا زەردترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207173605449575

لە قەوزە شینترە
لە قەند شیرینترە
لە کارەبا زەردترە
مەبەستی مەتەڵەکە میوەی قەیسییە، شین: بەواتای ڕووان و سەوزبوون دێت، یان واتای ڕەنگی سەوز دەگەیەنێ، لە قەوزە سەوزترە، مەبەست لە ڕەنگی قەیسییە کە سەرەتا سەوزە، لە قەند شیرینترە، (قەند: شەکر) واتە: تامی قەیسی لە شەکر شیرینترە، لە کارەبای زەردترە، مەبەست لە ڕەنگی قەیسییە لەکاتی پێگەشتنیدا زەردە، وەک ڕەنگی زەردی گڵۆپ کە بەکارەبا ئیشدەکات. وەڵام (قەیسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل58

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2256**
**لە گیانلەبەردا هەیە، بە حەوتان ڕەشی ژەهری ماری تێدایە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118205545459137](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118205545459137)

لە گیانلەبەردا هەیە، بە حەوتان ڕەشی ژەهری ماری تێدایە.
مەبەست کە ژەنگەسوورەیە، (ژەنگەسوورە: گیانەوەرۆچکەیەکی بچووکی باڵداری شەڕانی ژەهردارە) لە کوردەواردا دەوتری: ژەنگە سوورە حەوتی بە مارێک دەبێت، واتە: ژەهری ژەنگەسوورە زۆر کاریگەرە، گەر حەوت دانە لەیەککاتدا بە مرۆڤێکەوە بدات، وەکوو وایە مارێک پێوەیدابی. وەڵام (ژەنگەسوورە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیریٚ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل46
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2257**
**لە ماڵەوە خاڵییە، لەدەرەوە پڕە**

20230925090725523265=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە ماڵەوە خاڵییە، لەدەرەوە پڕە.
مەبەست لە کڵاشە، (کڵاش: جۆرێک پێڵاوی کەلەپووری کوردییە، سەرەکەی بە خووریی دەچنرێت و ژێرەکەش پەڕۆیە) ، لە ماڵەوە خاڵییە، واتە: لە ماڵەوە لە پێ ناکرێت، لەدەرەوە پڕە، واتە: خەڵکی بۆ دەرەوە لە پێی دەکەن، ناو کڵاشەکە بە پێی کەسەکە پڕ دەبێت. وەڵام (کڵاش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل40


کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2258**

**لە مرغ کەتییە یەک سپی ڕەنگێ بۆتە پاسەوان دەریای دوو ڕەنگێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012211723525897

لە مرغ کەتییە یەک سپی ڕەنگێ
بۆتە پاسەوان دەریای دوو ڕەنگێ
مرغ: مریشک (فەرهەنگی خاڵ) کەتییە: کەوتووە. مەبەستی مەتەڵەکە هێلکەی مریشکە، لە مرغ کەتییە یەک سپی ڕەنگێ، واتە: هێلکە ڕەنگی سپییە و لە مریشکەوە بەرهەمهاتووە، بۆتە پاسەوانی دەریای دوو ڕەنگ، واتە: ناو هێلکە زەردێنە و سپینەی تێدایە کە بە دەریای دوو ڕەنگ چووێنراوە. وەڵام (هێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری گەرمیانی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵ، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: کاروان عوسمان عەلی، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، کەلار، 2009، ل102
کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2259**

**لە مەزرایان ئ شینە، لە دوکانان ئیرەشە، لە ماڵان ئ زەردە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729122943425256



لە مەزرایان ئ شینە، لە دوکانان ئیرەشە، لە ماڵان ئ زەردە
لە ناوچە شاخاوییەکاندا، لەبەر ئەوەی ئاو و هەوا ساردە، چا زۆر دەخورێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا لەش گەرم دادێنێ و هێمن کەرەوەیە، مەتەڵەکە مەبەستی رەنگی چا یە، لە مەزرایان شینە واتە: لەناو کێڵگەدا رەنگی گەڵایی چا کە سەوزە، لە پشدەر بەرەنگی سەوزایی و گژوگیا دەوترێ (شین) کاتێک چا پێدەگات، رەنگی رەش دەبێت ، لە دووکانەکاندا بۆ فرۆشتن دادەنرێ ، کاتێک خەڵک دەیکرێ ، لە ماڵەوە لێیدەنێ ، رەنگی دەگۆڕدرێ بە زەرد. وەڵام چا. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2260**
**لە مەڵامەتی بزورگی، دەڕوا لە شوێنی گورگی، سەری زلترە لە ورگی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729223238425416



لە مەڵامەتی بزورگی
دەڕوا لە شوێنی گورگی
سەری زلترە لە ورگی
مێرووله ئەو گیانەوەرۆچکەیەیە کە بە شێوەیەکی سرووشتی سەری لە سکی گەورەترە، دەڕوات لە شوێنی گورگی واتە: بە هەموو جێگەیەکدا دەڕوات، تەنانەت بە شوێنی گورگدا، مەڵامەتی بزورگی ئەم دەستەواژەیە زیاتر بۆ جوانکاری هاتووە. وەڵام مێرووله.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2261**

**لە هاوینا سێیە لە بەهاردا یەکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003204705524548

لە هاوینا سێیە
لە بەهاردا یەکە
مەبەستی مەتەڵەکە خاڵی سەر وشەکانە، جۆرێک یاریکردن و بژاردنی خاڵەکانە، لە هاویندا سێیە، واتە: لە وشەی (هاوین) دا سێ خاڵ هەیە، لەبەهاردا یەکە، واتە: لە وشەی (بەهار) دا یەک خاڵ هەیە. وەڵام (ژمارەی سەر پیتی هەردوو وشەی هاوین و بەهار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل55

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2262**

**لە هاوینیشدا حاج کاکە سوور هەڵمی دەمی ئەو دەبینرێت لەدوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912213217520283

لە هاوینیشدا حاج کاکە سوور
هەڵمی دەمی ئەو دەبینرێت لەدوور
حاج کاکە سوور: مەبەست لە دووکەڵی ئاگرە، داری تەڕ گەر بسووتێت، دووکەڵی زۆرە، هەروەها هەتا دارەکە تەڕتر بێت، دووکەڵی زیارە، لە هەر وەرزێکی ساڵدا داری تەڕ بسووتێت، گەر لە وەرزی هاوینیشدا بێت، دووکەڵی دیارە، لە مەتەڵەکەدا بە هەڵمی دەم چووێنراوە. وەڵام (دووکەڵی ئاگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل4

کاتی تۆمارکردن: 12-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2263**

**لە هەشت پاوە لە چوار چاوە لەناوڕاست دارە لە قەراغ پیاوە**

2022122112572045329 2=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە هەشت پاوە لە چوار چاوە
لەناوڕاست دارە لە قەراغ پیاوە
مەبەست لە جووتکردنە بە جووتە گا، لە هەشت پاوە، واتە: دوو گا هەشت قاچیان هەیە، لە چوار چاوە، واتە: دوو گا چوار چاویان هەیە، لەناوڕست دارە، مەبەست لە نیروئامووره، (نیروئامور: ئەمێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کێڵانی زەوی بەکاردێ) کە قەراغ پیاوە، مەبەست لەو جووتیارەیە کە بە نیروئامور زەوی دەکێڵێ. وەڵام (جووتکردن بە گا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

:QR Code

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل57

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2264**

**لە هەموو شتێک ڕەقترە، لە هەموو شتێکیش نەرمترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207214558449759

لە هەموو شتێک ڕەقترە
لە هەموو شتێکیش نەرمترە
مەبەست لە زمانی گفتووگۆ و قسەکردنە، لە هەموو شتێک ڕەقترە، مەبەست لە قسەی تووند و ڕەقە کە کەسێک بە کەسێکی تری دەڵێ، لە هەموو شتێک نەرمترە، واتە: دەکرێ زمانی قسەکردن بە جۆرێک بێت کە زۆر نەرم و نیانی پێوەدیاربێت. وەڵام (زمانی ئاخاوتن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل56

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2265**
**لە هەموو شتەک ڕەقترە، لە هەموو شتەکیش نەرمترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811170747427896

لە هەموو شتەک ڕەقترە، لە هەموو شتەکیش نەرمترە.
زمان هۆیەکە بۆ لەیەک تێگەیشتن، دەکرێ باش یان خراپی پێ دەربڕیت، ئەو کەسانەی کە گفتولفتی قسەکردنیان ناخۆشە، بە قسە ڕەق و زمان تووند ناسراون بەڵام ئەو کەسانەی کە زمانیان نەرمە و قسە خۆشن، بە کەسانی سادە و ئاسایی ناسراون.
وەڵام (زمان). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 11-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2266**

**لە هەمووکەس بێکەسترە و لە هەمووانیش بەتواناترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114190636445323

لە هەمووکەس بێکەسترە و لە هەمووانیش بەتواناترە.
بەپێی ئەفسانەی ئایینەکان، خودای درووستکەری دنیا، تاکوتەنیایە، دەسەڵاتی بەسەر دنیادا بێ سنوورە. مەبەست لە خودایە کە تاقانە و بێکەسە بەڵام توانا و دەسەڵاتی هەموو شتێکی هەیە. وەڵام (خودا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل92

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-14
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2267**

**لە هەنگوین شیرین ترە، لە مس قورس ترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220804073823426388

لە هەنگوین شیرین ترە، لە مس قورس ترە
دڵ ئەندامێکی سەرەکی لەشی مرۆڤە, هەموو کەسێ دڵی لا شیرین و خۆشە, چونکە دڵ تەنیا بەیەک کەس دەدرێت، ئەمەش سەنگینی و قورسییەکی بە دڵ بەخشیوە. لە هەنگوین شیرین ترە واتە: دڵ وەک هەنگوین شیرینە، لە مس قورس ترە: دڵ لە سنەگینیدا بە مس چووێنراوە. وەڵام دڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2268**
**لە وشتر بڵند ترە، لە شەکر شیرین ترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805202807426676



لە وشتر بڵند ترە، لە شەکر شیرین ترە
لە وشتر بڵند ترە، مەبەستی لە داری تووە کە قەبارەی گەورەیە، بەرزی داری توو بە بەرزی باڵای وشتر لە مەتەڵەکەدا چووێنراوە. (داری توو یەکێکە لە دارە سرووشتییەکانی کوردستان، لە گەرمیان و کە کوێستاندا دەڕوێت) لە شەکر شیرینترە، مەبەستی لە میوەی تووە کە تامی شیرینە. وەڵام توو. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2269**

**لە وشتر بڵند ترە، لە شەکر شیرین ترە، لە کنجوو ورد ترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729224517425424

لە وشتر بڵند ترە، لە شەکر شیرین ترە، لە کنجوو ورد ترە
لە وشتر بڵند ترە: مەبەست لە داری تووە کە قەبارەی گەورەیە و لە گەورەییدا بە وشتر چووێنراوە، لە شەکر شیرینترە: مەبەست لە بەرەکەیەتی کە تووە و تامی شیرینە، لە کونجی وردترە: کنجو واتە: کونجی مەبەست لەوەیە کە توو دەکوترێ پێی دەڵێن قاوتەتوو، دەنکەکەی کە کونجی وردترە. وەڵام قاوتەتوو. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2270**
**لە کا و قوڕ دروست دەکرێ**

20220915224401434208=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لە کا و قوڕ دروست دەکرێ
کوێ لە خوارەوە دەکرێ
خڕ و ورگ ئاوساوە
سەری دانەپۆشراوە
نەوت یان چیلکەی تێئەکەن
ئاگری تێبەرئەدەن
کاتێ سوور ئەبێتەوە
گڕی دەمرکێتەوە
ئەو کاتە سووک و ئاسان
دەیبرژێنێ نانەکان
چییە؟ ئەو مەتەڵە وا
لەبەر دەستی نانەوا

مەبەستی مەتەڵەکە تەنووری نانکردنە، کە نانەوا بە دار و چیلکە یان نەوت گەرمی دەکات و نانی پێدەبرژێنێ. وەڵام (تەنوور) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل48

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2271**

**لە کل نزیک ترە، لە شاخ بەرز ترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805205215426681

لە کل نزیک ترە، لە شاخ بەرز ترە
کل یان کلچێو: مەبەستی کلی چاوڕشتنە، هەندێک جار لە وەرزی زستاندا تەم و هەور تێکەڵ دەبن، کەس بەرچاوی خۆی نابینێ ، تەمەکە دەچێتە ناو چاوەوە، بۆیە لە مەتەڵەکەدا وتراوە: لە کل نزیک ترە، لە شاخ بەرز ترە، واتە: زوربەی جار هەور لە چیاکان بەرز تردەبنەوە، لە هەمان کاتیشدا تەم لە چاو زۆر نزیک دەبێتەوە. وەڵام تەم و هەور. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2272**
**لە کل وردترە لە حوشتر بڵندترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114182020445307

لە کل وردترە
لە حوشتر بڵندترە
کل: مەبەست لەو ماددە ڕەشەیەکە کە دەکرێتە کلدانەوە و ژنان و کچان چاوی پێدەڕێژن، لە کل وردترە، مەبەست لە هەورە کە بە ئاسمانەوەیە، لە وردیا بە کل چووێنراوە، لە حوشتر بڵندترە، واتە: هەورەکان لە باڵای حوشترەکان زۆر بەرزترن. وەڵام (هەور). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل90

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-14
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2273**

**لە کن من هەتا کن تۆ کوت کوت ناگاتە تۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114182256445308

لە کن من هەتا کن تۆ
کوت کوت ناگاتە تۆ
مەبەست لە چاوترووکاندنە، مەتەڵەکە ئاماژەیە بۆ کەسە بەتەمەن و پیرەکان کە بەهۆی کزی چاویانەوە، زۆر بەهێواشی بە ڕێگەدا دەڕۆن، واتە: کەسێکی پیر بە کوتەکوت تادەگاتە شوێنێک زۆری پێدەچێ، بە پێچەوانەی کەسەر گەنجەکانەوەن کە زۆر بەخێرایی و بەچاوتروکانێک دەگەنە شوێنی مەبەست. وەڵام (چاورتووکاندن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل92

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2274**

**لە یەک ساڵان ڕەفیقم پەیدابوو، بە ڕۆح و گیان شەریکم بوو هیچ ڕۆژێک بەرامبەرم نەبوو، هەتا ڕۆحی لەبەردەرچوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115151707445395

لە یەک ساڵان ڕەفیقم پەیدابوو، بە ڕۆح و گیان شەریکم بوو
هیچ ڕۆژێک بەرانبەرم نەبوو، هەتا ڕۆحی لەبەردەرچوو
لە یەک ساڵان ڕەفیقم بۆ پەیدابوو، مەبەست لە ددانە کە لە تەمەنی یەک ساڵییەوە دەڕوێ، بە ڕۆح و گیان شەریکم بوو، واتە: هاوکارم بوو لە جووینی خواردندا، هەروەها لەو کاتەوەی هەیە، کاری نانخواردنم بۆ جێبەجێدەکات تا ئەو کاتەی دەمرم.
وەڵام (ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل94

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2275**
**لەباخی هەرچی و پەرچی دەزانین هەیە نازانین چی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227090115454397

لەباخی هەرچی و پەرچی
دەزانین هەیە نازانین چی
مەبەست لە منداڵی سکی دایکە، لە باخی هەرچی و پەرچی، مەبەست لە سکی دایکە، ئەو جێگەیەی کە منداڵی تێدا درووستدەبێت، دەزانین هەیە، واتە: دەزانین کە دایک سکی هەیە و منداڵی تێدایە، نازانین چییە، واتە: نازانین منداڵەکە کورە یان کچ. وەڵام (منداڵی سکی دایک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل18

کاتی تۆمارکردن: 27-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2276**
**لەبان بەرێ هەڵدەپەڕێ**

[20230927102457523575=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927102457523575)

لەبان بەرێ
هەڵدەپەڕێ

لەبان: لەسەر. بەرێ: بەڕە، (بەڕە: جۆرێک ڕاخەری کەلەپووری کوردییە، ژنان بە تەون دەچینن) ، مەبەستی مەتەڵەکە کێچە، (کێچ: گیانەوەرۆچکەیەکی بچووکە، لە ئەنجامی پیسیی پەیدەدابێت، جەستەی مرۆڤ تووش ئاڵۆش دەکات) ، لەبان بەرێ هەڵدەپەڕێ، بە ماڵێکی پیس دەوترێت کە کێچی زۆر بێت. وەڵام (کێچ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل44

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2277**
**لەبانەوە زەوقە لەخوارەوە تەوقە**

[20221207212106449741=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207212106449741)

لەبانەوە زەوقە
لەخوارەوە تەوقە
مەبەست لە قارچکە، لەبانەوە زەوقە، مەبەست لە سەری قارچکە کە کڵاوێکی گەورەی هەیە، هەر کەسێک ببینێ شەوق و زەوقی جوانە، لەخوارەوە تەوقە، واتە: بەشی ژێرەوەی کڵاوی قارچک، پەرپەرە وەکوو تەوقێک دەوری ژێری قارچکەکەی داوە. وەڵام (قارچک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل56
کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2278**
**لەبنی قوڕینە ناوەندەکەی پووشینە لەبەرەوە نەخشینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108150136457237

لەبنی قوڕینە
ناوەندەکەی پووشینە
لەبەرەوە نەخشینە
مەبەست لە دەغڵودانە بەتایبەت گەنم و جۆ، لەبنی قوڕینە، واتە: ڕەگەکەی لەناو گڵ و قوڕدا گەشەدەکات، ناوەندەکەی پووشینە، مەبەست لە لاسکی دەغڵە کە پێدەگات دەبێتە پووش، لەبەرەوە نەخشینە، (لەبەرەوە: لەسەرەوە) مەبەست لە گوڵی گەنم و جۆیە. وەڵام (دانەوێڵە لە قۆناغی پێگەشتندا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل189.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2279**
**لەبنی گڵینە**

[20220924221632436007=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

لەبنی گڵینە
لە ناوەندی گیاییینە
لەسەری زێڕینە
مەبەست لە دەغڵە بۆ نموونە گەنم، ڕەگەکەی لەناو گڵدایە، قەدەکەی گیایە، سەرەکەشی گوڵەگەنمی پێوەیە، بەراورد کراوە بە زێڕ. وەڵام (گەنم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل40

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2280**

**لەبەر چاومە خەریکی یارین سەری ڕەشە و ناوی شیرین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207212453449743

لەبەر چاومە خەریکی یارین
سەری ڕەشە و ناوی شیرین
مەتەڵساز سەروایەکی جوانی بەخشیوە بەم هۆنراوەیە، زیاتر بۆ سەرلێتێکدانی گوێگرە، لەبەر چاومە خەریکی یارین، واتە: منداڵێک خەریکی یاریکردنە، سەری ڕەشە و ناوی شیرینە، مەبەست لە ناوی کچەکەیە کە ناوی شیرینە و سەر و قژی ڕەشە. وەڵام (کچێک ناوی شیرینە و یاری دەکا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل54

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2281**
**لەبەر چاومە ناوی زانایە لە کاروکردەوەدا گەلێ دانایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221123144453270

لەبەر چاومە ناوی زانایە
لە کاروکردەوەدا گەلێ دانایە
مەبەست لە کورێکی زیرەکە بەناوی زانا، لەبەرچاومە ناوی زانایە، وەڵامی مەتەڵەکە لەناو مەتەڵەکەدایە، کورێکە بەناوی زانا، لەکاروکردەوەدا گەلێ دانایە، واتە: ئەو کەسەی ناوی زانایە کار و ڕەفیاری باش و دانایانەیە. وەڵام (کورێکی زیرەک بەناوی زانا). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چایخانەی: محەمەدی، سەقز، ل57

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2282**
**لەبەیانییەوە تا ئێوارە خۆڵ دەکا بەسەریا، ئێوارەش وەک بووک ئەچیتە ژوور ماڵ**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220824164251430089](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220824164251430089)



لەبەیانییەوە تا ئێوارە خۆڵ دەکا بەسەریا، ئێوارەش وەک بووک ئەچیتە ژوور ماڵ.
مەبەستی مەتەڵەکە (گاسن) ە، کۆمەڵگەی کوردەوار بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بووە، جوتیارەکان زەویان بە ئامێری (نیروئامور) کێڵاوە، لەسەدەی ڕابردوودا، مەکینەی گاسن بۆ جووت کردن پەیدابوو، مەبەستی مەتەڵەکە دەمی گاسنە کە لەکاتی زەوی کێڵاندا گڵەکە دەچێتەوە بەسەریا، ئێوارەش کە کار تەواوبوو، گاسن پاک دەکرێتەوە و دەبرێتەوە ماڵەوە.
وەڵام (گاسن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل26

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2283**

**لەبەینی دوو گردۆکان قۆڕەقۆڕی گۆلکان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230105182540456841

لەبەینی دوو گردۆکان
قۆڕەقۆڕی گۆلکان
مەبەست لە خوڕەی ئاوی کانییە، لە بەینی دوو گردۆکان، (گردۆکان: دوو بەرزایی بچووک) واتە: لەنێوانی دوو بەرزاییەوە، قۆڕەگۆڕی قۆلکان، دەنگی (گۆلک: گوێرەکە) دێت بەڵام مەتەڵەکە مەبەستی لەوەیە کە دەنگی خوڕەی ئاودێ لەنێوان دوو گردەوە دێت کە بەدەنگی گوێرەکە چووێنراوە. وەڵام (خوڕەی ئاوی کانی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل169.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2284**

**لەپاش بەردی کەڕ خەوتووە**

20221224132855453845=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لەپاش بەردی کەڕ خەوتووە.

لە کۆمەڵگەدا لەناو بەرەباب و بنەماڵەدا، هەر هەواڵێکی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزانەوە هەبێت، زوو بڵاودەبێتەوە، هەموو ئەندامانی دەیزانن، هەندێکجار کەسی دەبەنگ یان گوێپێنەدەر هەیە، هیچ نابیستێت و بێئاگایە. بۆ کەسێک بەکاردێت کە بێئاگابێت لە هەواڵێک.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل7.

کاتی تۆمارکردن: 24-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2285**

**لەپاش قرەقرِ و شەرەشاپ پێمان دەکات قرِوقاپ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112220732444927

لەپاش قرەقرِ و شەرەشاپ
پێمان دەکات قرِوقاپ
مەبەست لە کاری خەوتنە، لەپاش قرەقرِ و شەرەشاپ، واتە: لە دوای هەموو وتن و گفتوگۆیەک یان لە دوای هەر جووڵە و رەفتارێک کە چووینەوە ماڵەوە، شەو دەخەوین و قرِوقەپ دەکەین، واتە: کاتی خەوتن، قسە و جووڵە کۆتایی دێت. وەڵام (خەوتن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل89

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2286**

**لەپاڵ کێوا ڕاوەستاوە چەتری سەری هەڵداوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922200057522575

لەپاڵ کێوا ڕاوەستاوە
چەتری سەری هەڵداوە
کێو: چیا و کەژە، مەبەست لە کارکە، (کارک پێشی دەوترێت قارچک، لە وەرزی بەهاراندا بەشێوەیەکی سرووشتی لە ناوچە کوێستانییەکاندا هەڵدەتۆقێت) ، لەپاڵ کێوا ڕاوەستاوە، مەبەست لە کارکە، چەتری سەری هەڵداوە، مەبەست لە کڵاوی کارکە. وەڵام (کارک) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل35

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2287**
**لەتە ناڵێ، خستمە چاڵی، هەتا ساڵێ**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819100209429081](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819100209429081)



لەتە ناڵێ
خستمە چاڵی
هەتا ساڵێ
مەبەستی مەتەڵەکە جوانووە کە بەچکەی مایین (مایین مێیەی ئەسپە) لەتە ناڵێ، خستمە چاڵی، مەبەست لە پرۆسەی سک و زاکردنی مایین، کاتێک لەگەڵ ئەسپدا جووت دەبێت، هەتا ساڵێ واتە: مایین بە نزیکەی ساڵێک جووانوو بە سک هەڵدەگرێ، پاشان دەزێ و جوانووەکە لەدایکدەبێت. وەڵام (جوانوو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 19-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2288**

**لەخوارەوە چوارە، لەسەرەوە هەزارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925091004523266

لەخوارەوە چوارە، لەسەرەوە هەزارە.
مەبەست لە کەپری دارە، (لە کوردەورادا بەتایبەتی لە گوندەکاندا، بە چوار کۆڵەکە کەپر بە دار دروست دەکرێت، سەرەکەی بە گەڵاوگۆڵ دەگیرێت، بۆ دانیشتن بەکاردێت) ، لە خوارەوە چوارە، مەبەست لە کۆڵەکەی کەپرە، لەسەرەوە هەرزارە، مەبەست لە گەڵاوگۆڵی سەرکەپرە. وەڵام (کەپری چوار کۆڵەکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39
کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2289**

**لەخۆشیدا وێنەی نییە کەس نایخوا دەسا چییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221124325453280

لەخۆشیدا وێنەی نییە
کەس نایخوا دەسا چییە
مەبەست لە ماچکردنە، لە خۆشیا وێنەی نییە، کرداری ماچکردن و ئەنجامدانی لەنێوان دوو کەسی خۆشەویستدا، تایبەتمەندییەکی کەسییە، خۆشییەکەی لە دنیادا وێنەی نییە، کەس نایخوا دەسا چییە، واتە: ماچ شتێک نییە بخورێ، بەڵکوو چێژبەخشە بۆ ئەوانەی ئەنجامی دەدەن. وەڵام (ماچ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل57

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2290**

**لەدایک دەبێ دایکی خۆی دەخوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207220826449775

لەدایک دەبێ، دایکی خۆی دەخوا.
مەبەست لە بەچکەی دووپشکە، (دووپشک زیندەوەرۆچکەیەکی ژەهرداری ترسناکە) مێیەی دووپشک کاتێک جووت دەبێ، بێچووەکانی لەناو سکیدا دەتروکێن و لەناوەوە، سکی دایکیان دەخۆن و دێنەوەر، بەوشێوەیە دایکەی دووپشک ژیانی کۆتایی دێت. وەڵام (بەچکەی دووپشک).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل55

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2291**
**لەدایک دەبێ سەوزە کە پیر دەبێ زەردە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207221014449776](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207221014449776)

لەدایک دەبێ سەوزە کە پیر دەبێ زەردە.
مەبەست لە قەرسیل و گەنمە، لەدایک دەبێ سەوزە، مەبەست لە قەرسیلە، (قەرسیل: قۆناغی یەکەمی ڕوانی گەنمە کە ڕەنگێکی سەوزی تۆخی هەیە) پیر دەبێ زەردە. مەبەست لە کاتی پێگەشتنی گوڵەگەنمە کە ڕەنگی زەرد دەبێت. لەمەتەڵەکەدا بەپیری چواندووە. وەڵام (قەرسیل و گەنم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل57

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2292**

**لەدەرێ یەکە و لەژووری دووان**

[20231011101909525510=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011101909525510)

لەدەرێ یەکە و لەژووری دووان.

مەبەستی مەتەڵەکە هێلکەی پەلەوەرە، بەتایبەت مریشک، لە دەرێ یەکە، مەبەست لەوەیە هێلکە گەر تەماشابکرێت یەک دانەیە، لە ژووری دووان، مەبەست لە سپێنە و زەردێنەی هێلکەیە کە دوو دانە پێکهاتەی جیاوازن لەناو قەپاغی هێلکەدا.

وەڵام (زەردێنە و سپێنەی هێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 92

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2293**
**لەژێر ئەخوا و لەسەر ئەداتۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918125115521269

لەژێر ئەخوا و لەسەر ئەداتۆ.
مەبەست لە دارە، سرووشتی دار وایە کە ڕەگوڕیشەی لەناو خاکدایە، لە ڕەگەوە ئاووخوێ وەردەگرێت، لەسەرەوە لە گەڵاکانیدا بەهۆی کرداری ڕۆشنەپێکهاتن دەیکاتە خۆراک و کەڵکی لێدەبینێت بۆ پێگەیشتنی بەر، لەژێر ئەخوا: مەبەست لە وەرگرتنی خۆراکە لە زەوییەوە، لەسەر ئەداتۆ، مەبەست لە بەخشینی بەری دارە بە مرۆڤ. وەڵام (دار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل22

کاتی تۆمارکردن: 18-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2294**

**لەسەر جادە ڕاوەستاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915232028434222

لەسەر جادە ڕاوەستاوە
کڵاوێکی لەسەرناوە
وەک کۆترباز فیکە دەکا
لاڵ نییە و ئیشارەت دەکا
بەسەرما و گەرما وەستاوە
خۆ شێتیش نییە ئەو پیاوە
ئەو بەیاسا و ڕێنمایی
بێ لووت بەرزی و لەخۆبایی
شۆفێرەکانمان فێردەکا
چۆن بە شەقاما ڕێبکا
هەڵی بێنە چ کارەیە
وا خەمخۆری ئەم شارەیە
وەڵام (پۆلیسی هاتووچۆ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2295**

**لەسەر زێیە حەزی لە ئاوێیە دانەوێلەی لە پشتێیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207174146449578

لەسەر زێیە
حەزی لە ئاوێیە
دانەوێلەی لە پشتێیە
مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە، (ئاش: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێ) لەسەری زێیە، حەزی لە ئاوێیە، واتە: ئاشی ئاوگەڕ لە چەمێک یان زێیەکەوە ئاوی بۆ ڕادەکێشرێ، دانەوێڵەی لە پشتێیە، واتە: دانەوێڵە دەهارێ.
وەڵام (ئاشی ئاوگەڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل54

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2296**
**لەسەر فەرشەک دوو نەفەر یەک ئاگرە و یەک لەسەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230105184129456846

لەسەر فەرشەک دوو نەفەر
یەک ئاگرە و یەک لەسەر
مەبەست لە مانگ و خۆرە، لەسەر فەرشەک، مەبەست لە پانتایی ئاسمانە، دوو نەفەر، مەبەست لە مانگ و خۆرە کە لە پانتایی ئاسماندان، یەک ئاگرە، واتە: خۆر کە گڕ و بڵێسە و ڕووناکی هەیە، یەک لەسەر، مەبەست لە مانگە لە ئاسمانی زەویدایە. وەڵام (مانگ و خۆر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل119.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2297**
**لەسەر فەرشەک دوو، نەفەر یەک ئاگرە دن سەر**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905212004432232](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905212004432232)

لەسەر فەرشەک دوو نەفەر
یەک ئاگرە دن سەر
لە مەتەڵەکەدا ئاسمانی بە فەرش چوواندووە، لەسەر فەرشەک دوو نەفەر واتە: چۆن لەسەر فەرشێک دوو کەس کە هەموو شتێکیان لەیەک جیاواز بێت، دەتوانن دابنیشن، ئاواش لە ئاسماندا مانگ و خۆر هەن، یەکێکیان گەرمە و یەکێکیان سارد، پێکەوە هەڵدەکە و لەیەک پانتاییدان. وەڵام (ئاسمان، خۆر و مانگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل119

کاتی تۆمارکردن: 05-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2298**

**لەسەر مێز دادەنرێ بەسەر هەمووواندا دابەشدەکرێ و ناخورێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115153023445401

لەسەر مێز دادەنرێ، بەسەر هەمووواندا دابەشدەکرێ و ناخورێ.
مەبەست لە یاریی وەرەقەیە، لەسەر مێز دادەنرێ، واتە: یاریی وەرەقە لەسەر مێز دەکرێ، بەسەر هەمووواندا دابەشدەکرێ، واتە: ئەوکەسانەی یاریی وەرەقە دەکەن، بەپێی جۆری یارییەکە وەرەقەکان دابەشدەکەن و دەست بە یارییەکە دەکەن.
وەڵام (وەرەقەی قومار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل93

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2299**
**لەسەری دڕی لەبنی خۆری تا دەیزانی پێوەی دەترِی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207173914449577](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207173914449577)

لەسەری دڕی
لەبنی خۆری
تا دەیزانی پێوەی دەترِی
مەبەست لە ژیشکە، (ژیشک گیانەوەرێکە لە دەم چەم و کانیاوەکانی کوردستاندا دەژیی، پشتی دڕکاوییە) لەسەر دڕی، واتە: ژیشک دڕکەکانی بۆ بەرگری لەخۆی بەکاردێنێ، جەستەی گیانلەبەرانی پێ دەدڕێ و بریندار دەکات، لە بنی خورِی، واتە: خۆپێدا کێشان یان تێوەژەندن، تا دەیزانی پێوەی دەترِی، واتە: تا وەڵامی مەتەڵەکە دەزان، پێیدەچێ تووشی بیرکردنەوەی قووڵ دەبی. وەڵام (ژیشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارِی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل56

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2300**
**لەسەرەوە گوڵە و لەبنەوە کانییەکە مارێکی تێدایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114185700445319

لەسەرەوە گوڵە و لەبنەوە کانییەکە مارێکی تێدایە.
مەبەستی مەتەڵەکە جرای نەوتە، لەسەرەوە گوڵە، مەبەست لە ئاگری پلێتەر چرایە کە بە گوڵ چووێنراوە، لە بنەوە کانییەکە، مەبەست لەژێری چرایە کە نەوتی تێدەکرێ و بە کانی چووێنراوە، مارێکی تێدایە، مەبەست لە پلێتەی چرایە کە بەشێکی لەناو نەوتەکەدایە و پێچی خواردووە وەک مار. وەڵام (چرای نەوت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل90

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2301**

**لەسەرەوە کونێکی زلە لەخوارەوە دوو کونی بچکۆلە**

[2023091521483520790=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915214835520790)

لەسەرەوە کونێکی زلە
لەخوارەوە دوو کونی بچکۆلە
مەبەست لە شرواڵە، (شرواڵ: بەرگی خوارەوەی جلی کوردیی پیاوانەیە، بەرگێکی کەلەپوورییە) لەسەرەوە کونێکی زلە، مەبەست لە پزووی سەرەوەی شرواڵە کە لێوەی لە پێ دەکرێت، لەخوارەوە دوو کونی بچکۆلە، مەبەست لە دەرلینگی شرواڵە کە قاچی لێوەدێتەدەر. وەڵام (شرواڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل13

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2302**

**لەسەرەوە یەک لەبنەوە دوو بە کنگی باوباپیرتا چوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230105183221456843

لەسەرەوە یەک لەبنەوە دوو
بە کنگی باوباپیرتا چوو
مەبەست لە شرواڵە، (شرواڵ: بەرگی خوارەوەی جلی کوردیی پیاوانەیە) لەسەرەوە یەک، مەبەست لە پزووی شرواڵە کە لێوەی لەپێدەکرێ، لەبنەوە دوو، مەبەست لە دەرلینگی شرواڵە کە قاچی لێوەدێتەدەر، بە کنگی باوباپیرتا چوو، واتە: لە مێژوویەکی کۆنەوە باوباپیرانی کورد شرواڵیان لەپێکردووە. وەڵام (شرواڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل95.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2303**
**لەسەگ بەبۆنترە، لە تووڵە ڕەش ترە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220818090350428927



لەسەگ بەبۆنترە، لە تووڵە ڕەش ترە.
لە مێژوودا سەگ یەکەم ئاژەڵە کە مرۆڤ ماڵی کردووە، لە کوردستان چەند جۆرێک سەگ هەیە، هەر یەکەیان بۆ مەبەستێک بەکاردێت، سەگ بە بۆنکردن نێچیر دەدۆزێتەوە، زیاتر لە ڕاودا بەکاردێ، تووڵەش قەبارەی بچووکە و لە ڕاودا دەچێتە کونەوە و نێچیر دەردێنێ، لەسەگ بەبۆنترە، مەبەست لە قالۆنچەیە، بۆنی بەهێزە لە دۆزینەوەی خۆراکدا و لەو ڕووەوە بە سەگ چووێنراوە، لە تووڵە ڕەش ترە، ڕەنگی جەستەی قالۆنچە بە ڕەنگی ڕەشی تولە چووێنراوە. وەڵام (قالۆنچە) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 18-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2304**

**لەشکر بەهەزار، بەڕێز و قەتار کۆبوونۆ یەکجار، لەدەوری یەک دار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915215254520793

لەشکر بەهەزار، بەڕێز و قەتار
کۆبوونۆ یەکجار، لەدەوری یەک دار
قەتار: چەند وڵاخێکی بارییە کە هەموویان بەدوای یەکدا بڕۆن (فەرهەنگی خاڵ) ، لەشکر بەهەزار، بەڕێز و قەتار، مەبەست لە دەنکی گەنمەشامییە کە بەدوای یەکدا ڕیزبوون، کۆبوونۆ یەکجار لە دەوری یەک دار، واتە: دەنکەکانی گەنمەشامی لە دەوری بنجەکە کۆبوونەتەوە. وەڵام (گەنمەشامی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل7

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2305**
**لەشی بێ ڕۆحە و دەدوێ زمانی نییە**

[20221209085211449896=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209085211449896)

لەشی بێ ڕۆحە و دەدوێ زمانی نییە.
مەبەست لە ڕادیۆیە، (ڕادیۆ: ئامێرێکە هەواڵی ڕۆژانە یان گۆرانی و قسەی لەسەر بابەتی جیاواز لێوە پەخشدەکرێ، خەڵکانیش گوێبیستی دەبن) لەشی بێرۆحە: مەبەست لە ڕادیۆیە، دەدوێ زمانی نییە، واتە: ڕادیۆ هەواڵەکان دەگەیەنێ، لەگەڵ ئەوەدا زمانی نییە. وەڵام (ڕادیۆ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل55

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2306**

**لەشی ڕەشە عەبد نییە کڵاوی سەوزە سەید نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207213750449751

لەشی ڕەشە عەبد نییە
کڵاوی سەوزە سەید نییە
مەبەست لە باینجانە، لەشی ڕەشە عەبد نییە، (عەبد: کۆیلە، مەبەست لە بیلالی حەبەشییە کە کۆیلەیەکی ڕەش پێست بووە) لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە باینجانە کە ڕەنگی ڕەشە چوێنراوە بە عەبد، کڵاوی سەوزە سەید نییە، مەبەست لە سەری باینجانە کە ڕەنگی سەوزە و بە کڵاوی سەید چوێنراوە. وەڵام (باینجان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل54

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2307**

**لەگەڵ تۆمە وەستای حەوشێ، بۆم درووست کە جووتێ کەوشێ، نەدەرزی کاری لێبکا نە تەشوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729224914425426



لەگەڵ تۆمە وەستای حەوشێ، بۆم درووست کە جووتێ کەوشێ، نەدەرزی کاری لێبکا نە تەشوێ
لەگەڵ تۆمە وەستای حەوشێ ، مەبەست لەو کەسەیە کە ئاوزەنگ درووست دەکات، بۆم درووست کە جووتێ کەوشێ واتە: دوو ئاوزەنگم بۆ درووست بکە، نەدەرزی کاری لێبکات نەتەشوێ واتە: زۆر توندوتۆڵ بێ، بە ئاسانی نەشکێ. وەڵام ئاوزەنگ.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2308**
**لەلاتە و ناگیرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115153353445403

لەلاتە و ناگیرێ.
مەبەست لە خەون و خەیاڵە، خەیاڵکردن یان خەون و خولیا لەناو بیر و هۆشی هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، کاتێک مرۆڤ لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەستی بە پێداویستی و شتە ماددییەکان ڕاناگا، بە پەتی خەیاڵدا سەردەکەوێ و لەناو خەیاڵیدا بەهەموو پێویستییەکانی دەگات، لە ڕاستیشدا و لە دنیای ماددیدا بە هیچیان نەگەشتووە، لەلاتە و ناگیرێ، مەبەست لە خەیاڵە.
وەڵام (خەون و خەیاڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل94

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2309**
**لەلاتە، دەیبینی و ناگیرێ**

20220906162407432447=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

لەلاتە، دەیبینی و ناگیرێ.
لەلا: لەتەنیشتی، لەکن لە سرووشتدا هەر شتێک ماددی بێت، لە نزیک کەسێکەوە بێت، هەم دەبینیرێت و هەم دەگیرێت و دەستی لێدەدرێت، مەبەستی مەتەڵەکە سێبەری مرۆڤە کە بەهۆی تیشکی خۆرەوە دەبێت، لەپاڵ مرۆڤدا درووست دەبێت، دەبینرێت ناشگیرێت. وەڵام (سێبەر) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل121

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2310**
**لەلایەک بەفرە و لەلایەک باران دڵۆپە زۆرن لە ماڵی یاران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221125037453282

لەلایەک بەفرە و لەلایەک باران
دڵۆپە زۆرن لە ماڵی یاران
ئەم مەتەڵە وەکوو پەندیش بەکاردێ، مەبەست لە شلێوەیە، (شلێوە: بەو بەفرە دەوترێ کە لە جێگەیەکی تەڕدا دەبارێ، لەگەڵ ئاوی سەر زەویدا تێکەڵدەبن و شتێک دەردەچێ نەبەفرە و نەئاو) لەلایەک بەفرە و لەلایەن باران، واتە: بەفر و باران بەدوای یەکدا دەبارێ، دڵۆپە زۆرن لە ماڵی یاران، واتە: ماڵی دۆست و ئازیزان، بانیان دڵۆپە دەکات. وەڵام (شلێوە، زووقم) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل58

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2311**

**لەم بانی بۆ ئەو بانی، نەبا هەیە لە بانی، بە هەموو کونان دەزانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729223852425420

لەم بانی بۆ ئەو بانی، نەبا هەیە لە بانی، بە هەموو کونان دەزانی
مەبەستی مەتەڵەکە دووکەڵە، لە هەر جێگایەکدا دووکەڵ درووست بێت و بڵاودەبێتەوە، لەم بانی بۆ ئەو بانی واتە: بەسەر بان و کون و کەلەبەرەکاندا بڵاودەبێتەوە با هەبێت یان نا دووکەڵەکە هەر بڵاودەبیتەوە. وەڵام دووکەڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2312**
**لەم تاشی بیکە ئەو تاش**
[20220829104120430966=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?q=20220829104120430966&lng=1)



لەم تاشی بیکە ئەو تاش.
تاش: بەردی زۆر بڵند و گەورە، گابەرد (فەرهەنگی شێخانی) لەم تاشی بیکە ئەو تاش، مەتەڵەکە مەبەستی لە باراشە کە دەکرێتە ناو ئاشەوە و بەرداشی ئاش دەیهاڕێت. (بەرداش: لە بەردی چیایی درووست دەگرێت، زۆر سەخت و ڕە قە، دوو بەردی بازنەیی ڕوو تەختە، بۆ هاڕینی دانەوێلە بەکاردێت) وەڵام (باراش و بەرداش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل30
کاتی تۆمارکردن: 29-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2313**

**لەم لکی چووە ئەو لکی ناوەکەی سێسەد دەنکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111213653457978

لەم لکی چووە ئەو لکی
ناوەکەی سێسەد دەنکی
مەبەست لە میوەی هەنارە، لەم لکی چووە ئەو لکی، مەبەسی لە هەنارە کە بە لکی دار هەنارەوە شۆڕدەبێتەوە، یان بەشی زۆری لکەکان هەناریان پیاشۆڕدەبیتەوە، ناوەکەی سێسەد دەنکە، مەبەست لە دەنکی هەنارە، کە هەر هەنارێک سەدان دەنکی تێدایە. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل197.

کاتی تۆمارکردن: 11-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2314**
**لەمێژەوە لەپێشەوە بە بەرگی حەوت دەروێشەوە کێ دیویەتی پاژنەپێ لەپێشەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114151416445288

لەمێژەوە لەپێشەوە
بە بەرگی حەوت دەروێشەوە
کێ دیویەتی پاژنەپێ لەپێشەوە
مەبەستی مەتەڵەکە کوللەیە، (دەروێش: بە کەسێکی گەڕیدەی خواناس دەوترێ کە بەرگی ڕەنگاوڕەنگی لەبەردابێ، گرنگی بە ڕێکخسینی بەرگ نەدات) لەمێژەوە لەپێشەوە، واتە: لە کاتێکی زۆر کۆنەوە، بە بەرگی حەوت دەروێشەوە، واتە: کوللە پێکهاتەی ڕەنگی لەشی ڕەنگینە، بە بەرگی دەروێش چوویزاوە، کێ دیویەتی پاژنەپێ لە پێشەوە، واتە: قاچی کوللە، پاژنەپێی لە پێشەوەیە. وەڵام (کوللە). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل92
کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2315**

**لەمەو نەدایشەن بەرنێ مازی تاتەیش کرنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231014222441526259

لەمەو نەدایشەن بەرنێ
مازی تاتەیش کرنێ
وەڵام (شقارتێ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل34

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2316**

**لەناومە و دیاریش نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114190010445321

لەناومە و دیاریش نییە.
مەبەست لە ناوی مرۆڤە کە لەدایکدەبێت ناوێکی لێدەنێن و کەسەکە دەبێتە هەڵگری ئەو ناوە. واتە: ناو لە سەرەتا تا کۆتایی تەمەن و لە دوای مردنیش مرۆڤ پێدەناسرێتەوە. وەڵام (ناوی مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل92

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2317**
**لەنزیک و دوور لە پردێ وەک نوور**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915215039520791

لەنزیک و دوور
لە پردێ وەک نوور
نوور: ڕووناکیی. مەبەستی مەتەڵەکە هەورەبرووسکەیە، لە وڵاتی کوردەواردا بەزۆری لە وەرزی بەهاردا هەورەبرووسکە دەبێت، لە نزیک و دوور، واتە: لە هەر جێگەیە باران ببارێت، دەشی هەورەبرووسکە ببێت، لە دوورەوە وەک نوور ڕووناکییەکەی دیارە. وەڵام (هەورەبرووسکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل8
کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2318**

**لەنزیکەوە کێوێک نادیار جێگای بیر و هۆش سەرچاوەی کردار قەدی ئەو کێوە حەوت کانی تێدا هەریەکە تامی ئاویان جیایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118204648459133

لەنزیکەوە کێوێک نادیار
جێگای بیر و هۆش سەرچاوەی کردار
قەدی ئەو کێوە حەوت کانی تێدا
هەریەکە تامی ئاویان جیایە
دوویان ئاوی سوێر دووتر ئاوی تاڵ
دوویتر ئاوی تیژ وەک نووری بێ خاڵ
ئەویتر ئاوە وەک مەیلەوشیرین
کێوی ئینسانە نەک کێوی سەفین ( )
مەبەست لەسەری مرۆڤە کە حەوت دەرچەی هەیە، دوو کونی چاوە کە فرمێسکی لێدی و تامی سوێرە، دوو کونی گوێ، تامی تاڵە، دوو کونی لووت و دەم. وەڵام (سەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشێخی سیریێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل15
کاتی تۆمارکردن: 18-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2319**

**لەنیو تەواوە لە تەواوی نیوە هەتاکو ئێستە شتی وات دیوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221125338453286

لەنیو تەواوە، لە تەواوی نیوە
هەتاکو ئێستە شتی وات دیوە
مەبەست لە مانگی شەوی چواردەیە، لەنیوە تەواوە، لە تەواوی نیوە، مەبەست لە مانگی چواردەیە، ئەوکاتەیە کە مانگ لە ئاسمان بەتەواوی دەردەکەوێ، واتە: لەنیوەی مانگدا هەموو مانگ دەردەکەوێ، هەتاکو ئێستا شتی وات دیوە، واتە: شتێکت دیوە لەنیوە پڕبێ. وەڵام (مانگی شەوی چوارده) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل58

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2320**

**لەنێوان زەوی و ئاسماندا چی هەیە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114190915445325](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114190915445325)

لەنێوان زەوی و ئاسماندا چی هەیە.
مەتەڵەکە پەیوەندی بەشێوەی ڕێنووس وشەکانەوەهەیە، واتە: لە ڕێگەی ڕێنووسەوە دەتوانرێت وەڵام بدۆزرێتەوە.
مەبەست لە پیتی (و) ی نێوان ڕێنووسی هەر دوو وشەی (زەوی و ئاسمانە) وەڵام (پیتی و) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل92

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2321**

**لەو بانی لۆ ئەو بانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924222053436009

لەو بانی لۆ ئەو بانی
نەپێی هەیە نە پانی
بەهەموو ماڵان دەزانی
لۆ: بۆ. بان: سەربان. ئاگردانی ماڵان لە کولێنکەوە یان لە لوولەکێشەوە دووکەڵەکەی دەڕواتەدەر، لەوێوە بۆ ئاسمان بەرزدەبێتەوە، هەر چەندە دووکەڵ پێی بۆ ڕۆیشتن نییە بەڵام دەتوانێت بانەوبان بۆ هەموو ماڵێک بڕوات، مەتەڵەکە مەبەست لە دووکەڵە کە پێی نییە دەڕوات. وەڵام (دووکەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل40

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2322**
**لەکاتی مانگەشەو سەگی سپی لەسەر بەفر بەچی دەوەڕێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114190317445322](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221114190317445322)

لەکاتی مانگەشەو سەگی سپی لەسەر بەفر بەچی دەوەڕێ؟
مەتەڵساز زیاتر بۆ شێواندنی بیری گوێگر، ئەم پەندە دەڵێت: بزانێت ئاستی زیرەکی چەندە، هەموو سەگێک لەهەر کاتێکدا بوەڕێ بە دەم دەوەڕێ. وەڵام (بە دەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل90

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2323**
**لەکاتی ڕۆیشتندا لەدواتەوەیە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209085438449897](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209085438449897)

لەکاتی ڕۆیشتندا لەدواتەوەیە.
مەبەست لە سێبەرە، (سیبەر: لە ئەنجامی بەرکەوتنی تیشکی ڕووناکی لە شتە ماددییەکان درووستدەبێت.، لەگەڵ ئەوەدا سێبەر تایبەتمەندی ماددی و نامادی تێدایە) لەکاتی ڕۆشتندا لەدواتەوەیە، مەبەست لە کەسێکە کە بەڕێگەدا دەڕوات و سێبەر لە پشتییەوە درووستدەبێت. وەڵام (سێبەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل57

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2324**
**لەیلێم بەرز و باریکە قەبری قوڵ و تاریکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230105184919456850

لەیلێم بەرز و باریکە
قەبری قوڵ و تاریکە
لەیلێ، ناوە بۆ ئافرەت بەڵام لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە تفەنگی بڕنەوە کە باریک و بەرز و درێژە، بە قەدوباڵای ئافرەت چووێنراوە، قەبری قوڵ و تاریکە، واتە: گەر گوللەیەکی تفەنگی بڕنەو بەرهەر کەسێک بکەوێ، دەیکوژێت و دەیخەنە ناو قەبرێکی قوڵ و تاریکەوە. وەڵام (تفەنگی بڕنەو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل147.

کاتی تۆمارکردن: 05-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2325**

**لەیەک دەقیقەدا دووجار، لەساڵێکدا هیچ، لە قەرنێکا جارێ**

[20230922195812522571=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922195812522571)

لەیەک دەقیقەدا دووجار، لەساڵێکدا هیچ، لە قەرنێکا جارێ.
دەقیقە: چرکە، قەرن: سەدە. مەبەستی مەتەڵەکە ژمارەی دووبارەبووی پیتی (ق) ە لەناو وشەدا، لە یەک دەقەیقەدا دووجار، مەبەست لە وەیە لە وشەی دەقیقەدا دووجار پیتی (ق) هەیە، لە ساڵێکدا هیچ، واتە لە وشەی ساڵدا هیچ پیتێکی (ق) نییە، لە قەرنێکا جارێ، واتە: لە وشەی قەرندا یەک جار پیتی (ق) هەیە. وەڵام (پیتی ق) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 35

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2326**

**ماتی ماتی کلکی ڕەپ کردی چووە ئاسمانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209212609450030

ماتی ماتی
کلکی ڕەپ کردی
چووە ئاسمانی
مەبەست لە دووکەڵی ئاگری دارە، ماتی ماتی، واتە: دار کە بەشێنەیی دەسووتێ، بەهێواشی و بە ماتی دووکەڵەکەی بۆ ئاسمان بەرزدەبێتەوە، کلکی ڕەپکرد، مەبەست لە درێژیی دووکەڵی ئاگرە لە ئاسماندا کە بە کلکی ئاگر چووێنراوە. وەڵام (دووکەڵی ئاگری دار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل59

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2327**
**مار دەکوژێ لە دەشتێ گۆشتیشی دەخورێ هێشتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221220220428453238

مار دەکوژێ لە دەشتێ
گۆشتیشی دەخورێ هێشتێ
مەبەست لە ژیشکە، (ژیشک: گیانەوەرێکی کێوی گۆشتخۆرە، کرم و مار دەخوا، جەستەی بە درک داپۆشراوە) مار دەکوژێ لە دەشتێ، مەبەست لە ژیشکە کە دەتوانێت مار بکوژێ و بیخوا، گۆشتیشی دەخورێ هێشتێ، واتە: ژیشک مار دەخوا، کەچی گۆشتی ژیشک دەخورێ. وەڵام (ژیشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل60

کاتی تۆمارکردن: 20-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2328**

**ماری درێژ و باریک سەری لە کونی تاریک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230219213127468736

ماری درێژ و باریک
سەری لە کونی تاریک
دەردەهێنێ بە زمان
ڕوودەکاتە هێڵی مەیدان
هێڵی مەیدانی بەفرین
هێڵی یا سوور یا شین
ئەم مارەی پڕ سکی ئاوە
خوا ئەزانێ چی ناوە

مەبەست لە جاڤی پێ نووسینە، جاف بە مار چووێنراوە لەباریکیدا، ئەو کاتەی سەری جاف لێدەکرێتەوە، نووکەکەی دێتەدەر، هەروەها ناو جاف مرەکەبی تێدایە لە مەتەڵەکەدا بە سکی پڕ لەئاو چووێنراوە. وەڵام (جاف) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال

کاتی تۆمارکردن: 2023-02-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2329**
**ماری گوڵبەدەم لە ئاوێکی کەم**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922205918522591](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922205918522591)

ماری گوڵبەدەم
لە ئاوێکی کەم
گوڵبەدەم: لە کوردەواردا بۆ خەیاری ناسک بەکاردێت، ماری گوڵبەدەم، مەبەست لە پڵیتەی چرای نەوتییە کە بەشێکی زۆری لەناو نەوتی ناو چرادایە، بەشێکی کەمی لە دەرەوەیە، گڕەدرێت و ڕووناکی دەبەخشێت، لە ئاوێکی کەم، مەبەست لە نەوتی چرایە. وەڵام (پڵیتەی چرا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل34

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2330**
**مارێک لەناو حەوزێکدایە، گوڵێکی بەدەمەوەیە، مارەکە ئاوەکە دەخوا، گوڵەکەش مارەکە دەخوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220827113705430663

مارێک لەناو حەوزێکدایە، گوڵێکی بەدەمەوەیە، مارەکە ئاوەکە دەخوا، گوڵەکەش مارەکە دەخوا.
حەوز و ئاو لەناو گوندەکاندا جگە لە ئاودێری بۆ پشوودانیش بەکاردێت، لە وەرزی هاویندا، مار بۆ خۆفێنککردنەوە دەچێتە ناوی، لە مەتەڵەکەدا مار و حەوز بە چرای نەوت و پلیتە چووێنراوە، گوڵێکی بەدەمەوەیە مەبەست لە پلیتەیە کە دادەگرسێت، ئاگری پلیتە بە گوڵ چووێنراوە، (لە ئەفسانەی کوردیدا، گوڵی نەیلۆفەر هەیە، گوڵێکی ئاگرینە و یەکێکە لە پیرۆزییەکانی ئاینی میترا) پلیتەکە نەوت دەمژێ و ئاگرەکەش لەسەرەوە دەسووتێ. وەڵام (چرا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 27-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2331**

**مارێکم دیوە، بێ کلک و بێ سەر لە دوو دانە کون، سەردێنێتەدەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915223233520818

مارێکم دیوە، بێ کلک و بێ سەر
لە دوو دانە کون، سەردێنێتەدەر
مەبەست لە بەنەخوێنی شرواڵە، (شرواڵ بەرگی خوارەوەی جلوبەرگی کوردییە) پزوویەکی هەیە، بەنەخوێنی تێهەڵدەکێشرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی لەپێکردندا بەپێوە بووەستێت، لە مەتەڵەکەدا بەنەخوێن بە مار چووێنراوە بەڵام سەر و کلکی نییە. لە دوو کونانەوە سەردێنیتەدەر، مەبەست لە هەردوو سەری بەنەخوێنە کە لە کونی پزووی شرواڵەوە دێنەدەر. وەڵام (بەنەخوێنی شرواڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل7

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2332**

**مارێکم هەیە سەر بە دوو کونا دەهێنێرەدەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115190739445440

مارێکم هەیە سەر بە دوو کونا دەهێنێرەدەر.
مارێکم هەیە، مەبەست لە بەنەخوێنی شرواڵە کە وەک ماری باریک و درێژە، توانای جووڵەی نییە وەک ماری تۆپیو وایە، سەر بە دوو کونا دەهێنێتەدەر، مەبەست لە پزووی شرواڵی کوردییە کە دوو کونی تیایە، هەر دوو سەری بەنەخوێنەکەی لێوەدێتەدەر. وەڵام (بەنەخوێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل96

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2333**

**مارە تۆپیوە لە دوو کونەوە سەردەردێنێ بەبەژنەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209151502449920

مارە تۆپیوە
لە دوو کونەوە
سەردەردێنێ بەبەژنەوە
مەبەست لە بەنەخوێنی شرواڵی پیاوانە، (بەنەخوێن: داوێکی چنراوێکی توندی درێژە. شرواڵی پیاوانی لە پێدا پێ توند دەکرێ) مارە تۆپیوە، مەبەست لە بەنەخوێنە، لە دوو کونەوە، مەبەست لە دوو کونی پزووی شرواڵە، سەردەردێنێ بە بەژنەوە، واتە: لە دوو کونی پزووی شرواڵەوە دێتەدەر. وەڵام (بەنەخوێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل59

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2334**
**مارە زەردە خزایە پەردە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920212348522135

مارە زەردە
خزایە پەردە
مەبەست لە ڕۆنی کوردییە کە دەکرێتە ناو هیزەوە، (هیزە: پێستی مالات خۆشدەکرێت، لە کوردەواردا ڕۆنی کوردیی تێدا هەڵدەگیرێت) مارە زەردە، مەبەست لە ڕۆنی کوردییە، خزایە پەردە، مەبەست هیزەیە کە ڕۆنی تێدا هەڵدەگیرێت. وەڵام (ڕۆنی ناو هیزە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل25

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2335**
**مارەتۆپیوڕی لە دوو کونەوە سەر دەردەهێنێ بەبەژنەوە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115182804445429

مارەتۆپیوڕی لە دوو کونەوە
سەر دەردەهێنێ بەبەژنەوە
مارە تۆپیو، مەبەست لە بەنەخوێنی شرواڵە کە وەک ماری باریک و درێژە، توانای جووڵەی نییە وەک ماری تۆپیو وایە، لە دوو کونەوە سەردەردەهێنێ، مەبەست لە پزووی شرواڵی کوردییە کە دوو کونی تیایە، هەر دوو سەری بەنەخوێنەکەی لێوەدێتەدەر. وەڵام (بەنەخوێن). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل96

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2336**

**ماسی بەحرە ئاوی نییە شەرم دەکا مەلا نییە حوکم دەکا قازی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116211727445672

ماسی بەحرە ئاوی نییە
شەرم دەکا مەلا نییە
حوکم دەکا قازی نییە
مەبەستی مەتەڵەکە قەڵەمە کە دەتوانێ هەموو بیروبۆچوونێکی پێدەربڕێ، باس لە وشکانی و ئاو و دەریاکان بکات هەروەها باسی نەریت و شەرم و شکۆ و بێشەرمی بکات، دەتوانێت هەموو بڕیارێک بە قەڵەم بنووسرێتەوە کە سزا و پاداشتی تێدابێت.
وەڵام (قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل100

کاتی تۆمارکردن: 16-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2337**

**ماشی مەرقەی ترخێنێ، دووی دەگرن سێی هەڵدێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805220104426699



ماشی مەرقەی ترخێنێ، دووی دەگرن سێی هەڵدێنێ
ماش و ترخێنە دوو خواردنی فۆلکلۆری کوردین، لە مەتەڵەکەدا بۆ سەرلێشێواندن بەکارهاتووە، دووی دەگرن: مەبەستی لەسەر و قونی مەشکەیە کە لە کاتی ژەنینی مەشکەدا توند دەبەسترێ ، بۆ ئەوەی دۆ ژەندراوەکەی لێنەیەتەدەر، سێی هەڵدێنێ واتە: ئەو سێپایەیە کە بۆ ژەنینی مەشکە دادەنرێ. وەڵام مەشکە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
[2] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەنبانەبۆرینە / فەرهەنگی خاڵ

کاتی تۆمارکردن: 05-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2338**

**مام حەسەنی بە لنگی دەچتە شەڕی گوندەکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115183125445430

مام حەسەنی بە لنگی
دەچتە شەڕی گوندەکی
لنگ: لینگ یان قاچ. مام حەسەنی بە لنگی، مەبەست لە ماڵەغانە (ماڵەغان: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، دەمەکەی کەوانەیی و گەورەیە، بۆ دووریني گەنم یان گیا بەکاردێ) دەچتە شەڕی گوندەکی، واتە: ماڵەغان توانای هەیە دروێنەی گوندێک ئەنجامبدا. وەڵام (ماڵەغان). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل96

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2339**
**مامر یەک، هێلکە دوازدە، جوجەڵە سێسەد و پەنجا و پازدە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905205206432220](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905205206432220)

مامر یەک، هێلکە دوازدە، جوجەڵە سێسەد و پەنجا و پازدە.
مامر: مریشک، مامر یەک: واتە: یەک ساڵ، هێلکە دوازدە: واتە: یەک مریشک دوازدە هێلکە دەکات، مەبەست لەوەیە کە ساڵێک دوازدە مانگە، جوجەڵە سێسەد و پەنجا و پازدە، واتە: هێلکەکان کاتێک دەبنە جووچک ژمارەیان (سێسەد و پەنجا و پازدە) دەکاتە سێسەد و شەست و پێنج ڕۆژە، مەبەستی لە کۆی ڕۆژەکانی ساڵە. وەڵام (ساڵ، مانگ و ژمارەی ڕۆژ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل118

کاتی تۆمارکردن: 05-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2340**

**مامرە قوڵەی مەریوان خۆش خۆش دەچێ بۆ دیوان**

20221209165809449950=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مامرە قوڵەی مەریوان
خۆش خۆش دەچێ بۆ دیوان
مەبەست لە پارە و پووڵە، مامر: مریشک، قوڵ: خڕ و کوورت، مەریوان: ئاماژەیە بۆ شارۆچکەی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مامرە قوڵەی مەریوان، مەبەست لە پارە و پووڵە، خۆش خۆش دەچێ بۆ دیوان، واتە: پارە دەستاودەست دەکات و ئەم ماڵە و ماڵ دەگەڕێ. وەڵام (پارە و پوول) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل2

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2341**

**مامرە کوڵەی جەوهەری هەزار لە دەوری**

[20221209213153450033=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209213153450033)

مامرە کوڵەی جەوهەری
هەزار لە دەوری
مامر: مریشک، کوڵ: کوورت و بچووک، جەوهەر: بەردێکی سپی بەنرخە (فەرهەنگی شێخانی) مامرە کوڵەی جەوهەری، مەبەست لە خۆرە کە گەرمی و رووناکی دەبەخشێ و بەنرخە، هەزار لە دەوری، مەبەست لە گەلەئەستێرەی دەوری خۆرە. وەڵام (کۆمەڵەی خۆر و ئەستێرەکانی دەوری) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل62

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2342**

**مامی من حەیدەرە سێ قوتک لەبەرە دوو سپینە یەک زەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117171046458862

مامی من حەیدەرە
سێ قوتک لەبەرە
دوو سپینە یەک زەرە

مەبەست لە هێلکەی لەپەوەرە، مامی من حەیدەرە، (حەیدەر مەبەست لە کەسێکی پاڵەوانە لەکاتی شەرکردندا قەڵغانی پێیێ) سێ قوتک لەبەر، مەبەست (قوتک: باڵاپۆشی سەر تاکەمەر. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست هێلکەیە کە بە چەند توێکڵێک داپۆشراوە، وەک توێکڵ و پەردە توێکڵ، لە مەتەڵەکەدا بە قوتک چووێنراوە، دوو سپێنە مەبەست لە توێکڵی هێلکە و سپێنەیە کە ڕەنگیان سپییە، یەک زەردێنە، مەبەست لە خودی زەردێنەی هێلکەیە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل212.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2343**

**مامێکم هەس هەڕی هەڕی ناوچەوان مارۆ ڕەنگی سەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922210140522592

مامێکم هەس هەڕی هەڕی
ناوچەوان مارۆ ڕەنگی سەری
هەس: هەیە. هەڕی هەڕی: مەبەست لە ڕۆشتنە (فەرهەنگی شێخانی) مامێکم هەس هەڕی هەڕی، مەبەست لە زەردەواڵەیە کە بەردەوام دێت و دەچێت، لە مەتەڵەکەدا بە کەسێکی نزیکی وەک مام چووێنراوە، ناوچەوان مارۆ، مەبەست لە ڕەنگی سەری زەردەواڵەیە کە مارۆنییە. وەڵام (زەردەواڵە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل33

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2344**

**مامێکم هەیە لە دوو سەرەوە لە قەدی باب و باپیرتەوە ئاڵاوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209151858449921](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209151858449921)

مامێکم هەیە لە دوو سەرەوە
لە قەدی باب و باپیرتەوە ئاڵاوە
مەبەست لە بەنەخوێنی شرواڵی پیاوانە، (بەنەخوێن: داوێکی چنراوێکی توندی درێژە. شرواڵی پیاوانی لە پێدا پێ توند دەکرێ) مامێکم هەیە لە دوو سەرەوە، مەبەست لە بەنەخوێنی شرواڵە کە لە دوو کونی پزووی شرواڵەوە دێتەدەر، لە قەدی باب و باپیرتەوە ئاڵاوە، واتە: لە مێژوویەکی دێرینەوە باب و باپیرانی کورد، شرواڵ لەپێدەکەن و بە بەنەخوێن توندی دەکەن. وەڵام (بەنەخوێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل59

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2345**

**مامێکم هەیە لە دەشتی خڕکە ڕیخی لە پشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723155542509144

مامێکم هەیە لە دەشتی
خڕکە ڕیخی لە پشتی
مامێکم هەیە لە دەشتی مەبەست لە قالۆنچەی ڕەشی پشی ڕەقە، ئەو قالۆنچانەی کە لە نزیک مەڕ و بزن دەژین، هەموو تەمەنیان خەریکی خڕکردنەوە و گلکردنەوەی ڕیخن، خڕکە ڕیخی لە پشتی واتە: بە کۆڵ ڕیخ دەیگوێزنەوە بۆ کونەکانیان. وەڵام (قالۆنچە). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل61

کاتی تۆمارکردن: 23-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2346**
**مامێکم هەیە لە دەشتی قرتاڵە گوێی لە پشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117171912458866

مامێکم هەیە لە دەشتی
قرتاڵە گوێی لە پشتی
واتە: قالۆنچەی گووخلە، (مەبەست لەو جۆرە قالۆنچەییە کە پشقل تلدەکاتەوە و دەیبات بۆ کونەکەی) مامێکم هەیە لە دەشتی، مەبەست لە قالۆنچەی گووخلەیە، قرتاڵە گووی لە پشتی، (قرتاڵە: لە شووڵ دروووستدەکرێ، میوەی تێدا هەڵدەگیرێ) مەبەست لە قالۆنچەیە کە پشقلەکان بە کۆڵ دەبات، (بردنی پشقل بە کۆڵ، بە بەرچنە میوە چووێنراوە کە جووتیار بەکۆڵ دەیبات) . وەڵام (قالۆنچەی گووخڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل204.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2347**

**مامێکم هەیە لە دەشتی، سی و سێ کونی لە پشتی، خۆی دەخاتە سەر پشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729230430425429

مامێکم هەیە لە دەشتی، سی و سێ کونی لە پشتی، خۆی دەخاتە سەر پشتی
مامێکم هەیە لە دەشتی: کاکێش، واتە: ڕەشکە کونی زۆری تێدایە، لە کاتی خەرمان کوتیندا، کای گەنم و جۆی تێدەکرێ ، دەمەکەی دەبەسترێ ، دەخرێتە سەرپشتی وڵاخێک یان گوێدرێژێک، بۆ شوێنی مەبەست دەگوێزرێتەوە. وەڵام کاکێش.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 29-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2348**

**مامێکم هەیە لە دەشتی، کەچە شیرێکی لە پشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822084729429611

مامێکم هەیە لە دەشتی
کەچە شیرێکی لە پشتی
کەچە: بەشتێکی زۆر بەکارهاتوو ئەوترێ (فەرهەنگی شێخانی) مام: مەبەست لە خزم و کەسی زۆر نزیکە، مامێکم هەیە لە دەشتی، مەبەست لە دووپشکە کە هەوڵی پێوەدان دەدا زۆر نزیک دەبێتەوە، لە مەتەڵەکەدا چووێنراوە بە مام، کەچە شیرێکی لە پشتی، مەبەستی لە کلکی دووپشکە کە بەشتێکی زۆر بەکارهاتوو وەسفی دەکات، هەمیشە بەسەر پشتییەوەیەتی و ئامادەیە بۆ پێوەدان. وەڵام (دووپشک) . [1]

QR Code:

سەرچاوەکان
کاتی تۆمارکردن: 22-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2349**

**مامێکم هەیە لە دەشتێ بارەک چەقۆی لە پشتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117172227458867

مامێکم هەیە لە دەشتێ
بارەک چەقۆی لە پشتێ
مەبەست لە ژیشکە، (ژیشک: گیانەوەرێکی کێوی گۆشتخۆرە، کەوڵێکی دڕکاوی بە پشتەوەیە، بۆ پارێزگاری لەخۆی بەکاری دێنی) مامێکم هەیە لە دەشتی، مەبەست لە گیانەوەری ژیشکە، بارەک چەقۆی لە پشتی، مەبەست لە دڕکەکانی جەستەی ژیشکە. [1]
وەڵام (ژیشک)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل217.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2350**

**مامێکم هەیە لە زورگی سەلکی گەورەترە لە ورگی**

[20230723160704509145=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723160704509145)

مامێکم هەیە لە زورگی
سەلکی گەورەترە لە ورگی
زورگ: جێگەر ڕەقەن و گردەڵان (فەرهەنگی شێخانی) مامێکم هەیە زورگی، مەبەست لە مێرووستانە، سەلکی گەورەترە لە ورگی، (سەلک: سەر) واتە: بە سرووشت مێروولە قەبارەی سەری لە ورگی گەورەترە، ئەوەش وەک بیرهێنانەوە مەتەڵساز دەریبڕیوە. وەڵام (مێروولە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان


[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل46

کاتی تۆمارکردن: 23-07-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2351**
**مامێکم هەیە لە لێری، بە سمێڵان مەڕی دادێڵی**

20220805231531426729=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مامێکم هەیە لە لێری، بە سمێڵان مەڕی دادێڵی
لێر: شتێک بە شوێنێکدا بێتەخوار فەرهەنگی خاڵ، مامێکم هەیە لە لێری: ئەم دەستەواژەیە بۆ جوانکاری و ڕێککردنی کێش و سەرەوای هۆنراوەکەیە، مەڕی دادێڵان، مەبەستی لە قژ یا سمێڵ داهێنانە کە بە شێوەیەکی ئاسان کەسەکە ئەنجامی دەدات. وەڵام شانەی قژداهێنان. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2352**

**مامێکم هەیە لە هەمەدان ماڵەکەی بێ ئاوەدان کەوچکان دەکا سوور و پان پێنجیان لەوان لەبن دووان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221220214122453233

مامێکم هەیە لە هەمەدان، ماڵەکەی بێ ئاوەدان
کەوچکان دەکا سوور و پان، پێنجیان لەوان لەبن دووان
مەبەست لە دەست و پەنجەی مرۆڤە، (هەمەدان: ناوی شارێکی کوردستانە) مامێکم هەیە لە هەمەدان، ماڵەکەی بێ ئاوەدان، مەبەست لە دەستی مرۆڤە، کەوچکان دەکا سوور و پان، واتە: بە دەست کەوچک دەگرێ و نانی پێدەخوا، پێنجیان لەوان لەبن دووان، واتە: لە پێنج پەنجەکەی دەستی مرۆڤ، بە دووانیان کەوچک دەگیرێ. وەڵام (دەست و پەنجە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل62

کاتی تۆمارکردن: 20-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2353**

**مامێکم هەیە لەسەر هەرزاڵێ گونی داهێشتووە ئەو لەناو ماڵێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221220220955453239

مامێکم هەیە لەسەر هەرزاڵێ
گونی داهێشتووە ئەو لەناو ماڵێ
مەبەست لە کولەکەی ئاوییە، (کولەکەی ئاویی: جۆرێک کولەکەی تایبەتییە، لە کوردستان دەڕوێ، دەکرێ بە چێشت) ، هەرزاڵ: کەپرێکی نزمە لە ماڵدا دەکرێ بۆ لەسەر نووستن (فەرهەنگی خاڵ) ، مامێکم هەیە لەسەر هەرزاڵێ، مەبەست لە کۆلەکەی ئاوییە، گونی داهیشتووە لەناوماڵێ، مەبەست لە بەشی خوارەوەی کوولەکەی ئاوییە کە بە گون چووێنراوە. وەڵام (کولەکەی ئاویی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل59

کاتی تۆمارکردن: 20-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2354**
**مامێکم هەیە لەسەربانی پەڵووی دەخوا بەبێ نانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209170428449951

مامێکم هەیە لەسەربانی
پەڵووی دەخوا بەبێ نانی
مەبەستی مەتەڵەکە باگوردانە، (باگوردان: باگردێن ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لەبەرد درووستدەکرێ، بۆ گێڕانی بانی گڵ بەکاردێ) مامێکم هەیە لەسەربانی، مەبەست لە باگردێنە کە هەمیشە لەسەربان دادەنرێ، پەڵووی دەخوا بەبێ نانی، (پەڵوو: لە ئارد و ئاو درووستدەکرێ، دەردێتە بەرخ و کار یان جووجەڵەی مریشک) پەڵوو لە ئارد درووستدەکرێ بۆیە بە نانەوە ناخورێ، مەبەست لەو قوڕەیە کە لەکاتی بانگێڕاندا دەلکێ بە باگرێندا. وەڵام (باگوردان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل58

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2355**
**مامێکم هەیە لەنێو گڵی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925210758436180

مامێکم هەیە لەنێو گڵی
بە سمێڵام دەڵێ: وری وری
گەڵ: مەبەست لەو گەڵایەیە کە شوانەکان لە وەرزی بەهاردا لەنێوان پەلی دوودواردا هەڵیدەگرن و لە زستاندا وەک خۆراک دەیدەن بە مەڕومالاّ، زۆر جار دەبێتە جێگەی جرج و مشک. وەڵام (جرج) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولاّت: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل44

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2356**

**مامێکم هەیە هێری هێری گردەک نەبێ هەموو دەکێڵی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209170815449954

مامێکم هەیە هێری هێری
گردەک نەبێ هەموو دەکێڵی
مەبەست لە چاوی مرۆڤە، مامێکم هەیە هێری هێری، مەبەست لەوەیە کە چاو توانانی بینینی هەموو شێکی هەیە کە لەدەوروبەردا بوونی هەبێت، گردەک نەبێ هەموو دەکێڵی، گردەک مەبەست لە لووتی مرۆڤە کە بە گرد چووێنراوە، واتە: چاو تەنیا توانای بینینی لووتی نییە. وەڵام (چاو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا، هەولێر ل59

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2357**

**مامێکم هەیە هێڵی هێڵی، دەشت و پەنا دەکێڵی، خۆی بە کولانێ دادێلی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906164322432456](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906164322432456)

مامێکم هەیە هێڵی هێڵی
دەشت و پەنا دەکێڵی
خۆی بە کولانێ دادێلی.

لە مەتەڵەکەدا خۆر بە مام چووێنراوە، هێڵی هێڵی، مەبەستی لە هێڵە باریکەکانی تیشکی خۆرە، دەشت و پەنا دەکێڵی واتە: تیشکی خۆی بەر هەموو پێچ و پەنا و دەشتودەرێک دەکەوێت، خۆی بە کولانێ دادێلی واتە: تیشکی خۆر خۆی بە هەموو کونێکدا دەکات و پێیدا دەچێتەخوار. وەڵام (تیشکی خۆر) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل121](#)

کاتی تۆمارکردن: 06-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2358**
## مامێکم هەیە هەری هەری هێلکەی بەربان دەپەڕی

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227084431454392](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227084431454392)

مامێکم هەیە هەری هەری
هێلکەی بەربان دەپەڕی
مەبەست لە کۆترە، مامێکم هەیە هەری هەری، (هەری: خوری. فەرهەنگی خاڵ) واتە: کەوێکم هەیە پەڕەکانی وەکوو خوری نەرم و ناسکە، هێلکە بە ڕیان دەپەڕی، واتە: کەو باڵندەیەکی کێوێستانییە و بەشێوەیەکی سرووشتی هێلکە زۆر دەکات. وەڵام (کەو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل20

کاتی تۆمارکردن: 27-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2359**
**مامێکم هەیە وردیلانە و ژیر سەری زلترە لە زکی بیخەرەوەبیر**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221121432453264

مامێکم هەیە وردیلانە و ژیر
سەری زلترە لە زکی بیخەرەوەبیر
مەبەست لە مێرووڵەیە، مامێکم هەیە وردیلانە و ژیر، مەبەست لە مێرووڵەیە کە لە ئیش و کاردا وردکار و ژیرە، سەری زلترە لە زکی، (زک: سک) واتە: بە سرووشت مێرووله قەبارەی سەری لە سکی گەورەترە، ئەوەش وەک بیرهێنانەوە مەتەڵساز دەریبڕیوە. وەڵام (مێرووله) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل59
کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2360**

**مامێکم هەیە کولک یەک هێلانە و دوو هێلک**

20220905205511432221=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مامێکم هەیە کولک
یەک هێلانە و دوو هێلک.
کولک: پارچە داری ئەستوور کۆلکەدار (فەرهەنگی کانی) کۆتر کە لەناو داردا هێلانە درووست دەکات و دوو هێلکە دەکات، بەڵام مەبەستی سەرەکی مەتەڵەکە ئەوەیە کە دار بە ئاسمان و هێلانە و هێلکەش بە مانگ و خۆر چوواندووە. وەڵام (ئاسمان، مانگ، خۆر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل119

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2361**
**مامێکم هەیە، لە قونەوە ڕیش دەرئەکا**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825155352430253



مامێکم هەیە، لە قونەوە ڕیش دەرئەکا.
لە کۆمەڵگەی کوردەواردا، لەناو خێزانی کوردیدا، مام لە دوای باوکەوە نزیکترین کەسە لە منداڵەکانەوە، مەبەستی مەتەڵەکە پیازە لەگەڵ زووربەی جۆری خواردنەکاندا دادەنرێ و کورد دەیخوات، واتە: پیاز هاوەڵی زووربەی خۆراکە کوردییەکانەکە بە مام چووێنراوە، لە قونەوە ڕیش دەردەکات مەبەست لە پیازە کە لەکاتی ڕواندا ڕەگ دەردەکات، لە مەتەڵەکەدا بە ڕیش چووێنراوە. وەڵام (ڕەگی پیاز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-25
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2362**

**مامێکم وا لە لێری کوڵکۆکان دادەگێڕی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209213516450037

مامێکم وا لە لێری
کوڵکۆکان دادەگێڕی
لێر: لێرەوار یان دارستانی چڕ (فەرهەنگی شێخانی) کوڵکۆکان: کۆکراوەی وشەی کوڵکە، (کوڵک: بە کوڵکی ئاژەڵی مەڕەز دەوترێ، لە کوردەواردا دەکرێ بە شاڵ) مامێکم وا لە لێری، مەبەست لە شانەی قژداهێنانە، کوڵکۆکان دادەهێڵی، مەبەست لە شانەیە کە قژ دادەهێنێ، قژ بە کوڵک چووێنراوە. وەڵام (شانە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل61

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2363**

**مامێکن هەس ڕزاڵێ پای داهێشتووەتە ناو ماڵێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918125921521273

مامێکن هەس ڕزاڵێ
پای داهێشتووەتە ناو ماڵێ
ڕزاڵ یان ڕیزاڵ: مەبەست لە پارچەیەکی بچووکە لە شتیک (فەرهەنگی وشەنامە) هەس: هەیە، لە کوردەواردا مام خۆشەویستە و شتی باش بە مام چووێنراوە. مامێکم هەس ڕزاڵی، مەبەستی لە تیشکی خۆرە، پای داهێشتۆتە ناو ماڵێ، واتە: تیشکی خۆر دێتە ناوماڵ. وەڵام (تیشکی خۆر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل19

کاتی تۆمارکردن: 18-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2364**

**مامە هورمزە ڕدێنی قرمزە سۆفی سەحەرە پاشەڕۆی خواردنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209171143449958

مامە هورمزە ڕدێنی قرمزە
سۆفی سەحەرە پاشەڕۆی خواردنە
مەبەست لە کەڵەشێرە، مامە هورمزە، (هورمز: خودای چاکە و ڕۆشنایی فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) . مەبەست لە کەڵەشێرە، ڕدێن قرمزی، (ڕدێن: ڕیش، قرمزە: ڕەنگی سووری ئاگریی فەرهەنگی خاڵ) واتە: ئەو کەڵەشێرانەی ڕەنگیان سووری ئاگرییە، سۆفی سەحەری، واتە: بەیانیان زوو وەخەبەردێت و دەخوێنێ کە بە سۆفی چووێنراوە، پاشەڕۆی خواردنە، واتە: لەسەر پاشماوەی خۆراکی فڕێدراو دەژیی. وەڵام (کەڵەشێر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل60

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2365**

**مامەکم هەیە لە دەشتی گەندووگوی لە پشتی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723155105509143](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723155105509143)

مامەکم هەیە لە دەشتی
گەندووگوی لە پشتی
مامەکم هەیە لە دەشتی واتە: قالۆنچە، ئەو قالۆنچانەی کە لە نزیک ئاغەڵ (تەویلە) ی مەڕ و ماڵاتەوە دەژین، سرووشتیان وایە کە هەمیشە خەریکی خڕکردنەوە پشقلن، گەندووگوی لە پشتی واتە: بە کۆڵ پشقلەکان دەیگوێزنەوە بۆ کونەکانیان.
وەڵام (قالۆنچە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال سەگرمە ل69

کاتی تۆمارکردن: 23-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2366**
**مامەکم هەیە لە دەشتی، دەماچە قوتەی لە پشتی**
[20220805230301426725=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805230301426725)



مامەکم هەیە لە دەشتی، دەماچە قوتەی لە پشتی
مامەکم هەیە لە دەشتی: مەبەستی لە دووپشکە کە زیندەوەرۆچکەیەکی ژەهرڕێژی ترسناکە، لە دەشتودەرا دەژی و گەشەدەکات، دەماچە قوتەی واتە: کلکی دووپشک کە هەمیشە قوت و ڕێکە لەسەر پشتی و بەکاری دێنێ بۆ پێوەدان. وەڵام دوو پشک. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2367**
**مامەکم هەیە لە سەر بانی، تیکان پڕ دەکا بە بێگیانی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806052837426745



مامەکم هەیە لە سەر بانی، تیکان پڕ دەکا بە بێگیانی
مامەکم هەیە لە سەربانی: مەبەستی باگردێنە کە هەمیشە لەسەربانە، تیکان واتە: ئەو درز و کەلێنە بچووکانەی کە لە سەربانی خانوی گڵدا درووست دەبێت ، لە ئەنجامی باران بارین و گێڕانی بە باگردێن، تیک یان درز و کەلێنەکان پڕدەبنەوە. وەڵام باگردێن. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2368**
**مامەکم هەیە لە سەر گەڵێ، بە گونانی دەڵێ : بەڵێ بەڵێ**
20220805225812426724=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مامەکم هەیە لە سەر گەڵێ، بە گونانی دەڵێ : بەڵێ بەڵێ
مامەکم هەیە لە سەر گەڵێ: مەبەستی لە کەڵەباب یان کەڵەشێرە کە بۆ خوێندن دەچێتە سەر شوێنی بەرز، لە مەتەڵەکەدا وشەی سەرگەڵ هاتووە واتە: قۆرییەگەڵ، ئەوگەڵایەیە کە بە کۆمەڵ دادەنرێ ، وەک خۆراکێ بۆ ماڵات، بە گونانی دەڵێ : بەڵێ بەڵێ ، مەبەستی لە خوێندی کەڵەشێرە. وەڵام کەڵەباب، کەلەشێر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2369**

**مانگا پیری ئالانی نەشیری هەیە نەگوانی ماستە لەپێش میوانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115180925445421

مانگا پیری ئالانی
نەشیری هەیە نەگوانی
ماستە لەپێش میوانی
ئالانی یان ئالانە: ناوچەیەکە لە موکریان دەکەوێتە نێوان شارۆچکەی سەردەشت و شارۆچکەی قەڵادزێوە، لەوەڕگەیەکی گەورەیە بۆ مانگا و مەڕومالآت، مانگا پیری ئالانی، مەبەست لە مریشکە، گەڵوگوانی نییە شیر بدات بەڵکوو توانای هێلکەکردنی هەیە، ماستە لە پێش پیوانی، مەبەست لە هێلکەی کوڵاوە کە دەخرێتە پیش میوان، لە ڕەنگی سپێتیدا بە ماست چووێنراوە، وەڵام (هێلکەی مریشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل96

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2370**
**مانگا پیری قۆپانی نەگەڵی هەیە نەگوانی دەژێنێ گشت گۆلکانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115180621445420

مانگا پیری قۆپانی
نەگەڵی هەیە نەگوانی
دەژێنێ گشت گۆلکانی
قۆپان: گیاجاڕ تایبەتە بۆ لەوەڕی ئاژەڵ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مانگا پیری قۆپانی، مانگای ناو گیاجاڕ، مەبەست لە مریشکە، نەگەڵی هەیە نەگوان، واتە: مریشک وەک مانگا گەڵوگوانی نییە، دەژێنێ گشت گۆلکانی، واتە: مانگا چۆن بەهۆی گوانییەوە گۆلکەکانی بەخێودەکات، بەو شێوەیەش مریشک بە هەوڵی خۆی جوجەڵەکانی بەخیوەکات. وەڵام (مریشک) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل96

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2371**

**مانگا سووری حەمەشوان نەگەڵی هەیە نەگوان شیر ئەدا بە هەمووان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924221330523202

مانگا سووری حەمەشوان
نەگەڵی هەیە نەگوان
شیر ئەدا بە هەمووان

مەبەست لە سەرچاوەیە، (لە کوردستان ئەو کانیانەی کە چوار وەرزە ئاویان وشک نابێت، پێیان دەوترێت: سەرچاوە) مانگا سووری حەمە شوان، مەبەست لە سەرچاوەیە، (هەندێک مانگای باش لە کوردەواردا زیاتر لە دە مانگ شیر دەدات) مانگای باش بە سەرچاوە چووێنراوە، نەگەڵی هەیە نەگوان، مەبەست لە سەرچاوەیە کە گوانی نییە و بەردەوام ئاو بەهەمووان دەبەخشێت. وەڵام (سەرچاوە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39


کاتی تۆمارکردن: 24-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2372**
**مانگا ڕەشی مام وەسمان نەگەڵی هەیە نەگوان نەڕەی گەیشتە ئاسمان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115180309445419

مانگا ڕەشی مام وەسمان
نەگەڵی هەیە نەگوان
نەڕەی گەیشتە ئاسمان

مام وەسمان: ناوی کەسایەتییە، مانگا ڕەشی مام وەسمان، مەبەست لە تفەنگە کە ڕەنگی ڕەشە و لە ڕەنگدا بە مانگای ڕەش بەراوردکراوە، نەگەڵی هەیە نەگوان، واتە: مانگا گەڵ و گوانی هەیە و توانای شیردانی هەیە، بەڵام تفەنگ لەبری شیر، فیشەکدانی لەسەرە، نەڕەی گەیشتە ئاسمان، واتە: تفەنگ توانای تەقاندنی فیشەکی هەیە کە دەنگێکی گەورەی هەیە. وەڵام (تفەنگ). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل96

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2373**

**مانگای گەڵواخی نەگەڵی هەس نەگوان شیر ئەپەڕێنێ، ئەم بان و ئەو بان**

20230915223433520819=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مانگای گەڵواخی نەگەڵی هەس نەگوان
شیر ئەپەڕێنێ، ئەم بان و ئەو بان
گەڵواخی: ناوە بۆ ناوچەیەکی کوردستان یان هۆزێک. گەڵوگوان: بۆ مانگا یان مەڕ و بزن بەکاردێت، بەڵام لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە داباریني تەرزەیە، لە ئاسمانەوە بۆ خوارەوە، کە بە دۆشینی شیر چوونێنراوە، چونەک لە ڕەنگدا هەردووکیان سپین و لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئاڕاستە وەردەگرن. وەڵام (باران و تەرزە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل7

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2374**

**مانگای کاکە کەڵۆزی حەتەڵ مەتەڵ نەتۆزی شیر دەدا تۆزە تۆزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003195550524526

مانگای کاکە کەڵۆزی
حەتەڵ مەتەڵ نەتۆزی
شیر دەدا تۆزە تۆزی
مەبەستی مەتەڵەکە هەنگە، کەڵۆز یان کەڵۆس: بۆ کەسێک بەکاردێت کە ددانی پێشەوەی کەوتبێت (فەرهەنگی خاڵ) ، مانگای کاکە کەڵۆزی، واتە: هەنگ، حەتەڵ مەتەڵ، دەستەواژەیەکی بێ واتایە بۆ کێش و سەروای هۆنراوەکە هاتووە، شیر دەدا تۆزە تۆزی، مەبەست لە هەنگە کە تۆز تۆز هەنگوین درووست دەکات. وەڵام (هەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2375**
**مانگایەکی بێ گەڵ و گوان شیر دەدا بە هەمووان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115183434445431

مانگایەکی بێ گەڵ و گوان
شیر دەدا بە هەمووان
مانگا: ئاژەڵێکی شیردەرە، لە ڕێگەر گوانەکانییەوە توانای شیردانی هەیە، مانگایەکی بێگەڵ و گوان، مەبەست لە کانییە، شیر دەدا بە هەمووان، واتە: کانی توانای هەیە ئاو بدات بە هەمووان، وەکوو چۆن مانگا دەتوانێت شیر بدات بە هەمووان، لەگەڵ ئەوەدا کانی ئاوەکەی بە شیر چووێنراوە. وەڵام (کانی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل96

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2376**

**ماهی من هەیدەرە سێ قووتک لەبەرە دوو پسییە یەک زەردە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011112633525521

ماهی من هەیدەرە
سێ قووتک لەبەرە
دوو پسییە یەک زەردە
ماە: مانگ. هەیدەر یان حەیدەر. قوتک: سوخمە جۆرێک لە بەرگی ژنانە (فەرهەنگی خاڵ) ماهی من هەیدەرە، مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، سێ قوەتکی لەبەرە، مەبەست لە توێکڵی هێلکەیە لەگەڵ پەردەی ناو توێکڵی هێڵکە و سپێنەیە، کە هەرسێکیان ڕەنگیان سپییە، بە سوخمە چووێنراون، دوو سپییە، مەبەست لە توێکڵ و سپێنەیە، یەک زەردە، مەبەست لە زەردێنەیە. وەڵام (هێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 92

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2377**
**ماڵی ئەحمەد پاشایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925210401436179

ماڵی ئەحمەد پاشایە
بێ پەنجەرە و دەرگایە
مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە بەتایبەت مریشک، لە مەتەڵەکەدا بە ماڵی ئەحمەد پاشا چووێنراوە، بێ پەنجەرە و دەرگایە، واتە هێلکە هیچ ڕێگەیەکی بۆ چوونەناو نییە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل44

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2378**

**ماڵی بێ دەرگا مزگەوتی بێ میحراب**

20221116213227445676=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ماڵی بێ دەرگا
مزگەوتی بێ میحراب
لە ئێستای دنیادا هەموو ماڵێک بۆچوونە ژوور دەرگای هەیە، هەروەها هەموو پەرستگایەک بەتایبەت مزگەوت میحرابی هەیە، (میحراب: ئەو جێگەیەی پیاوی ئایینی تێدا دەوەستێت بۆ پێشنوێژیی) ماڵی بێ دەرگا، مەبەست لە کەعبەی موسوڵمانانە کە گوایە تا ئێستا دەرگای نییە، کێ بیەوێت دەچێتە ژوور و ڕێگری نییە. مزگەوتی بێ میحراب: مەبەست لە کەعبەیە کە میحرابی نییە. وەڵام (کەعبە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل100

کاتی تۆمارکردن: 16-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2379**
**ماڵێک هەیە تەسک و تاریک پڕە لە عەجنەی مل باریک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927155812523609

ماڵێک هەیە تەسک و تاریک
پڕە لە عەجنەی مل باریک
عەجنە: جنۆکە یان جن (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەبەست لە مێرووستانە، (مێرووستان بەو جێگەیە دەوترێت کە مێرووله هێلانەی تێدا دەکات) ، ماڵێک هەیە تەسک و تاریک، مەبەست لە مێرووستانە، پڕە لە عەجنەی مل باریک، واتە: پڕە لە مێرووله، لە ڕەشیدا بە جنۆکە چووێنراوە. وەڵام (مێرووستان) .[1]
مێروستان: (فەرهەنگی خاڵ)
هێلانەمێرووله

مێروستان: (هەنبانە بۆرینە)
شارەمێروو

عەجنە:
جنۆکە؛ ئەجنە؛ جندۆکە؛ جن.

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل54

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-27
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2380**

**ماڵێک هەیە لەنێو ماڵان خۆشترە لە ماڵی خاڵان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925213022436192

ماڵێک هەیە لەنێو ماڵان
خۆشتر لە ماڵی خاڵان
هەر کەس ببێتە میوانی
وەک مردووی بێ گیانی

ماڵێک هەیە لەنێو ماڵان، مەبەست لە ماڵی تایبەتیی هەر مرۆڤێکە، خۆشترە لە ماڵی خاڵان، ماڵی خاڵ جێگەیەکی خۆش و ئارامە بەڵام هەر ناگاتە ماڵی تایبەتیی کەسێک خۆی، لەگەڵ ئەوەدا هەر کەسێک گەشتەوە ماڵی خۆی، دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی پشووی تێدابدات و بخەوێ. وەڵام (خەو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل45

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2381**
**ماڵێکم هەس گەچکاری نەکوونی هەس نەبووخاری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011113249525522

ماڵێکم هەس گەچکاری
نەکوونی هەس نەبووخاری
هەس: هەیە، بووخار: هەڵم، ماڵێکم هەس گەچکاری، مەبەست لە هێلکەیە، توێکڵی هێلکە ماددەیەکی کلسی سپییە، لە مەتەڵەکەدا بە گەچکاریی چووێنراوە، چونەک توێکڵی هێلکە و گەچ هەردووکیان ڕەنگیان سپییە، نەکوونی هەس نەبووخاری، واتە: هیچ کوونێک لە هێلکەدا نییە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 91

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2382**

**ماڵێکم هەیە لە چوار لاوە قیبلەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209210034450019

ماڵێکم هەیە لە چوار لاوە قیبلەیە.
مەبەست لە کەشتی ناو ئاوە کە بە ماڵ چووێنراوە، کاتێک کەشتی دەگاتە قووڵایی دەریا، بە هەر چوار لادا، زەوی لەبەر چاوان وندەبێت، ئیتر ئاڕاستەکان بە ئاسانی نادۆزرێنەوە، بۆیە لەو کاتانەدا کەسی خواپەرست ڕوو لەهەر جێگەیەک بکات بۆ خواپەرستی درووستە. وەڵام (کەشتی ناو ئاو) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل62

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2383**

**ماین شێ شمڵ لە شان، هاوار دەبا بۆ ئاسمان**

20220805224707426722=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ماین شێ شمڵ لە شان، هاوار دەبا بۆ ئاسمان
ماین شێ: مەبەستی لە دووکەڵە, شمڵ لە شان واتە: ڕەنگی دووکەڵ, شمڵ مەبەستی لە ڕەنگی شمڵییە کە ڕەنگی بۆرە و دەکرێتە نانەوە, هاوار دەبا بۆ ئاسمان, مەبەستی لە بەرزبوونەوەی دووکەڵە، لەو جێگەیەی ئاگرەکە هەیە، دووکەڵەکە دەچێت بۆ ئاسمان. وەڵام دووکەڵ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2384**
**ماین لە ماڵەوە کاموزامییە کورپلە لەبانەوە ڕەپ ڕەپانییە**

20221209171516449961=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ماین لە ماڵەوە کاموزامییە
کورپلە لەبانەوە ڕەپ ڕەپانییە
مەبەست لە تەنوور و دووکەڵە، کاموزام: واتە: ئاوات و ئارەزوو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) . (ماین: مێیەی ئەسپ) ماین لە ماڵەوە کاموزامییە، مەبەست لە تەنووری نانکردنە وەک پێویستی و حەزوئارەزوو نانی پێدەکرێ، کورپلە لەبانەوە ڕەپ ڕەپانییە، مەبەست لە دووکەڵی داری تەنوورە کە بۆ ئاسمان بەرزدەبێتەوە. وەڵام (تەنوور و دووکەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل59

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2385**
**ماینێ سپی چەپەرجان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925211019436181

ماینێ سپی چەپەرجان
خۆش خۆش دێتە بەرمەیدان
ماینی سپی یەکێکە باشترین جۆرەکانی وڵاخە بەرزە، چەپەر: بەو چیغە دەوترێ کە لە قامیشی وشک درووستدەکرێت، بۆ جیاکردنەوەی دوو دیو لەیەک بەکاردێت، مەتەڵەکە مەبەستی لە پارەیە، گەرکەسێک کاسب بێت، بۆ خۆی دێتە گیرفانی، پارە وەک ماینی ناو چەپەر بەنرخە. وەڵام (پارە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل46

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2386**

**مایینی شێیە لە حەوشێیە دەحیلێنێ و خوێن دەڕژێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115183818445432

مایینی شێیە لە حەوشێیە
دەحیلێنێ و خوێن دەڕژێنێ
شێ: ئەسپ یان مایینی زەردی ئاماڵ سوور (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مایینی شێیە لە حەوشێیە، مەبەست لە هەورەبرووسکەیە کە چەخماخە لێدەدات، دەحیلێنێ، مەبەست لە دەنگی هەورەبرووسکەیە، خوێن دەڕژێنێ، مەبەست لە شەوقی هەورەبرووسکەیە. وەڵام (هەورەبرووسکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل96

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2387**
**مایینە چەرمووی کەریم خان کەف دەرژێنێ شانەوشان**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209171913449963

مایینە چەرمووی کەریم خان
کەف دەرژێنێ شانەوشان
ماین: مێیەی ئەسپ، چەرموو: ڕەنگی سپی، کەریم خان، کەسایەتییە، مایەن چەرمووی کەریم خان، مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە، (ئاشی ئاوگەڕ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێ) کەف دەرژێنێ شانەوشان، واتە: بەچواردەوری شانی بەرداشدا، دانەوێڵە دەهاڕێ و بڵاوی دەکاتەوە. وەڵام (ئاش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل58
کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2388**

**مایینە ڕەشەی بەحریی نەتووکی هەیە نەخوریی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205144515534042

مایینە ڕەشەی بەحریی
نەتووکی هەیە نەخوریی
قۆلانچە: قالۆنچە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مایینە ڕەش، جۆرێک مایینە لە کوردستان لە مێژوویەکی دێرینەوە بوونی هەیە، بەهێز و کاریگەرە، توانای مەلەوانی باشی هەیە، لە مەتەڵەکەدا قالۆنچەی ڕەش بە مایینی ڕەش چووێنراوە، قالۆنچە نەتووکی پێوەیە نەخوریی، وەڵام (قۆلانچە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل187

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2389**
**مرخ پا زەڕین پاش و نام ئاو و شوو مرکاکان و ڕۆژ مکی خواو**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013110655525954
مرخ پا زەڕین پاش و نام ئاو و شوو مرکاکان و ڕۆژ مکی خواو.
وەڵام (چرا یان گڵۆپ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل17
کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2390**

**مردار دەبێ و بەفر دەبارێ**

[20230108192502457312=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108192502457312)

مردار دەبێ و بەفر دەبارێ.
مەبەست لە وەرینی گەڵای دار و بارینی بەفر لە زستاندا، مردار دەبێ، وشەی (مردار) لە زمانی کوردیدا بۆ گیانلەبەرێک بەکاردێ کە گۆشتی بخورێ، گەڵای هەندێک دار بۆ خواردن دەشێ، بەتایبەت گەڵامێو، بۆیە لە مەتەڵەکەدا بە مردار وەسفکراوە، واتە: لە پایزدا گەڵای دار دەوەرێ پاشان وەرزی زستان دێ و بەفر دەباری. وەڵام (وەرینی گەڵای دار و بارینی بەفر لە زستاندا).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل187.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2391**
**مردانە بە ڕووگییەوە دونیا ها بە نووکییەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923184824522799

مردانە بە ڕووگییەوە
دونیا ها بە نووکییەوە
مردانە: تێروپڕ. ڕووگ: شیلەی ترێی کوڵاو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مردانە بە ڕووگییە، واتە: مرەکەب وا بە نووکی قامیشەوە، مرەکەب بە شیلەی ترێی کوڵاو (دۆشاو) چوواندووە، دونیا ها بە نووکییەوە، مەبەست لەوەیە کە بە نووکی قامیش یان قەڵەم دەتوانرێت هەموو شتێک بنووسرێت. وەڵام (مرەکەبی قامیشی شت پێنووسین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل37

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2392**
**مردوو دەخۆم بە خوێنەوە**

20221209205333450018=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مردوو دەخۆم بە خوێنەوە.
مردوو، مەبەست لە ماسییە، هەر چۆنێک ماسی لە ئاودا ڕاوبکرێت، دوای کاتێکی کەم ماسییەکە دەمرێ، بۆیە لە مەتەڵەکەدا بە مردوو باس کراوە، لەگەڵ ئەوەدا لە نەریتی هەموو گەلانی دنیادا، ماسی بەمردوویی گۆشتی دەخورێ، هەروەها کەمێک خوێنی تێدایە. بۆیە لە مەتەڵەکەدا مەتەڵساز دەڵێت: مردوو دەخۆم بەخوێنەوە. وەڵام (ماسی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل62

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2393**
**مردوو دەنێژی ساغ دەگری**

[20221209180425449975=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209180425449975)

مردوو دەنێژی، ساغ دەگری.
مەبەست لە تەڵەی مشکە، لەبەر ئەوەی وڵاتی کوردەوار کشتووکاڵییە، دەغڵودان زۆرە، گیانەوەری مشک زۆرە، بۆ ئەوەی مشک زیان نەگەیەنێ، چەندین جۆر تەڵەی مشک درووستکراوە، مردوو دەنێژی، مەبەست لە نانەوەی تەڵەی مشکە، ساغ دەگری، واتە: مشکی پێوەدەبێ. وەڵام (تەڵەی مشک). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل59
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2394**
**مردوو زیندوو دەگرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115191022445441

مردوو زیندوو دەگرێ.
مەبەست لە تەڵەیە، ڕاوچییەکان لە دەشتودەر کاتێک دەچن بۆ ڕاو، لە سەرەڕێگە یان نزیک جێگەی کانی تەڵەدادەنێن و نێچیر دەگرن، مردوو مەبەست لە تەڵەیە کە شتێکی بێگیانە، زیندوو دەگرێ، واتە: تەڵە نێچیر دەگرێ کە نێچیر شتێکی زیندووە. وەڵام (تەڵە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل97

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2395**

**مردوو زیندوو لەباوەش دەگرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925213410436193

مردوو زیندوو لەباوەش دەگرێ
مردوو مەبەست لە بێشکە یان لانکەیە، (ئامێریکی کەلەپووری کوردییە، لە دار درووستدەکرێت، منداڵی ساوای تێدا دەخەوێت) ، زیندوو: مەبەست لە منداڵی ساوایە کە دەخرێتە ناو بێشکە. وەڵام (لانکە و منداڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل42

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2396**
**مردووی پەڕۆ بە قنگ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924222009523207](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924222009523207)

مردووی پەڕۆ بە قنگ.
مەبەست لە کەنووە، (کەنوو یان کەندوو: ئەمبارێکی بچووکە، لە قوڕ لە سووچێکی ژووردا درووست دەکرێت، لەسەرەوە دانەوێڵەی تێدەکرێت، لەخوارەوە دەروازەیەکی هەیە، لێوەی دەردێت، یان پەڕۆیەکی تێدەخرێت) . مردووی پەڕۆ بە قنگ، مەبەست لە کەنووە کە بە پەڕۆ دەروازەکەی دەگیرێت. وەڵام (کەنوو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل40

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2397**

**مردووی پەرۆ بە قنگەوە وەستاوە بە چوار چنگەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221121838453265

مردووی پەرۆ بە قنگەوە
وەستاوە بە چوار چنگەوە
مەبەست لە کەنووە، (کەنوو: ئەمبارێکە لە سووچێکی ژووردا لە قوڕ درووستدەکرێ، دانەوێڵەی تیا هەڵدەگیرێ، لەبەری خوارەوەی کولێنکەیەک هەیە، دانەوێلەی لێوە دەردەهێنرێ، بۆ ئەوەی دانەوێڵەی لێوە نەڕژێ، پەڕۆیەکی تێدەئاخنن). مردووی پەڕۆ بە قنگەوە، مەبەست لە کەنووە، وەستاوە بە چوار چنگەوە، مەبەست لە قاچەکانی کەنووە کە بە چنگ چووێنراوە. وەڵام (کەنوو).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل59

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2398**
**مردووی تڕ بە قەو**
20220811213406427945=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مردووی تڕ گەورە.
مردووی تڕ بە قەو.
مردوو بە جەستەیەکی بێگیان و ڕۆح دەوترێ، مەبەست لە تفەنگە کە گیانی تیانییە، تڕ گەورە یان تڕ بە قەو: (بە قەو: بەهێز یان گەورە) مەبەست لە دەنگی فیشەکە کە بە تفەنگ دەتەقێندرێ و دەنگێکی گەورەی لێوەدێت. وەڵام (تفەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 11-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2399**

**مردووی جل بە کۆڵ چوارپەل قایمە زستانە و زستان ماڵە پایمە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227084747454393

مردووی جل بە کۆڵ چوارپەل قایمە
زستانە و زستان ماڵە پایمە
مردوو، مەبەست لە کورسییە، جل بە کۆڵ، مەبەست لەو کەسەیە کە جلی لەبەردایە و لەسەر کورسی دادەنیشێت، چوار پەل قایمە، مەبەست لە چوار قاچی کورسییە کە لەسەری دەوەستێ زستانە و زستان ماڵە پایمە، واتە: لە وەرای زستانانداً هەڵدەگیرێتەوە. وەڵام (کورسی). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل20

کاتی تۆمارکردن: 27-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2400**
**مردووی جل بەکۆڵ، چوارپەل قایمە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230923185056522800

مردووی جل بەکۆڵ، چوارپەل قایمە.
مەبەست لە بێشکەیە، (بێشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دار درووستدەکرێت، منداڵی ساوای تێدا دەخەوێت)، مردووی جل بەکۆڵ، مەبەست لە بێشکەیە کە بە شتێکی مردوو ئەژماردەکرێت و دۆشەک و سەربێشکەی منداڵی تێدایە، چوارپەل قایم، واتە؛ کاتێک منداڵی دەخرێتەناو، چوارپەلی منداڵەکەی تێدا دەبەسترێتەوە. وەڵام (بێشکە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل38

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2401**

**مردووی دوو قوون**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209180716449977

مردووی دوو قوون.
مەبەست لە باگردێنە، (باگردێن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ گێڕانی سەربانی گڵ بەکاردێ) مردوو، مەبەست لە باگردێنە، دوو قوون، واتە: باگردێن هەردوو سەری پانە، دەتوانرێ لەسەر هەر سەرێکیان بەپێوە دابنرێ. لە مەتەڵەکەدا سەری باگردێن بە قوون چووێنراوە. وەڵام (باگردێن). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل58

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2402**

**مردووی دەنگ گەورە بروسکە و هەورە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116214028445680

مردووی دەنگ گەورە
بروسکە و هەورە
مردوو: بە جەستەیەکی بێ جووڵە و هەست و خوست دەوترێ، مردووی دەنگ گەورە، مەبەست لە تفەنگە کە وەک تەنێکی مردوو وایە، واتە، هەرکاتێک تەقەی پێبکرێ دەنگی زۆر گەورەیە، بروسکە و هەورە، واتە: دەنگ و ڕەنگی تەقەی تفەنگ، وەک هەورەبرووسکە وایە. وەڵام (تەقری تفەنگ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل98

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2403**
**مردووی زۆر بەش**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811212646427942



مردووی زۆر بەش.
مردووی زار فش.
لە مەتەڵەکەدا مردوو مەبەست لە مەشکەیە کە بۆ دروووست کردنی دۆ و ڕۆنەکەرە بەکاردێ، شتێکی بێ گیانە، زۆر بەش یان زار فش: مەبەست لە دەمی مەشکەیە، لە کاتی ژەنیندا توند دەبەسترێ و دوای ژەنین دەکرێتەوە و دۆکەی لێدێتەدەر. وەڵام (مەشکە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 11-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2404**
**مردووی گوو سپی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116215539445686](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116215539445686)

مردووی گوو سپی.
مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ و گرتنی کەرە بەکاردێ) مردوو: مەبەست لە مەشکەیە کە لە پێستی بزن درووستدەکرێ، گوو سپی، مەبەست لە کەرەیە کە لە ئەنجامی ژەنینی دۆوە دەستدەکەوێ و ڕەنگی سپییە، لە دەمی مەشکەکەوە دەردێ. لە مەتەڵەکەدا بە گوو سپی چووێنراوە. وەڵام (مەشکە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل98

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2405**

**مردووی گوو ڕەش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116215823445687

مردووی گوو ڕەش.
مردوو، مەبەست لە جگەرەیە کە شتێکی مردووە، چونکە هیچ جووڵە و هەستێکی تێدانییە، گوو ڕەش، مەبەست لە سووتووی جگەرەیە، کارتێک کەسێک جگەرە دەکێشێ، تووتنی ناو جگەرەکە دەسووتێ و دەبێتە سووتوو کە ڕەنگی ڕەشە و بە گووی ڕەش چووێنراوە. وەڵام (سووتووی جگەرە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل98

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2406**
**مردووی کفن شین**

[20221209180959449978=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209180959449978)

مردووی کفن شین.
مەبەست لە میوەی خورمایە، (قەسپ: جۆرێکی خورمایە بەڵام خورمای هەرە خراپ، کورد کوژ. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مردوو، مەبەست لە خورمایە کە لە دارەکە دەکرێتەوە و دەبێتە شتێکی بێگیان، کفن شین، مەبەست لە ڕەنگی خورمایە کە بەکفن چووێنراوە. وەڵام (قەسپ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل60

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2407**
**مردووی کێڕ قیت**

[20230105181800456836=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20230105181800456836=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

مردووی کێڕ قیت.
مردووی کێڕ ڕەپ.
مەبەست لە لوولێنەیە، (لوولێنە: مەسینەی نەخشێنراو یان گۆزەڵەی دەسکداری لوولەدار. هەردوو فەرهەنگی خاڵ و شێخانی) لە سەرئاودا دادەنرێ بۆ دەستبەئاوگەیاندن، مردوو، مەبەست لە لوولێنەیە، کێڕ قیت، مەبەست لە لوولەی لوولێنەیە کە بەرێکی ئاوی پێدادێتەدەر. وەڵام (لوولێنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل169.

کاتی تۆمارکردن: 05-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2408**

**مردووە قایم پشتی بەستووە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209205034450017](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209205034450017)

مردووە، قایم پشتی بەستووە.
مەبەست لە گسکە، (گێسک: ئەم وشەیە تایبەتە بەشە شێوەزاری سۆران، بەواتای گسک دێت) مردووە: مەبەست لە گسکە کە شتێکی نازیندووە، قایم پشتی بەستووە، مەبەست لەو بەنەیە لە تاڵەکانی گسکی زۆر قایم و بەتووندی پێ بەستراوە، بۆ ئەوەی بڵاونەبنەوە. وەڵام (کێسک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل61

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2409**

**مردی بە پێوە شاپڵیتە بە قونیەوە**

20221209213808450038=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مردی بە پێوە
شاپڵیتە بە قونیەوە
مەبەست لە کەنووە، (کەنوو: ئەمبارێکە لە سووچێکی ژووردا لە قوڕ دروستدەکرێ، دانەوێڵەی تێدا هەڵدەگیرێ، لەبەری خوارەوەی کولێنکەیەک هەیە، دانەوێلەی لێوە دەردەهێنرێ، بۆ ئەوەی دانەوێڵەی لێوە نەڕژێ، پەڕۆیەکی تێدەئاخنن) .
مردی بە پێوە، مەبەسی لە کەنووە، شاپڵیتە بە قونییەوە، مەبەست لەو پەڕۆیەیە کە دەخرێتە کولێنکەی کەندووەوە. وەڵام (کەندوو) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل60



کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2410**

**مردینە بەڕۆژ یەکدی بەردەدەن شەو تا سپەیێ دەست لە ملی یەکدی دەکەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918125639521272

مردینە بەڕۆژ یەکدی بەردەدەن
شەو تا سپەیێ دەست لە ملی یەکدی دەکەن
مردینە: بۆ شتی بێگیان بەکاردێت، لە مەتەڵەکدا مەبەستی لە دەرگای دوودەرە، (دەرگای دوودەر: بەو دەرگا کەلەپووریانە دەوترێت کە دوو تاکە، بە یەکەوە دەکرێنەوە یان پێوەدەدرێن) مردینە بەڕۆژ یەکدی بەردەدەن، واتە: دەرگای دوودەر بەڕۆژ دەکرێتەوە، شەو تا سپەیێ دەست لە ملی یەکدی دەکەن، واتە: بەشەو دادەخرێن. وەڵام (دەرکەی دوودەری). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 21

کاتی تۆمارکردن: 18-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2411**

**مردیی زیندیی ڕادەکێشێتە کەندی**

[20230723163601509151=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723163601509151)

مردیی زیندیی ڕادەکێشێتە کەندی.
مردیی: مەبەست لە پاشەڕۆ یان پیسایی مرۆڤە، زیندیی مەبەست لە خودی مرۆڤە، کەند: پەناو پەسێر یان بن گرد و لاپاڵ، مرۆڤ کاتێک تەنگاو دەبێت، ناچار دەبێت بچێتە سەرئاو یان جێگەیەکی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە بدۆزێتەوە. وەڵام (مرۆڤ لە کاتی تەنگاویدا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل42

کاتی تۆمارکردن: 23-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2412**
**مرۆڤ دەیبینێ خوا نایبینێ**

20221116220232445688=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مرۆڤ دەیبینێ، خوا نایبینێ.
خەون: پێچەوانەبوونەوەی شتە مادییەکانە لەکاتی نەستدا، مەبەست لە خەونە کە مرۆڤ تونای بینینی هەیە بەڵام خودا خەوی نابینێ. وەڵام (خەونبینین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل98

کاتی تۆمارکردن: 16-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2413**
## مریشکێکم هەیە زەنگی زەنگی، هێلکە ئەکا پڕ بە چنگی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819203830429180

مریشکێکم هەیە زەنگی زەنگی
هێلکە ئەکا پڕ بە چنگی
زەنگی زەنگی: مەبەست لە ڕەنگی ڕەشە قولەڕەش (فەرهەنگی وشەنامە) مریشکێکم هەیە زەنگی زەنگی، مەبەست لە مەشکەی ڕەشە (مەشکە لە پێستی بزن درووست دەکرێ، لەکاتی خۆشکردنی پێستەکەدا، لەبەر دووکەڵی تەنوور هەڵدەواسرێ بۆ ئەوەی گرژ بێتەوە، بەهۆیەوە ڕەنگی ڕەش دەبێت، هێلکە ئەکا پڕ بە چنگی، مەبەست لە کەرەی دۆیە کە لە دەمی مەشکەکەوە پڕ بە چنگ، کابان دەریدێنێت. وەڵام (کەرەی ناو مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 19-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2414**

**مریشکێکمان هەیە دوازدە هێلکە دەکات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925213606436195

مریشکێکمان هەیە دوازدە هێلکە دەکات، هەر هێلکەیەک سی جوچک هەڵدێنێ.
مەبەستی مەتەڵەکە دیاریکردنی ساڵ و مانگ و هەفتەیە، مریشکێکمان هەیە، مەبەست لە ساڵێکە، دوازدە هێلکە دەکات، مەبەست لە دوازدە مانگی ساڵە، هەر هێلکەیەک چوار جوچک هەڵدێنێ، مەبەست لە چوار هەفتەی یەک مانگە، بە هەمووی سێ سەد و شەست و پێنج ڕۆژ پێکدێنی. وەڵام (ساڵ و مانگ و هەفتە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل42

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2415**

**مریشکە قوڵە گارەگار دەکا دانی ناخوا هێلکی دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209172215449964

مریشکە قوڵە گارەگار دەکا
دانی ناخوا هێلکی دەکا
مەبەست لە کیسەڵە، (کیسەڵ: گیانەوەرێکە لە کوردستان بوونی هەیە، لە دەم ئاو و کانیاوەکاندا دەژیی) مریشکە قوڵە گارەگار دەکا، مەبەست لە کیسەڵە، دانی ناخوا هێلکی دەکا، واتە: کیسەڵ وەک مریشک دانەوێڵە ناخوا بەڵکوو گیانەوەرێکی گیاخۆرە، لەگەڵ ئەوەشدا هێلکە دەکات. وەڵام (کیسەڵ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل60

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2416**

**مزگەوتی گۆشتە، میحرابی ئاوە ئەگەر هەڵیبێنی عەقڵت تەواوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927082053523563

مزگەوتی گۆشتە، میحرابی ئاوە
ئەگەر هەڵیبێنی عەقڵت تەواوە
مزگەوتی چەرمە میحرابی ئاوە
هەر کەس هەڵیدا ژیر و تەواوە
مزگەوت: پەرستگای موسوڵمانان. میحراب: مەبەست لەو جێگەیەی مزگەوتە کە مەلا نوێژی لێوەدەکات. عەقڵ: بیروهۆش. مزگەوتی گۆشتە، میحرابی ئاوە، مەبەستی لە ماسییە کە لەناو ئاودا دەژیی، وەک چۆن مزگەوت بێ میحراب نابێت، ماسیش بێ ئاو ناژیی، هەروەها ئەوەی بیزانێت، بیروهۆشی تەواوە. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل49

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-27

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2417**
**مسقاڵێکە و پڕ ماڵێکە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013110932525955](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013110932525955)

مسقاڵێکە و پڕ ماڵێکە.
وەڵام (چرا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل17

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2418**
**مل باریکە قۆڵ باریکە، من ناوێرم، تۆ ئەنێرم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819093359429076

مل باریکە قۆڵ باریکە، من ناوێرم، تۆ ئەنێرم.
چەک بەگشتی لولەکەی باریکە، بۆ ئەوەی گوللە ئاراستەی ڕێک وەرگرێت، لەمەتەڵەکەدا بە مل باریک هاتووە کە مەبەستی لوولەی چەکە، قۆڵ باریکە واتە: ئەو بەشەی چەک کە بەدەستەوە دەگیرێ، من ناوێرم، تۆ ئەنێرم واتە: دەست بردن بۆ چەک ترسناکە، لە بری من تۆ بچۆ. وەڵام (چەک).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2419**
**مل نەخشینێ لە چیا زۆرە دوژمنی گەل و خۆخۆرە قاچی سوورە و ڕەنگی بۆرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116212453445674

مل نەخشینێ لە چیا زۆرە
دوژمنی گەل و خۆخۆرە
قاچی سوورە و ڕەنگی بۆرە
کەو: باڵندەیەکی کێویی شاخاوییە، لە کوردستان بەپێی وەرزەکانی ساڵ گەرمیان و کوێستان دەکا) مل نەخشین لە چیا زۆرە، مەبەست لە باڵندەی کەوە کە پەڕەکانی ملی نەخشینە و لە چیاکاندا بوونی هەیە، دوژمنی گەل و خۆخۆرا، واتە: نێرەکەوەکان بەردەوام لەگەڵ یەک شەڕدەکەن، قاچی سوور و ڕەنگی بۆرە، وەسفی ڕووخساری کەوە. وەڵام (کەو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل99
کاتی تۆمارکردن: 16-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2420**

**ملۆڕارە و سەرەوار بۆوە هیچ وەخت لامەکەرۆوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013190706526015

ملۆڕارە و سەرەوار بۆوە
هیچ وەخت لامەکەرۆوە
وەڵام (ڕۆخانە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل25

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2421**

**ملۆڕاوە و خاکە ڕۆسەرەو وێشرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016194605526373

ملۆڕاوە و خاکە ڕۆسەرەو وێشرە.
وەڵام (گاواسن و گاسن). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45

کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2422**

**ملی هەیە سەری نییە باسکی هەیە دەستی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104200655456583

ملی هەیە سەری نییە
باسکی هەیە دەستی نییە
مەبەست لە چۆغەیە، (چۆغە: بەرگی سەرەوەی جلی پیاوانەی کوردییە، بەرگێکی کەلەپووری کوردی ڕەسەنە) ملی هەیە سەری نییە، واتە: چۆغە ملیوانەی هەیە بەڵام سەری نییە، باسکی هەیە دەستی نییە، واتە: باسکەکانی قۆڵی پیادەکرێ بۆ لەبەرکردن بەڵام دەستی نییە. مەتەڵەکە زیاتر وەسفی ڕووخساری چۆغە دەکات. وەڵام (چۆغە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل143.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2423**

**ملی هەیە سەری نییە باسکی هەیە دەستی نییە پشتی هەیە سکی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116212110445673

ملی هەیە، سەری نییە
باسکی هەیە دەستی نییە
پشتی هەیە، سکی نییە
مەبەست لە چۆغەیە (چۆغە: بەرگی سەرەوەی جلی پیاوانەی کوردییە، کەسی سادەی کورد دەیپۆشێ) ملی هەیە سەری نییە، واتە: چۆغە تەنیا ملیوانەی هەیە، باسکی هەیە دەستی نییە، واتە: تانیا قوڵی هەیە، پشتی هەیە سکی نییە، واتە: پشتی هەیە و بەری پێشەوەی کراوەیە. وەڵام (چۆغە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل98

کاتی تۆمارکردن: 16-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2424**

**ملی هەیە، سەری نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925213938436196

ملی هەیە، سەری نییە.
کراس یەکێکە لەو بەرگە تایبەتیانەی کە ژن و پیاوی کورد لەبەری دەکات، ملی هەیە، مەبەست لە ملیوانەی کراسە، سەری نییە، واتە: کراس سەری نییە. وەڵام (کراس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل46

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2425**
**من کێم و چیم ئەگەر نەیەم داوام دەکەن ئەگەر بێم لەبەرم ڕادەکەن**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116214751445683](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116214751445683)

من کێم و چیم؟
ئەگەر نەیەم داوام دەکەن
ئەگەر بێم لەبەرم ڕادەکەن
مەتەڵەکە بە پرسیار لە خود دەست پێدەکات، ئەگەر نەیەم داوام دەکەن، مەبەست لە بارانە، ئەو کاتەی کە ناباریّ و وشەکەساڵی دەست پێدەکات، خەڵکی داوادەکەن بباریّ. بێم لەبەرم ڕادەکەن، واتە: ئەو کاتەی باران دەباریّ، خەڵکی دەچنەوە ماڵەکانیان، بۆ ئەوەی تەڕنەبن. وەڵام (باران) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل98](#)
کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2426**
**من کێم؟ ئەگەر نەیەم داوام دەکەن، ئەگەر بێم لەبەری ڕادەکەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915223859520822

من کێم؟ ئەگەر نەیەم داوام دەکەن، ئەگەر بێم لەبەری ڕادەکەن.
لە وڵاتی کوردەواردا هەندێک ساڵ باران بارین لە کاتی خۆی دوادەکەوێ، بۆ ئەوەی دەغڵودان زیانی پێنەکەوێ، خەڵکی دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی باران ببارێت، کاتێکیش باران دەبارێت، هەمووان ڕادەکەن و خۆیان لە پەناوپەسێردا دەشارنەوە، بۆ ئەوەی تەڕنەبن. وەڵام (باران) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل6

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2427**
**منارە لەسەر منارە سەری ئاگرە و بنی ئاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116214430445682

منارە لەسەر منارە
سەری ئاگرە و بنی ئاوە
منارە لەسەر منارە، مەبەست لە نێرگەلەیە کە لە چەند بەشێک پێکهاتووە، لەسەریەک دەنراوە و بەرز کراوەتەوە، لەمەتەڵەکەدا بە منارە چووێنراوە، سەری ئاگرە، مەبەست لەو تووتنەیە کە لەسەر نێرگەلە دادەنرێ و دەکێشرێ، بنی ئاوە، واتە: ئاو دەکرێتە بنی نێرگەلەوە بۆ ئەوەی ساردی بکات. وەڵام (نێرگەلە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل98

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2428**

**مناڵێک هەر بوو لەدایک قژی چەرموو کرد**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209204725450016](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209204725450016)

مناڵێک هەر بوو لەدایک قژی چەرموو کرد.
مەبەست لە گەنمەشامییە، (چەرموو: مەبەست لە ڕەنگی سپییە) منداڵێک هەر بوو لەدایک، مەبەست لە گەنمەشامییە کە بە دارەکەوە پێدەگات، قژی چەرموو کرد، مەبەست لەو ڕیشاڵە باریکە سپیانەیە کە دەوری گەنمەشامی و توێکڵەکەیان داوە و ڕەنگیان سپییە بە قژ چووێنراوە. وەڵام (گەنمەشامی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل61

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2429**

**منداڵی کۆکرد گریا بەسەریان کوڵی گرتەوە ناوزکی بریان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209211910450028

منداڵی کۆکرد گریا بەسەریان
کوڵی گرتەوە ناوزکی بریان
مەبەست لە سەماوەر و پیاڵەیە، منداڵی کۆکرد گریا بەسەریان، واتە: پیاڵەکان کۆکرانەوە و لە ڕێگەی بەلووعەی سەماوەرەوە شۆران، کرداری شتن بە گریان چووێنراوە، کوڵی گرتەوە ناوزکی بڕیا، مەبەست لە ئاوی گەرمی سەماوەرە. وەڵام (سەماوەر و پیاڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل61

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2430**
**مورغ ڕەنگین پڕ خەت و خاڵی پەروەردەی نەفس نازک نەوهاڵی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015092705526281

مورغ ڕەنگین پڕ خەت و خاڵی
پەروەردەی نەفس نازک نەوهاڵی
هەر وەخت ئەو مەورغە بکیشوو نەفس
وەڵام (قوورێچای) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: لەک
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل38

کاتی تۆمارکردن: 15-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2431**

**مووەرۆ سەرووەمەکەرۆ ئاوەختە زانات نمواچی درۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016210408526386

مووەرۆ سەرووەمەکەرۆ
ئاوەختە زانات نمواچی درۆ
وەڵام (گویز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل46

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2432**

**مۆترە ئاوێکە بێ بەرق و بەنزین، نەکار ژاپۆن نەمونتاژی چین سەد ساڵ کارئەکا بێ وەقفە و تەفسیر، بەبێ گازۆئیل، ڕۆغان و تەعمیر**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915223716520820](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915223716520820)

مۆترە ئاوێکە بێ بەرق و بەنزین، نەکار ژاپۆن نەمونتاژی چین
سەد ساڵ کارئەکا بێ وەقفە و تەفسیر، بەبێ گازۆئیل، ڕۆغان و تەعمیر
بەرق: کارەبا. وەقفە: وەستان. تەفسیر: لێکدانەوە. ڕۆغان: ڕۆن: تەعمیر: چاکسازیی. مۆترە ئاوێکە بێ بەرق و بەنزین، مەبەستی لە دڵی مرۆڤە، کە بە قەدەر مشتی مرۆڤ دەبێت، بێ کارەبا و بەنزین بەردەوام کاردەکات، هەروەها درووستکراوی ژاپۆن و چین نییە، سەد ساڵ کاردەکات، بێ ئەوەی پێویستی بە ڕۆن و چاکسازی هەبێت. وەڵام (دڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل20

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2433**
**مۆزتەڕەلینجە چییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209204400450014

مۆزتەڕەلینجە، چییە؟
مەتەڵەکە مەبەستی لە میوەی مۆزە، مەتەڵساز بە جۆرێک بە خێرایی و بەشێوەیکی سەرجراکێش مەتەڵەکە دەڵێ کە گوێگر خەیاڵی بۆ شتی تر بڕوات، ئەگینا مەبەست لەوەیە مۆز میوەیەکی تەڕی لینجە، بەڵام دەڵێ: مۆزتەڕەلینجە، چییە، زیاتر بۆ سەرلێتێکدانی گوێگرە. وەڵام (میوەی مۆز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل62

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2434**
**میمکە مەتێ لە کون دەرتێ سی و سێ نەفەر دەرەقەتی نەتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913223949520514

میمکە مەتێ لە کون دەرتێ
سی و سێ نەفەر دەرەقەتی نەتێ
میمک: خوشکی دایک. مەتێ: پوور یان پلک (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) نەفەر: تاکەکەس (فەرهەنگی وشەنامە) دەرەقەتی نەتێ: دەرەقەتی نایەت. میمکە مەتێ: مەبەست لە گوولّلەی تفەنگە، لە کون دەرتێ: واتە: ئەو کاتەی دەتەقێ و لە لوولەی چەک دێتەوەر، کەس پێی ناوێرێت و دەرەقەتی نایەت. وەڵام (گوللەی تفەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل20

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2435**

**میوەیەک دەرێم توێڵکی ناخورێ ناو دانە دانە تۆیەکەی ناگیرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209211635450027

میوەیەک دەرێم توێڵکی ناخورێ
ناو دانە دانە تۆیەکەی ناگیرێ
مەبەست لە میوەی هەنارە، دەرێم: دەڵێم. توێلک: توێکڵ، میوەیەک دەرێم توێڵکی ناخورێ، واتە: هەنار توێکڵەکەی ناخورێ، ناو دانە دانە، مەبەست لە دەنکی ناو هەنارە کە دەنک دەنکە، تۆیەکەی ناگیرێ، واتە: لەناو دەنکی هەناردا تۆو هەیە، بەڵام زیاتر هەنار بە لق دەڕوێ نەک بە دەنک. وەڵام (هەنار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل62

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2436**

**مێرگەشین و مێرگەشین، دوو سواری تێدا نەخشین، یەک ئەسپە یەک مایین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905211445432230

مێرگەشین و مێرگەشین
دوو سواری تێدا نەخشین
یەک ئەسپە یەک مایین
مێرگ: گیاجاڕ، بژوێن، سەوزەگیا (فەرهەنگی شێخانی) وشەی مێرگەشین دوو جار دووبارە بووەتەوە، بۆ کێش و سەرواى شیعری مەتەڵەکەیە بەواتای ئاسمان دێت کە لە شینیدا لەیەک دەچن، دوو سواری تێدا نەخشین واتە: کاتێک سەیری ئاسمان دەکەین، دوو دیمەنی جوان دەبینین کە مانگ و خۆرە، مەتەڵەکە بە ئەسپ و مایینی چوواندووە. وەڵام (ئاسمان، مانگ و خۆر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل119

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2437**

**مەتەل شەش پیتی جوانە، شارێکی کوردستانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906223716432543

مەتەل شەش پیتی جوانە
شارێکی کوردستانە
خاوەن ئاڵتوونی ڕەشە
بەڵام کورد لێی بێبەشە
دیلی دەستی زۆردارە
دوژمنی بە هەزارە
هەرچی هەیە ژێرخانی
گشت دەچێ بە تاڵانی
کام شارە لە کوردستان
هێمای پێکەوە ژیان

مەبەستی مەتەڵەکە شاری کەرکووکە لە بە شاری زێڕی ڕەش (نەوت) ناسراوە، لەلایەن دوژمنانەوە داگیرکراوە. وەڵام (کەرکووک)[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل14

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2438**
**مەتەڵ ئەم جارە پێنج پیتی رێکە بۆ مەتەڵ بەکارە پیتی سێ، دوو، یەک، چوار و پێنجی لەگەڵ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118203446459127
مەتەڵ ئەم جارە پێنج پیتی رێکە بۆ مەتەڵ
بەکارە پیتی سێ، دوو، یەک، چوار و پێنجی لەگەڵ
خوویەکی زۆر ناشرینە بۆ قوتابی
پیتی سێ و دوو و یەک بەناوی باران
وەڵامی مەتەڵەکە مەبەستی لە وشەی (مەتەڵ) هەروەها جگە لە وەڵامەکەی دوو مەبەستی تریشی هەیە، کە وشەی (تەمەڵ و تەم) ە. [1]
وەڵام: (مەتەڵ)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین رەووف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل31
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2439**
**مەتەڵ ئەم جارە شەشە لەلامان ڕۆژێکی ئێجگار خۆشە بۆ هەموان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118200309459104

مەتەڵ ئەم جارە شەشە لەلامان
ڕۆژێکی ئێجگار خۆشە بۆ هەموان
چوار و سێ و یەکی سووک و ئاسانە
چێشتلێنان بێ ئەو دیارە گرانە
شەش و پێنج و چوار خێرا مەردانە
پێچەوانەی ئەو کەمە بیزانە
پێنج و دوو چوار و یەکیش لەگەڵیا
تۆش خێراکە سا هەروەکوو ئەوان
یەک و دوو سیانی کۆنە ئەمانە
دیارە هەر تازە لای هەموان جوانە [1]
وەڵام: (نەورۆز)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل21

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2440**

**مەتەڵ ئەمجارە چوارپیتی تەواو ئاگادارییە نەیخەیتە ناو ئاو ناسک و نازدار نرخی گرانە شادی بەبێ ئەو لاشەی زیندانە**

[20230118195750459098=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118195750459098)

مەتەڵ ئەم جارە چوارپیتی تەواو
ئاگاداریبە نەیخەیتە ناو ئاو
ناسک و نازدار نرخی گرانە
شادی بەبێ ئەو لاشەی زیندانە
لەکاتی خۆشی زۆرخێرا ئەڕوا
ئەگەر ناخۆش بێ تەواونابێ کات
پیتی یەک و چوار نیوەی عالەمە
یەک و سیان و چوار ئازار و غەمە
پیتی چوار و سێ لەگەڵ یەک و دوو
بەوکەسە ئەڵێن بۆ نیوە مردوو [1]
وەڵام: (ژیان)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشێخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل21
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2441**

**مەتەڵ ئەمجارە گەلێ ئاسانە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915230437434215](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915230437434215)

مەتەڵ ئەمجارە گەلێ ئاسانە
شاخێکی بەرزە لە کوردستانە
دە پیتی رێکە ئەو ناوی جوانی
بیربکەیتەوە هەر زوو دەیزانی
پیتی یەک و دوو سێی بخەرە پاڵ
بە کەسێک دەڵێن تەمەن حەفتا ساڵ
حەوت و نۆ لەگەڵ سێ دیسان حەوتی
مەرەکەت دەخوا شوانە گەر خەوتی
پێنج و شەش و سێ بەحەوتەوە بێ
گریان و پرسەی بەدواوە دەبێ
پیتی دە و چوار و سێ و پێنجی نیان
جێگەکەت وابێ شەو هەتا بەیان
تەنیا پیتی پێنج لەگەڵ دە بێنە
بە تۆی خوێنەرمە، مەتەڵ هەڵبێنە
وەڵام (پیرەمەگرون) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل54

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2442**

**مەتەڵ ئەوەیە لەناو زیندوانا لەسەر چوار ئەڕوا لەبەیانیانا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118195334459095

مەتەڵ ئەوەیە لەناو زیندوانا
لەسەر چوار ئەڕوا لەبەیانیانا
کەچی نیوەڕۆ لەسەر دوو ئەڕوا
ئێشکەرە وریا ئەخوات و ئەڕوا
دەمەوئێواران لەسەر سێ ئەڕاو
تابەرەومردن مل ئەنێ و ئەڕوا
مەبەست لە قۆناگەکانی تەمەنی مرۆڤە، منداڵی بچووک لەسەر چوارپەل ئەڕوات، ئەم قۆناغەی تەمەنی بە کاتی بەیانی چواندووە. هەروەها نیوەڕۆی بە قۆناغی گەنجی چوواندووە کە مرۆڤ توانای کارکردنی هەیە. کاتی ئێوارەی بە پیری چواندووە کە بە دوو قاچ و گۆچانێک ئەڕوات. [1]
وەڵام: (قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشێخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل20
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2443**

**مەتەڵ بە کوردیی تەواو پێنج پیتە وەکوو برووسکە لە غار و جڵتە لە ئاسمان دەڕوا نەک قوڕ و لیتە لەکاتی شەڕدا دەڵێی عیفریتە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209211331450025](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209211331450025)

مەتەڵ بە کوردیی تەواو پێنج پیتە، وەکوو برووسکە لە غار و جڵتە
لە ئاسمان دەڕوات نەک قوڕ و لیتە، لەکاتی شەڕدا دەڵێی عیفریتە
مەبەستی مەتەڵەکە فڕۆکەیە، مەتەڵ بە کوردیی تەواو پێنج پیتە، مەبەست لە پیتەکانی وشەی فڕۆکەیە، وەک برووسکە لە غار و جڵتە، واتە: توانای ڕۆیشتنی زۆر خێرایە، هەروەها بە ئاسماندا دەڕوات و لە شەڕ و جەنگدا کردەیە. وەڵام (فڕۆکە) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل61]()

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2444**

**مەتەڵ پێنج پیتی جوانە**

[20220907121758432710=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907121758432710)

مەتەڵ پێنج پیتی جوانە
نووکی تیژە سەری پانە
ناروا هەتاکو لێی نەدەی
ڕۆیی... دەبێ بەزۆر دەریکەی
چییە ئەمەندە سەرسەختە
دەیدەین لە دیوا و تەختە
مەبەست لە بزمارە کە بە تەختە یان دیواردا دادەکوترێت، بزمار نووکێکی تیژ و سەرێکی پانی هەیە، بە چەکوش نەبێت داناکوترێت، بۆ هەڵواسینی کەلوپەل یان لکاندنی دوو تەختە بەیەکەوە بەکاردێت. وەڵام (بزمار) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل19

کاتی تۆمارکردن: 07-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2445**

**مەتەڵ پێنج پیتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907130103432731

مەتەڵ پێنج پیتە
کوڵا و کوتراو
بە ئاش و دەستاڕ
ورد بووە تەواو
زوو دەبێتە چێشت
کاتێ لێنانی
تامی زۆر خۆشە
گەر لێی بزانی
پیتی یەک و چوار
پێنجی بخەسەر
بەبێ ئەو ژینی
نییە گیانلەبەر
پیتی یەک و سێ
پێنجی بۆ بێنە
ناوی ڕەنگێکە
وەک ڕەنگی خوێنە
یەک و پێنج و سێ
چواری بۆ دانێ
بەیەکی فێنکە و
ناوی.... ژیانە
وەڵام (ساوەر) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، لف34

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2446**
**مەتەڵ پێنج پیتە ئەمجارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907124541432724

مەتەڵ پێنج پیتە ئەمجارە
نەدەخوری و نەگیاندارە
چی بلێی ئەڵێ بەسەرچاو
بۆتی دەخاتە سەرپەڕاو
پیتی یەک و دوو بەکارە
ئەندامە لە لەشی گیاندارە
پیتی پێنج لەگەڵ دوو و چواری
بیکرە ئەگەر کڕیاریی
پێنووس یان قەڵەم مەبەستی مەتەڵەکەیە، پیتی یەک و دوو مەبەستی لە (پێ) ی مرۆڤە، پیتی پێنج لەگەڵ دوو و چوار مەبەستی لە (سێو) ە. وەڵام (پێنووس) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل29
کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2447**
**مەتەڵ پێنج پیتە بە وشەی کوردیی ئەگەر بیزانی دیارە زۆر مەردی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118201929459113

مەتەڵ پێنج پیتە بە وشەی کوردیی
ئەگەر بیزانی دیارە زۆر مەردی
شوێنی پیاوانی دوارۆژی گەلن
خزمەتگوزاری عیلم و هونەرن
هەر کەس بگاتە ئەو پلە و جێگە
دیارە زیرەکە و خاوەن چالاکە
پیتی سێ و پێنج لەگەڵ چوارەمدا
بەرووبوومێکە لەم کوردستانە
پیتی سێ و دوو لەگەڵ پێنج و چوار
ناوی بەشێکە لە لاشەی ئینسان
پیتی چوار و دوو لەگەڵ سێهەمدا
ناوی شوێنیکە لەسەر خاکدا
ئەگەر بیزانی ناوی ئەم شوێنە
ئیستە هاویرتە کەسێک لەو شوینە [1]
وەڵام: (زانکۆ)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشیخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل24
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2448**
## مەتەڵ پێنج پیتە گوڵێکی سپی ڕەنگ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907123802432720

مەتەڵ پێنج پیتە گوڵێکی سپی ڕەنگ
ئەڵێ بەهارە بڕۆن بۆ ئاهەنگ
پیت لە پیت بدەین ئەگەینە مەبەست
ناوی مەتەڵمان دێتە بەردەست
پیتی یەک و دوو لەگەڵ پیتی سێ
پێچەوانەی مێ ناوی دەنووسرێ
پیتی چوار و پێنج وشەی مناڵە
واتای گازگرتن یاخو قەپاڵە
پیتی پێنج لەگەڵ دوودا بهێنە
وەک ڕووبار ئاوی هەیە ئەو شوێنە
وەڵام (نێرگز) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل26

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2449**
**مەتەڵ پێنج پیتە گەلێل ئاسانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220804150221426467

مەتەڵ پێنج پیتە گەلێل ئاسانە
سەیرانگایەکە لەم کوردستانە
پیتی یەک و دوو لای گشت کەس هەیە
بێ ئەو کەسە ناژی، ئەم ژمارەیە
پیتی سێ و چوار و پێنج، بە زمانی ناوشار وەرە لەگەڵما
بە زمانی لادێ ئاپێ لەگەڵما
مەتەڵ ئاسانە ئەگەر وردبیینی
ئەزانی چییە خۆت نەشڵەژێنی
وەڵامی گشتی مەتەڵەکە وشەی (سیتەک)ە، وەڵامی دێڕی دووەم وشەی (سی)یە کە هەموو کەسێک هەناسەی پێدەدات، وەڵامی دێڕی سێیەم وشەی (تەک)ە واتە: لەلا یان لە تەنیشت. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - ڕێبوار جەمال سەگرمە

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2450**

**مەتەڵ پێنج پیتە هۆیە بۆ ژیان نە بەدەم ئەخورێ نە ئەشکی بە دان نەلە ئەرز ئەڕوێ نە بەری دارە ژیان بەبێ ئەو ئێش و ئازارە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118194609459091](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118194609459091)

مەتەڵ پێنج پیتە هۆیە بۆ ژیان
نە بەدەم ئەخورێ نە ئەشکی بە دان
نەلە ئەرز ئەڕوێ نە بەری دارە
ژیان بەبێ ئەو ئێش و ئازارە
دەنگێکی هەیە پێکدێ لە سێ پیت
خواردنیش نییە کەچی پێی ئەژیت
بیکە بە دوو بەش ئەگۆڕی ڕەنگی
کەم ئەبێ نرخی سووک ئەبێ سەنگی
بیکە بە چواربەش ڕەنگی وەک گیایە
لەحلکردنا تێئەگەی وایە [1]
وەڵام: (دینار)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل20

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2451**

**مەتەڵ پێنج پیتە، دەخورێ و شیرینە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220916193146434365](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220916193146434365)

مەتەڵ پێنج پیتە، دەخورێ و شیرینە
بەرهەمی کاتی وەرزی هاوینە
دارەکەی بەرزە سەر لە حەوایە
حەزی لەکەش و شوێنی گەرمایە
پیتی چوار و پێنج لەگەڵ سێ
زۆرینەی مرۆڤ لەئەو دەترسێ
پیتی یەک و دوو لەگەڵ پێنجی جوان
ئەو باڵا دەستە لە ئەرز و ئاسمان
پیتی یەک و پێنج لەگەڵ چوار هەمووی
بەکاری دێنن بۆ جلی مردوو
ئەوەی بزانێ مەتەڵی شیرین
ژیرە هەزارجار بۆ ئەو ئافەرین
وەڵام (خورما) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکووک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل72

کاتی تۆمارکردن: 16-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2452**

**مەتەڵ چوار پیتە تەواو، ئاگاداری بە نەیخەیتە ناو ئاو**

20220807151646427043=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1


ژین

مەتەڵ چوار پیتە تەواو
ئاگاداری بە نەیخەیتە ناو ئاو
پیتی یەک و چوار نیوەی کۆمەڵە
یەک و سێ و چوار ئازار و خەمە
پیتی یەک دوو چواری لە بان
ڕۆژنامەیەک بوو لە شاری بابان
مەتەڵ چوار پیتە تەواو: مەبەستی مەتەڵەکە وشەی (ژیان) ە کە بۆ مرۆڤ گرنگە، پیتی یەک و چوار نیوەی کۆمەڵە: مەبەست لە وشەی (ژن) ە کە نیوەی کۆمەڵگە پێکدێنێ ، یەک و سێ و چوار ئازار و خەمە: مەبەستی لە وشەی (ژان) ە کە بۆ مرۆڤ خەم و ناخۆشییە، پیتی یەک دوو چواری لە بان، مەبەست لە وشەی (ژین) ە کە ناوی ڕۆژنامەیەکی کوردییە لە شاری سلێمانی دەرچووە، لە مەتەڵەکەدا بە شاری بابان هاتووە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2453**
**مەتەڵ چوار پیتە مەرجە بۆ ژیان، نەبەدەم دەخورێ , نەدەشکێ بە دان**
20220805214734426696=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مەتەڵ چوار پیتە مەرجە بۆ ژیان ، نەبەدەم دەخورێ ، نەدەشکێ بە دان
مەتەڵ چوار پیتە، مەبەستی لە ژمارەی پیتەکانی وشەی دراوە، نەبە دەم دەخورێ واتە: دراو بە دەم ناخورێت بەڵکوو دراو بەخواردن دەدرێ و خواردن دەخورێ، نەدەشکێ بە دان: واتە دراوی ئاسن بە دان ناشکێت. وەڵام دراوی ئاسن.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 05-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2454**
**مەتەڵ چوارپێتە ئەمجارە**

[20220907125643432729=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907125643432729)

مەتەڵ چوارپێتە ئەمجارە
بۆ کەسێکی خوێندەوارە
هەر چێت بوێ لەناویایە
ژیان بێ ئەو بێمانایە
پڕ لە زانستە و زانیاریی
سەرچاوەی بیر و هۆشیاریی
وەکو مامۆستا پێت دەڵێ
هەر لە ئەلفەوە تاکو یێ
بێ بوونی ئەو ئەم ژیانە
خەڵک نابینا و شار ویرانە
چییە وا بەسوودە بۆمان
بێ ئەو تامی نییە ژیان
وەڵام (کتێب) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل33

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2455**
**مەتەڵ حەوت پیتی جوانە**

[20220915222042434198=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20220915222042434198=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

مەتەڵ حەوت پیتی جوانە
گۆڤاری مناڵانە
پڕ چیرۆک و زانیاری
شیعر و پەند و هۆشیاری
مەتەڵ بۆ زاخاوی بیر
بۆ ئێوەی ژیکەڵە و ژیر
جۆری جیاوازی وێنە
ئەی دەزانی، هەڵبێنە
مێژووی گەلان و خۆمان
بابیزانین هەمووومان
هەڵی بێنە مەوەستە
مەتەڵ وا لەبەر دەستە
وەڵام (گوڵەکان، ناوی گۆڤارێکی منداڵانە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل45

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2456**

**مەتەڵ حەوت پیتە زانای جیهانە لە داهێنانی زۆر باش ئەزانی دوو جار شەش لەگەڵ پێنجەمی کەپێیان وتی ئەبێ بێدەنگبی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118200644459106](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118200644459106)

مەتەڵ حەوت پیتە زانای جیهانە
لە داهێنانی زۆر باش ئەزانی
دوو جار شەش لەگەڵ پێنجەمی
کەپێیان وتی ئەبێ بێدەنگبی
پێنج و حەوت و سێ دوو تیرەی کوردان
ئەگەر نایزانی لە بادینانە
سێ و دوو شەش دوو لەگەڵ حەوتەمین
سەیری کیوان کە بێ چاو ئەیبینی
داهێنانەکەی بۆ گشت میللەتان
مانگی شەوانە بۆ هەموو جیهان [1]
وەڵام: (ئەدیسۆن)


**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشێخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل21

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2457**
**مەتەڵ حەوت پیتە زەنگی کڵاو سەوز، ئاو ناخوا تا بەرپێی نەکەن بە حەوز**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805212841426693](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805212841426693)



مەتەڵ حەوت پیتە زەنگی کڵاو سەوز، ئاو ناخوا تا بەرپێی نەکەن بە حەوز
مەتەڵ حەوت پیتە, مەبەستی لە وشەی باینجانە, لە حەوت پیت پێکدێ , زەنگی کڵاو سەوز, واتە: ئەو بەشە سەوزەی باینجانە, لە کڵاو یان زەنگ دەچێ و جیای دەکاتەوە لە بڕەکەکە, پێویستە دێراوی باینجان وەک حەوز پڕ لە ئاو بێ, بۆ ئەوەی بڕەکەکە تێر ئاو بخواتەوە. وەڵام باینجان[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر]()
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2458**
**مەتەڵ حەوت پیتە سوک و ئاسانە، ناوی شارێکە لەم کوردستانە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807150932427041

مەتەڵ حەوت پیتە سوک و ئاسانە
ناوی شارێکە لەم کوردستانە
شەش پیتی یەکەم ناوی ئینسانە
بناغە دانەری شاری کوردانە
پیتی شەش و پینج دوو و سێ لە بان
شاعیری بەرزی ئەدەبی کوردان
بیری لێوەکە مەتەڵ بەرێکی
گەر زانیت چییە ؟ ئازا و زیرەکی

مەتەڵ حەوت پیتە سوک و ئاسانە: مەبەستی لە ناوی شاری (سلێمانی) یە، لە حەوت پیت پێکدێ ، شەش پیتی یەکەم ناوی ئینسانە، مەبەستی لەناو (سلێمان) پاشای بابانە کە بناغەی شاری سلێمانی دانا و درووستی کرد، پیتی شەش و پینج دوو و سێ لە بان، مەبەستی لە وشەی (نالی) یە کە شاعیریکی گەورەی کوردە، دێری کۆتایی مەتەڵەکە مەبەستی لەوەیە هەر کەسێ بیزانێت ئازاو زیرەکە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2459**
**مەتەڵ حەوت پیتە گەلێک ئاسانە شوێنێکی خۆشە لەم کوردستانە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118202253459116
مەتەڵ حەوت پیتە گەلێک ئاسانە
شوێنێکی خۆشە لەم کوردستانە
پیتی پێنج، شەش، پێنج، چوار و شەش بووە بەهۆی ژیان
وەک ئاو و هەوا پێویستە بۆ ژیان
پیتی شەش سێ شەش و یەک گەنجێکە لەم کوردستانە
بۆ پێشخستنی گەل و نیشتیمان هەوڵئەدا
پیتی چوار و حەوت لە هاوینەهەوار و دارستان بێ
ئەبێ هاتووچۆی خەیلێ گران بێ
ئەڵێن سەروسنەوبەر و چوار و پینج و شەش و سێ
سەوزەگیا و هەرمێ و سێو و بەهێ و هەنار
پیتی یەک، پێنج، و دوو مانای شارێکی ئێرانە
هاوینەهەوارێکی خۆشە لەو شارانە [1]
وەڵام: (سەرچنار)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشێخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل28
کاتی تۆمارکردن: 18-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2460**

**مەتەڵ حەوت پیتە لەم کوردستانە، جێگای سەیران و خۆشی و ژیانە**

2022080706153742695 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



مەتەڵ حەوت پیتە لەم کوردستانە
جێگای سەیران و خۆشی و ژیانە
چوار پیتی ئەوەڵ لە دامێنی شار
بۆتە سەرەڕێ گەشتیتار و ڕێبوار
پیتی پێنج و شەش ناوی دزێوە
لە ناو کۆمەڵدا پیس و بزێوە
پیتی یەک و چوار شەشی لەگەڵ بێ
باڵدارێکە زوو کەوی دەبێ
بیری لێبکەوە زۆر بە زیرەکی
ئەگەر بیزانی بۆ خۆت مەلیکی

دێڕی یەکەمی مەتەڵەکە، مەبەستی لە شاری (قەڵادزێ) یە، لە حەوت پیت پێکهاتووە، شوێنێکی خۆشە و جێگای سەیرانە، چوار پیتی ئەوەڵ لە دامێنی شار، مەبەستی لە چوار پیتی یەکەمی وشەی قەڵادزێیە کە واتای (قەڵا) دەبەخشێ ، قەڵای قەڵادزێ دەکەوێتە سەرەتای شاری قەڵادزێوە کە سەرەڕێگای گەشتیاران و ڕێبوارانە، دێڕی سێیەم دەڵێ : پیتی پێنج و شەش ناوی دزێوە، مەبەست لە وشەی (دز) ە کە وشەیەکی دزێو و ناشرینی ناوکۆمەڵگەیە، دێڕی چوارەمی مەتەڵەکە، مەبەستی لە وشەی (قاز) ە، دێڕی کۆتایی داوا لە خوێنەر دەکات کە بیربکاتەوە بۆ ئەوەی مەتەڵەکە بزانێ چییە؟ هەر کەسیک بیزانێ ، لە مەتەڵەکەدا بە مەلیک ناوی دەبا. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 07-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2461**

**مەتەڵ حەوت پیتە نووسینی جوانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915235343434229

مەتەڵ حەوت پیتە نووسینی جوانە
بۆسەر تەختە ڕەش لە قوتابخانە
سپی و زەرد و سوور، سەوز و مۆر و شین
هەموو ڕەنگێکی جوانە بۆ نووسین
پیتی پێنج و شەش حەوتی بخەپاڵ
دەیخوا هەتاکو گەورە بێ منداڵ
پیتی سێ و چوار و پێنج بخەلاوە
پێچەوانەی وشەی خراوە
پیتی یەک و دوو پێنج و شەش هەموو
دارە بۆ ڕستن لۆکە و خوری و موو
بیربکەرەوە مەتەڵ ئاسانە
لە پۆل دەیبینی لە کاتی وانە
وەڵام (تەباشیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور.

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2462**

**مەتەڵ حەوت پیتە، شیرین و خۆشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915225644434213

مەتەڵ حەوت پیتە، شیرین و خۆشە
خواردنی باشە و شیفای نەخۆشە
پیتی حەوت و شەش لەگەڵ پێنجەمە
دوو چارەک ڕێکە، لە تەواو کەمە
پیتی یەک و دوو لەگەڵ سێی و چواری
وریابە پەنجە نەبەی بۆ شاری
پیتی حەوت و دوو لەگەڵ پیتی شەش
مۆسیقایەکە زۆر دەنگی خۆشە
چوار و دوو شەش، پێنجیش پێکەوە
ڕەنگە بگەنێ زوو نەیکەیتەوە
وەڵام (هەنگوین). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل51

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2463**

**مەتەڵ خڕە نێوی بۆشە، یاری پێکردنی خۆشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906223947432545

مەتەڵ خڕە نێوی بۆشە
یاری پێکردنی خۆشە
چەندی تێهەڵدەی نارەنجێ
هەرچەندە لە دەستت هەڵدێ
بەڵام خێرا دەیگریتەوە
بەڵکو بەر شوتی دەیتەوە
گەورە و منداڵ شەیدای ئەون
بەراکردن دوای ئەکەون
کێ گۆڵی زۆرتر بێ لەوان
براوەیە لە گۆڕەپان
ناوەکەشی سێ پیت جوانە
دەزوو بیرکەوە و بیزانە
مەبەستی مەتەڵەکە تۆپە، گەورە و بچووک ئارەزووی دەکات. وەڵام (تۆپ) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل15

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2464**
**مەتەڵ زاخاوی مێشکە بۆ ژیان ئەمێنێتەوە هەتا دێرزەمان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118194133459088

مەتەڵ زاخاوی مێشکە بۆ ژیان
ئەمێنێتەوە هەتا دێرزەمان
لەبری شەوچەرەی شەوانی زستان
بەشەو کرێوە و بەفر و باوباران
هۆنراوەی کوردیی ئەهۆنمەوانێ
گۆشەی مەتەڵیش بخوێنمەوانێ
چیتان توانایە هەتا ئەمێنن
کۆرپەی دوارۆژتان تێبگەینن
وشەیەکی جوان زۆرە بۆ منداڵ
لەوکاتای کەوا ئەکا گرۆگاڵ
لاپەڕەی پەرتووک هەڵبدرێتەوە
مەتەڵی جوان جوان بخوێنرێتەوە [1]
وەڵام: (مەتەڵ)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل8

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2465**

**مەتەڵ سێ پیتی جوانە، بیرکەرەوە و بزانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907122710432715

مەتەڵ سێ پیتی جوانە
بیرکەرەوە و بزانە
گیاندارێکی بچووکە
بێ پەڕ و باڵ و تووکە
سەری پشتی خاڵ خاڵە
بۆ مێشوولە عەودالە
دەژی لەناو زۆنگاوا
لە وشکایی و ناو ئاوا
لە پێستەوە بەجوانی
دەدات هەناسەکانی
هەڵی بێنە و مەتۆقە
بەستەزمانە ئەو بۆقە
مەبەستی مەتەڵەکە بۆقە، کە گیاندارێکی بچووکی مێشوولە خۆرە. وەڵام (بۆق) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکووک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل23

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2466**

**مەتەڵ سێ پیتە ئەمجارە، میوەیە لە بەری دارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907121541432709

مەتەڵ سێ پیتە ئەمجارە
میوەیە لە بەری دارە
ڕەنگیان سوورە یاخود زەردە
بەسوودە، لابەری دەردە
ڕۆژی یەک دانەی لێبخۆ
داو و دەرمانت ناوێ تۆ
مەتەڵ هەڵبێنە و بیبینە
چەن تامی خۆش و شیرینە
مەتەڵەکە مەبەستی لە میوەی سێوە کە لە سێ پیت پێکهاتووە، ڕەنگی سوور و زەردە و بۆ لەش بەسوودە. وەڵام (سێو) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل18

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2467**

**مەتەڵ شەش پیت ئاسانە، خواردنە، بۆ مناڵانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906215354432532

مەتەڵ شەش پیت ئاسانە
خواردنە، بۆ مناڵانە
وەک لۆکە نەرم و نیان
تامی شیرین ڕەنگی جوان
بیکڕ و بیخۆ بەبێ خەم
زوو دەتوێتەوە لەناو دەم
دەهەڵێ بێنە و پەلەکە
دیارییەکەشت هەر.... ە
بۆ ئەوەی گوێگر ئاراستەی بیرکردنەوەی بۆ وەڵامی مەتەڵەکە بچێت، دەڵێ خواردنە بۆ منداڵان، مەبەستی لە پەشمەکە، لە شەکر دروست دەکرێت، تامی شیرینە و ڕەنگاوڕەنگ دەکرێت، منداڵ ئارەزووی خواردنی دەکات. وەڵام (پەشمەک) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل7

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2468**

**مەتەڵ شەش پیتی ئاسانە**

20220907125122432727=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مەتەڵ شەش پیتی ئاسانە
جەژنی گەلی کوردستانە
یەکەم رۆژی ساڵی نوێ
گەلی کوردی قارەمانە
جەژنی گوڵ و دار و درەخت
کۆتایی وەرزی زستانە
سەرەتای وەرزی بەهار و
تەقینی کانیاوەکانە
رۆژی جەژنێکی دێرین و
یادی کاوەی پاڵەوانە
دەبێ چی بێ مانای مەتەڵ
بیری لێبکەوە و بیزانە
وەڵام (نەورۆز) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل31

کاتی تۆمارکردن: 07-09-2022

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2469**

**مەتەڵ شەش پیتی جوانە**

20220915230848434217=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

مەتەڵ شەش پیتی جوانە
شارێکی کوردستانە
مێژووی کۆنە ئەو شارە
شاری قەڵا و منارە
پیتی چوار و پێنج و شەش
لەگەڵ دوو بکە یەک بەش
وشەیە دەرئەکەوێ
بە پێچەوانەی لەوێ
کە پیتی چوار و دوو سێ
لەگەڵ پێنجی بنووسرێ
(لێرە) بەپێچەوانە
نووسراوە ئەو پیتانە
چوار و پێنج و سێ جوانە
بۆ داپۆشینی دانە
بەپیتی یەک و دوو سێ
شەشی لەگەڵ بنووسرێ
مەحاڵە بێ ئەو باران
دابارێ لە ئاسمان
وەڵام (هەولێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل55

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2470**

**مەتەڵ شەش پیتی دیارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907130415432732

مەتەڵ شەش پیتی دیارە
زەوییە هی جوتیارە
تۆوی دەکا و دەیکێڵێ
بەتراکتۆر و بێڵێ
بەهەوڵی کاکە جوتیار
بە کۆشەش کردنی و کار
سەوز دەبێ و دێتە بەرهەم
میوەی جوانی گوڵبەدەم
ئەو زەوییە بەپیتە
چی پێدەڵێن...؟ شەش پیتە
جوتیاران کاڵەک و شوتی لە جۆرە زەوییەکدا دەکەن، پێی دەوترێ بێستان. وەڵام (بێستان) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل35

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2471**

**مەتەڵ شەش پیتی وردە، ناوی شاعیرێکی کوردە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907122935432717

مەتەڵ شەش پیتی وردە
ناوی شاعیرێکی کوردە
وەک دیلێ ناسراوە
لە ژیاندا نەماوە
مەرد بوو، نەترس بوو، بوێر
شاعیرێ بوو، شۆڕشگێڕ
خەڵکی شاری پڕ گڕە
نەوەی باوە گوڕگوڕە
ئەگەر تۆ ڕۆشنبیری
هەر زوو دەڵێی ئەسیری

مەبەست لەم شاعیری گەورەی کورد ئەسیرییە کە خەڵکی شاری کەرکووکە و پیاوێکی ئازا و چاونەترس بووە. وەڵام (ئەسیری شاعیر) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل24

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2472**

**مەتەڵ شەش پیتە زۆر جوان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907122209432712](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907122209432712)

مەتەڵ شەش پیتە زۆر جوان
دەفڕێ دەچێتە ئاسمان
بە کلک دوو پشکەیە
بە باڵا فریشتەیە
ڕەشمەی هەیە و بێ گیانە
چییە ئەو شتە جوانە

مەتەڵ شەش پیتە، مەبەست لە کۆلارەیە کە وەک تەیارە دەفڕێت و دەچێتە ئاسمان، کلکی کۆلارە بە کلکی دووپشک و دەزووەکەش کە پێی هەڵدەدرێت بە ڕەشمەی ولاخ چووێنراوە. وەڵام (کۆلارە) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەرویش شکور، ل21

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2473**

**مەتەڵ شەش پیتە لە دەشتی بە پیت، گرد و منارە ڕاوەستاوە قیت**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209212917450032](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209212917450032)

مەتەڵ شەش پیتە
لە دەشتی بە پیت
گرد و منارە ڕاوەستاوە قیت
مەبەستی مەتەڵەکە شاری هەولێرە، مەتەڵ شەش پیتە، واتە: پیتەکانی وشەیە هەولێر شەش پیتە، لە دەشتی بەپیت، مەبەست لە دەشتی هەولێرە کە بۆ کشتوکاڵ بەپیتە، گرد و منارە ڕاوەستا و قیت، مەبەست لە قەڵای هەولێر و منارەی چۆلییە کە بەدرێژایی مێژوو بەپێوە وەستاون. وەڵام (هەولێر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل61]

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2474**
**مەتەڵ شەش پیتە لە دەشتی بە پیت، گرد و منارەی ڕاوەستاوی قیت**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805221148426702




مەتەڵ شەش پیتە لە دەشتی بە پیت، گرد و منارەی ڕاوەستاوی قیت
مەبەستی لە شاری هەولێرە کە لە شەش پیت پێکهاتووە هەروەها دەشتێکی بەپیت و بەرەکەتی هەیە، گرد و منارە: مەبەستی قەڵای هەولێر و منارەی دێرینی هەولێرە کە بە درێژایی مێژووی درووستکردنیان، ماونەتەوە وەک خۆیان. وەڵام شاری هەولێر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2475**
**مەتەڵ شەش پیتە، پێنج نوقتەی لەسەرە، نێوی شاخێکە بزانە کێ هەیە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730081004425447



مەتەڵ شەش پیتە، پێنج نوقتەی لەسەرە، نێوی شاخێکە بزانە کێ هەیە
پشدەر ناوچەیەکی شاخاوی سەختە، بەشێک لە گەورەترین و درێژترین زنجیرە شاخی کوردستانی گەورەی پیاتێپەڕیوە، ناوی (قەندیل) ە، مەبەستی مەتەڵەکەیە هەروەها لە شەش پیت پێکهاتووە، لەنیوە دێڕییەکەمدا، تیشکی خراوەتە سەر، پێنج نوقتەی هەیە، لە مەتەڵەکەدا بەڕوونی پیشاندراوە. وەڵام شاخی قەندیل.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2476**

**مەتەڵ گیاندارە، پێنج پیت تەواوە**

[20220916192905434364=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220916192905434364)

مەتەڵ گیاندارە، پێنج پیت تەواوە
لە ڕۆیشتندا تەمەڵ و خاوە
هێلکە دەکا و وەک مەڕ گیا دەخوا
لەناو ئاویشدا جوان مەلە دەکا
پیتی دوو و چوار و یەکیش ئەمجارە
بەزمانی کوردی ناوی ژمارە
تەنیا پیتی سێ لەگەڵ یەک دانە
ئەندامی لەشە لە گیاندارا
پیتی دوو لەگەڵ پیتی چوار و سێ
بەزمانێ دیکە بەڵێ دەنووسرێ
مانای مەتەڵمان زۆر ڕوون و زەقە
سەرپشتی وەکو دار و بەرد ڕەقە
وەڵام (کیسەڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل70

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2477**

**مەتەڵ مەتەڵ بایزە کەچەڵ هەڵیبێنە و خوات لەگەڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209172527449965

مەتەڵ مەتەڵ بایزە کەچەڵ
هەڵیبێنە و خوات لەگەڵ
مەبەستی مەتەڵەکە کەسایەتییەکە بەناوی بایز، مەتەڵ مەتەڵ بایزە کەچەڵ، لەگەڵ ئەوەدا وەڵامی مەتەڵەکە لەناو مەتەڵەکەدا هەیە، هەروەها ئاوازێکی موزیکی جوانیشی درووستکردووە، هەڵیبێنە و خوات لەگەڵ، واتە: دۆزینەوەی وەڵامی مەتەڵەکە ئاسانە کە زانیت برۆ. وەڵام (کەسێک بەناوی بایز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل59

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2478**

**مەتەڵ مەتەڵ مەیزە باری کەرەکەم نەقیزە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209172830449966

مەتەڵ مەتەڵ مەیزە
باری کەرەکەم نەقیزە
مەبەستی مەتەڵەکە ژیشکە، (ژیشک: گیانەوەرێکی کێوییە، جەستەی بە بەرگێکی دڕکاوی داپۆشراوە کە پارێزگاری لێدەکات) ، مەیز: تەماشا (فەرهەنگی کانی) مەتەڵ مەتەڵ مەیزە، مەبەستی مەتەڵساز ئەوەیە کە بە گوێگر دەڵێت تەماشاکە و ببینە، باری کەرەکەم نەقیزە، (نەقیزە: داردەستێکی درێژە و لووتەکەی تیژە، وڵاخی پێلێدەخوڕن فەرهەنگی خاڵ) . مەبەست لە دڕکی پشتی ژیشکە. وەڵام (ژیشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل60

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2479**

**مەتەڵ مەتەڵ مەیزە، مانگای ئەحمەو گەڵمیزە نەگەڵی هەس نەگوان، شیر ئەدا بەهەمووان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011114048525523](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011114048525523)

مەتەڵ مەتەڵ مەیزە، مانگای ئەحمەو گەڵمیزە
نەگەڵی هەس نەگوان، شیر ئەدا بەهەمووان
مەیزە: تێڕوانین یان تەماشا (فەرهەنگی کانی) ، مەتەڵ مەتەڵ مەیزە، بە گوێگر دەوترێت کە تەماشای مەتەڵ بکات لێی وردبێتەوە، بۆ ئەوەی وەڵام بدۆزیتەوە، گەڵمیز: بۆ کەسێک بەکاردێت کە گیانی تەڕبێت و میز بکات بەخۆیدا، بەڵام لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە بارانە کە بەهەموو کەسێکی دەبەخشێت. وەڵام (هەور و باران) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 90

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2480**
**مەتەڵ مەتەڵ کاورە کەچەڵ، سەری دەبڕێ دەینێ لە باخەڵ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805215312426697



مەتەڵ مەتەڵ کاورە کەچەڵ، سەری دەبڕێ دەینێ لە باخەڵ
کاورە کەچەڵ: مەبەستی لە مازووە کە لووسە وەک سەری کەچەڵ، سەری دەبڕێ دەینێ لە باخەڵ واتە: ئەو کەسەی کە مازوو دەچنێ واتە: مازووچن، دانەدانە مازووەکان لێدەکاتەوە و کۆیدەکاتەوە، لە باخەڵ یان لە تورەکەی دەکات. وەڵام مازوو. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2481**

**مەتەڵ مەڵێ مەتەڵم, بیری لێوەکە، گیانلەبەرێکە بێ دەست و لاقە، دەم و قەپۆزی وەک لوتە پاچە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730080321425443



مەتەڵ مەڵێ مەتەڵم، بیری لێوەکە، گیانلەبەرێکە بێ دەست و لاقە، دەم و قەپۆزی وەک لوتە پاچە
هەندێک مەتەڵ هەیە، پێویستی بە مرۆڤی زیرەکە بیری لێبکاتەوە، مەبەستی مەتەڵەکە، ماسییە کە دەست و قاچی نییە، لەباتی ئەوە پەڕەکەی هەیە بۆ ڕۆشتن لە ئاوادا، و دەم و پلی چووێنراوە بە لووتە پاچ. وەڵام ماسی.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2482**
**مەتەڵ نۆ پیتە و دەفڕێ باڵدارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915215729434191

مەتەڵ نۆ پیتە و دەفڕێ باڵدارە
شوێنی چزوەکەی زۆر بە ئازارە
قەبارە وەک دەنکە خورمایە
ژیانی وەک هەنگ، لەناو شارایە
پیتی شەش و نۆ، سێ و یەکیش لە پاڵ
دەکاتە چوار بەش مانگەکانی ساڵ
پیتی چوار و پێنج هەشتی لەگەڵ بێ
بە سەگ دەوەڕێ لە ڕەگەزی مێ
پیتی یەک و دوو، سێ و چوار بە ڕیزە
ناوی ڕەنگێکە وەک ڕەنگی پایزە
دەهەڵێ بێنە، ئاسانە ناوی
هەتا لەناکاو پێوەی نەداوی
وەڵام (زەردەواڵە) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل38

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2483**
**مەتەڵ هەشت پیتی ئاسانە**

[20220916194110434369=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?q=20220916194110434369&lng=1)

مەتەڵ هەشت پیتی ئاسانە
ڕۆڵەی مەرد و قارەمانە
بۆ ئازادی گەل و وڵات
گیانی خۆی دەکا بە خەڵات
پیتی حەوت و شەش لەگەڵ دوو
گەر دەتوانی بیکەوە زوو
پیتی سێ و پێنج لەگەڵ چوارە
بۆ دێوانە شێت و هارە
یەک و دوو لەگەڵ سێیەمە
بەواتایەتر (بەردەم) ە
حەوت و هەشت لەگەڵ شەش و چوار
تاقیبکەوە یەکەم جار
چوار و پێنج و شەش لەگەڵ حەوت
مردنە کە چاوت پێکەوت
وەڵام (پێشمەرگە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل76

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2484**

**مەتەڵ هەشت پیتی تەواو شاخێکی بەرزە ناسراوە بە ناو پیتی یەک و دوو خاکە بیزانە مەڵبەندی گشتە پاش ئەم ژیانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118201403459111

مەتەڵ هەشت پیتی تەواو
شاخێکی بەرزە ناسراوە بە ناو
پیتی یەک و دوو خاکە بیزانە
مەڵبەندی گشتە پاش ئەم ژیانە
چوار و پێنج و شەش حەوتی لەبان
ناوی دەنگێکە زۆر دڵگیر و جوان
پیتی حەوت و دوو ئەندامی لەشە
کار تەواوئەبێ شادمان بەسە
مەبەستی مەتەڵەکە چیای گڵەزەردەیە، دەکەوێتە ڕۆژاوای شاری سلێمانییەوە. [1]
وەڵام: (چیای گڵەزەردە)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشێخی سیریێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل24

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2485**

**مەتەڵم خۆشە حەوت پیتی ئاسانە شارێکی ڕەشە لە کوردستانە حەوت و دوو پێنج مەلی کویستانە دەنگی زۆر خۆشە و جێی ناو شاخانە**

[1=https://www.kurdipedia.org/?lng&q=20230118200955459107](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118200955459107)

مەتەڵم خۆشە حەوت پیتی ئاسانە
شارێکی ڕەشە لە کوردستانە
حەوت و دوو پێنج مەلی کویستانە
دەنگی زۆر خۆشە و جێی ناو شاخانە
شەش و دوو و سێ و دوو مانای بانگکردن
بۆ ئەم شارە جوانە بۆ کڕنووشبردن
یەک و پێنج و سێ گەنجی کوردانە
با هەوڵبدەن بۆ ئەم شارە جوانە [1]
وەڵام: (کەرکووک)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل21

کاتی تۆمارکردن: 18-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2486**
**مەتەڵمان گیانلەبەرە، ئاژەڵێکی شیردەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907120236432705

مەتەڵمان گیانلەبەرە
ئاژەڵێکی شیردەرە
(مالۆس) ناوی مێکانە
نێرەکانیش (یەکانە)
(کۆدەڵە) بێچووبانە
دەم و لمۆزیان پانە
دەژین لەناو دارستان
یان لەناو زۆنگاوەکان
شفرەی نێرەکان ئەوان
ڕەقە وەک خەنجێر دەبان
هەموویان پێست ئەستوورن
لە پێنج پیتیش پێکهاتوون
گۆشتیان چەند خۆشبێ بەتام
حەرامە لەناو ئیسلام
مەتەڵەکە باسی نێرە و مێیە و بەچکەی بەراز دەکات. وەڵام (بەراز) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل17

کاتی تۆمارکردن: 07-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2487**
**مەتەڵێکە بۆ خاوەن بیر**

[20220915223848434206=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915223848434206)

مەتەڵێکە بۆ خاوەن بیر
باریک و ڕێک وەک تەباشیر
بە کاغەزی سپی پێچراوە
گەڵای وشکی تێکراوە
پڕە لە دەرد و نەخۆشی
خەڵکیش دەیکێشێ بۆ خۆشی
گەر بزانن مانای مەتەڵ
تێدەگەن زیانی دووکەڵ
مەبەستی لە جگەرەیە کە باریکە وەک تەباشیر، تووتنی تیایە و لەکاتی کێشاندا دووکەڵ دەکات. وەڵام (جگەرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منالان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل47

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2488**

**مەتەڵێکە سەرلێتێکەدەر کێواوکێو دەتداتەبەر دوو جار بێت و ناوی بەری باوکی منداڵ هەڵئەدا لەسەر**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209173239449967](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209173239449967)

مەتەڵێکە سەرلێتێکەدەر، کێواوکێو دەتداتەبەر
دوو جار بێت و ناوی بەری، باوکی منداڵ هەڵئەدا لەسەر
مەبەستی مەتەڵەکە با یە، مەتەڵێکە سەرلێتێکدەر کێواوکێو دەداتەبەر، (دەداتەبەر: دانەبەر واتە: خستنەپێش) مەبەست لەوەیەکە با هەڵدەکات، هەموو شتێک پێشخۆی دەدات و دەیبات، هەروەها ئەگەر زۆر باسی با بکەی باوک دەکێشی بەسەرتدا و بێدەنگت دەکا. وەڵام (با) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل58](#)

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2489**
**مەدۆڕۆخانە تەڕ مەبۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231014214940526249

مەدۆڕۆخانە تەڕ مەبۆ.
وەڵام (سێبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل32

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2490**
**مەلا بەیانیان بانگدەدات ئاو دەخواتەوە و نوێژ دەکات**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115190452445439

مەلا بەیانیان بانگدەدات
ئاو دەخواتەوە و نوێژ دەکات
مەلا بەیانیان بانگدەدات، مەبەست لە کەڵەشیرە کە بەیانیان دەخوێنێ، خوێندنی کەڵەشێر بە بانگی مەلا چووێنراوە، هەروەها هەموو کەسێک بەهۆی خوێندنی کەڵەشێرەوە خەبەری دەبێتەوە و لەخەهەڵدەستێ و ئاو دەخواتەوە و نوێژ دەکات. وەڵام (کەڵەشێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل97

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2491**

**مەلا و قەشە و ساڵە گۆشتێک دەخۆن بۆ هەموویان حەڵاڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115181915445425

مەلا و قەشە و ساڵە
گۆشتێک دەخۆن
بۆ هەموویان حەڵاڵە

مەلا و قەشە و ساڵە، مەبەست لە پیاوانی ئایینی کریستیانی و ئیسلامن، (لەم ئایینانەدا گۆشتی هەندێک ئاژەڵ بۆ خواردن ڕێپێدراوە و هی هەندێک ڕێپێدراو نییە) گۆشتێک دەخۆن، مەبەست لە گۆشتی ماسییە، بۆ هەموویان حەڵاڵە، واتە: لە هەموو ئایینەکاندا گۆشتی ماسی بۆ خواردن ڕێپێدراوە. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل97

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2492**

**مەلا و ماڵم بێ، خەلیفە و قەشە بەخواردنی ئەو بەردەبنە گەشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913223736520511

مەلا و ماڵم بێ، خەلیفە و قەشە
بەخواردنی ئەو بەردەبنە گەشە
مەلا، خەلیفە و قەشە، مەبەست لە پیاوانی ئاییںی کریستیانیی و ئیسلامیین، (لەم ئایینانەدا گۆشتی هەندێک ئاژەڵ بۆ خواردن ڕێپێدراوە و هێی هەندێک ڕێپێدراو نییە) بەخواردنی ئەو بەردەبنە گەشە، مەبەست لە گۆشتی ماسییە، بۆ هەموویان حەڵاڵە، واتە: لە هەموو ئایینەکاندا گۆشتی ماسیی بۆ خواردن ڕێپێدراوە. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل147

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-13

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2493**

**مەلای بێ عەبا شەوگار لائەبا**

[20230924221806523205=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924221806523205)

مەلای بێ عەبا
شەوگار لائەبا
مەبەست لە کەڵەشێرە، (مەلا پیاوی ئایینی موسوڵمانانە و بەرگێکی درێژ (عەبا) لەبەردەکات) ، مەلای بێ عەبا، مەبەست لە کەڵەشێرە کە بە مەلا بەراوردکراوە، شەوگار لائەبا، واتە: لە کۆتایی شەودا کەڵەشێر دەخوێنێت و خەڵکی بەئاگادێنێتەوە. وەڵام (کەڵەشێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل40

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2494**

**مەلای نامەلا و فەقێی نافەقێ سۆری دوو فەقیان، ئەولادی قونێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117172842458869

مەلای نامەلا و فەقێی نافەقێ
سۆری دوو فەقیان، ئەولادی قونێ
مەبەست لە کەڵەشیرە، مەلای نامەلا و فەقێی نافەقێ، خوێندنی کەڵەشیر بە بانگدانی مەلا چووێنراوە بەڵام مەلا و فەقێ زانستیان پێیە، کەڵەشیر هیچ زانیستێکی پێنییە، بۆیە کەڵەشیر بە نامەلا و نافەقێ چووێنراوە، سۆری دوو فەقیان، (سۆر: سوور) مەبەست لەو دوو پلێلە گۆشتە سوورەیە کە بەژێر دەنووکییەوەیەتی، بە فەقیانەی فەقێ چووێنراوە. ئەولادی قونێ، واتە: کەڵەشێر لە هێلکەوە دەبێت، هێلکەش لە قوونی مریشکەوە دێتەدەر. [1]
وەڵام: (کەڵەشێر)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل216.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2495**

**مەلای نامەلا ڕدێن دوو لیسکە چاوناسی شەوێ ئەولادی قونە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209174632449969

مەلای نامەلا ڕدێن دوو لیسکە
چاوناسی شەوێ ئەولادی قونە
مەبەست لە کەڵەشێرە، مەلای نامەلا ڕدێن دوو لیسکە، (ڕدێن: ڕیش، لیسکە: لووسکە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە کەڵەشێرە کە دەخوێنێ بە نامەلا چووێنراوە، هەروەها دوو پڵپڵەی گۆشتی لووس بەژێر دەنووکییەوەیەتی بە ڕیش چووێنراوە، چاوناسی شەوێ، واتە: لە بەرەبەیاندا لە تاریکی و ڕووندا دەخوێنێ و دەزانێت کە شەو کۆتایی هاتووە، ئەولادی قونە، واتە: بە جووچکی لە هێلکە دێتەدەر و هێلکەش لە قونی مریشکەوە دەکرێ. وەڵام (کەڵەشێر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل60

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2496**
**مەلای نەبەزاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115191946445447

مەلای نەبەزاو.
بەپێی ئەفسانەی ئایینە ئیبراهیمییەکان، شەیتان ئەو فریشتە یاخییەیە کە خودا بەنەفتەرتی کردووە، لەگەڵ ئەوەدا زۆر بەتوانا و زیرەکە، مرۆڤ ناتوانێ، بیبەزێنێ، مەبەستی مەتەڵەکە شەیتانە، کەس توانای بەزاندنی نییە. وەڵام (شەیتان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل97

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2497**

**مەلایە و مەلا نییە ئاقڵە و ئاقڵ نییە بێ ڕۆحە و ڕۆحی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115182406445428

مەلایە و مەلا نییە
ئاقڵە و ئاقڵ نییە
بێ ڕۆحە و ڕۆحی نییە
لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، لەبەر ئەوەی تەنیا مەلاکان خوێندەواربوون، بۆیە بە کەسانی زیرەک و هۆشمەند دانراون، مەلایە و مەلا نییە، مەبەست لە پەرتووکە، ئاقڵە و ئاقڵ نییە، واتە: پەرتووک بیر و ئەقڵی زۆر تیایە، بێ ڕۆحە و ڕۆحی نییە، واتە: شتێکی بێگیانە. وەڵام (پەرتووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل97

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2498**
**مەلایە و مەلا نییە، حیلم دزە و ڕۆحی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220805220619426701



مەلایە و مەلا نییە، حیلم دزە و ڕۆحی نییە
هەمیشە مەلاکان بۆ نوێژ کاتیان دیاریکردووە، خەڵکیش کەڵکی بینیوە لەو کاتە، بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان، کاتێک کاژێر پەیدابووە، دەستنیشانی کاتی بە ئاسانی پێکراوە، خەڵک پێویستی بە مەلا نەماوە، بۆیە بە عیلم دز باس کراوە لە مەتەڵەکەدا هەروەها کاژێریش دەستکردی مرۆڤە و ڕۆحلەبەر نییە. وەڵام کاژێر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-05

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2499**

**مەلێ هاتووە بە هۆهۆ، نەتانی هەیە نە پۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821102031429412

مەلێ هاتووە بە هۆهۆ
نەتانی هەیە نە پۆ
مەبەست لە (لباد) ە (جۆرێک ڕاخەر کەلەپووری کوردییە، لە خووری بەرگن، مەڕی یەک ساڵ درووست دەکرێ، زۆر توند و پتەوە) مەلێ هاتووە بە هۆهۆ، مەبەست لە لبادە، نەتانی هەیە نە پۆ، هەموو ڕاخەرێک وەک لاکیش یان فەرش تان و پۆی هەیە و دەچنرێت بەڵام لباد تەنیا ڕاخەرە کە تان و پۆی نییە، خوری بەرگن بە تەڕکردن و کوتانەوە کەپس دەکرێت. وەڵام (لباد) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2500**
**مەڵێ هەیە، مەڵێ: نێرە سەری شاخە ناوی شێرە**

[20221209175630449972=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209175630449972)

مەڵێ هەیە، مەڵێ: نێرە
سەری شاخە ناوی شێرە
مەبەست لە کەڵەشێرە، (کەڵەشێر پەلەوەرێکە کورد لەمێژە ناسیویەتی و ماڵی کردووە) مەڵێ هەیە مەڵێ: نێرە، مەبەست لە کەڵەشێرە مەتەڵساز بۆ سەرلێتێکدانی گوێگر بەکاری هێناوە، ئەگینا کەڵەشێر نێرە، سەری شاخە و ناوی شێرە، مەبەست لە پۆپنەی کەڵەشێرە کە بە شاخ چوواندویەتی هەروەها لەناو وشەی کەڵەشێردا، پیتەکانی ناوی (شێر) هەیە. وەڵام (کەڵەشێر) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل60

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2501**

**مەلێک هات بە سیسی عیسا لە مووسای پرسی ئەو مەلە بۆچی ڕۆی بەبرسی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116212831445675](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116212831445675)

مەلێک هات بە سیسی
عیسا لە مووسای پرسی
ئەو مەلە بۆچی ڕۆی بەبرسی

عیسا و موسا: دوو پەیامبەری ئاینی پەیمانی کۆن و نوێن، مەلێک هات بە سیسی، مەبەست لە مانگی ڕەمەزانە، عیسا و موسا لێی پرسی، واتە: پرسیاریان لە هەژاری ئەو مانگە کرد، بۆچی ڕۆی بە برسی، واتە: مانگی ڕەمەزان خەڵکی ئاییندار نانی تیاناخۆن و خۆیان برسی دەکەن. وەڵام (ڕەمەزان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل99

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2502**
**مەلێکم دیوە خرپنە خشت ئەبرێ وەکوو پنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003195946524527

مەلێکم دیوە خرپنە
خشت ئەبرێ وەکوو پنە
مەل: باڵندە. پنە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دار درووست دەکرێت، بۆ نانکردن بەکاردێت. مەبەستی مەتەڵەکە هەنگە کە هەنگوین درووست دەکات، مەلێکم دیوە خرپنە، واتە: هەنگ، خشت ئەبرێ وەکوو پنە، واتە: هەنگوین درووست دەکات، شانەی هەنگوین وەک پنە تەختە. وەڵام (هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل59

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2503**

**مەلێکم هەیە بە حەواوە لە پەتکە کراوە مەلەکە ڕشاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115181634445424

مەلێکم هەیە بە حەواوە
لە پەتکە کراوە
مەلەکە ڕشاوە

مەلێکم هەیە بە حەواوە، مەبەست لە مەشکەیە کە بەسێپیاوە بە پەتک هەڵدەواسرێ و دۆی تێدا دەژەنرێ، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە پێستی بزن درووستدەکرێ، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێ) لە پەتکە کراوە، واتە: دەمی مەشکە پەتەکەی لێکرایەوە، مەلەکە ڕشاوە، واتە: دۆ لە دەمی مەشکەوە هاتەخوار. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل97

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2504**
**مەلێکم هەیە جارجار باڵدارە دوو قاچی دواوەی ئەڵێی مشارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924221605523204

مەلێکم هەیە جارجار باڵدارە
دوو قاچی دواوەی ئەڵێی مشارە
مەبەست لە کوللەیە، جارجار باڵدارە، واتە: کوللە لەکاتی پێویستدا نەبێت نافڕێت، چونکە لەسەر دانەوێڵە دەژیی، کە دەمی گەیشتێ ئیتر نافڕێت، دوو قاچی دواوەی ئەڵێی مشارە، واتە؛ قاچی کوللە زبرە و لە مەتەڵەکەدا بە مشاری چووێنراوە. وەڵام (کوللە). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل43

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2505**
## مەلێکم هەیە مەلە ساتۆرە دوو چاوی لەبان چاوێک گلۆرە

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209175403449971

مەلێکم هەیە مەلە ساتۆرە
دوو چاوی لەبان چاوێک گلۆرە
مەبەست لە کوللەیە، (کوللە: گیانەوەرۆچکەیەکی گیاخۆرە، دەغلودان دەفەوتێنێ، بە کۆمەڵ دەژین، توانای فڕینی هەیە) ساتۆر: مەزاری ڕووتاوەی گیا لێنەماو. فەرهەنگی ڕێژگە) مەلێکم هەیە مەلە ساتۆرە، مەبەست لە کوللەیە، دوو چاوی لەبان چاوێک گلۆرە، وەسفی چاوی کوللە دەکات کە بە هەموو لایەکدا دەڕوانێ. وەڵام (کوللە) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل2

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2506**
**مەلێکمان هەیە مەلە خاتۆرە، قاچ و قول باریک سەربالی بۆرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220818083645428922




مەلێکمان هەیە مەلە خاتۆرە
قاچ و قول باریک سەربالی بۆرە
مەل بە باڵ دەفڕێ، مەبەستی مەتەڵەمە کوللەیە، لە فڕیندا بە مەل بەراوردکراوە، خاتۆرە واتە: ترسناک چونکە دەغلودان دەخوات و زیان بە کێڵگە دەگەیەنێت، قاچ و قول باریک سەربالی بۆرە واتە: قاچەکانی باریکە و بەسرووشت ڕەنگی خاک و خۆل دەگرێ بۆ پاراستنی خۆی. وەڵام (کوللە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2507**

**مەلێکمان هەیە، سپی پڕ لە خاڵ دوازدە پای هەیە، سێسەد و شەست و پێنج باڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913223532520510

مەلێکمان هەیە، سپی پڕ لە خاڵ
دوازدە پای هەیە، سێسەد و شەست و پێنج باڵ
مەبەستی مەتەڵەکە دابەشکردنی کاتە بۆ ساڵ و مانگ و ڕۆژ، لە مێژوویەکی دێرینەوە مرۆڤایەتی ئەم جۆرە دابەشکارییەی کردووە، مەلێکمان هەیە، مەبەست لە کاتە، سپی پڕ لە خاڵ، مەبەست لە دابەشکردنی کاتە، دوازدە پای هەیە، مەبەست لە دوازدە مانگی ساڵە، سێسەد و شەست و پێنج باڵ، مەبەست لە ڕۆژەکانی ساڵە. وەڵام (کاتی مانگ، ساڵ و ڕۆژ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل19

کاتی تۆمارکردن: 13-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2508**

**مەلێکی زۆر بچووکە خاوەنی دوو باڵ و دەندووکە لە بۆ ئاسانکاریتان پێی دەڵێن شوانووکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209174937449970

مەلێکی زۆر بچووکە، خاوەنی دوو باڵ و دەندووکە
لە بۆ ئاسانکاریتان، پێی دەڵێن شوانووکە
مەبەست لە چێشکە یە، (چێشکە: تایبەتە بە بەشە شێوەزاری سۆران، مەبەست لە چۆلەکەیە) مەلێکی زۆر بچووکە خاوەنی دوو باڵ و دەنووکە، واتە: چۆلەکە، لە بۆ ئاسانکاری پێی دەڵێن شوانووکە، مەتەڵساز ئاسانکاری بۆ گوێگر دەکات، بۆ ئەوەی بە ئاسانی وەڵام بزانێ. وەڵام (چێشکە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل60

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2509**
**مەلە دەکا ماسی نییە دەخوێنێ بلبل نییە دەفڕێ کۆتر نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209152158449922

مەلە دەکا ماسی نییە
دەخوێنێ بلبل نییە
دەفڕێ کۆتر نییە
مەبەستی مەتەڵەکە لە قازە، (قاز پەوەلەورێکە کورد لەمێژە ناسیویەتی وماڵی کردووە) مەلەدەکا ماسی نییە، واتە: قاز پەلەوەرێکی مەلەوانە، دەخوێنێ بلبل نییە، واتە: قاز دەتوانێت بقیرێنێ، لە مەتەڵەکەدا بە خوێندنی بلبل چواندوویەتی، دەفڕێ کۆتر نییە، قاز تا ئاستێکی کەم توانای فڕینی هەیە. وەڵام (قاز). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل60

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2510**
**مەلەک وا بە حەواوە، بە پشتوێن بەستراوە، کە پشتوێن دەکرێتەوە، مەلەکە دەڕشێتەوە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807053007426953



مەلەک وا بە حەواوە، بە پشتوێن بەستراوە، کە پشتوێن دەکرێتەوە، مەلەکە دەڕشێتەوە
مەلەک وا بە حەواوە: مەبەست لە مەشکەیە کە بە سێپاکەوە هەڵواسراوە، بە پشتوێن بەستراوە: مەبەست لە دەمی مەشکەیە کە بەپەت بەستراوە، کاتێک پەتی دەمی مەشکەکە دەکرێتەوە، مەلەکە دەڕشێتەوە، واتە: دۆی ناو مەشکەکە دێتەدەر. وەڵام مەشکە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2511**
**مەلەکەی سەرتەکەرە هەر پەلکەکی سەد خەنجەرە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209211015450023](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209211015450023)

مەلەکەی سەرتەکەرە
هەر پەلکەکی سەد خەنجەرە
مەبەست لە خۆر و تیشکی خۆرە، تەکەرە: ڕەوڕەوە (فەرهەنگی کانی) . مەلەکەی سەر تەکەرە، مەبەست لە خۆرە کە لەناو کۆمەڵەکەیدا لەسەر تەوەرەیەک وەک ڕەوڕەوە دەخولێتەوە، هەر پەلکەکی سەد خەنجەرە، مەبەست لە تیشکی خۆرە کە وەک جەنجەر هەموو شتێک دەبڕێ. وەڵام (تیشکی خۆر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل63

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

---

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2512**
**مەنجەڵی جەفتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925210137436178

مەنجەڵی جەفتێ
قوڵپەی کەتێ
کەس نەیگەشتێ
مەبەست لە تەقینی گوولەیە لە لوولەی تفەنگەوە. وەڵام (تفەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل45

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2513**

**مەنجەڵی جەفتێ قوڵپەی کەتێ کەس نایگاتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209165511449948

مەنجەڵی جەفتێ
قوڵپەی کەتێ
کەس نایگاتێ
مەبەست لە تفەنگە، جەفت: جەوت مەبەست لە کڵاوی بەڕووە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەنجەڵی جەفتێ، واتە: تفەنگ، چۆن کڵاوی بەڕوو بەڕووی لەناودایە، تفەنگیش فیشەکی تێدایە، فیشەک و بەڕوو بەیەک چووێنراوە، قوڵپەی کەتێ، مەبەست لەوکاتەیە کە فیشەک لە تفەنگەوە دەردەچێ، هەروەها فیشەک خێرایە و کەس نایگاتێ. وەڵام (تفەنگ) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل59

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

کوردیپیدیا KURDIPEDIA


**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2514**
**مەڕ دەردەکرێ و حەوش دەدۆشرێ**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811214321427948](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811214321427948)



مەڕ دەردەکرێ و حەوش دەدۆشرێ.
حەوش ئەو جێگەیەیە کە مەڕی تێداکۆدەکرێتەوە، بە تامان دەوری دەگیرێت، بۆ ئەوەی مەڕەکان بڵاونەبنەوە پاشان بێری دەیاندۆشێت، مەڕ دەردەکرێ و حەوش دەدۆشرێ، زیاتر بۆ سەرلێتێکدانی گوێگر بەکار هاتووە، لە مەتەڵەکەدا مەڕ دەردەکرێ: مەبەست لە دەرکردنی هەنگە لە کورەکەی، حەوش دەدۆشرێ، واتە: دەرهێنانی هەنگوین لە کورەی هەنگ. وەڵام (مێش برین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2515**
**مەڕی جوان لەسەربان گیا ئەقرتێنێ بە دوو دیان**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920212541522136
مەڕی جوان لەسەربان
گیا ئەقرتێنێ بە دوو دیان
دیان: ددان. مەبەست لە مقەستە، (مقەست ئامێرێکی دەستییە بۆ بڕینی جلوبەرگ بەکاردێت) ، مەڕی جوان، لە مەتەڵەکەدا واتە: مقەست، گیا ئەقرتێنێ بە دوو دیان، چۆن مەر بە ددان گیا دەقرتێنێ، مقەستیش بەرگ دەبڕێت، بڕینی بەرگ بە گیا قرتاندن چووێنراوە. وەڵام (مقەست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل24

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2516**
**مەڕی خاڵان لە پشت ماڵان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925212101436185](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925212101436185)

مەڕی خاڵان لە پشت ماڵان
نەدەدۆشرێ، نەدەفرۆشرێ
مەڕی خاڵان، مەبەست لە مێروولەیە، لە پشی ماڵان، مەبەست لە شوێنی مێرووستانە، نەدەفرۆشرێ و نەدەدۆشری، واتە: مێرووله هیچ کەڵکێکی ئابووری نییە. وەڵام (مێرووله) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل45

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2517**

**مەڕی دایە لە پشتمایە نەدەدۆشرێ و نەدەفرۆشرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117172546458868

مەڕی دایە لە پشتمایە
نەدەدۆشرێ و نەدەفرۆشرێ
مەبەست لە مێروولەیە، مەڕی دایە لە پشتمایە، واتە: هەر کاڵا و کەلوپەلێک هیی دایک بێت، بەمیرات بۆ منداڵ دەمێنیتەوە، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە مێرووە کە خۆراکی بۆ بەچکەکانی دەمێنیتەوە، نەدەدۆشری و نەدەفرۆشرێ، واتە: مێروو هیچ کەڵکێکی ئابووری نییە. [1]
وەڵام: (مێروولە)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل205.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2518**
**مەڕی دایە هەمینێ بەریاندا لەناو گڵەشینێ نەدەدۆشرێ نەدەفرۆشرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117171618458865

مەڕی دایە هەمینێ
بەریاندا لەناو گڵەشینێ
نەدەدۆشرێ نەدەفرۆشرێ
مەبەست لە مێرووڵەیە، مەڕی دایە هەمینێ، واتە: مێرووڵە کە بە مەڕ چووێنراوە، بەریاندا لەناو گڵەشینێ، واتە: چۆن مەڕ لەناو لەوەڕی سەوزدا بەردەدرێ، مێرووش لەناو گڵدا بڵاودەبێتەوە و مێرووستان درووستدەکات. نەدەدۆشرێ و نەدەفرۆشرێ، واتە: مێرووڵە کەڵکی ئابووری نییە. وەڵام (مێرووڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل205.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2519**
**مەڕێ دەردەکەم حەوشێ دەفرۆشم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115191636445444

مەڕێ دەردەکەم، حەوشێ دەفرۆشم.
مەڕ لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە هەنگە، حەوش: مەبەستی لە کورە یان شانەی هەنگە، مەڕێ دەردەکەم، واتە: پێش ئەوەی هەنگوین ببڕێت، پێویستە هەنگەکان دووربخرێنەوە، حەوشی دەفرۆشم، واتە: پاش دەرکردنی هەنگەکان شانە هەنگوینەکان دەبڕێت. وەڵام (هەنگوین برین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل97

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2520**

**مەرە لەڕێ لە گوێسوانێک گیای دەقرتاند بە ددانێک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221122533453268

مەرە لەڕێ لە گوێسوانێک
گیای دەقرتاند بە ددانێک
مەبەست لە مقەستی سەرتاشینە، (مقەستی سەرتاشین: جۆرە مقەستێکی باریکی تایبەتییە، دەلاکەکان بۆ کورتکردنەوەی قژی سەری مرۆڤ بەکاری دێنن) ، (لەڕ: لاواز، گوێسوانە: بەو دارانە دەوترێ کە لە سەقفی خانووەوە دەردەچن) مەرە لەڕێ لە گوێسوانێ، مەبەست لە مقەستی سەرتاشینە کە قژ دەبڕێت هەروەها قژی درێژی بە گوێسوانە چوواندوە، گیا دەقرتێنێ بە ددانێ، مەبەست لە بڕینی قژە بە مقەست. وەڵام (مقەستی سەرتاشین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل60

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2521**

**مەرە ڕەشی موکری نە مووی هەیە نەخوری**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115185847445435](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115185847445435)

مەرە ڕەشی موکری
نە مووی هەیە نەخوری
موکری، مەبەست لە ناوچەی موکریانە، لە مێژوویەکی کۆنەوە ماڵاتیان هەبووە، بەهۆیەوە کێچ و ئەسپێیان بەردەوام هەبووە، مەرە ڕەشی موکری، مەبەست لە کێچە کە ڕەنگی ڕەشە، نە مووی هەیە نە خوری، واتە: جەستەی کێچ سافو لووسە. وەڵام (کێچ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولآت: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل97

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2522**
**مەڕە کوڕە هەڵدەگەڕێ و دەلەوەڕی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115191330445443

مەڕە کوڕە، هەڵدەگەڕێ و دەلەوەڕی.
کوڕە: ناوی جۆرێک گوێچکەی مەڕە، بۆ جیاکردنەوە توخمی باشی مەڕ بەکاردێ، مەڕە کوڕە، مەبەست لە مقەستە، هەڵدەگەڕێ و دادەگەڕێ، مەبەست لە کرداری بڕینەی قوماشە بە مقەست، چۆنی بوێت وادەبڕێ، وەکوو چۆن مەڕ چۆنی بوێت وا هەڵدەگەڕ و دادەگەڕێ. وەڵام (مقەست) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل97

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2523**
**مەڕە کوێری هەڵدەگەڕێ دادەگەڕی هەڵدەبڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221122207453267

مەڕە کوێری هەڵدەگەڕێ
دادەگەڕی هەڵدەبڕێ
مەبەست لە ئامێری برینگە، (برینگ: مقەستی خووری یان موو هەڵپاچینی مەڕ و بزنە. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەڕە کوێرێ هەڵدەگەڕی دادەگەڕێ، مەبەست لە مقەستی بینگە، هەڵدەبڕێ، واتە: لێکردنەوەی موو یان خووری لە جەستەی مەڕ و بزن. وەڵام (برینگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چایخانەی: محەمەدی، سەقز، ل61

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2524**

**مەڕە کەڕەی بن گەوڕێ هەڵدەپەڕێ و دەڵەوەڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115190204445437

مەڕە کەڕەی بن گەوڕێ
هەڵدەپەڕێ و دەڵەوەڕێ
کەڕە: ناوی جۆرێک گوێچکەی مەڕە، بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی مەڕ بەکاردێ، گەوڕ: شوێنی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات.
مەڕەکەڕەی بن گەوڕێ، مەبەست لە بۆقە، هەڵدەپەڕێ و دەلەوەڕێ، مەبەست لەوەیە کە بۆق هەڵقون هەڵقون بە ڕێگەدا دەڕوات و خۆراک پەیدادەکات. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل97

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2525**
**مەڕەخارە لەشت مارە نەدەدۆشرێ نە دەفرۆشرێ**

[20221115185611445434=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221115185611445434)

مەڕەخارە، لەشت مارە
نەدەدۆشرێ نە دەفرۆشرێ
خار: زەوی زۆر سەخت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەڕەخارە لەشت مارە، مەبەست لە مێرووڵەیە کە لە زەویدا شار دروستدەکەن، ڕەنگیان ڕەش و جەستەیان باریکە، نەدەدۆشرێ و نە دەفرۆشرێ، واتە: مێرووڵە کەڵکی لێنابینرێ و ناشفرۆشرێ، کەس قازانجیان لێناکات. وەڵام (مێروو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل97

کاتی تۆمارکردن: 15-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2526**

**مەڕەمای قونێ دەخۆی یا دەرخۆنە قوزێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117173901458870

مەڕەمای قونێ دەخۆی یا دەرخۆنە قوزێ.
مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە و دووگی مەڕە، مەڕەمای قونێ، واتە: هێلکەی پەلەوەر کە مرۆڤ وەک خۆراک بەکاری دێنێت، دەرخۆنەی قوزێ، مەبەست لە دووگی مەڕە (پارچەیەک چەوری گەورەیە کە بەپاشی مەڕەوەیە و لەشی داپۆشیوە) .
وەڵام: (هێلکە و دووگی مەڕ) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل214.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2527**
**مەڵێ بۆرە چاوی کوێرە**

[20221209210710450021=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209210710450021)

مەڵێ بۆرە
چاوی کوێرە
مەبەست لە شەمشەمەکوێرەیە، (شەمشەمەکوێرە: باڵندەیەکی شەوگەڕە، لە وڵاتی کوردستاندا بوونی هەیە، تەنیا بەشەو دەگەڕێ) مەڵی بۆرە، مەبەست لە ڕەنگی جەستەی شەمشەمەکوێرەیە، چاوی کوێرە، واتە: شەمشەمەکوێرە، ڕۆژکوێرە و شەوگەڕە. وەڵام (شەمشەمەکوێرە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل61

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2528**

**مەیلێکم هەیە لە دەشتێ حەفسەد کونی لە پشتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925212314436187

مەیلێکم هەیە لە دەشتێ
حەفسەد کونی لە پشتێ
مەبەست لە ڕەشکەیە، (ڕەشکە: چنراوێکی گرێچنی گەورەیە، لە مووی بزن ژنانی کورد دەیرێسن و درووستی دەکەن، کای تێدەکرێ) حەفسەد: حەوسەد. مەبەست لە ڕەشکەی کا کێشانە کە کون کونە. وەڵام (ڕەشکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل42

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2529**
**مەیلێکم هەیە لەناو مەیلان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925205754436176

مەیلێکم هەیە لەناو مەیلان
شیری هەیە وەک بزنان
نە گوێی هەیە، نە گوان
گوێزی هەندی کە دەشکێندرێت، ئاوێکی سپی شیرینی تێدایە وەک شیر وایە. وەڵام (گوێزی هندی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل42

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2530**

**مەیلێکم هەیە لەناو مەیلان وا لە دەشت و دەران ڕەشە وەک بزنان هۆکارە بۆ کا کێشان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209180105449974

مەیلێکم هەیە لەناو مەیلان، وا لە دەشت و دەران
ڕەشە وەک بزنان، هۆکارە بۆ کا کێشان
مەبەست لە ڕەشکەیە، (ڕەشکە: چنراوێکی گرێچنی گەورەیە، لە مووی بزن ژنانی کورد دەیڕێسن و درووستی دەکەن، کای تێدەکرێ) مەیلێکم هەیە لەناو مەیلان وا لە دەشت و دەران، مەبەست لە ڕەشکەیە کە لە دەشت و دەر کای تێدەکرێ، ڕەشە وەک بزن، ڕەشکە لە مووی بزن درووستدەکرێ، ڕەنگەکەی بە بزن چووێنراوە کە هەردووکیان ڕەشن. وەڵام (ڕەشکە) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل60

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-09

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2531**

**مەیلێکم هەیە مەیلانی حەوت پیتە ئەگەر بیزانی هەڵم دەسێنێ بەیانی خودام لێناکا نیگەرانی**

[20221209210449450020=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221209210449450020)

مەیلێکم هەیە مەیلانی، حەوت پیتە ئەگەر بیزانی
هەڵم دەسێنێ بەیانی، خودام لێناکا نیگەرانی
مەبەسی لە کەڵەشێرە، مەیلێکم هەیە مەیلانی، حەوت پیتە ئەگەر بیزانی، مەبەست لە پیتەکانی وشەی کەڵەشێرە، هەڵم دەسێنێ بەیانی، مەبەست لە خوێندنی کەڵەشیرە کە بەیانیان خەڵکی خەبەردەکاتەوە، خودام لێناکا نیگەرانی، واتە: بەیانیان زوو هەڵدەسم بۆ خوداپەرستی. وەڵام (کەڵەشێر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل60

کاتی تۆمارکردن: 09-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2532**
**مەیلێکم هەیە مەیلانی، حەوت پیتە ئەگەر بیزانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925212600436189

مەیلێکم هەیە مەیلانی
حەوت پیتە ئەگەر بیزانی
هەڵم دەستێنێ لەبەیانی
خودام لێناکاتن نیگەرانی
مەبەستی لە هەستانە لەخەو بە دەنگی کەڵەشێر لەکاتی بەیانیدا. وەڵام (کەڵەشێر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل42

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2533**
**مەیلەکم هەیە لەناو مەیلان، وا لە دەشت و دەران**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925212825436190](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925212825436190)

مەیلەکم هەیە لەناو مەیلان
وا لە دەشت و دەران
ڕەشە وەک بزنان
بەکارە بۆ کاکیشان
مەبەست لە ڕەشکەیە، کە لە مووی بزن درووست دەکرێت، وەک بزن ڕەنگی ڕەشە، لە دەشتودەر کای تێدەکرێ. وەڵام (ڕەشکەی کاکێشان).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل43

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2534**

**مەیلەکم هەیە مەیلانی، لەناو بوخچەی سوڵتانی**

[20220925205959436177=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925205959436177)

مەیلەکم هەیە مەیلانی
لەناو بوخچەی سوڵتانی
خودا نەبێ کەس نازانی
مەیل: ئارەزوو، تاسە، (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) لەناو بوخچەی سوڵتانی، مەبەست لەناو سکی دایکە کە منداڵی تێدا درووستدەبیت، وەڵام (کۆرپەی سکی دایک). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل44

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2535**

**مەیلەکم هەیە مەیلانی، نەپێی هەیە نەپانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925205540436175

مەیلەکم هەیە مەیلانی
نەپێی هەیە نەپانی
بەهەموو ماڵان دەزانی
مەیل: ئارەزوو، تاسە، (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە دەستارە، بۆ هارێنی دانەوێڵە، ماڵە و ماڵ دەیبەن. وەڵام (دەستاڕ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل42

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2536**

**ناخۆشییەکە زۆر سەخت و مشکیل خۆی سەختە وەلێ ناوی وەسە گوڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927153241523602

ناخۆشییەکە زۆر سەخت و مشکیل
خۆی سەختە وەلێ ناوی وەسە گوڵ
مشکیل: کێشە. وەسە: وەک. مەبەست لە نەخۆشی گوولییە، (نەخۆشی گوولی جۆرێک نەخۆشییە پێستی جەستە دەبێتە برین و زۆر قێزەوەن دەبێت) ، ناخۆشییەکە زۆر سەخت و مشکیل، مەبەست نەخۆشی گوولییە، ناوی وەسە گوڵ، واتە: وشەی گوول لە شێوەدا لە گوڵ دەچێت. وەڵام (نەخۆشی گوولی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سنە
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل55

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2537**
**نارە لەسەر منارە، سەری ئاگرە بنی ئاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231215055158536967

نارە لەسەر منارە، سەری ئاگرە بنی ئاوە.
نار: ئاگر، منارە: ئەو بەشە بڵندەی مزگەوتە کە بانگی لێوەدەدرێت، نارە لەسەر منارە، مەبەست نێرگەلەیە کە بیچمەکەی بە منارە چووێنراوە، سەری ئاگرە، مەبەست لە پشکۆیە کە دەخرێتەسەر توتنی نێرگەلە بۆ ئەوەی بگەشێتەوە، بنی ئاوە، مەبەست لەو برە ئاوەیە کە لەبنی نێرگەلەدایە. وەڵام (نێرگەلە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فێنکی دەروون، هونەر سەباح عەبدوڵا خۆشناو، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2005، ل91.


کاتی تۆمارکردن: 2023-12-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2538**
**نازداری دیوەخانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927150322436341

نازداری دیوەخانە
چواردەوری ئاوە
ناوی تەنوورە
سەماوەر ئامێرێکی کەلەپووری ڕۆژهەڵاتییە، بۆ گەرمکردنی ئاو و لێنانی چا بەکاردێت، نازداری دیوەخان، مەبەست لە سەماوەرە، چونکە لە کوردەواردا لە دیوەخاندا دادەنرێت، چواردەوری ئاوە، پێکهاتەی سەماوەر وایە کە لوولەی ئاگردانەکەی لە ناوەڕاستدایە و ئاوەکە لە دەورییەتی. ناوی تەنوورە، واتە وەک تەنوور ئاگرەکە لەناویدایە. وەڵام (سەماوەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل57

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2539**

**ناسووتێ بە ئاگر، تەرنابێ بە ئاو بەڕۆژ لەگەڵتە، بەشەو بەجێماو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922202851522583

ناسووتێ بە ئاگر، تەرنابێ بە ئاو
بەڕۆژ لەگەڵتە، بەشەو بەجێماو
مەبەستی مەتەڵەکە سێبەرە، (سێبەر لە ئەنجامی بەرکەوتنی تیشکی خۆر لە تەنە ڕەقەکان درووست دەبێت، لە کاتی ڕۆژدا) هەروەها سێبەر سیفاتی مادیی و نامادیی تێدایە، بێگومان بە ئاگر ناسووتێت و بە ئاویش تەرنابێت، هەروەها بەڕۆژ دەردەکەوێت و بەشەو بەجێدەمێنێت و نامێنێت. وەڵام (سێبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 32

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2540**

**نام بە قنگییەوە سەرەزوورِنای رِۆمی قنگی دەقاسپێنێ وەک کەوی دۆمی**

[20221116222729445697=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221116222729445697=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

نام بە قنگییەوە سەرەزوورِنای رِۆمی
قنگی دەقاسپێنێ وەک کەوی دۆمی
زورنا: ئامێرێکی فووداری کوردییە، سەرێکی گەورەی هەیە، نام بە قنگییەوە سەرەزورنای رِۆمی، مەبەست لە سۆندەی نێرگەلەیە کە پێی دەکێشرێ، ئەو سەرەی بە نێرگەلەکەوەیە گەورەیە، قنگی دەقاسپێنێ وەک کەوی دۆمی، مەبەست لە ئاوی ناو نێرگەلەیە کە مژی لێدەدرێ، قولپە قولپ دەکات کە چووێنراوە بە قاسپەی کەو. وەڵام (نێرگەلە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل101

کاتی تۆمارکردن: 16-11-2022

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2541**

**نام لێت، قەت نابێتەوە لێت**

20230912212718520280=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

نام لێت، قەت نابێتەوە لێت.
نام لێت، واتە؛ نووساندنی شتێک بە شتێکەوە، کە زۆر بەهێز پێکەوە بلکێن و بەئاسانی لێکنەبنەوە، قەت نابێتەوە لێت، واتە: شتێک کە پێتەوە بلکێ تا کۆتایی تەمەن، مەبەستی مەتەڵەکە ناوی مرۆڤە، کە تا کۆتایی تەمەن کەسەکە هەڵگری ئەو ناوەیە، ئەمە بۆ کاڵا و کەلوپەلەکانی تریش هەر ڕاستە. وەڵام (ناوی مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل148

کاتی تۆمارکردن: 12-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2542**
**نانخۆری پڕ بەرداش**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221228102242454771](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221228102242454771)

نانخۆری پڕ بەرداش.
مەبەست لە دەم و ددانە، نانخۆر، مەبەست لە دەمە کە ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە، جگە لە قسەکردن بۆ خواردنی نان بەکاردێ، پڕ بەرداش، (بەرداش: مەبەست لە بەرداشی ئاشە کە دانەوێڵە دەهارێت) لەمەتەڵەکەدا مەبەستی لەددانە کە وەک بەرداش خواردن دەهارێ. وەڵام (دەم و ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مەهاباد، ل13

کاتی تۆمارکردن: 28-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2543**

**نانو شەویٚ ڕۆنە بڕیۆ پانزە ڕویٚ جا وریۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016211826526408

نانو شەویٚ ڕۆنە بڕیۆ
پانزە ڕویٚ جا وریۆ
وەڵام (مانگ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل50

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2544**
**نانەخۆرەی پێنج ئەنگوست**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116224741445705

نانەخۆرەی پێنج ئەنگوست.
ئەنگوست: مەبەست لە قامک یان پەنجەیە، نانەخۆر: بۆ کەسێک بەکاردێت کە بەردەوام لە ژەمە خۆراکییەکانی ژیانیدا بەردەوام نان بخوات، پێنج ئەنگوست: مەبەست لە پێنج پەنجەی مرۆڤە، واتە: مرۆڤ بەردەوام لە ژەمەکاندا بە پەنجەکانی دەستی نان دەخوات. وەڵام (پەنجەی مرۆڤ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل101
کاتی تۆمارکردن: 16-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2545**

**ناو خۆشی پێست تاڵ**

[20230915211519520777=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1]

ناو خۆشی
پێست تاڵ
مەتەڵەکە مەبەستی لە میوەی پرتەقاڵە، ناو خۆش، مەبەستی لە خودی میوەی پرتەقاڵە کە تامی خۆشە، پێست تاڵ، مەبەستی لە توێکڵی میوەی پرتەقاڵە، چونکە توێکڵی پرتەقاڵ تامی ناخۆشە و بۆ خواردن بەکەڵک نایەت، جۆرێک لە تفتی و تاڵی تێدایە. وەڵام (پرتەقاڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل13

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2546**

**ناوی ئاسنە و دەری گۆشتە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116225936445708](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116225936445708)

ناوی ئاسنە و دەری گۆشتە.
کەباب یەکێکە لەو خواردنانەی لە کوردستان خواستی زۆر لەسەرە، ناوی ئاسنە، مەبەست لە شیشی کەبابە، دەری گۆشتە، مەبەست لە خودی کەبابەکەیە. پەندەکە مەبەست لە شیشی کەبابە بە کەبابەوە. وەڵام (شیشە کەباب) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل101

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2547**

**ناوی چوارە دەوری دارە خڕە بچووکتر لە هەنارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927082652523564

ناوی چوارە
دەوری دارە
خڕە بچووکتر لە هەنارە
مەبەست لە گوێزە، (گوێز بەری دارگوێزە و لە ناوچە چیاییەکانی کوردستان دەڕوێت) ، ناوی چوارە، مەبەست لە گوێزە، گەر کاڵەکەی لە توێکڵ دەربهێنرێت چوار کەرتە، دەوری دارە، مەبەست لە توێکڵی گوێزە، هەروەها قەبارەی لە هەنار بچووکترە.
وەڵام (گوێز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل46


کاتی تۆمارکردن: 2023-09-27
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2548**

**ناوی خواردنێکە لە هەر سەرێکەوە بیخوێنیتەوە وەک یەکە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116225300445706](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116225300445706)

ناوی خواردنێکە لە هەر سەرێکەوە بیخوێنیتەوە وەک یەکە.
وشە لە هەموو زامانێکدا لە سەرێکەوە دەخوێنرێتەوە، لای ڕاست یان لای چەپ یان چینییەکان بە ستوونی دەیخوێننەوە، مەبەستی مەتەڵەکە وشەی (نان) ە، لە ڕاستەوە بۆ چەپ یان لە چەپەوە بۆ ڕاست وەک یەک دەخوێنرێتەوە و واتاکەی تێکناچێ. وەڵام (نان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل101

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2549**
**ناوی دەشتە و دەشتی مووە قۆڵبەستراوە و دەستی دووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104163736456464

ناوی دەشتە و دەشتی مووە
قۆڵبەستراوە و دەستی دووە
مەبەست لە مەشکەیە، (مەشکە ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە پێستی ئاژەڵ درووستدەکرێ، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێ) ناوی دەشتە و دەشتی مووە، واتە: مەشکە پێستەکەی بۆ ناوەوەیە و مووەکەی بۆ دەرەوەیە، قۆڵبەستراوە، واتە: مەشکە هەر چوارپەلی دەبەسترێ و هەڵدەواسرێ، بەتایبەت لەکاتی مەشکەژەنیندا، دەستی دووە، واتە: جاری یەکەم پێسکەتە بە لەشی ئاژەڵەکەوەبووە، جاری دووەم کراوە بە مەشکە. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل167.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2550**
**ناوی سپییە، پێستی سەوزە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912212940520281

ناوی سپییە، پێستی سەوزە.
مەبەست لە میوەی خەیارە، مەتەڵساز سەرەتا وەسفی بەشی ناوەوەی میوەی خەیار دەکات، پاشان دیوی دەرەوەی، بۆ ئەوەی ئاراستەی بیرکردنەوەی گوێگر بەلارێدا بەرێت، ناوی سپییە، مەبەست لە پێکهاتەی خەیارە، پێستی سەوزە، مەبەست لە توێکڵی خەیارە. وەڵام (خەیار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل13

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2551**

**ناوی شارێکە لەسەر دارێکە**

[20230915211751520778=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1]

ناوی شارێکە
لەسەر دارێکە
مەبەست لە کوورەی هەنگە، هەنگ زیندەوەرێکی باڵداری بچووکە هەنگوین درووستدەکات، یان لە کوون و کەلەبەری شاخ و کلۆری دار، یان لەسەر داری بەرز کوورە و شار درووستدەکات، بۆ ئەوەی هەنگوینی تێدا کۆبکاتەوە، ناوی شارێکە، مەبەست لە کوورەی هەنگە، لەسەر دارێکە، مەبەست لە شوێنەکەیەتی. وەڵام (کوورەی هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل13


کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2552**
**ناوی مەتەڵ سێ پیتە، گوێی قوتە و چاوی زیتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220907122458432714

ناوی مەتەڵ سێ پیتە
گوێی قوتە و چاوی زیتە
بەهەستە و زۆر وریایە
هەمیشە لە کونایە
ئەم گیاندارە وردیلە
دەترسێ لە پشیلە
جونکە بیگرێ زووبەزوو
قوتی دەدا وەک پاروو
هەڵیبێنێ هەر کەسێ
ئازایە لێی ناترسێ

مشک مەبەستی مەتەڵەکەیە کە دوو گوێی قوت و دوو چاوی زیتی هەیە، زۆر وریایە بەڵام لە پشیلە دەترسێت. وەڵام (مشک)[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل22

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2553**
**ناوی مەشکە و دەشتێ ئاوە**

20221116225635445707=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ناوی مەشکە و دەشتێ ئاوە.
ناوی مەشکە، مەبەست لە مەشکەیە، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ و گرتنی کەرە بەکاردێت) دەشتێ ئاوە، مەبەست لە دۆی ناو مەشکەیە کە لە ئەنجامی ژەنینی ئاو و ماستی ناو مەشکە درووست دەبێت و کەرەی لێجیادەبێتەوە. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل101
کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2554**

**ناڵەلەتەی پەنا دیوار درووستدەبێ ڕۆژی هەزار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231213212915536600

ناڵەلەتەی پەنا دیوار
درووستدەبێ ڕۆژی هەزار
ناڵ: ئاسنێکی چەماوەی تەختە دەدرێت لەژێر پێی وڵاخ. ناڵەلەتە، مەبەست لە گوێچکەی مرۆڤە کە لە مەتەڵەکەدا بە ناڵی وڵاخ چووێنراوە، چونکە هەدووکیان نیوە چەماوەن، درووستدەبێ ڕۆژی هەزار، مەبەست لەوەیە کە گوێچکە ڕۆژانە هەزاران وشە دەبیستێت، وەڵام (گوێچکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی پێشینان، مەتەڵی کوردەواری، ع.ع.شەونم، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی، 1989، ل12.

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2555**

**نایچێنی شین دەبێ، دەیبڕیەوە بە کەڵکی هیچ نایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811214957427951



نایچێنی شین دەبێ، دەیبڕیەوە بە کەڵکی هیچ نایە.
نایچێنی شین دەبێت بۆ سەرلێتێکدانی گوێگر هاتووە چونکە هەر شتێک بچێنرێت سەوز دەبێت، لە مەتەڵەکەدا واتە: مووی سەر، بە شێوەیەکی سرووشتی دەڕوێ، دەیبڕیەوە بە کەڵکی هیچ نایە واتە: کاتێک درێژ دەبێت و مووەکە دەبڕدرێ و فڕێ دەدرێ، هیچ بەهای نییە و کەڵکی لێنابینرێت. وەڵام (مووی سەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2556**

**نخونی کەیەوە پڕە ڕووی لە ئاسمانکەی بەتاڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104164127456466

نخونی کەیەوە پڕە
ڕووی لە ئاسمانکەی بەتاڵە
مەبەست لە کڵاوە، (کڵاو: بەرگێکی کەلەپووریی کوردییە، ژنان لەگەڵ سەروبەست و پیاوانیش لەگەڵ مشکی و شەدەدا دەیکەنە سەریان) نخونی کەیەوە پڕە، مەبەست لە کڵاوە گەر بکرێتەسەر، سەر کڵاوەکە پڕ دەکات، ڕووی لە ئاسمانکەی بەتاڵە، مەبەست لەکاتی داکەندنی کڵاوە. وەڵام (کڵاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل142.

کاتی تۆمارکردن: 04-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2557**

**نووولەهۆوزی نووولەهۆوزی نوولەی برایمە بۆزی نوولە لە بەرتاوی خۆیان دەدۆزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227083706454391

نوولەهۆوزی نوولەهۆوزی
نوولەی برایمە بۆزی
نوولە لە بەرتاوی خۆیان دەدۆزی
مەبەست لە رەوە کۆترە، نوولە هۆوزی نوولە هۆوزی، (هۆوز: هەوز یان حەوز. نوولە: مەبەست لە کۆترە. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە جێگەیەکی نزیک لە حەوزی ئاوە، نوولەی برایمە بۆزی، (بۆز: ڕەنگێکە تایبەتە بە کەر) واتە: کۆترەکانی برایمە بۆز، نوولە لەبەر هەتاوی خۆیان دەدۆزی، واتە: کۆترەکان لە نزیک حەوز و ئاوێک خۆیان خستبووە بەرهەتاو. وەڵام (کۆتر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل21

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-27

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2558**
**نووکی تیژە، دڕک نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915225316434212

نووکی تیژە، دڕک نییە
چاوی هەیە، مرۆڤ نییە
لەبەر بچووکی و باریکیی
نابینرێ لە تاریکیی
لە کانزا دروست کراوە
ئەم پێنج پیتە، هاوڕێی داوە
بینیومانە هەر هەموومان
بەکاری دێنین بۆ دروومان
مەبەستی مەتەڵەکە دەرزیی دروومانە کە لە کانزا درووستکراوە، قەبارەی بچووکە و لە شوێنی تاریکدا نابینرێت. وەڵام (دەرزی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل50

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2559**
**نۆ پیتە ناوی گیاندارە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220916192611434362](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220916192611434362)

نۆ پیتە ناوی گیاندارە
سپییە وەک بەرخ، ڕەشە وەک کارە
لەناو ماڵ و بەرهەیوانە
دروستی دەکا هێلانە
مەلێکە دێ لە بەهارە
پایز کۆچدەکا دووبارە
پیتی پێنج و شەشی وردیی
ژمارەیەکە بە کوردی
پیتی هەشت و نۆ لەگەڵ سێ
یەکێکە کە هیچ نەبیستێ
پتی سێ و شەش بنووسە تۆ
بەسەر ئەو جێیەدا برۆ
ناوی مەتەڵمان کام مەلە
دە هەڵیبێنە بەپەلە
وەڵام (پەرەسێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ مناڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2560**

**نۆ مانگ لە حەپسخانە و ساڵ و نیوێک سواڵکەرە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104162535456461](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104162535456461)

نۆ مانگ لە حەپسخانە و ساڵ و نیوێک سواڵکەرە.
مەبەست لە منداڵی سکی دایک و منداڵی بەرمەمکانەیە، نۆ مانگ لە حەپسخانە، (حەپسخانە: زیندان) واتە: منداڵی سکی دایک کە دوای نۆ مانگ لەدایکدەبێت، ساڵ و نیوێک سواڵکەرە، مەبەست لە منداڵی شیرەخۆرەیە کە ساڵ و نیوێک دەبێت شیر و خۆراکی بدرێتێ، لە مەتەڵەکەدا بە سواڵکەر چووێنراوە. وەڵام (منداڵی سکی دایک و منداڵی بەرمەمکانە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل136.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2561**

**نۆ مانگ لە زەوی، سێ مانگ لەدەرە، هەوەڵ بۆ ئادەم، دووەم بۆ کەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220824121526430042

نۆ مانگ لە زەوی، سێ مانگ لەدەرە
هەوەڵ بۆ ئادەم، دووەم بۆ کەرە
نۆ مانگ لە زەوی، مەبەست لە تۆو یان ڕەگی کنگرە کە لەناو زەویدا دەمێنێتەوە، سێ مانگ لەدەرە، مەبەست لە پرۆسەی ڕووانی کنگرە کە لە زەوی دێتەدەر، هەوەڵ بۆ ئادەم، دووەم بۆ کەرە واتە: یەکەم جار مرۆڤ دەیدۆزێتەوە و دەیخوات، پاشماوەکەشی دواتر کەر دەیخوات. وەڵام (کنگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل23

کاتی تۆمارکردن: 24-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2562**

**نۆ مانگ و زەمین سێ مانگ وەدەرە ئەوەڵ هین ئادەم ئەمجاین کەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016082307526314

نۆ مانگ و زەمین سێ مانگ وەدەرە
ئەوەڵ هین ئادەم ئەمجاین کەرە
وەڵام: (کنگر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل40

کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2563**

**نۆکم چاند، نۆکی پێوەبوو نۆبەنەی گێزەری لێدەرچوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912212349520279

نۆکم چاند، نۆکی پێوەبوو
نۆبەنەی گێزەری لێدەرچوو
نۆک: جۆرک دانەوێڵەیە لە کوردستان جووتیاران ساڵانە بەرهەمی دێنن، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە دەنگی گەنمەشامییە، کە لە ڕەنگ و شێوەدا لە نۆک دەچێت، نۆبەرەی گێزەری لێدەرچوو، واتە: کاتێک جووتیار دەنکی گەنمەشامی دەچێنێت دوای پێگەشتن برکە کەمنەشامییەکە ڕەنگی زەردە و لە مەتەڵەکەدا بە گێزەر چووێنراوە. وەڵام (گەنمەشامی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل149

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2564**

**نی یەش وێ زیمی فێریویە گیریش وی باڵۆش گێریویە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013192639526021

نی یەش وێ زیمی فێریویە
گیریش وی باڵۆش گێریویە
وەڵام (زەنجیر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لوڕی ڕەسەن |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل27

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2565**
**نێوی چوارە دەوری دارە بچووکتر لە هەنارە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116222434445695](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116222434445695)

نێوی چوارە
دەوری دارە
بچووکتر لە هەنارە
مەبەست لە گوێزە، نێوی چوارە، واتە: کاکڵەی گوێز کە لەناو گوێزدایە لە چواربەش پێکدێ، دەوری دارە، مەبەست لە توێکڵی گوێزە کە دەوری کاکڵەی داوە، بچووکتر لە هەنارە، مەبەست لە قەبارەی گوێزە کە لە هەنار زۆر بچووکترە. وەڵام (گوێز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل102

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2566**

**نە ئاشە نە باراشە دەنک دەنکی خاشە بیخۆی و نەیخۆی ماشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210114055450073

نە ئاشە نە باراشە
دەنک دەنکی خاشە
بیخۆی و نەیخۆی ماشە
مەبەست لە ماشە، (ماش: جۆرێک دانەوێڵەیە، لەناو کەلوویەکدایە، ڕەنگی سەوز یان ڕەشە، دەنکی خڕ و بچووکە) نە ئاشە نە باراشە، واتە: ماش جۆرە دانەوێڵەیەکە کە پێویستی بە ئاش نییە بۆ هاڕین، بۆیە وەک باراش نابرێ بۆ ئاش. دەنک دەنکی خاشە، (خاش: پرووپووش. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: دەنکی ماش لەناو کەلووەکەدا کە دەتەکێندرێ، پووش و پەڵاشی لەگەڵ تێکەڵ دەبێت، بۆیە بیخۆی یان نەیخۆی هەر ماشە. وەڵام (ماش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل64

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2567**
**نە ئاشە، نە باراشە**

20220925205306436174=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

نە ئاشە، نە باراشە
دەنک دەنکی خاشە
بیخۆیی و نەیخۆی ماشە
ئەگەر بیزانی باشە
وەڵام (ماش). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل47

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2568**

**نە بازە نە قازە بولبولی خۆش ئاوازە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210115039450076](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210115039450076)

نە بازە نە قازە
بولبولی خۆش ئاوازە
مەبەست لە ئامێری (تار) ە، (تار: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە مەراسیمە ئایینییەکان یان لە بۆنە و خۆشییەکاندا دەژەنرێ) نە بازە، نە قازە، واتە: تار وەک باز دەنگی بەرز دەڕوا، هەروەها وەکوو قازیش دەنگی گەورەیە، لەگەڵ ئەوەدا دەنگی ناسک و خۆشە وەک بولبول. وەڵام (تار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل64

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2569**

**نە پێی هەیە نە دەست چاڵ ئەکەنێ بەهەوەس**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915212012520779](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915212012520779)

نە پێی هەیە نە دەست
چاڵ ئەکەنێ بەهەوەس
ئەکەنێ: هەڵدەکەنێ بۆ کۆڵینی زەوی بەکاردێت. مەبەست لە پاچە، (پاچ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، دەمێکی دوو سەری ئاسنی تیژی هەیە، لەگەڵ کلکێکی دار، بۆ هەڵکەندنی زەوی بەکاردێت) نە پێی هەیە نە دەست، مەبەست لە پاچە، کە بۆ چاڵکردنی خاک بەکاردێت. وەڵام (پاچ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل13

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2570**

**نە دارە نە دیوارە تەونێک دەچنێ بێ پارە دەست ڕەنگینی تیادیارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116222017445693

نە دارە نە دیوارە
تەونێک دەچنێ بێ پارە
دەست ڕەنگینی تیادیارە

نە دارە نە دیوارە، مەبەست لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەیە، بە لیک درووستی دەکات بۆ ئەوەی نێچیری دەستبکەوێ، تەونێک دەچنێ بێ پارە، (تەون: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ چنینی فەرش بەکاردێ) مەبەست لە چنینی تۆڕە کە نێچیری پێدەگرێ، دەست ڕەنگینی تێدا دیارە، واتە: بەشێوەیەکی ئەندازەیی تەواو ڕێکوپێک دەیچنێ. وەڵام (جاڵجاڵۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل103

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2571**
**نە دارە و نە دیوارە، دانە دانەکەی یەک هەزارە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806054800426748



نە دارە و نە دیوارە، دانە دانەکەی یەک هەزارە
چیغ لە قامیش دروووست دەکرێ ، وەک دیوار بۆ جیاکردنەوەی شوێنێ لە شوێنێکی تر بەکاردێ ، دانە دانەکەی یەک هەزارە: مەبەست لەو قامیشانەیە کە دانە دانە دەخرێنە پاڵ یەک، بە بەن توند دەبەسترێن، لەکاتی درووستکردنی چیغدا، وەڵام چیغ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2572**

**نە دارە، نە دیوارە پێچ پێچی سەد هەزارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925203900436166

نە دارە، نە دیوارە
پێچ پێچی سەد هەزارە
مەبەستی مەتەڵەکە ڕووبار یان چەمە، کە بەنێوانی چیا و دۆڵەکاندا پێچاوپێچ دەڕوات. واتە: ڕووبار دار و دیوار نییە، بەڵکوو مەتەڵساز بۆ سەرلێتێکدانی گوێگر باسی کردووە. وەڵام (ڕووبار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل47

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-25
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2573**
**نە دارە، نە دیوارە، بەنی هەوسارە**

[20220925204653436171=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925204653436171)

نە دارە، نە دیوارە
بەنی هەوسارە.
مەبەست لە چیغە، شێوەی دروستکردنی وایە کە قامیشی وشک یەک لە پاڵی یەک دادەنرێت، پاشان بە بەن توونددەبەسترێن بە یەکەوە، وەک دیوار بۆ جیاکردنەوەی دوو لا بەکاردێت، لە مەتەڵەکەدا بەنی بە هەوسار چواندووە، بەن قامیشەکان دەگرێت، هەوساریش وڵاخ دەگرێت. وەڵام (چیغ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل48

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2574**
**نە دەستی هەیە نە پا دەچێتە دیوەخان قسەی دەخوا**

2022121011542345007‎8=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

نە دەستی هەیە نە پا
دەچێتە دیوەخان قسەی دەخوا
مەبەست لە پارە و پوولە، نە دەستی هەیە نە پا، واتە: پارە دەست و قاچی نییە بەڵام بەرانبەر بە کاڵاکان بەهای هەیە، دەچێتە دیوەخان قسەی دەخوا، لەبەر ئەوەی پارە بەهای شتەکان دیاریدەکات، کەواتە لە هەموو کۆڕوکۆبوونەوەیەکدا لە بازاڕ و دیوەخان بە پارە سەودادەکرێ. وەڵام (پارە و پوول) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل63

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2575**

**نە دەمی هەیە نە ددان فیکە لێدەدا وەکوو شوان**

[20221116222954445698=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116222954445698)

نە دەمی هەیە نە ددان
فیکە لێدەدا وەکوو شوان
نە دەمی هەیە نە ددان، مەبەست لە ڕەشەبایە کە دەم و ددانی نییە، فیکە لێدەدا وەکوو شوان، مەبەست لە لوورە لووری ڕەشەبایە کە لە وەرزە ساردەکاندا درووست دەبێت، وەکوو چۆن شوان بۆ کۆکردنەوەی مەڕ و ماڵاتەکەی فیکە لێدەدات، وەڵام (لوورەی ڕەشەبا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل102

کاتی تۆمارکردن: 16-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2576**
**نە ژنە و نە بێوەژنە و مەردە یەکجار بە دەست و بردە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210121649450083

نە ژنە و نە بێوەژنە و مەردە
یەکجار بە دەست و بردە
مەبەست لە کچە، نە ژنە نە بێوەژنە و مەردە، واتە: کچێکی پێگەشتوو لە هۆش و جەستەدا، نە ژنە شووی کردبێت و نە بێوەژنیشە جیابووبێتەوە، یەکجار بە دەست و بردە، واتە: لە کاری ماڵدا زۆر کردەیە و کار لە دەستیا ڕاناوەستێ هەمووی ڕادەپەڕێنێ. وەڵام (کچ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل63
کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2577**
**نە شیرە نە شەکرە، بەبێ هەوێن دەمەیەت**
20220811220837427959=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



نە شیرە نە شەکرە، بەبێ هەوێن دەمەیەت.
کۆچەرپی و گوندشینانی کورد شیر وەکوو خۆراکێکی سەرەکی رۆژانە بەکاردێنن، شەکریش بۆ شیرینکردنی تامەکەی بەکاردێنن، شیری کوڵاو، بەبێ هەوێن نابێتە ماست، تووندنابێتەوە و نامەیەت بەڵام لە مەتەڵەکەدا، مەبەست لە سەهۆڵە کە بەبێ هەوێن لە دۆخی شلییەوە (ئاو) دەچێتە دۆخی رەق (سەهۆڵ) . وەڵام (سەهۆڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2578**

**نە شەپیتەی هەیە نە بەنێ جۆڵا نییە کەچی دەتەنێ**

[20221210122230450086=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210122230450086)

نە شەپیتەی هەیە نە بەنێ
جۆڵا نییە کەچی دەتەنێ
مەبەست لە جاڵجاڵۆکەیە کە داو دەچنێ، نە شەپیتەی هەیە نە بەنێ، (شەپیتە: ئامێرێکی جۆڵاییە، چنراوی پێ سفت دەکرێت فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: جاڵجاڵۆکە کاتێک داو دەچنێ زۆر سفت و رێک دەردەچێ، بێ ئەوەی بەن یان ئامێری جۆڵایی لابێت، کەچی وەک جۆلا دەتەنێ. وەڵام (جاڵجاڵۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل63

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2579**
**نە گەنمە نە جۆیە وردە زەردەی پێ بۆیە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210122818450089

نە گەنمە نە جۆیە
وردە زەردەی پێ بۆیە
مەبەست لە هەرزنە، (هەرزن: جۆرە دانەوێڵەیەکە ساڵانە لە کوردستان دەکرێ، لە کۆندا وەک خۆراکی سەرەکی و لە ئێستاشدا دەدرێ بە باڵندە) نە گەنمە نە جۆیە، مەبەست لە دانەویلەی هەرزنە کە وەک گەنم و جۆ جوتیاران دەیکەن، وردە زەردەی بۆ تۆیە، واتە: هەرزن بۆ تۆیە. وەڵام (هەرزن). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل63
کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2580**

**نە لە ئادەمییە نە لە جنییە قاسیدا بەینی خەڵکییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104164941456468](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104164941456468)

نە لە ئادەمییە
نە لە جنییە
قاسیدا بەینی خەڵکییە

مەبەست لە پەپوسلێمانەی سلێمان و خاتوو بەڵقیسە، (لە ئەفسانەی ئایینەکانەوە ئەم مەتەڵە وەرگیراوە کە گوایە سلێمان پەیامبەر باڵندەی پەپوسلێمانەی هەبووە، پەیامەکانی نێوان خۆی و خاتوو بەڵقیسی گواستۆتەوە) نە لە ئادەمییە نە لە جنییە، واتە: پەپوسلێمانی نە مرۆڤە و نە جنە، قاسیدی بەینی خەڵکییە، (قاسید: نامەبەری نێوان دوو کەس) . وەڵام (پەپوسلێمانەی سلێمان و خاتوو بەڵقیس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل108.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2581**

**نە لە عەردی نە لە ئاسمانی دەخوا ڕوحی ئینسانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210114713450075

نە لە عەردی
نە لە ئاسمانی
دەخوا ڕوحی ئینسانی

مەبەستی مەتەڵەکە خەم و خەفەتە، (عەرد: مەبەست لە زەوی) نە لە عەردی نە لە ئاسمانی، واتە: خەم و خەفەت کاتێک ڕوو لە مرۆڤ دەکات، کەس نازانێت لە کوێوە دێت، نە لە زەوییەوە نە لە ئاسمانەوە نایەت بەڵکوو لە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیدادەبێت و ناخی مرۆڤ دەخوا. وەڵام (خەم و خەفەت). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل63

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2582**

**نە لەسەر زەوییە، نە لە ئاسمانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925204125436167

نە لەسەر زەوییە، نە لە ئاسمانە
نە لەسەر زێیە، نە لەبن زێیە
دەخوا و دەخواتەوە لەم ژیانە
زێ: چەم یان ڕووبار. مەبەستی مەتەڵەکە کۆرپەلەی سکی دایکە، کە لەناو سکی دایکیایەتی، واتە: نەلەسەر زەوییە و نەلە ئاسمانە. وەڵام (کۆرپەی سکی دایک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل47

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2583**

**نە مریشکە نە باڕۆکە بەسەری خۆیداداوە چارۆکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116223908445702

نە مریشکە نە باڕۆکە
بەسەری خۆیداداوە چارۆکە
باڕۆکە: بە مریشکێک دەوترێ کە تەمەنی ساڵێکی تەواونەکردبێت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) نە مریشکە نەباڕۆکە، مەبەست لە هێلکەی مریشکە، بەسەری خۆیداداوە چارۆکە، چارۆکە: لەچک، واتە: هێلکە بە توێکڵێکی کلسیی دەورە دراوە، لە مەتەڵەکەدا بە چارۆکە چووێنراوە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل101

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2584**

## نە ملی هەیە نە باڵ کە مردیش گۆشتی حەڵاڵ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116224501445704

نە ملی هەیە نە باڵ
کە مردیش گۆشتی حەڵاڵ
نە ملی هەیە نە باڵ، مەبەست لە ماسییە کە ملی نییە هەروەها باڵیشی بۆ فڕین نییە، بەڵکوو پەرەکەی بۆ مەلەکردن هەیە. کە مردیش گۆشتی حەڵاڵ، هەموو ئاژەڵێکی مردارەوەبوو، گۆشتی ناخورێ تەنیا ماسی نیبێت کە لە ئاو دەردێ، دەمرێ و گۆشتی دەخورێ. وەڵام (ماسی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل101

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2585**

**نە مەمکی هەیە نە گوان شیر دەدا بە هەمزە پاڵەوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116224222445703

نە مەمکی هەیە نە گوان
شیر دەدا بە هەمزە پاڵەوان
مەمک بە جەستەی ئافرەت و گوان بە جەستەی مەڕەوەیە، نە مەمکی هەیە نە گوان: مەبەست لە هەنگە کە هیچ کام لە مەمک و گوانی نییە، شیر دەدا بە هەمزە پاڵەوان، واتە: چۆن دایک شیر بە منداڵەکەی دەدات یان مەڕ شیر بە بێچووەکەی دەدات، هەنگیش هەنگوین دەدات، ئەوکەسەی بتوانێت هەگوین بخوات، وەک هەمزە دەبێتە پاڵەوان. وەڵام (هەنگ، مێش هەمگوینە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل102

کاتی تۆمارکردن: 16-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2586**

**نە نێرە و نە مێیە، کاری بەجێیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116230141445709

نە نێرە و نە مێیە، کاری بەجێیە.
هەموو خێزانێک منداڵەکانیان یان کوڕ یان کچ دەردەچن، بەڵام لە ڕووی بایەلۆجییەوە هەندێک جار لادان درووستدەبێت، ئەو منداڵەی دەبێت، هەم کوڕە و هەم کچیشە. مەبەست لە کەسی نێرەمووکە. وەڵام (نێرەمووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل101

کاتی تۆمارکردن: 16-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2587**

**نە کەرە نە ئێسترە باری لە لەشی قورسترە**

20221210122501450087=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

نە کەرە نە ئێسترە
باری لە لەشی قورسترە
مەبەست لە مێرووله‌یە، نە کەرە نە ئێسترە، لە کوردەواردا وڵاخە چوارپێکان بەتایبەت کەر و ئێستر وەک باربەر بەکارهاتووەن، مەتەڵەکە مەبەستی لە مێرووله‌یە کە دانەوێڵە و خۆراک وەک باربەر بۆ شارەکەی دەگوێزێتەوە، باری لە لەشی قورسترە، واتە: توانای هەڵگرتنی شتی لە خۆی قورستر هەیە. وەڵام (مێرووله) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل64

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2588**
**نە کەشکە و نەمشکە گەر نەیزانی بیگری گەشکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116223245445699

نە کەشکە و نەمشکە
گەر نەیزانی بیگری گەشکە
کەشک: شیری بە تەڕی گوشراوی وشککراوەیە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، گەشکە: بوورانەوە، دەردەکۆپان (فەرهەنگی خاڵ) نە کەشکە و نە مشکە، مەبەست لە هێلکە شەیتانۆکەیە کە بەقەدەر کەشکێک یان مشکێک دەبێت، مەتەڵساز بە کەسی بەرانبەری دەڵێت: گەر نەیزانی تووشی گەشکە بی، چونکە مەتەڵەکە زۆر ئاسانە. وەڵام (هێلکە شەیتانۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل101

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2589**

**نە کەندە و نە لەندە کەند و لەندە بە کەندی دەڵێ لەندە بزانە چییە و چەندە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221116223620445700

نە کەندە و نە لەندە، کەند و لەندە
بە کەندی دەڵێ لەندە، بزانە چییە و چەندە
کەند: قوڵگە، ئاودڕ، لەند: دەشتایی کەمێک بەرز (فەرهەنگی خاڵ) نە کەندە و نە لەندە، مەبەست لە گوێچکە و دەموچاوی مرۆڤە، چونکە گوێچکە چاڵە وەکوو کەند، هەروەها دەموچاویش کەمێک بەرزە وەکوو لەند، مەتەڵساز بە گوێگر دەڵێت: چییە و چەندە؟ وەڵام (گوێ و دەموچاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێر (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل103

کاتی تۆمارکردن: 16-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2590**
**نە کەندە، نە لەندە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925205116436173

نە کەندە، نە لەندە
کەند و لەندە
بەکەندێوە بەندە
بزانە چییە و چەندە؟
وەڵام (دەم و زمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل48

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2591**

**نە کەندە، نە لەندە کەند و لەندە بەکەندێوە بەندە بزانە چییە و چەندە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723171249509152

نە کەندە، نە لەندە کەند و لەندە
بەکەندێوە بەندە بزانە چییە و چەندە
کەند: جێگەی قوڵ یان ئاودڕ، لەند: بە بەرزاییەک دەوترێت کە ئەملاو ئەولاکەی ئاو گرتبێتییەوە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە دەم و زمانە، دەم و زمان دوو ئەندامی جەستەی مرۆڤە، جگە لە قسەکردن بۆ خواردنی نان بەکاردێ. لە مەتەڵەکەدا دەم بە کەند و زمان بە لەند چوونێراون. وەڵام (دەم و زمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل48

کاتی تۆمارکردن: 23-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2592**
**نەئەبڕێ نەئەڕەوێ نەئەزێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920200500522079](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920200500522079)

نەئەبڕێ
نەئەڕەوێ
نەئەزێ
ئەزێ: بۆ ئاژەڵێک بەکاردێت کە بەچکەی ببێت. مەتەڵەکە مەبەستی لە ڕێگەیە، (ڕێگە: لە تێروانینی مرۆڤدا بەو شوێنە دەوترێت کە پێیدا دەڕوات) واتە هەر جێگەیە بۆ ڕۆیشتن گونجاوبێت، پێی دەوترێت ڕێگە، نە ئەبڕێ، نەئەڕەوێ، نەئەزێ، مەبەست لە ڕێگەیە. وەڵام (ڕێگە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل26

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2593**

**نەباڵی هەیە نەبا هەڵئەفڕێ بەرەو سەما**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920200652522080

نەباڵی هەیە نەبا
هەڵئەفڕێ بەرەو سەما
بەپێی دنیابینی مرۆڤ، ئەو شتەی کە پێویستە بفڕێت، یان دەبێت باڵی هەبێت بۆ فڕین، یان کێشی سووکە و بای بەهێز بۆ ئاسمان بەرزی دەکاتەوە. سەما: مەبەست لە ئاسمانە. نەباڵی هەیە نەبا، مەبەستی لە هەڵمە کە باڵی نییە و لەبەر کەمی کێشی بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە. وەڵام (هەڵم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل24

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2594**
**نەبایە نەبارانە، چک چک لە دارانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822211918429741



نەبایە نەبارانە
چک چک لە دارانە
مەبەستی مەتەڵەکە کوندەڵانە، (کوندەڵان: جێگەیەکی نسرمە هاوینان کوندەی پڕ لە ئاوی لێدادەنرێت، بۆ ئەوەی سارد بێت فەرهەنگی خاڵ) نەبایە نەباران واتە: کەش ئارامە و دنیا با و بارانی نییە، چک چک لە دارانە واتە: دڵۆپەی ئاوی کوندە دەدا لە دارەکانی کوندەڵان و فێنکی دەکات. وەڵام (کوندەڵان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل24

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2595**

**نەبەفرە نەباران لە دێش هەیە و لە شاران زۆرتر وەرزی بەهاران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915211253520776

نەبەفرە نەباران
لە دێش هەیە و لە شاران
زۆرتر وەرزی بەهاران
مەتەڵەکە مەبەست لە تەرزەیە، نەبەفرە نەباران، واتە: تەرزە وەک بەفر و باران لە ئاسمانەوە دادەبارێت و جیاوازە لەوان، لە دێش هەیە و لە شاران، واتە: تەرزە لە هەموو جێگەیەکی کوێستانیی وڵاتی کوردەواردا دادەبارێت، بەتایبەت لە وەرزی بەهاراندا. وەڵام (تەرزە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل9

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2596**

**نەپیی هەیە نەباڵ دەچێتە هەموو ماڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003200411524529

نەپیی هەیە نەباڵێ
دەچێتە هەموو ماڵێ
مەبەست لە دەستارە، (دەستاڕ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، دوو بەردی بازنەیی تەختە، بۆ هاڕینی دانەوێلە بەکاردێت) ، نەپێی هەیە نەباڵێ، واتە: دەستاڕ، دەچێتە هەموو ماڵێ، واتە: هەموو ماڵێک لەکاتی هاڕینی دانەوێڵەدا لەیەکی وەردەگرن، دەستاڕ بۆ هەموو ماڵەکان دەبرێت. وەڵام (دەستاڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سنە
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل57

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2597**
**نەچاندی لە نەزای بکەی نەزای لە نەنووستی بدەی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108191837457310](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108191837457310)

نەچاندی لە نەزای بکەی
نەزای لە نەنووستی بدەی
مەبەستی مەتەڵەکە لە دوو شتی جیاوازە کە خوێ و ئێسترە، نەچاندی، مەبەست لە خوێیە کە ناچێندرێ بەڵکوو لە رێگەر ئاوەوە دەستدەکەوێ، نەزای، مەبەست لە ئێسترە کە لە جووتبوونی کەر و ماینەوە بەرهەمدێ و بۆخۆشی توانای زاینی نییە، نەزای لە نەنووستی بدە، (نەنووستی: مەبەست لە رووبارە) واتە: ئێستر لە رووبار بدە و بیپەڕێنەرەوە. وەڵام (خوێ و هێستر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل174.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2598**

**نەدار و بەردە، نەگیاندارە**

[20220915220112434192=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?q=20220915220112434192&lng=1)

نەدار و بەردە، نەگیاندارە
نەدەشخورێ چونکە شارە
ژێر زەوییەکەی دەریای نەوتە
ناوی سێ (کاف) ی تێکەوتە
بەناوبانگە لە گشت جیهان
وا لە باشوری کوردستان
دوژمن چاوی تێبڕیوە
چونکە خاکی زێڕ و زیوە
کام شارە وا پڕ سامانە
ها لەژێر دەستی بێگانە
مەبەستی مەتەڵەکە شاری (کەرکووک) ە، کە سێ جار پیتی (ک) ی تێدا دووبارەبووەتەوە. وەڵام (کەرکووک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل40

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2599**

**نەدارە، نەدیوارە پێچ پێچەی چل هەزارە لۆ کەپرە و لۆ ڕەشمارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220925204411436168

نەدارە، نەدیوارە
پێچ پێچەی چل هەزارە
لۆ کەپرە و لۆ ڕەشمارە
چیغ لە کوردەواردا خێڵە کۆچەرییەکان بە قامیش درووستی دەکەن، وەک دیوار بۆ ڕەشماڵ دادەنرێت، یان بۆ جیاکردنەوەی دوو شوێن لەیەک بەکاردێت، نەدارە نەدیوارە، مەبەست لە چیغە، پێچ پێچەی چل هەزارە، واتە: ئەو بەنەی کە قامیشی چیغی پێدەبەسترێت، پێچ پێچە. وەڵام (چیغ). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل47

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-25

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2600**

**نەدۆس ئەناسی نەدوژمن نامەنەن سوور و گەرمەن تەمامبی سیاو و چەرمەن**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012214212525908](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012214212525908)

نەدۆس ئەناسی نەدوژمن
نامەنەن سوور و گەرمەن
تەمامبی سیاو و چەرمەن
وەڵام (ئاگر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل4

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2601**

**نەدۆست ئەناسێ نەدوژمن تا مەنەن دوور و گەرمەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912204057520273

نەدۆست ئەناسێ نەدوژمن
تا مەنەن دوور و گەرمەن
بەشی زۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مرۆڤەکان لەسەر بنەمای دۆست یان دوژمنە، بەڵام مەتەڵەکە مەبەستی لەوەیە کە ئاگر دۆست و دوژمن نازانێت چییە، لە هەر جێگەیەک ئاگر کەوتەوە، کورد واتەنی تەڕ و وشک بە یەکەوە دەسووتێنێت.
وەڵام (ئاگر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل4

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2602**
**نەدەستی هەس نەپا هەواڵ ئەوا بۆ خوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920200848522085

نەدەستی هەس نەپا
هەواڵ ئەوا بۆ خوا
هەواڵبەر یان تەتەر بەو کەسە دەوترێت کە بەخێرایی بە پێ یان بە وڵاخ هەواڵ دەگەیەنێتە جێگەی مەبەست، نەدەستی هەیە نەپا، مەبەست لە دووکەڵە کە لەبەر کەمی کێشی بۆ ئاسمان بەرزدەبێتەوە، هەواڵ دەبات بۆ خوا، لە ئەفسانەی ئایینەکاندا خودا لە ئاسمانە، کاتێک دووکەڵ بەرز دەبێتەوە، وادەزانن بۆ لای خودا دەچێت. وەڵام (دووکەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل24

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2603**
**نەرم وشل و بێ مووە، لە ناو ئاودا زیندووە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806053435426746



نەرم وشل و بێ مووە، لە ناو ئاودا زیندووە
نەرم وشل و بێ مووە مەبەست لە (بۆق) ە کە یەکێکە لەو گیانەوەرانەی کە پێکهاتەی لەشی نەرم و شلە و پێستی بێ مووە، هەم لە ئاودا دەژی، هەم لە وشکانی، لە ناو ئاودا زیندووە واتە: هەمیشە لە کەناری چەم و ڕووبارەکاندا دەژی. وەڵام بۆق. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2604**
**نەگەدەی هەیە نەگیپاڵ لەشی ڕووتە بێسیپاڵ چنگی گرتووە لە دیوار ورگ زلی لادێ و شار**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221220212757453227

نەگەدەی هەیە نەگیپاڵ، لەشی ڕووتە بێسیپاڵ
چنگی گرتووە لە دیوار، ورگ زلی لادێ و شار
مەبەست لە زۆپای دارە، گیپاڵ: سکی زل (فەرهەنگی خاڵ) ، سیپاڵ: کۆنەپەڕۆ و بەرگی دڕوا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ،
نەگەدەی هەیە نەگیپاڵ، لەشی ڕووتە بێسیپاڵ، مەبەست لە زۆپای دارە کە وەکوو ورگی زل وایە هەروەها بەرگیشی
لەبەردانییە، چنگی گرتووە لە دیوار، واتە لەنزیک دیوارەوە دادەنرێ، لە گوند و شاریدا هەیە. وەڵام (زۆپای دار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل63

کاتی تۆمارکردن: 20-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2605**

**نەگەدەی هەیە نەلاقێ بۆخۆی دەچێتە بانێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912212103520278

نەگەدەی هەیە نەلاقێ
بۆخۆی دەچێتە بانێ
لە گیانلەبەردا گەدە و لاق دوو بەشی جەستەن، بەڵام لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە ئاگر و دوکەڵە کە گەدە و لاقی نییە، چونکە کاتێک بەهۆی سووتانی دار یان هەر تەنێکی ترەوە، ئاگر درووستدەبێت، دوکەڵەکەی بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە و دەگاتە سەربان. وەڵام (دوکەڵی ئاگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل148

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2606**

**نەگەورەیە و نەبچووکە ئەرز و ئاسمان گەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104162915456463

نەگەورەیە و نەبچووکە
ئەرز و ئاسمان گەرە
مەبەست لە خەیاڵە، نەگەورەیە و نەبچووکە، واتە: خەیاڵ، نەستی مرۆڤ دنیایەکی بێ سنوورە، هەرکاتێک مرۆڤ دەرگاکانی خەیاڵی لێ واڵادەبێت، دەستی دەگاتە هەموو ئەو ئارەزووانەی کە لە دنیای ڕاستەقینەدا پێی نەگەشتووە، بۆیە لە دنیا بینی مرۆڤەکاندا خەیاڵ بە ئەندازەی زەوی و ئاسمان فراوانە. وەڵام (خەیاڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل139.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2607**
**نەگەڵی هەیە نەگوان، شیر ئەدا بە هەمووان**

[20220815235610428524=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220815235610428524)

نەگەڵی هەیە نەگوان، شیر ئەدا بە هەمووان.
نە گەڵی هەیە نە گوان، شیر ئەدا بە هەمزەی شوان.
هەموو ئاژەڵە وشکاوەکییە شیردەرەکان گوانیان هەیە بەڵام هەموویان نادۆشرێن، تەنیا ئەوانە دەدۆشرێن کە قاچیان بەرزە و بێری بە کاوەخۆ مەنجەڵی دەخاتە ژێر و دەیدۆشێت، نەگەڵی هەیە نەگوان، شیر ئەدا بە هەمووان: مەبەست لە هەنگە کە هەنگوین درووست دەکات، هەنگوین و شیر لە مەتەڵەکەدا بەیەک چووێنراوە، چۆن ئاژەڵێکی شیردەر شیر دەدا، هەنگیش هەنگوین دەدا. وەڵام (هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 15-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2608**

**نەمامێکم هەیە لەبن گڵی، بە گونانی دەڵێ: وڵی وڵی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821083530429381

نەمامێکم هەیە لەبن گڵی
بە گونانی دەڵێ: وڵی وڵی
لەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە دەغڵ دەکرێت، بەتایبەت گەنم و جۆ، جۆرێک مشکی کێوی هەیە، لە کوردەواردا پێی دەوترێ (مشکە کوێرە) خۆراکی لەسەر دەغڵودانە، لانەی ئەم جۆرە مشکە، لەناو گڵ و ژێر زەویدایە، نەمامێکم هەیە لەبن گڵی، مەبەست لە مشکە کوێرە کە لەژێر زەویدا خۆی حەشاردەدات، بە گونانی دەڵێ: وڵی وڵی، مەبەست لەوەیە کاتێک کە دەجووڵێ لەبەر نەرم و شلی جەستەی دەلەنگێ. وەڵام (مشکە کوێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2609**
**نەمەمکی هەیە نە گوان، شیر دەدا بە پاڵەوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806054029426747



نەمەمکی هەیە نە گوان، شیر دەدا بە پاڵەوان
شیر دەدا بە پاڵەوان، مەبەستی لە هەنگوینە کە هەنگ دروستی دەکا، پاڵەوانیش، مەبەستی لەو کەسانەیە کە دەیخۆن،
نەمەمکی هەیە نە گوان واتە: هەر چەندە مەمک و گوانی نییە بەڵام توانای بەخشینی هەنگوینە هەیە. وەڵام هەنگ، مێشهەنگوینە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2610**

**نەناڵە و نەبزمار، پێچ پێچۆکەی چل هەزار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821101230429411

نەناڵە و نەبزمار
پێچ پێچۆکەی چل هەزار
مەبەستی مەتەڵەکە پڵاوپاڵێوە (پڵاوپاڵیو: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە شوولی باریکی دار دووست دەکرێ، نانی تیری لەسەر تەڕدەکرێ) نەناڵە و نەبزمار ئەم نیوەدێڕە بۆ سەرەوای شیعریی و سەرلێتێکدانی گوێگر هاتووە، پێچ پێچۆکەی چل هەزار واتە: پڵاوپاڵیو بە شووڵ بە شێوەی بازنەیی پێچ پێچ دەچنرێت. وەڵام (پڵاوپاڵێو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2611**

**ئەنکی کوڵکن دایکی چڵکن خۆشی گوڵچن**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918131438521281](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918131438521281)

ئەنکی کوڵکن
دایکی چڵکن
خۆشی گوڵچن
گوڵچن: هەڵبژاردن یان گوڵبژێرکردنی شتێک (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەستی مەتەڵەکە جووجەڵەی مریشکە، ئەنکی کوڵکن، دایکی چڵکن، مەبەست لە ئەنک و دایکی جووجەڵەیە کە پەڕ بە جەستەیانەوەیە و خەریکی پەیداکردنی دانەوێڵەن بۆ جووجەڵەکانیان، هەروەها جووجەڵەش لەناو دانەوێڵەدا گوڵبژێر دەکات. وەڵام (جووجەڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل15

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2612**
**نەنێرە نەمێیە، لە عەرز و عاسمان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927083137523565

نەنێرە نەمێیە، لە عەرز و عاسمان.
عەرز: زەوی، عاسمان: ئاسمان. مەبەستی مەتەڵەکە فریشتەیە، (فریشتە: بەپێی ئەفسانەی ئایینەکان، جۆرە بوونەوەرێکە کە خواوەند درووستی کردووە، تەنیا کاریان ڕاپەراندنی کارەکانی خواوەندە، هەروەها نەنێرن و نەمێ) ، هەروەها بەشێوەیەکی ئەفسووناوی فریشتە لە ئاسمان و لەسەر زەوەی هەن. وەڵام (فریشتە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل51


کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2613**

**نەوەک کەڵە، نەوەک کەڵە شێر کەچی هەم کەڵە و هەم کەڵەشێر**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924222239523208](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924222239523208)

نەوەک کەڵە، نەوەک کەڵە شێر
کەچی هەم کەڵە و هەم کەڵەشێر
کەڵ: نێریی یان بزنەکێوی (فەرهەنگی خاڵ) ، مەبەست لە پەلەوەری کەڵەشێرە، نەوەک کەڵە نەوەک کەڵە شێرە، واتە: کەڵەشێر نەکەڵەکیوییە و نە شێریشە، کەچی هەم کەڵە و هەم کەڵە شێرە، واتە: وشەی کەڵەشێر، گەر بکرێت بە دوو وشەی (کەڵ) و (شێر) واتای هەردووکیان دەبەخشێت، مەتەڵەکە زیاتر یاریکردنە بە وشە. وەڵام (کەڵەشێر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل40]

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2614**

**نەڕە نەڕە شێرە شەش باڵی لۆ ژێرە ئەوەی هەڵیبێنێ عەجەب شێرە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210114428450074](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210114428450074)

نەڕە نەڕە شێرە
شەش باڵی لۆ ژێرە
ئەوەی هەڵیبێنێ عەجەب شێرە
مەبەست لە کوڵلەیە، (کوڵلە: گیانەوەرێکی شەش باڵە) نەڕە نەڕە شێرە، مەبەست لە گیانەوەری کوڵلەیە، وەک شێر پەلاماری هەموو دەغڵێک دەدا و دەیخوا، شەش باڵی لۆ ژێرە، واتە: کوڵلە بۆ فڕین خاوەنی شەش باڵە، ئەوەی بیزانێت وەک شێر ئازایە. وەڵام (کوڵلە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل63

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2615**

**نەکەی دەکەم کۆڵ دەبێ نە تەشتەکەم پڕ دەبێ دوکەڵەکەم کەم دەبێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912203712520271](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230912203712520271)

نەکەی دەکەم کۆڵ دەبێ
نە تەشتەکەم پڕ دەبێ
دوکەڵەکەم کەم دەبێ
کۆڵ: قامکی پەڕیو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) بۆ کەسێک بەکاردێت کە لە ڕووداوێکدا بەشێک لە پەنجەکانی دەستی بقرتێن و کوورت ببنەوە، مەتەڵەکە مەبەستی لە سیغارکێشانە کە هەتا زیاتر بکێشرێت، زۆرتر کوورت دەبێتەوە، کوورتبوونەوەی سیغار بە پەنجەی کۆڵ بەراوردکراوە. وەڵام (سیغارکێشان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرتیفی، سنە. 1389. ل148

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2616**

**ها ئەکا هشتر، هشتر ڕائەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917225424521201

ها ئەکا هشتر، هشتر ڕائەکا.
هشتر: ئێستر (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە پڕۆسەی جووتکردنە، لە کوردەواردا بەزۆریی جووتکردن و زەوی کێڵان بە گا ئەنجامدەدرێت، بەڵام ئەو جووتیارانەی گایان نییە، بە ئێستر دەتوانن جووتبکەن. ها ئەکا هشتر، هشتر ڕائەکا، مەبەست لە جووتیارە لەکاتی جووتکردندا هاوار لە وڵاخەکان دەکات بۆ ئەوەی لە جووت نەوەستن. وەڵام (جووتکردن بە جووتە گا یان ئێستر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 21

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2617**
**ها ئەکا هوو ئەکا لە قەرەتەپە گوو ئەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118171948446092

ها ئەکا هوو ئەکا
لە قەرەتەپە گوو ئەکا
مەبەست لە دەنگ و ڕەنگی هەورەگرمەیە، ها ئەکا هوو ئەکا، مەبەست لە دەنگی لەناکاوی هەورەگرمەیە، بەزۆری لە وەرزی بەهاراندا دێت، قەوەرەتەپە گوو دەکا، (قەرەتەپە: شارەدێیەکە سەربە شاری کەرکووک) واتە: هەورەگرمە لێرە دەنگی دێت کەچی لە جێگەیەکی زۆر دوور دەیدا بە زەویدا. وەڵام (هەورەگرمە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل104

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2618**

**هاتی بە کۆنە مەینەتە کۆنە قاچ باریکی مل تووکنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231213213141536601

هاتی بە کۆنە
مەینەتە کۆنە
قاچ باریکی مل تووکنە
مەبەست لە تەشییە، (تەشی ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ یان مووی بزن بەکاردێت) ، هاتی بە کۆنە، واتە: لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە لە کوردەواردا تەشی بوونی هەیە، مەینەتە کۆنە، واتە: کاری ڕستن ماندووبوونی زۆر دەوێت، قاچ باریک مەبەست لە کلکی تەشییە، مل تووکن، مەبەستی لەو داوەیە لەسەرتەشی دەڕەسرێت و هەڵدەکرێتەوە. وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی پێشینان، مەتەڵی کوردەواری، ع.ع.شەونم، چاپخانەی ئاشتی، سلێمانی، 1989، ل13

کاتی تۆمارکردن: 13-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2619**

**هاتە ماڵی مەرد و عەنتەر دووکوورتەکی لەبەر ئیک سپییە، ئیک زەرد**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011111800525520

هاتە ماڵی مەرد و عەنتەر
دووکوورتەکی لەبەر
ئیک سپییە، ئیک زەرد
مەرد: کەسی ئازا و جوامێر (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، عەنتەر: مەیمونی نێر یان بۆکەسی لووتبەرز و خۆبەشتزان بەکاردێت (فەرهەنگی کانی) ، کوورتەک: کالایەکی یەخەداری قۆڵدارە، تا نزیکی ئەژنۆ درێژە (فەرهەنگی خاڵ) ، مەبەستی مەتەڵەکە هێلکەیە کە توێکڵەکەی بە کوورتەک و جوجەڵەی ناویشی بە پیاوی لووتبەرز چووێنراوە، ئیک سپییە، ئیک زەرد، مەبەست لە سپێنە و زەردێنەی هێلکەیە. وەڵام (هێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 92

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2620**

**هاتەخوارێ بێ خشەخش مامە گەورەی ڕدێن فش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211192441450441

هاتەخوارێ بێ خشەخش
مامە گەورەی ڕدێن فش
مەبەستی مەتەڵەک بارینی بەفرە، هاتەخوارێ بێ خشەخش، مەبەست لە کاتی بەفر بارینە کە بەهێواشی و لەسەرخۆ دەبارێ، هیچ خشەیەکی نایەت، مامە گەورەی ڕدێن فش، (ڕدێن: ڕیش) بەفر بارین هەموو ئەو جێگەیە دادەپۆشێ کە لێی دەبارێ، چووێنراوە بە ڕیش، کە دەموچاوی پیاو دادەپۆشێ. وەڵام (بەفر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2621**
**هارم بە کوڵکنت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118182127446118

هارم بە کوڵکنت.
هار: مەبەست لە مەکینەی ڕیشتاشینە، کوڵکن، مەبەست لە ڕیشە کە بەڕوومەتەوەیە، مووی ڕیش بە کوڵک بەراوردکراوە، واتە: مەکینەر ڕیشتاشین وەک ئاژەڵێکی هار چۆن بەردەبێت زیان دەگەیەنێت، ئاوا مووی ڕیش دەتاشێ و هیچی ناهێڵێتەوە.
وەڵام (مووسی ڕێشتاشین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل104

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2622**
**هاشان و ماشان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927165230436353

هاشان و ماشان
جێگەی میر و پاشان
هاشان و ماشا، دەستەواژەیەکی بێ واتایە، بۆ سەروای شیعریی مەتەڵەکە هاتووە، بۆ ئەوەی ئاوازێک بە شیعرەکە ببەخشێ، جێگەی میر و پاشا، مەبەست لە بێشکە یان لانکەیە کە بە منداڵی هەموو کەسێکی دەچێتەناو، گەرکەسەکە میر و پاشا بێت یان هەرکەسێک. وەڵام (لانکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل56

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2623**
**هانییە و مانییە پەڕەسێلکەی کانییە ڕێگری کاروانییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118165040446080

هانییە و مانییە
پەڕەسێلکەی کانییە
ڕێگری کاروانییە
مەبەستی مەتەڵەکە ڕێگە گیرانە بە بەفر، هانییە و مانییە، وشەی بێواتان و بۆ سەرواى شیعریی مەتەڵەکە هاتووە، پەڕەسێلکەی کانییە، پەڕەسێلکە باڵندەیەکی کێوییە، بەفری پێچووێنراوە کە وەک یەک ناسک و جوانن، ڕێگری کاروانییە، واتە: کاتێک بەفر دەبارێک ڕێگەوبان لە کاروان دەگرێ. وەڵام (بەفربارین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێر (چوارتا و ماوەت)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل104

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2624**
**هاوین لە خەوێدا، زستان لە غارێدا**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806055324426749](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806055324426749)



هاوین لە خەوێدا، زستان لە غارێدا
مەبەستی مەتەڵەکە باگردێنە، هاوین لە خەوێدا واتە: لە وەرزی هاویندا کاری پێناکرێت ، دادەنرێ و دەخەوێندرێ، زستان لە غارێدا (غار واتە ڕاکردن) واتە: لە وەرزی زستاندا، سەربانی گڵی پێدەگێڕدرێ، بەردەوام غاری پێدەدرێ. وەڵام باگردێن.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر]()
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2625**

**هاوینان دەنویَ لەجێدا زستانان دەڕوا بە ڕێدا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118172217446094

هاوینان دەنویَ لەجێدا
زستانان دەڕوا بە ڕێدا
مەبەست لە باگردێنە، (بەگردێن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لەبەردی قوورس یان داری گوێز درووست دەکریَ، بۆ گێڕانی بان بەکاردێت) هاوینان دەنویَ لە جێدا، مەبەست لە باگردێنە کە هاوینان بەکارنایەت، چونکە لە وڵاتی کوردەواردا لەو وەرزەدا باران ناباریَ، زستان دەڕو بەڕێدا، واتە: لە وەرزی زستاندا بانی پێدەگێڕن. وەڵام (باگردێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل104

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2626**
**هارەهارِ دەکا هار نییە دەفیشکێنێ مار نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210192848450223

هارەهارِ دەکا هار نییە
دەفیشکێنێ مار نییە
مەبەست لە ئاشی ئاوگەرە، (ئاش ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هارینی دانەوێڵە بەکاردێ) هارەهارِ دەکا، مەبەست لە ئاشە کە بە ئاودەگەرێت بەرداشەکان دەخولێنەوە، دەنگی ئاوەکە هارەهارِ دەکات، دەفیشکێنێ مار نییە، (مار: خشۆکێکی ژەهداری ترسناکە، دەنگێکی لێوەدێ بەفیشکەفیشک ناسراوە) مەبەست لە دەنگی بەرداشی ئاشە. وەڵام (ئاشی ئاوگەڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل64

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2627**

**هووە هووە هەوا نییە چەرمۆکەیە مووی نییە خواردنی هەیە گووی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118171710446090

هووە هووە هەوا نییە
چەرمۆکەیە مووی نییە
خواردنی هەیە گووی نییە
مەبەستی مەتەڵەکە (گەنە) یە، هووە هووە وشەی بێواتان و بۆکێش و سەروای شیعری مەتەڵەکە هاتووە، چەرمۆکەیە مووی نییە، مەبەست لە گەنەیە، (گەنە: گیانەوەرۆچکەیەکی بچووکی بێمووە، بە جەستەی ئاژەڵەوە دەنووسێ) خواردنی هەیە گووی نییە، واتە: دەخوا دەخوا تا دەتەقێ، چونکە دەرچەی فڕێدانی پاشەڕۆی نییە. وەڵام (گەنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل108

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2628**
**هرِم کردە مەڕەکی، سەد مەڕ هات لە ڕەنگێکی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822213722429746

هرِم کردە مەڕەکی
سەد مەڕ هات لە ڕەنگێکی
هڕ: وتەیەکی شوانە لەپێش مەڕەوە دەیڵێ، بە مەبەستی بانگکردنی ڕانەکەی، تا دوای بکەون، لە زمانی کوردیدا (هڕ) بەواتای گاڵتەکردنی کەسێک لەگەڵ کەسێکی تریشدا دێت (فەرهەنگی خاڵ) هرِم کردە مەڕەکی، لەباتی مەڕ مەتەڵەکە مەبەستی زەردەواڵەیە، سەد مەڕ هات لە ڕەنگێکی واتە: گاڵتەم لەگەڵ زەردەواڵەیەک کرد، بەجارێک سەد دانە زەردەواڵەم بۆ هات.
وەڵام (زەردەواڵە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل24

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2629**
**هڵتدەم پەڵتدەم لە گووە شلەی مام حاجیت وەردەم دەرگات لەسەر سواقدەم**
[20230103124611456170=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103124611456170)

هڵتدەم پەڵتدەم
لە گووە شلەی مام حاجیت وەردەم
دەرگات لەسەر سواقدەم
مەبەست لە تەرازووی بەنە، (تەرازووی بەن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دوو تا و شەش تاڵ بەنی نەپسێن پێکدێ کە بە دارێکەوە هەڵدەواسرێ، بۆ کێشانی میوەهات و دانەوێڵە بەکاردێ) هەڵتدەم پەڵتدەم، مەبەست لە بەرزونزم کردنی تای تەرازووە، لەکاتی کێشانی دانەوێڵە یان میوەدا، گەر کەسێک وەڵام نەزانێ، مەتەڵساز سزای بۆداناوە کە دەرگای لەسەردابخات و زیندانی بکات یان لە پیسایی کەسێکی وەردا. وەڵام (تەرازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل34.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2630**

**هۆ هۆ خڕە وەک گۆ نە نارنجە نە لیمۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118175900446107

هۆ هۆ خڕە وەک گۆ
نە نارنجە نە لیمۆ
هۆ هۆ، مەتەڵساز بۆ ئاگادارکرنەوەی گوێگر وتوویەتی، خڕە وەک گۆ، مەبەست لە گوێزە کە قەبارەکەی خڕ و گۆییە، نە نارنجە نە لیمۆ، مەتەڵ ساز کارئاسانی بۆ گوێگر دەکات و پێی دەڵێ: وەڵامی مەتەڵ شتێکی خڕە، وەک نارنج یان لیمۆ. وەڵام (گوێز).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل109

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2631**

**هۆشی نمەکەروو، نماچوو حەیفەن نان دنیا شاهێتەن، فرە زەریفەتان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231014222912526260

هۆشی نمەکەروو، نماچوو حەیفەن نان
دنیا شاهێتەن، فرە زەریفەتان
وەڵام (لۆکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل34

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2632**

**هۆڵەکم هەیە سەد سەر بزن دەبا بەڵام چڵە پووشەک نابە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117154620458830

هۆڵەکم هەیە سەد سەر بزن دەبا بەڵام چڵە پووشەک نابە.
مەبەست لە میرووستانە، (مێرووستان: شارەمێروولە واتە: ئەو جێگەیەی کە میروولە لەناو گلدا دەیکات بە شوێنی ژیانی) هۆڵەکم هەیە سەرد سەر بزن دەبا، مەبەست لە مێرووستانە کە بە ماڵ چووێنراون، چڵە پووشەل نابا، واتە: مێرووستان دەروازەی چوونەژووری هێندە تەنگەبەرە تەنیا مێرووی پیادەڕوات. وەڵام (مێرووستان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل204.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2633**
**هی دایکت مستێکە هی باوکی بستێکە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230803204305511531
هی دایکت مستێکە
هی باوکی بستێکە
مەبەست لە قەبارەی جەستەیە لەکاتی دانیشتندا، هەمیشە پیاوانی کورد لەکاتی دانیشتندا جێگە زیاتر لە ژنان داگیردەکەن، ئەگەر ژن لە مستێکدا دانیشێت، ئەوا پیاو لە بستێکدا دادەنیشێت، بەڵام مەتەڵساز بەشێوەیەک مەتەڵەکە دەردەبڕێت، خەیاڵی گوێگر بۆ شوێنی تر دەبات. وەڵام (شوێنی دانیشتن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل67
کاتی تۆمارکردن: 2023-08-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2634**

**هیندۆکەی پڕ بە ماڵێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220813073231428166

هیندۆکەی پڕ بە ماڵێ.
هیندۆکە: لەبەشە شێوەزاری پشدەردا بەواتای هەندێکی کەم لە بەشێکی زۆر، ماڵ: بە واتای شوێنی گەورە دێت، واتە: شتێکی کەم ماڵێکی گەورە پڕ دەکات، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە گڵۆپە کە بۆخۆی چەند بچووکە ڕووناکییەکەی ماڵێکی گەورە ڕووناک دەکاتەوە. وەڵام (گڵۆپ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-13

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2635**

**هینی مینی نزیک گوێینی ئەز دەتبینم تۆ نامبینی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211203818450476

هینی مینی نزیک گوێینی
ئەز دەتبینم تۆ نامبینی
مەبەست لە چاوی مرۆڤە، هینی مینی، دەستەواژەیەکی بێواتایە، تەنیا بۆ ئاوازی شیعریی مەتەڵەکە هاتووە، نزیک گوێینی، واتە: چاوی مرۆڤ نزیکی گوێیەتی، ئەز دەتبینم تۆ نامبینی، واتە: چاو هەموو شتێک دەبینێ، بەڵام خۆی نابینێ. وەڵام (چاو) [1] .

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل66

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2636**

**هێزی لە ئاوە دانی لە پشتە بۆخۆی لەبەردە ڕسقی لە دەشتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211203345450474

هێزی لە ئاوە، دانی لە پشتە
بۆخۆی لەبەردە، ڕسقی لە دەشتە
مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە، (ئاشی ئاوگەڕ: ئامێرێکی کەلەپووریی کوردییە، بۆ هارینی دانەوێڵە بەکاردێ) هێزی لە ئاوە، واتە: ئاش بەهۆی ئاوەوە کاردەکات، دانی لە پشتە، واتە: دانەوێلە دەهاڕێ و بەدەوری بەرداشدا کۆدەبێتەوە وەک پشتێن، بۆ خۆی لەبەردە، مەبەست لە بەرداشی ئاشە، ڕسقی لە دەشتە، واتە: دانەوێڵە لە دەشت بەرهەمدێت. وەڵام (ئاشی ئاوگەڕ) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل64

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2637**

**هێستره شەم شەم شەش پای دوو سم ماڵیان لە ماڵی چەم دەژی بێ ترس و خەم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221131738453301

هێستره شەم شەم، شەش پای دوو سم
ماڵیان لە ماڵی چەم، دەژی بێ ترس و خەم
مەبەست لە قرژاڵە، (قرژەڵ: گیانەوەرێکە لە دەم ئاوی چەم و کانیاوەکاندا دەژی) هێستره شەم شەم، شەش پای دوو سم، واتە: قرژاڵ، شەش پێی هەیە، ماڵیان لە ماڵی چەم، واتە لەناو چەم و ئاوەکاندا دەژیی، هیچ ترس و خەمێکی لە خنکان نییە.
وەڵام (قرژاڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل64

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2638**
**هێلانەی پەل پەل خواری بەناو یەکدا تەنراوی قلە خورمات بە زاری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210192534450222

هێلانەی پەل پەل خواری
بەناو یەکدا تەنراوی
قلە خورمات بە زاری
مەبەست لە حەسیری پووشی خورمایە، هێلانەی پەل پەل خواری، مەبەست لە گەڵا و پووشی خورمایە کە بەدارەکەوە پەل پەل دێتەخوار، بەناو یەکدا تەنراوی، مەبەست لە حەسیرە کە بە پەلکی خورما دەیچنن، ئەوەی نەیزانێت خورما بەزاری.
وەڵام (حەسیری خورما) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل66
کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2639**

**هێلکی ماری، لە بن داری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806060241426750



هێلکی ماری، لە بن داری
مزرەسێو (یەکێکە لەو میوانەی تایبەتە بە وڵاتی کوردستان) لە کاتی پێگەشتنیدا، ڕەنگی سپییە، شێوە و قەبارەی وەک هێلکەی مار وایە، لە بن داری ، واتە: دوای پێگەشتنیان بەشێک لە مزرەسێوەکان بەردەبێتەوە و لەبن دارەکاندا دەکەون.
وەڵام مزرەسێو. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2640**

**هێلکەکەرە و مریشک نییە، گیاخۆرە و مەڕ نییەڕەقە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806062053426753

هێلکەکەرە و مریشک نییە، گیاخۆرە و مەڕ نییەڕەقە
ڕەقە: گیانلەبەرێکە لە ئاو و وشکانیدا دەژی، بە زۆری لە قەراغی چەم و ڕووبارەکان دەردەکەوێ ، پشتی خانەخانەیە، کەمێک لە کیسەڵ دەچێ، وەک مریش هێلکە دەکا، گیاخۆرە و مەڕ نییە، واتە: گیانەوەرێکی گیاخۆرە وەک مەڕ. وەڵام ڕەقە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 06-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2641**

**هێلکەی بێ تۆخڵ تامی پڕ بە دڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924222503523210

هێلکەی بێ تۆخڵ
تامی پڕ بە دڵ
تۆخڵ: توێکڵ، مەبەست لە کەشکە، (کەشک: شیرێژی گوشراوی وشککراو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، هێلکەی بێ تۆخڵ، مەبەست لە کەشکە کە ڕەنگی سپییە و قەبارەی بچووکە و بە هێلکە چووێنراوە، تامی پڕ بە دڵ، واتە: لە کوردەواردا لە ژەمی بەیانیاندا دەخورێت و تامی خۆشە. وەڵام (کەشک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل40

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-24

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2642**
**هێلکەی قازان لە هەورازان**

[20220927164716436352=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927164716436352)

هێلکەی قازان
لە هەورازان
کەوتە بازان
هێلکەی قازان، مەبەست لە تەرزەیە لە کاتی باریندا، قەبارەی گەورەیە و بە هێلکەی قاز چووێنراوە. لە هەورازان، واتە: تەرزە لە ئاسمانەوە بۆ خوارەوە دادەبارێت و هەڵدەبەزێتەوە. وەڵام (تەرزە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل57

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2643**
**هێلکەی قەتێ لە دەوڵەتێ، خوانەبێ کەس نایگاتێ**
[20220806061547426752=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806061547426752)



هێلکەی قەتێ لە دەوڵەتێ، خوانەبێ کەس نایگاتێ
قەتێ باڵندەیەکی کێوییە لە شاخ و لە شار دەژیی، هێلکەی قەتێ: مەبەستی لە گوڵلەیە، هێلکەکەی بە قەدەر سەری گوڵلەیەک دەبێ ، خوا نەبێ کەس نایگاتێ ، واتە: کاتێک گوڵلە دەتەقێ ، کەس ناتوانێت ببینێ، جوچکی قەتێش لە ڕۆشتندا بە گوڵلە چووێنراوە. وەڵام جوچکی قەتێ.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر]

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2644**
**هێلکەی قەتێ لە کون دەردێ کەس نایبینێ و کەس نایگاتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118180127446108

هێلکەی قەتێ لە کون دەردێ
کەس نایبینێ و کەس نایگاتێ
قەتێ: کورِ کورِ، (فەرهەنگی خاڵ) باڵندەیەکی کێوییە، قەبارەی وەک کۆترە، هێلکەی قەتێ لە کون دەردێ، مەبەست لە گوللەیە کە لە لوولەی تفەنگەوە دەردەچێ، گوللە بە هێلکەی قەتێ بەراوردکراوە، کەس نایبینێ و کەس نایگاتێ، مەبەست لەوەیە کاتێک گوللە لە لوولەی تفەنگ دەردەچێ، هیچ کەسێک ناتوانێت ببینێ و پێی بگاتەوە. وەڵام (گوللە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل109

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2645**
**هێلکەی قەتێ لەکون دەردێ کەس نایبینێ و کەس نایگاتێ**

[20230103123840456168=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103123840456168)

هێلکەی قەتێ
لەکون دەردێ
کەس نایبینێ و کەس نایگاتێ
مەبەست لە گوللەیە، هێلکەی قەتێ، (قەتێ: جۆرێک باڵندەی کێوییە، لە شاخ و دەشت و دەری کوردستاندا بوونی هەیە) مەبەست لە گوڵلەیە، بەپێوانە هێندەی هێلکەی قەتێیەک دەبێ، لەکون دەردێ، مەبەست لە کاتی تەقاندنی گوللەیە، لەتوانای کەسا نییە بیبینێ و بیگاتێ. وەڵام (گوللە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل147.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2646**

**هێندەی پاروەوە یەکە نەک دووە نەرمی بێ مووە لە گشت دیزان ئەسکووە**

[20221211204331450478=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211204331450478)

هێندەی پاروەوە، یەکە نەک دووە
نەرمی بێ مووە، لە گشت دیزان ئەسکووە
مەبەست لە زمانی مرۆڤە، هێندەی پاروەوە، واتە: زمان هێندەی پارووەیەک نان دەبێ، یەکە نەکە دووە، واتە: زمان یەک دانەیە، نەرمی بێ مووە، زیاتر وەسفی زمان دەکات کە نەرم و لووسە، لە گشت دیزان ئەسکووە، واتە: لە هەموو شتێکدا قسەدەکات. وەڵام (زمان). [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل67

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2647**

**هێندەی پیازێکە لە هەورازێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927191023436369

هێندەی پیازێکە
لە هەورازێکە
مەبەست لە گوڵی هەنارە کە سەرەتای پێگەشتنی بچووکە، بە بەشی سەرەوەی دار هەنارەوەیە، لە ڕووی قەبارەوە بە پیاز بەراوردکراوە. وەڵام (گوڵی هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل56

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2648**
**هێندەی گۆیەکە، سکی سپی و دڵی زەرد**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212221504450649

هێندەی گۆیەکە، سکی سپی و دڵی زەرد.
مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، (گۆ: بە شتێکی خڕ دەوترێ) هێندەی گۆیەکە، مەبەست لە هێلکەیە کە وەکوو گۆ خڕە، سکی سپییە و دڵی زەردە، مەبەست لە سپێنە و زەردێنەیە کە قەپاغی هێلکە دەوری داوە، سپێنە بە سک و زەردێنە بە دڵ چووێنراوە. وەڵام (هێلکە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2649**
**هێندەی هەنارێکە پڕ بە خانێکە**

[20221211204039450477=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1]

هێندەی هەنارێکە
پڕ بە خانێکە
مەبەستی لە چرایە، (خان: حەوشێکی گەورەیە، هۆدە هۆدەیە، وڵاخی بازرگانانی تێدا خزمەتدەکرێ) هێندەی هەنارێکە، مەبەست لە چرای نەوتە، پڕ بە خانێکە، واتە: یەک چرا بەشەو توانای هەیە تەواوی خانێک ڕووناکبکاتەوە، ڕووناکی بگەیەنێتە هەموو لایەکی. وەڵام (چرا). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل66

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2650**
**هێڕی هێڕی**

[20220927190705436368=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927190705436368)

هێڕی هێڕی
لەبن دەستی بێڕی
هێڕ: مەبەست لە دەنگی بزنە کە دەهیڕێنی، بێڕی: مەبەست لەو ئافرەتەیە کە مەڕ یان بزن دەدۆشێت، مەبەست لە بزنە کە دەهیڕێنێ، کاتێک بێڕی دەیدۆشێت. وەڵام (بزن لەکاتی دۆشیندا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل58

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2651**
**هەپڵە پان و مەپڵە پان گیای شین و پەنگا پان کوڕی پیر و بابی جوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210125730450095

هەپڵە پان و مەپڵە پان
گیای شین و پەنگا پان
کوڕی پیر و بابی جوان
مەبەستی مەتەڵەکە پەمووە، هەپڵە پان و مەپڵەپان، دەستەواژەیەکی بێواتایە لەبەر کێش و سەرواى هۆنراوەکە بەکارهاتووە، گیای شین، مەبەست لە ڕووکی پەمووە، پەنگا پان، (پەنگ: مەنگ. فەرهەنگی کانی) مەبەستی لە قۆزاخەی پەمووە کە لۆکەی تێدایە و پەنگی خورادۆرەوە. کوڕ پیر و بابی جوان، واتە: ڕووەکی پەموو بە کوڕ دانراوە و پەمووش بە باوک. وەڵام (پەموو) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا، هەولێر ل65
کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2652**

**هەپڵە مەچە و مەپڵە مەچە، هەزار مێردی دەکا هەر کچە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806065000426757




هەپڵە مەچە و مەپڵە مەچە، هەزار مێردی دەکا هەر کچە
هەپڵە مەچە و مەپڵە مەچە: دەستەواژەیەکی بێواتایە، بۆ سەرلێشێواندن و کێش و سەروای هۆنراوەکە بەکارهاتووە، هەزا مێردی دەکا: مەبەستی لە دراوە کە هەر دەمەی بە دەستی کەسێکە و نرخ و بەهاهی خۆی لە دەست نادات. وەڵام دراو.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2653**
**هەتا ئاسمان نەگیرێ، فرمێسکی نایەتەخوار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917225756521202

هەتا ئاسمان نەگیرێ، فرمێسکی نایەتەخوار.
نەگیرێ: نەگری. پلووسک یان لووساوک: شتێکی بۆشە ئاو و چۆڕاوگەی بارانی پێدادێتەخوار (فەرهەنگی خاڵ) ، هەتا ئاسمان نەگیرێ، واتە: هەتا ئاسمان بارانی لێوە نەبارێت، ئاو نایەتەخوار، لەمەتەڵەکەدا گریانی مرۆڤ بە بارینی باران چوواندووە.
وەڵام (پلووسک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل14

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2654**
**هەتا باوکت دێتەوە دایکت تێیدەنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104184033456494

هەتا باوکت دێتەوە، دایکت تێیدەنێ.
مەبەست لە دەرگا داخستنە بە سوورگی، (سوورگی: پێشی دەوترێ شمشێری دەرگا، ئاسنێکە بۆ داخستنی دەرگا لە دیوی ناوەوە بەکاردێ) هەتا باوکت دێتەوە، دایکت تێیدەنێ، مەبەست لە سوورگییە کە لە کاتی داخستندا دەچێتە ناو ئەو ئەڵقەیەوە کە دەرگاکەی پێدادەخرێ. وەڵام (سوورگی یان شمشێرەی دەرگا). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل156.

کاتی تۆمارکردن: 04-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2655**

**هەتا بایبەیت و بییەی بە ڕانا، قوورس دەبێ**

2023091521300952078 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەتا بایبەیت و بییەی بە ڕانا، قوورس دەبێ.
مەبەستی مەتەڵەکە تەشییە، (تەشی ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خووری مەڕ و مووی بزن بەکاردێت) ، کابان کاتێک تەشی دەڕێسێت، کلکی تەشی بە ڕان دەخولێنێتەوە، بۆ ئەوەی کرداری ڕستنەکە ئەنجامبدات، هەروەها داوی ڕێسراوی تەشی، لەسەر کلکی تەشی هەڵدەکرێتەوە و قوورسی دەکات. وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل10

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2656**

**هەتا بایدەی قورس دەبێ**

20221118182426446121=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەتا بایدەی قورس دەبێ.

مەبەست لە تەشییە، (تەشی ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ یان کوڵکی مەرەز بەکاردێ) هەتا بایدەی قورس دەبێ، مەبەست لە کرداری تەشی ڕستنە، هەموو ئەو داوەی پێی دەرێسرێ، لەسەری هەڵدەکرێتەوە، واتە: هەتا کابان زیاتر بڕێسێ، تەشیی قورستر دەبێ. وەڵام (تەشی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل104


کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2657**
**هەتا بڕۆی لەگەڵتە**

20220813072346428165=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەتا بڕۆی لەگەڵتە.
بەرۆژ کاتێک تیشکی خۆر لە تەنەکانی سەر زەوی دەدا، دیوێکی دەکاتە سێبەر و دیوێکی ڕوون دەکاتەوە، مرۆڤیش کاتێک هەتاو لێی دەدا، سێبەری بۆ درووست دەبێت، لە کاتی ڕۆشتنیشدا لەگەڵی دەجووڵێ، بۆیە لە مەتەڵەکەدا دەڵێت: هەتا بڕۆی لە گەڵتە وەڵام (سێبەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 13-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2658**
**هەتا ببیڕی، درێژ دەبێت**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915213216520784

هەتا ببیڕی، درێژ دەبێت.
مەبەستی مەتەڵەکە بڕینی قژە، قژی مرۆڤ وەک ئەندامێکی زیندووی جەستە، بەردەوام لە درێژبووندایە، بەپێی نەریتی کوردەوار، پیاون قژیان دەبڕن و ژنان قژیان درێژ دەکەنەوە، بۆیە پیاوان کاتێک قژیان درێژ دەبێت، دەیبڕن و کوورتی دەکەنەوە، وەڵام (قژ بڕین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل8

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2659**
**هەتا بیجووڵێنی لێی دەڕژێ**

20221212213519450626=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەتا بیجووڵێنی لێی دەڕژێ.
مەبەست لە هێڵەکی ئارد بێژانەوەیە، (هێڵەک: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بێژانەوەی ئارد بە دەست بەکاردێ) هەتا بیجووڵێنی، مەبەستی لە هێڵەکی پڕ لە ئاردە، کە لەنێوان هەردوو لەپ و دەستی کاباندا دەلەرزێ و لە کونی تەلی هێڵەکەوە، ئاردەکە دێتەخوار و سۆی ئاردەکەش لەناو هێڵەکەکەدا دەمێنێتەوە. وەڵام (هێڵەکی ئارد بێژانەوە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل65

کاتی تۆمارکردن: 12-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2660**
**هەتا بیخۆی زیاد دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118183100446126

هەتا بیخۆی زیاددەکا.
مەتەڵەکە مەبەست لە توێکڵی گوڵەبەڕۆژەیە، هەتا کەسێک ناوکی گوڵەبەڕۆژە بیخوات، توێکڵەکەی زیاد دەکات. وەڵام (توێکڵی گوڵەبەڕۆژە). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل109

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2661**

**هەتا بیکێشی کورت دەبێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118183554446129

هەتا بیکێشی کورت دەبێتەوە.

مەتەڵەکە مەبەستی لە کێشانی جگەرەیە، جگەرە یان کێشانی تووتن لە کوردەواردا مێژوویەکی دێرینی هەیە، واتە: هەتا بکێشرێ توتنەکەی کەم دەبێتەوە. وەڵام (جگەرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل105

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2662**

**هەتا پلی بۆ قونی نەبەی، کاوێژناکا**

20221118183817446130=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەتا پلی بۆ قونی نەبەی، کاوێژناکا.
پل: کوتە گۆشت، مەبەست لە پەنجەیە (فەرهەنگی وشەنامە) کاوێژ: جووینی خۆراکی گەڕاوەی ناو گەدە بۆ ناو دەم (فەرهەنگی خاڵ) تایبەتە بە ئاژەڵ. هەتا پلی بۆ قونی نەبەی، واتە: هەتا دەست بۆ کلکی مقەسەت نەبەی، کاوێژناکا، واتە: دەمەکەی ناجووڵێ. وەڵام (مقەست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل105

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2663**
**هەتا پەتک ئاونەخوا گۆلک ئاو ناخوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111214119457980
هەتا پەتک ئاونەخوا
گۆلک ئاو ناخوا
مەبەست لە برک و شووتییە، (لەناو بێستاندا شووتی لقی زۆر لێدەبێت.ەوە، هەر بنکێ چەند لقێکی شووتی دەگرێ) هەتا پەتک ئاونەخوا، واتە: هەتا بنکی شووتی ئاونەخواتەوە، گۆلک ئاوناخوا (گۆلک: گوێرەکە) مەبەست لە شووتییە، واتە: کە بنک ئاوی خواردەوە، شووتیش تێرئاو دەبێت. وەڵام (برک و شووتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل195.
کاتی تۆمارکردن: 11-01-2023
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2664**

**هەتا پەنجەی لە قونێ ڕانەکەی نارِوات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104184352456495

هەتا پەنجەی لە قونێ ڕانەکەی نارِوات.
مەبەست لە مقەستی بەرگ بڕینە، (مقەست: ئامێرێکی دەستییە بۆ بڕینی بەرگ و قوماش بەکاردێ) هەتا پەنجە لە قونی ڕانەکەی، (ڕانەکەی: پێدانەکەی) مقەست لە ڕێگەی پەنجەکانەوە بەکاردێ، هەتا بە پەنجە بەکاری نەهێنێ، ناکەوێتە کار و بەکارنایەت. وەڵام (مقەست) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل169.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2665**

**هەتا چێری سوورمان دۆشی چێری ڕەش چووە سەربانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212214123450628

هەتا چێری سوورمان دۆشی، چێری ڕەش چووە سەربانی.
مەبەسی لە ئاگر و دووکەڵە، (چێر: تایبەتە بە بەشە شێوەزاری سۆران، واتە: مانگا) هەتا چێری سوورمان دۆشی، واتە: هەتا ئاگرمان کردەوە، ڕەنگی ئاگر بە مانگای سوور چووێنراوە، چێری ڕەش چووە سەربان، واتە: دووکەڵی ئاگرەکە گەیشتە سەربان، دووکەڵی ئاگر ڕەشە بە مانگای ڕەش چووێنراوە. وەڵام (ئاگر و دووکەڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل64

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2666**

**هەتا دار بوو، ئاوی دەخوارد لە پڕێکا پیاوی دەخوارد**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922202342522582

هەتا دار بوو، ئاوی دەخوارد
لە پڕێکا پیاوی دەخوارد
مەبەستی لە دار عەسای دەستی مووسایە، لە ئەفسانەی ئایینە ئیبراهیمییەکاندا هاتووە کە مووسا دار عەسایەکی ئەفسووناوی پێبووە، داویەتی لە رووباری نیل و شەق کردووە، دوای ئەوەی کە جووەکان پەڕیونەتەوە، پیاوانی سەر بە فیرعەونی تێدا خنکاون، هەتا داربوو ئاوی دەخوارد، مەبەست لە دار عەسای مووسایە کە ئاوی نیلی پێ شەقدەکات، لە پڕێکا پیاوی دەخوارد، مەبەست لە لێکدانەوەی ئاوی نیل و خنکانی فیرعەون و داروودەستەکەیەتی. وەڵام (دار عەسای موسا). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 34

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2667**

**هەتا دوورکەوێتەوە درێژ دەبێ**

[20221118183302446127=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118183302446127)

هەتا دوورکەوێتەوە درێژ دەبێ.
مەبەست لە سێبەرە کە بەهۆی ڕووناکییەوە درووستدەبێت، ئەوەش کردارێکی فیزیاییە، ڕووناکی بەر تەنەکان بکەوێ سێبەر درووستدەکات، هەتا ڕووناکییەکە لە تەنەکە دوور بخرێتەوە، سێبەرەکەی درێژتر دەبێتەوە، هەروەها گەر ڕووناکی لە تەنەکە نزیک بکرێتەوە، سێبەرەکە بچووک دەبێتەوە. وەڵام (سێبەر).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل105

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2668**
**هەتا دوولای نەگری ناکەوێتەکار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212213818450627

هەتا دوولای نەگری ناکەوێتەکار.
مەبەست لە مقەستی جل بڕینە، (مقەست: ئامێرێکی دەستییە، بۆ بڕینی جل و بەرگ بەکاردێ) هەتا دوو لای نەگری، مەبەست لەوەیە هەتا دەست نەکەی بە دوو کونی دەسکی مقەستدا، دەمەکەی نارێتەوە، بەڵام کە دەمەکەی کرایەوە، ئیتر قوماش دەبرێ. وەڵام (مقەست).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل68

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2669**
**هەتا دەبانی لێبەیت نایبڕێ**

[20230118193707459084=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118193707459084)

هەتا دەبانی لێبەیت نایبڕێ.
مەبەست لە ئاوە، هەتا دەبانی لێبەیت، (دەبان: باشترین جۆری خەنجەری کوردییە، تیغەکەی لە دوو دیوەوە بەکارە و نووکێکی تیژی هەیە، لەکاتی جەنگدا بەکاردێ) واتای مەتەڵەکە ئەوەیە، گەر کەسێک هەرچەندە خەنجەری دەبان لەئاوبدات، نایبڕێ. [1]
وەڵام: (ئاو)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشێخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل40

کاتی تۆمارکردن: 18-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2670**

**هەتا سەرفی (خەرجی) بکەیت زیاد دەکات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118193228459081

هەتا سەرفی (خەرجی) بکەیت زیاد دەکات.
مەبەست لە زانستە، مرۆڤایەتی لە مێژوویەکی کۆنەوە بۆ پێشکەوتنی ژیانی بەدوای زانستدا دەگەڕێ، بەردەوام لە هەوڵ و داهێنان و پێشکەوتندایە، زانست هەتا ببەخشرێ زۆرتر بڵاودەبێتەوە، خەڵکانی زیاتر کەڵکی لێدەبینن. بۆیە لە مەتەڵەکەدا دەڵێ هەتا خەرجبکرێ زیاددەکات. [1]
وەڵام: (زانست)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل34

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2671**
**هەتا سەری کۆت نەکا، ئێش ناکا**

20221118184053446131=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەتا سەری کۆت نەکا، ئێش ناکا.
کۆت نەکا: نەبڕدرێ، نەتاشرێ یان دانەدرێ. هەتا سەری کۆت نەکا، مەبەست لە قەڵەمی نووسینە، هەتا سەرەکەی دانەدرێ و بۆ نووسین ئامادەنەکرێت، ئیش ناکات، واتە: پیت و وشەی پێنانووسرێ. مەبەست لە پرۆسەر دادانی قەڵەم و شت پێنووسینیەتی. وەڵام (قەڵەم). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل105

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2672**

**هەتا سەرەونخونی نەکەیتەوە، پڕ نابێت**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220828140551430889](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220828140551430889)

هەتا سەرەونخونی نەکەیتەوە، پڕ نابێت.
سەرەونخون: واتە: سەرەوخوار، سەرەوبن، مەبەست لە کڵاوی کوردییە (کڵاو: لەناو کەلەپووری کوردیدا جۆری زۆرە، ژنان و پیاوانی کورد لەسەری دەنێن، پیاوان لەگەڵ مشکی و شەدە، ژنانیش لەگەڵ سەروفێست) هەتا سەرەونخونی نەکەیتەوە، پڕ نابێت واتە: کڵاو بە شتێکی بۆش و بەتاڵ ئەژماردەکرێ، بەڵام کاتێک ئەچێتە سەرسەر پڕ دەبێ. وەڵام (کڵاو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 28-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2673**
**هەتا گا سوور لە حەوشە ڕاوەستا گا ڕەش لەسەربان ئامادەبوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118184828446134

هەتا گا سوور لە حەوشە ڕاوەستا، گا ڕەش لەسەربان ئامادەبوو.
گای سوور یان گای ڕەش: دوو جۆر گاَن لە کوردستاندا بوونیان هەیە، لە مێژەوە کورد ناسیوونی و بۆ جووتکردن و گەلێک کاری تر بەکاریان دێنێ، هەتا گا سوور لە حەوشە ڕاوەستا، واتە: لە حەوشە بە دار ئاگرم کردەوە، ڕەنگی ئاگر بە گای سوور چووێنراوە، گا ڕەش لەسەربان ئامادەبوو، واتە: دووکەڵەکەی گەشتە سەربان، ڕەنگی ڕەشی دووکەڵ بە گای ڕەش بەراوردکراوە.
وەڵام (دووکەڵی ئاگر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل105

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2674**
**هەتا لیی نەخورِی، نارِوا**

20220927191229436370=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەتا لیی نەخورِی، نارِوا.
لە کوردەواردا بەشی زۆری گوندنشینان وڵاخیان هەیە، بۆ باربردن یان بۆ گواستنەوەی خۆیان، هەتا لێی نەخورِی نارِوا، مەبەست لە وڵاخە، هەتا مرۆڤ بۆ پێویستییەکانی خۆی بەکاری نەهێنێت، ئەو نارِوات. وەڵام (وڵاخ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەراست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل59

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2675**
**هەتا لێت وەرنەگرێ ناتداتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118185659446138

هەتا لێت وەرناگرێ، ناتداتێ.
مەبەست لە سەودایە، کڕین و فرۆشتنێک کە بە کاڵا و پارە ئەنجامبدرێ. واتە: لە مامەڵەدا هەتا کاڵایەک بە کەسێک نەدرێت، پارەی لێوەرناگیرێت. وەڵام (شت کڕین بە پارە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل110

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2676**
**هەتا لێی نەدەی گەورە نابێ**

20221118185102446135=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەتا لێی نەدەی گەورە نابێ.
هەتا لێی نەدەی، مەبەست پرۆسەی هەویر شێلانە، کاتێک کابان ئارد بە ئاو تەڕ دەکات و دەیشێلێ، ئاردەکە دەبێتە هەویر، گەورە نابێ، واتە: هەویر دوای شێلان خومرەی تێدەکرێ و بە پەڕۆیەک گەرم دادەپۆشرێ، پاشای هەویرەکە هەڵدێ و قەبارەکەی گەورە دەبێت. وەڵام (هەویر شێلان).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل105

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2677**
**هەتا لێی نەدەی نارِوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118185310446136

هەتا لێی نەدەی نارِوا.
مێخ: سنگ، لە دار درووستدەکرێ، لە دەوری دەوار ڕەشماڵ بە مێکوت دادەکوترێ، (مێکوت: جۆرە چەکوشێکە لە دار درووستدەکرێت، بۆ داکوتانی مێخ بەکاردێت). گوریسی دەوارەکەی پێوە دەبەسترێ (فەرهەنگی شێخانی) مەبەست لە داکوتانی مێخە بە زەویدا. وەڵام (داکوتینی مێخ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل110

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2678**
**هەتا لێیدەی زل دەبێت**

[20220827112035430658=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1]

هەتا لێیدەی زل دەبێت.
لە نەریتی کوردەواردا کاتێک باوان بە گاڵتەوە لە منداڵەکەی دەدات، منداڵەکە دەڵێ: باوکە هەتا لێم نەدەی گەورە نابم، مەتەڵەکە مەبەستی لە گونکی هەویرە، هەتا نانەوا لە نێوانی لەپی دەستەکانیدا، بە گونکەکەدا نەکێشێ، گونکی هەویر گەورە نابێت و نابێتە نان، واتە: بە پیاکێشان نانەکە دەکاتەوە. وەڵام (گونک). [1]


**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 27-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2679**
**هەتا لێیدەی لە خۆی دەڕێ**
20220813071022428164=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



هەتا لێیدەی لە خۆی دەڕێ.
ژنانی کورد ئارد بە هێڵەک دەبێژنەوە، (هێڵەک ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بێژانەوەی ئارد بەکاردێ) هەتا لێیدەی:
مەبەست لەوەیە هەتا هێڵەکی پڕ لە ئارد بجوڵێنرێ و ڕابوەشێندرێ ، ئاردەکە دەبێژێتەوە و پیا دێتەخوار، خۆی دەڕێ:
مەبەست لە هاتنە خواری شتێکە بە کونێکدا، لە مەتەڵەکەدا بە ئارد چووێنراوە کە بە کونی هێڵەکەکەدا دێتەخوار. وەڵام (هێڵەکی ئارد) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2680**
**هەتا لە سەری ڕانەکێشی ناڕوا**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811233424427988



هەتا لە سەری ڕانەکێشی ناڕوا.
لێراکێشان لەبەشە شیوەزاری موکریاندا بەواتای پێداکێشانی شتێک دێت، لەسەری ڕانەکێشی واتە: بەسەریدا نەکێشی، مەتەڵەکە مەبەستی لە بزمارە هەتا بە چەکوش بەسەری بزمارەکەدا نەکێشرێ، ناڕواتە ناو ئەو جێگەیەی پیا دادەکوتێ.
وەڵام (بزمار). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2681**
**هەتا نەیبەستی ئەو بستێ نارِوا رِزگارت دەکا لە بەفر و ئاوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221131420453298

هەتا نەیبەستی ئەو بستێ نارِوا
رِزگارت دەکا لە بەفر و ئاوا
مەبەست لە کالەوپێڵاوە، (کالەوپێلاو: لە کوردەواردا بەتایبەتی لەناوچە شاخاوییەکان، خەڵکی بۆ ئەوەی قاچیان لە بەفر و سەرما بپارێزن، چەرمی ئاژەڵیان لە قاچیان پێچاوە و توند بە بەن بەستوویانە) هەتا نەیبەستی ئەو بستێ نارِوا، مەبەست لە کالەوپێڵاوە، رِزگارت دەکا لە بەفر و ئاوا، واتە: دەتپارێزێ لە سەرما. وەڵام (کالەوپێڵاو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: رِۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەرِاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل64

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022
ناوی تۆمارکار: رِێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2682**
**هەتا نەیبەستی نارِوا**
20220828112622430871=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



هەتا نەیبەستی نارِوا.
مەتەڵ وەکو بابەت رۆچۆتە ناو کاڵا و شتە زۆر تایبەتییەکانی مرۆڤەوە، زۆر شتی پێویستی رۆژانە، لەلایەن کەسە مەتەڵ زانەکانەوە کراوەتە مەتەڵ، هەتا نەیبەستی نارِوا، مەبەست لە کاڵەوپێلاو یان هەندێک جۆری کڵاشە کە قەیتانی هەیە، لە قۆناغەکانی پێشوودا، لەپێکراوە و بەقەیتان توند بەستراوە. (کاڵەوپێلاو: لە چەرمی ئاژەڵ دروست کراوە و لە پێوە پێچراوە، بە قەیتانی لە پێستە خۆشکراو توند بەستراوە، بۆ ناو بەفر و رێگەوبان بەکارهاتووە). وەڵام (قەیتان). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-28
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2683**

**هەتا وێتدەن پێت خۆشە**

20221118182728446124=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەتا وێتدەن پێت خۆشە.
وێتدەن: لە بەشە شێوەزاری موکریان بەتایبەت پشدەر بەکاردێت، بەواتای شتێک بدەن بە کەسێک، مەبەست لە خۆراکە بە منداڵ. وەڵام (خواردن بە کەوچک بۆ منداڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل109

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2684**
**هەتا وەپێش نەکەوی، وەدووت ناکەوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220813081946428171



هەتا وەپێش نەکەوی، وەدووت ناکەوێ.
بانگێڕان یەکێکە لە کارەکانی گوندنشینان، بە ئامێری باگردێن ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی بانی گڵ توند ببێتەوە و ئاو دانەدا، هەتا وەپێش نەکەوی، وەدووت ناکەوێ: مەبەست لە بان گێڕانە بە باگردێن، ئەوکەسەی بان دەگێڕێ، پێویستە خۆی پێشکەوێ و باگردێنەکە بە دوای خۆیدا ڕاکێشێ. وەڵام (باگردێن). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2685**
**هەتا کلکی گا ڕەش لێنەکەیەوە ناخورێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811224408427973



هەتا کلکی گا ڕەش لێنەکەیەوە ناخورێ.
لەناو ژیانی کشتوکاڵیدا جوتیاران گای ڕەش بەکاردێنن بۆ جووتکردن یان باربردن، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە مێوژە کە بە گا چووێنراوە چونکە هەردووکیان کلکیان هەیە، کلکی گا ڕەش: مەبەست لە قنچکی مێوژە، گا ڕەش: مەبەست لە مێوژە ڕەشە واتە: تا مێوژ قنچکەکەی لێنەکرێتەوە ناخورێ. وەڵام (مێوژ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2686**
**هەتا کلکی لێنەکەنەوە ناچێتە کوون**

[20230803204614511532=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230803204614511532)

هەتا کلکی لێنەکەنەوە ناچێتە کوون.
مەتەڵەکە مەبەستی لە مێوژە کە بە شتێک چووێنراوە کلکی هەبێت، کلکی مەبەست لە قنچکی مێوژە، ناچێتە کون، مەبەست لە دەمی مرۆڤە، واتە: تا مێوژ قنچکەکەی لێنەکرێتەوە ناخورێ. مێوژ شەوچەرەی دیوەخانی وڵاتی کوردەوارە. وەڵام (مێوژ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل105
کاتی تۆمارکردن: 03-08-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2687**

**هەتاکەر زا جاشک چووە سەربان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118184346446132

هەتاکەر زا، جاشک چووە سەربان.
زا: مەبەست لە کردری زایینە کە بۆ ئاژەڵ بەکاردێت، جاشک: مەبەست لە بێچووی کەرە (بێچووی تازە زاو) ، هەتاکەر نەزا، واتە: هەتا لە خوارەوە بە دار ئاگر نەکرایەوە، جاشک چووە سەربان، واتە: دووکەڵی ئاگری دار بۆ ئاسمان بەرز نەبووەوە. وەڵام (دووکەڵی ئاگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل105

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2688**
**هەتا کەرەکەم بەستەوە جاشکەکە گەشتە سەربان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118184615446133

هەتا کەرەکەم بەستەوە، جاشکەکە گەشتە سەربان.
کەر: ئاژەڵێکی ماڵییە، مرۆڤ لە مێژەوە وەک باربەر بەکاری هێناوە، جاشک: مەبەست لە بێچووی کەرە، هەتا کەرەکەم بەستەوە، مەبەست لەوەیە هەتا بە دار ئاگرم کردەوە، جاشکەکە گەیشتە سەربان، واتە: دووکەڵی ئاگری دارەکە بەرزبۆوە بۆ ئاسمان و گەشتە سەربان. وەڵام (دووکەڵی ئاگر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل105

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2689**

**هەتا کەمبێ زۆرە، هەتا زۆربێ کەمە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811234107427989

هەتا کەمبێ زۆرە، هەتا زۆربێ کەمە.
لای مرۆڤ ڕوون نییە کە تەمەنی چەند دەبێ و چەند دەژی بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە کەسێک هەتا منداڵ بێت تەمەنی کەم ڕۆشتووە هەروەها کەسێک تەمەنی زۆر بێت، کەمی بەبەرەوە ماوە بۆ ژیان، هەتا زۆر بێ کەمە واتە: هەتا مرۆڤ تەمەنی زۆر بێ، کاتی ژیانی کەم دەبێتەوە، بە پێچەوانەشەوە، هەتا تەمەن کەم بێ، کاتی ژیان زۆرە. وەڵام (تەمەن). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 11-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2690**
**هەتاشان و مەتاشان توتنە سەوزەی گەڵا پان، لە گوێی دەکرێ قولاپان بە دەستی دایە و بابان**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806060655426751](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806060655426751)



هەتاشان و مەتاشان توتنە سەوزەی گەڵا پان، لە گوێی دەکرێ قولاپان بە دەستی دایە و بابان
هەتاشان و مەتاشان: ئەم دەستەواژەیە تەنیا بۆ جوانکاری مەتەڵەکە هاتووە, توتنە سەوزەی گەڵا پان: مەبەستی لە گەڵای توتنە کە ڕەنگی سەوزە و پانە, لە گوێی دەکرێ قولاپان واتە: کاتێ گەڵای توتن پێدەگا, یەک یەک بەهۆی شیشەوە دەکرێ بە پەتەوە و هەڵدەخرێ , بە دەستی دایە و بابان واتە: ئەم کارە زیاتر بە دەستی دایک و باوک ئەنجام دەدرێ. وەڵام تووتن پێوەکردن. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2691**
**هەتاڵاش و مەتاڵاش ماندوونەبی خاڵە جاش**

[20230913230913520523=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913230913520523)

هەتاڵاش و مەتاڵاش
ماندوونەبی خاڵە جاش
هەتاڵاش و مەتاڵاش، دەستەواژەیەکی بێواتایە، بۆ خۆش وتن، جوانکاریی و ئاوازی موزیکیی پەندەکە هاتووە، بۆ ئەوەی مەتەڵ لە زاری مەتەڵسازەوە سەرنجراکێشبێت، ماندوونەبی خاڵەجاش، مەبەست لە ئاژەڵی ڕەقەیە، ڕەقە: گیانەوەرێکی ئاوی کلکدارە، وەک کیسەڵ وایە (فەرهەنگی خاڵ). وەڵام (ڕەققە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل150

کاتی تۆمارکردن: 13-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2692**
**هەتیتە کونە مەتیتە کونە قاچ باریک مل تووکنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118172720446096

هەتیتە کونە مەتیتە کونە
قاچ باریک مل تووکنە
هەتیتە: پارچە پۆڵایەمی کون کونە زەڕەنگەرەکان تاڵە زێڕی پیا ڕادەکێشن، بۆ ئەوەی باریک و لووس بێت (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) هەتیتە کونە و مەتیتە کونە، مەبەست لە دەزگای هەتیتەیە، قاچ باریک و مل تووکنە، مەبەست لە تەشییە، (تەشی: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ یان کوڵکی مەرەز بەکاردێت) . وەڵام (تەشی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل106

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2693**
**هەتیوەکەی هەقلیمەقۆ سەرباریک و ورگ مەشکە دۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211193359450445

هەتیوەکەی هەقلیمەقۆ
سەرباریک و ورگ مەشکە دۆ
مەبەست لە گیانەوەری بزنمژەیە، (بزنمژە: گیانەوەرێکە لە شێوەی قۆڕیلە، قەبارەی گەورەترە، کێوییە و لە گەرمیان و کوێستانی کوردستاندا هەیە، گوانی ئاژەڵە شیردەرەکان دەمژێ) هەتیوەکەی هەقلیمەقۆ، (هەقلیمەقۆ: هاوارهاوار، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە بزنمژەیە کە گوانی مەڕ و بزن دەگرێ و دیمژێ، هاوار لە شیردەرەکە بەرزدەکاتەوە چونکە لەگەڵ مژیندا دەیگەزێ، لەمەتەڵەکەدا بزنمژە چووێنراوە بە هەتیوێکی لابار کە هەر ڕۆژەی لەلایەک هەرادەنێتەوە، سەرباریک و ورگ مەشکە دۆ، وەسفی بزنمژە دەکات کە سەری باریک و سکی گەورەیە. وەڵام (بزنمژە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69
کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2694**

**هەتێ و مەتێ، لە کون دەردێ، تیر نایگاتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730081421425449

هەتێ و مەتێ، لە کون دەردێ، تیر نایگاتێ
هەتێ و مەتێ: بۆ جوانکاری و مۆسیقای مەتەڵەکەیە یان بۆ سەرلێشێواندنی ئەوکەسەیە کە مەتەڵەکەی لێدادەهێنرێ ، لە کون دەردێ: مەبەستی لوولەی تفەنگە، تیر نایگاتێ: مەبەستی لە گوللەیە کە دەتەقێندرێ، زۆر خێرا دەڕوات و تیر نایگاتێ.
وەڵام گوللە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2695**

**هەتەتۆ مەتەتۆ سەرباریکی کین قۆتۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013185411526010

هەتەتۆ مەتەتۆ
سەرباریکی کین قۆتۆ
وەڵام (درەوش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل23

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2696**
**هەتەرۆک مەتەرۆک**

[20220927165918436354=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927165918436354)

هەتەرۆک مەتەرۆک
سەری بابت کەچەرۆک
هەتەرۆک و مەتەرۆک، دەستەواژەیەکە بۆ سەروای شیعری مەتەڵەکە هاتووە، مەبەست لە سندۆڵە، (سندۆڵ یان جۆنی: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە بەرد درووستدەکرێت، ساف و لووسە، بۆ کوتانی دانەوێڵە بەکاردێت) لە مەتەڵەکەدا بە سەری کەسێکی کەچەڵ چووێنراوە. وەڵام (جۆنی یان سندۆڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل57

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2697**
**هەتەکان و مەتەکان کەوی شاخی قوتەکان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118172430446095

هەتەکان و مەتەکان
کەوی شاخی قوتەکان
مەبەستی مەتەڵەکە نێرکەپیازە، هەتەکان و مەتەکان، دەستەواژەیەکی بێواتایە، لەبەرکێش و سەرواى شیعری مەتەڵەکە هاتووە، کەوی شاخی قوتەکان، شوێنی مانەوە و حەوانەوەی کەو لە شاخەکاندایە، مەبەست لە نێرکی پیازە کە دەڕوێ قوتدەبێتەوە، لە مەتەڵەکەدا بە شاخی قوت بەراوردکراوە. وەڵام (نێرکەپیاز) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل105
کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2698**
**هەتەڵ مەتەڵ مەتۆزێ مانگای حەسەن گەڵۆزێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211192754450443

هەتەڵ مەتەڵ مەتۆزێ
مانگای حەسەن گەڵۆزێ
مەبەستی مەتەڵەکە هەنگ یان مێشهەنگە، (هەتەڵ: مەتەڵ. موتۆز: تۆزێک) هەتەڵ مەتەڵ مەتۆزێ، ئەم دەستەواژەیە ئاوازی موزیکی هۆنراوەکەی جوان کردووە، بەواتای ئەوەی مەتەڵ تۆزێکە کە مەبەست لە هەنگە، مانگای حەسەن گەڵۆزێ، (گەڵۆز: بەتاڵێی نێوان دوو ڕان. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: مانگای کەسێک چۆن گوانەکانی لەنێوان دوو ڕانیدا پڕ بەرهەمە، هەنگیش بەو بچووکییە پڕ بەرهەمە. وەڵام (هەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2699**

**هەتەڵ مەتەڵ مەتیزە پۆپە کلکی نەقیزە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920194522522039

هەتەڵ مەتەڵ مەتیزە
پۆپە کلکی نەقیزە
هەتەڵ بەواتای مەتەڵ دێت، مەتیزە یان مەیزە: بەواتای تەماشاکردن بەکاردێت (فەرهەنگی کانی) ، نەقیزە: داردەستێکی درێژە، نووکێکی تیژی هەیە، وڵاخی پێلێدەخورێت (فەرهەنگی خاڵ) ، هەتەڵ مەتەڵ مەتریزە، واتە: مەتەڵساز داوا لە گوێگر دەکات کە لە وشەکانی مەتەڵ وربیێتەوە و تەماشای بکات، پۆپە کلکی نەقیزە، مەبەست لە دووپشکە کە کلکی بە نەقیزە چووێنراوە.
وەڵام (دووپشک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل23

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2700**

**هەچکەی دوو گوێچکە، باربەری هیچ نەکەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230924222717523211

هەچکەی دوو گوێچکە، باربەری هیچ نەکەر.
هەچکە: ناوی بچووکراوەی هەچەیە، بۆ لێخوڕنی کەر بەکاردێت، هەچکەی دوو گوێچکە، مەبەست لە کۆڵەکەی دارە، لە سەرەوە دوو گوێچکەی هەیە، لە کوردەوارد چوار دانە دادەنرێت و کەپری پێ دروستدەکرێت، باربەری هیچ نەکەر، واتە وەک کەر دوو گوێچکەی هەیە و باری لەسەریە کە مەبەست لە کەپرە، بەڵام هیچ کاریێ ناکات. وەڵام (کۆڵەکەی کەپر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2701**

**هەر ئاویش کەر نیە، هاڵی بووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013193505526025

هەر ئاویش کەر نیە، هاڵی بووە.
وەڵام (سافی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: لەک
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل29

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2702**
**هەر ئەڕوا و لێی بەرئەبێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825083033430196

هەر ئەڕوا و لێی بەرئەبێ.
مەبەستی مەتەڵەکە شوێن (پێ) یە بەڵام بە جۆرێک وتراوە کە خەیاڵی مرۆڤ بۆ شوێنێکی تر بەرێت و سەری لێتێکبدات بۆ ئەوەی بە ئاسانی وەڵامەکە نەدۆزێتەوە، ڕۆشتنی مرۆڤ بە پێیە، کاتێک بە جێگەیەکدا دەڕوات کە بەفر یان قوڕ بێت، جێگەی پێی جێدەمێنێ، هەر ئەڕوا و لێی بەرئەبێ واتە: شوێنی پێکانی جێدەمێنێ. وەڵام (شوێن پێ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27

کاتی تۆمارکردن: 25-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2703**

**هەر بە غار سوارەک هات، دای لە دیوار ڕمبی لێهات، هەزار دەنکۆڵەی لێدەرهات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730082326425451



هەر بە غار سوارەک هات، دای لە دیوار ڕمبی لێهات، هەزار دەنکۆڵەی لێدەرهات
مەبەستی لە هەناری وشککراوەی هەڵگیراوە کە لە وەرزی زستاندا دەخورێ , لە ئەنجامی هەڵگرتن توێکڵکەی زۆر ڕەق دەبێ, بە دیواردا دەکێشرێ و دیواری توێکڵی هەنارەکە دەشکێ , دەنکە هەنارەکان بڵاودەبنەوە. وەڵام هەنار.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2704**

## هەر جێیەک گای سووری لێ بنوێ، گیای لێ سەوز نابێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220829103734430964

هەر جێیەک گای سووری لێ بنوێ، گیای لێ سەوز نابێ.
جوتیاری کورد لە وڵاتی کوردەواردا، بە گا جووت دەکات، باشترین گا، گای ڕەشی چاو سوورە، هەر جێیەک گای سووری لێ بنوێ، لە مەتەڵەکدا مەبەست لە (ئاگر) ە کە بە گای سوور بەراورد کراوە، گیای لێ سەوز نابێ واتە: لە هەر جێگەیەک ئاگر بکەوێتەوە، گیای سەوزی لێ نامێنێت. وەڵام (ئاگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولآت: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل30

کاتی تۆمارکردن: 29-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2705**

**هەر چوار پەلیم لە حەواکرد چەپ و چۆپم لێپەیداکرد**

20221118175540446106=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەر چوار پەلیم لە حەواکرد
چەپ و چۆپم لێپەیداکرد
هەر چوار پەلیم لە حەواکرد، مەبەست لە مەشکەیە کە بە سێپاییەکەیەوە بە چوار پەل هەڵدەواسرێ، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنی دۆ بەکاردێ) چەپ و چۆپم لێپەیداکرد، مەبەست لە دەنگی ژەنینی دۆیە کە بە چەپ و چۆپ لە مەتەڵەکەدا هاتووە. وەڵام (مەشکە ژەنین) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل106

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2706**

**هەر چوار دەوری ئاوە ناوی ئاگرە نازداری دیوەخان و ژوورە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210130316450098

هەر چوار دەوری ئاوە
ناوی ئاگرە
نازداری دیوەخان و ژوورە
مەبەست لە سەماوەرە، (سەماوەر ئامێرێکە بۆ گەرمکردنی ئاو و لێنانی چا) هەر چوار دەوری ئاوە. مەبەست لەناو سەماوەرە کە حەوزەکەی پڕدەکرێ لە ئاو، ناوی ئاگرە، واتە: سەماوەر وا ڕێکخراوە لوولەکێشی ئاگرەکەی لە ناوڕاستدایە و ئاویش بەدەوریایەتی، نازداری دیوەخان و ژوورە، واتە: لە ژووردا دادەنرێ بۆ چالێنان. وەڵام (سەماوەر).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل67

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2707**

**هەر چواردەوری ئاگرە ناوەندی ئاوە ئەگەر بیزانی ئەقڵت تەواوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118165335446081

هەر چواردەوری ئاگرە
ناوەندی ئاوە
ئەگەر بیزانی ئەقڵت تەواوە
هەر چواردەوری ئاگرە، مەبەست لە ئامێری سەماوەرە کە بە ئاگر گەرم دەکرێت، ناوەندی ئاوە، مەبەست لە ئاوی ناو سەماوەرە کە بە ئاگر دەورەدراوە، ئەگەر بیزانی ئەقڵت تەواوە، بە کەسێک هۆشیار دەوترێ کە وەڵامی مەتەڵەکە بزانێت.
وەڵام (سەماوەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل107

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2708**

**هەر چەند بیکێشی کەم دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927191426436371

هەر چەند بیکێشی کەم دەکا.
مەتەڵەکە مەبەستی لە کێشانی جگەرەیە، جگەرە یان کێشانی تووتن لە کوردەواردا مێژوویەکی دێرینی هەیە، واتە: هەتا بکێشرێ توتنەکەی کەم دەبێتەوە. وەڵام (جگەرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل55

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2709**
**هەر چەند غاربدات**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927185222436364](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927185222436364)

هەر چەند غاربدات
لەجێی خۆی ناڕوات
غاردان: ڕاگردن، مەکینەی دروومان ئامێرێکە کە کاری دروومانی پێ ئەنجامدەدرێت، قایشێکی پێوەیە کە لەگەڵ کارکردندا، لەجێگەی خۆی هەڵدەسوورێت. وەڵام (قایشی مەکینەی دروومان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل58

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2710**

**هەر دەخوا و تێرنابێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212214358450630

هەر دەخوا و تێرنابێ.
مەبەست لە مقەستی جل بڕینە، (مقەست: ئامێرێکی دەستییە، بۆ بڕینی جلوبەرگ بەکاردێ) هەر دەخوا و تێرنابێ، مەبەست لە کاتی بڕینی قوماش یان جلوبەرگە لەلایەن بەرگدرووەکەوە، واتە: مقەست هەتا پێی ببڕی هەر دەبڕێ، چووێنراوە بە کەسی زۆرخۆر، هەتا بخوا تێرنابێ. وەڵام (مقەست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل68

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2711**

**هەر دەستی پاشایە دادەنیشی گەدایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210193237450230

هەر دەستی پاشایە
دادەنیشی گەدایە
مەبەست لە ڕەشماڵە، (ڕەشماڵ: ماڵی هاوینەی کوردەوارە، پێشی دەوترێ تاوڵ یان دەوار) هەر دەستی پاشایە، واتە کە دەوار هەڵدەدرێ گەورە و بەرزە چووێنراوە بە پاشا، دادەنیشی گەدایە، واتە: کە کۆدەکرێتەوە بچووک دەبێتەوە، چووێنراوە بە کەسی هەژار. وەڵام (دەوار، تاوڵ، ڕەشماڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل67

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2712**

**هەر دەم لە ماڵە گەە شەکرە گەە تاڵە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210130013450096

هەر دەم لە ماڵە
گەە، شەکرە
گەە، تاڵە

مەبەست لە زمانی قسەکردنی مرۆڤە، هەردەم لە ماڵە، واتە: زمان هەمیشە لەناو دەمدایە و ئامادەیە بۆ قسە و گفتوگۆ، گەە شەکرە، واتە: هەندێک جار زمانی قسەکردن زۆر شیرینە و چووێنراوە بە شەکر، گەە تاڵە، واتە: هەندێک جار زمان خراپ دەگەڕێت و گفتولفتی تاڵە. وەڵام (زمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا، هەولێر ل67

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2713**

**هەر دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە**

[20230104184646456496=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104184646456496)

هەر دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە.
مەبەست لە نینۆکی پەنجەی مرۆڤە، سرووشتی نینۆکی پەنجەی دەست و قاچی مرۆڤ وایە کە بەردەوام لە گەشەدایە و زیاد دەکات و درێژ دەبێت، لە دەم و کاتی جیاوازدا نینۆکەکان دەقرتێنرێن، هەر دەمرێ، مەبەست لەو بەشەی نینۆکە کە درێژ دەبێت و دەقرتێنرێ، زیندوو دەبێتەوە، مەبەست لەو بەشەی نینۆکە کە لە گەشەدایە. وەڵام (نینۆک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل135.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2714**

**هەر دەڕوا و پشتێن دەبەستێ**

[20221212214801450631=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221212214801450631=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

هەر دەڕوا و پشتێن دەبەستێ.
مەبەست لە قامیشە، (قامیش: دەوەنێکە لە دەم چەم و ڕووبارەکان لە گەرمیان و کوێستانی وڵاتی کوردەواردا دەڕوێ، قەدێکی درێژی گرێ گرێی هەیە. هەر دەڕوا، واتە: قامیش هەر بەرز دەبێتەوە و درێژ دەبێت، پشتێن دەبەستێ، مەبەست لە گرێی قامیشە. وەڵام (قامیش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل65


کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2715**

**هەر دەڕوا و سێبەری نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118201504446182

هەر دەڕوا و سێبەری نییە.
بەپێی زانستی جوگرافیا با لە پەستانی بەرزەوە بۆ پەستانی نزم دێت، واتە: لە چیاکانەوە بۆ دەشتەکان دەکشێت، مەبەست لە (با) یە کە سێبەری نییە. وەڵام (با) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل106

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2716**
**هەر دەڕوا و لاناکاتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118203658446201

هەر دەڕوا و لاناکاتەوە.
لاناکاتەوە: ئاوڕناداتەوە، مەبەست لە ئاوی چەم یان ڕووبارە کە بەردەوام لەبەری دەڕوات، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە. وەڵام (ئاوی ڕووبار یان چەم) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل106

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2717**

**هەر دەڕۆی بەجێی دێڵی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811225310427976

هەر دەڕۆی بەجێی دێڵی.
شوێنی پێ پاشماوەی ڕۆیشتنە، لە کوردەواردا کەسانێک هەن شوێن پێ هەڵگرن، واتە: دەزانن کێ لە کوێوە ڕۆیشتووە، ئاڕاستەی ڕۆیشتنەکە دیاری دەکەن، مەبەست لە شوێنی پێی مرۆڤە کە لە کاتی ڕۆشتن بەناو قوڕ و لیتەدا یان بەناو بەفردا، شوێن پێ بەجێ دەهێڵێ . وەڵام (شوێن پێ ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2718**
**هەر دەڕۆیت و لێت بەجێدەمێنێ**
20221118202927446198=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەر دەڕۆیت و لێت بەجێدەمێنێ.
مەبەستی مەتەڵەکە تەمەنە، هەموو زیندەوەرێک بەتایبەت مرۆڤ لەسەر زەوی کاتێکی دیاریکراو دەژیی، واتە: ئەو ڕۆژەی لەدایک دەبێت، ڕۆژێکیش دێت کە دەمرێ، هەتا ڕۆژەکانی ژیانکردن بچێتەپێش و زیاد بکات، ئەوەندە لە تەمەن کەم دەکات.
وەڵام (کاتی تەمەن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل106

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2719**

**هەر دەڕۆیت و نایگەیتێ**

20220825193222430321=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەر دەڕۆیت و نایگەیتێ.
لە کاتی دەرکەوتنت ڕۆژدا، تیشکی خۆر لە پشتی هەر شتێک بدات، بەری پێشەوەی دەکات بە سێبەر کە مەبەستی مەتەڵەکەیە، هەر دەڕۆیت و نایگەیتێ، مەبەستی لە کەسێکە کە بە ڕۆژ، لەبەر هەتاو بەرێگەدا دەڕوات، چەندە بڕوات ناتوانێت بگات بە سێبەرەکەی. وەڵام (سێبەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل27

کاتی تۆمارکردن: 25-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2720**

**هەر دەیبڕی و درێژ دەبێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118203902446203

هەر دەیبڕی و درێژ دەبێ.
مەبەست لە قژی سەر یان نینۆکی پەنجەکانی مرۆڤە. قژ و نینۆک دوو بەشی جەستەی مرۆڤن، بەردەوام زیاد دەکەن، پێویستیان بە بڕین و کورتکردنەوە هەیە. وەڵام (نینۆک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل106

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2721**
**هەر دەیدووری و درێژ دەبێتەوە**

20230920195236522047=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەر دەیدووری و درێژ دەبێتەوە.
دوورین لە زمانی کوردیدا بۆ بەرگ یان دوورینەوەی دەغڵ بەکاردێت، هەر دەیدووریت، مەبەست لە ڕیشی پیاوە کە بە مووس دەتاشرێت، درێژ دەبێتەوە، مەبەست هاتنەوەی ڕیشە، کە بەردەوام دەتاشرێت لەگەڵ ئەوەدا بەردەوان دێتەوە و درێژ دەبێتەوە. وەڵام (ڕیش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل26

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2722**

**هەر ساڵێ ساڵێ، هەر دەورێ دەورێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927171848436357

هەر ساڵێ ساڵێ، هەر دەورێ دەورێ
دوو ئاو لە جامێ، هەریەک لە ڕەنگێ
دەور: چەرخی ڕۆژگار، هەر ساڵێ ساڵێ، هەر دەورێ دەورێ واتە: لە هەموو ساڵێک و لە هەمووکات و چەرخ و ڕۆژگارێکدا هەیە، دوو ئاو لە جامێ، مەبەست لە زەردێنە و سپێنەی هێلکەیە، لە شلیدا بە ئاو و قەپاغی هێلکەش بە جام چووێنراوە، هەریەک لە ڕەنگێ مەبەست لە سپێنە و زەردێنەیە کە ڕەنگیان زەرد و سپییە. وەڵام (زەردێنە و سپێنەی هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل56

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2723**
**هەر لێرە هەتا بەغدایە هەموو گوریسی یەکلایە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107201542457159](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107201542457159)

هەر لێرە هەتا بەغدایە
هەموو گوریسی یەکلایە
مەبەست لە دەوارە، (دەوار: لە کوردەواردا پێشی دەوترێ: تاوڵ یان ڕەشماڵ، ماڵی هاوینەی کۆچەرانی کوردە) هەر لێرە هەتا بەغدایە، مەبەست لە دوو جێگەی دوور لەیەکە، هەموو گوریسی یەکلایە، واتە: تاوڵ بۆ چنین هێندەی داو دەوێ، بە ئاندازەی ئێرە بۆ بەغدا. وەڵام (داوی دەوار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل177.

کاتی تۆمارکردن: 07-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2724**

**هەر لێرە هەتا خۆراسان بەخزمە خزمی داسان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118175145446105

هەر لێرە هەتا خۆراسان
بەخزمە خزمی داسان
خۆراسان: لە کوردەواردا پێشی دەوترێ (کوردخانە) لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێستەی وڵاتی ئێران زیاتر لە سێ ملیۆن کوردی لێدەژیی. هەر لێرە هەتا خۆراسان، مەبەست لە جێگەیەکی دوورە، بە خزمە خزمەی داسان، مەبەست لە بارینی تەرزەیە کە لە جێگەیەکی زۆر دەبارێت. وەڵام (تەرزە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل107

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2725**

**هەر لێرە هەتا دەرگەزێن، هەمووی سۆفی سەرلەرزێن**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819090433429071](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819090433429071)

هەر لێرە هەتا دەرگەزێن
هەمووی سۆفی سەرلەرزێن
دەرگەزێن: ناوی گەڕەکێکە لە شاری سلێمانی، هەر لێرە هەتا دەرگەزێن، مەبەست لە پانتاییەکی درێژ و دوورە، هەمووی سۆفی سەرلەرزێن، مەبەستی لە شەکرۆکەی کەرتەشییە، کەڵڵەیەکی زل و قەدێکی باریکی هەیە کە با لێی دەدات دەلەرزێ، (ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی بیست، دەوروبەری گەڕەکی دەرگەزێن، کەرتەشی زۆری لێبووە) لە مەتەڵەکەدا بە سۆفی چووێنراوە کە زکر دەکات. وەڵام (شەکرۆکە) ناوکی کەرتەشییە کە بەدرک داپۆشراوە، تامی کەمێک شیرینە (فەرهەنگی خاڵ). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی]
کاتی تۆمارکردن: 19-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2726**
**هەر لێرە هەتا شارەزوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927185008436363

هەر لێرە هەتا شارەزوور
هەمووی قەشەی ڕدین سوور
قەشە: پلەی ئایینی پیاوی کریستیان، ڕدێن: واتە ڕیش. هەر لێرە هەتا شارەزوور، مەبەست لەنێوانی دوو جێگەی دوورە، هەمووی قەشەی ڕدێن سوور، مەبەست لە زەردەواڵەیە کە سووری ڕەنگی سەریان بە ڕیشی قەشە بەراوردکراوە. وەڵام (زەردەواڵە) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل57

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2727**

**هەر لێرە هەتا شارەزوور ترک ترکی سمێڵ سۆر**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210193600450234](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210193600450234)

هەر لێرە هەتا شارەزوور
ترک ترکی سمێڵ سۆر
مەبەست لە ژەنگە سوورەیە، (ژەنگەسوورە: گیانەوەرۆچکەیەکی کێویی باڵداریی ژەهراویی شەرکەرە) ، شارەوور: ناوچەیەکی کوردەواریی مێژوویی گرنگە، سەربە بەشە شێوەزاری سلێمانییە، هەر لێرە هەتا شارەزوور، مەبەست لە دووری نێوان دوو شوێنە، ترک ترکی سمێڵ سوور. (ترک: ڕەگەزی تورک. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ژەنگەسوورەی بە تورک چوواندووە. وەڵام (ژەنگەسوورە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا، هەولێر ل67]()

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2728**
**هەر لێرە هەتا شارەزوور هەمووی قەشەی ڕدێن سوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210194715450257

هەر لێرە هەتا شارەزوور
هەمووی قەشەی ڕدێن سوور
مەبەست لە ژەنگە سوورەیە، (ژەنگەسوورە: گیانەوەرۆچکەیەکی کێویی باڵداریی ژەهراویی شەرکەرە) ، شارەوور: ناوچەیەکی کوردەواریی مێژوویی گرنگە، سەربە بەشە شێوەزاری سلێمانییە، هەر لێرە هەتا شارەزوور، مەبەست لە دووری نێوان دوو شوێنە، هەموو قەشەی ڕدێن سوو، (قەشە: پیاوی ئایینی کریستیانی، ڕدێن: ڕیش) مەتەڵەکە ژەنگەسوورەی بە قەشەی ڕیش درێژ چوواندووە. وەڵام (ژەنگەسوورە). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل67

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2729**

**هەر لێرە هەتا قلیاسان، هەموو خرینگە خرینگەی داسان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220822090425429612

هەر لێرە هەتا قلیاسان
هەموو خرینگە خرینگەی داسان
قلیاسان گەرەکێکە لە شاری سلێمانی، هەر لێرە هەتا قلیاسان، مەبەست لەنێوان دوو جێگەی دیاریکراوە، هەموو خرینگە خرینگەی داسان (داس: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ دروێنەی دانەوێلە بەکاردێ) داس کە کاری دروێنەی پێدەکرێ، لەکاتی بڕینی لاسکی گەنمدا دەنگێ درووست دەکات پێی دەوترێ: خرینگە، مەتەڵەکە مەبەستی لە بارینی تەرزەیە، دەنگی بارینەکەی چوواندووەن بە خرینگەی داس. وەڵام (تەرزە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل23

کاتی تۆمارکردن: 22-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2730**

**هەر لێرە هەتا مزوور هەمووی چەتەی کڵاو سوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210193811450239

هەر لێرە هەتا مزوور
هەمووی چەتەی کڵاو سوور
مەبەست لە ژەنگەسوورەیە، (مزوور: ناوی دێیەکە لە ناوچەی ئامێدیی. فەرهەنگی خاڵ)، هەر لێرە هەتا مزوور، مەبەست لە دووری نێوان دوو شوێنە، هەمووی چەتەی کڵاو سوور، مەبەست لە ژەنگەسوورەیە کە بە چەتەی ناوبردوون. وەڵام (ژەنگەسوورە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل67

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-10

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2731**

**هەر لێرە هەتا مەککە، هەموو شەکی چاوبەڵەکە، گشتی بەقسری گوان ئەک**

[20220818081925428915=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220818081925428915)

هەر لێرە هەتا مەککە
هەموو شەکی چاوبەڵەکە
گشتی بەقسری گوان ئەکا

شەک: بەرخێک پێینابێتە ساڵی دووەم، لە هەرەتی جوانی و جووڵەدا بێت، قسر: بە مێینەی ماڵات ئەوترێ کە ساڵێک تەمەنی بێت و ئاوسی نەبووبێ (فەرهەنگی خاڵ) هەر لێرە هەتا مەککە، لە سەدەکانی ڕابردوودا خەڵکی بە پێ چوون بۆ شاری مەککە، مەبەستی لەنێوان دوو جێگەی زۆر دوورە لەیەکەوە، هەموو شەکی چاوبەڵەکە واتە: نێوانی ئەو دوو جێگە دوورە، پڕە لە کچی چاوجوانی گەنج، گشتی بەقسری گوان دەکات واتە: هەموویان سنگیان کردووە و مێردیان نەکردووە، جەستەیان پڕ و تەواوە. وەڵام (کچ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2732**

**هەر لێرە هەتا کرماشان گشتی دێوانەی کوتەک بەشان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107202142457161](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107202142457161)

هەر لێرە هەتا کرماشان
گشتی دێوانەی کوتەک بەشان
مەبەست لە کەرتەشییە، (کەرتەشی: ڕووەکێکی سرووشتییە بەرەکەی دڕکێکی تیژ دەگرێ، شەکرۆکەیەکی کەناودایە) هەر لێرە هەتا کرماشان، (کرماشان: ناوی شارێکی کوردستانە) مەبەست لە دووری نێوان دوو جێگەیە، گشتی دێوانەی کوتەک بەشان، مەبەست لە کەرتەشییە کە سەرەدڕکاوییەکەی بە کوتەک چووێنراوە. خۆشی وەک دێوانە و شێت، بەر هەر کەسێک بکەوێ دڕکەکەی بریینداری دەکات. وەڵام (کەرتەشی). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل188.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2733**

**هەر لێرە هەتا کەرکووک هەمووی ڕوومەت سوور و سپی وەک بووک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212212354450621

هەر لێرە هەتا کەرکووک
هەمووی ڕوومەت سوور و سپی وەک بووک
مەبەست لە کڵووکە، کڵووک: شکۆفەی دار (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) هەر لێرە هەتا کەرکووک، (کەرکووک شارێکی کوردەوارە) مەبەست لەنێوانی دوو جێگەی دوور لەیەکە، هەمووی ڕوومەت سوور و سپی وەک بووک، مەبەست لە کوڵکی دارە کە تازە شکۆفە دەکات. واتە: هەموو ناوچەکە شکۆفەی دارە. وەڵام (کڵووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل67

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2734**

**هەر لێرە هەتاکوو شام هەمووی خواردن و ترێ و تەعام ماڵەوماڵ خێوی حەرام**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118165615446082

هەر لێرە هەتاکوو شام
هەمووی خواردن و ترێ و تەعام
ماڵەوماڵ خێوی حەرام

هەر لێرە هەتاکوو شام، (شام: وڵاتی شام، مەبەست لە وڵاتانی سووریا، لوبنان و ئوردونە) لێرەوە تا شام ڕێگەیەکی دوور و دەیان هەزار ماڵ و خاێزانی لێدەژیی، هەمووی خواردن و ترێ و تەعام، ماڵەوماڵ خێوی حەرام، واتە: لێرەوە تاکوو وڵاتی شام چی ئافرەت تیایە هەمووی وەکوو خواردن بەتامن و لەمن حەرامن. وەڵام (کچ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل109

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2735**

**هەر لێرەڕا هەتا مەککە بەخێری ئەنگۆ هۆرداسان دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212212855450622

هەر لێرەڕا هەتا مەککە
بەخێری ئەنگۆ هۆرداسان دەکا
مەبەست لە هەورەگرمەیە، (مەککە: مەبەست لە شاری مەککەیە)، هەر لێرەڕا هەتا مەککە، مەبەست لەنێوانی دوو جێگەی زۆر دوورە لەیەکەوە، (ئەنگۆ: ئێوە)، بەخێری ئەنگۆ هۆرداسان دەکا، واتە: لێرەوە تا جێگەیەکی دوور ئاسمان هەورەگرمە دەکات، بۆ ئەوەی بۆ خێری ئێوە باران بباریێ. وەڵام (هەورەگرمە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2736**
**هەر لەبەیانی هەتا ئێوارێ خۆڵ وەسەردەکا ئێوارە بێگەردە بەرگی زیو لەبەردەکا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913230726520522](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913230726520522)

هەر لەبەیانی هەتا ئێوارێ خۆڵ وەسەردەکا
ئێوارە بێگەردە بەرگی زیو لەبەردەکا
مەبەست لە گاسنی نیروئاموورە، (نیروئاموور: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کێڵانی زەوی بەکاردێت) مەبەست لەو دەمە ئاسنە تیژەیە کە زەوی پێدەکێڵرێت، لە بەیانی تا ئێوارە زەوی پێدەکێلرێت و خۆڵاوی دەبێت، بەڵام دواتر کە کار تەواودەبێت، ئەو ڕەنگی زیوڕی و جوانە. وەڵام (گاسنی نیروئاموور) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل151

کاتی تۆمارکردن: 13-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2737**

**هەر لەمێژە تا هەنووکە کوڕ لە باوک بەرزترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212213204450623

هەر لەمێژە تا هەنووکە
کوڕ لە باوک بەرزترە
لەمێژ: لەکۆنەوە یان لەکاتێکی زووەوە، هەنووکە: واتە ئێستا، هەر لەمێژە هەتا هەنووکە، واتە: لە کۆنەوە تا ئێستا، کوڕ لە باوک بەرزترە، مەبەست لە کەر و ئێسترە، کەر باوکە و ئێستر کوڕە، بێگومان باڵای ئێستر لە کەر بەرزترە. وەڵام (کەر و ئێستر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69


کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2738**
**هەر ملۆ سەرەو وار بووە، هیچ وەختێ لا مەکەرووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013191351526016

هەر ملۆ سەرەو وار بووە، هیچ وەختێ لا مەکەرووە.
وەڵام (ڕووبار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل26


کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2739**
**هەر ملۆڕارە، قزارنۆ دولەکەیش تزارنۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016211508526406

هەر ملۆڕارە، قزارنۆ دولەکەیش تزارنۆ.
وەڵام (مامر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل49

کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2740**

**هەر ملۆڕاوە، مەدیو دماو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012214659525909

هەر ملۆڕاوە، مەدیو دماوە.
وەڵام (ئاو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل4

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2741**
**هەر کە ڕۆژ ئەبێتەوە**
20220916193444434366=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەر کە ڕۆژ ئەبێتەوە
ئەو لێم جیانابێتەوە
بێ هەست و بێ چاو و گوێ
بۆ کوێ بچم ئەویش دێ
جارێ ئەکەوێتە دوام
جارێ پێش جارێ ئەملام
جارێ بچووک و گرگن
جارێ باڵای وەکو من
تا ڕۆژئاوا هاوەڵمە
وەکو برا لەگەڵمە
بەتایکی دەرەنجێ
زیز دەبێ تا خۆر هەڵدێ
مەتەڵمان چی پێدەڵێن
دێ و دەچێ بێ گۆشت و خوێن
وەڵام (سێبەر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل74

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2742**
**هەراو دەڕاو قنگ لە قوراو کەپەنگ لە شان نوقڵ لەناو**

[2022111817302044609‏7=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118173020446097)

هەراو دەڕاو قنگ لە قوراو
کەپەنگ لە شان نوقڵ لەناو
هەروا دەڕوا قنگ لە قوراو، مەبەست لە چوڵتووکە بنەکەی هەمیشە دەبێت ئاوی لەژێردابێت و بنی قوڕ بێت، کەپەنگ لەشان، (کەپەنگ: بەرگێکی تایبەتییە، لە خوری بەرگن درووست دەکرێ، سەرتادامانە و شوانەکان بۆ کێو لەبەردی دەکەن) مەبەست لە بەڵمی چەڵتووکە، نوقڵە لەناو، مەبەست لە دەنکی برنجی ناو چەڵتووکە. وەڵام (چەلتووکی برنج) . [1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل106

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2743**
**هەرچی بیبەخشی کەمناکا هەتا بەخەرجی بدەی زیاددەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118174942446104

هەرچی بیبەخشی کەمناکا
هەتا بەخەرجی بدەی زیاددەکا
مەبەست لە گەیاندنی زانست و زانیارییە، هەرچی بیبەخشی کەم ناکا، واتە: کەسی زانا هەتا ئەو زانست و زانیارییەی بەدرێژایی تەمەنی لای کەڵەکەبووە بیبەخشێ، زانستەکەی کەم ناکات، هەتا بەخەرجی بدەی زیاددەکات، واتە: زانست هەتا بڵاوببێتەوە، سەمەری زیاددەکات. وەڵام (زانست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل106

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2744**
**هەرچەندە چکۆلەش بێ وڵاتی دادەگری بەڵام بە فوویەک لەنێودەچی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227082344454389

هەرچەندە چکۆلەش بێ، وڵاتی دادەگری بەڵام بە فوویەک لەنێودەچی.
هەرچەندە چکۆلەش بێ، (چکۆلە: بچکۆلە) مەبەست لە چرای نەوتە، وڵاتی دادەگری، واتە: چرای نەوت چەند بچووکە بەڵام ڕووناکییەکەی دەوروبەر ڕووناک دەکاتەوە، بە فوویەک لەنێودەچی، واتە: گەر فوو لە چرا بکرێ و خامۆش بکرێت، ڕووناکییەکەی کۆتایی دێت. وەڵام (چرا).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل21

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-27
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2745**

**هەردەپەڕی قەڵانی حیلم قوتی دەزانی**

[20230723224839509173=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723224839509173)

هەردەپەڕی قەڵانی
حیلم قوتی دەزانی
کێچ: گیانەوەرێکی وردی بچووکە، لە ئەنجامی پیسییەوە درووستدەبێت، دەچێتە ناو قژی سەری مرۆڤە و تووشی خورانی دەکات و کەسەکە هەراسان دەبێت، هەردەپەڕی قەلانی، مەبەست لە کێچە کە لە سەری کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەپەڕێت و دەگوێزرێتەوە. وەڵام (کێچ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل106

کاتی تۆمارکردن: 23-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2746**
**هەردەم لە ماڵە گا شەکرە، گا هارە**

[20230920194715522041=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920194715522041)

هەردەم لە ماڵە
گا شەکرە، گا هارە
گا: لە بەشە شێوەزاری ئەردەڵاندا مەبەست لە کاتە، هەردەم لە ماڵە، مەبەست لە زمانی مرۆڤە، بەردەوام لەناو دەمدایە، دەمی مرۆڤ بە ماڵ بەراوردکراوە، گا شەکرە، گا هارە، واتە: زمان دەشێ قسەی شیرین دەربڕێت، لە هەمان کاتدا دەشێ قسەی خراپیش دەربڕێت. وەڵام (زمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل24

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2747**

**هەرلێرە هەتا باوزە هەموو مامی گەزگەزە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107204313457168

هەرلێرە هەتا باوزە
هەموو مامی گەزگەزە
مەبەست لە کەرتەشییە، (کەرتەشی: ڕووەکێکی سرووشتییە بەرەکەی دڕکێکی تیژ دەگرێ، شەکرۆکەیەکی کەناودایە) هەر لێرە هەتا باوزە، (باوزە: ناوی گوندێکە لە پشدەر) مەبەست لە دووری نێوان دوو جێگەیە، هەموو مامی گەزگەزە، واتە: لە پانتاییەکی زۆردا کەرتەشی دەڕوێ، دڕکەکەی بەر جەستەی هەر کەسێک بکەوێ وەک بیگەزێ وایە. وەڵام (کەرتەشێ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل188.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2748**
**هەروا دەڕوا بە لەنگە لەنگ، بە دە لاق و بە سێ سەر**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806064318426756



هەروا دەڕوا بە لەنگە لەنگ، بە دە لاق و بە سێ سەر
کێڵانی زەوی واتە: جووتکرن بە جووتە گا دەکرێت ، لە مەتەڵەکەدا دەستەواژەی دە لاق هەیە: مەبەستی لە هەشت قاچی دوو گا و دوو قاچی ئەو کەسەی کە لێی دەخورێ هەروەها بە هەر سێکیان سێ سەریان هەیە، هەروا دەڕوا بە لەنگە لەنگ: مەبەستی لەوەیە کاتی جووتکردندا، گاکان لەنگە لەنگ دەکەن. وەڵام جووتکردنی مرۆڤ بە گا. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2749**
**هەروا دەڕوا قنگ لە قوڕاو، کەپەنگ لە شان، نوقڵە لەناو**
[20220816224148428720=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220816224148428720)



هەروا دەڕوا قنگ لە قوڕاو
کەپەنگ لە شان، نوقڵە لەناو
هەروا دەڕوا قنگ لە قوڕاو: مەبەستی لە مەرەزەی برنجە کە شەتڵە برنجەکان لەناو گۆلی قوڕاودا دەچەقێنن واتە: بنی مەرەزە لە قوڕاودایە، کەپەنگ لە شان، (کەپەنگ لە خوری بەرگن درووست دەکرێت، شوانەکان لەبەری دەکەن، لەکاتی باران و سەرمادا) چووێنراوە بە بەڵمی چەڵتوک کە برنجەکەی لەناودایە، نوقڵە لەناو واتە: برنج کە لەناو چەڵتووک دایە. وەڵام (چەڵتووک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2750**

**هەریدەگری گرانە دایدەنێ سووکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211194019450448

هەریدەگری گرانە
دایدەنێ سووکە
مەبەست لە مراک یان کەوچکی چیشت خواردنە، هەریدەگری گرانە، واتە: کاتێک کەوچک پڕ لە چێشت دەکرێ و بۆ دەم دەبرێ، کەوچک کێشی هەیە و قورسە، دایدەگری سووکە، واتە: کاتێک کەوچک خواردنی تێدانامێنێ کێشی سووک دەبێت.
وەڵام (کەوچک، مراک).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل70

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2751**

**هەریدەی چیایە داییتێ گایە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723224057509172](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723224057509172)

هەریدەی چیایە
داییتێ گایە
ڕەشماڵ، دەوار یان تاوڵی پێدەوترێت، لە مووی بزن درووستدەکرێت، ماڵی هاوینەی کوردانی کۆچەرییە، هەریدەی چیایە، مەبەست لە ڕەشماڵە کە هەڵدەدرێت لەبەر قەبارەی گەورەییەکەی بە چیا بەراوردکراوە، داییتێ گایە، واتە: کاتێک کۆدەکرێتەوە، قەبارەکەی بە ئەندازەی گایەک دەبێت. وەڵام (ڕەشماڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل56

کاتی تۆمارکردن: 23-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2752**
**هەرەک و مەرەک نەپای هەیە نە مەچەک دەکا هەر چوار سووچی گەڕەک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210130729450101

هەرەک و مەرەک
نەپای هەیە نە مەچەک
دەکا هەر چوار سووچی گەڕەک
مەبەست لە دەستارە، (دەستاڕ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەویلە بەکاردێ) ، هەرەک و مەرەک (هەرەک: واتە: هەریەک لەوان. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە دوو بەرداشی دەستارە، نە پای هەیە نەمەچەک، واتە: دەستاڕ دەست و پێی نییە، دەکا هەر چوار سووچی گەڕەک، مەبەست وەیە کە خەڵکی بۆ هاڕینی دانەوێڵە دەیبەن. وەڵام (دەستاڕ) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل66
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2753**
**هەرەکە وەوێش بەستەوە، جەهەردەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015084027526270
هەرەکە وەوێش بەستەوە، جەهەردەوە.
وەڵام (شوتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل34

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-15
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2754**
**هەزا بۆ هەزار دەچێ، مردوو بۆ نزا دەچێ، باوک سێ ساڵە کوڕ بۆ شار دەچێ**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730083240425454



هەزا بۆ هەزار دەچێ، مردوو بۆ نزا دەچێ، باوک سێ ساڵە کوڕ بۆ شار دەچێ
مەبەستی سەرەکی مەتەڵەکە ترێیە, کاتێک داری مێو لە ڕەزەکاندا دەچێنرێ , دوای سێ ساڵ مێوەکە دێتەبەر هەروەها ترێ بەری داری مێوە, بۆیە مێو بە باوک چوێنراوە و ترێش بە کوڕی, دوای ئەوە ترێ لە گوندەوە بۆ شار دەبرێ و دەفرۆشرێ.
وەڵام ترێ.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2755**

**هەزار داوە بەنم بەستووە بە داوە بەنێکەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220813074614428167



هەزار داوە بەنم بەستووە بە داوە بەنێکەوە.
قامیش ڕووەکێکە لە کوردستان لە جێگەی تەڕ و ئاودار‌دا دەڕوێت، هەزار داوە بەن، مەبەست لەو قامیشانەیە کە چیغی پێ دروووست دەکرێ، دانە دانە بەقەدەر یەک دەبڕێت و لەپاڵ یەکدا بە داوەبەن توند بە یەکەوە دەبەسترێتەوە، چیغی پێ قایم دەکرێ. چیغ وەک دیوارڕێک لە دەواردا بەکاردێت، بۆ ئەوەی دیوێک لە دیوێکی تر بشارێتەوە. وەڵام (چیغ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 13-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2756**
**هەزار سوارم بە دارەکی بەستەوە**

20221118204112446206=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەزار سوارم بە دارەکی بەستەوە.
مەبەستی مەتەڵەکە چیغە، (چیغ: لە کوردەواردا ژنان لە قامیشی وشک درووستی دەکەن، قامیشەکان لەپاڵ یەکدا دادەنێن و بە شێوەیەکی هونەری بە بەن بەیەکیانەوە دەبەستن، چیغ بۆ جیاکردنەوەی شوێنێک بۆ دوو بەش بەکاردێ) هەزار سوار، مەبەست لە قامیشە، بە دارەکی بەستەوە، مەبەست لە درووستکردنی چیغە. وەڵام (چیغ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل107

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2757**
**هەزار هاتن بەیەک ڕەنگ هاوار ئەکەن بەیەک دەنگ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917224737521197

هەزار هاتن بەیەک ڕەنگ
هاوار ئەکەن بەیەک دەنگ
مەبەست لە پوورەی هەنگە، کاتێک هەنگ پەچکە دەکەن، جێگەیان نابێتەوە لە کوورەکەیاندا، بەچکەکان دەردەکەن، ئەوانیش پێش ئەوەی جێگەیەک بدۆزنەوە و کوورەی لێبکەن، لە شوێنێکدا بەیەکەوە خردەبنەوە، لە کوردەواردا پێی دەوترێت: هەنگ پوورەی داوە، واتە: هەموویان بە یەکەوە کۆبوونەتەوە. وەڵام (پوورەی هەنگ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 21

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2758**
**هەزار کەس چاوی لێبکا، کەم ناکا**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220813075342428168



هەزار کەس چاوی لێبکا، کەم ناکا.
چاوی لێبکا: سەیری بکا. ئەلەفیزیۆن لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژیادا بڵاوبۆوە، لە بەشی زۆری ماڵەکانی کوردستاندا بوونی هەیە، بەهۆیەوە شتی هەمەجۆری پێدەبینرێت، وەک بابەتەکانی فیلم، ڕووداو.... چەند سەیر بکرێ لێی کەم نابێتەوە، ئەو بەردەوام پیشاندەدات. وەڵام (تەلەفیزیۆن). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 13-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2759**

**هەساری سامان دەوری فەرەنگی دوو ئاگر کرانەوە هەریەک لە ڕەنگی**

[20221211194307450449=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211194307450449)

هەساری سامان دەوری فەرەنگی
دوو ئاگر کرانەوە هەریەک لە ڕەنگی
مەبەست لە هێلکەیە، هەسار: دیواری حەوش (فەرهەنگی شێخانی) ، هەساری سامان دەوری فەرەنگی، مەبەست لە توێکڵی هێلکەیە کە وەک دیوارێک دەوری هێلکەی داوە، دوو ئاگر کرانەوە هەریەک لە ڕەنگی، مەبەست لە زەردێنە و سپێنەی هێلکەیە کە دوو ڕەنگی جیاوازن. وەڵام (هێلکە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چایخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2760**
## هەسپی سپی باری کەسک

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111215646457986

هەسپی سپی باری کەسک.
مەبەست لە تەرەپیازە، هەسپی سپی (هەسپ: ئەسپ) مەبەست لە سەلکی تەرەپیازە کە لەناو زەویدایە و رەنگی سپییە، بە ئەسپ چووێنراوە، باری کەسک، (کەسک: سەوز) مەبەست لە تەرەپیازە کە رەنگی سەوزە و لە سەلکی پیازەکەوە دێتەدەر کە بەباری ئەسپ بەراوردکراوە. وەڵام (تەرەپیاز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل193
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11
ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2761**

**هەشت پێی دوو سەر تراوکە و خوێنی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221227082051454388

هەشت پێی دوو سەر، تراوکە و خوێنی نییە.
مەبەست لە قرژاڵە، (قرژاڵ: گیانەوەرێکی بچووکی جوومگەدارە، لە دەم چەم و کانیاوەکاندا دەژیی) هەشت پێی دوو سەر، واتە: قرژاڵ، کە هەشت پێی هەیە و بە هەردوو لای ڕاست و چەپدا لەسەرلا دەتوانێت بڕوا، تراوکە و خوێنی نییە، (تراوکە: جۆرێک بەردی بریقەداری تەنکە. فەرهەنگی ڕێژگە) واتە: بریقەدارە و خوێنیش لە جەستەیدا نییە، چونکە جومگەدارە. وەڵام (قرژاڵ). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل23

کاتی تۆمارکردن: 27-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2762**

## هەشت پێی هەیە، بەرگە و باخچەی وشکی و تەڕی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117155118458834

هەشت پێی هەیە، بەرگە و باخچەی وشکی و تەڕی.
مەبەست لە قرژاڵە، (قرژاڵ: گیانەوەرێکی جوومگەدارە، لە دەم ئاو و کانیاوەکاندا دەژیی) هەشت پێی هەیە، واتە: قرژاڵ هەشت پێی بۆ ڕۆشتن هەیە، بەرگە و باخچەی وشکی و تەڕی، واتە: قرژاڵ توانای هەیە هەم لە وشکانی و هەم لەناو ئاودا بژی. وەڵام (قرژاڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل207.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2763**

**هەشتا سەربازی مردیی بەیەکەوە هێرش دەکەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212215721450638

هەشتا سەربازی مردیی، بەیەکەوە هێرش دەکەن.
مەبەست لە شانەی قژداهێنانە، (شانە: ئامێرێکی داندرێژی تەختە، بۆ قژداهێنان بەکاردێ) هەشتا سەربازی مردیی، مەبەست لە دانەکانی شانەیە کە بە سەرباز چووێنراوە، بەیەکەوە هێرشدەکەن، مەبەست لە کاری داهێنانی قژە بە شانە، بەهێرشکردن چووێنراوە. وەڵام (شانە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل67

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2764**

**هەشتان دێڵە دێڵە کۆتکە و دارقەندێلە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104174504456483

هەشتان دێڵە دێڵە
کۆتکە و دارقەندێلە
مەبەست لە کرداری مانگا دۆشینە، هەشتان دێڵە دێڵە، (دێڵ: بۆ گیانەوەری مێ بەکاردێ کە مەبەست لە مانگایە) مەبەست لە هەشت پەنجەی دەستی کابانە کە مانگای پێدەدۆشێ، کۆتکە و دارقەندێلە، (کۆتکە: تەشتی قوڵی گەورەی دەم واڵا. قەندێلە: سەرقاپ فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە سەتڵ و سەرقاپە کە شیری تیادەدۆشرێ. وەڵام (مانگا دۆشین بە هەشت پەنجەی دەست). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل166.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2765**
**هەشتم هەشتم شەش پای دووسم ئەگەر هەڵینەهێنی دەدەمت دەتسم**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104182942456491

هەشتم هەشتم، شەش پای دووسم
ئەگەر هەڵینەهێنی، دەدەمت دەتسم
مەبەست لە تەرازووە، (تەرازووی بەن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دوو تا و شەش تاڵ بەن و دارێک پێکهاتووە، بۆ کێشانی میوە و دانەوێڵە بەکاردێ) هەشتم هەشتم، بۆ جوانکاری ئاوازی هۆنراوە بەکارهێنراوە، شەش پای، مەبەست لەو داوانەیە کە تای تەرازووی پێدەوەستێ، دوو سم، مەبەست لە دوو تای تەرازووە. وەڵام (تەرازوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل53.

کاتی تۆمارکردن: 04-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2766**

**هەشتی دەڕەقن هەشتی دەزەقن هەشتی هەنگاوە زکدڕی ناوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221130942453294

هەشتی دەڕەقن، هەشتی دەزەقن
هەشتی هەنگاوە، زکدڕی ناوە
مەبەست لە ئاژەڵی سەگە، هەشتی دەڕەقن، مەبەست لە قاچی دوو سەگە، هەشتی دەزەقن، مەبەست لە دوو گوێ و دوو چاوی دوو سەگە، هەشت هەنگاوە، واتە: بە هەشت قاچی دوو سەگ هەنگاو دەنرێ، زکدڕی ناوە، مەبەست لە سەگە کە لەشەردا زکی دوژمنەکەی دەدڕێ. وەڵام (سەگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل64

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2767**

**هەشتی هەر تەڕە مەتینە دووی لە دۆڵەمەقینە چواری مەچیتەچیتە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723222845509171](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723222845509171)

هەشتی هەر تەڕە مەتینە
دووی لە دۆڵەمەقینە
چواری مەچیتەچیتە
مەتەڵەکە مەبەست لە وەسفی جەستەی سەگە، هەشتی هەر تەڕە مەتینە، مەبەست لە هەشت گوانی دێڵەسەگە، کە دەزێ تەڕ دەبێت و شیر بە تووتکەکانی دەدات، دووی لە دۆڵەمەقینە، مەبەست لە گوێچکەکانی سەگە کە گوێبیستی دەنگێک دەبێت قوتی دەکاتەوە، چوار مەچیتەچیتە، مەبەست لە چوار پەلی سەگە کە پێی دەڕوات. وەڵام (هەشت گوانی سەگ و دوو گوێ، چوار قاچ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری سلێمانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال سەگرمە ل35
کاتی تۆمارکردن: 2023-07-23
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2768**

**هەشتیان مەترەمەتیتە چواریان مەچیتەچیتە یەکیان بانەپڵیتە دوویان پانە پڵیتە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117155529458836

هەشتیان مەترەمەتیتە، چواریان مەچیتەچیتە
یەکیان بانەپڵیتە دوویان پانە پڵیتە
هەشتیان مەترە مەتیتە، چواریان مەچیتەچیتە
یەکیان بانەپڵیتە دوویان مریەمە قیتە
مەتەڵەکە وەسفی رووخساری سەگە، هەشتیان مەترەمەتیتە، مەبەست لە گوانی دێلەسەگە، چواریان مەچیتەچیتە، مەبەست لە چوارپەلی سەگە کە پێی دەڕوات، یەکیان بانە پڵیتە، مەبەست کە لکلی سەگە، دوویان پانە پڵیتە، مەبەست کە دوو گوێچکەی سەگە کە پانە. وەڵام (گوان و چوارپەل، کلک و گوێی سەگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل221.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2769**
**هەشتەق و مەشتەق**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927163141436351

هەشتەق و مەشتەق
ئاسنی سەرزەق
دای لە تەبەق
هەشتەق و مەشتەق دەستەواژەیەکی بێ واتایە، بۆ کێش و سەروای شیعریی هاتووە، ئاسنی سەرزەق، مەبەس لە شەکر شکێنە، وەک چەکوش وایە و دمێکی تیژیی هەیە، دای لەتەبەق، مەبەست لە تەبەقی شەکری کوڵاوە، کە بە شەکرشێن دەیشکێنن. وەڵام (شەکرشکێن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل58

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2770**
**هەشتەق و مەشتەق ئاسنی سەرزەق دای لە تەبەق**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118170640446087

هەشتەق و مەشتەق
ئاسنی سەرزەق
دای لە تەبەق
مەبەست لە شەکر شکێنە، (شەکرشکێن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، وەک چەکوش دەمی تیژە، بۆ شکانی شەکری کلۆ بەکاردێت) هەشتەق و مەشتەق، وشەی بێواتان بۆ کێش و سەروای شیعری مەتەڵەکە هاتوون، ئاسنی سەرزەق، مەبەست لە شەکرشکێنە، دای لە تەبەق، مەبەست لە شەکردانە کە بە شەکرشکێن شەکر لەسەری دەشکێندرێ. وەڵام (شەکرشکێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل107
کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2771**

**هەشی پێی دووسەرە بە پێنج پیت ناوی بەرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118174344446102

هەشی پێی دووسەرە
بە پێنج پیت ناوی بەرە
مەبەست لە قرژاڵە، (قرژاڵ: گیانەوەرێکی کێوی بچووکە، لە کانیاوەکانی کوردستاندا دەژیی) هەشت پێی دوو سەر، مەبەست لە قرژاڵە کە هەشت پێی بۆ ڕۆشتن هەیە، بە پێنج پیت ناوی بەرە، واتە: ژمارەی پیتەکانی وشەی قرژاڵ پێنج پیتە. وەڵام (قرژاڵ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل107

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2772**

**هەشیشێ و مەشیشێ هەر لە گوی خۆی دەنیشێ**

2023091323044252052 1=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەشیشێ و مەشیشێ
هەر لە گوی خۆی دەنیشێ
هەشیشێ و مەشیشێ، دەستەواژەیەکی بێواتایە، بۆ خۆش وتن، جوانکاریی و ئاوازی موزیکیی پەندەکە هاتووە، بۆ ئەوەی مەتەڵ لە زاری مەتەڵسازەوە سەرنجراکێشبێت، هەر لە گوی خۆی دەنیشێ، مەبەست لە هەنگە کە لە هەنگوینی خۆی دەنیشێت. وەڵام (هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل151


کاتی تۆمارکردن: 13-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2773**

**هەشێو و مێشێ هەر لە گووی خۆی دەنیشێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211195037450451

هەشێو و مێشێ
هەر لە گووی خۆی دەنیشێ
مەبەست لە هەنگە، (مێش: بەواتای مێشهەنگوینە یان هەنگ. هەشێو: پەشێو، شپرزە فەرهەنگی خاڵ) هەر لە گووی خۆی دەنیشی، واتە: هەنگ بەردەوام بە هەنگوینی خۆیەوە دەنیشێ، وەکوو چۆن مێش، سرووشتی وایە و ئارەزوو دەکات بە پیسایییەوە بنیشێ. وەڵام (هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: كلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2774**

**هەشەکێنە و مەشەکێنە قول باریکە، مل تەکێنە**

[20230915212253520780=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915212253520780)

هەشەکێنە و مەشەکێنە
قول باریکە، مل تەکێنە
مەبەستی مەتەڵەکە تەشییە، (تەشی ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خووری مەڕ و مووی بزن بەکاردێت) هەشەکێنە و مەشەکێنە، دەستەواژەی بێ واتان، بۆ ئاوازی مەتەڵەکە بەکارهاتووە، قول باریک، مەبەست لە کلکی تەشییە، مل تەکێنە، واتە: لەکاتی ڕستنی خووری بە تەشی، تەشییەکە دەخولێتەوە و دەلەنگێ. وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل10


کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2775**
**هەفتە سێ هەیە، مانگ یەکی هەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917230626521203

هەفتە سێ هەیە، مانگ یەکی هەیە.
هەفتە و مانگ جۆرێک دابەشکاریی کاتە، مرۆڤ دایهێناوە، بۆ ئەوەی کارەکانی ژیانی تێدا رێکبخات، مەبەستی مەتەڵەکە خاڵی سەر وشەی هەفتە یان مانگە، واتە وشەکان چەند خاڵیان لەسەرە، هەفتە سێ هەیە، واتە: سێ خاڵی لەسەرە، مانگ یەکی هەیە، واتە: یەک خاڵی کەسەرە، هەرچەندە هەفتە بچووکترە کەچی خاڵی زیاترە. وەڵام (ژمارەی خاڵی سەر وشەکان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل 19

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2776**

**هەلاران و مەلاران کوڕی سۆفی سەلاران هێلکە دەکا لە داران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118170301446085

هەلاران و مەلاران
کوڕی سۆفی سەلاران
هێلکە دەکا لە داران

مەبەست لە هێلانە و هێلکەی حاجی لەقلەقە، هەلاران و مەلاران، وشەی بێواتان و بۆ کێش و سەروای شیعری مەتەڵەکە هاتوون، کوڕی سۆفی سەلاران، مەبەست لە لەقلەقە کە سەنگینە و هێلانەی لە جێگەی باشدا درووستدەکات، هێلکە دەکا لە داران، واتە: هێلکە لەناو هێلانەکەیدا دەکات کە لە دار درووستی دەکات. وەڵام (هێلانە و هێلکەی حاجی لەقلەق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل107

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2777**

**هەلۆتر و مەلۆتر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927185657436365

هەلۆتر و مەلۆتر
سەری قازە ملی کۆتر
هەلۆتر و مەلۆتر، دەستەواژەیەکی بێ واتایە، بۆ سەرواى شیعریی هۆنراوەکە هاتووە، مەبەستی مەتەڵەکە داسە کە بۆ دروێنەی دەغڵ بەکاردێت، سەری قازە، واتە: نووکی داس تیژە، ملی کۆتر واتە: دەمی داس وەکوو ملی کۆتر کەوانەییە. وەڵام (داس). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل56

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2778**
**هەلۆتی و مەلۆتی، سینگە سپی گالۆتی، هەموو زەویان دەکوتی**

[20220730082634425452=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730082634425452)



هەلۆتی و مەلۆتی، سینگە سپی گالۆتی، هەموو زەویان دەکوتی
مەتەڵەکە مەبەستی لە ئاشە، هەلۆتی و مەلۆتی: دەستەواژەیەکە بۆ جوانکاری و مۆسیقای مەتەڵەکە بەکارهاتووە، سینگە سپی، مەبەستی بەرداشی ئاشە کە گەنم دەهارێ ، هەموو زەویان دەکوتی، واتە: گەنمی هەموو زەویەکان دەکاتە ئارد. وەڵام ئاش.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2779**
## هەلۆتەر و مەلۆتەر سەر قازی مل کۆتر

20221210194449450252=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەلۆتەر و مەلۆتەر
سەر قازی مل کۆتر
مەبەست لە داسە، (داس: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، جووتیاری کورد بۆ دوورینی دەغڵودان بەکاری دێنێ) هەرلۆتەر و مەلۆتەر، (لۆتەر: بە واتای تەشی دێت. فەرهەنگی خاڵ) واتە: چۆن تەشی بە دەست کابانەوە بادەدرێ و خووری دەرێسێ، داسیش بە دەست جوتیارەوە هەڵدەسووڕێ و دەغڵ دەدوورێ. سەر قازی مل کۆتر، واتە: سەری داس وەکوو سەری قاز کەوانەییە، هەروەها وەکوو ملی کۆتریش خوارە. وەڵام (داس) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل66
کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2780**

**هەلەران و مەلەران لە دەوری باب و باپیران کورِ چاترن لە بابان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117155842458838](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117155842458838)

هەلەران و مەلەران
لە دەوری باب و باپیران
کورِ چاترن لە بابان

مەبەست لە ئێستر و کەرە، هەلەران و مەلەران، مەتەڵساز ئەم دەستەواژەیەی هێناوە بۆ موزیک و سەروای هۆنراوکە، لە دەوری باب و باپیران، واتە: لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە تا ئێستا، کورِ چاترن لە بابان، مەبەست لە ئێسترە کە لە کەر باشترە، (لە کوردەواردا کەر و ماین لەیک جووتدەکەن، ئیستر بەرهەمدێت) . وەڵام (ئێستر و کەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل221.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2781**

**هەلەق و مەلەق دەندووکی لەقلەق کیسە و کەمبەر یا پێغەمبەر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210194026450242

هەلەق و مەلەق دەندووکی لەقلەق
کیسە و کەمبەر یا پێغەمبەر
مەتەڵەکە مەبەستی لە حاجی لەقلەقە، هەلەق مەلەق دەندووکی لەقلەق، وەڵامی مەتەڵەکە لەناو مەتەڵەکەدا هەیە، لەگەڵ ئەوەدا ناوی جۆرێک یاریی کوردەواریش هاتووە کە هەلەق مەلەقە، (کەمبەر: واتە: ناوقەدی باریک و تەسک. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) کە مەبەستی لە ناوقەدی حاجی لەقلەلە. وەڵام (حاجی لەقلەق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل66

کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2782**
**هەلەوتەران مەلەوتەران لە میرگوڵاندا لەوتەران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913230149520520

هەلەوتەران مەلەوتەران
لە میرگوڵاندا لەوتەران
هەلەوتەران مەلەوتەران، دەستەواژەیەکی بێواتایە، بۆ خۆش وتن، جوانکاریی و ئاوازی موزیکیی پەندەکە هاتووە، بۆ ئەوەی مەتەڵ لە زاری مەتەڵسازەوە سەرنجراکێشبێت، مێرگوڵ: مێرگی گوڵ، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی ماڵەغانە کە دەغڵی پێدەدورێتەوە، (ماڵەغان: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ دوورینەوەی دەغڵ بەکاردێت، وەک داس وایە بەڵام دەمەکەی گەورەترە) . وەڵام (ماڵەغان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل151

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2783**

**هەلەکە مەلەکە دەستی نایە کەلەکە چووە بۆ ناو خەلەکە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927083707523566](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927083707523566)

هەلەکە مەلەکە
دەستی نایە کەلەکە
چووە بۆ ناو خەلەکە

خەل: کەڵەکە بەرد (فەرهەنگی خاڵ) . هەلەکە مەلەکە، دەستەواژەیەکی بێواتایە، لەبەر ڕێکخستنی ئاوازی موزیکی مەتەڵەکە هاتووە، دەستی نایە کەلەکە، واتە دەەستی خستە کەمەری، مەبەستی مەتەڵەکە کیسەڵە کە زۆر لەسەرخۆ و بەهێمنی دەڕوات. وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل44

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-27

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2784**

**هەم تشتێکە، هەم دەشتێکە**

20230913224229520516=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەم تشتێکە، هەم دەشتێکە.
تشت: شت یان شتومەک (فەرهەنگی کانی) هەم تشتێکە، مەبەستی مەتەڵەکە چاوی مرۆڤە، کە بە هەر شتێکی ئەم دنیایە چووانددوویەتی، هەم دەشتێکە، مەبەست لەوەیە کە چاو چەندە قەبارەی بچووکە، بەڵام لەتوانایدا هەیە تەواوی دەشتودەر ببینێت. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل24

کاتی تۆمارکردن: 13-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2785**

**هەم دووربینە هەم زەڕەبینە ئەوەی نەیمابێ بێچار دەمێنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211201244450463

هەم دووربینە هەم زەڕەبینە
ئەوەی نەیمابێ بێچار دەمێنێ
مەبەست لە چاوە، هەم دووربینە، واتە: چاو دەتوانێت شوێنی دووری پێببینرێت وەک دووربین، هەم زەڕەبینە، واتە: شتی زۆر بچووک و وردی پێدەبینرێ کە بە زەڕەبین چووێنراوە، ئەوەی نەیمابێ بێچار دەمێنێ، واتە: ئەوەی بینایی لە دەست دابێ، دوور و نزیک ناتوانێت ببینێ. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2786**
**هەمبانۆکە بێ دەرکۆکە پڕ دانۆکە**

[20221211192106450439=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211192106450439)

هەمبانۆکە
بێ دەرکۆکە
پڕ دانۆکە

مەبەست لە میوەی هەنارە، (هەمبانۆکە: وّکە پاشگرە دەچێتە سەر ناو و دەیکاتە ناوی بچووکراوە، واتە: هەمبانەی بچووک) ، مەبەست لە هەنارە کە چووێنراوە بە هەمبانە، بێ دەرکۆکە، واتە: هیچ دەرگایەکی بچووکی نییە، بۆ دەر و ژوور، پڕدانۆکە، واتە: هەنار پڕە لە دەنک کە بە دانۆکە باس کراوە. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2787**

**هەموو بە قسری گوان دەکەن چادر و چیغی جوان دەکەن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913225947520519

هەموو بە قسری گوان دەکەن
چادر و چیغی جوان دەکەن
قسر: بە ماڵاتێکی مێ دەوترێت کە ساڵێک جووتی نەگرتبێت و ئاوس نەبووبێت (فەرهەنگی خاڵ) بێگومان ئاژەڵێکیش کە جووت نەگرێت گوان ناکات و شیری نابێت، بەڵام لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە ئەستێرەکانی ئاسمانە، بەبێ جووتگرتن درووستبوون، چادر (دەوار) و چیغیش مەبەستی لە ئاسمانە کە پڕە لە ئەستێرە. وەڵام (ئاسمان و ئەستێرە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل153

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2788**

**هەموو بەهاران جەحێڵە پایزان پیرە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212220105450640](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212220105450640)

هەموو بەهاران جەحێڵە، پایزان پیرە.
مەبەست لە دار و وەرینی گەڵایە، هەموو بە هاران جەحێڵە، واتە: دار لە وەرزی بەهاردا نوێدەبێتەوە و گەڵای نوێ دەردەکات، بە کەسی گەنج و جەحێڵ چووێنراوە، پایزان پیرە، واتە: دار لە وەرزی پاییزدا گەڵای دەوەرێ و ڕووت دەبێتەوە، بە کەسی بەتەمەن و پیر بەراوردکراوە. وەڵام (دار و وەرینی گەڵا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل66

کاتی تۆمارکردن: 12-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2789**

**هەموو توخمەکەی ببڕێتەوە، ساڵێکی تر سەوز دەبیتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220828142456430893

هەموو توخمەکەی ببڕێتەوە، ساڵێکی تر سەوز دەبیتەوە.
بەپێی زانست هەموو شتێکی زیندوو لە دنیادا، بن و بنەچە و تۆو و توخمێکی هەیە، هیچ بێبنەما نییە، هەموو توخمەکەی ببڕێتەوە، مەبەستی لە (ئێسترە) کە لە مایین و نێرەکەر بەرهەم دێت، خۆی نەدەزێ و نەدەپەڕێ، هەموو ساڵێک سەوز دەبێتەوە، مەبەست لەوەیە گەر ئاژەڵی ئێستر لە دنیادا توخمی نەمێنێ، دەتوانرێ لە ماین و نێرەکەر درووست بکرێتەوە، چونکە خۆی بنەچە و توخمەکەی لەوانە. وەڵام (ئێستر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 28-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2790**

**هەموو شتێ بەگەرمی شل دەبێ شتێک توند دەبێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212220405450643

هەموو شتێ بەگەرمی شل دەبێ، شتێک توند دەبێ.
مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، هەموو شتێک بە گەرمی شل دەبێ، واتە: هەموو ماددەیەک لە پلەیەکی گەرمی تایبەتیدا شل دەبێتەوە، بەڵام هێلکە وەکوو ماددەی ئەندامی بۆخۆی شل و ملە، گەر گەرم بکرێت، دەمەێت و توند دەبێتەوە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2791**

**هەموو شتێ دادەپۆشێ، خۆی داناپۆشێ**

20220811231937427982=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



هەموو شتێ دادەپۆشێ، خۆی داناپۆشێ.
لە کوردستان لە ناوچە کوێستانییەکان لە وەرزی زستاندا بەفر دەبارێت، هەموو شتێ دادەپۆشێ: مەبەست لە بەفر بارینە کە دەشتودەر دادەپۆشێ و هەمووی سپی دەکات، خۆی داناپۆشێ: بەفر وەکوو توێیەک دەدرێ بەسەر هەموو ئەو جێگایانەی کە لێی دەبارێ. وەڵام (بەفر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 11-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2792**
**هەموو شتێ ها بەنووکییەوە**

20230923190527522805=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەموو شتێ ها بەنووکییەوە.
مەبەست لە قەڵەمە، (قەڵەم ئامێرێکە بۆ پێنووسین) هەموو شتێ ها بەنووکییەوە، واتە: کەسانی نووسەر، لە تواناییاندا هەیە، هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێگەی قەڵەمەوە بخەنە سەر وەرەقە و هەموو شتێکی پێ بنووسن، واتە: لە ڕێگەی نووکی قەڵەمەوە بابەتەکان تۆماردەکرێن. وەڵام (قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل37

کاتی تۆمارکردن: 23-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2793**

**هەموو شتێک دەبینێ و چاویشی نییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212221250450647](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212221250450647)

هەموو شتێک دەبینێ و چاویشی نییە.
مەبەست لە ئاوێنەیە، (ئاوێنە: هەموو کەسێک ڕووخساری ڕاستەقینەی خۆی تێدا دەبینێ) هەموو شتێک دەبینێ، واتە: هەر شتێک یان هەر کەسێک ئاوێنەی بخرێتە پێش، لە ئاوێنەدا دەردەکەوێ، لەگەڵ ئەوەدا ئاوێنە چاوی نییە، تەنیا شتەکان پیشاندەدات. وەڵام (ئاوێنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل65

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2794**
**هەموو شتێک دەخوا ئاو نەبێ کە ئاو دەخواتەوە دەمرێ**

[20221211200906450461=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211200906450461)

هەموو شتێک دەخوا ئاو نەبێ
کە ئاو دەخواتەوە دەمرێ
مەبەست لە ئاگرە، هەموو شتێک دەخوا ئاو نەبێ، واتە: ئاگر لە هەر شتێک بەربێت، هەمووی دەسووتێنێ، وەکوو ئەوە وایە کە هەمووی خواردبێت. کە ئاو دەخواتەوە ئەمرێ، واتە: ئاگر ئاوی پێدابکرێ، بێگومان دەکوژێتەوە، وەکوو ئەوە وایە مردبێت. وەڵام (ئاگر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل64

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2795**

**هەموو شتێکی پیائەچێ**

[20220825073608430189=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220825073608430189)

هەموو شتێکی پیائەچێ.
گوێچکەی مرۆڤ یەکێکە لە ئەندامەکانی جەستە، بۆ بیستن بەکاردێت کە مەبەستی سەرەکی مەتەڵەکەیە، ڕۆژانە لەناو گفتوگۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، گوێچکە هەموو شتێک دەبیستێ، چ باش چ خراپ، (هەموو شتێکی پیادەچێ) مەبەست لە قسەیە کە بە گوێچکەدا دەچێت. وەڵام (گوێچکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل26

کاتی تۆمارکردن: 25-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2796**
**هەموو شتەک دەبینێ، گردە ڕەش نابینێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806065548426758

هەموو شتەک دەبینێ ، گردە ڕەش نابینێ
مەتەڵەکە لەیەک کاتدا دوو وەڵامی هەیە، هەموو شتەک دەبینێ: مەبەستی لە چاوە کە هەموو شتێکی دەوروبەری دەبینێ ، گردە ڕەش: مەبەستی لە پشتی سەری مرۆڤە کە چاوی هیچ کەسێک ناتوانێت پشتی سەر خۆی ببینێ. وەڵام چاو و پشتی سەر .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2797**

**هەموو شێکی پیا دەڕوا**

20220811232504427985=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەموو شێکی پیا دەڕوا.
گوێچکە ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە، بەرپرسە لە کاری بیستن، مرۆڤ لە ڕێگەر گوێچکەکانییەوە هەموو ئەو شتانە دەبیستێ کە مەبەستییەتی، مەبەست لەوەیە، کاتێک مرۆڤ گوێ بۆ قسە دەگرێ، هەموو جۆرە قسەیەک بە گوێدا دەڕوا، چ باش چ خراپ. وەڵام (گوێچکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2798**

## هەموو گردێک دەبینی گردێک نابینی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118205510446213

هەموو گردێک دەبینی، گردێک نابینی.
گرد: لە مەتەڵەکەدا مەبەستی سەری مرۆڤە، هەموو گردێک دەبینێ، مەبەست لە چاوی مرۆڤە کە توانای بینینی هەموو سەر و دەموچاوێکی هەیە، گردێک نابینێ واتە: چاوی مرۆڤ هەڵکەوتەی وایە کە توانای بینینی سەری خۆی نییە. وەڵام (چاو سەری خۆی نابنینێ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل108

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2799**

**هەموو لە شی کون کونە و ئاو ڕادەگرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811223522427969

هەموو لە شی کون کونە و ئاو ڕادەگرێ.
ئیسفنج مادەیەکی نەرمی شلە مژە، بۆ سڕینی جێگەر تەڕ بەکاردێ، هەموو لە شی کون کونە: مەبەست لە پێکهاتەی لەشی ئیسفنجە کە کون کونە، تایبەتمەندی ئیسفنج لەوەدایە، بەهۆی ئەو کونانەوە، توانای هەڵمژین و ڕاگرتنی ئاوی هەیە. وەڵام (ئیسفنج) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2800**
**هەموو مانگێک جارێک لەدایک دەبێت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230927084425523567

هەموو مانگێک جارێک لەدایکدەبێت.
مەبەست لە مانگە، مرۆڤایەتی لە مێژوویەکی دێرینەوە، کاتی داهێناوە، هەروەها بۆ ساڵ، وەرز، مانگ، هەفتە و ڕۆژ دابەشی کردووە، هەروەها دابەشکاری کاتی بۆ زۆرشتی تریش کردووە، مانگی یەکجار لەدایک دەبێت، مەبەستی لە مانگە کە هەموو سەرەتای مانگێک نوێدەبێتەوە، ئەوەش بە لەدایکبوونی چوواندووە. وەڵام (مانگ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل50

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2801**
**هەموو نووستن، گزنگ بە پێوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118205027446211

هەموو نووستن، گزنگ بە پێوە.
هەموو مرۆڤێک یان زیندەوەرێک کاتێکی دیاریکراوی هەیە بۆ خەوتن، مرۆڤ کە دەخەوێ، لەسەر زەوی یان لەسەر جێگەکەی درێژ دەبێت، هەموو نووستن، مەبەست لە نووستنی مرۆڤەکانە، گزنگ بەپێوە، واتە تا گزنگی بەیانی، شاخی بزن بەپێوەیە و نانوێ. وەڵام (شاخی بزن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل108

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2802**

**هەموو ڕۆژێ دایکی خۆی عەرەبە ڕەشێ داوێتە سەرخۆی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221212221005450644

هەموو ڕۆژێ دایکی خۆی
عەرەبە ڕەشێ داوێتە سەرخۆی
عەرەبە ڕەش: مەبەست لە کوندەی ئاوە، (کوندە: لە پێستی بزن درووستدەکرێ، پێستەکەی بە خرێ دەردێ و خۆش دەکرێت و ئاوی تێدەکرێ) ، ڕەشی پێستی بزن بە عەرەب چووێنراوە، واتای مەتەڵەکە ئەوەیە کە کابانێک هەموو ڕۆژێک کوندەیەک لە کانی پڕ دەکات لە ئاو و دەیخاتە سەرشانی و دەیباتەوە بۆ ماڵەوە. وەڵام (کوندەی ئاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل67

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2803**

**هەموو ڕۆژێ سەری ببڕی، هەر زیندووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220813081044428170



هەموو ڕۆژێ سەری ببڕی، هەر زیندووە.
لە کۆمەڵگەدا ڕیش تایبەتە بە پیاوان، هەندێک کەس دەیتاشێ و دەندێک کەس دەیهێڵێتەوە، هەموو ڕۆژێ سەری ببڕی واتە: گەر هەموو ڕۆژێ بە مووس ڕیش بتاشرێ، بۆ بەیانی وەک خۆی مووی لێدێتەوە، هەر زیندووە واتە: بەردەوام گەشەدەکات و دێتەوە. وەڵام (ڕیش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-13

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2804**
**هەموو کەس بە بەرگ دەکا، خۆی بە ڕووتی دەگەڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118204553446210

هەموو کەس بە بەرگ دەکا، خۆی بە ڕووتی دەگەڕێ.
مەبەست لە دەرزی دروومانە، دەرزی دەزووی تێهەڵدەکێشرێ و بەرگی پێ دەدوورێتەوە، هەموو کەسێک بەرگ دەپۆشێت، هیچ کەسێک بێ بەرگ نییە، لەکاتێکدا دەرزی بۆ خۆی ڕووت و قوت و سافە، هیچ بەرگێکی لەبەردا نییە. وەڵام (دەرزی دروومان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل108

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2805**
**هەموو کەس دەپۆشێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927184742436362](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927184742436362)

هەموو کەس دەپۆشێ
خۆی ناپۆشێ
مقەست ئامێرێکی دەستییە، بۆ بڕینی بەرگ بەکاردێت، مەبەست لە مقەستە کە بەرگ بۆ هەموو کەسێک دەبڕێت و پۆشتەی دەکات بەڵام خۆی بێ بەرگە. وەڵام (مقەست) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل59

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2806**

**هەموو کەس هەیەتی و کەس نایبینێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118204324446207

هەموو کەس هەیەتی و کەس نایبینێ.
ناو یەکەم وشەیە کە مرۆڤ بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەی شتەکان دایهێناوە. مەبەست لە ناوی مرۆڤە کە هەموو مرۆڤێک هەڵگری ناوێکە بۆ ئەوەی پێی بناسرێتەوە. وەڵام (ناو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل104

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2807**

**هەمیشێ و مەمیشێ هەر لە گووی خۆی دەنیشێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003201134524533](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003201134524533)

هەمیشێ و مەمیشێ
هەر لە گووی خۆی دەنیشێ
هەمیشێ یان هەمیشە: بەردەوام. مەمیشێ: قسەیەکی بێ واتایە، بۆ سەروا و ئاوازی موزیکی هۆنراوەکە هاتووە، هەر لە گووی خۆی دەنیشێ، مەبەست لە هەنگوینی هەنگە، کە لە مەتەڵەکەدا بە گووی هەنگ باس کراوە، کە بەردەوام هەنگ بە هەنگوینەکەیەوە دەنیشێت. وەڵام (هەنگ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل59

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2808**

**هەمیشە بە ئیشە بە فیشە**

20221118170918446088=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەمیشە
بە ئیشە
بە فیشە

مەبەستی مەتەڵەکە قۆپچەی کراسە، هەمووکەسێک کە بەرگ لەبەردەکات، بەتایبەتیی ئەو بەرگانەی بەرۆکیان کراوەیە، پێویستی بە قۆپچە دەبێت بۆ ئەوەی بەرۆکە کراوەکەی پێدابخات، بە ئیشە: مەبەست لە قۆپچەیە کە ئیشی داخستنی بەرۆکە، بە فیشە، مەبەست لە کونی قۆپچەی کراسە. وەڵام (قۆپچەی کراس) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل108

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2809**

**هەن ئائیسە ئارۆ هەرکەس بتاوو ئینێ هەور بارۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013183655526006

هەن ئائیسە ئارۆ
هەرکەس بتاوو
ئینێ هەور بارۆ
وەڵام (دەم و ددان و زمان).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل22

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-13

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2810**

**هەنارە و هەنار نییە حوکم دەکا و ئاغانییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211201542450465

هەنارە و هەنار نییە
حوکم دەکا و ئاغانییە
مەبەست لە دڵی مرۆڤە، هەنارە و هەنار نییە، واتە: ئەو شتەی پێویستە بزانرێت، وەک هەنار وایە و شێوەی هەنارە بەڵام هەنار نییە، حوکم دەکا و ئاغا نییە، واتە: بەهۆ دڵەوە مرۆڤ دەژیی، خوێن بۆ هەموو ئەندامەکان دەنێرێ و دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە، وەکوو چۆن ئاغا دەسەڵاتی هەیە. وەڵام (دڵ). [1]

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2811**
**هەناسەی هەیە ڕۆح نا، پەراسوی هەیە گۆشت نا**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806063613426755



هەناسەی هەیە ڕۆح نا، پەراسوی هەیە گۆشت نا
مەبەستی مەتەڵەکە کورەی ئاگرە کە بۆ جۆشدانی ئاگر بەکاردێ ، هەوا بۆ ئاگرەکە دەبا، بۆیە لە مەتەڵەکەدا وتراوە: هەناسەی هەیە ڕۆح نا، واتە: ڕۆحی لەبەر نییە، پەراسوی هەیە گۆشت نا، مەبەستی لە لاشەی کورەکەیە. وەڵام کورەی ئاگر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

KURDIPEDIA کوردیپیدیا



**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2812**

**هەناسەی وەرگرت مردووە، ئاوی خواردەوە زیندووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220813080220428169



هەناسەی وەرگرت مردووە، ئاوی خواردەوە زیندووە.
هەناسەی وەرگرت مردووە: مەبەست لە ماسییە، گەر هەوای سەر زەوی هەڵمژێ، لە ئاو دوور بخرێتەوەواتە: لە ئاو دەربهێنرێ دەمرێ، ئاوی خواردەوە زیندووە، واتە: گەر لە ئاودابێ، ئۆکسجینی تواوەی ناو ئاو هەڵدەمژێ و دەژی. وەڵام (ماسی).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-13

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2813**
**هەندووکە بەندووکە خڕ و لەبارە ڕەقە وەک دارە کەپووشی خوارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111214923457984

هەندووکە بەندووکە خڕ و لەبارە
ڕەقە وەک دارە کەپووشی خوارە
مەبەست لە نۆکە، هەندووکە، بەشتێکی بچووک دەوترێ. بە دەندووکە خڕە و لەبارە، مەبەست لە نۆکە خڕە و لە کۆتاییدا دەنووکێکی بچووکی هەیە، ڕەقە وەک دارە، مەبەست لە نۆکی وشککراوەیە کە ڕەقە و بە دار بەراوردکراوە، کەپووشی خوارە، (کەپوو: لووت) مەبەستی لە دەنووکە بچووکەی کۆتایی نۆکە. وەڵام (نۆک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل191.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2814**
**هەندوکە مەندوکە**

20220927190038436366=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەندوکە مەندوکە
تێیدایە سەد مرواری بچووکە
هەندوکە: بۆ شتی بچووک بەکاردێت، مەندووکە بۆ سەروای شیعری بەکارهاتووە. سەد مرواری بچووک: واتە: دەنکی هەنار. وەڵام (دەنکی هەنار). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل56

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2815**

**هەندوکە مەندوکە دەخورێت بیزانە زووکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927190445436367

هەندوکە مەندوکە
دەخورێت، بیزانە زووکە
هەندووکە بۆ قەبارەی شتی زۆر بچووک بەکاردێت، مەندوکە بۆ شتێک بەکاردێت کە نووکێکی بچووکی هەبێت، هەندوکە مەندوکە مەبەست لە دەنکی نۆکە، کە بۆ خواردن دەشێت، بیزانە زووکە، مەبەست لە قسەی مەتەڵسازە بۆ گوێگر کە وەڵام زوو ئاشکرابکات. وەڵام (دەنکە نۆک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل59

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2816**
**هەندۆکە و مەندۆکە تێیدایە سەد مرواری گچکۆکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211201814450471

هەندۆکە و مەندۆکە
تێیدایە سەد مرواری گچکۆکە
مەبەستی لە میوەی هەنارە، هەندۆکە: بەشتێکی زۆر کەم و بچووک دەوترێ، هەندۆکە و مەندۆکە، مەبەست لە هەنارە کە زۆر گەورە نییە، تێیدایە سەد مرواری گچکۆکە، (گچکۆکە: زۆر بچووک) مەبەست لە دەنکی هەنارە کە لەناو هەناردایە، بە مرواریی چووێنراوە. وەڵام (هەنار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2817**
**هەندی پشکە پڕی ڕشکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927171331436356

هەندی پشکە
پڕی ڕشکە
پشک: خونچەی گوڵی دار (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەتەڵەکە مەبەستی لە میوەی هەنجیرە، هەندی پشکە، واتە: هەنجیر بەقەدەر گوڵی دارێکە، پڕی ڕشکە، مەبەست لە ناوکی هەنجیرە کە بە ڕشک چووێنراوە، چونکە لە وردیی و سپێتیدا لەیەک دەچن. وەڵام (هەنجیر).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل56

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2818**

**هەنووسە نووسە نووسە هەرچی هات پێیدا نووسا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118174607446103

هەنووسە نووسە نووسە
هەرچی هات پێیدا نووسا
هەنووسە نووسە نووسە، مەبەست لە کردار و پرۆسەی ناونانە، لەبەرکێش و سەروای شیعری مەتەڵەکە بەو شێوەیە هاتووە، هەرچی هات پێیدا نووسا، واتە: هەر کەسێک لەدایکبوو و هاتەدنیاوە، ناوێکی لێدەنرێ، بۆ ئەوەی پێی بناسرێتەوە.وەڵام (ناونان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل104

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2819**
**هەنووکە و مەنووکە لێی دەبارێ بەفرۆکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913224542520518

هەنووکە و مەنووکە
لێی دەبارێ بەفرۆکە
هەنووکە: ئێستا. هەنووکە و مەنووکە، دەستەواژەیەکە بۆ خۆش وتن، جوانکاریی و ئاوازی موزیکیی پەندەکە هاتووە، بۆ ئەوەی مەتەڵ لە زاری مەتەڵسازەوە سەرنجڕاکێشبێت، لێی دەبارێ بەفرۆکە، مەبەست لە هێڵەکە (هێڵەک ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بێژانەوەی ئارد بەکاردێت) هاتنە خواری ئارد بە هێڵەکدا چووێنراوە بە بارینی بەفر. وەڵام (هێڵەک) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل153

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2820**
**هەوان دەکا دەوان دەکا لە ژن باشتر نان دەکا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003200754524531

هەوان دەکا
دەوان دەکا
لە ژن باشتر نان دەکا
هەوان: کەسی ڕەبەن و تەنیا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، دەوان: بە تیغی خەنجەری جەوهەردار دەوترێت (فەرهەنگی شێخانی) ، هەوان دەکا، دەوان دەکا، مەبەست لە هەنگە کە تەنیایە و چزوویەکی کاریگەریی ژەهراوی هەیە کە بە خەنجەر چووێنراوە، لە ژنان باشتر نان دەکا، مەبەستی لە درووستکردنی هەنگوینە. وەڵام (هەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل59

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2821**

**هەورۆکە هەورۆکە لێیدەباریێ بەفرۆکە سپی دەکا ئەرزۆکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230103124239456169

هەورۆکە هەورۆکە
لێیدەباریێ بەفرۆکە
سپی دەکا ئەرزۆکە

مەبەست لە بێژانەوەی ئاردە بە هێلەک، (هێلەک: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بێژانەوەی ئارد بەکاردێ) هەورۆکە هەورۆکە، مەبەست لە کاتی بێژانەوەی ئاردە کە لە سپێتیدا بە هەور چووێنراوە، لێیدەباری بەفرۆکە، مەبەست لە هێلەکە کە ئاردی پێدادەبێژرێتەوە، ڕەنگی سپی ئارد بە بەفر چووێنراوە، سپی دەکا ئەرزۆکە، واتە: چۆن بەفر زەوی سپی دەکا، ئاردبێژانەوەش زەوی سپی دەکا. وەڵام (بێژانەوەی ئارد بە هێلەک).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل164.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2822**
**هەکاکان ڕەنگێ مەکاکان ڕەنگێ حەلقە داسە دەوری دڵیان دوو ڕەنگێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211200617450460

هەکاکان ڕەنگێ مەکاکان ڕەنگێ
حەلقە داسە دەوری دڵیان دوو ڕەنگێ
مەبەست لە هێلکەیە، هەکاکان ڕەنگێ مەکاکان ڕەنگێ، مەتەڵساز بەم دەستەواژەیە ئاوازێکی بۆ هۆنراوەی مەتەڵەکە دروستکردووە، مەبەستی لە دوو ڕەنگی سپێنە و زەردێنەی هێلکەیە، حەلقە داسە، مەبەست لە توێکڵی هێلکەیە کە وەک داس کەوانەییە، دەوری دڵیان دوو ڕەنگێ، واتە: قەپاغی هێلکە دەوری زەردێنە و سپێنەی داوە. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل70

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2823**

**هەکاکان ڕەنگێ مەکاکان ڕەنگێ حەلقە داسە وەدەور دڵیا دوو ڕەنگێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917225047521199](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917225047521199)

هەکاکان ڕەنگێ مەکاکان ڕەنگێ
حەلقە داسە وەدەور دڵیا دوو ڕەنگێ
مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، هەکاکان ڕەنگێ مەکاکان ڕەنگێ، دەستەواژەیەکی بێواتایە، بۆ ڕێکخستنی ئاوازی مەتەڵەکە بەکاردهاتووە، حەلقە داس، مەبەست لە شێوەی توێکڵی هێلکەیە کە کەوانەییە وەک داس، وەدەور دڵیا دوو ڕەنگێ، مەبەست لە زەردینە و سپینەی هێلکەیە. وەڵام (هێلکە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل19

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2824**

**هەکاکان ڕەنگێ، مەکاکان ڕەنگی حەڵقە داسە، وەدەور دلیا دوو ڕەنگی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013181707525997

هەکاکان ڕەنگێ، مەکاکان ڕەنگی
حەڵقە داسە، وەدەور دلیا دوو ڕەنگی
وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل19

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2825**

**هەڵئەپەڕێ پای نییە، دائەنیشێ قنگی نییە، سەری سپییە مووی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821215028429565

هەڵئەپەڕێ پای نییە
دائەنیشێ قنگی نییە
سەری سپییە مووی نییە
مەبەستی مەتەڵەکە تەرزەیە (لە وەرزی بەهاردا کاتێک هەوروهەڵای توند درووست دەبێت و لەناکاو دەبێتە تەرزە، تەرزە دەنکی ڕەق و لووسە، لەلایەکەوە دەبێتە مایەی زۆربوونی ئاوی ژێر زەوی، لەلایەکی ترەوە دەبێتە مایەی زیان لە زەوییە کشتووکاڵییەکان) هەڵئەپەڕێ پای نییە، مەبەست لە تەرزەیە کە دەکەوێتە سەرزەوی، لەبەر ڕەقییەکەی هەڵدەبەزێتەوە، دائەنیشێ قنگی نییە واتە: خڕە و باری بۆ وەستان نییە، سەری سپییە مووی نییە، مەبەست لە ڕەنگی تەرزەیە کە لە سپێتیدا چووێنراوە بە مووی سەر. وەڵام (تەرزە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2826**

**هەڵپزان و مەڵپزان بزنی سەر قۆنتەران بە دەوری پێغەمبەران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210192228450220

هەڵپزان و مەڵپزان
بزنی سەر قۆنتەران
بە دەوری پێغەمبەران
مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە، (ئاشی ئاوگەڕ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێ) هەڵپزان و مەڵپزان، (هەڵپزان: زک هەستان یان ماسین. فەرهەنگی ڕێژگە) مەبەست لە دانەوێڵەیە کە لەدەوری بەرداش کۆدەبێتەوە، بزنی سەر قۆنتەران: (قۆنتەران: کردنی کارێک. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە کاری ئاشە، بە دەوری پێغەمبەران، واتە: لەمێژوویەکی کۆنەوە، کورد ئاش بەکاردێنێ. وەڵام (ئاشی ئاوگەڕ).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل64

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-10

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2827**
**هەڵپەڕی وەک و قوڵینگی، کەڵەمێوت نەلەنگی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220811221353427962



هەڵپەڕی وەک و قوڵینگی، کەڵەمێوت نەلەنگی.
کاتێ تەشیرێس تەشی دەڕێسێ، بە دەست تەشییەکە هەڵدەسوورێنێ، جوڵە و سووڕانەوەی تەشییەکە لە مەتەڵەکەدا، بە هەڵپەڕینی قوڵنگ یان پاچ چووێنراوە کە لە زەوی دەدرێ و بەرز دەبێتەوە، کەڵەمێوت نەلەنگی واتە: تەشیرێسی چاک لە کاتی ڕستندا خۆی نالەنگێنێ. وەڵام (تەشی). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 11-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2828**
**هەڵت دەگرێ و هەڵیدەگری**

2022121221510545063 3=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەڵت دەگرێ و هەڵیدەگری.
مەبەست لە کڵاشی کوردییە، (کڵاش: جۆرێک پێڵاوی پیاوانەی فۆلکلۆریی کوردییە، ژنانی کورد بە دەست دەیچنن) هەڵت دەگرێ، واتە: کڵاش پێ رووپۆش دەکات و دەیپارێزێ، هەڵیدەگری، واتە: کاتێک کڵاش لەپێ دەکرێ، لەگەڵ ئەوەدا بە پێ هڵدەگیرێ. واتە: هەم پێ هەڵدەگرێ و هەم پێ هەڵیدەگرێ. وەڵام (کڵاش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل65

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2829**
**هەڵتەقێن و دەمتەقێن کاوڕە لەڕەی دەمتەقێن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920195037522042

هەڵتەقێن و دەمتەقێن
کاوڕە لەڕەی دەمتەقێن
هەڵتەقێن: بۆ هەڵوەشاندنی بەرگێک بەکاردێت کە پێشتر دووراببێت. دەمتەقێن: بە کەسێک دەوترێت کە شت بخوات و دەم بتەقێنێت، کاوڕ: بەرخی تەمەن ساڵ و نیو (فەرهەنگی شێخانی) ، لەڕ: لاواز، مەبەست لە مقەستی بەرگ بڕینە، کە بەرگی پێ هەڵدەوەشێت و پێشی دەبڕێت، لەگەڵ ئەوەی بە کاوڕی لەڕ چووێنراوە. وەڵام (مقەست) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل24

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-20
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2830**

**هەڵدم بلّدم دوو پای دوو سم تۆ بیکێشە من دەینووسم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221221132227453302

هەڵدم بلّدم دوو پای دوو سم
تۆ بیکێشە من دەینووسم
مەبەست لە تەرازووی بەنە، (تەرازووی بەن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کێشانی دانەوێڵە و میوەهات بەکاردێ) هەڵدم بلّدم، دەستەواژەیەکی بێواتایە، بۆ کێش و سەرواى هۆنراوەکە بەکارهاتووە، دوو پای دوو سم، مەبەست لە تای تەرازووە، تۆ بیکێشە، من دەینووسم، واتە: بە تەرازوو چی بکیشرێ دەنووسرێ و کەس گلەیی نابێت. وەڵام (تەرازوو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل63

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2831**

**هەڵدم و بڵدم، شەش پێ و دوو سم، ئەگەر نەیزانی بە لووتتا تسم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220815205803428508

هەڵدم و بڵدم، شەش پێ و دوو سم
ئەگەر نەیزانی بە لووتتا تسم
هەڵدم و بڵدم: دوو وشەی بێ واتان لە زمانی کوردیدا، زیاتر بۆ ڕێککردنی کێشی شیعریی و سەرلێتێکدانی گوێگر بەکارهاتوون، شەش پێ و دوو سم: مەبەست لە تەرازووە (لە دوو تا پێکهاتووە، هەر تایەک سێ تاڵ داوی بەهێزی پێوەیە، بۆ کێشانی میوە بەکاردێ) دوو سم واتە: ئەو سەنگانەی لە تەرازوودا هاوتای سەنگ و میوەی پێکراوە، ئەگەر نەیزانی بە لووتتا تسم واتە: مەتەڵەکە ئاسانە گەر نەیزانی پەلامارت دەدەم. وەڵام (تەرازوو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 15-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2832**

**هەڵدێتێ و دادێتێ کلکە ڕەپ دەتباتێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104173642456481

هەڵدێتێ و دادێتێ
کلکە ڕەپ دەتباتێ
مەبەست لە پرۆسەر خۆراک خواردنە بە کەوچک، هەڵدێتێ و دادێتێ، واتە: بەرز دەبێتەوە و نزم دێتەوە کە مەبەست لە کەوچکە کە خواردنی پێدەبرێ بۆ دەم، کلکە ڕەپ دەتباتێ، مەبەست لە کەوچکە کە کلکێکی ڕەق هەیە، بە دەست دەگیرێ.
وەڵام (خواردن بە کەوچک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل165.

کاتی تۆمارکردن: 04-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2833**

**هەڵدەبەزێ پێی نییە سەری لووسە موور نییە زکی دەچێ گووی نییە**

[20221210191914450216=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210191914450216)

هەڵدەبەزێ پێی نییە
سەری لووسە موور نییە
زکی دەچێ گووی نییە

مەبەستی مەتەڵەکە تەرزەیە (لە وەرزی بەهاردا کاتێک هەوروهەڵای توند درووست دەبێت و لەناکاو دەبێتە تەرزە، تەرزە دەنکی ڕەق و لووسە) هەڵدەبەزێ پێی نییە، مەبەست لە کاتی بارینی تەرزەیە کە بەر زەوی دەکەوێ هەڵدەبەزیتەوە، سەری لووسە مووی نییە، واتە: تەرزە خڕ و لووسە، زکی دەچی گووی نییە، واتە: تەرزە کە تۆزتۆز دەتوێتەوە بە زکچوون بەراوردکراوە. وەڵام (تەرزە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل65

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2834**

**هەڵدەبەزێ دادەبەزێ دەمی دێنێ بۆ قوزێ دانی نییە بیگەزێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118165942446084

هەڵدەبەزێ دادەبەزێ
دەمی دێنێ بۆ قوزێ
دانی نییە بیگەزێ

هەڵدەبەزێ و دادەبەزێ، مەبەست لە کرداری مەشکە ژەنینە کە بەرز و نزمی پێدەکرێ، دەمی دێنێ بۆ قوزێ، واتە: کابان کە مەشکە دەژەنێ، سەری مەشکە لە جەستەی نزیک دەبێتەوە، دانی نییە بیگەزێ، واتە: مەشکە ددانی نییە جەستەی ئافرەتەکە بگەزێ. وەڵام (مەشکە ژەنین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل109

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2835**

**هەڵدەبەزێ و دادەبەزێ قەپ دەبا بۆ گەڵ نایگەزێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118173535446099](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118173535446099)

هەڵدەبەزێ و دادەبەزێ
قەپ دەبا بۆ گەڵ نایگەزێ
مەبەستی مەتەڵەکە کرداری ژەنینی مەشکەیە لەلایەن کابانەوە، هەڵدەبەزێ و دادەبەزێ، مەبەست لە ژەنینی مەشکەیە کە کابان دەیژەنێ، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێ) قەپ دەبا بۆ گەڵ و نایگەزێم واتە: لە کاتی کرداری مەشکە ژەنیندا، دەمی مەشکە لە جەستەی کابان نزیک دەبێتەوە. وەڵام (مەشکە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل107



کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2836**
**هەڵدەپەڕێ قەلانێ نە پێی هەیە نە پانێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118173308446098

هەڵدەپەڕێ قەلانێ
نە پێی هەیە نە پانێ
قەلان: دووبارە مۆڵەتدان لە یاریدا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) هەڵدەپەڕێ قەلانێ، مەبەست لە تۆپی یاریکردنە، هەر دەمە و یەکێک یاری پێدەکات، نە پێی هەیە نە پانی، واتە: تۆپ شێوەی گۆییە، دەست و پای نییە، منداڵ یان گەورە یاری پێدەکات.
وەڵام (تۆپی یاریکردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل104

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2837**
**هەڵدەپەڕێ لاقی نییە، دادەنیشێ قونی نییە، سەری سپییە مووی نییە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730082938425453



هەڵدەپەڕێ لاقی نییە، دادەنیشێ قونی نییە، سەری سپییە مووی نییە
ئەم مەتەڵە مەبەستی لە تەزەیە، هەڵدەپەڕێ لاقی نییە واتە: ئەو کاتەی تەرزە دەباری و دەیدا لە زەوی بەرز دەبێتەوە کە دەکەوێتە سەر زەوی دەوەستێت و ناجووڵێ ، سەری سپییە مووی نییە، مەبەست لەڕەنگی تەرزەیە کە سپییە. وەڵام تەرزە.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-30
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2838**
**هەڵدەچێ و دادەچێ بەقنگی باب و باپیرتا دەچێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118173826446100

هەڵدەچێ و دادەچێ
بەقنگی باب و باپیرتا دەچێ
مەبەست لە شرواڵە، (شرواڵ: بەرگێکی کەلەپووری کوردەوارە، پیاوانی کورد دەیپۆشن) هەڵدەچێ و دادەچێ، واتە: شرواڵ لەکاتی پێویستدا، لەپێش دەکرێت و داشدەکەندرێ، بە قنگی باب و باپیرتا دەچێ، واتە: لە مێژوویەکی دێرینەوە، گەلی کورد باب و بابیرانی پشتاوپشت شرواڵیان لەپێکردووە. وەڵام (شرواڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل108

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2839**

**هەڵدەستێ وەک فیلی کلکی لەبانی سەری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107203216457163

هەڵدەستێ وەک فیلی
کلکی لەبانی سەری
مەبەست لە قامیشە، (قامیش: دەوەنێکی سرووشتییە، لە قەراغی ئاو و چەمەکاندا دەڕوێ، قەدێکی درێژی لووسی هەیە) هەڵدەستی وەک فیلی، مەبەست لە باڵای دەوەنی قامیشە، کلکی لەبانی سەری، واتە: قامیش هەتا درێژبێت سەرەکەی باریک دەبێتەوە، لە مەتەڵەکەدا بە کلک بەراوردکراوە. وەڵام (قامیش). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل188.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2840**
**هەڵدەسێ وەک چیایە، گەر دەنوێ وەک کا یە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806063114426754



هەڵدەسێ وەک چیایە، گەر دەنوێ وەک کا یە
لە کوردەواردا تاوڵ، ڕەشماڵ یان دەواری پێدەوترێ , هەڵدەسێ وەک چیایە واتە: ئەو کاتەی کۆچەریەکان دەچنە کوێستان و دەوای هەڵدەدن , وەک چیا بەرز دەبێتەوە, گەر دەنوێ وەک گایە: ئەو کاتەی پێویستیان پێی نامێنێ و کۆدەکرێتەوە و قەبارەی بەقەر گایەک دەبێ. وەڵام تاوڵ، ڕەشماڵ یان دەوار.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2841**
**هەڵمەت دەبا لۆ پێشێ**

[20220927170714436355=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20220927170714436355=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

هەڵمەت دەبا لۆ پێشێ
دەوی بەشە و ددانی نییە بیکێشێ
مەبەست لە کرداری مەشکە ژەنینە، کاتێک کابانێک مەشکە دەژەنێ، ئاراستەی مەشکەکە بۆ پێشەوە و دواوە دەبات، بۆ ئەوەی دۆکەی ناوی بژەنێ، دەوی بەشە، واتە: دەمی مەشکە، ددانی نییە بیکێشێ، واتە: مەشکە دەمی هەیە بەڵام ددانی نییە.
وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل57

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2842**

**هەڵنیشتووە لەو چرە زۆر توند و تیژ و جرە هێجگار بەرزە فرە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211191455450437](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211191455450437)

هەڵنیشتووە لەو چرە
زۆر توند و تیژ و جرە
هێجگار بەرزە فرە
مەبەست لە هەڵۆیە، (هەڵۆ: باڵندەیەکی ڕاوچیی کێویی گۆشتخۆرە، لە وڵاتی کوردستان بوونی هەیە) هەڵنیشتووە لەو چرە، مەبەست لە هەڵۆیە کە سرووشتی وایە لە شوێنی بەرزدا هەڵدەنیشێ، زۆر توند و تیژ و جرە، واتە: نەرمی نانوێنێ بەرانبەر نێچیر، هێجگار بەرز فرە، واتە: زۆر بە بەرزی دەفرێ. وەڵام (هەڵۆ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2843**

**هەڵنیشتووە لەو گردە جیقنە دەکا زۆر وردە یەکجار بە دەستوبردە**

2022121119182745O438=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

هەڵنیشتووە لەو گردە
جیقنە دەکا زۆر وردە
یەکجار بە دەستوبردە

مەبەست لە کۆترە گابەلەیە، (کۆترە گابەلە: جۆرێک کۆتری کێوی چیاییە لە کوردستان، قەبارەی لە کۆترەشنیکە گەورەترە و ملی درێژترە) هەڵنیشتووە لەو گردە، مەبەست لە کۆترە گابەلەیە کە لە شوێنی بەرز هەڵدەنیشێ، جیقنە دەکا زۆر وردە، (جیقنە: ڕیقنە) وەکو هەموو پەلەوەرێک جیقنەدەکا، یەکجار بەدەستوبردە، واتە: زۆر گورجوگۆڵ و خێرایە. وەڵام (کۆترە گابەلە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل69

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2844**

**هەڵهێنانێک دەڵێم لە شەش پیتانە دەرەچێ هەر مانگێ لەم کوردستانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104183452456493

هەڵهێنانێک دەڵێم لە شەش پیتانە، دەرەچێ هەر مانگێ لەم کوردستانە
پیتی یەک و دوو بە چوار پێ ئەدرێ، وا ئەبێ کاری دیشی پێ ئەکرێ
مەبەست لە گۆڤاری کاروانە، (گۆڤاری کاروان: گۆڤارێکی مانگانە بوو، ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان بە زمانی کوردیی و عەرەبیی بڵاوی دەکردەوە، یەکەم ژمارەی لە ساڵی تشرینی یەکەمی 1982دا و دوا ژمارەی لە ساڵی 1992 دەرچوو)
هەڵهێنانێک دەڵێم شەش پیتانە، مەبەست لە پیتەکانی وشەی کاروانە، دەردەچێ هەر مانگێ لەم کوردستانە، واتە: گۆڤاری مانگانەی کاروان. وەڵام (گۆڤاری کاروان). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل89.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2845**
**هەڵوای تەنک نانی هەتا نەیخۆی نازانی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221210194233450245
هەڵوای تەنک نانی
هەتا نەیخۆی نازانی
مەبەستی لە شلکێنەیە، (شلکێنە: جۆرە نانێکی چەوری ناسکی کوردییە) هەڵوای تەنک نانی، هەڵوا یان حەڵوا: چێشتی ئارد و دۆشاو و ڕۆنە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە شلکێنەیە، هەتا نەیخۆی نازانی، واتە: هەتا نەیخۆی نازانی چەند نەرم و شلە. وەڵام (شلکێنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل67
کاتی تۆمارکردن: 10-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2846**

**هەڵۆیەکە چوار هێلانەی هەیە هەر هێلانەیەک سێ هێکلەی تیایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921215030522304

هەڵۆیەکە چوار هێلانەی هەیە
هەر هێلانەیەک سێ هێکلەی تیایە
هەڵۆ: باڵندەیەکی کێوی گۆشتخۆرە، لە چیا و کەژی کوردستاندا دەژیی، هەڵۆیەکە، مەبەست لە ساڵە، چوار هێلانەی هەیە، مەبەست لە چوار وەرزەی ساڵە، هەر هێلانەیەک سێ هێلکەی تیایە، مەبەست لەوەیە کە هەر وەرزێک لە سێ مانگ پێکدێت. وەڵام (وەرز و مانگی ساڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 29

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2847**

**هەڵیدەگری باری هەیە دایدەنێ کاری هەیە**

[20221211195407450454=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211195407450454)

هەڵیدەگری باری هەیە
دایدەنێ کاری هەیە
مەبەست لە مراکە، (مراک: کەوچک) هەڵیدەگری باری هەیە، مەبەست لە کەوچکە کاتێک پڕ بەخواردنەوە دەبرێ بۆ دەم، وەکوو وایە بارکرابێت، دایدەنێ کاری هەیە، واتە: کەوچک لەناو قاپی چێشتدا، بێکار نییە بەڵکوو چێشتەکەی پێ ئەمدیو ئەودیو دەکرێت و پاشان دەخورێ. وەڵام (کەوچک، مراک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل68

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2848**

**هەڵیدەگری سەری دەخەی حەزت لێیە لە دەمتی دەخەی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230915212502520782

هەڵیدەگری سەری دەخەی
حەزت لێیە لە دەمتی دەخەی
مەبەست لە پڕۆسەی نانخواردنە، کاتێک مرۆڤ برسی دەبێت، ئارەزووی دەچێتە جۆرێک خواردن، هەڵیدەگری و سەری دەخەی، مەبەست لە پارووی نانە کە بە دەست دەگیرێت و دەبرێت بۆ دەم، حەزت لێیە لە دەمتی دەخەی، واتە: خواردنەکە دەخەیتە دەمتەوە. وەڵام (پارووی نان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل12

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2849**
**هەڵینکە و مەڵینکە شەریفۆکەی شەش لینگە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211200236450459

هەڵینکە و مەڵینکە
شەریفۆکەی شەش لینگە
مەبەست لە تەرازووی بەنە، (تەرازووی بەن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دوو تا و شەش تاڵ بەن و دارێک پێکهاتووە، بۆ کێشانی میوە و دانەوێڵە بەکاردێ) . هەڵێنکە و مەڵێنکە، مەبەست لە تەرازووە، شەریفۆکەی شە لینگە، مەبەستی لە شەش تاڵی دوو تای تەرازووە کە بە شەش لینگ چووێنراوە. وەڵام (تەرازووی بەن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل65

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2850**

**هەڵێنە و مەڵێنە داروکێ بچەقێنە ئاردەکی ورد بێنە وەک کل بە چاوتا بهێنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211195836450455

هەڵێنە و مەڵێنە، داروکێ بچەقێنە
ئاردەکی ورد بێنە، وەک کل بە چاوتا بهێنە
مەبەست لە ئاشە. (ئاشی ئاوگەڕ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێلە بەکاردێ) ، داروکێ: مەبەست لە چەقەنەی ئاشە کە دارێکی بچووکە. هەڵێنە و مەڵینە داروکێ بچەقێنە، مەبەست لە ئاشی ئاوگەڕە، ئاردەکی ورد بێتە، واتە: دانەویلە لە ئاشدا دەبێتە ئارد، هەروەها ئاردیش بە کلی چاوڕشتن چووێنراوە. وەڵام (ئاشی ئاوگەڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردی بە وەڵامەوە، هۆشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ل64

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2851**

**هەڵێنە و مەڵێنە دارەکەی بچەقێنە ئاردەکی هۆرد بێنە، وەک کل بە چاوتیابێنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107203726457165

هەڵێنە و مەڵێنە دارەکەی بچەقێنە
ئاردەکی هۆرد بێنە، وەک کل بە چاوتیابێنە
مەبەست لە ئاش و گەنم و ئاردە، هەڵێنە و مەڵینە، واتە: بیری لێبکەرەوە و وەڵام بزانە، ئاردەکی هۆرد بێنە، واتە: لە ئاشدا دانەوێڵە (گەنم) دەکرێت بە ئارد، وەک کل بە چاوتیابێنە، (کل: لە کوردەواردا بۆ چاوڕشتن بەکاردێ) واتە: ئارد نمەکە نابێ فڕێبدرێ بەڵکو دەبێت بخرێتە سەرچاو. چونکە خۆراک پیرۆزە و مرۆڤ لە مردن ڕزگاردەکات. وەڵام (ئاش، گەنم و ئارد) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل179.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2852**
**هەڵچە هەڵچە بیست و پازدە دەرچە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111214441457983
هەڵچە هەڵچە
بیست و پازدە دەرچە
مەبەست لە کونجییە، هەڵچە هەڵچە (هەڵچە: ئامادەبوون بۆ لێدان. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە ڕووەکی کونجییە کە پێدەگات و باقەباقە دەیبەستن پاشان کە وشک دەبێتەوە، بە دارێک پێیدا دەکێشن بۆ ئەوەی کونجییەکان لە کەلووەکان بێنەدەر. بیست و پانزە دەرچە، واتە: هەر کەلوویەک لە کونجی، زیاتر لە پازدە بۆ بیست دەنکی کونجی تێدایە.
وەڵام (کونجی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل191.
کاتی تۆمارکردن: 11-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2853**
**هەی نورە نورە، چواردەوری بە عرە، نێوی تەندورە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220730082026425450



هەی نورە نورە، چواردەوری بە عرە، نێوی تەندورە
هەی نورە نورە واتە: ڕووناکی یان ئاگر، بەعر: دەریا، چواردەوری ئاوە: مەبەست لە ئاوی ناو سەماوەرە کە دەوری لولەی ئاگردان یان جەهاندەمی داوە کە لە مەتەڵەکەدا بە تەندور ناوبراوە. مەتەلەکە مەبەستی لە سەماوەرە کە ئاوی تێکرابێت و داگیرسابێ. وەڵام سەماوەر.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 30-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2854**

**هەی کاکە ڕەنگێ، هەی کاکە ڕەنگێ لەدوور دیارە یەک سپی ڕەنگێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011110837525519

هەی کاکە ڕەنگێ، هەی کاکە ڕەنگێ
لەدوور دیارە یەک سپی ڕەنگێ
مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، هەی کاکە ڕەنگێ، دوو جار دووبارە بووەتەوە، بۆ ڕازاندنەوەی ئاواز مەتەڵەکە هاتووە، لە دوور دیارە یەک سپی ڕەنگێ، مەبەست لە هێلەکە کە ڕەنگی توێکڵە کلسییەکەی سپییە، چونکە هێلکەی کوردی ڕەنگی سپییە. وەڵام (هێلکە).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 92

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2855**
**هەیتم خانوو پڕ لە تەپشوولە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104185730456499

هەیتم خانوو، پڕ لە تەپشوولە.
مەبەست لە دەم و ددانە، هەیتم خانوو، (هەیتم: هەمە) مەبەست لە دەمی مرۆڤە کە بە خانوو چووێنراوە، پڕە لە تەپشوولە، (تەپشوولە: تەشوێ، ئامێرێکە سەرێکی ئاسنی دەم تیژ و کلکێکی داری هەیە، بۆ داتاشینی دار بەکاردێ) مەبەست لە ددانی مرۆڤە کە خواردنی پێ دەهاڕدرێ. وەڵام (دەم و ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل130.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-04
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2856**
**هەیوانێکە و پشتبانێکە چوار مەڕ و بەرانێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230104190204456501

هەیوانێکە و پشتبانێکە
چوار مەڕ و بەرانێکە
مەبەست لە دەست و پەنجەی مرۆڤە، هەیوانێکە، مەبەست لە بەری دەستە، پشتبانێکە، (پشتبان: لە کوردەواردا بە سەربانێکی لاوەکی دەوترێ کە کەس کاری پێنەبێ) مەبەست لە پشتی دەستە، لە هەڵسوکەوت و ژیانی ڕۆژانەدا زۆرکەم بەکاردێ، چوار مەڕ، مەبەست لە چوارپەنجەی دەستە، بەرانێکە، (بەران: مەڕی تەمەن چوار ساڵ زیاتر) مەبەست لە پەنجەکەڵەی دەستە. وەڵام (دەست و پەنجە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چایخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل133.

کاتی تۆمارکردن: 04-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2857**
**وا هات سواری دەست بە گورزێ هەموو لەبەری ئەلەرزێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916100721520885

وا هات سواری دەست بە گورزێ
هەموو لەبەری ئەلەرزێ
مەبەست لە تەونە، (تەون: ئامێریکی کەلەپووری کوردییە، بۆ چنینی فەرش بەکاردێت) گورز: پەت و پەڕۆی بادروای ڕەق بۆ کایە کردنە (فەرهەنگی کانی) وا هات سواری دەست بە گورز: مەبەست لەو خانمەیە کە خووری بەدەستەوەی و کاری چنینی فەرش ئەنجامدەدات، خووری دەستی بە گورز چووێنراوە، هەمووی لەبەری دەلەرزن، واتە: لە کاتی چنینی فەرشدا هەموو داوەکان دەلەرنەوە. وەڵام (تەون) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل11

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2858**

**وانییە وایە واتریشە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211214116450486](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211214116450486)

وانییە وایە واتریشە.
مەبەست لە شەیتان پێکەنینە، بابەتی شەیتان پێکەنین لەناو خەڵکیدا بڵاوە و ڕۆژانە زۆر دەوترێتەوە، بۆ کەسێک بەکاردێ کە لە جێگەیەک بەتەنیا دانیشتبێت یان بە ڕێگەدا بڕوا، خەیاڵی ڕابردوو بێتە مێشکییەوە و بەدەم خۆیەوە زەردەخەنەبکات.
وەڵام (شەیتان پێکەنین).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل70

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2859**

**وتوو لە سەرا پاوشا لە شێوا شێر دوم لەبان پشت لە دەنگا دلێر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230925091453523269

وتوو لە سەرا پاوشا لە شێوا شێر
دوم لەبان پشت لە دەنگا دلێر
وتوو: وتاردان و قسەکردن بۆ خەڵکی، پاوشا: پادشا یان پاشا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، شێوا: شێوە، دوم: کات (فەرهەنگی کانی) ، وتوو لە سەرا پاوشا لە شێوا شێر، مەبەست لە کەڵەشێرە کە دەخوێنێت، خوێندنی کەڵەشێر چووێنراوە بە وتاردانی پاشا، هەروەها دەنگی خوێندنی دلێر و بەرزە. وەڵام (خوێندنی کەڵەشێر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: سەقز

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل40

کاتی تۆمارکردن: 25-09-2023

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2860**

**ورانی وریا، ژەنینی یاخۆ زاڕ و لەو پیا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013100341525932

ورانی وریا، ژەنینی یاخۆ زاڕ و لەو پیا.
وەڵام (تەور). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل11

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2861**

**وردیلە وردیلە لە بن بەردیلە، هەرکەس نەیزانێ بەچکە پشیلە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806070046426759



وردیلە وردیلە لە بن بەردیلە، هەرکەس نەیزانێ بەچکە پشیلە
وردیلە وردیلە, مەبەست لە خواردنی یاپراغە کە ژنان دەیپێچنەوە, لە بن بەردیلە واتە: پەتاتە یان تەماتەی ناو یاپراغە کە قەبارەکەی لە یاپراغ گەورەترە و بە بەرد چووێنراوە, بەچکە پشیلە واتە: هەرکەس نەیزانێ وەک پشیلە وایە. وەڵام یاپراغ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2862**

**وردە وەک هەرزن ڕەشە وەک بزن خەڵک لەبەری دەلەرزن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118094341446039

وردە وەک هەرزن
ڕەشە وەک بزن
خەڵک لەبەری دەلەرزن
مەبەست لە کێچە (کێچ: گیانەوەرۆچکەیەکی بچووکە، ڕەنگی ڕەشە، لەناو جێگەی پیس یان موو و خوری ماڵاتدا گەشە دەکات) وردە وەک هەرزن مەبەست لە کێچە کە وەک دەنکی هەرزن وردە، ڕەشە وەک بزن، واتە ڕەنگی کێچ ڕەشە و لە ڕەنگدا بە بزن بەراوردکراوە، خەڵکی لەبەری دەلەرزن، واتە: کێچ بچێتە جەستەی هەر کەسێکەوە تووشی نارەحەتی دەکات.
وەڵام (کێچ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل111

کاتی تۆمارکردن: 18-11-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2863**
**وردە وەک هەرزن، بەرزە وەک حوشتر، شیرینە وەک شەکر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821084058429384

وردە وەک هەرزن
بەرزە وەک حوشتر
شیرینە وەک شەکر
هەرزن: جۆرە دانەوێڵەیەکی وردە، جوتیارانی کورد ساڵانە دەیکەن، لە ڕابردوودا وەک خۆراک بەکارهاتووە بەڵام لە ئێستادا وەک دانەوێڵە دەدرێ بە پەلەوەر، وردە وەک هەرزن، مەبەست لە میوەی تووە (یەکێک لە جۆرەکانی توو لە کوردستان پێی دەوترێ: تووە وردە) بەرزە وەک حوشتر، مەبەست لە داری تووە کە باڵای زۆر بەرز دەبێتەوە، لەبەرزیدا چووێنراوە بە حوشتر، شیرینە وەک شەکر، مەبەست لە تامی دەنکی ئەو جۆرە تووەیە کە زۆر شیرینە. وەڵام (توو وردە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2864**

**وردە وەک هەرزن، ڕەشە وەک بزن، بە پێنج بۆی دەچن، بە دووان دەیگرن**

[20220807054834426955=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807054834426955)

وردە وەک هەرزن، ڕەشە وەک بزن، بە پێنج بۆی دەچن، بە دووان دەیگرن
هەرزن جۆرێکی دانەوێڵە، وردە وەک هەرزن: مەبەست لە قەبارەی کێچە کە بە قەدەر دەنکە هەرزنێک دەبێت، ڕەشە وەک بزن واتە: ڕەنگیشی وەک مووی بزن ڕەشە، بە پێنج بۆی دەچن: واتە بە پێنج پەنجەی دەست بۆی دەچن، بە دووان دەیگرن، واتە: بە دوو پەنجەی دەست دەگیرێ. وەڵام کێچ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2865**
**ورگنی نەرمنی تووکن**

[20221211213323450485=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211213323450485)

ورگنی
نەرمنی
تووکن
مەبەست لە بالیفە، (بالیف: سەرین یان سەنیر) مەبەست لە سەرینی کوردییە کە لوولەکییە، ئەمسەر و ئەوسەرەکەی وەک پزووی دەرپێ، بە داو دەهێننەوەیەک، ناوەکەی پڕە لە پەڕی مریشک یان بندۆکی مەرەز، خڕ و قەڵەوە لە مەتەڵەکەدا بە ورگن چواندوویەتی، هەروەها نەرم تووکنیشە. وەڵام (بالیف) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەوارییی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل70
کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2866**
**وسای یەک چاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921223843522327

وسای یەک چاو.

وسا: وەستا (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) وسای یەک چاو، مەبەست لە سووژنە، (سووژن: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە کانزا درووست دەکرێت، نووکێکی تیژی هەیە، لە کلکەکەیدا کوونێکی تێدایە، داوی تێهەڵدەکێشرێت، بۆ دوورینەوەی دەوار و ڕەشکە بەکاردێت). وەڵام (سووژن).[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 31


کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2867**

**وشتری مرد لەبەر لەرەی ئەوەندە پیوی پێوەبوو بەیانی بوو نزیک شار لەسەر بەحر بەڕیوەبوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221220211540453224

وشتری مرد، لەبەر لەرەی، ئەوەندە پیوی پێوەبوو
بەیانی بوو نزیک شار، لەسەر بەحر بەڕیوەبوو
وشتری مرد، مەبەست لە کاروانچییە کە بە باربەر بار دەبات، لەبەر لەرەی ئەوەندە پیوی پێوەبوو، واتە: باربەرەکەی باری زۆر پێوەیە، وەکوو وڵاخی قەڵەو وایە کە لەبەر گۆشت لەرەی دێ. بەیانی بوو نزیک شار، واتە: بەیانی کاروان لە شارەوە بەرەوە دەریا بەڕیدەکەوێ. وەڵام (وڵاخی باربەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:


سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چایخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل63


کاتی تۆمارکردن: 20-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2868**
**وشەی کوردیە، ناوی خواردنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220906223414432541

وشەی کوردیە
ناوی خواردنە
بەبێ ئەو مرۆڤ
ڕووەو مردنە
گەر پیتەکانی
پێچەوانەکەی
جیاوازی نابێ
مانای ناوەکەی
هیچ کەسێ نییە
لێی نەخواردبێ
ژانی برسێتی
لێ نەشکاندبێ
ئەو خواردنە چییە
هێندە زەroorە
برژاوی سەر ساج
یا ناو تەنوورە
بیری لێبکەوە
هەڵی بێنە زوو
لەگەڵ سەوزەیا
بیکە بە پاروو
وەڵام (نان) [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکووک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل13

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2869**

**وڵاتێک سەوزە، ناوەکەی سوورە خەڵکەکە ڕەشە کلیلەکەی ئاسنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221118094601446040

وڵاتێک سەوزە، ناوەکەی سوورە
خەڵکەکە ڕەشە کلیلەکەی ئاسنە
وڵاتێک سەوزە، مەبەست لە توێکڵی شووتییە، ناوەکەی سوورە، مەبەست لە ڕەنگی میوەی شووتییە کە سوورە، خەڵکەکە ڕەشە، مەبەست لە ناوکی شووتییە، کلیلی ئاسنە، واتە: مەبەست لە چەقۆی ئاسنە کە شووتی پێلەت دەکرێ. وەڵام (شووتی) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل111

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-18

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2870**

**ویش ئینە چەی لە گوڵیش ئینە چۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231015093318526283

ویش ئینە چەی لە گوڵیش ئینە چۆ.
وەڵام (کەدوو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل39

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-15

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2871**

**وێش موسو قنجەش موسو**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016082621526315](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016082621526315)

وێش موسو
قنجەش موسو
وەڵام (کلکی بزن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل42

کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2872**
**وەبانا یەکێ، وەخوارا دوان بڕینەسەی قنگ، ئەوەڵ ئاخیرمان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916100923520886

وەبانا یەکێ، وەخوارا دوان
بڕینەسەی قنگ، ئەوەڵ ئاخیرمان
مەبەست لە شرواڵە، (شرواڵ؛ بەرگی خوارەوەی جلوبەرگی پیاوەنەی کوردییە) وەبانا: لەسەرەوە، وەخوارا: خوارەوە. وەبانا یەکێ، مەبەست لە بەشی سەرەوەی شرواڵە لە لێوەی لە پێ دەکرێت، وەخوارا دوان: مەبەست لە دوو دەرلینگی شرواڵە. بڕینەسەی قنگ ئەوەڵ ئاخیرمان، مەبەست لە داپۆشینی جەستەی مرۆڤە، بەهۆی لەپێکردنی شرواڵەوە. وەڵام (شرواڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل13

کاتی تۆمارکردن: 16-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2873**

**وەتف سافی کە، وەدەس ڕەقی کە، بیکە بە کونەکەیا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205145155534043

وەتف سافی کە، وەدەس ڕەقی کە، بیکە بە کونەکەیا.
مەبەست لە دەرزی و دەزوو پێوەکردنە، وەتف سافی کە، مەبەست لە دەزووە ئەو کەسەی کە دەزوو بە دەرزییەوە دەکات، بۆ ئەوەی بەئاسانی پێوەبکرێت، کەمێک فتی لێدەدات، وەدەس ڕەقی کە، واتە: کەمێک دەزووەکە ڕێکبکاتەوە، پاشان بیکە بە کونی دەرزییەکەدا. وەڵام (دەرزیی و دەزوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری موکریانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل187

کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2874**

**وەچەت چێڵ وە چەوەندە، لاشەی ئێسقان سەری پێچ پێچە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220806071058426760

وەچەت چێڵ وە چەوەندە، لاشەی ئێسقان سەری پێچ پێچە
گۆچان ئامێرێکی کەلەپوور کوردییە، کەسە بەتەمەنەکان بۆ ڕێکردن بەکاری دێنن. چەوەندە: چەماوە، وەچەت چێڵ وە چەوەندە: دەستەواژەیەکە بۆ جوانکاری و کیش و سەروای هۆنراوەکە بەکارهاتووە، لاشەی ئێسقان: مەبەستی لە گۆچانە کە لەڕەقیدا بە ئێسقان چووێنراوە،، سەری پێچ پێچە: مەبەستی سەری گۆچانە چەماوەتەوە و پێچی خواردووە. وەڵام گۆچان.[1]

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2875**

**وەختێ پیسا وریۆ وەختێ پوختەن مەریۆ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231013204242526045

وەختێ پیسا وریۆ
وەختێ پوختەن مەریۆ
وەڵام (سەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل29

کاتی تۆمارکردن: 13-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2876**
**وەختەکی شینە وەک قەزوانی وەختەکی زەردە وەک سیقەدانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111220055457988

وەختەکی شینە وەک قەزوانی
وەختەکی زەردە وەک سیقەدانی
مەبەست لە کولەکەیە، وەختەک شینە وەک قەزوانی، (قەزوان بەری دارەبەنە و بە تەڕی ڕەنگی سەوزە) مەبەست لە کولەکەیە کە ڕەنگی سەوزە، وەختەکی زەردە وەک سیقەدانی، مەبەست لە کولەکەیە کە پێدەگات ڕەنگی سیقەدان زەرد دەبێت. وەڵام (کولەکە). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل200.

کاتی تۆمارکردن: 11-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2877**

**وەریس ئاو دەدەن گۆلک مەزن دەبێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111220450457989

وەریس ئاو دەدەن
گۆلک مەزن دەبێ
مەبەست لە میوەی شووتییە، وەریس ئاو دەدەن (وەریس: گوریس. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە لاسکی شووتییە کە بە گوریس چووێنراوە، گۆلک مەزن دەبێ، (گۆک: گوێرەکە) مەبەست لە شووتییە، مەتەڵەکە مەبەستی لەوەیە، چۆن گوێرەکە بە گوریس دەبەسترێتەوە، شووتیش بە لاسکەکەوەیەتی. وەڵام (شووتی). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل195.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2878**
**وەزن سووکی قیمەت گران**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220827112847430661](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220827112847430661)

وەزن سووکی قیمەت گران.
بەپێی نەریت و لێکدانەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا، هەر شتێک کەم و سووک بێت، بێبەهایە و گرنگی نییە، وەزن سووک لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە (زێڕ) ە کە ماددەیەکی کانزایی گرانبەهایە، بە پێچەوانەی هەموو کاڵا و شتەکانەوە، کێشی کەمە و بەهار زۆرە، بە هەموو شتێک سەودا و کڕین و فرۆشتنی پێدەکرێ. لەگەڵ ئەوەدا بۆ ڕازاندنەوەش بەکاردێ. وەڵام (زێڕ، ئاڵتوون) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل29

کاتی تۆمارکردن: 27-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2879**

**وەستاوە لە حەوشێ خاس ئەکا جووتە کەوشێ بێ دەرزی و بێ درەوشێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230913231141520524

وەستاوە لە حەوشێ
خاس دەکات جووتە کەوشێ
بێ دەرزی و بێ درەوشێ
خاس: باش. کەوش: جۆرێک پێڵاوی بێ پاژنەی لووت هەڵگەڕاوەیە. درەوش: دەرزییەکی گەورەیە چەرمی پێ کون دەکرێت بۆ دوورینەوە (فەرهەنگی خاڵ) وەستاوە لە حەوشێ: مەبەست لە ئاسنگەرە، خاس دەکات جووتە کەوشێ: مەبەست لەوەیە کە ناڵ دروستدەکات کە بە کەوش چووێنراوە، بە بزمار کە بە درەوش چووێنراوە، بە پێی وڵاخدا دادەکوترێت. وەڵام (ناڵ) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1392، ل3

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-13
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2880**

**وەستای زەبوور دەورەکەی بەفرە ناوەکەی تەنوور**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211213040450484

وەستای زەبوور
دەورەکەی بەفرە ناوەکەی تەنوور
مەبەست لە سەماوەرە، (سەماوەر: ئامێرێکە بۆ گەرمکردنی ئاو و لێنانی چا بەکاردێ.) وەستای زەبوور، مەبەست لە سەماوەرە کە بە کەسی زەبوور و ماندوو چووێنراوە چونکە بەردەوام لەکاردایە، دەورەکەی بەفرە و ناوەکەی تەنوور، مەبەست لە وەیە دیوی دەرەوەی سەماوەر گەر دەستی بەرکەوێ ساردە بەڵام دیوی ناوەوەی گەرمە. وەڵام (سەماوەر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل70

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2881**
**وەستای زەنوور، دەورەکەی بەفر و ناوەکەی تەنوور**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819114114429098



وەستای زەنوور، دەورەکەی بەفر و ناوەکەی تەنوور.
سەماوەر: ئامێرێکی کەڵەپووری ڕۆژهەڵاتییە، بۆ گەرم کردنی ئاو و لێنانی چا بەکاردێت، مەتەڵەکە مەبەستی سەماوەرە، دەورەکەی بەفرە واتە: لە دیوی دەرەوەی سەماوەر ساردە، چووێنراوە بە بەفر، ناوەکەی تەنوور مەبەست لە ئاگردانی ناو سەماوەرە کە ئاو گەرم دەکات، چووێنراوە بە تەنوور. وەڵام (سەماوەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-19

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2882**

**وەستای ناوەستا کاری زەرروورە دەوری ئاوە و ناوی تەنوورە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921224111522328

وەستای ناوەستا کاری زەرروورە
دەوری ئاوە و ناوی تەنوورە
وەستای ناوەستا دەستی زەرروورە
دەورەکەی بەحرە ناوی تەنوورە

زەروور: پێویست، تەنوور: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ برژاندنی نان بەکاردێت، بەحر: دەریا. مەبەست لە سەمارەوە، (سەماوەر: ئامێرێکە بۆ گەرمکرنی ئاو و لێنانی چا بەکاردێت) . دەوری ئاوە و ناوی تەنوورە، مەبەست لە سەماوەرە، کە لوولەی ئاگرەکەی لە ناوڕاستدایە و دەورەکەی ئاوە و بەهۆیەوە گەرم دەبێت. وەڵام (سەمارەو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 30

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2883**

**وەسە کراس و دەرزی نەدیگە وەسە ئارد و ئاسیاوی نەدیگە وەسەر دار و خەڕاتی نەدیگە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921223658522326

وەسە کراس و دەرزی نەدیگە
وەسە ئارد و ئاسیاوی نەدیگە
وەسەر دار و خەڕاتی نەدیگە

وەسە: وەکو. مەبەستی مەتەڵەکە سرێنچکە، کە بەری دارێکی دڕکاوی گەڵا بۆری زەیتونییە، توێکڵی سوورە لە ناوەوە وەک ئارد دەچێ، (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە). وەسە کراس و دەرزی نەدیگە، مەبەست لە توێکڵی سرێنچکە، وەسە ئارد و ئاسیاوی نەدیگە، واتە: سرێنچک وەک ئارد وایە و ئاشی نەدیوە چونکە بەرەکەی وردە و هاڕینی ناوێت. وەڵام (سرێنچک). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 31

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2884**
**وەک شاخە نێری هەڵئەپەڕێ کێری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230108175244457292

وەک شاخە نێری
هەڵئەپەڕێ کێری
مەبەست لە چەقەنەی ئاشە، (چەقەنەی ئاش: بەو دارە دەوترێ کە سەرێکی بەدۆڵیانی ئاشەوەیە و باراش بۆ ناو بەرداش بەرێدەکات، لەگەڵ ئەوەدا بەبەرداشدا دەیدا و تەقەتەق درووستدەکات) وەک شاخی نێری، مەبەست لە چەقەنەی ئاشە کە بە شاخی نێری چووێنراوە، هەڵدەپەڕێ کێری، واتە: بەردەوام چەقەنەی ئاش دەجووڵێ. وەڵام (چەقەنەی ئاش). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل179.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2885**

**وەک شێلم و چەوەنەر**

[20220915234602434227=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220915234602434227)

وەک شێلم و چەوەنەر
دەڕوێنرێ و دێتەبەر
دوایی بۆ کارگە دەبرێ
لەوێ پاک ورد دەکرێ
کاتێ دەگاتە دەستمان
سپی وەک بەفری کوێستان
لە بازاڕا دەیکڕین
مەتەڵی چوار پیت شیرین
ئەگەر هێشتا تێناگەی
چا تاڵ بوو داوای دەکەی
مەبەست لە شەکرە کە دەکرێتە ناو چاوە، بۆ ئەوەی شیرین بێت. وەڵام (شەکر). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل62

کاتی تۆمارکردن: 15-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2886**
**وەک گورگی هار کەوتە ناو دار**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916101131520887

وەک گورگی هار
کەوتە ناو دار
مەبەست لە تەورە، (تەور پێشی دەوترێت بیور، دەمێکی تیژی ئاسن و کلکێکی داری هەیە، ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ بڕینەوەی دار بەکاردێت) وەک گورگی هار، مەبەست لە تەورە، کەوتە ناودار، واتە: داری بڕی، چۆن گورگ بکەویتە ناو مێگەڵ ملی هەمووی دەشکێنێت، بەو شێوەیە تەوریش بکەوێتە کار، هەموو دارێک دەبڕێت. وەڵام (تەور، بیور). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل11

کاتی تۆمارکردن: 16-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2887**

**وەک گونی بابت خڕە وەک هی دایکت داقڵیشاوە وەک ڕیشی باپیرت سپییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111220814457991

وەک گونی بابت خڕە
وەک هی دایکت داقڵیشاوە
وەک ڕیشی باپیرت سپییە

مەبەست لە قۆزاخە و پەمووە، وەک گونی بابت خڕە، مەبەست لە قۆزاخەی پەمووە کە شێوەیەکی نیمچەخڕی هەیە و بە جەستەی باوک چووێنراوە، وەک هی دایکی قڵیشاوە، واتە: قۆزاخەی پەموو کاتێک پێدەگات، دەقڵیشێ و لۆکەکەی کەمێک لێدێتەودەر، وەک ڕیشی بابت سپییە، مەبەست لە لۆکەی ناو قۆزاخەیە. وەڵام (قۆزاخە و پەموو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل192.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2888**

**وەک و گۆی زەوی وایە، ورگی پڕ لە هەوایە، هەتا تۆ تێی هەڵدەی، ئەو خەریکی سەمایە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807053904426954](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807053904426954)

وەک و گۆی زەوی وایە، ورگی پڕ لە هەوایە، هەتا تۆ تێی هەڵدەی، ئەو خەریکی سەمایە
گۆی زەوی: مەبەستی لە خڕێتی تۆپە کە وەک زەوی وایە، ورگی پڕ لە هەوایە واتە: تۆپەکە پڕلە هەوایە، هەتا شەق تێی هەڵدەی، تۆپەکە بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، ئەو خەیکی سەمایە واتە: لە ئاسماندا یاریی دەکات، مەتەڵەکە مەبەستی یاریکردنی کەسێکە بە تۆپ. وەڵام تۆپ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

زمان - شێوەزار: کرمانجیی ناوەڕاست
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
[2] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەنبانەبۆرینە / فەرهەنگی خاڵ
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2889**

**وەکوو خونچەوایە کە تەڕبوو دەکرێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211214449450488

وەکوو خونچەوایە کە تەڕبوو دەکرێتەوە.
مەبەست لە چەترە، (چەتر ئامێرێکی دەستییە، دژە بارانە و بۆ خۆپاراستن لە تەڕبوون بەکاردێ) وەکوو خونچەوایە، مەبەست لە چەترە کە دەنووشتێتەوە بە خونچە چووێنراوە، کە تەڕبوو دەکرێتەوە، واتە: کە باران باری کەسەکان بەکاری دێنن و دەیکەنەوە. وەڵام (چەتر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل70

کاتی تۆمارکردن: 11-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2890**

## وەکی دەبن مردییە حەرارره کە مرد حەرام دەبێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221211214702450489

وەکی دەبن مردییە حەرارره، کە مرد حەرام دەبێ.
مەبەستی مەتەڵەکە هێلکە و مریشکە، (حەرار: حەڵاڵ) وەکی دەبن مردییە حەرارە، واتە: کاتێک مریشک هێلکە دەکات، هێلکە بەشتێکی مردوو دانراوە لەگەڵ ئەوەدا حەڵاڵە. کە مرد حەرامە، واتە: کاتێک هێلکە هەڵدێ و دەبێتە جووجەڵە گەر مرداربیێتەوە، گۆشتی حەرامە. وەڵام (هێلکە و مریشک) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل70

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2891**
**ڕادەبڕی لە نەڵێنی نەدەدووری نەدەچێنی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226114819454175

ڕادەبڕی لە نەڵێنی
نەدەدووری نەدەچێنی
مەبەست لە ئێسترە، (ئێستر گیاندارێکی چوارپێیە، لە ئەنجامی جووتبوونی کەر و مایین درووستدەبێ) ڕادەبوێری لە نەڵێنی، (نەڵێن: ناوی شوێنێکە لە کوردستان. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە ڕابواردنە لەجێگەیەکی خۆش. نە دەدووری نەدەچێنی، مەبەست لە ئێسترە کە توانای زۆربوون و پەڕینی نییە. وەڵام (ئێستر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل13
کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2892**

**ڕاست و چەپی دەچییە کنی ڕێگاوبان هەڵدەچنی دەچییە ماڵان دایدەکەنی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028230040442399

ڕاست و چەپی دەچییە کنی
ڕێگاوبان هەڵدەچنی
دەچییە ماڵان دایدەکەنی

مەبەست لە پێڵاوە، ڕاست و چەپی دەچییە کنی، مەبەست لە دوو تاکی پێڵاوە کە ڕاست و چەپی هەیە و لەپێ دەکرێ، ڕێگاوبانی هەڵدەچنی، واتە: بەهەموو ڕێگاوبانێکدا دەتوانێت بڕوات، دەچییە ماڵان دایدەکەنی، واتە: بە پیڵاوەوە بچیتە هەر ماڵێک، دەبێت پێڵاوەکان داکەنی، پاشان بچیتە ژوورێ. وەڵام (پێڵاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل54

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2893**

**ڕاست و ڕەسیدە، ژینی بێ دیدە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731212816425765

ڕاست و ڕەسیدە، ژینی بێ دیدە
کرمی زەوی: سەر بە لقی کرمە ئەڵقەییەکانە، یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە لە پێکهاتەی لەشیدا، چاو نییە، ڕاست و ڕەسیدە: مەبەست لەوەیە کە ڕاست و ڕێکە، ژینی بێ دیدە واتە: بەدرێژایی تەمەنی هیچ نابینێ، لە مەتەڵەکەدا بە ژینی بێدیدە ناوبراوە. وەڵام کرمی زەوی. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-31
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2894**

**ڕاستە هیچ گومانی تێدانییە مشتومڕی لەسەر نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203190046448976

ڕاستە هیچ گومانی تێدانییە
مشتومڕی لەسەر نییە
مەبەست لە مردنە، (مردن وەستانی تەواو و کۆتایی هاتنی بایۆلۆجی جەستەیە) ڕاستە هیچ گومانی نییە واتە: هەندێک ڕاستی لە ژیاندا چەسپاوە، هیچ گۆڕانێکی تێدا ناکرێت، مشتومڕی لەسەر نییە، واتە: مردن شتێکە دێت، هیچ گفتوگۆیەکی لەسەر ناکرێت. وەڵام (مردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل37

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2895**

**ڕاستە و هەر دەڕوات بتەوێ و نەتەوێ هەر دەتبات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203192136448986

ڕاستە و هەر دەڕوات
بتەوێ و نەتەوێ هەر دەتبات
مەبەست لە مردنە، (مردن وەستانی تەواو و کۆتایی هاتنی بایۆلۆجی جەستەیە) ڕاستە هەر دەڕوا واتە: هەندێک ڕاستی لە ژیاندا چەسپاوە، هیچ گۆڕانێکی تێدا ناکرێت، بتەوێ و نەتەوێ هەر دەتبا، واتە: مردن شتێکە دێت، ئارەزوو بکەی یان نا، کە هات دەتبا و دەڕوا. وەڵام (مردن). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل37

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2896**

**ڕاستە وەک چنار چەفتە وەک هەرزن ئامۆزای شەیتان برای دێو و جن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203185814448974

ڕاستە وەک چنار چەفتە وەک هەرزن
ئامۆزای شەیتان برای دێو و جن
مەبەست لە مارە کە خشۆکێکی ژەهرداری زیانبەخشە، ڕاستە وەک چنار، مەبەست لە مارە لە درێژیدا بە چنار چووێنراوە، چەفتە وەک هەرزن، (هەرزن جۆرێک دانەوێڵەیە کە پێدەگات لاسکەکە دەچەمێتەوە) مەبەست لە مارە کاتێک خۆی لوول دەدا و دەچەمێتەوە، ئامۆزای شەیتان برای دێو و جن، واتە: مار ئامانی نییە، کەی دەرفەتی بۆ ڕەخسا پێوەدەدا. وەڵام (مار) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل35

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2897**
**ڕامان دێنی بۆ دڵی دایکت ئەوەی تێیدایە بە دەمی باوکت**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926121937523456](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926121937523456)

ڕامان دێنی بۆ دڵی دایکت
ئەوەی تێیدایە بە دەمی باوکت
مەبەست لە مەشکەیە، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ژەنینی دۆ و درووستکردنی کەرە بەکاردێت، لە پێستی بزن یان کەڵەکێوی درووستدەکرێت) ، ڕامان دێنی بۆ دڵی دایکت، مەبەست لەوەیە کە دایک بە دڵی خۆی مەشکە دەژەنێت، ئەوەی تێیدایە بە دەمی باوکت، مەبەست لە کەرە و دۆی ناو مەشکەیە. وەڵام (مەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل50

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-26
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2898**

**ڕاوەستاوم لەسەر گردەکی بانگم کردە یەکێکی هەزار هات بە جارەکی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028103243442270](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028103243442270)

ڕاوەستاوم لەسەر گردەکی
بانگم کردە یەکێکی
هەزار هات بە جارەکی
مەبەستی مەتەڵەکە مەڕ و شوانە، ڕاوەستاوم لەسەر گردەکی، مەبەست لە شوانی مەڕوماڵاتە، بانگم کردە یەکێکی، واتە: شوانەکە مەڕێکی بانگکرد، هەزار هات بە جارەکی، واتە: مەڕیک هات بۆ لای شوانەکە، لە هەمانکاتدا هەموو مەڕەکان هاتن بەدوایدا. وەڵام (شوان و مەڕ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل52

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2899**
**ڕایەڵی لە سپیلکی**

20220927160347436342=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ڕایەڵی لە سپیلکی
تێوەردانی لە سوورکی
بڕانەوەی لە شینکی
قەزوان بەرهەمی دارەبەنە، دارەبەن یەکەمجار کە بەری قەزوان دەگرێت، بەشێوەی هێشوو چڵ و چێوی سپییە، دواتر کە گەشە دەکات و هێشووە قەزوانەکان خڕ دەبن، کەمێک سوور دەبن، پاشان کە پێدەگەن، دەنکی قەزوانەکان سەوز یان شین دەبن. وەڵام (قەزوان) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێی کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل53

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-27
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2900**

**ڕووی گەش ناوی بۆشە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028232137442407

ڕووی گەش
ناوی بۆشە
مەبەست لە دەوەنی قامیشە، (قامیش: جۆرە دەوەنێکە لە دەم چەم و ڕووبارەکاندا بەشێوەیەکی خۆڕسک دەڕوێ، لە کوردەواردا بۆ چیغ یان شمشاڵ بەکاردێت) ڕووی گەشە، مەبەست لە قامیشە کە دیوی دەرەوەی ساف و لووسە و گەشە، هەروەها ناوی بۆشە. وەڵام (قامیش) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل54

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2901**

**ڕۆژی بۆتەساڵ، ساڵی بۆتە چاڵ**

20220731194428425757=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ڕۆژی بۆتە ساڵ، ساڵی بۆتە چاڵ
ڕۆژی بۆتە ساڵ: مەبەستی لە ڕۆژی درێژی بەهارە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە کارناکەن و ڕۆژیان لێناڕوا، ساڵی بۆتە چاڵ: مەبەستی ڕۆژی بەهارە کە لە درێژیدا بە ساڵ چوواندوویەتی، چاڵیش مەبەستی لە قەبرە، ئەو ساڵە درێژانە وەک قەبر وان.
وەڵام ڕۆژی درێژی بەهار. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2902**
**ڕۆژێک چوومە دەشتی دەعبایەکم گەیشتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028232418442408

ڕۆژێک چوومە دەشتی، دەعبایەکم گەیشتی، چوار لاق لە زەوی، دوو لە تەنیشتی، گوون لەبن زکی، کێر لەسەر پشتی. مەبەست لە کوڕیکی ئەسپسوارە، ڕۆژێک چوومە دەشتێکی دەعبایەکم گەیشتی، واتە: لە دەشتێکدا ئەسپێکم پێگەیشت، چوار لاقی لە زەوی، واتە: چوار پێی لەسەر زەوی بوو، دوو لە تەنیشتی، مەبەست لە هەر دوو قاچی سوارەکەیە کە بەتەنیشتی ئەسپەکەدا هاتبووەخوار، گوون لەبن سکی، مەبەست لە گونی ئەسپەکەیە کە بن سکیایەتی، کێر لەسەر پشتی، مەبەست لە گیانی گوڕەکەیە کە لەسەر پشتی ئەسپەکەیە. وەڵام (کوڕێکی ئەسپسوار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل54

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2903**
**ڕۆڵەی بێ دایە داری پڕ سایە**

[20230918130142521274=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230918130142521274)

ڕۆڵەی بێ دایە
داری پڕ سایە
باباوا: مەبەست لە ئادەمە، بەپێی ئەفسانەی ئایینە ئیبراهیمییەکان، خواوەند ئادەمی وەک یەکەم مرۆڤ درووستکرد، ڕۆڵەی دێ دایە، واتە: ئادەم دایک و باوکی نییە، درووستکراوی خودا خۆیەتی، داری پڕ سایە، مەبەست لەوەیە کە باوکی هەموو مرۆڤایەتییە و سایە و سیبەری هەیە. وەڵام (باباوا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل18

کاتی تۆمارکردن: 18-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2904**
**ڕۆڵەی شیرین و شەویلە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927162816436350

ڕۆڵەی شیرین و شەویلە
دایکی چورچ و چەویلە
چورچ: چرچ، ڕۆڵەی شیرین، مەبەست لە ترێیە کە بەرهەمی داری مێوە، دایکی چورچ، مەبەست لە داری مێوە کە خوار و خێچ و چرچە. وەڵام (دارمێو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل53

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2905**
**ڕیخۆڵەیەک بە سەد برا هەمووی بە شوێن یەکا کرا**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216210853452300
ڕیخۆڵەیەک بە سەد برا
هەمووی بە شوێن یەکا کرا
مەبەست لە تەزحیبە (تەزحیب: تەزبیح) لە کوردەواردا تەزبیح لە دەنکی قەزوان درووستدەکرێ، (بۆ هەر تەزبیحێک، سەد دەنک دەکرێت بە داوێکی نەپسێنەوە) ڕیخۆڵەیەک بە سەد برا، مەبەست لە داوی تەزبیح و دەنکی دەزبیحە، هەموو بەشوێن یەکا کرا، واتە: هەموو دەنکەکان بەدوای یەکدا کران بە داوەوە. وەڵام (پەت و دەنکی تەزبیح) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل46
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2906**

**ڕیزە ڕیزە داچەماوە دەورە دەوری چەرمی خاوە مردوو زیندووی لەناوە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028231215442403](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028231215442403)

ڕیزە ڕیزە داچەماوە
دەورە دەوری چەرمی خاوە
مردوو زیندووی لەناوە
مەبەست لە قەفەزی کەوە، ڕیزە ڕیزە داچەماوە، مەبەست لە شوێنی ئەو دارانەیە کە چەمێنراوەتەوە و کراوە بە قەفەز، دەورە دەوری چەرمی خاوە، واتە: قەراغی قەفەزەکە بە چەرم داپۆشراوە، مردوو زیندووی لەناوە، واتە: قەفەز شتێکی بێگیانە و بە مردوو ئەژمارکراوە بەڵام کەو پەلەوەرێکی زیندووە و لەناو قەفەزەکەدایە. وەڵام (قەفەز و کەو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل55]()

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2907**
**ڕیش ئێسبی ئەغەل مەغەل دەس دی چیو و پا دێ بەغەل**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016193202526365
ڕیش ئێسبی ئەغەل مەغەل
دەس دی چیو و پا دێ بەغەل
وەڵام (کیسەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لوڕی ڕەسەن |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل43
کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2908**

**ڕیش ئێسبی بازی ئەر سەرێ مازی سەما ماو وازی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012222247525917](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012222247525917)

ڕیش ئێسبی بازی
ئەر سەرێ مازی
سەما ماو وازی
وەڵام (تەرزە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خوارووی: | لوڕی ڕەسەن |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل9

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2909**

**ڕیش چەرمووی لای ژووری ماڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230926122458523457

ڕیش چەرمووی لای ژووری ماڵ.
چەرموو یان چەرمگ: مەبەست لە ڕەنگی سپییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، مەتەڵەکە مەبەستی لە گزنگە، (گزنگ: واتە تیشکی خۆری بەیانییە کە یەکەم جار دەدات لە شوێنێکی بەرز) ، ڕیش چەرموو لای ژووری ماڵ، مەبەست لە تیشکی گزنگی خۆرە، کە بەیانیان دێتە ناوماڵ. وەڵام (گزنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45

کاتی تۆمارکردن: 26-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2910**

**ڕیش چەرمی زن زن سڵاحش هاوە ژن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231016205423526381

ڕیش چەرمی زن زن سڵاحش هاوە ژن.
وەڵام (گزنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی خواروو: | لەک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2911**
**ڕیش چەرمە و سەروویانەی**

2023101620510452638O=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ڕیش چەرمە و سەروویانەی.
وەڵام (گزنگ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45
کاتی تۆمارکردن: 16-10-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2912**
**ڕێبواری یەک مانگەڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220916193832434367

ڕێبواری یەک مانگەڕێ
دەیبینین لە شار و دێ
لەسەرتای دەرچوونی
نابینرێ بە روونی
پاش سێ چوار ڕۆژ وەک کەوان
خۆی پیشاندەدا پێمان
لەنیوەی ڕێ لەتێکە
وەک نیوە کاڵەکێکە
کاتێکیش دەگاتەجێ
ئەو مانگەڕێیە دەبڕێ
بازنەیەکی تەواوە
وێنەیەکی لەناوە
کەس نازانێ ئەو وێنە
چییە مەتەڵ هەڵبێنە
ناشێ بلێی گرانە
ئەوە....... ە لە ئاسمانە
وەڵام (مانگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵ بۆ منداڵان، بۆ زاخاوی میشک و جووڵانەوەی هزر و بیر، عوسمان دەروێش شکور، ل75

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2913**

**ڕەپ ڕەپ بۆخۆی ڕاوەستاوە پەڕۆیەکی زلی لە زاری ناوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216204214452286

ڕەپ ڕەپ بۆخۆی ڕاوەستاوە
پەڕۆیەکی زلی لە زاری ناوە
ڕەپ: ڕاست و ڕەق (فەرهەنگی خاڵ) لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە کەنووە (کەنوو: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ئەمبارکردنی ئارد و دانەوێڵە بەکاردێ) لە کوردەواردا کە قوڕ درووستدەکرێ، قیت و قنج لە سووچێکی ماڵدا دادەنرێ، لەخوارەوە کونێک یان کەلێنێکی هەیە دانەوێڵەی لێوە ڕادەکیشرێتەدەر، پەڕۆیەکی زلی لە زاری ناوە، مەبەست لەو پارچە پەڕۆیەیە کە دەخرێتە ناو دەمی کەلێنەکەوە، بۆ ئەوەی دانەوێڵەی لێنەیەتەخوار. وەڵام (کەنوو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل46

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2914**
**ڕەپ ڕەپ وەستاوە پەڕۆی تیا گیرماوە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220817105307428786




ڕەپ ڕەپ وەستاوە
پەڕۆی تیا گیرماوە
ڕەپ: ڕاست و ڕەق (فەرهەنگی خاڵ) لە مەتەڵەکەدا مەبەست لە کەنووە (کەنوو: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ئەمبارکردنی ئارد و دانەوێڵە بەکاردێ) لە کوردەواردا لە قوڕ دروست دەکرێ، قیت و قنج لە سووچێکی ماڵدا دادەنرێ، لەخوارەوە کونێک یان کەلێنێکی هەیە دانەوێڵەی لێوە ڕادەکیشرێتەدەر، پەڕۆی تیا گیرماوە: مەبەست لەو پارچە پەڕۆیەیە کە دەخرێتە ناو دەمی کەلێنەکەوە، بۆ ئەوەی دانەوێڵەی لێنەیەتەخوار. وەڵام (کەنوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2915**
**ڕەپی سەرخڕ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028112829442291](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028112829442291)

ڕەپی سەرخڕ.
مەبەست لە تیرۆکە، (تیرۆک: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە دار درووستدەکرێت و ژنان بۆ نانکردنەوە بەکاری دێنن) ڕەپی سەرخڕ، واتە: تیرۆک دارێکی باریکی درێژە، ڕەپ و ڕێکە، هەر دوو سەرەکەی دارتاش خڕیدەکاتەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی نانکردندا بەدەستەوە خۆش بێت. وەڵام (تیرۆک) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل52

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2916**

**ڕەپەڵی ڕەواڵەنی، پێچ پێچەنی و دوواڵەنی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731194100425756

ڕەپەڵی ڕەواڵەنی، پێچ پێچەنی و دوواڵەنی
ڕەپەڵ: لەوەڕگە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ڕەواڵە: گەنجێک مووی لێنەهاتبێ (فەرهەنگی خاڵ) دواڵە: پێستی گا یان گوێرەکە کە خۆش دەکرێت و درێژ و باریک دەبڕدرێ بۆ تێرە و کاشیبەند (فەرهەنگی وشە نامە) مەبەستی مەتەڵەکە ڕێگایە، ڕەپەنی ڕەواڵەنی، واتە: ڕێگای ڕاست و ڕێک، پێچ پێچەنی و دواڵەنی، واتە: ڕێگا و بانی پێچاو پێچ. وەڵام ڕێگا. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-31

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2917**
**ڕەحمەتێکە خەڵک بۆی دەپاڕێتەوە کاتێ پێی دەدرێ خۆی دەشارێتەوە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203190318448977
ڕەحمەتێکە خەڵک بۆی دەپاڕێتەوە
کاتێ پێی دەدرێ خۆی دەشارێتەوە
مەبەست لە وەرزی باران بارینە، لە وڵاتی کوردەواردا هەندێک ساڵ باران بارین لەکاتی خۆی دوادەکەوێ، بۆ ئەوەی دەغڵودان زیانی پێنەکەوێ، دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی باران ببارێت، کاتێکیش باران دەبارێت، هەمووان ڕادەکەن و خۆیان لە پەناوپەسێردا دەشارنەوە، بۆ ئەوەی تەڕنەبن. وەڵام (باران) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل37
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2918**

**ڕەدەستان خرێ خۆشە و داماوە پێمی بڵێ کە چی ناوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216204459452289

ڕەدەستان خرێ، خۆشە و داماوە
پێمی بڵێ کە چی ناوە
مەبەست لە تەزحیبە، (تەزحیب: تەزبیح) ڕەدەستان خرێ، واتە: لە دەستوپل بخرێ، بە تەزبیح دەوترێ کە لەنێوانی هەردوو بەری دەستدا گیردەکرێت و دەستی لێدەخرێ، بەو شێوەیە تەزبیح داماودەبێت، پێمبڵێ ناوی چییە، مەتەڵساز داوا لە گوێگر دەکات کە بیربکاتەوە و وەڵام بزانێ. وەڵام (تەزحیب) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چایخانەی: محەمەدی، سەقز، ل46

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2919**

**ڕەش و سپی و خاڵ خاڵە کورد بەووەوە دیارە**

[2022102811000144227&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](2022102811000144227&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

ڕەش و سپی و خاڵ خاڵە
کورد بەووەوە دیارە
مەبەست لە جامانەیە، (جامانە یان جامەدانە: پیاوانی کورد بە کڵاووەوە لەسەری دەبەستن، مێژووی جامانە کە کوردستان نزیکەی سەدەیەکە، بەڵام پیاوانی کورد زیاتر مشکی و شەدە دەبەستن) ڕەش و سپی خاڵ خاڵە، مەبەست لە جامانەیە، کورد بەووەوە دیارە، واتە: لەناو گەلانی ڕۆژهەلاتی ناویندا، ڕەمزێکە بۆ ناسینەوەی پیاوی کورد. وەڵام (جامانە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل52

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2920**

**ڕەش و ڕەشینێ سێ تایینێ جل تەڕینێ بن ئاگرینێ مەتەرەق لە سەرینێ**

20221203190704448979=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ڕەش و ڕەشینێ، سێ تایینێ، جل تەڕینێ
بن ئاگرینێ، مەتەرەق لە سەرینێ
مەبەست لە نانکردنە بە ساج، ڕەشی ڕەشینێ، مەبەست لە ساج یان سێڵەیە، سێ تایینێ، واتە: ساج سێپای لەژێردایە، جل تەڕینێ، مەبەست لە نانە کە بە تەڕی دەدرێ بەسەر ساجدا و دەبرژێ، مەتەرەق لەسەرینێ، مەبەست لە مایەی نانە کە دەدرێ بەسەریدا. وەڵام (سێڵی نانکردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل36

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2921**
**ڕەشتاڵەی حەلقە لە گوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927161605436346

ڕەشتاڵەی حەلقە لە گوێ
دێ بە دێ و ماڵ بە ماڵ دەگەڕێ
لە کوردەواردا ساڵانە ماڵان ساوەر درووستدەکەن، گەنم لە مەنجەڵی گەورەدا دەکوڵێنن و دەیکەنە ساوەر، ڕەشتاڵەی حەلقە لە گوێ، مەبەست لە مەنجەڵی ساوەر کوڵانە کە دوو حەلقەی هەیە وەک گوێ، بۆ هەڵگرتن، هەروەها بەهۆی گڕی دارەوە ڕەنگی ڕەش دەبێت، دێ بە دێ و ماڵ بە ماڵ بۆ ساوەر کوڵان دەیگێڕن. وەڵام (مەنجەڵی ساوەر کوڵان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل54

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2922**
**ڕەشکەی بنەبانی خۆش خۆش دەچێتە کابانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028114638442306

ڕەشکەی بنەبانی
خۆش خۆش دەچێتە کابانی
مەبەستی مەتەڵەیە کوندەیە، کوندە: لە پێستە سپیان دروستدەکرێت و بەخرِی دەیگروون و دەریدێنن، بۆ ئاو تێکردن بەکاردێت (فەرهەنگی شێخانی) هەروەها ڕەشکە: چنراوێکی گرێ چنی کون کونە، لە مووی بزن دروستدەکرێ، کا و کولۆشی پێدەگوێزرێتەوە (فەرهەنگی خاڵ) ڕەشکەی بنەبانێ، مەبەست لە کوندەی ئاوە، خۆش خۆش دەچێتە کابانێ، واتە: کابان هەڵیدەگرێ و ئاوی پێدێنێ. وەڵام (کوندە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2923**

**ڕەشی بن بانێ، هەڵدێ لە کابانێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731195230425759

ڕەشی بن بانێ، هەڵدێ لە کابانێ
ڕەشی بن بانێ: مەبەست لە کوندەی ئاوە کە لە پێستی بزن یان مەڕ درووستدەکرێت ، لە کاتی خۆشکردندا، لەبەر دووکەڵی تەنوور دا دادەنرێ بۆ ئەوەی خۆش بێت، بەهۆیەوە ڕەش دەبێت، هەڵدێ لە کابانێ: مەبەست لەوەیە کە زۆر بە دەست ژنەوەیە و ئاوی تێدەکات (لە کۆندا لە گوندەکاندا، ژنان بە کوندە لە کانییەوە بۆ ماڵەوە ئاویان پێدەهێنا) . وەڵام کوندەی ئاو. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2924**

**ڕەشی سەربەکڵاوە کاری کوتان و تیمارە لە دەستان خۆش و داماوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230908112528519642

ڕەشی سەربەکڵاوە
کاری کوتان و تیمارە
لە دەستان خۆش و داماوە
مەبەستی مەتەڵەکە چەکوشە، (چەکوش: ئامێرێکی دەستییە، بۆ داکوتانی بزمار یان کوتانەوە بەکاردێت) ڕەشی سەربەکڵاوە، مەبەست لە سەری چەکوشە کە ڕەنگی ڕەشە و قەبارەی گەورە و کەمێک پانە، بۆ کوتانەوەی شتێک بەکاردێت، هەروەها مرۆڤ بە دەست و ئارەزووی خۆی بەکاری دێنێت. وەڵام (چەکوش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل134

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-08
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2925**
**ڕەشی گرێ گرێ ئەگەر نەیزانی قونت خورێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107171303457119

ڕەشی گرێ گرێ
ئەگەر نەیزانی قونت خورێ
مەبەست لە ڕەشکەی کایە، (ڕەشکە: چنراوێکی کونکونی گرێچنە، لە مووی ڕێسراوی بزن درووستدەکرێ، وەک توورەکە کای تێدەکرێ) ڕەشی گرێ گرێ، مەبەست لە ڕەشکەیە، ئەگەر نەیزانی قونت خورێ، مەتەڵساز وەک سزا بۆ ئەو کەسانەی داناوە کە وەڵامەکە نازانن. وەڵام (ڕەشکەی کا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل177.
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2926**

**ڕەشی لە نساری هەر دەداتە کابانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927162129436347

ڕەشی لە نساری
هەر دەداتە کابانی
نسار: سێبەر، شوێنێک کە تاو نەیگرێتەوە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ڕەشی لە نساریێ، مەبەست لە هێزەی ڕۆنە کە لە جێگەی سێبەردا دادەنرێت، (هێزە: ئەو پێستەیە کە ڕۆنی کوردی تێدا هەڵدەگیریت) کابان کەی پێویستی بێت، ڕۆنی لێدەردەهێنێت. وەڵام (هێزەی ڕۆن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل53

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2927**
**ڕەشی مشمشتێ لە کونێ دەخشێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028231524442404

ڕەشی مشمشتێ
لە کونێ دەخشێ
مەبەست لە دۆشاوی ناو هیزەیە، (لە کوردەواردا دۆشاوی ترێ بۆ هەڵگرتن یان گواستەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە هیزە دەکرێت، هیزەش لە پێستی بزن دروستدەکرێت و وەک مەشکە وایە) ڕەشی مشمشتێ، مەبەست لە دۆشاوی ترێیە کە ڕەنگی ڕەشە، لە کونێ دەخشێ، واتە گەر دەمی هیزە باش نەبەسترێ، لە کاتی ڕۆشتنندا دۆشاوەکە مشت مشت لێی دەڕژێ.
وەڵام (دۆشاوی ناو هیزە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل55

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2928**
**ڕەشی ڕەشاندوو دەچێتە کونی بە موو دێتەدەرێ ئاوی لە دوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028105503442275

ڕەشی ڕەشاندوو
دەچێتە کونی بە موو
دێتەدەرێ ئاوی لە دوو
مەبەست لە کلچێوە، کلچێو: جۆرە تۆزێکی ڕەشە، ژنان و کچان بۆ جوانی چاوی پێدەڕێژن (فەرهەنگی شێخانی) ڕەشی ڕەشاندوو، مەبەست لە کلە، دەچێتە کونی بە موو، مەبەست لە پێڵووی چاوە کە بە کل دەرێژرێ و برژانگی پێوەیە. کە هاتەوە ئاوی لە دوو، واتە: لەکاتی چاوڕشتندا چاو کەمێک ئاو دەکات. وەڵام (کلچێو) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53


کاتی تۆمارکردن: 2022-10-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2929**
**ڕەشی ڕەشانە لەسەر پووش و پەڵاشانە تک تک لە گیاندارانە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203184533448967](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203184533448967)

ڕەشی ڕەشانە
لەسەر پووش و پەڵاشانە
تک تک لە گیاندارانە
مەبەست لە کوندەی ئاوە، (کوندە: لە پێستەی سپیان دووستدەکرێ، بەخرِی دەیگوورن و دەری دێنن، بۆ ئاوتێکردن بەکاردێ، فەرهەنگی شێخانی) ڕەشی ڕەشانە، مەبەست لە کوندەی ئاوە، لەسەر پووش و پەڵاشانە، واتە: لەسەر جێگەی نەرم دادەنرێ بۆ ئەوەی کون نەبێت، تک تک لە گیاندارانە، واتە: کوندە لە کاتی ئاو تێکردندا، دڵۆپ دڵۆپ ئاوی لێدەچێ و پێستەکە تەڕ دەکات. وەڵام (کوندەی ئاو). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل36]()

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2930**
**ڕەشی کون کون لە مووی بزن ئافەرم ژن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028105731442276

ڕەشی کون کون
لە مووی بزن
ئافەرم ژن

ڕەشی کون کون، مەبەست لە تاوڵ، دەوار یان ڕەشماڵە و ڕەنگی ڕەشە، لە مووی بزن، واتە: دەوار لە مووی بزن درووستدەکرێ، مووکە دەڕێسرێ و دواتر دەچنرێ، ئافەرم ژن، واتە: کاری ڕستن و چنینی دەوار، لە کوردەواردا دەستکاری ژنە. وەڵام (تاوڵ، دەوار، ڕەشماڵ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2931**
**ڕەشە بزن نییە جۆ دەخوا کەر نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927160810436344

ڕەشە بزن نییە
جۆ دەخوا کەر نییە
دیوار دەبڕێ دز نییە
ڕەشە بزن نییە، مەبەستی لە مێروولەیە کە وەک بزن ڕەنگی ڕەشە، جۆ دەخوا کەر نییە، واتە وەکوو کەر توانای خواردنی جۆ و دانەوێڵەی هەیە، دیوار دەبڕێ دز نییە، واتە: دەتوانێت دیوار کون بکات و بیبڕێت. وەڵام (مێروولە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل54

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2932**
**ڕەشە بزن نییە کفتە دەکا ژن نییە**

[20221028110248442280=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](20221028110248442280=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

ڕەشە بزن نییە
کفتە دەکا ژن نییە
ڕەشە بزن نییە، مەبەست لە قالۆنچەیە کە ڕەنگی ڕەشە، لە ڕەنگدا بەڕەشی مووی بزن بەراوردکراوە، کفتە دەکا ژن نییە، (کفتە: خواردنێکی کەلەپووری کوردییە، ژنان دەیکەن) مەبەست لە گووی قالۆنچەیە، لە خڕیدا بە کفتە چووێنراوە. وەڵام (قالۆنچە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل52


کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2933**
**ڕەشە بزن نییە، شیر دەدا مەڕ نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220809194524427418



ڕەشە بزن نییە، شیر دەدا مەڕ نییە.
لە بەشێکی ناوچەی پشدەر و بیتوێن بە شەمشەمە کوێرە دەوترێ چەکچەکیلە، ڕەشە بزن نییە، مەبەست لە شەمشەمە کوێرەیە، هەمیشە بە شەو دەگەڕێ، شیر دەدا مەڕ نییە، مەبەست لەوەیە کە تەنیا باڵندەی شیردەرە توانای هەیە بە گوان شیر بدا. وەڵام (چەکچەکیلە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-09
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2934**
**ڕەشە چاو نییە خڕە کفتە نییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203191716448983](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203191716448983)

ڕەشە چاو نییە
خڕە کفتە نییە
مەبەستی مەتەڵەکە قالۆنچەپی کیسەڵییە، (قالۆنچەی کیسەڵی: جۆرێک زیندەوەرۆچکەی بچووکە، خەریکی کۆکردنەوەی پشقلە) ڕەشە چاو نییە، مەبەست لە قالۆنچەیە، خڕە کفتە نییە، (کفتە: خواردنێکی فۆلکلۆری کوردییە و خڕە) مەبەست لە پشقلە لە خڕێتیدا بە کفتە چووێنراوە. وەڵام (قالۆنچەی کیسەڵی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل35

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2935**
**ڕەشە خەڵوز نییە، سپییە بەفر نییە، لە بەعرێیە, ماسی نییە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729085401425203



ڕەشە خەڵوز نییە، سپییە بەفر نییە، لە بەعرێیە، ماسی نییە
ڕەشە خەڵوز نییە: مەبەستی لە بیلبیلەی چاوە کە وەک خەڵوز ڕەشە، سپییە بەفر نییە: مەبەستی لە سپێنەی چاوە، لە بەعرێیە ماسی نییە واتە: دەوروبەری چاو هەمیشە تەڕە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بجوڵێ ، ئەو تەڕیە چووێنراوە بە دەریا.، (بەعر: دریا) . وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2936**

**ڕەشە شەو نییە سپییە ڕۆژ نییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203191939448985](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203191939448985)

ڕەشە شەو نییە
سپییە ڕۆژ نییە
مەبەست لە گلێنەی چاوی مرۆڤە، هەندێک گلێنەی چاو ڕەنگی ڕەشە، بەڕەشی شەو (ڕەشە شەو: واتە شەوێکی زۆر تاریک یان لە کوردەواردا دەوترێ: شەوەزەنگ کە هیچ شتێک لەبەر تایکی نابینرێ) چووێنراوە، سپییە ڕۆژ نییە، مەبەست لە سپێنەی چاوە کە ڕەنگی سپییە و بە سپێتی ڕۆژ بەراوردکراوە، وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل35

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2937**
**ڕەشە گرێ گرێ گەر نەزانی سەرت خورێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028110547442281

ڕەشە گرێ گرێ
گەر نەزانی سەرت خورێ
ڕەشە گرێ گرێ، مەبەست کە ڕەشکەیە، (ڕەشکە: چنراوێکی گرێ چنی کون کونە، لە مووی بزن دروستدەکرێ، کا و کوڵۆشی پێدەگوێزرێتەوە (فەرهەنگی خاڵ) گەر نەزانی سەرت خورێ، سەرخورانن لەناو کۆڕ و کۆبوونەوەی بنەماڵە و خێزانی کوردەواردا، بەپێی نەریت شتێکی ناجوانە، واتە: گەر نەیزانی ڕووزەردی ناو خەڵکی بێت. وەڵام (ڕەشکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 2022-10-28
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2938**
**ڕەشە لاوازە بێ چاو و گوێیە کەچی ئێشکچی بەردەرکی تۆیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203193325448994

ڕەشە لاوازە بێ چاو و گوێیە
کەچی ئێشکچی بەردەرکی تۆیە
مەبەست لە قفڵ و کلیکە کە ڕەنگی ڕەشە و بێ چاو و گوێیە، بۆ داختنی دەرگا و دەروازە بەکاردێ، واتە: ئەو جێگەیەی قفڵ بدرێ، ئیتر پاسەوانی ناوێت، (پاسەوان دەبێت چاو و گوێی کراوەبێ، بۆ ئەوەی دزی لێنەکرێ) بەڵام قفڵ چاو و گوێ پێویست نییە و ئێشکچیشە. وەڵام (کلیل و قفڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل35

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2939**
**ڕەشە لێوی سوورە قەدی دەڵێی بلوورە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203192444448989

ڕەشە لێوی سوورە
قەدی دەڵێی بلوورە
مەبەستی مەتەڵەکە ڕەشمارە، (ڕەشمار: خشۆکێکی ژەهرداری ترسناکە) ڕەشە لێوی سوورە، واتە: ڕەشمار ڕەنگی کۆی جەستەی ڕەشە، بەڵام لێو و دەوری دەمی سوورە، قەدی دەڵێی بلوورە. (بلوور: بە شوشەیەکی ساف و لووس دەوترێ) واتە: جەستەی لووس و سافە. وەڵام (ڕەشمار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل37
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2940**
**ڕەشە لە بنەبانێ هەردێتە کابانێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028111058442284

ڕەشە لە بنەبانێ
هەردێتە کابانێ
ڕەشە هەمبانێ
هەڵدێتە کابانێ

مەبەستی مەتەڵەیە کوندەیە، کوندە: لە پێستە سپیان دروستدەکرێت و بەخرِی دەیگروون و دەریدێنن، بۆ ئاو تێکردن بەکاردێت (فەرهەنگی شێخانی) ڕەشە لە بنەبانێ یان هەمبانێ، مەبەست لە ڕەشکەیە کە لە بنەباندا دادەنرێت، هەڵدێتە کابانێ، واتە: کابان، ژن هەڵیدەگرێ و دەیبات ئاوی پێدێنێ. وەڵام (کوندە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2941**

**ڕەشە لە ساری هەر دەداتە کابانی**

[20221203193103448992=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203193103448992)

ڕەشە لە ساری
هەر دەداتە کابانی
ساری: ساردیی (فەرهەنگی خاڵ) . ڕەشە لە ساری، مەبەست لە هیزەی ڕۆنە کە ڕەنگی ڕەشە و لە شوێنی ساردا هەڵدەگیرێت بۆ ئەوەی ڕۆنەکەی ناوی خراپ نەبێ، (هیزە: لە پێستی بزن درووستدەکرێ، بزنەکە دەگوورن و پێستەکەی بە ساغی دەردێنن، خۆشی دەکەن و ڕۆنی کوردیی تێدا هەڵدەگرن) ، هەر دەداتە کابانی، واتە: کابان دەتوانێت بەکاری بێنێ. وەڵام (هیزەی ڕۆن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل37

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2942**

**ڕەشە مێوژ نییە دەفری تەیر نییە هەنگوتک دەکا ژن نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028104016442272

ڕەشە مێوژ نییە
دەفری تەیر نییە
هەنگوتک دەکا ژن نییە
هەنگوتک: واتە: گونکی هەویر ئەم وشەیە تایبەتە بە بەشە شێوەزاری ناوچەی موکریان، ڕەشە مێوژ نییە، مەبەست لە قالۆنچەیە کە وەک مێوژ ڕەشە، دەفرێ تەیر نییە، واتە: چالۆنچە باڵی هەیە بۆ فڕین، هەنگوتک دەکا ژن نییە، مەبەست لە پیسایی قالۆنچەیە کە وەک گونگ خڕە. وەڵام (قالۆنچە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2943**

**ڕەشە هەمبانێ هەڵدێتە کابانێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230722164822508983

ڕەشە هەمبانێ
هەڵدێتە کابانێ
مەبەستی مەتەڵەکە کوندەیە، کوندە: لە پێستە سپیان درووستدەکرێت و بەخرِی دەیگروون و دەریدێنن، بۆ ئاو تێکردن بەکاردێت (فەرهەنگی شێخانی) ڕەشە لە بنەبانێ یان هەمبانێ، مەبەست لە ڕەشکەیە کە لە بنەباندا دادەنرێت، هەڵدێتە کابانێ، واتە: کابان، ژن هەڵیدەگرێ و دەیبات ئاوی پێدێنێ. وەڵام (کوندە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 22-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2944**
**ڕەشە و گەرمە و تەڕە و تاڵە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028113311442292](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028113311442292)

ڕەشە و گەرمە و تەڕە و تاڵە.
مەبەست لە چایە کە ڕەنگی ڕەشە، لەگەڵ ئەوەدا گەر چا تازە تێکرابێت گەرمە، هەروەها تامیشی تاڵە. وەڵام (چا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2945**

**ڕەشە و لووسە و باریکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117195833458917

ڕەشە و لووسە و باریکە.
مەبەست لە ڕەشمارە، (ڕەشمار: جۆرێک ماری ژەهراویی ترسناکە، لە وڵاتی کوردەواردا لە دەم چەم و ڕووبارەکان دەژیی) مەتەڵەکە زیاتر وەسفی جەستەی ڕەشمارە، ڕەشە، مەبەست لە ڕەنگی ڕەشمارە، لووسە و باریکە، مەبەست لە لەشی ڕەشمارە. [1]
وەڵام (ڕەشمار)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل241.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2946**

**ڕەشە و ڕەقە و سەربەکڵاوە کاری کوتانە و تێماوە**

2022121620480645229 0=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ڕەشە و ڕەقە و سەربەکڵاوە
کاری کوتانە و تێماوە
مەبەست لە چەکوشە، ڕەشە و ڕەقە و سەربەکڵاوە، لە کوردەواردا چەکوش جۆری زۆرە هەندێکیان سەرێکی پانی ڕەقیان هەیە کە لە مەتەڵەکەدا بە سەربەکڵاوە چوواندویەتی، کاری کوتانە، واتە: چەکوش بۆ داکوتینی بزمار و کوتانەوەی شت بەکاردێ. وەڵام (چەکوش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل46

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2947**

**ڕەشە وەک بزن خڕە وەک هەرزن پێنج کەس بۆی دەچن، بە دووان دەیدزن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216205058452294

ڕەشە وەک بزن خڕە وەک هەرزن
پێنج کەس بۆی دەچن، بە دووان دەیدزن
مەبەست لە کێچە، (کێچ: گیانەوەرۆچکەیەکی بچووکی وردە، ڕەنگی ڕەشە و لەناو مووی بزن یان خووری مەڕدا گەشەدەکات) ڕەشە وەک بزن، مەبەست لە کێچە کە ڕەنگی وەک بزن ڕەشە، خڕە وەک هەرزن، خڕی و بچووکی کێچ بە هەرزن چووێنراوە، پێنج کەس بۆی دەچن، مەبەست لە پێنج پەنجەی دەستە، بە دووان دەیدزن، واتە: کە دەدۆزرێتەوە، بە دوو پەنجە دەگیرێ. وەڵام (کێچ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل45

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2948**
**ڕەشە وەک دێوی خواردنی لە کێوی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028111452442285

ڕەشە وەک دێوی
خواردنی لە کێوی
دێو لە خەیاڵ و بیری مرۆڤی کورددا شتێکی گەورەی ڕەشە، ڕەشە وەک دێوی، مەبەست لە زۆپای دارە کە ڕەنگی ڕەشە و لە گەورەیی قەبارەیدا بە دێو چووێنراوە، خواردنی لە کێوی، مەبەست لە دارە کە دەکرێتە ناو زۆپاوە و دەسووتێنرێت، داریش لە چیا و کێوەکاندا بوونی هەیە. وەڵام (زۆپای دار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2949**
**ڕەشە وەک سێڕ دەڕوا وەک تیر**

20221203191048448980=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ڕەشە وەک سێڕ
دەڕوا وەک تیر
سێڕ: ڕەنگی تێر (فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە ڕەنگی تۆخە، ڕەشە وەک سێڕ، مەبەست لە چاوی مرۆڤە کە ڕەنگی ڕەشی تێر و تۆخە، دەڕوات وەک تیر، مەبەست لە ئاست و توانای دووری بینینە کە مرۆڤ دەتوانێت شوێنی دوور بە چاو ببینێ، چووێنراوە بە تیر کە دەتوانێت دوور بڕوا. وەڵام (چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل37

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2950**
**ڕەشە وەک قیر سپییە وەک شیر**
[20220927161308436345=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220927161308436345)



ڕەشە وەک قیر
سپییە وەک شیر
تیژە وەک تیر
مەبەست لە حاجی لەق لەقە، ڕەشە وەک قیر، مەبەست لە سەرباڵی لەق لەقە کە ڕەنگی پەڕەکانی ڕەشە، سپییە وەک شیر، مەبەستی لە جەستەی لەق لەقە کە ڕەنگی پەڕەکانی سپییە، تیژە وەک تیر، مەبەست لە فڕینی لەق لەقە کە زۆر بەخێرایی بە ئاسماندا دەڕوات. وەڵام (حاجی لەق لەق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل54
کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2951**
**ڕەشە وەک قیر قووڵە وەک بیر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205134850534024

ڕەشە وەک قیر
قووڵە وەک بیر
مەبەست لە چەکمەیە، (چەکمە: پێڵاوێکی کەلەپووریی کوردییە، لە چەرمی ئاژەڵ دروستدەکرێت، قەیتاندارە، لە قوڕ باراندا لە پێ دەکرێت) ، بیر: مەبەست لە چاڵێکی قووڵەیە لە زەویدا هەڵدەکەنرێت، ئاوی لێدەردەهێنرێت، ڕەشە وەک قیر: مەبەست لە چەکمەیە، قووڵە وەک بیر: واتە: چەکمە قاچەکانی درێژە و بە بیر چووێنراوە. وەڵام (چەکمە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل183

کاتی تۆمارکردن: 2023-12-05
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2952**
**ڕەشە وەک قیر: دەردەچێ وەک تیر**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205134616534023

ڕەشە وەک قیر: دەردەچێ وەک تیر.
مەبەستی مەتەڵەکە کێچە، (کێچ: گیانەوەرۆچکەیەکی بچووکە، لەئەنجامی پیسیی دروستدەبێت، بداتە جەستە، مرۆڤ هەراسان دەکات) ، ڕەشە وەک قیر، مەبەست لە کێچە کە ڕەنگی ڕەشە وەک ڕەنگی قیر، دەردەچێت وەک تیر، واتە: زۆر خێرا و بەدەستوبردە. وەڵام (کێچ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل183

کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2953**

**ڕەشە وەک قیری سپییە وەک شیری لە ڕێ دەڕوا وەک وەزیری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028104830442273

ڕەشە وەک قیری
سپییە وەک شیری
لە ڕێ دەڕوا وەک وەزیری
مەبەست لە حاجی لەق لەقە، ڕەشە وەک قیر، پشت و سەرباڵی لەق لق ڕەنگی ڕەشە و بە ڕەنگی قیر چووێنراوە، سپییە وەک شیر، مەبەست لەژێر سکی لقە لقە کە ڕەنگی سپییە، لە ڕێ دەڕوا وەک وەزیر، مەبەست لە هێواشی ڕۆیشتنی لقە لقە. وەڵام (حاجی لەق لەق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2954**
**ڕەشە وەک مەلحون**

20220927162353436348=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

ڕەشە وەک مەلحون
لووسە وەک سابوون
مەلحون: مەلوون یان نەفرەت لێکراو (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەستی مەتەڵەکە قالۆنچەیە، کە ڕەنگی ڕەشە و لەلایەن خەڵکەوە نەفرەتی لێکراوە و هەرچی ببینێ دەیکوژێت. هەروەها جەستەی وەک سابوون لووسە. وەڵام (قالۆنچە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل53

کاتی تۆمارکردن: 27-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2955**

**ڕەشە وەک مەیمون لووسە وەک سابوون**

[20221028111846442287=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1]

ڕەشە وەک مەیمون
لووسە وەک سابوون
ڕەشە وەک مەیموون، مەبەست لە قالۆنچەیە، بەهۆی زۆری جووڵە و ڕەنگییەوە بە مەیموون چووێنراوە، لووسە وەک سابوون، مەبەست قالۆنچە کیسەڵییەکانە کە پشتی ڕەش و بەهۆی لووسییەوە، لە مەتەڵەکەدا بە سابوون بەراوردکراوە.
وەڵام (قالۆنچە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2956**

**ڕەشە وەکی قەترانی سپییە وەک کەتانی سۆرە وەکی مەرجانی دەفڕێ دەچێتە ئاسمانی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117195053458909

ڕەشە وەکی قەترانی، سپییە وەک کەتانی
سۆرە وەکی مەرجانی، دەفڕێ دەچێتە ئاسمانی
مەبەست لە پەڕەسێلکەیە، ڕەشە وەکی قەترانی، مەبەست لە پەری سەربانی پەڕەسێلکەیە کە ڕەنگی ڕەشە، سپییە وەکی کەتانی، (کەتان: ناوی جۆرێک قوماشی سپییە) مەبەست پەری ژێر سک و سنگی پەرەسێلکەیە کە ڕەگی ڕەشە، سۆرە وەکی مەرجانی، (مەرجان: بەردی گرانبەها) مەبەست لە دەنووکی پەرەسێلکەیە، هەروەها دەفڕێ و دەچێتە ئاسمان. [1]
وەڵام: (پەڕەسێلکە)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل215.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2957**

**ڕەشە کار نییە جۆ دەخوا ئاژەڵ نییە ماڵ کون دەکا دز نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028103628442271

ڕەشە کار نییە
جۆ دەخوا ئاژەڵ نییە
ماڵ کون دەکا دز نییە

ڕەشە کار نییە، مەبەستی لە مێروولەیە کە وەک کار ڕەنگی ڕەشە، (کار: بەچکەی مەڕ، کەمتر لە سێ مانگ) جۆ دەخوا ئاژەڵ نییە، واتە وەکوو ئاژەڵ توانای خواردنی جۆ و دانەوێڵەی هەیە، ماڵ کون دەکا دز نییە، واتە: دەتوانێت دیوار کون بکات و بیبڕێت. وەڵام (مێروولە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەڕۆ، چاپخانەی گەنج ل52

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2958**

**ڕەشە کوڕی ڕووناکییە بە بەرزیش نەبێ قایل نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203191338448981

ڕەشە کوڕی ڕووناکییە
بە بەرزیش نەبێ قایل نییە
ڕەشە مەبەست لە دووکەڵی دارە کە ڕەنگی ڕەشە، کوڕی ڕووناکییە، مەبەست لە ئاگرە کە دووکەڵی لێبەرهەم دێت، ئاگریش بۆخۆی ڕووناکی دەبەخشێتەوە، بە بەرزیش نەبێ قایل نییە، واتە: دووکەڵ کە لە ئاگر پەیدابوو، بۆ ئاسمان بەرزدەبێتەوە، وەڵام (دووکەڵی ئاگر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل36

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2959**

**ڕەشە کوڕی ڕووناکییە بەرزیش نەبێ ڕازی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028110737442282

ڕەشە کوڕی ڕووناکییە
بەرزیش نەبێ ڕازی نییە
ڕەشە کوڕی ڕووناکییە، مەبەست لە دووکەڵی ئاگرە کە ڕەنگی ڕەشە، لەبەر ئەوەی لە ئاگر پەیدادەبێت، لە مەتەڵەکەدا بە کوڕی ڕووناکی دانراوە، بەرزیش نەبێ ڕازی نییە، واتە: هەر کاتێک ئاگر دورست بێ، دووکەڵەکەی بۆ ئاسمان بەرزدەبێتەوە.
وەڵام (دووکەڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل52

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2960**

**ڕەشەی بێ موو سواری دایکت بوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028112115442288

ڕەشەی بێ موو
سواری دایکت بوو
ڕەشی بەر موو
سواری داکت بوو
مەبەست لە عەبای ژنانە، (عەبا: پەڕۆیەکی ڕەشی سەر تا دامانە، ژنان دەیدەن بەسەریاندا و خۆیانی پێدادەپۆشن، لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە هاتۆتە ناو کورد و ئێستا ژنان ناپۆشن) ڕەشەی بێ موو، مەبەست لە عەبایە، سواری دایکت بوو، واتە: دایکت دای بەسەریخۆیدا و پۆشی. وەڵام (عەبا). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2961**
**ڕەشەی دوو گون دەرپەڕی لە ژن**

[2022102811232844228 9=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1]

ڕەشەی دوو گون
دەرپەڕی لە ژن
مەبەستی مەتەڵەکە کوندەیە، کوندە: لە پێستە سپیان دروووستدەکرێت و بەخرِی دەیگروون و دەریدێنن، بۆ ئاو تێکردن بەکاردێت (فەرهەنگی شێخانی) ڕەشکەی دوو گون، مەبەست لە کوندەیە کە لە پیشتی بزنی نێر دروووستدەکرێ، دەرپەڕی لە ژن، واتە: چووە کۆڵی ژن بۆ ئاو هێنان. وەڵام (کوندە) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2962**
**ڕەشەی ڕەش بەراز دەندووک ئەڵقەراز چل گەزی کراس**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028105157442274

ڕەشەی ڕەش بەراز
دەندووک ئەڵقەراز
چل گەزی کراس

ئەڵقەڕاز، ئەڵقڕێز: مەبەست لە زنجیری دەرگا داخستنە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ڕەشەی ڕەش بەراز، مەبەست لە دەواری کورددییە، (دەوار: مەبەست لە ماڵی کوردانی کۆچەرییە) دەندووک ئەڵقەڕاز، چۆن زنجیر ئەڵقە ئاڵقەیە، دەواریش بەش بەش دەچنرێت و دواتر بەیەکە دەبەسترێ، چل گەزی کراس، گەز: ئەندازەی باڵێکە کەلوپەلی پێدەپێورێ (فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە گەورەیی دەوارە کە بەئەندازەی قوماشی چل کراس دەبێت. وەڵام (دەوار، ڕەشماڵ، تاوڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل53

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2963**

**ڕەق لەسەر ڕەق ڕەپ کوتەنی ئیشی ژنی**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107171659457120](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107171659457120)

ڕەق لەسەر ڕەق
ڕەپ کوتەنی
ئیشی ژنی

مەبەست لە دەستارە، (دەستار: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هاڕینی دانەوێڵە بەکاردێت) ڕەق لەسەر ڕەق، مەبەست لە بەردی سەردەستاڕ و ژێردەستارە، ڕەپ کوتەنی، واتە: بەهۆی قوورسی و ڕەقی بەردی دەستاڕەوەیە کە دانەوێلە ورد دەبێت، ئیشی ژنی، واتە: کاری دەستاڕکردن پیشەی ژنی کوردە. وەڵام (دەستاڕ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل178.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2964**
**ڕەقۆزەی قوزێ تامی چێشتێ**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117195518458916](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117195518458916)

ڕەقۆزەی قوزێ
تامی چێشتێ
مەبەست لە دووگی مەڕە، (دووگی مەڕ: بەو بەشە چەورییە دەوترێ کە بەپاشی مەڕەوەیە و لەشی داپۆشیوە) ڕەقۆزەی قوزێ، واتە: دووگی مەڕ کە لەشی لەدواوە داپۆشیوە، تامی چیشتێ، واتە: دووگ بکرێتە ناوچێشت و خواردنەوە تامی خۆشدەکات.
[1]
وەڵام: (دووگی مەڕ)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ل220.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2965**
**ڕەقۆکە و چەرمۆکە پەتیتلە و زەنگۆکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230107170822457117

ڕەقۆکە و چەرمۆکە
پەتیتلە و زەنگۆکە
مەبەست لە دەفە، (دەف: ئامێرێکی پێستداری مووزیکیی کەلەپووری کوردییە، لە کاتی مەراسیمی ئایینی و بۆنە و ئاهەنگەکاندا دەژەنرێ) ڕەقۆکە و چەرمۆکە، مەبەست لە دەفە کە قەراغێکی داریی ڕەق هەیە و پێستی ئاژەڵی تێگیراوە، پەتیتلە و زەنگۆکە، مەبەست لەو پلپڵە و ئەڵقانەیە کە بە دەفەوەیە لەکاتی ژەننیا دەلەرزێ. وەڵام (دەف) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل180
کاتی تۆمارکردن: 07-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2966**
**ڕەق ڕەقایی نامەسەر نەرمایی لێمدا یەکدووجار گەیشتە گەرمایی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221216205411452295

ڕەق ڕەقایی نامەسەر نەرمایی
لێمدا یەکدووجار گەیشتە گەرمایی
بەرد و ئەستێ مەبەستی مەتەڵەکەیە، (بەرد و ئەستێ: جۆرە بەردێکی چیایی زۆر ڕەق و سەختە، بە بەریەک کەوتن، پریشکی ئاگر درووستدەکات، بۆ ئاگر کردنەوە بەکاردێت) ڕەق ڕەقایی، مەبەست لە بەرد و ئەستێیە، نامەسەر نەرمایی، مەبەست لە پریشکی ئاگرە کە لە بەرد و ئەستێکەوە دەردەچێ بۆ ناو پووش، گەیشتمە گەرمایی واتە: پووش بەهۆی پریشکی ئاگری بەد و ئەستێکەوە گڕ دەگرێ و گەرمایی درووستدەکات. وەڵام (بەرد و ئەستێ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل46

کاتی تۆمارکردن: 16-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2967**
**ڕەق ڕەقایە لەسەرم دانا نەرمایە لێم دەرهێنا گەرمایە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028230318442400](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028230318442400)

ڕەق ڕەقایە
لەسەرم دانا نەرمایە
لێم دەرهێنا گەرمایە
مەبەست لە ئەستێ و بەردە، (ئەستێ: جۆرە بەردێکی چیاییە، ڕەق و سەختە، ورد نابێ و پارچەی لێنابێتەوە، بەرد یان ماددەی کانزایی لێبدری، پریشکی ئاگری لێدەبێتەوە) ڕەق ڕەقایە، مەبەست لە ئەستێ و بەردە، لەسەرم دانا نەرمایە، ناوی هەندێک دار یان پەموو، نەرمە و بەئاسانی لەبەر پریشکی ئەستێ و بەردا گڕدەگرێ، لێم دەرهێنا گەرمایە، مەبەست لە ئاگر کردنەوەیە بە ئەستێ و بەرد. وەڵام (بەرد و ئەستێ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل54

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2968**
**ڕەقە بەر ڕەقەی دەکەوێ سوورە بەر نەرمەی دەکەوێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028231859442405

ڕەقە بەر ڕەقەی دەکەوێ
سوورە بەر نەرمەی دەکەوێ
مەبەست لە ئەستێ و بەردە، (ئەستێ: جۆرە بەردێکی چیاییە، ڕەق و سەختە، ورد نابێ و پارچەی لێنابێتەوە، بەرد یان ماددەی کانزایی لێبدرێ، پریشکی ئاگری لێدەبێتەوە) ڕەقە بەر ڕەقەی دەکەوێ، مەبەست لە لێکدانی بەرد و ئەستێیە، سوورە بەر نەرمەی دەکەوێ، مەبەست لە پەموو یان پووشی نەرمە کە بە پریشکی ئەستێ و بەرد گڕدەگرێ. وەڵام (بەرد و ئەستێ) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل54

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2969**
**ڕەقە بەرد نییە، سپییە هێلکە نییە، لە بەهاراندا زیندووە، لە زستاندا مردووە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807052520426952



ڕەقە بەرد نییە، سپییە هێلکە نییە، لە بەهاراندا زیندووە، لە زستاندا مردووە
ڕەقە بەرد نییە: مەبەست لە توێکڵی کلسی هێلکە شەیتانۆکەیە، سپییە هێلکە نییە: مەبەست لە ڕەنگی توێکڵە کلسیەکەیە کە سپییە، لە بەهاراندا زیندووە واتە: تەنیا لە وەرزی بەهاردا توانای ژیانی هەیە، لە وەرزەکانی دیکەدا دەمرێ. وەڵام هێلکە شەیتانۆکە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2970**

**ڕەقە وەک بەرد بەرد نییە بەرزە لە ئاسمانە تەیر نییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203185459448972](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203185459448972)

ڕەقە وەک بەرد، بەرد نییە
بەرزە لە ئاسمانە تەیر نییە
مەبەسی لە داری گوێزە کە گوێزی پێوەیە، ڕەقە وەک بەرد، مەبەست لە گوێزە کە توێکڵەکەی ڕەقە و چووێنراوە بە بەرد، بەرزە لە ئاسمانە، واتە: دارگوێز یەکێکە لە دارە بەتەمەنەکانی وڵاتی کوردەوار، کاتێک دارگوێز بەردەگرێ، بەرەکەی زۆر بەرزە و دەست نایگاتێ، بە بەرزی ئاسمان چووێنراوە. وەڵام (گوێز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل36

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2971**
**ڕەقە وەک بەردی، تاڵە وەک ژەهری، دەخورێ وەک شەکری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729084146425202



ڕەقە وەک بەردی، تاڵە وەک ژەهری، دەخورێ وەک شەکری
ڕەقە وەک بەرد: مەبەستی لە بەری دارگوێزە کە وەک بەرد ڕەقە، تاڵە وەک ژەهر: مەبەستی لە توێکڵی بەری دارگوێزە کە تامی زۆر تاڵ و ناخۆشە، دەخورێ وەک شەکری: مەبەستی لە کاکڵە گوێزە کە زۆر بەتام و خۆشە. وەڵام (گوێز) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2972**
**ڕەقە وەک دارە لووتی زۆر خوارە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819094158429077](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819094158429077)



ڕەقە وەک دارە
لووتی زۆر خوارە
مەبەستی مەتەڵەکە نۆکە، دوای پێگەیشتن و کامڵبوونی، هەڵدەخرێ تا وشک دەبێتەوە و ئامادەدەبێت بۆ خواردن، بۆیە زۆر ڕەق دەبێت، لە مەتەڵەکەدا ڕەقی نۆکی وشک بە ڕەقی دار چووێنراوە، لووتی زۆر خوارە، مەبەست لە بنی نۆکە کە کەمێک باریک و خوارە. وەڵام (نۆک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 19-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2973**

**ڕەگی لەبن هەردی دان لەسەر هەردی ئەگەر بزانی مەردی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221028230811442402

ڕەگی لەبن هەردی
دان لەسەر هەردی
ئەگەر بزانی مەردی
هەرد: زەوی یان شوێنی هەڵەت و بەردەڵان (فەرهەنگی خاڵ) ڕەگی لەبن هەردییە، مەبەست لە گەنمە کە ڕەگەکەی لەناو زەویدایە، دان لەسەر هەردی، مەبەست لە گوڵەگەنمە کە بەقەدی گەنمەکەوەیە، ئەگەر بزانی مەردی، ئەوەی بیزانێت مەتەڵساز بە کەسێکی مەردی ناو دەبات. وەڵام (گوڵەگەنم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل54

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2974**

**ڕەگی هەیە دار نییە زۆر سپییە بەفر نییە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203194037448995](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203194037448995)

ڕەگی هەیە دار نییە
زۆر سپییە بەفر نییە
مەبەستی مەتەڵەکە ددانی مرۆڤە کە بە ڕەگی دار چووێنراوە، چونکە ددانی مرۆڤ ڕەگی هەیە و بەهەمان شێوەش داریش ڕەگی هەیە، زۆر سپییە بەفر نییە، ددان بۆخۆی ڕەنگی سپییە، بە ڕەنگی سپێتی بەفر بەراوردکراوە، چونکە هەردووکیان لە ڕەنگدا وەکییەکن. وەڵام (ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل36](https://www.kurdipedia.org)

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2975**

**ڕەنگی سوورە، دەنگی دوورە بنی گەشە، خاوەن بەشە بەشمان ئەدا، خۆی بێ بەشە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916100140520882](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916100140520882)

ڕەنگی سوورە، دەنگی دوورە
بنی گەشە، خاوەن بەشە
بەشمان ئەدا، خۆی بێ بەشە

مەبەست لە تەنووری نانکردنە، (تەنوور ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە قوڕ درووستدەکرێت و نانی تێدا دەبرژێنرێت) ڕەنگی سوورە و دەنگی دوورە، واتە: تەنوور لە قوڕەسوور درووستدەکرێت، بنی گەشە خاوەن بەشە، واتە: لەناو تەندووردا ئاگردەکرێتەوە، نان بەشی هەمووان دەدات، هەروەها خۆی بەشی نییە. وەڵام (تەنوور) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل10

کاتی تۆمارکردن: 16-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2976**
**ڕەنگی ڕەشە و لە ڕووناکییە ئاراستەکەی بەرەو بەرزییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221203194245448997

ڕەنگی ڕەشە و لە ڕووناکییە
ئاراستەکەی بەرەو بەرزییە
ڕەنگی ڕەشە مەبەست لە دووکەڵی دارە کە ڕەنگی ڕەشە، ڕووناکییە، مەبەست لە ئاگرە کە دووکەڵی لێبەرهەم دێت، ئاگریش بۆخۆی ڕووناکیی دەبەخشێتەوە، ئاراستەکەی بەرەو بەرزییە، واتە: دووکەڵ کە لە ئاگر پەیدابووە، بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە.
وەڵام (دووکەڵی ئاگر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل36

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2977**

**ڤپاشازادەکەی نۆکەری شاران، دایمە لەنێو گوڵ و گوڵزاران**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220731082139425640

پاشازادەکەی نۆکەری شاران، دایمە لەنێو گوڵ و گوڵزاران
لە مێژوویەکی کۆنەوە کورد زیندەوەرۆچکەی هەنگی ناسیوە، کەڵکی لە هەنگوینەکەی وەرگرتووە، هەنگ لە مەتەڵەکەدا بە پاشازادە ناوبراوە، نۆکەری شاران، واتە: شوێن شوێن و گوڵ گوڵ دەگەڕێت و شیلەی گوڵان دەمژێ. وەڵام مێشهەنگوینە یان هەنگ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان


QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 31-07-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2978**
**کا چوو، ما دانی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220826123650430501



کا چوو، ما دانی.
مەبەست لە بەبا کردنی خەرمانە، دوای هەوجارِ لێدان، دانەوێلە بە نموونە گەنم لە جێ خەرماندا کۆدەکرێتەوە، بە ئامێری شەن، لەکاتی بادا، گەنمەکە شەن دەکرێت، پووشەکەی با دەیبات و گەنمەکە لە جێی خۆی دەمێنێتەوە. کا چوو، واتە: کای گەنمەکە با بردی، ما دانی واتە: دانەکە لەجێی خۆی مایەوە. وەڵام (شەن کردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەردار فەتاح، 1977، ل28
کاتی تۆمارکردن: 26-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2979**
**کا نۆکانە، کا نۆکانە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924140208435931](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924140208435931)

کا نۆکانە، کا نۆکانە
هەرچی نەیزانێ نەزانە
نۆک دوای ئەوەی پێدەگات و وشک دەکرێتەوە پاشان دەتەکێندرێت، نۆکە پێگەشتووەکان لە کەلووەکانیان دێنەدەر، دوای بێژانەوە، کا و نۆک لەیەک جیادەکرێنەوە، ئەو پاشماوەیەی لە نۆک جێدەمێنێ، لە کوردەواردا پێی دەوترێ: کانۆک. وەڵام (کای نۆک) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل35

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2980**

**کابرایەک لەنێو ڕەزی، دەیکوژیەوە وەک مەرەزی، ئەوەی بیخوا لە بەری دەلەرزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729114519425241

کابرایەک لەنێو ڕەزی، دەیکوژیەوە وەک مەرەزی، ئەوەی بیخوا لە بەری دەلەرزی
سوێند خواردن بەشتە پیرۆزەکان کارێکی گرانە، هەمووکەس ناتوانێت سوێندی پێبخوا، کابرایەک لەنێو ڕەزی: مەبەستی لە شتێکی پیرۆزە، دەیکوژیەوە وەک مەرەزی: دەیکوژمەوە لە بەشە شیوەزاری موکریان واتە: سەربڕێن، مەرەز: ئاژەڵێکە لە توخمی بزن، ئەوەی بیخوا لە بەری دەلەرزی، مەبەستی لەو کەسەیە کە سوێند بە درۆ دەخوا، هەمیشە دەترسێ و دەلەرزێ. وەڵام سوێندخواردن. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2981**

**کاتێ دادەنیشێ، سێ پای هەس، وەختێ هەڵدەستێ دوو پای هەس**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917212712521152

کاتێ دادەنیشێ، سێ پای هەس، وەختێ هەڵدەستێ دوو پای هەس.
مەبەستی مەتەڵەکە چەرخوفەلەکە، (چەرخوفەلەک: یارییەکی کەلەپووری کوردییە، هاوشێوەی جۆلانە، بەڵام منداڵان بە کۆمەڵ سواری دەبن و هەندێکیان بەپێوە دەوەستن و گۆزم دەدەن) دوو کۆڵەکەی داری جێگیری هەیە، چەرخوفەلەکەکە بە گوریس پێوەی هەڵواسراوە، کاتێ دادەنیشێ سێ پای هەس، دوو کۆڵەکە و چەرخوفەلەک بە سێ قاچ چووێنراوە، وەختێ هەڵدەستێ دوو پای هەس، واتە کاتێک منداڵان یاریی پێدەکەن، تەنیا دوو کۆڵەکەکە ناجووڵێت کە بە دوو قاچ چووێنراوە.
وەڵام (چەرخوفەلەک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل18

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2982**
**کاچوو مادانی، بیکەرە ئەم تاشی جا ئەوجار وەرە دەیبەین بۆ ئاشی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219185807453012

کاچوو مادانی، بیکەرە ئەم تاشی
جا ئەوجار وەرە دەیبەین بۆ ئاشی
مەبەست لە بەباکردنی خەرمانە، دوای هەوجارلێدان، دانەوێڵە بە نموونە گەنم لەجێ خەرماندا کۆدەکرێتەوە، بە ئامێری شەن، لەکاتی با دا، گەنمەکە شەن دەکرێت، پووشەکەی با دەیبات و گەنمەکە لە جێی خۆی دەمێنێتەوە. کا چوو، واتە: کای گەنمەکە با بردی، ما دانی واتە: دانەکە لەجێی خۆی مایەوە. بیکەرە ئەم تا، واتە: گەنمەکە بکەرە تایەکەوە پاشان دەیبەین بۆ ئاش و دەیهاڕین. وەڵام (باراش) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل54
کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2983**

**کارە قوتەی مەلایە بەرم دایە چیایە نەیهێشت قلەک گیایە**

20220924135709435929=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کارە قوتەی مەلایە
بەرم دایە چیایە
نەیهێشت قلەک گیایە
کارە قوتەی مەلایە
بەرم دایە چیایە
نەیهێشتییە دەنکۆک گیایە

کارە قوتە: مەبەست لە بەچکەی مەڕە کە بەبچووکی زۆر بزێوە، مەتەڵەکە مەبەست لە مەکینەی دەلاکییە، چۆن کار گژوگیای گردێک دەخوا و دەیڕووتێنێتەوە، مەکینەی دەلاکیش مووی سەر دەبڕێت و کەمی دەکاتەوە، لە مەتەڵەکەدا مەکینەی دەلاکی بە کار چووێنراوە. وەڵام (مەکینەی قژبڕین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل35

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-24

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2984**
**کارە گەڕ خزایە بن مەڕ**

[20230920193625522034=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920193625522034)

کارە گەڕ
خزایە بن مەڕ
کار: بە ساوای بزن دەوترێت تا تەمەنی سێ مانگی (فەرهەنگی خاڵ) ، گەڕ: گڕوێ یان گەڕۆل جۆرێک نەخۆشییە، بەچکەی مەڕوماڵات لەکاتی شیر خواردن یان نەخۆشیدا بەردەوام دەخزێتە بن جەستەی دایکی، مەبەستی مەتەڵەکە زمانی مرۆڤە، لەکاتی خراپ بەکارهێنانیدا دەخزێتەوە ناودەم و هیچی پێناوترێت. وەڵام (زمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل27

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2985**

**کارەکم بەردا سەر چیایەکی**

[20220924140537435932=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)

کارەکم بەردا سەر چیایەکی
نەیهێشت کەرە گیایەکی
کەرە گیا: واتە: بنجە گیا، مەبەست لە مەکینەی دەلاکییە، چۆن کار گژوگیای گردێک دەخوا و دەیڕووتێنێتەوە، مەکینەی دەلاکیش مووی سەر دەبڕێت و کەمی دەکاتەوە، لە مەتەڵەکەدا مەکینەی دەلاکی بە کار چوونێنراوە. وەڵام (مەکینەی دەلاکی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل35

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2986**

**کاسێوە ماهەن، بندار و مەحکەم، یەک نەفەر ئاویش کەرۆنە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231014215420526250

کاسێوە ماهەن، بندار و مەحکەم، یەک نەفەر ئاویش کەرۆنە، سەرجەم. نەنیمە مەونە، نەپەڕ نەلیپان، دائیم هاڵیەن، ئەرێ برا گیان.

وەڵام (سێبەر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل32

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2987**

**کاسە شکاوێ بە حەواوە بە ئەمری خوا ڕاوەستاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111223814444812

کاسە شکاوێ بە حەواوە
بە ئەمری خوا ڕاوەستاوە
کاسە: جۆرە دەفرێکی دارینە (فەرهەنگی خاڵ) کاسەی شکاو بە حەواوە، مەبەست لە مانگە کە بەشەو لە ئاسماندا دەردەکەوێ، ئەو کاتانەی مانگ یەک شەوەیە، شێوەی نیوە کەوانەییە، لە مەتەڵەکەدا بە کاسەی شکاو چووێنراوە، هەروەها بە ئەمری خوا لە ئاسماندا ڕاوەستاوە. وەڵام (مانگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل85

کاتی تۆمارکردن: 11-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2988**

**کاسە شکاوە وا بە حەواوە بە ئەمری خوا وەستاوە**

[20221206190532449407=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206190532449407)

کاسە شکاوە
وا بە حەواوە
بە ئەمری خوا وەستاوە
مەبەست لە گوێچکەی مرۆڤە، کاسە شکاوە، (کاسە: جۆرە دەفرێکی دارینە (فەرهەنگی خاڵ) چێشتی تێدا دەخورێ، لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە گوێچکەیە کە بە کاسەی شکاو چووێنراوە، وا بە حەواوە، واتە: گوێچکە بەفرمانی خواوەند بە لاتەنیشتی سەرەوە هەڵواسراوە. وەڵام (گوێ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل51

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2989**

**کاسە لەتێ بە دیوارەوە وەستاوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112165717444868

کاسە لەتێ بە دیوارەوە وەستاوە.
کاسە: جۆرە دەفرێکی دارینە خواردنی تێدەکرێت (فەرهەنگی خاڵ) کاسە لەتێ، مەبەست لە گوێچکەی مرۆڤە کە وەک لەتە کاسەیەک وایە، بە دیوارەوە، مەبەست لە سەری مرۆڤە کە بە دیوار بەراوردکراوە، گوێچکەی پێوە بەندە و بەهۆیەوە دەبیستین. وەڵام (گوێچکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل85

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2990**
**کاسە و کەوچک وا بە حەواوە**

20221207125805449508=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کاسە و کەوچک وا بە حەواوە.
مەبەستی مەتەڵەکە گوێچکە و لووتی مرۆڤە، کاسە: جۆرە دەفرێکی دارینە (فەرهەنگی خاڵ) مەبەست لە گوێچکەی مرۆڤە کە وەک کاسە وایە، کەوچک، مەبەست لە لووتی مرۆڤە کە بە کەوچک چووێنراوە، وا بە حەواوە، واتە: وا بەسەرەوە نووساوە. وەڵام (گوێ و لووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل50

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2991**
**کاسە کەلێ ها وەلێژییەوە**

[20221207125346449507=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207125346449507)

کاسە کەلێ ها وەلێژییەوە.
کەل: مەبەست لە شتی لا شکاوە. کاسە: جۆرە دەفرێکی دارینە (فەرهەنگی خاڵ) ، خۆراکی تیادەخورێ، کاسە کەلێ، مەبەست لە گوێچکەی مرۆڤە کە دابڕاوی و کەلی تێدایە، ها وەلێژییەوە، ها: ئاماژەیە بۆ شوێن، واتە: گوێچکەی مرۆڤ بە لای سەرەوەیە. وەڵام (گوێچکە) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل51

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2992**
**کاسەی بلوورین چینی فەرەنگێ لەناو جامێکا هەریەک لە ڕەنگێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219191521453017
کاسەی بلوورین چینی فەرەنگێ
لەناو جامێکا هەریەک لە ڕەنگێ
مەبەست لە هێلکەی پەلەوەرە، کاسەی بلوورین، مەبەست لە توێکڵی هێلکەیە کە ماددەیەکی کلسییە، ڕەنگی سپێتی توێکڵی هێلکە بە کاسەی بلووری چووێنراوە، لەناو جامێکدا هەریەک لە ڕەنگێ، مەبەست لە سپێنە و زەردێنەی هێلکەیە کە لەناو توێکڵی هێلکەدان لەمەتەڵەکەدا بە جام چوواندوویەتی. وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل54
کاتی تۆمارکردن: 2022-12-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2993**

**کاشی چیینی ئاو لە مسی ئاگری بدەی یەخ ئەبەسی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922201415522578

کاشی چیینی ئاو لە مسی
ئاگری بدەی یەخ ئەبەسی
یەخ: سەهۆڵ (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، کاشی چیینی، مەبەست لە فرۆیە، (فرۆ: بەو شیرە دەوترێت کە لە یەک تا سێ ڕۆژ یەکەمی دوای زان، لە گوانی مەڕوماڵاتەوە دێتەدەر، چەور و خەستە) ئاگری بدەی یەخ ئەبەسی، واتە: گەر فرۆ بخرێتە سەر ئاگر، کلۆ کلۆ دەبێت، لە مەتەڵەکەدا بە بەستنی ئاو چوواندوویەتی. وەڵام (فرۆ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 34

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2994**
**کام ئەسپ دایم خانەنشینە سەراسەر عومری بێبەرگ و زینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230324205058477338

کام ئەسپ دایم خانەنشینە
سەراسەر عومری بێبەرگ و زینە
خانەنشین: بۆ کەسێک بەکاردێت کە هەموو تەمەنی بۆ کاری دەوڵەتی تەرخانکردبێت و لە کۆتاییدا بە بڕێک پارە خانەنشین دەکرێت و هیچ کارێکی پێئەنجامنادرێت، لە مەتەڵەکەدا ئەسپ بە مرۆڤ چووەنراوە، چونکە ئەسپی پیر کاری پێناکرێت، تا کۆتایی تەمەنی زین ناخرێتە سەر پشتی، وەڵام (مرۆڤی خانەنشین) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال
کاتی تۆمارکردن: 24-03-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2995**

**کام پەلەوەر وا لە کام ڕەگەز ئەفرێ وەک مەل، ئەزێ وەک پەز**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921215523522308

کام پەلەوەر وا لە کام ڕەگەز
ئەفرێ وەک مەل، ئەزێ وەک پەز
ئەزێ: بۆ ئاژەڵێک بەکاردێت کە بەچکەی ببێت. پەز: مەڕ. کام پەلەوەر وا لە کام ڕەگەز: مەبەست لە شەمشەمەکوێرەیە، (شەمشەمەکوێرە: باڵندەیەکی شیردەری شەوگەڕە) ئەفرێ وەک مەل، واتە: شەمشەمەکوێرە توانا فڕینی هەیە، ئەزێ وەک پەز، واتە: وەک مەڕ دەزێ و شیر دەدات. وەڵام (شەمشەمەکوێرە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل33

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-21

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 2996**

**کام گیانلەبەر بە منداڵی چوار پێی و بە جوانی دوو پێ و بە پیریی سێ پێی هەیە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207135126449536](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207135126449536)

کام گیانلەبەر بە منداڵی چوار پێی و بە جوانی دوو پێ و بە پیریی سێ پێی هەیە.
مەبەسی لە شێوازی ڕۆیشتنی مرۆڤە لە سێ قۆناغی تەمەندا، بە منداڵی چوار پێ، واتە: منداڵ پێش ئەوەی فێری پێگرتن بێت، لەسەر چوارپەل دەڕوات، بە جوانی دوو پێ، واتە: مرۆڤ کە گەشتە قۆناغی گەورەبوون، دەتوانێت لەسەر دوو پێ بڕوات، بە پیریی سێ پێ، واتە: کەسی بەتەمەن و بەساڵاچوو لەگەڵ ئەوەی بە دوو قاچ دەڕوات، گۆچانێکیشی پێیە. وەڵام (منداڵ، گەنج و پیر) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل51

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2997**
**کام منداڵە بە دایکی شیر دەدات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920194248522038

کام منداڵە بە دایکی شیر دەدات.
بەپێی زانەکی مرۆڤ تەنیا دایک شیر بە منداڵەکەی دەدات، ئەمە بۆ ئاژەڵیش ڕاستە، هەروەها پێچەوانەکە هەڵەیە، بەڵام لە مەتەڵەکەدا مەبەستی لە ئاوی کانی و ئاوی ڕووبار و چەمە، لە ڕووی قەبارەوە کانی بچووکترە لە ڕووبار و چەم، لەبەر ئەوەی چەمەکان لە ئاوی کانییەکان پێکدێن، چەم بە دایک و کانی بە منداڵ چووێنراوە، کەواتە مەتەڵەکە دەڵێت: منداڵ بە دایکی شیر دەدات، واتە: کانی ئاو بە چەم دەدات. وەڵام (ئاوی کانی کە دەڕژێتە ناو چەم و ڕووبار) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل26

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2998**
## کام هاونشینە ئەگەر ئەزانی فرمێسک ئەڕژێ هەتا بەیانی

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921215727522309

کام هاونشینە ئەگەر ئەزانی
فرمێسک ئەڕژێ هەتا بەیانی
هاونشین: هاودەم بەو کەسە دەوترێت کە لێتەوە نزیکە و باش دەیناسیت، کام هاونشینە، مەبەست لە مۆمە، (مۆم: هۆکارێکە بۆ ڕووناک کردنەوە، لە مادەیەکی چەور درووست دەکرێت، تاڵێک پەتی تیایە بەهێواشی دەسووتێت و ڕووناکی دەبەخشێت) فرمێسک دەرێژێ، مەبەست لە کاتی سووتان و توانەوەی مۆمە، دڵۆپی توانەوەی مۆم بە فرمێسک چووێنراوە.
وەڵام (مۆم) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل33

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-21
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 2999**
**کامەیە ئەو گوڵەی لە باخدا نییە بەڕۆژ شکوفێ و بەشەو خونچەیە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917212423521150

کامەیە ئەو گوڵەی لە باخدا نییە
بەڕۆژ شکوفێ و بەشەو خونچەیە
بەپێی بیر و ژیریی مرۆڤ، شوێنی سەرەکی گوڵ، لە باخدایە، واتە: گوڵ لە باخدا دەڕوێت و گەشەدەکات، کامەیە ئەو گوڵەی لە باخدا نییە، مەبەست لە چاوی مرۆڤە کە بە گوڵ چووێنراوە، بەڕۆژ شکۆفێ، واتە بەڕۆژ دەکرێتەوە، بەشەو خونچەیە، واتە: چاو بە ڕۆژ دەبینێت و بەشەو وەک خونچە دەخەویت. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەندی پێشینانی کورد (مەسەل مەتەڵ و بنەڕەتی مەسەلی کوردی) نووسین و کۆکردنەوەی: ڕەزا سەرێفی، سنە. 1389. ل16

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3000**

**کانی چەرمە ئاوی بەردە کندر دەرزی دوولک شاخە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206192004449412

کانی چەرمە ئاوی بەردە
کندر دەرزی دوولک شاخە
مەتەڵەکە مەبەستی لە کلدانە، کانی چەرمە مەبەست لە پێڵووی چاوی مرۆڤە کە بە چەرم چووێنراوە، ئاوی بەردە، واتە: لەکاتی چاوڕشتندا، چاو ئاو بەردەداتەوە مەبەست لە فرمێسکە، کندری دەرزیی، مەبەست لە کلی چاوڕشتنە کە بە مێڵ دەرێژرێ، مێڵ وەکوو دڕکت کنگر تیژە، دوولکی شاخە، واتە: مێڵ کە شاخی ئاژەڵ درووستدەکرێ. وەڵام (کلدان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل50

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3001**

**کانی سەرنشێو جۆگەی سەر هەوراز**

[20230105190118456853=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230105190118456853)

کانی سەرنشێو
جۆگەی سەر هەوراز
مەبەست لە قەنەیە، (قەنە: لە کوردەواردا پێشی دەوترێ: قلیان یان قەلوون، ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ کێشانی تووتن بەکاردێ) کانی سەرنشێو، (سەرنشێو: سەروخوار) مەبەست لە قەنەیە کە سەرەکەی بۆ خوارەوە و کلکەکەی بۆ سەرەوە دەگیرێ، بە کانی سەرنشێو چووێنراوە، جۆگەی سەرهەوراز: (سەرهەوراز: سەرەوژوور) کلکی قەنە بۆ سەرەوە دەگیرێ، بۆیە لەکاتی نەفەسلێداندا، دووکەڵەکە بۆ سەرەوەدێ، بە جۆگەی سەرهەوراز چووێنراوە. وەڵام (قەلوون، قلیان، قەنە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ل152.

کاتی تۆمارکردن: 05-01-2023

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3002**
**کانی نییە ئاو دەدات هەموو شتێک قووت دەدات**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206191722449411

کانی نییە ئاو دەدات
هەموو شتێک قووت دەدات
مەبەستی مەتەڵەکە چاوی مرۆڤە، کانی نییە ئاو دەدات، واتە: چاو کانگای فرمێسکە، لە مەتەڵەکەدا فرمێسک بە کانی چووێنراوە، چاو وەک کانی سەرچاوەی ئاوە، هەموو شتێک قووت دەدات، واتە: چاوی مرۆڤ توانای بینینی زۆر شتی هەیە.
وەڵام (چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل50
کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3003**

**کانی نییە، ئاو دەدا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924135923435930

کانی نییە، ئاو دەدا
زەویش قووت دەدا.
چاوی مرۆڤ مەبەستی مەتەڵەکەیە، کانی نییە ئاو دەدات، واتە: چاو کانگای فرمێسکە، لە مەتەڵەکەدا فرمێسک بە کانی چووێنراوە، چاو وەک کانی سەرچاوەی ئاوە، هەموو شتێک قووت دەدات، واتە: چاوی مرۆڤ توانای بینینی زۆر شتی هەیە.
وەڵام (چاو) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل36

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەماڵ سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3004**

**کانیلەی کپکپۆکان دوو کونە رێوی و دوو ماری رەش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226140131454222

کانیلەی کپکپۆکان، دوو کونە رێوی و دوو ماری رەش.
مەبەست لە ئەندامی جەستەی مرۆڤە، کانیلەی کپکپۆکان، مەبەست لە دەمی مرۆڤە کە وەک کانی پڕە لە ئاو، دوو کونە رێوی، مەبەست لە دوو کونی لووتە (کەپوو) ، دوو ماری رەش، مەبەست لە دوو برۆی دەموچاوی مرۆڤە. مەتەڵەکە زیاتر وەسفە بۆ رووخساری مرۆڤ. وەڵام (دەم و کەپوو و برۆ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، برِەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل17

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3005**
**کانیلەیەکم هەیە، دەورەکەی بەردە و نێوەکەی ئاوە**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810210949427711](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810210949427711)



کانیلەیەکم هەیە، دەورەکەی بەردە و نێوەکەی ئاوە.
کانیلە: مەبەست لە کانی بچووکە وەک سەرچاوەیەکی ئاوی کەڵکی لێدەبینرێت، دەورەکەی بەردە: مەبەست لە بیرە دوای هەڵکەندن، وەستای شارەزا بە بەرد یان خشت چواردەوری بیرەکە لە ناوەوە هەڵدەچنن، بۆ ئەوەی گڵەکەی دانەڕووخێ، نێوەکەی ئاوە: مەبەست لە ئاوی ناو بیرەکەیە کە لەسەرەوە دەیری دەکەی وەک کانییەکی بچووک دیارە. وەڵام (بیری ئاو) [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | [کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر]
کاتی تۆمارکردن: 10-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3006**

**کانییە گەنێ لەبن بەنێ شا و شازادە دەست دەبەنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206194007449420

کانییە گەنێ لەبن بەنێ
شا و شازادە دەست دەبەنێ
گەن: گەنیوو بۆ پیسایی و پاشماوەی گەنیوو بەکاردێ، لەمەتەڵەکەدا مەبەستی لە چڵمی لووتە، کانییە گەنێ لەبن بەنێ، واتە: لووتی مرۆڤ کە هەندێکجار پیس دەبێت، شا و شازادە دەست دەبەنێ، واتە: هەموو کەسێک لە هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێ، لووتی دەسڕێ. وەڵام (لووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل51

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3007**

**کانییە مەڕی جڵقنێ، هەمووکەس دەستی دەبەنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220803064026426171

کانییە مەڕی جڵقنێ، هەمووکەس دەستی دەبەنێ
ناو دەمی مرۆڤ بە سرووشت هەمیشە تەڕە، لە مەتەڵەکەدا بە کانی جڵقن ناوبراوە، (جڵقن: بە دەنگی قوڕ و لیتە دەوترێ کاتێک پێی تێدەکەوێت فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەڕ: مەبەستی لە دانەکانی مرۆڤە کە ڕەنگیان وەک خوری مەڕ سپیە، ئاشکراشە هەمووکەس دەستی بۆ دەمی دەبا. وەڵام زار، دەم. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3008**

**کانییەک هەیە لە چیایە سی و دوو گەوهەری تیایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111212402457975

کانییەک هەیە لە چیایە
سی و دوو گەوهەری تیایە
مەبەست لە دەم و ددانە، کانییەک هەیە لە چیایە، (وڵاتی کوردەوار خاوەنی هەزاران چیا و کانییە) مەتەڵەکە مەبەستی لە دەمی مرۆڤە کە بە کانی چیا چووێنراوە چونکە دەم لە بەشی سەرەوەی جەستەی مرۆڤدایە و هەمیشە تەڕە، کانیش لە بەشی سەرەوەی چیاکاندایە و هەمیشە تەڕە هەروەها ددانەکانی مرۆڤیش سپین بە گەوهەر بەراوردکراون. وەڵام (دەم و ددان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل130.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-11

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3009**

**کانییەکم هەیە پڕ لە مەنێ میر و مەلا دەست دەبەنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206193559449419

کانییەکم هەیە پڕ لە مەنێ
میر و مەلا دەست دەبەنێ
مەبەست لە لووتی مرۆڤە کە هەندێک جار هەموو کەسێک دەستی بۆ دەبات، کانییەکم هەیە پڕ لە مەنێ، مەبەست لە لووتی مرۆڤە کە تەڕدەبێت، نارەحەتی درووستدەکات، میر و مەلا دەست دەبەنێ، واتە: هەموو کەسێک لە هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێ، لووتی دەسڕێ. وەڵام (لووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل51

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3010**

**کانییەکم هەیە دیارە لە لێژبی هەر کەسێ دێ لێی دەچێژی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206193127449416

کانییەکم هەیە دیارە لە لێژبی
هەر کەسێ دێ لێی دەچێژی
مەبەستی مەتەڵەکە شیری مەمکی دایکە کە هەموو منداڵەکان لێی دەخۆن، کانییەکم هەیە دیارە لەژێربی، واتە: مەمکی دایک لەژێر جلەوە دەدرێ بە منداڵ ئەوەش جۆرێک شەرم و ڕێزی تێدایە، هەر کەسێک دێ لێی دەچێژی، واتە: دایک هەر منداڵێ بێ شیری دەداتێ. وەڵام (مەمکی دایک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل51

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3011**
**کانییەکم هەیە سی و دوو گەوهەری تیایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206193335449418

کانییەکم هەیە
سی و دوو گەوهەری تیایە
مەبەست لە دەمی مرۆڤە کە ددانی تێدایە، کانییەکم هەیە، کانی مەبەستی لە دەمە، چۆن کانی بەردەوام ئاوی لێدەڕوات و تەڕە، ناو دەمی مرۆڤیش بەردەوام تەڕە، سی و دوو گەوهەری تێدایە، مەبەست لە سی و دوو ددانی مرۆڤەکە بە گەوهەر چووێنراوە. وەڵام (دەم و ددان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل50


کاتی تۆمارکردن: 2022-12-06
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3012**

**کاوڕ کوڕی گیای لە وڵات بڕی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111224020444813

کاوڕ کوڕی
گیای لە وڵات بڕی
کاوڕ: بە بەرخێ دەوترێ کە تەمەنی ساڵێکی تێپەڕاندبێ، کاوڕ کوڕی، مەبەست لە بەفرە کە دەبارێت تەواوی وڵات سپی پۆش دەکات، گیای لە وڵات بڕی، واتە: هەموو شتێکی داپۆشی و دەشتودەر هەمووی سپی بوو، هیچ شوێنێک نەمایەوە کە ڕەش بچێتەوە. وەڵام (بەفر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل85

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3013**

**کاوڕی کاوڕی، گیای لە وڵات بڕی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220803071338426179

کاوڕی کاوڕی، گیای لە وڵات بڕی
کاوڕ: بە بەرخێک دەوترێ کە تەمەنی ساڵێک زیاتر بێت فەرهەنگی شێخانی، کاوڕ لە مەتەڵەکەدا، مەبەستی لە بەفرە کە وەک کاوڕ گورجوگۆڵە، لە خواردنی گیادا، لە کاتێکی کەمدا گیای لاپاڵێک دەخوات، هەروەها بەفریش لە کاتی بارینیدا، هەموو ئەو شوێنە دادەپۆشێ و هیچ شتێک دیار ناهێڵێت. وەڵام بەفر. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3014**
**کاورە لەڕێ لەبن مەڕی هەڵدەپەڕێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221228104943454779

کاورە لەڕێ
لەبن مەڕی
هەڵدەپەڕێ

مەبەست لە تەرزەیە، کاورە لەڕێ (کاوڕ: بەرخی تەمەن ساڵ و نیو. لەڕ: لاواز. فەرهەنگی شێخانی) واتە تەرزە، لەبن مەڕێ، تەرزە کە دادەباری، دەچێتە ژێر دار و دەوەن، وەکوو چۆن کاوڕ دەچێتە ژێر مەڕ، هەڵدەپەڕێ، مەبەست لەو کاتەیە کە تەرزە بەر زەوی دەکەوێ و بەرزدەبێتەوە. وەڵام (تەرزە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل17

کاتی تۆمارکردن: 28-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3015**

**کاورە ڕەشی سەربانێ گیای دەقرتێنێ بە زمانێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112094014444846

کاورە ڕەشی سەربانێ
گیای دەقرتێنێ بە زمانێ
کاوڕ: بەرخی تەمەن دوو ساڵ و نیو (فەرهەنگی شێخانی) کاورە ڕەشی سەربانی، مەبەست لە مقەستی بەرگ بڕینە کە بە کاوڕ چووێنراوە، چونکە کاوڕ هەموو سەوزایی دەخوا و هیچ ناهێڵێت، مقەستیش هەموو بەرگێک دەبڕێت و هیچ ناهێڵێت، گیای دەقرتێنێ بە زمان، واتە: چۆن بزن گیا دەقرتێنێ، مقەستیش کاڵا دەبڕێ. وەڵام (مقەست) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل85

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3016**
**کاکۆڵداری پاپۆڵداری تێکەڵکاری سوێرکەرکاری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118210300459139

کاکۆڵداری پاپۆڵداری
تێکەڵکاری سوێرکەرکاری
مەبەست لە گەنمەشامییە، (گەنمەشامی جۆرێک دانەوێڵەیە لە کوردواردا بە تەقاندن یان برژاندن دەخورێ) کاکۆڵداری پاپۆڵداری، واتە: گەنمەشامی توێکڵێکی تەنگی هەیە هەروەها لەگەڵ توکڵەکەیدا ریشوویەکی چڕ هەیە، تێکەڵکاری سوێرکەکاری، واتە: بەشێوەی سووێرکردن دەخورێ. وەڵام (گەنمەشامی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەوف بابەشێخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل16
کاتی تۆمارکردن: 18-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3017**

**کاکۆڵی هەیە وەک بابۆڵەیە خواردنی بەتامە و بێ بۆڵەیە جارێک شیرینە جارێک سوێر دەکرێ بۆ برژاندن دەبێ بە کولێرەش دەکرێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219191943453021

کاکۆڵی هەیە وەک بابۆڵەیە، خواردنی بەتامە و بێ بۆڵەیە
جارێک شیرینە، جارێک سوێر دەکرێ، بۆ برژاندن دەبێ بە کولێرەش دەکرێ
مەبەست لە گەنمەشامییە، کاکۆڵ: مووی پێشەوەی سەرە کە بۆ جوانی دەهێڵرێتەوە، بابۆڵە: پارووی پێچراوە. (فەرهەنگی شێخانی) ، کاکۆڵی هەیە وەک بابۆڵەیە، مەبەست لە گەنمەشامییە کە وەک بابۆڵەوایە، هەروەها ڕیشاڵێکی پێوەیە بە کاکۆڵی پێشی سەر چووێنراوە، خواردنی بەتامە و بێ بۆڵەیە، واتە: بێ کێشە دەخورێ، هەروەها بەچەند شێوەیەک دەخورێ، هەندێک کەس ئارەزوو دەکەن بە سوێریی و هەندێکی تر بە شیرینیی، هەندێک بە برژاندن و هەندێک ئاردی گەنمەشامی دەکەن بەنان. وەڵام (گەنمەشامی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدیی، سەقز، ل55

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3018**
**کاکە عەلی بەتاوە، وە پای زێڕین نیشتە بان ئاو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230917212926521155

کاکە عەلی بەتاوە، وە پای زێڕین نیشتە بان ئاو.
مەبەست لە چرای نەوتە، کاکە عەلی بەتاوە، مەبەست لە پلیتەی چرایە کە ئاگر دەگرێت و ڕووناکی دەبەخشێت، وە پای زێڕین، مەبەست لەو بەشەی پلیتەیە کە گڕدەگرێت، نیشتە بان ئاو، مەبەست لە پلیتەیە کە لەناو نەوتی چراکەدایە، لە مەتەڵەکەدا بە ئاو چوواندوویەتی. وەڵام (چرای نەوت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل18

کاتی تۆمارکردن: 17-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3019**
**کاڵەکێک دوازە قاشە، یازدەی دەخورێ، یەکێکی حەرامە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920194024522036](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920194024522036)

کاڵەکێک دوازە قاشە، یازدەی دەخورێ، یەکێکی حەرامە.
بەپێی نەریتی ئایینە ئیبراهیمییەکان، ساڵێک دوازدە مانگە، مانگێکی بۆ ڕۆژووگرتن دیاریکراوە، واتە: مرۆڤی باوەڕدار ئازادە لەوەی یازدە مانگ هەرچی دەخوات بەڵام یەک مانگ دەبێت بەڕووژوویێت و ڕۆژ تا ئێوارە هیچ نەخوات، لە مەتەڵەکەدا ساڵ بە کاڵەک و مانگەکان بە دوازەدە قاشی کاڵەک دانراوە. وەڵام (مانگی ڕۆژووگرتن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل26
کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3020**
**کچ لە خانی، کەزی لە سەر بانی**
20220810220405427768=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کچ لە خانی، کەزی لە سەر بانی.
خانی واتە: خانوو، کچ لە خانی واتە: زۆپای دار کە لەناو ژووری خانووی داردا دانراوە لە زستاندا بۆ خۆگەرم کردنەوە بەکارهاتووە، کەزی لە سەر بانی (کەزی: پرچی کچ فەرهەنگی خاڵ) واتە: دووکەڵی زۆپای دار کە لە ڕێگەی دووکەڵکێشەوە لەسەربانەوە دێتەدەر. وەڵام (زۆپای دار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3021**
**کچی پاشا سەد تەندورەی لە پیایە**
20220810210215427708=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1



کچی پاشا سەد تەندورەی لە پیایە.
لە نەیتی کوردەواردا ئافرەت پۆشتەیە، بەتایبەت کچی کەسانی بە دەسەڵات وەک پاشا یان کەسانی دەوڵەمەند، لە مەتەڵەکەدا بە کەلەرم چووێنراوە کە کۆمەڵێک گەڵای زۆر بەدەوری یەکدا خڕبوونەتەوە، سەد تەندورەی لە پیایە: مەبەست کە کچی کوردە کە وەک کەلەرم پۆشتەیە. وەڵام (کەلەرم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3022**
**کچێ لە داکی تەمبەڵان بخوازە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810211636427712

کچێ لە داکی تەمبەڵان بخوازە.
لە ڕاستیدا ئەم دەستەواژەیە پەندە بەڵام وەک مەتەڵ بەکارهاتووە واتە: ئەو ژنانەی کە تەمبەڵن و توانای ئیشیان لەماڵەوە نییە، کچەکانیان هەموو ئیشی ماڵیان بۆ دەکەن، بەو کچە ئیشکەرانە دەوترێ دەستڕەنگین، هەر کەسێک ئەو ئافرەتانە بخوازێت، ماڵێکی ئاوەدان بنیات دەنێت. وەڵام (ئافرەتی دەستڕەنگین) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3023**

**کچە پاشایە بیست کراسی لەبەردایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924140749435933

کچە پاشایە
بیست کراسی لەبەردایە
کەلەرم یەکێکە لە خۆراکە بەهادارەکان، کۆمەڵێک گەڵای پێچراوەیە بە دەوری یەکدا، لە مەتەڵەکەدا بە کچی پاشا چووێنراوە، بیست کراسی لەبەردایە، واتە بەرگی سەر تادامان لەبەردایە و بەردەوام بە پاسەوان دەوری گیراوە. وەڵام (کەلەرم) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل36

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3024**

## کراسی بۆری گوڵ گوڵ فرمێسکی فێنکی دڵ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231011110323525517

کراسی بۆری گوڵ گوڵ
فرمێسکی فێنکی دڵ
کراس: مەبەست لە جۆرێک بەرگە کە مرۆڤ دەیپۆشێت، کراسی بۆری گوڵ گوڵ، مەبەست لە هەوری وەرزی بەهارە کە ڕەنگی ڕەشە و بە کراسی چڵکن چوونێنراوە، فرمێسکی فێنکی دڵ، مەبەست لە دابارینی بارانە کە بە فرمێسک بەراوردکراوە، هەروەها دڵ و دەروون فێنک دەکاتەوە. وەڵام (هەور و باران) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، 90

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3025**
**کراسی یەک تەقە کڵاوی سەر ڕەقە بۆ خواردن هەقە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112092759444841

کراسی یەک تەقە
کڵاوی سەر ڕەقە
بۆ خواردن هەقە
کراسی یەک تەقە، مەبەست لە بەرگی بەڕووە کە یەک پارچەیە، کڵاوی سەر ڕەقە، مەبەست لە کڵاوی بەڕووە، کە بەسەری بەڕووەکەوەیە، بۆ خوارن هەقە، بەڕوو وەک خۆراکێک بۆ خواردن بەکاردێ، لە سەردەمی کۆندا دەکرا بە ئارد و نانی بەڕوویان لێدرووستدەکرد. وەڵام (بەڕوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل87
کاتی تۆمارکردن: 12-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3026**
**کراوەکی خڕ پڕ مار و مێرووی تەڕ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230111212759457976

کراوەکی خڕ
پڕ مار و مێرووی تەڕ
مەبەست لە میوەی هەنجیرە، کراوەکی خڕ، واتە: هەنجیر شێوەی خڕە هەروەها لەکاتی پێگەشتنیدا هەندێک جۆری هەنجیر دەقلیشێ، لە مەتەڵەکەدا بە کراوە ئاماژەی پێدراوە، پڕ مار و مێرووی تەڕ، واتە: کاتێک هەنجیر پێدەگات و دەقلێشێ، هەندێک مێروو دەستی دەگەیەنێ و دەیخۆن. وەڵام (هەنجیر) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل198.

کاتی تۆمارکردن: 11-01-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3027**
**کرێچییە و پارە نادا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221220212020453225](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221220212020453225)

کرێچییە و پارە نادا.
مەبەست لە چڵمی لووتە، (کرێچیی: بە خێزانێک دەوترێ کە خاوەنی ماڵ نەبن، بە کرێ لە ماڵی خەڵکیدابن) کرێچییە و پارە نادا، مەبەست لە چڵمی لووتە، کەی بووستری فڕێدەدرێ، وەک کرێچی وایە، کەی خاوەنماڵ ئارەزوو بکات، دەریدەکات.
وەڵام (چڵمی لووت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر، ڕێبوار جەمال سەگرمە ل86
کاتی تۆمارکردن: 20-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3028**

**کلک باریکە و سەرپانە هەڵیش ئەخوولێ و بێگیانە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230916095526520878

کلک باریکە و سەرپانە
هەڵیش ئەخوولێ و بێگیانە
مەبەست لە تەشییە، (تەشی: ئامێریکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خووری مەڕ و مووی بزن بەکاردێت) کلک باریکە، مەبەست لە کلکی تەشییە، سەرپانە، مەبەست لە سەلکە تەشییە، هەڵیش دەخوولێ و بێگیانە، مەبەستە لە کرداری ڕستنە بە تەشی. وەڵام (تەشی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل10

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-16

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3029**
**کلک درێژی دەم تیشن**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117224147458950](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117224147458950)

کلک درێژی دەم تیشن.
مەبەست لە قەندشکێنە، (قەندشکێن یان شەکرشکێن، ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، دەسکێکی دار و دەمێکی ئاسنی تیژی هەیە، بۆ شکاندنی شەکری کوڵاو بەکاردێ) کلک درێژ: مەبەست لە کلکی شەکرشکێنە، دەم تیشن (تیش: بەردی بڵندی ڕاست و لووس و هەڵچوو لە چیا. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) مەبەست لە دەمی شەکرشکینە کە بە بەردی چیا چووێنراوە. وەڵام (قەندشکێن) .[1]

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل36
کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3030**

**کلک فشی گوێ قیت دەمدرێژی چاو زیت**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230920193829522035

کلک فشی گوێ قیت
دەمدرێژی چاو زیت
مەبەست لە ڕێوییە، (ڕێوی گیانلەبەرێکی گۆشتخۆری کێوییە، لە ئەفسانەی کوردەواردا بە فێڵباز ناسێنراوە) ، کلک فشی گوێ قیت، مەتەڵەکە مەبەستی لە وەسفی ڕێوییە، کە کلکێکی فش و دوو گوێچکەی قوت و بەرزی هەیە، هەروەها دەم و لمۆزی کەمێک درێژە و چاوی زیتە بۆ دووربینی. وەڵام (ڕێوی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل26

کاتی تۆمارکردن: 20-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3031**

**کلکی باریک خۆی ئەستووە ئەگەر بزانی تەنوورە**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112094307444847](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112094307444847)

کلکی باریک خۆی ئەستووە
ئەگەر بزانی تەنوورە
وەڵامی مەتەڵەکە لەناو مەتەڵەکدایە کە مەبەست لە تەنووری نانکردنە، کلکی باریک، واتە: کولێنکەی دووکەڵی تەنوور، (لە کوردەواردا تەنوور کە دادەنرێ لە خوارەوە کلوێنکەیەکی بۆ دەکەن، بۆ ئەوەی دووکەڵی ئاگرەکەی لێوەدەربچێت و هەوا بکێشێ بۆ ئەوەی ئاگری ناو تەنوورەکە نەکوژێتەوە) ئەو دووکەڵەی لە کولێنکەوە دەردەچێ، وەک کلک درێژدەبێتەوە. خۆی ئەستووە، مەبەست لە تەنوورە. وەڵام (تەنوور) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل87

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3032**

**کلکی بەر و کلکی دوا یەک بۆ مێشە یەک بۆ گیا**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922201710522579](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922201710522579)

کلکی بەر و کلکی دوا
یەک بۆ مێشە یەک بۆ گیا
مەبەستی مەتەڵەکە فیلە، کلکی بەر، مەبەست لە لووتی فیلە، لەبەر ئەوەی درێژ و باریکە بە کلک چووێنراوە، کلکی دوا، مەبەست لە کلکی فیلە، یەک بۆ مێشە، مەبەست لە کلکی فیلە کە مێشی لە خۆی پێدەردەکات، یەک بۆ گیایە، مەبەست لە لووتی فیلە کە گیان پێ دەخوات. وەڵام (فیل) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 35

کاتی تۆمارکردن: 22-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3033**

**کلکی پاکە و ڕیشی پیسە لە هەموو ماڵێ پێویسە**

20230927094817523570=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کلکی پاکە و ڕیشی پیسە
لە هەموو ماڵێ پێویسە
مەبەست لە گسکە، (گسک ئامێرێکی دەستییە بۆ خاوێنکردنەوەی ماڵ بەکاردێت) ، کلکی پاکە، مەبەست لە کلکی گسکە کە بە دەست دەگیرێت و خاوێنە، ڕیشی پیسە، مەبەسی لە تاڵ و ڕیشاڵەکانی گسکە کە زەوەی پێ دەماڵرێت و پیس دەبێت، لە مەتەڵەکەدا بە ڕیش چوواندوویەتی. وەڵام (گسک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل45

کاتی تۆمارکردن: 2023-09-27

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3034**
**کلکی لێدەکەیتەوە و دەیهاویتە هەوگی**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810204919427702



کلکی لێدەکەیتەوە و دەیهاویتە هەوگی.
مێوژ یەکێکە لە شەوچەرە بەهادارەکان کە لە دیوەخانی کوردەواردا پێشکەش بە میوان دەکرێت، بەتایبەت لە شەوانی وەرزی زستاندا، مێوژ قنچکێکی پێوەیە، لە مەتەڵەکەدا بە (کلک) هاتووە، دەیهاویتە هەوگی (هەوگ واتە: قورگ) مێوژ پیش ئەوەی بخورێت، قنچکەکەی لێدەکرێتەوە و پاشان دەخرێتە ناو دەم و دەخورێ و بە قورگدا دەچێتەخوار. وەڵام (مێوژ) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3035**
**کلکی مقەس ڕوو هەترەس**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206194226449421

کلکی مقەس
ڕوو هەترەس
مەبەست لە باڵندەی پەڕەسێلکەیە، (پەڕەسێلکە: باڵندەیەکی کێوییە، نزیک لە شارستانییەتی مرۆڤ دەژیی، زۆر نزم و خێرا دەفڕێ) کلکی مقەس: واتە کلکی پەڕەسێلکە وەک مقەست وایە، یان کلکی دوولکییە، ڕوو لە هەترەس، (هەترەس: سەنگەر فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) واتە: زۆر سەختە بگیرێ. وەڵام (پەڕەسێلکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل49

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3036**
**کلکی مقەست سەری مارە زکی بەرخە پشتی کارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112112124444857

کلکی مقەست سەری مارە
زکی بەرخە پشتی کارە
مەبەست لە پەڕەسێلکەیە، (پەڕەسێلکە: باڵندەیەکی سەروباڵ ڕەشی ژێرسک سپیی بەرچەنە سوورە، کلکی دوو فاقی بچووکە. فەرهەنگی خاڵ) کلکی مقەست، واتە: کلکی دوو فاقی پەڕەسێلکە بە مقەست چووێنراوە، هەروەها سەری لووسە وەک مار، زکی بەرخە، واتە: پەڕی ژێر سکی سپییە، پشتی کارە، واتە: پەڕی پشتی ڕەنگی ڕەشە. وەڵام (پەڕەسێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل87

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3037**
**کلکی نییە کلکەوانەیە لەبۆ کوڕ و کچان نیشانەیە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226135109454215

کلکی نییە کلکەوانەیە
لەبۆ کوڕ و کچان نیشانەیە
مەبەست لە مستیلەیە، (مستیلە: بۆ دەستنیشانکردنی کوڕ و کچ بۆ یەکتری دەکرێتە پەنجە یان تەنیا بۆ جوانی) کلکی نییە کلکەوانەیە، مەبەست لە مستیلەیە، لە بۆ کوڕ و کچان نیشانەیە، واتە: بۆ نیشانەکردنی کچ یان کوڕ دەکرێتە پەنجە. وەڵام (مستیلە). [1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل17

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3038**
**کلکی والآیە پێشی بەڵایە**

20221206194543449422=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کلکی والآیە
پێشی بەڵایە
مەبەست لە تفەنگە، کلکی والآیە، مەبەست لە کلکی تفەنگە کە هەموو کەسێک دەتوانێت بیگرێ و کەی بیەوێت بەکاری بهێنێ، پێشی بەڵایە، واتە: هەر کەسێک لە پێش تفەنگەوە بووەستێ یان لولەی تفەنگی ئاڕاستە بکرێت، تووشی بەڵایەکی گەورە دەبێت. وەڵام (تفەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل50

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3039**

**کلکی ڕەپ بوو قولەڕەش دەربوو**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230723121853509126

کلکی ڕەپ بوو
قولەڕەش دەربوو
مەبەست لە کاتی پشقلکردنی بزنە، (پشقل: پاشەڕۆی بزن) کلک ڕەپ بوو، واتە: بزن ئەو کاتەی دەیەوێت پشقل فڕێبدات، کلکی بەرز دەکاتەوە پاشان ئەو کارە ئەنجامدەدات، قولەڕەش دەربوو، مەبەست لە پشقلە کە لە ڕەنگدا بە قولەڕەش چووێنراوە، وەڵام (بزن لەکاتی پشقلکردندا) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

| | |
|---|---|
| بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: | بەشە شێوەزاری سۆرانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل219.

کاتی تۆمارکردن: 23-07-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3040**

**کلیل و قفڵ کلیلدارە، لە هەموو شارێ خەبەردارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220803062729426169

کلیل و قفڵ کلیلدارە، لە هەموو شارێ خەبەردارە

کلیل و قفڵ کلیلدارە: مەبەستی لە بانگدانە لە ئایینی ئیسلامدا کە ڕۆژی پێنج جارە، ئەم نیوەدێڕەی یەکەم زیاتر بۆ مەبەستی کێش و سەروای شیعریی هاتووە، لە هەموو شارێ خەبەردارە واتە: لە شار و گوندەکاندا بانگەدرێ و خەڵک ئاگادار دەکرێت بۆ نوێژکردن. وەڵام بانگدان. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3041**

**کلیلی مەکە کلیلدارە، لە هەموو شارێ خەبەردارە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220819121140429103

کلیلی مەکە کلیلدارە
لە هەموو شارێ خەبەردارە
کلیلی مەکە کلیلدارە واتە: شتێک کە داخراو بێت، پێویست بە داخستن ناکات، مەبەست لە مانگی ڕەمەزان و ڕۆژوو گرتنە کە ئەو ڕۆژانە دەرگای موبەق دادەخرێ و هیچ چێشتێک بۆ خواردن لێنانرێ، لە هەموو شارێ خەبەردارە واتە: لە هەموو ئەو شارانەی کە ڕۆژووی تێدا دەگیرێت، خەڵکی ئاگاداری ڕۆژوو گرتنە. وەڵام (ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3042**

**کلیلەی زێڕین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810225010427775

کلیلەی زێڕین.
زمان هۆکارێکە بۆ لەیەک گەیشتن، هەندێک جار دەبێتە هۆی ئارامیی و سەرکەوتن، هەندێک جار دەبێتە مایەی گرفت بۆ مرۆڤ، مەبەست لە زمانی گفتوگۆیە، وەک کلیل سەرچاوەیە بۆ کردنەوەی هەموو خێر و خۆشییەک یان هەموو بەڵا و ناخۆشییەک. وەڵام (زمانی قسەکردن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3043**

**کوتکە دارێکە دادگەری شارێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207125130449506

کوتکە دارێکە
دادگەری شارێکە
مەبەست لە قەنەی تووتن کێشانە، (قەنە: بەشێوە وەک سەبیل وایە، لە داری بەڕوو یان توو درووستدەکرێ، پیاوان تووتنی پێدەکێشن) کوتکە دارێکە، مەبەست لە قەنەیە، دادگەری شارێکە، واتە: قەنە هەموو جۆرە تووتنێکی پێدەکێشرێ، وەڵام (قەنەی تووتن کێشان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواری بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل51

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3044**
**کوشتمەوە، خوێنی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924141644435937

کوشتمەوە، خوێنی نییە
کەورم کرد، چەرمی نییە
کوشتمەوە: لەبەشە شێوەزاری موکریان بەواتای سەربڕین دێت، کەور: واتە: کەوڵکردن، مەبەست لەوەیە کە کەسێک قرژاڵێکی سەربڕیوە، خوێنی لێنەهاتووە، چونکە قرژاڵ خوێنی نییە، هەروەها پاکی کردووە، پێستی پێوەنەبووە، چونکە چومگەدارەکان بێ پێستن. وەڵام (قرژاڵ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل35

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3045**

**کونە کردەڵە، نۆمەن باریەتی، ڕۆحدار نییە، ڕۆحدار سواریەتی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220821214330429563

کونە کردەڵە، نۆمەن باریەتی
ڕۆحدار نییە، ڕۆحدار سواریەتی
کردەڵە: بە جووڵە یان کردەوەیەکی بەدەستوبرد دەوترێ کە کەسێک یان ئاژەڵێک بە ڕێنوێنی کەسێک ئەنجامی بدا، مەن: بڕێکی پێوانەییە، دانەوێڵەی پێدەپێورێ (فەرهەنگی خاڵ) کونە کردەڵە، مەبەست لە ناڵی وڵاخە، نۆمەن باریەتی، مەبەستی لە وڵاخە واتە: ناڵ بەو بچووکییە، توانای هەڵگرتنی وڵاخێکی هەیە، ڕۆحدار نییە، مەبەست هەر لە ناڵە، ڕۆحدار سواریەتی، مەبەست لە وڵاخە. وەڵام (ناڵ و وڵاخ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

کاتی تۆمارکردن: 21-08-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3046**

**کووجەڵە کووجەڵە دووسەد کووجەڵ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117190728458885

کووجەڵە کووجەڵە
دووسەد کووجەڵ
مەبەست لە ڕووەکی کونجییە، (کووجەڵە: کاسەی بچووک، فەرهەنگی خال) کووجەڵە کووجەڵە، مەبەست لە کەلووی ڕووەکی کونجییە کە پێدەگات و پردەبێت لە کونجی، واتە: کونجی لەناو کەلوودایە کە بە کاسای بچووک چووێنراوە. دووسەد کووجەڵە، مەبەست لەوەیە کە ڕووەکی کونجی سەدان کووجەڵە دەگرێ. [1]
وەڵام: (ڕووەکی کونجی)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل191.

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-17

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3047**
**کوڕی ئاوە و لە ئاودا دەخنکێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112172106444877

کوڕی ئاوە و لە ئاودا دەخنکێ.
کوڕی ئاوە، مەبەست لە بەفرە کە لە بنەچەدا لە تنۆکی ئاو درووستبووە، شتێک لە شتێک درووست بێ بە کوڕی دادەنرێ، لە ئاودا دەخنکێ، واتە: هەر کاتێک بەفر بباریێ و دواتر باران بەسەریدا بێت، بەفرەکە دەتوێنێتەوە، لە مەتەڵەکەدا بە خنکاندنی چوواندووە. وەڵام (بەفر) .

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل88

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3048**
**کوڕی خاکم زۆر بەناوم نزیک ئاور برای ئاوم**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219194558453029

کوڕی خاکم زۆر بەناوم
نزیک ئاور برای ئاوم
مەبەست لە چایە، (چا: خواردنەوەیەکی بڵاوە لە وڵاتی کوردەواردا) کوڕی خاکم زۆر بەناوم، مەبەست لە چایە کە لە خاکدا دەچێنرێ، ناو و ناوبانگی زۆرە، نزیک ئاور و برای ئاوم. (ئاور: ئاگر) واتە: چا بە ئاگر لێدەنرێ، و لەگەڵ ئاودا تێکەڵدەکرێ.
وەڵام (چا) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل54



کاتی تۆمارکردن: 2022-12-19
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3049**
**کوڕی دایک و باوکتە و براشت نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112172727444878

کوڕی دایک و باوکتە و براشت نییە.
مەتەڵە تەنیا بۆ وروژاندنی مێشکی مرۆڤە، بۆ ئەوەیە بزانرێت مرۆڤ چەندە توانای بیرکرنەوەی هەیە، مەبەست لە کەسەکە خۆیەتی کە یەک دایک و باوکی هەیە. وەڵام (خۆت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل87

کاتی تۆمارکردن: 12-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3050**
**کوڕی کوڕمە برای مێردمە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924142730435942

کوڕی کوڕمە و برای مێردمە.
مەتەڵەکە مەبەستی لەوەیە کە دوو کوڕ ژنبەژنیان بە دایکیان کردبێت و یەکێ کوڕێکیان بووبێت، ئەم مەتەڵە تەنیا بۆ وروژاندنی مێشکە، ئەگینا لە نەریتی کوردەواردا شتی وا ئەگەری نییە. وەڵام (دوو کوڕ ژن بە ژنیان بە دایکیان کردبێت، ژنێکیان بە کوڕەزاکەی بڵێت) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل36

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3051**

**کوڕەکمان بوو بێ سەر و پا، هەموو بیکەن شوکوری خوا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220803064618426172

کوڕەکمان بوو بێ سەر و پا، هەموو بیکەن شوکوری خوا
پا: قاچ، کوڕەکمان بوو بێ سەر و پا، کوڕ لە مەتەڵەکدا، مەبەستی لە هێلکەیە واتە: کاتێک مریشک هێلکە دەکات، هێلکەکە دەست و قاچ و سەری نییە، هەموو بیکەن شوکوری خوا واتە: مرۆڤ پێویستە ڕازیێ بەو بەشەی هەیەتی، نابێت بەکەمی بزانێت. وەڵام هێلکە. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3052**

**کڵافەی چین چین مرخ بێزمان، هەرچی هەڵیبێنێ ڕۆستەم پاڵەوان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220803065740426175

کڵافەی چین چین مرخ بێزمان، هەرچی هەڵیبێنێ ڕۆستەم پاڵەوان
کڵافەی چین چین، مەبەستی لە مارە کە پشتی چین چینە، وەک کڵافەی زەنگیانە دەدرەوشێتەوە، بەتایبەتی هەندێک ماری ئاوی لە کوردستاندا هەیە، جەستەی ئەڵقە ئەڵقەیە، ئەڵقەیەک سپی، ئەڵقەیەک سوور، مرخ بێزمان واتە: زمانی قسەکردنی نییە و قسەناکات، هەر کەسێک مەتەڵەکە بزانی، وەک ڕۆستەم پاڵەوان ئازایە. وەڵام مار. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3053**

**کڵافەی چین چین، چین لەسەر چین هەرچی بیبینێ بە هەمووان بۆی دەچین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112112559444858

کڵافەی چین چین، چین لەسەر چین
هەرچی بیبینێ بە هەمووان بۆی دەچین
کڵافە: چەند هەودایەک دەزووی ڕەنگیی یان ئاوریشمە کە پێکەوە هەڵکرابن، بۆ ئەوەی تاو تاو دەربکیشرێ و کاری پێبکرێت (فەرهەنگی خاڵ) کڵافەی چین چین، چین لەسەر چین، مەبەست لە مارە کە هەندێک جۆریان ڕەنگاوڕەنگن وەک دەزووی کڵافە، هەرچی بیبینێ هەمووان بۆی دەچن، واتە: لە هەر جێگەیەک ببینرێ بۆی دەچن و دەیکوژن. وەڵام (مار) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل88

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3054**
## کڵاو تونێ، دەرخۆنە قونێ

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220803063250426170

کڵاو تونێ، دەرخۆنە قونێ
کڵاوتونێ: مەبەستی لە دووگی مەڕە، دەرخۆنە لە کوردەواردا ئاوی تێدەکرێت و لەبەر سێبەر دادەنرێ و سارد دەبێت پاشان بۆ خواردنەوە بەکاردێ، هەموو دەرخۆنەیەک سەرقاپێکی هەیە، بۆ ئەوەی ئاوەکەی پیس نەبێت ، دووگی مەڕیش، وەک سەرقاپێک وایە، بۆ قونی مەڕەکە. وەڵام دووگی مەڕ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-03
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

---

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3055**

## کڵاو چەرموو وەک مەلا نەلقی هەس نەگەڵا

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230922201917522581

کڵاو چەرموو وەک مەلا
نەلقی هەس نەگەڵا
چەرموو: ڕەنگی سپییە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، کڵاو چەرموو وەک مەلا، مەبەست لە قارچکە، (مەلای سەر بە مەزهەبی سوونە، کڵاو و مێزەری سپی لەسەر دەنێن) لە مەتەڵەکەدا قارچکی پێ چووێنراوە کە وەک مەلا کڵاوی سەری سپییە، هەروەها قارچک لق و گەڵای نییە. وەڵام (کارک) .[1].

### تایبەتمەندییەکانی بابەت

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل 36


کاتی تۆمارکردن: 2023-09-22
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3056**

**کڵاوی قازی لەناو ڕەزی هەڵدەبەزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112093219444843

کڵاوی قازی
لەناو ڕەزی
هەڵدەبەزی
کالاوی قازی ڕەنگی سپییە، لەمەتەڵەکەدا بە تەرزە چووێنراوە، لەناو ڕەزی (ڕەز: مەبەست لە باخی مێوە) کاتێک تەرزە دادەباریٚ، وەک کڵاوی قازی سپی و خڕە و لووسە، هەڵدەبەزی، واتە: کاتێک تەرزە دەیدا بەزەویدا، چەند جاریک هەڵدەبەزێتەوە. وەڵام (تەرزە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل87

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3057**
**کڵاوی لەسەرە مرۆڤ نییە گەورە ئەبێ ئاژەڵ نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118220738459159

کڵاوی لەسەرە مرۆڤ نییە
گەورە ئەبێ ئاژەڵ نییە
مەبەست لە بەڕووە، (بەڕوو: بەری داری بەڕووە، ڕەنگی قاوەییە و ڕەقە و کڵاوێکی بەسەرەوەیە، لە مێژووی وڵاتی کوردەواردا گەلێک جار هەژارانی لە مەرگ ڕزگارکردووە) کڵاوێکی لەسەر مرۆڤ نییە، مەبەست لە بەڕووە، گەورە ئەبێ ئاژەڵ نییە، مەبەست لە قۆناغی گەشەی بەڕووە. وەڵام (بەڕوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**


شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل46

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3058**
**کڵاوی هەمزە پاڵەوان، بێ تیکە و بێ دروومان**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220816074855428546



کڵاوی هەمزە پاڵەوان
بێ تیکە و بێ دروومان
تیک: لە بەشە شێوەزاری موکریاندا بە کەلێن یان درزی بچووک دەوترێ، کڵاوی هەمزە پاڵەوان: مەبەست لە توێکڵی هێلکەیە کە ساف و لووسە، بێ تیکە و بێ دروومان واتە: هیچ دوورینەوە و درز و کەلێنێکی تێدانییە، بەڵکوو لووس و پوختە، وەڵام (هێلکە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-16
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3059**

**کڵاوێکیان هەیە بە سێ برا بۆ ئەم ماڵ و ئەو ماڵ برا**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219192546453023

کڵاوێکیان هەیە بە سێ برا
بۆ ئەم ماڵ و ئەو ماڵ برا
مەبەست لە ساج یان سێڵەی نانکردنە، کڵاوێکیان هەیە بە سێ برا، مەبەست لە سێ پای سێڵەیە ک بە سێ برا و سێڵە بە کڵاو چووێنراون، بۆ ئەم ماڵ و ئەو ماڵ دەبرا، واتە: سێڵە بەسەرە بۆ ماڵان دەبرێ و نانی پێدەبرژێنرێ. وەڵام (سێڵە، ساج) .
[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل56

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-19

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3060**

**کڵە مووی نییە شلە دۆی نییە**

[20231205143053534037=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231205143053534037)

کڵە مووی نییە
شلە دۆی نییە
کڵ: کووڵ بۆ شتێک بەکاردێت کوورت و بچووک بێت، شڵ: بۆ پێستێک بەکاردێت کە پەڵەپەڵەی دوو ڕەنگ بێت، دۆ: خواردنەوەیەکە کە ژەنینی ماست پەیدادەبێت، مەبەستی مەتەڵەکە بۆقە، کە باڵای کوورت و بچووک و کووڵە، هەروەها پێستی شڵە و شیر نادات تا دۆی لێبەرهەم بێت. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری موکریانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | پەند و مەتەڵی ناوچەی (تیلەکۆ)ی سەقز، کۆکردنەوە و نووسینی: خالید عەلی زادە، چاپخانەی کەمال، 2013، ل186

کاتی تۆمارکردن: 05-12-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3061**
**کۆترێک هات بە هانەهان**

20220924142052435939=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆترێک هات بە هانەهان
شاقەل سپی مل بە کەوان
هانەهان: جۆرێکە لە جوولەی کۆتر، زۆر لەسەرخۆ و بە هێشواشی دەلەنگێ، شاقەل: بەرۆکی جلوبەرگ، مەبەست لەو بەشەیە کە شۆڕدەبێتەوە، مل بە کەوان، مەبەست لە مانگە کە شێوەی کەوانەییە. واتە مانگ وەک کۆتر بەهێواشی دێت و بەهیواشی دەڕوات. وەڵام (مانگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل36

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3062**

**کۆتکە دارێکە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924141906435938

کۆتکە دارێکە
دادگەری شارێکە
چۆن شارێک بە شورا هەموو ماڵەکان کۆدەکاتەوە، کەسێک دادگەریەتی، قەنەنەی تووتنیش، تووتنی تێدا کۆدەکرێتەوە و دەکێشرێت. وەڵام (قەنەنەی تووتن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل35

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3063**

**کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر**

20220731105421425700=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

چوومە مێرگەکی، هەزار سوارم دی لە ڕەنگەکی
هەزار سوار: مەبەستی هەزار گوڵی نێرگزە، مێرگ ئەو شوێنە سەوزاییەیە کە هەزاران گوڵی نێرگزی لێدەڕوێ (لە کوردەواردا پێشی دەوترێ نێرگزەجاڕ) کە هەموویان یەک شێوە و ڕەنگیان هەیە، بە دیمەن وێنەیەکی ڕەنگی جوان دەنەخشێن. وەڵام نێرگز.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-07-31

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3064**
**کۆمەڵە شاخێک بەرز و گەردن کەش، ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807152605427045](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220807152605427045)



کۆمەڵە شاخێک بەرز و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش
چوار پیتی ئەوەڵ برێژەی ڕەحمەت
جوتیار هەڵدەستێ لە خەوی غەفڵەت
پیتی یەک و دوو چوار و پێنج لە بانی
بۆ توند و تیژی خەڵک بەکاردێ
پیتی سێ و پێنج هەشتی لە بان
دەریاچەیەکە وا لە کوردستان
پیتی شەش و حەوت چواری لەسەر
گیانلەبەرێکە لە دەشت و لەدەر
بیری لێوەکە مەتەڵ بەرێکی
ئەگەر بزانی ئازا و زیرەکی
دێرییەکەی شیعرەکە هۆنراوەی گۆرانی شاعیرە: مەبەستی لە ناوچەی هەورامانە, دێری دووەم, مەبەستی لە وشەی هەورە کە چوار پیتی یەکەمی وشەی هەورامانە, دێری سێیەم, مەبەستی لە وشەی هەرایە هەروەها دێری چوارەم, مەبەستی لە دەریاچەی (وان) ی باکوری کوردستانە, دێرە پێنجەم, مەبەستی لە وشەی مارە کە گیانلەبەرێکی خشۆکی ژەهردارە, هەر کەسێ بیزانێ , لە دێری کۆتایدا, بە ئازا وەسفی دەکا.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 07-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3065**

**کۆنە ناڵێک نامەچاڵێک هەتا ساڵێک**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230117192207458891

کۆنە ناڵێک
نامەچاڵێک
هەتا ساڵێک
مەبەست لە ئاوسبوونی مایینە لە کەر، لە کوردەواردا، مایین لە کەر جووتدەکەن، جۆرە چوارپێیەک بەرهەمدێت، پێی دەوترێ: ئێستر کە توانای بەرین و زاوزێی نییە، تەنیا وەک باربەرێکی بەهێز کەڵکی لێوەردەگیرێت. کۆنە ناڵێک نامە چاڵێک، مەبەست لە پرۆسەی جووتبوونی کەر و مایینە، هەتا ساڵێک، واتە: نزیکەی ساڵێک ئێستر لە سکی مایینەدا دەمێنێتەوە تا دەزێ و لەدایکدەبێت. [1]
وەڵام: (ئاوسبوونی مایین لە کەر)

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ل221.

کاتی تۆمارکردن: 17-01-2023

ناوی تۆمارکار: رێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3066**
**کۆڵی بەردە، خواردنی گیایە، ڕنینی بایە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220729114819425242



کۆڵی بەردە، خواردنی گیایە، ڕنینی بایە
مەبەست لە قەنەی تووتنە، بە بەرد و ئەستێ داگیرسێنراوە، خواردنی گیایە، مەبەستی تووتنە، ڕنینی بایە، واتە: بەبادانی دووکەڵی تووتنەکەیە. قەنە: ئەو ئامێرە کەلەپوورییەیە کە بۆ توتنکێشان بەکاردێ. وەڵام قەنەی توون.[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-07-29
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3067**

**کۆڵەووژی گیان کێشانێ دۆست و دووژمن ناناسێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112165427444867

کۆڵەووژی گیان کێشانێ
دۆست و دووژمن ناناسێ
کۆڵەووژ: دارێکی باریکی درێژە، ئاگری تەنووری پێتێکدەدرێ و نانی لەتەنوور پێدەردەهێنرێ (فەرهەنگی خاڵ) کۆڵەووژی گیان کێشان، مەبەست لە تفەنگە، بەهۆی تەقاندی یەک گوللەوە گیان دەکێشێ، دۆست و دووژمن ناناسێ، واتە: کە گوللەیەک تەقی، نازانرێ بەر دۆست دەکەوێ یان دوژمن. وەڵام (تفەنگ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شارباژێر (چوارتا و ماوەت)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل86

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3068**

**کۆڵەکێکە لەسەر کۆلکە هەیوانێکە لەسەر هەیوان کوڵەگۆچانێکە**

20221226135842454219=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کۆڵەکێکە لەسەر کۆلکە هەیوانێکە
لەسەر هەیوان کوڵەگۆچانێکە
مەبەست لە تەشییە، (تەشی: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ و کوڵکی مەرەز بەکاردێ) کۆڵەکێکە، مەبەست لە کلکە تەشییە، لەسەر کۆلکە هەیوانێکە، مەبەست لە سەلکە تەشییە، کوڵەگۆچان، مەبەست لە قولاپی تەشییە، لە چەقی سەلکە تەشیدا چەقێنراوە. وەڵام (تەشی) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل18

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3069**

**کیتەڵە گەڕا سەرقاپی خۆی دۆزییەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118221229459163

کیتەڵە گەڕا سەرقاپی خۆی دۆزییەوە.
مەبەست لە هاوڕێی باش و چاکە، ئەم مەتەڵە لەناو کوردەواردا وەکوو پەندی پیشینانیش بەکاردێ، واتە: کەسی باش لە ژیاندا هەر کەسی باشی تووشدەبی، (کیتەڵە: جامووڵکەیەکە لە قوڕ درووستدەکرێ، ماستی تێدا دەمەیەنرێ) کیتەڵە گەڕا، واتە: کەسی باش بۆ کەسی باش دەگەڕێ، لەمەتەڵەکەدا کەسی باش بە کیتەڵە چووێنراوە. وەڵام (هاوڕێی چاک) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەیکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشیخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل35

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3070**

**کیلۆیەک ئاسن یان کیلۆیەک لۆکە کامیان گرانترە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207140517449545

کیلۆیەک ئاسن یان کیلۆیەک لۆکە کامیان گرانترە.
کیلۆ برێکی پێوانەیی نێودەوڵەتییە، زۆربەی گەلان بەکاری دێنن، مەتەڵەکە بەراوردی دوو مادەی جیاواز بەیەک دەکات، یەکێکیان لە کێشدا قوورس و لە قەبارەدا بچووکە کە مەبەست لە ئاسنە، ئەوەی تریان لە قەبارەدا گەورە کە مەبەستی لۆکەیە، بەڵام مادەم هەردووکیان یەکی یەک کیلۆن، وەک یەکن، هەرچەندە قەبارەیان جیاوازە. وەڵام (وەک یەکن) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل49

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3071**

**کێ ئازایە هەڵی بێنێ هەموو شتێکی پێدا دەچێ**

20221219194928453032=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1

کێ ئازایە هەڵی بێنێ
هەموو شتێکی پێدا دەچێ
مەبەست لە گوێچکەی مرۆڤە، کێ ئازایە هەڵبێنێ، مەتەڵساز پرسیار ئاڕاستەی گوێگران دەکات و دەڵێت کێ ئازایە وەڵام بدۆزێتەوە، هەموو شتێکی پێدادەچێ، مەبەست لە کونی گوێچکەیە کە هەموو جۆرە قسەوباسێکی باش یان خراپی پێدادەڕوا.
وەڵام (گوێچکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چایخانەی: محەمەدی، سەقز، ل56

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3072**

**کێ بە هەموو زمانێک دەزانێ**

[20221207140725449546=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207140725449546)

کێ بە هەموو زمانێک دەزانێ.
مەبەستی مەتەڵەکە مرۆڤی کەڕ و لاڵە، کێ بە هەموو زمانێک دەزانێ، واتە: لە جیهاندا هەزاران گەلی جیاواز هەن، هەر یەکەیان بە زمانی خۆیان دەدوێن، کەس لە کەس تێناگات، مەگەر یەکێک دوو زمان یان زیاتر بزانێ، بەڵام کەسی کەڕ و لاڵ، لە تەواوی دنیادا، بە کۆمەڵێک جووڵە و نیشانە لەیەک تێدەگەن. وەڵام (مرۆڤی کەڕ و لاڵ). [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل50

کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3073**
**کێ شارەزای هەموو زمانێکە**

[20221112173455444880=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112173455444880)

کێ شارەزای هەموو زمانێکە؟
مەبەست لە قەڵەمی شت نووسینە، بەهۆی شارەزایی و زیرەکی مرۆڤەوە، قەڵەم توانای نووسینی بە هەموو زمانێک هەیە، بۆیە لە هەموو زمانێکدا شارەزایە. وەڵام (قەڵەم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل86

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3074**
**کێڕ قیتی قون فش**

[20221112113614444861=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112113614444861)

کێڕ قیتی قون فش.
مەبەست لە مەسینەی سەرئاوە، (مەسینە بنێکی قوڵی هەیە لەگەڵ لولەیەکی باریکدا، ئاوی تێدەکرێ، بە لولەکەیدا بە باریکی و بەهێواشی دێتەدەر) کێڕ قیت: مەبەست لە لولەی مەسینەیە کە بەردەوام قیت و قنجە، قون فش: مەبەست لە بنی مەسینەیە کە فراوان و گەورەیە بۆ ئەوەی ئاو زۆر بگرێ. وەڵام (مەسینە) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل87

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3075**
**کێوێک بەسەر کێوێکەوەیە جۆرە چرایەک بەسەریەوەیە**
https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230118221522459164

کێوێک بەسەر کێوێکەوەیە، جۆرە چرایەک بەسەریەوەیە.
مەبەست لە سەبیلە، (سەبیل: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، لە قوڕ یان دار دروستدەکرێ، لە کوردەواردا کەسانی بەتەمەن تووتنی پێدەکێشن) کێوێک بەسەر کێوێکەوەیە، واتە: تووتن دەکرێتە ناو سەبیلەوە، جۆرە چرایەک بەسەریەوە، مەبەست لە ئاگرە کە لە تووتنەکە بەردەدرێ لەکاتی کێشاندا. وەڵام (سەبیل) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | چەپکێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، فەخرەدین ڕەووف بابەشێخی سیرێ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، 1978، ل34

کاتی تۆمارکردن: 2023-01-18
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3076**

**کێوێک دوو بازی پێوەیە بەقەد یەکن و بەیەک ناگە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112174039444881

کێوێک دوو بازی پێوەیە، بەقەد یەکن و بەیەک ناگە.
باز سرووشتی وایە کە لە لوتکەی چیا و کیوەکاندا بە شوێنی بەرزەوە دەنیشێ، کێوێک دوو بازی پێوەیە، مەبەست لە دوو چاوی مرۆڤە کە بەبەشێ سەرەوەی جەستەوەن کە سەرە، بەرزی سەر بە بەرزی چیا بەراوردکراوە، بەقەد یەکن و بەیەک ناگەن، مەبەست لە چاوی کە وەک یەک وان و ناتوانن بگەن بەیەک. وەڵام (چاو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل87

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3077**
**کێوە خڕە کەرەگەتە بە گیا وردە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207141036449547

کێوە خڕە، کەرەگەتە بە گیا وردە.
مەبەست لەسەر و قژی مرۆڤە، کێوە خڕە، واتە: کێو بەرزە و هەندێک کێو کەمێک خڕە کە لە مەتەڵەکەدا بە سەری مرۆڤ بەراوردکراوە، کەرەگەتە بە گیا وردە، واتە: کێو چۆن بەشێوەیەکی خۆڕسکی گیای لێ سەوز دەبێت، سەری مرۆڤیش قژی لێدەڕوێ. وەڵام (سەر و قژی مرۆڤ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:


سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل50


کاتی تۆمارکردن: 2022-12-07
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3078**
**کە ئەزێت ئەمرێ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112170019444869](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112170019444869)

کە ئەزێت، ئەمرێ.
ئەزێت، زان: بە پرۆسەیەک دەوترێ کە بەچکە لە سکی دایک بێتەدەر. کە ئەزێت ئەمرێ، مەبەست لە دووپشکە، (دووپشک لە دوای جووتبوونی، بەچکەکان لە جەستەیدا دەتروکێن، وردەوردە بەچکەکان سکی دایکیان دەخۆن و دێنەدەر، بۆیە دووپشک نازێت بەڵکوو دەمرێ) . وەڵام (دووپشک) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەرەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل85

کاتی تۆمارکردن: 12-11-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3079**

**کە برسی بوو دەم دەکاتەوە کە تێربوو دەم دەئاخنێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221207135622449540

کە برسی بوو دەم دەکاتەوە کە تێربوو دەم دەئاخنێ.
مەبەستی مەتەڵەکە کەندووە، (کەندوو ئەمبارێکی کەلەپووری کوردییە، لە سووچێکی ژووری ماڵدا بە قوڕ دروووستدەکرێ، وەک ئەمبارێکی بچووک دانەوێڵەی تێدەکرێ) کە برسی بوو دەم دەکاتەوە، واتە: کەندوو لە بەری خوارەوەی کولێنکەیەکی هەیە دانەوێڵەی لێوە بەتاڵ دەکرێ، کاتێک کەندوو بەتاڵ بێ کولێنکەکە والآیە، کاتێک کەندوو پڕ بێت لە دانەوێکە، بە پەڕۆیەک کولێنکەکە دەگرێ. وەڵام (کەندوو) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل50

کاتی تۆمارکردن: 07-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3080**
**کە بەکاری دێنیٚ، فرمێسک دەڕژیٚ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924142311435940

کە بەکاری دێنیٚ، فرمێسک دەڕژیٚ.
پێش دۆزینەوەی کارەبا مرۆڤایەتی لە شەودا بۆ ڕووناککردنەوە مۆمی بەکارهێناوە، مەبەست لە توانەوەی مۆمە لە کاتی داگیرساندا، دڵۆپی تواوەی مۆم کە دێتەخوار، بە فرمێسکی مرۆڤ چوێنراوە. وەڵام (مۆم) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل35

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3081**

**کە دەچیتەوە ماڵ لەپێش تۆدا بە دەرگادا دەچێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112170305444870

کە دەچیتەوە ماڵ، لەپێش تۆدا بە دەرگادا دەچێ.
مەبەستی مەتەڵەکە کلیلە، هەموو کەسێک کە لە ماڵ دەچێتەدەر، دەرگا بە کلیل دادەخات، هەر کاتێک کە دەگەڕێتەوە، پێش ئەوەی بە دەرگاکادا بچێتە ژوور، بە کلیلەکە دەرگاکە دەکاتەوە، واتە: کلیل پیش خاوەنماڵ دەچێتە ناو تۆپی سوێچی دەرگاکەوە و دەیکاتەوە. وەڵام (کلیل) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل86

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3082**

**کە لەدایک دەبێ، کلکی هەیە، لاقی نییە کە گەورە دەبێ، لاقی هەیە کلکی نییە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924142520435941

کە لەدایک دەبێ، کلکی هەیە، لاقی نییە کە گەورە دەبێ، لاقی هەیە کلکی نییە.
بۆق گیانەوەرێکی بچووکە، لە کوردستان لەدەم چەم و کانیاوەکاندا دەژیی، بۆق کە لەدایکدەبێت، پێیدەوترێت: سەرەمێکوتە و کلکی بۆ ڕوشتن لە ئاودا هەیە، بەڵام کاتێک گەورە دەبێت، کلکی نامێنێ و لاقی لێپەیدادەبێت و توانای ئەوەی هەیە لەسەر وشکانیش بژیی. وەڵام (بۆق) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل37

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3083**
**کە هاتەدەر لە مەشکە بخۆ شیرێژ و کەشکە ئەوەی تێیدا وەمێنێ وەکوو ئاو دەخورێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221219193524453026

کە هاتەدەر لە مەشکە، بخۆ شیرێژ و کەشکە
ئەوەی تێیدا وەمێنێ، وەکوو ئاو دەخورێتەوە
مەبەست لە دۆ و کەشک و شیرێژە، سێ جۆر خۆراکن کورد لەبەرهەمی سپیایی شیر دروستیان دەکات، (مەشکە: لە پێستی بزن یان نێریی دروستدەکرێ، بۆ ژەنینی دۆ بەکاردێ) کە هاتەدەر لە مەشکە بخۆ شیرێژ و کەشکە، واتە: کەشک لە دۆ دروستدەکرێت کە بەرهەمی مەشکە ژەنینە، ئەوەی تێیدا وەمێنێ وەکوو ئاو دەخورێتەوە، مەبەست لە دۆیە کە لە مەشکەدا دەمێنێتەوە. وەڵام (دۆ و کەشک و شیرێژ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | ئەوە چییە دەنگ و مەتەڵ کوردی، ئیبراهیم ئەفخەمی، چاپخانەی: محەمەدی، سەقز، ل55

کاتی تۆمارکردن: 19-12-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3084**

**کە هاتەدەر لە مەشکە چەوری ڕۆن و کەشکە ئەوەی دەمێنێتەوە دەخورێتەوە**

[20221206191441449410=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206191441449410)

کە هاتەدەر لە مەشکە
چەوری ڕۆن و کەشکە
ئەوەی دەمێنێتەوە دەخورێتەوە

مەبەست لە کەرە و کەشک و دۆیە، (مەشکە: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ درووستکردنی کەرە و دۆ بەکاردێ) کە هاتەدەر لە مەشکە، واتە: لە ئەنجامی ژەنینی مەشکە، هەندێک بەرهەمی سپیایی وە دەستدەکەوێ، چەوری و ڕۆن و کەشکە، مەبەست لە سێ بەرهەمە کە لە ئەنجامی ژەنین دەستدەکەوێ، ئەوەی دەمێنێتەوە دەخورێتەوە، مەبەست لە دۆیە. وەڵام (کەرە، کەشک و دۆ) .[1].

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل50

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3085**

**کە هەڵیدەگری ئەزریکێنێ کە دایدەنێ ژیر دەبێتەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112171737444876

کە هەڵیدەگری ئەزریکێنێ، کە دایدەنێ ژیر دەبێتەوە.
مەبەست لە زنجیرە. کە هەڵیدەگی ئەزریکێنێ، واتە: زنجیر لە جێگەیەکدا دانراێ کاتێک دەجووڵێنرێ و هەڵدەگیرێ، دەزینگێتەوە، لە مەتەڵەکەدا بە زریکە چوواندوویەتی، کە دایدەنێ ژیردەبێتەوە، واتە: هەر کاتێک زنجیر دانرا، زرینگانەوەی نامێنێ. وەڵام (زنجیر) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل86

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3086**
**کەپری بێ کۆڵەکە**

[20220810212357427713=q&https://www.kurdipedia.org/?lng=1](https://www.kurdipedia.org/?lng=1)



کەپری بێ کۆڵەکە.
کەپری بی ستوون.
لەنێوا ژیانی گوندنشینانی کوردەواردا، بەتایبەت لەنێوان ملک و کێڵگە کشتوکاڵییەکانیاندا، کەپر بۆ پشوودان درووستدەکەن، کەپرەکان لانی کەم چوار کۆڵەکەی بۆ دادەنێن، بۆ ئەوەی تامانی گەڵای سەر کەپرەکەی لەسەر بووەستێ، مەتەڵەکە مەبەستی لە ئاسمانە کە بەسەرسەرمانەوە ڕاوەستاوە و هیچ کۆڵەکەیەکیشی نییە. وەڵام (ئاسمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 10-08-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3087**

**کەپری چەرم پێپلەی ئاسن**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112170700444872

کەپری چەرم، پێپلەی ئاسن.
کەپر بە چوار کۆڵەکە درووستدەکرێت بۆ ئەوەی مرۆڤ لەژێردا دابنیشێ، کەپری چەرم، مەبەست لە زینی وڵاخە کە دەخرێتە سەر پشتی، بە کەپر چووێنراوە، پێپلەی ئاسن، مەبەست لە ئاوزەنگی زینە، پێی دەخرێتەسەر بۆ سەرکەوتن بۆ سەر پشتی وڵاخ، بە پێپلە (پەیژە) چووێنراوە. وەڵام (ئاوزەنگی ئەسپ) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل86

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3088**

**کەپرەکا بێ ستینە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220905212225432233

کەپرەکا بێ ستینە.
ستین: ستوون یان کۆڵەکە، هەموو کەپرێک لە وڵاتی کوردەواردا، بە چوار کۆڵەکە یان زیاتر ڕادەوەستێ، مرۆڤ لەژێریدا دەحەوێتەوە، کەپرەکا بێ ستینە مەبەست لە ئاسمانە کە بێ کۆڵەکە لەسەر زەوی وەستاوە، پەندەکە هێی قۆناغێکی کۆمەڵگەیە کە هێشتا زانست بەو ئاستە نەگەییوەتە تاکەکانی کۆمەڵ. وەڵام (ئاسمان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، نووسینی: سەدرەدین نورەدین، ل120

کاتی تۆمارکردن: 05-09-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3089**

**کەپرەکم هەیە، کەپرۆکێ**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924141019435934

کەپرەکم هەیە، کەپرۆکێ
لیی دەبارێ بەفرۆکێ
پاشگری (ۆکێ) لە زمانی کوردیدا بۆ بچووک کردنەوەی ناو بەکاردێت، کەپرەکم هەیە کەپرۆکێ، مەبەست لە هێلەکی ئارد بێژانەوەیە، لێی دەبارێ بەفرۆکێ، مەبەستی لە کاتی بێژانەوەی ئاردە کە پێیدا دێتەخوار، چووێنراوە بە بارینی بەفر، چونکە بەفر و ئارد لە سپێتیدا لەیەک دەچن، وەڵام (هێلەک) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل36

کاتی تۆمارکردن: 2022-09-24
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3090**

**کەپەنگ ئەولادی خوری، ئەگەر نەیزانی لەبەرم مری**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220803072245426180

کەپەنگ ئەولادی خوری، ئەگەر نەیزانی لەبەرم مری
کەپەنگ وەک چاکەتی درێژ وایە، شوانەکان لە وەرزی زستاندا، بۆ بەر باران لە کێو و چیاکان لە بەریدەکەن، کەپەنگیش لە بەرگن درووست دەکرێت کە خوری کاورە، کاوریش بەچکەی یەک ساڵەی مەرە کە لەنیوە دێڕی یەکەمی مەتەڵەکەدا ئاماژەی پێدا وە و دەڵێت: کەپەنگ ئەولادی خوری هەروەها ئەگەر نەیزانی لەبەرم مری واتە: گەر وەڵامی مەتەڵەکەت نەزانی لەبەرم مری واتە: لەپێناومدا بمریت و ببی بەقوربانیی. وەڵام کەپەنگ. [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3091**

**کەر زەڕی جاشک پەڕی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221226135430454216

کەر زەڕی
جاشک پەڕی
مەبەستس لە تفەنگ و گوللەیە، کەر زەڕی، (زەڕە دەنگی تایبەتیی کەرە) مەبەست لە دەنگی تفەنگە کە لە گەورەیی و بەرزیدا بە دەنگی کەر چوونێنراوە، هەروەها تفەنگ هەر ڕۆژە بە دەست کەسێکەوەیە، جاشک پەڕی، مەبەست لە گوللەیە کە وەک جاشک بەملاو ئەولادا دەردەپەڕێ. وەڵام (گوللەی تفەنگ) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | هەتەڵەی کوردی، بڕەک ئەیوبیان، چاپخانەی موفتی، مهاباد، ل17

کاتی تۆمارکردن: 26-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3092**

**کەر کەوە، کڵانەی کەوە بەگیای کەوە، خۆی بەستەوە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231003203512524545

کەر کەوە، کڵانەی کەوە
بەگیای کەوە، خۆی بەستەوە
کەوە: مەبەست لە ڕەنگی شینە (فەرهەنگی شێخانی) ، کڵانە: موورووی گەورە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە) ، کەر کەوە، مەبەست لە شووتییە کە ڕەنگی شینە، (لە کوردەواردا بە ڕەنگی سەوزی دەشتودەر دەوترێت شین، هەروەها بەواتای ڕوانیش دێت) ، کڵانەی کەوە، واتە شووتی سەرەتا کە دەڕوێت، شوتییەکە بە قەدەر موورووەیەک دەبێت، بەگیای کەوە خۆی بەستەوە، مەبەست لەو بڕکەیە کە بەلاسکی بنجەکەوەیەتی. وەڵام (شووتی) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل59

کاتی تۆمارکردن: 2023-10-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3093**

**کەرۆ کەرۆ، کاپی دکەم بە زۆ هێدی هێدی دیچمێ وەڕۆ**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012215427525911](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20231012215427525911)

کەرۆ کەرۆ، کاپی دکەم بە زۆ
هێدی هێدی دیچمێ وەڕۆ
وەڵام (باگردێن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی گۆرانی - هەورامی: هەورامی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393، ل6

کاتی تۆمارکردن: 12-10-2023

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3094**
**کەری بێگیان، باری گیاندار**
[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810223835427773](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220810223835427773)




کەری بێگیان، باری گیاندار.
گوێدرێژ یان کەر لە مێژوویەکی کۆنەوە مرۆڤ ماڵیکردووە و بۆ کاری گواستنەوەی مرۆڤ یان کەلوپەل بەکاری هێناوە، کەری بێگیان: مەبەست لە تونومبێلە، باری گیاندار: مەبەست لەو کەسانەیە کە سواری ئوتومبێل دەبن و دەیانگوێزێتەوە لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە. وەڵام (ئوتومبێل) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر
کاتی تۆمارکردن: 2022-08-10
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3095**
**کەری شین کەربەندی شین دەتبەستمەوە بە گیای شین**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221111223557444811

کەری شین
کەربەندی شین
دەتبەستمەوە بە گیای شین
کەری شین لە کوردەواردا دەشوترێ شینەکەر جۆرێک کەری ڕەسەنی کوردییە، مەبەست لە شوتی ناو بێستانە، کەربەرند: بەو پەتکە دەوترێ کە کەری پێدەبەسترێتەوە، دەتبەستمەوە بە گیای شین، مەبەست لەو لاسکەیە کە شوتی بە بڕکەکە دەگەیەنێ. وەڵام (شوتی ناو بێستان) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل86

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-11
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**
**بابەت: 3096**
**کەری مردی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220924141329435935

کەری مردی
باری زیندی
مردی: مردوو، زیندی: زیندوو، مەبەستی مەتەڵەکە منداڵی ساوا و لانکە یان بێشکەیە، کەری مردی، مەبەست لە بێشکەیە کە وەک کەر باری لێدەنرێت، بەڵام بێشکە بێ گیانە، باری زیندی، مەبەست لە منداڵی ساوایە کە دەخرێتە بێشکەوە و لە بێشکە باردەکرێت. وەڵام (منداڵ و لانکە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەیل مەیلانێ کوردەواری، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: فەرهاد گۆمەشینی ل35

کاتی تۆمارکردن: 24-09-2022
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3097**

**کەری ڕەش مەزرەقەی خۆش**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112171033444873

کەری ڕەش مەزرەقەی خۆش.
کەری ڕەش، مەبەست لە هیزەیە (هیزە: کەلەپوورێکی کوردییە لە پیستی بزن دروستدەکرێ، ڕۆنی کوردیی تێدا هەڵدەگیرێ) ڕەنگی ڕەشی پێستی هیزە بە کەری ڕەش چووێنراوە، مەزرەقە: جۆرێکە لە نان (فەرهەنگی شێخانی) مەزرەقەی خۆش، واتە: نان بە ڕۆنی کوردییەوە خۆشە. وەڵام (نان و هیزە ڕۆن) . [1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل86

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3098**

**کەرێکم هەیە کەس نەی لەوەڕاندووە گۆمێکم هەیە کەس نەیشڵەقاندووە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221112165044444865

کەرێکم هەیە کەس نەی لەوەڕاندووە
گۆمێکم هەیە کەس نەیشڵەقاندووە
لەوەڕاندن: واتە بردنە دەشتودەری مەڕ و ماڵات یان ئاژەڵی بەرزە بۆ تێرەخۆرەکردنیان، کەرێکم هەیە کەس نەی لەوەڕاندووە، مەبەست لە شەیتانە کە کەس نانی نەداوەتێ و خزمەتی نەکردووە، گۆمێکم هەیە کەس نەیشڵەقاندووە، مەبەست لە ئاسمانە کەس دەستی نەگەشتۆتێ و بە گۆم چووێنراوە. وەڵام (شەیتان و ئاسمان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | مەتەڵی کوردەواری، ئامادەکردنی: حەمەڕەشید حەسەن بەگ مێشەرۆ، چاپخانەی گەنج ل86

کاتی تۆمارکردن: 2022-11-12

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3099**

**کەرە قووڵەی پشت ماڵان کلکی بە دەست منداڵان**

[https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921215929522310](https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20230921215929522310)

کەرە قووڵەی پشت ماڵان
کلکی بە دەست منداڵان
قووڵ: کوورتەبنە بۆ وەسفی شتی بچووک و کوورت بەکاردێت، کەرە قووڵەی پشت ماڵان، مەبەست لە زەردەواڵەیە، (زەردەواڵە: گیانەوەرۆچکەیەکی چزووداری کێوییە، کوورت و بچووکە، لەکاتی شەڕدا بەچزوو پێوەدەدات) ، کلکی بەدەست منداڵان، مەبەست لە کاتی پێوەدانییەتی. وەڵام (زەردەواڵە) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

بەشە شێوەزارەکانی کوردیی ناوەند: بەشە شێوەزاری ئەردەڵانی

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| QR Code: | |

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | فەرهەنگی کوردی، مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیبراهیم ئەحمەدی، سنە، 1393،ل29

کاتی تۆمارکردن: 21-09-2023
ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3100**

**کەرە قوڵەی مام مەمەندی، خۆش خۆش دەیدا لە ئەرزی**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20220803070632426176

کەرە قوڵەی مام مەمەندی، خۆش خۆش دەیدا لە ئەرزی

پاچ: ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ هەڵکەندنی زەوی بەکاردێ، قوڵ: کوورت و بچووک یان کوورتەبنە، کەرە قوڵە، مەبەستی لە پاچی بچووکە یان قوڵەپاچە کە بۆ هەڵکەندن ئاسان و خۆشە، مام مەمەندی، کەسایەتییەکی ئەفسانەیی کوردییە، لەناو داستانی خەیاڵی و ئەفسانەگەلی کوردیدا وەک پاڵەوان دەردەکەوێت، خۆش خۆش دەیدا لە ئەرزی: بەخۆشی زەوی هەڵدەکەنێ. واتە: پاچە کوڵەکەی مام مەمەند زەوەی دەکێڵێ. وەڵام پاچ. [1]

یان: (کەرە قوڵەی مام مەمەندی، خۆش خۆش دەیدا لە ئەردی)
ئەرد: لە هەنبانە بۆرینە دا
واتا: هەرد؛ عەرز؛ زەوین

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | کۆمەڵێک مەتەڵی ناوچەی پشدەر

کاتی تۆمارکردن: 2022-08-03

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

**پۆل: کلتوور - مەتەڵ**

**بابەت: 3101**

**کەسکی گیایە سپی شیرە زەردی لیرە**

https://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20221206190759449408

کەسکی گیایە
سپی شیرە
زەردی لیرە

کەسک: لەبەشە شێوەزاری سۆراندا واتە: سەوز، کەسکی گیایە، مەبەست لە (قەرسیلە) کە دەڕوێ ڕەنگی شینە، سپی شیرە، مەبەست لە فەریکە گەنمە وردەوردە کە پێدەگات ڕەنگی سپییە وەک شیر، زەردی لیرە، (لیرە دراوێکی ئاڵتوونی پڕ بەهایە) مەبەست لە دانەوێڵەی گەنمە کە لە قیمەت و ڕەنگدا لە لیرە دەچێ. وەڵام (قەرسیل، فەریک، دان) .[1]

**تایبەتمەندییەکانی بابەت**

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] پەرتووک | کوردیی ناوەڕاست - Central Kurdish | 1777 مەتەڵی کوردەواریی بە وەڵامەوە، هوشیار نوری لەک، چاپخانەی چوارچرا ل51

کاتی تۆمارکردن: 06-12-2022

ناوی تۆمارکار: ڕێبوار جەمال سەگرمە

ئەم بایندەرە، سەرئەنجامی کاری بەردەوامی چەند ساڵەی ئەرشیڤوانانی کوردیپێدیایە. بەبڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە کوردیپێدیا هیچ دەستکەوتێکی ماددی پەیداناکات. تکایە لە کاتی سوودوەرگرتن لەم بایندەرە لە تۆژینەوە و نووسینەکانتاندا، ئاماژە بە ناوی ئەم بایندەرە، ژمارەی وەشان، ساڵی دەرچوون و کوردیپێدیا بکەن.

This binder is the result of several years of continuous work by Kurdipedia archivists. Kurdipedia will not receive any material gain from the publication of this work. Please mention the name of this binder, version number, year of publication and Kurdipedia when using this binder in your research and writings.

kurdipedia.org

contact@kurdipedia.org

کوردیپێدیا، پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردییە.

2008-2024